# چیم دی

ئەحمەد خواجە

# چیم دی

بەرگی (١-٤)

چاپی سێیەم

(لێزیادکراو)

ئامادەکردن

سدیق ساڵح

بنکەی ژین


سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ١٧٦

کتێب: چیم دی

بەرگ: ١-٤

نووسین: ئەحمەد خواجە

ئامادەکردن: سدیق ساڵح

چاپ: سێیەم (لێزیادکراو)

پیتچنین: سیروان خەلیل، لاس

لەقاڵبدان: لاس

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ١٦٨١ی ساڵی ٢٠١٦ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەی گشتییەکان

جێی چاپ: چاپخانەی شڤان- سلێمانی

ساڵی چاپ: ٢٠١٦

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**



عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی ١١ پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین- تەنیشتی مزگەوتی شێخ فەرید

تەلەفۆن: ١- ٠٥٣٣٣٠١٢٩٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ ژ. سندووقی پۆست: ١٤ بەختیاری



(بنەماڵەی ئەحمەد خواجە خەرجیی لەچاپدانیی کێشاوە)

پێشکەشە،

**بەو کەسانەی کە ڕێزی گەل و نیشتمانیان ئەزانن.**

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

(چیم دی) یەکێك بوو لەو سەرچاوە مێژووییانە کە سەرەتای دەستکردنم بە کارکردن لە بواری مێژوودا، بە وردی خوێندمەوە و بیرەوەرییەکی گرنگ بوو بۆ ئەوسای من. پاشتر لەو یەكدوو جارەی بەخزمەتگەیشتنی مامۆستا "ئەحمەد خواجە"دا لە ئاخروئۆخری ژیانیدا، بۆم دەرکەوت ئەو بیرەوەرییانە کە خوالێخۆشبوو نەیخستوونە سەر کاغەز، زۆر زیاترن. بە داخەوە کە پاشتر نەکەوتبووە تۆمارکردنی ئەوانەی وا تۆماری نەکردبوون. هێندەی ئاگادارم، مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف کە دۆستایەتییەکی گەرمی لەتەك هەبوو، توانیی بڕێکی زۆر لەو بیرەوەرییە بڵاونەکراوانەی بە چەند جارێك لای خۆی تۆمار بکا و بپارێزێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، بیرۆکەی لەچاپدانەوەی سەرجەمی بەرگەکانی (چیم دی) لەوەوە هات کە ئەم ساڵانەی دوایی، کاتێك لە نزیکەوە بەڕێز مامۆستا "محەمەدی مەلا کەریم"م ناسی و پاشتر پێکەوە خەریکی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی (دیوانی سالم) بووین، کە پێشتر خوالێخۆشبووان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و فاتیح عەبدولکەریمی کوڕی کاری زۆریان تێدا کردبوو، ڕێی ئەوەی دام –بە ئاگاداری و متمانەی خۆی– بە ناو کتێبخانەکەیدا بگەڕێم و هێندێ کەرەستەی کۆکراوەی پارێزراوی لای خۆی جوێ بکەمەوە، تا لە (بنکەی ژین) وێنەی بگرینەوە و بیپارێزین، لە ناو کەرەستانەدا دوو دەفتەری دەستخەتی مامۆستا ئەحمەد خواجە کەوتنە بەردەست، کە ناونیشانی بەشی یەکەم و دووەمی بەرگی چوارەمی (چیم دی) و ساڵی ١٩٧٣یان لێ درابوو. دیارە لەو کاتەوە براوە بۆ بەغدا و دراوەتە دەزگای سانسۆر (الرقابة)ی عیراق بۆ مۆڵەتوەرگرتن بۆ بڵاوکردنەوە، وەك کاك شوان ئەحمەد خواجە گێڕایەوە، شەڕی ساڵی ١٩٧٤ی نێوان حکوومەت و کوردی بەسەردا هاتووە و –بێگومان– ڕێ بە بڵاوبوونەوەی نەدراوە. مامۆستا ئەحمەد خواجە خۆیشی ئەو ساڵە

چووەتە شاخ و ئیتر دەستنووسەکە بێسەروشوێن بووە. کاکە حەمە، کاری ڕاست بێ، بە شێوەیەك لە شێوەکان وەریگرتووەتەوە و لای خۆی پاراستوویە. ئیدی منیش بە ئەمانەت لێم وەرگرت، بەو مەرجە کە خەریکی ببم و ئامادەی بکەم بۆ چاپ. دواجار لای خۆمەوە بڕیارم دا بیخەمە تەك سێ بەرگەکەی پێشوو و پێکەوە بە بەرگێك بڵاوی بکەمەوە. سێ بەرگی هەووەڵ، لە هەر جێیەکدا پێویست بووبێ بۆ ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوە و دەوڵەمەندکردن، پەراوێزم لێ داوە و نیشانەی (*)م بۆ جیاکردنەوەیان لە پەراوێزەکانی مامۆستا ئەحمەد خواجە خۆی بۆ بەکارهێناوە. ڕاستییەکەی دەکرا پەراوێزی زیاتر لەم سێ بەرگە بدرێ و چوارەم بەرگیش وا بێ پەراوێز نەهێڵرێتەوە، بەڵام پڕکاری و سەرقاڵی و نەپەرژانم، کارێکیان کرد نەتوانم ئەم مەبەستە بەدیبێنم و ناچار بووم لەوە پتر دوای نەخەم، بە تایبەت کە کاك شوان ئەحمەد خواجە لەمێژە گفتی داوە خەرجیی لەچاپدانی بکێشێ و ئەم دواییەیش خاتوو "جوان"ی خوشکی هەمان پێشنیای دووپات کردووەتەوە، سپاسیان دەکەم و خوا کاریان ڕاست بێنێ.

جگە لەوە، پێم باش بوو بۆ مێژوو ئەو چەند نووسین و وەڵامە کە سەرەتای ساڵانی حەفتا سەبارەت بە (چیم دی) لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوبوونەوە، کۆبکەمەوە و بکەمە پاشکۆی ئەم کتێبە، تا بزانرێ (چیم دی) چ دەنگدانەوەیەکی لە کاتی خۆیدا بووە.

جێی باسە، (چیم دی) بەرگی یەکەمی ١٩٦٨ لە چاپخانەی شەفیق– بەغدا، بەرگی دووەمی ١٩٦٩ لە چاپخانەی کامەران– سلێمانی و بەرگی سێیەمیشی ١٩٧٢ لە چاپخانەی ڕاپەڕین– سلێمانی لە چاپ دراوە. ئەم ساڵانەی دواییش (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس) لە هەولێر ئەو سێ بەرگەی بە بەرگێك چاپ و بڵاوکردەوە. بۆیە ئەم چاپە فراوان و لێزیادکراوە دەبێتە سێیەم چاپی تەواوی بەرگەکانی (چیم دی) و هیوایە شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێ.

سدیق ساڵح
٢٠١٦/٨/٦

# ناوەڕۆك

**بەرگی یەكەم:**


| | |
|---|---|
| مەرام | ٢٧ |
| عەرەب و كورد لە باوی عوثمانییەكاندا | ٣٠ |
| بانگی جەنگی ١٩١٤ | ٣١ |
| كوردی ئێران | ٣٢ |
| خوارووی عیراق | ٣٢ |
| شێخ مەحموود | ٣٣ |
| شێخ مەحموود بۆ (شوعەیبە) | ٣٤ |
| جەنگی دووەمی شێخ مەحموود و ڕووس | ٣٥ |
| ڕووسەكان و شێخ مەحموود | ٣٧ |
| لە ئەستەنبووڵ | ٣٨ |
| توركەكان و شێخ مەحموود | ٤٠ |
| شێخ مەحموود و ئینگلیز | ٤٠ |
| هاتنی مێجەر نۆئێل | ٤٣ |
| نامەی مەندووبی سامی | ٤٧ |
| نوێنەرایەتیی كورد بۆ پاریس | ٤٧ |
| مێجەر گرینهاوس: موستەشاری سیاسی، دانشمەندی سیاسی | ٤٩ |
| ئازووخە | ٥٠ |
| مێجەر دانلیس: دانشمەندی سوپایی، موستەشاری عەسكەری | ٥١ |
| ماك براید: یاریدەدەری دانلیس | ٥١ |
| ئینگلیزەكان و شێخ مەحموود | ٥٢ |
| نووسین | ٥٢ |
| هاتنی مێجەر سۆن | ٥٥ |

كتاب السير أ. ت. ولسن، العراق بين ١٩١٧–١٩٢٠ ٥٧
شێخ مەحموود و مەحموود خانی دزڵی ٦٠
ڕۆژی ٣١ی مایس، جەنگی کورد و ئینگلیز، یان بانگی ئازادی ٦٢
جەنگی تاسڵووجە ٦٣
تەلەفۆنی دەربەند ٦٧
دواییی دەنگ و یەخسیریی حوکمدار ٦٩
شێخ مەحمودی سەرلەشکر ٧٠
سلێمانی و هاتنەوەی ئینگلیز ٧١
لە (وان)ەوە بۆ (چاریە) ٧٣
ئینگلیز و شەریفوددەولە ٧٣
دیسان گرینهاوس ٧٤
شێخ مەحموود و یاسای ئینگلیز ٧٥
پاش خوێنڕێژییەکەی دەربەندی بازیان، هاتنەوەی مێجەر سۆن ٧٩
مەئموورەکانی سۆن ٨٠
جەمال عیرفان ٨٣
ناردنی نوماینده بۆ لای سمکۆ ٨٤
سەیید طەها ٨٥
نووسراوێك بۆ مێجەر سۆن ٨٦
زمانی کوردی ٨٦
نامەی کۆمەڵی گزنگ ٨٧
چاپ و ڕۆژنامە ٨٨
کردەوەی مەئموورەکانیان ٩٠
قوتابخانە ٩١
بەڵگەی شۆڕش ٩٤
باوی دەروێشی ٩٤

| | |
|---|---|
| سەرەتای شۆڕش | ٩٨ |
| هەمەوەند و جەباری | ١٠٠ |
| ئووزدەمیر | ١٠٢ |
| جەنگی دەربەندی ڕانیە | ١٠٣ |
| کوشتنی بۆند، حاکمی چەمچەماڵ و مێجەر ماکەنت | ١٠٤ |
| کەپتان کووك، حاکمی ڕانیە | ١٠٥ |
| کۆمەڵەکان و خێزانی حوکمدار | ١٠٦ |
| شێخ مەحموود هێنرایە کوێت | ١٠٧ |
| تەلگرافی جەژنەپیرۆزە بۆ حوکمدار | ١٠٨ |
| گۆڵدسمیث | ١٠٩ |
| تەلگرافی گۆڵدسمیث | ١١٦ |
| ئینگلیز سلێمانیی بەجێهێشت | ١١٧ |
| ئالآی کوردستان | ١٢٠ |
| هاتنەوەی حوکمدار شێخ مەحموود | ١٢٢ |
| سوپا و سوپاییەکان | ١٣٩ |
| بەراتی حوکمدار | ١٤٠ |
| دیسان شێخ مەحموود و ئینگلیز | ١٤٠ |
| سوپای کوردستان | ١٤٢ |
| بەخشندەیی حوکمدار | ١٤٢ |
| جەمال عیرفان | ١٤٥ |
| ئالآی کوردستان | ١٤٥ |
| ئینگلیزەکان چییان دەکرد | ١٤٥ |
| ئیعلان بۆ شێخ مەحموود ئەفەندی و خەڵقی سلێمانی | ١٦٠ |
| **بەرگی دووەم:** | |
| پێشەکی | ١٦٨ |

| | |
|---|---|
| دواییی شەوی سلێمانی | ١٧١ |
| بارەگاه و بەڕێوەبردن | ١٧٤ |
| تەرتیبات | ١٧٥ |
| گوزارش | ١٧٩ |
| دیسان ئووزدەمیر و نامەکەی بۆ شێخ مەحموود | ١٨٠ |
| لێرەدا وتوویژێکی مێژوویی | ١٨١ |
| ئووزدەمیر گەیشتە بارەگاه | ١٨١ |
| صالّح زەکی نیشانەکانی کوردستانی دانا | ١٨٢ |
| بۆ ئەشکەوتەکانی (شێخ باخ) | ١٨٢ |
| هەڵەکانی شێخ مەحموود | ١٨٣ |
| من و شێخ سەلام، سەلامی بوێژ | ١٨٣ |
| سوپای ئینگلیز، ڕۆیشتنەوەی ضابطەکان بە هێزی پیادەی سوپاییيەوە | ١٨٦ |
| من و ماجد | ١٨٨ |
| هەڵەدن | ١٨٩ |
| چوونم بۆ (باڵخ) و کوشتنی مەلا عارف | ١٩٠ |
| بارەگاه لە (بابەکرئاوا) | ١٩٠ |
| تەرتیبات لە لایەن حوکمدارەوە | ١٩١ |
| سوپا | ١٩٢ |
| قۆناغی تفەنگەکەم شکا | ١٩٣ |
| حاجی مامەند– سەرکان | ١٩٣ |
| دکتۆر محەمەد وەفا | ١٩٤ |
| سەرکان– برنجە | ١٩٤ |
| سوپاییيەکان بە حەپسی | ١٩٤ |
| بارەگاه لە برنجەی هەورامان | ١٩٦ |
| کۆبوونەوەیەکی گشتی | ١٩٧ |

| | |
|---|---|
| پەیغام | ٢٠٠ |
| ڕۆژی ١٣ی مایس بۆ دێی (ئاویهەنگ) | ٢٠١ |
| بۆ دێی (کەرجۆ) | ٢٠١ |
| بۆ دێی (نەوەرە)ی شاری سنە و حەپسیمان | ٢٠٢ |
| گەڕاینەوە بۆ بارەگاه | ٢٠٤ |
| دووبارە چوونم بۆ سنە و میوانیم لای والی | ٢٠٥ |
| دیسان گەڕانەوەم بۆ بارەگاه | ٢٠٦ |
| شەو هاتمە ئەسکوڵە | ٢٠٧ |
| ڕۆژی ٢٦ی حوزەیران | ٢٠٧ |
| دوژمن ڕۆیشت و دۆست دوایانکەوت | ٢٠٨ |
| نامە و وەڵام | ٢٠٨ |
| لە سلێمانی، حکوومەتی کوردستان | ٢٠٩ |
| ئاسایش و هاتنی بەگزادەی جاف بۆ سلێمانی | ٢٠٩ |
| فڕۆکەی دۆستایەتی | ٢١١ |
| سەردار ڕەشید | ٢١١ |
| چاپەکەی سلێمانی | ٢١٢ |
| ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" | ٢١٤ |
| پوولی کوردستان | ٢١٥ |
| بەرەڵاکردنی سوپاییيەکان | ٢١٧ |
| چوونم بۆ بازیان، ڕۆژنامەکە و ڕەفیق حیلمی | ٢١٨ |
| ئینگلیز و فڕوفێڵەکانی | ٢١٩ |
| ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" | ٢٢١ |
| ڕۆیشتنی شێخ مەحموود بۆ چەمچەماڵ و بۆردومانی سلێمانی | ٢٢٣ |
| شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ سلێمانی | ٢٢٦ |
| گەڕامەوە بۆ بازیان و هاتنی سوپای ئینگلیز بۆ سلێمانی | ٢٢٨ |

| | |
|---|---|
| چۆڵکردنی سلێمانی | ٢٢٩ |
| ئەم جارە سوپای عیراقی هێنا | ٢٣٤ |
| جەربەزەکەی کەتیبەی ئەلهاشمی | ٢٣٥ |
| نەخۆشیم و دەرمانەکەی پوورەزێڕین | ٢٣٦ |
| شکستەی سوپای پیری | ٢٣٦ |
| بارەگاه و بۆردومانی (نۆدێ) | ٢٣٧ |
| چوونم بۆ دزڵی | ٢٣٨ |
| بۆمباردمانێکی نەبینراو | ٢٣٨ |
| ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە | ٢٣٩ |
| گەڕامەوە | ٢٤٠ |
| شەبەیخوون بۆ سەر سوپاکەی سلێمانی | ٢٤١ |
| ناوی شەو (چەمەك) | ٢٤٢ |
| گەڕامەوە بۆ شاربازێڕ | ٢٤٢ |
| ڕاپۆری جەنگیی نهێنی | ٢٤٣ |
| چۆنیەتیی جەنگەکە | ٢٦٣ |
| جەنگی خەراجیان | ٢٧٦ |
| لە پێنجوێنەوە فەرمانی بەرزبوونەوەم بۆ مولازمی ئەووەڵ | ٢٧٩ |
| سوپای عیراقی ئاوێتەی لیڤییەکە کرد | ٢٧٩ |
| نامەیەکی چەپمەن | ٢٨١ |
| ئێمە کەی دوژمنی عەرەب بووین | ٢٨٢ |
| خەلیفە یوونس و نووری بەگ | ٢٨٢ |
| چووم بۆ بازیان | ٢٨٢ |
| گەڕامەوە بۆ پێنجوێن | ٢٨٣ |
| چیم دی | ٢٨٥ |
| هێزی میری بۆ پێنجوێن | ٣٠٠ |

| | |
|---|---|
| جەنگیناڵپارێز | ٣٠١ |
| ئەنجامی گیرۆدەییی سوپای میری و جەنەڕاڵ براون | ٣٠٥ |
| دکتۆر شەوا بۆ ولەژێر | ٣٠٨ |
| ڕۆژنامەی "ژیان" | ٣٠٨ |
| سالاروددەولە | ٣١٠ |
| پێنجوێنییەکان | ٣١٢ |
| ژیانمان | ٣١٢ |
| ماڵ و خێزان | ٣١٤ |
| دواییی شۆڕش | ٣١٥ |
| گواستمانەوە | ٣٢٠ |
| چوونمان بۆ ماڵی ڕەشید عالی بەگ | ٣٢١ |
| ماجد بوو بە مودیر بۆ محێرجە | ٣٢٢ |
| بووم بە مووەظەف | ٣٢٣ |
| ڕەخنەکان کە لە شێخ مەحموود ئەگیرا | ٣٢٤ |
| نامەکەی شێخ ڕەئووفی خانەقاه | ٣٢٥ |
| **بەرگی سێیەم:** | |
| برایینە | ٣٢٩ |
| کورد چیی کرد | ٣٣٠ |
| پاش جەنگی دووەمی ١٩٣٩ | ٣٣٣ |
| چوارگۆشەی کوردستان | ٣٣٤ |
| حیزبی شیوعیی عیراق | ٣٣٥ |
| شۆڕشەکەی شێخ سەعید ١٩٢٥ | ٣٣٥ |
| شێخ سەعید چیی کرد، چیی بەسەهات | ٣٣٦ |
| برایم خانی دەلۆ | ٣٤١ |
| کورد چیی کرد | ٣٤٢ |

مەخموور ٣٤٣
چوونم بۆ (پیران) ٣٤٤
موتەسەڕیف و نووسینی کوردی ٣٤٥
چووین بۆ باداوا ٣٤٦
لە هەولێر ٣٤٩
کۆمەڵەکە ٣٤٩
ئەم جارەش گەوارەی شۆڕش یەزیدییەکانی گرتەوە ٣٥١
تەلگرافی دووەم ٣٥٢
زانستی ٣٥٥
پرۆغرامی جەمعییەتی زانستی کوردان ٣٥٧
ئیجرای ئیحتیفال بە ڕەسمی گوشادی (جەمعییەتی زانستی) ٣٦٢
ئاسایش ٣٦٣
چۆن ٦ی ئەیلوول ڕووی دا وە نامەکانی شێخ مەحموود بۆ مەندووبی سامی و عوصبەتولئومەم ٣٦٤
نامەی نێرراو (مەندووب)ەکان ٣٦٥
تەشریفهێنانی ەخامەتی وەکیلی مەندووبی سامی وە وەکیلی ڕەئیس وزەرای عیراق بۆ کەرکووك و هەولێر و سلێمانی: موجادەلەی کوردان ٣٦٨
هەولێر ٣٧٠
سلێمانی ٣٧٥
ڕۆژی ٦ی ئەیلوول ٣٨٨
بۆ سەرۆکی مەجلیسی عەوام ٣٩٠
جەنگی ئاوباریك ٣٩٥
تۆفیق وەهبی لە ڕۆژنامەی "الراصد" ٣٩٨
سەرەتای شۆڕش لە بەرزان ٤٠١
شۆڕشی بەرزان، ١٩٠٩ باوی عوثمانی ٤٠٤

| | |
|---|---|
| شۆڕشەکەی شێخ عەبدوسسەلام | ٤٠٤ |
| پاش شێخ عەبدەسسەلام، شێخ ئەحمەدی برای | ٤٠٦ |
| شۆڕشی تازە | ٤١٠ |
| شۆڕشەکەی بەکر صدقی پاشا | ٤١٢ |
| شێخ مەحموود لە ناصرییە | ٤١٧ |
| پێش ١٣٢ ساڵ یادداشتەکەی سوپاهسالار و سەرفەرماندەی ئەڵەمان فیلْد | |
| مارشاڵ هۆڵس فۆن مۆڵتکە | ٤١٩ |
| یادداشتەکەی مۆڵتکە | ٤٢٠ |
| پاشنیوەڕۆ، مەڵاتیە | ٤٢٣ |
| ئورفە | ٤٢٥ |
| دیاربەکر | ٤٢٥ |
| شارەکەی جزیرە | ٤٢٦ |
| ئابلۆوقەی قەڵای کوردێك، قەڵای سەعید بەگ | ٤٢٩ |
| قەڵاکەی سەعید بەگ | ٤٣٤ |
| چیاکانی کوردستان | ٤٣٦ |
| ڕۆیشتن بەرەو کوردەکان | ٤٣٨ |
| بارەگاه لە چیای قارسان | ٤٤٢ |
| خەرج و عەسکەری چیاکانی قارسان | ٤٤٣ |
| ئۆردووگاه لە چیاکانی قارسان | ٤٤٧ |
| ٤ی تەمووزی ١٨٣٨ | ٤٤٩ |
| لێرانەدا هەندێك لە چۆنیەتیی بینراوەکانم | ٤٥٠ |
| لە نزیك مەرزا، خەرپووت | ٤٥٣ |
| خەرپووت | ٤٥٣ |
| نامەی شاهانە | ٤٥٤ |
| لە پێش مەڵاتیەدا، بارەگاه لە ئازبورد | ٤٥٦ |

له نزیك مه‌ڵاتیه و ئازبوردەوە ڕاکردووەکانمان ٤٥٧
**بەرگی چوارەم/** بەشی یەکەم– شۆڕشەکانی بەرزان:
ڕاستنووسی ئازاد ٤٦٣
سیاسەت و شۆڕشی کورد ٤٦٦
لێدوان بە پێشەکیی شۆڕشەکانی بەرزان ٤٦٨
ڕاسپێرییەکەی عەبدولموحسین ئەسسەعدوون ٤٦٨
بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود وە پەیوەستی بە دەوڵەتەکانەوە ٤٦٩
لە کوردستانی خواروو– ویلایەتی مووسڵ ٤٧٢
نامەکانی شێخ مەحموود ٤٨١
شۆڕشی یەزیدی و بەکر صدقی پاشا ٤٨٣
شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ٤٨٣
نیدای وەصیی عەرشی عیراقی بۆ خەڵقی نەجیبی عیراق ٤٨٧
شێخ مەحموود ٤٨٧
ئەنجامی کاری شۆڕشەکەی ڕەشید عالی ٤٨٨
بزووتنەوە سیاسییەکەی شێخ عەبدوسسەلام سەرۆکی بەرزان لە
سەرەتای چەرخی بیستەمدا ٤٨٩
لە هۆنراوە و وتاری کامەران ئەحمەد خواجە ٤٩٤
شۆڕشەکانی بەرزان لە ساڵانی ١٩٤٣–١٩٤٥وە ڕۆیشتنی هێزی بەرزان بە
سەرۆکایەتیی سەرۆکی لیژنەی ئازادی ٤٩٥
شۆڕشی ١٩٤٣ی بەرزانی ٤٩٦
چوونی سەرۆك بەرزانی بۆ بەغدا ٤٩٨
گەڕانەوەی سەرۆك ٥٠٠٤
بڵاوەی حیزبی هیوا و دروستبوونی لیژنەی سەربەستی ٤٩٩
لیژنەی دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورد لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ ٥٠٠
گەیشتنی کاك حەمزە عەبدوڵلا بە سلێمانی ٥٠١

ئەنجامی بانگەوازی کۆبوونەوەی حیزبی شۆڕش لە مانگی ئابی ١٩٤٦دا لە بەغداد ٥٠٤
لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٤٦ کۆبوونەوەی حیزبی ڕزگاریی کورد و ئەنجامەکەی ٥٠٥
یەکەمین کۆبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغدا ٥٠٦
ئەندامانی لیژنە ٥٠٨
تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردی ٥١٠
چۆنیەتیی حیزبی شیوعیی عیراقی (قاعیدەییەکان) بەرامبەر بە دروستبوونی پارت و گەلی کورد لە عیراقدا ٥١١
گۆڕینی ڕووداوەکانی سیاسی و عەسکەری لە کوردستانی ئێراندا ٥١٣
چۆنیەتیی بەرزانی و هێزە هاوکارەکەی لە پێش و لە پاش لەناوبردنی جمهوورییەتە دیموکراتییەکەی کوردستانی ئێران لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا ٥١٤
گەڕانەوەی بەرزانی لە مەهابادەوە بۆ عیراق ٥١٥
چۆنیەتیی تێکۆشانی پارت و هێزە دیموکراتییە نیشتمانییەکانی عیراق لە دژی پەیمانی پۆرتسمۆث و کۆبوونەوەی دووەم و سێیەمی پارت ٥١٦
باسێك لە چۆنیەتیی حکوومەتەکانی پێش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراقدا ٥٢١
دروستکردنی کوردستانی گەورە ٥٢٢
ڕۆیشتنە پرهونەر و بەرێزەکەی بەرزانی بۆ خاکی سۆڤیەت ٥٢٣
گەڕانەوەی بەهاری خوێناوی ٥٢٦
میرزا عەبدی، پیری تێکۆشەر ٥٢٩
لە ڕاپۆری فرۆکەوانەکان ٥٣٢
پوختەی نامەیەکی بەرزانی بۆ فەرماندەی گشتی ٥٣٢

وەڵامی سەیید عەلی حیجازی ٥٣٢
١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ٥٣٤
دادگەی گەل (محکمه الشعب) ٥٣٥
جمهوورییەتی تازەی عیراق ٥٣٦
بڕیارەکەی قاسم بۆ گەڕانەوەی بەرزانی ٥٣٨
دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ٥٣٩
بەرنامەی بزووتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ٥٤١
ڕۆژنامەی "خەبات" ٥٤٢
شۆڕشی کوردستان ١٩٦١: بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کوردی عیراق لە باوی جمهووری دا بە سەرۆکایەتیی مصطەفا بەرزانی ٥٤٥
بۆچی لەم کاتەدا بانگی شۆڕش درا؟ ٥٤٦
پارتی دیموکراتی کوردستانی ٥٤٧
عەشایر و هێزە کوردەکانی لایەنگری حکوومەت ٥٤٧
هۆی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان ٥٤٨
ڕوودراوەکان ٥٥٢
لێدوانەکەی عەبدولکەریم قاسم ٥٥٤
پێشنیارێك ٥٥٦
ڕۆژنامەی "الثورة" زمانی عەبدولکەریم قاسم لە تشرینی یەکەمی ١٩٦١ ٥٥٨
لە یادداشتەکەی مامۆستا مەحموود وەجدی قندیل ٥٦٥
دۆزانی حیزبی شیوعیی عیراقی ڕۆژی ١٩٦١/١٠/١٤ لە بابەت ڕوودان و کارەساتی کوردستانەوە ٥٧٢
نامەی هەڕەشە (إنذار) بۆ عەشیرەتی بەرزان ٥٧٥
لە ڕۆژنامەکانی بێگانە ٥٧٩
لە ڕۆژنامە و باسەکانی ساڵی ١٩٦٢ ٥٨٦
الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال ٥٨٨

له ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٩٦٣ ٥٩١
پێش وە پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ٥٩٢
**بەرگی چوارەم/** بەشی دووەم:
لە پاش ناخۆشی ، خۆشییە ٥٩٩
شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان، ٨ی شوباطی ١٩٦٣: حکوومەتی تازەی عیراق ٦٠٠
تەلگرافەکەی پارتی لە ٨ی شوباطی ١٩٦٣ ٦٠٣
بڕیاری حکوومەتی شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان بۆ گفتوگۆی ئاشتیی سیاسی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد ٦٠٥
ناردنی نێرراوانی گەل بۆ لای شۆڕشگێڕانی کورد– بەرزانی بۆ جاری دووەم ٦٠٧
یاسای لێبوردن ٦٠٨
دۆزان لە کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕشەوە ٦٠٩
کۆبوونەوەکەی کۆیسنجەق ٦١٠
موناوەراتی سیاسی ٦١١
دۆزان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقییەوە: داوای کورد ٦١٢
لە کۆبوونەوەکەی قاهیرەدا بۆ یەکیەتیی عەرەب وە موذەکەرەی وەفدی کوردی بۆ پێویستەکانی کورد ٦١٧
نامەکەی تاڵەبانی، نوێنەری بارزانی ٦١٧
نامەی ڕوونکردنەوەی داوای کورد ٦١٩
دەستووری لامەرکەزی ٦٢٥
بۆچی پێکهاتنەکە سەری نەگرت ٦٢٧
دۆزانی حکوومەتی عیراقی بۆ بزووتنەوەی عەسکەری بۆ سەر کوردستان ٦٢٨
عەبدوسسەلام عارف ٦٣٣
لە ئیستگەکانی بێگانە و شیوعییەوە ٦٣٤
نووسراوەکانی الحکومة الوطنیة ومشکلة الشمال ٦٤٠

بەخشندەییەکەی حکوومەت لە مافی گەلایەتیدا ٦٤٣
دۆزانی بەرزانی– پارتی دیموکراتی کوردستانی ٦٤٩
لەسەر تەلەفزیۆنی بەغداد لێدوانەکەی موقەددەم هادی خەمماس ٦٥٤
سەرۆك عەبدوسسەلام ناوی گەنمی کوردی ئەگۆڕێت ٦٥٥
بە وردی لێدوان ٦٥٦
لە پاداشی چاکەدا ٦٦٢
عەبدوسسەلام محەمەدعارف ٦٦٩
ئەم جارەیش بۆ ئاشتی ٦٧١
ناردنی هێز بۆ کوردستان ٦٧١
نامەکەی بەرزانی بۆ کۆمەڵگەی گشتیی یەککگرتووان ٦٧٦
١. سیاسەت بەرامبەر بە کیشوەرە سووتاوەکە ٦٧٨
ناوی ئەو دێهاتانەی کە لەم دواییەدا هێزی حکوومەت سووتانوویەتی ٦٨٠
٢. سیاسەتی حکوومەت بۆ ئەوەی کورد بکات بە عەرەب ٦٨٤
٣. بۆ دەستکەوتنی دەرمان، ڕێکخستنی سەختی و چورتم لە ڕێگای کوردا ٦٨٥
٤. چوار دیواری ئابووری و سیاسەتی برسیەتی ٦٨٦
٥. کردەوەی ڕەگەزایەتی بەرامبەر بە کورد ٦٨٧
شۆڕشی کورد و ئاژاوەی نێوانی عیراق وە ئێران لە بابەت مەڵبەندەوە ٦٨٨
پوختەی پەیوەستی نێوانی عیراق وە ئێران ٦٨٩
ئێران و شۆڕشی کورد ٦٨٩
پەیوەستی هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان ٦٩٠
دۆزان و چاووڕاوی حکوومەتەکەی عەبدوسسەلام محەمەدعارف ٦٩١
پلانەکەی عەبدوسسەلام و عەبدوڕڕەحمان بەزاز ٦٩٢
سەرۆك عەبدوسسەلام محەمەدعارف ٦٩٥
سەرۆك عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف ٦٩٦

١٢ ماددەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ٦٩٧
عەبدوڕڕەحمان عارف سەرۆکی جمهووریی عیراق چو بۆ بینینی بەرزانی ٧٠٠
ڕۆژنامەی "النور" و گۆڤاری "ڕزگاری" ٧٠١
دوایی‌پێ‌دانی سەرۆك‌جمهوور عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف وە گەڕانەوەی حیزبی بەعثی ئیشتیراکی بۆ سەر فەرمانڕەوایی، ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ ٧٠٢
پێکهاتن (إتفاق)ەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠: بەڵگەی ئاشتی لە نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستانی وە حیزبی بەعثی عەرەبیی ئیشتیراکیی عیراقی ٧١٢
١١ی ئازاری ١٩٧٠ پێکهاتنە مێژووییەکەی کۆمەڵی سەرۆکایەتیی شۆڕش ٧١٢
بانگی بڵاوبوونەوەی حیزبی شۆڕشی کوردستانی، پاڵدانیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە ٧٢٣
دۆزان لە پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە ٧٢٥
وێنەی چەند لاپەرەیەکی هەردوو دەفتەری دەستنووسی بەرگی چوارەم ٧٣١
**پاشکۆ:**
(١) بەرگی یەکەمی (چیم دی) و چەند سەرنجێکی ڕەخنەلێگرتن: کاوە ٧٤١
(٢) وەڵام دەربارەی (چیم دی): ئەحمەد خواجە ٧٥٢
(٣) ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی هەندێك لە باسەکانی (چیم دی): هەڵۆ ٧٥٧
(٤) چیم بینی لە (چیم دی)دا ٧٧٢

## شۆڕشەکانی

# شێخ مەحموودی مەزن

## بەرگی یەکەم

## مەرام

داخەکەم، لە کاتی ئاژاوە و بێوڵەتیی کوردستان، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، ئەو تاوێرە زل و کارەساتە ناقۆڵایانەی بەسەر هیوای کورددا تلۆر ئەبووەوە و تاریك و لێڵیی بەسەر ڕۆژی ڕووناکی ئاواتی کورددا ئەهێنا، نە لەو تەمەنە و نە لەو جۆشەدا نەبووم کە توانای نووسینی ئەو گوزارشە و بەسەرهاتووەم ببێت، تاکوو ئیمڕۆ ئەو ڕووداوانە بە ناوی دیاری ڕەنجی گەنجیمەوە بیخەمە پێش چاوی ئەوانەی بەبێ بەزەیی بۆ دەستکەوتوویەکی ڕیسوایی، مافی کورد لەژێر پێدا ئەشێلن.

ئەو کارەساتانەی بە چاوی خۆم بینیومە وە ئەوانەی بە بیستنێکی ڕاست بیستوومە و ئەوانەی خوێندوومەتەوە، لە تۆماری ئەو باسانەدا کە لە بیرم ماوە بۆ ئەوەی تەنیا بیخەمە پێش چاو نا!.. بۆ ئەوەی بیئاخنمە مێشکی هەموو کوردێکی دڵسۆز و ببێت بە ئاوێنەیەکی پیشاندەری ئەو دەردە دەرمان نەدۆزراوەیە و بدۆزرێتەوە، ئەم نووسراوە بچووکەم پێشکەش کرد.

لەمێژەوە دەستم بە نووسین کردبوو، بەڵام بەختەکەی منیش گیرۆدەی بەختی کورد بوو. لەجیاتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، زۆر شارەوشار و کوناوکون گێڕام، تا ناچاری ناشتنیشی بووم؛ لەو ماوە دوورودرێژەدا لە خاکدا بەشێکی زۆری بوو بە خۆراکی مشك و سەرلەنوێ کەوتمەوە پێکهێنان.

جا، ئەوەی زیاتر هانی ئەم نووسینەی دام، ڕەنجە گەورە و گرنگەکەی شێخ مەحموود بوو کە هەندێك لە بێگانە بەدبەختەکان بە سەرزەنشتەوە لێی ئەدوێن و لە دانا و پسپۆڕەکانی کوردیشەوە بێوەڵام مایەوە، چونکە بە خۆیاندا ڕانەئەپەرموان پێنووس (قەڵەم)یان بەکاربێنن، یان لە مێژووی کۆنی گەلەکەیان بدوێن و بیکەن بە یادداشتێ بۆ بناغەی مێژووی دواڕۆژ.

هەموو ئەیزانین، شۆڕشەکەی بە فەرماندەییی شێخ مەحموود لە ١٩١٩وە تا ١٩٢٧، بەرامبەر ئەو چەکی ئاگرینەی کە حکوومەتی بەریتانیای گەورە بۆ پەرێشانیی تورك و

ئەڵەمان بەکاری ئەهێنا لەگەڵ کورددا..، پێویستە ئەمە بە پێشەکیی شۆڕشەکانی پێشوو کە بۆ سوودی دوژمن و بێوڵەتیی کورد دواییی هاتووە، پیشانی بدەین.

شێخ مەحموود، لە پێناوی ئازادیی کورددا ماوەی هەشت ساڵ لە جەنگ و تێکۆشاندا بوو، بێ ئەوەی بێگانە بتوانێ سوودی لێ وەر بگرێ و پەنجە بکێشێتە شۆڕشەکەیەوە. شێخ مەحموود، فەرمانڕەوا، خاوەن دێهات و ئاو و زەوی و دارایی بوو لە پای ڕزگاری گەلەکەیدا، بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی کشوەری کورد لە عیراقدا، بە گیانی خۆی و گەلەکەیەوە تێکۆشا، بەڵام بەبێ یاریدەدەر و بەبێ یارمەتی ئەو ماوە دوورودرێژەی بە سامان و دارایی خۆی بردە سەر.

شێخ مەحموود، دوژمنی خوێنڕێژ و خوێنڕژاندن بوو، ئاسایش یەکەمین ئاواتی بوو. پیاوخراپ لە پەنایدا هەرگیز نەئەحەسایەوە، ژیانی دیلیی بە مردنی دلێری ئەگوڕییەوە، بۆ هیچ لەنگییەك سەری دانەئەنواند، هەموو ژیانی لە بەربەرەکانیی کورددا بەسەر برد. شێخ مەحموود، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبیی بە هاوڕێ زمانەکەی خۆیەوە زۆر باش ئەزانی. بە کوردیی پەتی ئەدووا. بە فارسی و کوردی وتار "شیعر"ی زۆرە. ئەمەیش وێنەیەك بە فارسی:

ما به عزم این سفر پا از میان برداشتیم
تا که زنگ کفر از کردستان برداشتیم

واتە، بەو هیوایە ئەم کۆچەمان کرد، تاوەکوو زەنگی زاڵیەتیمان لە کوردستاندا هەڵگرت. وە ئەمەیش وێنەیەك لە وتارە کوردییەکەی:

من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە
دڕك نەما، گوڵی هیوا گەشایەوە
وەختێ بە پەنجەی دوژمنی بەدنیهاد
کە خونچەی ئەمەلمان ئەشکایەوە
ئیمڕۆ بە نووکی خەنجەری تیژی خۆی
مەردانە بۆ کورد ئازادی سەنرایەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

شێخ مەحموود، مەردێکی دەستەپیاو، چاوو موو ڕەش، گورج و چالاك، لە گفتوگۆدا لەسەرخۆ، هێمن و زمانخۆش، ڕووبەپێکەنین، حەز لە قسەی نەستەق، نیشانشکێنێکی بێهاوتا و چەکبازێکی بەناوبانگ بوو.

شێخ مەحموود، نەترس و بەهێز، لە بەڵێندا ڕاست و دروست، لەپێناوی گەلەکەیدا بەخشندە، لە خراپەی بەرامبەر بە خۆی چاوپۆشی پیشەی بوو، بەرامبەر بە دوژمن سەربەرز و بۆ دۆست نەرم و هێمن، لە ناسین (فەراسەت)دا زۆر بالاَ بوو، لە بابەت چۆنیەتی و بەهرە و هونەر و فەرمانی شێخ مەحموودەوە نووسین تەواو نابێت، هەر ئەو نەختەمان بە بەس زانی. خوا وێنەی زۆر بکات.

ئەحمەد خواجە

نووسەر و گەنجینەداری تایبەتی شێخ مەحموود

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوێندەواری خۆشەویست:

جا بۆ ئەوەی خوێندەوارە بەڕێزەکانمان تێبگەیەنین کە لەمێژەوە ئەم دوو گەلەی عیراق لە کۆششی ڕزگاریدا سرەوتیان نەبووە وە لە کێشەی ئازادیدا بوون، پێشەکی ئەم باسەمان پێشکەش ئەکەین.

**عەرەب و کورد لە باوی عوثمانییەکاندا:**

هەرچەندە عەرەب هاوئاینیان بوون، سەرداریەتیی عوثمانییەکانیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام لاوەکانی تورك لە ڕێزگرتنیان درێغیان نەئەکرد. عەرەبەکان، بە ناوی (کۆمەڵی برایەتیی عەرەب و عوثمانی- جمعية الاخاء العربي العثماني)یەوە، لیژنەیەکیان دامەزراند. بۆ ئەوەی پاش هەڵبژاردنەکەی ۱۹۰۸ نێرراو (مبعوث)ی عەرەب لە تورك کەمتر نەبێت داوایان ئەکرد و لاوەکانی تورك هانیان ئەدان کە لە پلەیەکی بەتین و بەهێزتردا کۆمەڵانی عەرەب دروست بکرێت، چونکە لەو کاتەدا لە ۲٤٥ نێرراو ۱٥۰ تورك و ٦۰یش لە عەرەب بوو، کۆمەڵ داخرا.

جا عەرەب دوو لیژنەی بەهێز و نهێنییان پێکهێنا. یەکەمیان (کۆمەڵی قەحطانی)، بە سەرۆکیی عەزیز عەلی میصری، لە (ئەستەمبووڵ) و لە ساڵی ۱۹۱۲-۱۹۱۳یشدا (لیژنەی ڕێکخستنی دەس‌وبردی- لجنة الاصلاح الفعالة، بەیرووت)یان دامەزراند. پێنج لیژنەش لە جێگاکانی تر. بە هیوای دروستکردنی حکوومەتێکی مەلیکیی عەرەبی- تورکیی تێکەڵ وە هەر بۆ ئەمە لە ساڵی ۱۹۱٦دا ئەمیر فەیصەڵیشیان بەو ئاواتەوە تێکەڵ کرد بۆ ڕزگاریی عەرەب بوو.

جا بەبێ جیابوونەوە داوای حوکمی ذاتی= ئۆتۆنۆمییان لە ئیمپڕاتۆریەتی عوثمانی کرد. بەم داوایە حکوومەتی تورکیان خستە لەرزە و لەقاندن.

بەڵام کوردەکان گەلێکی بچووکتری موسڵمان بوون لە ئیمپڕاتۆریەتی عوثمانیدا و بەشێکی ئازا و دلێری چیاکانن. بەڵام بەڕێوەبەری سیاسییان کەم بوو. قۆڵت و گرێیەکی گەورەش بوون بۆ ئێران و تورکیا، چونکە بە درێژیی ژیانیان بەرامبەر ئیستیعمار لە شۆڕشدا بوون بۆ پچڕینی بەشێکی گەورە و گرنگ لە ڕێی ئازادییاندا.

لەگەڵ ئەوەیشدا لەکاتی شەپۆلی جەنگی یەکەمدا، کوردەکان تا دوای جەنگ لە پێناوی سەرکەوتنی تورکەکاندا ڕاست و گیانبەختکەر بوون و هۆشی ئیسلامی ماوەی ئەوەی نەدان لە ڕێی ئازادیدا ببزوونەوە و هیچ دەستدرێژییەك بەرامبەر بە عوثمانییەکان بکەن، تا جەنگ بڕایەوە[1].

بەڵام مامۆستا "الدرة" [*]یش، ئەڵێت: ((پیاوە سیاسییەکانی کورد لە پایتەختی عوثمانیدا خەریکی پێکهێنانی بەرهەمی ئازادی بوون. ڕۆژنامەکانی کورد کە لە لایەن بەدرخانییەکان و شێخ عەبدولقادرەوە دەرئەکرا و کۆمەڵە کوردەکانی پارێزەر "موحامی" و سوپایی و قوتابییەکانی حەربییە زۆر بە ئاشکرایی لە ١٩٠٨–١٩١٤ لە ڕێی ئازادیدا زۆر بە گەرم و تیژی ئەجووڵانەوە، بەڵام کۆشش و تەقەلای کورد بە گرتنی ئەستەمبۆڵ لە لایەن موستەفا کەمال پاشاوە بەفیڕۆ چوو و دوایی هات)). ئیتر نازانم مامۆستا جورج لنشۆفسکی چۆن بێئاگا بووە.

### بانگی جەنگی ١٩١٤:

لە کاتێکدا کە دەوڵەتی عوثماني سولـطان و خەلیفەی ئیسلام و فەرمانڕەوا و حوکمڕانی ڕۆژهەڵات بوو، لە ساڵی ١٩١٤دا بۆ یارمەتیی ئەڵەمانەکان تێکەڵی جەنگ بوو. لە کار و باری ئەو دەوڵەتەدا فەرمانبەران (موظفین) لە عەرەب و کورد و تورك بە کیشوەری عوثمانیدا بە هەڕەمەیی بڵاوکردەوە، کە لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامدا بەرامبەر بە دوژمن ئەجەنگن، بە دەهۆڵ و زوڕناوە دەست کرا بە شاییلۆغان.

هەر پاش یەك مانگ بەڵگەی پەرێشانییان دەرکەوت. سەربازی پێخاوس، برسی و ڕووت ئەخرانە کۆڕی جەنگەوە، خراپیی چەگ و کردەوەی فەرمانبەرەکانیان لە گیان بێزاری کردن و پەرێشانیی حکوومەت گەیشتە گەل ڕووتاننەوە.

تورکەکان وشەی ئیسلامیان کردبوو بە کوتەکی دەستیان، ئیتر ڕاووڕووت بوو بە پیشەی حکوومەت، تا وای لێهات لە مەڕو بزن، گا و مانگا، کەر و ئێستر، ماین و

---

[1] جورج لنشوفسكي، الشرق الاوسط في شؤون العالم، ترجمة جعفر الخياط، مكتبة دار المثنى– بغداد، ١٩٦٥.

[*] محمود الدرة، القضية الكردية، ط٢، دار الطليعة– بيروت، ١٩٦٦، ص٩٩.

ئەسپ، لە هەموو جۆرە چوارپێیەك، لە گەنم، جۆ، برنج... لە هەموو جۆرە دانەوێڵەیەك، لە کا، دار، خەڵووز، لە هەموو پێویستییەك، سەرەڕای ئەمانەیش بەرگ و مرۆڤیش هەمووی پێویستی حکوومەت بوو وە بە خۆڕایی ئەسێنرا و ئەبرا.

هەناسەی خۆشی نەما. برسیەتی، نەخۆشی، هەموو چەشنە پەتایەك وڵاتی داگیر کرد. دەرمان، پزیشك، چارەساز، نەبوو. لە شار، لادێدا، ناڵەی ژن، پیاو و منالْ، لاشەی لە برسان مردوو، شەقام و کەلاوەکانی پڕ کردبوو. جا، تەنیا گیان هەرزان و نان گران بوو.

سەرەڕای ئەو گورفتارییە لە ناوەڕاستی شارا، لە سلێمانی، لە دێهاتەکاندا دەستە دەستە لاوانی کورد ئەنران بە نیشانەوە، بە دەستڕێژی سەربازی تورك ئەکوژران. ئەمە وێنەیەك بوو لە بەسەرهاتی کوردی عیراق.

**کوردی ئێران:**

ژن و پیاویان بە لێشاو خۆیان ئەگەیاندە ناو کوردی عیراق. بەڵام بە لووت، دەست یان مەمك بڕاوی لە لایەن سوپای ڕووسی قەیسەرەوە، بە منالْی ساواوە ئاوارە ئەکران. لە لایەن سوپای تورکی ئیسلامیشەوە ڕووت ئەکرانەوە، بەم چەشنە قڕی کورد هات. لە دەوڵەتی عوثمانیدا قەبارەی یاسا ڕما، دەستە دەستە سەرباز بە چەکەوە لە کۆڕی جەنگەوە ڕایانئەکرد. وڵات لە میری بوو بە کوانووی ئاگر.

**خوارووی عیراق:**

وەکوو ژووروو، ئینگلیزیش لە بەصرەوە چنگی خستە ناو جەرگی عیراق (عوثمانی). سوپای تورك لەبەر ڕووتی و برسیەتی و بێتفاقی، بە هیچ چەشنێك خۆی پێ ڕانەئەگیرا. بەرگەی ئەو دوو لێشاوەی نەئەگرت کە لە سەرەوە ڕووس، لە خوارووی عیراقەوە ئینگلیز، دەمیان تێژەنیوە. جا، پیاوەکانی میری "تورك" و کاربەدەستەکانیان تێگەیشتن کە کار لە وزەیاندا نەماوە، کەوتنە چارە دۆزینەوە. زانییان تەنیا کورد، بە هێز و دەسەڵاتە، بۆ ئەوەی ئەمجارەیش کورد بکەن بە قەڵغان و مەرام و سەرکەوتنی

خۆیانی پێ بنێننە دی، لەشکری کوردیان دۆزییەوە. بۆ ئەم کار و هیوایەش تەنیا شیخ مەحموود بوو کە بتوانێت بێت بە هۆی یارمەتییان.

**شێخ مەحموود:**

لەو کاتەدا لەسەر هەندێك خەرج و باجی نارەوا لە حکوومەتی تورك زویر بوو بوو، چووبوو بۆ قەڵای مەریوان لە خاکی ئێران، بەو مەرجەی ئەو باج و سەخڵەتییە لەسەر گەلەکە هەڵگیرێت و لاببرێت؛ پەیمانیان دایە کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام مەبەسی حکوومەت ئەوە بوو کە شێخ مەحموود لەو عەشایر و چەکدارانەی کورد کە خۆیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا نییە، یەکسەر بەستراوی فەرمانی خۆین، بیان هێنێتە کوری جەنگەوە، بەربەستی لێشاوی ڕووسەکانیان پێبکەن. شێخ مەحموودیان هێنایەوە بۆ سلێمانی لە مارتی ١٩١٥.

فەرماندە سوپاییەکان و موتەصەڕیفی سلێمانی "بەهرام فەهمی"* کارەساتیان لە شێخ مەحموود گەیاند و بە ناوی طەڵعەت پاشا و ئەنوەر پاشا و خەلیل پاشاوە پێیان وت: پێویستە ئەو فەرمانەی کە بەربەستی ڕووسەکانە، بهێنێتە جێ و بچیتە جەنگەوە. هەروەها کارەساتیشیان بە ئەنوەر پاشا گەیاند. بە زوویی خەلیل پاشایان نارد و گەیشتە سلێمانی بۆ بەدیهێنانی ئەم پرۆغرامە. پاشا بە ئۆتۆمبێل هات، بەڵام لەم ئۆتۆمبێلانەی ئێستا نەبوو. بەلامانەوە زۆر ستەم بوو کە پاشا ئەوێرێت لەناو ئەو ئاگرەدا دانیشێت.

بە پەنهانی لەگەڵ شێخ مەحمووددا یەکتریان بینی. وا دەرکەوت کە ڕێككەوتوون.، چونکە شێخ کەوتە لەشکرئارایی و ڕوو بە پێنجوین ڕۆیشت بۆ جەنگی ئیسلام و ڕووس. ئەیان وت: سوڵـطانی خەلیفەی ئیسلام لە ئەستەنبۆڵ فەرموویەتی: ئەگەر هەموو ئیسلام نەچێتە کۆڕی جەنگەوە، ئالای پێغەمبەر دەرئەهێنم. لەو کاتەدا ئەم فەرموودەیە و بڕیارە

---

* ئەوە "بایرام فەهمی بەگ"ە کە سالانی (١٣٣١-١٣٣٣/١٩١٢-١٩١٤) موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی بووە (بڕوانە: محەمەدئەمین زەکی، تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، چ٢، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤٨).

تیغێکی زۆر کوشندە بوو بۆ گەلی ئیسلام. بۆ تۆڵەی شکستەو پەرێشانییەکەی خۆیان –تورك– کە شێخ مەحموودیان ساز کرد، ئیتر لەسەر فەرمانی شێخ لە بادینانەوە تا خانەقین، چەکداری کورد ئامادە بوو.

ئەوەی لەگەڵ خۆی بوو، ڕوو بە پێنجوین ڕۆیشت، لە پلەی یەکەمدا عەشایری جاف بوو، لەگەڵ سمایل عوزەیری و شێخان. وە لە پشدەر: مەنگوڕ، بڵباس، ئاکۆیش بۆ سەردەشت، وە لە بادینانەوە بۆ ڕەواندز کەوتنە لێدانی سوپاکانی ڕووس. پاش کوشتارێکی نادیدە لە هەردوولا ڕووسەکان کشانەوە بۆ ناو ئێران لە مایسی ١٩١٥.

**شێخ مەحموود بۆ (شوعەیبە):**

تورکەکان بەدەم سوپای ئینگلیزەوە زۆر بێدەسەڵات بوون، توانای خۆگیرییان نەمابوو. لەکاتێکدا ئەو دەسەڵات و سەرکەوتنە بێهاوتایەیان لە شێخ مەحموود بینی. ئینجا، بۆ ئەوەی لە خوارووی عیراقیشدا بە کاری بێنێت، ئەمجارەیش شێخیان تەفرە دا، بە لەشکرێکی زۆری کوردەوە ناردیان بۆ شوعەیبە. ئیتر ڕووسەکانیش هەلێکی باشیان کەوتە دەست، پاش ڕۆیشتنی شێخ گەڕانەوەو ئەم جارەیش، دیسان تەنگیان بە سوپای تورك هەڵچنی و هاتنەوە بۆ سەر سنوور.

لەشکری کورد پیادەو سوارەیان بە چەك و خواردەمەنی و بەرگ و تفاق و هەموو پێویستییەکی خۆیان ڕۆیشتبوون بۆ شوعەیبە. لەگەڵ گەیشتنی کوردەکان، ئینگلیزەکان بۆ دەستپێشکەری کەوتنە دەنگێکی نەبیستراوی جەهەننەمی، بە تۆپ و فڕۆکە و گیانی بەلاشی هیندی، زۆر لە گیاندارانی کورد لەژێر لم و خاکی عەرەبستاندا نێژرا، بەتایبەتی ڕەشید پاشا و دە پیاوی ناودار بە تۆپ لەش و گیانیان پەرشوبڵاو کرایەوە. لەو ماوە درێژەدا تورکەکان نەك بەرگ و نان، یان تفەنگ و فیشەك، نەیانتوانی ئاو بدەن بە کوردەکان. تا لەژێر فەرماندەی سەرۆك و سەردارییان شێخ مەحمووددا، ماوەی لەشکرەکەیان گەڕایەوە بۆ نیشتمانەکەیان*.

* ئەو شەڕە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩١٥ قەوماوە (المس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب، نقله الی العربیة وکتب حواشیه جعفر الخیاط، ط٢، بیروت، ١٩٧١، ص١١، ١٥).

له پاش گەڕانەوەی شێخ مەحموود سوپای ئینگلیز بەبێ ترس و وێستان کەوتە پێشکەوتن، ئەمانبیست لە پێش سوپای ئینگلیز و بەدوای سوپای تورکدا سوپایەکی بەبێ چەکی عەرەب هەیە بۆ کۆکردنەوەی چەکی کوژراو و بریندار و پەککەوتووی سوپای تورك. هەر بەدوای گەڕانەوەی کوردەکان و شکستی تورکەکان، سلێمان عەسکەری، فەرماندە و سەرلەشکری تورکەکان خۆی کوشت.

لە پاش گەیشتنەوەی چەکدارە کوردەکان بە سواری و پیادە لە شوعەیبەوە بە سلێمانی، بە ماوەیەکی زۆر کەم دیسانەوە تورکەکان یەخەگیری شێخ مەحموود بوونەوە. وتمان ڕووسەکان گەڕانەوە بۆ سەر سنوور، گەڕانەوە بەڵام بە سوپایەکی ئێجگار زۆر، بە چەك و تفاقێکی تازەوە هێرشێکی گیانبەختکەریان هێنا. سوپای تورکی بەستەزمان و لە هەموو پێویستییەك بێبەش، بەرامبەر بەو لافاوە، بێگومان خۆگیرییان پێ نەکرا و بە پەرێشانی گەڕانەوە. هەر بە دوای شکستەکەیاندا، ڕووسەکان، ڕەواندز، پێنجوێن، خانەقینیان سووتاند. بە هەزاران گیانداریان بێگیان کرد. بێشومار دێهاتیان بە وێرانی و خاپووری بەجێهێشت. ژن، مناڵ، پیاو ئاوارە کرا. سەرەڕای ئەم پەشێوییە، ئەو ئازووخەیەی لەگەڵ گیانیان دەرباز ئەکرد، تورکەکان لێیان ئەساندن. کوردی هەژار لە نێوانی ڕووس و تورکدا بێسەر و ماڵ و سەرگەردان بوون، ڕەگ و ڕیشەیان دەرهێنرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### جەنگی دووەمی شێخ مەحموود و ڕووس:

دیسانەوە گەل لەژێر باری خەرج و باج، ڕاووڕووتی حکوومەتیدا ئەیناڵاند، بە ناوی کڕینەوە، بەبێ پارە و ماڵ پشکنین دەغڵ و دانیان لە وڵاتدا نەهێشت. مەئمووران لە برساندا ناوی یاسا و حکوومەتیان فەرامۆش کرد. گەورەو بچووکیان، خۆخۆیی خەریکی جەردەیی و بەرتیل وەرگرتن بوون.

پارەی حکوومەت (کاغەز– نۆط) بوو، حکوومەت خۆی ئەیدا وەرینەئەگرتەوە و لە ناو گەلیشدا نرخی نەمابوو. لەم کاتە ناهەموارەدا بە سەرکەوتنی ڕووس و زاڵیەتی و بەدکاریی تورکەکاندا، شێخ مەحموود و لەشکری کورد گەیشتەوە پێنجوێن، کە لەژێر

فەرمان و حوکمڕانیی ڕووسدا بوو. جەنگی کورد و ڕووس دامەزرا. بەرامبەر بە هەڵمەت و دلێرییان بە ناچاری ڕووسەکان پێنجوێنیان بەجێهێشت وە بوون بە دوو قۆڵ:

١. بە مەریواندا: گرانباریی وەکوو تۆپ و چادر و بارخانە قورسەکانیان فڕێدایە ناو گۆمی زرێبار و بە سەڵتەزەلامی بە کەلی گاڕاندا خۆیان ڕزگار کرد و گەیشتنە شاری سنە.

٢. بە بانەدا: ئەم لقە زۆر بەهێز بوو. شێخ مەحموود بە هێزەکەیەوە کەوتنە دوای ئەم لقە و لقی مەریوانی بە سوپای تورك سپارد.

ڕووسەکان زۆر پەرێشان کران. لە بانەیش دەر کران. هەرچەندە لە کوردیش زۆر کوژرا، بەڵام سەرکەوتنیان دەست کەوت، لەبەر ئەوە بە گرنگتر و پەسەندتر زانرا. جا، تورکەکان بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە بۆ خۆیان پیشان بدەن، فەرماندەی سوپاکانیان (غروب قوماندانی) کە لە سلێمانی بوو، ئاگاداریان کرد کە خۆیان کردوویانە و بەدبەختانە لەو جەنگاوەرانە و لە کوێخا و سەرکۆمارەکانی جاف حەوت کەسیان گرت و لە ناکاو و بەبێ ئاگاداری شێخ مەحموود نران بە بەر دەستڕێژی تفەنگی سەربازی تورکەوە.

شێخ مەحموود، لەم کردەوە کێوی و جانەوەرانەیەی ضابطە فەرماندەکانی ئاگادار کرا، زویر بوو. ڕاستیەکەی بە سلێمانی گەیاند، سووچدارەکانیان دا بە (مەجلیسی عورفیی عەسکەری) لە مووصڵ و سزادران. بەڵام تورکەکان شێخ مەحموودیان ناچار کرد بە مانەوە و جەنگی بەرامبەر بە دوژمن. چونکە ئەگەر، بگەڕایەوە و بەری ڕووسی بەرەڵا بکردایە، هیچ گومان نەبوو کە بەدەست ڕووسەوە کوردێك نەئەما. لە خۆی شێخ مەحموودم بیست، فەرمووی: من بەڵێنم بە خەلیل پاشادا بە درێژەی جەنگ شانبەشانیان بجەنگم بەو مەرجەی پاش جەنگ حوکمی زاتی، بدەن بە کورد و کورد ئازاد بێت، لەبەر ئەوە نەمویست بگەڕێمەوە و ئەو پەیمانە بشێوێنم*.

* هێزی ڕووس لە دوادواییەکانی ١٩١٦دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتە خوارێ، ١٩١٦/٥/٧ لە هەر سێ قۆڵی ڕەواندز و پێنجوێن و ناوچەی مەیدانەوە هێرشی هێنا، ٥/١٣ ڕەواندزی گرت. لە قۆڵی پێنجوێن، بەری پێ گیرا و نەیتوانی بێتە ناوەوە. لە ناوچەی مەیدان لە ڕووباری سیروان نەپەڕییەوە (بڕوانە: اللواء الركن شكري محمود نديم، الجيش الروسي في حرب العراق ١٩١٤–١٩١٧، ط٢، بغداد، ١٩٧٤، ص١٥–٤٤،

**ڕووسەکان و شێخ مەحموود:**

ڕووسەکان بۆیان ڕوون بووبووەوە کە بەرامبەر بە هێزی کورد و -بەتایبەتی- شێخ مەحموود، هیچیان بۆ ناکرێت، چونکە بە ناوی شێخ مەحموودەوە پشت و پێشیان لێ گیرابوو؛ ئێرانیان لێ بووبوو بە کوانووی ئاگرین، بۆ ئەوەی لە نێوانیاندا تێگەیشتن و پێکهاتنێك بنیاتبنێن، کەوتنە تەقەلایەکی زۆر.

جا لە پێش بانگی جەنگدا، لە ئەندامی کۆمەڵی ئیتیحادییەکان، کە بۆ ناو حکوومەتە بێگانەکان ڕایانکردبوو، یەکێك لەوانە صەفوەت بەگ لە ئەستەمبۆڵەوە چووبوو بۆ ڕووسیا، پترسبۆرغ (لینینگراد) کە ئەوسا پایتەخت بوو.

صەفوەت بەگ*، پێش جەنگی ١٩١٤ هاتە سلێمانی بە فەرماندەیی و موتەصەڕیفی، دۆستی دێرینی شێخ مەحموود و خاوەن کردگاری باش بوو. ڕووسەکان دۆزییانەوە بە هیوای ڕێککەوتنی شێخ مەحموود بە دەسەڵاتێکی زۆرەوە ناردیان بۆ سەقز، لەوێوە بە هیوایەکی گەورەو نیازێکی پاکەوە قورئانێك بە مۆرکراوی و نامەیەکی دۆستانەی نارد بۆ شێخ مەحموود کە لە بانەدا بوو.

کورتەو پوختەی نامەکەی صەفوەت بەگ: ((حکوومەتی عوثمانی لە تەواوبووندایە، پەکیکەوتووە، ناتوانێت بەربەرەکانێی حکوومەتی قەیسەر بکا، چونکە بێجگە لە هێزی کورد، هێزی سوپاییەکەی لە باریا نییە بجەنگێت. ڕووسەکان خاوەنی سوپاو تۆپ، هێزی فرۆکەی زۆرە. دڵنیا بن بەم زوانە بە سەرکەوتنی ڕووس جەنگ تەواو ئەبێت. جا بە بۆنەی دۆستایەتیمانەوە ئەم تکایەت لێ ئەکەم: ئەوەی تۆ ئارەزوو ئەکەیت و ئەتەوێت، حکوومەتی قەیسەر ئامادەیە پێشکەشتان بکات. ئێمە

---

٧١؛ مس بيل، فصول من تأريخ العراق القريب، ترجمة جعفر الخياط، بيروت، ١٩٧١، ص١٨٢؛ مێچەر نۆئێل، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، ل٤٨-٤٩).

* سلێمانی ئەو ماوەیە موتەسەڕیفێکی بەو ناوەوە نەبووە. ڕەنگە فەرماندەیەکی عەسکەری بووبێ. لیستی ناوی موتەسەڕیفەکان کە محەمەدئەمین زەکی بەگ ئامادەی کردووە، ناوێکی وای تێدا نییە (بڕوانە: تاریخی سلێمانی وە وەڵاتی، ل١٤٧-١٤٨).

زیاتر پێویستمان به یارمەتیت هەیە. نامەوێت دوژمنی وا گەورەت ببێ، چاوەڕێی وەڵامتانم)).

ئەو قورئان و نامەیە لەگەڵ ئاغا ئەحمەد ناوی سوورێنیدا نێررابوو. دێی سوورێن لە بەشی بانەدایە. وەڵام لە شێخ مەحموودەوە: (پوختەی نووسراوەکە)

((من لە جانەوەریی ڕووس و خوێنخۆریی ڕووس نیشتمانم ئەپارێزم. بە هیوای بەخشندەییی قەیسەر نیم. کوردیان لەبن هێنا. خۆت ئەمناسیت، دارایی من ئەزانیت، لەو دوژمنەی ناسیم ناترسم، ئاوات و ئارەزووی من ئازادیی گەلی کوردە. کێ دەست بداتە دەستمان دۆستی ئەو کەسەین، وەلامی دوژمن لە لوولەی تفەنگی کوردەوە ئەبیسترێت. ئەیلوولی ١٩١٥)).

ئەم نامانە بە زمانی تورکی نووسراون، زۆر بەکورتی پیشان دراون. بەڵام وەڵامەکەی شێخ مەحموود، بەلای ڕووسەکانەوە زۆر بەنرخ بوو، چونکە ئەرمەنییەکان بە هیوای ئازادیی شانبەشانیان بوون. تێگەیشتن کە شێخ مەحموود و کوردەکانیش بە ئاسانی دەست ئەکەون، چونکە ئەمانیش عەودالی ئازادین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لە ئەستەنبووڵ:**

لە ساڵی ١٩٥٤دا بۆ جاری دووەم چووم بۆ ئەستەنبووڵ (گۆڤاری مێژووی وێنەدار= رسملی تاریخ مجموعەسی)م بینی، کڕیم. لە ژمارە ١ی مانگی ئۆجاغی ١٩٥٠دا ئەم نووسراوە بەنرخەم تێدا خوێندەوە:

لە ساڵی ١٩٢٤دا لە لایەن ئی. ئی. ئادامائۆف، سەرۆکی لیژنەی پشکنینی تۆمارە نهێنییەکانی قەیسەریدا لە بارەی پارچەپارچەکردنی کیشوەری تورکیا (عوثمانی)وە ئەم بەڵگەیە دۆزرایەوە، ئەڵێت: لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥دا لە لایەن ئێس. ئەی. پۆکلەفیسکی ئێلچیی* ڕووس لە بکرەشەوە بۆ شالیاری دەرەوەی ڕووسیای نووسیوە: کە جەمال پاشا لەگەڵ حکوومەتەکەیدا ناڕێکە، بێتو دەستدرێژی

* ئێلچی: باڵیۆز، سەفیر.

بکەین بۆ تورکیا، ئەبێت جەمال لە حکوومەتەکەی هەڵگێڕینەوە و ئەرمەنیەکانیش بگەیەنین بە جەمال، ئینجا بە مەرام ئەگەین، چاوەڕێی وەڵامم[٢].

ئەم مەرامە لە لایەن شالیاری دەرەوەی ڕووسیا "سازانۆف"ەوە گەیەنرا بە ئێلچییەکانی ڕووس لە ئینگلتەرەو فەڕانسە و ئیتاڵیا، کە سوێندخۆریان بوون. بۆ ئەوەی لە عەرەبستان (عیراق)، کەلکیادا بە ناوی تورکیای ئاسیاوە جەمال پاشا بکرێت بە سوڵـطان، بیری ئەو حکوومەتانە چییە لێیان بچێژنەوە و ئەم ماددانەی خوارەوەیان پیشان داوە ئەگەر جەمال یاخی بوو.

١. بۆ ئەم سوڵطانە تازەیە– سووریا، فەلەستین، عیراق، عەرەبستان، کەلکیا و ئەرمەنستان و (کوردستان)، لە وێنەی ئەیالەتدا بە ناوی تورکیای ئاسیاوە سەربەخۆیییان بدرێتێ و دەوڵەتە گەورەکان بەڵێن بدەن بۆ پارێزگارییان (بێجگە لەم ماددەیە ١١ ماددەی تریش هەی، لەبەر بێ‌جێگایی هەر ئەوەندە بە بەس زانرا).

وە ئەڵێت: لە ئەنجامدا ئینگلیزەکان وتیان بەصرامان گرتووە؛ کە عیراقمان تەواوکرد، لەم کارە ئەدوێین و فرانسزەکانیش وتیان لوبنانمان گرتووە، پاش گرتنی سووریا و عیراق قسەی لێ ئەکەین. کە ئەم نووسراوەم بینی، نامەکەی شێخ مەحموود کە بۆ صەفوەت بەگی ناردبوو، هاتەوە بیرم. هیچ دوور نییە کە لەسەر ئەو نامەیە ڕووسەکان نەکەوتبنە دوای ئەم مەبەسە و سوێندخۆرەکانیش لە ترسی دوارۆژی ڕووس نەیانوێرا ئەم چاکەیە بکەن.

بەڵام و بەڵام! ئینگلیزەکان ئەم هیواو ئاواتەی کوردو شێخ مەحموودیان کرد بە پریاسکەیەکی توندوتۆڵ و بەستیان بە لوولەی تۆپ و بۆمبا زلەکانیانەوە و دایان بەسەر کورد و کوردستان‌دا و ئازادیی کوردیان خستە بریتیی نرخی بۆمبا نەتەقیوەکانیان کە لەناو خانوو و چیاکانی کوردستان‌دا بە نێژراوی ماوەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[2] ئەم نووسینەی ئێلچیی بکرەش لە وەڵام ئەچێت. ڕەنگە لەوەپێشیش نووسراو بووبێت.

**تورکەکان و شێخ مەحموود:**

کاربەدەستەکانی تورك نالەباری و زاڵیەتیی ئێجگار زۆریان پیشان دا، وەکوو بە کوشتن و بەکوشتندان، بە برسیەتی و نەخۆشی و مردنی لە ناکاو؛ بەدبەختییان گەیشتە ئەو پایەیەی بە نووسین تەواو نەبێت. لە ڕووی کردەوەی ناپەسندو ناشیرینیانەوە، کورد و شێخ مەحموودیان وەڕست کرد. کەڵکەڵەی جیابوونەوە کەوتە یادی هەموو یەکێکەوە، چونکە نە لە برایەتیی ئیسلامی و نە لە یەکیەتیی عوثمانیدا نەما.

لە ١٨ی مایسی ١٩١٨دا ئینگلیزەکان گەیشتنە بەغداد*. ڕووسیش لە خانەقیندا مۆڵەیان دا، تا گەیشتنە مەنصوورییەیش، ئینگلیز زۆر بە گورجی ئەهات. سوپای تورك گەیشتەوە کەرکووك. ئیتر توانای جەنگیان نەمابوو. لە کاتێکدا کە ئینگلیز گەیشتە کەنگربان، تورکەکان کەرکووکیشیان بەجێهێشت**. ئیتر هیوای مانەوەی تورك لە عیراقدا بەسەر چوو، ئەڕۆن بەبێ یادی باش.

**شێخ مەحموود و ئینگلیز:**

بۆ ئەوەی جارێکی تر دوچاری جەنگێکی تازە نەبێتەوە، شێخ مەحموود دوو نامەی نووسی: ١ بۆ حاکمی عامی عیراق، ٢ بۆ فەرماندەی گشتی لە کەرکووك؛ یەکەم بە هۆی سەیید موحسین ئاغاوە لە کفری، دووەم بە هۆی عەبدوڵلا صافیی یەعقووبییەوە لە کەرکووك***.

لە نامەکاندا ئەڵێت: چەرخی گەردوون ئێوەی بە سەرکەوتوویی گەیاندە نیشتمانی کورد، کە کوردستانە. لە عوثمانییەکان کورد هیچ بەهرەیەکی وەرنەگرت. ئەزانن کە بە هەزاران ساڵ ئەم خاکە نیشتمانی کوردە. لە ئادەمیزادپەروەریتان ئۆمێد ئەکەین کە ئێوە

* سپای ئینگلیز ١٩ی مارتی ١٩١٧ بەغدای داگیر کرد (محمود الدرّة، القضية الكردية، ط٢، ص١١٢).

** کەرکووك یەکەم جار لە ١٩١٨/٥/٧دا ئینگلیز گرتی (سر أرنلد تي. ويلسون، بلاد مابين النهرين بين ولاءين، ترجمة فؤاد جميل، ط١، ج٢، بغداد، ١٩٩٢، ص١٧٧).

*** دروستە و لە و بارەیەوە بڕوانە: رفیق حلمی، یادداشت، چ٢، بەشی یەکەم/ ب١، هەولێر، ١٩٨٨، ل٥٤؛ وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص٤٤—٤٥؛ سر أرنلد تي. ويلسون، بلاد مابين النهرين بين ولاءين، ج٢، ص١٧٧، ٣١٩، ٣٢٠؛ المس بيل، فصول من تأريخ العراق القريب، ص١٥٢.

حەقی کورد بدەن و ئازادی و سەربەستی لە کوردستاندا بڵاو بکەنەوە. ماوەی ئەوە نەدەن کە کورد بە چەك داوای حەقی خۆی بکات و بیسێنێت (١٩١٨).

ئەمە بوو پوختەی نامەکان. وا ڕێکەوت لە پاش بەجێهێشتن، دووبارە گەڕانەوە بۆ کەرکووك*. عەبدوڵڵا صافی نامەکەی نەگەیاندبوو بە ئینگلیز، دای بە تورکەکان. تورکەکان دەستبەجێ فەرمانیان دا بە سوپایەکەیان لە سلێمانی، بە فێڵ شێخ مەحموودیان گرت و بردیان بۆ کەرکووك، مووصڵ، بێسەروشوێن مایەوە. لە مووصڵ بڕیاری خنکاندنیان دا.



شێخ مەحموود پاش ڕزگاربوونی لە خنکاندن لە دەست تورکەکان

بەخت یاریەدەر بوو. عەلی ئیحسان پاشا گەیشتە مووصڵ، تورك خۆیان دڵنیا بووبوون کە عیراقیان لەدەست چووە. بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا کەڵکی لێ وەربگرن و

---

* هێزەکانی ئینگلیز ١٩١٨/٥/٢٤ لەبەر تەنگپێهەڵچنینی سوپای تورك و هۆی دیکەی لۆجیستی و عەسکەری، کەرکووکیان چۆڵ کرد. ١٠/٢٥ی ئەو ساڵەیش جارێکی دیکە گرتیانەوە (بڕوانە: سر ارنلد تي. ويلسون، المصدر نفسه، ص١٧٧، ١٧٨؛ وليد حمدي، المصدر نفسه، ص٤٦).

پارێزگاریی هێزە ماوەکەی سلێمانی‌یان بۆ بکات، شێخ مەحموودی ڕزگار کرد، بە پڕۆغرام و هەندێك پارەوە ناردیەوە بۆ سلێمانی.

پرۆغرامەکەی عەلی ئیحسان پاشا، ئەوە بوو کە شێخ مەحموود هێزێکی عەشائیری کوردی پێکەوە بنێت و ئامادەیە یارمەتیان بێت. لەم کاتەدا دەوڵەتە یەکگرتووەکان کەوتنە پیلانی ڕێککەوتن (هودنە).

لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩١٨دا عەلی ئیحسان پاشا فەرمانی دا بە سەرەك سوپاکەی سلێمانی کە بەڕێوەبەری سوپایی و شارستانیی عەسکەری و سیاسی بدرێتە دەست شێخ مەحموود و بە ناوی دەوڵەتی عوثمانی‌یەوە فەرمانڕەوا بێت.

هەموو کەسێك بە ئاوات و هیوایەکی تازەی فەرپەخشەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی ئەکرد کە ڕووناکیی کوردی تێدا ئەبینرێت. برسیەتی و پەرێشانیی ڕابوردوو فەرامۆش کرا. جەژنی ئازادی خۆشیی هەڵدا و چاوەڕێی فریشتەی چاکەن. بەڵام ئەو دیوی پەردە چیی تێدایە؟ کێی تێدایە؟ کێی لێیە؟ چۆن ئەگۆڕێت، نازانرێت، تاریکە!

کە لە ئەستەنبووڵ بووم لە ١٩٥٤دا، لەگەڵ عەطای حاجی کاکەحەمە چووینە دیدەنیی عەلی ئیحسان پاشا، زۆر بە گەرمی پرسیاری شێخ مەحموودی کرد. باسی ڕزگاریی لە خنکاندنی گێڕایەوە. وتی: من تێگەیشتبووم عیراقمان دۆڕاندووە. ئیتر بۆچی پیاوێکی گەورە و خاوەن چاکە لەناو بچێت و ئەیشمزانی پاش خنکاندنی لەناو کوردەکاندا تووشی چورتمی گەورە ئەبین، ڕێگەی گەڕانەوەمان لێ ئەبڕن. کردەکەی من بەجێ بوو. نەزانرا هێشتا بێوڵەتی کوردی بەرنەداوە:

١. لەسەر بڕیار و بەڵێنی ئازادی لە لایەن بەریتانیاکانەوە.

٢. بەبێ جەنگ و بەرگرییان لەسەر نامەکان بۆ هاتنە کوردستان لە لایەن شێخ مەحموودەوە بەڵێن درا.

ژنکەی ژین
www.zheen.org

نومایندە و نوێنەری ئینگلیز "مێجەر نۆئێل" لەسەر ئەو پەیمانە ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ پاشنیوەڕۆ گەیشتە سلێمانی*.

**هاتنی مێجەر نۆئێل:**


مێجەر نۆئێل

گەیشتە سلێمانی. لەسەر ڕاسپاردە و فەرمانی حاکمی عام، شێخ مەحموود و زۆر لە سەرۆک عەشائیرەکانی بینی. بڕیاری خۆیان دا. ویستی کە هەموو ضابط و سوپاییەکانی تورک کە لە سلێمانیدان، بیاننێرێت بۆ کەرکووک و تێکەڵ بە یەخسیرەکانیان بکات. شێخ مەحموود، بە پێچەوانەی ئەو ویستنە، گەیاندنیە کۆیە، هەولێر و لەوێوە بۆ مووصڵ. بەڵام پەڕاگەندەکانی لە سلێمانییەوە تا چەمچەماڵ و کەرکووک کە نیزیکەی ٢٠٠ سوپاییەک ئەبوون، برانە کەرکووک. کە مێجەر هاتە سلێمانی، بارگەکەی تەنیا دەستێک پێخەف بوو. ڕۆژی دوایی لەبەر دەرگای سەرای حکوومەتدا، لە پێش چاوی چەند هەزاران دانیشتووان ی شارو عەشایرەکانی وەکوو جاف، هەمەوەند، پشدەر، مەنگوڕ، ئاکۆ، بڵباس، جەباری، زەنگەنە، داودە، تاڵەبانی و عەشائیرەکانی تری سلێمانی، چووە سەر کورسییەک، بە زبانی فارسی وتی: بە ناوی

* نۆئێل، وەک خۆی لە یەکەم ڕاپۆرتیدا لە سلێمانییەوە نووسیویە، ڕاست ڕۆژی ١٩١٨/١١/١٦ گەیشتووەتە جێ (سدیق ساڵح، حکوومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤، ل٢٩).

حکوومەتی بەریتانیا و حاکمی عامی عیراقەوە قسەتان لەگەڵ ئەکەم: ئەوا لە یەخسیری ڕزگار بوون. ئیتر سەبەرست و ئازادن. شێخ مەحموود، حوکمداری کوردستانە. لەسەر فەرمایشی حاکمی عام لە بەغداد ئەم مژدەیەتان ئەدەمێ*.

مەلا محەمەدی دەنگ گەورە: ڕۆژە ڕەشەکانتان فەرامۆش نەکەن. کەستان نازانن باوك، برا، کوڕتان لە چ کوڵەشیو و بوودڕێکدا کوژرا و بوون بە خۆراکی جانەوەر و کێوی، ئیمڕۆ پیرۆزیی ئازادیتان لێ ئەکەم. ئەگەر ئەمانیش –ئینگلیزەکان– خراپ بوون، خۆتان ئەزانن چییان لەگەڵ ئەکەن**.

شێخ مەحموود: براینە، لەو هەورازە کووڕەی لەپێشمانەوە بوو سەر کەوتین، لە ئێوە یەکیەتی و لە منیش گیانبەختکردن (داخەکەم لە فەرموودەکەی شێخ مەحموود لەمەندە زیاترمان بۆ پێکنەهات).

* بەو پێیە، ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ١٩١٨/١١/١٧دا بووە (حکومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤، ل٣١).


** خوالێخۆشبوو کەریم غەفوور لە دەستنووسی (یادگاری عیبرەت، ل٥٨–٥٩)یدا لە ڕوانگەیێکی دیکەوە لەو خوتبەیەی ڕوانیوە و نووسیویە: ((هەر لە عەینی وەقتدا، مەلا محەمەدی مەحموود چاوەش کە مەشهوور بوو بە مەی محەمەدی دەنگگەورە، کە کوێرێکی حافیظولقورئانی زۆر زیرەکی فەصیح وە دەنگێکی یەکجار گەورەی هەبوو و باوکی حەمەی گەورە و حەمەی بچووك، هەردوو حەمەی مەلای پۆلیس بوو، هێنایانە ساحەکەی بەردەمی سەرای سلێمانی، کە لەو تەئریخەدا ئەم حائیل و حەدیقە و دارول ضوباط و ئوتێل شەهرەزاد و دووکانەکانی ئەوقاف و دائیرەی ئەوقاف و سینەمای ڕەشید و سائیرەی ئێستا هەن لە لای شەرقی سەراوە، ئەوسا نەبوون. ساحەیێکی زۆر گەورەی واسیع بوو، لە ناوەڕاستی ئەو ساحەدا کورسییێکی زۆر بەرزیان بۆ خستە سەر مێزێکی زۆر بەرز، چووە سەری. لە ناوەڕاستی ئەو (ئیزدیحام) قەرەباڵغەدا کە لەو ڕۆژەدا عیبارەت بوو لە هەموو ئەهلی سلێمانی، کە بە موناسەبەتی ئەو واقیعە موهیممەوە بە گەورە و بچووکەوە لەو مەوقیعەدا کۆبووبوونەوە، بە دەنگێکی یەکجار گەورە دائیر بە غەدداری و ظاڵمی و بێدینیی حکوومەتی تورك و بە بەئینصافی و عەدالەت و چاکیی حکوومەتی ئینگلیز خوطبەیێکی زۆرودرێژی ناحەقیان پێ دا، لەبەر ئەوەی چاك و خراپیی حکوومەتی ئینگلیز هێشتا لە کەس مەعلووم نەبوو. ذاتەن ئینگلیز بە ئێمە غەیرەدینیش بوو. خوطبەکەی زۆر ڕەق و بە ناحەق تەلەقی کرا و زۆر کەس ئەو مەلا محەمەدەیان بە کافر دائەنا و زۆری لێ موتەئەثیر بوون)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەو مژدەیەی مێجەر نۆئێل* کە بانگی ئازادی و حوکمداریی کوردستان بوو، بۆ هەڵکردنی ئاڵای کورد بڕیار درا، شاری سلێمانی بوو بە بەهەشت. خاوەن تەو (هیممەت)ەکان دلێرانە پاڵیان دا بە باڵی هیوای کوردەوە، بە گیان، بە داراییان بۆ گەیشتن بە ئاوات و بوون بە پشتیوانی حوکمداریان.

---

* "ئێدوارد چارلز ولیام نۆئێل" لە ڕیزی هێزی سەربازیی ئینگلیزدا کاری کردووە، ١٩١٣ مولازم بووە لە فەوجی ٤٤هەمی مەرواوای سوپای هیندی، ١٩١٤ کراوە بە جێگری قونسڵ و یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە ئەهواز. پاشان بووە بە یاریدەدەری دووەمی موقیمی سیاسی لە بووشەهر. سەرەتای بەهاری ١٩١٥ لەگەڵ "ئەدمۆندز"دا کەوتوونەتە دوای ئەو ئەڵمانانە کە نێردرابوونە ئێران بۆ ئاژاوەنانەوە، "ڤاسمۆس"ی بەناوبانگی گرتووە، بەڵام لە دەستی هەڵاتووە و شوێنی کەوتووە، بە زەحمەت خۆی لە خێڵەکانی ناوچەکە دەرباز کردووە. لەوەودوا هێنراوەتە بەسرە. بە داوای خۆی، نێردراوەتە تفلیس وەك نوێنەر بۆ هەڵمەتی جەنەراڵ دنستەر فیڵ، جەنگەڵییەکان لە نزیکی (ڕەشت)ی سەر زەریاچەی (قەزوین) گرتوویانە، ١٥ مانگ هێشتوویانەتەوە، دواتر بەپێی پەیمانی ئاشتیی پاش شکستی جەنگەڵییەکان بەردراوە و گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا. ١٩١٨ بە نوێنەریی "ویلسن"ی بریکاری حاکمی عەسکەری لە بەغدا ڕووی کردووەتە سلێمانی و ١١/١٦ گەیشتووەتە جێ. ڕۆژی دوایی شێخ مەحموودی لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەردەرکی سەرای سلێمانیدا بە حوکمداری ناوچەی نێوان ڕووباری سیروان و زێی گەورە ناساندووە. ١٩١٩/١/١ گەشتێکی بە یاوەریی فایەقی تاپۆ تا ناوچەی ڕەواندز کردووە و پاش چەند حەفتەیەك گەڕاوەتەوە. لەبەر لایەنگریی کورد و هاوسۆزیی بۆ مەسەلەکەی لابراوە و مێجەر سۆن خراوەتە جێی. هەر ئەو ساڵە گەشتێکی درێژی بە یاوەریی جەلادەت و کامەران بەدرخان و عەبدوڕڕەحیم ڕەحمی حەکاری بە باکووری کوردستاندا کردووە. ١٩٢١ بەشداری کۆنگرەی قاهیرە بووە و لەگەڵ "یۆنگ" بیرخەرەوەیەکیان خستووەتە بەرچاو، داوایان کردووە ناوچەی کوردنشین نەخرێتە سەر دەوڵەتی عەرەبیی میزۆپۆتامیا و بریتانیا هاوکاری یەکخستنی کورد و دروستکردنی حکوومەتی کوردی بێ. کۆتاییی ١٩٢٢ لەگەڵ شێخ مەحمووددا لە بەغداوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و وەك ڕاوێژکار تا سەرەتای ١٩٢٣ لای ماوەتەوە. ئەو ماوەیە چەند جارێك بۆ وتوویژ چووەتە کەرکووك و بەغدا. بەهاری ١٩٢٣ چووەتەوە بۆ هیندستان. پاش بڕانەوەی دووەم جەنگی جیهانی، گەڕاوەتەوە بۆ بریتانیا و خانەنشین بووە. نۆئێل گەلێك نامە و ڕاپۆرتی گرنگی سەبارەت بە مەسەلەی کورد و شێوەی چارەسەرکردنی نووسیوە و بەرز کردووەتەوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، سلێمانی، ژمارە ٤، نۆڤەمبەری ٢٠١٢، ل١٠٧–١٣٦).



نەخشەی ئەو کوردستانەی شێخ مەحموود ئەیویست

**نامەی مەندووبی سامی:**

لە بەغداوە ... بۆ حوکمدار شێخ مەحموود (بە زمانی فارسی)

لە حکوومەتی صاحب ئەلجەلالەوە فەرمانم پێدرا پێتان بگەیەنم، لەم ڕۆژانەدا لێدوانی سەربەستی (ئیستیقلال)ی کوردستان تەواو ئەبێت؛ کورد سەربەخۆ، ئێوەیش بە حوکمدار ناسراون.

**نوێنەرایەتیی کورد بۆ پاریس:**

لە پاش کۆبوونەوە و لێدوانێکی زۆر و پەسندیی میجەر نۆئیل، بڕیار درا کە لە کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە پاریس شەریف پاشا ببێت بە نوێنەر و نوێنەری کورد و لە کۆمەڵی ئاشتیدا داوای مافی کورد بکات، لە سلێمانی‌یەوە لەگەڵ نامەی گشتی (مضبـطە)دا سەیید ئەحمەدی بەرزنجی* و ڕەشید زەکی کابان** نێرران.

---

* سەیید ئەحمەدی بەرزنجی "مەرەخەس"ی کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحیم، ١٨٨٨ لە بەرزنجە لەدایکبووە. سەردەمی عوسمانی، مامۆستای قوتابخانە بووە. ئەندامی وەفدی دوو کەسیی کوردستانی جنووبی بووە، لەگەڵ ڕەشید زەکی کاباندا، ١٩١٩ بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. کە لە حەڵەب گیران و هێنرانەوە بۆ مووسڵ و درانە دادگا، ئەم حوکمی چوار ساڵ دوورخستنەوەی بەسەردا درا. بووە بە ڕەئیسی ئەمنییەتی عموومی لە دووەم حکوومەتی کوردستان، ڕەئیسی مالییە و گوومرگ و یاوەر و سەرکاتبی شێخ مەحموود لە سێهەم حکوومەتیاندا، نوێنەری تایبەتی شێخ بووە بۆ دان‌وستان و گفت‌وگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز و حکوومەتی عیراقدا تا ١٩٢٧. ١٩٢٨/١/١ کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی (القزانیة) و پاشان ناحیەکانی دیبەگە، سەرقەڵا، منصورية الجبل (دەللی عەباس)، شەقڵاوە و کانی ماسی. ئەمجا قایمقامی عێن سفنی. ١٩٤٥ خانەنشین بووە. شەوی ١٩٦٠/٩/٩ کۆچی دوایی کردووە (سدیق ساڵح، بەڵگەنامەیەکی دووەم حکوومەتی کوردستانی باشوور، گۆڤاری "هەزارمێرد"، سلێمانی، ژمارە ٦، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل١٢٠–١٢٥؛ هێندێ زانیاریی دیکەی بەڕێز بەدرییە خانی کچی کە ١٩٩٧/٣/١٦ لێی وەر گیراوە).

** ڕەشید کوڕی مەعرووف کابانی عەزیز مێرگەیە. ١٨٧٨ لە سلێمانی لەدایکبووە. قوتابخانەکانی ڕوشدییەی عەسکەریی سلێمانی و ئەعدادیی عەسکەریی بەغدای–١٨٩٥ و مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولی ١٨٩٧ تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر. یەکەم جار لە ئەعدادیی عەسکەریی بەغدا بە مامۆستا دامەزرێنراوە و تا ١٩١٠ لێی ماوەتەوە. ئەمجا کراوە بە فەرماندەری لیوای مونتەفیك. ١٩١٣ لە شەڕێکی خێڵەکیدا بریندار کراوە و بەو هۆیەوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری. لە یەکەم جەنگی جیهانیدا بووە بە قوماندانی ناوچەی پردێ. ١٩٢٠ هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی، کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی

شەریف پاشا، ڕۆڵەیەکی سلێمانی و دانیشتووی پاریس بوو، کە لەوەوپێش صەدری ئەعظەم= ڕەئیسولوزەرای دەوڵەتی عوثمانی بوو. نێرراوەکە سەیید ئەحمەد و ڕەشید زەکی بە پەساپۆرت و خواهیشتی پیاوە باوەڕپێکراوەکانی بەریتانیا گەیشتە حەڵەب، لەوێ لە لایەن فڕانسزەکانەوە مەضـبەطەکانیان لێ سەنرا و پاشەوپاش گێڕرانەوە بۆ کوردستان* .

ئەو دوو نوێنەر و ڕێبوارە بە کاری گەلێك و بە پەساپۆرتی حکوومەتی بەریتانیای گەورە و بە ئاگاداریی مێجەر نۆییڵی خۆیان و مەندووبی سامی نێرابوون، کەچی بەبێ ترس و وێڵی دەوڵەتی لە حەڵەب بە فەرمانی ضابطێکی بچووکی فرانسزی گێڕرانەوە و حکوومەتە مەزنەکەی بەریتانیایی خۆمان کە باڵی بەسەر کورددا کێشابوو، فرزەی لێوە نەهات، لەوەیش سەیرتر لە جیاتیی مضبــەطەکە بگاتە دەست شەریف پاشا یان کۆمەڵی ئاشتی، لای ئینگلیزەکانی خۆمان لە بەغداد سەری دەرهێنا و لە کۆمەڵی ئاشتیشدا ماوەی شەریف پاشایش نەدرا.

چاپکراوەکان، بە هیچ چەشنێك نە ڕۆژنامە و نە چاپکراوێك نەبوو وە نەئەبینرا. بەڵام لەم دوادواییيەدا کە پەنجە و فڕوفێڵی ئینگلیز لە عێراقدا نەما، ئەوەی نەك بە بینین بە بیستنیش نەبیسترابوو، ئێستا نەبینرێت، وەکوو:

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

(نموونەی سەعادەت). نوێنەرایەتیی کوردستانی جنووبیی کردووە بۆ چوونە لای شەریف پاشا لە پاریس. پاشتر لە کفری و هەولێر و سلێمانی وەزیفەی مامۆستایی و بەڕێوەبەریی دیوە. دوا وەزیفەی بەڕێوەبەری مەعاریفی سلێمانی بووە و لە ١٩٣٩دا خانەنشین بووە. ١٩٤٠/٨/١٣ کۆچیدواییی کردووە (بڕوانە: سدیق ساڵح، ڕەشید زەکی کابان نوێنەرێکی کوردستانی باشوور– ساڵی ١٩١٩، گۆڤاری "پەیڤین"، سلێمانی، ژمارە ٤، دیسەمبەری ١٩٩٨).

* ئەوانە –کەموزۆر– پاش ١٩١٩/٣/١٩ بەڕێ کەوتوون بۆ سووریە و لە حەڵەب دەستگیر کراون، پاش شەڕی دەربەندی بازیان (١٩١٩/٦/١٨) هێنروانەتە مووسڵ و موحاکەمە کراون. ڕەشید کابان دوو ساڵ دەستبەسەریی ناو مووسڵ و سەیید ئەحمەدی مەرەخەسیش چوار ساڵ دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی هەنگام بۆ براوەتەوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سدیق ساڵح، ڕەشید کابان نوێنەرێکی کوردستانی باشوور– ساڵی ١٩١٩).

١. عندما عقد مؤتمر الصلح في باريس اجتمع رؤساء الكرد كافة وانتخبوا الجنرال شريف باشا –السليمانية– وكان مقيماً في باريس ممثلاً عاماً مايسعى لإنجاح القضية الكردية لدى دول الحلفاء في مؤتمر الصلح. فقدم شريف باشا مذكرة الى مجلس الحلفاء الاعلى في ٢٢ مارت ١٩١٩، طالب فيها باستقلال كردستان وبجعل الشعب الكردي أمة واحدة تحت لواء واحد.

٢. سيڤر ولوزان: عندما وضعت معاهدة سيڤر في آب ١٩٢٠ جاء في موادها (٦٢، ٦٣، ٦٤) بما يحقق مطالب الاكراد[3].



جەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان

بە تەواوی داواکەی شەریف پاشا پێش دوو مانگ لە شۆڕشەکەی ١٩١٩دا بوو. بەڵام ئەم داواو نووسراوە لە هەگبەی دیپلۆماسییەکانی ئینگلیزا – ڕەنگە– مابێتەوە، چونکە خۆی زۆر لەوەپێش بانگی ئیستیقلالی کوردی دابوو. هیوای کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات تەنیا بەریتانیا بوو، کە ئاواتی هەزاران ساڵەیانە. بەڵام بە ڕاستی پیاوی دانا و سیاسییان نەگەیاندە کوردستان و لە ڕووی نەزانینیانەوە ئەو هیوا و ئاواتەی کورد لەناو جانتای پیاوە سیاسییەکانی ئینگلیز خنکا و هاواری کورد بە هیچ لایەکدا نەگەیشت.

**مێجەر گرینهاوس؛ موستەشاری سیاسی، دانشمەندی سیاسی:**

یەکەمین سیاسی بوو کە یەکەم جار هاتە سلێمانی و ضابطێك بوو کە لە گێژاوی جەنگ ڕزگاری بووبوو، وەکوو لە هیچ ئاگادار نەبێت، بە ناوی خۆیانەوە، دەزگایەکی توندوتیژی دامەزراند. جا لە شاری سلێمانیدا دوو حکوومەت لە کارا بوو.

---

[3] حسین فوزي، خناجر وجبال، لاپەڕە ٧٨–٧٩.

بەریتانیای گەورە و کوردستانی بێنەخشە، ئینگلیزەکان وردە وردە کەوتنە بادانەوە و هێنانی بێگانە لە هەندەرانەوە، وەکوو: ئینگلیز، هیندی، ئەفغانی، عەرەب، ئێرانی، کوردی بێ نیشان و ناویش ناوی حکوومەتی کوردستان و گرینهاوسیش حاکمی سیاسی. سەرەڕای ئەو ناهەمواریيەیش دەستیان کرد بە چووغڵ (جاسووس) دروستکردن و دەستدرێژیی تەواو لە کاروباری ولاّتدا، بۆ ئەوەی حوکمدار بچەسپێننە ناو چوارچێوەیەکی تەنگ و بێدەرفەت. شێخ مەحموود، زۆر چەکەرەی ئەکرد بۆ ئەوەی جەنگێکی کوتوپڕ ڕوو نەدات، چونکە تەمی جەنگ تازە لە کوردستاندا ڕەوییووەوە، نەیئەویست بەربەرەکانییان بکات بۆ هیوای گەورە، چاوڕێ بوو، لەبەر ئەوە زۆر بە ساردی لەگەڵیان ئەبزووتەوە.

**ئازووخە:**

ئینگلیزەکان زانییان کە برسیەتی ئێجگار زۆر بڵاو بۆتەوە؛ گەنم، شەکر، چایەکی زۆریان هێنایە سلێمانی، بە پارە ئەیانفرۆشت. بێپارە هەر لە سەخڵەتیدا ما، ئەو ئازووخەیەیان کرد بە هۆیەکی باش بۆ ناسینی دانیشتووان ی ناو شار، هەل و فەرێکی سیاسیی باشیان لە برسی و هەژارەکان دەست کەوت.

گرینهاوس، بە هەموو لایەکدا هەڵپەی ئەکرد، خۆی لە کاربەدەستەکانی نەوتی عەبادان بوو، زمانی فارسیی زۆر باش ئەزانی، بە پیاوە نالەبارەکانەوە زۆر تێکەڵیی پەیدا کردو زۆر دەستدرێژیی ئەکردە سەر کاروباری ولاّت.

ئینگلیزەکانی سلێمانی بە ئارەزووی خۆیان کاریان هەڵئەسووڕاند وە مەندووبی سامیش لە بەغداوە جارجارێك بانگی ئیستیقلالی بە گوێی کورددا ئەدا. ئێستا، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە گرینهاوس ڕاست بوو، بەبێ پەردە و فڕوفێڵ هاتبووە دەست. ئەو لە تەڵەکە و فێڵی حکوومەتەکەی خۆی و کردەوەکانی نۆئێل باش ئاگادار بوو وە ئەیویست یەکسەر باو باوی خۆیان –ئینگلیز– بێت و بەس!

وە نەبێت شێخ مەحموودیش تێنەگەیشتبێت کە کار خراپە و ئەیشیزانی کە تەنیا بە خۆی و کورد کاری کوردستان تەواو نابێت. جا لەبەر قۆڵتی زۆری دوای ناچاری، بێدەنگ

بووبوو، بۆ ئەوەی بە تەواوی کار بکەنە سەر هیوای شێخ مەحموود و هەرەس بە هیوای کوردیش بێنن. یەکە یەکە پیاوە خاوەن دەسەڵات و داراییەکانیان تەفرە ئەدا و ئەیانکێشایە لای خۆیان، لە شێخ مەحموودیان دوور ئەخستەوە.

بەناوی موعاوینی حاکمی سیاسییەوە زۆر ئینگلیزیان هێنا و هەموویان سوپایی و بە بەرگی سوپاییەوە بوون وە بەستراو بە پرۆغرامی گرینهاوس وە ئەهێنرانە سەر سەری کوردی پاشکەوتوو. لە هەموو شتێك و پاشەڕۆژێکی ئەو جەنگەی کە بە سەرکەوتنی بەریتانیا دوایی هاتبوو، لە جیاتیی بەهرەبەخشی و دەستی یارمەتی بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی، پیشەسازی، کشتوکاڵ، بە زاڵیەتی ڕایانئەبوارد و وشەی سیاسەت خرایە شوێنی ئیستیقلالی کورد.

**مێجەر دانلیس، دانشمەندی سوپایی، موستەشاری عەسکەری:**

بە ناوی سەرلەشکر و دامەزرێنەری سوپای کوردستان و دانشمەندی سوپای حوکمدار، بۆ ئەم دوو فەرمانە گرنگە نێررابوو وە گەیشتە سلێمانی. لە فەرماندەی ضابطە کوردەکانی لە تورکیاوە هاتبوونەوە، سوپایەکی گەورە و بەهێزی دروست کرد. ئەم سوپایەی کوردستانە ناو نرا (لیڤی) و فەرمانی مەشقیش بە ئینگلیز.

وەکوو وتمان: لە هەندەران دەنگی دایەوە کە ئینگلیز لە کوردستانی خواروودا حکوومەتێکی سەربەخۆی بۆ کوردەکان دامەزراندووە، ئەهاتنەوە و ئەخزانە ناو کۆڕەکەی دانلیس، بەڵام ئەنێرران بۆ دیوانی حوکمدار بۆ سوێندخواردن، بەرامبەر بە حوکمدار و حکوومەتی کورد –کوردستان– دڵپاك و گیانبەختکەر بن. بەڵام سوێندیان نەئەکەوت، چونکە نە حوکمدار و نە حکوومەت نەبوو.

**ماك براید، یاریدەدەری دانلیس:**

سارجن مێجەر ماك براید ناوێکی ئینگلیزیش هێنرابووە سوپاکەی لیڤییەوە، بە چاك و خراپ فەرمانڕەوا بوو. هەموو سوێندخۆرەکان، خزمەتگوزارێکی بێوێنەی ئەو بوون؛ لە خۆشەویستیدا ناویان نابوو "مام برایم". هەموویان کۆیلەی ئەو بوون؛ هەرچیی بکردایە، بیوتایە، بیویستایە، ڕەوا بوو.

له پاش ماوەیەکی زۆر ئەم پیاوە خۆشەویستەیان نێررایەوە بۆ لەندەن، داخێکی زۆری بۆ ضابطەکانی بەجێهێشت. زۆر چاوڕاوی خانەدانییان بۆ ئەکرد، گوایا لە خێزانێکی گەورە و ناسراوی لەندەنە. بەڵام پاش چەند مانگێك لە لەندەنەوە نامەیەکی نارد بۆ ڕەشید ئەفەندیی بەکر ئەفەندی کە لە لیڤیدا کاپتن بوو، لە نامەیەکدا ئەو خانەدانە ئەفەرموێت:

لە پاش گەیشتنەوەم بە لەندەن زۆر بێئیش مامەوە، بەڵام ئەمە سێ ڕۆژە لە جێگەیەکی گشتی -کاباری-یەکدا بە قرِناتەچی دامەزرام، بە پێویستم زانی مژدەتان بدەمێ. جا ئەمە یەکێکە لەو خانەدانانە کە گیان و دواڕۆژی کوردیان پێ سپێررا بوو. تەنیا لە سوێندخۆرەکان ئەحمەد فەهمی* کە مێجەر بوو، تێگەیشت کە کار بە پێچەوانەی ئاواتی حوکمدارە، وازی هێنا، وتی من سوێندخۆرم.

**ئینگلیزەکان و شێخ مەحموود:**

دەستدرێژیی گرینهاوس و پێچ و پەنای دانلیس، شێخ مەحموودی وەڕس کرد و دەسەڵاتیان لەدەس ساند. بەرامبەر بەو هەموو ناڕەواییەیان نەیئەوێرا ڕەخنەیەك بگرێت، نەوەك ئینگلیزەکان ڕەنجیدە ببن وە نەیشیئەزانی ئینگلیز بڕیاری نەداوە کە هەرگیز کوردستان دروست بکات و بیکات بە خاوەن نەخشە لە ڕووی گێتیدا وە ئەو بەشەی لە کوردستاندا دابوویان بە حوکمدار، تەنیا ٣٠ پۆلیس بوو بە سەرۆکایەتیی طاهیر ئەفەندیی ئەحمەد ئەفەندی و یاریدەدەر حاجی ئاغا و مصطفا ئەفەندی. حاجی ئاغا، یەکسەر خۆی هاوێشتە ناو جۆشەکەی گرینهاوس و خۆی پێدا هەڵواسی.

**نووسین:**

ئینگلیزەکان خۆیان فارسیزان بوون، لە دائیرەکاندا نووسین بە فارسی بوو. تەنیا وەڵام لە حوکمدارەوە بۆ ئینگلیزەکان بە کوردی بوو، تا لە قەضا و ناحیەکانیشدا بە هۆی موعاوینەکانی سیاسییەوە بە فارسی ئەنووسرا و لەسەر

* ئەحمەد فەهمی جوانڕۆیی (١٩٠٠-١٩٦٦)، ئەفسەرێکی یەکەم حوکمداریی شێخ مەحموودە (سدیق سالح، ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤٥).

پرۆغرامی گرینهاوس ئەبزووتنەوە و هەریەکە لە لایەکەوە بەبێپەردە بۆ ڕماندنی ئاواتی شێخ مەحموود باڵیان لێ هەڵماڵی و کنەیان لە هیوای کورددا ئەکرد.

بۆ وێنە، زۆر سەیر بوو، "شێخ سەعیدی باراوی" ناوێك بە لای ئینگلیزەکانەوە بە جەربەزە ئەزانرا و لێی ئەترسان، کە گوایا زیانی بۆ گرینهاوس ئەبێت و بە ڕاستی شێخ سەعید پیاوێکی لەسەرخۆ و بەڕێز بوو، ئازاو چاوتێر، پارسەنگی دزێتییان بەسەرا سەپاند و گرتیان خرایە بەندیخانە، لە هەڵێکدا ڕایکرد.

گرینهاوس ناردیە سەر شێخ مەحموود و داوای شێخ سەعیدی لێ ئەکرد و بە خورتی ئەیویست کە بۆی بنێرێتەوە. ئەم کارەی کرد بە بیانوو کە گوایا شێخ مەحموود یاریدەیان نادات. ئەم شتە پڕوپووچانەیان ئەکرد بە ڕاپۆر و ئەیاننارد بۆ بەغداد.

ئینگلیزەکان هەر یەکە بۆ خۆی لە بەصرە، عەبادان و بەغدادەوە پیاوی هەرزە و ناچیزەیان بە ناوی فەڕاشی، مەیتەری، چێشتکەری و شتی ترەوە ئەهێنا و شاری سلێمانی‌یان پڕ کرد لەم چەرداوەڕووانە. لە شار و بازاڕدا بەرەڵا و بڵاو بوونەوە و بە ناوی کار تەواوکردن لای حاکم، سەرانە و باجیان ئەساند، بە هەڕەشەی خراپ و چوغڵی و ڕێگری درێغییان نەئەکرد و کەسیش نەیئەوێرا بەرگرییان بکات.

ئەم پیاوانەیان بێجگە لە پارە، کەلوپەل بە خۆڕایی ساندن، خواردنیشیان بەبێ پارە بوو. ئەم ناسۆرە زۆر لە تەشەنەدا بوو. ڕۆژێك کاظم ناوێکیان لەسەر پارەی کەباب زۆریان لێ دا، کار گەیشتە لای حاکم گرینهاوس. لە تۆڵەی کاظمدا لە ڕیزە دووکاندارەکان، لە ڕاست و چەپی کەبابخانەکە یەکی بە پێنج ڕووپیە سزا دران و پارەکە بە کۆمەڵی درا بە کاظم و ئیتر نەبینرایەوە.

بەدکاریی سیاسییەکانی ئینگلیز لە وزەی حوکمداردا نەما بینۆشێت، یەکسەر نامەیەکی نارد بۆ حاکمی عامی عیراق "ویلسن" و داوای بەڵێنەکەی کرد کە ئازادیی کوردە. هەروەها ئینگلیزەکانی تەنگاو کرد کە دەستگای سەربەخۆی کورد دامەزرێنن و کورد بە خاوەنی کوردستان و ئینگلیزەکان خۆیان بە یاریدەدەر بناسن.

ویلسن حاکمی عامی عیراق لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨دا هاتە سلێمانی، لەگەڵ شێخ مەحموود یەکتریان بینی؛ دیسان بەڵێنی دا کە بە زوویەکی زووو کاری کورد بە باشی

تەواو ئەبێت. کەچی پاش گەڕانەوەی ویلسن، ئینگلیزەکانی سلێمانی توندوتیژتر بوون، بە تەواوی کاروباریان گرتە ژێر دەست و زۆریان لە سەرەك عەشایرەکان تەفرە ئەدا بۆ پچڕاننەوەیان لە حوکمدار. ڕوون بووەوە کە ئینگلیزەکان بە پیلان و هانی ویلسن ئەبزوونەوە، چونکە ویلسن ئەیزانی شێخ مەحموود لەسەر داوای ماف و ئازادیی کورد سوورە و دەستبەردار نابێت کە بۆیانی دەست نەئەدا.

جا بۆ تەفرە و ساردکردنەوەی کورد و شێخ مەحموود، لەم کاتە ناسکەدا ئەم پەندانەی خوارەوەیان بڵاو ئەکردەوە: حکوومەتی بەریتانیا پێی ناخۆش نییە کە بە ناوی حاکمییەتی عامی سلێمانییەوە ئەو کوردانەی –بێجگە لە قەضاکانی بادینان/ مووصڵ– بیانەوێت کۆمەکی بدەن، بەو مەرجەی شێخ مەحموودیش خۆی بە نوێنەرێکی ئینگلیز بزانێت و دەزگایەك دابمەزرێنێت وە مێجر نۆئێلیش بەناو کوردەکاندا بگەڕێت*.

ویلسن ئەم فەرمانەی دەرکرد، بەڵام گەڕانی نۆئێل بۆ چییە؟ خۆیان ئەیزانن. ئیتر بە تەواوی دەرکەوت کە ئینگلیز نایەوێت کورد ئازاد بێت. لەم کاتەشدا کەوتنە تەقەلای ئەوەی بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنی ئەو بناغەیەی کە شێخ مەحموود دایمەزراند، هۆیەك وەیان یەکێك بدۆزنەوە کە لە گرینهاوس زاڵتر و ملۆزمتر بێت، بینێرن، چونکە –بە تایبەتی ویلسن– بە پاچ و قوڵنگەوە کەوتبووە بنکەندی قەڵای هیوای کورد، جا بۆ ئەم ئامانجەی "مێجەر سۆن"** ی دۆزییەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* ڕاستییەکەی نۆئێل لا برا، سۆن خرایە جێی، لەو چوارچێوەیەدا کە بەتەواوی شێخ مەحموود دەستبەستە بکا (سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤، ل٣٩).

** ئیلی بانستەر سۆن ١٨٨١/٨/١٦ لە کنزنگتن لەدایكبووە. ١٨٨٩ چووەتە قوتابخانەی بیشۆپی لاتیمەر و ١٨٩٥ قوتابخانەی لاتیمەری باڵا. ١٨٩٧ تاقیکردنەوەکانی بڕیوە. ١٩٠٢ چووە بۆ ئێران، ساڵێك لە یەزد ماوەتەوە. ئەمجا بووە بە ژمێریاری بانقی شاهنشاهیی ئێران لە شیراز. ١٩٠٦ بووەتە بەڕێوەبەری لقی ئەو بانقە لە کرماشان. لەپاڵ فارسیدا، فێری کوردی بووە. ١٩٠٧ بە خۆوەشێری هاتووەتە کوردستانی خواروو. ١٩١٣ بووەتە جێگری قونسڵی بریتانیا لە قەسری شیرین. ١٩١٦ هێنراوەتە بەسرە، لە ڕۆژنامەی "بەسرە تایمز"دا کاری کردووە. هەمان ساڵ بووە بە جێگری قونسڵی بریتانیا لە دیزفوول. ١٩١٧ کراوەتە حاکمی سیاسی ناوچەی خانەقین و دەروبەری. ١٩١٨ سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"ی کردووە، کە

**هاتنی مێجەر سۆن:**



مێجەر سۆن

پیاوێکی سیاسی، زیرەك، لە فارسی و کوردی زمانزان و لە پێش جەنگی یەکەمدا بە ناوی میرزا غولام حسین لە هەڵەبجە و سلێمانیدا ماوەیەکی تەواو ژیاوە. لەگەڵ زۆر چینی پیاوانی کورددا ناسیاوی و دۆستایەتیی هەبووە و بەتایبەتی لەگەڵ شێخ مەحموود. ویلسن، مێجەر سۆنی فوو دا و بەبێ لێپرسینەوە ناردی بۆ سلێمانی و هەموو کاروباری دایە دەست.

جا، لە پێش هاتنی سۆن و بە چەند ڕۆژێك بۆ هاتنی ئەم حاکمە سیاسییە تازەیە و پێکهێنانی پێویستیی بەپیرەوەچوون، گرینهاوس شێخ مەحموودی حوکمداری ئاگادار کرد، بۆ پێشەوازی چی پێویست بوو کرا. پتر لە ٥٠٠ سوار و ١٠٠٠ پیادە ڕیزبەستەی بەخۆشهاتن بوون و چادری زۆریش لە (دەشتی موشیرئاوا) هەڵدرا، چاوەڕێی حاکمی تازە و بەختیاری بوون. حاکم گەیشت، لە فرۆکە دابەزی، ڕووی کردە چادرەکان، لەگەڵ هەموو یەکە یەکە دەستگوشینی تەواوکرد، بە هیچ جۆرێك ڕووی نەکردە حوکمدار. بەڵام حوکمدار شێخ مەحموودیش دەستبەجێ ئەوی

---

کاربەدەستانی ئینگلیز لە بەغدا دەریانکردووە. ١٩١٩ خراوەتە جێی نۆئێل، وەك حاکمی سیاسیی ناوچەی سلێمانی. بە هیممەتی ئەو چاپخانە هێنراوەتە سلێمانی و ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"ی پێ دەرکراوە. سەرەتای ١٩٢١ بە دڵشکاوی سلێمانیی بەجێهێشتووە. ١٩٢٤/٢/٢٤ لەناو زەریادا کۆچیدواییی کردووە. سۆن، کوردناسێکی کارامە بووە و کۆمەڵێك بەرهەمی بە کتێب و لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەوە هەیە (بڕوانە: مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٥–٢٢).

ناسییەوە. ئیتر چادر و میوانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بێجگە لە ئینگلیزەکان کەس نەما.

لە کردەوەی سۆن، شێخ مەحموود زۆر دڵتەنگ و ئازوردە بوو. هەر بۆ ڕۆژی دوایی مێجەر سۆن کەوتە کارهەڵسووڕاندن، وردە وردە هەموو بیر و کردەوەی خۆی بەست بە پێچەوانەی کار و ویستنی حوکمدارەوە. ڕۆژبەڕۆژ ناکۆکی لە پتربووندا بوو؛ تا هێمنی و ساردی لە حوکمدارا ئەبینی، سۆن توندوتیژتر ئەبوو وە هەرگیز دیدەنیی حوکمداری نەکرد. جا، ئەم جارە لە سلیمانیدا هێز کەوتە کار:

١. مێجەر سۆن، بۆ شڵەقاندنی کارو شکاندنی شێخ مەحموود،

٢. گرینهاوس، لەسەر خووەکەی خۆی بە فرِوفێڵ بۆ ئاگرخۆشکردنی ناکۆکی،

٣. شێخ مەحموود بە ناوی حوکمداری کوردستانەوە بە هیوای ئازادی، ئەو ٣ هێزە وەکوو برووسکە لە یەکتریان ئەدا.

شێخ مەحموود تێنەئەگەیشت بۆچی سۆن بە پێچەوانەی پرۆغرامی حکوومەتەکەی کە ئازادیی کوردە ئەبزوێتەوە. سۆن و گرینهاوس بەدکاری و ناپەسندییان گەیاندە ئەوپەڕی ناشایستەیی. ئەمجارەش شێخ مەحموود دایچڵەکاندن، بۆ ویلسن و سۆنی نووسی: کورد داوای ئازادی ئەکات. ئەگەر بە زوویەکی زوو ئەو مافە، حەقەیان نەدرێتێ، من ناتوانم بەڵێنی بەربەستنیان بدەم! جا، بە ناوی خۆم و هەموو کوردەوە، تکا ئەکەم کە ڕەوشتی سیاسەتە ناڕەواکەتان، ئەم پیاوە سیاسیانەی ئێستاتان بە پیاوی ژیر و تێگەیشتوو بگۆڕن– شوباتی ١٩١٩.

بەم نووسینە شێخ مەحموود، مێجەر سۆنی تێگەیاند ئەگەر ڕەوشت و خووی بە باشی نەگۆڕێت، دەر ئەکەوێت. بەڵام سۆن بە تەنیا ئەمە پرۆغرامی خۆی نەبوو، بە ئامۆژگاریی ویلسن بوو. جا بۆ ئەوەی بیری ڕەخنەگرەکان بۆ ڕێگەی ڕاست بگۆڕێن و تەواوی تێبگەن کە ئینگلیز بە بیریا نەهاتووە ئیستیقلال بدات بە کورد، تەنیا بۆ کارسازیی خۆیان بوو کوردیان تەفرە دا و شێخ مەحموودیان پێ خەڵەتاند، کە دەرگای کوردستانیان بۆ بکاتەوە لەم کارەساتە ئەدوێن بەبێ گۆڕین و دەستکاری:

**(كتاب السير أ. ت. ولسن، العراق بين ١٩١٧-١٩٢٠،**

**الجزء الثاني، حكم الاحتلال والادارة الملكية البريطانية)**

لم يكن من السهل الحكم الى أي مدى كانت الحركة الوطنية بطلب الاستقلال قد وصلت او اذ كانت ليست سوى نتيجة طموح شخص من زعماء العشائر. ولكن الذي نعرف ان الحركة في السليمانية نفسها كانت بلاشك قوية. واجبرنا على كبح جماحها بتذكير اهالي السليمانية ان حكومة صاحب الجلالة لم تقبل المسؤولية عن كردستان الا بشرط ان يكون سلوك الاهالي والزعماء حسناً وان يقبلوا نصائحنا وارشاداتنا في المسائل المهمة. وافهمنا الشعب بأن موظفي الادارة سيكونون من الكرد بقدر الاستطاعة. وكان قصدنا تشكيل جيش وطني ضباطه من الكرد. وان تكون اللغة الكردية لغة الحكومة الرسمية. وتعدل القوانين والشرائع بحيث توافق العوائد والطبائع الاهلية. ويعزز قانون عوائد العشائر ويتاح للزعماء البارزين ان يستعملوا سلطتهم ضمن حدود معقولة لحكم عشائرهم. وكان الشيخ محمود اكبر معضلة لنا، فقد كان طفلاً بجهله ولكن ليس بسذاجته وكان له آمال عظيمة ومصالح كبيرة وكان على جانب عظيم من الحيلة. وكان معرضاً الى نوبات فورية من الحمق والقساوة، الامر الذي جعل رجل مثل الميجر سون الذي كان يراقبه ان يعتقد بأنه ليس مسئولاً من كل أعماله. ولكن رغم كل عيوبه لاننكر بأنه كان له اتباع كثيرون، ففي كردستان الجنوبية كانت نسبة اتباعه نحو ٨٠٪ من السكان. فاتضح حالاً ان هذه السلطة او السيطرة التي لايمكن الاستفادة منها في منطقة السليمانية ومع ذلك ففي هذه المنطقة نفسها كانت قوة لايستهان بها مؤلفة من اصحاب الاملاك والتجار تفضل اعطاء الحكم والادارة رأساً بيد موظفين بريطانيين كما كانت الحالة في زمن الترك عن الرجوع الى حكم العشائر شبه الوحشية.

تعين الميجر سون للسليمانية: والآن يظهر بوضوح اننا لايمكننا اسناد الشيخ محمود ومعاضدته له رئاسة عدد كبير من العشائر ولما كان هذا هو الواقع، القضاء عموماً على تعديل خطتنا في كردستان الجنوبية بانشائنا شكلاً من الادارة على الاصول المتبعة في باقي انحاء العراق.

وهكذا تداولنا في القضية واشترك نؤئيل وكچمن وسون وغوردن و ووكر وغيرهم من لهم علاقة بالكرد. وكانوا مطلعين على الاحوال شخصياً. فتقرر بموافقة الميجر نؤئيل تعيين

بنكەی ژین
www.zheen.org

الميجر سون بمحله في السليمانية. ولم يكن بعد لميجر سون اي علاقة شخصية بالشيخ محمود ولكن كان عنده من المزايا الخارقة ومن معرفة البلاد ما يؤهله للمنصب. اما الميجر نؤئيَل، فبايعاز من حكومة صاحب الجلالة اخذ يجول في كردستان جولة واسعة ليتحقق الى اي حد يمكن تطبيق بدعة الئيستيقلال الجديدة على الاهالي.

افول نجم الشيخ محمود: بتعيين الميجر سون الى السليمانية اخذت الاحوال تعود الى مجراها القديم. فاعاد الامن الى البلاد وعادت التجارة الى ما كانت عليه سابقاً وظهر بين الاهالي بعض العشائر في اول الامر لم يفعلوا ذلك مدفوعين بدافع المحبة له، بل خوفاً من بطشه ولأن جعلهم ليفهمون ان الحكومة البريطانية كانت على استعداد لتأييد حكمه بالقوة اذا اقتضى الامر. والان طلبت عشيرة الجاف الخروج من تحت سيطرته لتكون علاقتها معنا رأساً وتبعها غيرها من العشائر. فارسلنا ضابط بريطاني الى حلبجة لتلبية طلبهم. ولما رأى الاهالي اننا لاننوي ارغامهم على الخضوع للشيخ محمود والرضوخ لحكمه بدأ نجمه بالافول رويداً رويداً. ولما ينتهي شهر نيسان الا وكان عدد كبير من العشائر المهمة قد انفصلت عنه ورمت نيره على ظهرها. وكان اهم اتباعه اعضاء عائلة من شيوخ برزنجة في سروچك وكربچنه وعشيرة الهموند والميكائيلي من الجاف. اما الشرطة وقوات الليفي فتحولت الى تحت ادارتنا رأساً ولكن بعض الضباط كانوا قد حلفوا سابقاً بالولاء له مقابل اعانات مالية[4].

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوێندەوارانی خۆشەویست: فەرموودەکانی ئـ. ت. سێر ویلسن، حاکمی عامی عێراق، گیانبەدەستی کورد و عەرەب، بە عەرەبی نووسراوەکەی پێشکەشکرا. لە وردکردنەوەدا، دیاری دا کە فەرموودەکانی لەسەر نووسینی پیاوە سیاسیەکان بووە، کە لە سلێمانییەوە بۆی نێراوەو ڕاست نییە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینرا هەموو مووەظەفەکانیان بێگانە بوون، ضابط و سەرباز کورد بوون، بەڵام لە پای سوودی بریتانیادا بەخێوئەکران، بە ناوی لیڤییەوە لەجیاتی سوپای کوردستان.

---

4 القضية الكردية؛ خناجر وجبال؛ ڕۆژنامەکانی "الجهاد" و "نداء الشعب"، ١٩٣٠، (رقم ٥٠).

شێخ مەحموود، بۆی دەست نەئەدان، چونکە داوای بەجێهێنانی ئەو بەڵێنەی لێ ئەکردن کە ئازادیی کوردە، بەو مەرجە ڕێگای دابوون بێنە کوردستانەوە. ویلسن، خۆی ئەڵێت: لە ٨٠٪ی کوردەکان لایەنگری شێخ مەحموودن. بێگومان ٢٠ـەکەی تریشی خاوەندووکان، بازرگان، تووتن کڕ و فرۆش و پەیوەستیان بە بەغداوە بوو.

ئەگەر ئەم بەشەیش –بێجگە لە داوای ئازادی– هەرچی داوایەکیان کردبێت بێنرخە، چونکە مێجەر سۆن خۆی ولاّتی سلێمانیی شڵەقاند، ((لام باشە))ی بینی کە لە دوو کەس زیاتر نەبوو. ئەو شێرەی ویلسن لە ولاّتی سلێمانیدا بە ناوی غولاّم حسێن، یان نۆکەری طاهیر بەگ* و لە هەڵەبجەدا ناسرابوو، یان بە دەروێشی ئەسووڕانەوە و بە کارێکی تایبەتی خۆی.

کوژاننەوەی ئەستێرەی شێخ مەحموود مەگەر مردن بێت، بە جیابوونەوەی بەشێکی بچووکی عەشائیرێك نوشوستیی نەئەهێنا، ئەو جافانەی ئەفەرموێت، ئەوانە بوون کە عەوداڵی قایممەقامی و ڕووپیە بوون، چونکە جافەکان مەکاتیان ئەدا** ، یارمەتییان ئەدا، چەکدار بوون بۆ شۆڕش و خۆبەکوشتدان لە پێناوی شێخ مەحمووددا کە ئازادیی کوردە. بە دوای مانگی نیساندا، لە مایس و حوزەیراندا، لە تاسلۆوجە، دەربەند، قەرەهەنجیر، چەمچەماڵ، لە فەرماندەی شێخ مەحمووددا ئەوانەی سوپاکانی ئینگلیزیان نابووت کرد، ئایا عەشایری کورد نەبوون بەرامبەر بە ٣٠–٤٠ هەزار سوپای ئینگلیز لە دەربەندی بازیاندا دەستەویەخە ئەجەنگان؟

بەتایبەتی بۆ وەڕزکردنی شێخ مەحموود، ئەگەڕان بۆ دۆزینەوەی ناردنی پیاوی چەتوون بۆ سلێمانی. ویلسن، خۆی ئاشکرای کرد کە ئەیانویست شۆڕشێك بەرپا بکەن و مافی کورد بە نێژراوی لە خاکدا بهێڵنەوە. خۆ زۆر باش ئەیانتوانی مافی کورد بدەن و شێخ مەحموودیش بە خۆشی دوور بخەنەوە، ئەگەر بە لایانەوە خۆشەویست نەبوو.

---

* مەبەست تاهیر بەگی شاعیرە، کوڕی وەسمان پاشای جاف.

** مەکات: پووشانە، سەرانەی ئاژەڵ.

ئینگلیزەکان ئەیانویست شێخ مەحموود هەڵفریوێنن و بیکەن بەگژ تورکدا و بە هۆی شۆڕشی کوردەوە وڵاتی مووصڵ ساخ بکەنەوە و هیوای تورکی لێ ببڕن. بەڵام شێخ مەحموود لە پێش بانگی ئازادیی کورددا هیچ پرۆغرام و ئاواتێکیانی بەجێ نەهێنا، بەبێ وچان داوای بەڵێنەکەی لێ ئەکردن کە ئازادیی کورد بوو.

نامەکەی شێخ مەحموود بۆ ویلسن: ((هیوامان زۆر بەهێزە کە بەندی پەیمانەکەتان بهێننەجێ، بەڵام ئێستا کردەوەی پیاوە سیاسییەکانتان لەوە ناچێت کە بەرامبەر بە قەومێکی ئازادیخواه ئەبێت بکرێت. من وای بە باش ئەبینم زوو حەقی کورد بدەن، با کورد خۆی نەیسێنێت)).

ئیتر بە هاتنی میجەر سۆن هیواو خایاندن نەما؛ پەردە دڕا، کار و گوزەران تاڵ بوو. بە ئارەزووی خۆی فەرمانی ئەدا وەکوو بە نووکی ڕم یان بە جەنگ وڵاتی گرتبێت و یان داواو تۆڵەیەکی بەسەر شێخ مەحموود یان ئەم گەلە هەژارەوە بێت، زاڵیەتیی ئەنواند.

ئەنجامی توندوتیژیی مێجەر سۆن فرۆفێڵ و نالەباریی گرینهاوس، جوستوجۆی پیاوە ئینگلیسە بەدنهادەکانیان، نەك شێخ مەحموود، هەموو کوردی وەڕز کرد. بەو نیازەی ئەتوانن کوردەکان لە شێخ مەحموود هەڵبگێڕنەوە، سڵیان لە خراپە نەئەکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### شێخ مەحموود و مەحموود خانی دزڵی* :

بۆ ئەوەی بەرامبەر بە کردەوە ناشیرین و توندوتیژییەکەی مێجەر سۆن ئەویش نومایشێك بکات، بە مەحموود خانی دزڵیی گەیاند کە بێت بۆ سلێمانی، لەسەر ئەو فەرمانە بە لەشکرێکی زۆری هەورامییەوە گەیشتە شارباژێڕ. مێجەر سۆن ئاگادار کرا:

---

* مەحموود خانی دزڵی کوڕی عەزیز خان کوڕی بارام بەگە، ١٨٧٠ لە دێی دزڵی لەدایكبووە. هاوکارێکی دڵسۆزی شێخ مەحموودی حەفید و نەیارێکی حکوومەتی ئێران بووە. چەند جارێك بەرەورووی گرتن و زیندان بووەتەوە. سەرەتای ساڵانی چل کە لە سلێمانی دەست بەسەر بووە، لە ١٩٤٣/٧/١٥دا بە یارمەتیی هێندێ خەمخۆر هەڵی هەڵاتنی بۆ ڕەخساوە. بەهاری ١٩٤٦ دەرمانخوارد کراوە و کۆچیدوایی کردووە (عومەر مەعروف بەرزنجی، مەحموود خانی دزڵی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣١-٣٦).

نامەکەی سۆن بۆ حوکمدار: ((وەکوو بیستوومە مەحموود خانی دزڵی بە لەشکرێکی زۆری چەکداری هەورامییەوە گەیشتۆتە شاربازێڕ، دێت بۆ دیدەنیتان. تکایە تێیبگەیەنن، پێویستە تەنیا خۆی و دە کەس زیاتر نابێت بێتە ناو شار و بەبێ چەك. ئەگەر چەکیان پێ بێت، ئەبێت هەر لە ڕێوە چەکەکانیان ببەنە پۆلیسخانە و خۆیان بێ چەك بکەن.

حاکمی سیاسیی سلێمانی

مێجەر سۆن

١٨ی مایسی ١٩١٩))

شێخ مەحموود، ئەم نامەو فەرمانەی مێجەر سۆنی زۆر بەلاوە سەخت و گران بوو، چەند هەوڵی دا بۆ خاوکردنەوەو لەو بیرە گێڕانەوە، بێسوود بوو. هیچ چارەیەکیش نەبوو کە بتوانێت پەشێمان بێتەوەو خانی دزڵی بگێڕێتەوە یان نەیەتە ناو سلێمانی.

مێجەر سۆن، بەبێ لێکدانەوە بەپەلە فەرمانی جەنگی و بەربەستیی دا بە مێجەر دانلیس. لەوکاتەدا پیادەی لیڤی لە فەرماندەییی ڕەضا بەگ* و سوارەی لیڤی لە فەرماندەییی جەمال عیرفاندا لە بناری گۆیژە و سەرکارێزی حسێنە جۆلاّ لە چادرا بوون. بەلاّم مێجەر سۆن، شێرەکەی ویلسن، شەوی ٢٠\٢١ی مایسی ١٩١٩ سەری خۆی دەرکردو چوو بۆ کەرکووك، دانلیس و هێزەکەیی کرد بە تەڵەی مەرگەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەگەڵ سپێدەی ڕۆژی ٢١دا سوپای ئینگلیز، لیڤی ڕوو بە چیای گۆیژە و بەرامبەر بە خانی دزڵی کەوتە جەنگەوە. شێخ مەحموود، لە ڕۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩دا بەرامبەر بە بەریتانیای گەورە شۆڕشی کوردی دەست پێکرد. هەموو گەلە

* ڕەزا بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگی حسێن بەگی ئیسماعیل بەگ و لە بنەماڵەی (خدربەگی)ی سلێمانییە، ئەفسەرێکی پلە بینباشی (موقەددەم)ی سوپای عوسمانی و دواتر عەسکەری کوردستان بووە. دوای شەڕی دەربەندی بازیان، "جەنەڕاڵ سێر جۆرج ماکمۆن"ی فەرماندەی گشتی، بۆ ڕێزنان لە خزمەتی دڵسۆزانەی، شمێشری شەرەفی پێبەخشیوە. هاوکات بووە بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە قەزای شاربازێڕ. لە سێهەم حکوومەتی کوردستاندا، کراوە بە قوماندانی عەسکەر. تا ١٩٢٤ لەناو جووڵانەوەی شێخ مەحموودا ماوەتەوە. نیسانی ١٩٢٧ کراوە بە مودیری ناحیەی پێنجوێن، تەمووزی هەمان ساڵ بە قایمقامی شاربازێڕ، دواجار بە قایمقامی ڕەواندز و لە شوباتی ١٩٣٤دا خانەنشین کراوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٢، ئەیلوولی ٢٠١٠).

ژێردەست و یەخسیرە کاتێ ئینگلیزی تێگەیاند کە ئادەمیزاد نابێت یەخسیر بێت، بانگی ئازادیی نەك بۆ کورد، بۆ گەلانی ڕووی زەمین بڵاوکردەوە.

### ڕۆژی٣١ی مایس [*]، جەنگی کورد و ئینگلیز یان بانگی ئازادی:

لە بناری گۆیژەوە سوارە و پیادەی ئینگلیز بەرامبەر بە مەحموود خانی دزڵی و لەشکری هەورامی وێستا، تا نزیکەی ئێوارە جەنگ درێژەی بەست. سوپای لیڤی لەوە زیاتر خۆگیریی پێنەکرا، گەڕایەوە و خۆیان گەیاندە بەر دیواری حوکمدار. سوارە و پیادە چەکیان دانا و وتیان کورد، کورد، ناکوژێت!! هاواریان ئەکرد.

جەمال عیرفان [**]، لەگەڵ سوارەکە گەڕایەوە. بەڵام ڕەضا بەگ بە نزیکەی سەد چەکدارێکی پیادەوە مایەوە، تا نیوەشەو ئەجەنگا، گیرا و هێنرایەوە. هەر لەگەڵ دامەزراندنی جەنگ هەموو ئینگیزەکان زۆر بەڕێزەوە کۆکرانەوە و لە کۆشکی حوکمداریدا دانران و مەئموور و پیاوە بێگانەکانیشیان لە دەبۆکەدا دانران.

حوکمدار ئەم تەلگرافەشی بۆ ویلسن نووسی: ((کورد لە وزەیدا نەما ئیتر بە قسەی ئێوە تەفرە بخوات، بۆ ئازادی دەست درایە چەك. گیانی هەموو پیاوەکانتان لە دالّلە [دالّدە]ی خۆمدایە. بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، حەقی خۆمان بدەنێ کە ئازادیی کوردە، وەعدتان بەجێبێنن)). هەروەها بۆ هەموو سەرۆك عەشایرەکانی سۆران و بادینان نامە و فەرمان نووسراو و نێررا.

پوختەی نووسراوەکە:

---

[*] ئەو شەڕە ڕاست لە ١٩١٩/٥/٢١دا قەوماوە (سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان ١٩١٨-١٩٢٤، ل٤٣).

[**] جەمال کوڕی مەلا عەبدوڵڵای عیرفانە. ١٨٩٢ لە سلێمانی لەدایكبووە. مەکتەبی حەربییەی ئەستەموڵی تەواو کردووە. ئەفسەری سپای عوسمانی بووە و بەشداریی لە یەکەم جەنگی گەورەدا کردووە. لە یەکەم حوکمداریی کوردستاندا فەرماندەری هێزی سوارە بووە. یەکەم خولی حوکمی ئینگلیز، بووەتە بەڕێوەبەری ناحیەی مەرگە. ١٩٢١/٩/١٦یش بە ئەندامی مەجلیسی لیوای سلێمانی هەڵبژێردراوە. شەوی ١٩٢٢/١٢/١٢ لەماڵەکەی خۆیدا غافڵگۆژ کراوە (بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٣٢).

ئینگلیزەکان ناچاریان کردین دەست بدەینە چەك و خۆمان لە جەنگ و ئاژاوەی ئینگلیز ڕزگار بکەین، پشت بە خوا سەرکەوتن بەشی کوردە. ئینگلیز نایەوێت کورد بە سەربەستی بژیت وە بە ئادەمیزادمان بزانێت.

مەحموود

حوکمداری کوردستان

نامەکە زۆر دوورودرێژ لە زاڵیەتی و بەدکاریی پیاوەکانی ئینگلیزیش نووسرابوو. ئەوە پوختەکەی بوو. کاتێك ئینگلیزەکان هێنران بۆ کۆشك، شێخ مەحموود خۆی چوو بە پیریانەوە، یەکە یەکە دەستی گوشین. پێی وتن: ئێوە میوانێکی خۆشەویست و بەڕێزی خۆمن، دڵتان هیچ نەکات، بە سەربەستی ئەژین. ڕووی کردە گرینهاوس، وتی: کوا سۆن؟ تۆ بوویت بە هەوێنی ئەم شۆڕشە. ئێمە ئەزانین چیمان لە ئێوە ئەوێت، بەڵام نازانین ئێوە چیتان لە ئێمە ئەوێت؟ پاش دانیشتن و دڵنەوازییەکی زۆر.

دیسان بەرامبەر بە گرینهاوس: من لە ڕێگەی ئازادیی گەلەکەمدا زۆر بە پاکی و ڕاستی هاتم بەپیر ئێوەوە، بە هیوایەکی زۆر گەورەوە چاوەڕێی بەجێهێنانی ئەو بەڵێنەتانم ئەکرد کە بە شەرەفی بەریتانیا دڵنیا کرابووین. کەچی تۆ و سۆن ئەبووایە لە ڕۆژی خۆیدا ڕێگام نەدانایە، چونکە لەمە زیاترتان پێ نەئەکردین.

نیگەی ژین
www.zheen.org

### ١. جەنگی تاسڵووجە[*]:

هەموو دانا و دەسڕاس و ناسراوەکانی شار و سەرۆك عەشیرەتەکان کۆبوونەوە، بڕیاریان دا بە پایەماڵکردنی سوپاکەی تاسڵووجە و بەبێ ویستان بۆ کەرکووك چوون. لە فەرماندەییی سوپاهسالار شێخ قادردا نزیکەی ٣٠٠ سوار لە عەشایر و بەشێك لە عەسکەرە لیڤییەکە ڕوو بە تاسڵووجە نێرران. خۆم لەگەڵ شێخ قادر لەم جەنگەدا بووم، گەیشتینە دێی کانییان. شەو داهات، سوارە بوو بە دوو بەش: ١) لە فەرماندەییی خۆی "شێخ قادر"دا بۆ (داودبلاغ)، ٢) لە فەرماندەییی سەرۆکەکانیاندا بۆ (کەندەکەوە).

---

[*] ئەم شەڕە ڕۆژی ١٩١٩/٥/٢٥ ڕوویداوە (سي. جي. أدموندس، كرد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص٣٤).

١. له داودبلاغەوه گەیشتینه پشتی (تەپەشوانکاره)* و سەری تاسلووجه، لەگەڵ سپێدەی عاسماندا یەك تەقه کرا، تومەس ئەمه نیشانی بەیانیان بوو. له هەموو لایەکەوه بوو به تەقه، جەنگ دامەزرا. لەناو دۆڵی تاسلووجەدا، لەبەر چادری سپی و ڕیزی ئۆتۆمبێل و ئێستر و ئەسپ، زەوی نەئەبینرا. بەڕاستی جەنگ و هەڵمەت پیشەی کوردە. سوارەی کورد بەبێ ترس و ویستان ئەگەیشتە ئەو جێگایه و سپێره که سۆجەری به مەترالیۆزەوه تێدایه، بەبێ گەڕانەوه ئەیانگرت. تا پاشنیوەڕۆ تاسلووجه بوو به گۆڕستانی ئەو سوپایه و گیاندار له دوژمن بڕا. وا ئەزانم ضابطێك لەگەڵ موشیری حەمەی مام سلێمانی هەمەوەندی ڕزگاری بوو.

بۆ ئەوەی زۆر بەڕێز نیگاهداریی ئینگلیزه یەخسیرەکان بکرێت، لەسەر فەرمانی حوکمدار له هەموو پێویستییەکیان وەکوو خواردن، پێخەف، خاوێنی، سەربەستییان بۆ پێکهێنا.

ناوی ئینگلیزەکانی سلێمانی که گیرابوون:

١. مێجەر گرینهاوس حاکمی سیاسی.

٢. کاپتن دۆگلاس موعاوینی سیاسی.

٣. کاپتن هۆڵت موعاوینی سیاسی.

٤. کاپتن ڕایت موعاوینی سیاسی.

٥. مێجەر دانلیس فەرماندەی لیڤی و دانشمەندی سوپای حوکمدار.

٦. شکۆفیلڕ سارجن مێجەر.

٧. کاپتن بۆند حاکمی چەمچەماڵ و چەند ضابطێکی تر.

مەئمووره هیندی و عەرەب و ئەفغانی و ئێرانییەکان، لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانیان، نیزیکەی ٢٠٠ کەس بەرەڵا و سەربەست کران. تەنیا ١٥ مەئمووری هیندیی گەورەیان لەگەڵ چەند ئینگلیزێك نێررانه دەبۆکه.

* داودبلاغ و کەندەکەوه، دوو دێی ناوچەی سەرچنار و تەپەشوانکاره دێیەکی ناوچەی بازیانه.



بنکەی ژین
www.zheen.org

دەرکەوت کە ماوەیەك لە پێش ڕوودانی شۆڕشەکەدا لە لایەن حاکمی عامی عێراق ویلسنەوە "مێجەر سۆن" کرابوو بە (یاریدەدەری فەرماندەی گشتیی هێزی چەکداری بەریتانیا لە کەرکووك). کەوابوو خۆیان بڕیاری هەڵگیرساندن و کوژاندنەوەی شۆڕشیان دابوو بۆ پایەماڵکردنی هیوای کورد. ویلسن لە نووسراوەکانیدا وتوویەتی کە مێجەر سۆن نێررا بۆ کوژاندنەوەی ئەستێرەی شێخ مەحموود.

بسم الله الرحمن اللرحيم

فەرمانی حوکمداری

ژمارە: ١

٢٢ی مایسی ١٩١٩

لەژێر فەرمان و فەرماندەی گشتی حوکمداری کوردستان مەحموود کوڕی سەعیددا سوپای کورد بەرامبەر بە ناڕەوایی و بەدبەختیی ئینگلیزەکان و تەفرەدانی گەلی کورد و پەیمانشکێنییان بە نەدان (عدم الاعتراف)ی حەقی کورد پەلاماری چەکی دا. ڕۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩، ڕۆژی یەکەمی شۆرشی کوردە بەرامبەر بە بەریتانیای گەورە. ڕۆژی ٢٢ی مایس لە سلێمانی ئەم فەرمانە دەر چوو.

مەحموود

حوکمدار و فەرماندەی گشتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژی ٢٢\٢٣ سوپای کورد ڕوو بە کەرکووك بزووت، لە دەربەندی بازیان بارەگاه دامەزرا.

بسم الله الرحمن الرحيم

فەرمانی حوکمداری

ژمارە: ٢– ٢٢ی مایسی ١٩١٩

بۆ بەڕێوەبردن و کاروباری خواردەمەنی و ئازووخەی سوپای کوردستان، ئەم لیژنەیەی ناویان لە ژێرەوە نووسراوە، دانرا، پەسەندکران.

مەحموود: حوکمدار

١. حاجی سەیید عومەر– سەرۆك.

٢. سەیید کەریم سەیید ئەحمەد– ئەندام.

٣. شێخ عەلیی سەرکار– ئەندام.

٤. ئەحمەد صەبری خواجە ئەفەندی– ئەندام و نووسەر (نووسەری چیم دی).

ئەم لیژنەیە لە ڕۆژی ٢٢ەوە دەست بە ئیش ئەکات.

بسم الله الرحمن الرحیم

فەرمانی حوکمداری

ژمارە: ٣–٢٢ی مایسی ١٩١٩.

بەپێی ئەو باوەڕەی کە بەم پیاوانەمان هەیە، لە پێناوی گەلەکەیاندا لە کردەوەی پەسندا دوانەکەوتوون، لە ماوەی دوورکەوتنەوەی حوکمداری کوردستان لە شاری سلێمانی –پایتەخت–، ئەم ناوانەی خوارەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتی کوردستان و گەلەکەیان هەڵبژێرران.

مەحموود

حوکمدار

١. سەیید عومەر[*]– سەرۆك.

٢. ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ[**]– ئەندام.

٣. سەیید کەریم سەیید ئەحمەد– ئەندام.

٤. شێخ عەلیی سەرکار– ئەندام.

---

[*] سەیید عومەر: مامی شێخ مەحموودی حەفید.

[**] حەمدیی شاعیرە (١٨٧٦–١٩٣٦/١١/١٢). لە بنەماڵەی ساحێبقڕانە. لە حوجرە و مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەری خوێندوویە. دوادواییەکانی حوکمی عوسمانی و لە یەکەم حوکمداریی شێخ مەحمووددا سەرۆکی شارەوانی بووە. لە دووەم حوکمداریدا ڕەئیسی گوومرگ بووە. کۆتاییی ١٩٢٤ بووەتە نازری دەیەکی سووورداش. ١٩٢٦ دەستی لە وەزیفە هەڵگرتووە. ئەندامی (جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن) بووە (ڕۆژنامەی ژیان، ب١، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، دەزگای سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣١).

٥. حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا* – ئەندام.

٦. صالّح پاشا** – ئەندام.

٧. حەمەد بەگی قادر باشا– ئەندام.

ئەحمەد صەبری خواجە ئەفەندی– نووسەر.

داخەکەم، بۆ لیژنەی ئازووخە، بە هۆی سستیی سەیید کەریمەوە، کاربەجێهێنان ستەم بوو، بەپێی پێویست نەئەچوو بەڕێوە، بە سەیید عومەر گەیێنرا. لە منی پرسی. وتم: خراپە. هەرچەندە حاجی سەیید عومەر گرتییە ئەستۆی خۆی، بەڵام کار لە کار ترازابوو. لە دەربەند سەخڵەتیی نان هەبوو، دوو نانەواخانەکەی دەربەند بەس نەبوو بۆ ئۆردووەکە: چووخڵەکانی*** ناوخۆ، جاسووس، ڕانەئەوێستان، لەکارا بوون. لەو کاتەدا کە لەلای حاجی سەیید عومەر بووم، پیاوێکی شاڵی سەوز بەسەریان هێنا، لەناو پێڵاوەکانیا نامەیەك دۆزرابووەوە، دایە دەستم، فەرمووی چی نووسراوە. ئەمە بوو: [لە–ع. بۆ –م. ئەکەون. خ. ناچێت]. پێی وت: نێرە مراوی لە وشکی مەلە ئەکەیت، ئەمە چییە؟ وتی: ٣ ضابط دایانمێ کە بیبەم بۆ موشیر ئاغا. وتیان بڵێ خواردن ناچێت: من بەجێمهێشتن.

**تەلەفۆنی دەربەند:**

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە دەربەندەوە بۆ سلێمانی هێڵێکی تەلەفۆنێ هەبوو، "نەدیم ئەفەندی" بەڕێوەبەر بوو. هەرچەند داوای نان ئەکرا، سەیید کەریم ئەیوت نێرراوە. بە هۆی ئەو

---

* محەمەد ئاغای عەبدوڕڕەحمان ئاغای عەبدوڵڵا ئاغا لە بنەماڵەی ئاغایانی مەسرەفە. ١٨٩٨ لە سلێمانی لەدایك بووە. خوێندنێکی تایبەتی هەبووە. لە دووەم حوکمداریی شێخ مەحموودا ڕەئیسی نافیعە و پاشتر بووەتە ئەندامی جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن و هەیئەتی وەطەنییە. چالاکێکی سیاسی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوو بووە. ١٩٦٢ کۆچیدوایی کردووە (جمال بابان، أعلام کرد العراق، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٧١٧).

** سالّح پاشا کوڕی مەحموود پاشای ئەحمەد ئاغا و لە بنەماڵەی خەندانە (بڕوانە شەجەرەی ئەو بنەماڵەیە لە: سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی، ئامادەکردنی سدیق سالّح، ب١، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥).

*** چووخڵ: چووغڵ، فێڵباز، جاسووس.

هێڵەوە هەواڵی جەنگیش پەیدەرپەی ئەدرا بە سلێمانی. بێجگە لە گەنم و جۆ و نانەواخانە، لە دێهاتەکانی حوکمدارەوە لە بازیان برنج و ڕۆن، گۆشت بۆ دەربەند ئەنێررا، ڕاپۆرە جەنگییەکانمان وەرئەگرت و ڕۆژبەڕۆژ ئەنووسرایەوە:

سلێمانی– حوکمدار

لە دەربەندەوە

ژمارە: ١

٢٥ی مایسی ١٩١٩

ئیمشەو هێزێکی ٥٠ کەسیمان ورووژمی بردە سەر چەمچەماڵ. یووزباشی ڕەشید ئەفەندیی عاسیە خان و کەریم هەیدەر کوژران و دوو برینداریش هەیە.

ژمارە: ٢

٢٨ی مایس

دوژمن هێزێکی زۆری گەیاندە چەمچەماڵ. لە مووصڵیشەوە هێزێك گەیشتە کەرکووك. پیادە و سوارە، هەمووی بنێرن بۆ دەربەند.

ژمارە: ٣

هێزی پیادەی هەورامی بە فەرماندەی عەبدوڵڵا بەگی دزڵی لە (بانی مەقان) بەرەنگاری دوژمن بوون، پەرێشان کران. ئێمەیش یەکێکمان بریندارە.

ژمارە: ٤

دووەمین شەوە هەورامیی دزڵی و دوژمن لە قەرەهەنجیر لە جەنگدان. ئیمڕۆ سوارەی مەندمی و هەمەوەندیش ئاوێتەیان بوون، لە دوژمن کوشتار زۆرە. تالأن زۆر گیراوە. پێنج لە هەورامی، ٢ لە مەندمی کوژراو و ٢٢ بریندار هاتووەتەوە.

ژمارە: ٢٢

٢٨ی مایس

دوژمن هێزێکی زۆری ئینگلیز و هیندیی بە تۆپ و چەکی زۆرەوە لە مووصڵەوە گەیاندە کەرکووك، زرێهلییان زۆرە.

ژمارە: ٣٨

٣ی حوزەیران

له (چیمه‌ن)* تالآنێکی زۆر له دوژمن گیراو یه‌ك مه‌ترالیۆز. حه‌مه‌ئه‌مین کۆزه‌ڕه‌قه‌یی و ۲ جه‌باری و یه‌ك هه‌مه‌وه‌ند کوژراو ۲ بریندارمان هه‌یه. لاشه‌ی یه‌ك ضابطی ئینگلیزی و ۱۵ سۆجه‌ر** به‌جێ ماوه. برینداریان برده‌وه.

ژماره: ٤٢

۱۰ی حوزه‌یران

دوژمن دێت بۆ چه‌مچه‌ماڵ. هێزی سواره‌ی ئێمه بلاٌوه له کفری تا ئاڵتوون کۆپری. کار به باش نابینرێت، ته‌نیا هێزی پیاده له باره‌گا ماوه.

ژماره: ٥٠، ۱۸ی حوزه‌یران

به فه‌رمانده‌ی جه‌نه‌ڕاڵ فرایزه‌ر هێزیکی گه‌وره له مووصڵه‌وه گه‌یشته که‌رکووك. له که‌رکووکیشه‌وه هێزێکی گه‌یشته چه‌مچه‌ماڵ به فه‌رمانده‌ی جه‌نه‌ڕاڵ تۆمسن. کار چه‌توونه. سوپا و هێزی عه‌شایر له سوپه‌ردا ئاماده‌ی جه‌نگن. دوژمن زۆر به هێمنی دێت.

**دوایی جه‌نگ و یه‌خسیریی حوکمدار:**

ژماره ٥٠–۱۸ی حوزه‌یرانی ۱۹۱۹ دوا برووسکه‌ی باره‌گاه بوو. دوژمن ڕۆژی ۲۲ی حوزه‌یران له‌ژێر فه‌رمانده‌ی سوپای ئینگلیز "جه‌نه‌راڵ فرایزه‌ر"دا گه‌یشته ده‌ربه‌ندی بازیان، سوپای گیانبه‌ختکه‌ری کوردیش له‌ژێر فه‌رمانده‌ی گشتیی سوپای کورددا له نیشتمان و خاکی خۆیدا له سوپه‌ر و قۆخته‌ی دلێریدا ئاماده‌ی فه‌رمانی حوکمداریان بوون و چوکی پارێزگاریی نیشتمانیاندا تا کوشتن دادابوو. هێزی کورد ڕووبه‌ڕووی سوپای دوژمن و له‌ژێر بۆمبای فڕۆکه‌یاندا هیواداری جه‌نگی سه‌رکه‌وتن بوون، به‌لاٌم! به‌لاٌم ..!

له‌ژێر جڵه‌وکێشیی "موشیر ئاغای هه‌مه‌وه‌ند"دا که به فه‌رمانی حوکمداری کوردستان کرابوو به سه‌رۆکی هێزی سواره‌ی چه‌مچه‌ماڵ، له لاڕێی چیای ده‌ربه‌نده‌وه، له چه‌پ و ڕاست و ڕووبه‌ڕوو به هێزێکی سواره‌ی گیانبه‌لاشی هیندییه‌وه به سێ

---

* چیمه‌ن: دێیه‌کی نزیکی ڕۆژهه‌لاٌتی که‌رکووك.

** سۆجه‌ر: وشه‌یه‌کی ئینگلیزییه soldier سۆڵجه‌ر، سه‌رباز.

لێشاوی بەدبەختی و خوێنمژی لەناکاو و سپێدەی عاسماندا هێرشیان هێنا. بە تۆپ و مەترالیۆز و هێزی سوارە لە زەوی، لە عاسمانەوە بە سەدەها فڕۆکە جەنگیان دامەزراند. بەپێی بیستن لە ڕۆڵە جەنگاوەرەکان ڕیزە سوپەری پێشەوە لە ژێر ئاگری تۆپ، شیلینگی تفەنگ و مەترالیۆز و بۆمبای فڕۆکەدا توانای مانەوەیان نەما، وەکوو شێر و پڵنگ دەست بە خەنجەری ڕووتەوە لە سەنگەرەکان دەر پەڕین و پەلاماری سوپاییەکانیان دا بە خەنجەر، لەگەڵ سوونیبەدەست ئەجەنگان. وە هیچ گومان نییە کە یەکێکیان بە زیندوویەتی گەڕابێتەوە، چونکە تێکەڵ بە دوژمن بوون و کوژران، لە ژێر سمی ولاخی دوژمندا شێلران، مێژوو ناویان ونناکات. ملۆزمی و پەڵەی بەدبەختیی ئینگلیزیش فەرامۆش ناکرێت.

**شێخ مەحموودی سەرلەشکر:**

لە کۆڕ و گەرمەی جەنگدا، سەرلەشکر و جەنگاوەر حوکمدار "شێخ مەحموود" بوو، کە (بەردەقارەمان) لەژێر لوولەی تفەنگەکەیدا قرچەقرچ ئەینالاند. لە پاش جەنگێکی دلاوەرانە و بریندابوونی، بەردەقارەمان قارەمانانە بوو بە دالدەدەر و پارێزگاری. بەتەنیشتییەوە طاهیر ئەفەندی* و حاجی سەیید حەسەنی مامی کوژران. ئەو سوپا دەمبەخوێنینەی پاشماوەی جەنگی یەکەم بە ٣٠-٤٠ هەزار چەکدار، بە چەکی ئاگرینەوە ڕژانە ناو بارەگاه و تێکەڵ بە هێز و سوپای کورد بوون. ئەو چەکەی کە لە جەنگی تورك و ئەڵماندا بەکاریئەهێنا، بەبێ بەزەیی پەلاماری گەلی کوردیشیان پێدا. جا لەسەر پیشاندان و پەیغامی موشیر ئاغا، بە بریندای شێخ مەحموود لەگەڵ شێخ محەمەدغەریب بە یەخسیر گیران و بران بۆ بەغداد و دواییی جەنگیش هات. کوژراوانی لە ڕێگەی نیشتمانیشدا تێکەڵ بە خوێن و خۆڵ بوون و خەبەرەکانیان بێخاوەن مایەوە- ٢٢ی حوزەیرانی ١٩١٩.

* تاهیری محەمەد ئەفەندیی فەرخەیە.

هەروەها لە کۆڕی جەنگ و مەیدانی مەردی شەرەف و دلێریدا، لەکاتی پاسەوانیی نیشتمانەکەیاندا، دەست بە تفەنگ و چەکی هیوای سەرکەوتنەوە، ئەم ضابطە بەتەو (هیممەت) و شەریفانەیش بەدوای حوکمدارییاندا بە یەخسیر گیران و بران بۆ بەغداد.

١. عەبدولقادر سەعید "قالەی ئایشەخان".

٢. ئەدهەم ئەفەندی.

٣. قادر ئەفەندیی قەرەداخی.

٤. عیززەت تۆپچی "عیزەتی فاتە".

٥. ڕەشید صدقی غەفوور.

وە بێجگە لەم ناوانەیش، زۆری تریش گیران لە بەغداد، (ئیچ قەلاّ)، لەسەر بڕیاری "سارجن کۆپەك" ڕۆژی هەر یەکی بە هەزار خشتی کاڵ بڕین حوکم درابوون. دوابەدوای ئەمانەیش لە سەرۆکعەشیرەتەکانیش کە هاوکاریی جەنگیان کردبوو، ئەوانیش بوون بە تەڵەی ئینگلیزەوە.

١. مەحموود خانی دزڵیی هەورامی لە خاکی ئێران و ئێرانین، بەلاّم بۆ ملۆزمیی ئینگلیز سنوور نەمابوو.

٢. مەحموود خانی کانیسانانی مەریوان.

٣. سوار ئاغا، سەرخومە– بلّباس.

ئەمانەیش تێکەڵ بە یەخسیرەکانی ئیچ قەلاّ کران.

**سلێمانی و هاتنەوەی ئینگلیز:**

ڕۆژی ٢٢ی حوزەیران لەکاتی نزیکەی پاشنیوەڕۆ، بەبێ ئەوەی کەس لە کارەسات ئاگادار بێت، سوارەی ئینگلیز و هیندی گەیشتە ناو شاری سلێمانی. بەرامبەر بە ماڵی حوکمدار و چیای گۆیژە بە ڕیز تۆپیان دابەست و سەر گردی قشڵەیان کرد بە بارەگای جەنگی. شار شڵەقا، هیوای گیانداری نەما. بە هۆی چالاکیی ڕەئووف ئەفەندییەوە کە فەرماندەی بلووکی سەربازیی دیوانی حوکمدار بوو، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خێزانی حوکمدار و کەلوپەلی پێویستیان بە ٤٠ باری ئێستر

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەرباز کران. ئەوەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و لە پێش چاومە، دلێرییەکەی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگە بە تەنیا سوارە و حەمەد بەگەوە پاشداری ئەو خێزانە بوون. ئەیوت: گیانی من ئەم خێزانە ئەپارێزێت، لە (تووی قۆچە) وێستابوو بە تفەنگە جانبێزارە جوانەکەیەوە.

لەگەڵ گەیشتنی سوپاکەیان، ئینگلیزەکانیان لە بەندی دەرهێنا و گرینهاوس دیسانەوە کەوتەوە گەڕ و ئاشووب، بەناو شارا ئەسووڕایەوە، یەکەیەکە دەستەیەك سەربازی هیندیی دائەنا. خێزانەکانیان سەربانەوسەربان ئاوارەی گەڕەك بوون. ئەمەیش ناوی چەند ماڵێك لە ماڵە تالآنکراو و ئاوارەکان:

١. ماڵی حوکمدار شێخ مەحموود.

٢. مالی حاجی سەیید عومەر.

٣. ماڵی حاجی سەیید حەسەن.

٤. ماڵی ظاهیر ئەفەندیی حەمەدئەمین.

٥. ماڵی عیززەت نەجیب.

٦. کاکەحەمەی ئەمین عەتار.

٧. ماڵی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ.

٨. ماڵی سەیید نووریی نەقیب.

٩. ماڵی سەیید کەریم سەیید ئەحمەد.

١٠. ماڵی زۆر لە ضابط و دەستەی حوکمدار، نزیکەی ١٠٠ ماڵ.

ناوماڵ، پارە، زێڕ، بە تالآن ڕۆیشت. شار تێك چوو، کەس بە هیوای ژیان و مان نەما. ئەوەی گیرا لە بەندیخانە توند کرا، ئەوەی توانیی ڕای کرد و دایە چیا، سەرەڕای تاوانبارییان و پەرێشانیی شار، پەیدەرپەی سوپای ئینگلیز و هیندیی ئەگەیاندە سلێمانی:

خێزانی حوکمدار، گەیشتە دزلّی– هەورامان، نزیکەی ٣٠٠ خێزان لە دانیشتووانی سلێمانی بە ڕووتی و برسێتی ئاوێتەیان بوون. زۆر لە ئاوارەکان لەناو چوون و کەس نەیزانی چییان لێ هات. ئیتر لە (دزلّی)دا نەیانتوانی بمێننەوە، چونکە ئینگلیزەکان لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئێراندا فەرمانڕەوا بوون. گەڕانەوە بۆ مەریوان و لەوێوە بۆ بانە، بەگزادەی بانە بەهێز و سەربەخۆ بوون، لە پاش میوانداریییەکی زۆر بەڕێز و بە خۆشیی خۆیان، لە لایەن ڕۆستەم خانەوە بۆ سەقز بەڕێ کران بۆ لای حەمەخان و لەوێش –لە پاش ماوەیەك– زۆر بەڕێز بۆ بۆکان بۆ لای سەردار بەڕێ کران.

هەروەها لە لایەن ئەو پیاوە ناودار و مەزنانەوە بە میوانداریێکی زۆر بەڕێزەوە بۆ ئەوەی لە ئێرانیشدا لە فەرمانڕەوای ئینگلیز ڕزگار ببن، بڕیاریان دا کە داڵڵە* بدەنە بەر تورکەکان، ڕوو بەوان کەوتنە ڕێ. کە گەیشتنە شاری وان، تێگەیشتن کە نە شاری وان و نە مەئموورەکان لەوانەن داڵەیان بدەن، بەڕاستی لە کردەوەی مەئموورەکانیش بەگلەیی بوون.

**لە (وان)ەوە بۆ (چاریە):**

ناچاری ڕێگەی پیشان دان بۆ لای "ئیسماعیل ئاغا– سمکۆ" لە چاریە، خۆیان گەیاندە پەنای ئەم سەرۆکە مەزن و ناودارە کوردەی شوکاك. لەو کاتەدا ئەویش دوچاری بەربەرەکانیی نەستۆریەکان بووبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران و تورکیش دۆستی نەبوون. هەر لەوکاتەدا کە ئەو خێزانە پەرێشان و لێقەوماوە میوان و لەداڵڵەیدا بوون، سوپای ئێران و تورك لەگەڵ لەشکری نەستۆریەکان دایان بەسەریانا. لە پێش هەموو پێویستییەکدا ئەم خێزانەی ڕزگار کرد، خۆی کەوتە ناو جەنگی سێ لانە. چاریە سووتا، خۆشی بە خێزانی خۆی و میوانیەوە ئاوارە بوو. ئیتر خێزانی حوکمدار وەکوو دەروێش هەر ڕۆژە لە جێ و شارێك و هەر ڕۆژە لە پەنایەکدا داڵڵە ئەدران**.

**ئینگلیز و شەریفوددەولە:**

وترا ئینگلیز پەلی بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کێشاوە. بێگومان ئێرانیش لەژێر پێی ئینگلیزا ناڵەی ئەهات. حکوومەتی ئێرانی ناچار کرد کە لەلاژێر پرۆگرامی خۆیاندا

---

* داڵڵە: داڵدە.

** بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادگاری ڕۆژانی دەربەدەری، محمدی مەلا کریم هێناونیەتە سەر شێوەنووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون، بەغدا، ١٩٨٥.

شەریفوددەولە دوای ئەو خێزانە بکەوێت! بە سوپایەکەوە شەریف ئەددەولەی گەیاندە (بانە). بەپێی دادگاهە پورتاتیفەکەی* خۆی، لە (بانە) ڕۆستەمخان و لە (سەقز) حەمەخان و لە (بۆکان) "سەردار"ی کرد بە سێدارەدا و خنکاندنی، چونکە میوانداریی خێزانی حوکمدار شێخ مەحموودیان کردووە. بەڵام خێزان لە دەسەڵاتی شەریفوددەولەدا نەمابوو.

لە ڕاکردەکانی سلێمانی، پاش جەنگی دەربەند زۆریان گەیشتبوونە سەقز، بە گەیشتنی شەریفوددەولە ئەم ناوانەیش گیران و نێرران بۆ سنە –کرماشان– بەغداد.

١– شێخ قادر– سوپاهسالار و برای حوکمدار.

٢– عیززەت نەجیب** بەڕێوەبەری شار.

٣– عارف صائیب*** – نووسەری تایبەتی حوکمداری.

**دیسان گرینهاوس:**

لە لایەکەوە شەو و ڕۆژ لە شاری سلێمانیدا گرینهاوس ئەسووڕایەوە وە لە کۆڵانەکاندا بە هۆی (ئێم. پی)**** یەوە دارکاریی ڕێبوارەکانی ئەکرد و بەکۆمەڵ ئەیگرتن و لە بەندیخانەی توند ئەکردن، وە لە لایەکی تریشەوە، ڕۆژی بە سەد جار و

www.zheen.org

* پۆرتاتیف: portative، دەستگێڕ و گواستراوە.

** عیززەت کوڕی نەجیب کوڕی مەحموود و لە تیرەی فەرخەیە، ١٨٩٠ لە سلێمانی لەدایکبووە، قوتابخانەی موڵکیی تەواو کردووە. لایەنگر و هاوکاری شێخ مەحموود بووە. دواتر بەڕێوەبەری ناحیەکانی گوێر و کەندێناوە و ماوەت و پێنجوێن و قەرەداخ و سوورداش و شەقڵاوە و قایمقامی ئاکرێ و بەڕێوەبەری تەموین و ئاو و کارەبایش بووە. ١٩٦٤ کۆچیدوایی کردووە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧).

*** کوڕی مەلا ئەحمەدی صائیب کوڕی مەلا قادری قەرەداخییە، ١٨٩٢ لە سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی دینی و قوتابخانەی قازییانی مووسڵی تەواو کردووە. شاعیرێکی بەهرەدار بووە. لە یەکەم جەنگی گەورەدا، سەرکاتبی بەشی فارسی بووە لەتەك هێزەکەی عومەر ناجیدا. کاتبی دائیرەی تەحریراتی ملووکانە بووە لە حوکمداریی شێخدا. ١٩٢٣/٥/١٥ غافڵکوژ کراوە (بڕوانە: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ل١٤).

**** ئێم. پی: military police، پۆلیسی عەسکەری.

سەد چەشن بڵاوئەکرایەوە کە شێخ مەحموود چووە بۆ ئێران، پشدەر .. ئینگلیزەکان پەیتا پەیتا بڵاویان ئەکردەوە کە لە بەغدا لە بەندیخانەیە، کەس باوەڕی نەئەکرد. لە بادینان، بێوچان بە کوشتن و دەرکردن ئینگلیزەکانیان ئەڕەتاند وە لە سەرپێچی لە فەرمانیان هەرگیز ڕانەئەوەستان؛ لە عەقرە، عەمادییە، زاخۆ شۆڕش، زۆر بە گەرم و تین ئەڕۆیشتن، لەبابەت کوشتاری ئینگلیزەکان و درێژەی باسی بادینان لە جێگەی خۆیدا ئەیخوێننەوە.

**شێخ مەحموود و یاسای ئینگلیز:**

شێخ مەحموود لە بەندیخانە و نەخشەی "ویلسن"یش بۆ لەناوبردنیەتی. جا ئینگلیزەکان ویستیان بە ناوی زۆرداری و زاڵیەتیی بەسەر دانیشتووانی شاری سلێمانیشدا سووچداری بکەن. بۆ ئەوەی لە دادگاهدا بە سووچدار پیشانی بدەن، فەرمان درا بە حاکمی سلێمانی ئەم پیاوانە بنێرن بۆ بەغداد:

١- میرزا فەرەجی حاجی شەریف.

٢- حەمەد بەگی قادر پاشا.

٣- شێخ نەجیب قەرەداغی.

٤- عیززەت بەگی وەسمان پاشا.

٥- عەونی ئەفەندی حاجی گووروون.

٦- حاجی مەلا سەعید کەرکووکلیزادە.

٧- حاجی ئاغای حەسەن ئاغا مودیری پۆلیس.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە بەغدا، لە مەجلیسی عورفیی عەسکەریی ئینگلیزدا، ئەم کۆمەڵە وەکوو مەڕ مۆڵ دران وە بە پێش چاوی ئەم پیاوە ناسراوانەی سلێمانیدا: شێخ مەحموود بە پەڕانقە* و زنجیرەوە هێنرا. تەنیا لە پاش چەند پرسیارێك بە ئارەزووی کۆمەڵەکەی خۆیان بڕیاری خنکاندنیان بە شێخ مەحموود گەیاند و داوای پارێزەریان (موحامی) لێ کرد.

* پەڕانقە: دار و پەتی فەلاقەکردن.

شێخ مەحموود وتی: لەسەر خواهیشی گەلەکەم داوای ئازادیی کوردم لە بەریتانیا کرد. بەو پەیمانە ڕێگەی هاتنیان درا و لە لایەن حکوومەتەکەتانەوە ئەم حوکمدارییە بە من و ئازادی بە کورد بەخشرا. بەڵام ڕاستیان نەکرد، جا من کە لەسەر ویستی گەلەکەم بە حوکمدار دانرام، ئەبوایە داوای ئەو پەیمانە بکەم بە زمان یان بە چەك. من لەگەڵ ئێوە لە جەنگدا بووم، منتان بە دیل گرت و لە بەندی ئێوەدام کە دوژمنی کورد و منن، لەبەر ئەوە بێگومان دوژمن بۆ دوژمن بڕیاری باش نادات وە منیش بەو حوکمەی ئێوە ڕاضی نیم و بە عەدالەت نابینرێت.

لە پاش ئەم وەڵامە، سەروپێچەکەی دا بە سنگی گرینهاوس‌دا و وتی: بەدبەخت ئەمە هەمووی گۆبەنگی تۆیە. هەر لەو کۆمەڵەدا، گرینهاوس وتی: عیززەت نەجیب هات، ئاڵای بەریتانیای داگرت، ئاڵای کوردستانی هەڵکرد، بەڵام ئاڵاکەی بەریتانیای دڕاند وە فڕێی دا.

وەڵامی عیززەت نەجیب: لەسەر فەرمانی حوکمداری کوردستان، لەکاتی شۆڕشدا بۆ دامەزراندنی ئیش‌وکاری دائیرەکان و مەئموورەکان فەرمانم پێ درا. بێگومان ئەبوایە ئەم فەرمانە بەجێبێنم. ئاڵای ئینگلیزم داگرت و ئاڵای کوردستانم هەڵکرد، بە قەدکراوی و زۆر بەڕێزەوە پێشکەش بە گرینهاوسم کرد. بەڵام داخەکەم دڕیی و بە شەق لە باڵقۆنەکەوە فڕێی دایە خوارەوە، جنێوی خراپی بە من و بەریتانیایش دا.

کە لە شێخ مەحموودیان پرسی، وتی: بەڵێ! من فەرمانم دا بە داگرتنی ئاڵای بەریتانیا و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان. ئەو کوردستانەی کە ئێوە، بەریتانیا، دروستی ئەکرد و لە ڕووی زاڵی و نەزانیی سیاسیەکانتانەوە ئاڵاتان داگیرا و ئاڵای ڕاست و حەقمان هەڵکرد (ئەم باسە لە لایەن ئەو کەسانەوە گێڕایەوە کە نێررابوون بۆ شاهیدی لە شێخ مەحموود، بەڵام هیچیان لێ نەپرسیبوون).

بنکەی ژین
www.zheen.org

له لەندەنەوە بڕیاری خنکاندنەکەی شێخ مەحموود کرا بە دە ساڵ بەندی و ئاوارە بۆ (دوورگەی هەنجام) لە هیند* . ئیتر یەکسەر فەرمان بوو بە فەرمانی ئینگلیزەکان.

خوێندەواری بەڕێز، ئینگلیزەکان لە کورد، بەتایبەتی لە شێخ مەحموود، کەوتبوونە بیانووگرتن، ئەوەی بە باشیان نەئەزانی بڵاویان ئەکردەوە وە بەو چاووڕاوە دەریای مێژووی کوردیان لیخن ئەکرد.



شێخ مەحموود لە مەجلیسی عورفیی ئینگلیزدا و حوکمی خنکاندنی

---

* هەنجام لە تەنگەڵانی هورمزدایە، دوورگەی (ئەندامان) لەناو زەریای هیندیدایە و یەکەم جار شێخ مەحموود برایە ئەوێ، پاشان هێنرایە هەنجام.

له كاتی نووسینه‌وه‌ی جاری دوایی (چیم دی)دا، له ڕۆژنامه‌ی "برایی"، ژماره ١٥، ڕۆژی ١٩٦٧/٧/٢٦ خوێندمه‌وه. له باسی (كورد له مێژوو و له یادداشته‌كه‌ی مس بێڵ)م بینی، ئه‌مه‌یه ڕاستییه‌كه‌ی.

١- مێجه‌ر نۆئێل به ده‌ستێك پێخه‌فه‌وه هاته سلێمانی و زۆر كه‌م مایه‌وه. گرینهاوس كه هاته جێگاكه‌ی، وڵاتی پڕ كرد له هه‌رچیوپه‌رچیی بێگانه (مس بێڵ، به هه‌ڵه‌دا چووه).

٢- حكوومه‌تی به‌ریتانیا شێخ مه‌حموودی كرد به حوكمدار، نه‌ك نۆئێل، كه ڕابه‌ر بوو. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه ویلسن خۆی ئه‌ڵێت سه‌دی ٨٠ له كورد له‌گه‌ڵ شێخ مه‌حمووده؛ له‌گه‌ڵ نۆئێل و مس بێڵ، به هه‌رسێكیان كه‌وتنه دوژمنایه‌تیی شێخ مه‌حموود و هه‌ره‌س‌پێ‌هێنانی هیوای كورد[*].

٣- سه‌ره‌ك عه‌شیره‌ته‌كان، بێجگه له شێخ مه‌حموود، نه نۆئێل و نه مس بێڵ و نه ئینگلیزه‌كانیان نه‌ئه‌ناسی.

٤- مووه‌ظه‌فی كورد ته‌نیا له ڕانیه شێخ ئه‌مینی سندۆڵان و له هه‌ڵه‌بجه حامید به‌گ قائیمقام بوون.

٥- له پاش عوثمانییه‌كانه‌وه تا گرتنی شێخ مه‌حموود، ئاسایش له ئه‌ستۆی خۆی "شێخ مه‌حموود"دا بوو. كه‌س ده‌ستدرێژیی نه‌كردووه و هه‌موو كه‌س چ هه‌ژار و چ خاوه‌ن دارایی وه‌كوو یه‌ك بێ ترس و بیم ژیاون. به‌ڵام، له به‌شی دوایی و فه‌رمانڕه‌وایی ئینگلیز مێجه‌ر سۆن‌دا ئاسایش و یاسایان به سه‌رنجه‌وه ئه‌خوێننه‌وه.

چیم دی؟ (هاتنه‌وه‌ی مێجه‌ر سۆن) و كاره‌ساتی كورد و كوردستان له بیر نه‌چێته‌وه! له ڕۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩ له ڕووی گێتیدا ته‌نیا كورد بوو، كه له‌ژێر فه‌رمانده‌ی شێخ مه‌حموودا یه‌كه‌مین گولله نرا به سنگی مژه‌ر- ئینگلیزه‌وه!

---

[*] به‌ڵگه‌نامه‌كانی ئینگلیز خۆی نیشانده‌ری ئه‌و ڕاستییه‌ن كه مس بێڵ زۆر دوژمنایه‌تیی شێخ مه‌حموود و جووڵانه‌وه‌ی كوردی كردووه و به بنیاتنه‌رێكی ده‌وڵه‌تی تازه‌ی عیراق داده‌نرێ. به‌ڵام نۆئێل لایه‌نگری دروستكردنی ده‌وڵه‌تی كوردی بووه و هه‌وڵێكی زۆری له‌م لایه‌نه‌وه داوه، بۆی سه‌رنه‌چووه.

خوێندەواری بەڕێز، ئەم جارەیش ئەیلێمەوە، ئەوەی لەمەوپێش بە چاوی خۆم بینیومە، ئێستا بە دەستی خۆم ئەینووسم. وەکوو وتمان، لە کاتی عوثمانییەکانەوە تا باوی ئینگلیز، خوێندەواریم لەو تەمەنەدا نەبوو ڕۆژبەڕۆژ زاڵیەتیی ئەو بێگانانە بنووسم. ئەوا ئێستا بە ئاوێتەی خوێندنەوە و بیستراوە ڕاست و دروستەکانەوە ئەم نووسراوەم (چیم دی) بە یادی قارەمانی کورد "شێخ مەحموود" حوکمداری کوردەوە پێشکەش بەو کەسانە کرد کە ڕێزی گەلەکەیان ئەزانن.

لە سپێدەی ڕۆژی پیرۆزی ئازادی عیراقەوە تا دواڕۆژیان، ئیمڕۆ کورد و عەرەب لە هەموو پێویستییەکی ژیانیاندا وەکوو یەك گروفتاری داوی ئینگلیز بوون و لە پەنجە و چنگی ناڕەوایییان ناڵەناڵیان بووە. لەبەر ئەوە لە یادی کردگاریان هەرگیز نابێت پێنووس بوەستێت و کورد و عەرەب چاوی تۆڵەسەندنیان لێ بترووکێنێت.

**پاش خوێنڕژاننەکەی دەربەندی بازیان، هاتنەوەی مێجەر سۆن**

پاش دوو ڕۆژ گەیشتنی سوپای ئینگلیز، مێجەر سۆنیش گەیشتەوە سلێمانی. هەر لەگەڵ گەیشتنی، جاڕدەری خستە ناو شار و وتی:

١- ئەو چەکانەی وەکوو تفەنگ لە هەموو جۆرێك- دەمانچە، خەنجەر، شیر، قەمە، لەلای هەر کەسێك هەیە، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا ئەبێت بیهێنێت و بیسپێرێت بە پۆلیسخانە.

٢- پاش ئەو ماوەیە لای هەر کەسێك و یان لە ماڵێکدا یەکێك وەیان زیاتر لەو چەکانە بدۆزرێتەوە و بگیرێت، بەبێ لێپرسینەوە بە (٥٠٠ ڕووپیە یا بە شەش مانگ بەندی و یان بە هەردوکیان سزا ئەدرێت).

لەگەڵ ئەم جاڕەدا، گرتن و یەخسیریی حوکمداریشی بڵاو کردەوە. خۆی "سۆن" زۆر باش ئەیزانی کە لە هەموو ماڵێکدا چەك هەیە، شارەزاییی هەبوو، زۆر لە ئاشووب و شۆڕشی ناو شار ئەترسا و چەکەرەی ئەکرد. لە پاش جاڕەکە و پاش چەند ڕۆژێك لە ناو شار و دەرەوەی نزیك سلێمانییەوە ئەوەندە چەکە کۆن هێنرایە پۆلیسخانە گردێکی گەورەی دروستکرد، لەجیاتیی سووتاندن و لەناوبردن بڕیاری دا کە

دائیرەیەکی شارەوانی دروست بکات و ئەم چەکە زۆرە بخاتە بناغەکەیەوە. ئەم بیر و پرۆغرامەی هێنایە دی، لە جێگە کەلاوەی سەقاخانە و تەویلەی باوی بابانەکان و عوثمانی، کە بە دەشت مابۆوە، بیناکەی ئێستای شارەوانیی ناو بازاڕ (بەلەدییە)ی پێ دروست کرد و ئەو چەکانەی بە پێخۆی لم و قسڵەوە لە بناغەکەیدا ناشت و نەچوە ناو عەنتیکەخانەی کوردستانەوە.

سۆن، لەناو شار و دێهاتی سلێمانیدا دەزگا کۆنەکەی دووبارە دامەزراندەوە. وەکوو ماڵدزراو بە ناوشار، دەرەوەدا ئەسووڕایەوە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە شۆڕش و شێخ مەحموودەوە بووە، ئەیگرتن، بە سزاوە ئەیچەسپاننە بەندیخانە. زۆریانی ئەبەست بە داری سیاسەتەکەیەوە و لە پێش چاوی هەزاران ڕێبوار دارکاریی ئەکردن. وڵات شڵەقا، چونکە سەرەڕای زەبروزەنگەکەی گرینهاوس' شەقی سۆنیش بوو بە سەربار. فەرمانی دا بە ناوی (ئەملاکی مەضبووطە)وە هەموو موڵك و ماڵ و چاندگەی شێخ مەحموود بخرێتە ژێر دەستیان و لەژێر چاودێریی خۆیاندا بەڕێوە ببرێت و خێزانی ئەو پیاوانەی بە هاوڕێیی خێزانی حوکمداری ڕۆیشتبوون، خرانە ژێر چاودێریی پۆلیس.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### مەئموورەکانی سۆن

لەمەوبەر وترا کە ئینگلیزەکان زۆر پیاوی بێگانەیان لەگەڵ خۆیان هێنا و لەجیاتی کورد لە کاروباری حکوومەتیدا دایان مەزراندن.

١. عەزیز خان: نەخوێندەوار، ئەیانوت ئێرانییە، سەرۆك موهەندیس و بەڕێوەبەر.

٢. عەلی خان: برای عەزیز خان، موحاسیبی ئیدارەی موهەندیسخانە.

٣. حسێن خان: ئامۆزای عەزیز خان، شارەوان– ڕەئیس بەلەدییەی سلێمانی.

٤. سلێمان خان، ئامۆزای عەزیز خان، مدیری حیساباتی لیڤی.

٥. عەبدوڕڕەزاق خان، ئامۆزای عەزیز خان، موتەرجیم و موفەتیشی مالییە.

بە ڕاستی کەس نەیئەزانی ئەمانە کوێندەرین، هەر بە فارسی قسەیان ئەکرد. جا لە وێنەی ئەوان زۆری تر لە ئەفغانی، هیندی، کورد، ئێرانییان ڕژاندبووە ناو سلێمانییەوە.

له باوی مێجەر سۆندا دائیەی ئەشغاڵ دامەزرا، له ماوەی چوار ساڵدا بێجگه له پردی تانجەرۆ و پێچەکانی ژاژیله بەولاوه، کارێکی تریان لێ نەبینرا. به ناوی کوردستانەوه به لێشاو ڕووپیه لەناو ئەبرا، نه کورد و نه کوردستان سوودی لێ نەبینی. هەمووی به هۆی عەزیز خانی نەخوێندەوارەوه چووه کیسه و صندووقی خۆی و سۆنەوه.

ڕۆژێك مێجەر سۆن له هەڵەبجەوه هاتەوه، پیاوێکی فەرەنجیلەبەریشی لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەیدا قنج و قیت دانابوو، سوپاسیان ئەکرد که گوایا ئینگلیزەکان کردەوەی پەسەندیان هەیه و ئەم لادێییه هەژارەی لەگەڵ خۆی سوار کردووه، کەچی ڕاستەوڕاست بردیه بەردەمی داری سیاسەتەکه و پێی وت: حەمەئەمین پارەکه و کەره و ڕۆنەکەم ئەدەیتەوه یان نا، ئەگەرنا حەمەئەمین واقی وڕما، وتی تۆ ئەڵێین چی؟ تو حاکمیت کەره و ڕۆنت له کوێ بوو؟ ئەی له بیرت نایەت، پێش ده دوانزه ساڵ لەسەر ئاوی سەراوی سوبحان ئاغا، دوو هیزه ڕۆن و کەرەکه و چی له باخەڵمدا بوو، لێت سەندم، بردت و نەختێکیش ئازارت دام؟ له وەڵامدا وتی: بەڵێ ڕاسته، داخەکەم ئەگەر ئەمزانی تۆ ئەم پیاوه ئەبیت، به گیانداری بەرەڵام نەئەکردیت. ئەنجا وتی: پارەکەم کەم بوو بۆ خۆت، پارەی کەرەو ڕۆنەکەم ئەوێت و ئەبێت بیدەت، به زۆر لێت ئەسێنمەوه. کابرا: حاجی ئاغای مدیری پۆلیسی کرد به کۆڵکیەوه، پاش تۆزێك ئازار پارەکەیان لێ ساند. بەلام زۆر به گران کەوته سەر حەمەئەمین! ئەمه بوو له هەزاران یەکێك له کردەوەکانی حاکمی سیاسیی ئینگلیز له ناو گەلدا.

کۆمەڵ کەوته بزووتن و پشکۆی ئاشووب کەوته چزەچز له ڕووی نەزانی، یا بێباکیی ئینگلیزەکانەوه، یا له زۆریی تەوژمیان بوو بۆ سەر گەل چاوی گەل کرایەوه، بیروباوەڕ له پلەیەکی گرنگدا کەوته یەکگرتن و دۆستی ئینگلیز کەوته کزی، چونکه کورد و عەرەبیان به گیاندار نەئەزانی. له دێهات و ناو عەشایر، له شاردا، خوێندەوار و نەخوێندەوار، کاسب و مەئموور کەوتنه یەکگرتن و سوێندخواردن بۆ یەکیەتی و چوونه پێشەوه، سنگنان به گولله و سزاوه، پێنج دەستەی پوخت به پرۆگرامێکی ژیرانەوه کەوتنه کار بۆ کنەکردن وه ڕووخاندنی قەڵای بەدبەختیی سۆن. به پەنهانی و

بەم ناوانەوە پێنج کۆمەڵ هەڵبژێررا و دروست بوو و هاتنە کایەوە بە سەرۆکایەتیی جەمال عرفان.

١. بەرزیی وڵات.

٢. کوردستان.

٣. گزنگ.

٤. فیداکارانی کورد.

٥. وەطەنپەروەران.

لەسەر یەك پرۆغرام و یەك ڕەوشت، بە هەموو لایەکدا لقی ئەم کۆمەڵانە بڵاو کرایەوە. پروپاغەندە لەناو شار و ناو مەئمووراندا زۆر بەتین بوو. ئەمە یەکەمین بەیاننامە (نەشرە)یە کە بڵاو کرایەوە:س

تەنیا بە دوورخستنەوەی وەیان نەمانی شێخ مەحموود نە ناوی شێخ مەحموود و نە ناوی کورد نامرێت، چونکە شێخ مەحموود، شێخ مەحموودی زۆرە. ئەبێت ئەو شێخ مەحموودەی حوکمداری کوردستان؛ بەزوویی بێتەوە، یان ئەبێت ئێوە بڕۆن. کوردستان نیشتمانی کوردە، ئینگلیز بێگانەیە.

به ناوی کۆمەڵانی کوردستان/ کۆمەڵی بەرزیی وڵات

٢٠ی شوباطی ١٩٢٠

بۆ گەورەیی و زاڵیەتیی مێجەر سۆن، ئەم بەیاننامەیە زۆر گرنگ بوو، ژیانی پێ تاڵ بوو؛ بە هۆی مدیری پۆلیسەکەیەوە کەوتە هەوڵی دۆزینەوەی ماکەکەی. لەو کاتەدا لە ضابطە کوردەکان کە لە تورکیاوە هاتبوونەوە، چەند کەسێکیان بەلای حکوومەتەوە خۆشەویست نەبوون، لەوانە ماجد مصطەفا* و ئەوڕەحمان سەعید گیران و خرانە بەندیخانەیەکی پڕ ئازارەوە.

---

* ماجد کوڕی مستەفا کوڕی مەحموود کوڕی موورادی لەلەی کوڕانی بابانەکان و لە شێخانی مەردۆخە. ١٨٩٦ لە سلێمانی لەدایکبووە. دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموڵە و سەرەتا بووە بە ئەفسەری ئیستیحکام لە سوپادا. ١٩١٤ بە نامزەدی نێردراوەتە ئەیاستەفانووس، بەشداری شەڕەکانی چەناق قەلعە و فەلەستینیش بووە و بریندار کراوە. مەدالیای لێهاتوویی و نیشانی مەجیدیی پێ بەخشراوە. دووەم نیوەی ١٩١٩ ڕیزەکانی سوپای

**جەمال عیرفان**

پاش شۆڕشەکەی ٢١ی مایس نەگەڕایەوە بۆ سوپا و وەظیفە، خۆی ضابطێکی هونەرمەند، زیرەك و بەتەوانا، ئازا، دانا و لە جەنگی یەکەمدا ڕەئیسی ئەرکانی حەربییەی عەلی ئیحسان پاشا بوو لە عیراقدا؛ ڕۆڵەیەکی کوردی بە تەو (هیممەت) و ژیر بوو.

جا بۆ بەڕێوەبردن و دامەزراندنی پرۆغرام، یەکخستنی ئەم کۆمەڵانەی خستە سەر شان و بیری خۆی و هەرگیز ماوەی ئەوەی نەدا بزانرێت و بناسرێ. هەرچەندە مێجەر سۆن لەسەر شۆڕش و جەنگەکەی بەرامبەر بە مەحموود خانی دزلی، لە جەمال زویر بووبوو، بەڵام هەر چەکەرە و ترسی لێی هەبوو، نەیئەوێست بیورووژێنێت.

جەمال زۆر بە ژیرانە ئەبزووتەوە، نەیئەویست –بێجگە لە ڕووخانی دەزگاکەی مێجەر سۆن– ئەو کۆمەڵانە بە هیچ شتێکی ترەوە خۆیان خەریك بکەن. بۆ هەر کۆمەڵە، لە تەمەنی ١٥–٢٥ ساڵیدا بۆ کاری گرنگ و نهێنی چوار پێنج کەسی هەڵبژارد، بەرنامەیان پێ ئەسپێررا. بە ڕاستی بزووتنەوەی کۆمەڵەکان، جێگایان بە سۆن لێژ کرد و ئەم کۆمەڵانە هەریەکە بە لایەکدا پەیوەستیان بە سەرەکعەشیرەتەکانەوە پەیدا کرد و کردیانن بە سوێندخۆر. وردە وردە بە هێمنی و لەژێر پرۆغرامدا ئاشووب، یاخیەتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

عوسمانیی بەجێهێشتووە و هاتووەتەوە بۆ سلێمانی. ١٩٢٠–١٩٢٢ ئەندامێکی دامەزرێنو چالاکی (کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان) بووە. دەورانی دووەم حکوومەتی کوردستان، کراوەتە بەڕێوەبەری هەندەسەخانە. دوای چۆڵکرانی شار لە سەرەتای مارتی ١٩٢٣دا، بە قوماندانی مەفرەزەی موحافیڤی سواری دانراوە. لە تەرتیباتی دائیرەی ملووکانەی سێهەم حکوومەتی کوردستاندا، بووە بە (ضابطی ئەمر). تا ١٩٢٧ لەناو جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودا ماوەتەوە. دوای ڕێککەوتنەکەی ئەو ساڵە، هاتوەتەوە ناو شار. وەزیفەی وەك بەڕێوەبەریی ناحیە و قایمقام و موتەسەڕیفی دیوە لە موەفەقییە و عەزیزییە و ئامێدی و کۆیە و کووت و مونتەفیك و عیمارە تا ١٩٤١. شەش جار بە وەزیر دانراوە و دوو جاریش بە نائیبی سلێمانی هەڵبژێردراوە. دواجار کەوتوەتە سەر ئیشی سەربەخۆ، هاوبەشێکی سەرەکیی و پێکهێنانی کۆمپانیای پیشەسازیی (الهلال) بەڕێوەبەری بووە. ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٢ لە بەغدا کۆچیدواییی کردووە و لە گۆڕستانی (الغزالي) نێژراوە. (سدیق ساڵح، مەفرەزەی موحافیظی سواری– مایسی ١٩٢٣ لە بەڵگەنامەیەکدا، گۆڤاری "هەزارمێرد"، سلێمانی، ژمارە ١٨، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١؛ دلیل تاریخ مشاهیر الألویة العراقیة، ج١ لواء السلیمانیة، ١٩٤٦، بغداد، ص١٣٩).

دەستی پێکرد. گەیشتە ئەوەی کە سۆن هەر خەریکی تۆراو و یاخی ئاشتکردنەوە بێت. ڕێکەوت باش‌بوو ڕووپیەبەخشینەوە زۆر بوو.

**ناردنی نوماینده بۆ لای سمکۆ:**

لەم کاتەدا، لە ئێران شۆڕشی "سمکۆ" زۆر لەبرەودا بوو. جەمال و کۆمەڵەکان بڕیاریان دا کە لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئێران‌دا پەیمانێك ببەسترێت کە سەرەك و فەرماندە "ئیسماعیل ئاغا" سمکۆیە و سەرەك‌عەشیرەتی شوکاکە، کە ڕۆژبەڕۆژ شۆڕشەکەیان لە تەنینەوەدا بوو. حکوومەتی ئێران، بە ناچاری لەسەر ئارەزوو و زۆرداریيان دایە کۆمەکی نەستۆریەکان، کە دوژمنی سمکۆ بوون. بەڵام لەشکری سمکۆ گەیشتە سەقز و بانە، لەم کاتەدا سۆن و ئینگلیزەکان لە بزووتنەوەی ناو شاری سلێمانی ئەترسان، چونکە کۆمەڵەکان زۆر بەهێز بوون، بەرامبەر بە سیاسەتی حکوومەت بێ‌ترس وێستابوون و ئەبزووتنەوە بۆ شۆڕش، ژیانەوەی داواکەی شێخ مەحموود کە ئازادیی کوردستانی خواروو بوو.

ئیتر جەمال بڕیاری دا بە تێکەڵبوون بە شۆڕشەکەی سمکۆ، بەڵکوو بەو هەل و هۆیەوە ڕزگاریی کار بێت و بە کۆمەڵەکانی گەیاند. لەبەر ئەوەی پرۆغرام یەك و ئاوات یەك بوو، چەند کار گرنگ و سەخت بوایە پێك ئەهات. بە بیری گشتی بۆ ناردنی دوو کەس بڕیار درا.

لە پاش چەند ڕۆژێك بیسترا کە ڕەشید جەودەت* و عارف صائیب نێرراون، کار زۆر بە نهێنی ئەگیرا. کەس و تا ئەندامەکانیش لە گوزاریش ئاگادار نەئەکران، تەنیا هەر کەسە پێسپێرراوی خۆی بەجێ‌ئەهێنا.

---

* ڕەشید کوڕی ئەحمەد جەودەت و برای مەحموود و حامید جەودەتە، ١٨٩٠ لە سلێمانی لەدایك‌بووە. مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولی تەواو کردووە و وەك ئەفسەر بەشداریی شەڕەکانی سوپای عوسمانی بووە. لە یەکەم حوکمداریی کوردستان دا هاوکاری شێخ مەحموود و بەشداری شەڕی دەربەندی بازیان بووە و بە دیل گیراوە. لە یەکەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا لەتەك کۆمەڵێك هاوڕێیدا بە نیازی هاوکاریی سمکۆی شکاك چوونەنە ئەو دیو، بەڵام بە زەبرخواردن و شکانی سمکۆ گەڕاونەتەوە. سەرەتای ١٩٢٣ تا ١٩٢٥ چووە ناو جووڵانەوەی سمکۆ. پاشتر وەك ئەفسەر چووەتە ناو سپای عیراق و پلەکەی گەیشتووتە

**سەیید طەها* :**

لەژێر فەرماندەی سەیید طەها ئەفەندیدا لەشکرێکی زۆری کورد لە سەقز و بانەدا بوو. ڕەشید وە عارف گەیشتنە سەقز و خزمەت سەیید طەها، لەبابەت کردەوەی ئینگلیزەکان و کارەساتی کوردستانی خواروووەوە گفتوگۆ کرا و ویستیان لە فەرماندەی سەرلەشکرێکیاندا لەشکرێك بنێرن بۆ سلێمانی و ئاوێتەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە ببن و شۆڕشی گەورە دەست پێ بکاتەوە.

سەیید طەها ئەفەندی وتبووی؛ ئێمە کارمان باش نییە. ڕەنگە بەم زوانە خۆم لە سلێمانی بتانبینم. پێویست نییە سمکۆ ببینن، بگەڕێنەوە.

ئەم باسە لەسەر گێڕانەوەی نێرراوەکان ئەگێڕینەوە. گوایا سەیید طەها ئەفەندی لەگەڵ ئینگلیزەکان لەوەپێش پەیوەستی بووە و ئارەزووی شۆڕشی سلێمانی و تێکدانی سیاسەتی ئینگلیزی نەئەکرد و ئەم بیر و کارە بوو، بوو بە هۆی شکستی سمکۆ. ئەوەی خستبوە مێشکەوە کە لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێكبکەوێت و لەجیاتی شێخ مەحموود ببێت بە حوکمدار.

لە ساڵی ١٩٢٨دا لە بەغداد، کە لەگەڵ بابا عەلی چووبووم، سەیید طەها ئەفەندی قائیمقامی ڕەواندز بوو، هاتە بەغداد، چوومە دیدەنیی. بە هۆی ئەمین ڕەواندزی** یەوە

---

سەرهەنگ (عەقید). لە ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١دا، سەرلەشکری بەسرە بووە و هاوکاریی کردوون. ١٩٧٢/٧/١٦ کۆچیدواییی کردووە (د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، دەزگای موکریانی- هەولێر، ٢٠٠١، ل١١٥-١٦٤؛ ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٢٦).

* سەیید تەها کوڕی شێخ محەمەدسدیقی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە، دەوری لە جووڵانەوەی کوردیی باکووردا هەبووە. هەوڵی لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا داوە بۆ سەلماندنی مافەکانی کورد. سەرەتای بەهاری ١٩٢٣ کراوە بە قایمقامی ڕەواندز. ١٩٢٨/١١/١٣ مۆڵەتی وەرگرتووە و چووە بۆ ئێران. ساڵی دوایی لەوێوە دەستی لە وەزیفە کێشاوەتەوە و دواتر هەر لەوێ لە هەلومەرجێکی نادیاردا سەری ناوەتەوە (بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، ل١٠٢، ١٠٣).

** ئەمین کوڕی مەلا حەسەنی ڕەواندزییە، ١٨٩٨ لەدایكبووە. دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولە. ئەفسەرێکی دووەم حوکمداریی شێخ مەحموود و ئەندامێکی دیاری حیزبی (هیوا) بووە.

یەکترمان ناسی. چەند پرسیارێکی کرد و چۆنیەتیی شێخ مەحموود. وتی: کاکی خۆم، نە تەنیا سلێمانی کوردستانە و نە شێخ مەحموود مەلیکی کوردستان. لە وەڵامدا، وتم: ئەو شێخ مەحموودە ئەفەرموون کە لە هەولێرەوە تەلگرافت بۆ ئەنووسی؟! فەرمووی: سلێمانییەکان زۆر فیداکارن بۆ شێخ مەحموود و قسەکەی گۆڕی. سەیید طەها ئەفەندی پیاوێکی وریا، ئازا، بەخشندە و لە نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای گەورەیە، هەڵئەگرێت سەردار بێت، بەڵام دوای شێخ مەحموود.

کۆمەڵەکان پەیدەرپەی بەیاننامەیان بڵاو ئەکردەوە، شاری سلێمانی و عەشایەر لەژێر فەرمان و پرۆغرامێکی ڕێکوپێکدا لە قوڵپ و جۆشی شۆڕشگێڕیدا بوون. سۆن زۆر ئەترسا کە لەپڕ ئاگر بسێنێت.

**نووسراوێك بۆ مێجەر سۆن:**

بە زوویەکی زوو ئەبێت حوکمدار و دیلەکانی دەربەند کە ئێستا لە ئیچ قەڵا خشتیان پێ ئەبڕێ، بیانهێننەوە. باش لە دواڕۆژی خۆتان بیربکەنەوە! ئەوەی قەومێك بە دیل بزانیت، خۆی بە دیل ئەگیرێت.

کۆمەڵی فیداکارانی کورد

مارتی ١٩٢٠

زۆری پێنەچوو بێجگە لە مەحموود خانی دزڵی کە نێررابوو بۆ هیند بۆ لای شێخ مەحموود، هەموویان بەرەڵا کران. سۆن وای ئەزانی بەم کارە ئیتر ئاشووب نامێنێت و ئەکەونە ئاسوودەیی، بەڵام بەرەنگاری زۆر قۆڵت و هەورازی سەختتر بوون.

**زمانی کوردی:**

هەر بۆ دڵنەوازی، مێجەر سۆن بڵاوی کردەوە: ئیتر زمانی کوردی لە هەموو کاروباری حکوومەتیدا بەکار ئەهێنرێت، زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە. هەندێك لە

١٩٤٨ تاقە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "هەتاو"ی لە هەولێر دەرکردووە. ١٩٥٥/١١/٦ کۆچیدوایی کردووە (ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەولێر– دەزگای موکریانی، ٢٠٠٠، ل٤٨–٥٠).

ئینگلیزەکان، وەکوو گرینهاوس، گاردان و وۆکەر کە زۆر شارەزاییيان لە زمانی فارسیدا هەبوو، ئەم فەرمانەیان پێخۆش نەبوو.

**نامەی کۆمەڵی گزنگ:**

براکان، دانیشتووانی سلێمانی، سەرەك عشیرەتەکان، چاوتان بکەنەوە، لە ڕووی گێتیدا فڕانفڕانی کڵاوی ئازادی و دەنگی داوای سەربەستیی هەموو گەلە دواکەوتوەکانە، ئەڵێن (مردن یا ئازادی).

ئێمەیش، کورد، هێشتا لە خەواین. حوکمدارتان دیلی دوژمنە، چونکە داوای ئازادی ئەکات، چونکە ئەیەوێت پێوەندی یەخسیریی گەلەکەی بشکێنێت! ئینگلیزیش بە تۆپ و بۆمبا، بە سوپای ٣٠–٤٠ هەزارییەکەیەوە گیانمان ئەکێشێت. هێلانەی هەزارانساڵەمان ئەڕووخێنێت، کشتوکاڵمان ئەسووێنێت، ئەیەوێت یەخسیر و بەندی بین.

چاوتان بکەنەوە. لە شارەکەماندا نە قوتابخانە، نە کارگە، نە دڵسۆزی نییە و نییە!! بە ئادەمیزادمان ناژمێرن. ئەی کوردانی نامدار تاکەی ئەم سەرشۆڕییە، ناوی ئازای و دلێریمان تازە بکەنەوە.دوژمنی خوێنمژتان لەناوبەرن. داوای ئازادیی خۆتان بکەن بە چەك، بە پێنووس، بە هاوار. کوا حوکمدارەکەتان! کوا ئاڵا ڕەنگاوڕەنگەکەتان! کوا هەڵمەتە دلێرانەکەتان! چاو بکەنەوە. ئینگلیز مافمان ناداتێ، ئەبێت بە یەکیەتی، بە دانایی، لە پێویستدا بە چەك بیسێنین. کۆمەڵی ... سیڤەر ... حەقی نەداوە. جا پێویستە بە نووکی خەنجەر لە جانتای دیبلۆماسییە بەدنیهادەکاندا دەریبهێنین. ڕۆژی (؟) مارت ڕۆژی کۆبوونەوە و بڕیاریە کۆبنەوە بۆ ئامانجی ڕزگاری و برایەتی.

کۆمەڵی گزنگ، ٢١ی مارتی ١٩٢٠

ئەم نامەیە بە ڕاستی مێجەر سۆنی لە وشکی خستە مەلە، تەنیا عەوداڵی دۆزینەوەی ماکەکە بوو، بەڵام بێسوود بوو. لە دەر و ناو شارا بە یەك بیروباوەڕ، بە یەك دەنگ و ئاواتەوە ئەژیان. بێگانەپەرست، بە پارە خۆفرۆش، بە لەگامی* نیشتمانکاولکەر لەناودا نەمابوو، تەنیا بۆ کورد گیان بەخت ئەکرا.

---

* لەگام: قۆڵبڕ.

**چاپ و ڕۆژنامە:**

بۆ ئەوەی بە دەستوبردی، دڵپاکی و ڕاستی خۆی بخاتە ڕوو وەیان مەرامەکانی خۆی بە ڕۆژنامە بڵاو بکاتەوە، مێجەر سۆن لە بەصرەوە چاپێکی پچووکی نیو داشتی هێنا. ڕۆژی ١ی مەیی ١٩٢٠ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لەژێر چاودێری و پرۆغرامی خۆیدا لە شاری سلێمانی دەرهێنا. ئەم ڕۆژنامەیە بە مژدەیەکی خۆش زانرا، چونکە زمانی کوردیی پێ جێگیر بوو.

بەڵام کۆمەڵەکان لە بڵاو کردنەوەی سکاڵا نووسراوەکانیان هیچ ڕانەئەوەستان. هەموو هەفتەی جارێك نەشرەیەك بڵاو ئەکرایەوە و دانەیەکیشی بنرێت بە لەوحەی ئیعلانەوە کە لەبەر دەرگای دیوانی حاکمی سیاسی هەڵواسرا و گاردێکی سۆجەری ئینگلیزی لێ بوو.

بۆ پێوەنووساندنی نەشرەکە، ئەبوایە یەکێك لە ئەندامان بچێت. ترس لە سوجەرەکان نەبوو، چونکە ئەو فەرمانەیان پێنەسپێررابوو. بەڵام ترس لە چووغڵ و پیاوخراپە کوردەکان بوو کە پۆلیسی نهێنی بوون و شوێن دۆزینەوە ئەکەوتن.

لەوکاتەدا لە کۆڵانەکانی ناو شارا فانۆسی نەوتی هەڵواسرابوو. ئەم فانۆسانە بە با و پیسی لە دە دانەیان چواریان نەکوژاوە بوو. کۆڵانەکان تاریك بوو، لە تەنگانەدا خۆشاردنەوە ئاسان بوو. زۆری تری داوا بۆ کردنەوەی قوتابخانە، هێنانی کارەبا، کردنەوەی شەقام، دروستکردنی پردی قەشان، کە هیچی نەکرا.

بە نووسینی هەڕەشە مێجەر سۆن تەنگاو کرا، بەڵام ئەویش بە نووسینی کوردی و ڕۆژنامە بڵاوکردنەوە ئەیویست دەمبەست بکات، بێسوود بوو. ئینگلیزەکان لە قەزاکان و سۆن و ئینگلیزەکانی سلێمانیش زۆر کەوتبوونە ترس و تەنگاوەوە. بێجگە لە بابەکر ئاغای سەرۆکی پشدەر، بەشی سەلیم ئاغا کەس نەما هاوکاریان بێت، بابەکر ئاغایش گرێیەکی زۆر گەورە بوو لە ڕێگەدا و پیاوێکی زۆر بەهێز و دانا و تێگەیشتوو بوو و لەو ڕێگەیەی بەرامبەر بە ئینگلیزەکان گرتبووی، هەرگیز هیچ هێزێك نەبوو بتوانێت لای بدات. جیاکردنەوەی ئەم پیاوە بەهێز و بەفەڕەیشیان زۆر بە پێویست زانی، لەبەر ئەوە لە

بنکەی ژین www.zheen.org

لیژنەی ڕۆژی نیساندا کۆمەڵەکان بڕیاریان دا دوو پیاوی تێگەیشتوو بنێرن بۆ جیاکردنەوەی بابەکر ئاغا لە ئینگلیزەکان.

لەسەر هەڵبژاردنی لیژنەکان، قالەی ئایشە خان و ماجیدیان پەسەند کرد و بەڕێ کران، لەگەڵ بابەکر ئاغا کۆششیان بێسوود بوو و تیرەی بابەکر ئاغا بە یارمەتیی حکوومەت تا نزیك پێنجوێن دەستیان بەسەر دێهاتەکاندا گرتبوو و داگیریان کردبوو. بەڵام عەباس مەحموود ئاغا*، ئامۆزای بابەکر ئاغا** – سەرۆکی بەشی مەحموود ئاغایی، بەڵێنی هاوکاریی دا و تێکەڵ بە ئازادیخواهانی کورد بوو. جا لە پشدەرەوە بەناو عەشایرە کوردەکاندا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە شاری (وان). والی و "خەیری پاشا"یان بینی، کارەساتیان تێگەیاند. تورکەکان بە بۆنەی ویلایەتی مووصڵەوە ئارەزووی شۆڕش و ئاشووبیان ئەکرد، تورکەکان بە هیوای ساندنەوە بوون، بەڵام وەڵامەکەیان دەرمانی دەردی نەئەکرد و گەڕانەوە تا گەیشتنە کەندەسوورە***، لای حەمەصاڵح بەگی نائیب لە میر و بەگزادەکانی بانە.

لە مارتی ١٩٢١دا، لە لایەن مێجەر سۆنەوە فەرمانی لێبوردنیان بۆ دەرچوو و هاتنەوە بۆ سلێمانی. جەمال لە کردەوەکەیان دڵخۆش نەبوو، چونکە خۆیان بە سۆن ناسی و ئیتر ماوەی نەئەدا تێکەڵ بە کاری کۆمەڵایەتی ببن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* عەباس ئاغای مەحموود ئاغای ئامۆزای بابەکر ئاغای پشدەرییە، ١٨٩٣ لە دێی (بێخرێ)ی ناوچەی پشدەر لەدایکبووە. بە منداڵی چەردەیەك زانستی دینیی وەرگرتووە. دووەم سەرۆکی ناوچەی پشدەر بووە، دوای بابەکر ئاغا. هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی لە شێخ مەحموود کردووە. نەخشی بەرچاوی لە جووڵانەوەی ڕەواندزدا هەبوە، کە گوشاری خستە سەر ئینگلیز بۆ هێنانەوەی شێخ. ١٩٢٥ تەسلیم بە حکوومەت بووەوە، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە نزیکی (سەنگەسەر) کۆچیدواییی کردووە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٣).

** بابەکر کوڕی سەلیم ئاغا و نەوەی حەمەد ئاغای میراودەلە. ١٨٧٥ لە دێی بادلیان لەدایکبووە. خوێندنی لەلای مامۆستای تایبەت بووە. پاش مردنی باوکی، جێی گرتووەتەوە و کاروباری خێڵەکەیی گرتووەتە ئەستۆ. ١٩٥٩/٣/١٠ کۆچیدواییی کردووە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مۆفەق میراودەلی، عەشیرەتی میراودەلی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٠٦–١١٠).

*** کەندەسوورە: دێیەکی ناوچەی سەرچنار.

**کردەوەی مەئموورەکانیان:**

ئەو نامەیەی کە لە لایەن مودیری ناحیە "ئیسماعیل حەقی" ناو، کە پیاوی خۆیان و بەغدادی و کۆنە ضابطی تورك بوو، بۆ حاکمی سیاسیی نووسیوە، زۆر کارێکی عەنتیکەیە لێرەدا پیشانی ئەدەین، ئەڵێت:

ماینێك لە ژێر حاجی کەریمی سوارەی مودیری ناحیەدا کوژرا. لەسەر ئەمە لە لایەن مودیری ناحیەوە (عەزە، مچە، ڕەسووڵ) ناوانی گوێزیلەی گرتووە. تفەنگ و بزن و گایان هەرچی هەبوو، تالآن کران و ناردوونی بۆ سلێمانی. لەبەر ئەوەی باش دەرنەکەوت ماین کوژەکان ئەمانەن، حکوومەت هەر بە تالآنەکە وازی لێ هێنان، بەخشینی لە گرتنی بەندیخانە. ئەم حوکم و عەدالەتە لە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"، ژمارە ٢، ڕۆژی ٦ی مایسی ١٩٢٠ بڵاو کراوەتەوە.

ئینجا خوێندەواری بەڕێز، خۆت سەرنجێك لەم بڕیار و یاسایە بدە. ئینگلیزەکان وایان ئەزانی بە چاوڕاو ئەتوانن ملی کورد بشکێنن، وای ئەزانی کوردی جهان تەنها بە باس و چاوڕاوی ئازادی دەستخەڕۆ ئەبێت؛ بەرامبەر بە تورك، ئێران، عیراق چەکێکی کوشدەیە بەدەستیەوە و کوردیش با زەقەی چاوی بێت.

مێجەر سۆن هەندێ دڵخۆشیکەرەوەی لە گیرفانی خۆی دەرئەهێنا و بڵاوی ئەکردەوە. لە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"، ژمارە ٦، نیسانی ١٩٢٠دا ئەڵێت: ((لە کۆمەڵی ئاشتیدا لەبابەت کوردستانەوە وترا: کە لە کوردستانی ژووروو– وان، باشقەلعە، خەرپووت.. دا ژمارەی کورد زۆرە. ئەبێت حکوومەتێکیان بۆ دروست بکرێت و بۆ بەجێهێنانی ئەم بڕیار و ئامانجە لە ئینگلیز و فڕانسز و ئیتاڵیا، ئێران، لەگەڵ کوردێك لیژنەیەك دروست ئەکرێت)).

دوابەدوای ئەم بڵاوکراوەیەی "پێشکەوتن" لە لایەن (کۆمەڵی وەطەنپەروەران)ەوە دوورودرێژ نامەیەك بڵاوکرایەوە، ئەمە پووختەکەیەتی، ئەڵێت: نووسراوەکەی ژمارە ٦ی "پێشکەوتن" لایلایە بۆ خەولێخستنی کورد. ئایا نازانن دانی ئیستیقلال بە کورد پیشەی ئێوە ئینگلیز نییە؟! کورد مەردانە بازووی خۆی

هەڵکردووە، حەقی خۆی بە دەستی خۆی ئەسێنێت، گیانی کورد وەڵیفەتی ئەو ئاواتەیە. تۆ کوردەکانی خۆت ئازاد بکە، بازت مەدە بۆ دوور.. و زۆر شتی تر.

لە ڕۆژنامەکانی، ژمارە ٤٠، ٥٤، ٦٥، ٧٥ی "پێشکەوتن" لە بابەت کوردستانەوە زۆر باسی گرنگی بڵاو ئەکردەوە، بەڵام ئاشکرا بوو کە ئەم قسانەیشیان، وەکوو چاووڕاوەکانی پێشوویان، تەنیا بۆ چاوبەستی کورد بوو، ئەگەڕان بۆ سووسە و دۆزینەوەی بنکە و ئەندامی ئەو کۆمەڵانەی کە بە نووسین، داوا و پروپاغەندە، "مێجەر سۆن"یان وڕکردووە و بە گەرمی وەڵامی ئەو درۆیانەیان ئەدەنەوە. لەبەر زۆریی نووسراوەکان، چاوپۆشیمان لە دووبارەکردنەوەیان کرد.

**قوتابخانە:**

نزیکەی سێ ساڵ بەسەر هاتنی ئینگلیزا و گورفتاربوونی کوردا ڕابورد، چاکەیەکیان بەرامبەر بە کورد ڕەوا نەبینی، چونکە ئەم پیاوە بەڕێوەبەرانەی ئینگلیز لە هیندستانەوە هاتبوون، کە هیندیان بە گیاندار و ئادەمیزاد نەئەژمارد، ئەیانویست هەروەها بڕواننە کوردیش. جا ئەم زەلە* و نادانییە زۆر بە گران کەوتە سەر شانیان.

حاکمەکانیان ڕۆژێك بە بیریاندا نەهات کە بە چاوێکی دڵسۆزی بڕواننە کورد، کوردی نەك سلێمانی، هەموو گیرۆدەبوەکانیان وەکوو قوتابخانە، ئاوەدانی، ئاو و جۆگە و چاندگە و زۆر شتی تر .. چاکەیەکیان بەجێنەهێشت. بە مەضبەطە و بەیاننامەی زۆر داوای کردنەوەی سەرەتاییەك بۆ خوێندنی ئینگلیزی و تەنیا دوو سەعات لە شەودا دڵخۆش کران.

بۆ ئەم هیوایە، نزیکەی ١٥ کەس لە لاوەکانی سلێمانی کە مەئموور بوون. بۆ داوا و کردنەوەی ناوەندیەکەیش ئیستیعفایان کرد. مەضبەطە بە هەموو دانیشتووانی سلێمانی ئیمضا کرا و بە پێشداریی "ڕەشید جەودەت" پێكهێنرا. ئەو مەئموورانەیش ناوەندییان تەواوکردبوو، بەڵام بۆ کردنەوە و بەدیهێنانی ئاواتەکە دەستبەرداری وەظیفەکەیان بوون.

---

* زەلە: بێچاری و بێدەسەڵاتی.

بۆ پێشکەشکردنی مەضبەطەکە بە حاکمی سیاسی مێجەر سۆن، خرایە سەر شانی من– نووسەری چیم دی، بەپێی پێویست چوومە لای کەپتان هۆڵت موعاوینی حاکمی سیاسی، باش کوردیی ئەزانی، بە ڕاستی پێی خۆش نەبوو. وتی: ((بزانم جەنابی حاکمی سیاسی چی ئەفەرموێت)). ڕۆیشت، کە هاتەوە وتی: ئەفەرموێت داوایان قوبووڵ نییە.

مەضبەطەکە و نامەی ئیستیقالەکەی دایەوە دەستم و وتی ((موتەئەسیفم)). لەسەر دوا داوای من لەسەر هەردووکیان، دوایی نووسیی: ((جەنابی حاکمی سیاسی ئەم جۆرە داوایانە قەبووڵ نافەرموێت و لەم تەشەبوثاتە تەجەننوب بکەن)).

لە ناکاو چوار مەضبەطە:

١– لە لایەن دانیشتووانی سلێمانییەوە،

٢– عەشایرەکانی لیوای سلێمانی،

٣– عەشایری لیوای هەولێر،

٤– شێخانی بەرزنجە، قەرەداخ و هەندێك لە بەگزادەی جاف، ئەم چوار مەضبــەطەیە لە ڕۆژێکدا پێشکەش بە مێجەر سۆن کرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە مەضبەطەکاندا وەکوو یەك:

١– بەجێهێنانی بەڵێنەکانی درابوون بە شێخ مەحموود کە ئازادیی کوردە.

٢– گەڕانەوەی حوکمدار شێخ مەحموود.

٣– سپاردنی کار بە مەئموورەکانی کورد.

٤– پاكڕەوشتی، بینینی دەستووری وڵات.

بەڵام مێجەر سۆن ئەم داوانەی بەبێ نرخ بینی و گوێی‌نەدایە، هانی ڕۆژنامەکانی بەغدادی دا، کەوتە گاڵتەپێکردنی کورد؛ ڕۆژنامەی "العراق" و "العالم العربي" زۆریان نووسی، بەڵام لەبەر بێهۆییی توندوتیژیی سۆن وەڵامی ئەو ڕۆژنامانە بەبێدەنگی درایەوە.

سۆن ئەیویست لە دانیشتووانی سلێمانیش مەئموورانی گەورە دابنێت، بەڵام لەبەر دوو کۆسپ بوو کە کەس نەیئەوێرا قوبووڵی بکات:

**١- ترسی گۆڕینی باو و هاتنەوەی حوکمدار.**

**٢- ترسی سەرزەنشتی گەل.**

**ئینجا لە سەرەتادا سۆن ئەم ناوانەی هێنایە ڕیز:**

**١- ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا * - مودیری ناحیەی تانجەرۆ.**

**٢- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ ** - مودیری ناحیەی سوورداش.**

**٣- حەمەبەگی قادر پاشا- مودیری ناحیەی سەرچنار.**

**٤- سەیید ئەحمەدی حاجی مامەند- مودیری ناحیەی سرۆچك.**

**٥- ئیسماعیل حەقی بەغدادیی ضابتی عوسمانی- مودیری ناحیەی قەرەداغ.**

**٦- ئەحمەد فایەق *** - سکرتێری مالییە.**

---

* ئەوڕەحمان ئاغا کوڕی ئەحمەد پاشا کوڕی ئەوڕەحمان ئاغای باشچاوەشە، ١٨٨٤ لە سلێمانی لەدایكبووە. لە حوجرەی تایبەت خوێندوویە. موڵکداریی کردووە. سەردەمی عوسمانی، دوو جار ئەندامی مەجلیسی ئیدارەی لیوای سلێمانی بووە. یەکەم خولی حوکمی ئینگلیز، بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداخ و قایمقامی شاربازێڕ بووە. ئەیلوولی ١٩٢٣-شوباتی ١٩٢٤ سەرۆکی شارەوانی بووە. ئەندامێکی هەیئەی وەطەنییە بووە. ١٩٤٧/١/١٦ کۆچیدوایی کردووە (لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید: تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی ١٩٢٣-١٩٢٤، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٢).

بنكەی ژین
www.zheen.org

** ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (١٨٩٨-١٩٦٣/١٢/١٣) لە بنەماڵەی خەندانە. نێوان (١٩٢٥/٣/٧-١٩٢٧/٤/٩) یەکەم موتەسەڕیفی سەردەمی حوکمی پاشایەتیی لیوای سلێمانی بووە. پاش شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانیش کراوەتەوە بە موتەسەڕیف (١٩٣٠/٩/٢٨-١٩٣٤/٤/٢٤)، پاشان بە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر تا ١٩٣٩/٣/٢٤ و ئەوەبەدوا بە موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوخۆ، تا لە ١٩٤١دا خانەنشین کراوە. نائیبی سلێمانی بووە لە دەیەم خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا. ١٩٦٣ کۆچیدوایی کردووە (سدیق ساڵح، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ: بەڵگەنامە و بیرەوەری، گۆڤاری "سلێمانی"، سلێمانی، ژمارە ٢٣، حوزەیرانی ٢٠٠٢).

*** ئەحمەد فایەق، بە فایەقی تاپۆ ناسراوە، کوڕی تۆفیق ئەفەندیی خەڵکی سلێمانی‌یە، کە لە دەورانی عوسمانیدا ئەندامی دادگا و ئەندامی دامەزرێنی لقی سلێمانیی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی، لە کۆتاییی ١٩١٨دا نوێنەرێکی شێخ مەحموودی حەفید بووە بۆ لای کاربەدەستانی ئینگلیز لە کفری و نامەی شێخی گەیاندووەتە دەستیان. ئەو دەورانە دڵگران بووە و زوو لە شێخ تەکیوەتەوە. لە یەکەم حکوومەتی کوردستاندا یاوەریی مێجەر نۆئێلی کردووە تا ناوچەی ڕەواندز. کە مێجەر سۆن جێی نۆئێلی پێ گیرایەوە، لە ١٩١٩/٤/١دا کرایە بەڕێوەبەری تاپۆی سلێمانی. ئەوەبەدوا و لە یەکەم خولی حوکمی ئینگلیزدا لە سلێمانی و لە دووەم

٧- ڕەضا بەگ- حاكمی شاربازێڕ.

**بەڵگەی شۆڕش:**

لەناو شارو دەرەوەی سلێمانیدا، وردەوردە لەژێر پرۆگرامی بزووتنەوەیەكی ڕێكوپێكدا سەرەتای شۆڕش دەستی پێكرد، لە ملۆزمیی كاربەدەستان و مەئموورانی ئینگلیز یاخییەتی پەرەی سەند.

لە سەنگاو، قەرەداخ شۆڕش دەستی پێكرد، دوابەدوای ئەوان بە چەند ڕۆژێك لە نزیك و دەوروپشتی سلێمانیش ئاڵۆزان و لە دێهاتەكانی بن چیای شارەزوور تەقە دەستی پێكرد، چەكدار دایە چیا. لە هەموو لایەك و دێ و كوێخای دێیەكەوە نامە بەسەر مێجەر سۆندا ئەباری، هەمووی یەك چەشن داوای بەڵێنەكەیان ئەكرد كە داویانە بە شێخ مەحموود. سۆن كەوتە لەقەلەق.

سۆن لە ڕۆژنامەی "پێشكەوتن"دا بڵاوی ئەكردەوە كە ئیستقلالی كورد بەم زوانە تەواو ئەبێت. لەولایشەوە ڕێگەی ڕۆژنامەكانی بەغدادیان ئەدا، یەك بەدوای یەكدا ئەیاننووسی كە سلێمانی لیوایەكی عیراقە و ئەبێت كوردەكان خۆیان بە عیراقی بزانن و بەس، ئەو ڕۆژنامانە بە زۆری لە سلێمانیدا بڵاو ئەبۆوە. تەنیا مەبەس ئەوە بوو كە كورد و عەرەب بكەن بە دوژمن، بەڵام بەرامبەر بە هەموو كردەوە ناپەسەندەكانی ئینگلیز هیوای كورد تەنیا چەكەكەیان و نەترسییان بوو. كۆمەڵ و سەرۆكەكان لە پیلان و پرۆغرام ڕێكخستندا هیچ كاتێك وێستانیان نەبوو.

**باوی دەروێشی:**

لەناكاو كۆڵان، مزگەوت، دائیرەكانی حكوومەت، پڕ بوو لە دەروێشی پرچدرێژ، بەرد، پەرداخ، گوێزان، دار .. هەموو شتێكیان ئەخوارد. پەیدەرپەی ڕۆژی بیست

---

حكوومەتی كوردستاندا مودیری تاپۆی سلێمانی بووە. ئەمجا كەوتوەتە بەغداو بووە بە بەڕێوەبەری گشتیی تاپۆ لە بەغدا. سەرۆكی دادگای ئیستیئنافی كەركووكیش بووە. نیوەی یەكەمی ساڵی ١٩٥٣ لە كەركووك كۆچیدواییی كردووە و لە (خانەقای سەیید ئەحمەد) نێژراوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەكانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٢، ئەیلوولی ٢٠١٠، ل١٥٥-٢١٢).

چین زیاتر دەستە دەستە، دەروێشی بە زەرك لێدان، سەربڕین و تەپڵ و دەفەوە ئەیانکرد بە شاری سلێمانی‌دا و ئەوەندەیش ئەڕۆیشتە دەرەوە. لەبەر هوولەی دەروێش و دەنگی تەپڵ و دەف، هەموو کار وێستا، بە هەزاران ئەهاتن و ئەڕۆیشتن.

ئینگلیزەکان کەوتنە سڵەمینەوە، چونکە بە ڕاستی سامی کۆمەڵی دەروێش لە هەزار سوپای چەکدار کاریگەرتر بوو و لە پەرەساندن بوون، زەندەقیان لە ڕەشمارەکان چووبوو کە لە ملیان ئالاندبوو.

لە گەڕەکی سەرشەقام بنکەیەکی گەورەیان دامەزراند، کە شێخە گەورەکانیان لەوێ کۆ ئەبوونەوە. باوەڕپێکراویان "خەلیفە دۆمە" بوو. مێجەر سۆن زۆر لێی ئەترسا، فەرمانی دا بە مودیری پۆلیس و "سارجن براوند" بیگرن، هێنایانە پۆلیسخانە. سارجن گاڵتەی پێ‌کرد، خەلیفە تووڕە بوو، لە پێش چاوی سارجن و هەموو وێستاوەکان، بەردێکی حۆقەی هەڵگرت و دەستی کرد بە کرۆشتن، زۆر بە ئاسانی وەکوو پەنیر ئەیخوارد. سارجن ڕای کرد، بە مێجەر سۆنی گەیاند. دەستبەجێ وتی بەرەڵای بکەن، نەوەك ئێمەیش بخوات. زۆر جار وەکوو خورما فیشەکیان ئەخوارد و ئەیانجوو و قووتیان ئەدا.

حەمەکەریمی فەڕاشی گوومرگ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا و دەروێش بوو، بردیانە لای موعاوینی حاکمی سیاسی، لەسەر مێزەکەی دەمەگوێزان هەبوو، هەڵیگرت و خواردی. کاپتان ڕای کرد، هاواری کرد ئەم کوڕە شێت بووە، ئێستا ئەمرێت، گوێزانی خوارد. بەڵام حەمەکەریم شتی تریشی ئەخوارد. کاپتانی ئینگلیز سلێمانیی بەجێ‌هێشت. بە ڕاستی باوی دەروێشی کارێکی زۆر ستەمی کردە سەر سیاسەتی ئینگلیزەکان.

هەر لەم کاتەدا، لە لایەکی تریشەوە، چەکدار ئارامی حکوومەتیان نەئەدا. ڕێگاوبان بڕا. ترسی هاتوچۆ ئێجگار زۆر بوو. ڕێگەی پۆلیس و پیاوانی میری بەسترا، ناوی حکوومەت کز بوو. بەرامبەر بەم ئاژاوەیە (ئایینی و چەکداری)یە، مێجەر سۆن دیسانەوە کەوتەوە پیلانی باسی ئازادیی کورد، بەڵام بێ‌سوود بوو، چونکە پرۆگرام لە کۆمەڵەوە دەرئەچوو، توندوتیژیی سەرەتای شۆڕش تێك‌نەئەچوو، لە پڕۆژەدا بوو. ماوەی ئینگلیزەکان نەئەدرا بە قسە و لاواننەکەیان تەفرە بدەن، لەگەڵ ئەوەیشدا

یەکبەدوای‌یەکدا نامەی سەختیان بۆ ئەنێررا، تا وای لێ هات ڕاستەوڕاست داوای ئیستیقلالی کورد ئەکرا، لەگەڵ نەخشەی کیشوەر، نەك تەنیا سلێمانی.

مێجەر سۆن ئەڵێت لە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"، ژمارە ٥٤، ڕۆژی ٥ی مەی ١٩٢١دا، مێجەر سۆن ئەڵێت: بۆ ئەوەی لە بابەت موقەددەراتی کوردستانەوە، جەنابی حاکم سیاسی چوونە بەغدادا و بینینی مەندووبی سامی‌دا قسە و موذاکەرەی لێ بکات، بڕیاری دا لە پێش ئۆغرکردنیان لەگەڵ پیاوە ناودار و ناسراوەکانی سلێمانی‌دا مولاقاتێك بکات. جا بۆ ئەم مەبەسە ئەم پیاوانە داوا کراوە:

١– حاجی حەسەن نەورەس ئەفەندی– مودیری پۆلیس.

٢– عەزمی بەگی بابان– ئەشراف.

٣– حاجی سەعید ئاغا– ئەشراف.

٤– حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا* – ئەشراف.

٥– عەبدولکەریم ئەفەندی عەلەکە** – ئەشراف.

بۆ ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی عیراق موناسەبەت و یەکیەتییان هەبێت، کوردستان زۆر پێویستی بە یارمەتی هەیە و ئەبێت کارێکی وا بکرێت کە عیراق زۆر یارمەتیی

www.zheen.org

* محەمەد ئاغا کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئاغا و نەوەی مەحموود ئاغای مەسرەفە. ١٨٩٨ لە سلێمانی لەدایکبووە. ١٩٢٢ بە ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی جەمعییەتی کوردستان هەڵبژێردراوە. لە دووەم حوکمداریی شێخ مەحمووددا بە ڕەئیسی نافیعە دانراوە. ئەندامی هەیئەی وەطەنییە بووە بۆ سەرپەرشتیی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەندامی نۆیەم خولی پەرلەمانی سەردەمی پاشایەتی بووە. ١٩٦٢ کۆچی‌دوایی کردووە (جمال بابان، أعلام کرد العراق، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٧١٧).

** کوڕی عەلەکە کوڕی پۆڵسە، ١٨٤٥ لەدایکبووە. باوکی، بازرگانێکی ناسراو بووە، بازرگانیی لەگەڵ ئێران و مووسڵ و بەغدا و شوێنانی دیکەدا هەبوە. ١٨٨٠ خانێکی بازرگانیی بۆ کەریمی کوڕی لە بەغدا دامەزراندووە. کە باوکی لە ١٩٠٥دا کۆچی‌دوایی کردووە، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. لە گرانیی یەکەم جەنگی جیهانیدا، فریای خەڵك کەوتووە. ١٩٢٢–١٩٢٣ ڕەئیسی مالییەی حکوومەتی کوردستان بووە. نوێنەرێکی ئەو وەفدەی شێخ بووە کە مارتی ١٩٢٣ نێردراوە بۆ لای کاربەدەستانی ئینگلیز لە کەرکوك و بەغدا. ئەو ساڵە لە کەرکوك ماوەتەوە، پاشان چووە بۆ بەغدا و تاسەر لەوێ نیشتەجێ بووە، درێژەی بە بازرگانیی خۆی داوە، تا لە ١٩٤٨دا کۆچی‌دوایی کردووە (أعلام کرد العراق، ص٤٧٧–٤٧٨).

کوردستان بدات، هەتا فێری ئیدارەی سەربەخۆیی ئەبن و هەموو جێ و ئیش‌وکارێکیش لەژێر ئیدارە و تەماشاکردنی حکوومەتی فەخیمەی ئینگلستان بێت.

"پێشکەوتن"

لە پێش بڵاوکردنەوەی ئەم نووسراوەدا مێجەر سۆن چووبوو بۆ بەغداد. ئەم پیلانە لە ترسی شۆڕش بوو. پارچەی دووەمی "پێشکەوتن" لە ژمارە ٦٥ی ٢١ی جووڵای ١٩٢١دا مەجلیسی وزارەی بەغداد ڕۆژی ١ی جووڵای ١٩٢١ بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردن بخرێنە گەڕ، بە نووسین پرسیاریان لە مەندووبی سامیی عیراق کرد، چونکە لە لایەن حکوومەتی بەریتانیاوە ئەمیر فەیسەڵ ئەهێنرێت بۆ سەر تەختی شاهیی عیراق.

لە وەڵامدا، مەندووبی سامی ئەڵێت: دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن تەنیا لەبەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی قەضاکانی کوردی دوا خراوە، چونکە هەندێك لەوان پەیوەندییان بە عیراقەوە ((لا باش نییە))، بەڵام ئەگەر کۆمەڵی وەزیرانی عیراق بەڵێن ئەدەن کە ئەو یەکیەتییە، یەکیەتیی کورد و عەرەب هیچ وەزنێکی بۆ دواڕۆژی کوردستان نەبێت. ئەتوانن هاوکاری هەڵبژاردن بن و یاسای هەڵبژاردن دەربکەن و مەجلیسی وزەرا بەبێ وێستان و بیانوو بڕیاریان دا کە ئەگەر فەیسەڵ بە مەلیکی عیراق بناسرێت. لە پاش ئەم بڕیارە و بڵاوکردنەوەی، لە لایەن مەندوبی سامی "سێر پێرسی کۆکس"ەوە بە حاکمی سلێمانی گەیەنرا کە ئەم لیوایە حوڕ و سەربەستن بۆ هاوکاری بوون وەیان نەبوون لە هەڵبژاردندا و لە دواڕۆژدا هیچ دەخڵ و تەئثیرێك بەسەر ئەم لیوایەوە نابێت. "پێشکەوتن"

وە لە (مشكلة الموصل)یشدا، لاپەڕە ١٥ تا ٢٠ ئەڵێت: ((... حين اجري الاستفتاء لانتخاب الامير فيصل لملوكية العراق، وقد صوت اكثر اكراد الموصل واربيل في جانب انتخابه، على شرط ادارة اللامركزية وصوت أكراد كركوك ضده، واما أكراد السليمانية فلم يشتركوا في الاستفتاء)).

ئینگلیزەکان سەریان لێ شێوا، کوردیش باوەڕی پێیان نەمابوو، بەڵام ئەوان لە فێڵ و تەڵەکەی خۆیان دوا نەئەکەوتن. لە لایەکەوە بۆ عیراق حکوومەتیان دروست ئەکرد، لە حیجازەوە مەلیکیان بۆ ئەهێنا و لە لایەکی تریشەوە فوویان ئەکرد بە

گەرووی کوردا، بە ناوی کوردەوە پەلاماری تەخت و تاجی عیراقیان ئەدا بۆ مەرامە نهێنییەکەیان.

پارچەیەکی تر:

لەندەن: ٩ی ئەیلوول، ئەستانبووڵ

کوردەکان داوایان لە حکوومەتی ئەنقەرە کردەوە بۆ جیابوونەوەی وڵاتی کورد. بەپێی ئەو حدوودەی کە حولەفا بۆیانی داناوە و ڕۆیشتنەوەی مەئموور و پیاوی تورک کە لە کوردستاندا هەن. داوای ئەو بەدەلی عەسکەریەیشیان کرد کە حکوومەت لە کوردەکانی وەرگرتووە، لەگەڵ جیاکردنەوەی عەسکەری کورد کە لەناو ئۆردووی تورکدایە. ("پێشکەوتن"، ژمارە ٧٥، ٩ی سێپتەمبەری ١٩٢١)

جا نازانین ئینگلیز- حولەفا لە عیراقەکەی خۆیدا چیی بە کورد بەخشی، تاوەکوو نۆرەی تورکیا و کوردەکانی ئەوێ بێت. ئەمەیش بۆ ترساندنی حکوومەتی بەغدایە.

**سەرەتای شۆڕش:**

لە زۆر جێگای بادیناندا هێشتا شۆڕشەکەی ١٩١٩ لەکارایە، دوایی نەهاتووە. لە لاپەڕەکانی دواییدا (چیم دی) کارەسات و ڕووداوەکان و ناوی حاکمە کوژراوەکانیان ئەخوێننەوە، سەرۆکەکانی بادینان نامەکەی حوکمداریان لەبیر نەچۆتەوە.

جا ئەوا ئینگلیزە کارنەزانەکان لە کوردستاندا دیسانەوە ئاگری شۆڕشیان خۆش کردەوە، چونکە لە هەموو لا و لە هەموو بابەتێکەوە کوردیان ڕەنجیدە کرد. کوردیش پشووی ئینگلیزی نەئەدا، داوای ئازادی و گەڕانەوەی حوکمداریان ئەکرد. ئەوانیش -ئینگلیز- بە گێلی ڕایئەبوارد و خۆیان بە زۆردار ئەزانی.

تاوەکوو لە لایەن شێخ فەرەجی (بانی بنۆك)وە بە خزم و عەشیرەتیانەوە ڕێگەی سلێمانی- هەڵەبجەیان بەست، بانگی یاخیەتی و شۆڕشیان دا و ئەم نامەیە بۆ مێجەر سۆن نێررا و ئاگاداریان کرد.

ئەو نامانەی کە لەمەوپێش بە ناوی لیژنە و کۆمەڵانەوە بۆتان نێرراوە و تائێستا بەبێ وەڵام مایەوە، زۆر بە پەلە و گورجی وەڵاممان ئەوێت، چونکە لەمەندە زیاتر

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناتوانین چاوەڕێی بەجێهێنانی بەڵێنەکەتان بکەین، کە ئیستیقلالی کوردە و هێنانەوەی حوکمدار.

سەرۆکی شۆڕش

مێجەر سۆن بە وەرگرتنی ئەم نامەیە کە بە هۆی کوێخا سەعدوونی بێستانسووری‌یەوە بۆی نێررابوو، زۆر تووڕە بوو. دەستبەجێ فەرمانی دا بە هێزی لیڤی، لەژێر فەرماندەی "جەنراڵ ڤیتسگیڤن"* دا بچن بۆ بانی بنۆك بیسووتێنن و شێخ فەرەج و هاوپایەکانی بگرن و بە کەلەپچەکراوی بیانهێنن بۆ سلێمانی.

ماوەی دە ڕۆژ زۆر بە گەرمی جەنگی ئینگلیز– کورد بوو، بەڵام کورد بە کورد کوشتدان ڕووی دا. نزیکەی دە فڕۆکە (طيارة) لە چیاکانی هەورامانەوە بە گوللەی تفەنگی کورد خرایە خوارەوە و سووتا، فەرماندەکەیان "ڤیتسگیڤن" کوژرا. لاشەکەی بە شانی حەمەی قالەی پیرۆت، سەربازی لیڤیی کوردەوە، ڕزگار کرا. جەنگی (بانی بنۆك)** لەسەر ئینگلیز و –بەتایبەتی– مێجەر سۆنەوە زۆر گران کەوت و کورد پیشانی دا کە بیروباوەڕەکەیان لە تۆپ فڕۆکەی ئینگلیز بەهێزترە.

ئەو ڕۆژەی ڤیتس گیفن کوژرا. شەو شێخ فەرەج هاتە سلێمانی، چۆنیەتیی جەنگەکەی بە تەواوی گێڕایەوە. وتی ئێمشەو سوپاکەیان ئەگەڕێتەوە، داهێزران، پەرێشان کراون. بەڵام داخەکەم هەر لاوی کوردی تێدا چوو، لەگەڵ یەکێك لەوان.

چی پێویست بوو وەریگرت و گەڕایەوە بۆ (بانی بنۆك). هەر لەکاتی ئەو جەنگەدا لە گەڕانەوەدا لە سلێمانیش زۆر لە فڕۆکەکان لە پێش نیشتنەوەدا ئەکەوتن. جا لە پاش گەڕانەوەی لیڤییەکە، بە شەو فڕۆکە ئەچوو بۆمبابارانی چیاکانی ئەکرد، ئەیانوت خوشکی ڤیتس گیڤنە، دێت بۆ ساندنی تۆڵەی براکەی.

---

* ئەمە لە ١٩٢٢دا قەوماوە، کاتێك "ئەحمەد بەگی ڕیشێن"ی بەگزادەیەکی جاف لە سلێمانی هەڵات و چووە لای جافر سوڵتانی سەرۆکی هەورامان. لە دەمی هەڵاتنیدا شەڕی لەگەڵ هێزی ئینگلیزدا کرد. فیتزگیبۆنی قوماندانی هێزەکە و ١١ لیڤیی دیکە لەو شەڕەدا کوژران (رفیق حلمی، یادداشت، چ٢، هەولێر، ١٩٨٨، ب٥، ل٦٧).

** بانی بنۆك: دێیەکی ناوچەی خورماڵ.

**هەمەوەند و جەباری:**

بەدوای جەنگی شارەزوور –بانی بنۆكدا لە بازیان و چەمچەماڵیشدا بزووتنەوە ڕووی دا. مەحموود خدر كە لە باوی عوثمانییەكاندا فەرماندەی ژاندەرمە –مودیری پۆلیس– بوو لە مووصڵ و لە كاروباری عەسكەریدا ئاگادار بوو و لە سەرۆك عەشیرەتەكانی هەمەوەندە و هەرگیز ملیان بۆ عوثمانی –تورك– كەچ نەكرد و ڕێگەی سلێمانی –كەركووك لە كاروان و میری بڕا، توانای گوزەریان نەما.

شۆڕش دەستی پێكرد، ئینگلیزەكانی كەركووك و لە سلێمانی مێجەر سۆن كەوتنە سەخڵەتی. مێجەر سۆن، بە لاساییی توركەكان دەستەی ئێسترسواری دامەزراند، ئێستری وڵاغداری سلێمانی كە زۆر لە قەتاری ئێستری تێدا بوو، كۆیكردەوە و سەربازی پیادەی لیڤی كرد بە ئێسترسوار، ناردنی بە شوێن مەحموود خدرا، بیگرن و بە دەستبەستراوی لەگەڵ "سەیید محەمەدی جەباری"*دا بیانهێنن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* كوڕی سەیید عەبدوصەمەد كوڕی سەیید عەبدولقادر كوڕی سەیید مستەفا كوڕی سەیید ئیسماعیلی گەورە و سەرۆكی خێڵی جەباری بووە. ١٨٧٨ لە دێی (مەحموود پەریزاد) ناوچەی جەباری لەدایكبووە. خوێندنی لەلای باوكی دەست پێكردووە و مەدرەسەی دینیی لە كەركووك تەواو كردووە. زمانەكانی عەرەبی و فارسی و توركیی زانیون. بەشداری شەڕی شوعەیبە بووە. پشتیوان و لایەنگرێكی دڵسۆزی شێخ مەحموود بووە. نیوەی یەكەمی ١٩١٩ بەشداریی شەڕەكانی بان مەقان و تاسڵووجەی كردووە. یەكەم خولی حوكمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز، مایسی ١٩٢٢ بەڕێوەبەری ناحیەی جەباریی بریندار و دیل كرد، چووە پاڵ كەریم بەگی فەتاح بەگ و پێكەوە چوونە ڕەزاندز كە ئووزدەمیری تێدا كەوتبوە جووڵانەوەیەك دژ بە ئینگلیز. ئەیلوولی ١٩٢٣ كرا بە بەڕێوەبەری جەباری. مایسی ١٩٢٤ پاش كوشتاری دەستی ئاسووریەكان لە كەركووك، هێرشی بردە سەر كاروانێكی ئاسووریەكان لەسەر ڕێی كەركووك– چەمچەماڵ. ١٩٢٤/٤/٢٠ چووە كەركووك و لێی بووردرا. ١٩٢٥/٨/٢٥ پەلاماری ناحیەی گلی دا و چووە پاڵ شێخ مستەفای شێخ عەبدولقادری سەنگاو. ١٩٢٥/٨/٢٧ پەلاماری هێزێكی پۆلیسی دا، باجگرێكی تێدا كوژرا و دوو پۆلیسیش بریندار بوو. پایزی ١٩٢٥ چووە لای شێخ مەحموود. مایەوە تا لە ١٩٢٦/٧/١١دا لە كفری خۆی ڕادەستی حكوومەت كردەوە، قایل بوو یا ٥٠٠ ڕووپیێ یا پێنج تفەنگ بدا. هاوكاریی شێخی كرد لە شەڕی ئاوباریكدا. ١٩٣٥/١٢/٢٧ كۆچیدوایی كردووە (بڕوانە: حركات الشيخ محمود في الوثائق البريطانية، إعداد وترجمة نايف حمودي، مراجعة وتعليق صديق صالح، ص٤٤، ٤٥، ٨٤، ٨٥، ١٠٠، ١١٦، ١٧٣، ١٧٤، ١٨٠، ١٨٣، ١٨٤،

ڕۆژ یاری لیڤی نەبوو، ئێستری بێلغاوی باری وەکوو ئێسترسواری عوثمانیەکان ئامادە نەبوو. لە دەربەندی بازیان بەرەنگاری شۆڕشگێڕان بوون، شپرزە کران، زۆریان لێ کوژرا. لە گیانلەناوبردندا ئینگلیز زیانی نەئەکرد، هەردوولا کورد بوون. لاوی کورد ئەکوژرا، ئینگلیزیش تەماشاکەر. ماوەیەکی زۆر ئینگلیزەکانیان تەنگاو کرد.

کەپتان بۆند حاکمی چەمچەماڵ لە ئەستەنبووڵ ژیابوو، تورکیی زۆر باش ئەزانی، زۆر چەتوون و تووڕە بوو. زانیی چارەی ئەم گێژاوەیان پێ ناکرێت، مەحموود خدری بینی، زۆر شتی بۆ جێبەجێکرد. لە پاش پێکهاتن، بە مەحموود خدری وت: حکوومەت لە بەندیەکەت خۆش بوو، بەڵام پێویستە کە ئەبێت (دە هەزار) ڕووپیە بدەیت، ئەم سزایە لە لایەن مەندووبی سامییەوە بڕیار دراوە.

سوپاسی کرد، چووە ژوورەوە لێفەیەکی شڕی بۆ هێنا. وتی: جەنابی حاکم، ئەم لێفەیە بنێرە بۆ لەندەن، بیکەن بە بانکنۆتی دە ڕووپیەیی، چەندتان گەرەکە وەریگرن، ئەوی تریش بنێرنەوە بۆ خۆم. تێگەیشت کە دەرەقەتی نایەت، بەجێی هێشت.

مەحموود خدر پیر بوو، سەیید محەمەدی جەباری لە شۆڕشدا مایەوە. کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند* کە خۆشەویستی حوکمدارە، بوو بە هاوڕێ و حکوومەتیان ئاڵۆزاند. لە سەنگاو و قەرەداخ، شێخان و کوێخایان هەردوو ناحیەکەیان بە حکوومەت

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١٩٠، ١٩٢، ٢٢٠– تایپکراوە و لە دوا قۆناغی ئامادەکردندایە؛ نووسینێکی ٥١ لاپەڕەیی دەستنووسی بەڕێز سەردار جەباری، کە بە سپاسەوە خستیە بەردەست).

* کەریم بەگ سەرۆکی هۆزی هەمەوەند بووە. لەو هەمەوەندانەیە کە کاتی خۆی دوور خرانەوە بۆ لیبیا و لە ١٨٩٦دا هاتنەوە ناوچەی خۆیان. لایەنگرێکی سەرسەختی شێخ مەحموود بووە. پاش کوشتنی کاپتن بۆند و کاپتن ماکانت ڕووی کردووەتە ڕەواندز و چووەتە پاڵ جووڵانەوەی ڕەزاندز. دەوری زۆری هەبووە لە تەنگپێهەڵچنینی هێزەکانی ئینگلیزدا و پاش ڕووخانی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودیش لەتەکیدا مایەوە تا لە ١٩٢٦دا لە دێی (قەرەتامۆر) شەهید کراوە (حركات الشيخ محمود الحفيد في الوثائق البريطانية، ص٢٢٥؛ د. حسام الدين علي غالب النقشبندي، عشيرة الهموند ونفي قسم منها الى بلاد الناضول وليبيا في أواخر الثمانينات من القرن التاسع عشر– دراسة وثائقية، مجلة "ژين"، العدد ٣، تشرين الثاني ٢٠١٢، ص٢٣١–٢٧٨).

چۆڵ کرد. له هه‌ڵه‌بجه، له شه‌مێران حه‌مه‌ی سان ئه‌حمه‌د په‌لاماری حکوومه‌تی دا تا خانه‌قین و هه‌ڵه‌بجه‌ی به حکوومه‌ت به‌جێهێشت.

له لایه‌که‌وه کۆمه‌ڵه‌کان به به‌یاننامه و ئاژاوه‌ی ناو شار و له لایه‌کی تریشه‌وه چه‌کداره‌کانی ده‌ره‌وه‌ی سلێمانی که‌وتنه بزووتنه‌وه‌یه‌کی وا که ئینگلیزه‌کان هه‌موو ڕێگه و بیریان لێ تێکچووبوو، به هه‌موو لایه‌کدا له هه‌ڵپه‌ی ئاسووده‌ییدا ئه‌چه‌وسانه‌وه، به‌ڵام بێسوود بوو، کار به‌ره‌و شۆڕش ئه‌ڕۆیشت.

**ئۆوزده‌میر:**

له ضابطه‌کانی عوثمانی "عه‌لی شه‌فیق" چه‌رکه‌سی میصری، به ناوی ئۆوزده‌میر ناوه‌وه، به هیوای وه‌رگرتنه‌وه‌ی ویلایه‌تی مووصڵ به ۳۰ سه‌ربازی تورکه‌وه له وێنه‌ی چه‌ته‌گه‌ریدا گه‌یشته (کانیه‌ڕه‌ش) *.

ئومێدی ئۆوزده‌میر له‌شکری کورد و چه‌که‌که‌یشی چاوڕاوی ئایینی ئیسلام بوو. تورکه‌کان ئه‌یانزانی که کورد به ناوی ئیسلامییه‌ته‌وه به ئاسانی که‌ڵه‌مه ئه‌کرێن و هه‌ر به‌و ناوه‌وه دواڕۆژی خۆیان، ئازادی و سه‌ربه‌ستییان له پێناوی تورك، ئێران، عه‌ره‌بدا به‌خت کرد و دۆڕاند، تا بێناوونیشان مانه‌وه. ئه‌وانیش –تورکه‌کان– هه‌ر به‌و ناوه‌ووه به کوشتن پاداشتی چاکه‌یان دایه‌وه.

www.zheen.org

ئۆوزده‌میر بۆ ڕزگارکردنی مووصڵ له چنگی ئینگلیز گه‌یشته ناو کوردی عیراق. عه‌شایری ڕانیه و ڕه‌واندز ئاوێته‌ی بوون. غه‌فوور خان ** له سه‌رۆكعه‌شایری ئاکۆ چوو به پیریانه‌وه و له ڕانیه‌وه گه‌یاندنیه کۆیه و عه‌باس ئاغای مه‌حموود ئاغای پشده‌ریش –که ناحه‌زی ئینگلیز بوو– ئه‌ویش دایه کۆمه‌کیان. خه‌وه‌که‌ی ئۆوزده‌میر تا ئێره هاته دی؛ ۱– سه‌لامه‌تی، ۲– له‌شکری کورد.

---

* کانییه ڕه‌ش: دێیه‌کی ناوچه‌ی ڕه‌واندز.

** غه‌فوورخان کوڕی ئیسماعیل کوڕی ڕه‌سووڵ و سه‌رۆکی به‌شێکی خێڵی ئاکۆ بووه. ۱۸۸۳ له‌دایكبووه. له که‌رکووك خوێندوویه و تورکی و فارسی و عه‌ره‌بیی زانیون. له یه‌که‌م حوکمداریی شێخدا به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ی ناوده‌شت بووه. یه‌که‌م خولی حوکمی ئینگلیز له ناوچه‌ی سلێمانی، په‌لاماریان داوه و ناچار چووه‌ته ڕه‌واندز. ۱۹۵۳ کۆچی‌دوایی کردووه (بیره‌وه‌ریه‌کانی ئه‌حمه‌دی حه‌ماغای پشده‌ری، ل۳۱).

له پلەی یەکەمدا، درۆ و فڕوفێڵی ئینگلیزەکان زۆر زوو کاریگەر بوو بۆ کۆمەکی کوردەکان بۆ ئووزدەمیر. ئەو مافەی له (سیڤەر) درابوو بە کورد، هەرگیز له لایەن ئینگلیزەکانەوە نەئەهاتە کایە. کوردیش پەنایەکی نەبوو دەردی خۆی تێگەیەنێت، تەنیا چەکەکەی بوو کە بە هەموو جۆرێك بۆ خراپەی ئینگلیزی بەکاربهێنێت.

ئووزدەمیر شەو ڕۆژ لەسەر بەرماڵی نوێژ بوو، کە بەلای کوردەوە زۆر پەسەندە. ئەوەی بوو بە هۆی نوشوستیی ئینگلیز تەنیا قووتدانی مافی کورد نەبوو، زیاتر ڕشتنی تۆوی دووبەرەکیەکەی بوو. ئەیویست کورد و عەرەب، برا لەگەڵ برا، عەشیرەت لەگەڵ عەشیرەت، هەمیشه له جەنگدا بن، کەس بە کەسەوە نەنووسێت. ئەوانەی بەلای ئینگلیزەکانەوە پیاوخراپ بوون، دایانه کۆمەکی ئووزدەمیر، پڕۆپاغەندەی تورك گەیشتە شاری مووصڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی.

بە وردی، سەرزەنشت پیاوە گەورەکانی بەریتانیا ئەگرێتەوە، کە چۆن گەلێکی چەکداری له ئاشووبی جەنگی یەکەم ڕزگاربووی دایە دەست ئەو ضابطە نەزانانەی له سیاسەت بێئاگاه، کە ببن بە هۆی کوژاننەوەی چرای بەختی تاج و تەختی بەریتانیا کە بە یاسای قەمچی و زاڵیەتیی سیاسەتیان حوکمیان ئەبرد بە ڕێگەوە و بەریتانیا دووچاری نووچێك ئەبێت کە مێژووی خۆیان بزانێت باسی بکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### جەنگی دەربەندی ڕانیە:

بارەگای حاکمی سیاسی "مێجەر ئەدمۆنس" و سوپای لیڤی و ضابطە سیاسی و عەسکەریەکانی ئینگلیز له دەربەندی ڕانیە لەناو قەڵا کۆنەکەی حەمەد پاشای ڕەواندزا بوو، کە حوکمڕانیی قەڵادزە و ڕانیەیان ئەکرد. هیچ گومان نییە کە سەرەك عەشایر و عەشیرەتەکەیان وەکوو هەموو کوردێك ئەوانیش ڕەنجیدە و دڵشکاو نەبووبن له کردەوەی ئینگلیزەکان. له عەشایری پشدەری، بەرەی عەباس ئاغای مەحموود ئاغا و عەشیرەتی مەنگوڕ، ئاکۆ، لەشکری زۆر بە نهێنی کۆبۆوە و له ناکاو چوارلایان گرتن، ئەوەی بەدەم

جەنگەوە ویستی خۆی دەرکات، تووشی مەرەزە و جۆگەئاو بوون، پەرێشان کران[*]. بەڵام مێجەر ئەدمۆندس[**] و چەند ضابطێکی ئینلگیز خۆیان گەیاندە دێی (سەرخومە)[***] لای سوار ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی بڵباس کە بە یەکەمین دوژمنی خۆیان ئەزانی، پاراستنی لە کوشتن، میوانداریێکی بەڕێزی کردن. ڕەوشتی کورد ئەمەیە؛ هاوڕێی لێقەوماوە، دۆستی تەنگانەیە، با دوژمنیش بێت.

## کوشتنی بۆند حاکمی چەمچەماڵ و مێجەر ماکەنت:

لە پاش محەموود خدر، کەریم بەگی هەمەوەند و سەیید محەمەدی جەباری ڕێگەی سلێمانی– کەرکووکیان بەتەواوی بەست، حکوومەت کەوتە سەخڵەتی، لە ڕق و بەرامبەر بە بەدکاریی ئینگلیزەکان کۆمەکیان ئێجگار زۆر بوو. کەپتان بۆند ویستی بە قسە کەریم بەگ بخەڵەتێنێ، پێی گەیاند کە لە (مۆرتکە)[****] لای فەقێ محەمەدی مودیری ناحیە، کە ئەویش هەمەوەندە، یەکتر ببینن.

بەڵام بۆ دووەم جار وای بە باش زانی کە لە بناری چیای هەنجیرە یەکدگیر ببن و بچن بۆ مۆرتکە. لەکاتی یەکدگیری و بەڕێوە چەند قسەیەکی ناشیرین بە کەریم بەگ ئەڵێت، کە زۆر بە گرانی ئەزانێت، فەرمانی کوشتنی دان. کوشتنیانن و هەر لەوێوە چوون بۆ ڕەواندز و ئەمانیش دایانە کۆمەکی ئووزدەمیر. بەڵام زۆر خۆش بوو کە تا دە ڕۆژیش لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[*] قیوای میللی و عەسکەریی ڕەواندز بە قوماندانیی ئووزدەمیر، پاش گرتنی ناودەشت لە ١٩٢٢/٨/١٢دا، ٨/٣١ دەربەندی ڕانیەی لە هێزەکانی ئینگلیز پاك کردەوە (حکومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤، ل٨٢).

[**] سیسیل جۆن ئەدمۆندز، ١٨٨٩ لەدایكبووە. زانستگەی کامبریحی تەواو کردووە. ١٩١٣ جێگری قونسڵ بووە لە بووشەهر. ١٩١٥ هاتە عیراق، پتر لە ٣٠ساڵی تەمەنیی تێدا بەسەر برد. ١٩٢٢–١٩٢٥ ڕاوێژکاری سیاسی و موفەتیشی ئیداریی سلێمانی و کەرکووك بووە. ١٩٢٥ ئەندامی وەفدی عیراق بووە لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلاندا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ویلایەتی مووسڵ. ١٩٣٥ بووە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ. نووسینی بڵاوکراوەی سەبارەت بە کورد زۆرە. ١٩٧٩/١٠/٢٦ کۆچیدوایی کردووە (تۆفیق وەهبی و سی. جەی. ئەدمۆندس، فەرهەنگی کوردی– ئینگلیزی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣).

[***] سەرخومە: دێیەکی ناوچەی ڕانیە.

[****] مۆرتکە: دێیەکی ناوچەی بازیان.

دێهاتی سلێمانیدا بە فڕۆکە بۆیان ئەگەڕان و نزیکەی سەد چووغڵ– جاسووسیان بڵاوکردبۆوە، کەچی نەیانئەزانی کە چوون بۆ ڕەواندز[*].

**کەپتان کووک، حاکمی ڕانیە:**

لەو کاتە ناسك و پڕ ئاشووبەدا، ئینگلیزەکان خۆگیریی خراپەنەکردنیان پێ نەئەکرا، لە هەموو جێگایەك، بێجگە لە فرۆمایە و بێسەرمایەی ڕەوشتوخووی باش، کەس نەمابوو دۆستیان بێت.

لە ڕانیە فەتاح بەگ کە لە خێزانێکی ناسراو و پیاوێکی ڕاست و بەقۆناخ بوو، هەمیشە خۆی لە چاکە و خراپەی ئینگلیزەکان ئەپاراست، حاکمی ڕانیە کپتان کووك خۆشی نەئەویست، ڕۆژێك بانگی ئەکاتە سەرای و لە ژوورەکەی خۆیدا ئەڵێت: فەتاح بەگ وەرە شێر و خەت بکەین لەسەر دڵخواز، ڕووپیەیەك هەڵئەدا. ئەڵێت بزانە چییە؟ لەوکاتەدا کە دائەنەوێتەوە، دوو دەمانچەی نا بە تەپڵی سەریەوە و کوشتی، بەڵام لەم پیاوکوژە پرسیارێك نەکرا، چونکە ئینگلیزە. سەرەکعەشیرەتەکانی ڕانیە ئەم کردەوەیەیان بە کێویەتی زانی، ئەمانیش بوون بە هاوکار و بیری ئووزدەمیر.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**کۆمەڵەکان و خێزانی حوکمدار:**

عەشایرەکان هەموویان بوون بە هاوکار و بیری کۆمەڵ، لە هەموو لایەکی کوردستاندا تەقە دامەزرا و لەم کاتەدا خێزانی حوکمداریش گەیشتنەوە سەر ئاوەڕێزی عیراق– ئێران وە لەناو کوردەکاندا لە لایەن کۆمەڵەکانەوە بە ناوی خێزانەکە "عایشە خان" کچی نەقیب و خێزانی حوکمدارەوە نامەیەکیان نارد بۆ مێجەر سۆن، کە ڕێگایان بدرێت بۆ گەڕانەوەیان، لە لایەن خۆیشیانەوە نامەیەك نێررابوو.

١– بەو مەرجەی تێکەڵ بە هیچ ڕوودار و سیاسەتێك نەین.

٢– لە داریکەلی وەیان لەو جێگایەی حکوومەت پیشانیان ئەدا، دانیشن.

٣– پێچەوانەی یاسای حکوومەت هیچ نەکەن.

---

[*] کەریم بەگ ڕۆژی ١٩٢٢/٦/١٨ کاپتن بۆندی حاکمی سیاسیی چەمچەماڵ و کاپتن ماکانتی فەرماندەی لیڤیی لە نزیکی دەربەندی بازیان کوشت (کرد وترك وعرب، ص٢٢٣).

لەسەر ئەم ماددانە تەنیا بۆ گەڕانەوەی "حەفصەخانی نەقیب"* فەرمانی دا، نێررا بۆ حەفصە خان و هاتەوە. مێجەر سۆن خۆی ئەم کارەی پێخۆش بوو، چونکە وایان ئەزانی هاتنەوەی ئەوان، ئەم ئاگرەی کە لە کوردستاندا بڵێسەی ساندووە، دائەمرێتەوە. پاش ماوەیەکی تریش بۆ هاتنەوەی هەموویان فەرمانی دا و لە (داریکەلی) دابنیشن. شۆڕش تەنییەوە؛ لە بادینانەوە تا خانەقین کورد بە ناوی جەنگی کورد و ئینگلیزەوە کوردی ئەکوشت، چونکە سوپای لیڤی هەمووی کورد بوو، لە پێناوی سوودی ئینگلیزا بەکوشت ئەچوون. ئینگلیزیش بە بۆمبای فڕۆکە دێهات و چیای کوردی دابێژا. ئاژەڵ نەما، هەمووی کوشت، بەڵام کارێك بەسەر ئینگلیز هات، بوون بە گاڵتەی مناڵان، لە کۆڵانەکاندا دەستە دەستە بە گۆرانییەوە ئەم بەزمانەیان ئەگێڕا:

((طەیارە بە فیلوو ئەگەڕێت، سامە ئەینوێنێ

تا خەڵقی نەڵێن عەسکەری ئینگلیزە شکاوە)) ٢٠ی حوزیرانی ١٩٢٢

بۆ گەڕانەوەی ویلایەتی مووصڵ بۆ تورك، چاوڕاو، پروپاغەندە گەیشتنە ئەو پایەیە ئینگلیزەکانی وڕکردبوو، بەتایبەتی لە لیوای سلێمانی جێگەیەك نەما کە تۆزێك دەسەڵاتی حکوومەتی تێدا بێت، لە دەرەوە عەشایەر و چەکدار و لەناو شارییەکاندا بە هەڕەشە و نامەنووسین تەنگیان بە حکوومەت و بە تایبەتی بە مێجەر سۆن هەڵچنی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرەڕای چەکدار، باوی دەروێشی و تەپڵ و دەفیش لە کارا بوو، بە ڕاستی دەروێش ئینگلیزەکانی حەپەساندبوو و زۆر جێباوەڕە کە دەروێش لە چەکدار زیاتر بوون بە هۆی ڕووخاندنی قەڵای هیوای ئینگلیز. ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بۆ تواندنەوەی سیاسەتی ئینگلیزەکان کە لەڕوودا بوو، زۆر جار ئەگەر ضابطێك لە سەربازێکی لیڤی تووڕە ببووایە،

---

* حەپسەخان کچی شێخ مارفی نەقیبی نەوەی کاكئەحمەدی شێخە، ١٨٩١ لە سلێمانی لەدایکبووە. ئافرەتێکی هەڵکەوتووی بەخشندە و ژیر بووە، نەخشێکی بەرچاوی لە کاروباری کۆمەڵایەتیی ناوچەی سلێمانیدا هەبووە، لەوانە کردنەوەی قوتابخانەی زانستی بۆ پێخوێندنی ئافرەتان و خزمەتی لێقەوماوان و هەژاران. ١٥ی نیسانی ١٩٥٣ بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچیدواییی کردووە (جمال بابان، أعلام كُرد العراق، ص٢٦٨–٢٧٠؛ بۆ زانیاریی هەمەلایەنەیش لە بارەیەوە بڕوانە: درەخشان جەلال حەفید، ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٨).

یان فەرمانی گرانی بدایە، لەجیاتیی بەجێهێنانی فەرمانەکەی، دەستی ئەکرد بە خواردنی شتومەکی سەر مێزەکەی. کەمورزۆر نە ڕێزی یاسای عەسکەری و نە مەئمووراني تر نەما. ئەوەیش سەیر بوو، کەمورزۆر ئینگلیزەکان نەیانئەوێرا پەنجە بکێشنە ناو کاری دەروێشی، چونکە لە خریوێکی* ئاییني زۆر ئەترسان. ئینگلیزەکان بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەم کارە گەورە و ڕێكوپێکانە لەژێر پەردە و پیلانگێڕییێکی دانا و ڕێكوپێکدا بەڕێوە ئەبرێت، لەبەر ئەوە هەر بە تەماشا ردن و خوێنساردی ڕایانئەبوارد، چاوەڕێی دوای کاریان ئەکرد، بەڵام زۆر تەنگاو کران. ویستیان سیاسەت بگۆڕن و بڕیاریان دا کە شێخ مەحموود بهێننە کووەیت، ئەم باسەیان بڵاو کردەوە.

**شێخ مەحموود هێنرایە کوێت:**

لە لاپەڕەکانی ڕابوردوودا، گوزارش و هەڵسووڕانی کۆمەڵەکانتان خوێندەوە کە بەدوای کردگاری چەکدارەکاندا، باوی دەروێشی چۆن کەوتە کایەوە؟ کۆمەڵەکان یەکەیەکە بەبێ یەکترناسین لەکارا بوون. سەیر ئەوە بوو نەزانرا لەکوێوە وە کێ و چۆن ئەو دەستە بەهێزە بۆ ڕووخاندنی سۆن و حکوومەتەکەی لەکارایە. لە دەروێشە باوەڕپێکراوەکانی ئینگلیزیش بەبێ دانەوەی خوێنی نەتەوایەتییانەوە لەم کۆڕ و کایەدا کەوتوونە کار، چونکە کار زۆر نهێنی و پەنهانی ئەڕۆیشت.

نامەیەکی پچووك لە کۆمەڵی پزیشك بۆ مێجەر سۆن، وێنەیش بۆ مەندووبی سامی: ((ئێوە بە میوان ئەزانین، کورد لای شوورەیی‌یە وەزەنگی** بۆ میوان بێت. بەڵام چاکیی ئێوە لەوەدایە حوکمدار بهێننەوە، لە هەموو تەنگوچەڵەمەیەك ڕزگارتان ئەکات)).

ئیتر ئینگلیزەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بڵاویانکردەوە کە شێخ مەحموود گەیشتە: کوێت*** و ئەیانوت: ڕەنگە حکوومەتی فەخیمەی بەریتانیا بەم زوانە بیەوێت بیهێنێتەوە بۆ سلێمانی.

---

* خریو: غریو، نەعرەتە و هاواری بەرز و بەسام.

** وەزەنگ: زیان و ئازار.



بنکەی ژین www.zheen.org

**تەلگرافی جەژنەپیرۆزە بۆ حوکمدار:**

چووم بۆ پۆستەخانە، ڕەشید جەودەت لای عیززەتی تەل دانیشتبوو، لەپڕ وتی: بۆچی هاتوویت! تەل ئەنووسیت؟ وتم: بەڵێ، تەل بۆ شێخ مەحموود ئەنووسم. بە پێکەنینەوە کاغەزێکی خستە بەردەستم، وتی فەرموو بنووسە! نووسیم، پارەکەیم دا! ئیتر وتیان پچۆ لەناو شارا بڵاوی بکەرەوە، وا دیار بوو کە خۆیشیان نووسیبوویان.

لە ماوەی دوو ڕۆژا پتر لە سێ بەشی سلێمانی تەلی بۆ کوێت نووسی، نەزانرا مێجەر سۆن لەم بابەتەوە بیری چۆنە[*]، بەڵام وەکوو لافاو تەل ئەڕۆیشت. سۆن یان نەیتوانی وەیان نەیویست بەربەرستی بکات، چونکە کار لە کار ترازابوو و ئێجگاری ئاڵۆزا و کاری لە دەستدا پچڕا. بێگومان ئینگلیزەکان نەیانئەتوانی ئەم شەپۆلانە لە مەندووبی سامی بشارنەوە.

لە بادینانەوە تا خانەقین چەکدار وە دەروێش داگیری کرد و بە یەك زمان ئەوترا ((ئازادی، یان ڕۆیشتنی ئینگلیز)). ڕێگاوبان لە ئینگلیز بەسترا، دەستدرێژییان پێ نەئەکرا. لە شۆڕش و گیانیان ئێجگار زۆر ئەترسان.

ئەم جارەیش شێرەکەی ویلسن بەزی، کاری لێ تێك چوو. با ئەوەیش بڵێین مێجەر سۆن ئارەزووی بەرزکردنەوەی زمانی کوردیی ئەکرد، چەند نووسراوێکی دەستنووسی خۆی زۆر بەنرخی بە کوردی بەجێهێشت، لە زمانی کوردی بە زۆر شێوەو لە هەورامی و فارسی زۆر شارەزا بوو، بەڵام زۆردارییەکەی لە چاکەی پترتر بوو. باش تێگەیشتن کە کوردستان بەبێ شێخ مەحموود و شێخ مەحموودیش بەبێ ئازادیی کورد، کوردستانیان بۆ ساخ نابێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

*** شێخ مەحموود و شێخ محەمەدغەریب ڕۆژی ١٩٢٢/١/٢٧ هێنرانە کوێت (م. ڕ. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، لەندەن، ١٩٩١، ل٢٧٤).

[*] ئەو دەمە سۆن لە سلێمانی نەبووە، چونکە –ئەوەی زانراوە– سۆن لە ١٩٢١/٣/٥دا شاری بە دڵشکاوی بەجێهێشت و ئیتر نەهاتەوە (ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" ژ٤٦، ١٠ی مارچی ١٩٢١، ل٣– لە: ڕۆژنامەی پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ژمارە (١–١١٨)، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠١٢).

مێجەر سۆن چوو بۆ بەغداد، لەگەڵ حکوومەتەکەیدا گفتوگۆی کرد، پاش نزیکەی دە ڕۆژ گەڕایەوە بۆ سلێمانی بە فڕۆکە، لەگەڵ خۆی "مێجەر گۆڵدسمیث" ناوی هێنا و سلێمانیی پڕ لە ئاشووب و شێواوی دایە دەست.

بەدکاریی ئەو ضابطە سیاسییانە بوو بەهۆی کوشتنی زۆر ضابط و مەئموورانی ئینگلیز لە کوردستاندا. دوور نییە نەوەی ئەم کوژراوانە لە تۆڵەی باوکیاندا کارێك نەکەن کە ببێ بە هۆی وریاکردنەوەی ئەو زاڵم و ملۆزمانەی کە مافی یەکێك و یان گەلێك ئەخەنە ژێر پێ و بەدکاریی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد لە ئاوێنەی مێژووی بەریتانیادا پیشان نەدەن.

### گۆڵدسمیث:

حاکمی سیاسیی تازە لە جێگەی مێجەر سۆن دەستی کرد بە پێکهێنانی کاروباری سلێمانی. پیاوێکی لەسەرخۆ و بە کارزان بینرا، بەڵام هاتبووە جێگەی پیاوێکی خراپ. گۆڵدسمیث، لە پاش دوو ڕۆژ، کۆمەڵی بەڕێوەبەری کۆکردەوە، کەوتە پرس وەرگرتن. ئەو پیاوانەی لەم کۆمەڵەدا بوون، ئەمانەن کە کۆمەڵێ پیاوانی شارن:

١- عەبدولفەتاح چەلەبی.

٢- حاجی سەعید ئاغا.

٣- حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا.

٤- حەمەد بەگی فەتاح بەگی بابان.

٥- عەزمی بەگی بابان.

بێجگە لەم کۆمەڵەیش، لەگەڵ زۆر چینی تری شاری سلێمانی لە کارەسات و چۆنیەتیی کار دوان. تێگەیشت و تێگەیەنرا کە ئەم شۆڕش و ئاشووبە بە شێخ مەحموود نەبێت چارە ناکرێت، چونکە سیاسەت و پروپاغەندەی ئووزدەمیر لە بادینانەوە تا سلێمانی پەرەیسەند، لە هەموو لایەکەوە چەکداری کورد دەستدارە و حکوومەت بێدەست، دەرویشی سیاسەتی ئینگلیزەکانی بە جارێك لەناو برد. جا وا تێگەیەنرا کە تاوەکوو مێجەر سۆن کوردستانە دروستنەکراوەکە بەجێنەهێڵن، پێویستە شێخ

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەحموود بێتەوە، ئازادیی کورد بدرێت و کورد و ئینگلیز بە دۆستی بژین. مێجەر گۆڵدسمیث ماوەی وەڵامی ئەدا، هاونشینیی ئەکرد، لە پرسیار چەکەرەی نەئەکرد و ئەیزانی ئەو ڕۆژە نییە ئەمیش هەر بە ئینگلیزیەتی بەرێوەبچێت.

خوێندەواری خۆشەویست، لە پێناوی لەگامی و کارنەزانیندا ئەم ضابطە سیاسییانە خۆیان بە کوشت دا وەیان بەکوشت دران، ئەم کوشتارە بێجگە لە لیوای سلێمانی‌یە.

١- لە هەولێر: موعاوینی حاکمی سیاسی و مودیری پۆلیسی هەولێر لەبەر دەرگای تیاترۆدا حاجی سەعید ئاغا کوشتی.

٢- لە مووصڵ: ١) کۆلۆنێل لیچمەن حاکمی سیاسیی مووصڵ، لە خان زاری کوژرا ٢) بێڵ موعاوینی حاکمی سیاسی لە مووصڵ کوژرا.

٣- لە زاخۆ: ١) کەپتان وۆکەر ٢) پێرسون ٣) بارسن ٤) ویکلی لە جەنگدا کوژران.

٤- لە ئامێدی: ١) کەپتان ویلی ٢) کەپتان ماك دۆناڵد.

٥- لە عەقرە: کەپتان سکۆت.

٦- مزوورکیی ئامێدی: ١) کەپتان لویس ٢) مێجەر شبرد ٣) لێفتننەت ڕووس [5].

ئەم ضابطە بەدبەختانە بوون کە بەریتانیای گەورە سیاسەتی کوردستانی پێ سپاردبوون. کورد بە هیوای بەریتانیا بوو کە حکوومەتێکیان بۆ دروست بکات، ئەویش کوردستانی کردبوو بە قوتابخانەی ضابطەکانی، فێری سیاسەتیان بکات، بە ڕاستی دەرسی باشیان وەرگرت. هیچ دوور نییە ئەم کارەساتەی ئینگلیز لە کوردستان‌دا بینیی، ئەو گیانبەختکردنەی لە ڕێگەی ئازادیدا کورد ئەیزانێت بەختی بکات، لە مێژووی تازەی بەریتانیادا نەنووسرێت وە ببێت بە مایەی شەرمەسارییان بەرامبەر بە نەوەی تازەیان.

گۆڵدسمیث بە ژیرانە کەوتە خوار و ژووری گەل و لاواننەوەی کاربەدەستان، بەڵام کۆمەڵەکان وریا بوون، بە یەکدوو نامەی سەخت وریایان کردەوە، تێیانگەیاند کە ڕێگای ڕاستی ڕزگاری لە شۆڕش و دەرویش؛ دانی ئازادی و گەڕانەوەی شێخ مەحموودە.

---

[5] ثورتنا في الشمال، مامۆستا "غلامی" [عبدالمنعم الغلامي].

لە هەموو کوردستاندا تەنیا ڕۆژنامەکەی "پێشکەوتن"ی مێجەر سۆن هەبوو، کە ئەمیش لەو ڕۆژنامانە نەبوو داوای کورد بدات. جا هەلێکی باش بوو، بۆ داواکردنی ڕۆژنامەیەکی باشی لە حکوومەت دوور. حاجی مصطەفا پاشا* لە باوی عوثمانییەکاندا و کاتی شۆڕشەکەی کەمالییەکاندا میرلیوای ئەرکانی حەرب و ڕەئیسی مەجلیسی عورفیی عەسکەری بوو لە ئەستەنبووڵ، بڕیاری خنکاندنی مصطەفا کەمال پاشای دەرکردبوو. لە کاتی گرتنی ئەستنبووڵدا لە لایەن کەمالییەکانەوە، لە ترساندا ئەو خۆی دەرباز کرد و هاتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی، شاری سلێمانی، لە تورکیای تازەدا بە "نەمروود" ناو ئەبرێت، ئەم هەلەی بە باش زانی، داوای دەرهێنانی ڕۆژنامەیەکی سیاسیی لە گۆڵد سمیث کرد: زۆر بە ئاسانی ڕێگەی پاشای دا بۆ ڕۆژنامەیەکی تازەی سیاسی لە جێگای پێشکەوتن و داخرا.

لە ڕۆژی ٢١ی تەمووزی ١٩٢٢دا مزگەوتی "سەیید حەسەن" لە لایەن پاشاوە کۆبوونەوەیەك کرا بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە و کۆبووەکانیش ٢٤ کەس بوون و ١٣ کەسیان لێ هەڵبژارد. ئەوا لە خوارەوە ناو و چەندیەتیی دەنگیان ئەخوێنینەوە.

لە ١٠٠

| دەنگ | ناو |
|---|---|
| ٦٥ | ڕەفیق حیلمی** |

بنكەی ژین
www.zheen.org

* مستەفا پاشا کوڕی عەزیز یامولکییە، ١٨٦٦/١/٢٥ لە سلێمانی لەدایكبووە. دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵە ١٨٨٥. پلەکانی لە سپای عوسمانیدا بەرز بووەتەوە تا گەیشتووەتە میرلیوا. وەزیفەی جیاجیای عەسکەریی هەبووە. ١٩١٣ خانەنشین کراوە. ١٩١٩ کراوە بە والیی ویلایەتی خوداوەندکار و پاشان سەرۆکی دیوانی عورفیی یەکەم بۆ حوکمدانی کەمالییەکان. ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان– ١٩١٨ بووە. ١٩٢١/١٠/٤ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، بووەتە سەرۆکی جەمعییەتی کوردستان–١٩٢٢ و ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"ی دەرکردووە. لە دووەم حوکمداریی شێخ مەحموودا بە ڕەئیسی مەعاریف دانراوە. ١٩٣٦/١/٢٥ لە بەغدا کۆچیدوایی کردووە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٨–١٩).

** ڕەفیق کوڕی ساڵح کوڕی مارف ئاغایە، ١٨٩٨ لە کەرکوك لەدایكبووە. قوتابخانەکانی ڕوشدییە عەسکەریی سلێمانی و ئەعدادیی عەسکەریی بەغدا و ئەندازەی ئەستەمووڵی تەواوکردووە. لە کەرکووك و

٦٢ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ*

٥٤ صالّح ئەفەندی قەفطان**

---

سلێمانی و هەولێر و بەسرە و ناسرییە و مووسڵ و بەغدا و باقووبە و عیمارە مامۆستایی و موفەتیشی و بەڕێوەبەرێتیی مەعاریفی کردووە. دامەزرێنێکی (کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان-١٩٢٠) و ئەندامی (جەمعییەتی کوردستان-١٩٢٢) و (کۆمەڵی پشتیوانی کوردان- ١٩٢٨) و (کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان-١٩٢٩) و سەرۆکی حیزبی (هیوا) بووە. چەندین جار لەبەر هەڵوێستی سیاسی دوور خراوەتەوە بۆ شارەکانی دیکەی عیرق. شاعیر و وتارنووس و سیاسەتمەدار بووە. ١٠ کتێب و نامیلکەی بڵاو بووەتەوە. ١٩٦٠/٨/٤ بە خوێنپژانی مێشك کۆچیدوایی کردووە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ل١٢-١٣).

* ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (١٨٩٨-١٩٦٣/١٢/١٣)[٦] ، لە بنەماڵەی ناسراوی (خەندان)ی سلێمانی و یەکێکە لە گەورەپیاوانی ناوداری یەکەم نیوەی سەدەی ڕابردوو لە کوردستانی جنووبیدا. نێوان (١٩٢٥/٣/٧-١٩٢٧/٤/٩) یەکەم موتەسەڕیفی حوکمی پاشایەتیی عیراق بووە لە لیوای سلێمانی. دوای ڕۆژی شەشی ڕەشی ئەیلوولی ١٩٣٠یش، کە خەڵکی سلێمانیی بە کوشتاری شەڕی بەردەرکی سەرا تێدا دڵشکاو و نائومێد بوون، حکوومەت بە گونجاوترین کەسی زانیوە بۆ ئارامکردنەوەی ئەو بارودۆخە شلۆقەو دڵدانەوەی خەڵکی شار. بۆیە نێوان (١٩٣٠/٩/٢٨-١٩٣٥/٤/٢٤) دانرایەوە بە موتەسەڕیفی ئەم لیوایە. لەوەبەدوایش تا ١٩٣٩/٤/٢٤ هەر موتەسەڕیفی لیوای هەولێر بووە. ساڵی ١٩٤١، خانەنشین کراوە و بە یەکجاری لە وەزیفە دوور خراوەتەوە. لە دەهەم خول (١٩٤٣/١٠/٩-١٩٤٤/٥/٣١)ی هەڵبژاردنی پارلەمانی پاشایەتیدا، بە نائیبێکی لیوای سلێمانی هەڵبژێردراوە. دوادواییەکانی ساڵانی چل، دیسان داوای لێ کراوە ببێتە نائیبی سلێمانی، نەیکردووە. پاشتر لێی ویستراوە ببێتە بەڕێوەبەری گشتیی ئینحیساری تووتن، ئەویشی ڕەت کردوەتەوە. وەختێکیش "سالّح بەگی حوسنی پاشا"ی زاوای شەریف پاشان خەندان، ساڵی ١٩٥٨ پێش ١٤ی تەمووز، لە قاهیرە هاتوەتە بەغدا بە"ئەرشەد ئەلعومەری"ی هاوڕێی قۆناغی خوێندنی ئەستەموولیی وتووە، ئەحمەد بەگ بکرێتە (عەین) لە ئەنجومەنی ئەعیان، بەڵام شۆڕشی بەسەردا هاتووە. ساڵی ١٩٦٣یش لە بەغدا نەخۆش کەوتووە و پاشان کۆچیدوایی کردووە (سدیق سالّح، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ: بەڵگەنامە و هەڵوێست، گۆڤاری "سلێمانی"، سلێمانی، ژمارە ٢٣، حوزەیرانی ٢٠٠٢).

** سالّح کوڕی عەبدوڕڕەحمانی مەحموود ئەحمەدی قەفتانچییە، ١٨٨٤ لە سلێمانی لەدایکبووە. مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵی تەواو کردووە. تا تەممووزی ١٩١٤ ئەفسەر بووە، پاشتر لەبەر نەخۆشیی دڵ کراوە بە مامۆستا. لە سلێمانی و کۆیە وەزیفەی مامۆستایی و بەڕێوەبەریی دیوە. ١٩٣٦ خانەنشین کراوە. ١٩٦٨/٨/٢٩ کۆچیدوایی کردووە. ئەندامی جەمعییەتی کوردستان و جەمعییەتی زانستی کوردان و بەرپرسی ژمارەکانی هەووەڵی ڕۆژنامەی "زبان" بووە، وتاری لە "ژیان" و "ژین" و "گەلاوێژ"یشدا بڵاوبووەتەوە. پێنج کتێب و

**٤٥ فائیق بەگی مارف بەگ**

**٤١ ئاغا فەتحوڵڵا**

**٣٩ عیززەت بەگی وەسمان پاشا***

**٣٨ ئەدهەم ئەفەندی**

**٣٦ ئەحمەد بەهجەت**

**٣٢ شێخ محەمەدی گوڵانی****

**٣١ شێخ عەلیی سەرکار**

**٢٩ عەلی ئەفەندیی باپیر ئاغا***

---

نامیلکەی بڵاوکراوەی هەن (ڕۆژنامەی ژیان، ب٢، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٣–٤٤).

* عیززەت بەگی وەسمان پاشای حەمەپاشای جاف، ١٨٩٥ لەدایکبووە. مامۆستانی تایبەت فێری خوێندنەوە و نووسینی کردووە. خەریکی موڵکداری بووە. ئەندامی جەمعییەتی کوردستان–١٩٢٢و مەجلیسی تەئسیسسی عیراق–١٩٢٤و جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن–١٩٢٥و هەیئەی وەطەنییە–١٩٣٠ بووە. لە ١٩٢٣دا، ١٢ ڕۆژێك سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانیی بەڕێوە بردووە. لە هەرسێ خولی هەشتەم و نۆیەم و دەیەمی پەرلەمانی سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا بە نائیبی سلێمانی هەڵبژێردراوە. ١٩٤٥/٧/٢٨ کۆچیدوایی کردووە و لە گردی حاجی ئەوڵای گەورە نێژراوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٥، کانوونی یەکەمی ٢٠١٣).

** شێخ محەمەدی گوڵانی کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ قادری گوڵانییە، بنەماڵەکەی دەچێتەوە سەر پیرخدری شاهۆ. ١٨٦٧ لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. شێخ قادری باپیری چواردە دێی لە زەمانی بابانەکاندا هەبووە. کە هاتووەتە سلێمانی، بووەتە یەکەم پێشنوێژی مزگەوتی (قامیشان) لە گەڕەکی کانێسکان کە لەسەر موڵکی ئەو بنیات نراوە. پاش مردنی شێخ قادر، شێخ مستەفا و شێخ محەمەد جێیان گرتووەتەوە، کە گۆڕیان لە ناو مزگەوتەکەیە. شێخ محەمەد هەم پێشەوایەکی ئایینی، هەم موڵکدارێکی خێرەومەند و خەریکی کشتوکاڵ بووە و لە گرانیدا فریای هەژاران کەوتووە. ١٩٢٢/٧/١٧ بە ئەندامی یەکەم دەستەی بەڕێوەبردنی جەمعییەتی کوردستان هەڵبژێردراوە لە سلێمانی. ئەندامێکی چالاکی (هەیئەی وەطەنییە) بووە و لەبەر بەشداریی لە جموجووڵەکانی ساڵانی بیست و ١٩٣٠دا، پاش شەڕی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرا گیراوە و دوورخراوەتەوە. تشرینی دووەمی ١٩٣٥ کۆچیدوایی کردووە و شەش کوڕ (ئەحمەد، مستەفا، تەیب، ڕەزا، جەعفەر، بەکر) و سێ کچ (زەکیە، عائیشە، بەهێ)ی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە (سێ لاپەڕەی دەستخەتی ژیاننامەکەی کە نەوەیەکی ئامادەی کردووە).

نیکەی ژین www.zheen.org

٢٤ عەبدوڵڵا ناجی

٢٤ شوكری ئەفەندیی عەلەكە

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەوەپێش نووسەری ڕۆژنامەی "نەجمە"** بوو لە كەركووك، بە زمانی توركی زنجیرەی نووسینی (شرق ناپلیونی مصطفی كمال)ی ئەنووسی. حاجی مصطەفا پاشا لەم زنجیرەیە زۆر دڵگیر بوو وە زۆری پێ‌ناخۆش بوو. لەوكاتەدا كورد و ئینگلیزیش زۆر ناحەزی تورك بوون. بۆ ئەوەی ڕەفیق حیلمی لەو نووسینە دوور بخاتەوە، هێنایە سلێمانی و پاشان لەگەڵ خۆی تێكەڵ بە كاروبار و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەكەی خۆی كرد. ڕۆژنامەكە بە ناوی "بانگی كوردستان"ەوە فەرمانی دەرهاتنی درا، ئەمیش حەفتەیی بوو.

بێجگە لە ژمارەی یەكەمی، نووسراوەكانی ئەمیش بەلای كۆمەڵەكانەوە پەسەند نەئەكرا و باسەكان بەپێی كات نەئەنووسرا وە نەچووە ژێر پرۆگرامی كۆمەڵەكان.

ڕۆژنامەی "بانگی كوردستان" گەیشتە هەندەران. ضابط و ئاوارەكانی كورد بۆ گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانیان داوای یارمەتییان ئەكرد، یەكەمین نامە لە لایەن ئەم كەسانەوە هات و لە ڕۆژنامەكەدا بڵاو كرایەوە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

---

* عەلی كوڕی باپیر ئاغا كوڕی چراغە، ١٨٨٦ لە سلێمانی لەدایكبووە. لە لای خواجە ئەفەندی خوێندوویە. پاشتر وەزیفەی كاتب و مەئمووری ئەراقی گوومرگ و سەركاتبی گوومرگ و كاتبی عەماری ئازووخە و كارمەندی داراییی دیوە. ئەندامی جەمعییەتی كوردستان– ١٩٢٢، هاوكاری دەركردنی گۆڤاری "بانگی كورد–١٩١٤"، نووسەری هەردوو ڕۆژنامەی "بانگی كوردستان" و "ڕۆژی كوردستان" بووە. ١٩٢٩ ساڵێك لە لای شێخ ماوەتەوە لە پیران و نوێنەرایەتیی كردووە لای كاربەدەستانی ئێران. ١٣ ساڵ لە كەركووك دانیشتووە. ١٣ كتێب و نامیلكەی لە چاپ داوە (ڕۆژنامەكانی سەردەمی حوكمی شێخ مەحموود، ل١٦–١٧).

** ڕۆژنامەیەكی توركی بووە، كاربەدەستانی ئینگلیز پاش داگیركرانی كەركووك لەو شارە دەریانكردووە. یەكەم ژمارەی ١٩١٨/١٢/١٥ و ژمارە ١٢٨٢ی ١٩٢٦/١٠/١٥ دەرچووە، پاشان لە ١٩٢٦/١١/١٢ەوە بە ناوی "كەركووك"ەوە درێژەی هەبووە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عطا ترزی‌باشی، كركوك مطبوعات تاریخی، قسم ١، كركوك، ٢٠٠١، ص٨٧–٩١).

١- بینباشی ئەمین زەکی [*]، کە لە عیراقدا گەیشتنە پایەی وەزیری.

٢- بینباشیی ئەرکانی حەرب مصطەفا کامیل.

٣- یووزباشی زەهاویزادە.

٤- نووری ثابیت.

٥- دکتۆر ئیبراهیم ئالووسی.

نامەکە لە ڕۆژی ١١ی تەمووزی ١٩٢٢ لە ئەستانبووڵەوە نووسرا و نێرراوە، لە "بانگی کوردستان"، ژمارە ٤ و ڕۆژی ٢٨ی ئاغستۆسدا بڵاوکرابۆوە.

لە نامەکەدا ئەڵێن؛ زۆر عەرەب و کوردی پەرێشان لە تورکیادا ماوەتەوە کە ئەمانەن پاشەڕۆکی جەنگی یەکەم و بەبێ ئیشوکار و بە پەرێشانی ئەژین، داوای یارمەتییان بۆ ئەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان و بە جیایش نامەیان بۆ مەندووبی سامیی عیراقیش نووسیبوو.

ئینگلیزەکان نەیانئەویست لە کوردستاندا خوێندن هەبێت و خوێندەوار بمێنێت، ماوەی کردنەوەی قوتابخانەیان نەئەدا، ئیتر چۆن دڵی بەو ئاوارە خوێندەوار و زانایانە ئەسووتا کە لە تورکیاوە بیانهێنێتەوە بۆ وێزەی گیانی خۆی.

باوی دەروێشی و هێزی چەکدار: بە تەواوی تەنگی بە ئینگلیز هەڵچنی، زەوییان لێ بوو بە کوانووی ئاگر، کورسی و تەختیان پێ لەق کرا، لە هەموو لایەکەوە وەکوو باران نامە بەسەر ئینگلیزەکاندا ئەڕژا، بۆ ١) هێنانەوەی حوکمدار، ٢) بەجێهێنانی بەڵێنەکانیان کە ئازادیی کوردە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[*] محەمەدئەمین زەکی کوڕی مەحموود سادق باپیر، ١٨٧٩ لە سلێمانی لەدایکبووە. مەکتەبی حەربییە و ئەرکانی ئەستەمووڵی لە ١٩٠٢دا تەواو کردووە. وەزیفەی جیاجیای لە سپای عوسمانیدا دیوە و بەشداری شەڕەکانی جەنگی گەورە بووە. ١٩٢٤ گەڕاوەتەوە بۆ وڵات. ١٠ جار وەزیری و ٥ جار نائیبیی پەرلەمانی دیوە. لە کۆتاییی تەمەنیدا تاسەر ئەندامی ئەنجومەنی پیران بووە. ١٩٤٨/٧/١٠ کۆچیدواییی کردووە. ١٠ کتێبی بە تورکیی عوسمانی، ٤ی بە کوردی و ٢ی بە عەرەبی هەن (سدیق ساڵح، ئەلبوومی محەمەدئەمین زەکی بەگ، بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠١٢، ل٧-٩).

زۆرتر لەوە زەندەقیان چوو، تێگەیشتن کە دەست و یەکیەتییەکی بەهێزە ئەم پرۆغرام و پیلانانە بەڕێوە ئەبات کە لە هەموو شار و قەضاکانی ئینگلیزی لێ هەیە و لە جێگا دوور و پەناکانیشەوە وەکوو یەك نووسراو و نامەکانیان بۆ دێت و پێیان ئەگات. حەپەسابوون، بە کوشتن و ڕۆیشتن –یانی دانی ماف– هەڕەشەیان لێ ئەکرا.

**تەلگرافی گۆڵدسمیث:**

لە ناکاو، لە ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"دا لە لایەن حاکمی سیاسیی سلێمانی‌یەوە لە ژمارە ٥ و ڕۆژی ٤ی ئەیلوول و ٩ی موحەڕەمی ١٣٤١دا ئەم باسە بڵاوکرایەوە. لە بابەت دامەزراندنی کاری کوردستانەوە، لە مێژەوە حاکمی سیاسیی سلێمانی لەگەڵ مەندووبی سامی، ئەویش لەگەڵ لەندەن خەریکن، ئەوا ئێستا ڕێگا درا بە حاکمی سیاسی مێجەر گۆڵدسمیث.

ئەوا بڵاو کرایەوە، بۆ ئەوەی بەم زووانە بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کوردستان بڕیار بدرێت، بە هەموو دانیشتووانی سلێمانی و بە هەموو جێگایەکدا بگەیەنرێت کە بیری خۆیان پیشان بدەن، چونکە مەندووبی سامی لەگەڵ لەندەن خەریکی ڕێکخستنی ئەم پێویستەیە و بۆ هاتنەوەی شێخ مەحموود و شێخ محەمەدغەریب* لە کوێتەوە بۆ بەغداد لە لایەن حکوومەتی بەریتانیای گەورەوە ڕێگە دراوە.

---

* شێخ محەمەدغەریب کوڕی شێخ مارفی قازانقایە و زاوای شێخ مەحموودی حەفید، ١٨٧٣ لە دێی قازانقایە لەدایكبووە. سەرەتای خوێندنی بە فارسی و عەرەبی لە حوجرە دەست پێ کردووە. ١٨٩٣ لە دائیرەی ڕێژی (تووتن)ی سلێمانی دامەزراوە بە مانگانەی ٤٠٠ قرۆش و ئەو وەزیفەیەی لە گوڵعەنبەر (خورماڵ) و قەرەداغ دیوە. ١٨٩٥ بە ٣٠٪ی داهات کراوە بە مەئمووری ئەغنامی قەزای گوڵعەنبەر، ئەو کارەی دوو مانگ درێژەی کێشاوە. ١٤ی مایسی ١٩٠١ کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی سوورداش، ١٠ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ دەستی لێ کێشاوەتەوە. ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٠٢ بە ئیرادەی شاهانە کارێکی دیکەی پێ سپێردراوە. ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٤ کرایەوە بە وەکیلی بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداغ. ١٣ی شوباتی ئەو ساڵە بە فەرمانی موتەسەڕیفیەتی سلێمانی پاداشت کراوە. پێشتریش لە ١٩٠١دا پلەی وەزیفیی بووە بە سێیەم. ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٠٦ کراوە بە وەکیلی قایمقامی قەزای شاربازێڕ، تا ١٩ی مارتی ١٩٠٧ کە گوێزراوەتەوە. دەورانی یەکەم حکوومەتی کوردستان قایمقامی شاربازێڕ بووە. لە شەڕی دەربەندی بازیان (١٩١٩/٦/١٨)دا، لەگەڵ شێخی گەورەدا دیل کراوە و حوکمی پێنج ساڵ زیندان و

گۆڵدسمیث

حاکمی سیاسیی سلێمانی

شێخ قادریشیان لە هیندستانەوە گەیاندەوە بەغداد– داریکەلی وە هاتەوە بۆ سلێمانی*. ژن و پیاو و منالّی سلێمانی تا دێی (کانی گۆمە) چوون بە پیریەوە و بە هەردوو لای شەقامدا وێستا و بە درێژیی ڕێگا گوڵباران کرا تا گەیشتەوە ناو شار، ١ی ئەیلوولی ١٩٢٢ کاتژمێر (١)ی پاشنیوەڕۆ.

حاکمی سیاسی لە بەیانەکەیدا کە بڵاوی کردەوە، دەڵێت: ((پێویستە بیری خۆیان پیشان بدەن))، ئەی ئەو شۆڕش و پشێوییە و کوشتارە بۆ چییە؟ ئەو هەموو نامە و هاوارە کێ ئەیکات و لە کێی ئەبیستن؟ ئایا هەر کورد نییە بۆ ئازادی، بۆ سەربەخۆیی گەل داوا ئەکات! ئینگلیز نایدات)) و ئەبێت هەر ئینگلیزیش بیدات! ئەگەر لە قسە و ژوانیان ڕاست بن. بەڵام لە چاوڕاو زیاتر نەبوو، تەنیا پەرێشانی بوو بەشی کورد.

**ئینگلیز سلێمانیی بەجێهێشت:**

بە گەیشتنی شێخ قادر لە ناو سلێمانیدا ئاگری ئاشووب دامرایەوە، ئینگلیزەکان ترسیان نەما، بەڵام بەبێوچان کۆمەڵەکان لەودیو پەردەوە خەریکی کاری نهێنی بوون. پاش چوار ڕۆژ هاتنەوەی شێخ قادر، لەپڕ لە سلێمانیدا بانگی سەربەستی و ئیستیقلال درا، شاری و عەشایەر تێکەڵ بوون، شار و وڵات لەو شارە نەئەچوو کە مێجەر سۆن دەستداریی تێدا ئەکرد.

www.zheen.org

غەرامەی ١٠٠٠٠ ڕووپیە دراوە. دواجار پێکەوە دوور خراونەتەوە بۆ دوورگەی (ئەندامان)ی ناو دەریای هیندی. کۆتاییی ١٩٢٢ لەگەڵ شێخدا هاتوەتەوە بۆ سلێمانی. لەو حوکمدارییەدا بووە بە ڕەئیسی داخلییە، لە سێهەم حوکمداریشدا بە نائیبی حکوومەت و ڕەئیسی مەجلیسی میللی و داخلییە. تا ١٩٢٧ لەگەڵ شێخدا ماوەتەوە. تاسەر دڵسۆزی شێخ بووە و ١٩٦١/٤/٢٦ کۆچیدوایی کردووە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٢، ئەیلوولی ٢٠١٠).

* شێخ قادری حەفید کە پاش ئاوارەبوونەکەی دوای شەڕی دەربەندی بازیان، لە سەقز گیرا، تەسلیمی بەغدا کرایەوە. ١٩٢٠/٦/١٤ برایە بەسرە. ئەمجا لە ١٩٢١دا هێنرایە بەغدا. ئابی ١٩٢٢ ڕێی درا بێتەوە بۆ سلێمانی و سەرەتای ئەیلوول گەیشتە جێ (حکومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤، ل٦٨، ٦٩، ٩٠).

ڕۆژی ٤ی ئەیلوول شەش فڕۆکەی گەورە هاتە سلێمانی و نیشتەوە، ئیتر نە ئینگلیز لەناو شارا بینرا و نە کەس ئەیزانی ئەم فڕۆکانە بۆچی هاتوون. ڕۆژی ٥ ئەیلوول لە پێش گزنگدا گۆڵدسمیث و هەموو ئینگلیزەکان چوونە فڕۆکەخانە و بە شێخ قادریان گەیاند کە لەگەڵ لیژنەیەك بچێت بۆ لایان. لەسەر ئەو داوایە، لەگەڵ ئەم ناوانەی ژێرەوە گەیشتنە لای گۆڵدسمیث.

١- شێخ قادر.

٢- حاجی مصطەفا پاشا.

٣- حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا.

٤- عەبدولفەتاح چەلەبی.

٥- مەجید ئەفەندیی حاجی ڕەسووڵ ئاغا.

٦- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.

لەگەڵ گەیشتنی ئەم لیژنەیە، گۆڵد سمیث وتی: لە لایەن مەندووبی سامی لە بەغداوە فەرمانم پێدرا کە ئێستا سلێمانی بەجێ بهێڵین. عەسکەر، پۆلیس، چەك، پارە، خواردەمەنیمان هەموو لە جێگای خۆیدا بەجێ هێشت. ئیتر خۆتان بۆ کاری خۆتان تێبینی ئەکەن، ئەمەیش کلیلی خەزێنەیە بیدەم بە کێ وە کێ بە سەرۆك هەڵئەبژێرن؟!

لیژنەکە هەموویان وتیان تا حوکمدار دێتەوە، کلیل بدەن بە شێخ قادر و ئەو سەرۆکە، پێویستە بەبێ گیروگرفت شێخ مەحموود بنێرنەوە. لە پاش ماوەیەك چاوەڕێی حاکمی هەڵەبجە، چوونە ناو فڕۆکەکان و ڕۆیشتن- ٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢.

ئینگلیز سلێمانی‌یان بەجێ هێشت، ئاسایش گەڕایەوە، سوپا خرایە ژێر فەرماندەییی حاجی مصطەفا پاشا؛ خۆش ئەوە بوو کە پیاوخراپەکان بە سەرشۆڕی ئەسووڕانەوە. ئینگلیزەکان بڕیاری گەڕانەوەی شێخ مەحموودیان دا بۆ سلێمانی، بەڵام پاش مانەوەی لە بەغداد و چەند ڕۆژێك پاش بینینی مەندووبی سامی بۆ لێدوانی کاروبار و پێویستەکانی کورد و کوردستان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە سلێمانیدا، بە ناوی حکوومەتی کوردستانەوە شێخ قادر داوودەزگای بەڕێوەبردنی دامەزراند. دیسان زۆر کەس دەمیان لێ داچەقاند، وایان ئەزانی کە ئەو چەك و گەنجەی کە ئینگلیز بەجێی هێشتووە، بەخشراوە بە شێخ قادر.

ئەوانەی کەوا دوای ئەو باوەڕە کەوتبوون، شێخ عەبدولقادری گوللەنەبڕی سەنگاو، کەریم بەگی هەمەوەند، بە ناوی یاریەدانەوە گەیشتنە سلێمانی، بە نیازی کەلەپوور. کار بە توندی گیرابوو، کۆمەڵ لە کارا بوو، دەستدرێژی ڕووینەئەدا. بۆ دانانی پرۆغرامێکی بەڕێوەبردنی وڵات، لەسەر فەرمانی شێخ قادر کۆبوونەوەیەکی گشتی کرا. دەرگا بۆ گشت وازکرابوو کە لەسەر ئەم ماددانە وتوێژ بکرێت.

١. تا گەیشتنەوەی حوکمدار، هەڵبژاردنی دە کەس بۆ دامەزراندنی ئیشوکاری حکوومەت.

٢. بۆ بەربەستی چاوڕاو.

٣. دانانی پرۆغرامێك بۆ پێکهێنانی هێزێك، ئەگەر هاتوو ئینگلیز وەیان بێگانەیەك ویستی دەستدرێژیی کرد بۆ سەر ئەم حکوومەتە تازەیە.

جا بێگومان لە سەرەتای کۆبوونەوەدا هاوار و چەپڵە بۆ سەرکەوتنی کورد و ژیانی حوکمدار بوو. لە ماوەیەکی کەمدا کۆبووەکان بوون بە دوو بەش.

١- ڕەضا بەگ و کوردخواە.

٢- کەریم بەگ و تورکخواە (جلخوار).

تورکخواهەکان، بەبێ شەرم بۆ ژیانی ئەتاتورك و ئووزدەمیر بانگیان ئەکرد، هانی کەریم بەگیان دا بۆ هەڕەشە و چەكبەکارهێنان. کار کەوتە ترس و ناسکی. لەپڕ یەکێك بانگی کرد سوپای تورك گەیشتە (کانیی ئاسکان). ئیتر کۆمەڵ بڵاوەی کرد، هەر جلخوار بوو بە ڕاکردن بۆ بەپیرەوەچوون ئەچوون بۆ (کانی ئاسکان). سلێمانی چۆڵ بوو، بەڵام درۆ بوو! ئەم پیلانە لە لایەن قومیسەری پۆلیس حیلمی "حەییووم" ناوی جوولەکەوە مەردانە پێك هێنرا، کە بینبی کار گەیشتۆتە ناخۆشی و چەك.

جا لە کاتی ئەو مژدەیەدا بۆ ئەوەی بیکات بە دیاریی دەستی خۆی، کەریم بەگ "حاجی مصطەفا پاشا"ی گرت و دایە دەست پۆلیسخانە بینێرێت بۆ ئووزدەمیر.

بنکەی ژین www.zheen.org

بەرامبەر بەم دەستدرێژییە کۆمەڵەکان بڕیاریان دا کە بە خورتی پاشا ڕزگار بکەن و سلێمانی لە سوارەی عەشایەر پاك بکەنەوە و دەریان بکەن. ئەم پرۆغرامە بە شێخ قادریش گەیەنرا. ئەم باسە گەیشتە کەریم بەگ، شەو سلێمانیی بەجێهێشت و ڕۆیشت و پاشایش دەرهێنرا و هەموو کارێك ڕێگەی خۆی گرتەوە. جلخوارەکانی ناو شاریش ئەوەندە بەهێز نەبوون کە جێی ترس بن.

**ئاڵای کوردستان:**

ئەم جارەیش بۆ هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە مزگەوتی گەورەدا کۆبوونەوەیەکی ئێجگار گەورە و مەزن کرا. لە ڕۆژی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا بڕیار درا و کۆبوونەوەکان بەم پێیە وێستابوون:

١- ڕیزی سەربازان و مۆزیقا.

٢- ڕیزی قوتابیان و سروودی نیشتمانی.

٣- ڕیزی پیاوە ناسراوەکانی شار و عەشایەر.

٤- ڕیزی دانیشتووانی شار بە گشتی.

٥- ڕیزی مۆزیقای سلێمانی و سروودی ئاڵای کورد.

لە ژووروی ئەم ڕیزبەستانەوە کۆمەڵی دانایانی ئاینی، لە لایەن ڕەفیق حیلمی و یوونس عەبدولقادرەوە دوو وتەی زۆر نایاب و بەجەوهەر خوێنرایەوە و لە کاتژمێری ١٢ی نیوەڕۆژدا ئاڵای کوردستان لەسەر قشڵەی سوپای هەڵکرا بە ئاگردانی چەکەوە*.

ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"، ژمارە ٧، ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوول:

تەلگرافی مێجەر گوڵدسمیث لە بەغدادەوە.

لە لایەن حاکمی سیاسیی پێشووی سلێمانی "مێجەر گوڵدسمیث"ەوە ئەم تەلگرافە بۆ شێخ عەبدولکەریم** نووسرا.

* ئەم بەسەرهاتەی سێ لاپەڕەی پێشوو لە هەردوو ژمارەی (٦ی ١٩٢٢/٩/١٨) و (٧ی ١٩٢٢/٩/٢٢)ی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"دا بە درێژی بڵاوبووەتەوە (بڕوانە: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود).

بۆ جەنابی شێخ عەبدولکەریم لە کفری، ڕۆژی چوارشەمە ١٣ی ئەیلوول ئیمڕۆ شێخ مەحموود و شێخ محەمەدغەریب ئەگەنە بەغداد. بە ئەووەڵین فرصەت بۆ کفری حەرەکەت دەکەن. بەڵام بۆ بەعضــێ ئیش لە پێش بزووتنەوەدا لازمە مەندووبی سامی مشاوەرەی لەگەڵ بکات. هەتا خەبەری ترتان بۆ ئەنێرم ئینتیظارتان لە کفری پێویستە. هەرچ وەختێك شێخ مەحموود بۆ کفری حەرەکەت ئەکات، خەبەرتان بۆ ئەنێرم.

گوڵدسمیث

حاکمی سیاسی

ئەم تەلگرافەیش لە ژمارەی پێشووی "بانگی کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە. لە ڕۆژی ١٨ی ئەیلوولدا لە لایەن خۆی "حوکمدار"ەوە لە کفری داوای ئەم ناوانە کرا.

١- حاجی مصطەفا پاشا.

٢- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.

٣- حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا.

٤- عیززەت بەگی وەسمان پاشا.

٥- ئیبراهیم ئەفەندی- ضابط.

٦- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

** شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم کوڕی شێخ حسێن کوڕی شێخ عەبدولکەریمی قوتبە و دەچێتەوە سەر شێخ ئیسماعیلی ولیانی، ساڵی ١٨٧٧ لە دێی (قازانقایە)ی قەرەداخ لەدایکبووە. لەلای شێخ حەسەنی مامی و مەلایانی دیکەی تەکیەی قەرەچێوار خوێندوویە. پیاوێکی هەڵکەوتووی ناوچەکە و دەستڕۆی ناو خێڵاتی زەنگەنە و شێخانو جەباری و گل و جاف و ڕێبەرێکی تەریقەتی قادری و جێنشین (پۆستنشین)ی شێخ حەسەنی قەرەچێواری مامی بووە، لایەنگر و دەروێشی لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەبوە. زمانەکانی دیکەی وەك عەرەبی و فارسی و تورکیی زانیوە، دەستی شیعریشی هەبوە و ناسناوی "خادیم" بووە. چەند جارێك نوێنەرایەتیی شێخ مەحموودی کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا. دەستنووس و شیعر و نامەکانی پارێزراون. ساڵی ١٩٥٤، کاتێك شێخ مارفی کوڕی وەك پاڵێوراوێکی حیزبی شیوعیی عیراق سەرقاڵی هەڵمەتی هەڵبژاردن بووە، کۆچیدواییی کردووە. هەشت ژنی هێناوە و ١٠ کوڕ و ٧ کچی هەبووە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٢، ئەیلوولی ٢٠١٠).

ئەم لیژنەیە ڕۆیشتن و ڕۆژی ١٩ گەڕانەوە و گەیشتنەوە سلێمانی. بە بۆنەی کۆبوونەوەی عەشایەرێکی زۆری کورد و عەرەب لە کفریدا و لەگەڵ حوکمداردا ئەهاتنەوە بۆ سلێمانی، بڕیار درا کە بە سواری لە سەگرمەوە بێتەوە– ٢٠ی ئەیلوول.

٢٠–٢١، داریکەلی.

٢٢ی ئەیلوول لە سلێمانی و پایتەختەکەی خۆی؛ بڕیار درا و کۆمەڵەکانی سلێمانی کەوتنە پرۆغرام ڕێکخستن و ڕازاننەوەی شەقام و کۆڵانان و دووکانەکان و بڵاوکردنەوەی نامەی هاتنەوەی حوکمدار بەناو لادێ و عەشایرەکاندا. گەورەیی بە لێبوردن، دارایی، بە کۆشش دەست ئەکەوێت، بەڵام جەنگ بە هەردووکیان و سوپا ئەکرێت.

شێخ مەحموود

لە بیرتان نەچێت ڕۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩ لە ڕووی گێتیدا یەکەمین گوللە، گوللەی سوپای کورد بوو بە فەرماندەی حوکمدار، شێخ مەحموود نرا بە سنگی ئینگلیزەوە و داماوانی جیهانی ئاگادار کرد بۆ ڕزگاری.

برای بەڕێز، لە پێشەکیی هەموو نوسینێکدا پێویستە نووسەر پوختەی نیاز و ئاواتی خۆی بخاتە ڕوو، لە سەرەتای نووسینی (چیم دی)یەوە تا دوا پەڕە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و سەنگین لە ئاوێنەیەکی پاك و بێگەردا ببینرێت و ببێت بە یادێکی پیرۆز، بۆ ئەم نامیلکەیە زۆر کاتی خۆم تەرخان کرد. جا هیوادارم لە هەڵە و کەموکورتی چاوپۆشی بفەرموون.

**هاتنەوەی حوکمدار شێخ مەحموود:**

بیسترا کە شێخ مەحموود گەیشتۆتە کفری، دانیشتووانی سلێمانی خۆیان ئامادە کرد، کۆمەڵەکان لیژنە لیژنە کەوتنە پێکهێنانی بەپیرەوەچوون. ئێمە لەگەڵ شێخ ڕەئووف و باباعەلی چووین بۆ (داریکەلی)[*]، لە ماڵی شێخ ڕەئووف میوان بووین– ٢١ی ئەیلوولی ١٩٢٢.

---

[*] داریکەلی: دێیەکی ناوچەی بازیان.

ڕۆژی دوایی، لە کاتی نیوەڕۆدا چووین بۆ (چنارە) کە مەزەندە نیو سەعات لە داریکەلیەوە دوورە. لەوێ بەرەنگاری بەراییی سوارەی گەرمیانی بووین کە لەگەڵ حوکمدارا هاتبوون و لەگەڵ دەرکەوتن و بینینی حوکمدارا لێشاوی ژن، منداڵ، پیر و جوان وەکوو لافاو ئەجما و ئەهاژا. گەیشت، لەگەڵ بینیمان فەرمووی ئەحمەد یەکەمین تەل تەلەکەی تۆ بوو کە وەرمگرت.

بۆ ماوەی یەك سەعات، شەو لەماڵی شێخ ڕەئووف لەگەڵمان دانیشت، فەرمووی ئاگاتان لە مێجەر نۆئێل و پاشا "حاجی مصطەفا پاشا" بێت، بێخزمەت نەبن. من بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا پێشەکی سەرەوتارێکی کار بگەیێنم بە کۆمەڵ، بە هەلم زانی وتم: ئەم جارە مێجەر نوئێل چیمان بەسەر ئەهێنێت و بە کێمان ئەسپێرێت، ئازادین یان نا؟

فەرمووی، بام ئێمە ئینگلیز هەر بە فریشتەی چاکە بزانین، ئەگەر لەگەڵمان بوون لەگەڵ ئەبین، کورد مافی خۆی ئەوێت، چ ئینگلیس بێت و چ مینگلیس.

لە سپێدەی ڕۆژی ٢٢دا حوکمدار ڕوو بە سلێمانی کەوتە ڕێگا، چەندێتیی سوارە و پیادە لە خەملدا نەبوون. کەس لە هاتنی نۆئێل دڵخۆش نەبوو. ئەترسا ئەمجارەیش ببێت بە مەقاشی ئاگری شۆڕش هەڵگیرساندن بۆ کورد بەکوشتدان و هۆی خوێن ڕژاندنێکی تری وەکوو جاران. کار زۆر عەنتیکە ئەڕۆیشت، نەئەزانرا ئایا بەریتانییەکان سیاسەتەکەی خۆیان لە نۆئێل ئەشاردەوە، یان لەم پیاوە خراپتریان نەئەدۆزییەوە کە گەلێکی وا بێچارەی پێ پەرێشان بکەن.

جێباوەڕ نییە لە بیری چووبێتەوە کە بۆ دڵنەوازی ویلسن لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەیوت: ((کوردەکان پێیان خۆش نییە شێخ مەحموود حوکمداریان بێت))، کەچی ئێستا خۆی بەراییی سوارە و زەق زەق ئەبینێت، کە نەك هەموو کورد، عەشایرەکانی عەرەبیش کەوتوونەتە دوای و بانگی حوکمداریی بۆ ئەدەن. ئەو ماوە کەمەی لە داریکەلیەوە تا (کانیی گۆمە) * بە حەوت سەعات بڕرا، ٢٢ی ئەیلوول.

---

* کانیی گۆمە: دێیەکی ناوچەی سەرچنار.

له (کانیی گۆمه)وه تا سلێمانی، لەبەر ژن و پیاو، منالّ به چەپکەگوڵ و گۆرانی و چەپڵەڕێزان، عەشایەر و سوپایی به هاواری خۆش هاتنەوه و شیلنگی تفەنگ، مەئمووران و دانیشتووانی سلێمانی له پێش ئەسپی شێخ مەحموودەوه، به چەپڵه و پێکەنین ڕوو به پایتەختەکەی ئەڕۆیشتن. له کاتی ئەم بەزم و زەمزەمەیه به ڕاستی سەر سووڕ ئەما.

صدیق پاشای قادری*، به کامێرەکەیەوه به ڕێگەوه خەریکی وێنەگرتن بوو (له سوپای ڕووسیی قەیسەریدا جەنەڕاڵ "پاشا" بووه). به ڕاستی پیاوێکی زیرەك و وریا و قسەنەستەق و یەکێك بوو له ڕۆڵەکانی سلێمانی.

له سەرەتای شارەوه تا دیوانی حوکمداری ماوه ماوه له لایەن کۆمەڵەکانەوه کەوانه (طاق) دروست کرابوو و له سەربانەکانەوه به هەزاران چەپکه گوڵباران ئەکرا و له کاتژمێر (٥)ی پاشنیوەڕۆدا حوکمدار شێخ مەحموود له بەر دیوانەکەی خۆیدا پیاده بوو– ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢.

بەڵام دەنگی بژی حوکمدار و چەپڵه گوێی عاسمانی کەڕ ئەکرد. شێخ مەحموود وێستا، ڕووی کرده وێستاوەکان، وتی: براکانم، له پێناوی گەل و نیشتمانەکەماندا، له بەربەرەکانی، چەکبازی دوانەکەوتم. به برینداری له خنکاندنەوه بۆ هیندستان ئاواره

بنکەی ژین
www.zheen.org

* صدیق پاشای قادری ١٨٩١ له بەغدا لەدایکبووه. مەکتەبی حەربییەی ئەستەموڵی خوێندووه و بووەته ئەفسەری سوپای عوسمانی. له یەکەم جەنگی جیهانیدا، به دیلی کەوتووەته دەستی ڕووس. ١٩١٧ که شۆڕشی بۆڵشەوی قەوماوه، چووەته ناو سوپای سپیی ڕووس و شەڕی کۆمۆنیستەکانی کردووه. ١٩٢٠ گەڕاوەتەوه بۆ عیراق. له دووەم حوکمداریی شێخ مەحمووددا، کراوه به موفەتیشی عموومیی کوردستان، بەڵام هەلومەرجەکەی بەدڵ نەبووه و چووه بۆ بەغدا. ١٩٣١ خراوەته سەر وەزیفەی حکوومەتی و بووه به بەڕێوەبەری چەند ناحیەیەك، پاشان قایمقامی شارباژێڕ–ئابی ١٩٣٨، قایمقامی مەرکەزی سلێمانی–١٩٤١، قایمقامی چەمچەماڵ–١٩٤٢، یاریدەدەری موتەسەڕیفی بەسره–١٩٤٣، قایمقامی زاخۆ– ١٩٤٤، قایمقامی مەرکەزی کەرکووك– ١٩٤٦، قایمقامی ڕەواندز–١٩٥٠، ئەمجا موفەتیشی ئیداری و خانەنشین کراوه. ١٩٨١ له بەسره کۆچیدوایی کردووه. (مذکرات القادري في الثورة الروسیة العظمی–١٩٢٤) و (الخطر الأحمر–١٩٥٧) دوو کتێبی ئەون (میر بصري، أعلام الکرد، لندن– قبرص، دیسمبر ١٩٩١، ص٢١٩–٢٢٠).

کرام، چونکە لە ڕێگەی ئازادی و سەربەستیی گەلەکەمدا بوو، پێم ناخۆش نەبوو وە یەکەمجاریش نەبوو.

ئێستا هاتمەوە، گەیشتمەوە ناوتان، باوەڕم پێ بکەن تا ئەگەین بە ئاواتی ئازادی، من لەم داوا و پیشەیە لانادەم، ((ئەگەر حەقمان نەدەنێ، گیانمان ئەدەین، تا ئەیسێنین)). ئیتر زۆر سوپاسی دڵسۆزیتان ئەکەم، خواتان لەگەڵ بۆ حەسانەوە. مێجەر نۆئێل –بۆ دامەزراندنەوەی دەزگای حکوومەتەکەی کوردستان– ئەمجارەیش بە حوکمداریەتیی شێخ مەحموودەوە بە دڵسۆزانە کەوتەوە کار.

بۆ بینینی سەرۆکعەشایر و دانیشتووانی شار و دێهاتەکان و سوپاسیان لە لایەن حوکمدارەوە، ئەم پرۆغرامە ڕێکخرا و بڵاوکرایەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراودا دەستە دەستە و چین چین بچنە دیوانی حوکمداری.

چوونە دیوان لە کاتژمێری ٩ وە دەست پێ ئەکات، ڕۆژی ١٦ی ئەیلوول:

| لە | تا | |
|---|---|---|
| ٩ | ٩,١٥ | مامۆستایان |
| ٩,٢٠ | ٩,٣٥ | دانیشتووانی سلێمانی |
| ٩,٤٠ | ٩,٥٥ | بازرگان و گشتی |
| ١٠ | ١٠,١٥ | مەئموران |

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢٧ی ئەیلوول سەرەکعەشیرەتەکانی گەرمیان:

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ٩,١٥ | ئەلعوبێد |
| ٩,٢٠ | ٩,٣٥ | زەنگەنە |
| ٩,٤٠ | ٩,٥٥ | داودە |
| ١٠ | ١٠,١٥ | بەیات |
| ١٠,٢٠ | ١٠,٣٥ | جەباری |
| ١٠,٤٠ | ١٠,٥٥ | هەمەوەند |
| ١١ | ١١,١٥ | تاڵەبانی |
| ١١,٢٠ | ١١,٣٥ | شوان |

١١,٤٠ ١١,٥٥ شێخ بزەینی

٢٨ی ئەیلوول:

٩ ٩,١٥ بەگزادەی جاف

٩,٢٠ ٩,٣٥ سەرکۆمارانی جاف

٩,٤٠ ٩,٥٥ پشدەری

١٠ ١٠,١٥ ئاکۆ

١٠,٢٠ ١٠,٣٥ بڵباس

٢٩ی ئەیلوول:

٩ ٩,١٥ سەرەکعەشیرەتی خۆشناو

٩,٢٠ ٩,٣٥ دزەیی

٩,٤٠ ٩,٥٥ گەردی

٣٠ی ئەیلوول:

٩ ٩,١٥ بەگزادەی بانە

٩,٢٠ ٩,٣٥ بەگزادەی مەریوان

٩,٤٠ ٩,٥٥ بەگزادەی هەورامان

١ی تشرینی یەکەم:

٩ ٩,١٥ کوێخایانی سووورداش

٩,٢٠ ٩,٣٥ کوێخایانی تانجەرۆ، سەرچنار، قەرەداغ

٩,٤٠ ٩,٥٥ کوێخایانی شارباژێڕ

بەپێی پرۆغرامی سەرەوە، ئەوانەی لەگەڵی هاتبوون و ئەوانەی بۆ بەخۆشیهاتنەوەی گەیشتبوونە سلێمانی، لە لایەن حوکمدار شێخ مەحموودەوە دیدەنی کران، بە سوپاس و خۆشی و خەڵاتەوە بەڕێ کران. (عەشایەری ئەلعوبێد ئاڵایەکی کوردستانیان وەرگرت، وتیان: ئێمە کوردین و لە ناوەڕاستی چیای حەمریندا ئەیچەقێنین).

بنکەی ژین
www.zheen.org

فریشتە دەمڕەشەکەی کورد "مێجەر نۆئێل" بۆ جێبەجێکردنی هەندێك کاروباری حکوومەتە تازەکەی کوردستانی خۆیان و گوایا بە کوردی ئەبەخشن، چوو بۆ کەرکووك– ٦ی تشرین یەکەم*.

بەڵام پاش سێ ڕۆژ، لەجیاتیی نۆئێل، میستەر چەپمەن هات بۆ دانشمەندی (موستەشار)ی حوکمدار، ئینجا لە دوادواییدا دەرکەوت کە مێجەر نۆئێل بە تەنیا پێی تێكنەئەدرا، چونکە چەپمەن زیاتر گێرەشێوێن بوو، ناردیان.

ئینگلیزەکان بەو هیوایە شێخ مەحموودیان لە هیندەوە هێنایەوە کە شۆڕشەکەی کوردستانی پێ دامرێننەوە وە ئووزدەمیر بڕەتێنێتەوە بۆ تورکیا، نەك بۆ داوای ئازادیی کورد.

جا وا دەرکەوت بە ئیجازە هێناویانەتەوە، چونکوو نووسینەکانی حاکمی عامی عیراق وای پیشان ئەدا. بەبێ دەستکاری نوسینەکەی "ویلسن" و هەندێك لە بڵاوکراوەکانیان ئەخوێننەوە. جا لە نووسین و کردەوەی کاربەدەستانی ئینگلیز بەراوردێکی وردی گەرەکە.

لە (القضية الكردية) و ڕۆژنامەی "الاخاء الوطنيِ" ٥ و ٦ی ئابی ١٩٣١ و ڕۆژنامەی "الجهاد"، ١٩٣١وە**:

بنكەی ژین
www.zheen.org

اكراد العراق وحركة الشيخ محمود: مابين فترة الاحتلال البريطاني ودخول العراق عضواً في عصبة الامم ١٩١٧–١٩٣٢.

---

* نۆئێل ئەو ماوەیە چەند جارێك چووەتە کەرکووك و بەغدا بۆ چارەسەری کێشەی شێخ مەحموود لەگەڵ بەغدادا و وەفدی کوردیشی لەتەك خۆیدا بردووە. بەڵگەنامەکانی ئینگلیز نیشاندەری ئەوەن کە ئەم پیاوە لایەنگری دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بووە (سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان ١٩١٨–١٩٢٤، ل١١١، ١٢١، ١٢٢، ١٢٦، ١٣٣).

** ئەم بڕگانە لێرەبەدواوە بە پچڕپچڕی لەم سەرچاوەیە وەرگیراون: محمود الدرة، القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦، ص١٣١–١٤٩.

يقطن الأكراد العراقيون في منطقتهم الجبلية في الشمال وشمال شرقي العراق في خمسة الوية (محافظات) عراقية من اصل ١٤ لواء، وهي لواء الموصل ولواء اربيل ولواء كركوك ولواء السليمانية ولواء ديالى.

وكان من نتائج حل قضية الموصل، على نحو ما ذكرنا في الفصل السابق، ان الحقت الأراضي العراقية الجديدة مناطق كردية صغيرة لم تكن تابعة لحكم الوالي العثماني الذي كان يحكم العراق باسم الخليفة في استنبول. وقد ضمت هذه الاراضي الواقعة في اقصى شمال شرقي العراق الى لواء الموصل.

ولقد ارتبطت المنطقة الكردية العراقية بالعراق العربي، فشارك الاكراد اخوانهم العرب في —السراء والضراء— في امجاد الدولة الاسلامية وفي الكوارث التي حاقت بهم بعد تفكك الدولة العباسية، او في خضوعهم في النهاية لحكم الاتراك الذي دام اكثر في ستة قرون قبل ان يحتل البريطانيون العراق في الحرب العالمية الاولى مابين عام ١٩١٤—١٩١٧. ولم يقتصر ارتباط الاكراد العراقيين بالعرب العراقيين بالمصير المشترك فحسب، بل انهم اندمجو معاً في حياتهم الاقتصادية والاجتماعية، فكانوا يسوقون منتوجهم من المواشي ومنتوجاتهم من التبوغ وفحم الغابات والبلوط والجوز والقطن الى اسواق كركوك والموصل وبغداد ليشتروا من اسواق تلك المدن المنتوجات والحبوب وسائر المواد الغذائية والاستهلاكية الاخرى. ولقد نزح عدد كبير من اكراد السليمانية و كركوك واربيل والموصل وبغداد وسائر المدن العربية واختلطوا بالعرب وتصاهروا معهم، كما رحل من علماء الدين العرب الى الجبال الكردية، وفتحوا المدارس للاكراد وتصوف بعضهم، وانبثقت من تعاليمهم الدينية مشيخات وطرق صوفية وتركت اثرها في نفوس الاكراد.

بنكەی ژین
www.zheen.org

الشيخ محمود في السليمانية:

وكانت السليمانية وما جاورها تخضع لاسرة كاك احمد العالم العربي الذي احترمة الاكراد وبلغ من احترامهم له ان رفعوه الى منزلة الأولياء الصالحين، فانقادت الى تعاليمه جميع الطبقات الكردية في ذلك اللواء. فلما توفي خلفه حفيده الشيخ سعيد وخلف الاخير الشيخ محمود الذي لعب دوراً سياسياً في حياة العراق في سني الحرب العالمية الاولى، اي منذ عام ١٩١٧ حتى عام ١٩٣٠ الذي استقل فيه العراق بموجب معاهدة عام ١٩٣٠.

وعندما اندحر الاتراك في العراق واخلوا بغداد في عام ١٩١٧ ليحتلها الجيش البريطاني، ثم اخلوا كركوك في عام ١٩١٨، طلب القائد التركي الشهير "على احسان پاشا" من قائد الحامية التركية في السليمانية ان يمد الشيخ بمبلغ كبير من النقود الذهبية لتساعده على تنظيم حرب العصابات لازعاج مؤخرة الجيش البريطاني الزاحف الى الشمال. ولما عقدت هدنة مندرس التي استسلمت فيها توركيا للحلفاء في تلك السنة، طلب على احسان من قائد حامية السليمانية ان يسلم زمام لواء السليمانية الى الشيخ محمود فيحكم اللواء بأسم دولة العثمانية ويبقى الفوج التركي المرابط هنا تحت امرته وتصرفه.

على ان الشيخ محمود الذي استغل مركزه الجديد، والذي كان يطمح الى الزعامة والسلطان، ادرك ان بانضمامه الى المعسكر المنكسر المستسلم انما يلعب على حصان خاسر، فاتصل بالانكليز واعلن استعداده لتسليم لواء السليمانية اليهم بلا قيد ولا شرط. فرحب الحاكم العسكري البريطاني باخلاص الشيخ واوفد اليه في تشرين الثاني ١٩١٨ ضابطين لمفاوضته في امر احتلال السليمانية. ورحب الشيخ بمقدمهما وسلمهما جنود وضباط الفوج التركي كأسرى. ومما دعى الحاكم البريطاني العام الى تعيينه حكمداراً للواء السليمانية براتب قدره ١٥٠٠٠ روبية، أي ١٢٢٥ جنيهاً استرلينياً. وعين الميجر نوئيل مستشاراً ملكياً له و الميجر دانليس عسكرياً واصبح الشيخ محمود حاكماً على السليمانية.

بنكەی ژین
www.zheen.org

رسالة ويلسن الى الشيخ محمود:

ان الحكومة البريطانية تعضده من الناحية الادبية. ولا تعارض كل من يريد الانضمام اليه من القبائل الكردية التي تقطن المنطقة الممتدة من الزاب الكبير الى نهر ديالى عدا الذين يقطنون الاراضى الايرانية. وان على الشيخ محمود ان يحكم هذه المنطقة بوضعه ممثلاً للحكومة البريطانية، التي يجب عليه ان ينفذ تعليماتها ويحترم ارادتها.

وبذات الوقت، طلب الحاكم البريطاني من الميجر نوئيل ان يتجول في المناطق الكردية العراقية يتثبت من رغبة الاكراد في الحكم الذاتي كما كان يدعي الشيخ محمود، فظهر لميجر نوئيل ان الاكراد غير راغبين في حكمدارية الشيخ محمود، وانهم يسايرونه لأنهم يخشون بطشه.

وكعادة بريطانيا دائما -في اتباع سياسة فرق تسود- فانها اخذت تقلص من نفوذ الشيخ محمود و مرتبه ايضاً واخذت تحرض رؤساء الاكراد عليه. فثار ثورته في عام ١٩١٩ على الانكليز وتقدم بقواته حتى منتصف طريق السليمانية- كركوك. وفتك بالحاميات البريطانية المرابطة في مضايق ذلك الطريق، واخذ يهدد مدينة كركوك. وعلى اثر هذه الاحداث المفاجئة اذاعت سلطات الاحتلال البريطانية بلاغاً جاء فيه: ان الشيخ محمود قبض زمام الحكم في السليمانية بغرة يوم-٢١ آيار ١٩١٩ واخذ بعض الضباط البرطانين هناك بصفة اسرى، لذلك سارت قوة جنودنا حالاً الى چمچمال وفي ٢٥ الجاري وصلت كشافتنا الى مضيق طاسلوجه، ومن ثم الى چمچمال، وان قوة من جنودنا مجهزة بكل انواع المعدات الحربية تحتشد الآن في كركوك:

وسارت قوة بريطانيا الكبيرة الى مضيق دربند في اواخر حزيران ١٩١٩، واحاطت بقوة الشيخ محمود بحركة التفاف بارعة واعتقلت الشيخ محمود وجماعة من اتباعه وارسلتهم الى بغداد. وهكذا قضي على حركته بعد اربعين يوماً من ثورته على الانكليز وحكم عليه الانكليز بالاعدام، ثم ابدلوا الحكم بالسجن المؤبد ونفوه الى الهند حتى اواخر عام ١٩٢٢.

وعمد الحاكم البريطاني العام من الناحية الاخرى الى تنفيذ نص لائحة الانتداب البريطاني للعراق بايجاد وضع خاص الاكراد يتيح لهم التطلع الى حكم ذاتي قبل ان يجري استفتاء الشعب العراقي على اقامة حكومة وطنية مركزية للعراق يرأسها "الملك فيصل" كما كان منتظر. فيما يلى النص الكامل لمقدمة لائحة الانتداب البريطاني- العراقي والمادة الخاصة بالاكراد:

بناء على نص المادة ١٣٢ من معاهدة الصلح الموقع عليها في "سيڤر" في ١٠ اغستوس ١٩٢٠ التي تنازلت توركيا بموجبها عن جميع حقوقها وتملكها في العراق الى دول الائتلاف الرئيسية، وبناء على نص المادة ٩٤ من تلك المعاهدة التي بموجبها قررت الدول الكبرى المذكورة وفقاً للفقرة الرابعة من المادة ٢٢ من الفصل الاول، عهد جمعية الامم بأن تعترف بالعراق الى ان تصبح قادرة على القيام بنفسها لوحدها وان تحديد تخوم العراق سوي مع ما هو مقرر في المعاهدة المذكورة واختيار المنتدب تتفق عليه الدول الرئيسية المتحالفة. وبما ان الدول المتحالفة الرئيسية قد اختارت صاحب الجلالة البريطانية منتدباً من قبلها على

بنكەی ژین
www.zheen.org

العراق، وبما ان شروط هذا الانتداب الآتي ذكرها رفعت الى مجلس جمعية الامم للمصادقة عليها، وبما ان صاحب الجلالة البريطانية قد قبل ان يكون منتدباً على البلاد المذكورة وتعهد بذلك بالنيابة على جمعية الامم طبقاً للمواد الاتية، فجمعية الامم توافق على شروط هذا الانتداب كما يلي:

١- المادة السادسة عشر: ((لايوجد في هذا الانتداب ما يمنع المنتدب من تأسيس حكومة مستقلة ادارياً في المقاطعات الكردية كما يلوح له)). ادرك الشيخ محمود ان الانجليز قد استنفدوا اغراضهم منه، ولابد انهم سيفعلون به مثل ما فعلوه في عام ١٩١٩ ولذلك فلقد سارع فأعلن نفسه في تشرين الثاني ١٩٢٢ (ملك كوردستان) واخذ يرهب مواطنيه ليقدموا جيشاً يستطيع به مهاجمة كركوك وضمها الى مملكته. فجردت الحكومة البريطانية عليه حملة عسكرية استطاعت ان تحتل مدينة السليمانية، ولكنه عاد فاحتلها ثانية. وبقى معتصماً فيها قرابة سنة كاملة.

وفي هذه االفترة بالذات. وفي اثناء البحث في معاهدة لوزان ١٩٢٣ التي استبعد منها فكرة اعطاء حق تقرير مصير للاكراد على نحو ماورد في معاهدة سيفر، اكرهت السلطات البريطانية الوزارة العراقية على اصدار بيان مشترك- من بريطانيا والعراق. وهذا نص البيان:

بنكەی ژین
www.zheen.org

تعترف حكومة صاحب الجلالة البريطانية والحكومة العراقية بحقوق الاكراد القاطنين ضمن حدود العراق في تأسيس حكومة كردية ضمن هذه الحدود، وتأمل من الاكراد على اختلاف عناصرهم سيتفقون في اسرع ما يمكن على الشكل الذى يودون ان تتخذه تلك الحكومة وعلى الحدود التي يرغبون ان تمتد اليها ويرسلون مندوبيهم المسؤولين الى بغداد لبحث علاقاتهم الاقتصادية والسياسية مع حكومة الانكليز والعراق.

ئينجا ئەڵێت:

ورافق هذا البيان، تحشدات عسكرية قام بها الجيش العراقي الناشىء على حكم الشيخ محمود وتمكن الجيش من احتلال السليمانية في ١٩ تموز ١٩٢٤، على ان الشيخ محمود اجبر

قطعات الجيش العراقي التخلي على المدينة فجردت حملة عسكرية اخرى استطاعت ان تقضى على نفوذ الشيخ محمود وعلى اتباعه الذين تفرقوا (لێرەدا وەڵامی ویلسن)[6].

---

[6] تیجارەتی بازرگانەکانی کورد– سلێمانی بۆ وارشۆ، ڕووسیا و ئێران، لە لایەکی تریشەوە بۆ شام و حەڵەب بوو، بەڵام تەنیا تووتنیان لە بەغداد ئەفرۆشت. ئەگەر بە کڕین و فرۆشتن بوایە، ئەبوایە ئینگلیزەکان ئەفریقایی بن! ئەوانەی گەیشتوونەتە چیاکانی کورد، دەروێشەکانی "نعێم" بوون. دانا و عولەماکانی کورد زمانی عەرەبیان کرد بە موعجیزە و جادوو وە ئایینی ئیسلامیان کرد بە چرای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە برا عەرەبەکانیش لەم ڕاستییە لانادەن!

– کاک ئەحمەد نەوەی باباطاهیرە، شێخ مەعرووفی باوکی بۆ ئەوەی بە تەواوی فێری عەرەبیی بکات، (ئەحمەدی)ی بۆ دانا.

– لە پێش هاتنی ئینگلیزدا بۆ سلێمانی، شێخ مەحموود داوای ئازادی و سەربەخۆیی کرد، ئایا لەسەر ئەو نامەیە نەبوو کە تورکەکان بڕیاری خنکاندنیان دا؟

– نۆئێل هات، مژدەی ئازادیی کورد و حوکمداریی کوردی دا. دانیشمەندانی سیاسی و سوپای بۆ نێررا. ویلسن خۆی ئەڵێت: سەدی ٨٠ لە کورد ملکەچی شێخ مەحموودن، ئیتر چۆن شێخ مەحمودیان یە حوکمدار ناوێت.

– ئایا پێویست نەبوو ویلسن ناوی دوو سەرۆك لەو ٦٠ سەرۆکانە بلێت کە لەگەڵیان کۆ بۆتەوە و قەڵای هیوای کوردیان ڕووخاند؟

–ئایا ئەو جەنگە گرنگ و خوێن ڕێژەی ١٩١٩ عەشایر و ضابط و عەسکەری کورد نەبوو کردیان؟!

– بەڵام داخەکەم، سووچی گەورە ئەکەوێتە سەر کورد و عەرەب، کە بە سیاسەتی ئینگلیز خەڵەتان، لێرەدا زیاتر ئەکەوێتە سەر برا گەورە کە عەرەبە، ئەبوایە بە پێچەوانەی ئاواتی ئینگلیز ماف و حەقی کوردی بدایە، چونکە کورد لە هەموو شیر و ساتیانی براکانی تری بۆ عیراق بەکەڵکترە و ڕێگەی ڕێزی براپچووکی باشتر ئەزانێت، چونکە ئایین و بڕوایان زۆر بەهێزە. ئینگلیز لە پێش ساڵانی ١٩٢٤دا یەك بەدوای یەکدا لەبابەت حوکمی ذاتی و تەقریرە مەصیری کوردەوە زۆر بەیانی دەرکرد، بەڵام بە چ کورد و نیشتمانێکی کورد گەیەنرا و بڵاو کرایەوە؟! ئایا هەر لەگەڵ بەیانەکاندا، لە ناردنی سوپای پایەماڵکردن و فڕۆکەی بۆمباهاوێژ و بۆمبابارانی سلێمانی و دێهات و جێگای ئەو عەشایرانەی هاوپەیمانی داوای ئازادی بوون، بە کوشتنی ژن، منداڵ، پیر، جوان و قڕهێنانی مەڕوماڵات و ئاژەڵ و سووتان و ڕماندنی خانوو و بەرە چەکەرەی ئەکرد؟!

وێنەی بۆمبابارانە کاولکەرەکەی لە جێگەی خۆیدا ئەبینین، جا ئەزانن لە ١٩٢٣–١٩٢٤دا کە کاتی گەرمەی بەیانەکانیانە، چیی لە سلێمانیدا کردەوە و وڵاتی چۆن دابێژاوە!

تکایە لە خوێندەوارەکان ئەو نووسراوانەی کە بە عەرەبی و بەبێ دەستکاری لەم (چیم دی)یەدا ئەیبینن، ورد ورد بیخوێننەوە و لەگەڵ ڕەخنەکانی سەرەوە بەراوردی بکەن.

(پشت بە خوا)[٧]

فەرمانی حوکمداری

ژمارە ١

١٨ی صەفەری ١٣٤١ – ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢

لە پایتەختی کوردستان شاری سلێمانی، لە مەحموود کوڕی سەعیدەوە بۆ هەموو میللەتی کورد.

لە پاش داوای خۆشی و ئازادی، لە خوای گەورە و تەنیا بۆ ئەم گەلە دلێرەی خۆم بڵاوی ئەکەمەوە؛ کە لەبەر هەندێك ڕوودان و سیاسەتی بێگانە، لە مێژەوە لە گیانبەختکردن لەناوتاندا دوور کەوتبوومەوە، وا بە هۆی دلاوەریی ئێوە ئەمجارەیش هاتمەوە. ئیتر لەم ڕۆژە پیرۆزەوە بۆ هەڵسووڕاندنی پەروانەی پێویستی لە ڕێگەی سەربەستی و ئازادیی کورد و کوردستاندا، بە گیان و توانامەوە، بە یارمەتیی ئێوەوە هەوڵ ئەدەم، هیوادرم. هیوادارم، کە هەموومان وەکوو یەك دەست بدەینە دەست، وە هەل نەدۆڕێنین. براکانم، پێویستیی یەکەم یەکیەتییە، بە یەکیەتییەوە لە پێویستدا ئەتوانین خوێن بڕێژین*.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(پشت بە خوا)

فەرمانی حوکمداری

ڕۆژ: ١٩ی صەفەری ١٣٤١

---

– لە ساڵی ١٩٢٢دا لە ئەشکەوتی (جاسەنە)وە، بە هۆی "عەلی کەمال"ەوە، لە (کۆیە)وە صالح زەکی صاحێبقڕان نێررا بۆ ئەوەی بە مەندووبی سامی و حکوومەتی عیراقی بگەیەنێت کە شێخ مەحموود و کورد ئامادەن بە پەیڕەوی– قبووڵی ئەو ڕێگە ئامانجە کە پیشانی ئەدەن، بەو مەرجەی لە پلەیەکی ناوەندیدا ئازادیی کوردی تێدا بێت، بەڵام صاحێبقڕان بە دەستی بۆش گەڕایەوە و لە بەندیخانەکەی ئەشکەوتی (سیاکۆڵە) توند کرا.

[7] ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"، ژمارە ١٠، ڕۆژی ١٥ی تشرینی ئەووەلی ١٩٢٢.

* ئەم ئیرادەی حوکمدارییە لە (بانگی کوردستان، ژمارە ١٠، ١٥ی تشرینی ئەووەلی ١٩٢٢، ل١، ٢)دا بڵاوبووەتەوە، بەڵام دەقی ئەم ئیرادەیە و ئیرادەی دواییش لەم کتێبەدا دەستکاریی کوردییەکەیان کراوە (بڕوانە ئەو ژمارەیە لە: ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود–دا).

١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢

لە پایتەختی کوردستان شاری سلێمانی، مەحموود کوڕی سەعیدەوە بۆ بەجێهێنانی کاروباری گەل و حکوومەت، ئەم ناوانەی لە خوارەوە نووسراون، پەسەند کران، بە ڕەئیس و بەڕێوەبەر دانران.

| | |
|---|---|
| عەبدولقادر | محمود |
| ڕەئیس و سوپاهسالار | حوکمداری کوردستان |

١- عەبدولقادر سەعید- ڕەئیسی وەزیران و سپاه سالار.

٢- شیخ محەمەدغەریب- وەزیری داخلییە.

٣- میرلیوا مصطەفا پاشا- وەزیری مەعاریف.

٤- عەبدولکەریم عەلەکە- وەزیری مالییە.

٥- شێخ عەلی ئەفەندیی قەرەداخ- وەزیری شەرع و عەدل*.

٦- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ- وەزیری گوومرگ.

٧- سەیید ئەحمەدی بەرزنجی- وەزیری ئەمنییەتی عموومی.

٨- میرلیوا صدیق پاشا- موفەتیشی عام.

فەرموودەی حوکمداریی شێخ مەحموود، بە بۆنەی کۆبوونەوەی یەکەمین جاری وەزیرانەوە:

براکانم، ئەوا ئیمڕۆ بەردی بناغەی حکوومەتی کوردستان دانرا و کۆمەڵی وەزیران کەوتنە کار، بانگی ئازادیی کورد بە گێتیدا بڵاو کرایەوە. پشتیوانی ئێمە خوا و بازووی خۆمانە، لە منداڵیمەوە بیری ئازادیی کورد لە مێشکمدا کەڵکەڵەیەکی گەورە بوو. ئێستا ئەبێت بزانین کە لەم ڕێگایەدا لە هەزاران ساڵەوە لە چەند هەزاران ساڵەوە بە چەند هەزاران ڕۆڵەی دلێرمان لەناوچووە، تۆڵەی ئەوان ئیمڕۆ کەوتۆتە سەر شانی ئێمە، کە بە مژدەی ئازادیی گەلەکەمان گیانی پاکیان شاد بکەین. (چەپڵە)

* کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی شێخ محەمەدی قەرەداخییە، ئەگەرچی شێخ مەحموود داوای کرد بێتە سلێمانی و ئەو وەزیفەیە وەربگرێ، بەڵام نەهات و داواکەی بەجێنەهێنا. ئەو پۆستە لەو دەورەدا هەر وا مایەوە، مەلا مەعرووف وەهبی بە وەکالەت بەڕێوەی بردووە (میر بصري، أعلام الكرد، ص١٢٠).

له بیرمه، که لەگەڵ باوکم بۆ دیدەنیی سولـطان عەبدولحەمید چووین بۆ ئەستانبووڵ، بینیم که ژیان و گوزەرانی ئەو شارانه و دانیشتوەکانی لەگەڵ ژیانی ئێمه زۆر جیاوازە، له باوکمم پرسی، له وڵامدا وتی: ((کوڕم، ئەمانه بۆ خۆیانن، وه ئێمەیش بۆ ئەمان)).

ئیتر لەم تێگەیشتنەوه کەوتمه تاووتوێی کردەوەی تورکەکان که به ناوی ئیسلامییەتەوه ئەیانڕووتانینەوە. ئێوه هەمووتان ئاگاهداران که ئاژاوەیەکی زۆرم بۆ نانەوە، له وڵاتی سلێمانیدا تەنگم پێ هەڵچنین. (چەپڵە)

بەڵام ئەوان بەهێزتر بوون، دەریانپەڕاندم، خۆم گەیاندە (قەڵای مەریوان)، چوومه ناو کوردە ئازا و دلێرەکانی ئێران. به ڕاستی له حکوومەتی ئێران چاکەم زۆر بینی. لەوێش درێغیم نەکرد. لەوانیشم گەیاند که ئەبێت کوردیش بۆ خۆی بژییێت، له سوودی خۆیا بمرێت، کەس کەسی ئێمه نییه و تێم گەیاندن دروسته به کوردی بخوێنین و بنووسین و نوێژیش به کوردی بکەین. (چەپڵە)

ئینجا تورکەکانیش وەکوو دۆستەکەی ئێستامان که ئینگلیزە، منیان پێویست بوو، به زەمزەمه و دەبدەبەیەکی زۆرەوه هێنامیانەوه بۆ سلێمانی. بەڵام من هەر لەو نیاز و ئاواتەدا بووم که بۆ ڕزگاریمان کەلێنێك بدۆزمەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەنگی گەورە له هاڕینی گیانی لاواندا بوو، تەفرەیان دام که بۆ یارمەتیی ڕۆڵەکانی کورد، بۆ پارێزگاریی نیشتمانەکەمان له زاڵیەتیی ڕووس به لەشکری عەشایری کوردەوه بچم بۆ بەربەستی ڕووسەکان. ئەوەیش بزانن، بۆ ئازادیمان لەگەڵ ڕووسەکانیشدا درێغیم نەکرد، بەڵێنیان دا، بەڵام شۆڕشی ناوخۆی کەوتە پێشی ئاواتەکەی ئێمە. (چەپڵە)

زۆر لاشەی کورد له پێناوی سوودی بێگانەدا بوو به خۆراکی مەل و جانەوەر، گرانی و نەخۆشی نیوەمانی کوشت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر لەسەر بەڵێنەکەی خۆمان تا دواییان شانبەشانی تورکەکان به دڵپاکی و خزمەتگوزارییەوه ڕۆیشتین. کەچی له پاداشدا له ناکاو گیرام، بەبێ پشوو بڕیاری خنکاندنم درا. بەڵام سوپاسی عەلی ئیحسان پاشا ئەکەم که له چنگی ئەو بەدبەختانه ڕزگاری کردم.

من ئەم مەینەتیەم بە گران نەزانی، چونکە هیوام ئازادیی کورد بوو، کە ئەو ئاواتەیش بەبێ گیانبەختکردن دەست ناکەوێت. (چەپڵە)

هاتمەوە، هاتمەوە سلێمانی، شاری دلێران و ئازادیخواهان. (چەپڵە)

کرام بە موتەصەڕیف، قوماندانی سوپاهـ. لەولایشەوە ئینگلیز گەیشتە (کەنگربان)*. گەیشتە کەرکووك، ئەم هەلەم زۆر بە گرنگ زانی، کەوتمە نووسین و تێگەیشتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بۆ ئازادیمان، تاوەکوو ئێمەیش وەکوو ئادەمیزاد بە ئازادی بژین. لە شێلانی ژێرپێی بێگاتە ڕزگار ببین. داللّەمان دا بە ئینگلیز، ئەو ئینگلیزەی کە نەمانئەناسین و لە کردەوە و پێشنیاریان ئاگادار نەبووین. خۆمان خستە بەختیانەوە کە نیشتمانمان بۆ دروست بکەن. ئیستیقلال بدەن بە کورد، لەسەر ئەم مەرجە: بەبێوەیی، بەبێ تەقە، بەبێ بەربەرەکانی ڕێگەمان دان بێنە کوردستان و گەیاندماننە سلێمانی.

باوەڕتان بێت لەو کاتەدا زۆر بەهێز بووین، ئامادەی جەنگ بووین. بەڵێنیان دا کە ئاواتەکەمان بهێننەجێ، هەر بە دۆستی و بەبێ سوپا و زیان هاتن. وایان پیشان دان کە دروستکردنی حکوومەتی کوردستان ئەوپەڕی ئاواتیانە و وایان پیشان ئەدان کە دروستکردنی حکوومەتی کوردستان ئاسان و ئەوپەڕی ئاواتیانە و وایا پیشان ئەدان کە ئەیانەوێت پێشدەستی بکەن، نەوەك لە لایەکی ترەوە دەست بدرێتە دەستمان و مافی خۆمان بدرێتێ.

براینە، ئەو ئینگلیزە دڵسۆزانەی کورد، بەبێ تەقیە و شەرم و بەبێ ئەوەی بەڵێنەکەیان بە بیرا بێت، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وڵاتیان پڕ کرد لە ئینگلیز، ئەو ئینگلیزانەی لە هیند و کۆڕی جەنگەوە هاتبوون، گەیاندیاننە سەر ئێمە، بێجگە لە خۆیان بە هەڕەمەیی لە هەموو تیرەکانی شەرق و غەرب پیاویان هێنا و کاریان پێ سپاردن. ئیتر پیاو و خوێندەوارەکانی خۆیشمان بوون بە سەیرکەر. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەرەسیان بە هیوامان ئەهێنا. وایان ئەزانی کە ئینگلیز کوردستانی بە نووکی ڕم داگیرکردووە و ئێمەیش

* کەنگربان: لە ناوچەی کفرییە.

ئەبێت کۆیلەیان بین. وردە وردە گەیاندیانە ئەوەی کورد پەلاماری چەك بدا. خوێنی هەژارانی بێتاوان برێژێت. تا گەیشتە ئەوەی خەنجەری دەبانی کورد بەرامبەر سوونگیی بێئەمانی ئینگلیز بکەوێتە کار، منیش بە بریندارى لە کۆڕی جەنگدا گیرام، ئەم جارەیش لە بڕیاری خنکاندنمەوە بە دە ساڵ ئاوارەیی لە هیندستان توندکرام. بۆ دووەم جار لە خنکان ڕزگاربووم. جا هەر ئەو برین و فەرمانی خنکاندنانەم کە لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەمدایە، لەگەڵ دلێریی ڕۆڵەی کوردە جێگەی شانازیی ژیانم، کە لە پاش مردنم یادگار بێت. (چەپڵە)

بە هۆی دلێری و مەردرەوشتیی ئێوەوە، لە پاش سێ ساڵ ئاوارەیی، ئەمجارەیش هێنرامەوە (بە حوکمداری) کە بەڵگەی ئازادیی کوردە. (چەپڵە) (لە گەلەوە دەنگ هاوار، ئێمە بۆ تۆ، تۆیش بۆ کورد. بژی شێخ مەحموود، بژی حوکمدار، گیانمان لە ڕێبازتایە.)

براکانم، بۆ گەیشتن بە ئاوات، ئاواتی ئازادی و ئیستیقلال، هەر یەکیەتییە، هەر یەکیەتی ڕۆژی ڕەشمان ڕوون ئەکاتەوە. ئیتر بە خواتان ئەسپێرم. (چەپڵە)

فەرموودەی حوکمدار لە ڕۆژنامەی "بانگ کوردستان"، ژمارە ٩، ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ بە کورتی پوختەی نووسرابوو، لێرەدا بە تەواوی بڵاوکرایەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(پشت بە خوا)

وەزارەتی زانستی

ژمارە: ١.

ڕۆژ : ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢          پێشگاهی حوکمدار

لەسەر فەرمانتان. بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان بەم پێیە مامۆستایان دامەزرا[٨]:

١– قوتابخانەی ناوەندیی مەحموودی:

١) ڕەفیق حیلمی– مودیر.

٢) صالح ڕەفعەت موعەللیم– مامۆستا.

---

[8] ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"، ژمارە ١١، ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٢٩.

٣) خواجه ئەفەندی موعەللیم– مامۆستا.

٤) سەعید صدقی موعەللیم– مامۆستا.

٥) زێوەر ئەفەندی موعەللیم– مامۆستا.

٦) سەعید ئەدیب قزاز– موعەللیم– مامۆستا.

٢– قوتابخانەی سەرەتاییی قادری:

١) شێخ محەمەد زوهدی– مودیر.

٢) سەعید زەکی– مامۆستا.

٣) عەزیز ئەفەندی– مامۆستا.

٣– قوتابخانەی سەرەتاییی لەطیفی.

١) ئەحمەد حەمدی عەزیز ئاغا– مودیر.

٢) فائیق ئەفەندی– مامۆستا.

٣) ئەحمەد حەمدی– مامۆستا.

١– جەنابی ڕەشید زەکی کابان– موفەتیشی عام*.

و لە پێش تەواوبوونی دامەزراندنی مامۆستا و قوتابخانەکانی ناو شار و دێهاتەکانی تریش قائیمەیان پێشکەش بە بارەگاهتان ئەکرێت.

وەزیری زانستی

حاجی مصطەفا پاشا

(دیسان لە ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"، ژمارە ١١دا)

بۆ زانین

بۆ ئاغا و کوێخا و هەموو دانیشتووانی کوردستان

---

* ڕەشید کابان ئەو دەورە وەزیفەی بەڕێوەبەریی قوتابخانەی لە لایەن مستەفا پاشا یامولکیی ڕەئیسی مەعاریفەوە لێ سەندرایەوە، ئەویش خۆی کەنارگرت. بۆیە ناوبراو لەو ڕۆژانەدا موفەتیش نەبووە (ڕفیق حلمی، یادداشت، چ٢، ب٦، ل٤).

ئیمڕۆ ڕۆژی یەکیەتی، برایەتی و یەکگرتنە. جا دزی، جەردەیی، خراپە زۆر شوورەیی‌یە. ئەبێت زۆر باش بزانن و ئاگاهدار بن. لەناو یان لە نزیك هەرچی جێگە، دێ، مووچە، چاندگە، ڕێگەیەك خراپەیەك ڕوو بدات، سزای دانیشتووانی ئەو جێگایە ئەدرێت و بەرامبەر بەو خراپە و فەرمانی خوا (قورئان) بەکارئەهێنرێت. جا هیوادارین هیچ نابەجێیەك ڕوو نەدات.

مەحموود

حوکمدار

**سوپا و سوپاییەکان:**

ئەو ضابطە کوردانەی لە تورك بەجێ مابوون و لە سوپای عیراقدا لە بەغداوە ئەنێررانەوە بۆ سوپاکەی خۆیان، کوردستان:

| ناویان | کاری تازەیان |
|---|---|
| ١. ئەرکانی حەرب تۆفیق وەهبی | سەریاوەری حوکمدار |
| ٢. خالید سەعید | فەرماندەی پیادە |
| ٣. ڕەشید ئەفەندی ئەمین ئاغا | مودیری نەخۆشخانە |
| ٤. ئەمین ڕەواندزی | مودیری نەخۆشخانە |
| ٥. عەبدولعەزیز ئەفەندی | ضابطی پیادە |
| ٦. عەزیز حیکمەت قەزاز | ضابطی پیادە |
| ٧. عەزیز کوردی | ضابطی پیادە |
| ٨. عەلی کوردی | فەرماندەی سواری |
| ٩. فائیق کاکەئەمین | فەرماندەی پیادە |

ئەو ضابطە کوردانەی کە لە (لیڤی)یەوە مابوونەوە:

| | |
|---|---|
| ١. یوونس عەبدولقادر | کەپتان |
| ٢. ڕەشید عەبدولکەریم | لێفتننەت |
| ٣. ڕەمزی عەبدولکەریم | لێفتننەت |

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤. ڕەشید صدقی                لێفتننەت

٥. ئیبراهیم زۆری                لێفتننەت

٦. حیکمەت ئەمین                کەپتان

٧. عەزیز حیکمەت                کەپتان

٨. محەمەد ئەفەندی– جلخوار    لێفتننەت

٩. عادل شێخ سەلام                کەپتان

١٠. صالّح ڕەفعەت                مێجەر، بوو بە مامۆستا لە ناوەندیی مەحموودی

ئەو ضابطانەی لە تورك بەجێماون و یەکسەر گەڕانەوە بۆ سوپایی:

١. قادر ئەفەندی قەرەداخی        یووزباشی

٢. سەیید ڕەضا ئەفەندی        یووزباشی

٣. مەجیدبەگ حاجی ڕەسووڵ بەگ    یووزباشی

٤. سەیید ڕەئووف ئەفەندی        یووزباشی

٥. صەبری ئەفەندیی کاکەڕەش        لە تورکیا ضابط ئیحتیاط

٦. ئەحمەد تەقی        بوون، نەچوونە ناو سوپا، بەڵام لە کارا ئەبینران.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەراتی حوکمدار:**

لە پاش سوپاس بۆ وەزیری زانستی حاجی مصطەفا پاشا، لە لایەن حوکمدارەوە (دووهەزار) ڕووپیە درا بە وەزارەتی زانستی بۆ تەواوکردنی کەموکووڕیی قوتابخانەکان. قوتابخانەی مەحموودی ٥٠٠، قادری ٥٠٠، ڕەئووفی ٥٠٠، لەطیفی ٥٠٠ ڕووپیە.

**دیسان شێخ مەحموود و ئینگلیز:**

لەمەوپێش وە لە نووسراوەکانی مامۆستا "الدرّة"دا بەبێ دەستکاری و بە عەرەبی نووسراوەکان خوێنرایەوە، کە وترا شێخ مەحموود لە فێڵی ئینگلیزەکان

گەیشت، هێنانەوەی بۆ باشیی کورد نەبوو، بۆ بەجێهێنانی مەرام و کارە نهێنییەکانی خۆیانە و دووریش نییە کارەساتەکەی ١٩١٩یش تازە نەبێتەوە.

قۆڵتەکانی پێش ئینگلیز زۆر بوو:

١- شۆڕش لە هەموو شار و دێهات و سەروبنی چیایەکدا.

٢- ئووزدەمیر و کۆمەکە بەهێزەکەی.

٣- کارە گرنگەکەی مووصڵ.

زۆر قۆڵتی تریشیان لەپێشەوە بوو، کە ئەمانە هەمووی پاش گرتنی شێخ مەحموود و شۆڕشەکەی ١٩١٩ کەوتە ڕوو، چارەیان پێ نەئەکرا. لە تەوانایشیاندا نەبوو کە سوپایەکی گەورە و جەنگی بهێننەوە بۆ عیراق، شێخ مەحموودیان هێنایەوە.

شێخ مەحموود، پێش هەموو داوا و پێویستییەکیان، داوای بەجێهێنانی بەڵێنەکەی لێ کردن کە ئازادیی کوردە. وە نەبێت ئینگلیزەکانیش خۆیان هەر لەو بەڵێن و ژوانەدا پیشان نەدابێت وەیان لارییان لە دانی ئازادیی کورد بووبێت. ئەیانویست شێخ مەحموود بکەن بە مەقاش و هەموو ئاگرەکەی پێ بکوژێننەوە، ئیتر شێخ مەحموودیش تێگەیشت کە ئەبێت پرۆغرام بگۆڕێت. کۆمەڵی وەزیرانی کۆ کردەوە و بە ئاشکرا ویستنەکانی ئینگلیزی تێگەیاندن، زانرا کە لەو بیروباوەڕەدا نین ئازادیی کورد بدەن.

لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا بانگی (مەلیکی کوردستان)ی بۆ خۆی دا، بەڵام - بە پێچەوانەی ئاواتی ئینگلیزەکان- دەستی کرد بە بەهێزکردنی سوپا و لەشکرئارایی و پێی وتن کە ئیتر پێویستە بۆ دامەزراندنی کاروباری حکوومەتەکەی بچێت بۆ کەرکووك، تاوەکوو بتوانێت بە تەواوی فەرمانەکانیان بهێنێتەجێ.

ئینگلیزەکان بەم باسە کەوتنە لۆقە وە وایان پیشان ئەدا، کە نەك لە ماوەیەکی دوورا، لە ماوەی هەناسەدا ئیستیقلالی کورد ئەدرێت وە وا ئەزانرا کە لەناو لەپیاندایە. حوکمداریش لە داواکەی خۆی نەئەگەڕایەوە، کوردیش تێگەیشتبوو کە ئینگلیز هیچ نادات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

به فەرمانی حوکمداری ڕۆژی ٢٤ی صەفەری ١٣٤١ و ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ڕۆژی دووشەممە و پێنجشەممە بۆ کۆبوونەوەی وەزیران و لە هەموو کاتێکدا بۆ کاری پەلەیش بینینی حوکمدار بە وەزیران گەیەنرا، ئامۆژگاری کران بۆ دروستکردنی بودجە و میلاکی سوپایی و مەلەکی. موفەتیشی عموومی بۆ گەڕان و ڕێکخستن وریا کرایەوە.

**سوپای کوردستان:**

صالّح زەکی صاحێبقڕان کە قائیمقامی عەقرە بوو و لە پیاوە ناسراو و زاناکانی کوردە، هاتەوە بۆ سلێمانی. کاروباری فەرماندەییی گشتیی پیادە و سوارەی سوپاییی پێ سپێررا، خۆی بینباشی عوثمانییەکان بوو، چووە ڕیزی ضابطە کوردەکانەوە.

ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، ژمارە ١، ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠.

**بەخشندەییی حوکمدار:**

بە پێویستی تایبەتی دیوانی حوکمداری لە لایەن کۆمەڵی وەزیرانەوە مانگی (دەهەزار) ڕووپیە بوڕیدە کرا*. لە پاش سوپاس لە لایەن حوکمداریی شێخ مەحموودەوە، بۆ ئەوەی بۆ پێویستی نیشتمان خەرج بکرێت دایەوە بە گەنجینەی حکوومەتە تازەکە (ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" بە ناوی گەلەوە سوپاسی ئەم بەخشندەییەی لە ژمارە ١دا ئەکات).

خوێندەواری بەڕێز، وتمان: بۆ ئەوەی شێخ مەحموود سیاسەتی ئینگلیزەکان بە تەواوی بخاتە ڕوو و پەردە لەسەر مەبەسە نهێنییەکانیان هەڵماڵێت، بە بڕیاری کۆمەڵی وەزیران و پیرانی شار لە مانگی تشرینی دووەمدا بانگی مەلیکی کوردستانی بۆ خۆی دا، بەڵام ئینگلیزەکان ماوەی ئەوەیان نەئەدا کە دەنگی کورد بە هیچ حکوومەت، یان گەلێکی خاوەنبەختدا بگات.

لە بەغدادەوە، لە پێویستیاندا جارجار ناوی کورد و کوردستانیان ئەژیانەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەی پەیمان و ویستراوەکانی خۆیان بە حکوومەتی بەغداد کۆتایی بێنن.

---

* بوڕیدە کرا: بڕدرایەوە، تەرخان کرا.

حکوومەتی بەغدادی بە کورد ئەتۆقاند. لەگەڵ ئەوەیشدا ئینگلیزەکان تەنیا بە ئاڵۆزان و ئاشووبی کورد و عەرەبەوە ڕانەئەوەستان، بۆ کوردی تورکیا و ئێرانیش هەڵپەی ئەکرد. بۆ دڵنیایی کوردەکان بە خاکی کوردستان و ئیستیقلالی کورد، سوێندیان بۆ کوردەکان ئەخوارد و هانیان ئەدان لە تورك بۆ بەجێهێنانی ئاواتەکەیان کە (ویلایەتی مووصڵ)ـە. هەروەها گەڕی ئاڵاندە ئێران، ئەو ئێرانەی کە لە پاش جەنگی یەکەم ڕووس و تورك بە وێرانی و کاولی بەجێیانهێشتبوو. کەوتە زیندووکردنەوەی مێژووی شاهانی کورد و تازەکردنەوەی حودوودی کوردستان، بەڵام حکوومەتی ئێران بە ژیرانە جووڵایەوە.

کاتێك لەگەڵ حکوومەتی بەغداد کاری پێك ئەهات و پەیمان و مەرجیان تەواو ئەبوو، بۆ خاوکردنەوەی ڕیسەکەی کورد و شێخ مەحموود ئەکەوتە هاندانی ڕۆژنامەکانی بەغداد، لە ڕۆژنامەی ("العراق"، ژمارە ٧٣٨ و ٧٤٣، تشرینی دووەمی ١٩٢٢)دا لە بابەت دروستکردنی حکوومەت و وەزارەتەکەی کوردستانەوە بە گرنگی ئەیاننووسی، ئەیانوت لە سلێمانیدا کۆمەڵی ئیدارە پێك هێنرا، کە سلێمانی لیوایەکی عیراقە، زۆر باش دیار بوو کە ئەم گێژاوە لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە نییە، پیلانی ئینگلیزە و بە پارە، چونکە بە هیچ چەشنێك ماوەی نەئەدا ڕۆژنامە، یان چاپکراوێك بێتە سلێمانی، کەچی ئەو ڕۆژنامانەی کە پەلاماری هیوای کوردیان ئەدا، بە هەزاران بڵاو ئەکرایەوە، تەنیا بۆ تێکدانی برایەتیی کورد و عەرەب قۆڵی هەڵماڵیبوو. هەرچەند لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا وەڵام ئەدرایەوە، بەڵام گەیشتنی بە بەغداد جێی باوەڕ نەبوو.

بە بۆنەی بانگی مەلیکی کوردستانەوە، لە شاری سلێمانیدا نومایشێکی بێوێنەی سوپایی کرا. بەم بۆنەیەوە بەرامبەر بەو چاووڕاوەی ڕۆژنامەکانی بەغداد، بە پێچەوانەی ئەو وتووێژەی ئینگلیزەکان کە گوایا حکوومەتی بەغداد و عەرەب نایانەوێت کورد ئازاد بێت، ڕوونی بکاتەوە: ١- داوای حودوودی کوردستانی کرد، ٢- چۆنیەتیی سەرپەرشتیی بەریتانیا بۆ ئیستیقلالی کورد.

لەو نومایشەدا، دەستە دەستە پیادە و تیپ تیپ سوارەی سوپایی بە چەك و هەموو پێویستیی سوپای ئۆردووی کورد بە بەردەمی "مەلیك مەحموودی یەکەم"دا تێپەڕ ئەبوون. بە ڕاستی لەژێر پێی ئەو لاوچاك و گەنجە چەکدارانەی ڕۆڵەی کوردا زەمین

ئەلەرزا. لە لایەن گەنجە دەنگخۆش و دڵسۆزەکانەوە ئەم وتارە بەرز و بەنرخەی شێخ نووری بە ئاوازی سروودی سوپایی لە پێشداری سوپاوە ئەوترا:

ئەی عەسکەر، ئەی مناڵ و جگەرگۆشەیی وەطەن
ئێوەن بە گیان، بە دڵ، کە پارێزگاریی وەطەن ئەکەن
ئێوەن بە دڵ کە صەرفی ئەکەن غیرەت و بەدەن
ئێوەن وەطەن لە میحنەت و ذیللەت نەجات ئەدەن
ئامادەن بۆ کەفەن
ئیتر وەرن کە بۆ وەطەن، وەطەنی پاك و میهرەبان
دەست دەینە دەستی یەکتری یەك دڵ، بە یەك زبان
ئێمەیش بمانەوێت وەکوو خەڵقی حەقی ژیان
ئەم فرصەتە غەنیمەتە، نەڕوات لە دەستمان
تا ماوە ڕۆح و گیان[٩]

لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، ژمارە ٣، ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ ئەم فەرمانی مەلەکییە بڵاو کرایەوە، پیرۆزبایییان لێ ئەکەن.

١. بینباشی ئەرکانی حەرب تۆفیق وەهبی، بوو بە سەریاوەری مەلیکی کوردستان.

٢. ڕەئیسی عەشیرەتی زەنگەنە عەلی ئاغا، بوو بە سەریاوەری مەلیکی کوردسان.

٣. ڕەئیسی عەشیرەتی داودە ڕەفعەت بەگ، بوو بە سەریاوەری مەلیکی کوردستان.

٤. شێخ محێدینی کانی کەوە، فەرماندەی هێزی سوارەی تایبەتی.

٥. ماجد مصطەفا، سەرموهەندیس.

لە ژمارە ٥ی "ڕۆژی کوردستان"دا ئەم باسانە بڵاو کرایەوە.

---

[9] ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، ژمارە ٦، لە ڕۆژنامەکانی عیراقەوە.

**جەمال عیرفان:**

لە دانا و زاناکانی کورد شەوی چوارشەممەی ١٢\١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ بە دەستدرێژییەکی چەند کەسانێکی بەدکاری نەناسراو "جەمال عیرفان" کوژرا. بە ناوی هەموو کوردەوە داخی خۆمان دەرئەبڕین، لە دڵی هەموو کوردێکا بە ناسۆری ئەمێنێتەوە.

ڕۆژی کوردستان

لە بابەت تەو (هیممەت)ەکەی و بزووتنەوە دڵسۆزانەکەی "جەمال عیرفان" و کردەوە پەسەند و دلێرانەکانیەوە، لەمەوپێش بینرا و خوێنرایەوە، جا کۆسپی گەورە دێتە پێش پیاوی بەکار و بەنرخ، نەگ گەلۆر. هەرگیز ناوی جەمال نامرێت و بە شانازییەوە مێژووی کورد یادی ئەکات.

**ئاڵای کوردستان:**

پشت بە خوا، لە ناوچەی هەڵەبجەدا ئیمرۆ ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ ئاڵای کوردستان بە شادی و زمزەمەوە هەڵکرا، بە بای کێوەکانی کوردستان هەڵکرا. ئیتر یان ژیانی ئازادی یان مردن بە ئازادی. (ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٥)

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئینگلیزەکان چییان کرد:**

لە لایەکەوە ڕۆژنامەکانی بەغدادیان هان ئەدا، کە ئاگر بنێن بە خەرمانی هیوای کوردەوە بە داوای ویلایەتی مووصڵ کە عەرەبن و لە بەغداد عیراق جیا نابێتەوە، لە لایەکی تریشەوە، لە لۆزاندا بە ناوی کوردەوە ئاشووبی ئەگێڕا و لەسەر پێستی کورد ئەجەنگا.

لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، ژمارە ٦دا، کە لە ڕۆژنامەکانی بەغدادەوە وەریگرتووە، بەم چەشنە بڵاوی کردەوە:

لە کۆمەڵی لۆزاندا


١. نوێنەری تورک: لەبەر ئەوەی ویلایەتی مووصڵ عەرەب نین و زۆربەیان کوردن، ئەبێت بدرێتەوە بە تورک.

٢. نوێنەری ئاثووری: مووصڵ لە بناغەدا وڵاتێکی ئاثوورییە. ئەبێت حکوومەتێکی سەربەخۆی ئاثووریی تێدا دروست بکرێت.



ئەو نیشانە = شعار = ەی لە ١٩٢٢ دا لەلایەن شێخ محمودەوە
بۆ حکومەتەکەی پەسند کرابوو :-

١- گوڵە گەنم
٢- گوڵە جۆ
٣- گەڵا تووتن




ئەو ئاڵایەی کوردستان کە لە سەر فەرمانی حکمدار شێخ محمود لە سلێمانی ، لە جێگای ئاڵاکەی ئینگلیز لەلایەن عزت بەگەوە داکوترا : ١٩١٩ — بەرگی -١- لاپەرە -٥٥-:



٣. نوێنەری عیراق جەعفەر پاشا: ئەم قسانە بێ بناغەن. شارەکانی ویلایەتی مووصڵ هیی کوردە و کوردن، بەپێی پەیمانی (سیڤەر) کە حکوومەتە سوێندخۆرەکان بڕیاریان داوە، ئەبێت بە سەربەخۆیی حکوومەتێکیان ببێ، ئێستا خۆیان حکوومەتێکی تەواو مونتەظەمیان پێکەوە ناوە. لەگەڵ ئەمەیشدا حکوومەتی عیراق، کە ویلایەتی مووصڵی بە بەشی خۆی دانابوو، ساڵێکی بۆ تەرخان کردن کە بتوانن مەرامی خۆیان پیشان بدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ عیراقدا بژین، یان بە جیاوازی.

دیسان ئەو مۆڵەتەیش بەسەر چوو، خۆیان بە جیاوازی هێشتەوە و نەبوون بە یەك لەگەڵ عیراقدا و بۆ ژیانی سەربەخۆی خۆیان بە یەكدڵ هەوڵ ئەدەن، کۆشش ئەکەن. جا ئێستا بە حکوومەتێکی موستەقیل ئەناسرێن و مەلیکیان "مەلیك مەحموودی یەکەم"ە، لەبەر ئەوە هیچ حکوومەتێك حەقی پایەماڵکردنی ژیانی ئەم حکوومەتەی نییە[10].

خوێندەواری خۆشەویست، بێگومان فەرموودەکانی جەعفەر پاشا دەستکرد و ناوئاخنی پرۆغرامی ئینگلیزە، لە لۆزان یا بە ڕۆژنامەکانی بەغداد.

ئینگلیز ئەیویست وە ویستی بە ناوی کوردەوە ویلایەتی مووصڵ لە گەرووی تورك دەربهێنێت، چونکە لەدواییدا ئەتوانێت وە توانیی بە لچهەڵقرچانێك لە کورد، بە ئارەزووی خۆی بڕیار بدات. ئەیزانی کە شێخ مەحموود بەهێزە، کوردیش دەستبەرداری مافی خۆی نابێت. جا وەك ئەووەڵێن ((پادار بگرە و بێپا ماڵی خۆمان)) بەسەر کوردیا هێنا.

لە پێش ئەوەدا بکەوێتە وتووێژی کۆمەڵی لۆزان، شێخ مەحموودی لە هیندەوە هێنایەوە. بە گوێیدا چرپان بانگی (مەلیکی کوردستان) بدا و حکوومەتێکی سەربەخۆ و وەزارەتی پێ دامەزراند. ئینجا نوێنەرەکەی خۆی -عیراقی- پێ فوو دا، بەرامبەر بە حکوومەتە ماندوو وە لەجەرەکەی تورك لە لۆزاندا قوتی کردەوە. ئەو پارێزگارییەی جەعفەر پاشایش -کە خۆی کوردە- ئەیزانی بۆ کورد نییە، بۆ ساخکردنەوەی ویلایەتی مووصڵە.

---

[10] لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، ژمارە ٣، ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢.



بنکەی ژین www.zheen.org

له ئەنجامدا سلێمانیشی خستە سەر ١٣ لیواکە و سەری دەرخۆنەکەی نایەوە. جا ئەمە بوو ڕابوردووی گەلی کورد. هێشتا کارەساتی مووصڵیش تەواو نەبووبوو، ئینگلیز بە تۆپ و فڕۆکە و بۆمبای کاتی (تەوقیت) و سوپای ٣٠-٤٠ هەزارییەوە ئەم جارەیش بە چەکی جەهەننەمی کوردستانی سووتان، وێرانی کرد، کورد لە ماڵ و دێهاتیاندا بۆ چیا دەربەدەر کران. لە هەندەران (خارج)یش بە ناوی حکوومەتی موستەقیل و ئازادەوە باس و پاسی کوردی ئەکرد. بەڵام داخی گران ئەوەیە، زۆر لە دانا و پیاوماقووڵەکانی کورد بە هۆی زەردەخەنەیەکی ئینگلیزەکانەوە خزابوونە بەغداد. لە پای گێرفاندا، لە پاش ئەوەی کە ڕەگی ژیانی کورد بڕرا، ئەیانوت شێخ مەحموود نەیزانی.

جا ئەگەر خۆیان زانا بوون، بۆچی وەکوو چەکدارەکان کە گیانی خۆیان بەخت ئەکرد، ئەوانیش نەچوون و لە کۆمەڵی لۆزاندا بە زانایی و دانایی خۆیان پارێزگاریی نیشتمانەکەیان بکەن، یان لە کۆمەڵی ئاشتیی (سیڤەر)دا نەبوون بە هاودەردی شەریف پاشا داوای مافی خۆی و نەوەی نیشتمانەکەیان بکەن، وە یان لە هەموو پێویستتر فەرموودەکانی جەعفەر پاشایان بە ڕاست بگێڕایە.

ئەمەیش چاو بەستێکی تر لە چەپمەنەوە، مژدەیەکی خۆش[11]: بەپێی تەلگرافێك لە نێرراوی کوردستان "میستەر چەپمەن" لە بەغدادەوە هاتووە، ئەڵێت: ((مەندووبی سامی بە ناوی حکوومەتی خۆیەوە پیرۆزیی سەربەخۆییی ئیستیقلالی کوردستان ئەکات)).

بۆ ئەوەی ئەم ناوئاخنانەیان بە تەواوی بکەوێتە ڕوو، ئەمە وێنەیەکە لە بێبەزەییەتیی ئینگلیز کە دڵی دڵسۆزی ئادەمیزاد ئەهێنێتە جۆش.

لمحات من تأريخ العالم:

لە نووسینی باندیت جواهر لال نهرو، لاپەڕە ٣٤ و ٣٥.

و: حدثت بعض القلاقل في الاماكن النائية خصوصاً في المناطق الكردية، فاستعمل سلاح الجو البريطاني في اخضاع هذه الاضطرابات القاء قنابل من الجو وتهديم القرى بأكملها. وكان احسن وصف لنتيجة محاولاتهم فرض السلام والنظام بالقوة، ما قاله

---

[11] ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٧.



ژینی ژین
www.zheen.org

الضابط الانجليزي الكولونل السير ارنولد ويلسون في محاضرته في الجمعية الآسيوية الملكية في لندن ٨ يونيو ١٩٣٢ قد اشار فيها الى: الذي قام به سلاح الجو الملكي في قذف سكان الاكراد خلال العشر سنوات الماضية، وعلى الاخص خلال الستة اشهر الاخيرة، ان القرى المهدمة والماشية المذبوحة والنساء المشوهات والاطفال المشوهين دليل لا يدحض –حبسما قالت جريدة "التايمس"– على طراز فريد من المدنية.

ولما رأوا ان سكان القرى يهربون ويخبئون عندما تقترب منهم الطائرات، ولم يظهروا روحاً رياضية في انتظار القنابل الساقطة عليهم، اعمدوا لاستعمال نوع جديد من القنابل هي القنابل الموقوته، وهذه القنابل لاتنفجر عند سقوطها مباشرة، وغنما تنفجر بعد وقت محدود. وقصدوا من هذه الحيلة الشيطانية ان يغرروا بالقرويين فيعودوا الى اكواخهم بعد انصراف الطائرات، فتتتفجر القنابل عندئذ. كان الذين يموتون في هذه الغارات يعتبرون سعداء بالنسبة لاولئك الذين يشوهون فتقطع أيديهم أو أرجلهم او تصيبهم عاهات خطيرة، وخصوصاً لفقدان التسهيلات الطبية في تلك القرى النائية. وقد نجحت هذه الغارات فاستتب الامن والنظام.

و (لاپەڕە ٢٥٩ و ٢٦٠يشدا ئەفەرموێت:)

ان تركيا اصبحت دولة وطنية متماسكة وان العناصر الدخلية فيها قد تقلصت كثيراً، ولكن ظلّ في شرق توركيا شعب غير توركي متاخم للحدود التركية الفارسية، وهم الاكراد القدماء اللذين كانوا يتكلمون اللغة الفارسية وكانت بلادهم كردستان مقسمة بين توركيا وفارس والعراق ومنطقة الموصل. وقد نقص عدد الاكراد من ٣ ملايين الى مليون ونصف، وكان نصف هؤلاء يقطنون داخل حدود تركيا، وقد قامت هذه الفئة بحركة قومية بعيد الثورة التركية عام ١٩٠٨، كما طلب ممثل الاكراد في مؤتمر الصلح في فرساي باعطائهم الئيستيقلال القومي.

وفي عام ١٩٢٥ قامت ثورة كبيرة في الرقعة الكردية من تركيا وكان ذلك ايام الاحتكاك الناشب بين بريطانيا و تركيا حول منطقة الموصل التي كانت قسماً من المنطقة التركية الكردية، والتي قامت فيها الثورة. فاستنتج الاتراك ان الاصابع البريطانية هي التي حركت العناصر الدينية المتطرفة ضد اصلاحات مصطفى كمال. ومع انه يصعب الحكم عما اذا

بنكەی ژین
www.zheen.org

كان البريطانيون هم المحرضين، غير انه من المؤكد ان بريطانيا قابلت ثورة الاكراد في تركيا بالارتياح. واوضح ايضاً ان النزعة الدينية كان لها اثر في هذه الحركة، كما كان للقومية الكردية سهم آخر، وربما كان سهم اوفر.

وقام مصطفى يعلن ان بريطانيا هي المحركة للاكراد، مما جعل المجلس الوطني يسن قانوناً يلحق الخيانة العظمى بكل من يستخدم الدين كوسيله لاثارة الشعور الشعبي سواء بالكلام او بالنشر ويقع تحت طائلة العقوبة القصوى. وحرم ايضاً تعليم المبادىء الدينية التي تناقض الولاء للجمهورية في المساجد. وقضى كمال پاشا بعد ذلك على الاكراد بلا رحمة، وأقام محاكم (الاستقلال) الخاصة لمحاكمتهم بالالوف واعدم الزعيمان الكرديان الشيخ سعيد ودكتور فؤاد وغيرهما الذين ماتوا وامنية ئيستيقلال كوردستان لا تفارقهم.

وهكذا نرى ان الاتراك الذين حاربوا مؤخراً للحصول على حريتهم، سحقوا الاكراد لمطالبتهم بحريتهم. فما اغرب تحول القومية من دفاع عن الوطن الى هجوم لسلب حرية الغير. وفي عام ١٩٢٩ ثار الاكراد ثانية، ولكن ثورتهم سحقت ولو الى حين. اذ كيف يمكن ان تخمد الى الابد ثورة قوم يكافحون من اجل الحرية وهم مستعدون لدفع الثمن.

ولم ينج من ذلك زعماء المجلس او زملاؤه القوميون، اذ كانوا من معارضيه. أما رؤوف بگ الذي كانت الحكومة البريطانية قد نفته الى مالطة والذي اصبح فيما بعد رئيساً لوزراء تركيا، فقد حكم عليه غيابياً. وكثير من الضباط والعسكريين الذين حاربوا بجانب الغازي في حرب الاستقلال، حل بهم الخزي والعقاب حتى الموت، وكانت التهمة الموجهة الى هؤلاء التآمر مع الاكراد والتآمر مع العدو اللدود بريطانيا ضد سلامة الدولة.

براییىه، ئینگلیز سەرچۆپیکێشی ئاواتی کورد بوو بۆ سەر کەندەڵانی مردن. خۆی بە ئافەریدە، بەخشندەی کورد ئەزانی، بە هاندان، بە پەنجەتێکێشان، بە سوپای بێئامانی خۆی، لە کردنی بڕاننەوەی کورد درێغیی نەکرد. ئەبوو لە هەڵبژێرراوەکانی باندویت لال جەواهیر نەهرۆ کارەساتی کوردی تورکیا چۆن دوایی هات، هەر دوابەدوای جەنگی یەکەم لە شۆڕشی شێخ مەحموود لە عیراق، شۆڕشی سمکو لە ئێران، بە شۆڕشی شێخ سەعید و شۆڕشی دێرسیم لە تورکیا، تا چ ڕەنگ و ڕیسەیەکیان ڕست، مەگەر ئینگلیزەکان خۆیان زانیبێتیان چ کارێکیان بەسەر کوردا هێنا.

ئێران لەم ڕۆژە تەنگ و تاریکەدا کە ئینگلیز هێنای بەسەر کوردا، ئێرانیشی لە ژیانی کورد خستە جووڵە، وای تێگەیاندن کە بە زوویەکی زوو حکوومەتێکی توندوتۆڵ بۆ کورد دروست ئەبێت. ئەم کوردستانەیش تەنیا عیراق نابێت، بێگومان شۆڕش ئەخەنە ئێرانیشەوە.

لەسەر ئەم باوەڕە بە ڕۆژنامەی "ستارهٔ ایران"، لە ژمارە ٧٠ و ڕۆژی ٩ی ڕەبیعول ئەووەلی ١٩٤١* کەوتنە کوتانەوەی سەروگۆێلاکی کورد. بەڵام شێخ مەحموود بە ڕاستی چاکەخوازی ئێرانە و نەیئەویست هیچ قوڵت و خراپەیەك بێتە پێش ئاواتی حکوومەتی ئێران، بە گورجی پێی ڕاگەیاندن کە ئەم ئاشووبە هیی ئینگلیزە و ڕاست نییە. لە پاش ئەوەی سمکۆ کە لە شۆڕشەکەیدا سەر نەکەوت، هەروەکوو ئینگلیزەکان لێیان شێواند، هێنایشانە هەولێر، بۆ بەکارهێنانی لە سیاسەتی خۆیاندا و لە هەولێرەوە تەلگرافیان پێ نووسی بۆ شێخ مەحموود. ئەمە وێنەی تەلگرافەکانە لە تورکییەوە بە کوردی.

سلێمانییە، حوکمداری مەزن

ئیمڕۆ چاکە و خراپەی کورد کەوتۆتە بەردەستی پیرۆزتان، هیچ بە باشی نازانین بەبێ فەرمانی ئێوە کارێك بکرێت. دڵتان بسووتێت بە لێقەوماوی وەکوو ئێمە و میللەتی کورد، بۆ یارمەتی و ڕزگار کردنی ئەم نیشتمانە لێتان ئەپاڕێینەوە.

سمکۆ

١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢

هەولێر

هەولێر، قارەمانی کوردستان ئیسماعیل ئاغا:

ڕەنگە بزانن کە بە تاك و تەنیا لە ڕێگای ساندنی مافی گەلی کوردا و لە پێش هەموو کەسێکەوە چۆن گیانی خۆم بەخت کردووە و تووشی چورتمی چۆن بووم. ئیمڕۆ

---

* ٩ی ڕەبیعول ئەووەلی ١٩٤١: هەڵەیە و ٩ی ڕەبیعول ئەووەلی ١٣٤١ی کۆچی ڕاستە، کە بەرامبەر بە ١٩٢٣/١٠/٢٠ دەوەستێتەوە.

به یارمەتیی قارەمانێکی نیشتمانپەروەری وەکوو ئێوەوە، بەو ئاواتە گەیشتنمان چەند ئارەزوو ئەکەم. وا ئەزانم پێویست بە نووسین ناکات. چونکە ئەزانم خۆتان ئەتوانن تەقدیری بکەن، بەبێ هێز و بەبێ یارمەتی و یاریەدەر، ئەگەر خۆمان بهاوێژینە ناو ئاگری بەربەرەکانی، گومان مەبەن کە ئەبێتە هۆی لەناوبردنی کوردی هەژار لە بنەڕەت. تا ئێستا بە ڕەسمی و بە تەواوی سەربەخۆیی نەدراوە بە کورد، کە بتوانین بەربەرەکانیی حکوومەتەکان بکەین. لەگەڵ ئەوەیشدا لە داوای مافی خۆمان دوانەکەوتین. بەڵام بە قسە خەڵەتێنراین. سێ مانگ لەمەوپێش لەو ژوان و پەیمانەی حکوومەتی بەریتانیای گەورە بە ئێمەی دابوو، هیچی بەجێنەهێنا، تاوەکوو ئێمەیش بتوانین پیشانی قەومەکەمانی بدەین. لەسەر حەق، پێمان خۆشە بجەنگین. بەڵام نامەوێت بێسوود خوێنی کورد بڕێژم. ئەگەر حەقی خۆمان پێ ببەخشرێت، ئەو کاتە ئەبێت خۆمان لە دوژمنی بەدکار دوور بخەینەوە. هەر لە دوورەوە ئەتوانم هەموو فەرمانێکی حکوومەتی بەریتانیای گەورە لە شیرازەی یاسادا بەجێبێنم. ئەگەر زیاتر ئارەزووی تێگەیشتن و گفتوگۆ ئەفەرموون، بۆ سلێمانی تەشریف فەرموون تکایە.

مەحموود

١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

سلێمانی، حوکمداری مەزن:

لە حکوومەتی ئینگلیز بەولاوە کەس نییە سەربەخۆیی بە ئێمە ببەخشێت. بەرامبەر بەو چاکەیەی لەگەڵمان ئەکات، چاوەڕوانی پاداشە. ئەم حەقە بێگومان ئەتوانین بسێنین. من ئامادەی ساندنی ئەم حەقەم ئەگەر لە لایەن حوکمداریتانەوە فەرمانم پێدرێت، بەبێ ڕژاندنی خوێنی موسڵمانان. وای بە باش ئەبینم کە بە یەکەوە دوژمن لە ناو خۆماندا دەر بکەین و حەقی خۆمان لە بریتانیا و عەرەب وەربگرین.

سمکۆ

هەولێر، قارەمانی کوردستان ئیسماعیل ئاغا

بۆ هەموو بەخشندەییەك، بۆ هەموو چاکەیەك، ئەبێت سوپاس بکرێت. بەڵام بۆ چاکەیەك کە شایانی سوپاس نەبێت، ئەرككێشانە و لە ڕێی بێگانەدا بە خۆڕایی

گیان‌بەختکردنە. لەگەڵ ئەوەیشدا، بێجگە لە حکوومەتی بەریتانیا کەسێکی تر نابینم کە حەقمان بداتێ. بەوانەیش کە ضەربە لە حەقی کورد ئەدەن، چۆنە بەربەرەکانییان زۆر بە پێویست ئەبینم. بەبێ‌هودەیش بچینە کۆڕی بەربەرەکانییەوە، بە شوورەییی ئەزانم. بۆ بەجێ‌هێنانی ئەو پەیمانەی کە حکوومەتی بەریتانیا داویەتی بە کورد، ئەگەر بەجێی بهێنێت، میللەتی کورد ئامادەیە بۆ لەناوبردنی ئەو دوژمنەی نەهێڵێت ئەو حەقەمان بدرێتێ، ئەگەر بە تەواوی ئیعترافمان پێ بکات و بە حکوومەت بزانرێین و یاریەدەرمان بێت بەرامبەر بە دوژمنمان. بەڵام ئەو دوژمنەمان ئێستا کێیە، نایناسم. نایشزانم کام حکوومەت حەقمان ئەداتێ. بەبێ وەرگرتنی حەق لەگەڵ کێ و بۆچی بجەنگین. بۆچی و بۆ سوودی کێ خوێن بڕیژین. ئیتر بەبێ دوژمنایەتی لە ماڵی خۆمدا دانیشتنم بەلاوە پەسەندترە.

مەحموود

سلێمانییە، حوکمداری مەزن

دەستتان ماچ ئەکەم. بێتوو بکەومە ژێر سێبەری گەورەییتان، خۆم زۆر بە بەختیار ئەزانم. هەموو کار و ڕاسپێرییەك بە ئیسماعیل ئاغا گەیەنراوە، گەورەم.

سەیید طەها

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەولێر، برای خۆشەویستم سەیید طەها

ئەگەر گەورەیی بەرامبەر بەم برایەتان ڕەوا بینیوە، زۆر سوپاستان ئەکەم. وەڵامی فەرمایشەکانی ئیسماعیل ئاغام دایەوە. من کوردم و بۆ کورد ئەژیم، لەبەر ئەوە ژیانم بە مەزنی و بەختیاری ئەزانم. فیدای هەموو قارەمان و نیشتمانپەروەرێکی کوردم.

مەحموود

ئەم تەلگرافە لە هەولێر لە لایەن "چەپمەن"ەوە ڕێك ئەخرا و ئاگاداری و ئارەزوویان ئەنووسرا.

ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٣٣٩-١٩٢٣ بڕیاری هاتنی قارەمانی کورد "سمکۆ-ئیسماعیل ئاغا" درا. بەپێی فەرمانی مەلیك مەحموودی یەکەم، بۆ بەجێ‌هێنانی کاروباری

بەپیرەوەچوونی سمکۆ، سەرنووسی مولووکانە طاهیر ئەفەندی و سوپاسالار شێخ قادریش بە ١٠٠ سواری سوپاییيەوە نێرران بۆ ڕێگەی هاتنیان لە ڕانیەوە.

ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ١٣٣٩ هەموو دائیرەکانی میری داخرا، دووکاندار دووکانیان داخست. بە سواری یا پیادەیی هەموو دانیشتووانی شار پتر لە نیو سەعات ڕێگە لە سلێمانی‌یەوە دوور کەوتنە ڕێ، ژن و منالّ لەسەر شەقام و کۆلان و سەربانەوە چاوەڕێیان ئەکرد.

وەزیری داخلییەی کوردستان و وەکیلی فەخامەتی مەندووبی سامی کەپتان چەپمەن و لە ڕەفەقاتیاتدا کاتبی مولووکانە ئەحمەد خواجە[12] بە ئوتوموبیل ماوەی یەك سەعات لە شار دوور ڕۆیشتن و گەردوونەی مەلیکی مەزن لە کاتژمێری ١١,٣٠ی پێش‌نیوەڕۆدا نزیکەی ماوەی نیو سەعات لە شار دوور کەوتەوە.

ئەم گەردوونە و بەپیرەوەهاتووانە لە جێگەی دیاردیکراوی ڕێگەدا چاوەڕێی هاتنی میوانی مەزن و خۆشەویست ئەکرا و لە هەردوو بەری شەقامدا ڕیزبەستەی چاوەڕێییيا ئەکرد.

لە کاتی گەیشتنی ئاغای مەزن و دلێر، لەگەڵ ئەحمەد ئاغا برای و خزم و خۆیشانی و سەرەك‌عەشایرانی پشدەر بابەکر ئاغا و عەباس ئاغا و ئاغاواتی مەنگوڕ و مامەش کە نموودار بوون، گەردوونەی مەلیکی مەزن چووە پێش و لەگەڵ بەیەکترگەیشتندا پیادە بوون و بە خۆشی ئامێزان بوون. سمکۆ لەگەڵ مەلیکی مەزندا بە ئوتوموبێل و هەموو بەپیرەوەهاتوواندا بۆ سلێمانی گەڕانەوە، تا بەر قۆناخی تایبەتی.

حەوت تۆپی مژدەدەری خۆشی تەقێنرا، لە لایەن قوتابیانی ڕیزبەستەی خۆش‌هاتییەوە گۆرانیی کوردی و سروودی نیشتمانی خوێنرایەوە. لەبابەت سوپاسی بەپیرەوەچوون و ڕێزگرتنی هاتنیەوە لە لایەن سەردار نوصرەت سمکۆیشەوە نووسراوێك بە هۆی ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"ەوە بڵاوکرایەوە.

[12] نووسەری چیم دی.

باسی بەسەرهاتووی گەلی کورد ئێجگار زۆرە. بە ناچاری بۆ کورتکردنەوەی باسەکان، بەسەر زۆر ڕووداودا بازمان دا، چونکە ئەوەی بەسەر ئەم گەل و حکوومەتە پڕگێچەڵەی کە بەریتانیا بە کوردی بەخشی هاتووە، تەواو نابێت.

وتمان، زۆر لە ضابط و کوردە ڕەقاو (مثقف)ەکانی کورد لە پاش گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان، بۆ گیانبەختکردن و هیوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە بەغداد و هەندەرانەوە بە باڵەفڕێ ئەهاتنەوە، یان ئەنێررانەوە بۆ نیشتمانەکەیان، بە دڵسۆزی و ڕێزەوە ئەخرانە کارو کایەوە، سوێندی دڵپاکی و گیانبەختکردنیان ئەخوارد،بەڵام ئایا حاجی مصطەفا پاشا چاکی نەئەفەرموو کە لە ڕۆژنامەکەیدا بە پێشەکی ئەینووسی.

((قوربانی بەندی کەیفتم          تا پوول داری ڕەفیقتم))

ئەم وتەیە زۆر باش هاتە دی. نامەوێت یەکەیەکە ناوی ئەو دڵسۆزە درۆزنانە پیشان بدەم، نەوەکوو ئەوانی تریشمان ببن بە چاولێکەریان. بەڵام لە باسەکانی دوایی و لە جێی خۆیدا ناچارین بیانخەینە ڕوو، کە بۆ چنۆکیی گیرفانیان، خۆیان بەدناو کرد، پەڵێکی گەورەیان دا بە پشتی شۆڕشەکەیاندا.

گەل، عەشایەر و نیشتەجێیەکانی کورد، بە داوای ئازادی بەبێ پشوو شێخ مەحموودیان وەڕزکردبوو. لەسەر ئەم داوا و پشت بە تێگەیشتنی گەلەکە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ "چەپمەن" (دانشمەندی سیاسی)دا وتووێژی ئەکرد و خۆی گێل ئەکرد، بڕیاری دا کە تایبەتی بانگی بکات و لە دیواندا مەرامی تێبگەیەنێت. لە پاش بینین، چەپمەن داوای خەڵوەتی و پەنهانیی لێدوانی کرد. لەو کاتەدا داواکانی شێخ مەحموود لە چەپمەن ئەمە بوو.

١- حکوومەتی بەریتانیا بانگی ئازادیی کورد بە حکوومەتەکەتدا بڵاو بکاتەوە.

٢- یارمەتیی ئابووری و کشتوکاڵ بدا.

٣- یارمەتیی تەواو بدات بۆ بەرزکردنەوەی زانیاری و سوپایی.

بەڵام چەپمەن وەڵامەکەی زۆر کورت و خۆش بوو، فەرمووی: ((ئەبێت کورد لەگەڵ عەرەب ڕێك بکەوێت!)). شێخ مەحموود وتی: ئەم قسەیەم زۆر پێ ناخۆش بوو. ئێمە

براین هیچ ئاڵۆزی و دوژمنایەتییێکمان نییە و نەبووە، لەسەر چ ناڕێکییەك ڕێك بکەوین. ئێمەتان بە تۆپ و لوولەی تفەنگ نەگرتووە. ئەگەر وەکوو بەڵێنیان بە کورد و من داوە ئازادیی کورد نەدەن، ئەیسێنین. کورد چەکدارە و خاوەن‌دەسەڵاتە. ئەمجارەیش مەبن بە هۆی خوێن ڕشتن و بە ڕژاندنی خوێنی کوردی هەژار، مێژووی بەریتانیا بە خراپە مەڕازێننەوە، چونکە نەوەی دواڕۆژتان باش یادتان ناکەن. چەپمەن ترسا، بای داوە، داوای مەضبەطەی کوردی کرد. مەضبەطە جێبەجێ کرا، نێررا بۆ مەندووبی سامی، بە هیوای بانگ و مژدەی ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام گوێی ئینگلیز لە بیستن کەوتبوو.

بۆ بێوڵەتیی کورد، لەبابەت گەیشتنی ئووزدەمیر و بلووکە سەربازەکەیەوە بە کانییەڕەش، لەمەوپێش نووسراوەکەتان خوێندەوە. لە شارەکان و قەضاکانی هەرسێ لیوا و بادینان هاوژوان و پەیمانیان لە برەودا بوو، لەشکر و هێزێکی گەورە دواکەوت. لەبەر ئەوەی شێخ مەحموودیش هیچ باوەڕی بە ئینگلیزەکان نەمابوو، بەربەستی نەئەکردن. بە ئاشکرا لە ناو شاری سلێمانی‌دا سێ هێز لە کارا بوو.

١- ئینگلیزخواه: ضابطەکان و هاوپەیمانەکانیان.

٢- تورکخواه: ضابطە کۆنەکانی عوثمانی و هاودەردەکانیان.

٣- کوردخواه: چینی لاوان بە دڵێکی پۆڵاییینەوە.

چینی یەکەم: بە پروپاغەندە خەریکی دامەزراندنی ئاواتی ئینگلیزەکان بوون بۆ ڕووخاندنی قەڵای هیوای کورد.

چینی دووەم: ئەمانیش خەریکی تورکخواهی بوون بە ناوی ئیسلامییەتەوە بۆ ڕووخاندنی قەڵای هیوای کورد و ڕماندنی کەڵەکی درۆی ئینگلیز، بەبێ ئەوەی بزانن تورکیا جمهوورییەتە، هەر بە ناوی خەلیفەی ئیسلامەوە تێ‌ئەکۆشان.

چینی سێهەم: یەکسەر بەبێ پێچوپەنا خەریکی نیشتمانپەروەری و گیان‌بەختکردن بوو لە پێناوی کورد و کوردستان‌دا و بەربەرەکانیی دوو چینی سەرەوە بە دڵێکی پۆڵاییینەوە. چەند ئینگلیزەکان تەنگاو بکرایە، زیانیان بینیبایە، دەستبەرداری شێخ مەحموود نەئەبوون. وایان‌ئەزانی بۆ کاریان دەست ئەدا، بۆ کاری ویلایەتی مووصڵ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەگەڵ ئەوەدا کە شێخ مەحموودیان زۆر پێویست بوو. کەچی:

١- لە هەولێر، بۆ ئەوەی پرۆژەکەی کورد یەك نەگرێت، ئەحمەد ئەفەندیی کاتبی بەلەدییەیان کرد بە رەئیسی بەلەدییە و موتەصەرپیفی لیوا و کردیان بە هۆی تێگەیاندنی کوردەکان کە لیوای هەولێریش داوای ئیستیقلالی بکات و لە شێخ مەحموود و سلێمانی دووریان بخاتەوە.

٢- لە کەرکووك، مەجید یەعقووبی رەئیس بەلەدییە بوو، ئەویشیان کرد بە موتەصەرپیف بۆ ئەوەی بە تەواوی لە سلێمانییان جیا بکەنەوە. "مێجەر میلەر" ناوێکی تورکیزانیان دۆزییەوە و بە ناوی حاکمی سیاسییەوە ناردیان بۆ کەرکووك. ئەم ئینگلیزە تورکیزانە و موتەصەرپیف هانی کەرکووکییەکانیان ئەدا داوای ئیستیقلالی خۆیان بکەن، هەر بۆ ئەوەی لە سلێمانییان بپچڕنەوە.

٣- لە سلێمانیش بانگی مەلیکی کوردستانی بۆ شێخ مەحموود ئەدا.

٤- داوای کەریم بەگی هەمەوەندیان ئەکرد کە شێخ مەحموود بە پەلبەستراوی بیداتە دەستیان، لە خوێنی ئینگلیزەکانی لە ڕێگەی مۆرتکە کوشتنی، بیکوژنەوە.

٥- زۆر بە پەلە ئووزدەمیر دەر بکات. بە لەشکری کوردەوە جەنگ لەگەڵ تورکدا دابمەزرێنێت، بەڵام شێخ مەحموود پێی ئەوتن، سەربەخۆیی کورد بدەن، ئەبم بە سوێندخۆر و کارگوزارتان. ئەگینا نابم بە دوژمنی کەس لە سوودی بێگانەی بێسوودا. کورد هاوژیانی ئەو حکوومەتەیە کە مافی ئازادیی بداتێ. کە کورد سەربەخۆ بوو، ویلایەتی مووصڵیش کوردستانە، وەڵامی ئەدانەوە.

بەو داوا و وەڵامانەوە نەوێستان. حاکمە سیاسییەکان (ضابطه سیاسییەکان) زۆریان نووسی، ئیتر مەندووبی سامی تێگەیشت مانەوەی ئووزدەمیر لە کوردستاندا ئەبێتە هۆی شێواندنی کارەسات و بێگومان مووصڵیان لە دەست ئەچێت. داوای شێخ مەحموودیان کرد بچێت بۆ بەغداد. شێخ مەحموود تێگەیشت بۆ ئەوەی بە لەشکری کورد ئووزدەمیر دەر بکەن، داوای ئەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا لە کوردەکان بگەیەنێت کە مووصڵ هیی عیراقە. جا ئەم چوونە لە سوودی کورد نییە و لە پاشەڕۆژدا لە لایەن کوردەوە پرسینەوەی ئەبێت.



بنکەی ژین
www.zheen.org

له وه‌ڵامدا شێخ مه‌حموود وتی: به نووسین داوام لێ بکه‌ن، به نووسین وه‌ڵام ئه‌ده‌مه‌وه‌، به‌ڵام به‌و مه‌رجه‌ی له پێش به‌جێهێنانی هه‌موو فه‌رمانێکدا؛ ١) بانگی ئیستیقلالی کورد بده‌ن و ئاڵای کورد هه‌ڵدرێت، ئاماده‌ی هه‌موو فه‌رمانێکم، ٢) له پاش به‌جێهێنانی ئه‌م داوایه‌، ئه‌چێته دێیه‌ك له دێهاته‌کانی خۆی و گۆشه‌نشین دائه‌نیشێت. یه‌که‌مین که‌س ئه‌بێت که بۆ ئه‌و سه‌رۆکی کورده‌ی هه‌ڵئه‌بژێررێت، سه‌ری فه‌رمانبه‌ری دابنێت.

ئه‌م وه‌ڵامه‌یشی نه‌بیسترا. چوونی بۆ به‌غداد داوا کرایه‌وه و ئه‌مجاره‌یش فریشته به‌دوومه‌که‌ی کورد "مێجه‌ر نۆئێل" هاته‌وه‌، بۆ ئه‌وه‌ی به ته‌واوی پاشقوله‌که‌ی خۆی له شێخ مه‌حموود و کورد بدات؛ به‌ڵام شێخ مه‌حموود پێی‌وت: من کورده‌کانم دوچاری داوی ئێوه (ئینگلیز) کردووه‌. جا ئێستا کورده‌کان ئینگلیز یان تورکیان بوێت، من له‌گه‌ڵیانم. ته‌نیا خۆم له‌گه‌ڵ درۆی ئێوه نابم. مێجه‌ر نۆئێل باش ئه‌یزانی که زۆرترینی کورده‌کان داویانه‌ته کۆمه‌کی ئۆوزده‌میر وه تێگه‌یشت شێخ مه‌حموودیش په‌نجه ناکێشێته ناویان. ئیتر زانیی ده‌فه‌که‌ی ده‌نگ نادات، گه‌ڕایه‌وه بۆ به‌غداد.

پڕوپاغه‌نده‌ی ئۆوزده‌میر ته‌نیا له کوردستاندا نه‌بوو، زۆر به گه‌رمی که‌وته ناو عه‌ره‌بستان و به‌تایبه‌تی مووصڵ و به‌غداد. هه‌روه‌کوو تورکخواهی په‌ره‌ی‌ساند، پیاوخراپیش خۆیان خزانده په‌نای شێخ مه‌حموود، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له لوطف و ژوانی ئینگلیز ده‌ستی شتبوو. هه‌موو هیواو ئاواتی به‌باچووبوو، نه‌یئه‌وێرا په‌لاماری تورکه‌کان بدات؛ وه‌نه‌بێت تورکیشی خۆش بوێت، به‌ڵام ناچار بوو به ڕاگرتنی هه‌ردوولا.

جا ئه‌و پیاوانه‌ی یه‌کسه‌ر تورکخواه‌ - خه‌لیفه‌ی ئیسلامیان زیندوو ئه‌کرده‌وه‌، به‌هێزتر بوون له‌وانه‌ی که خۆشیانی نه‌ئه‌ویست.

١- طاهیر ئه‌فه‌ندی ئه‌مین- سه‌رکاتبی مولووکانه‌.

٢- سه‌یید عه‌بدوڵڵای حاجی سه‌یید حه‌سه‌ن- ئامۆزای شێخ مه‌حموود.

٣– ئەحمەد تەقی* – ضابط ئیحتیاطێکی عوسمانی.

٤– سەیید ڕەضا ئەفەندی– لە سوپای عوسمانیدا یووزباشی بوو.

٥– سەیید ڕەئووف ئەفەندی، زۆر پیاوانی تری ناسراو و دەستڕۆیشتوو.

بە هۆی ئەمانەوە لە ناکاو دوو ضابطی تورك لە ضابطەکانی ئۆوزدەمیر، یووزباشی ڕەمزی لەگەڵ یەکێکی تریان، بە ناوی میوانییەوە هێنا و خزانیانە ماڵی شێخ مەحموود.

لەم ڕۆژنەدا، میستەر چەپمەن خۆی بە نەخۆشی خست. پرسیار و چۆنیەتی، فەرمانم پێ درا بچم. لە پێش ئەوەی پرسیاری لێ بکەم. وتی میوانەکانی شێخ مەحموود ڕۆیشتن؟!

وتم: کام میوان.

– تورکەکان! بە تووڕەیییەوە وتم: شتی وا نییە، تورکی چی؟

دووبارە بە گرژییەوە، وتی: قەی ناکات، من لە پێش ئەواندا ئەڕۆم. گەڕامەوە چۆنیەتیی باسەکەم بەبێ کەموزیاد گێڕایەوە. ڕۆژی دوایی میستەر چەپمەن هات. شێخ مەحموود چوو بەپیریەوە. چەپمەن وتی: من ئەچم بۆ بەغداد.

پێی وت: تکایە، دوایی بە کارمان بهێنن. نازانین مەضبەطەکان بەچی گەیشت؟

وتی: باوەڕ ناکەم من بگەڕێمەوە، ئێوە بە لایەکی ترا کارتان تەواو ئەکەن، سەیید عەبدوڵڵا وتی: ئەبێت پێی ئینگلیز لەم وڵاتەدا نەمێنێت، نوێنەری کەمال پاشا هاتووە، ئەبینەوە بە ئیسلام، ڕاستە؟

شێخ مەحموود: ئێمە دوژمنی هیچ لایەك نین، ئەگەر میوان لە هەرچی لایەکەوە، لە هەرچی تیرەیەك بێت، بەلای ئێمەوە بەڕێزە. ئەگەر ئارەزووی چوونی بەغدادت هەیە، خوات لەگەڵ، بەڵام فەرامۆشمان مەکەن، ٢٥ی شوباطی ١٩٢٣.

---

* ئەحمەد تەقی کوڕی مەحموود و خەڵکی سلێمانییە، ١٣١٠ك (١٨٩٢–١٨٩٣) هاتە دنیاوە. لە ١٩٢٠ بەدواوە کەوتە دژایەتیی ئینگلیز و نەخشێکی بەرچاوی لە جووڵانەوەی ڕەواندزدا دی. لایەنگر و دەمڕاستی عەباسی مەحموود ئاغای پشدەری بوو و تا ١٩٣٨ لای مایەوە. ئەمجا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و ١٩٦١/١/١٣ کۆچیدوایی کرد (بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢٩–١٣٠).

ڕۆژی ٢٩ی شوباط دوو فڕۆکە هاتە سەر سلێمانی، پڕیاسکەیەکیان فڕێ دا، دوو بۆمبایش بە دوایدا. یەکەمیان لە چۆڵ، شێخ جافر، دووەمیان لە ناوەڕاستی سلێمانیدا درا بە ماڵی کەریم بەگی خانزادە جوانێ نزیك بە سەرای حکوومەت، لایەکی ڕماند بەسەر خێزانەکەدا. دوو ژن بە کوژراوی، سێ منداڵیان لە ژێر خاکدا مایەوە و لە دواییدا بە مردوویی دەرهێنران، ئەمەیش وێنەکەیەتی؛ ڕاوەستاوەکان– محانی موختاری گۆیژە، قۆمیسەر نەزهەت. جێگەی ئەو خانووە ئێستا شەقامی سابوونکەران و دووکانەکانی بەر گەڕاجەکەیە.

لەناو پرسیارەکەیشدا ئەم بەیاننامەیە بوو:

**((ئیعلان بۆ شێخ مەحموود ئەفەندی و خەڵقی سلێمانی**

خەبەرتان بێت کە لە پێش نیمەڕۆی ڕۆژی یەکشنبە بیستوپێنجەمی ئەم مانگە (موطابیقی بیستویەکەمی شەووال) شێخ مەحموود ئەفەندی لە چەمچماڵ یان لە کەرکووك دەخالەت بکات، بۆمباردمانی مەرکەزی لە سلێمانی ئیجراء ناکرێت. بەڵام ئەگەر حەتا ئەو وەقتە دەخالەت نەکات، بۆمباردمانێکی شەدید واقیع دەبێت.))

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە کاتێکدا کە کورد و شێخ مەحموود لە وەڵامی مەضبەطەکاندا چاوەڕێی مژدەی ئازادی بوون، کەچی پیاوەکانی حکوومەتی صاحیبول جەلالە بە بۆمبا وەڵامی دایەوە و خێزانێکی هەژار و بێوەیی لەناو برد. ئینگلیزەکان ئەیانزانی کە جارێکی تر نە کورد نە عەرەب نانووسێن بە تورکەوە، بەڵام چەپمەن بیری مەندووبی سامیی گۆڕی وە بوو بە هۆی ئەم بەدکارییە، هەروەکوو لە پێش هەموو کەسێکدا شێخ مەحموود ناتوانێت دۆستایەتیی تورکەکان بکات.

وتمان ئینگلیز بە دیوارێکی زۆر توند و بەهێز ڕێگەی گێتی و ڕزگاریی لە کورد بەست، ماوەی نەئەدا لە ڕووداو و گوزارش ئاگاهدار بن و سیاسەتی حکوومەتەکان بزانن وەیان بتوانن نوێنەر بنێرن و ڕێگەیەکی ڕزگاری بدۆزنەوە. کوردی بەدیار مەنجەڵە پڕ لە درۆ و تەڵەکەی خۆیانەوە وەکوو سواڵکەرێکی برسی هەڵتووتانبوو، نە

# اعلان بو شیخ محمود افندی

# و

# خلق سلیمانی

---

خبرتان بیت که اگر اهش نیمه روی روژی یکشنبه° بیست

وپنجم ام مانگه (مطابق بیست ویکم شوال) شیخ محمود افندی

لهم چیال یان لسکر کوك دخالت بکات بومبارد مان مرکزی لسلیمانی

اجراء نا کریت بلام اگر حتی او وقته دخالت نکات بومبارد مانیکی

شدید واقع دهبیت .

---

SGPB...144...233...5000...22 5 24

بنکەی ژین
www.zheen.org

به ئاواتی ئەگەیاندن و نە بە ڕاستی داوای خۆیانیان ئەخستە ڕوو، تاوەکوو کوردیش چارەسەرێکی خۆی بکات. ئینگلیز ئەیویست بە تەفرەدان و باسی ئیستیقلالی کورد مووصڵ ڕزگاربکات، کورد بکات بە بیانوو. کوردیش مافینگی و بە ناڵەی برینی دەستی سیاسەتیانەوە ئەینالاند.

پاش کەتنە نارەوا و نالەبارەکەی ئینگلیزی دۆستی دێرینیان بە بۆمبا و بەیاننامەکەی، ئیتر کورد و شێخ مەحموود هیوای چاکەیان بە ئینگلیز نەما. شەوی ۱۹۲۳/۳/۱ بڕیاری کۆبوونەوەیەکی گشتی درا، لە دانیشتووانی شار، مەئمووران لە دیوانی مەلیکدا.

شێخ مەحموود وتی: هەموو کۆشش و مەرایی و خوێن ڕشتنمان بەرامبەر بە ئینگلیز بێسوود مایەوە. فەلەکزدەکانمان من بە سووچدار ئەزانن، منیش تا ئێستا لە ئینگلیز نەگەیشتووم، چونکە قسەی ڕاست ناکەن، یان نازانن، تەفرەمان ئەدەن، ئێمەیان کردووە بە گۆپاڵی دەستیان بۆ ساغکردنەوەی مووصڵ، نەك بۆ ئێمە یان عەرەب، بۆ مەرامی کاری خۆیان ئەیخەنە سەر بەغداد، کە بۆ کوژاننەوەی تاوی کوردە، ئێوە چی ئەفەموون؟ بیلێن لەگەڵتانم.

چەند کەسێك وەلامیان دایەوە، بەلام حاجی ئاغا فەتحوللا وتی: باشترین ڕێگا ئەوەیە لیژنەیەك بنێریت بۆ بەغداد، ئەم کارەساتە بخاتە پێش چاو. تۆیش وەکوو ئەوان بەڵێن بدە و بەڵێنی تازە و بەبناغەیان لێ وەربگرن. ئەگەر لەم بیروباوەڕە نەگەڕانەوە، چی ئەکەیت بیکە و چیمان بەسەر دێت با بێت. لەسەر ئەم بڕیارە، ئەم ناوانە هەڵبژێرران و بە پرۆغرامەوە نێرران بۆ کەرکووك و لەوێوە بۆ بەغداد.

۱. حاجی مصطەفا پاشا.
۲. حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا.
۳. عیززەت بەگی وەسمان پاشا*.

* عیززەت بەگی وەسمان پاشای حەمەپاشای جاف، ۱۸۹۵ لەدایکبووە. مامۆستانی تایبەت فێری خوێندنەوە و نووسینی کردووە. خەریکی موڵکداری بووە. ئەندامی جەمعییەتی کوردستان–۱۹۲۲و مەجلیسی تەئسیسسی عیراق–۱۹۲٤و جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن–۱۹۲٥و هەیئەی وەطەنییە–۱۹۳۰ بووە. لە ۱۹۲۳دا، ۱۲ ڕۆژێك

پاش ڕۆیشتنی ئەم لیژنەیە، دوو فڕۆکە هاتە سەر سلێمانی و ماوەیەك سووڕایەوە، ترسولەرزێکی زۆری خستە ناو دانیشتووانی شار. شار چۆڵ کرا، ژن، منداڵ، پیر، هەموو دایانە دەشت، ژیان تاڵ بوو. سلێمانی چۆڵ کرا، بۆ دێهات کۆچیان کرد. لە دانیشتووانی شار دووبارە کۆبوونەوەیەك کرا، هەموو بە یەکدەنگ وتیان: ئەگەر حکوومەتەکەی کوردستان تەنیا سلێمانی بێت، ئەم بەخشندەییی ئینگلیزەمان ناوێت و دەردمان سووك ناکات.

شێخ مەحموود وتی: کە وابوو ئەبێت بیسێنین. ئێمە هەر خوا یاریدەرمانە. بڕیارم دا ئەچم بۆ کەرکووك و بە بازوو و گیانی کورد ئەیخەمەوە سەر کوردستان، نەخشەی هەموو کوردستانی جنووبی بە گێتیدا بڵاو ئەکەمەوە، تۆڵەی ئەو بۆمبایەی کە ئەو خێزانە بێچارە و هەژارەی پارچەپارچە کرد، ئەبێت بیسێنین. بەڵام بناغەی سەرکەوتنی کورد یەکیەتییە. دانیشتووان بەڵێنیان دا کە بە سەروماڵەوە ئامادەین.

شەوی ٢\٣ی مارتی ١٩٢٣ بڕیار درا بۆ پارێزگاریی سلێمانی [و] گیانی دانیشتووانی لە بۆمبای ئینگلیز، شێخ مەحموود سلێمانی بەجێبهێڵێت. لە ژێر فەرماندەییی مەلیك و فەرماندەی گشتیی ئۆردووی کوردستان مەحموودی یەکەمدا سوپا و چەکداری کورد وەك لافاوی بەهار ڕوو بە کەرکووك چما، ئەم جارەیش پایتەختەکەی کوردستان بێخاوەن مایەوە. بەڵام سوپا و ئۆردوو لە قلیاسانەوە ڕوو بە شەقامی (کانی بەردینە) وەرگەڕا، بۆ ئەوەی دۆڵی سووورداش بکرێت بە بارەگاه.

ئینگلیز بە چۆڵکردنی سلێمانی ئاگاهدار کرا، بۆ ئەوەی داوا و بەربەرەکانییەکەی شێخ مەحموود ساردبکاتەوە و بتوانێت مەرامەکانی خۆیان بێننە جێ و بڕیارەکەی سیڤەر

---

سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانیی بەڕێوە بردووە. لە هەرسێ خولی هەشتەم و نۆیەم و دەیەمی پەرلەمانی سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا بە نائیبی سلێمانی هەڵبژێردراوە. ١٩٤٥/٧/٢٨ کۆچیدوایی کردووە و لە گردی حاجی ئەوڵای گەورە نێژراوە (عبدالخالد صابر، سەرۆك شارەوانییەکانی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٩–٦١؛ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج١٠، ص٣٠٨، ٣٠٩، ٣١١، ٣١٢؛ ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، (بانگی کوردستان، ژ١، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٢، ل٢؛ ئومێدی ئیستیقلال، ژ٢٢، ١٠ی نیسانی ١٣٤٠، ل١).

لەبیر کورد ببەنەوە، لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمەڵی لۆزاندا بە دووتایی، ئینگلیز- عیراق ئەم بەیانەیان بڵاوکردەوە، کە هەرگیز کورد نەیبیستبوو و نەیبینیبوو: ((تعترف حکومة صاحب الجلالة البريطانية والحكومة العراقية بحقوق الاكراد القاطنين ضمن حدود العراق في تأسيس حكومة كوردية ضمن هذه الحدود، وتأمل ان الاكراد على اختلاف عناصرهم سيتفقون في اسرع مايمكن على الشكل الذي يودون ان تتخذه تلك الحكومة، على الحدود التي يرغبون ان تمتد اليها، ويرسلون مندوبهم المسؤولين الى بغداد لبحث علاقاتهم الاقتصادية والسياسية مع حكومتي الانگليز- العراق.))

بۆیە بۆ دووەمین جار ئەم بەیانەمان پیشان دایەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەم بەیانە چیی لێهات، بە کێ گەیەنرا و ئەو دوو حکوومەتە چییان کرد بۆ کورد؟ لە وەڵامدا هیچ!

تکایە: بۆ بەرگ و بەشی دووەم و زنجیرەی نووسراوەکانی (چیم دی) چاوەڕێ بکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەرگی دووەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (بە ناوی خوای گەورە و بەخشندەوە)

چیم دی؟!!

زاڵیەتیی ئینگلیز بوو بە نامەی هاودەردیی کورد و عەرەب لە ڕێگەی ئازادیدا

پاش جەنگی ١٩١٤ کە بەریتانیا فەرمانڕەوای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بوو، شێخ مەحموود بە سوپای کورد بەرامبەر بە سوپای بەریتانیای گەورە کەوتە جەنگ و یەکەمین گوللە گوللەی کورد بوو، نرا بە سنگی ئینگلیزەوە ڕۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩.

با ئەوەیش بڵێین؛ ئەو گەل و کیشوەرانەی لەژێر چنگ و زاڵیەتیی ئینگلیز بە ساڵەهای ساڵ لە ئەفەریقا، ئاسیا، هیندا ئەیانناڵان، ئازادی کردن و کردنی بە حکوومەت و ئیمڕۆ بە سەربەستی ئەژین، بەڵام کورد؟!

بنکەی ژین
www.zheen.org

| |
|---|
| ئینگلیز وەکوو خوێنڕشتنەکەی ١٩١٩ ئەمجارەیش بە فڕۆکە دەستی کرد بە قڕهێنانی کورد. بۆ یەك دڵۆپ نەوتی ڕەش، بۆ بە ملیون ڕژاندنی خوێنی سووری گەشی کورد کەوتەوە زاڵیەتی. |

## پێشەکی

هیوادارم بەرگی یەکەمی (چیم دی)ش چووبێتە ڕیزی نووسراوە پەسەندەکانەوە. ئێستایش –پشت بە خوا– لە زنجیرەکانی (چیم دی) بەم نووسراوە کەمەوە بەرگی دووەم پێشکەش بە خوێندەوارەکانمان ئەکەم:

کاکی برا، تۆیش بنووسە تۆ ئەمریت، ئەو نامرێت، ناوی گەلەکەت، نیشتمانەکەت بە بێگانە، بە دۆست، بە دوژمن بناسە. پیاوچاك، پیاوخراپی گەلەکەت بخەرە ڕوو، بنووسە، چی ئەنووسیت، چۆن ئەنووسیت لە دوارۆژ و ڕۆژانی ڕابوردووی گەل و نیشتمانەکەت بنووسە! پێنووست فێری سستی و وێستان مەکە. گەلێك نووسراوی نەبێت، ئەبێت لەژێر خاکدا بێت. ئیتر –پشت بە خوا– بۆ بەرگی دووەم وە ئەمەیش وەڵامی ڕەخنەگرەکانمانە لە بەرگی یەکەمی چیم دی لەبابەت نووسین (ئیملا)ی تازەی کوردییەوە. من هەرگیز ئەو نووسینە و ئەم ئیملایە و ئەو پیتانە بە نووسینی ڕاستی کوردی نازانم. چۆن لەجیاتیی (موتەصەڕیف) ئەنوسرێت موتەسەڕیف وە لە چ زمان و قامووسێکدا ئەدۆزرێتەوە! جا لە ترسی توانجی دوارۆژمان من نامەوێت ئەم ئیملا تازەیە بەسەر کوردا بسەپێنم. خوا گەورەیە بۆ هەڵهاتنی ڕۆژێك لە ئاسۆی کوردا و لیژنەیەك لەم جۆرە چورتمانە ڕزگارمان بکات، بەڵام ئێستا نووسین تەنیا بۆ خوێندنەوە بێت و سەرمایە.

زۆر سوپاس بۆ کاك ڕەئووف خانەقا کە بە چەند شیعرێکی جوان وە دکتۆر خەزنەدار قرگەیی وە زۆر لە خوێندەوارە بەڕێزەکانمان کە لە بابەت کۆشش و بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی (چیم دی)یەوە ڕێز و نیکمەندیی خۆیان پیشان داوە، خوا وێنەیان پتر بکات. بۆ نامە پڕ هەستەکەی دکتۆرە پاکیزە حیلمی کە لە بەرلینی شەرقییەوە بۆمانی ناردووە، زۆر سوپاسی ئەو ڕێزەی ئەکەین کە بەرامبەر بە بەرگی یەکەم پیشانی داوین.

ئەحمەد خواجە

خوێندەواری خۆشەویست،

ئـەبێت بلـێین: ئـاواتی گـەلی کـورد کەوتـە سـەر پەنجـە و نـاو لـەپی ضـابطه سیاسـییەکانی ئینگلیـز، نـەك کۆمـەڵی ئاشـتی یـان حکوومـەتی بـەریتانیای گـەورە*.

شەوی ٣ی مارت بوو بە دوایی‌پێ‌هێنەری هیوای کورد و ڕماندنی بارەگاه.

لەم ڕۆژە تاڵ و سەخڵەتەیدا کە بەسەر عیراقدا کشاوە، کورد و عەرەب وەکوو یـەك لە ژێر باری گرانی سیاسەتە ناقۆڵا و نالەبارەکەی ئینگلیزا تووشی سەرلێشێوان بوون. جا برا تێگەیشتوو و پسپۆڕەکانی عەرەب هەستیان بە کردەوە چـەپەڵەکانی ئینگلیزەکانیـان کرد وە ئەم پارچە نووسراوەیان بۆ ئاگاداریی گەلی کورد ئەخەینە پێش چاوی خوێندەوارە بەڕێزەکان (بەبێ دەستکاریی نووسراوەکەی پسپۆڕانی عەرەب).

((ان القومية العربية النيرة لايمكنها ان تنكر على غيرها الشعور القومي ومتطلبـات ذلك الشعور. وعلى ذلك فالقومية المتحررة المخلصة توقف موقفاً كريماً من شعور الاكراد القومي وان ترى من حقهم الطبيعي تنمية هذا الشعور والعمل بكل وسيلة مشروعة مهذبـة لتحقيق اهداف الاكراد القومية، وهي ترجو ان يـدرك اخوانـنـا الاكـراد ان الـسير في ركـاب القومية العربية –وهي غير عنصرية– لايعني هضماً لحقوق اي فريـق مـن سـكان العـراق الاصليين او انتقاصاً من ميزاتهم. فالقومية العربية تعترف بأن الشعب الكردي الذي يرزح تحت الانظمة الرجعية والـذي كـان هـدفاً للمـؤامرات الاسـتعمارية، تـرى انـه –اي ان هـذا الشعب– يؤلف وحدة متجانسة ذات خـصائص قوميـة متكاملـة. فالعوامـل الـتي تـوفرت للامة العربية وخلقت منها امة ذات خصائص قومية متكاملة، قد توفرت مثلـها ومعظمهـا للشعب الكردي. فالشعب الكردي يتحدث لغـة خاصـة بـه وهـو ذو تـأريخ مـشترك وارض معينة وتكون نفسى مشترك واهـداف مـشتركة، ولكـن تـأريخ الـشعب الكـردي منـذ ابعـد

* ڕاست وا بوو، "سێر پێرسی کۆکس" و "ویلسن"ی جووتە ئەفسەری گەورەی ئینگلیز لە عیراق نەخشی هەرە بەرچاویان لە کورد و کوردستان ترنجاندنە ناو دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقدا هەبوو (بۆ زانیاریی بەڵگەنامەدار لەو بارەیەوە بڕوانە: دەیڤید کۆرن، ویلسن و کۆکس ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە– پێرسی کۆکس و ئارنۆڵد تی. وێڵسن، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئاوات عەبدوڵڵا، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك– سلێمانی، ٢٠٠٧).

القرون قد تشابك من اطراف متعددة مع التأريخ العربي لاسيما في المنطقة الكردية العراقية. فاذا توضح وثبت ان الاكراد يملكون كل مقومات القومية كشعب واحد، فيكون واجب العرب دعم حق الاكراد في تقرير مصيرهم، بما هو من المعروف عن العرب في دعم رغبتهم في التسلط على سواهم من الشعوب. وقد اعتبرهم المؤرخون اكرم الفاتحين عندما حملوا الرسالة الاسلامية للعالم اجمع.))[١٣]

ئەمە بوو پێشنیازی برا عەرەبە داناکان. بەڵام ئینگلیزەکان بۆ مەرامی کاری خۆیان ڕیسی کورد و عەرەبیان ئەئاڵۆزاند وە لەپەنای دۆستیدا ئاژاوەی ئەنایە ناویان وە خوێنی هەردوولایانی لە بازاڕی سیاسەتی گەلایەتیدا هەڕاج ئەکرد. برایەتیی هەزار ساڵەی ئەم دوو گەلەی ئاخنیە گیرفانی ضابطە نادانە سیاسییەکان و دای بەدەم باوە، ضابطە سیاسیەکانی ئینگلیز.

جا ئەم کارەساتە بۆ ئەوەی لە دواڕۆژی گەلی کوردا بە سکاڵاوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە ناسۆرەوە یاد بکرێت، لێرەدا و بۆ ئەوەی هەوێنی ئەم دەرد و بەسەرهاتووە بۆ خوێندەوارەکانمان ڕوون بێتەوە، ئەوە بوو کە ئەم ضابطە نادانە سیاسییانەی ئینگلیز کە ناویان لە خوارەوە ئەخوێنینەوە، بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کوردستان نێررابوون و کەچی لە یەکەمین ڕۆژی هاتنیانەوە کەوتنە فڕوفێڵی ملشکاندنی کورد.

١. مێجەر نۆئێل: فریشتەی بێفەڕ و تەڵەدانەری گیانی کورد.

٢. مێجەر گرینهاوس ⎫
٣. مێجەر دانلیس ⎬ لەم نووسراوەدا لەمەوپێشتر باس کران.
٤. مێجەر سۆن*. ⎭

٥. کەپتان هۆڵت: موعاوینی حاکم سیاسی و سەیرکەری گوزارش.

---

13 القضية الكردية؛ خناجر وجبال.

* سۆن لە دووەم سەردەمی حوکمداریی شێخدا لە سلێمانی نەبووە.

٦. کەپتان کووك: لە ڕانیە بەرپاکەری ئاشووب و بە دەستی خۆی فەتاح بەگی کوشت.

٧. کەپتان لیس: دوژمنی کورد و نۆکەری هەڵەبجە.

٨. کەپتان بۆند: حاکمی چەمچەماڵ و گێرەشێوێن.

٩. کەپتان چەپمەن: تەڵەتەقێنی ڕاوی خوێنی کورد.

١٠. کەپتان لاین*: هەڵسووڕێنی سیاسەتی ئاڵۆزانی مافی کورد، ماکی جنێو و بێئابڕوویی.

١١. مێجەر ئەدمۆنس: حاکمی ڕانیە و قەڵادزە و پسپۆڕی ڕۆژهەڵات و هونەرمەندی دروستکردنی دەزگای جاسووسی.

**دوایی شەوی سلێمانی:**

شەوی ٢\٣ی مارتی ١٩٢٣ کاتژمێر ٩ی پاشنیوەڕۆ شاری سلێمانی چۆڵ کرا. دوو ڕۆژ لەوەپێش لە ترسی بۆمباباران و فڕۆکەی ئینگلیز و دیمەنی کەلاوەی خانووەکەی

* والاس لاین (١٨٩٢–١٩٧٧) لە بنەماڵەیەکی سکۆتلەندی بووە. ١٩١٢ چووەتە هیندستان، بووە بە بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای توتنی ئەمریکی– بریتانی. لە سەرەتای یەکەم جەنگی گەورەوە وەك ئەفسەری ئیحتیات لە سوپادا وەر گیراوە و هەر لەوێ بووە بە ئەفسەر. ١٩١٨ هاتوەتە میزۆپۆتامیا، بەشداری داگیرکردنی شاری مووسڵی بووە. لە ١٩٢٠–١٩٢٢دا وەك موعاوینی حاکمی سیاسیی سلێمانی بووەتە ئەفسەری سیاسی لە ستوونی کۆیە (کۆیکۆل). ١٩٢٥ کراوەتە موفەتیشی ئیداریی سلێمانی، ٢٨ی نیسانی ١٩٢٩ دەستبەرداری وەزیفەی موفەتیشی ئیداریی سلێمانی بووە. تا ١٩٤٤ وەك ئەفسەری سیاسی، موفەتیشی ئیداری، ئەفسەری یەکلاییکردنەوەی موڵکایەتی و ڕاوێژکاری سیاسیی سوپا لە عیراق ماوەتەوە. ئەو ساڵە کراوە بە کونسوڵی بریتانیا لە هیراتی پایتەختی ئەتیووپیا. ١٩٤٩ خانەنشین بووە. ساڵانی ١٩٢٥–١٩٢٩ موفەتیشی ئیداری بووە لە سلێمانی. لاین، بیرەوەرییەکانی سەردەمی وەزیفەداریی لە عیراق نووسیوەتەوە و لەچاپ دراوە، کراوە بە کوردی (کورد، عەرەب، بەریتانییەکان: بیرەوەرییەکانی لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩–١٩٢٩، یاسین سەردەشتی لەئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤، ١٥٧؛ پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ل٢٢٦؛ ژیان، ژمارە ١٧١، ٢٩ی نیسانی ١٩٢٩، ل١– لە: ڕۆژنامەی ژیان، ب٢؛ کرد وترك وعرب، ص٢٨٨؛ ڕۆژنامەی ژیان، ب٢، (ژیان، ژمارە ١٧١، ٢٩ی نیسانی ١٩٢٩، ل٤؛ ژمارە ١٨٠، ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٢٩).

کەریم بەگ، هەرکەسە بە ژن و منالّییەوە تەنیا سەری خۆیان دەر ئەکرد. خانووی پـڕ لـە کەلوپەل بە مۆڵی بەجێئەما. هەر لە ترسی فڕۆکە لە شەوەزەنگ و تاریکیـدا بـە درێـژیی ڕێگا بە زاڕەڵە و گریانەوە ژن و منـاڵ بـە برسـێتی و پێخـاوس بیابانیـان ئەگرتەبـەر بـۆ دێهات و چیاکان و سلێمانی بووبوو بە کوورەی ئاگر.

لەسـەر بڕیـاری پیـاوە دەمڕازەکـانی شـار، شـێخ مـەحموود بڕیـاری بەجێهێـشتنی سلێمانیی دا کە بچێت بۆ کەرکووك. فەرمانی جمانی دا بە فەرماندەی سوپا. یەکەمین کەس شێخ مەحموود بوو کە پێی چەپی نایە ناو ئاوزەنگی و سواری ئەسپەکەی بوو وە وتی:

ما به عزم این سفر پا از میان برداشـتیم
تا که زنگ کفر از کوردستان برداشتیم

جێگای ئێمە ئێرانە، ئێرانی خۆمان پەنادەری گەل و مێژووی کورد. ئیتر سوپای کورد بۆ چەك بەکارهێنان بەم پێیە کەوتە ڕێگە:

١. ٥٠ سوارەی سوپایی پێشدار.

٢. مەلیك و فەرماندەی گشتی مـەحموودی یەکـەم و ٥٠ سـوارەی سـوپایی و ٥٠ سوارەی عەشایر.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣. پیاوە ناودارەکانی سلێمانی.

٤. تیپێك سوارەی عەشایر.

٥. فەرماندەی سوپا و ضابطەکانی سوارە.

٦. سوارەی سوپایی.

٧. پیادەی سوپایی و ضابطەکانیان.

٨. مەترالیۆز و چەك و بەشی گواستنەوە (نەقلیات).

٩. تیپێك سوارەی سوپایی.

١٠. بارخانەی دەرمان و نەخۆشخانە و پزیشك.

سوارەی عەشایر:

١. پشدەری.

٢. هەمەوەند.

٣. جەباری.

٤. سمایل عوزەیری– تیرەکانیان.

١– پیادەی عەشایەر لە هەموو تیرەیەك بە هەڕەمەیی، وا خەمڵ ئەکرا کە لە پێنج هەزار چەکدار کەمتر نەبێت.

٢– لە سلێمانی بۆ ئاسایش و ئاگاداریی شارە چۆڵەکەی پڕ لە کەلوپەلی ڕاکردووی ترسی فڕۆکەی دۆستەکەمان، (٧٠٠) چەکداری سوارە و پیادە لە فەرماندەییی سەیید ڕەضا و سەیید ڕەئووف و یوونس عەبدولقادر* دا بەجێما.

سەرەتای سوپا گەیشتە قلیاسان، لەوێوە بە پێشداریی مەلیك و فەرماندەی گشتی ڕوو بە دۆڵی سووررداش جڵەو وەرگێڕرا. لە نزیك (کانی بەردینە) گەیشتمە نزیك مەلیك بۆ ئەوەی ئەگەر فەرمانێکی هەبێت. لە نزیکی ڕۆژهەوەبوونا گەیشتینە (هەناران). ئەم کۆمەڵە نزیکەی (١٠٠) سوار زیاتر نەبوو وە چاوەڕێی هاتنی خواردەمەنی ئەکرا. بەڵام منیش لە ترسی بۆمبا لە پاش بەڕێکردنی خێزانەکەی خۆمان و هەموو خزمان، نزیکەی (١٠٠) ژن و منداڵ و پیاو تا (کەڵەکن)**، کە گەڕامەوە لە سلێمانی هەگبەکەم وەرگرت. لەم کاتەیشدا دەستم تێدا گێڕا، بینیم کە پڕە لە پێویست، وەکوو کولێرە بەڕۆن، شەکر و چا و قۆریەیەکی پچووك و یەك پیاڵە و کەوچك و هەندێك شتی تریش، بردم هەڵمڕشت. زۆریان پێخۆش بوو. تا ئەم نەختە خورا، خواردەمەنیش گەیشت، زۆر بە خۆشی هەگبەکە دەستاودەست ئەڕۆیشت. جا لەو کاتەدا مەلیك شێخ مەحموود فەرمووی: دوو جار سوپاسی ئەحمە ئەکەم.

١– باوەڕم نەئەکرد هاوڕێییمان بکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* یوونس عەبدولقادر (١٨٩٧–١٩٧٩/٣/١٠)، دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵ و ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بووە. لە دووەم حوکمداریی شێخ مەحمووددا ئەفسەرێکی دیار بووە و لە جووڵانەوەکەدا ماوەتەوە تا ١٩٢٧. پاشان تاسەر بووە بە ئەندازیار لە دائیرەی ئەشغاڵ (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٣٢).

** کانی بەردینە، هەناران، کەڵەکن: هەرسێ دێی ناوچەی سەرچنارن.

٢– ئەوەندەیش کارئامادە دەرچوو کە لەمکاتەدا فریامان کەوت، لەبەر ئەوە بە هەڵە نەچووم وە پرسیی: تۆفیق وەهبی بەگ دیار نییە؟ وتیان هەر شەو ڕۆیشت بۆ هەڵەبجە. شەو چووینە (قزلەر)[14]، باران زۆر بەخوڕ ئەباری، بەڵام هێزەکە بەم جۆرە بڵاو بووبووە.

١. شەدەڵە*: بارەگاھ.

٢. قزلەر: فەرماندەی سوپایی صالح زەکی و ضابطەکانی.

٣. دێی سووورداش و دێهاتەکانی نزیکی ئێمە ئەو شەوە لەگەڵ ڕەئووف ئەفەندیی ئامۆزام لە قزلەر بووین. کە ڕۆژ بۆوە چووین بۆ شەدەڵە، دوو فڕۆکە گەیشتە سەرمان، ئەسووڕایەوە بۆ دۆزێنەوەی سوپاکە. ئەو فڕۆکانە ئینگلیزیان تێدا بوو، نەك دۆست، بەڵام بەبێ وەزنگ ڕۆیشتن.

شەوی ٥\٤ جاسەنە، قەمچووغە و دێهاتەکان تا دووکان وە ئەشکەوتەکەی جاسەنە کرا بە بارەگاھ، لە جیاتیی پایتەختەکەی سلێمانیی بەدبەخت. چیا، دۆڵ و چۆڵ بوو بە جێگەی ژیانی گەل و سوپا. هەروەها هەموو دێهاتەکانی دۆڵی سووورداشیش چۆڵ کرا، بە درێژاییی ڕۆژ فڕۆکە داروبەردی بە بۆمبا شی ئەکردەوە. ئاژەڵ، خانوو، پیاو، ژن، منداڵ وەکوو یەك بە مەترالیۆز و بۆمبا ئەکوژرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بارەگاھ و بەڕێوەبردن:**

بارەگاھ چووە ئەشکەوتی جاسەنە. لەژێر چاودێریی مەلیك و فەرماندەی گشتی دا وە لە لایەن فەرماندەی سوپا صالح زەکی بەگەوە کار بەڕێوە ئەبرا. فڕۆکە بەبێ پشوو بۆمباباران ئەکات، بەڵام لە ئازایی و نەترسیی سوپاییەکان سەر سووڕئەما. بە چاوی خۆم ئەمبینی، لە کاتێکدا کە فڕۆکە هێرشی ئەهێنا وە ڕووی عاسمان بە فڕۆکەی ئینگلیز ئەپۆشرا، گوللەی مەترالیۆز و بۆمبا وەکوو باران ئەباری،

[14] ئەڵێن ناوە ڕاستەکەی (قەدلار)ە، تورکەکان گۆڕییان، چونکە بە قەدپاڵەوەیە. [لە ناوچەی سەرچنار و لە دۆڵی مێرگەپاندایە– سدیق.]

* دێیەکی ناوچەی سووورداش.

سوپاییه‌کان له‌ جێگه‌ی پێسپێرراویاندا وه‌کوو مۆمی داگیرساو له‌ جێگه‌ی خۆیان چه‌قاو به‌بێ خۆشاردنه‌وه‌ و بزووتن چاوه‌ڕێی فه‌رمان بوون، جا ڕێكوپێكی (تنظیم) له‌وپه‌ڕی باشیدا بوو.

**ته‌رتیبات:**

به‌پێی فه‌رمانی مه‌لیك و فه‌رمانده‌ی گشتی، ئه‌م ته‌رتیباته‌ی خواره‌وه‌ له‌ باره‌گاهه‌وه‌ ده‌ر کراوه‌:

**له‌ باره‌گای گشتی، ئه‌شکه‌وتی جاسه‌نه‌:**

**١– فه‌رمانده‌ی سوپایی صالح زه‌کی [*] له‌گه‌ڵ کارگوزاران سێ ضابط:**

**ئـ. فائیق کاك ئه‌مین [**] .**

---

[*] کوڕی حسێن به‌گی داود به‌گه‌، ١٨٨٦ له‌ هه‌ڵه‌بجه‌ له‌دایكبووه‌. ١٨٩٤ چووه‌ته‌ مه‌کته‌بی ڕوشدییه‌ی عه‌سکه‌ری و ١٩٠٢ ئه‌عدادیی عه‌سکه‌ریی به‌غدای بڕیوه‌ و ١٩٠٦ مه‌کته‌بی حه‌ربییه‌ی ته‌واو کردووه‌ و بووه‌ به‌ ئه‌فسه‌ر و پله‌که‌ی گه‌یشتووه‌ته‌ بینباشی (موقه‌دده‌م). ١٩٢٢ هاتووه‌ته‌وه‌ بۆ وڵات و کراوه‌ به‌ قایمقامی ئاکرێ. له‌ دووه‌م حوکمداریی شێخدا، بووه‌ به‌ قوماندانی عه‌سکه‌ریی کوردستان. پاشتر وه‌زیفه‌ی مه‌ده‌نیی وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ و قایمقام و موته‌سه‌ڕیفی دیوه‌. ١٩٤٤/١٢/١٣ کۆچی‌دوایی کردووه‌ (دیاریی کوردستان ١٩٢٥–١٩٢٦، ئاماده‌کردنی ڕه‌فیق سالح، لێکۆڵینه‌وه‌ی نه‌وشیروان مسته‌فا ئه‌مین و سدیق سالح، بنکه‌ی ژین– سلێمانی، ٢٠٠١، ل٧١–٧٢)

[**] ١٨٩٧ له‌ سلێمانی له‌دایكبووه‌. قوتابخانه‌ی ڕوشدییه‌ی عه‌سکه‌ریی سلێمانی و ئه‌عدادیی عه‌سکه‌ریی به‌غدا و پاشان مه‌کته‌بی حه‌ربییه‌ی ئه‌ستانه‌ی له‌ ١٩١٤دا ته‌واو کردووه‌. براوه‌ته‌ لیوای ٧٨ی چه‌ناق قه‌لعه‌ و به‌شداری شه‌ڕه‌کانی بووه‌ و چه‌ند جێیه‌کی له‌شی بریندار بووه‌. ئه‌مجا به‌شداریی له‌ چه‌ند خولێکی مه‌شقی قوتابخانه‌ی گولله‌ڕێژێنی قورس و سووك (الرشاشات الثقیلة والخفیفة)و قوتابخانه‌ی بۆمبای گڕگرتوو (المائعات المشتعلة) و قوتابخانه‌ی فڕۆکه‌وانیدا له‌ ئه‌یاسته‌فانۆس کردووه‌ و به‌ ئه‌فسه‌ری فڕۆکه‌وان ده‌ر چووه‌. گواستراوه‌ته‌وه‌ بۆ فه‌وجی دووه‌می هێرشبردن. به‌شداری شه‌ڕه‌کانی ڕۆما و بوخاریست بووه‌ و بریندار کراوه‌. چه‌ند مه‌دالیایه‌کی له‌سه‌ر ئازایه‌تی وه‌ر گرتووه‌ و کراوه‌ به‌ مولازمی یه‌که‌م. کۆتاییی جه‌نگ هاتووه‌ته‌وه‌ بۆ وڵات، بووه‌ به‌ ئه‌فسه‌رێکی ناو حکوومه‌تی کوردستان به‌ پله‌ی مولحه‌قی قوماندانی عه‌سکه‌ری کوردستان، تا ١٩٢٣ ماوه‌ته‌وه‌، ئیدی چووه‌ته‌ ناو سپای عیراق. له‌ قوتابخانه‌ی یاریده‌ده‌رانی تایبه‌ت به‌ ئه‌فسه‌راندا به‌ ئیمتیاز ده‌ر چووه‌. به‌شداریی له‌ چه‌ند خولێکی گولله‌ڕێژێن و پیاده‌ و ده‌ستڕێژکردن و هه‌واڵگری و فڕۆکه‌وانی و قوتابخانه‌ی پێشکه‌وتوانی تایبه‌ت به‌

بنکه‌ی ژین www.zheen.org

ب. ئەمین ڕەواندزی.

ج. عەزیز قەزاز* .

٢– ڕەضا بەگ و عیززەت تۆپچی– دانشمەندان.

٣– سوپاییی پیادە:

١– ضابط عەزیز کوردی و ١٠٠ سوپاییی پیادە لە دووکان.

٢– ضابط ڕەمزی عەبدولکەریم** و ١٠٠ سوپاییی پیادە لە قەمچووغە.

٣– ضابط ئیبراهیم زۆری و ٥٠ سوپاییی پیادە لە کۆتەڵ.

---

فەرماندەکانی کولێجی ئەرکاندا کردووە و بە پلەی ئیمتیاز سەر کەوتووە. دوا پایەی لە سوپادا سەرهەنگ (عقید) بووە. ١٩٤١ خانەنشین کراوە. لە ١٩٤٦ بەدواوە خەریکی بازرگانیی پێستە بووە. ساڵی ١٩٥٥ کۆچیدوایی کردووە. ناوبراو، ڕۆشنبیرییەکی بەرزی عەسکەریی هەبوە و نووسینی بڵاوکراوەی لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا هەیە (عبدالمجید فهمي حسن، دلیل تاریخ مشاهیر الألویة العراقیة، ج١ لواء السلیمانیة، ص١٤٣–١٤٤؛ ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود– "ڕۆژی کوردستان"، ژ١٢، ١٠ شباط ١٣٣٨، ل٣؛ هێندێ زانیاریی ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٣١ی خاتوو نازدار کامیل کاکەمین، سپاسی دەکەم).

* عەزیز حیکمەت قەزاز کوڕی فەتاح کوڕی حەسەنە، ١٩٠٢ لە سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی لە مەکتەبی ڕوشدییەی عەسکەریی سلێمانی و مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵ تەواو کردووە. وەك ئەفسەر بەشداری شەڕەکانی یەکەم جەنگی گەورەی بووە. لە دووەم حوکمداریی شێخدا ڕەئیسی شوعبەی سێی دائیرەی قوماندانی عەسکەری کوردستان بووە. بە هەوڵ و دەستپێشخەریی ئەو، پیتاك بۆ کڕینی مەکینەی چاپ کراوە. مایسی ١٩٢٣ وازی لە جووڵانەوەکەی شێخ هێناوە، لەبەر ئەوەی بە پێوەندی شێخ و تورك ڕازی نەبووە. لەوەبەدوا چووەتە ناو سوپای عیراق. وەزیفەی عەسکەریی لە کەرکووك و بەغدا و شوێنانی دیکە دیوە. چەند جارێك لەسەر سەربزێویی کوردایەتی دوور خراوەتەوە. سەرکردەیەکی حیزبی هیوا بووە. گەیشتووەتە پلەی (موقەددەم). تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هاتووە. کۆتاییی ئابی ١٩٤٤ کۆچیدوایی کردووە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود ١٩٢٢–١٩٢٤، ل١٦؛ ڕۆژنامەی "ژین"، سلێمانی، ژمارە ٧٥٥، ٢٤ی ئاغسطوسی ١٩ی٤٤، ل٤).

** ڕەمزی عەبدولکەریمی قەرەداخی (١٩٠١–١٩٦٦/٦/٥)، دەرچووی مەکتەبی حەربییە بووە. بەشداری یەکەم جەنگی جیهانی بووە و بە دیل گیراوە. دوای جەنگ، هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و ١٩٢١ چووەتە ناو سوپای لیڤی. لە دووەم حوکمداریی شێخ مەحمووددا ئەفسەر بووە. تا ١٩٢٧ لەناو جووڵانەوەکەدا ماوەتەوە. پاشتر بووەتە ئەندازیار لە ئەشغاڵ (سدیق ساڵح، ڕەمزی عەبدولکەریم فەرماندەیەکی عەسکەری کوردستان ١٩٢٢–١٩٢٧، گۆڤاری "هەزارمێرد"، سلێمانی، ژمارە ١٧، ئەیلوولی ٢٠٠١).

٤- ضابط عەبدولعەزیز ئەفەندی و ٥٠ سوپاییی پیادە لە تابین.

٥- ضابط ڕەشید صدقی غەفوور* و ٥٠ سوپاییی پیادە لە دێی سووورداش.

٦- هەموو پیادەی بارەگاھ لە لایەن فەرمادەی گشتییەوە تەماشا ئەکرێت.

٤) خالیـد سـەعید فەرمانـدەی پیـادەی سـوپایی لـە دێـی (خوردەلـووك)** و دامەزراندنی پیادەی سوپایی لە لایـەن خۆیـەوە ئـەکرێت لـە تابینـەوە تـا دووکـان وە بەسەر چیاکاندا.

٥) ڕەشید ئەفەندیی یووزباشی: سەرۆکی دەنگوباس (ئیستخبارات).

١- ضابط ڕەشید عەبدولکەریم*** یاریەدەر.

٦) سوارەی سوپایی:

١- فەرماندەی گشتیی سوارە ماجد مصطەفا لە تەلان و ٣٠٠ سوارە و بەم پێیە تەرتیبات ئەکات.

ئـ. ضابط عەزیز حیکمەت و ١٠٠ سوارە شەوگەڕ تا سلێمانی.

ب. ضابط عەبدوڵڵا ئاغا و ٥٠ سوارە لە دۆڵی سووورداشدا.

ج. و (١٥٠) سوارەیش لە تەلان (ئیحتیاط) لە فەرماندەیی ماجددا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* ڕەشید صدقی کوڕی غەفوور کوڕی فەتاحەسووره (١٨٩٠-١٩٥٩/٢/٢٦)، دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵ و ئەفسەرێکی عەسکەری کوردستان بووە. وەزیفەی بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامێتیی لە ناوەدەشت، تانجەرۆ، پێنجوێن، سرۆچك، مزووریی باڵا، چناران، برادۆست، باڵەك، هەڵەبجە، ڕەواندز، شارباژێڕ، مەرکەزی سلێمانی دیوە. دوا وەزیفەی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە. دەستی شیعری هەبووە و لێی بڵاوکردووەتەوە (عەبدلخالد صابر، شارەوانی سلێمانی و سەرۆك و وەکیلەکانی (١٨٩٠-٢٠١٠)، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٠٦-١٠٩).

** خوردەلووك: دێیەکی ناوچەی سووورداش.

*** ڕەشید عەبدولکەریم (١٨٩٥-١٩٥٣) بە ڕەشەهەتیو ناسراوە، چونکە منداڵ بووە کە باوکی مردووە و ئەحمەد ڕاغیبی مامی بەخێوی کردووە. دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵە. لە دووەم حوکمداریی شێخدا ئەفسەرێکی عەسکەری کوردستان بووە. تا ١٩٢٧ لەناو جووڵانەوەکەدا ماوەتەوە. پاشتر لە دائیرەی ئەشغاڵ وەك ئەندازیاری کاری کردووە (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٣١).

٧– فەرماندە عەلی کوردی– سوپاییی سوارە بە ١٥٠ سوارەوە لە دووکانەوە تا ڕانیە بە دوو بەش وە هەموو ماوەکەی سوارەی سوپایی لە لایەن فەرماندەی گشتییەوە تەماشا ئەکرێت.

٨– هێزی نیگاهداریی سلێمانی

لە ژێر فەرماندەییی سەید ڕەئووف، فەرماندەییی سەید ڕەضا، فەرماندەییی یوونس عەبدولقادردا.

سوارەی سوپایی ٣٠٠

سوارەی عەشایەر ١٠٠–٤٠٠ سوارە

پیادەی سوپایی ١٥٠

پیادەی عەشایەر ١٥٠–٣٠٠ پیادە

٩– هێزی سوارە عەشایەر:

ئـ. کەریم بەگ، سوارەی هەمەوەند لە بازیان.

ب. خەلیفە یوونس، سوارەی ڕۆغزاییی جاف لە شارەزوور.

ج. حەمەعەلی ڕۆستەمی ڕۆغزاییی جاف لە شارەزوور.

د. مەحموود خاتری سمایل عوزەیری لە سەرچنار.

هـ. مەحموودی دەوڵەتیار (هەمەوەند) لە دەربەند، چەمچەماڵ.

و. سەیید محەمەدی جەباری، سوارەی جەباری لە دەوروپشتی چەمچەماڵ.

ز. تۆفیق حسێن ئاغا، سوارەی هەمەوەند لە دەوروپشتی سلێمانی.

ح. حەمە ئاغای عەلی ئاغا، سوارەی پشدەری لە ناحیەی مەرگە.

ط. سوارەی تایبەتی ٥٠ سوپایی و ٥٠ عەشایەر لە جاسەنەو قەمچووغە.

دێهاتەکان: هەموو پیاوێکی دێهاتەکان لە ماڵی خۆیاندا سەرباز بوون و بە چەکەوە ئامادەی فەرمان بوون. عەشایەری لیوای هەولێر و کەرکووکیش هەمیشە لە نامە و تەتەر ناردن دوانەئەکەوتن و پەیوەستیی زۆریان هەبوو، بەڵام گاڵەبانی کەمتر. لە کاتێکدا کە سوپای کورد زۆر بەهێز و ڕێك بوو لە لایەن ڕەضا بەگ و عیززەت تۆپچی و حاجی ڕەسووڵ ئاغای پشدەرییەوە بڕیاری خۆیان دا بۆ چوون و گرتنی کۆیە و بە مەلیك

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەیەنرا بۆ ئەوەی ببێت بە هەڕەشە و ترس و کۆسپێکی گەورە بۆ ئینگلیزەکان، بەڵام شێخ مەحموود ئەم بیر و پرۆغرامەی پەسەند نەکرد و وتی:

١- ئێمە ئەمانەوێت خوێن نەڕژێت، ئێستاش بە هیوای بەڵێنەکەیانم بۆ ڕێککەوتنەوەمان لەگەڵ ئینگلیزەکان، هیوادارم.

٢- لە شاری کۆیەدا پۆلیس و چەکدارەکان هەموو کوردن و بادینان و سۆران هەموو هاودەردمانن. جا ئەبێت لە کۆیەدا بکەوینە یەکترکوشتن کە هەر لە خۆمان ئەبڕینەوە، ئێستا جارێ چاوەڕێی دوا وەڵام بکەین. بەڵام داخەکەم پاش سێ مانگ پەشیمان بووەوە کە هەڵێکی گەورەی دۆڕاند. لە پاش ڕابوردوو، چارە نییە و کردەکەی خۆی بەڕاست دانەنا.


## گوزارش

هەموو یەکێك لە چەکدارەکان، بێجگە لەو سوپایییانەی کاریان پێ سپێراوە و بەبێ خۆشاردنەوە، ئەبێت قەڵەوزی* ئەو جێگا گرنگانە بن کە دراوەتە دەستیان. لە پێش تاریك و ڕوونی شەودا هەر کەسە بۆ پەنا و ئەشکەوتی خۆی ئەڕۆیشت، چونکە بە ڕۆژ فڕۆکە ماوە و دەرفەتی ئەوەی نەئەدا کە کەس بتوانێت سەر دەربهێنێت و یان بسووڕێتەوە و فەرمان بەجێ بێنێت. بە درێژاییی ڕۆژ فڕۆکە بەسەر دۆڵی سووورداشدا ئەسووڕایەوە و ئاگربارانی ئەکرد، بە تایبەتی ئاژەڵ و منداڵی نەهێشت لە دەربەندی بازیانەوە تا حدوودی ئێران، کورد دوژمنی ئینگلیز بوو و بۆمبابارانی ئەکردن.

لە ئینگلیزەکانیان گەیاند کە شۆڕشگێڕ و سوپایییەکان لە جێی پەنهاندا پارێزگاریی خۆیان ئەکەن و پاش گەڕانەوەی فڕۆکەکان شەو دێنە دەرەوە و ئەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی. جا بۆ کوشتاری بە کۆمەڵ بۆمبای کاتی (توقیت)یان فڕێ ئەدا. لەمەوپێش نووسراوەکەی نەهرۆ لە (لمحات من تأريخ العالم)[15]دا کە بڵاوی کردۆتەوە، خوێنرایەوە.

* قەڵەوز: بەتەنگەوەهاتوو، مشوورخۆر.

[15] ل١٣٤.



بەڵام ڕۆڵەی زیرەك ئەم بێلانەشیانی بەبادا. ڕۆژێك پاش بانگی شێوان گەڕامەوە بۆ ئاواییی (جاسەنە)* ، دوور بووم، بانگیان کرد کە نەچمە ئاوایی. بۆمبایەکی نەتەقیو لەبەر قۆناخەکەمدایە و وڵاخەکانیش لە ژوورەوە بەبێ ئاو و لەوەڕ ماونەتەوە و کەریمی مەیتەریش لەناو چاڵە گەنمەکاندایە، سڵەمیمەوە. دانیشتم، بە ڕاستی زۆر سەخڵەت بووم. لەو کاتەدا کوڕێکی جاسەنەیی هات، وتی: چوومە سەر بۆمباکە، هێشتا زۆری ماوە بۆ تەقینی، وەرەوە با بچین! من شەرمم کرد نەچم. کوڕەکە، حەمەشەریف ناوێکی جاسەنەیی، گازێکی لە باخەڵیا دەرهێنا، چووە سەر بۆمباکە، گزەگزێکی زۆری لێ ئەهات، لەپڕ ئاسنێکی درێژ و گەورەی دەر هێنا و فڕێ دا. بارووت و وردەئاسنێکی زۆریشی لێ دەرهێنا و قاوخەکەی بۆ هێنام، وتی: فەرموو ئیتر لە چی ئەترسیت، ئینگلیز بە پارەیەکی زۆر دروستی ئەکات و ئێمەیش بە گازێکی نیو ڕووپیەبایی بۆی هەڵئەوەشێنین و بۆمبایەکی نەتەقیوی تریش لە خواری ئاواییدا کەوتبوو، حەمە شەریف چوو، بە پەلە هاتەوە، وتی: ئەئێستا ئەتەقێت، خۆمان شاردەوە و تەقی.

زۆر بەلامەوە سەیر بوو، ئەم کوڕە لادێییە کە کارگە پیشەسازییەکانی بەریتانیایشی نەبینیوە، لەم ماوە کەمەدا چۆن فێر بوو و چۆن ئەوێرێت ئەم کارە بکات. لێم پرسی؟ وتی: نەترسان هەموو مەرامێك ئەهێنێتە جێ و بە چزەچز و گزەگزیا تێئەگەم کە کەی ئەتەقێت!

**دیسان ئووزدەمیر و نامەکەی بۆ شێخ مەحموود:**

بە بۆنەی بانگی شۆڕش و گەیشتنی سوپای کورد بە ناوچەی سوورداش و ڕانیە. باوی چاوڕاوی ئووزدەمیر "عەلی شەفیق" نەما، ئەو کوردانەی کۆمەکیان کردبوو، لە ڕقی ئینگلیزەکان بوو، لەوەپێش بە تورکخواهەکان ئەوترا (جلخوار)، خۆ وەنەبێت کورد لە دۆستایەتیی ئینگلیزیش سوودێکی وەرگرتبێت کە لەبەر دڵی ئەوان ناو و ناتۆرە لە تورکخواهەکان بنێن. ئەو عەشایرانەی کۆمەکی "ئووزدەمیر"یان کردبوو، لە سەدی ٧٠ی گەڕایەوە بۆ ناو سوپاکەی کورد و لای شێخ مەحموود.

---

* دێیەکی ناوچەی سوورداش.

ئیتر زانیی کە بیروباوەڕی گەلی کورد لەوەدا نییە کۆمەکی تورك و یان ئینگلیـز و هیچ بێگانەیەك بکات، نائومێد بوو. جا بە هۆی غەفوور خان و سەرۆکێکی تری ئاکۆوە ئەم نامەیەی نارد بۆ شـێخ مـەحموود: ((دەسـتتان مـاچ ئەکـەم، ئـارەزووی بینینتـانم هەیە، چاوەڕێی فەرمانتانم–نیسان، ئووزدەمیر))

وەڵام بۆ هاتنی ئووزدەمیر:

نامەکەی پیشان بە صالح زەکی و هەموو سەرۆکەکانی عەشـایر و سـوپاییەکان دا، بڕیاری هاتنی درا، بۆ هاتنی فەرمان دەرچوو.

**لێرەدا وتووێژێکی مێژوویی:**

لـە پـاش وەڵامەکـەی کـە نێررایـەوە بـۆ ئـووزدەمیر، شـێخ مـەحموود و حـاجی ڕەسووڵ ئاغای سەرۆکی پشدەر لە بەر زاری ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوون، وتی: حاجی ئاغا، چەند خۆش بوو ئێمەیش حکوومەتێك بووینایە و منیش سوپاییەك، بـە لوولـەی تفەنگەکەم بجەنگم! چیت ئەکرد؟

چیای گەلییەکە زۆر بڵندە، کۆترەشینە (گاپەڵ)کان ئەمبەر و ئەوبەریان ئـەکرد. پەلاماری تفەنگەکەی دا، لەگەڵ تەقەدا و لە فڕیندا کۆترێکی هێنایە خـوارەوە. حـاجی ڕەسووڵ ئاغا هەڵستا و دەستی ماچ کرد، وتـی: پـەیمانم بێـت تـا مـاوم نۆکـەری ئـەو بیروباوەڕ و ئەو دەست و چەکەت بم. ((ئە ئاوا باڵی دوژمنی کـوردم ئەپەڕانـد))، شـێخ مەحموود وەڵامی دایەوە.

**ئووزدەمیر گەیشتە بارەگاه:**

ضـابط عـەزیز کـوردی کـە پـارێزەری بەشـی دووکـان بـوو، تەتـەرێکی نـارد کـە ئـووزدەمیر گەیـشتۆتە سـەر قایغەکـەی دووکـان. عیـززەت تۆپـچی بەڕێوەبـەری و ڕێكوپێکیی بەپیرەوچوونی گرتە ئەستۆ، چونکە خۆی هاوشانی بـووە لـە قوتابخانـەی جـەنگی لـە ئەسـتەنبووڵ، ئەیناسـی. (٢٠ سـوپایی و چـەند ضـابطێـك بـە ئـاڵای کوردستانەوە) لەبەر دەرگای بارەگاه (ئەشکەوت)ەکەدا وێستان، لەگەڵ گەیـشتنی بـە سروودی سوپایی و نیشتمانی خۆشهاتنی لێ کرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**صاڵح زەکی نیشانەکانی کوردستانی دانا:**

لەو کاتەدا شێخ مەحموود لەناو ئەشکەوتەکەدا لە پشت صاڵح زەکی بەگەوە وێستابوو. صاڵح زەکی بە بیستنی گەیشتنی ئووزدەمیر، ئەستێرە و تاجەکەی سەر شان (نیشانەکانی کوردستان)ی کردەوە و خستیە گیرفانی، شێخ مەحموود زۆر دڵتەنگ بوو، وتی: ئەگەر نەمردم، ئەم تۆڵەیەت لێ ئەکەمەوە.

میوان گەیشت، دەستی مەلیکی ماچ کرد. خۆی، صاڵح زەکیی پێشکەشی کرد، فەرمووی: (فەرماندەی گشتی و ڕەهبەری جەنگی چەتەیی و سوپایی و عەشایری کورد صاڵح زەکی بەگ)، دەستی گوشی. لە وەڵامدا وتی: یەکتر ئەناسین. شێخ وتی: زەکی بەگ زۆر زیرەك و وریایە، بەڵام زەکی بەگ شڵەژا. لەگەڵ ئووزدەمیر، شەش نەفەر سوپاییی تورك بە یەك مەترالیۆزەوە هاتبوو. دەستبەجێ بەرگە کۆن و شڕەکانیان گۆڕرا بە بەرگی تازە و پێڵاو.

لە هەموو لیوای سلێمانیدا ئاسایش زۆر تەواو بوو، دەزگای حکوومەتەکەی کە لە سلێمانی دانرابوو، زۆر بەهێز و ڕێك بوو. دانیشتووانی شار یاریدەدەرێکی زۆر دڵسۆز بوون بۆ بەڕێوەبردنی یاسا وە -بە تایبەتی- بۆ یارمەتیی سوپاکەیان لە پێویست تا خواردەمەنی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بۆ ئەشکەوتەکانی شێخ باخ:**

بۆ لە کار و گوزارش دووان، بڕیار درا کە لە ئەشکەوتەکانی (شێخ باخ)* شێخ مەحموود و ئووزدەمیر کۆببنەوە وە ئەم کۆبوونەوە و گفتوگۆیە نهێنی بێت. ئەوانەی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، ئەمان بوون.

١- ڕەضا بەگ
٢- عیززەت تۆپچی } دانمشمەندانی مەلیك
٣- صاڵح زەکی- فەرماندەی سوپا

من خۆیشم لەگەڵیانا بووم تەنیا بۆ نووسین.

---

* دێیەکی ناوچەی سوورداش.

ڕۆژی دووەم، فڕۆکە بەری عاسمانی گرت، لە سپێدەی شەوەوە بەبێ کوژانەوە تا تاریکەی ڕۆژ فڕۆکە بۆمبابارانی کرد. ئووزدەمیر وتی: ماوەی سێ ساڵ لە جەنگی گەورەدا بووم، ئەم بەدخواییە و زەبروزەنگەم نەبینی کە ئێستا ئێوە تێیدا ئەژین. گەلێك ئەم ئەرکە بەم جۆرە بنۆشێت، نابێت بە ئاوات نەگات.

دوای چوار سەعات کۆبوونەوە و لە گوزارش دووان، شێخ مەحموود فەرمانی پێم دا، فەرمووی: نامە بۆ عەباس ئاغای مەحموود ئاغای پشدەر و غەفوور خانی ئاکۆ بنووسە، کە ئووزدەمیر لە کۆیە و ڕانیە ئەکشێتەوە و ئەچێتەوە بۆ (کانییەڕەش)، چی پێویستە یارمەتیی بدەن لە ئازووخە، وڵاخی سواری درێغییان لێ نەکەن، چاوەڕێی نامەی دووەمم بکەن.

پاش پێنج ڕۆژ مانەوەیان، نامەکانی وەرگرت و گەڕایەوە و بەپێی دەستوور گەڕانەوە بۆ کانیە ڕەش. ئینجا شێخ مەحموود وتی: ئەوا دەستمان پێوە نان، گەڕانەوە بۆ سنووری خۆیان، بزانین ئینگلیزەکان لێمان ڕازی ئەبن؟

**هەڵەکانی شێخ مەحموود:**

لێرە هەڵەی شێخ مەحموود بوو بە دووجار:

١- لەوەپێش نەیویست بچێت کۆیە بگرێت، هەم دەریئەکردن و هەم ئینگلیزەکان ناچار ئەبوون بە گۆڕینی سیاسەتیان.

٢- لە پاش ڕەنجاندنی ئینگلیزەکان، دەرکردن و گەڕانەوەی ئووزدەمیر سوودی چییە؟ ئەمەی لە سلێمانییەوە بکردایە، ئایا کار بە جۆرێکی تر ڕووی ئەدا؟! بەڵام لە پاش ڕابوردوو هیچ ناوترێت. وە وا ئەزانم شێخ مەحموود خۆی باشتری ئەزانی، چونکە هیچ هیوایەك لە ئینگلیز نەئەکرا.

**من و شێخ سەلام*، سەلامی بوێژ:**

* سەلام کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ عەبدولکەریمە، ١٨٩٢ لە دێی (عازەبان) لەدایکبووە. تا بڕانەوەی یەکەم جەنگی جیهانی لە حوجرە خوێندوویە. ١٩١٩ نوێنەری مەحموود پاشای جاف بووە لای شێخ مەحموود. پاش شەڕی دەربەندی بازیان، چووەتە ئێران تا ١٩٢١. لە دووەم حکوومەتی شێخدا،

یەکترمان زۆر خۆش‌ئەویست. وا ڕێکەوت کە لەگەڵ شێخ سەلام لە دێی (جاسـەنە) لـە بانیژەیەکدا بەیەکەوە دانیـشتین. هـەموو ڕۆژێـك شـەوی ئـەما ئەچـووم بـۆ ئەشـکەوت، کـە ماوەی نیو سەعات بە ڕۆیشتن دوور بوو و تا ئێوارە لـە سـەلام بێئاگـاهـ ئـەبووم. ڕۆژێـك لـە ڕۆژان درەنگ کەوتمە ڕێگا. کـە ئەڕۆیـشتم، سـەلام ئـەیگوت: ((ئەحمـەد گـەردنم ئـازاد کـە، نەوەك یەکتر نەبینینەوە، بکوژرێین)). گەیشتمە پشتی ئاوایی و سەر گردەکـە، فڕۆکەیـەکی زۆر گەیشتە سەرمان، کەوتمە ژێر گوللەی مەترالیۆز، بە هەر چوار لامدا زرمەی بۆمبـا. پـاش نزیکەی یەك سەعات بە جێگاگۆڕکێ خۆم گەیاندە ئەشکەوت، خۆم بـە خـۆمم ئـەوت ئیمـڕۆ سەلام لە ئاواییدا کوژراوە و من ڕزگار بووم، ئیتر یەکتر نابینینەوە. لەسەر ئەوەی کاتگۆڕیم کرد و تووشی ئەم چورتم و سەخڵەتیە بووم، شێخ مەحموود زۆر تووڕە بوو. وتم: بەس نییە من ڕزگار بووم، سەلامم لە ئاوایی بەجێ هێشتووە. هەر کە وتم سەلام، شێخ مـەحموود بـوو بە ئاگر، وتی کێ؟! سەلام؟! شێخ سەلام؟! هاتووە؟! لەگەڵمانە؟! من حەبەسـام، زمـانم بەسترا، بەبێ وەڵامی من بە صالح زەکیی وت: هەر ئێستا بنێرە لە هەرچـی جێگایـەك بێـت بیگرن و ئێوارە بیهێنن. بە تەلەفۆن لە جاسەنەیان پرسی، وتیان چووە بۆ قەمـچووغە* . بـە تەلەفۆن بە "ڕەمزی عەبدولکەریم"یان وت بیگرێت و بینێرێت بۆ بارەگاهـ.

شەو بە کەلەپچەکراوی "سەلام"یان هێنا. کە بینیم ئێجگار دڵتـەنگ بـووم، نـەموێرا نزیکی بکەوم، بەڵام ئەو بانگی کردم، وتی: خەنجەرەکەم وەرگرە، لای خـۆت بێـت. لـەپڕ دە چەکدار هات و دایانە پێش و بردیان، زانیم کە بردیـان بـۆ سـلێمانی. بـۆ ڕۆژی دوایـی، شێخ مەحموود فەرمووی: سـەلام زیرەکێکـی بەدبەختـە، لەگـەڵ ئیـستخباراتی کـەرکووك نووسینیان هەیە، نەمویست هیچی لێ بکەم، ناردمەوە بۆ سلێمانی.

---

مەئمووری ئەوراقی عەسکەرییە بووە. دواتر وەزیفەکانی تەحسیلدار و موراقیبی ڕێگەوبان و دارستان و مەئمووری مونتووجاتی مەحەللی و نوفووسی دیوە لە سلێمانی و بەسرە و هەولێر و بەغدا. ١٩٥٥ خانەنشین بووە. ١٩٥٩/٣/٣ لە دێی (دۆڵان) کۆچیدوایی کردووە. دیوانی شیعرەکانی لەچاپ دراوە (یادگاری لاوان و دیاریی لاوان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، چ٢، بنکەی ژین– سلێمانی، ل٢٣).

* دێیەکی ناوچەی سوورداش.

پاش پێنجشەش ڕۆژ پێش گەیشتنی فڕۆکە، گەیشتمەوە ئەشکەوت. بینیم سەلام بەرامبەر بە صالح زەکی دانیشتووە و بەرچایی ئەخوات. کە منی بینی، پێکەنی، وتی خۆش بوو؟ ترسام، وام زانی لە منی زانیوە و وتی: چووم بە حەپسی "یوونس ئەفەندی"شم بۆ هێنایت وە بە درزیشەوە وتی: ئەدمۆنس ئەبودوجانەی بۆ نووسیوم، لە ملمدایە، لێم مەترسە، خەنجەرەکەی لێ نەساندمەوە، بەڵام من سەلامم نەبینیەوە تا چوارساڵ. یوونسیش نێررا بۆ بەندیخانەکەی ڕانیە، بەڵام لە کاتی گەیشتنی سوپای ئینگلیزدا بە کۆیە، لە ڕانیەوە مەردانە بە خۆی و سوپاییەکان و بەندییەکانەوە هاتەوە بۆ ئەشکەوت.

**سوپای ئینگلیز، ڕۆیشتنەوەی ضابطەکان بە هێزی پیادەی سوپاییەوە:**

ئینگلیز گەیشتە کۆیە– ڕانیە، (مەرگە)ی سووتان. دێهاتەکانی یەك بە دوای یەکدا بە بۆمبا و سووتان و تالان و کوشتن پەرێشان کرد، کار ناخۆش بوو. شێخ مەحموود بڕیاری نەجەنگاندنی دا، نەیئەویست ئەمجارەیش خوێن بڕژێت. زانیم کە لە سووررداشدا نامێنێت و سەلامیش لە کوێیە، نەئەزانرا، هەروەها ئینگلیز سوپای دووەمیشی ڕوو بە سلێمانی هاتبوو. جا بۆ ئەو دوو ڕۆژە چوومەوە بۆ سلێمانی، گەڕامەوە، نە سوپا و نە شێخ مەحموود نەمابوو– ١٤ی نیسانی ١٩٢٣.

لە (جاسەنە) پیادەی سوپاییمان هەبوو، وتیان بچۆ بۆ (هەڵەدن). ئەو ڕۆژەم لەگەڵ سوپایییەکان لە ژێر بۆمبا و مەترالیۆزدا ڕابوارد. شەو سوار بووم، لەو کاتەدا سوارێکی تریش هات، وتی بەیەکەوە ئەڕۆین وە پیاوێکی جاسەنەیش وتی پیادە سوپایییەکە لە بەرئاواییدا مۆڵ دراون. ئیتر ئێمەیش وامان بە باش زانی ئاوێتەیان ببین. بەڵام لە پێش گەیشتنی ئێمەدا، ڕۆیشتبوون، بەرەنگاری ماجد بووم، ٢٠ سواری لەگەڵدا بوو وە لەوکاتەدا ضابطە پیاوەکان گەیشتنە لامان.

ماجد وتی بۆچی وا دوابەدوا ئەڕۆن؟ عەسکەرەکان ئێستا گەیشتوونەتە ئاوایی سووررداش، ئێوە ئێستا دێن. زۆر بە تووڕەییەوە وەڵامیان دایەوە، وتیان ئێمە ناڕۆین، ئەچینەوە بۆ سلێمانی، بۆ لای حکوومەت. زۆر هەوڵمان دا، بێسوود بوو وە

هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردین. ئەم ضابطانە کە شۆڕشـەکەیان بـە جارێـك شـێواند و فوویان کرد لە چرای هیوای کورد.

١– خالید سەعید.

٢– ڕەشید صدقی غەفوور.

٣– عەلی کوردی.

٤– ئیبراهیم زۆری.

٥– عەبدولعەزیز ئەفەندی.

٦– فوئاد مەستی *.

٧– مەجید خانەقینی.

ئەمانە بـوون جـێهیوا و ئومێـدی پارێزگـاریی نیـشتمان، ئەمانـە بـوون بـەرگری دوژمـن بـۆ سـەر خـاك و نیـشتمانەکەیان، ئەمانـە بـوون لاو و دلاوەرانـی کـورد و سـوێندخۆرەکان، کەچـی بـە ناپـاکی و خائینییـەوە بینـران. خالیـد و ڕەشـید صـدقی وتیان: بۆ سلێمانی ئەچین، بۆ سلێمانی، ئەچینەوە نـاو دوژمـن، ٧٠٠ سـوپایی پیـادە بە هەموو پێویستییەکیانەوە و بارخانەیانەوە، بـە ٧٥ ئێـستری بـارکراو و مـەترالیۆز و تفـەنگ و فیـشەکەوە لەگەڵمانـە، ئەچـینەوە بـۆ نـاو ئینگلیـز! بـڕۆن ئـەگینا یـان بـە یەخسیری ئەتانبەین، وەیان فەرمانی کوشتنتان ئەدەین.

منیش بە ڕەشید صدقیم وت: تۆ ئەڵێیت شیربرای شێخ مـەحموودم، چـۆن بـرا بـرا بەجێئەهێڵێت؟ وتی: ئەمە بە فرۆکەکان بڵێ! ئیتر ئەوان ڕوو بە سلێمانی ڕۆیشتن، بـەڵام پاش ماوەیەك بیستمان لە (قلیاسان) ** چەکەکانیان لێ ساندن و دەریانکردن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* فوئاد مەستی (١٨٩٧–١٩٨١)، کوڕی مەعروفە، مەکتەبی حەربییەی تەواو کردووە. بەشداری یەکەم جەنگی جیهانی بووە. ئەفسەرێکی دووەم حوکمداریی شێخ بووە، لەبەر دژایەتیی تورك، کشاوەتەوە. تاسەر لە دائیرەی ئەشغاڵ وەزیفەی بینیوە (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٣٩).

** قلیاسان: دێیەکی نزیکی سەرچنار.

**من و ماجد:**

ماجد ویستی لەگەڵیا بچم بۆ (تەلان)* و سبەی شەو بەیەکەوە بچین بۆ لای مەلیك، بەڵام من ڕۆیشتنم بۆ هەڵەدن بە باشتر زانی. لەگەڵ سوارەکە کەوتینە ڕێگا، گەیشتینە بەر ئاواییی (سووورداش)ی ویران، خانووی تێدا نەمابوو، هەمووی کەلاوە و چۆڵ. سوارەکە لە پێشمەوە بە دەنگێکی پڕ پەژارە و ناسۆرەوە وتی:

((فیدای خانەی وابەستەات شوم مجنون
بە هر کجا کە نگاە میکنی بیابان است))،

لەسەر شێوەی (ئای ئای) ئەم وتارەی وت و پرسیی باشم وت؟! زۆر کاری لێ کردم. دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك لە چاوم دەرئەپەڕی، دیسان وتی: کاکە وا ئەڕۆین، باوەڕ مەکە جارێکی تر بە ئاسوودەیی لەم هێلانەیەدا بتوانین هەڵنیشین، ئاغایەتیمان چوو، خوێنمان بەسەر دار و بەردا ڕژا، تاراجمان تێك چوو، ئاوارە بووین، ئەوەش کردەوەی دانا و زانا سوپاییەکانمان بوو کە شەرەف و ناموسی کوردیان پێسپێررا بوو؟! کاکە ئێمە بۆچی خۆمان وڕ و گێل بکەین. ئەم ضابطە گودلەبەسەرانە بۆ بەڕێوەبردنی لەشکری کورد و پارێزگاریی کوردستان و ئیطاعەتی مەلیك نەهاتبوون، هەموویان سوێندخۆر بوون. ئەتوانم ٣ بە ٣ سوێندت بۆ بخۆم نێرراون بۆ تێکدان، بۆ ویرانکردنی وڵات، بۆ شێواندنی ئەم لەشکر و شۆڕشە. نازانم بۆچی ئەم پوختەخۆرانە وەڕز بوون، لە چییان کەم بوو. ئاخ بۆ دەستەیەکی مەرد بیانگرن و نەیانگەیەننە لای مەلیك، چونکە ئەو دڵی نەرمە و هیچیان لێ ناکات.

جا ئەم سوارە نەناسە هاوڕێییەم هەر بۆڵەی ئەهات و دەردی بەبائەکرد. دیسان ئاوڕێکی دایەوە و وتی: کاکئەحمەد خۆ بە تۆش ئەڵێن ئەفەندی. تۆ لە چ بیر و فڕوفێڵێکدایت؟! وتم: من تێرم، برسی نیم، ناچمەوە بۆ قەصابخانەکانی سلێمانی. لە وەڵامدا وتی: دەك باوك و هەموو کەسم بە قوربانت بێت، بە خوا منیش ئارەزووی ئیسقان کڕانەوە و پلاری برزووە کەچەڵی قەصابم نییە. لەم قسانە زۆر وترا، وتی: تۆ بڵێیت ماجد ئەفەندیش نەڕواتەوە؟ وتم نا! چونکە لە منی نەئەشاردەوە.

---

* تەلان: دێیەکی ناوچەی سووورداش.

دەستی کرد بە گیرفانیدا، لەتێك کولێرەی ڕەق و یەك هێلکەی کوڵاوی دەرهێنـا، دایمێ. وتی بە خوا و خوا ئەیزانێت ئەمە تێشووی دوو ڕۆژە لە گیرفانمـدا، فـەرموو تـۆ بیخۆ، گەورەم، تورکەکان بە زماننەزانی، پێخاوسی، بە ڕووتـی، برسـیەتی بردمانیـان بۆ سووریا، چەناق قەلعە، وەکوو ئەم دڵتەنگییەی ئیمشەوم بە خۆمـەوە نـەبینی. ئایـا خوا لەم کارەیش بێدەنگ ئەبێت؟! دووبارە بە ئاوازی (ئای ئای)یەوە و بە دەنگێکـی پڕ سۆز و خرۆشەوە وتی:

ئەی خوای بانی سەر، کوشندەی هەژار
تاکەی ئەمانکەیت لە گیانمان بێزار
بۆچ نییە لەم دونیا بێکەستر لە کورد
خۆی پێبناسیت وەها دەستوبرد

ئینجا. من وتم، کاکە تۆ ناوت چییە؟ وتـی: وەکـوو قەومەکـەم بێنـاوم. گەیـشتینە سـەر کـەلی (دابـان)، شـەو ڕوون بـۆوە. وتـی: نـاوم حەمەکوردەیـە، مزگـەرم، دراوسـێی جوولەکەکانم، گوێت لەم حەیرانە بێت. حەیرانەکەی تەواو کرد. بەڵام من خوێن لە جگـەرم ئەتکا، وتم حەمە گیان ئیتر لێم دوور مەکەوەرەوە. وتی: ئەم نیازەت بە فڕۆکەکانی مامـە بەریتانیامان بڵێ، لەگەڵ هەتاوا ئەبێ بە کەوی برا برا کێ کێ ئەبینێت.

**هەڵەدن:**

گەیشتینە بارەگای تازە لە (هەڵەدن)* . شێخ مەحموود لە نوێژی بـەیانی بووبـووە، هێـشتا دوور بـووین دەسـتی هەڵتەکانـد و فـەرمووی: زوو وڵاخـەکانتان بـشارنەوە، کـاتی هاتنی فڕۆکەیە. لەپڕ دوو فڕۆکە هات، لە بۆمبا و شەستتیر خۆیان داتەکانـد و گەڕانـەوە. ئیتر تا چایی خورایەوە، بەبێ تەم ڕەوانەوە، چوار چوار ئەهات، لە هـەموو لایـەك زرمـەی بۆمبا و شەریقەی مەترالیۆز، چەکی کوردیش خەنجەر و تفەنگـەکانی دەسـتیان بـە چـەند فیشەکێکەوە. مەلیك فەرمانی بە حەمە کوردە دا کە لێم جیا نەبێتەوە، بەڵام —داخەکەم— لە گەڕانەوەدا لە سلێمانی بینیمەوە.

* هەڵەدن: دێیەکی ناوچەی سوورداش.

### چوونم بۆ باڵخ و کوشتنی مەلا عارف:

وەکوو هەموو ساڵێك، ئیمساڵیش خێزانی ئێمە لەگەڵ دایکم لە باڵخ بوون. بۆ دووسێ ڕۆژ چووم بۆ باڵخ. پاش دوو ڕۆژ سوپا و شێخ مەحموود هاتن، لەو دیوە بوومەوە بە هاوڕێیان، لە دەشتی (شێخ ڕەش) تووشی "شاکر موجرم"* مودیری تەلەفۆن بووم، وتی: ئەزانیت مەلا عارف "عارف صائیب"، نووسەر و باوەڕپێکراوی مەلیك، لە (یالانقۆز)** لە لایەن "حەمەی سەیدە پچکۆلە"*** وە کوژرا****؟ بەم باسە بە تەواوی وشك بووم، زۆر ئامۆژگاریی کردم کە منیش ئاگاداریی خۆم بکەم:

٢٠\٢١ی نیسان

### بارەگاه لە بابەکرئاوا:

لەگەڵ ڕۆژەوەبووندا گەیشتینە ناو چەمو چوغوردەکەی (بابەکرئاوا)، لە بن دار و بەردا خۆمان شاردەوە. لەپەنا بەردێکی گەورەدا لەگەڵ وڵاخەکەم بۆسەم دابوو وە خەوم لێ کەوت. لەپڕ حەمەی سەیدە پچکۆلە بە ئاگای هێنام، وتی من و تۆ لە منالییەوە وەك برا بووین، ئەو کارە خراپەم لە دەست قەوما و شێخ فەرمانی کوشتنمی داوە، ناتوانم بچمەوە بۆ سلێمانیش، چارەم بکە. بە ڕاستی من زۆر ترسام و

www.zheen.org

---

* شاکر موجرم: شاکیر کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی محەمەد عەبدولئەمیرە، ١٨٩٤ لە سلێمانی لەدایکبووە. مەئمووری پۆستە بووە لە سەردەمی عوسمانی و حوکمداریی کوردستاندا. ١٩٥٤ خانەنشین بووە. پاشماوەی ژیانیی بە باخەوانییەوە بەسەربردووە. ١٩٥٧/٩/١٤ لە ڕەواندز کۆچیدوایی کردووە. فارسی و تورکی و عەرەبیشی زانیون (شاکر مجرم بەڕێوەبەری پۆستە و تەلەگراف لە حکومەتی شێخ مەحموود: تەمەنێك لە کوردایەتی وماڵێکی پڕ لە گوڵ و میوان، ڕۆژنامەی "زاری کرمانجی"، رواندز، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٥/١١/٢٨، ل٦).

** دێیەکی ئەوسا سەر بە ناوچەی سەرچنار.

*** حەمەی سەییدە بچکۆلە: شێخ محەمەدی سەیید ئەحمەدی بچکۆلەیە. ١٨٩٢ لەدایکبووە، بە حوکمی خزمایەتیی نزیکی لەتەك شێخدا، تاسەر لە جووڵانەوەکەیدا ماوەتەوە. ١٩٥٨/٩/١٠ کۆچیدوایی کردووە (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٣٣).

**** ئەوە لە ١٩٢٣/٥/١٥دا بووە.

ئەترسام، خۆم ئامادە كرد، بەڵام زانیم ئەگەر بیویستایە لە خەودا ئەیكوشتم و تێگەیشتم پاڕانەوەكەی ڕاستە. بەڵێنم دایە كە هەوڵی بۆ بدەم.

بەدوای حەمەی سەیدە پچكۆلەدا، سەیید عەبدوڵڵا* هات، وتی ئێستا ئێمە ئەچین بۆ كوێ، چیمان بەسەر دێت، كەس نازانێت تۆ بەم منالییەوە دوای چی كەوتوویت؟ بۆچی ناچێتەوە بۆ سلێمانی؟! زۆر كەوتمە بیر و ئەندێشە. چووم بۆ لای ڕەضا بەگ كە لە جیاتیی "صالح زەكی" فەرماندە بوو، كە لە ئەشكەوتی جاسەنەوە بەهۆی "عەلی كەمال**"ەوە نێررابوو بۆ بەغداد، كارەساتم بۆ گێڕایەوە، وتی: گوێ مەدەرێ، ئەو خۆی بۆ كوێ ئەچێت با بچێت.

**تەرتیبات لە لایەن حوكمدارەوە:**

لەم كاتەدا شێخ مەحموود هات. زۆر بە پەلە وتی: ڕەضا بەگ، "مەلا عارف" خۆشەویستم بوو، لە هەموو ڕاز و نهێنیم ئاگادارم ئەكرد، زیرەك و بەجەوهەر بوو، خوا حەمە بگرێت، ئەبێت بكوژرێتەوە. فەرمووی: ڕەضا بەگ بنووسە، سوارە و پیادەی دابەش كرد وە ڕێگەی ڕۆیشتنی بۆ دانان. كە ڕەضا بەگ جێبەجێی بكات. گەڕایەوە و فەرمووی ئەحمەد وەرە، چووەوە جێگاكەی خۆی، وتی: بە كەس باوەڕم نەما،

www.zheen.org

* سەیید عەبدوڵڵا: كوڕی حاجی سەیید حەسەنی مامی شێخ مەحموود. چالاكێكی كاری ڕێكخراوەیی و سیاسیی یەكەم خولی حوكمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانی و ئەڵقەی پێوەندیی تەك جووڵانەوەی ڕەواندز بوو. لە دووەم حكوومەتی كوردستاندا، سەرەتا وەكیلی موتەسەڕیفی سلێمانی بوو، پاشان كرایە قایمقامی ڕانیە. دوای شكستی جووڵانەوەكەی شێخ، دوور خرایەوە بۆ شاری (دیوانییە)ی باشووری عیراق، مایسی ١٩٢٧ هێنرایەوە بۆ سلێمانی. ١٩٥٤/٤/١٣ كۆچیدوایی كردووە (سدیق سالح، لە بەڵگەنامەكانی جووڵانەوەكەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، سلێمانی، ژمارە ٢، ٢٠١٠).

** عەلی كەمال عەبدوڕڕەحمان ١٩٠٠ لە سلێمانی لەدایكبووە. ١٩١٨ مەكتەبی حەربییەی ئەستەمووڵی تەواوكردووە و بووەتە ئەفسەر لە سپای عوسمانیدا. ١٩٢٢ هاتووەتەوە بۆ وڵات. وەزیفەی بەڕێوەبەریی پۆلیسی لە كۆیە و سەماوە و دیالە و خانەقین و حەی و بەغدا دیوە. نائیبی سلێمانی بووە لە خولەكانی (٦، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦)یەمی پەرلەمانی عیراقدا. كوردپەروەرێكی خەمخۆر بووە بۆ یارمەتیی هەژاران و باربووی قوتابیانی نەدار بۆ خوێندن تەواوكردن. گۆڤاری "گەلاوێژ" بە دەستگیرۆیی ئەو ١٠ ساڵ دەرچووە. ١٩٩٨ كۆچیدوایی كردووە (أعلام كرد العراق، ص٥٣٤–٥٣٥).

نامەوێت هیچ لە کەس بپرسم، کەس بۆ قەومەکەی ناکات، هەمووی بۆ پارەیە. لەگەڵ ڕووسدا هەوڵم دا، داوای حەقی کوردم لێ کردن، بەڵام لە پێش بەجێهێنانی ئاواتەکەی ئێمەدا، ئەوان شێوان. مەلا عارف و ڕەشید ئەفەندیی ئەمین ئاغام نارده (تەورێز)، تا ئێستا کار بە نهێنی مایەوە. لە کاتێکدا تورکەکان بە ناوی کافرکوشتن و ئیسلامەتییەوە بەهەشتیان پێ ئەبەخشین و بە گیانی خۆمان پێیان ئەفرۆشتین، من خەریکی دروستکردنی کوردستان بووم. گیان و دارایی خۆم و ماڵ و منداڵم لەم ڕێگەیەدا دانا، پشوویەکی خۆشیمان نەدا. کورد پچڕپچڕە، بێجگە لە ئینگلیز سێ حکوومەت لەسەر پێستی ئێمە ئەجەنگن و بە پیتی کورد ئەژین. ئێمەیش لە بن دار و بەردی چیاکاندا و خوا ئەزانێت لە چ کوڵەشێوێکدا ئەکوژرێین و ئەبین بە خۆراکی داڵ و جانەوەر. وا زانیمان ئینگلیز هیچ بە کورد نادات، نە تورك و ئێران، نە عیراقیش خۆی بە دۆست و برامان نازانێت. کەوابوو کورد ئەبێت یەك بگرێت، ئەگەر وڵاتی مووصڵ بدرێتەوە بە تورك و لەگەڵ کورداندا ببێتەوە بە یەك، ئێمە لە تورك پترتر ئەبین. دوور نییە ئەوکاتە کارمان ئاسان نەبێت. ئێستا چاوەڕێی هەل بکەین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سوپا:**

لە (بابەکرئاوا)وە سوارە تیپتیپ، پیادە بلووکبلووك کەوتە ڕێگا، فەرمان لە لایەن ڕەضا بەگەوە دەرئەچوو، لەگەڵ سەیید برایم بەیەکەوە ڕامانئەبوارد، گەیشتینە (چنگنیان). خواردەمەنی بۆ پیادە ئامادە کرابوو، پاش نیو سەعات حەسانەوە، سوارە بۆ (حاجی مامەند) فەرمان درا و خێزانی مەلیك و دەستوپێیەکانیش لە (گەڵاڵە)وە بۆ (دزڵی)* .

(٢٢–٢٣ی نیسان)

---

* چنگیان و حاجی مامەند: دوو دێی ناوچەی شارباژێڕ. گەڵاڵە: دێیەکی ناوچەی ماوەت. دزڵی: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

**قۆناغی تفەنگەکەم شکا:**

ڕێگا تا (باراو) خۆش نییە، پاش نیوەشەو بوو لە ڕێگا بەسەر سوارییەوە وەنەوزم دا، تفەنگەکەم (تەیارەشکێن) زۆر تازەو نایاب بوو، کەوت و قۆناغەکەی شکا. زۆر دڵتەنگ و تووشی پەژارە بووم، چونکە هەر بۆ تفەنەگەکە نا، بۆ شوورەییی ئەوەی بەدەم وەنەوزەوە کاری وام بەسەر هاتووە. بەڵام لە (حاجی مامەند) کابرایەکی زەڕینگەر چاکی کردەوە و بە تەلی زیو پێچای، لە پاش یەك شەو و ڕۆژ (٥٠٠) سوارە لە حاجی مامەندەوە بۆ (سەرکان) * ڕۆیشتن.

سەیید ئەحمەدی حاجی مامەند سەر بە ئینگلیز بوو، نەیئەویست نزیك بە شێخ مەحموود بێتەوە، بەڵام چارەی ئەم هێرشە و لافاوەی پێنەئەکرا، بێجگە لە میوانداری، لە کاتی نزیکبوونەوەی مەلیکدا سەیید ئەحمەد ماوەیەکی زۆر چوو بە پیریەوە. شێخ مەحموود وتی: خاڵە بە میوان ڕامان ئەگرێت؟ بەڵام حاجی ڕەسووڵ ئاغای پشدەری زوو وەڵامی دایەوە و وتی بە میوانیش نەبێت بە کێزری (بە زۆر و بە هێز) ئەبێت ڕامان بگرێت. حاجی ڕەسووڵ ئاغا پیاوێکی زەلام و ڕێكوپێك بوو، بۆ ئەوەی لاواز بێت تریاکی ئەکێشا، بەڵام زیاتر قەڵەو ئەبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**حاجی مامەند- سەرکان:**

بە ڕۆژ کەوتینە ڕێگا، نزیکەی بانگی شێوان گەیشتینە سەرکان. مەحموود خانی دزلی بە چەکدارێکی زۆرەوە هاتبوو بەپیر مەلیك شێخ مەحموودەوە و نزیکی ٥٠ ئێستر کە خێزانەکەی گەیاندبووە دزلی، بۆ کاروانی دووەم ئەگەڕانەوە بۆ گەلاڵە، نزیکەی هەزار چەکدار میوانی "شێخ عەولی سەرکان" بوو. شێخ باقری برای شێخ عەول، من و سەیید برایمی بردەماڵەوە، زۆر ڕێزی لێ گرتین.

شەو درەنگ ڕەضا بەگ گەیشت، چووە خزمەت مەلیك، بە پێی دەستووری سوپایی وتی: سوارە و پیادەی سوپایی بە خۆشی و بەبێوەیی گەیشتە سەرکان، پیادە لە دووری ئاوایی دامەزرا. خواردەمەنی بۆ چەکدار و ولاغ لە لایەن شێخ عەولەوە

---

* باراو و سەرکان: دوو دێی ناوچەی شارباژێڕ.

دروست کرا و ئەدرا. لێرەدا تێگەیشتین بارەگاه ئەچێت بۆ هەورامان، پاش ٢٤ سەعات سەرکانیش بەجێهێڵرا.

(٢٤–٢٥ی نیسان)

**دکتۆر محەمەد وەفا:**

خۆی برینپێچ (مضمد) بوو، بەڵام زۆر وریا و کارزان و ئارەزووی ئیشکردنی هەبوو، فەرمانی دکتۆری بەجێئەهێنا. دەرمان زۆر بوو، ئەویش شارەزاییی پەیدا کردبوو. لە ڕێگا ئێسترێك لە وڵاغی باری دەرمانەکە تۆپی، دووتا دەرمانەکە لە گایەك بار کرابوو. لە سێبواران ئاو زۆر بوو، تا گایەکە گەیشتە ناو ئاو وڵاخەکان تێپەڕبوون. ئیتر دکتۆر ناچار بوو سواری گایەکە بوو، لە نێرینەی ئاوەکەدا گایەکە نوست. ئێمە سێ سوار دکتۆرمان لە خنکان ڕزگارکرد، کەچی بە چەپۆك لە خۆی ئەدا بۆ دەرمانەکان وە ئەیوت ئۆردووی کوردستان لێم ئەپرسێتەوە، بە ڕاستی کوڕێکی دڵپاك و هونەرمەند بوو.

**سەرکان– برنجە:**

سوارە تیپتیپ و پەلپەل بڵاو کرایەوە. لەگەڵ شێخ محەمەدغەریب و ٥٠ سوار چووین بۆ (کوڕی گەپڵە)*، لادێیی ئەم دێیە ئێجگار هەژار و نەدارا بوون. نانی گەنمیان نەبوو، خواردنیان هەرزن و گیتکەی کەڵدڕ** و بە دەگمەن نانی جۆیان ئەخوارد. کاکە برا ئاغا کوێخای ئاوایی توانیی نانی جۆ و بەشی چوارپێنج کەس چێشتی ساوەر دروست بکات. بە شێخ محەمەدغەریبمان گەیاند کە پێویستە یارمەتیمان بدرێت.

**سوپاییەکان بە حەپسی:**

من و سەیید ئیبراهیم لە چۆڵ ماینەوە، چونکە خۆراکی وڵاخەکان لە خواردنی خۆمان پێویستر بوو. لەوەڕی وێنجە زۆر بوو. لە بەربەیاندا چووین بۆ پیران. من

---

* کوڕی گەپڵە: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

** گیتکە: کولێرەی هەرزن. کەڵدڕ: گیایەکە بۆ ئالفی ئاژەڵ.

خەریکی چای خواردنـەوە بـووم، ماجـدیش گەیشت، زۆر بـە پـەرۆشـەوە هـات، وتـی: ئەحمەد ئێستا ضابطەکان ئەگەن، بزانن خواردن و حەسانەوەیان بۆ جێبەجێ بکە تـا ئـەڕۆن. ئەمـەی وت و بـەڵام ضـابط کێیـە و کـەی دێـن، نـازانم. پـاش ماوەیـەك ئـەم ضابطانەیان لەژێر چاودێریی ١٥–٢٠ چەکداردا هێنا.

١– عەزیز قەزاز.
٢– ئەمین ڕەواندزی.
٣– فائیق کاك ئەمین.
٤– شێخ سەلام– نووسەری سوپایی.

لە پاش حەساننەوە و خواردنەوە، زانـیم کـە حەپـسن. نـە هیـچم لێ پرسـین نـە هیچیان وت، بردیانن بۆ (دزڵی)، بەڵام تووشبوونەوەی سەلامم زۆر بەلاوە گـرنگ بـوو. ماجـد هاتـەوە، لـێم پرسـی، وتـی: لـە (هەڵـەدن) هـەموو سـەربازی پیـادە و سـوارە و ضابطەکانی بانگ کرد، مەلیك پێی وت: کێ ئەیەوێت بڕواتەوە بۆ سلێمانی، بە خۆشـی بڕوات، بەڵام ئێستا چەکەکەی دابنێت. لـەناو هەموویانـدا تـەنیا پیادەیـەکی نـەخۆش هاتە دەرەوە، شێخیش پێی خۆش بوو، پارەشی دایە، ڕۆیشت.

لە کارەساتی نامەردەکانی ڕۆیـشتنەوە کـە عەسـکەرەکانیان بـردەوە زۆر قـسەمان کرد، وتی: ئەمە پیلانێکی زۆر گەورە بـوو، بـەڵام هـەر ئەوەنـدەیان پـێکرا کـە کردیـان و دەسیـسەی خالیـد و ڕەشـید صـدقی غـەفوور بـوو. ئـەم نامەردانـەیش هاوپـەیمان و سوێندخۆریان بوون. ئەمە لـە ئـەمین ڕەواندزییـەوە زۆر دوور بـوو، بـەڵام دەرکـەوت کـە پیلانگێڕ سەلامە. ئێستا نێرران بۆ (سیاکوڵە)[16] کە لەوێ حەپس بن. بەڵام ئەگەر بتـوانین کار لە شێخ بکەین، زۆر باش ئەبوو کە بەرەڵایان بکات و بە ڕووڕەشی بڕۆنەوە.

ماجد لـەم بابەتـەوە زۆر قـسەی کـرد، بـەڵام کـار لـە کـار ترازابـوو و هـیچ جێـی باوەڕیش نییە هەروا بە ئاسـانی بـەرەڵا بکـرێن، چـونکە ئەوانـەی ڕۆیـشتنەوە، قـەڵای

[16] سیاکوڵە و برنجە: دوو دێی ناوچەی مەریوان.

شۆڕشەکەیان ڕماند. خۆ ئەگەر ڕاست بێت ئەمانیش هاوپەیمانن، هیچ ڕاست نییە داوای بەرەڵاکردنیان بکرێت.

**بارەگاه لە برنجەی هەورامان**

(برنجە)، لەناو چیای هەوراماندا جێگەیەکی ئاودار و خاکی ئێرانە. ترسی فڕۆکە نەما، جارجارێك تا سەر کەل ئەهات، چونکە دیوی ڕۆژئاوای چیاکە شارەزوورە. جا سەرلەنوێ دەست کرایەوە بە دامەزراندنی دەستگاه و جێ دیاردیکردنی سوارە و پیادە و ئەم فەرمانە دەرکرا:

فەرمانی مەلەکی– لە برنجە

پشت بە خوا

ژمارە: ٨

ڕۆژ: ٥ی مایسی ١٩٢٣

بۆ: فەرماندەی سوارە و پیادەی سوپایی ڕەضا بەگ

بە پەلە و بەبێوێستان ئیمڕۆ سوارە و پیادە بنێرن بۆ ئەو جێگایانەی بڕیاری ئەدەن و وێنەیەکی دابەشکردنەکە دەستبەجێ بنێرن بۆ ئێمە.

مەحموود

مەلیك و باشقوماندانی کوردستان

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە لایەن ڕەضا بەگەوە ئەم تەرتیباتە کرا.

بەشی سوارە

١. ماجد: سوارەی سوپایی– بۆ سەرچنار و تانجەرۆ (هەموو ضابطەکان فەرمان لە ماجد وەرئەگرن)، چونکە لە (شێخەڵمارێن) ئەمێنێتەوە تا ئیشعاری دواییمان.

٢. کەریم بەگ و مەحموودی دەوڵەتیار و سەیید محەمەدتۆفیق ئاغای هەمەوەند (فەرمان لە کەریم بەگ وەرئەگرن) لە بازیانەوە تا کەرکووك.

٣. خەلیفە یوونس و حەمەعەلیی ڕۆغزایی بە دوو پەل– شارەزوور.

٤. مەحموود خاتر، سمایل عوزەیری (پەیوەستی بە ماجدەوە ئەبێت) دۆڵی سووورداش.

٥. سوارەی تایبەتی و ئەمین حەمەی ئیمام لە بارەگاھ ئەبن.

ماوەی هێزی سوارە لە بارەگاوە فەرماندەی گشتی تەماشایان ئەکات.

بەشی پیادە:

١. عەزیز ئەفەندی زڕە و جەلال ڕەشید ئەفەندی و ٥٠ سوپایی پێنجوێن.

٢. ڕەشید عەبدولکەریم و ٥٠ سوپایی ناڵپارێز.

٣. ڕەمزی ئەفەندی و ٥٠ سوپایی ملەکەوە.

٤. عەبدوڵڵا ئاغا و ٥٠ سوپایی شێخەڵمارێن.

٥. عادل ئەفەندی* لە گۆیژەوە و ٢٠٠ سوپایی شارباژێڕ تا پێنجوێن.

٦. پیادەی سوپاییەکەی تریش لە بارەگاھەوە تا ناڵپارێز** ئەمێنێتەوە.

**کۆبوونەوەیەکی گشتی:**

بڕیار درا کە هەموو ضابطەکان و کارزانەکان کۆببنەوە و بە بڕیاری گشتی پڕۆگرامێك دابنرێت و مەلیك ئەبێت قبوولی بکات. چەند ماددەیەکی ناوخۆیی بڕیار درا، بەڵام بە بڕیاری هەموو وا بە باش زانرا کە یەکێك بچێت بۆ تاران، ملۆزمی و بەدبەختیی ئینگلیزەکان بە سەفارەتەکانی بێگانە بگەیەنێت وە دادنامەیەکیش بە ناوی گشتییەوە بنووسرێت و بنێررێت. مەلیك هەموو بڕیارەکانی پەسەند کرد وە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەم کارە بەجێ بێت، من (خاوەنی چیم دی)یان هەڵبژارد.

---

* عەبدوڵڵا عادیل کوڕی شێخ قادری شێخ سەلامی قازییە، ١٨٩٣ لە سلێمانی لەدایكبووە. مەکتەبی حەربییەی ئەستەموڵی تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر لە سپای عوسمانیدا. بەشداری شەڕەکانی یەکەم جەنگی جیهانی بووە. لە هەرسێ حوکمداریی شێخ دا کاربەدەست بووە. ماوەتەوە تا ١٩٢٧ کە ئیتر وەزیفەی حکوومەتیی گرتووەتە دەست وەك بەڕێوەبەریی ناحیە. عادیل ئەفەندی هەر کچێکی بەدرییە ناوی هەبووە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود ١٩٢٢-١٩٢٤، ل١٥).

** ناڵپارێز: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

به بیروباوەڕی هەموویان به تورکی ئەم نامەیه نووسرا و ئەمەیش کوردییەکەیەتی بەبێکەموزیاد و کۆمەڵەکەیش ئەمانه بوون.

١. عیززەت تۆپچی.

٢. ڕەضا بەگ.

٣. سەیید ڕەضا.

٤. سێ ضابط.

٥. سێ سەرۆك عەشایەر.

بۆ بالۆێزی ئەمەریکا، تورکیا، ڕوسیا، ئیتالیا، فەڕەنسە، ئینگلتەرە، سەرەك‌وەزیری ئێران

له دوای جەنگی ١٩١٤ و کوژانەوەی چرای برووزی عوثمانی، به تەواوبوونی جەنگ نیشتمانی ئێمه (کوردستانی جنووبی) له سوپا و ئیدارەیان چۆڵ کرا، هێزی سوپای ئینگلیز به هەلی زانی، خۆی هاویشته ویلایەتی (مووصل) وه کوردستانی جنووبیشی داگیر کرد، بەڵام بەو پەیمانەی که به پێی پەیمانی (سیڤەر) هەموو حەقێکی قەومیمان بدەنێ و له کوردستانی جنوبیدا حکومەتێکی کوردی دروست بکات و هەموو چەشنه یارمەتییەکمان بدەن، ئینجا به تەواوی ڕێگەی ئینگلیز درا بۆ هاتنی بۆ سلێمانی.

سێ مانگی بەسەرا نەڕۆیشت، به پێچەوانەی پەیمانەکەیان بۆ کاروباری چ سیاسی و چ ئیداری و چ ئابووری له ئینگلیز و ئێران و عەرەب و ئەفغانی و هیندی هەڕەمه پیاو و مەئموورانی هێنا، بەناو کیشوەرەکەماندا بڵاوی کردەوە، بەڵام کوردەکان هەر له دوورەوە تەماشایان ئەکرد. ئەو یارمەتیەی کورد به هیوای بوو وه ئەو پەیمانەی دابووی که حکومەتێك بۆ کورد دروست بکات، گۆڕا به زۆرداری و بێبەزەیی و ئەو هێزە بێشوومارەی که له جەنگی گەورەدا بەرامبەر به تورك و ئەڵمان بەکاری ئەهێنا، بەری دایه وێزەی کورد و به کوشتن و سووتاندن و تاڵانکردن وڵاتی وێران کرد، به چەشنێك دڵی هەموو ئادەمیزاد بگریەنێت. زۆر کردەوەی زۆرداری و

ناپەسەندیان نواند، تا هەموو کوردی ناچار کرد بۆ پاسی خاك و دارایی و ناموس بەرامبەر بەو ئینگلیزەی کە بە دۆستی کورد خۆی پیشان ئەدا، دەست بداتە چەك و داوای مافی خۆی (ئیستیقلال) بکات. ئینگلیز خۆی کرد بە دوژمنی خوێنینی کورد.

لە ڕۆژی ٢٢ی مایسی ١٩١٩دا کورد بە چەك کەوتە بەربەرەکانێی ئینگلیزەکان، بەڵام تەنیا بە جەنگی تفەنگ و خەنجەر. ئینگلیزیش بێجگە لە تۆپ و فڕۆکە، بە هێزێکی کوشندەی ٣٠ تا ٤٠ هەزار سوپاییەوە ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ کوردی پەرێشان کرد و ئەو حوکمدارەی کە بە فەرمانی خۆیان بۆ کوردستان دانرابوو، بە بریندارکراوی لەگەڵ نزیکەی هەزار مرۆڤ و ضابطانی کوردا کوژران و بە یەخسیری گیران و بران.

لە بڕیاری خنکاندنەوە بۆ دە ساڵ بەندی، حوکمداریان ئاوارەی هیند کرد. سێ شەو و سێ ڕۆژ شاری سلێمانی تاڵان کرا، لە کۆڵانانا کوژرا و فڕێ ئەدرا، دێهات و کشتوکاڵ، پرد و مزگەوت بە بۆمبا وێران کرا. ئاژەڵ بە مەترالیۆز و فڕۆکە بەقڕهێنرا. ژن، پیاو، منال بە هەزاران لەناو ئەشکەوت و سەر چیاکاندا کوژران، مردن. حوکمدار لە بەندیەکەی سێ ساڵ بەسەر نەچوو، بەبێ داوا و دەنگی کورد لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا دووبارە بە ناوی بەجێهێنانی پەیمانەکەیانەوە حوکمدار شێخ مەحموودیان لە هیندەوە هێنایەوە و بە ناوی حوکمداری کوردستانەوە لە سلێمانی دایاننا، ئەمجارەیش پەیمانی دروستکردنی حکوومەتی کوردستانی بڵاو کردەوە.

بەڵام ئەو داوایەی کە ئینگلیز لە کوردی ئەکرد، لە توانای کوردا نەبوو، کە بەبێ پێویست لە تورکیا و ئێراندا شۆڕش هەڵگیرسێنێت. ئینجا دیسانەوە لە پاش شەش مانگ کەوتەوە بیانوو، بە بۆمبا شاری سلێمانی، دێهات، چیا و دارستانەکان و باخ و ڕەزی سووتاند، وێرانی کرد، لە ئادەمیزاد و ئاژەڵ کوشتار لە ژمارە نایەت، خێزانی کورد بە پیاو، ژن، منال و پیرەوە کەوتنە چیا و ئاوارەی ئەشکەوت و مەغارەکان بوون بە ڕووتی، برسیەتی، گەرما، سەرما. ژیان تاڵ بوو. فڕۆکە ماوە و دەرەتانی پەیداکردنی ئازووخەی نەئەدا.

لە ئادەمیزادپەروەری و دڵسۆزیتان تکا ئەکەین، کە دڵسۆزیی خۆتان بەرامبەر بەم گەلە ئاوارە و پەرێشانە پیشان بدەن کە بە هەزاران خێزان لە چیاکاندا بەبێ پیاو

بە سەختی گوزەران ئەکەن و ئەژین و پیاوەکانیان بەرامبەر بە بەدبەختی و جانەوەریی ئینگلیزەکان سنگیان ناوە بە بەر گوللەی ناگەهانییانەوە و بەبێبەزەیی لە کوشتاری کورد دەستپارێزی ناکەن، چارەیەك بکەن. کورد ئەیەوێت بگات بە مافی خۆی، دەستبەرداری چەك نابێت، تاوەکوو ئەم دوژمنەمان لێ دوور نەکەوێتەوە.

١١ی مایسی ١٩٢٣

حەمە ئاغای عەلی ئاغا حاجی ڕەسووڵ ئاغا مەحموود

سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر سەرۆك و فەرماندەی گشتی

صالح ئاغای حەمە ئاغا صابر بەگ کەریم فەتاح بەگ

سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند

ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا سەیید کەریم سەیید ئەحمەد

لە ئەشرافی سلێمانی لە ساداتی بەرزنجە

ئەمین حەمەی ئیمام ئەحمەد مەدحەت

لە سەرۆکانی هەمەوەند مەبعووثی ڕەواندز

ڕەضا بەگ

لە ئەشرافی سلێمانی و فەرماندەی سوپا وە ٢٨ ناوی تر

www.zheen.org

**پەیغام:**

جا بۆ بەجێهێنانی ئەم نامەیە، من –"ئەحمەد خواجە" نووسەری چیم دی– هەڵبژێرام، بۆ ئەوەی بگەمە (سنە) و لەوێوە بۆ تاران. ڕۆژی ١٢ی مایس لە (برنجە) کەوتمە ڕێ لەگەڵ محێدین، وە لە دزلیش پاش چوونم بۆ (سیاکوڵە) و هەندێك ڕاسپێریی خێزانی مەلیك. کۆخە حەمەڕەحیم دزلیشم کرا بە هاوڕێ، بۆ ئەوەی لە (سنە) ڕێپیشاندەرم بێت بۆ لای شێخ عارف کوڕی حاجی شێخ شوکروڵلا. نیوەڕۆ گەیشتینە (تفلی) لای حەمە عەلی بەگ، لاوێکی بەنرخ و تێگەیشتوو. پاش نیوەڕۆژەخواردن کەوتینە ڕێ.

شەو (کەڕاوا)* لە ماڵی "حەمەعەلی بەگ" برای "حسێن خانی ڕەزاو" دیوەخانێکی پاك و ڕێك، زۆر بەڕێز گیراین، وتی: ئێمە هەموومان ئامادەی فەرمانی مەلیکی کوردستانین. خوێندەوارێکی زۆر باش، بەڵام هەردوو گوێی کەڕ بوو، کەم ئەیبیست، کەوتینە ڕێ.

**ڕۆژی ١٣ی مایس بۆ دێی (نەویهەنگ)****

بە ڕاستی بە ڕێگایەکدا ڕۆیشتین هەرگیز وەڕز نەئەبووین، چونکە (دەرەزنجیر) ماوەی ٧,٣٠ سەعات بە تەواوی درێژە، بەڵام بە درێژیی ڕێگا باخ و باخاتی میوە و –بەتایبەتی– دارگوێز و توو دڵ و چاوی ڕوون ئەکردەوە، لە هەموو کوڵەشیوێکەوە ئاو بە هاڕە و هاژە ئەهاتە خوارەوە. لە پاش نانی نیوەڕۆ کەوتینە ڕێ. لەوێوە بۆ دێی (وێسەر)، چامان خواردەوە و پاش حەسانەوە کەوتینە ڕێ.

**بۆ دێی (کەرجۆ)**

لەگەڵ بانگی ئێوارە گەیشتینە دێی (کەرجۆ)، لەڕێوە چووینە بەر ماڵی کوێخا، کە چاوی پێمان کەوت، وتی: جێگا نییە و وردە وردە باران ئەباری. زۆر سووڕاینەوە، کەس دای نەکردین، کە ئەمە لە ڕەوشتی کوردەوە زۆر دوور بوو. لەپڕ لەناو ئاواییدا کە ئەسووڕاینەوە و بە پارەیش جێگەیان نەئەداینێ، ڕووتەیەکمان تووش بوو و پەلاماری دام دەستمی ماچ کرد، وتی: کاك ئەحمەد لەکوێوە هاتوویت.

داوای جێگام لێ کرد، بردینیە دیواخانەیەکی زۆر گەورە و پۆشتە لە قاڵی و فەرش و هەموو پێویستییەك و جێگایەکی باش بۆ وڵاخەکانمان، کوێخا حەمەڕەحیم لە پێشمانەوە بە پیادەیی ئەڕۆیشت.

هەموو پێویستییەکی پێك هێنا، ئەم پیاوە لە سلێمانی شاگردی ڕابیعەی نانەوا بوو و ئەم دێیەیش هیی فەتحعەلی شاهبەندەری ئینگلیزە لە سنە، وتی ئێوەیان ناسی

* تفڵی و کەڕاوا: دوو دێی ناوچەی سنە.

** نەویهەنگ: ڕاست ئاویهەنگە کە دێیەکی ناوچەی سنەیە. ئەو دێیانەی دیکەیش لە ناوچەی سنەن.

که له سلێمانی وه له لایەن شێخ مەحموودەوە هاتوون، لـه هـەورامان وه لەبـەر ئـەوه نەیانوێرا داتـان بکـەن. بەرامبـەر بـەم چـاکەیه هـیچ پارەیـەکی وەرنـەگرت، وتـی: بـا بمێنێت تا یەکتر ئەبینینەوه و ناوی "حەمەعەلی" بوو و لەوێوه ڕۆیشتین.

**بۆ دێی (نەوەرە)ی شاری سنه و حەپسیمان**

نیوەڕۆژەمـان بـردە دێـی (نـەوەرە) مـاڵی خەلیفـه نـەبی، خەلیفـەی شـێخ عەبدولکەریمی کرپچنه، پیـاوێکی زۆر چـاوتێر و بـەڕێزە. ئـەم دێ بـچووکه لـه وێنـەی بەهەشتدایه، لەناو دۆڵێکی بچووك پڕ له دار و درەختی میوەدار، لـەجیاتیی چـۆلەکه و لەقلەق، دار و بـەرد و سـەربان و ناومـاڵ پـڕە لـه ڕیـشۆڵه، تـا ڕۆژ دەنگـی مووزیقـەی ڕیشۆڵه دڵی ئەگەشـاندەوە. بەرچـایی و نیوەڕۆژەیـشی دەرخـوارد دایـن، پاشـنیوەڕۆ پێشمان کەوت بۆ شاری سنه.

نزیکەی سەعاتێك ڕێگا ڕۆیشتین، له سەعات ٣,٢٠دا گەیشتینه بەر مـاڵی حـاجی شـێخ عـارف، یەکـه پیـاوی سـنه و خـاوەنی مزگـەوتی (هاجـەرە خـاتوون)، هـات بـه پیرمانەوه. کاغەزەکانی بۆ خۆی نووسرابوو، پێشکەشم کرد، ئەمانه بوون:

١. له شێخ مەحموودەوه.

٢. له مەحموود خانی دزڵییەوه.

بنکەی ژین
www.zheen.org

وه حاجی شـێخ عـارف خـەزووری حسێن خـانی ڕەزاوه. لـه کارەسـاتم گەیانـد، فـەرمووی پێویست نییه بچیت بۆ تاران، ئەم نامەیـه لێـرەوه (سـنه) بـه تـەلگراف ئەنووسـین، وەکـوو چوونی خۆت کار ئەکات. له پاش دوو ڕۆژ تەلگرافـەکان نووسـرا و بڕیـاری گەڕانـەوەمان دا، وتمان بۆ نیوەڕۆژه ناگەڕێینەوه، چووین بۆ بازاڕ بۆ کەبابخواردن.

ڕاسـپێریی کـەبابمان کـرد و لـه چـایخانەکەی (ئەفەنـدم) دانیـشتین و چـاوەڕێی کـەباب بـووین. دوو پـۆلیس هـات و بردیـانین بـۆ دەرمـاڵ. بـەبێ لێپرسـین خراینـه سارداوێکەوه و زنجیر و پاڵەهەند* کراین، تـا نیوەشـەو کـەس بەلامانـدا نـەهات. لـەپڕ

* پاڵەهەند: کۆت و زنجیری پێی زیندانی.

سەربازێك هات، بە فارسی وتی: نان ئەخۆن؟ بۆ خۆی و نان و ئاو پارەم دایە و نەهاتەوە، دووەمیش هەروەها. بە برسی و تینووماینەوە.

تا بەرەبەیان نۆبەدارەکان ئەگۆڕا. گوێم لێ بوو وتی: لەم ساردئاوەیشدا دوو کەسی لێیە. پاش نیو سەعات یەکێك هاتە بەر دەرگاکە، وتی چەند کەسن، وتمان دوانین. بە شێوەی قسەکەماندا وتی: ئێوە کوردی سلێمانین؟ دەستبەجێ دەرگاکەی کردەوە و تەوق و زنجیری ترازاند، تێمان گەیاند کە برسی و تینووین. بردینیە سەر ئاوە جوانەکەی حەوزەکەی حەوشی پۆلیسخانە، ئاومان خواردەوە. یەکی سێ هێلکە بە هێلکە و ڕۆن و نانی تازەوە دەرخواردی داین، وتی: منیش بە منالّی لە سلێمانی‌یەوە هاتووم، ئێستا سەردەستەی سەربازم. ئەوە ڕێگە بڕۆن. تێم گەیاند ناتوانین، نابێت ڕاکەین، چووینەوە ژوورەوە تا مەئموورەکان هاتن. منیان برد بۆ پرسیار.

وتم: پێنجوێنیم، کەلوپەل ئەکڕم، دانیشتووی (نژمار)[*]م و نەخوێندەوارم و کەمەربەندەکەم کردەوە، پارەکەم –لیرەی عوثمانیی زێڕ– خستمە بەردەمیان، ژماردیان (٨٥ لیرە) نووسییان. کە نووسین تەواو بوو وە پەنجەم پێدا هێنا، نووسەرەکە وتی: ئاغا ئێمە خەشیم نین. با وابێت، بردیانمەوە ژووری سارداوەکە.

زۆری پێ‌نەچوو لە پیاوە گەورەکانی سنە حاجی شێخ عارف و ئاصەفولمولك و ئاصەفولدیوان هاتن، بانگ کرام. وتیان ئەوا ئاصەفولمولك بەڵێنی (دە هەزار) تومانی داوە، وا تۆمان سەربەست کرد، بەڵام بەبێ ئاگای حکوومەت لە سنە نەچیتە دەرەوە. کە هاتینە دەرەوە، ئێجگار زۆر لە دانیشتووانی شار لەبەر دەرگای دەرماڵ وێستابوون و چاوەڕێی ئێمە بوون. پارەکەیشم بە تەواوی وەرگرتەوە. پاش سێ ڕۆژ حاجی شێخ عارف فەرمووی: ئێوە بڕۆن، من وەرەقەی قەبچی تەلەگرافەکان ئەنێرم. چوار باری ئێستر لێفە و دۆشەك و پێڵاو و پێویستیم کڕی، چووینە دەرماڵ، هەموویان کردەوە و بارمان کرد لە (کەمێز). نیو سەعات کەمتر دوور دووبارە بارەکانیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام دوو سەربازی سوارەیان لەگەڵ ناردین تا نەوەرە، هەر بە بازرگانی پێنجوێن ئەناسراین.

---

[*] نژمار: دێیەکی ناوچەی مەریوان.

له نەوەڕە، سوارەکان ناسراوی خەلیفه نـەبی و کـورد بـوون. کاتێـك بەرگەکـەی خۆمان گۆڕی، حەبەسان، یەکی یەك لیرەم دانێ، ویستیان لەگەڵمان بێن، نەمهێـشت و بە ڕێگەکەی پێیدا هاتبووین، گەڕاینەوە.

**گەڕاینەوە بۆ بارەگاه:**

له دەربەند دزڵی گلام، لـه هـۆش خـۆم چـووم. لـه پـاش یـەك شـەو، کـه چـاوم کـردەوە، لــه پێـستی بزنێکــەوە پێــچراوم و لــەناو لێفــەدا کــەوتووم بەبێهۆشـــی، گەیاندمیانه سیاکوڵە. دەستبەجێ بزنێکیان سەر بڕیبوو و پێستەکەیان له لەشـی مـن پێچابوو– ١٩ی مایس.

له پاش ئەوەی کەلوپەلەکەم دا به عایشەخان –دایکی شێخ لەتیف، بەو ئـازارەوە گەڕامەوە بۆ (برنجه)و کارەسـاتەکەم بـۆ مـەلیك گێڕایـەوە، داوای وەصـڵی تەلگرافـەکانی کرد. وتم: حـاجی شـێخ عـارف لەگـەڵ پیـاوی خـۆی ئـەینێرێت، نـەیوێرا بمانـداتێ. شـێخ مەحمود تووڕە بوو، ئاگری کردەوە و دەمانچەی کێشا بمکوژێت، عیززەت تۆپچی وتی: یا شێخ ڕاوەستە، بزانین دواییەکەی چییە، بەڵکوو ڕاستە. وتـی: تـۆش بـۆ کوشـتن باشـی، بەڵام شێخ مەحموود بەشێمان بووەوە، وتی: بەڕاستی زۆر ماندوو بوویت. ئیتر ماوەم نەدا هیچ بڵێت. وتم: سـبەینێ ئەگەڕێمـەوە بـۆ سـنه. وە چـی ئەنووسـم ئیمـزای بکـا وە عـەلی ئەفەندی (عەلی باقی) ماموورِی پۆستەو تەلگرافیش ئەبەم.

تێگەیشم که ساڵح زەکی هاتۆتەوە و به مەرامی ئەو نەهاتۆتەوە و ڕقی ئەوی به من ڕشت. ڕۆژی دوایی من کاری خۆم تاووتوێ کرد و بڕیارم دا پاشنیوەڕۆ بۆ شـەو بێینـەوە دزڵی و به ڕێگای پێشوومواندا بچینەوە بۆ سنه. پێش چایخواردن لـه جێنیـشتەنییەکەی شـێخ مـەحموود کـۆ بووینـەوە، سـاڵح زەکـی هەڵـسا چـوو بـۆ سـەرئاوەکە، لـه گیرفـانی نوشتەیەکی دەرهێنـا و وردی کـرد و خـستیه نـاو ڕووبارەکـە. عیـززەت: وتـی یـا شـێخ! نەموت بیگەڕێ، ئەوا دڕیی و دای بەدەم ئاوەوە وە هەموو قسەکانی درۆیە. ئەو بەدبەختە تەنیا کاری کرد و گەڕایەوە بۆ ئەوەی کـاری خـۆی تـەواو بکـات. بـه ناموسـم ئاگـای لـه ڕۆیشتنەوەی ضابطی سوپاکەی سووورداشیش هەیـە، لـه وەڵامـدا وتـی: فـەرمانم داوە بـە

ڕەضا بەگ. ساڵح زەکی هاتەوەو دانیشت. لەپڕ دە سوپایی هاتن و بردیان بۆ ئەشکەوتەکەی سیاکوڵە.

**دووباره چوونم بۆ سنه و میوانیم لای والی:**

ئیتر منیش کاغەزەکانم وەرگرت.

١. ئیعتیمادنامه بۆ خۆم.

٢. نامەیەکی شیرین نووسراو بۆ والیی سنه "شیهابوددەوله".

لەگەڵ عەلی ئەفەندی کەوتینە ڕێگا، عەلی ئەفەندی پیاوێکی لەسەرخۆ بوو، هێمن و کەمدوو وە بێدەسەلات بوو. بە دوو ڕۆژ گەیشتین. بانگی ئێوارەی دابوو، تاریك ببوو، یەکسەر چوومە بەر دەرماڵ (سەرای) وە وتم میوانی والیم. چوون پێیان گەیاند، وا ئەزانم پاش یەك سەعات والی هات، بەپێی دەستووری شاهانی کۆن قەوواسێك بە دارێکەوە لە پێشیەوە بە پێش ئێمەدا ڕابورد، بەڵام ئێمە نەماننناسی، چووە ژوورەکەی خۆی. پاش ماوەیەك داوای کردین، چووین، زۆر بەڕێز هات بە پیرمانەوە. خۆی لە خێزانی قاجارییەکانە.

نامەکانم دەرهێنا و پێشکەشم کرد، زۆر بەڕێز وەریگرت، خوێندیەوە وە ئیعتیمادنامەکەی دامەوە و زۆر چۆنیەتیی شێخ مەحموودی پرسی، زۆر ئەیپڕوانییە بەرگ و چەکەکەم، هۆی هاتنم بۆ (سنه)ی پرسی، چونکە نامەکەی شێخ مەحموود تەنیا هەواڵپرسی و خۆپێناسین بوو، منیش زۆر پەلەم کرد، کارەساتی تەلگرافەکەم پێش هەموو وتووێژێك گرت، تێگەیشت. دەستبەجێ بە تەلەفۆن ڕەئیسی نەظمییە (مودیری پۆلیس)ی بانگ کرد، هات، وتی: ئەمە ئەناسیت.

وتی: بەڵێ و بەبێکەموزیاد هەمووی بۆ گێڕایەوە کە چووغڵییان کردووە، من زانیم کە ئەم فەرمانە و کارە یەخەی حاجی شێخ عارف ئەگرێتەوە. وتم: تکایە تێکەڵ بەم کارە مەبن، خۆم جێبەجێی دەکەم.

بە ڕاستی زۆر پیاوانە قسەکەمی وەرگرت، ئیتر لە بابەت هێز و جێگای نیشتەنی و بارەگا و هۆی ئازووخە و چۆنیەتیی چەکەوە پرسیاری دەکرد. بێگومان چی بۆ خۆمان

باش بوو، وەڵامم دایەوە، بۆ ئەوەی دڵی پێمان بسووتێ. ئینجا وتی: لای خۆم میوان دەبن، یان لای ئایەتوڵڵا کە باوەڕپێکراوی شاهە. من لای ئایەتوڵڵام بە باش زانی. ئەویش بانگی کردم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ماڵەوە، ٢٣ی مایس. والی وتی: پاش سێ ڕۆژ "ئەحمەد خان" وەزیری جەنگ دێت بۆ سنە بۆ بینینی ئێوە وە پاش چوار ڕۆژ چاوەڕێی وەزیر چووومە لای "میرزا فەتحوڵڵا پێنجوێنی" وە لە بابەت کارەساتەکەی خۆمان و گەیشتنی بەرقییەکەوە داوام لێ کرد کە لەگەڵ سەفیری تورکی لە تاران قسە بکات، خۆی وەکیلی شابەندەری تورکە، هیچی بۆ نەکردین.

والی لە بابەت مانەوەمانەوە لە ئاوەڕێژی عیراق– ئێراندا زۆری پێخۆش بوو، ئەو داوایانەی لە لایەن هەردوولاوە کرا، ڕێك کەوتین، بە ڕاستی زۆر یارمەتیی داین. ماوەی ٢٤ ڕۆژ لە سنەدا ماینەوە و هەروەها بە ئیشوکارەوە خەریك بووم. ڕۆژی ١٨ی حوزەیران لەگەڵ حەمەسەعیدا ئەم نامەیەی شێخ مەحموودم وەرگرت:

((نوری چاوم، کوڕم ئەحمەد زۆر زەحمەتم دایت، پاش ڕۆیشتنت مەقبووضەکان هات، لێم ببوورە. ئیمڕۆ ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ٩٢٣ ئینگلیز سلێمانیی تەخلییە کرد[١٧]، تۆیش وەرەوە بۆ سلێمانی. چاوەڕێت ئەکەم، کوڕی خۆم).

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەحموود

١٦ی حوزەیرانی ٩٢٣

**دیسان گەڕانەوەم بۆ بارەگاه:**

چووم ئایەتوڵڵام تێگەیان. وتی: بەڵێ دوێنێ زانیم، بەڵام چاوەڕێی بیستنی دواجار بووم، دەستیم ماچ کرد و ماڵئاواییم لێ کرد.

بەڵام ئەو پەرۆشە لە دڵم دەرناچێت کە ڕووم نەهات بچمەوە بینینی حاجی شێخ عارف، بە پێویستی ئەزانم کە نە خۆم و نە ئەوانەی ڕێزی پیاوەتیی ئەزانن، هەرگیز چاکەی فەرامۆش نەکەن. من ئەو گەورەیی و ڕووخۆشی و کارە مەردانەیەم لە ئایەتوڵڵا و

---

[17] ئەوە لە ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٧دا بوو، پاش ئەوەی کاربەدەستانی ئینگلیز ئیدارەیەکیان لە سلێمانی بۆ دانەمەزرێنرا و ناچار بوون شار چۆڵ بکەن (کرد وترك وعرب، ص٣٠٢).

حاجی شێخ عارف بینی، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە وە بووە بە وێنەیەکی پەیکەری گەورە و هەمیشە لە پێش چاوم ون نابێت. خوا وێنەی ئەم پیاوە مەزنانەمان پتر بکات.

هاتمەوە دزلی، چوومە سیاکۆلە، فاطمە خانی خێزانی شێخ محەمەدغەریب و خوشکی شێخ مەحموود کوڕی بوو، ناویان نابوو "طالب"، بەڵام هەر بە سیاکۆلە ناو ئەبرا. باربەستە بوون، بەڵام لەبەر فاطمە خان مابوونەوە، تاوەکوو ناساغیی بەسەر ئەچێت. ڕاسپاردەکەی ئایشە خانم وەرگرت و ڕوو بە شارباژێڕ گەڕامەوە.

**شەو هاتمە ئەسکولە، ٢٠ی حوزەیران:**

نیوەڕۆژەی ڕۆژی دوایی چنگیان. زانیم کە مەلیك لە دێی (خەمزە)[*] یە، چووم، لەگەڵ دانیشتم خۆی هات بە پیرمەوە، وتی: کوڕم ئەحمەد لێم ببوورە، زۆر ماندوو بوویت. بەڵام بۆمان ڕوون بۆوە کە ئێران باوانی کوردە.

**ڕۆژی ٢٦ی حوزەیران:**

لە خەمزەوە بۆ سلێمانی ئەم جارەیش مەلیك گەڕایەوە. بۆ پایتەختەکەی سلێمانی. ژن و پیاو و منالْ تا (ناوگردان)[**] هاتبوون، فەرمووی ئەحمەد بنووسە، بە ئاه و داخێکی زۆر گرانەوە وتی: ئەڵڵاه

من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە
درِك نەما، گوڵی هیوامان گەشایەوە
وەختێ بە پەنجەی دوژمنی بەدنیهاد
کە خونچەی ئەمەلمان ئەشکایەوە
ئیمڕۆ بە نووکی خەنجەری تیژی خۆی
مەردانە بۆ کورد ئازادی سەنرایەوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

[*] خەمزە: دێیەکی نزیکی باکووری سلێمانی.

[**] ناوگردان: گردۆڵکە و شیوەکانی نزیك بە باکووری شاری سلێمانی.

**دوژمن ڕۆیشت و دۆست دوایانکەوت:**

لەم ماوەیەدا، لە ڕۆژی ٣ی مارت تا ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٣، هەر بە هیوای ئاوڕێکی خۆشی خۆشیانەی بەریتانیا کار و جەنگێکی وا ڕووی نەدا کە ئێستا لێرانەدا پیشان بدرێت. نووسین و نامەیەکی زۆر بۆ مەندووبی سامی و ئەدمۆندس و نۆئێل و زۆر کەسانی تر، بەڵام بێسوود و بێ وەڵام بوو. تاوەکوو سەفارەتەکان لە تارانەوە پاڵیان پێوەنان، جا وەکوو ئەڵێن کتێب بۆ دوایی بگرینەوە. بەڵام داخەکەم هەندێك لە بازرگانانی تووتن و هەندێك لە مەئموورە بەلاش و مووچەخۆرەکان کەوتنە دوای سوپاکەی ئینگلیز و زۆر خێزانیش بە نەزانی دوایان کەوتن*.

شێخ مەحموود لەم کارە زۆر دڵتەنگ بوو، بە پەلە و پەرۆشەوە نامەی بۆ زانین بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی بەبێ ترس و لێکدانەوە بگەڕێنەوە و بێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان. نامەکە زۆر کورت نووسرا، ئەمەیە:

برا ڕۆیشتووەکان:

وەرنەوە بۆ شار و ماڵی خۆتان، لێرانە کەس دوژمنتان نییە، لەوێ و لە دوژمن دوورکەونەوە، هەموو کوردین وە کورد هەموو بران، وەرنەوە.

مەحموود

٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامە و وەڵام:**

ڕەشید مەستی بە نامە داوای گەڕانەوەی کرد. لە وەڵامدا خۆشەویستم ڕەشید ئەفەندیی مەستی بۆچی ڕۆیشتیت. ئەم برایانەی خۆت بەجێهێشت، گوناح نییە؟ کەوا بوو

---

* ئەوە لە واتەواتی باوی سەردەمەکەدا بە (ڕۆیشتنە عوومییەکە) ناسراوە، چونکە ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٧ نزیکەی دووهەزار کەسێکی خەڵکی شار– پاش سەرنەگرتنی دامەزراندنی ئیدارەیەکی حکوومەتی لە سلێمانی– لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزدا ڕوو بە کەرکووك ڕۆیشتن. ئەوانە بەشێکیان پەنایان بردە بەر دێهاتی دەوروبەر. لە ڕێگە بۆسەیان بۆ نرایەوە و لێیان ڕووت کرایەوە. بەشێکیشیان لێ گەیشتە کەرکووك و لێی جێگیر بوون (بڕوانە: کرد وترك وعرب، ٣٠٣؛ حاجی مصطەفا پاشا، "ژیان"، ژمارە ١٨، ١٩٢٦/٥/٢٧، ل١، لە: ڕۆژنامەی ژیان، ب١، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، دەزگای سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٢).

((نۆبەی تۆبەتە دووبارە ئیتر مەستی مەکە
هەروەکو زیافەتەکەی گازێ، ئیتر خەستی مەکە))،
وەرەوە چاوەڕێتم، خۆشەویستم.
مەحموود\ ٢٠ی تەمووز

**لە سلێمانی، حکومەتی کوردستان:**

دوور لە پەنجە و هەناسەی ئینگلیز لە سلێمانیدا حکومەتێکی پوختی تازەی کوردستان دامەزرایەوە. کەس لە کەس نەئەکەوت، یاسا و شەریعەت لە کارا بوو. وڵات بووەوە بە بەهەشت، یەکێتی و دڵپاکیی کورد گەڕایەوە، ڕۆیشتووەکان هاتنەوە، لە ژیانێکی ئاسوودەدا ڕائەبوێرا. وەزارەتەکەشی دامەزرایەوە*. نانەوا و خواردەمەنی فرۆش وایانزانی کە دەرگای هاتوچۆ داخرا، شت گران بوو، جا مەلیك فەرمانی دا کە بۆ هەموو شتێك نرخ بوڕیدە بکرێت و ئەوانەی شتیان شاردەوە و گرانیان کردووە لە هەر تیرەیە یەکێك بگرن و گوێچکەیان بە دەرگای قەیسەریەکاندا بە بزمار دابکوترێت، بەڵام لە پێش بەکارهێنانی ئەم فەرمانەدا ترس هەموو پێویستییەکی هێنایە جێ.

**ئاسایش و هاتنی بەگزادەکانی جاف بۆ سلێمانی:**

لە ماوەی دوو ڕۆژدا دائیرە پڕ لە فەرمانبەران، شەوگەڕ و قاچی و یاسای حکوومەتی کوردستان کەوتەوە گەڕ، ئیشی گەل بەبێوێستان و دڵپاکی بەڕێوە ئەبرا بۆ پیرۆزی و خۆش هاتنەوە. یەکەم کەس بەگزادەی جاف هات بۆ سلێمانی.

* نیوەی دووەمی تەمووزی ١٩٢٣ سێیەم ڕیاسەتی حوکمداریی کوردستان بە ناوی مەجلیسی میللی (عموومی)یەوە لە ڕوئەسای دەوائیر و ئەشرافی مەملەکەت پێکهێنرا. ("ئومێدی ئیستیقلال، ژ١، ١٣٣٩/٩/٢٠، ل٣- ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٢).

جێی وتنە، ئەم حوکمدارییە (١٩٢٣-١٩٢٤) لە ئەدەبیاتی سیاسیی قۆناغەکەدا بە (تەشکیلاتی ثانی) ناسراوە، دووەم حوکمداریش (١٩٢٢-١٩٢٣) دەبێ تەشکیلاتی یەکەم بێ. حوکمداریی یەکەمیش (١٩١٨-١٩١٩)، لەبەر ئەوەی ڕیاسەتەکانی هاوچەشنی دوو خولەکەی پاش خۆی نەبووە و هەر بە پێی شێوەی لیوای سەردەمی عوسمانی ڕێکخراوە، ناوی وەهای بەسەردا نەبڕاوە.

به سەرۆکایەتیی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف هەموو بـەگزادە ناودارەکـان بـە ٤٠ سواری تیرەکانی جافەوە هاتن بۆ سلێمانی و میوانی تایبەتی خۆی (مەلیك) بوون، شەو تایبەتی کۆبوونەوەیەکی گرنگ کرا، کەریم بەگ و هـەموو سـەرۆکە بـەگزادەکان و مەلیك شێخ مەحموود *.

کەریم بەگ وتی: بۆ ئەوەی باوەڕ بکەن هەمووومان سوێندت بۆ ئـەخۆین کـە بـەم چەشنە لەگەڵتین، وەکوو:

١- تا یەك ساڵ بەبێ داوای هیچ یارمەتییەك.

٢- تەنیا لە ساڵی دووەمدا بە چەك یارییە بدرێن.

٣- لە ساڵی سێهەمدا بە سوپایی بزانرێن.

بەڵام شێخ مەحموود وتی: زۆر سوپاستان ئەکەم. من نامەوێت بە سـوێند و یـان زۆرداری ئێوە بکرم. من و ئێوە ئەبێت وەکـوو یـەك گیـان و دارایـی بـەخت بکـەین بـۆ ئازادی! ئازادیش بە خۆڕایی و بەبێ ئەرك دەست ناکەوێت، چـونکە ئـەبێت بیـسێنین. سوێند خواردن پێویست نییە. مادام ئێوە دڵپاکن، زۆر سوپاسـتان ئەکـەم، منـیش لـە رێگەی ئازادیی کـوردا بـچووکتانم. کـەریم بـەگ: پـەیمانمان بێـت دۆسـت یـان دوژمنـی هەرچی عەشیرەت وە یان حکوومەتێك بێت، لەگەڵتین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام داخەکەم ئەو پیاوە گـەورە و خانەدانانـە لـە پـاش ئـەو بینینـەی مـەلیك و گەڕانـەوەیان، هــەر بــە نیـازی بڕدانــی هەڵەبجـە و خـستنە سـەر کفـری، خۆیـان لـە ژوانەکەیان دوورخستەوە وە هانی خەلیفە یوونـسی ڕوغـزاییـیـان دا کـە پـەلاماری ئـەو هێزە بدات کە لە شارەزوورا بۆ ئاسایش ئەسووڕانەوە **.

ماجد بـە ٥٠ سـواری سـوپایی و لـە نزیـك (گرێـزە) بـەرەنگاری جـەنگی خەلیفـە یـوونس بـوو، بـەڵام خەلیفـە گـیرا و لەشـکرەکەی پـەرش و بڵاوبـووەوە، هێنایـان بـۆ

* سەرەتای ئەم سێیەم دەورە بەگزادەکانی جاف هاتنە لای شێخ، بۆ پێنیشاندانی لایەنگری و پشتیوانییان بۆ ئەو حوکمدارییە (سي. جي. أدمومدس، كرد وترك وعرب، ص٣٣٢).

** وەك ئەدمۆندز نووسیویە: ئەو بەگزادانەی لە ١٩٢٣/١٢/١٦دا لە دێی (پسارکان)ی خوار (بتخانە)ی ناوچەی سەنگاو دیوە و دووبارە پێوەندییان دامەزراندووەتەوە (كرد وترك وعرب، ص٣١٦).

سلێمانی، بەڵام مەلیك بەرەڵای کرد. خەلیفە بە خۆی و خزم و کەس‌وکارییەوە تێکەڵ بە سوپا و شۆڕش بوو و نەگەڕایەوە، ژوانی پیاوانەی بردە سەر:

لەو عەشیرەتە و ئەو تیرانەی تێکەڵ بە شۆڕش نەبوون و وەزەنگیشیان نەبوو، بە پێویست ئەبینرێت پیشانیان بدەین کە بە مفتەخۆری ئەژیان.

١- لە هەڵەبجە، بەگزادە و تەنیا عەشیرەتی میکایلی جاف.

٢- لە پشدەر، بەشی بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا.

٣- لە قەرەداغ و سەنگاو، شێخانی کرپچنە و قادرکەرەم.

٤- لە هەمەوەند، فەقێ محەمەد و موشیر ئاغا.

٥- لە سروچك، بەشێك لە شێخانی بەرزنجە.

٦- لە سوورداش، شێخانی سەرگەڵوو (بەشێکیان).

لەو شەش بەشەی سەرەوەدا هەبوو زۆر پەیوەستیان بە شۆڕشەوە بوو، بەڵام بە ژمارە کەم بوون و لەناو خزمەکانیاندا کە دەستنێژی ئەدمۆنس بوون و تەفرە درابوون، توانای جیابوونەوەی عەشیرەتەکەیان نەئەبوو، چونکە مێجەر ئەدمۆنس ئاودێری چاندگەی خراپە و ڕووخاندنی هیوای کورد بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### فڕۆکەی دۆستایەتی:

لە چوارپێنج مانگی دواییدا ئینگلیزەکان زانییان کە دۆستە کوردەکانیان ناتوانن ئاژاوە و یان پشێوییەك بەرپا بکەن، جارجارێك بۆ ژیان تاڵکردنی دانیشتووان فڕۆکەیەکی ئەناردە سەر سلێمانی و ژن و منداڵ ئەکەوتنە ترس و ئاوارەیی دەشت و کێو.

### سەردار ڕەشید* :

---

* ناوی عەباس خانی زەفەرولسوڵتان کوڕی سلێمان خانی شەرەفولمولکی حاکمی کرماشان و لە میرانی ئەردەڵانە. کەم‌وزۆر لە ململانێ و بەگژداچوونەوەی حکوومەتی ئێراندا بوو بۆ گێڕانەوەی سەروەریی میرایەتیی ئەردەڵان. چەند جارێك لەبەر هێرشی قورسی ئەرتەش، ئاوارە بوو و ناوچەکەیی چۆڵ کرد. ڕۆژانی یەکەم جەنگی جیهانی، بە پشتیوانیی خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە، لە حکوومەت یاخی بوو، ماوەیەك کرماشان و سنەی داگیر کرد. عەلی محەمەد خانی شەریفودەولە بە فێڵ هێنایە سنە و گرتی، بە دەستبەسەری لە شوباتی

له ئەمیرەکانی ئەردەڵان "سەردار ڕەشید" بە بۆنەی ناکۆکی لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا جێگەی نیشتەنییان بەجێهێشت و بە خێزانەوە هاتە هەورامان (ڕەزاو) لای حسێن خان. لەوێوە خۆی هات بۆ سلێمانی و خۆی خستە بەختی شێخ مەحموود، بۆ ئەوەی فەرمانی لێبووردنی لە ڕەضا شاهەوە بۆ بهێنێت. لە پاش ڕێزێکی زۆر گەورە و گرنگ، شێخ مەحموود پێویستیی بەجێ هێنا، بەو مەرجە سەردار بچێت لە تاران دانیشێت. فەرمانی لێبووردنی شاهیی بۆ هات، خێزانیش بچێتەوە جێگەی خۆی. لەسەر ئەم فەرمانە سەردار بۆ تاران و خێزان بۆ نیشتەجێی خۆیان گەڕانەوە.

**چاپەکەی سلێمانی:**

که گەڕاینەوە بۆ سلێمانی لە پیتڕێکخەرەکان تەنیا "محەمەد ذهنی"* مابۆوە،

---

١٩٢٠دا ڕەوانەی زیندانی تارانی کرد. لە هەلومەرجی کودەتای سیاسی و عەسکەریی شوباتی ١٩٢١ی تاراندا، لە زیندان هەڵات و خۆی گەیاندەوە ڕەوانسەر، هانی سەرانی ناوچەکەی دا هاوکاری بن بۆ بەرەنگاریی حکوومەت. سەرەتای زستانی ١٩٢٢ ئەمیر ئەحمەدی بە فەرماندەیی هێزێك پەلاماری دا، ڕەوانسەری گرت و سەرداری ناچاری خۆبەدەستەوەدان کرد و دوور خرایەوە بۆ تاران. ١٩٢٣/٦/٨ کە هێزی نیزامی و عەشایەر پەلاماری (ڕەوانسەر)ی دا، شکا و کشایەوە بۆ (چاڵاوە) و (ڕەزاو) و دواییش بۆ (پیران) لای شێخ مەحموود. ٩/٢٠ی هەمان ساڵ خۆی تەسلیم بە سەرهەنگ "گیگۆ خان" کرد لە هەمەدان، برایە تاران. مارتی ١٩٢٤ کە بانگی جمهووری لە تاران درا، سەردار ڕەشید بە خۆگۆڕیوی هەڵات و چووەوە کرماشان و ڕەوانسەر. حوزەیرانی ئەو ساڵە کە سوڵتان کرێش خان بە هێزی کرماشانەوە و سەرهەنگ ئەحمەد خان مەنصوور بە هێزی کوردستانەوە هێرشیان بردە سەر ڕەوانسەر، دیسان سەردار ڕەشید شکا و پەنای بردە بەر شێخ حسامەددین و پاشان شێخ مەحموود و هاوکاری کرا، نێردرایە لای شێخ خەزعەل لە موحەممەرە، ئەویش باربووی کرد و ناردیە بەغدا. پاشتر کە گەڕایەوە لای شێخ حیسامەددین، لە مانگی ئابدا بە شێخ عوسمانی کوڕیدا ناردیە سنە، لەوێشەوە برایەوە بۆ تاران. سەردار ئەوەبەدوا تا ١٩٣٤ بە دەربەدەری مایەوە. کە گەڕایەوە، گیرا و خرایە زیندانی قەسری قەجەر تا ١٩٤١، کە زیندان شکێندرا و چووەوە ناوچەی خۆی. بەڵام حکوومەت لێی نەکەوتەوە تا هێنایە تاران و خستیە بەر چاودێری. پێنج ساڵ لەوەبەدوا لەوێ سەری نایەوە (سدیق سالّح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٢، ل٢٠٠).

* محەمەد ذهنی کوڕی سدیقی زادەیە، باوکی ئەفسەری کوردی باکوور و دایکیشی ئایشێی دەروێش کەریمی حەمەی خەڵکی سلێمانییە. لە سێیەم حوکمدارییی شێخ مەحموودا تاکە لەچاپدەرێکی ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" بووە. لە سلێمانی ماوەتەوە و بووەتە کارمەندی دائیرەی نفووس. تا –وەك کەریم

ئەوانی تر دوای ئینگلیز کەوتبوون، وتیان ئینگلیزەکان چاپەکەیان شکاندووە. جێ باوەڕ نەبوو ئەم کارەش بکەن. چووم، لەبەر ئەوەی من هیچم لێ نەئەزانی، محەمەد زەهنیم بانگکرد، تێی گەیاندم کە مەردەکانی خۆمان ئاسن (میل)ێکیان لێ دەر هێناوە و نازانێت چییان لێ کردووە، لە سلێمانیدا "وەستا صالح سلێمان جەژنێ" ناو تۆکمەچییەکی زۆر دانا بوو، بردم محەمەد زەهنی پیشانی دا. بە دوو ڕۆژ وەکوو خۆی بۆی کردەوە و خستیەوە کار. لەوەوپێش بەو چاپە لە سلێمانی ئەم ڕۆژنامانەی پێ دەرکرابوو: ١) پێشکەوتن– حکوومەت، ٢) بانگی کوردستان– حاجی مصطەفا پاشا، ٣) ڕۆژی کوردستان– م. نووری: نووری شێخ صالح، ٤) بانگی حەق لە ئۆردووی کوردستان– ئەشکەوتی جاسەنە.

ئینجا کە وەستا صالح چاپەکەی خستەوە کار، ئەم نامەیەم نووسی و لە لایەن محەمەد زەهنییەوە ڕێکخرا، چاپی کرد.

بۆ پێشگاهی مەلیکی کوردستان

لە ڕووی بەخشندەیی و گەورەییی خوای میهرەبان و دڵسۆزیی ئێوە بۆ گەلەکەتان، بۆ چاپکردنەوە و بەکارهێنانی چاپەکە دەسەڵاتمان پێ بەخشرا تاوەکوو بتوانین دەنگی کورد بگەیەنین بە گوێی خاوەنبەختاندا. ئیتر داوای بەرزیی شکۆهتان.

بەندەتان

خواجە ئەفەندیزادە ئەحمەد صەبری

١ی تەمووزی ١٩٢٣

ئەم نامەیە پێشکەش بە مەلیکی مەزن کرا. بۆ هەموو یارمەتی و کارئاسانی فەرمانی دا بۆ ناوی ڕۆژنامەکە لە سلێمانیدا دەربکرێت، کۆبوونەوەیەك کرا و لەم

---

سەعید زانستی لە پشتی وێنەیەکی تایبەتی ئەو زاتەدا نووسیویە، لە ١٩٣٠ بەدواوە چووەتە تورکیا، هەمان وەزیفەی لە شاری ئیزمیر هەبووە. هەر لەوێیش سەری ناوەتەوە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ل٨؛ گەڕان بۆ ڕاستیی، لێ کۆڵینەوە و وردبوونەوە (بابی لالۆ) کەمال ڕەئووف محەممەد، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٠٣–٢٠٦؛ سدیق سالح، پێنج وێنە، گۆڤاری "سلێمانی"، ژمارە ٣٤، ئایاری ٢٠٠٣، ل٧–١٠).

ناوانه (کورد، کوردستان، تۆڵە، دەنگی کورد، ڕۆژی کورد، گۆیژە، هیوا، ئومێدی ئیستیقلال، پەیمان)، ناوی ئومێدی ئیستیقلال ڕاکێشرا و ناونرا، هەموو ڕۆژی پێنجشەمەیەك بڵاوئەکرایەوە، بڕیاردرا.

خوێندەواری بەڕێز، لە نووسینی گوزارش و بەسەرهاتوودا لەم نووسراوەی (چیم دی)دا لایەنی کورتکردنەوەمان گرت، چونکە دەرد زۆرە، نووسین تەواو نابێت. بزانین دوابەدوای باسدا چیی تر ئەبینن. کارەساتەکەت بخوێنەرەوە. کۆڵ مەدە لە ئەنجامی ناونانی ڕۆژنامەکە بە "ئومێدی ئیستیقلال". لە لایەن مەلیکی مەزن شێخ مەحموودەوە بۆ کڕینی کاغەز و بۆیە و پێویستی ٢٠٠ ڕووپیە بەخشرا بە چاپخانەکە، پیاو نێررا بۆ کەرکووك، ئەوەی پێویست بوو کڕا و هێنرا. بە ناوی مژدەوە بۆ ئامادەی نووسین و یارمەتی، خوێندەوارانی ناو شار ئاگادار کران بەو هیوایەی بێنە ڕیز و کایەی یاریەدان لە نووسین و بەکارهێنانی بیر و ئامۆژگارییان.

((ئینگلیز بۆ مەرامی خۆی منی ئەوێت، منیش بۆ مەرامی گەلەکەم ئەژیم.))—
شێخ مەحموود

(چیم دی) پێشکەش بەو کەسانەیە کە ڕێزی گەل و نیشتمانیان ئەزانن.
ئینگلیز کارەساتەکەی خۆی و کوردی لە بیر نەچێتەوە، ٢١ی مایسی ١٩١٩.
((ئەگەر منیش نەبم! کورد بە مافی خۆی ئەگات. چونکە هیی خۆیەتی.))—
شێخ مەحموود

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال":**

بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی " ئومێدی ئیستیقلال" کەوتە ئەستۆم، لەژێر چاودێری و لە لایەن منەوە یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٢٣دا کەوتە ناو گەل. ئەم ژمارەیە پلەیەکی زۆر بەرز و بڵندی بڕی و گەل زۆر بە تاسە و دەروونێکی گەرمەوە پەلاماریان دا و پتر لە چوارهەزار دانە فرۆشرا. لە جیاتیی نیو ڕووپیە نرخی دانەیەك بە ناوی یارمەتییەوە لە سێ ڕووپیە کەمتر نەئەدرا. ئەم هەڵمەتی یارمەتییەی گەل هەموو پێویستیی چاپخانەکەی پێك هێنا. بێجگە لەو ژمارەیەیش، (٥٠٠) دانە لە پۆستەخانەکەی کفریەوە

ئەنێررا بۆ ئینگلیزەکان و پیاوە ناسراوەکان لە بەغداد و هەموو حەفتەیەك بەم دەستووره ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال بڵاوئەکرایەوە.

دەستەی نووسەرمان زۆر کەم بوو، لە پاش ئەوەی توانیمان چاپەکە بخەینە کار و ڕۆژنامە دەربهێنین، تووشی ڕقەبەری بووین، ئەیانویست دوچاری تەگەرە بێت، هەندێکیان بە پەڵپی ئاوێتەی نووسینی تورکی و فارسی یان عەرەبی و هەندێکیشیان بە ڕەخنە لە نووسین و سروشت گرتن، کەوتنە چاووڕاو. بیری ئەوەیان نەئەکردەوە کە نووسەر تەنیا خۆم و ڕیزکەر و ڕێکخەر تەنیا محەمەد زەهنییە، هەرگیز خۆیان نزیکی یارمەتی نەئەخستەوە *.

**پوولی کوردستان:**

لەناو ئیدارەی حکوومەتەکەی ناو سلێمانیدا ئیش‌وکار ئێجگار زۆر بوو، وەکوو ئیشی ڕێژی، دادپرسی، تاپۆ، بەلەدیە، بێگومان هەموو نووسینەکانیان بەبێ پوول بەڕێوەئەچوو. جا بۆ ئەوەی ئەم کارانەیش بچێتە ڕیزێکی پەسەند، دروستکردنی پوولم بڕیار دا:

لە کاغەزی بریقە و ڕەنگدار پوولم دروست کرد:

لە ڕەنگی سەوز ٨ ئانەیی= نیو ڕووپیە

لە شین ١ ڕووپیەیی

لە مۆر ٣ ڕووپیەیی

زۆر سوپاسی شێخ لەطیفی دانساز ئەکەم کە زۆر یارمەتیی دام. نزیکەی سێ هەزار پوولی چاپکراوم برد بۆ مەلیك، دامە دەستی، بینیی وتی: ئەحمەد، نازانم بە چ چەشن و زمانێك سوپاست بکەم (خستیە ژێر سەریەوە و وتی: خوایە تۆ پشتیوانی کوردیت، ئەم خۆشییە لەم گەلە نەشاریتەوە. منیش پەیمانم بێت بە سەروماڵم درێغی


* سەرجەمی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە دوو جار، لە ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥دا، لە لایەن ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵحەوە ئامادەکراون و لەچاپ دراونەتەوە (سێ ڕۆژنامەی سەردەمی شێخی نەمر، سلێمانی، ٢٠٠٣؛ ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود ١٩٢٢–١٩٢٤).

ژینگەی ژین
www.zheen.org




ئەونیشانە = شعار = ەی لە ١٩٢٩ دا لەلایەن شێخ مەحمودەوە
بۆ حکومەتەکەی پەسەند کرابوو :-

١- گوڵەگەنم
٢- گوڵەجۆ
١- گەڵاتوو




ئەو ئاڵایەی کوردستانە کە لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دا لە سلێمانی، لە جیاتی ئاڵاکەی ئینگلیز لەلایەن عزت بەگەوە داکوترا : ١٩١٩ — بەرگی -١- لاپەرە -٥٥-:



نەکەم. داوای پێنووس و کاغەزی کرد، نووسیی: دەروێش شەریف لە پارەکەی خۆم هەزار ڕووپیە بدە بە ئەحمەد ئەفەندی.) مەحموود– ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣

پارەکە، هەزار ڕووپیەم وەرگرت. چووم بۆ لای ڕەفیق حیلمی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەحموودی بوو، دەستبەجێ ٥٠٠ ڕووپیەمان بەسەر قوتابیە هەژارەکانی هەر چوار قوتابخانەکەدا دابەش کرد. کاك ڕەفیق ئەیویست ئەو کارانە خۆی بیکردایە، بە پێویستم زانی کە پێی بڵێم ڕۆژنامەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، داوای فەرمانی کرد کە مەلیك پێی بسپێرێت، بەڵام پەسەند نەفەرموورا. پوولەکان کەوتە کار و لە هەموو پێویستییەکی حکوومەتیدا بەکارئەهێنرا و بۆ ئەوەی بەبێ پوول هیچ ئیشێك بە دەستووری یاسایی نازانرێت، فەرمان دەرچوو و بڵاوکرایەوە:

**بەرەڵاکردنی سوپاییەکان:**

بەبۆنەی ڕۆژی بەسەر ڕابوردنی چۆڵکردنی سلێمانی و گەڕانەوەی حکوومەتی کوردستان، ڕۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەم بوو، لە پاش ئاهەنگێکی خۆشی سوپایی، فەرمانی بەرەڵاکردنی ضابطە بەندیەکانیش دەرچوو. فائیق کاکئەمین، ئەمین ڕەواندزی و عەزیز قەزاز و شێخ سەلامیش، بەو مەرجەی لە سلێمانی دانەنیشێت، بەڵام بە صاڵح زەکی بەگ وترا: ((لەبەر ئەوەی ڕوتبە و نیشانی کوردستان بە شوورەیی ئەزانێت، ئەبێت چاوەڕێ بێت، چونکە ئوزدەمیر ناتوانێت هیچت پێ ببەخشێت. خوای کورد تۆڵەی لێ بسێنێت. بە پارەی کورد و بۆ ئاواتی کورد چوویت بۆ بەغداد، دانیشە جێگات خۆشە.)) ئەمە فەرمانی مەلیك بوو کە بە صاڵح زەکییان گەیاند:

ضابطەکان چوونە دیوان بۆ بینینی مەلیك، پاش ئەوەی کە مانگانەی ڕابوردوویان پێ بەخشرا، وتیان: ((ئێمە سوێندخۆرین. خالید بەگ تەفرەی داین، بەڵام بەختی ئێمە باش بوو. بەم حەپسییە لە ڕووڕەشی ڕزگار بووین، پشتمان نەکردە شۆڕشەکەمان، ڕووی دۆستی لە دوژمن.))

زۆر ڕووی خۆشیان بینی و مەلیك پێی وتن:

له بەر کارێزەکە و ژوورووی مەڵکەندی باخێکی نایاب نەخش بکێشن، لەگەڵ حەوزێکی گەورە. لە پاش تەواوبوونی نەخشەی باخەکە لە زەوییەکی ١٠٠ دۆنمیدا لە مانگی کانوونی دووەمدا نەمامی داری میوەی لە شارباژێڕەوە بۆ هێنرا و نێژرا، بەڵام داخەکەم لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی دار و نەمامەکانی ئەم باخە نایاب و مەزنە و پڕکردنەوەی حەوزەکە لە لایەن سکرتێری مالییە "صالح پاشا"وە، دوژمنایەتیی خۆیان بەرامبەر بە شێخ مەحموود پیشان ئەدا، بۆ دڵنیایی و خۆبردنە پێشەوە لە لای ئینگلیزەکان، کە نەیئەزانی ئەبێت بە پەڵە و لەکەیەکی گەورە بۆ یادی خراپی لە مێژووی شاری سلێمانیدا و هەرگیز بە باش یاد ناکرێت.

**چوونم بۆ بازیان، ڕۆژنامەکە و کاك ڕەفیق حیلمی:**

بە بۆنەی پێویستی چوونم بۆ کۆکردنەوەی مزی دێهاتەکانی خۆی (شێخ مەحموود)، بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەکەی "ئومێدی ئیستیقلال"م سپارد بە کاك ڕەفیق[*] وە بە فەرمانی مەلیك منیش بۆ داچەندنی مەرەزە لە (گردەسپی)ی بازیان و کرەکردنی چەڵتووکی ئەمبارەکان، ڕۆیشتم. بەڵام هەرچەندە بە هاندانی فەقێ محەمەدی هەمەوەندیی مودیری مۆرتکە، لە لایەن شینکی و هەمەوەندەکانی بازیانەوە تووشی ماندووبوون بووم، ئێمە بە شێنەیی و دۆستانە بزووتینەوە، بردمانە سەر، ئاوی جۆگەی (تەینال)مان ڕاکێشا.

فەرمانم پێ درا کە هەموو گەنم و جۆ و برنج بە مۆڵی لە (داریکەلی) بکەمە ئەمبارەوە بۆ ڕۆژی ڕەشی دوایی. پارەی مزی دێهاتەکەم هێنایەوە بۆ سلێمانی و سپاردم بە گەنجینەی تایبەتی. لەوکاتەدا بینیم کە لەسەر سەربانی مزگەوتی گەورە و منارەکەوە بە دووربین ئەڕواننە ئەو فڕۆکانەی کە شەمێران بۆمباباران ئەکەن، چونکە "حەمەی سان ئەحمەد" سوێندخۆری شێخ مەحموود و گەلی کوردە. زانرا کە خانوو و

---

[*] ئەحمەد خواجە مودیری مەسئوولی ژمارەکانی (١-٣)، ڕفیق حیلمی ژمارە (٤-١٣) و حسێن نازم بەگ ژمارە (١٤-١٦) بووە و هێشتا نەزانراوە ژمارە (١٧-٢٥) کێ مەسئوولی بووە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ل٧).

دێهاتیان وێران و خاپوور کرا، ئاژەڵ و ژن و پیاو و منداڵ ئێجگار زۆر کوژراوە، فڕۆکە ماوەیان نادات.

### ئینگلیز و فڕوفێڵەکانی:

ئینگلیزەکان بۆیان ڕوون بووەوە کە بە جەنگ و سوپا چارەی شێخ مەحموود ناکرێت، ئینجا کنەیان لە عەشایەر و هێزەکانیان ئەکرد. لەمەوپێش ناوی چەند تیرەیەکمان هێنا کە لەسەر بەرنامەی مێجەر ئەدمۆنس و چەپمەن ئەبزوونەوە و ئەم جارەیش "حاجی شێخ عارفی سەرگەڵوو"* یشیان ئاوێتە کرد.

بە ڕاستی حاجی شێخ عارف پیاوێکی بەڕێز و خاوەن جەوهەر و قۆناخ و پیرۆزە، کەڵکەڵەی ئیستیقلالی ناحیەی (سووورداش)یان خستە پێش، لە فەرماندەی "شێخ یووسف" مودیری ناحیەی (سووسێ)دا لەشکرێکی زۆری نارده (یالانقۆز) و (قەرەچەتان) و داوای جیابوونەوەیان کرد. بەم بۆنەیەوە نامەی شێخ مەحموود بۆ حاجی شێخ عارف لەگەڵ "مەلا ڕەسووڵی خوردەلووکی"دا بۆی نارد و ڕاسپێرییێکی زۆریشی کرد، بەڵام بێ وەڵام مایەوە **.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* شێخ عارفی سەرگەڵوو کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ قادری سوور کوڕی شێخ ئەحمەدی سەرداره؛ لە دێی سەرگەڵوو لەدایك بووە. لە قوتابخانەی دینی خوێندوویە و فێری فارسی و عەرەبی و تورکی بووە. دوای کۆچی باوکی، جێی گرتوەتەوە و وەك کەسێکی دیارو بەدەسەڵاتی ناوچەکە دەر کەوتووە و جێدەستی تێدا هەبووە. پشتیوانی کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی بووە. ١٩٣٤ بەهۆی بەشداری و پشتگرتنی بزووتنەوەی حەقەوە دوور خراوەتەوە بۆ کەرکووك و دەستبەسەر کراوە. لەوێ تووشی نەخۆشی هاتووە و کۆچی دوایی کردووە، لە خانەقای سەیید ئەحمەد نێژراوە. حاجی شێخ عارف، لە حەلاوەخانی حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر، چوار کوڕی کاکەڕەزا و شێخ جواد و شێخ تەیفوور و عەبدولقادر "مامەقاله" ناوانی هەبوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٢).

** شێخ لەم سێیەم دەورەدا لێی قەدەغە کرا دەست وەربداتە دێهاتی شێخانی سەرگەڵوو و ماوەت. لەو بارەیەوە بڕوانە: د. ولید حمدي، الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیة، لندن، ١٩٩١، ص١٧٥-١٧٦.

شایانی باسە، نامەیەکی فارسیی شێخ عارفی سەرگەڵوو بۆ عەباس ئاغای مەحموود ئاغای پشدەری ئەم مەسەلەیەی ڕوونتر کردووەتەوە (بڕوانە: سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموود، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٤، نۆڤەمبەری ٢٠١٢، ل١١٦-١١٩).

زۆر موحتەرەم خاڵە شێخ عارف

دەستتان ماچ ئەکەم، ئێوەم بە قەڵایـەکی بـەرز و سـەخت دانـاوە بـۆ خـۆم، بـە قسەی مامۆستاکەت بزووتنەوە مایەی ڕەچەڵەك بڕاننەوەمانـە، بـە هیـوای گـەلی کـورد خستنە ژێر پێی ئەدمۆنس کار تەواو نابێت. ئەبێت بە هەموومان کۆسـپی بـەدی کـورد لەناو ببەین، مەبن بە هەوێنی خوێنڕژاندنی لادێی هـەژار. ئـەمر بفـەرموون لەشـکرەکە بڵاوبکاتەوە و لە چ جێگایەك ئەفەرموون ئامادەم بێمە دەستماچکردنتان.

مەحموود

٢٥ی مایسی ١٩٢٤

زۆر چاوەڕێی وەڵام کرا، دوایی بڕیار بە نـاردنی لەشـکرێك درا بـۆ بڵاوکردنـەوەی هێزەکەیان، ئەم لەشکرە بەم جۆرە نێررا:

صابیر کەریم بەگ*، هەمەوەند، بە ١٥٠ سوارەوە.

مەحموود خاتر، سمایل عوزەیری بە ٣٠ سوارەوە.

ماجد سوارەی سوپایی بە ٥٠ سوارەوە و ٢٠ ئێسترسوار.

ئەم ١٥٠ چەکدارە سوارەیە لەگەڵ ڕۆژا گەیشتە سەر مەکۆکـەیان. پـاش جـەنگێکی دووسێ سەعاتی، بە بریندارکردنی برایـەکی شـێخ یووسـف و گرتنـی کوێخاکـەی یـالانقۆز دوایی هات. جا ئەمە وێنەیەك بوو لەو کەسانەی کە ئینگلیزەکان ئەچوونە بـنکلێـشەیان، بە پارە خوێنی ئەڕشتن و ئەیانتوانی تەفرەیان بدەن.

* صابیر کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندە، شانبەشانی باوکی بەشداری جووڵانەوەکەی شێخ مەحموود بووە، بە تایبەت لە دەورانی پاش ڕووخانی حوکمدارییدا تا کوژرانی، نەخشی بەرچاوی لە چالاکییەکانی ناوچەی سلێمانی و گەرمیاندا هەبووە. ١٩٢٩/١١/٢٨ غافڵکوژ کراوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حركات الشيخ محمود الحفيد في الوثائق البريطانية، إعداد وترجمة نايف حمودي، مراجعة وتعليق صديق صالح، ص٥١).

**ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال":**

لە بازیان مامەوە، ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" کەوتە دەست نووسەری مێژووی بابان "حسێن ناظم" کە یەکێك بوو لە دانا و زاناکانی سلێمانی، فارسی و تورکیش ئاوێتەی نووسینی کوردیەکەیش کرا. ئیتر هیوای ئەوەم نەما کە جارێکی تر بتوانم کاری ڕۆژنامەکە بگرمەوە دەست، چونکە مانەوەم لە بازیان پێویستتر بوو.

سوپای لیڤیی ئینگلیز لە چەمچەماڵ و (کولەبۆر) مۆڵگەیان دا و بەپێی ئەو باسانەی بۆمان ئەهات، -گوایا- ئامادەی گرتنەوەی سلێمانین و دوایی بە ژیانی حکوومەتەکەی کورد کە ئافەریدەی خۆیانە. جا فەرمانم پێدرا کە لە بازیاندا بە پێشداری و بەربەستی هاتنی ئەو هێزە بمێنمەوە و ئاگاهداری پرۆغرامیان بم. بەدخوا و بەدخووی کورد، کە لە دوژمنە ڕاستییەکەمان زیاتر بوو، زۆر لە هەمەوەندەکان بەرهەڵستی کار بوون. هەموو ڕۆژێك پیاوی ژیر و کارنامەم بەڕێوە بوو، لە هەموو بزووتنەوەیەکی دوژمن ئاگادار بووین. ڕۆژی ٢٣ی مایسی ١٩٢٤ فڕۆکەی ئینگلیز دەستی کرد بە هاتوچۆ و هەڕەشە، ئاژاوەی خستەوە ناو وڵات و ئەم بەیاننامەیەی لەسەر سلێمانی فڕێ دا، کە چەشنی بەیاننامەکەی پێشوویەتی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئیعلان بۆ شێخ مەحموود ئەفەندی و خەڵقی سلێمانی**

خەبەرتان بێت کە ئەگەر لە پێش ڕۆژی یەکشنبەی بیستوپێنجەمی ئەم مانگە موطابیقی بیستویەکەمی شەووال شێخ مەحموود ئەفەندی لە چەمچماڵ یان لە کەرکووك دەخالەت بکات، بۆمباردنی مەرکەز لە سلێمانی ئیجراء ناکرێت. بەڵام ئەگەر حەتا ئەو وەقتە دەخالەت نەکات، بۆمباردمانێکی شەدید واقیع دەبێت.

SGPS 144 233 5000 22 5 24

بۆ ئەوەی بەبێکەموزیاد بکەوێتە پێش چاوی خوێندەوارە بەڕێزەکان، بە زینکۆغراف دەرهێنرا و پیشان درا. جا بەدوای ئەم بەیاننامەیەدا چوار ڕۆژی تر مۆڵەتیان

دا. بەڵام ئەم هەڕەشەی گیانکێشان و وێرانکردنە لە کوێوە لە لایەن کێوە کراوە، نازانرێت تەنیا فڕۆکەی ئینگلیز پەیام و نێرراو بوو، چونکە بەیاننامەکە بێناو بوو.

## ڕۆیشتنی شێخ مەحموود بۆ چەمچەماڵ و بۆردومانی سلێمانی

بەرامبەر بەم هەڕەشە و زاڵیەتییە، شێخ مەحموود بەبێوێستان نامەیەکی نارد بۆ ئەدمۆندس لە کەرکووك کە ئامادەیە بۆ هاتن بۆ چەمچەماڵ و لەوێشەوە بۆ کەرکووك. ڕۆژی ٢٠ی حوزەیران شێخ مەحموود گەیشتە قەرەداخ*، بێگومان بە سواری وڵاخ و بەناو عەشایری کورددا و ڕێگەی سلێمانی– کەرکووك بۆ سواری لە سێ ڕۆژ کەمتر نییە، بەڵام بۆ شێخ مەحموود کە پتر لە هەزار سوار کۆ بووبۆوە، دەرفەتی ئەوەی نەئەدرا کە یەکسەر بکەوێتە ڕێگە.

ڕۆژی ٢٦ گەیشتە سەنگاو، کە هەموو شێخان و پیاوە ناسراوەکانیان مووچەخۆری ئینگلیز بوون. ئیتر ئەدمۆندس یا ئینگلیزەکان هەموویان بە هەلیان زانی و بە شیددەت سلێمانییان بە بۆمبا دابێژا، کۆڵانانیش پڕ بوو لە لاشە. بەبێ ماوەدان هەمیشە چوار فڕۆکە لەسەر شارە بێوڵەتەکە بۆمبای فڕێ ئەدا. ڕۆژی ٢٦ و ٢٧ و ٢٨ی حوزەیران سلێمانی لەژێر بۆمبا و ئاگردا ئەژیا. گەل کە لە چاوەڕوانیی مژدەی خۆشی و پێکهاتندا و لە خەوی ئاسوودەگیدا بوون، ڕۆژی ٢٦ی پێش گزنگ فڕۆکە فڕۆکەوانی پیاوانی ئینگلیزی بەدبەخت سلێمانیی کرد بە جەهەنەم.

من لە بازیان لە کاروانەی فڕۆکەکان وامزانی کە سوپاکە ئەهێنێت و لە سلێمانیدا دایئەبەزێنێت. بەو هیوایەی کە لە پێش خۆدامەزراندنیاندا پاش بانگی ئێوارە بە سوارەی عەشایەر و هێزەکەی خۆمەوە شەبەیخوونیان بکەین. بڕیارم دا بەبێ چاوەڕێی هاتنەوەی پیاوەکان ئەو ڕۆژە لە چەمچەماڵ بە ١٠٠ سوارەی هەڵبژاردەوە چووین بۆ سلێمانی. لە (کانی گۆمە) تێگەیشتین کە تەنیا بۆمباردمانە.

---

* شێخ، بە پێی نامەی ڕۆژی ١٩٢٤/٥/٢٦ی موفەتیشی ئیداریی ئینگلیز لە کەر کووك بۆ کۆمیسێری بەرز و وەزارەتی ناوخۆ، لە کۆتاییی مایسی ١٩٢٤دا چووەتە قەرەداخ و سێ ڕۆژی لێ ماوەتەوە (حركات الشيخ محمود الحفيد في الوثائق البريطانية، ص١٢٧).


گەیشتینە ناو شار، لە هەموو سەربان وماڵێك بڵێسەی ئاگر هەڵئەستێ، خانوو وێران و کاول بە سەریەکدا ڕووخاوە، شاری چۆڵ و بێخاوەن لەژێر بۆمبا و مەترالیۆزدا، ژن و منالٌ و پیاو کەوتبوونە دەشت، بەبێ خۆراك و ئاو بە پێی پێخواسی. چۆنیەتیی کارەسات بە نووسین تەواو نابێت. ئەم کردەوە کێوییە لە دەست پیاوە دڵڕەقەکانی ئینگلیز بەولاوە، باوەڕ ناکرێت لە ڕەوشتی هیچ ئادەمیزادێك بوەشێتەوە.



وێنەی ئەو بۆردومانەی کە ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٤دا سلێمانیی بۆمباباران کرد



وێنەی ئەو بۆردومانەی کە ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٤دا سلێمانیی بۆمباباران کرد



ماڵی کەریم بەگی خانزادە جوانێ



وێنەی ئەو بۆردومانەی کە ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٤دا سلێمانیی بۆمباباران کرد

گەیشتمە سەرای حکوومەت. ئەو دیمەنەی بینیم جێی باوەڕ نییە فەرامۆشی بکەم، ئەوانەی کە بۆ بەڕێوەبەریی سلێمانی و ئاسایش دانرا بوون، سەیید محەمەدی موفتی و سەیید ڕەئووف و یوونس عەبدولقادرم بینی بێهۆش کەوتبوون، زۆر ماندوو و پەرێشان بوون، وتیان بە درێژاییی ڕۆژ ٥٠٠ چەکداری سوپایی وە لەژێر بۆمبادا خەریکی پارێزگارین

لە دز و جەردە نامەردەکانی خۆمان، ئەوانەی بە پرۆغرام و قسەی ئینگلیزەکان تەفرە درابوون– ٢٦–٢٧ی حوزەیران *.

لێرەدا لە باسەکەمان لائەدەین و پرسیارێك لە ڕاستگۆیان ئەکەین:

١. کێ دوژمنی ئینگلیز بوو وە یان کێ ماڵی خواردبوو، دانیشتووانی سلێمانی یان مزگەوت و بازاڕ و خانووی شارەکە، چ خراپەیەکی کردبوو بەرامبەر بە حکوومەت و ئینگلیزەکان؟!

٢. ئەگەر شێخ مەحموود دوژمنی بوو، کە گرتی بۆچی هێنایەوە. کە هێنایەوە بۆچی ئازوردەی ئەکات، چیی ئەوێت نایداتێ و دەسەلاتیشی نییە بیگرێت، یان لەناوی ببات، گەل و شاری سلێمانی چی بکات؟! بەڵێ، ئەزانێت گەلێکی پاشکەوتوون، دەنگیان بە هیچ لایەکدا ناگات و هیچ داد پەرستییەکیش نییە لەم زۆرداری و ملۆزمییە بپێچێتەوە، ئەوانیش لە خواگیری ناترسن ئەگەر هەوێنی ئەم کارەساتە، ئەدمۆنس یا چەپمەن و یان نۆئێل، بهاتایە و بەسەراهاتووی شاری سلێمانیی ببینیایە،. با ئینگلیزیش بن، ئایا گومان هەیە کە جگەریان نەئەسووتایەوە؟!

بنكەی ژین
www.zheen.org

## شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ سلێمانی:

لە پێش گزنگدا گەیشتنەوە (تەپە شوانکارە)ی بازیان. ڕۆژی ٢٧ و ٢٨یش فڕۆکە ماوەی هاتوچۆی بڕی. بە بیستنی بۆمباردمانی سلێمانی، شێخ مەحموود گەڕایەوە، لە (تەنگیسەر)ەوە ئەم نامەیەی نارد، وەرمگرت.

---

* سلێمانی لەم سێیەم ماوەی حوکمداریی شێخ مەحموودا چەند جارێك بە فڕۆکە بۆردومان کراوە: ١٩٢٣/٨/١٦ ناوشار تەنانەت بە بۆمبای ٢٢٠ پاوەندی، لەبەر ئەوەی –گوایە– شێخ دەستی وەرداوەتە ناوچەی ماوەت و دێهاتی ساداتی سەرگەڵوو کە لێی قەدەغە کرابوون. ١٩٢٣/١٢/٢٥ ناوشار و بە تایبەت ماڵی شێخ بۆمباباران کرا. ١٩٢٤/٥/٢٥ ناوشار بە قورسی بۆردومان کرایەوە، بە شێوەك کە تەنیا ٧٠٠ کەس لە کۆی بیست هەزار کەسی دانیشتووی شار مابوونەوە، ئەوانی دی ئاوارەی دێهاتی دوور و نزیك بووبوون. ئەمە جگە لەوەی کە فڕۆکەکان چەندەها جار مانۆڕیان بە ئاسمانی ناوچەکەدا کردووە و بەیاننامەی هەڕەشەیان بەرداوەتەوە (الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیة، ص١٧٧؛ کرد وترك وعرب، ٣١٣؛ عبدالرحمن إدریس صالح البیاتي، الشیخ محمود الحفید والنفوذ البریطاني في کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، دار الحکمة– لندن، ٢٠٠٥، ص٣٣٨).

کوڕی خۆم ئەحمەد،

ئـەوا ئـەم جـارەیش کەوتینـەوە ژێـر بۆمبـا. زوڵمـی ئینگلیـز گەیـشتە ئەوپـەڕی بێویجدانی. ئەچمەوە بۆ شارەوێران و لێقەوماوەکەمان، سبەینێ ئێوارە وەرەوە بمبینـە.

مەحمود

١٣ی تەمووزی ١٩٢٤

لەسەر فەرمانی نامەکە، ڕۆژی دوایی چووم بۆ سلێمانی، شاری چۆڵ و وێران، کۆڵانـان پـڕ لـە ئـاو، خـانووی ڕووخـاو، بێجگـە لـە سـەرباز و چـەکدار کـەس نـەدەبینرا*. چـووم بـۆ سـلێمانی، گەیـشتمە خزمـەتی مـەلیك، زۆر مـات و دڵتـەنگ بـوو، بـەڵام بـە قـسەکردن لـە بزووتنەوەی ئاگر ئەبارێ، فەرمووی: ئایا لە پاش ئەم کارەساتەش ڕەنجـەڕۆ ئـەبین؟! نـەو، چونکە ئەمە بەشی کوردە، هەر ئەبێ بیسێنین. بەڵام ئەم دووژمنانەمان زۆر گەورە و بەهێز، بەدخوو و بەدبەختن، بێبەزەیین، پیاوی خراپیان زۆرە. نووسراوێکی دایە دەستم، فـەرمووی بەپێی ئەم مادانە ئیشی خۆت تەواو بکە وە زۆر بەنهێنی بکرێت:

١) کرەی چەڵتووك.

٢) باری چل ئێستر گەنم ئامادە بکرێت لە گونیەدا.

٣) هەموو ڕۆژی جومعەیەك باری چل ئێستر لە گەنم و جۆ و برنج لە گونیەدا ئامادە بکرێت.

بێجگە لەم موادانە، ماددەی نهێنـی؛ (ئـاوا دوژمـن کەوتۆتـە حـەرەکات. بـە فەرمانـدەییی نـووری سـەعید پاشـای وەزیـری دیفاعـدا سـوپای لیڤیـی ئاسـووری لەگـەڵ سـوپای عـیراق، لـە (کۆڵەبۆر)ەوە دێن بۆ سلێمانی، ڕەنگە دوو ڕۆژی تر بگەن، ئەم پرۆگرامـە بـەم ناوانـەی ژێـرەوە دەگەیەنێت بەبێ وێستان لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بەجێ دەهێنرێت،

١- ماجد بە سوارەی عەسکەرییەوە: پشتی تەپە شوانکارە، تاسلۆوجە.

٢- سابیر بە سوارەی هەمەوەند: پشتی ئەڵڵایی، تاسلۆوجە.

---

* خوالێخۆشبوو کەریم غەفووریش -وەك شایەحاڵێکی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە- لە دەستنووسی (یادگاری عیبرەت، ل٩٢-٩٦)دا لەوە دوواوە کە شار ئەو دەمە بە گشتی چۆڵ بووە و زیانێکی زۆری ماددی لە خەڵك کەوتووە و ژمارەیەکی زۆری خانوو بە بۆمباکانی فڕۆکە سووتاوە و وێران بووە و خەڵکەکەیش ئاوارەی دێهاتی دوور و نزیکی دەوری شار بووە.

٣- مەحموود خاتر: بە سوارەی سمایل عوزێری، پاشداری ماجد.

٤- حەمە ئاغاو خەلیفە یوونس بە سوارەی پشدەری و جافەوە، پاشداری سابیر.

٥- ئەحمەد خواجە و میرزاشەل بە سوارەکانی خۆی و مەندمی لەگەڵ هەموو پیادەی بازیان لە دەروێشان و گردەسپی پێشدار دەبن، یەکەمین جار بەرەنگاری دوژمن دەبن.

**گەڕامەوە بۆ بازیان و هاتنی سوپای ئینگلیز بۆ سلێمانی:**

ئەم نامەیەم پێ سپێردرا. ئەبێ ئیمشەویش بە هەموویانی بگەیەنم. بۆ لای هەر یەکێکیان دوو سوارەم نارد و پێیان گەیەنرا، دەستبەجێ گەڕامەوە بۆ بازیان، تا پاشنیوەڕۆ لەشکر ئامادە کرا. ئێوارە گەیشتینە (تەپەشوانکارە) و مەلا عەلی و دوو سوارم نارد بۆ تاسڵووجە، داخەکەم کەس نەهاتبوو.

لە پێش گزنگدا چواردەی تەمووزی ١٩٢٤ دوو فڕۆکە گەیشتنە سەرمان، سوارە و پیادە نزیکەی ٢٠٠ چەکدار لەژێر کەپرەکانی تەپەشوانکارە و چۆڵدا و نزیک لە شەقام، مەزەنگە ٤٠٠ مەتر دوور ماینەوە. بەڵام وڵاخ بە جارێك پەتیان پچڕی و کەوتینە دەشت و ئێمەش بە پیادەیی ماینەوە وە نازانین چیمان بەسەر دێت. فڕۆکە ماوەی نەدەدا خۆمان دەر کەین، لە سەعات ٩دا پێشداریان چوار زرێهلی گەیشتە سەر کانییەکەی تاسڵوجە. پاش یەك سەعات نزیکەی ٥٠٠ ئاسووری و (تیاری) هات، چوون لە سەری تاسڵووجە مۆڵیان دا، هەروەها لە چیاو پشتی (ئەڵلایی)* شەوە ئاسووری گەیشتە سەری تاسڵووجە. بۆ سەعات ١٢ هێزی ئۆتۆمبێل و پیادە و سوارە و بارخانەیان پەیدەرپەی هات و رابورد. بەڵام ئێمە توانای هیچمان نەبوو، جێگامان دەشت، فڕۆکە و چەکدار و زرێهلییان زۆر بەئاسانی لەناویان ئەبردین، هیچ هیوایەکیشمان نەبوو بە هێز و چەکداری خۆمان، جا خۆمان پاراست تا ئێوارە.

گەڕاینەوە بۆ داریکەلی، وڵاخەکانمان لە ئاواییەکانەوە بۆ هێنرایەوە. ئەو شەوە سوپاکەیان گەیشتە (کەندەکەوە)و مۆڵیان دا، بەڵام من لە داریکەلی ئاشەکەم رێك خست و دەستم کرد بە کرەی چەڵتووکی ئەمبارەکە. خەرمانی گەنم زۆر گەورە بوو، گێرەی لەسەر بوو، بە پەلە باری چل ئێسترم لە برنج و گەنم پێك هێنا. لەگەڵ ئێسترەکاندا بەبێ وێستان بار کران و گەڕانەوە. بارخانەی کاروانی دووەمیشم پێك هێنا و لەئەنبارەکە دامنا بۆ گەڕانەوەی

* ئەڵلایی: دێیەکی ناوچەی بازیان.

ئێسترەکان و سپاردم بە مەلا حسێن، لەگەڵ سوارەکان ٤٥ سوار بووین، بازیانم بەجێهێشت و ڕووو بە شارباژێڕ کەوتمە ڕێ– ١٨ی تەمووزی ١٩٢٤.

دیسان ١٨ی تەمووزی ١٩٢٤ ئەم جارەش خونچەی هیوای کورد بە ئاگری سوپای لیڤی و فەرماندەییی نووری سەعید هەڵپرووکا، تەخت و تاراج تێك چوو، دیسان ڕۆژی ١٨ی تەمووزی ١٩٢٤ پاشنیوەڕۆ ئینگلیز بە هێز و چەکی ئاگرینەوە هات و سلێمانیی داگیرکردەوە*.

## چۆڵکردنی سلێمانی

ڕۆژی ١٦ی تەمووزی ١٩٢٤ شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشتبوو. کە بازیانم بەجێ هێشت، گەیشتینە شارباژێڕ، دێی (سیتەك)، زانیمان بارەگاه لە قەڵاچوالان و ماجد و سوارەی سوپایی لە (تەگەران)**ە. چووم ماجدم بینی و هۆی گۆڕینی پرۆغرامەکە چی بوو، پرسیارم کرد.

وتی: لەسەر تاسڵووجە جەنگکردن لەناوچوونی هەمووومان بوو، چونکە سوارە بەرامبەر بە پیادە و فرۆکە ناتوانێت بجەنگێت. چیاکە ڕووت و بێپەنایە. من چووم بۆ ئەشکەوتەکانی (کەڵەوانان)***، شەو لە (کەندەکەوە) گاڵەمان پێکردن. لە دواییشدا ئاگرمان نا بە پووشەکەوە، زۆر شپرزەی کردن. ئێمە بە ناسۆرەوە گەڕاینەوە و ئەوانیش بە ئاواتەوە گەیشتن و چوونە سلێمانی. قەیناکا تۆفیق ئەفەندی بریندارە.

وتی: ئەحمەد، نازانم ئێمە دوای چی کەوتووین، هیوامان ئینگلیز بوو، وا دەرکەوت هیچمان ناداتێ. تورك و ئێرانیش لە ئێمە پەرێشانترن و هیچ ئومێدێکیان لێ ناکرێت. کە وابوو ئەبێت هەر خۆی (مەلیك) چارەیەك بدۆزێتەوە، چونکە ئەم جارە وەك جاری پێشوو نییە. وتم: شەو ئەچم بۆ قەڵاچوالان. قسەی لێ ئەچێژمەوە، بزانم بیری چییە، ئاگادارت ئەکەم. گەیشتمە بارەگاه.

---

* سلێمانی لە ١٩٢٤/٧/١٩دا بۆ دواین جار داگیرکرایەوە (عبدالرزاق الحسني، تأریخ الوزارات العراقیة، ط٥، ج١، بیروت، ١٩٧٨، ص٢٧٢.).

** تەگەران و سیتەك: دوو دێی ناوچەی ناوچەی شارباژێڕی تەخت.

*** کەڵەوانان: دێیەکی ناوچەی سەرچنار.

لەگەڵ گەیشتنم، فەرمووی: بۆچی بازیانت بەجێ هێشت؟ تێمگەیاند کە پێویستە لە پرۆغرامی تازە بگەم. لە بابەت قسەکانی ماجدەوە پرسیارم کرد، فەرمووی: لەم کاتەدا، بەهێزین، سوپامان یەك ڕەنگە. ئەو گەلەی گیان نەدا، ماف وەرناگرێت. تا چەمچەماڵ بە سوارە و چیاکان بە پیادە تەنراوە. تا دوا کەس ئەجەنگین. ئێمە لە ئیمڕۆوە مێژووی کورد دائەنێین، چش لە ڕابوردوو.

لەم بابەتە زۆر دووا، فەرموودەکانی تیژ و کاریگەر بوو. پاش ماوەیەك ماجدم بینییەوە و تێم گەیاند. فڕۆکە ماوەی نەئەدا، ڕۆژ ڕێگەی بزووتنەوەی نەئەدا و فەرمانیش درابوو کە تەقە لە فڕۆکە نەکرێت.

لە فەرماندەی سوپایی‌یەوە:

قەڵاچوالان

ژمارە: ١

ڕۆژ: ١ی ئاغستۆسی ١٩٢٤

بۆ پێشگاهی مەلیك و باشقوماندان

لەسەر فەرمودەکانتان تەرتیبات کرا وە لە ژێرەوە عەرض ئەکرێ و ئەم پرۆغرامە بە هەموو فەرماندەکان گەیەنراوە. جا بۆ ئەوەی هەر کەسە بۆ جێگای خۆی بچێت و بە زووترین کات بگەنە جێی پێسپێراویان، چاوەڕێی فەرمانتانین.

ڕەضا

قوماندار

| | سوپایی | عەشایر |
|---|---|---|
| ١– بۆ سەر (کەلکی قەیوان)* عەزیز ئەفەندی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٢– بۆ پشتی (خەمزە)** ڕەشید ئەفەندی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٣– بۆ سەری (ئەزمەڕ) ڕەمزی ئەفەندی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٤– بۆ چاڵە بەفرەکان عومەر ئەفەندی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |

* شاخی پشت دێی قەیوان بە زنجیرەی ئەزمڕەوە.

** دێیەکی باکووری سلێمانی بە شاخی ئەزمڕەوە.

| | | |
|---|---|---|
| ٥- بۆ (کەلی گۆیژە) جەلال ئەفەندی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٦- بۆ ڕێی (قرگە)* حیکمەت ئەفەندی | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |
| ٧- بۆ (کلکەی خەراجیان) عەبدوڵڵا ئاغا | ١٣٠ پیادە | ١٣٠ پیادە |

١) لە شاربازێڕ- ماجد ئەفەندی، تەرتیبات لە لایەن خۆیەوە ئەکرێت.

٢) بۆ شارەزور- خەلیفە یوونس و سوارەکانی.

٣) بۆ قەرەداخ- سەیید محەمەد جەباری و سەیید و سوارەکانی.

٤) بۆ بازیان- صابیر بەگ و سوارەکانیان.

٥) بۆ سەرچنار- مەحموود خاتر و سوارەکانیان.

٦) بۆ سرۆچك- حەمە ئاغا و سوارەی پشدەری و شیوەکەڵ.

١) پیادەی هەورامان
٢) پیادەی شاربازێڕ } لە جێگای خۆیاندا چاوەڕێی فەرمان ئەبن.

لە لایەن مەلیکی مەزنەوە بەم جۆرە فەرمان درا.

((پشت بە خوا، لامان باشە))

مەحموود

بنکەی ژین
www.zheen.org

فەرمانی مەلەکی

ژمارە: ١ قەڵاچوالان

ڕۆژ: ١٠ی ئاغستۆسی ١٩٢٤ (پشت بە خوا)

بۆ قوماندەی سوپایی ڕەضا بەگ

ئەمجارەیش دوژمنی خوێنمژ لە شار و نیشتمانەکەی خۆماندا ئاوارەی چیاکانی کردین، خوا پشتیوانی ئێمەیە و پەشیمانی بەشی ئەوان. ئێمە ڕۆڵەی ئەم نیشتمانەین. ئەبێت بە ئازادی تێیدا بژین، بەڵام هیواداریین گۆڕستانی دوژمنی بەدبەخت لەژێر پێی دلاوەرانی کوردا ببینین. تکایە بودجەیەکی کاتی (موقت) بەپێی پلە و ڕوتبە بۆ هەموو سوپایی و عەشایەرەکان بە پەلە دروست بکەن و ڕۆژانەیان بۆ دابنێن، بۆمان بنێرن:

مەحمود

* قرگە: دێیەکی نزیکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی.

لە لایەن فەرماندە و لیژنەی سوپایی و عەشایەرەوە ئەم تەرتیباتە کرا:

١- بەشی سوپایی- پیادە

ڕۆژی لەگەڵ خواردەمەنی و بەرگ و پێڵاو بۆ یەك سوپایی ٨ ئانە[18]

لەگەڵ خواردەمەنی و بەرگ و پێڵاو بۆ یەك سەردەستە ١٢ ئانە

لەگەڵ خواردەمەنی و بەرگ و پێڵاو بۆ ملازمی پانی و ئەووەل ٢ ڕووپیە

لەگەڵ خواردەمەنی و بەرگ و پێڵاو بۆ یووزباشی و بەرزتر ٢,٨ ڕووپیە و نیو

٢- بەشی سوارە: سوپایی

ڕۆژی بۆ یەك سوپاییی سواری ٢ ڕووپیە

بۆ یەك سوپاییی سەردەستەی سواری ٢,٥ ڕووپیە و نیو

بۆ یەك ملازم پانی و ئەووەل ٣ ڕووپیە

بۆ یەك یووزباشی و بەرزتر ٤ ڕووپیە

١- بەشی سوارەی عەشایەر

ئەگەر لە بارەگاھ بن، وەکوو سوارەی سوپایی ڕۆژانە وەرئەگرن وە ڕۆژانی جەنگ یەك ڕووپیە پتر.

٢- فەرماندەکانی عەشایەر: ئەگەر لە بارەگاھ بن، وەکوو سوپایی وە ڕۆژانی جەنگ یەکی پیادە ڕۆژی ٤ ڕووپیە، سوارە ڕۆژی ٧ ڕووپیە.

٢- لیژنەی کڕینی ئازووخە و پێویست:

١) ڕەضا بەگ.

٢) یوونس ئەفەندی.

٣) عیززەت نەجیب.

٤) ئەحمەد خواجە ئەفەندی.

١٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٤

لەسەر بڕیاری لیژنەی جەنگیی سوپایی و عەشایەر، بۆ چوونە سەر سوپای حکوومەت، لە سلێمانی بڕیار درا:

(لەژێر فەرماندەییی ماجد لە هەرچوار لای شارەوە)

---

[18] ٨ ئانە= ٣٧ فلس و نیوە.

١- سواره- ڕوغزایی.

٢- پشدەری.

٣- سوپاپی.

٤- لکە پیادەکانی چیای گۆیژە و ئەزمەڕ.

ئەم هێزە -نزیکەی ٣٠٠ چەکدار- شەو چوونە سەر سوپاکەی سلێمانی. لە کاتژمێر ٩ی پاشنیوەڕۆدا تەقە دەست پێکرا، لە ماوەیەکی کەمدا هەموو نوقطەکانیان بەجێ هێشت، تەنیا بنکەکەی (خانی شێخ ئەحمەد) لە (سابوونکەران) گیرا. مەترالیۆزەکەیان و ٣ سەربازیان گرت. بەڵام لە (جوولەکان)* سوپایەکی بێچەك گیرا و بەرەڵایش کرا. لە سەعات ١ی پاش نیوەشەو گەڕانەوە بۆ شاربازێڕ، بارەگاھ لە (کانی سارد)**.

وە لە سلێمانییەوە لە ڕۆژی ١٠ی تشرین یەکەمدا لەژێر پارێزگاریی دوو فڕۆکەدا لە کاتژمێر ٦ی پێشنیوەڕۆدا، نزیکەی ٢٠٠ سواری سوپایی لە شەقامەوە بۆ کەلی گۆیژە و تابوورێکی پیادە بۆ چاڵە بەفرەکان هێرشیان هێنا. لە کەلی گۆیژە لە فەرماندەیی "جەلال ڕەشید ئەفەندیی عاسیەخان"دا بە ٦٠ چەکدارەوە بەرامبەریان وێستان. تا بەراییی سوارەیان ئەگاتە سەرکەل، لە لایەن هێزەکەی جەلالەوە پەلاماریان درا و ناچاری گەڕانەوە کران. هەرچەند لەبەر نزیکیی هەردوو لا بەیەکتر فڕۆکەکان هیچیان پێ نەئەکرا بۆ ترس و مەترالیۆز بەکارهێنان، نزیکیان نەبوونەوە، فڕۆکەیەکیان پێکرا و لە دێی (ژاڵە)*** کەوت، بەڵام سوارەکانیان لە گەڕانەوەدا کوژراوی سەرباز، وڵاخ بەسەریەکدا تێکەڵ بوو، وا یەکجار زۆر بوو (٣ تفەنگ بە فیشەکەکانیەوە) دەستکەوتیان بوو.

پیادەکەیشیان هەروەها لە فەرماندەیی عومەر ئەفەندی بە ٦٠ چەکدارەوە بەرەنگاریان بوون، پاش ماوەیەکی کەم و کەوتنی فڕۆکەکە ناچاری گەڕانەوە بوون. کوشتاریان زۆر بوو، ئەمانیش دە تفەنگ و هەندێك فیشەك و مەترالیۆزێکیان دەست کەوت، سوپای میری بە دڵشکستەیی گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

* سابوونکەران، بەشێکی گەڕەکی (گۆیژە)و (جوولەکان)یش گەڕەکێکی خوارووی شاری سلێمانی.

** کانی سارد، دێیەکی نزیکی دێی (سیتەك) لەو دیوی چیای گۆیژە، سەر بە ناوچەی شاربازێڕ.

*** ژاڵە: دێیەکی نزیکی باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی.

**ئەم جارە سوپای عیراقی هێنا**

ئینگلیزەکان ئەو پیلانەی کە بەدوایدا عەودالّ بوون، تازە دۆزییانـەوە. لەگـەلّ ئـەوەدا کە "ویلسن" لە یادداشتەکەیدا ئەلّێت کورد و عەرەبی عیراق هاودەرد بـوون،. بـە برسـێتی و توونیەتی هاوپـشت و چـاکەخوازی یـەکتر، لەمـەوپێش خوێندتانـەوە، بـەلاّم ئێـستا بناغـەی دوژمنایەتییان بۆ ئەم دوو گەلە دامەزراند بۆ ئەوەی بگەن بە مەرام.

ئەم جارە بە ناوی دلّسۆزیی عەرەبەوە، بە ناوی حکوومەتی عیراقەوە، بـە فەرمانـدەییی نووری سـەعید هاتـەوە سـلێمانی. ئەحمـەد بـەگی تۆفیـق بـەگ کـرا بـە موتەصـەڕیف*، بـەلاّم ئەحمەد بەگ پیـاوێکی ڕاسـت، لـە هـەموو کردگـار و ڕەوشـتێکدا مەردانـە و بـەڕێز بـوو، تـەنیا ئارەزووی گەورەیی تووشی هەلّەی ئەکرد، بیری کوردایـەتیی ئێجگـار بـەرز و لـە هـەموو داوا و کارەساتێکدا هاوکار و هاوبەشیی کـرد، بەتایبـەتی خۆشەویستی شـێخ مـەحموود بـوو، زۆر بەڕێز و بەرزی ئەبینی. بەلاّم ئەدمونس بەهێزتر بوو، لـە شـێخ مـەحموودی بـچڕییەوە. ئـیتر بەهۆی چەند پیاوێکی باوەڕپێکراوی خۆیانەوە، ئینگلیزەکان ناوی مافی کورد و حکوومـەتی کوردستانیان لە تۆماری خۆیاندا سڕییەوە و بە نـاوی حکوومـەتی عیراقـەوە سـلێمانی نـاونرا لیوا. بە ناوی خۆیانەوە بە فڕۆکە بیاننامە بلاّو کرایـەوە وە ئەمـە یەکێکـە لـە یەکـەمین جـار دامەزراندنی حکوومەت.

بنکەی ژین
www.zheen.org


**(بۆ عموومی ئەهالیی قەضای هەلّەبجە)**

ئەوا تەبلیغتان ئەکرێ بۆ ئەوە تەئمینی ئیدارەی قەضا چاکتر بکرێ، ئەحمەد بەگ قائیمقام و حەمید بەگ موعاوین لکل مەئموورانێ کـە ئیجـاب بکـا نێرانـەوە بـۆ هەلّەبجە. ئەبێ لە ئیجرای وەظائیفدا موعاوەنەتی مەئموورەکان بکەن و مـوطیعـانـە ئەوامیری ڕەسمییەی حکوومەت بەجێ بهێنن.

٢٠ی ئاغستۆس

---

* کە تەموزی ١٩٢٤دا سلێمانی بە یەکجاری داگیرکرایەوە، سەرەتا چاپمان موتەسەڕیفی سلێمانی بوو و وا مایەوە تا ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ لە ١٩٢٥/٣/٧دا بوو بە یەکەم موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی (ڕۆژنامەی ژیان: یەکەم بەرگ (ژمارە ١–٨١)، ئامادەکردنی ڕەفیق سالّح و سدیق سالّح، دەزگای سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٩)..



و عموم اهالی قضای هلبجه

ئوا ئیلیعنار ئاکری. واوه تامین ادارهٔ قضاچا کنز بکری احمد بك قائممقام و حمید بك معاون
لگل مامورانی ئەایجاب ئەکا نیررانەوه بو هلبجه. ابی ئەلا جرای وظائفدا معاونت مامورەکان
بکن و مطیعانه اوامر رسمیهٔ حکومت بجی بیهن .

وەکوو لەمەوپێش خوێنرایەوە، بەگزادەکانی جاف پاش سوێندخواردنیان بۆ شێخ مەحموود، قەضای هەڵەبجەیان خستە سەر (کفری) کەرکوك و لە سلێمانی جیا بوونەوە. ئەم جارە بە گەڕانەوەی سوپای حکوومەت لە لایەن موتەصەڕیفەوە هێنرایەوە بۆ سەر سلێمانی. بەڵام دەسەڵاتی حکوومەت تەنیا لەناو شاری سلێمانیدا بوو.

### جەزرەبەی کەتیبەی ئەلهاشمی

لە ڕۆژی ١ی ڕەمەضاندا، لە کاتی گەردوش لە شارەزوورا، نزیکەی ٥٠ سواری تایبەتی سوپایی و عەشایەری جاف، لە ئاوایی (ڕەمەزان)دا بەرەنگاری حاجی ڕەمەضان پاشای فەرماندەی کتیبەی ئەلهاشمی بوون. لە پاش جەنگ و کوشتارێکی زۆر، لە سوارەی میری نزیکەی ١٠٠ سواریان توانییان پاشا ڕزگار بکەن، بەڵام نزیکەی ٣٠ سواریان کە کەوتنە ناو هۆزی جاف، لە لایەن ژنانەوە لەژێر ڕەشماڵدا بە مێکوت زۆریان لێ کوژرا و ئەوەی دەرچوو بەبێ چەك خۆیان گەیاندەوە سلێمانی. جا ئەم ڕووداوە کرابوو بە گۆرانیی:

لە ئاوایی ڕەمەزان

ڕۆژی یەکی ڕەمەزان

درا لە حاجی ڕەمەزان،

بوو بە بەستەی جەنگی و پاش شەوێك ماوەی سوارەکانی خۆیان بە پەڕاگەندەیی گەیانەوە سلێمانی.

ڕێگەی هاتوچۆی سلێمانی– کەرکووك لە سوپای میری گیرا، تەنیا فڕۆکە هۆی هاتوچۆیە. بەڵام حەفتەی یەك جار کاروانی ئوتومۆبێل هەبوو کە لە پارێزگاریی تابوورێك چەکدارا ئەڕۆیشت و ئەهێنران. بەپێی نامەی باوەڕپێکراوەکانی ناو شار، سەربازە عەرەبەکان کردەوەی باشیان لە سەربازە کوردەکان زۆرتر بوو، سوپای میریش زۆری کوردە. لە سلێمانیدا باوەڕپێکراوەکان زۆر بوون و کاك نەریمان سەرۆکیان بوو، بێگومان بە ناوی نهێنییەوە ناوئەبران وەکوو

سەرۆك: نەریمان

ئەندام: یادگار

ئەندام: کاوە

ئەندام: زەردەشت

ئەندام: خەنجەر

ئەم چوار ناوە ئەندام و بۆ هەر یەکە لکێك دروست کرابوو، لە ناویاندا لە پۆلیس، سەرباز، ضابط، مەئموور، دووکاندار، ئوتومۆبیلچی هەبوو، کارە نهێنییەکانی حکوومەت سەدی (٧٠)ی ئەگەیشت بە شۆڕش.

### نەخۆشیم و دەرمانەکەی پوورە زێڕین

بۆ بەسەرکردنەوەی ئازووخە ئەمبارکراوەکەی ژمارە ٢، چووم بۆ پارەزان. لە ڕووی زۆر خواردنی فەریکەگوێزەوە تووشی ئازار بووم. "پوورە زێڕین" گیایەکی جۆش دا، دوو پیاڵەی دەرخوارددام، ڕزگاری کردم. بەرامبەر بەو چاکەیەی پێنج ڕۆپیەم دایە، وتی تکایە کوڕم ئەم پارەیە بدە بە فیشەك و بیدە بە عەسکەرێك و لەجیاتیی من بیتەقێنێت و ئینگلیزێکیش بکوژێ بەسە.

### شکستەی سوپای میری

حکوومەت زۆر هەوڵی ئەدا کە بێتە شارباژێڕ، بەڵام بەبێ‌وەی بە سوپای سوارە و پیادە و تابوورێکی ئێسترسوارەوە لە کەلی گۆیژە و ئەزمەڕەوە ویستیان ئەو تاوانە بێتە جێ. لە ڕوونەوەبوونی شەوا گەیشتنە سەر کەل، بە شکستەییەکی زۆر خراپ گەڕانەوە، بەڵام سەیر ئەوە بوو لە (ناوگردان)دا دوو پیاوی قەرەوەیسی بە دوو باری کاگەنمەوە بەرەنگاریان ئەبن.

بارەکان لە گایەکان فڕێ ئەدەن و ئەچنە بۆسەوە. پاش کوشتارێکی زۆر لـە سـەربازەکان، یـەك ئێستر بە بارە فیشەکەوە و هەشت تفەنگیان دەست ئەکەوێت و لەسەر ڕێگایاندا عومەر ئەفەندی لە بنکەی ئەزمەڕ کە فەرماندەیە، تالآنەکەی بۆ ئەبەن. ئەویش بەم نامەیەوە نـاردی بـۆ بارەگـاه بۆ فەرماندەی سوپایی ڕەضا بەگ.

ماددەیەك لە نامەکە: ((ئەوا ئەم دوو پیـاوە و دوو گـاه و کەلوپوورەکـەیان نێـررا، تکایـە درێژەی باسەکەیان لێ بچێژنەوە، گاه هەیە درۆ نەکەن ئەگەر پرسیاریان لێ بکەن.))

ڕەضا بەگ لەم نووسینە تووڕە بوو، وتی چـۆن ضـابطێـك بـۆ فەرماندەکـەی ئەنووسـێت لەگەڵ (گاه) قسە بکە، بۆچی ئێمە گاین. تێیان گەیاند گاه –ڕەنگە– ٢٨ی ئاغستۆس).

## بارەگاه و بۆمباردمانی (نۆدێ)*:

لە (کانی سارده)وە بنکە و بارەگاه گوێزرایەوە بۆ (نۆدێ)، مـاوەی ٨ ڕۆژ بـەبێ تـرس و بەبێ ئەوەی فڕۆکە بێتە سەرمان، ڕامانبوارد.

هەموو کەموکوڕیی سوپا و عەشایەرەکان تەواو کرا، بۆ زستان چی پێویست بـوو پێـك هێنرا. لە ڕۆژی ٩یەمدا لەسەر فەرمانی مەلیك، ((ئەبێت لە ماوەی نیـو سـەعاتدا نـۆدێ چـۆڵ بکرێت و بگەڕێتەوە بۆ (کانی سارد))، فەرمان دەرچوو بۆ بـەڕێکردنی بارخانـە و کەلوپـەل، تا دواییی کار لەگەڵ ٣٠ سوارە مابوومەوە.

لەناکاو دوو فڕۆکە هات و یەکسەر دێی نودێی دایە بەر بۆمبـا و مـەترالیۆز، بـە ڕاسـتی لـەو کاتـەی بێئاگـایی زۆر شـپرزە و پەرێـشان بـووین وە فڕۆکـەکان ئـەم کارەسـاتەیان بـۆ بەجێهێشتین و گەڕانەوە:

١– دوو پیاو بریندار.

٢– نۆ ئەسپ کوژراو.

٣– پێنج ژن لەگەڵ ژنی شێخ طەها و خوشکی شێخ محەمەدی نودێ کوژرا.

٤– سێ پیاو کوژرا لە ئاواییی نودێ.

٥– دوو منداڵ کوژراوە یەکێك کەم بریندار.

٦– خانووی سووتاو و خاپوور زۆر بوو.

---

* نۆدێ: دێیەکی بەری شارباژێڕی تەخت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ تاریکەی ئێوارە ئێمەیش و دانیشتووانی ئاوایی بە تەواوی ئاوایی چۆڵمان کرد، ئاوایی بە سووتاوی و ڕووخاوی کەلاوەوە. گەیشتینەوە کانی سارد و بەجێمانهێشت. ئەمبیست ئەیانوت شێخ مەحموود غەیبزانە و کاك ئەحمەد ئاگاداریی ئەکات. لەبەر ئەوە ئەیزانی کە نودێ ئەم کارەساتەی بەسەرا دێت، بە پەلە چۆڵی کرد. خۆم ئەم پرسیارەم لێ کرد، وتی: ئەگەر من نەبوومایە و یەکێکی تری پیاوچاك بوایە، ڕەنگە. بەڵام من چۆن ئەبم بە پیاوچاك کە چاکەم نەبێت. ڕەنگە باوك ڕۆڵەی خۆی فەرامۆش نەکات، ئەگەر خوا بیەوێت. هەر خوا کاری پیاوە دلێرەکانمان ڕاست بێنێ کە ناوشاریان بۆ گرتووین. ئیتر تێگەیشتم کە لە سلێمانییەوە ئاگادار کراوە و ئەم باوەڕەی کە بە شێخ مەحموود بوویان بۆ شۆڕشەکەمان زۆر باش بوو.

## چوونم بۆ دزڵی:

من ئاگادار نەبووم خێزان لە چ جێگایەکن و دایکیشم لەگەڵیانە، فەرمووی: خێزانەکان هەموویان لە (پاڕەزان)* جێگایان نەئەبۆوە، نێران بۆ دزڵی، بچۆ جێوڕێگەیان نییە و دایکیشت ئەبینی، ئەم نامەیەیش بدە بە دێوەکە. لە ئەشکەوتەکە دەریبهێنە (دێوەکە= مەحموود خان، ئەشکەوتەکە= دزڵی). نامەکەی بە دەستی خۆی نووسیبوو.

برای دڵسۆزم مەحموود خان

چاوەکانت ماچ ئەکەم. وا مەزانە ئاوارە و لێقەوماوین، ئێمە لەناو کەسوکارمانا ئەژین کە ئێوەن. ئەحمەد ئەفەندیم ڕاسپارد هەموو گفتوگۆیەکتان لەگەڵ ئەکات. چاوی کوڕەکان ماچ ئەکەم. حورمەتم بۆ خوشکی خۆم فاطمە خان پێشکەشە، برای شیرینم.

مەحموود

١٠ ی ئەیلوولی ١٩٢٤

## بۆمباردمانێکی نەبینراو

ئەو کاتەی من لە (کانی سارد) جیا بوومەوە، ترسی فڕۆکە زۆر بوو، گەیشتینە شیوی ئاشان. ئێمە سێ سوار بووین. دوو فڕۆکە گەیشتە سەرمان. بۆمبا و مەترالیۆز ئەو ناوچەیە تا (کانی سارد)ی دابێژا. خۆمان شاردبۆوە، تا نزیکەی ئێوارە لە مەکۆدا بووین. ئێمە نەمان ئەزانی کە گاگەلی ئەو دێهاتانە نزیکمانە، بۆیە فڕۆکە لێمان دوور ناکەوێتەوە. شوانەکەیان بە

* دێیەکی ناوچەی شارباژێڕ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

گریانەوە هات، وتی ٢٧ گای کوشتووە و پێنج گایش قاچی شکاوە. ئیتر تاریک داهات و کەوتینە ڕێگا. لەبەر ئەوەی جێگای ئێمە زۆر چاڵ و نالەبار بوو، نەمانتوانی هیچ بەربەرەکانی و تەقەیەك لە فڕۆکەکان بکەین،. ڕۆیشتین. شەو ڕوون بۆوەوە، مانگ لەدەم کەل گۆشەی کێشا. کزەی پێش مانگ دڵی پڕ ناسۆرمانی گەشانەوە. دیمەنی کەژ و دارستان سینەمایی بە بەرچاوا گوزەری ئەکرد. چیا و چۆڵ کش و مات. بە پێشداریی سوارەکان کە ئەڕۆیشتم، بە ڕاستی دیمەن لە هەموو کارەساتی گێتی بێئاگای کردم. کەوتبوومە گۆرانیوتن، نەمئەزانی کە ئەم دەنگە ناسازەم بەلای هاوڕێکانمەوە خۆشە یان ناخۆش. بە درێژیی شەو ڕۆیشتین، لەکاتی چاخواردنەوەدا گەیشتینە هەوارگەی خێزانەکە و بەر کەپرەکان، چوومە خزمەت ئایشەخان. لەبەر ئەوەی پاش مانگئاوابوون بە تاریکی ئەڕۆیشتین، بەبێ نوستن و ڕێگەی ناخۆش حەسانەوەمان پێویست بوو. سوارەکەم دامەزراند و منیش چوومە کەپرەکەی مصطەفای برام و دایکم بینی.

### ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە

پاشنیوەڕۆ چووم بۆ دزڵی کە زۆر نزیك بوو لە هەوارگەکە. ئەمە وێنەی یادداشت و بینینەکەی مەحموود خانی دزڵییە. من لەو باوەڕەدا نەبووم لە دڵیدا شتێك ببینم کە بە درێژیی ژیانم یادی بکەم. دیواخانەکەی بە دوو نهۆم بە وشکەبەرد، بەبێ گەچ و یان قوڕ بینا کراوە. لەسەر سەربانەکە ئاڵایەکی کوردستان داکوتراوە ئەلەرێتەوە، لەژێر ئاڵاکەدا بۆریەژەنێك وێستابوو. کاتی نانخواردن و پێش بانگ لە هەموو کاتێکدا وە ژەمێکدا بە بۆریی مۆسیقا ئاگادار ئەکران. گەیشتمە دیوانی مەحموود خان، ماوەیەك هات بەپیرمەوە، زۆری پێ خۆش بوو، نامەکەم پێشکەش کرد، وەریگرت، ماچی کرد، ڕووی کردە کۆمەڵی پیران، وتی: کوێخا زۆراب (مەلا) بانگ بکە، هات بۆی خوێندەوە. وتی: سەردارانی کۆڕ، عەشیرەت لە هەموو لەپێشتر گیانی خۆم و فاطمە خان لەژێر پێ و پێناوی شێخ مەحموودایە، من هەموو کاتێك ئامادەم. تێگەیشتم لە هەموو دێیەکی دێهاتەکانی خۆی پیاوێك، کوێخایەك بەناوی کۆمەڵی پیران لە دزڵی بۆ پرس و پێکهێنانی کاروبار بەڕێوەبردن (وەکوو خەرج، باج، زەکات، دەیەك)، لای خۆی بوون و هەموو پیاوێکی هەورامی ئەبێت تفەنگێك و ١٠٠ فیشەك و هەمانەیەکی بچووکی پڕ لە تێشوو بە جووتێك کڵاشەوە لە ماڵدا بێ وە لەناو هەمانەکەدا تووی وشك، مێوژ، نانی دە ڕۆژی

تێدا بێت. کۆبوونەوەی لەشکر لە ماوەی شەش سەعاتدا لە ٥٠٠ چەکدار کەمتر نەئەگەیشتە دزڵی، چونکە ئەو کۆمەڵی پیرانی دانشمەندانەی ئەو پێویستییان بەجێئەهێنا.

ئەو شەوە لە دزڵی مامەوە و دوارۆژ بۆ چاخواردنەوە هاتمەوە بۆ هەوارگەی حێزانەکە، بۆ خزمەت "ئایشەخان"*. بێگومان شەو ڕاسپێرییەکانی مەلیکم بە مەحموود خان گەیاند، زۆری پێ خۆش بوو.

## گەڕامەوە

بەڵام لەشکری هەورامی لە پێش منەوە بوو. ئەو ڕۆژە پاشنیوەڕۆ گەڕامەوە، شەو لە (پارەزان) بووم، وتیان لەشکری مەحموود خان ئیمڕۆ لێرانەدا ڕابورد، لە پێش گەیشتنەوەی ئێمەدا مەحموود خان و لەشکرەکەی گەیشتوەتە (کانیی سارد) و کارەساتی بینراوەکانم بۆ مەلیك گێڕایەوە، فەرمووی دێوی خۆمە. پاش دوو ڕۆژیش "حەمەڕەشید بەگی وەیسە"ش لەسەر ڕاسپاردنی خانی دزڵی بە لەشکرەوە گەیشتە (کانی سارد) لەشکری هەورامی (١٢٠٠) چەکدار لەبن دار و دەوەنی (کانی سارد)ا بڵاو بوونەوە.

لەسەر فەرمانی مەلیك بۆ مەحموود خان و حەمەڕەشید بەگ هەریەکی ١٠٠ لیرەی زێڕم بۆ بردن. حەمەڕەشید بەگ بە کەمی زانی وەرینەگرت، بەڵام مەحموود خان –پاش وەرگرتنی– وتی: لەجیاتیی ئێمە بە بار قڕانی ئێرانی بنێرین بۆ شێخ مەحموود، ئەو لیرەمان ئەداتێ؟ یەك لیرەی هەڵگرت و ماچی کرد و ٩٩ لیرەکەی دایەوە دەستم، وتی: ئایا ئەبێت بە گیرفانی بۆش هاتبم.

ئیتر بە پێویستم زانی تێبگەم کە حەمەڕەشید بەگ بە کەمی زانیوە وەرینەگرت. ئینجا وتیەوە کەوابوو بچۆ ١٩٩ لیرەکە بدە بە حەمەڕەشید بەگ، بەڵام چوومەوە خزمەت شێخ مەحموود، هەموو بینراوەکەمم بۆ گێڕایەوە. بۆ ڕۆژی دوای ئێوارە شێخ مەحموود چوو بۆ لای مەحموود خان و بە بەر بنکەکەی حەمەڕەشید بەگدا ڕۆیشت، هات بەپیریەوە، وتی: ئەوە لێرە ماویت؟ وامزانی ئێستا لە وەیسەیت! بەو توانجە حەمەڕەشید بەگ شپرزە بوو. شەو لەگەڵ مەحموود خان هاتینە بارەگاه، پاش ماوەیەك فەرمووی ئەحمەد دیارییەکەت پێشکەش بە

* ئایشەخان: کچی شێخ مارفی نەقیب و هاوسەری شێخ مەحموودی حەفید.

حەمەڕەشید بەگ کرد؟ دەستبەجێ خستمە پێشی. وتی: من هاتووم بۆ گیانبەختکردن و لێبوردن، دانیشتن بێسوودە، دوژمن لە پەناماندایە نزیکە، ئێمەیش ئامادەین.

**شەبەیخوون بۆ سەر سوپاکەی سلێمانی**

لەسەر ویستی لەشکری هەورامی بۆ چوونە سەر سوپاکەی سلێمانی، ئەم پڕۆژە بەرنامەیە دانرا. بۆ بەجێهێنانی ئەو پرۆگرامە کە بە فەرمانی مەلیك فەرماندەی گشتی ماجد و یاریدەر ئەحمەد خواجە دانران. بەڵام "عادل ئەفەندی" گێرەکەی شێواند، پرۆگرام گۆڕرا بە خۆی "عادل" و "شێخ ڕەشیدی شێخ عەلی". پاش بانگی ئێوارە لەشکر بۆ سلێمانی کەوتە ڕێ، بەم جۆرە؛

| | پیادە: هێزی ورووژم | سوارە: هێزی پاشدار |
|---|---|---|
| ١- لە ئەزمڕەوە | | |
| فەرماندەیی حیکمەت ئەمین* و عومەر ئەفەندی | ٢٥٠ پیادەی سوپایی | ١٣٠ سوارەی ڕۆغزایی |
| | ٢٥٠ پیادەی هەورامی | ١٣٠ ئیسماعیل عوزێری |
| هەمووی | ٥٠٠ | ٢٦٠ |

٢- لە کانی ئاسکانەوە تا جوولەکان ١٥٠ سوارەی سوپایی و تایبەتی

٣- لە گۆیژەوە

ڕەمزی عەبدولکەریم وە ڕەشید ئەفەندی ٢٠٠ پیادەی سوپایی ١٥٠ سوارەی سوپایی

٢٥٠ هەورامی ١٥٠ پشدەری

هەمووی ٤٥٠ ٣٠٠

٤- لە مەڵکەندییەوە تا جوولەکان ٥٠ سوارەی سوپایی و تایبەتی

٥- سوارەی شێخ محەمەد و شێخ محەمەدی شێخ عەلی و پەڕاگەندە ١٨٠ سوارە

٦- لە وڵووبە** و جوولەکانەوە

بنكەی ژین
www.zheen.org

* حیکمەت ئەمین: (١٨٩٩- هاوینی ١٩٤٦)، دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموول و ئەفسەری سپای عوسمانی بووە. پاشان بووەتە ئەفسەر لە لەشکرەکەی شێخدا. ماوەتەوە تا ١٩٢٧، کە ئیتر بووە بە ئەندازیار لە دائیرەی ئەشغال (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٣٣).

**ناوی شەو (چەمەك)**

ماجد وتی: لە سوارەکانمان زۆریان ڕۆیشتوون، ئێمە مانەوەمان دروست نییە، ئێستا هیچ کاروبارێك بەسەر شانمانەوە نییە، پێویستە بچین و تێکەڵ بە سوارەکان ببین. ڕۆیشتین، گەیشتینە سەر کارێزەکەی (حسێن جۆڵا).

شەو تاریك بوو، هەستی سوارێکمان کرد، ڕێگامان لێ گرت. دەنگمان دا، وتی: چەمەك، عادل ئەفەندی بوو. وتی: کەس نەما و بە غار ڕۆیشت و بەدوایدا شێخ ڕەشیدیش هات. هەردووکیان ڕایان کرد ڕۆیشتن، بەڵام تەقەی لای هێزی خۆمان زۆر بە گەرمی ئەبیسترا. لەبەر ئەوە زانیمان درۆیان کرد. جەنگ زۆر ترسناك بوو، گوللە بەلای ئێمەیشدا چزەچز ئەڕۆیشت. ئیتر کەوتینە هەوڵی ئەوەی هێزەکان لە ئێمەوە فەرمان وەربگرن. خۆمان گەیاندە پاشداری سوارەی پشدەری، شیوی (گردی سەیوان)، لەوێوە لکی جوولەکانیشمان ئاگادار کرد. یەك بە یەکتر بۆ (گردی شێخ محێدین) و (کانیی ئاسکان) و مەڵکەندی و (سابوونکەران)یشمان تێگەیاند. گەیشتە نیوەشەو سەعات ١٢، لە ناو شارا تەقە و هەرا ئێجگار زۆر بوو. دەنگی هاوار بۆ ژیانی شێخ مەحموود و شۆڕش زۆر بە بەرزی ئەهات، بە مەنجەڵ خواردەمەنی و ئاویان ئەدا بەو لەشکری پیادەیە کە گەیشتبوونە ناو شار. لە سلێمانیدا پیادەکانمان بڵاو بووبۆوە، بەڵام پێویست بوو کە لە کاتژمێری ١ی پاش نیوەشەودا بگەڕێنەوە و لە حکوومەت گەیەنرا گرتنەوەی سلێمانی ئاسانە، بەڵام فڕۆکەی ئینگلیز لە دانیشتووانی سلێمانی ناترسێت، وێرانی ئەکات.

**گەڕامەوە بۆ شاربازێڕ**

ماجد وتی: ئەحمەد تۆ بە پەلە بگەڕێرەوە، ئێستا عادل و شێخ ڕەشید بۆ پاكپەڕێزیی خۆیان شتی ڕاست ناڵێن، مەلیك و مەحموود خان و حەمەڕەشید بەگ و هەموویان زۆر لە ئەندێشەدان، تۆ بڕۆ بگەڕێرەوە، منیش هێزەکە ڕێك ئەخەم و ئەگەڕێمەوە. کە گەیشتمە سەر کەل، بیر و تێبینییەکەی ماجد ڕاست دەرچوو، هاتن بە پیرمەوە، یەکسەر چۆنیەتیی برینەکەمیان پرسی، وتم بریندار نیم. ئەی ماجد؟

---

** وڵووبە: دێیەکی نزیکی باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی.

ئــەویش برینــدار نییــە و بــە تــەواوی کارەســاتم بــۆ گێڕانــەوە، ســەریان ســوڕ مــا. دەستبەجێ فەرمانی بەندێتیی هەردوکیان دەرچوو. لە ترسی جەنگی ناوکۆڵان، شـێخ مەحموود بە خورتی و جەنگ نەیئەویـست سـلێمانی بگرێتـەوە، ئـەیزانی دانیـشتووانی شاری تێدا لەناو ئەچێت و تاڵان ئەکرێن، ئەکوژرێن.

**ڕاپۆری جەنگیی نهێنی:**

ژمارە: ١ لە قوماندەی هێزی سوارەی سوپایییەوە

ڕۆژ: ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢١

قوماندەی سوپایی- سیتەك

١- لەگەڵ ئەحمەد خواجە بۆ تێکەڵبوونی سـوارەکان چـووین بـۆ شـەونخوونیی سەر لە سلێمانی.

٢- لە ڕێگە تووشی فەرمانده عادل و یاریدەر شێخ ڕەشید بوون، فیراریان کرد. بـە ناچـاری ئێمـە کـارە پێـسـپێراوەکەیانمان گرتـە ســەر شـان وە ئەمـەیش دواییەکەیەتی:

١ بریندار: وەیسەی هەورامی.

١ کوژراو: وەیسەیی.

٢ ئەسپ: سوارەی سوپایی.

١ ئەسپ: سوارەی تایبەتی.

٣- بەبێ سووچ و گوناه لە گەڕەکی (جوولەکان) "یـەعقوبی حەسـەنەجوو" کـە لە تەمەنی ٧٠-٨٠ ساڵەدا بوو، لە لایەن هێزی جوولەکانەوە کوژراوە.

٤- بە پەلە فیشەك بنێرن.

٥- (نهێنییە)

دە ســەربازی پیــادەی ئەزمــەڕ لــەناو شــاردا ماوەتــەوە، شــەو ئەگەڕێتــەوە. عەرضتان ئەکرێت.

ماجد: قوماندار ی سوارەی عەسکەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

به ڕاستی شەو بۆ پێگەیاندنی فەرمانی فەرماندەیی ماجد، بە پیادەیی چووم بۆ بنکەکانی سابوونکەران و مەڵکەندی، زۆر ماندوو بووم، چزەی گوللەیش زۆر ئەیترساندم. "فەقی ئەحمەدی دڕەیی" پیر بوو، نەئەگەیشتە من. کە گەڕامەوە بۆ لای ماجد، کەوتم و ڕۆژی دوایی بە درێژاییی ڕۆژ تام لێ هات، ڕووم نەهات بە کەس بڵێم، چونکە یەکەمین جارم بوو کە جەنگی وا پڕ ترس و بەتین ببینم، نەوەك بڵێن ترساوە. شەو ماجد هات، ڕاپۆرەکەشی لە (سیتەك) دابووی بە ڕەضا بەگ. تێم گەیاند کە نەخۆشم، وتی: بچۆ هەتا ئەتوانیت بخۆ، گاڵتەی پێکردم.

فەرمانم پێدرا کە بە پێنج سوارەوە بچم بۆ (دزڵی) و خێزانەکە بهێنم بۆ (شێخەڵمارێن)، دێی خۆی (مەلیك). پاش گەیشتن بە شێخەڵمارێن، تەنیا لەگەڵ سوارێك مامەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی دابمەزرێن.

من ناوی ئەم دێیەم زۆر بەلاوە سەخت و سەیر بوو. مام کەریم ناو کە لە تەمەنی (٧٠) ساڵەدا بوو، لێم پرسی وتی: ئەمە وا نییە، مەئموورانی عوثمانی وایان لێ کرد. لەناو ئەم ئاواییەدا دەوەنی داربەڕوو وە مازوو زۆر بوو، هەڵئەپاچران، بۆ ئەوەی ڕاست و زوو پێبگەن پێیان ئەوت (شێخەڵی ماڵان)، ئەوان کردیان بە شێخەڵمارێن.

پاش دوو ڕۆژ گەڕامەوە بۆ بارەگاه لە کانی سارد. حکوومەتی سلێمانی بیستی کە خێزانەکە هاتۆتە شێخەڵمارێن، پاش چەند ڕۆژێك فڕۆکەیان بۆ نارد، بەڵام (چەمەك)یان بۆمباردمان کرد. پاش بۆمبا و مەترالیۆز بەکارهێنان، ئەسپێکی سەیید ئیبراهیم بریندار بوو، لەگەڵ ژنێك کوژراو. بەڵام ئەو منداڵەی بە باوەش ژنەکەوە بووبوو، بەبێوەی ڕزگاری بوو.

بۆ بینینی خێزانەکە چوومەوە بۆ شێخەڵمارێن، بە ڕاستی ترسیان زۆر بوو، چونکە دێی چەمەك نیو سەعات لێیانەوە دوور بوو، لە ئەندێشە و ترسدا بوون. شەو لە ئاواییدا بووین. پێش تاریکەوڕوون بردمن بۆ ئەشکەوتەکانی دێی (زییە)، نەوەك دووبارە فڕۆکە بێتەوە و بۆمبابارانیان بکات. پاش دوو ڕۆژ بەم دەستووره من گەڕامەوە بۆ بارەگاه.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەسەر ڕێگادا چوومە دێی (سوێرەڵە)* – (ڕەزائاوا)، ڕەضا بەگ بە ناساغی لە ماڵی کوێخا بوو و عیززەت نەجیب و سوارەکانیشی لە ئاواییدا بوون. بە ڕەضا بەگم وت: بڕۆرەوە بۆ سلێمانی وە منیش چۆنیەتییان بە مەلیك ئەگەیەنم وە هەروەها بە کاکە عیززەتیشم گەیاند، بەڵام هێشتیانەوە بۆ ماوەیەکی تر.

ئەحمەد بەگی موتەصەڕیف پیاوێکی دڵپاك و خانەدان بوو، بە درۆ باوەڕی زۆر بوو، وای ئەزانی هەموو کەسێك وەکوو خۆی ڕاستە. ئەوانەی ئەگەڕانەوە بۆ سلێمانی، هەموویان بە نامەی پارێزگارییەوە ئەڕۆیشتنەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ڕاستی بە موتەصەڕیفیان ئەگەیاند، وای ئەزانی شێخ مەحموود کەمدەست بووە و وردەوردە هەموو کۆمەڵەکەی ئەگەڕێتەوە. لەبەر ئەو ئاواتەی هەرچی ئەگەڕایەوە بە دووڕوویی ئیشی خۆی پێکئەهێنا و خۆی پێ دائەمەزراند.

بۆ ئەوەی منیش بگەڕێمەوە، ئەحمەد بەگ باوکمی حەپس کرد، بەڵام زۆر عەنتیکە بوو، ئەچوو دەستی ماچ ئەکرد و پێی ئەوت لە جێگەی باوکمیت، کەچی ئەیخستە بەندیخانەیشەوە. داوای نامەیان لێ کرد کە بۆم بنوسێت و بگەڕێمەوە، شێخ مەحموود کەسی بەزۆر و خورتی نەبرد و گلیشی نەئەدایەوە، لەبەر ئەوە هەزارانی وەکوو من ئەیتوانی بڕواتەوە و نامەی ڕزگاریش لە خۆی، شێخ مەحموود، وەربگرێت. جا باوکم ئەم نامەیەی بۆ ناردم: ((من ژیانم بە پاکی بردە سەر و تەواوبوون، تۆیش لە ڕێگەی باوەڕی پاکی خۆتدا بژی)).

لەوکاتەدا باوکم "خواجە ئەفەندی" لە تەمەنی نزیکەی (٨٥) ساڵیدا بوو. بابەکر ئاغا و "عەباس ئاغای سەلیم ئاغای پشدەری"** قوتابیی خۆی بوون وە زۆر بەڕێز ئەیانڕوانییە خواجە ئەفەندی، هاتنە سلێمانی هەر لە ڕێگەوە یەکسەر چوونە سەرای لای ئەحمەد بەگ وە ئەحمەد بەگیان برد و لە پاش دەستماچکردنی، هێنایانە دەرەوە، بردیانە ماڵەوە.

---

* چەمەك، شێخەڵمارێن، سوێرەڵە: دێی ناوچەی شارباژێڕ. ڕەنگە ڕەزا ئاوا دێیەکی تازەی سەردەمی قایمقامێتیی ڕەزا بەگ بێ.

** بابەکر ئاغا و عەباس ئاغای سەلیم ئاغا برا بوون.

لە (کانی سارد)ەوە بارەگاھ چوو بۆ (هەرمێلە)، (کانی هێستر). "ڕەمزی ئەفەندی" بە ٥٠ پیادەوە هێنرایە (شیوی ئاشان)* و عادل ئەفەندیش کرا بە یاوەری ڕەضا بەگ و لە بارەگاھ مانەوە. پاش دوو ڕۆژ لەسەر ویستنی شێخ جەلال برازای مەلیك، لەناو ئاواییی (هەرمێلە)ماینەوە. شەو سەربازێك هات، وتی مەلیك بە پەلە داوات ئەکات. بە پیادەیی ڕۆیشتم، لە ڕێگادا تووشی عادل و چوار سەربازی تریش بووم، ماوەی (١٥) دەقیقە ڕێگە گەیشتینە بارەگاھ و چوومە خزمەت مەلیك، فەرمانی بەندێتیم درا و درامە دەست بنکەی مەترالیۆز و فەرماندەیان "حەسەن ئاغا". ئیتر من لە کەلوپەل و ئەسپ و تفەنگ و سەعات و پارەم بێئاگاھ مامەوە. هەروەها ماجدیش هێنراو لەژێر چاودێریدا بوو.

حەسەن ئاغا زۆر چاکەی خستە سەرم. ڕۆژێك ئەم کارەساتەم لێ پرسی. وتی: تۆ چ ژوانێکت داوە بە "سەعۆلی خەلفە کەریم" کە نامەی چەپمەنی بۆ ناردوویت، نامەکەیش گیراوە. بە ڕاستی کەوتمە شەپۆلی دەریای لێکدانەوە، سەرئەنجام چی بێت، من هەرگیز شتی وام نەکردووە و ئاگام لەم کارە نییە. پاش (١١) ڕۆژ حەپسیم، کۆمەڵێ پرسیاری سوپاییم بۆ دامەزرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- ڕەضا بەگ.

٢- شێخ محەمەدغەریب.

٣- شێخ عەلیی سەرکار.

بۆ یەکەم پلە ئەم کۆمەڵە پرسیاریان لێ ئەکردم، ماجدیش لەو کاتەدا لەوێ دانیشتبوو. نامەیەکیان هێنا و خوێندیانەوە ئەڵێت: ((.. بەو نیشانەی لە چایخانەکەی نوعمان تفەنگەکانمان گۆڕییەوە، چەپمەنم بینی، وەرەوە)). داوای وەڵامیان کرد. وتم: من موتەصەڕیف و چەپمەن لەو کەسە زۆر باشتر ئەناسم و ڕێگەش نەگیراوە، چ وەختێك ئارەزوو بکەم بەبێ ترس ئەگەمەوە سلێمانی، بەڵام ئەو کوڕەی ئەم کاغەزەی بۆ من هێنا

* هەرمێلە، شیوی ئاشان: لە دێهاتی ناوچەی شارباژێرن. کانی هێستر، ساغ نەبووەوە لە کوێیە، بۆیە ڕێی تێدەچێ (کانیی وەیسە) بێ.

و بێگومان ئەبێت بمناسێت، بیهێنن. کوڕە بە دارکاری هەموو لەشی شکاوە، وتیان ئەحمەد ئەفەندی کامەیە کە نامەکەت بۆ هێناوە.

وتی: ئەوە ئێوە شێت بوون. نامەی چی و ئەحمەد ئەفەندیی چی؟ من شاگردی "حەمەی عەزەی چەکوش"م، شاگرد قەساب. ئەی ئەم کاغەزەت بۆ کێ هێناوە؟ ئەو بەدبەختەی بە دار کوشتمی، ئەم کاغەزەی دامێ و وتی بڵێ: بۆ ئەحمەد ئەفەندیم هێناوە، ئەگینا ڕزگار نابێت. من ئەچم بۆ کوێستان بۆ لای مێگەلی وەستام.

کار کەوتە ڕوو لەم وتووێژەدا کە ئەکرا، شێخ مەحموود خۆیشی دانیشتبوو ئەکرا. لەپڕ ڕاپەڕی، فەرمووی: هەموو شتێك دیاریی دا. ئەحمەد لێم ببوورە، ویستیان بتنێژن، بەڵام هیوادارم خۆیان بنێژرێن. کوڕە بەڕەڵا کرا و منیش سەربەست کرام. عادل چوو بۆ دزلێ بۆ لای خێزانەکەی کە هێشتا نەگەڕابوونەوە. لەوکاتەدا "شێخ فەرەجی بانی بنوك" هات تفەنگەکەی منی بەدەستەوە بوو، وتی عادل خەڵاتی کردووم، وەرم گرتەوە، بەڵام ٦٠ فیشەکم تێدا چوو، لەگەڵ زۆر شتی تر و پارەم.

ئەم کارەساتەم بۆ وێنەی پیاوخراپ پیشان دا، کە لە ئەنجامدا ڕیسواییی بەسەرا هات، بەسەر هەموو پیاوخراپێکدا ئەبێت بێت، بەڵام تەفرەقە و بەدکاری بە باڵمان بڕاوە. بە بۆنەی گەردوشێکی ناو دێهاتی شارباژێڕەوە شێخ مەحموود هاتە (شێرئاوێژە)[*]. بەرەو پایز ئەچین، بۆ نیشتەجێی زستان بیر کرایەوە، بڕیاری (کەندەسوورە) درا بۆ خێزانەکان، چونکە لە هەموو ترس و تووشییەك دوورە و جێیەکی سەختە.

فەرمانم پێدرا کە بچم بۆ (گۆڵێ)، بۆ بینینی حەمەصاڵح بەگی نائیب لە بەگزادە و ئەمیرەکانی بانە. ئێوارە گەیشتمە گۆڵێ، فەرمانی مەلیکم پێگەیاند، زۆری پێخۆش و سەربەرز بوو، وتی: ماڵ، گیان، لە بەرپێیاندایە. گەڕامەوە و وەڵامەکەم گەیاندەوە. ئیتر بۆ گواستنەوەی خێزانەکە فەرمان درا بۆ (پاشبەرد)[**] وە (کەندەسوورە)[***] و زۆر لە

---

[*] شێراوێژە: دێیەکی نزیکی دێی (هەرمن) لە شارباژێڕی تەخت.

[**] گۆڵێ، پاشبەرد: دوو دێی ناوچەی پێنجوێن.

[***] کەندەسوورە: دێیەکی ناوچەی بانە.

www.zheen.org بنکەی ژین

دێهاتەکانی بەشی بانە و پێنجوێندا بڵاو کرانەوە، بەو مەرجەی دێهاتی بانەیی بن. دایکم و مصطەفای برایشم لە کەندە سوورە دامەزران.

بارەگا چووە دێی (کەناروێ)، نزیک بە چوارتا کە حکوومەتی تێدا بوو. بەڵام مـن دانرام بە بنکەی شێخەڵمارێن. هاتوچۆ تا پشتی (مووبڕە) و (مامەخەلان) بە ئاوێتـەی لەشکری "شێخ محەمەدسەعیدی نزارە"یشەوە.

هـەروەکوو ڕۆژان گەیـشتینە پـشت دێـی (گـۆڕەدێم). دەنگـی فڕۆکـە و تەقـەی زۆرمان ئەبیست، لە چیا هاتنە خوارەوە بۆ دێی (سوێرەڵە)، کوێخا حەمەصـاڵح خـۆی ئامـادە کردبـوو بـۆ ڕۆیـشتن، وتـی: جـەنگ گەرمـە. ڕۆیـشتین گەیـشتینە پـشت دێـی (سنجەڵە)، بەڵام کەوتینە ژێر ئاوڕشێنی مەترالیۆز. گوللە بە جۆرێك پەرێـشانی کـردین ئاگامان لە خۆمان بڕا و خۆمان گەیاندە ناو بەردە گەورەکان، وڵاخمان بەجێ هێـشت. بە پیادەیی گەیشتینە دار و شەخسەکانی (مێکووکـان)* و نزیـك ئـاواییی چـوارتا. لـە ناکاو دیسان مەترالیۆز کـارێکی خراپـی پـێکردین و بـەبێ کوژانـەوە گـەلای بـەدارەوە نەهێشت. بە ڕاستی جەنگێکی زۆر پڕترس و خوێنڕێـژ بـوو، ئێمـە لـە هـۆو چـۆنیەتیی نەگەیشتبووین، تەنیا جەنگە و بەس.


نکەی ژین
www.zheen.org

لە کاتێکا لە هەموو لایەکەوە گوللـە ئـەبارێت، خەلیفـە یـوونس گەیـشتە لامـان، پەرێشان بە تایەکی زۆر خراپەوە، تینوو و ماندوو، ئاومان دایە حەسایەوە. لێم پرسـی ئەمە چییە؟ وتی: بارەگاه لە کەناروێیە دێیە. لە پێش بانگی بەیانیـدا لەگـەڵ صـابیر بەگ و یوونس ئەفەندی هاتین بۆ سەر کانییەکە. پیادەیەکی زۆرمان بەدی ئـەکرد دێـن بۆ ئاوایی. وامانزانی لەشکری خۆمانە و بە شـەو گەیـشتوون، زۆر نزیـك بوونـەوە. دەر کەوت بە بەرگی بادینانییەوە لەشکرێکی زۆرە و دێن. زانیمان بێگانەن، هـەر لـە پـشت کەڵەکە بەردی کانیەکەوە دامانئـە بـەر دەسـتڕێژ، گێڕامانئـەوە، چـونکە نەیانئـەتوانی لابدەن، ناچاری گەڕانەوە بوون.

---

* کەناروێ، مامەخەلان، سنجەڵە، مامەخەلان، مێکووکان، مووبڕە، گۆڕەدێم: دێهاتی ناوچەی شارباژێڕن.

بەڕاستی بگەیشتنایە ئاوایی تاکمان دەرنەئەچوو، چونکە ئێمە لە مێرگەکەی پشت ئاواییدا بێترس نوستبووین، زۆریان لێ کوژرا. دوو فڕۆکەیش هات، لە یەکەمین دەستڕێژا یەکێکیان لەناو خۆیاندا کەوت. زۆر بە نزمی هاتن، ئێستا شکستەیان ئەگاتە ئێرە، ئەگەڕێنەوە بۆ چوارتا. بەڵام لە (سەرسیر)* ەوە وچان نادەن چوا پێنج مەترالیۆز لەسەر سەرمان کار ئەکات.



* سەرسیر: شاخە بەرزەکەی پشت چوارتا.

سەرەتای شکستە گەیشتە لامان و لە هەموو لایەکەوە کەوتنە ژێر لوولـەی تفـەنگی شۆڕشـگێڕانی کـورد، کەوتنـە تەنگانـە و ناچـاری. بـە کـوردی بانگیـان ئـەکرد ئێمـەیش براتـانین، بـەڵام سـەیر ئـەوەبوو کـە ئێمـە کەوتینـە تەقـە لـەو شکـستەیە، ئـیتر لـە (سەرسیر)ەوە تەقە لەسەر ئێمە نەما و بانگیان ئـەکرد بیـانکوژن. بـە عـەرەبی و کـوردی بانگیان ئەکردین، لە برینـدارەکانیان چـەند کەسـێك بـەجێ مـابوو. تێگەیـشتین کـە ئـەم ئۆردووە ئاشووری (لیڤی) * بوون، بە بەرگی کوردیی بادینانەوە بۆ گرتنی شێخ مەحموود، جەنگاوەرەکانی سەرسیریش عەسکەری عیراقی بوون، بێگومان کورد و عەرەب.

لەگەڵ تاریکەی شەودا سەر لە ئێوارە لەناو دێی چوارتادا دواییـی جـەنگ هـات. بـە تاریکی گەڕاینەوە بۆ لای وڵاخەکانمان. شێخ حەمەسەعید وتی: لەم دێهاتـە وڵاخـەکانمان تێر بکەین و بگەڕێینەوە بۆ (شێخەڵمارێن). لە ئێمە دوو بریندار هەبوو: ١) "ئەحە قەڵـەو" لـە هـەردوو سمتـی و "گوڵمحەمـەد" کـە لـە تەمـەنی ٢٥ سـاڵەدا بـوو لـە پـووزی، لـە شـێخەڵمارێن برینـەکانیانم برژانـەوە. زۆر لـە ئەحـە قەڵـەو ئەترسـام بمرێـت، چـونکە زۆر ئەترسا، بەڵام گوڵمحەمەد گۆرانیی ئەوت و برینەکەی زۆر بە کەم ئەزانرا، بەڵام داخەکـەم لەگەڵ هەتاودا مرد و لە شێخەڵمارێن ناشتمان.

دێی شێخەڵمارێن چۆڵ بوو، لە ترسـی فرۆکـە دانیـشتوەکانی ئـاوایـیـان بـەجێ هێشتبوو و لە چیای پشت ئاواییدا ئەژیان. عادل ئەفەندی نازانم لە کوێوە هـات پەیـدا بوو، ئێوارە وتی: من ئەچـمە نـاو لادێییـیەکـان، بـۆ نەچـوونی تکـا و قـسەی ئێمـەی نەبیست، ڕۆیشت. پاش بانگی ئێوارە لە دوو جێگا دوو ئاگری زۆر بڵندی کردەوە. زۆر بـە ماندوویـەتی گەیـشتینە سـەر ئاگرەکـان وە کوژاندمانـنـەوە. ئەمـە بـۆ ئەوەیـە کـە

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* ئەم هێزە لە ١٩١٥ بەدواوە بە پلەی یەکەم لە مەسیحییە ئاوارەکانی تیاریی ناوچەی هەکاری پێـکهێنرابوو، ئەفسەری ئینگلیز سەرکردەییی کردووە و بەشداری هەموو شەڕەکانی ئەو ماوەیە بووە. ١٩٣٢ کە ئینتیدابی بریتانیا لەسەر عیراق هەڵگیرا، هەڵوەشێندرایەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیار درا هێزی ئاسمانیی ئینگلیز بۆ ماوەی ٢٥ ساڵی دیکە بمێنێتەوە، بە ناوی (هێزی بەرگریی ئاسمانی)یەوە مایەوە بۆ پارێزگاریی بنکەکانی عەسکەریی بریتانیا لە عیراق (بۆ زانیاریی پتر لە بارەیەوە، بڕوانە: العميد جي. كيلبرت بروان، قوات الليفي العراقية ١٩١٥–١٩٣٢، ترجمة د. مؤيد ابراهيم الونداوي، مؤسسة ژين– السليمانية، ٢٠٠٥).

لەشکرێکی ئاثووری و حکوومەتی چوارتای پێ ئەترسێت، بەڵام ڕاستیەکە نیشانە بوو بۆ ئەوەی بزانن بنکەی ئێمە لەم جێگەیە پێشتر نییە.

نەمئەزانی ڕەضا بەگ لە کوێیە، یەکسەر ئەم نامەیەم نووسی و ناردم بۆ مەلیك:

١. لە پشتی مێوەکان بەرەنگاری لەشکری ئاثوورییەکان بووین.

٢. شێخ محەمەدسەعید دە ڕۆژە هاتووە.

٣. لە سوارەی تایبەتی ئەحە قەڵەو بریندار و گوڵمحەمەدیش ئەمڕۆ بە برینەکەی مرد.

٤. دوو تفەنگی یانزەتیرمان دەست کەوتووە.

٥. ئەسپ و تفەنگ و کەلوپەلی گوڵمحەمەد لای کوێخا محەمەدی شێخەڵمارێن دانراوە.

٦. نازانم عادل ئەفەندی لەکوێوە هاتووە، ئێستا لەناو لادێییەکانی شێخەڵمارێن لە لاچیاکەیە و شەو دوو ئاگری کردەوە، کوژانمانەوە.

٧. پارەی حەفتەی سوارەکان نەهاتووە، لەگەڵ ئازووخەی (٦٥) سوارەدا، حەفتەی ٤٥ سوارەکانی تایبەتیشمان بۆ بنێرێت و چاوەڕێی فەرمانتانین. شێخ محەمەدسەعید و شێخ محەمەد و شێخ ئەحمەدی برای دەستتان ماچ ئەکەن.

ئەحمەد خواجە

١٩٢٤/١٠/٢٠

وەڵام: سەلام لە شێخ حەمەسعید و چاوی براکانی و هەمووتان ماچ ئەکەم. لەگەڵ تۆفیق ئاغا ئەم شتانەی خوارەوەتان بۆ نێررا. گەیشتنی بنووسنەوە. عادل ئەفەندی بچێتەوە بۆ لای عائیلەکەی.

مەحموود

| | |
|---|---|
| ٥٠٠ | ڕووپیە |
| ١ | فەردە شەکر |
| ١ | کیسە چا |

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢ بار نان

٤ گونیە ئارد (٢) بار

کاك عادل نامەکەی خوێندەوە وە ڕۆیشت.

سوارەی سوپایی و عەشایەر هەر تیپە لە جێگای پێسپێراوی خۆیدا بەرامبەر بە هێز و دەسەڵاتی حکوومەت ئامادە و چاوەڕێی لێدانی دوژمن بوون.

لە شارەزوور، قەرەداخ، لە هەرچوار لای سلێمانیدا ماوەی دامەزراندنی حکوومەتیان نەئەدا و دەسەڵاتداریان، هێزە ئاثوورییەکەی لیڤی لە چوارتا بە دڵشکاوی و سەرشۆڕی قەتیس مایەوە، داوای فڕۆکەیان کرد کە لەژێر باڵیدا بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی.

فەرماندەی ئینگلیزەکە بە قوماندانی لیڤییەکەی وتبوو: ئایا ئێوە بە بەرگی کوردییەوە هاتن بۆ گرتنی شێخ مەحموود و دوایی‌پێهێنانی شۆڕشی کورد، یان بۆ فێربوونی چەکبازی لە کوردەکانەوە؟ دوو فڕۆکەیان بۆ هات، لەگەڵ گزنگی هەتاودا بە نیگاهداریی فڕۆکەکان ڕوو بە سلێمانی چوارتایان بەجێهێشت. لە بناری گۆیژەدا بەرەنگاری سوارەی هەمەوەند "صابیر" بوون، گاڵەیان پێکردن، چونکە فڕۆکە توانای هیچ کارێکی پێنەئەکرا، تا نزیکەی بانگی ئێوارە و ئەوانیش لە ئەزمڕەوە سەریان دەرکرد.

لە هەمەوەندەکان ٤ بریندار و ٦ ئەسپ کوژرا، لە ئاثوورییەکان بریندار و کوژراویان بەجێنەما. بەڵام بەپێی نامەی باوەڕپێکراوان لە سلێمانی ٢٠ کوژراو و ٣٠ برینداریان بووبوو و لە پاشدارەکەیان ١٠ ئێستر بە باری فیشەك و کەلوپەلەوە گیرابوو، لەم جەنگە خوێنڕژاندن و ترسناکەدا فڕۆکە نەیتوانی هیچ چەپۆکێك بوەشێنێت.

چوونم بۆ (کەندەسوورە) پێویست بوو. شێخ محەمەدسەعید و سوارەکانیم ناردەوە بۆ (نزارە)* و سوارەکانی خۆیشمم نارد بۆ دێی (ڕەندێنە)** و (چەمەك). پاش دوو ڕۆژ چووم بۆ کەندە سوورە، لەبابەت کوشتنی منەوە دەنگ بڵاوبووبۆوە، بەڵام لە دایکم و مصطەفای برام بە پەنهان گیرابوو. بەو کاغەز و پیاوەی لەوەپێش

---

* نزارە: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

** ڕەندێنە: ڕەنگێنە، دێیەکی ناوچەی شارباژێڕ.

ناردبووم وە وەڵامیشم وەرگرتەوە، باوەڕ نەکرابوو. بەو چوونەم ئەو باسەیش بەسەرچوو و لە پاش دووسێ ڕۆژ فەرمانم پێدرا کە بە سێ سوارە بچم بۆ بازیان بۆ ناردنی ئازووخە لە گەنم و جۆو برنج. لە دوای ئامادەکردنی بارخانە و پێش گەیشتنی ئێسترەکان، عەبدوڵڵا "عەبەکۆڵ" هات و نامەیەکی پچووکی بە دەستنووسی باوکم بۆ هێنام: حکوومەت بڕیاری دا بە گرتنت، کەریم کاکەزاڵ* بە ١٠٠ سوارەوە ئامادە کراوە، ئیمشەو ئەدەن بەسەرتا لە (داریکەلی) بتگرن و پاش دوو سەعاتیش لە (سەرزەل)** یشەوە پیاوێك هات، وتی: کەریم ئاغا کاکەزاڵ ئەڵێت بڕوات لە داریکەلی نەبێت. ئیمشەو ئەدەین بەسەریا.

ئێمە داریکەلیمان بەجێهێشت. هاتن، پاشنیوەڕۆ گەڕانەوە بۆ سلێمانی–٩٢٤/١٠/٢٩. پاش چەند ڕۆژێك بیستم کە کەبتان "گاون"*** و ٣ ئینگلیزی تریش هاتوونەتە (تەنگیسەر) بۆ لای شێخ قادر. بڕیارم دا کە لە گەڕانەوەیاندا پیلانی گرتنیان پێك بێنم. بەڵام لە ناکاو لە لایەن "حەفصەخان"ەوە ئەم نامەیەم بۆ هات.

برای خۆم ئەحمەد ئەفەندی

خوا ئاگادارتان بێت. لە مژدەی خۆشیتان هەمیشە خۆشحاڵم. تائێستا هیچ برنجت بۆ ناردین. برام چەند میوانێکمان هەیە. لە گەڕانەوەیاندا بۆ سلێمانی، ئەبێت زۆر ئاگاداریان بکەیت، تاوەکوو بە سەلامەتی بگەنەوە

---

* سەردەستەی مەفرەزەی پۆلیسی حکوومەتی عیراق بووە.

** سەرزەل: دێیەکی ناوچەی قەرەداخ.

*** گاون (گووان): لە ١٩١٩دا قونسڵی ئینگلیز بووە لە کرماشان. لە ١٩٢٦دا لە جێی کاپتن لاین بە وەکالەت موفەتیشی ئیداریی لیوای سلێمانی بووە. لە ١٩٢٩/٦/١٣دا هاتوەتە جێی "کاپتن لاین"ی موفەتیشی ئیداریی پێشوو و ساڵانێك ماوەتەوە ("ژیان"، ژمارە ٣١، ٢ی ئەیلوولی ١٩٢٦، ل٣؛ ژمارە ٤٣، ٢٥ی تشرین ثانیی ١٩٢٦، ل٣؛ ژمارە ١٨٠، ١٩٢٩/٦/٢٠– لە: ڕۆژنامەی ژیان، ب١؛ ڕۆژنامەی ژیان، ب٢، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣؛ شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کرد و کردستان وتوابع، چ٣، ج٢، ص٣٨٠).

سلێمانی و چاوەڕێم کە شەوێك تەشریف بفەموون "سەیید ئەحمەدی چایچی" ئاگادارمان بکات.

خوشکت: حەفصە

١٩٢٤/١١/٥

لەگەڵ بارە ئازووخەکاندا ئەم نامەیە و چۆنیەتی کارم نووسی و پێشکەشم کرد. بۆ دوو جاری تر کاروانی هەر چل ئێسترەکە بارم ئامادە کرد و لە پێش وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکەمدا دوو بارم برنج نارد بۆ تەنگیسەر، شەویش خۆم بە تەنیا سوارە چووم. لە پاش بینینی حەفسە خان، شێخ قادریشم بینی، زۆرم قسە لەگەڵ کرد وە نەگەیشتنە مەرام.

پاش ئەوەی کە ئیشم تەواو بوو، داریکەلیمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە. لە دوو جێگا تووشی تەقە بووین، بەڵام لەدەم دەربەندی گۆیژە زەویی چراغ* خراپ تووش بووین، خۆیشمان نازانین چۆن ڕزگار بووین وەیان چی ڕزگاری کردین، چونکە تێکەڵ بە پیادەی عەسکەری حکوومەت بووین، بەڵام دوژمنەکەمان ئازا نەبوو. گەیشتمەوە (چەمەك)، لەگەڵ سوارەکان کۆ بووینەوە. بەفر زۆر بارییبوو، ماوەی دەرچوونی وەڵاخ نەبوو، نە لە (ڕەندێنە) و نە لە (چەمەك). باشتر جێگەم نەئەدۆزیەوە کە تێیدا گوزەران بکەین، لادێییەکانیش ئەوەندیان بەبەرەوە نەمابوو کە بەبێ یارمەتی بتوانن ئەو زستانە ئازووخەی خۆمان و وڵاخەمان بدەن. نامەم پێشکەش بە مەلیك کرد، چۆنیەتیی خۆمانم بە تەواوی پیشان دا و بە شەو بەفرەبەسەر** لەگەڵ دوو چەکدارا ناردم بۆ (کەندەسوورە)، پاش حەوت ڕۆژ ئەم وەڵامەم وەرگرتەوە:

بۆ نوور چەشمی ئەحمەد ئەفەندی،

کاغەزتان گەیشت، زۆر لە هەڵمەت و خەدەماتی صادیقانەتان مەمنوون ،

جددەن سەعی و تێکۆشینتان شایانی تەشەکورە. خوا هەمووڵایەك لەسەر خێر

---

* چراغ: پەناگە.

** بەفرەبەسەر: بەفری سەهۆڵکردووی پەستراو کە مرۆی تێناکەوێ.

مۆفەق بکا. ئەگەرچی ئیمڕۆ لەبەر بەفر ڕێگا مونقەطیعە (بڕڕاوە)، فەقـەط بـۆ پیادە ڕێگا هەر ئەبێ. ئیتر لازمە هەموو ڕۆژێك پیـاو ڕەوانـەی سـلێمانی بکـەن، خەبـەری ڕاسـتی لـە دوژمـن و ئـەحواڵی و حـەرەکاتی وەر بگـرن و ڕەوانـەی (پاشبەرد)ی بکەن، لەوێوە بۆ ئێمە دێت. ئـەوا لەپـشتەوە لیـستەی تـەوزیعات گیرا، کە تەحصیلات کرا، بـەپێی ئـەو تەوزیعاتـە مەعاشـی خۆتـان و سـائیرین صەرف بکەن.

هیچ وەختێك لە ئەحواڵ و ئەخبار نابێ فەرامۆشمان بکەن. ئیتر چاوی هەمووتان ماچ ئەکەم.

٣ی کانوونی ثانیی ٩٤٠ [١٩٢٤]

مەحموود

بـەبێ ئـەو پەیوەسـتەی کـە لەگـەڵ باوەڕپێکراوەکـانی نـاو سـلێمانیدا هـەبوو و نامەکانیان لەلام کۆ بووبۆوە و بەتەواوی و ڕێكوپێکی نەئەتوانرا لەگەڵ (کەندە سـوورە)دا تێگەیشتن بێت. بڕیارم دا بۆ وەرگرتنی ماوەی دەیـەکی دێهاتـە نزیکـەکانی شـارباژێڕ کـە موڵکی خۆیانە"شێخ مەحموود"، بچم. ئەو ماوەیەم کۆ کردەوە و ئەوانەی هەژار و نـەدارا بوون، نامەی لێبوردنم دانـێ وە گەڕامـەوە بـۆ (چـەمەك). ڕێگـای شـێخەڵمارێن– چـەمەك لەبەر زۆریی ئاژەڵ نەئەبەسترا. ناچار بوون کە هەموو ڕۆژێك لادێیـیـەکـانی (چـەمەك) و (سپیدارە)*، بچن لە دیوی سپیدارە، بچن لە دیوی شـێخەڵمارێن خورشـتی ئـاژەڵ بهێـنن. پارەکەم بەسەر سوارەکاندا دابەشکرد و خۆم و یـەك چـەکدار بەفرەبەسـەر ڕۆیـشتین بـۆ (کەندەسوورە). شەو زەوی یەکپارچە سپی، لە ڕێگا و بەبێ ڕێگـادا بـەرەو کەندەسـوورە کەوتینە ڕێ. بـە ڕاسـتی مانـدوو بـووین، وەکـوو کـوێر بـەبێ هـەدەف ئەڕۆیـشتین. شـەو گەیشتینە ئاوایی، چـووینە بنکـەی پاسـەوانانی شـەو، زۆر سـەرما بـوو. مانـدوو و برسـی بـووین. پـاش حەسـانەوە و ڕۆژبوونـەوە، چـوومە ماڵەکـەی خۆمـان و لـە پاشـان چـوومە خزمەت مەلیك، چونکە پێی خۆش بوو. ئەوەی پێویست بوو و نامـەکان پێـشکەش کـرا و

* سپیدارە: دێیەکی ناوچەی سیوەیلی شارباژێڕ.

جێبەجێ کران. چاوەڕێی هاتنی سەرهەنگی بانەی ئەکرد. (کەندەسوورە) بە تەواوی لەسەر هێڵی ئێرانە، بۆ گفتوگۆ ئەهات بۆ بینینی مەلیك.

نازانم چۆن گەیشتە (کەندەسوورە). ڕێگا لە بەفر لووس بووبوو، کەند و کۆسپ وەکوو یەك دەبینرا. لەگەڵ بانگی ئێوارە گەیشت. شێخ مەحموود و مەحموودخانی سەرهەنگ دووبەدوو قسەیان کرد. لەبەر ئەوەی فەرمانم پێ نەدرا کە بچمە ناویان، ئاگاداری گفتوگۆیان نەبووم.

ڕۆژی دوایی سەرهەنگ گەڕایەوە بۆ بانە، خۆی بە سواری ئێستر و چەند پیادەیەکی لەگەڵدا بوو. پاش بەڕێکردنی ئەم میوانە، فەرمووی ئەم ئیعتیمادنامەیەت ئەدەمێ و ئەچێتەوە بۆ (چەمەك). سوارەکان تێبگەیەنە تا خۆم لێیان ئەگێڕمەوە نەبزوون و لەودیو بچۆ بۆ بانە لای سەرهەنگ، تۆ نوماینده ئەبیت بۆ بەجێهێنانی کار و پێویستی خۆمان و ماوەی هیچ خراپە و دڵئاوردەییی حکوومەت نەدرێت.

کاروباری سوارەکانم تەواو کرد و شەو لەگەڵ مصطەفای برام و سوارە ئاغا –کە شارەزا بوو– ڕۆیشتم بۆ بانە. ڕۆژ هەتاو و ڕچەی کاروان زۆر خۆش و لەبار بوو. لە کاتژمێری ٩ی پێشنیوەڕۆدا لەسەر دەشتی (کانیی دزان) لە ماوەی نیو سەعاتدا ڕۆژمان لێ بوو بە شەو، ڕچە پڕ بۆوە. بەفر بە جۆرێك ئەباری کە هەرگیز نەماندیبوو و نەمانبیستبوو. دەستمان لە ژیان شت. نەمانئەزانی لەکوێین و بۆ کوێ ئەچین. هەر تاوتاوێك ئەوەندە بەفر ئەکەوتە سەر سەرمان، ملمان هەڵینەئەگرت. ئەسپەکانمان ماندوو بوون و وێستان لە بەفر بڕین. هیوای ژیان نەما، بەڵام ڕۆژمان تەواو نەبووبوو، لە ناکاو نزیکەی ١٥ مرۆڤی چالاك لە بەردەمی وڵاخەکانماندا پەیدا بوون، کەوتنە پێشمان، شەو گەیاندینیانە دێی (چیچۆران)* بۆماڵی ناسیاوێکی مستەفا ئاغا. وەکوو مردوو یان شەختەیەکی سەهۆڵ دایانبەزانین، من ئاگام لە خۆم نەبوو بە ڕاستی. زۆر میوانداریيەکی بەڕێزیان کردین و ئەو پیاوانەیشم نەبینییەوە و نەمزانی کوێندەرین.

---

* چیچۆران: دێیەکی بەخشی نەنۆڕی ناوچەی بانە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە لە هەردوو پێم لای دوو پەنجەم سڕ بوو، لەم دوایی‌یەدا بوو بە دەردی بێدەرمانی–باداری (ڕۆماتیزم) وە پێوەی ئەناڵێنم.

گەیشتینە بانە بەر یەکەم چایخانە (چایخانەی مەلا عەبە). مەلا عەبە وتی: ئەمە چەند ڕۆژە قۆناغت بۆ ڕێك خراوە و دایکت هاتووە و چاوەڕێی تۆین. چوومەماڵەوە، وتی: مەلیك ئەم کاغەزانەی داوە بە من کە تۆ بیگەیەنیت بە جێگای خۆی.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ بینینی سەرهەنگ، زۆری پێ‌خۆش بوو، نامەکانم گەیاند. ضابط و کاربەدەستەکانی کۆکردەوە و منی پێیان ناساند کە نوماینەدەی شێخ مەحموودم. لە پاش ئەوەی دووبەدوو ماینەوە، وتی: ئەمە نیشتمانی ئێوەیە، ئێران ئێرانی خۆتانە. ئێمەیش ئامادەی بەجێ‌هێنانی هەموو فەرمان و فرمانێکتانین. بردمی بۆ بینینی ئیدارەکان، گێڕامی، یەکەمین نووسراوی سەر دەرگام بینی. نووسرابوو (ئیدارەخانە ٔ گمرگ کردستان). واقم وڕ ما، وتم: ئێمە عەودالّی ئەم ئاواتەین. کەچی لە ئێرانە و نازانین، ئیتر هەموو ژوور و دائیرەم وا بینی. زۆر بەڕێزەوە ئێمەیان ئەبینی. لە هیچ پێویست وە یان هاتوچۆیەك بەربەستیمان لێ نەئەکرا. هەمیشە بە چاوی خۆیی ئەیانڕوانییە هەموو یەکێك لە ئێمە.

ڕۆژی ٢٠ی شوباطی ١٩٢٥ بۆ تەواوکردنی کەموکووڕی و کڕینی هەندێك لە پێویستییان، ئەم میوانانەم لە (کەندەسوورە)وە هات:

١– ماجد.

٢– ڕەمزی.

٣– جەلال ڕەشید ئەفەندی.

٤– صەبری ئەفەندی.

٥– کەریمی جاو.

چەند ڕۆژێك بە خۆشی ڕابوێرا، عادل ئەفەندیش هات. ضابطە ئێرانییەکانیش زۆر تێکەڵمان ئەبوون و بە چاوی میهرەبانی و برایی لەگەڵمان ڕایانئەبوارد، هەموویان میوانی من بوون. عادل زۆر هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتە سەرهەنگ، من ماوەم نەدا، چونکە ئەمزانی گۆبەنگێکمان بۆ دروست ئەکات، باش بوو زوو گەڕایەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام ئەوەی دەردی منـی گـران کردبـوو، هـاتنی مـەلا فـەرەج بـوو. نـازانم ئـەم مەینەتیە چۆن هات بە سەرما. ڕۆژێك لە ناكاو گەیشتە ماڵەوە، ژوورم بۆ ڕێك خـست و ڕەشەم بۆ تەرخان كرد بۆ هاودەنگی و خزمەتی، بەڵام ڕووبەڕوو وتی: ئەم لۆزەنـدەرە چی لێ بكەم. بزانە كارەكەرێك، كەنیزەكێكم بۆ پەیدا بكە. زۆر سەخڵەتی كردم. بـەفر زۆر بوو، سەرماوسۆڵە ئێجگار بەتین بوو، شەو بەستەلۆك و زوقم و بە ڕۆژیـش دەرەوە نەئەبینرا. حەمەئەمین هات و نامەی مەلیك گەیشت:

عەزیزم ئەحمەد، من ڕۆیشتم بۆ شاربازێڕ، بە هەموو چـەكدارەكان كـە لـە بانـەن بگەیەنە پێیان بە پەلە بگەڕێنەوە و تۆیش وەرەوە لەگەڵ ماجد، هەمووتان بەیەكـەوە وەرنەوە. ئیتر خواتان لەگەڵ.

مەحموود

٢٥ی مارتی ١٩٢٥

لە (بانە)دا نزیكەی ٢٥ چەكدار بـە خێزانـەوە وە ٣٠ چـەكداری سـەڵت هـەبوو، پـێم گەیانـدن. بـەڵام –پـاش دوو ڕۆژ خۆڕێكخـستن– ئێمـەیش توانیمـان شـەو بەفرەبەسـەر بگەڕێینـەوە، چـونكە ئیشوكـار لای سـەرەنگ و ئامـادەكردنی كاڵـە و پێتـاو، گۆچـانی یەخبڕ*، هەمانەی تێشوو پێویست بوو تەواو بكرێت. شەوی ٢٧/٢٨ی مـارت كەوتینـەڕێ. دایكم لە بانە بەجێهێشت لەگـەڵ ڕەشـە و مابینەكـەم، چـونكە بـەفر مـاوەی دەرچـوونی نەئەدان، بەجێم هێشت. ئێمە گەیشتینە (كەندەسوورە). شەو ماینەوە. لەبـەر زرمـەزرمی بەراز و ورچ و سەگ هەتا ڕۆژ نەنوستین.

بۆ (سیاگوێز)، شەو ماینەوە، ڕۆژی دوایی نیوە ڕۆژ لە (گۆڵێ) بـووین. (سـپیدارە)، "باباعەلی" لە ماڵی قادر ئاغا بوو. ئێمەیش ئـەو شـەوە ماینـەوە، زۆر مانـدوو و پەرێـشان بووین، چونكە بە پیادەیی و لەناو بەفرا ئەڕۆیشتین. ئیتر لـە شـێخەڵمارێنەوە بـەفر نـەما، هەر بە پیادەیی چنگیان پووشێن، گرێزە، گەیـشتینە بارەگـا و تێكـەڵ بـە سـوپا بـووین. پاش چەند ڕۆژێك بارەگاه چووە (سەراوی سوبحان ئاغا).

---

* یەخبڕ: سەهۆڵشكێن، شەختەبڕ.

پاش چەند ڕۆژێکیش لەم بارەگایە، مەلا فەرەج بە سواری ماینەکەم لەگەڵ ڕەشە گەیشتنە لامان. ماین جەدەو و برینەدار و پەرێشان لەژێر "مەلا فەرەج"دا نەمناسییەوە. لەناو شێخ سمایلییەکاندا گۆڕیمەوە بە ئەسپێك. کە چووینە (قلرخ) ناو شێخ سمایلییەکان، لە ڕەشماڵدا بوون. ئێمە پتر لە (٣٠٠) سوارە بە ئاواییدا بڵاو بووینەوە. کۆمەڵەکەمان سەرپەل، ضابطەکان بووین، ڕوومان کردە ڕەشماڵێك، بەڵام چۆڵ، پۆشتە و ماڵێکی لە دەوڵەمەند ئەچوو. دابەزین هەر هەشت ئەسپەکانمان داکوتا و بێخاوەنماڵ دانیشتین. پاش ماوەیەکی کەم ژنێك بە کوندەئاوێکەوە هاتەوە، پاش دانانی کوندەکە لەسەر هەرزاڵەکە و خۆڕێکخستنەوە، هات و خۆشهاتنێکی زۆری کردین. حەوتجۆش و پێویستیی چالێنانی هێنا و ئاگری کردەوە و خۆی ڕۆیشت، پاش ماوەیەك کاوڕێکی چوارپەل بەستراوی بەسەر شانەوە بوو، هاتەوە. چەقۆیەکی گەورەی هێنا، وتی: ((بم وە سیاقەتان، ئەم چەقۆیەم بۆ تیژ بکەن، چونکە بە دەستی ژن تیغ تیژ نابێت)). چەقۆ تیژ کرا و چوو مێکوتی دەوارەکەی خستە ناوگەڵی خۆی و مەڕەکەی سەر بڕی، فووی دا و بە سێپای مەشکەکەدا هەڵیواسی و سپیی کرد، خستیە سەر ئاگر، دەستی کرد بە هەویر شێلان و نانکردن، هێشتا برسیمان نەبووبوو. پڵاوساوەر و گۆشتاوێکی زۆری پیسێشکەش کردین، لە خۆشهاتیکردنمان مەپرسن، لێمان پرسی بۆچی ئەو مێکوتەت هەڵگرت، خۆ ئاوس نیت، وتی: ژن تیغی لەسەر نییە، بەو میکوتە خۆم کرد بە پیاو. ئەم باسەمان بۆ مەلیك گێڕایەوە، زۆری پێخۆش بوو، لە کاتی ڕۆیشتندا ڕووی کردە دەوارەکە، لە دەستەسڕەکەیدا دە لیرەی زێڕی بۆ هاویشت، کە ژنان عەودالی مووی کلکی ئەسپەکەی بوون، بۆ پیت و پیرۆزیی ژیان و کۆششیان ((مەردی و ئازایی بۆ ژن و پیاو جیاوازیی نییە)).

چووینە خورماڵ و گەڕاینەوە بۆ ناو (سرۆچك)*. لە (مۆریاس)** دوو ڕۆژ میوانی شێخ مەحموودی شێخ عەلیی دەرەمیانە بووین و لەوێوە بۆ (بەرزنجە) و بۆ شارباژێڕە

ژنکەی ژین
www.zheen.org

* لە شاربازێڕە.

** مۆریاس: دێیەکی ناوچەی قەرەداخ.

کلۆڵەکەی خۆمان و پێنجوێن. من لەگەڵ سوارەکانی تایبەتی مەعییەت یەکدیگیر بووینەوە و لە شێخەڵمارێن بووم. شەو ماجد و کەریم بەگ هاتن و ئەو فەرمانەی کە بۆ ژمارە و ساندنی زەکات دەرچووبوو، پیشانیان دام و وێنەکەی خۆمم وەرگرت، بەم چەشنە فەرمان درابوو: بەو مەرجەی لە ٤٠ سەر، پارەی یەك سەر ژمێرە بکرێت و نرخی ئەو سەرە پارە بسێنرێ. ئەم تەرتیبانە کرابوو.

١. کەریم بەگ: وارماوە و بەشی ئەوبەری تانجەرۆ.

٢. ماجد: لە عەربەتەوە تا زەڵم.

٣. ئەحمەد خواجە: لە عەربەتەوە تا (قرگە).

پاش تەواوکردنی ئەم فەرمانەی بەشی یەکەم:

١. کەریم بەگ: سەرچنار تا تابین.

٢. ماجد: قەرەداخ.

٣. ئەحمەد خواجە: بازیان.

هەر کەسە بۆ سەر کار و پێسپێراوی خۆمان ڕۆیشتین. لە پاش تەواوبوونی ئەو ناوچانە، بەسەر ڕۆژئاوای سلێمانیشدا دابەش بووین، بە فەرمانی دووەم فەرمان درا.

لە شێخەڵمارێنەوە یەکسەر هاتم بۆ (قرگە). ڕۆژی دووەم کە ڕان و مێگەلیان ئێوارە هاتەوە، دەستمان کرد بە ژمێرە. لە ناکاو کابرایەکی وێڵەدەری بە پەنهانی تێیگەیاندم کە سوارەی حکوومەتی پشتی ئاواییان لێ گرتووین، پێویستە چارەیەکی خۆمان بکەین. نەمتوانی هەموو سوارەکان تێبگەیەنم، لە ئاژاوەی ئاوایی ترسام، نەوەك یاریدەی حکوومەتییەکان بدەن. ئەو دە سوارەی لای خۆم بوون، ئاگادار کران، زۆر بە شێنەیی سوار بووین، بەرەو ڕوویان چووین. یەکێك لە سوارەکانی لای من "نەریمان باشۆکی" یەکەمین سوار پەلاماری دا، بەڵام –بەبێ ئەوەی ئێمە لە چەندێتی و یان چۆنیەتیان بزانین– کردمان بە تەقە و هەڵڵا، زۆر ڕووداوێکی نەبینراوم بینی. هەروەکوو ئێمە لەوان بێئاگاھ بووین، ئەوانیش هەروا ئێمەیان بە هێزێکی زۆر گەورە ژمارد، بەبێ خۆگرتن بەرەو سلێمانی کەوتنە لنگدان و ڕاکردن. من لە (٥٠٠) سوار کەمتر خەملم نەئەکرد و سوارەکانی خۆیشمانم پێ نەئەگەڕایەوە، بە ناچاری دوایان

بنکەی ژین
www.zheen.org

کەوتم. تەنیا دوو سواریان لێ گلا و بە چەك و وڵاخیانەوە گیران، تـا ناوشـار لەسـەریان هاتین بەپێی کوشتار لە هەردوولا، ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو.

شەو گەڕامەوە بۆ (قرگە)، سوارەکان زۆر لە ئاژەڵەکانیان ژمـارە کردبـوو. زانـیم کە زۆریشیان شـاردۆتەوە. بـەڵام بـۆ ئـەوەی لـە پـێش کـاری پێسـپێراوماندا تووشـی بەربـەرەکانی نـەبین و تـەواوی بکـەین، بـە دەمـبڕ قرچـانمان* و قۆچـانم** دانـێ تـا گەیشتینە دێی (کۆزەڕەقـە)، قۆچـانی دێهاتـەکانم بـڕی و لـەو مـاوەی مۆڵەتـەدا پـارە ئامادە بکەن و لە گەڕانەوەدا لێیان وەر بگرم، ڕاسپێریم کردبوو.

لە سوارەکانی خۆم و تۆفیق حسێن ئاغا بە ١٩ سوارەوە چـووینە (کۆزەڕەقـە)*** . من لە ماڵی کوێخا مەولوود میوان بووم. لە لایەن ئێـشکگر و پاسـەوانەکانەوە کـوڕێکی لاو گیرا و هێنایان. وتی کاك ئەحمەد من جاسووسم، ناردومیان بە شوێن تۆدا بگـەڕێم. بزانـە (سوپای میری پیادە و سوارە و جاشپۆلیس و پۆلیسی پیادە و سوارە) بە کۆمەڵ دوێنێ لە شار دەرچوو، ئێستا لە (قرگە) و (داربەڕوولە)****ن، لەگـەڵ گزنگدا ئەگەنـە سـەرتان. ئیتر خۆتان کاری خۆتان ئەزانن. ئینجا ئێوە من ببەستنەوە بەجێم بهێڵن.

من ئەم قسانەم بە فڕوفێڵی ئاوایی زانی بۆ ئەوەی ڕانەکانیان لە ژمارە ڕزگار بکەن، کـە لـە پـشتی ئـاوایی مـۆڵ درابـوون. بـەڵام دیـسان لـێکم دایـەوە پێویـست بـوو کـە کارئامادەییەك بکەم، نەوەك ڕاست بێت. سوارەکانم دەنگ دا، ئالیك بە وڵاخ درا و خۆیان ئامادە کرد. لەگەڵ ئەوەی کە هەموومان ١٩ سوار بـووین، سـوارەکانمان زۆر دوور بـوون، بڕیاری جەنگ و بەرەبەرەکانێیان دا، منیش بە باشم نەبینی پێچەوانەی ئارەزوویان بکەم، چونکە هەموویان بڕیاریان دا کە ڕێگەیان نەدەن و تا مردن بجەنگێن.

لەگەڵ تۆفیق ئاغا بڕیارمان دا کە خۆی و (٨) سوار بچن بۆ گردەکـانی (بووتانـە) و منیش لەگەڵ (١٠) سوار بچم بۆ شینکەکانی (خەراجیان). لە پێش گزنگدا سوار بـووین وە

---

* قرچاندن: قرساندن، قەبڵاندن.

** قۆچان: بەڵگە و قەواڵە.

*** کۆزەڕەقە: دێیەکی سەر بە ناحیەی عەربەت، لەسەر ڕێی سلێمانی– عەربەت.

**** داربەڕوولە: دێیەکی ناوچەی تانجەرۆ.

پێشداری حکوومەتیش نزیکەی (١٠٠) سوار گەیشتنە سەر کانی و گۆڕستانەکەی ئاوایی. لەگەڵ یەکەم دەستڕێژا گەڕانەوە و ئێمەیش گەیشتینە سوپێرەکان.

وڵاخەکانمان درایە دەست "مەجیدی قالەی حەمامچی"*. لە کاتژمێری ٢,٥ی بەیانیدا گەیشتنە ئاسۆگەی پشت ئاوایی. ئێمە تەنیا ئەمانتوانی بە تاکە تەقە نەیەڵێن خۆیان و مەترالیۆزیان دامەزرێنن، بەڵام تا سەعات ١٠,٣٠ جەنگی بەرامبەریمان بێسوود بوو. پاش ئەوەی "نادری حەمەی ئیمام" زامدار بوو، بۆیشمان دەرکەوت کە هێزی سوارەی سوپایی و پۆلیس لە لای خوارووومانەوە ئەیانەوێت ئابلۆوقەمان بدەن، ئیتر بە هۆی زیاتر لە دووسێ کەس کە نەهات بە دەنگمانەوە، ئێمەش ناچار بووین بە خۆدەرکردن بۆ (بووتانە)، ١) فیشەکمان هاتە کزی، ٢) نادر بریندار بوو، ٣) هێزەکەمان زۆر کەمە و ئەیانەوێ ئابلۆوقەمان بدەن و زۆر شتی تر. بەو ناچارییە جێگەمان بەجێهێشت و ئاوێتەی هێزەکەی تۆفیق ئاغا بووینەوە لە بووتانە.

سوپای حکوومەت هاتنە ئاوایی. ماوە دوور بوو، دوورەتەقەیش بێسوود بوو. ئێمە هیوامان بڕی، زۆر ترسی فڕۆکەمان هەبوو، چونکە جێگاکەمان بە ڕووتەن و بەرزییەوە بوو. پاش ماوەی یەك سەعات ماجد بە سوارەکانی خۆی و سوارەکانی تریشمانەوە هاتن، هەروەها کەریم بەگیش گەیشت، چونکە لە (موان) کۆبووبوونەوە.

سەرۆکی درا بە کەریم بەگ. بەم پێیە، سوارە دابەش کرا، لە هەموو سوارەکانی کە ١٢٠ سوار بوو، نزیکەی ٦٠ سواری هەڵبژارد بە ناوی ڕیتاڵییەوە** ئەو سوارانەی کە بێکارە بوون لە چەك، وڵاخ نێرران بۆ (پووشێن). تا چایخانەکەی قرگە سوارەکان دابەش کرا بەسەر گردەکانی پشت ڕێگا و ئاواییەکاندا و سەعاتی هەموومان هێنرایە سەر ٢ی پاشنیوەڕۆ و فەرمان درا لە کاتژمێری ٤ پاشنیوەڕۆ ورووژم ببرێت بۆ سەر ئاوایی و سوپاکەی ناو (کۆزەڕەقە) ئەم پرۆغرامە بە تەواوی بەکار هێنرا.

---

* مەجیدی قالەی حەمامچی: لە هاوکاران و بەشدارانی جووڵانەوەکەی شێخ (١٨٩٢-١٩٧٧) بووە (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢١٦).

** ڕیتاڵ: ڕەبەنی عەودال.

ئەو سوپا پڕچەك و زۆرە بەو مەرجەی مریشکی ناو مەنجەڵی لەسەر ئاگر بەجێ-بهێڵن، بە سواری یان پیادەیی خۆیان و چەکیان ڕایان کرد و کۆزەڕەقەیان بەجێهێشت. بە درێژیی ڕێگاکە بەرەنگاری چەند سوارێکی ئێمە ئەبوون، لە کوشتن و تاڵان زۆریان لێ بەجێئەما و ئەیانگرتن.

لە ناکاو حەمەشەریف مەرگەیی بە ماجدی وت، پاش ئەوەی دەمانچەیەکی زۆری پێوە نام، "ڕەشید جەودەت"م کوشت، ئیتر بۆ دۆزینەوەی ڕەشید شەش سوار بووین تا گومەزەکەی (گردی حاجی عەبدوڵڵا) هاتین، بەڵام بێسوود بوو. دانیشتووانی سلێمانی هەموو بە سەربانەوە بوون. سوپاکە بە پاڕانەوە ڕائەبوردن، زۆر پەرێشان بوون. پاش چەند ڕۆژێك تێگەیشتین کە مەحموود جەودت* بوو و بریندار کرابوو.

## چۆنیەتیی جەنگەکە:

شەو لە (کۆزەڕەقە) کۆبووینەوە. تاڵانێکی زۆر گیراو و بەجێماو دەست کەوت، لە لایەن صابیری کەریم بەگەوە ١٨ سوپاییی پیادە گیرابوو، ئەسپ زۆر بوو. ماینێکی زۆر جوان و نایابی فەرماندەی ئینگلیزەکەیش گیرا. کوژراویان زۆر بەجێهێشت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* مەحموود کوڕی ئەحمەد جەودەت کوڕی مەحموود ئاغا چکۆلەیە، ١٨٨٨ لە سلێمانی لەدایكبووە. ١٩٠٩ مەکتەبی حەربییەی ئەستەمووڵی تەواو کردووە. لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، بە دیلی کەوتووەتە دەست هێزەکانی ئینگلیز و دوور خراوەتەوە بۆ هیندستان. پاشتر کە گەڕاوەتەوە بۆ وڵات، چووەتە ناو سپای عیراق و دوا جار پلەکەی گەیشتووەتە ڕائید. دامەزرێنێکی کۆمەڵی سەربەخۆییی کوردستان، ئەندامی هەڵبژێردراوی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵی پشتیوانی کوردان بووە. ١٩٣٠ پاش شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی، هەڵاتووەتە لای شێخ مەحموود بۆ پیران و بەشداری جووڵانەوەکەی بووە. پاشتر خۆی بە دەستەوە داوە. کە ویستوویە خانەنشین ببێ، عەبدولقادر سنەویی بەڕێوەبەری موڵك و زەویوزاری میری، کە هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی گشتیی ئینزیبات بووە، پێی وتووە: تۆ چۆن خانەنشینیت بۆ دەبڕدرێتەوە، لە کاتێکدا چەکت بەرامبەر بە حکوومەت هەڵگرتووە؟! ئەویش ١٩٣٧/٥/٢٦ لەسەر ئەو قسەیە کوشتوویە. ١٩٣٧/١١/٣٠ دادگا حوکمی ئیعدامی داوە. بەڵام سەردەمی کودەتاکەی بەکر صدقی ئەو حوکمە جێبەجێنەکراوە. پاش غافڵکوژکردنی بەکر صدقی، جارێکی دی درایەوە بە دادگا، ئەم جارەیش هەر حوکمی ئیعدام درایەوە و حوکمەکە ١٩٣٧/١١/٢٠ بەجێهێنرا. نووسینی بڵاوکراوەی لە "ژیانەوە"، "ژیان" و "دیاری لاوان"دا و دوو کتێبی لەچاپدراویشی هەیە (یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چ٢، ل٢٩؛ عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج٤، بيروت، ١٩٧٨، ص٣٢٠).

دێهاتییەکانمان نارد بۆ کۆکردنەوە و بردنەوەیان بۆ سلێمانی. لەگەڵ گزنگدا چووینە (سەراوی سوبحان ئاغا)، کە بارەگاه و مەلیك دوو ڕۆژ لەوەپێش گەیشتبوون. بەڵام بە ڕاستی جەنگی وا مەگەر بەدەگمەن ڕووی دابێت، چونکە هێزی ئێمە بە فەرماندەکانەوە ٦٤ کەس بوو. بە تێکڕایی فیشەکی هەر یەکێك لە ٦٠ دانە پتر نەبوو، بەڵام ئەوان لە ٣ هەزار چەکداری سوارە و پیادە کەمتر نەبوون، بە تفاقی جەنگی حکوومەتییەوە. ئەوەی لە یەکتری جیا ئەکردینەوە، تەنیا دلێری و یەکدڵی و پاکی بوو بۆ نیشتمان لە ئێمە وە هەڕەمەیی و ترس بۆ پارە لەوان جیای کردبووینەوە. ئەم جەنگە لەو جەنگانە بوو کە لە یادی مێژوو دەرنەچێت، پاش دوو ڕۆژ هەر کەسەمان گەڕاینەوە بۆ سەر کاری پێسپێراومان و تەواومان کرد– ١٩٢٥.

با مەردیی سوارە عەسکەرییە کوردەکەش ون نەبێت، کە نەگەیشت ناوی خۆی بڵێت. بە پاشداریی ئەو سوپا گەورەیە ڕەشسوار بەربەستی کردین. وەکوو برووسکە سەرەوژێر و سەرەوژوور بە قیرقاچ شەنوکەوی پێئەکردین، بەتاو گوللەبارانمان وەکوو باران پەرشوبڵاوی ئەکردینەوە. تا کەوتە بەر قامچی و لوولەی تفەنگی صابیری کەریم بەگ، ناچاری پیادەبوون بوو. لەو کاتەدا سوارێکی هەمەوەند گەیشت و گوللەیەکی لێ دا و کەوت. وتی: کوردم، سوارە گوڵی ژیانی وشك بووبوو، بەڵام بەرامبەر بەم قسەیە و زانرا کوردە، سوارەی عەشایەر هەموویان فەقیانەکەیان بڕی و فڕێیان دایە سەر لەشەکەی و کرا بە هەرا و شیوەنێك کە هەرگیز نەبیستراوە. کابرای کوشتی ڕایکرد. ترسا بیکوژنەوە، کوتەڵیان بۆ دروست کرد تا ٣ ڕۆژ بە وڵاتا گێڕایان. کاتێ جەنگ بوو بە شیوەن، بەو بۆنەیەوە هێزەکەی میری ڕزگاری بوو، بەڵام بە پەرێشانی. بە ڕاستی بە نووسین باسی ئەو دلاوەرە کوردە تەواو ناکرێت.

گەڕامەوە بۆ پێنجوێن، شاری پێنجوێن پایتەخت و پەنا و کانگەی ئابووریمان. پاش چەند ڕۆژێك فەرمانم پێدرا کە بچم بۆ (مەریوان) و بینینی "مەحموود خانی کانی سانان"*

ژنکەی ژین
www.zheen.org

* مەحموود خانی کانی سانان، ناودارێکی دەسترۆی ناوچەی مەریوان بووە، نەخشی بەرچاوی لە ڕووداوەکانی ناوچەکەیدا هەبووە. ١٩٤٥/١٢/١٢بە نەخۆشی هێنرایە تاران بۆ چارەسەر،

لەبابەت ڕێکخستنیان لەگەڵ مەحموود خانی دزڵی، چونکە لەسەر دێی (نژمار) کە دووبەش بوو، ناکۆکییان کەوتبوە نێوان؟ ئەوەی پێویست بوو کرا و گەڕامەوە بۆ پێنجوێن. لەگەڵ نامەیەکی تایبەتیدا و داواکانی خانی کانی سانان بردم و چووم بۆ (دزڵی). پاش ٨ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ (ولەژێر)* . پروگرام وابوو کە لە ولەژێر بگەمەوە بە خزمەت مەلیك. بەڵام هاتوچۆیەکەی من دواییی بە بۆڵەبۆڵی هیچ لایەکیان نەدا، گوزارش بە باشی نەگەیەنرا، چونکە هەردوو خان بەهێز و دەستدار بوون.سوارەکان لە شارباژێڕ بوون ئەم ماوەیە کە لێیان دابڕابووم، گەڕامەوە بۆ پێنجوێن– شارباژێڕ. نزیکەی ١٥ ڕۆژ لە سیتەك و تەگەران بووم، نامەیەك لە شێخ مەحموودەوە.

کوڕم ئەحمەد ئەفەندی

چاوی هەمووتان ماچ ئەکەم. ئێستا وەختی کۆکردنەوەی پارەی دێهاتەکانی بازیانە، ئەچیت، چییان پێدرا لێیان وەرگرە، لە پێنج سواریش زیاتر مەبەن.

شەو لە کەلی گۆیژەوە، (کانی ماسی)** ، (ولۆوبە)*** وە ڕۆیشتم و گەیشتمە (داریکەلی)، لە ماوەیەکی کەمدا چی پێویست بوو بەجێمهێنا و ئێسترەکانیش هات ٤٠ بار برنج و گەنمیان بار کرد و گەڕانەوە بۆ ولەژێر.

چووم بۆ (بارۆییی گەورە)**** ، پەیغامێك لە (تەپەشوانکارە)وە هات، وتی نزیکەی ٢٠٠ سوارەی پۆلیس گەیشتە ئاوایی و پرۆغرامیان داریکەلی و بارۆیی‌یە، تێگەیشتم –بێگومان– بۆ پێستی ئێمە ئەسووڕێنەوە. جا تا ڕاویان نەکردووین، ئێمە

---

١٩٤٦/١/١٧هەر لەوێ کۆچیدواییی کرد (سدیق سالح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژ٢).

* دێیەکی سەر سنوور و لە ناوچەی مەریوان.

** کانی ماسی: دێیەکی نزیکی باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی.

*** ولۆوبە: دێیەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوسای سلێمانی، ئێستا گەڕەکێکی شارە.

**** بارۆیی: دوو دێی ناوچەی بازیان.

خۆمـان دەربازكـەین، باشـتر زانـرا. شـەو خۆمـان گەیانـدە (دەمركـان)[*]، چـونكە لـە ڕێسوور- قەرەداخەوە گەڕانەوەمان بە باشتر بینی.

لە كاتی نیوەڕۆژەكردندا، پیاوێكی دووكانی هات و وتـی: ئۆردوویـەكی زۆر لەسـەر كانییەكەی خەراجیانە و سوارەكان كە تێگەیشتن زۆر داخیان هەڵكێشا كـە زۆر كـەمن و تواناما‌ن نییە، بەڵام لەو كاتەدا نادر و حەمەعەلی ئیمام و دە سـوار پەیدا بـوون. ئـیتر سوارە قوتەقوتیان تێكەوت و داوایان كرد كە شەو بدەن بەسەریاندا. مـن چـەند لـێكم ئەدایـەوە هـیچ بـە دروسـتم نەئـەزانی بـە ١٦ سـوار لەگـەڵ ئۆردوویـەكی حكوومەتیـدا بجـەنگێین، بـەڵام بێسـوود بـوو، ناچـار بـووم بـە ئاوێتـەی بیریـان. لەگـەڵ تاریكـەی ئێوارەدا لە گۆڕستانەكەی (عەربەت)[**] ەوە بـەناو بـە ٣ تیـپ پـەلاماری ئاواییمـان دا و ئـەمانزانی سـەرباز لـە ئاواییدایـە. تـا ماوەیـەكی زۆر كـەم لەبـەر ئاواییـدا دراینـە بـەر دەستڕێژی تفەنگ و مەترالیۆز. ئیتر ماوەی گەڕانەوەمان نەما، بێجگە لەو ورووژمە كـە بیگەیەنینە ناو ئاوایی. ئەو هێزی سوپاییە كە لە سەنگەرا بـوون، ناچـاری ڕاكـردن بوون. لە ئاواییدا یەكێكیان لێ كوژرا، مەجید و نادر پەلاماری گردەكەیان دا و لە پـێش ئەواندا كە پیادە بوون، گرتیان. ئیتر ڕێگەی ڕزگارییان تەنیا خۆگەیاندنەوەیان بوو بـە ئۆردووەكەیان، بەڵام چەكی كوژراو بە فیشەكەوە گەیشتە ٩ تفەنگ. یەك مەترالیۆزیان پێ بوو دەریـان كـرد، پـاش دووسـەعات صـابیر بـەگ هـات. ئـیتر توانیمـان زۆر زیـاتر تەنگاویان بكەین. لە كاتی گەڕانەوەماندا وڵاخەكانمان كە بـە دەسـت مەجیـدی قالـەی حمامچییەوە بوو، عەربەتییەكان گەمارۆیان دابوو كە وڵاخەكانی لێ بسـێنن، دووانیـان گیران. لە پاش نەختێك ئەشكەنجە بەرەڵام كردن.

شەو بوو، صابر بەگ وتی ئیمڕۆ فڕۆكە بەیاننامەی زۆری فڕێ دا و ئـەم دانەیـەی دایە دەستم. تاریك بوو، خستمە باخەڵم.

---

[*] دەمركان: جێیەكی دوو كلیۆمەتر ئەولای نوختەی پشكنینی ئێستای سلێمانییە لەسەر ڕێی عەربەت.

[**] عەربەت: ئەو كاتە دێیەكی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی بووە.

**بۆ عموومی ئەهالیی ناحیەی تانجەرۆ و**

**قەضای هەڵەبجە و هەموو طائیفەکانی جاف**

لە ئێوەوە مەعلووم بێ کە ئەگەر زەرەرێك و ئەزیەتێك واقیع ببێ بۆ ئەم ئۆردووە کە وا لە ناحیە و مەحەللی ئێوەوە مروور ئەکا، هەر فەلاکەت و موصیبەتێك کە لەو ڕووەوە بە ئێوە بگات، مەسئوولییەتی لەسەر خۆتانە.

و عموم اهالی ناحیهٔ تانجرو و قضای هلبجه و
همو طائفه‌کانی جاف

له ایوەوه معلوم بی که اگر ضرریك و اذیتیك واقع بی و ام اوردوه که وا له ناحیه و محالی ایوەوه مرور اکا هر فلاکت و مصیبتیك که لو روەوه به ایوه بگات مسئولیتی له سر خوتانه

بنکەی ژین
www.zheen.org

اوا اخطار اکرین که هر له حدود ایران تجاوز تان کرد بو خاك لوی سلیمانی و گرمیان شاید حرکتی و کلی بی اطاعتی حکومتتان لی صادر بی و یا خلاف امر و رضای حکومتی حرئی معامله یك بکن و یا له اطاعت مطلقهٔ حکومتدا حرئی قصوریکتان بی لی رو بدا معلوم بزانن که فوق العاده عذاب و فلاکت ایچن و زور به شدت تجربه اکرین لازم بو ام حهته وه له پیشه وه اخطار بکرین.

متصرف سلیمانی

**بۆ عموومی ئەهالیی قەضای هەڵەبجە**

ئەوا تەبلیغتان ئـەکرێت بـۆ ئـەوەی تـەئمینی ئیـدارەی قـەضـا چـاکتر بکرێـت، ئەحمەد بەگ قائیمقام و حەمید بەگ موعاوین لەگەڵ مەئموورانێ کە ئیجـاب بکـا، نێررانەوە بۆ هەڵەبجە. ئـەبێ لـە ئیجـرای وەظـائیفـدا موعاوەنـەتی مـەئموورەکان بکەن و موطیعانە ئەوامیری ڕەسمییەی حکوومەت بەجێبهێنن[19].

ئـەم بـەیان و هەڕەشـەیە لـە لایـەن حکوومـەتی سـلێمانـیـیـەوە لـە گـەل ئـەکرێت، دەرکەوت کە خۆیان ئەو توانەیان نییە کە ئۆردوویەك لە سلێمانیەوە بگەیەننە هەڵەبجە، داوای یارمەتی لە لادێیی و عەشایەر ئەکەن، بەڵام لەو ترسە ڕزگار نەبوون.

صابیر وتی: ئەوا تۆ هەگبەیەك پارەت پێ هەیە. ئێستا ئەچینە ناو جافەکان، مـاڵی کوێخـا ئەحمـەد ئاجەشـەلی ڕۆغزایـی، هـەموویان لەگـەڵ سـلێمانیدا ڕێکـن. ئـەڵێن شـێخ مەحموود ناردووینی بۆ نـاونووس بـەپێی سـوارە و چـەکدار، مانگانـە ئـەدات. جارجارێـك هەگبەکە ببزووێنە، تاکوو بزانن پارەیشمان بۆ هێناون. ئیتر کارمان سـاز ئـەبێت. چـووین دووسێ مەڕمان بۆ سەر بڕا و پڕۆغرامەمان بەکار هێنا، لەجیاتیی (١٠) چەکدار، ١٠٠ ناویـان ئەنووسی. هیوای پارە وەرگرتن خەوی لە چاوی ورد و درشتیان بڕی. لە کاتژمێری بینایی [بەیانی]ی ٧،٥دا لە (بێکەسە)* وە تۆزی سوارە بینرا، وتمان عەشرەت ئـەوە سـوارەکەی سلێمانییە. ئیتر زەلام و چەکدار لەناو مـاڵا نـەما. لـە هـەموو خێڵێکـەوە وەکـوو ڕێـچکەی مێروولە چەکدار کەوتە ڕێ. لەبەر ئاواییی (گرێزە)** دا بەرەنگاریان بوون. سـوپای مـیری، سوپی لیڤی و لەژێر فەرماندەیی فەرمانداری ئینگلیز "کۆلـۆنێل لـۆرانس"دا لـە هەرچـوار لاوە خرانە ژێر لوولەی تفەنگی کورد.

لە سەعات ٨،٥ەوە ئۆردووی لیڤی چەسپێنرانە ناو شیوەڵی بەر دێـی گرێـزە و لـە هەرچوار لاوە گوللـەیان بەگـڕا ئـەکرا. خـۆ بینـیم جافـەکان بـە پیـادەیی وە بـە ڕاکـردن

[19] ئەمە سەیر نییە؟ لە لایەکەوە داوای یارمەتی لە گەل ئەکەن و لە لایەکی تریشەوە هەڕەشە؟!

* بێکەسە: جێی ئێستای فڕۆکەخانەکەی (عەربەت)، لە نێوانی عەربەت و چەناخچیان و خوار ماڵەکانی (خەرابە).

** گرێزە: دێیەکی ناوچەی شارەزوور، نزیکی سەیید صادق.

خۆیان ئەکرد بە بارخانەکەیاندا و بە کۆڵ کەلوپەلیان ئەڕفاند و هـاواری قەمـچییە ڕەش "شێخ عەبدولکەریمی کربچنە"یان ئەکرد. بەڵام لیڤییەکان زۆریان کورد بوون. تیـپتیـپ ورووژمیان ئەهێنا، بە قـەیارەی* ڕووتـەوە پـەلاماریان ئـەدا. کوشـتار زۆر بـوو. خەلیفـە یوونس لەگەڵ ۲۰ سوارا پەلاماری تیپێك سواریان دا، لە پـشتیانەوە تیپێکـی تـری لیڤـی پەلاماری خەلیفەی دا و خستیە ناو ناوانی دوو هێز. لەوکاتەدا ئێمەیش بـە نزیکـەی (۳۰) سوارەوە لەگەڵ صابیر بەگدا پشتی تیپـە لیڤییەکـەمان تـەنی. خەلیفـە لەوێـدا گەیـشتە ئێمە، هەلی دەست کەوت و بە شپرزەییەکی زۆر خراپ لەناویاندا ڕزگـار بـوو و ئاوێتـەی ئێمـە بـووەوە. لـەم پێکهاتنـەدا بـە ڕاسـتی جـەنگێکی سـوارەی خوێنرێژانـە ڕووی دا. لیڤییەکە ئەیویست بە قەیارە– شمشێر بگاتە سـەرمان و بەبێتەقـە دامانپاچێت، بـەڵام دوورەپـەرێز کوشـتاری زۆریـان دا. مەشـقی شـێربازییان زۆر جـوان بـوو، بـە ڕاسـتی لـە جـەنگاوەر ئەچـوون، پـەڕێزی جـەنگیان ئێجگـار ڕەنگـین بـوو. بـەڵام لەگـەڵ جـەنگی چەتەییی ئێمەدا دەسەڵاتیان نـەبوو. تـا سـەعات ٤ی پـاشنیـوەڕۆ جـەنگێکی سـامناکی خوێنرێژ ڕووی دا. لەمکاتەدا چوار فڕۆکە گەیشتە سەر کۆڕی جـەنگ. ئـیتر لـەو دەشـتە ساکارەدا ئێمە هێزی جەنگمان نەما و لیڤییەکە لەژێر فڕۆکەکانـدا ڕۆیـشتن بـۆ هەڵەبجـە. سەرەڕای کوشتار، تالانێکی زۆریش دەست جافەکان و دێهاتییەکان کەوت.

لە گەڕانەوەدا فڕۆکەکان بە مەترالیۆز گاڵەیان کرد، عەشایرەکە لە دەشتی شارەزووردا بڵاو بوونەوە؛ پیاو، ژن، منداڵ، ئاژەڵ، وەکو یەك ئەکوژرا، بە بۆمبا ڕەشماڵی خێڵەکانی نەهێشت. لەژێر ڕەشماڵی کوێخا محەمەدی باشۆکیدا ۹ کوژراوم بینی لە کوڕ و کچ و ژنی کوێخا کە داپۆشرابوون.

ئێمە شەو چووینە (محەمەدخان)**، لادێییەکان نان و دۆیان بۆ هێناین و قورئانێکیان هێنا، وتیان: ئێرە بەجێ بێڵێن، نەوەك بۆمباران بکرێن. چووینە (دسکەرە)***، دێی خەلیفە یوونس. سوارەکانی ئێمە پێنج تفەنگی ئینگلیزی، ۲

* قەیارە: قەدارە، جۆرە شمشێرێکی کورتی دەمپان.

** محەمەدخان: دێیەکی ناوچەی دەربەندیخان.

*** دسکەرە: دێیەکی ناوچەی تانجەرۆ.

شمشێر و ٢ صندووقی گەورە بە بارگیرێکەوە و ٤ ئەسپ بە تفەنگەکانیانەوە دەستکەوتیان بووبوو. چونکە ماوەمان نەئەدا بچن بۆ تالآن، کەمیان دەستگیر بووبوو. لەناو صندووقەکاندا ویسکی و زۆر لە خواردەمەنی و نوقڵ و بسکویت و قوتووی خواردەمەنیی زۆری تێدا بوو. لە کاتی گەرمەی جەنگ و ئاگربارانیدا لەسەر کانی و ئاوەکەی (موان) * تووشی "میرزا غەفووری حاجی مارفی عەنبەرخان" بووم بە تۆی کراس و دەرپێ بە ڕووتکراوی بینیم، ناوی سوارەکانی ئەزانی کە ڕووتیان کردبۆوە. چووم بە تەواوی پارەکەیم بۆ ساندەوە و دامەوە، بەڵام لێم نەپرسی چی گەیاندوویەتیە ناو ئەم ئاگرە.

شەو لە (دسکەرە) و ڕۆژ چووینە ناو گەبەڵە ** سپیدارەکان، بۆ ئەوەی فڕۆکە نەمانبینێ. لە پێش گزنگدا دوو فڕۆکە ئەهات، ئیتر بەبێ پارازتن ڕەشماڵ، مێگەلە مەڕ، ژن و پیاو بە بۆمبا و مەترالیۆز شەن و کەو کرا. ئەوانەی وەکوو قادر وەیسی و سلێمان خان[٢٠] و زۆر لەو خێڵانەیش وەکوو ئەوانی تر بەبادرا. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شارەزوور لەژێر فڕۆکە و بۆمبادا هەناسەیەك فەرامۆش نەکرا. لەبەر ئەوەی دسکەرە وا ئێمە پارێزراین و چوغورد و بییەکانی محەمەد خانیش بوو بە قەرەبرووت و بە بۆمبا داری تێدا نەما و منیش ویسکیی زۆرم لەلا بوو. بە ڕاستی شارەزوور و خێڵەکانی جاف بە تەواوی دابێژرا و پەرێشان کرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شەو سوارەکانی لای منیش هاتن. داخەکەم "عەولا"، ئەو کوڕە لاوچاك و ئازا و دەنگخۆش و سوارچاکە، بە بریندارى هێنرا و پاش یەكدوو سەعات مەرگ ماوەی نەدا، بە ڕاستی پەلێکم دۆڕاند. سوارەکان پاش شین و واوەیلایەکی زۆر لە یادی ئازایی و دلێریی عەولا، لەش و گیانی ناوداری لەسەر گردەکەی دسکەرە بە خاك سپێرا. بەڵام بەڵگە ناودار و شیرینەکانی لە ئاسمانی کوردستاندا ئەژییەت و بانگی ئازادیی زیندوەکانی ئاگادار ئەکات.

---

* موان: دێیەکی شارەزوور.

** گەبەڵ: دارستانی چوغوردی چڕوپڕ.

[20] قادر وەیسی، سلێمان خان: مانگانەوەرگری حکوومەت بوون وە پەلێکی خراپ و ڕۆغزایی بوون.

عەولاًمان بە داغ و ناسۆرەوە بە تاك و بە تەنیایی بەبێچەك و بێدەنگ لە ئاستانەی خامۆشیدا بەجێهێشت، لەگەڵ بینان (بەیان)دا گەیشتینە (لەنجاوە). نزیك دێی (هەزارمێرد)* بە نیازی حەسانەوەی خۆمان و ولاًخمان، لە مێرگ و لەوەڕدا ولاًخ داکوترا. لە کاتی خۆگەیاندن بە ڕەشماڵەکانیان، منالێکی دە سالاًن هات بە پیریەوە، وتی: مامە عەسکەرەکانیش دێتە ئاوایی؟ لێم پرسیوە؟ دووبارە وتی: ئەی ئەوە نییە لە پشت مالاًن مۆلیان داوە؟

ڕاست بوو. بە شێنەیی سوارەکانم ئاگادار کرد و خۆمان دووبارە ئامادە کردەوە و سوار بووین. دەشت ڕووناك بووبۆوە. خۆمان دەرکرد تا گەیشتنە پێدەشت، ئیتر کەوتینە ژێر دەسترێژی گوللەیان. ڕوومان کردە (شێرکوژ)** و چووینە (هەناران). ئێوارە گەڕانیەوە تا گەیشتینە ئاوایی (قولەرەسی). زانیمان سوپا و پۆلیس و سوارەی عەشایەر جاش پۆلیس گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی و ئێمەیش چووین بۆ بازیان.

ڕۆژی دووەم دیسان سوارەیەکی زۆری پۆلیس و سوپایی گەیشتنە دێی (تەپەشوانکارە)***، ئێمە لەبەر پارێزگاریی دێهاتەکان نەمانئەویست جەنگ بخەینە ئەو ناوچانە. ڕۆیشتین بۆ بەشی قەرەداغ. گەیشتینە دێی (قارەمان). پێش ئێمە بە نیو سەعات سوپای پیادە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و ڕێچکەیان لە (ڕێسوور)دا ئەبینرا، کە بە چیادا هەڵئەگەڕان زۆر لە خواردەمەنی و –بەتایبەتی– گونیە جۆیان بەجێهێشتبوو. بۆ ئێوارە گەیشتینە دێی (نەوتی) کە هیی شێخ مەحموود خۆیەتی.

لە (نەوتی)****، دە سوارەی هەمەوەند لەگەڵ کەریم عەزەی ڕەحیم دوێنێ میوانی کوێخا فەرەج بوون و ئاوێتەی ئێمە بوون، ئەو شەوەمان ڕابوارد. لە پێش تاریك و ڕوونیی بەیانیدا، سوار بووین بۆ ئەوەی بچین بۆ (سێتەلاًن)******، شارەزوور.

---

* لەنجاوە، هەزارمێر، هەناران، قولەرەسی: دێی ناوچەی سەرچنار.

** تیرەشانی چیای نزیکی ڕۆژاوی سەرچنار.

*** هەناران، تەپەشوانکارە: دێیەکی ناوچەی سەرچنار.

**** قارەمان، نەوتی: دێی ناوچەی قەرەداغ.

***** سێتەلاًن: دێیەکی ناوچەی تانجەرۆ.

سوارەی هەمەوەند بە قەتار و ئەڵڵا وەیسی وتن پێش ئێمە کەوتن. بەرامبەر دێی (مۆریاس) لە ئاسۆگە تەقە دامەزرا، بوو بە جەنگ، ئێمە جێگا بڵندەکانمان گرت و بەسەر جێگای تەقە و جەنگیەکاندا زاڵ بووین. تا نزیکەی نیوەڕۆ جەنگ درێژەی بەست. دوژمن تەقەی بڕی، بەڵام دوژمن کێیە نازانین، بۆمان ڕوون بۆوە کە کشاونەتەوە. چووینە جێگاکەیان، لەسەر چیاوە بە دووربین بۆمان دەرکەوت کە لیڤیی ئاپوورین وە لە دێی سێتەڵانیش ناوەستن، خەریکی پەڕینەوەن لە تانجەرۆ. بەڵام ئەم جارەیش کەریمی عەزەی ڕەحیم وێنەی هەمەوەند کە بە ڕاستی گوڵی لەشکر و وێنەی بێوێنەی ئازایی و لەشکرگیر بوو، بە خۆی و ئەسپەکەیەوە کوژران و هەر لە جێگەی خۆی بە جلە خوێناویەکانی لەژێر خاکدا داپۆشرا و گەیشتنە ئاواییی سێتەلان. ئیتر بە تەواوی زانیمان کە لیڤیی ئاپووری و فەرماندەی ئینگلیز بوون کە لە پاش جەنگی گرێژە لەگەڵ لیڤییەکان ئەم تابوورەیان هێناوەتە ئەو جێگە گرنگ و ڕێبازە بۆ تۆڵەسەندن.

گەیشتینە (دۆڵی گەڵاڵ) * ، سێ ڕۆژ لەناو چووچانی و بێسەری و ناودارییەکاندا مامەوە، لەسەر خواهیشی خۆیان لە ٤٠ سەر پارەی سەرێك مەڕانەم لێ وەرگرتن و پاش دوو ڕۆژ گەیشتمەوە پێنجوێن. کارە تەواوکراوەکانم و کارەساتی ئەو چەند ڕۆژەم بە پێشگاهی مەلیك گەیاند، چونکە لەوەپێش دەرفەتی ڕاپۆرنووسینم نەبوو– نیسانی ١٩٢٥.

بە نهێنی فەرمان درا کە لە پێنجوێنەوە بگەڕێینەوە بۆ (کەندەسوورە). شەو لە (گۆڵێ) میوانی حەمەصالەح بەگ بووین، ڕۆژی دوایی چووینە کەندەسوورە. بڕیار درا کە خێزانەکە بۆ (باشماخ)** (مەریوان) کۆچ بکات، گەیشتینە باشماخ ١ی تەمووزی ٩٢٥، دێی باشماخ لە خاکی ئێراندایە. لە کاتژمێر ٩ی پێشنیوەڕۆدا دوو فڕۆکە هاتە سەر ئاوایی و دووسێ جار سووڕیان خوارد، لەو ماوە زۆرەدا کە لە کەندەسوورە و (پاشبەرد) بووین، فڕۆکە نەبینرا. کەچی وا بە دەستوبرد گەیشتە باشماخ و سەر خاکی ئێران.

---

* دۆڵی گەڵاڵ: لە لای دێی خەرابەی نزیکی (عەربەت)ەوە دەست پێدەکا بەرەوژوور تا زنجیرەی شاخی گۆیژە.

** دێیەکی سەر سنووری ناوچەی پێنجوێن.

لەگەڵ خێزانەکەدا تەنیا ١٠٠ پیادە و ١٠٠ سوارە تەرخان کرا و هێزەکان وەکوو پێشوویان لە جێگای خۆیاندا مانەوە. لە باشماخ لەگەڵ ماجدا وامان بڕیار دا کە نیوەڕۆژە لە (کانیی سانان) لای مەحموود خان بین، بۆ ئەوەی مەلیك پەسەندی بڕیارەکەمان بکا، سەیید ئەحمەد و شێخ محەمەدغەریب و شێخ عەلیشمان تێگەیاند، بەڵام بێسوود بوو، چونکە مەحموود خان بە لایەنگیری ئینگلیز ئەزانرا. ڕێباز خرایە ئەوبەری زرێبار و بەر ئاواییی (سێف)، نیوەڕۆژە لە (دارسەیران) خورا، چونکە لەوەپێش وا بڕیار درابوو و خواردنیش ئامادە کرابوو.

لە (دارسەیران) هەندێك تەرتیبات و وەرگێڕان کرا، بۆ ئەوەی لە (چۆڕ)* و نەبێ هەردوو خێزانی مەلیك و خێزانەکانی تریش دیاردی بکرێت، لەگەڵ بەگزادەکان قسە کرا و لە چۆنیەتیی سەرباز و دامەزراندنیاندا هەندێك گۆڕین کرا و ئەم فەرمانەیش دەرچوو.

دارسەیران، مەریوان

ژمارە: ٢٨٤٩

ڕۆژ: ٨ی تەمووزی ١٩٢٥

بۆ جەنابی یوونس ئەفەندی، فەرماندەی پیادە

١- لە عموومی پیادە بیست نەفەر و قیسمەن لە مولتەجیی تەفریق و بە ناوی طاقمی موعەییەنەوە تەودیع بە ئەحمەد ئەفەندی بکەین و مووەقەتەن باشچاوەش فارس داخڵی ئەم مەوجوودەیە.

٢- ئێوە و سائیری ضابطان لەبەر ئەوەی دائیمەن لەگەڵ پیادەکە ئەبن هەموو وەختێك مووما ئیلەیهی ئەحمەد ئەفەندی لای من مەوجوودە. لەبەر ئەمە بە قوماندانی مەعییەت تەعین کراوە، ئەمڕۆ ئەم موعامەلەی تەسلیمە ئیجرا بکرێت.

مەحموود

م. و باشقوماندان

* لەو کاتەدا مولازمی ثانی بووم. (نووسەر)

---

* چۆڕ، سێف: دوو دێی ناوچەی مەریوان.

دەستبەجێ فەرماندەیی تیپی تایبەتی پیادەیشم لە یوونس ئەفەندی وەرگرت. ئێوارە گەیشتینە (باڵك)، دێی باڵك زۆر گەورە و خاوەنداراییە، میوانی موظەفەروسسەڵـطەنە، محەمەدئەمین بەگ و ئەحمەد بەگی باڵکی برای بووین. پاش ٣ ڕۆژ لەناو بەگزادەکانی مەریواندا گەیشتینە (چۆڕ).

١. ئایشە خان و دەستوپێ لە دێی چۆڕ.

٢. بەهیە خان و دەستوپێ لە (نەنێ)* دامەزران.

لە (چۆڕ) خانووی شێخی چۆڕی، کە ئێستا شێخ حسێنی کوڕی تێدا بووە، چۆڵ کردبوو بۆ خێزانەکە، بە ڕاستی خانوویەکی نایابی دوو نهۆم و دڵگیر بوو. پاش دە ڕۆژ هەموو بەگزادە و ئاغاکانی هەورامان و مەریوان بۆ بەخۆشیهاتنی مەلیك هاتنە دێی چۆڕ، پاش نیوەڕۆژەخواردن کۆبوونەوەیەکی گشتی کرا لە هەموو بەتەمەنتر فەرەج بەگی ئەڵمانە وتی: ئیمڕۆ ئێمە هاتووین بۆ خاك و پابۆسی، جا سەروماڵ، دارایی، دێهات، گیانی خۆمان و ڕۆڵەکانمان لەژێر پێ و فەرمانی مەلیکدایە، نامەوێت درێژە بە قسە بدەم، گیانمان بەدەست خۆیەوەیەتی، لە ڕێی بیروباوەڕتانا بۆ کوشتن و مردن، پەیمانی گیانبەختکردن ئەدەین و بە کۆمەڵ وتیان هەموو ئامادەین.

شێخ مەحموود لە وەڵامدا وتی: ((من لە نیشتمانی خۆمدا میوانی ئێوەم، بەڵام ئێران پەنامانە و ئەبێت هەموو فیداکارێکمان لە ڕێگەی بەرزیی ئێراندا بۆ حکوومەتی ئێران بەکار بێنن، بێتوو کوردێك لە هەرچی گۆشەیەکی گێتیدا لە دەست زۆردارێك بناڵێت، ئەبێت هەموو کوردێك هاوبەشیی ناڵە و ئازاری بێت)).

وە بێجگە لە ئازادی و ژیانی سەربەستی، لە هیچ پێویستییەك کەممان نەبوو، ئاوارە بووین. دیسان زۆر سوپاسی خوا ئەکەین کە ئێستا لەناو برایانی خۆماندا ئەژین. ئازادی بە ئاسانی دەست ناکەوێت، بابەتێك نییە لەسەر دووکان بیکڕین، ئەبێت بە زۆری بازوو و خوێن ڕژاندن بسێنرێت. ئەمەیش تەنیا یەکیەتییە، هەر یەکیەتی

* باڵك، نەنێ: دوو دێی ناوچەی مەریوان.

دەرمانی ئەکات و دوا تکام ئەوەیە کە بە زمانەکەی خۆمان کە کوردییە بنووسین و بخوێنین وە دڵپاك بین بۆ ئێران– ١٥ی تەمووزی ١٣٤١* .

بەگزادەی هەورامان و مەریوان دەستی یارمەتییان دایە دەست شێخ مەحموود، بە لەشکر و پێویست ئامادە بوون، تەنیا مەحموود خانی کانی سانان کە مەلیك ڕووی نەدایە و ئەویش هەر لە چاوەڕێی فەرماندا بوو.

بارەگا لە دێی چۆڕەوە بۆ پێنجوێن بڕیاری گواستنەوە درا. شەو میوانی بەگزادەی باڵك بووین، دووبارە لەگەڵ ماجد بڕیارمان دا کە مەلیك لە خانی کانی سانان ببوورێت، چووینە خزمەتی. ماجد وتی: خۆت ئەفەرمویت هەموو کارێك بە بیری ٣ کەس تەواو بکرێت پەشیمانیی لەدوا نابێت، ئەوا ئێستا ئێمە ٣ کەسین، دوانمان بڕیار ئەدات کە لە مەحموود خان ببوورێت، فەرمووی من لە کەمیدا مامەوە، باشە.

دوو سوارمان نارد بۆ کانی سانان کە شەو مەلیك میوانە. بۆ ئێوارە گەیشتینە (نێ)** ماوەی نیو سەعات لە کانی سانانەوە مەحموود خان و فەرەج بەگی برای و بەگزادەکانی خزمی لە چاوەڕێدا بوون.

لەگەڵ گەیشتنی شێخ مەحموود، مەحموود خان بە ڕاکردن هات و دەستی ڕاستی ئەسپەکەی گرت، کە ئەمە بە دابی عەشایریی ئەو ڕێز و ملکەچییە و دەستووری پچوکی چی بوو بەجێی هێنا، بەڵام شێخ مەحموودیش دڵسۆزی و گەورەییی خۆی بەرامبەر بە مەحموود خان بە تەواوی بەجێهێنا. گەیشتینە دیواخانی خان و پاش حەسانەوە وتی: سەردار و گەورەم، ئەوە گیانی خۆم و برا و کوڕ و خێزانم هەمووی فیداتە و لەژێر فەرمان و پێی ئەسپەکەتدایە. یەکەم تۆ، دووەم خانی دزڵی، سێهەم من سێ مەحموود لە خۆشیی ژیان بێبەری بووین. بەڵام لە ئێستاوە من کەوتمە خۆشی، چونکە سێبەری گەورەییی تۆ گەڕایەوە سەرم خۆم و برام، بە دوو هەزار چەکداری جەنگییەوە ئامادەی فەرمانتم، نۆکەری خۆت و ئاواتەکەتین کە

---

* ئەم مێژووە ڕۆمییە، دەکاتە ١٥ی تەمووزی ١٩٢٥.

** نێ: دێیەکی ناوچەی مەریوان.

ئازادیی کوردە و شێخ مەحموود لە وەڵامدا: ئێوە ڕۆڵەی کوردن و برای تەنگانەی منن. بە پشتیوانیی ئێوە نەبێت، تەنیا من بۆ ئەو ئاواتە بەس نییە. فەرەج بەگ وتی: قوربان لەم کاتەدا ئێمە کوێرین. دەستمان بگرە، سەرمان لە ڕێگاتدایە.

پاش دوو ڕۆژ مانەوەی مەلیك بە ۳۰۰ سوارە و ٥٠ پیادە و لە (کانی سانان) بە هاوڕێیی مەحموود خان و فەرەج بەگی برای ڕۆیشتین بۆ پێنجوێن، لە (دەرەتفێ) لای کەیخەسرەو خان چای خورایەوە و پاش چوار ڕۆژ لە باشماخ بارەگاه گەیشتە پێنجوێن.

پاش دە دوانزە ڕۆژ موظەفەروسسەڵـطەنە و ئەحمەد بەگی باڵك و عەلی خانی ولەژێر هاتن بۆ پێنجوێن، بڕیاریان دا کە خێزانەکە لە چۆڕ و هەورامانەوە بهێنرێن بۆ مەریوان، لە لایەن مەلیکەوە پەسەند کرا.

جا بەم پێیە جێگا دیاری کرا و گوێزرانەوە؛ ۱) ئایشەخان دایکی شێخ لەطیف بۆ ولەژێر،۲) بەهیەخان دایکی شێخ ڕەئووف و باباعەلی بۆ (شێخە کوێرە)یان دێیەکی تر. ۳) شێخ محەمەدغەریب بۆ باڵك. ٤) سەیید ئەحمەد بۆ (سەردۆش).

هەموو ماڵەکان دابەش کران و زۆر بە ڕێز و چاوی برایەتی ئەیانڕوانییە هەموو یەکێك. دێی (ڕیخەڵان) نزیکەی ۲۰۰ ماڵ بۆ من تەرخان کرا کە دایکم و مصطەفای برام لێی دانیشن. بە ڕاستی چاکە و کردەوەی مەردانەی مەریوانی هەرگیز فەرامۆش ناکرێت. خێزانی هەمەوەندەکان نێرران بۆ دزلێ وە (وەیسە)* لە هەورامان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### جەنگی خەراجیان:

لەگەڵ ٤٥ سوارەکەی سوارەی مەعییەت چووم بۆ بازیان، بۆ ئەوەی دەیەکی پیتی زستانەی دێهاتەکانی مەلیك لە شارەزوور، سوورداش، سەرچنار، بازیان، قەرەداخدا چی هەیە کۆ بکەمەوە. لە ڕێوە گەیشتمە خەراجیان، ئیتر بە ڕۆژ ڕۆیشتنم لەبەر فڕۆکە و پێزانینی حکوومەت لە سلێمانی بە باشم نەبینی. تا پاشنیوەڕۆ لە ئاواییداماینەوە، لە سەعات ۵،۳دا چوار زرەهلی گەیشتنە سەر کانییەکان، ئێمە وریا بووینەوە. بینیمان ڕوویان کردە خەراجیان، ئیتر ئێمەیش بە گورجی پشتی ئاواییمان گرت. بەڵام

---

* دەرەتفێ، سەردۆش، ڕیخەڵان، شێخەکوێرە، وەیسە: چەند دێیەکی ناوچەی مەریوانن.

لادێییەکان مەردانە وڵاخەکانیان کێشایە ژوورەوە، هەر بەدوای زرێهلییەکانیشدا دەدوانزە لۆری بە لۆریی ئەهالی پۆلیسیان هێنا و لەبەر ئاواییدا پیادە بوون. ئەوانیش نەیانئەوێرا بچنە ناو ئاوایی و هیچ هێزێکیشیان نەئەبینی کە پەلاماری بدەن.

بڵاوەیان کرد، چوونە ناو ئاوایی بۆ ماڵوموش و هێلکە و مریشك کڕین. ئەمە هەلێکی گەورە بوو بۆ ئێمە. چەکدارەکانم پێ داگیر نەکرا، لە دوولاوە پەلاماری زرێهێلییەکانیان دا، دوانیان بوون بە بەشی ئێمە و لە ئاواییدا کەوتنە تەقە و پاڕانەوە، بە گورجی زرێهێلییەك سووتا و لە یەکەمین دەستڕێژدا شەش پۆلیس کەوت، ڕۆژیش کەوتە ئاوابوون. کوێخا حەسەن بە قورئانەوە هات، وتی: ئەڵێن تەنیا ڕێگەی گەڕانەوەمان بدەن، بەو مەرجەی تەقەیەك لە ئێمەوە نەبێت. تفەنگی کوژراوەکان هێنرا، ڕێگەمان دان سووتاوەکەیان بەجێهێشت، بە دڵڕەنجاوی گەڕانەوە بۆ سلێمانی * .

ئیتر بڕیاری دەستووری چەتەگەریمان دا بۆ شوێنەونی، چونکە من ئەمزانی کە لەم کارە خۆش نابن و دوامان ئەکەون بۆ تۆڵەی ئەم کارەساتە. ئێمەیش سوار بووین، بەڵام بە ڕاستی خەراجیانییەکان یاریدەی باشیان داین، لە کاتی سواربووندا کوێخا حسێن پارەی دەیەکی خۆیانی هێنا و بە تەواوی دایە دەستم.

بانگی ئێوارەی ئەدا، گەیشتینە دێی (ژاڵە). شەو چوینە (جێشانە)، ئەوەندەی بەدەستەوە هات پارەم وەرگرت و چووینە (هەزارمێرد)، میوانی شێخ سەعید بووم.

---

* "پیرەمێرد"، ساڵی ١٩٢٩ وەڵامی وتەی نابەجێی ڕۆژنامەی بەغدایی "العراق"ی داوەتەوە، کە پاش یاداشتە پێنج خاڵییەکەی پێنج نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عیراقدا بۆ داواکردنی مافەکانی کورد، داوای قڕتێخستنی کوردی کردووە، لە شیعرێکدا وا باسی ئەم شەڕەی کردووە:

| | |
|---|---|
| دوو ساڵ لەمەوپێش خۆیان و فەوجیان | لەسەر کانیەکەی بەر خەراجیان |
| بە کەشوفش چوون بۆ کۆزەڕەقە | سوارەی کورد لێیان کەوتنە تەقە |
| بە ((ئاخ! دایکەڕۆ)) کەوتنە هاوار | بە پاڵەپەستۆ ڕایانکردە شار |
| ئەو ڕەمەزانە لە دێی (ڕەمەزان) | بە جەژنیان زانی، لە تەندوور خزان |
| نەبوایە بە هۆی بەریتانیاوە | دەخنکان بە دەست کوللە و خورماوە |
| ئاخ، سا با فڕەی نەبێ تەیارە | حیزی و ئازایی ئەوسا دیارە! |

(بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ل٥١٧-٥٢٦).

سوارەکان چوونە پشتمالآن و لە چیاکەدا دامەزران دوو مەڕمان کڕی، تا ڕۆژ ڕامانبوارد. بێگومان ئەو ڕۆژەیش ماینەوە. بۆ ئەوەی جێگامان نەزانرێت، گەڕامەوە بۆ (کانی بەردینە) و (خێوەتە)، کە ئەمە بە تەواوی ئەبێت بە هۆی ونبوونمان. ئەوەی لەلای ئەهالیەکە بوو و لە توانایاندا بوو، وەرمگرت. پاش دوو شەو چووم بۆ (هەناران) و کانی بەردینەیەکان وایانزانی کە ئەچین بۆ دۆڵی سوورداش. بەڵام ئێمە لە شێرکوژەوە هاتین، چووینە دێی (باخ)* ماڵی شێخ سەعید. ڕۆژ لە باخ بووم، مەحموود ئاغا "خولەی قاورمە سووتاو" پۆلیسی نهێنی بوو، هات وتی: لە دوێنێوە بە دواتاندا ئەسووڕێمەوە. زۆر جاسووستان بەدواوەیە، ئەو کارەساتەی خەراجیان ناموسی حکوومەتی شکاند، وا ئەزانن تۆ تەنیا دە سوارت لەگەڵە و ئەوەی کە بەسەریاندا هاتووە کاری دە کەسە. وتم: ڕاستە، پێنج چەکدارمان کەوتە کار.

شەو جیا بووینەوە، بەڵام بە مەحموود ئاغام وت: ئەچم بۆ گرێزە و مووان، لەوێوە چوومە دێی تەپەشوانکارەی بازیان پەنا تاسلووجە، ماوەی نیو سەعات دوورە، چونکە مەحموود ئاغا لەو باوەڕەدا نەبوو کە لەم کاتە ناسکەدا بچمە بازیان و دێهاتی شێخ مەحموود و ئەوەندە نزیك. ڕۆژی دوایی لەسەر ڕاپۆری ئاغا هێزێکی زۆر و فڕۆکە نێررا بۆ شارەزوور، بەڵام بەبێ گەیشتن بە ئاوات گەڕابوونەوە.

تیکەی ژین
www.zheen.org

من هەر ئەو ڕۆژە دێهاتەکانم تێگەیاند بە دوو شەو پارەیان هێنا، لەگەڵ گزنگدا گەیشتمە دێی (کونەکۆتر)** ، دێیەکی پچووك و بێئاو. دوو مەڕمان کڕی، ڕێگەی ڕۆیشتنمان بڕی، ماوەمان نەدا کەس بڕوات، بە پارە خواردەمەنی خۆمان و وڵاخمان جێبەجێ کرد. ئێوارە سوار بووین، لە (کانی گۆمە)*** و وڵووبە و کەناری شارا، گەیشتینە سەر کەلی گۆیژە لای جەلالی ڕەشید ئەفەندی و چوومەوە بۆ پێنجوێن.

---

* جێشانە، کانی بەردینە، خێوەتە، باخ: دێهاتی ناوچەی سەرچنارن.

** کونەکۆتر: دێیەکی ناوچەی قەرەداخ.

*** کانی گۆمە: دێی ناوچەی سەرچنار.

**له پێنجوێنەوە فەرمانی بەرزبوونەوەم بۆ مولازمی ئەووەل:**

لەگەڵ گەیشتنم بە دیوان، ڕووگرژییەکی تەواوم لە شێخ مەحموود بینی. فەرمووی جارێکی تر خۆت تووشی چورتمی وا نەکەیت، ڕۆژی دووسێ نامەم بۆ هاتووە کە لە سلێمانی‌یەوە عەودالّی تۆ بوون، بچۆ بە تەواوی بەسەراهاتووی خۆتانم بۆ بنووسە. پاش دوو ڕۆژ فەرمووی من هەڵەم نەکرد و کە بە عادلم وت فەرمانی بەرزبوونەوەکەت بۆ بنووسێت لە پێش ڕۆیشتنەوە نووسراوە، دراوە بە یوونس ئەفەندی، بچۆ بە تەواوی بەسەراهاتووی خۆتانم بۆ بنووسە.

چووم فەرمانەکەم وەرگرت، زۆر لە پێش ڕۆیشتنمان نووسرابوو، بەڵام بە ڕاستی من بە خاوێنی و دڵپاکی و یەکڕوویی لە ڕێی ڕاستی ئاواتمدا بەبێ‌بەزەیی بە خۆمدا خۆم ماندوو ئەکرد و ئەبزووتمەوە.

مەریوان– ولەژێر

ژمارە: ٥/٢٥٠٠، ٢٢ی تەمووزی ١٣٤١

بۆ جەنابی قوماندانی عەسکەری

١– کاتبی خۆم مولازمی ثانی ئەحمەد ئەفەندی کە خەدەماتی فەوقەلعادە و فیداکاریی لە موشاهەدە و فیعلەن خدمەتی موسەللەمە لە ١٨ی تەمووزی ٣٤١وە بۆ مولازم ئەووەلی تەرفیع و تەلطیف کرا.

٢– موومائیلەیهی هەر لە ئوموور ی تەحریرییەی خۆمدا موستەخدەمە دەخلّی بەسەر قەطەعاتەوە نییە، باقی ئیحتیرام.

مەحموود

باشقوماندان

**سوپای عیراقی ئاوێتەی لیڤییەکە کرد:**

ئینگلیزەکان تێگەیشتن کە ناتوانن چارەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود بکەن. ئینجا لە لایەکەوە بانگی ئیستیقلال و حکوومەتی کوردیی ئەدا و ناوی شێخ مەحموودی

مریوان - دله‌تەر
٢٢ - تموز - ٩٦١

ژماره
٢٥٠

بو حساب قوماندانی [illegible]

١- کاتێ حوکم ملازم [illegible] احمد حمدی له حمایه [illegible] وه‌زفه
له مشاهده [illegible] له ١٨/تموز/٩٦١ ده بو ملازم
وله ترفیع [illegible] کرا
٢- بو لوحه کتبه تصحیح [illegible]
٣- موماالیه [illegible] تحریری بو [illegible] [illegible] ده‌بێ
باقی احترام ٢٢/تموز/٩٦١ [illegible]
محمود

[illegible]
٨ تموز ٩٦١

بو حساب [illegible] احمد
ژماره ٢٦٨٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- [illegible] پیاده [illegible] و [illegible]
[illegible] و [illegible] ده [illegible] احمد احمدی
[illegible] و [illegible] [illegible] موجود ده‌بێ
٢- [illegible] پیاده [illegible]
موما الیه احمد احمدی [illegible] موجوده [illegible] قوماندان [illegible]
نصیب کراوه [illegible] تسلیم اجرا بکرێ

٨ تموز ١٩٦١
[illegible]

محمود

بە مەلیکی کوردستان بڵاو ئـەکردەوە و یـەك بـەدوای یەکدا بـەناوی شـێخ لـەطیفـەوە نامەیان ئەنارد، لە لایەکی تریشەوە سوپای لیڤی و پۆلیس و جاشپۆلیسی بە هەزاران لەگەڵ فڕۆکەدا ئەنارد. خانوو، دێهات، چاندگە و ئاژەڵی ئەکوشت و وێـران و پەرێـشان ئەکرد. خوێنی گیانداری کوردی بەسەر بەرد و چیاکاندا ئەڕشت وە زۆر تەقەلای دا کە بە سەرکەوتن شێخ مەحموود چارە بکات، بێسوود بـوو. ئینجـا کەوتـە ڕەگوڕیـشەی بـەرپاکردنی ئـاگری دوژمنایـەتیی کـورد و عـەرەب، بـۆ چـەپاوکردنی دۆسـتایەتییان و فەڕوەرگرتن لە خوێنڕشتنی هەردوولا.

ئینگلیزەکان خۆیان سەردار و خاوەنـدەسەڵات بوون لە عیراقدا، سوپای عیراق یەکسەر لەژێر فەرمانـدەییی خۆیانـدا بـوو. لەوکاتەیـشدا کەسـێکی وایـان نـەبوو کـە بتوانێت بەرهەڵستیی بیر و ئاواتیان بکـات. ئینجـا سـوپای عیراقـی هێنـا و ئاوێتـەی لیڤی و پۆلیس و بەکرێگیراوەکانی خۆیان کرد بۆ پـچڕاندنی پـشتێنی برایـەتیی ئـەم دوو گەلە، لە پێناوی ئـاواتی سیاسـەتی خۆیانـدا بـۆ جـەنگی براکوژی بەرامبـەر بـە شۆڕشگێڕانی کورد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**نامەیەکی چەپمەن**

بە ڕێکەوت ئەم نامەیـەی "چـەپمەن"م بینـی و خوێندمـەوە کـە بـۆ شـێخ لـەطیـف نووسرابوو کە لە تەمەنی ٦ تا حەوت ساڵەدا بوو. لە پاش خوێندنەوەی من نەمویست لێی بدوێم، بەڵام وا ئەزانم دووسێ ڕۆژی بەسەرا ڕابـورد و مـەلیك فـەرمووی ئـەزانیت چـەپمەن دەعوەتی خێزانەکە ئەکات بۆ شاربازێڕ! بەڵام لەطیف وەرامی ناداتـەوە، چـونکە درۆیـە، ڕەنگە زانیبیەتی کە وەکوو دەروێش هەر ڕۆژە لە جێگەیەك و بن بەرد و دارێکدا بن.

نامەکەی چەپمەن

جەنابی شێخ لەطیف هیـوادارم لـە خۆشـیدا بـن، جـوابی کاغـەزەکانی پێشووم وەرنەگرتەوە، ئینـشائەڵڵا خێـرە، ئـەتوانن لـە شـاربازێڕ بـەبێترس دانیشن، ئەگەر تەنیا خێزانەکە بێت. ئیتر خواتان لەگەڵ.

موخلێصتان: چەپمەن

**ئێمە کەی دوژمنی عەرەب بووین؟!**

من ویستم وەڵامی ئـەم نامەیـە بدەینـەوە، مـەلیك بـە باشـی نـەزانی، فـەرمووی ئەیکـەن بـە بەڵگـە، چـونکە ناپـاك و بێبـەزەیین. بەدبـەختیی ئـەو بەدبەختانـە لـەبیر ناچێتەوە، ئێمە کەی دوژمنـی عـەرەب بـووین. ئێمـە داوای مـافی خۆمـان ئەکـەین. چ ناڕەوایی و نابەجێیی‌یەکمان لە عیراق بینیـوە و کـەی گلـەییمان لـەو برایانـە کـردووە، ئەمانکەن بەگژ یەکترا.

ئاغستۆسی ١٣٤١

**خەلیفە یوونس و نووری بەگ**

ئەم جارەیش بـۆ کۆکردنـەوەی بەشـی پیتـی دانەویڵـە بـۆ چـوونی بازیـان فـەرمانم پێدرا. لە پاش گەیشتنم بە (چنگیان)، شەوڕەو گەیشتمە خەراجیان و بێگومـان میـوانی "کوێخا حەسەن" بووم. ڕۆژ گەیشتە چێشتەنگاو، کابرایەك هـات، وتـی: لـە (کۆزەڕەقـە) جەنگ گەرمە. خەلیفە یوونس، نووری بەگی مودیری ئاخنیوەتە ئاوایی، ئەیەوێت بیگرێت.

من بە پێویستم زانی بگەمە لای خەلیفـە و نـووری بـەگ ڕزگـار بکـەم. گەیـشتمە لای، تێم گەیاند کە خزمە و ئەبێت دەستبەردار بێت. خۆم لەگەڵ پێنج سـوارا چـووم بۆ ئاوایی. بەبێ ئەوەی قسەی نووری بەگ ببـەم، لەگـەڵ خـۆم بـردم و تـا ماوەیـەکی دوور لە (کۆزەڕەقە). ئەوان ١٢ سوار بوون. تێگەیشتم ئەیەوێت پیلانـی گرتنـی ئێمـە بخاتە کار، بۆ سەربەرزیی خۆی بە گیراوی بمانگەیەنێتە سلێمانی، چونکە چرپەچرپ و سوارەکانی یەکەیەکە لە خۆی نزیك کردەوە، زۆر باش دیاری دا. ئـیتر مـن خـۆم گرتـە دواوە، وتم: نووری بەگ تۆ ڕزگار بوویت، داو بۆ کەس دامەنێ، خواتان لەگەڵ، وێستام تا دوورکەوتنەوە. گەڕامەوە بۆ لای خەلیفە.

**چووم بۆ بازیان**

لە کۆزەڕەقـە خەلیفـەم بەجێهێـشت، شـەوی مـابوو گەیـشتمە بـاڕۆییی گـەورە (بازیان). پاش چەند ڕۆژێك صابیر بەگ و خالۆ ئەمین حەمە ئیمام هاتن، پەلەیان بوو، وتیان سبەینێ بۆ نیوەڕۆ سوپاکەی لیڤی ئەگاتە بازیان بۆ سلێمانی. مـن فـەرمانم پـێ

نەدرابوو هاوكاری جەنگ ببم. پێنج سوارم لەگەڵ بوو، بۆیە نەمویست تێكەڵیان ببم، بەڵام ناچار بووم لە چەكدارانی بازیان پتر لە ١٠٠ چەكدارم كۆ كردەوە و لە سەری تاسڵووجەوە تا پشتی (بیبیجەك)* مان بە پیادە گرت و سوارەیش لە (بیبیجەك) و تەپەشوانكارە دامەزراند.

پێشداری لقی یەكەم بە چیادا هات، كەوتە ژێر لوولەی پیادەكەمان و پەرێشان كران. سوپاكەیش كە لە شەقامەوە ئەهات، كەوتنە تاوانی چەكداری سوارە، بەڵام لیڤییەكە زۆر دلێرانە ئەجەنگان، بەبێ ترس بەرامبەر بە لەشكرەكەمان ورووژمیان ئەهێنا. بە ڕاستی زۆر ئەترساین كە ئەوان سەر كەون، بەڵام پێشدارەكەیان پشتی شكاندن، چونكە هێزەكەی ئێمە لە بەرزییەوە دەسەڵاتی خۆی پیشان دان. من ویستم تەقە ببڕین و ڕێگەیان بدەین، چونكە زۆر پەرێشان كران، بەڵام لە ناكاو چوار فڕۆكە هات بە مەترالیۆز و بۆمبا ماوەی ئێمەی بڕی. ئیتر ئۆردووەكەی خۆی دەر كرد و چوو بە دیوی سلێمانیدا. ئینجا بەرەنگاری لەشكری عەشایری دیوی سلێمانی بوون كە بە هاواری ئێمەوە هاتبوون. فڕۆكە لەسەر ئێمە جیاوازیی نەئەكرد، ئۆردوەكە كەوتبوونەوە تەنگەوچەڵەمە. تا ڕۆژ ئاوابوو، فڕۆكە لەسەرمان لانەچوو، تفەنگ و تاڵان زۆر بوو، كوژراو و برینداریان لە لایەن دێهاتەكانەوە كۆكرانەوە. بەڵام ئێمە زۆر داخدار بووین كە نەمانتوانی چارەیەكی برینـدارەكانیان بكەین و ئەو شەوە بە چۆڵەوە مانەوە، چونكە وامان ئەزانی كە زرێهلییان دێت و ئەیانباتەوە، بەڵام تا ڕۆژ لە چۆڵیدا مانەوە.

**گەڕامەوە بۆ پێنجوێن:**

من كارم تەواو بووبوو. شەو گەڕامەوە و گەیشتمە ئاواییی (دارۆغا)**. شێخ ئەوڕەحمان سەر بە میری و مووچەخۆری حكوومەت بوو. ناچاریش بووین بچینە ئاوایی، زۆر ڕێزیان لێ گرتین، نیوەشەو سوار بووین بۆ قڕگە و ڕۆیشتمەوە بۆ پێنجوێن. كارەساتم بۆ مەلیك گێڕایەوە. فەرمووی پێویستە ئەمانە بە نووسین

---

* بیبیجەك: دێیەكی ناوچەی بازیان.

** دارۆغا: دەبێ (داراغا)ی دێیەكی ناوچەی تانجەرۆ بێ.

بنووسن، چونکە ئەو نووسینانەیە کە مێژووی دوارۆژی کورد ئەپارێزننەوە و بەدبەختیی ئینگلیز لە خاوەنبەختان ئەگەیەنێت، بچۆ بینووسە.

چەند مژدەیەکی خۆش بوو کە لەکاتی چاپکردن و بەرێکردنی بەرگی دووەمی (چیم دی)دا، لە ڕادیۆی بەغدادەوە بیستم و منیش کردم بە پێشەکیی ئەم بەرگە. وتی! ! لیژنەی سەرکردایەتیی عیراق بڕیاری دا کە لە هەموو قوتابخانە و دانشگاهەکانی کوردستان بە زمانی کوردی وە لە زانستگاه و دانشگاهەکانی عیراق سوپایی و پۆلیسیشدا بە زمانی کوردی ئەخوێنرێت و ڕۆژنامە و گۆڤاری زانستی و ئابووری و سیاسی دەر بکرێت، ئەم ژوان و فەرمانە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی عیراقدا زۆرجار وترایەوە و بڵاوکرایەوە– تشرین یەکەمی ١٩٦٩.

بێگومان ئەم هەلە گەورە و مەزنە بە فیڕۆ نادرێت، چونکە ئیتر ئەرکی ڕووخاندن و داگیرکردنی قەڵای نەزانی کەوتە سەرشانی ڕەوشەنبیر و نووسەرەکانی کورد، کە نووکی تیژی خامەیان لە سنگی لەشکری نەزانی توند بکەن و بە هۆشمەندی ڕەگوڕیشەی نەزانی لە کوردستانا نەهێڵرێت و پایەماڵ بکرێت.

ئەوەش بزانن کە لیژنەی سەرکردایەتیی شۆڕش بازتی* زۆر گەورەتری ماوە بۆ پێشخستن و ڕێکخستن و لەناوبردنی هەموو چەوتوچێڵییەك بۆ ئازادی و بەرزکردنەوەی ناوی کورد و کوردستانی عیراق لە مێژوو وە جوغرافیای گشتیدا. ئێمەیش ئەبێت بە کۆششی بێوچان خۆمان لە فەریکی و دواکەوتوویی ڕزگار بکەین.

---

* بازت: بازد، باز، شەقاو.

# چیم دی

| |
|---|
| شێخ مەحموود: لە ڕۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩دا بەرامبەر بە بەریتانیای گەورە شۆڕشی کوردی دەست پێکرد، هەموو گەلە ژێردەست و یەخسیرەکانی ئینگلیزی تێگەیاند، کە ئادەمیزاد نابێت یەخسیر بێت، بانگی تەنیا نەك بۆ کورد، بۆ گەلانی ڕووی زەمین بڵاو کردەوە. |

سەعات چواری ئێوارێی ڕۆژی پێش جەژنی قوربان، لە سایەی مەلیکدا بە (٣٠٠) سوارەوە گەیشتینە دێی چوارتا، ئاوایی چۆڵ و بێزیندەوەر وە وێران وە بارانیش هەناسە نادات. نە نان نە خواردن پارووێەك نییە، چاوەڕێی ئەو بیست سەر مەڕە ئەکرا کە ڕاسپێری کرابوو. بەڵام بێنان ڕەنگە بەبێ خوێش بخورێت. مەلیك بانگی کردم چوار ظەرفی دامێ، فەرمووی لەگەڵ تەنیا یەك سواردا ئەچیت بۆ بازیان وە لەوێوە بیاننێرن بۆ "فەتاح ئەفەندی"* ١ و ٢ بۆ "کۆنت پول تیلکی" وە بۆ لە ئەندامان "وای. ئای. فێرسن" وەزیری موفەووەض لە بوخارستەوە "ئ. پۆڵس" عەقیدی موتەقاعید لە سوپای بەلچیکی وە "جواد پاشا" موفەتیشی عامی سوپای کیشوەری دیاربەکر وە "فەتاح بەگ". لەژێر باراندا گەیشتینە (بارۆیی)، نامەکانم نارد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

نامەکان بە تورکی نووسرابوون و زۆر کورت و ئاودار، ئەڵێت ئێمە بە چەك بەرامبەر بە ئینگلیز لە جەنگداین، کورد داوای ئازادی ئەکات، نایەوێت بە دیلی بژیەت، کێ داوای ئاواتمان کە ئیستیقلال و ڕزگاریی کورد و کوردستانە ئەهێنێتەجێ، لەگەڵ

* فەتاح ئەفەندی: (١٨٨٢؟–١٩٦٧/١/٢٥) کوڕی ئەمین عەتار و برای بەهێخانمی هاوسەری شێخ مەحموود، ئەفسەرێکی تا ١٩٢٣ پلە یووزباشی (نەقیب)ی سوپای عوسمانی بوو. لە تورکیاوە –بە گفت و بەڵێنی یارمەتیی کوردەوە– گەڕایەوە و ٧ی شوباتی ١٩٢٣ گەیشتە سلێمانی، کاری کردە سەر بۆچوون و هەڵوێستی شێخ مەحموود تا بەتەواوی پشت بکاتە ئینگلیز و بچێتە بەرەی تورکان. پاشتر ئەندامێکی وەفدی تورکیا بوو لەناو لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم)دا کە ١٩٢٥ پێك هێنرا بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی). تاسەر لە تورکیا مایەوە (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود– (ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"، ژ١٢، ١٠ شباط ١٣٣٨، ل٤)؛ سي. جي. أدموندس، کرد وترك وعرب، ص٣٥٥؛ ئەلبوومی شێخ مەحموود حەفید، ل٢١).

ئەو لایەین[٢١]. مارتی ١٩٢٥ لە لایەن عیراقیشەوە صەبیح نەشئەت و لـە ئینگلیـز– ئـاڕ. ئێف. چاردن.


((بەدبـەختیی ئینگلیـز، کـورد فێـری دروسـتکردنەوەی کوردسـتانێکی نـوێ و ژیانێکی تازە ئەکات.))– شێخ مەحموود

کـاتی گەڕانـەوەی خێڵـەکانی جـاف لـە کوێـستانەوە بـۆ گـەرمیان نزیـك بـۆوە، حکوومەت ترسی لێ پەیدا بـوو، چـونکە بـەپێی دەسـتوور هـەموو سـەرکۆمارەکان لـە گەڕانەوەدا ئەبێت بێن بۆ بینینی مەلیك و چ خەرج و باجێکیان لەسەر بێت بیدەن. جا حکوومـەت کەوتـە فرۆکـەناردن، بـە بەیاننامـە هەڕەشـەکردن. ئەمـە وێنەیـەك لـە بەیاننامەکان و بە زینۆگراف و بەبێ دەستکاری:

ئەوا ئیخطار ئەکرێن کە هەر لە حودوودی ئێران تەجاوزتان کرد بۆ خاکی لیوای سلێمانی و گەرمیان، شایەد جوزئی و کوللی بێئیطاعەتیی حکوومەتتان لێ صادیر وە یا خیلافی ئەمر و ڕەضای حکوومەتی جوزئی موعامەلەیەك بکەن وەیا لە ئیطاعەتی موطـڵەقەی حکوومەتدا جوزئی قوصوورێکتان لێ ڕوو بدا، مەعلووم بزانن کە فەوقەلعادە عەذاب و فەلاکەت ئەبینن زۆر بە شیددەت تەجزییە ئەکرێن. لازم بوو لەم جیهەتەوە لەپێشەوە ئیخطار بکرێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## موتەصەڕیفی سلێمانی


اوا اخطار اکرین که هر له حدود ایران تجاوزتان کرد بو خاك لوای سلیمانی و گرمیان شایه‌د جزئی
و کلی بی اطاعتی حکومتتان لی صادربی و یا خلاف امر و رضای حکومتی جزئی معامله‌یك بکن
و یا له اطاعت مطلقة حکومتدا جزئی قصوریکتان لی رو بدا معلوم بزانن که فوق العاده عذاب و
فلاکت ایبینن ، زور به شدت تجزیه اکرین لازم بوا لم جهته وه له پیشه وه اخطار بکرین .

متصرف سلیمانی

---

[21] بۆ تێگەیشتن لەم کارەساتە (مشكلة الموصل) بخوێننەوە.

**بۆ هەموو سەرکۆمارەکان و کوێخاکان جاف**

ئەوا ئیخطار ئەکرێن کە هەر لە حودوودی ئێران تەجاوزتان کرد بۆ خاك و لیوای سلێمانی و گەرمیان شایەد کوللی و جوزئی بێئیطاعەتیی حکوومەتتان لێ صادیر ببێ وەیا خیلافی ئەمر و ڕەضای حکوومەتی جوزئی موعامەلەیەك بکەن وەیا لە ئیطاعەتی موطـــڵەقەی حکوومەتدا جوزئی قوصوورێکتان لێ ڕوو بدا، مەعلووم کە فەوقەلعادە عەذاب و فەلاکەت ئەبینن و زۆر بە شیددەت تەجزییە ئەکرێن. لازم بوو لەم جیهەتەوە لەپێشەوە ئیخطار بکرێن.

موتەصەڕیفی سلێمانی

تشرینی یەکەمی ١٩٢٥

حکوومەت لە جەنگی لیڤییەکەی (گرێزە)، زۆر ورەی بەر دا. جا بۆ ئاگربڕی لە پێشەوە کەوتە هەڕەشە، بەڵام بێسوود بوو. بەراییی خێڵی جاف گەیشتە دۆڵی شلێر، فڕۆکە پەیدەرپەی دێت و ئەسووڕێتەوە. بە ڕۆژ پێنجوێن چۆڵ ئەکرا. لە پشتی ئاوایی بووین دوو فڕۆکە هات و یەکسەر یەکێکیان لە (گەڵگە)* نیشتەوە و لەو کاتەدا سوارەی حەمەی شێخ عەلی گەیشتنە سەریان و هەردوو فڕۆکەوانەکەیان گرت و هێنایان بۆ بارەگاه. فڕۆکەوانەکان "کەپتان دێنی و هێستر"**، لەگەڵ گەیشتنیان داوای شێخ

---

* دەشتێکی ناوچەی پێنجوێنە لە خوار دێی (ڕاوگان)ەوە.

** "دانی"ی فڕۆکەوان و "هێرست"ی میکانیکی ڕۆژی ١٩٢٦/٦/١٤، پاش لەکارکەوتن و نیشتنەوەی ناچاریی فڕۆکەکەیان، کەوتنە دەستی هێزەکانی شێخ مەحموود و برانە (ولەژێر). ئەو ماوەیە وەك دیلی جەنگ ڕێزیان لێ گیرا. مستەفا ئاغای برای وسوو ئاغا چاودێری و سەرپەرشتیی کردن، تەنانەت کە نەخۆش کەوتن، شێخ لە کاربەدەستانی ئینگلیزی گێڕایەوە پزیشك بنێرن بۆ تەماشاکردنیان، ئەگەر نەخۆشیەکەیان قورس بوو، ئامادەیە بەریان بدا، بەڵام کە دکتۆر"شۆ" نێردرا، بۆی دەر کەوت نەخۆشیەکەیان جێی مەترسی نییە، پێشنیاری بەردانی نەکردن. پاشتر لە ١٩٢٦/١٠/١٤دا بەر دران و تەسلیم کرانەوە. ئینگلیز چەند کەوتە مشووری دۆزینەوەی ڕێی ڕزگارکردنیان، شێخیش، پاش کزبوون و تەنگپێهەڵچنرانی جووڵانەوەکەی و کزکردنی سەرچاوەکانی بەردەوامیی، ویستی وەك کارتێکی تەنگپێهەڵچنین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکاننی خۆی بەکاری بهێنێ (م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل٥٨٥، ٦٧٤، ٦٨٢، ٦٩٠-٦٩١).

مـەحموودیان کـرد، هــەر لــە دوورەوە ناسـییان، وتیـان ئێمـە وێنــەیمان بینیـوە. تــەنیا مصطەفای برام ئینگلیزیی ئەزانی و ماوەیەك وتوویژی لەگەڵ کردن. بە سواری ئێستر من بردمن بۆ (ولەژێر). جاف هات و بە خۆشـی و بـێ وەیـی گەیشتنەوە گـەرمیان، بـەڵام لـە پاش بەجێهێنانی ئەو پێویستیانەی لەسەریان بوو وەکوو مەڕانە و پووش و خوری.

شـێخ مـەحموود بەرامبـەر بـە نائومێـدی لـە ئینگلیـز، ئەیویـست پەنایـەکی تـر بدۆزرێتــەوە. ئــەوەیش تــورك یــان ئێــران و بــە هەرچــی جۆرێــك بــۆی هەڵــسووڕێت دۆستایەتییەکی بەتین دامـەزرێنێت. لـە پلـەی یەکەمـدا ئێرانییـەکان پـشتیوانێکی زۆر گەورەو کارئاسانیمان بـوون. بـەڵام ویـستی لەگـەڵ توورکەکانیـشدا دۆسـتایەتی تـازە بکاتــەوە و هــیچ نــەبێ یارمەتییــەکیان لێ وەرگرێـت، چـونکە لـە تورکـەکان بـە هیـوای ویلایەتی مووصڵەوە ئومێدی چاکە ئەکرا.

بڕیاری دا بە نووسینی دوو نامە ١) بـۆ خـەیری پاشـای فەرمانـدەی سـوپایی لـە (وان) و لەگـەڵ صــەبری ئەفەنـدی "کاکـەڕەش" نـاردی، ٢) بـۆ تـاران بـۆ سـەرەك شـالیارانی ئێـران. وەڵامـی نووسـراوەکەی تـاران لـە لایـەن حکوومـەتی (بانـە)وە زوو هاتــەوە، ئــەڵێت: ((فــەرمانم پــێدرا بێمـە خزمـەتتان بـۆ دەسـتماچـکردن، بـۆ ئـەو جێگەیـەی خۆتـان ئەفـەرمون))، لـە لایـەن یـاوەر "محەمـەد عـەلی خـان" فەرمانـدەی قشوونی بانە. ئەم نامەیە لە پێنجوێن وەر گیرا.

فـەرمانی ئامـادەکردنی ١٠٠ سـوارە و ٥٠ پیـادە دەر کـرا. پـاش دوو ڕۆژ مـەلیك لەناکاو ڕۆیشت بۆ (دۆڵی شلێر) بۆ دێی (وێنە)* بۆماڵی حەمەڕەشید خانی قادر خان. لەوێوە وەڵامی بانەی نووسییەوە و بۆ ڕۆژی دوایی یاوەر لەگەڵ پێنج سوار هات. شەو ماینەوە، ئەوەی پێویست بوو لە لایەن هەردوو لاوە بڕیار درا.

وەڵامی تورکیا لە (وان) لە لایەن والی "صەبری پاشا"وە لەگەڵ "کەمال بەگ" نـاودا، "دکتۆر ئۆرخان" و ئەجزاچی "کامیـل بـەگ"** لەگـەڵ یـەك هـەزار لـیرەی زێـڕدا گەیشتنە

---

* دۆڵی شلێر: لە ناوچەی پێنجوێنە. وێنە: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

** ئەم کامیل بەگە برینپێچێکی تورك بووە، نێردراوەتە لای شێخ مەحموود لە ولەژێر، کە دێیەکی نزیکی (کانی سانان)ە (شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، ل٥٦٤).

(ولەژێر). بەڵام دکتۆر ئۆرخان و ئەجزاچی کامیل بەبێ دەرمان نێررابوون، شێخ مەحموود پێی وتن: لای خۆمان پیاو زۆرە، دەرمان نییە. لەبەر ئەوە بۆ گەڕاننەوەیان لەگەڵ پارەکە بە "کەمال بەگ" نوێنەری والیی گەیاند، جا بە پاڕاننەوەیەکی زۆرەوە بەڵێنی دا کە بە زوویییەکی زوو دەرمانیش بگەیەنێت. گەڕایەوە بۆ وان بۆ هێنانی چەك و بەرگ و پارەیش، بەڵام یارمەتییەکەیان زۆر کورتی هێنا، خۆ ئەگەر نووری عەلی* کە سەرۆکی تەندروستی بوو، لەبەر هەندێك پێویست نەئەگەڕایەوە، پێویستی دکتۆریش نەئەبوو.

ئیتر هیوا بێجگە لە تەنیا کوردە بەئابڕوو و ئازاکان بەو لاوە هیچ پەنایەك نەبوو، شێخ مەحموود تەنیا بە دارایی خۆی بەربەرەکانیی ئەکرد بۆ ئازادیی گشتی.

لە پێنجوێن ضابطەکان و ئێمەمانان کۆبووینەوە، بۆ ئەوەی سەرڕشتەیەك لە بیر و نیازی ئینگلیزەکان بچێژینەوە، ئەگەر دەست بدات دوایی بە شۆڕش بێت، نامەیەك بۆ موفەتیشی ئیداری لە سلێمانی "لاین"** بنووسین.

((ئێمە لە لوطف و عەدالەتی بەریتانیا دڵنیاین کە بە چاوێکی دڵسۆزانە ئەم گەلە ئاوارەیە ئەبینێت کە دوای ئازادی کەوتوون و ئیتر بە ماڵوێرانی و خوێنڕژاندن دوایی بهێنرێت، لەگەڵ دانی مافی کورد و عەفووی عام بڵاوکردنەوە، لە هەستی ئادەمیزادیتان هیوادارین– کانوونی ئەووەلی ١٩٢٥))

وەڵامی نوێنەری بەریتانیای گەورە و خاوەندەسەڵاتی ژیان و مەرگی کوردی هەژار، موفەتیشی ئیداری کۆلۆنێل لاین پەروەردەی دانشگاه و مافزانی ئادەمیزادیش ئەمەیە:
((سەگی هار چل ڕۆژ عومریەتی.))– موفەتیشی ئیداری "لاین"، شوباطی ١٩٢٦

تەنیا چوار مانگ بەسەر نامە لەنگ و ناپەسندەکەی " کۆلۆنێل لاین"دا ڕابوردبوو کە لە وەڵامی تیپێك خوێندەوار و لاوی کوردا فەرمووی ((سەگی هار چل ڕۆژ عومرێتی))، ئەم کارەساتە ڕووی دا. ئایا هەر ئەو کردەوەی دەرمانکردنی نەخۆشە دوژمنەکەی نەبوو کە تائێستا بووە بە مایەی ستایشی پیاوەزنی بۆ صەڵاحەددین؟![22].

---

* مەبەست نووری عەلیی ئەجزاچییە کە ساڵانێك ئەجزاچییەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی بوو.

** کۆلۆنێل لاین.


[22] نامەی دووەمی "کۆلۆنێل" لە لاپەڕەکانی ئەم نووسراوەدا ئەیخوێنیتەوە.



www.zheen.org

ئێستا "لاین" هاتەوە هۆش، تا لەم جێگاو کاتـەدا بـچەقێت کـە بـۆ دەرمـانکردنی فڕۆکەوانەکانیان کە گیانکێش و ماڵ و چاندگە وێران و سـووتێنەر و ئـاژەڵکوژی کـوردن، دکتـۆر بنێرێتـە ناوچەرگـەی کـوردی بـە دوژمـنزان و ئـەیزانی ئـەو تیپـە خوێندەوارانـە گیانبەختکەر و نەوەی کوردن، کوردی دلێر و ئادەمیزاد، نەك سەگی هار.

((ڕۆژ ئاوا ئەبێت، ماف لەناو ناچێت.))– شێخ مەحموود


جناب شيخ محمود افندي

٢٦/٩/١٦

پێکەی ژین
www.zheen.org

ئەم نامەیە لەسەر داوای شێخ مەحموود

بۆ ناردنی دکتۆر بۆ بینینی طەیارەچییەکان لەوەپێش نووسراوە

ئەمە و کردەوە پەسەندەکانی ضابطە سیاسییەکانیان ئایا ئەوان ڕاست ئەکەن، چونکە گەلێ بێناو و ماف ئەبێت لە دانگی سەگ*دا بژیەت و ژیانی کەم، بەڵام قەیرانی چل ڕۆژە بۆ ئەوان بوو ڕێك خرا، بەم پێیە فەرمان درا:

فەرمانی مەلەکی پشت بە خوا

ژمارە: ٣٠

ڕۆژ : ١٥ی شوباطی ١٩٢٦

بۆ هەموو فەرماندە و هێزەکانی سوپایی و عەشایەر

بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە ڕۆژی ٢٠ی شوباطەوە بەپێی ئەم تەرتیباتەی ژێرەوە دابەش ئەبن و بەرامبەر بە هێزی حکوومەت دلێریتان ئەبێت ببینرێت و لە هەموو جێگا و شوێنێکدا بۆ پایەمالکردنتان چاوەڕێی هەلمەتتانین. ئازاری نیشتەدێیەکان هەرگیز دروست نییە.

مەحموود

١) بەشی سوارە

١- ماجد و سوارەی سوپایی لە سلێمانییەوە تا موان.

٢- خەلیفە یوونس و سوارەکانی لە موانەوە تا خورماڵ.

٣- ئەحمەد ڕۆستەم لە سێتەلانەوە تا جێشانە.

٤- صابیر و تۆفیق لە سلێمانییەوە تا تابین.

٥- ئەمین حەمەی ئیمام لە تەپەشوانکارەوە تا دەربەند.

٦- ئەحمەد خواجە لە بازیان و قەرەداخ.

٧- شێخ محەمەدە بچکۆلە و حەمەی شێخ عەلی لە شاربازێڕ و پێنجوێندا.

بۆ هاتوچۆ و نامەبەریی تۆفیق ئاغا "تۆفیقەسوور"ی شیوەکەڵی بۆ لای هەموو لقەکان هاتوچۆ ئەکات.

٢) بەشی پیادە:

---

* دانگ: شەشیەکی موڵك و زەوی. کینایەیە لە جێی بەرتەسك و پچووك.

١- فەرماندە حیکمەت ئەمین لە کەلی گۆیژە.

٢- ڕەمزی ئەفەندی و ڕەشید ئەفەندی لە ئەزمەڕ و سیتەك.

٣- عادل ئەفەندی لە پێنجوێن.

٤- پیادەکانی پیران و کوڕی گەپلە*، برنجە لە جێگەی خۆیان ئەمێنێتەوە.

٥- پیادەی شارباژێڕ لە جێگای خۆیاندا نابزوون تا لە فەرماندەکانی پیادە داوای یارمەتیتان لێ ئەکرێت.

مەلیك و باشقوماندان

مەحموود

من لەسەر ئەو فەرمان و وەرگرتنی ڕاسپێرییە تایبەتییە ڕۆیشتم، چوومە داریکەلی، ٤٠ باری ئێستری برنج و گەنم و جۆم ئامادە کرد. ماوەی پارەی زەویانە و دەیەك لە دێهاتەکاندا کۆمکردەوە، لەگەڵ کاروانەکە و دوو سوارا ناردم بۆ پێنجوێن.

لە پێش هەموو شتێك و بزووتنەوەماندا لە لایەن "فەقێ محەمەدی هەمەوەند" مودیری مۆرتکەوە هەڕەشەم بۆ هات و داوای بەجێهێشتنی بازیانی کرد، ئەگەر بە پێچەوانەی داواکەی بکەم، بە فڕۆکە بۆمبارانی دێهاتەکان ئەکرێت. من ئەم قسەیەم بەڕاست زانی، شەو چووم بۆ دێی (داودبلاخ). پاش یەك شەو و ڕۆژ، پاش سەعات ٥ی ئێوارە ئاواییمان بەجێهێشت، بەڵام وا ڕێکەوت کە هێشتا لە ٢٠٠ مەترە پتر جیا نەبووبووینەوە، دوو فڕۆکە گەیشتە سەرمان و بەبێ وێستان بە بۆمبا و مەترالیۆز پەرێشانی کردین. نزیکەی نیو سەعات بەرەبەرەکانیی ئێمە بە تفەنگ بەرامبەر بە فڕۆکەکان، بریندارێك و ئەسپێك کوژراومان بوو، تاریکە داهات. گەیشتینە دارەکەی (صۆفی نەبی)، فڕۆکەیەك کە بە تفەنگی ئێمە پێکپێنرابوو کەوتبوو، چەند پیاوێك لە دوور وێستابووین، وتیان لە پاش تەقەکان هات و نیشتەوە. ئەوی تریش لە لایەوە نیشتەوە و فڕۆکەوانەکانیان هەڵگرت و بردیانن لە لایەن سوارەکانەوە ئاگری پێوە نرا و سووتا.

---

* کوڕی گەپلە: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

لقـی ئێمـە ئـیتر نەکەوتینـە جـەنگێکی واوە کـە شـایانی بـاس بێـت، سـوارەی هەمەوەند بە درێژاییی ڕۆژ لەنزیك سلێمانیی‌یەوە تا سووورداش لە جەنگدا بوون، جەنگی بە کرێگیراوەکانی ناوخۆ و فڕۆکە ماوەی نەئەدابن. لە هەموو لایەکدا ئاژەڵ، گا و کەر، خانوو و چاندگە، ڕێبوار و سوار وەکوو یەك ئەدرایە بەر چیکەنەی مەترالیۆز و بۆمبا.

کاروانی ئازووخەی حکوومەت کەوتە بەر لووتی سوارەی هەمەوەند و ئەمین حەمەی ئیمـام لـە تـەینالٚ بـەرەنگاریان بـوون، ئازووخـە بـە بـارگیر و ئێـسترەوە گـیرا و لـە سوپاییی‌یەکانی میری ئەوەی دەرچـوو، برینـدار بـوون. هـەروەها لـە شـارەزووریش بـەری جەنگ نەئەپێچرایەوە، لە (زەڵم)* ەوە تا گردی سەیوان– سلێمانی ئاگربارانی گوللـە بـوو، لە سلێمانیشەوە بۆ کەرکووك لە هاتوچۆی حکوومەتییەکان ڕێگە بە تـەواوی بەسـترابوو. جا شۆڕشگێڕەکان بۆ ئەوەی فڕۆکە نەتوانێت کاریان لێ بکـات، دوورەجـەنگیان نەئـەکرد، هەمیشە لە ماوەیەکی زۆر نزیك تا ئەگەیشتە تێکەڵی پـەلاماری هێزەکـانی میرییـان ئـەدا. لەبەر ئەوە فڕۆکە بۆ پارێزگاریی هێزەکـەی خۆیـان بۆمبـا و مـەترالیۆزی بەکارنەئـەهێنا و بێگومان ئەبوو بە هۆی شپرزەیی و پەرێشانیی دوژمن.

لە فەرمانە نهێنییەکاندا کە پێمان ئەگەیشت، ئەڵێت: شۆڕشگێڕەکان، لەسەریان پێویستە تا چل ڕۆژ ماوەی حەسانەوەی حکوومەت نەدرێت، سلێمانیی‌یان لێ بکرێت بـە کوانووی ئاگر. ئەو کوردانەی یاریەدەریی حکوومەت ئەکـەن، بـەبێ بـەزەیی لەگـەڵیان ببزوونەوە، دۆستی دوژمن دوژمنە. ئاگـاداری ژیـانی هـەژاران یەکـەمین پێویـستە. مـن بەبێ ئەوەی تووشی هیچ جۆرە جەنگێکی وا ببم کە شایانی بـاس بێـت، گەڕامـەوە بـۆ پێنجوێن. لە جەنگاوەرەکانەوە زۆر ڕاپۆر هاتبوو، ئەمە چەند دانەیەکیان.

بۆ پێشگاهی مەلیك و باشقوماندان

ژمارە:

ڕۆژ: ٢٥ی شوباطی ٩٢٦

---

* زەڵم: دێ و تاڤگە و ئاوێکی ناوچەی خورماڵە.

١– شەوی ٢٠ لە دێی (مووان) بەرەنگاری سوارە عەسکەری میری بووین. لەناو ئاواییدا ئابلۆوقە دران. تا پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بە ئاوێتەی عەشایەرەکانەوە زۆر بە پەرێشانی دەرباز بوون.

٢– سوارەی بەشی زەلّم هاتە یاریەمان.

٣– تا نزیك بێستانسوور لەسەریان ڕۆیشتین.

٤– دەستکەوتەکانمان: ٤٨ تفەنگی ئینگلیزی، ٢٠٠ فیشەکی تفەنگی ئینگلیزی، ٥ یەخسیر، ٢ تفەنگی تورکی، ڕەنگە هیی عەشایرەکان بێت.

لەگەڵ ١٨ کوژراو و ٢٥ بریندار و ٤٠ ئەسپی کوژراو و بریندار کە بەجێ ماون.

١. لە موانییەکان بە گوللەی وێڵ ٢ ژن کوژراو، دوو کوڕ و پیرێك بریندار هەیە.

٢. لە سوارەکانی خەلیفە یوونس یەك کوژراو و یەك بریندار هەیە.

٣. لە ئێمە حەمەی سەعید و قالەی برایم کوژران و چوار بریندارمان هەیە، لە بریندارەکان شەریفی سمایل باش نییە.

٤. هەموو بریندارەکان نێررانەوە بۆ پێنجوێن، وڵاخی برینداریشمان هەیە.

ماجد

قوماندانی سوارەی عەسکەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ پێشگاهی مەلیك و باشقوماندان

دەستتان ماچ ئەکەین.

دوێنێ لە کەندەکەوە لەگەڵ پۆلیس و عەسکەری لیویدا دوو سەعات لە جەنگدا بووین و تا گردی شێخ محێدین– سلێمانی شکان و لەسەریان چووین، پێنج بریندار و دوو کوژراویان بە ئەسپ و تفەنگەوە بەجێ ما، لە ئێمەیش حەمەشەریف نەریمان و سێ ئەسپ کوژرا. ئێستا لە دێی کەڵەکن و خێوەتەین، فڕۆکەمان نەبینیوە، تۆفیق ئاغا و هەموومان خاکی بەرپێتان ماچ ئەکەین.

٢٨ی شوباطی ٩٢٦ — صابیر

قوماندانی سوارەی هەمەوەند

بۆ حەضرەتی مەلیکی کوردستان

خاکپاتان ماچ ئەکەین. لەنزیك تـەینالْ دامـان لـە مـەفرەزەی نـەقلّیات، پێـنج ئێستر بە بارە ئازووخەوە لەگەڵ یەك ئەسپمان دەسـت کـەوت. شـەش عەسـکەر – دوانیان کورد بوون– گیران، بە مەرقەدی کاکئەحمەد ئەوەندە بـە ئـازایی و دلێـری ئەجەنگان، لە دلّم نەهات بیانکوژم. ئازا ناکوژرێت، بەرم دان. هەموومان سەلامەتین و خاکی بەرپێتان ماچ ئەکەین.

ئەمین حەمەی ئیمام

خزمەتکار

ڕاپۆری جەنگی زۆر بوو، بەم چەند دانەیە دواییمان پێهێنا و لە ماوە و قـەیرانی چل ڕۆژەدا بە ڕاستی گاڵە کرا بە هێز و سیاسەتی حکوومـەتی سـلێمانی و شـێرەکانی "لاین". بەرامبەر بە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی شێخ مەحموود بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگـا و گوشـادکردنەوەی دەرگایـەکی یارمـەتی، لـە هـەموو لایەکـەوە ئینگلیـز بووبـوو بـە دەرگاوانێکی بێئامان و وریا، بۆ بەربەستی تێکۆشان و بەبادانی ڕەنجی کـورد و شـێخ مەحموود. بێجگە لە بەکارهێنانی ئەو پیلانانەی بەرامبەر بە حکوومەتە دراوسێکان، لە وڵاتـی سلێمانیـشدا ئینگلیـز کەوتـە هەلگێڕانـەوەی عەشـایر و دۆسـتەکانی شـێخ مەحموود، پچڕاننەوەیان لە شۆڕش.

١– لە شێخانی بەرزنجەیان گەیانـد کـە ئـەوانیش لـەم کوردسـتانەدا بەشـدارن و نابێت تەنیا شێخ مەحموود بیخوات. جا کۆسپی گەورە بەرزنجییـەکانی خزمـی بـوون. مـن خـۆم زۆر موخلّـصیانم، بـەڵام لـە ڕاسـتیش نابێـت لابـدەم، لـە کاتێکـدا کـە شـێخ مەحموود گیرا و نێررا بۆ هیند، شێخەکان ناوی شێخییان لـە خۆیـان دامـاڵی و ئێجگـار زۆریـان بووبـوون بـە عەسـکەری. لقـی پـۆلیس زۆر لـە گەورەکانیـشیان بووبـوون بـە ڕووپیەوەرگری میری، پێویست بە ناوهێنانیان نابینم. کەچی لەم دوایییەشدا بـوون بـە تاوێری ناگەهان بۆ شێخ مەحموود.

٢– حەمەڕەشید ئاغای نۆررك، لە بنەماڵەیەکی بەرز و ناودار و بەڕێز، لە تـیرەی ئاغایـانی شـیوەکەڵ، خـاوەن مێـژوو و دیواخانەیـە بەرامبـەر بـە کوردسـتان و شـێخ

مەحموود. خۆی بە ڕاست و موخلێص پیشان ئەدا، بەڵام دەرکەوت کە بە ناوی (مودیری ناحیەی شیوەکەڵ)ەوە مانگانە وەر ئەگرێت. لەبەر ئەوەی بە خزمی حەمە ئاغای ئەوەڕەحمان ئاغا ئەزانرا، شێخ مەحموود "حەمە ئاغا"ی ئاگادار کرد، وەڵامی حەمە ئاغا: ((من ئەو کەسەم کە ژوانی گیانبەختکردنم پێداویت، دوژمنی وەطەن و تۆ دوژمنی منیشە، خۆت سەردار و حاکمیت)).

شێخ مەحموود ویستی لەگەڵ حەمەڕەشید ئاغا ڕووبەڕوو بدوێت و لە چاکە و خراپەی کار تێبگەن، ئەم نامەیەی بۆ نارد:

برای خۆشەویستم حەمەڕەشید ئاغا

زۆر دەمێکە لە صیحەت و چۆنیەتیتان بێخەبەرم، نیازم وایە بۆ چەند ڕۆژێك ڕاو بێم بۆ خزمەتتان. وا لە پێش هاتنمدا خەبەرتان ئەدەمێ. ڕەنگە خۆم و دووسێ سوار زیاتر نەیەم. چاوی هەمووتان ماچ ئەکەم، چاوەڕێی وەڵامم.

مەحموود

موخلێصتان

ئەم نامەیە لەگەڵ تۆفیق ئاغای خزمیاندا نێرا، بەڵام لە وەڵام و ڕاسپێرییەکدا ئەڵێت: —وەکوو تۆفیق ئاغا گێڕایەوە— من مەئمووری حکوومەتم، ناتوانم بە نووسین وەڵام بدەمەوە، خزمەتکارم. ئەگەر ئەفەرمویت من نۆڕك بەجێئەهێڵم و ئەچم بۆ سلێمانی. تۆفیق ئاغا بەم جۆرە ڕاسپێرییەکەی هێنایەوە و گەیاندی بە شێخ مەحموود.

ئیتر بڕیار درا کە ئەو قەڵایەی لە سەرووی شۆڕشگێڕانەوە بەناوی حکوومەتەوە دروست کراوە، بیڕمێنێت. بارەگاه هاتە دێی (سەرخوار) نزیکەی ٥٠٠ سوار و پیادە چەکدار هەبوو فڕۆکە تا شیوەکەڵ و (نۆڕك)* زۆر هاتوچۆی ئەکرد و سوارە و پیادەیش لە بارەگاه جیا نەئەکرایەوە و وا زانرا کە حەمەڕەشید ئاغا ترساوە و بە سلێمانیی گەیاندووە کە شێخ مەحموود ئەچێت بۆ نۆڕك. لە خواردن گۆشت زۆر کەم بوو. نزیکەی پێنجشەش ڕۆژ سەخڵەتی هەبوو، تا ڕانەمەڕەکە گەیشت. لە عەشایری بێسەری و چووچانی و ناوداری

* سەرخوار، نۆڕك: دوو دێی بەری سیوەیلی ناوچەی شارباژێڕ.

www.zheen.org

نزیکەی ١٠٠ چەکدار گەیشت. ئەو ڕۆژە پاشنیوەڕۆ شێخ مەحموود بانگی کردم، فەرمووی لەگەڵ سوارەکانت ئامادە بن، ئێوارە بە نهێنی ئامۆژگاریت ئەکەم و هەروەها بە "عەزە بەڕەی بێسەری"ش بڵێ ئێوارە بێت و وەرن بۆ لام.

فەرمانەکان:

١- من یەکسەر بچم بۆ سەر نۆرك و بۆ شارەزایی وسوو ئاغا لەگەڵ بێت.

٢- عەزە بەڕە و چەکدارەکانیان لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەڕۆن تا نزیك ئاوایی.

٣- لە لایەن ئێمەوە ورووژم ئەبرێت و بە دەنگی یەك تەقە، ئەوانیش ئەبزوون و ئەچینە ناو نۆرك.

٤- وەزەن* و کوشتن و تالان بە هیچ جۆرێك نابێت ڕوو بدات. تەنیا حەمەڕەشید ئاغا دەستگیر بکرێت.

نیوەشەو گەیشتنە بەرامبەری ئاوایی، عەشایرەکە چاوەڕێی پرۆگرامیان نەکرد و گەیشتنە ئاوایی، بوو بە تەقە. ئیتر زانیم ئەگەر نەگەمە ئاوایی تاڵان ئەکرێن. کە گەیشتمە بەر ئاوایی دوو سوار، حەمەڕەشید ئاغا و خێزانەکەی بە سەڵتەسوارە دەرپەڕین، بەبێ کوشتن نەئەگیران. ئیتر وە ماوەی تەقە و بەربڕیانم** نەدا، ڕۆیشتن. بەڵام تا گەیشتم کار لەدەست چووبوو. ئاگریان نابوو بە کۆشکەکەی ئاغاوە، چارە نەئەکرا. فیشەکێکی زۆری تێدا تەقی. زۆر دڵتەنگ بووم، چونکە پێچەوانەی فەرمانەکەی مەلیك و پرۆگرام ڕووی داوە. لەلایەکی تریشەوە خانوو سووتا و ئەم خێزانە بەڕێزە ئاوارە کران و هیچم لەدەست نەئەهات بیکەم و ترسی پرسینەوەی شێخ مەحموودیشم زۆر بوو.

بۆ ئەوەی یادی کردگاری ئەم کوردە خەڵەتاوانە لە بیر و یادا بژی، ئەمجارەیش بە یادی نەزانینیانەوە ناویان ئەبەین؛ لە بەرزنجە، قەرەداخ و سەنگاو، لە سەرگەڵوو و شەدەڵە شێخان و سادات، لە شیوەکەڵ، پشدەر، لە هەڵەبجە بەگزادەی جاف بە پیلان و هەڵفریواندنی مامۆستای هەرە گەورە ئەدمۆنس و سیاسییەکانی شاگردی،

* وەزەن: زیان.

** بەربڕ: پێشلێگرتن، بەرپێگرتن.

وەکوو لید، چەپمەن، لاین و گاون، ئەو پیاوە بەڕێز و ناودارانە لە دوادواییی کارا جیا بوونەوە. سەرەڕای ئەمانیش، لە تەنگیسەر شێخ قادری برای شێخ مەحموود بووبوو بە کۆسپ و گرێیەکی سەخت و برینێکی بێدەرمان. تاوانبار تەنیا ئەدمۆنس بوو، بە سیاسەتە لەقەکەی ضابطەکانیان لە لایەکەوە کوردستانیان دروست ئەکرد و لە لایەکیشەوە بە هاندانی جیابوونەوەی دەستدارەکان لە شۆڕش و بە فڕۆکە و سوپا بۆردمانی تەختوبەختی کوردستان لە کۆششدا بوون.

برای کورد، خوێندەواری بەڕێز، لە سەرەتادا ئینگلیزەکان نەك دوو، ئەیانویست ٣ شووتی بە دەستێك هەڵگرن؛ ١) درێژەی شۆڕشی کوردیان پێویست بوو، بەو مەرجەی بە لاوازی بڕوات. ماوە نەدرێت هەموو کوردی عێراق تێکەڵ بێ، بۆ ئەوەی لە تورکەکانی بگەیەنێت کە کورد داوای ویلایەتی مووصڵ ئەکەن و هیی کوردە و بە چەك لە هەموو داوایەك ئەیپارێزن، ٢) بە ئێرانیشی ئەوت کوردی عێراق داوای مافی کورد ئەکەن، ماوەیان نادەین نەك ئێوەش لە کوردستانی ئێراندا تووشی زیان ببن، ٣) هەورووەها عێراقیشی ئەترساند بۆ ئەوەی بەبێ فزە و بە ئاسانی پەیمانەکانی بۆ ئیمضا بکات و پەتەکە زوو لە ملیان بئاڵێنێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام شێخ مەحموود لەو پیلان و نیازەیان باش تێگەیشتبوو بەرامبەر بە ئێران و تورکیا پەیتاپەیتا دڵپاکی و نیازی باشی خۆی ئەخستە ڕوو، برایەتیی کورد و عەرەبیشی هەمیشە ئەخستە پێش و دڵنیای ئەکردن. بەڵام ئینگلیزەکان زۆر باش ئەیانزانی کە لە هیچ لایەکەوە یاریدەری نییە و ئەم شۆڕش و لەشکرە بە گەنجی دێهاتی خۆی بەڕێوە ئەبرێت، لەبەر ئەوە بە ئاهیستەیی چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد کە داراییی نەمێنێ و کۆمەڵ و لەشکرەکەی لە شێخ مەحموود دوور بکەوێتەوە و دوایی بە داوا و ژیانی بهێنن.

ئەوەی ئینگلیز و ئێمەیشی خستبووە ئەندێشەوە هێزی تورك بوو. جا بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەستی ببەسترێت، شێخ مەحموودمان خستە سەر ئەو باوەڕە بۆ ئەنقەرە نامەیەك بنووسێت و بنێرێت.

پوختەی نامەکە:

لەبەر ئەوەی نامەکە زۆر درێژ نووسراوە لێرانەدا بە تەواوی ناتوانین هەمووی دووبارە بکەینەوە، بەڵام چەند ماددەیەکی لە پوختەی نامەکە پیشان ئەدەین.

ولەژێر– مەریوان

١٩٢٦

توركيا جمهوريت معظمەسى اركان حربيه رئاسه عليەسى حضور سامسينه

– دوشمنك قهار پنجهٔ طمع و سياستندن بو محيطى تخليص ايچون سلطنت و امثالى. مواعيد و اغفالات سياسيەسنه رغماً بتون فقدان وسائط و لوازمله برابر بوارزون مدت كوردلر قائن و پروتى ايله مادى و معنوى نفوذى شخصيمله وضعيت حاضرەيى محافظه ايدينم.

– بز كوردلرله بتون معاونت و وسائطدن محروم، دشمن ايسه متوالياً جسيم قوتلر و پروتلرله آمال و مقاصد سياسيەسنه صرف مقدرت ايتمكدە.

– زمان و وضعيتك نزاكتى و ايشك دخى نهايتى بولمق اعتباريله صوك فعاليتى اجرا و دوشمن هر طرفدن تعجيز ايتمك ايجاباتدندر.

به کوردییەکەی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ ڕزگارکردنی ئەم ناوچەیە لە پەنجەی سیاسەتی بێئەمانی دوژمن (ئینگلیز) لە دەستبڕین و تەفرەدانمان بە ژوان و بەڵێنی شاهیەتی، لەگەڵ زەبوونی و کەمهێزیی پێویستیمان. ئەم ماوە دوورودرێژە بە خوێن و دارایی کورد و دەستداریی خۆم ئەم کارەساتەم ڕاگرتووە و ئەچێت بەڕێوە.

– ئێمە کوردەکان، لە هەموو هۆ و یارمەتییەك بێبەش و مافنگین*، دوژمنیشیان هەمیشە بە هێزی گەورە و دارایی بێشوومارەوە خەریکی بەئاواتگەیشتنە.

– بە چاو ناسکیی کات و ڕووداوەکان و بە بۆنەی ڕوو لە تەواوبوونی کارەوە، پێویستە کە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە و لە هەموو لایەکەوە تەنگ بە دوژمن هەڵچنین.

* مافینگی: بەشبڕاو، دەملەپووش.

ئەمە بوو وێنەیەك لە بەشێكی نامە نووسراوەكە و تێكەڵی شێخ مەحموود بە توركیا، كە تەنیا مەبەس یارمەتییە، بەڵام داخەكەم من وەڵامی ئەنقەرەم نەبینییەوە.

**هێزی میری بۆ پێنجوێن:**

لە شاری سلێمانیدا لە لایەن یەكێك لە باوەڕپێكراوەكانی شۆڕش "نەریمان"ەوە ئەم نامەیە هات و ئەڵێت: ((ئیمڕۆ بۆ ٣ هەزار سوارە و پیادەی عەسكەری و پۆلیس و جاشپۆلیس ئازووخە لە موتەعەهید وەرگیرا، ئەچن بۆ گرتنی پێنجوێن و شارباژێڕ)).
٩٢٧/٣/٢٧

فەرمانی ملووكانە:

ژمارە: ٦ ڕۆژ: ٩٢٧/٤/٢٤

بەپێی بەرنامەی خوارەوە لە ئیمڕۆوە لە ماوەی هەشت ڕۆژا ئەبێت تەواوی كار دروست بكرێت، فەرمانمان دا.

مەحموود

مەلیك و باشقوماندانی

كوردستان

بنكەی ژین
www.zheen.org

وێنە بۆ هەموو فەرماندەكان:

١- سوارەی عەسكەری لە فەرماندەی ماجددا بۆ ڕێگا و بەر كانییەكەی (كانیی مانگا)*.

٢- هێزی شێخ عەولی سەركان و شارباژێڕی بۆ (هەرزەڵە) و (كۆلیتان)**.

٣- پیادەی عەسكەری بە فەرماندەی ضابطەكانیان بۆ (ملەكەوە) و (چناران)***.

---

* كانیی مانگا: دێیەكی ناوچەی پێنجوێن.

** هەرزەلە، كۆلیتان: دوو دێی ناوچەی بەرزنجەی شارباژێڕ

*** ملەكەوە: یاڵێكی سەر ڕێی پێنجوێن. چناران: دێیەكی ناوچەی پێنجوێن.

٤- پیـادەی هــەورامی بــە فەرمانــدەی خۆیــان بــۆ (برنجــە) و تــا (سێبواران)* .

٥- ســوارە و پیـادەی تایبــەتی لــە فەرمانـدەی ئەحمــەد خواجــەدا لــە بارەگاھ ئەبن و لە پێویستدا تێکەڵ بە هێزی لای ماجد ئەبن.

**جەنگی ناڵپارێز:**

١- ڕۆژی ٤/٢ مەلیك بڕیـاری دا کـە خـۆی چـاودێریی ئـەم جەنگـە بکـات، چـونکە هێزی میری گەیشتە شانەدەری، بە نهێنی فەرمانی دا بارەگاھ بگوێزێتەوە بۆ (چـناران). دێی چناران بە چیاوە ئەڕوانێتە گەلیی سێبواران، ئێمـە لـە بارەگـاھ ١٥٠ سـوارە و ١٣٠ پیادە مابووینەوە، گەیشتینە دێـی چـناران، بـاران ڕەهێڵـە ئـەکات و دێیەکـەیش شـەش خانووی پچووکی پڕ لە ئاو و دڵۆپە و بێجێگاوڕێگایـە. کەوتینـە سـەخڵەتییەکی ئێجگـار زۆرەوە. جێگــەی وڵاخ و چێــشتلێنــان، بــەر بــاران و نــاو قــوڕ بــوو. بـۆ ئــەوەی ئــەو سەخڵەتییە سووك بێت، فەرمانم پێدرا کە بچم و بدەمە کۆمەکی ماجد.

٢- بۆ ئێوارە شێخ محەمەدسەعیدی نزارەیش بە دە سوارەوە هات، ئیتر بڕیـار درا کە بچین بۆ (یاسامال)[23] و فەرمان لـە ماجـد وەرگـرین. بـاران مـاوەی نـەدا ماجـد ببیـنم، لەسەر ئەو چیایە لەژێر باران و بادا ماینەوە. دوای ٣ ڕۆژ چووم بۆ لای ماجد، بە پیادەیی سوپای میریش گەیشتبوە (ناڵپارێز). شەو مامەوە، وتی: پیادەی شاربازێڕ و شـێخ عـەول لە هەرزەڵە و کوڵێتان و هـەورامیش بـە بـەری بەرزنجـە و ئێمـەیش لێرانـەوە سـوپاکەمان تەنیوە. بەڵام سەرکەوتن بۆ کێیە؟ نازانرێت. ئەو شەوە بـەبێ ئـاگر لـە پـەنا بـا و کـون و قوژبنـدا لەســەر قـوڕ و ئـاوا و لـەژێر بارانـدا ڕامـانبوارد، لـە ڕۆژەوەبوونـدا بـاران بـڕا. لـە تەپۆڵکەی بەر ڕێگا و بە دیوی نەدیودا خۆمان تێدا پەنا دابوو، دوژمن دۆزینیەوە. لە ناکاو گولله تۆپێکی لێ دا، ڕامان کرد، بە ڕاستی پەلێکی ناگەهانی بـوو تلـۆری کردینـەوە. ئـیتر تەمی نەپسانەوە نزیکەی دە گوللەی لێ دا. زۆر شپرزە بووین، چونکە هێشتا تـۆپ لـە

* سێبواران: دێیەکی ناوچەی پێنجوێن.

23 یاساماڵ: دێی ناوچەی پێنجوێن.

کارا بوو، دوو فڕۆکەیش گەیشتە سەرمان و ئەویش بە بۆمبا و مەترالیۆز گاڵەی پێکردین. "ئەحەی بەکر" بە خۆی و ئەسپەکەیەوە بە بەرچاومانەوە بە مەترالیۆز ئەنجنئەنجن کرا. زۆر ترسمان لێ پەیدا بوو کە ئەم تەڕدەستی و هەڵمەتە بۆ هاتنی سوپاکەیشی بێت بۆ گرتنی پێنجوێن. ئێمە هیچمان پێ نەکرا و توانای بەربەستیمان نەئەبوو، چونکە چەکی ئێمە تەنیا تفەنگ و بە فیشەکی کەمەوە و هێزێکی پەڕاگەندە و لەم کاتەیشدا نەمانئەتوانی ببزوێینەوە و یەك بگرین، چونکە فڕۆکە ماوەی نەئەداین. تا سەعات (١٠) پێشنیوەڕۆ ئێمە لە ئەندێشە و ئەشکەنجەدا ڕامانبوارد و سوپای حکوومەتیش گەیشتە (ناڵپارێز).

٣- فڕۆکە نەما، سوپایش نەهات، کۆ بووینەوە. ماجد زۆر مات بوو. وتی: من هیچ هیوام نییە بە سەرکەوتن، ئەوەی بە تۆم وت کە هەرچوار لامان تەنیون، لەسەر فەرمانەکەی مەلیك وتم، کێ ئەڵێت ئەو لەشکرە وا بە زوویی فریامان ئەکەوێت؟!

٤- منیش بە دڵێکی سارد و ناخۆشەوە ماجدم بەجێ هێشت و بندار و بندار بە چیادا هەڵگەڕام، تا گەیشتمەوە لای شێخ محەمەد سەعید، وتی: ماون؟ چۆن ڕزگارتان بوو؟ بەڵام من ئەوەندە ماندوو بووم کەوتم، چونکە ڕێگاکە زۆر دوور و چیاکەیش زۆر کووڕ بوو و ترسی فڕۆکەیشم هەبوو بێت و بمبینێت. لەم کاتەدا پۆستەیەکی شێخ عەول هات کە بۆ مەلیك نووسرابوو، لەشکر بە زیادەوە گەیشتبوونە جێگەی پێسێراویان، دەستبەجێ گەیاندمە ماجد و داوای پرۆغرامی جەنگم لێ کرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥- لە وەڵامدا لەشکری هەورامیش گەیشتووە. بەڵام ژمێرەیان نە من و نە تۆ نە خۆیان ئەزانن ئێجگار زۆرن، عەرضی مەلیکم کرد. بڕیار وایە تا ئەوان نەبزوون، ئێمە پەلاماریان نادەین. بام سوپاکەیان مۆڵ بدەن، بەڵام شێخ عەول نابێت ڕێگەی هاتنی هیچی تریان بدات، زۆر وریا بێت، وەڵاممان داوەتەوە و تا پرۆغرامی دووەم ئاگاهدار ئەکرێن.

٦- لە ناکاو کابرایەك هات بەم مژدە ناخۆشە ئەژنۆمانی شکاند. وتی: سوپاکەی ملەکەوە ڕێگەی نەدام زووتر بگەم، بەسەر چیا و شەقامەکاندا بڵاو بوونەوە، ئێجگار زۆرن. ئێمە وامانزانی لە شارباژێڕەوە سوپای میری هاتووە و پێنجوێنی گرتووە. ئیتر ڕێگەمان

تەنیا ڕێگەی هەورامان و کەوتینە مقۆمقۆ. کەچی لە پاش ماوەیەکی کەم وتی: لە بیرم چوو عەزیز ئەفەندی سڵاوتان لێ ئەکات. ئینجا تێگەیشتم کە پیادەکەی خۆمانەوە و عەزە زڕە و حیکمەت و ڕەمزی و ئەوانی ترن پاشداری ئێمەن.

بۆ هەموو فەرماندەکانی سوارە و پیادە

کانی مانگا

ژمارە: ١

ڕۆژ: ٩٢٧/٤/٣ نهێنییە

لەسەر فەرمانی مەلیك و باشقوماندان، بەپێی ئەم ماددانە خوارەوە حەرەکەتکردن ضەرورییە.

١. پیادەی شاربازێڕ و لەشکرەکەی خۆی لەژێر فەرماندەییی "شێخ عەول"دا لە (کانی مانگا)وە تا کوڵێتان.

٢. سوارەی مەعییەت بە فەرماندەیی ئەحمەد خواجە و شێخ محەمەدسەعید لەگەڵ سوارەکانی خۆی، ملەکەوە و کانی مانگا و یاساماڵ.

٣. پیادەی هەورامی لە بارەگاوە فەرمان وەرئەگرن.

٤. تا لە لایەن ئێمەوە تەقە نەکرێت، لە هیچ لایەکەوە جەنگ دانامەزرێت.

٥. ناوی نهێنی (ئازادی)یە. ماجد

قوماندانی سوارەی سوپایی

ئەم ڕاپۆرانە بەبێ دەستکاری پیشان ئەدەین:

بۆ جەنابی ماجد ئەفەندی

سلام رسانیم، ئێمە هاتین تفنگچیمان لە برنجە بەرامبەر بە دوژمن لە سەنگەردایە. بە درێژیی ئاوی سێبواران دامەزراون، بە شەو و ڕۆژ مەیدانی حەرەکەتیان نادرێت. چاوەڕێی فەرمانی ئێوە و جیاووکی مەلیکین.

محەمەدئەمین مەحموود خانی دزڵی عەبدوڵڵا مەحموود خانی دزڵی

بۆ قوماندان ماجد ئەفەندی

لە ڕاپۆر و تەرتیباتەکەتان دڵخۆش بووم. بە باش بینرا تا ئەوان حەرەکەت نەکەن، ئێوە نەچنە جەنگەوە، شایەد گەڕانەوە مەیدانیان بدەن با بڕۆن شەڕیان بۆ خۆیان، خافڵ مەبن لە ڕاپۆرنووسین.

مەحموود

٩٢٧/٤/٦

هێزەکەی حکوومەت دەستی کرد بە بزووتنەوە و جێگای بەرز گرتن. هێزی شێخ عەول ناچار بوو بەربەستیان بگرێ، لە ماوەی نۆ ڕۆژا زۆر تەنگاو کران. خواردەمەنییان هاتە کزی. ڕێگای دواوەیان بەستراوە، هیچیان پێ ناگات، بە ڕۆژ لە بووسەدا بوون، بە شەویش هەرچی یەکێکیان بچوایە سەر ئاوەکە ئەکوژرا. هەورامی بواری نەئەدان بە تایبەتی لە پاشدارەکانیان کە پۆلیس و بەکرێگیراوەکانی کورد بوون، زۆر ئەکوژران.

کانی مانگا

ژمارە: بۆ پێشگاهی باشقوماندان

ڕۆژ: ١٩٢٧/٤/٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەستتان ماچ ئەکەین.

ئەمە خولاصەی ڕاپۆری هێزەکان و فەرماندەکانە:

١- لە لایەن هێزی شێخ عەولەوە زۆر دوژمن تەضییق کراوە. لاشەی دە پۆلیسی کوژراو نێژراوە وە تفەنگەکانیان دە تفەنگی ئینگلیزی لەگەڵ یەك ئەسپ بەزینی کوردییەوە هێنراوە.

٢- طەیارە بوار نادات، تەنیا بە مەترالیۆز ئەجەنگن.

٣- لەوەپێش ئەحەی بەکر بە ئەسپەکەیەوە کوژرا، شێخ عەلیی باراویش کە خۆی چووبوە سەریان، ئەویش کوژرا، لاشەکەی بە شەو هێنراوەتەوە.

٤- تەقەی هەورامی زۆرە، ئەڵێن زۆر پەرێشانیان کردوون، چونکە مقەڕی سوپاکەیان بە تەواوی بەرامبەر بە هەورامییەکانە. کوشتاری عەسکەری زۆرە.

٥- تۆپیان کارمان لێ ئەکات. ئینشائەڵڵا موەفەقییەت و سەرکەوتن هیی خۆمانە. چاوەڕێی فەرمانتانین.            ماجد

ق. سوارە و پیادە

**ئەنجامی گیرۆدەیی سوپای میری و جەنراڵ براون:**

سوپای میری لە چوارچێوەیەکی سەختدا بوون بە تەڵەی سوپای کوردەوە. فەرماندە "جەنراڵ براون" تێگەیشت کە لەو جێگایەدا گۆڕەشار ئەدرێن. پاش ١٨ ڕۆژ مانەوەیان لە ناڵپارێزا، ئەم نامەیەی نارد بۆ مەلیك و باشقوماندان شێخ مەحموود.

(پوختەی نامەکە)

حەضرەتی شێخ مەحموود ئەفەندی

لە پاش حورمەت و سەلام. ئێمە بۆ جەنگ نەهاتووین، هاتووین بۆ موناوەرەیەکی عەسکەری و ڕێبوارین. بە تەواوی باوەڕم بە هێز و دەسەلاّت و نیظامتان هەیە، تکا ئەکەم ڕێگامان بدەن بچینەوە بۆ سلێمانی و بۆ ئەوەی "دکتور شەوا"* کە خۆتان داواتان کردووە، بگاتە خزمەتتان. بۆ پێشەوە هاتنمان موساعەدە بفەرموون، چونکە دێت بۆ تەداویی طەیارەچییەکان، ئەمەیش کاغەزی موفەتیشی ئیداریی سلێمانی‌یە تەقدیمتان کرا.

جەنراڵ براون

موخلێصتان

ئەم نامەیە لەسەر داوای شێخ مەحموود بۆ ناردنی دکتۆر بۆ بینینی طەیارەچییەکان لەوەپێش نوسراوە، بەڵام شێوەی ئەم نامەیە لەوە ناچێت کە دکتۆر شەوا خۆی بیهێنێت و چاوەڕێی وەڵام نەکەن. وا دیارە ئەم سوپایە وایان نیاز بووە کە خۆیان بێن لەگەڵ طەیارەچییەکان شێخ مەحموودیش بە کەلەبچەکراوی ببەنەوە بۆ سلێمانی، بەڵام هەڵمەت و جەنگاوەریی کورد تییێ گەیاندن بە پاڕانەوە ڕزگار ئەبن، نەك بە فڕۆکە و تۆپ.

---

* ئەوە ڕاست "دکتۆر شۆ"یە.

نامەی جەنراڵ براون گەیشتە بارەگای مەلیك، دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ ولەژێر و ئەم فەرمانەی نارد بۆ ماجد.

بۆ قوماندەی سوارە و پیادە ماجد ئەفەندی، کانی مانگا:

چاوتان ماچ ئەکەم تەبریکی موەفەقییەتتان ئەکەم

ئیمڕۆ لە جەنراڵ براون قائیدی سوپای حکوومەت کاغەزێکم وەرگرت، ئەوا بۆتانم نارد بیخوێننەوە و بەم پێیە حەرەکەت بکەن.

١– ڕێگایان بدەن بێن بۆ دەشتی گەڵگە.

٢– لە ملەکەوە، پشتی پێنجوێن، کێلۆ، مەسۆ[24] ترتیبات بکەن بۆ ئەوەی تەجاوز نەکەن.

٣– تەبریکی موەفەقییەتم لە شێخ عەول و عەبدوڵلا بەگ و محەمەدئەمین بەگ کرد.

٣– پاش هەموو تەرتیبات لەگەڵ ئەحمەد وەرنەوە بۆ پێنجوێن. سەلام لە شێخ محەمەدسەعید و براکانی ئەکەم، خوا بیانهێڵێت.

٤– خۆم ڕۆیشتمەوە بۆ (ولەژێر).

٥– خۆت و یەك سوار بچن دکتۆر شەوا وەرگرن و بیهێنن بۆ (ولەژێر).

٦– ئەم نامەیەیش بدەن بە جەنراڵ براون لە وەڵامی نامەکەیدا.

مەحموود

٩٢٧/٤/١٧

عەزیزم جەنراڵ براون

نامەکەی پەیغامی ئیخلاصی ناچاریتان گەیشت، فەرمانم دا بۆ یەك شەو ڕێگاتان بدەن. فەرموون وەرن بۆ دەشتی گەڵگە.

مەحموود: مەلیك و سەرکردەی گشتیی سوپای کوردستان

٩٢٧/٤/١٧

---

[24] کێلۆ، مەسۆ: دوو دێی ناوچەی پێنجوێن.

(سیرِییە) بۆ قوماندانی پیادە ڕەمزی*
کانی مانگا بۆ قوماندانی پیادە ڕەشید**
١٨-٩٢٦/٤/١٩

لەسەر فەرمانی باشقوماندان تەبلیغتان ئەکەم

١. ڕەمزی لە ملەکەوەوە تا چوارباخ.

٢. ڕەشید لە چوارباخەوە و پشتی پێنجوێن تا شێخ ئەحمەد.

٣. جەلال و عەزیز ئەفەندیش حاڵەن ئیلتیحاق بە هێزەکەی ئێوە ئەکەن، تەبلیغیان بکەن.

٤. بەبێ‌وێستان تەرتیبات و دیفاع ئەکەن و هەموو ئەوامیرێك لە ئێمەوە پێتان تەبلیغ ئەکرێت، چاوەڕێ بن.

٥. ڕێگای جەیشەکە دراوە دێن بۆ گەڵکە.

بۆ جەناب شێخ عەول

بەپێی فەرمانی مەلیك و باشقوماندان، ڕێگە درا بە دوژمن بگەنە (گەلگە). ئێوە زۆر بە وریایی بە دوایاندا دێن بۆ پێنجوێن وە یان شوێنێکی تر. بێجگە لە گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی، بە عەکسی ئەم ئەمرە مەنع بکرێن.

ماجد ١٨-٩٢٦/٤/١٩

بۆ موحتەرەم جەنراڵ بڕاون:

ئەوا وەڵامی نامەکەتان بۆ نێررایەوە.

لەسەر طەڵەبی خۆتان و عەدەم مودافەعەتان، لە لایەن حەضرەتی مەلیك و باش قوماندانەوە ئەمر صادیر کرا کە سوپاکەتان بێتە دەشتی گەڵگە و بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. منیش دێم دکتۆر شەوا وەرئەگرم.

ماجد ٩٢٦/٤/١٩

* ڕەمزی عەبدولکەریمی قەرەداخی.

** ڕەشید عەبدولکەریم.

**دکتۆر شەوا بۆ ولەژێر:**

هێزی میری لە فەرماندەی جەنراڵ براونی لەندەنیدا لۆشلۆش بەسەر داروبەردی ملەکەوەدا شۆڕ بوونەوە بۆ گەڵکە، جێهەوارگەی کۆچەری کوردی دلێر. لە پێنجوێنەوە دیاریی سوپای کورد بۆ جەنراڵ براون خواردەمەنی بوو، هەر ئەو شەوە لە شاربازێڕەوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

بە نومایشێکی زۆر پەسەندەوە دکتۆر شەوا گەیەنرایە (ولەژێر). فڕۆکەوانەکانی بە بەرگی کوردی و لەشساغییێکی زۆر باشەوە بینی. زۆریێ پێخۆش بوو. لەبابەت ڕابواردنی سوپاکەیانەوە لە ناڵپارێز دکتۆر زۆر شتی ناخۆشی گێڕایەوە. شێخ مەحموود پێی وت: بۆچی ئینگلیز حەقی ئەم قەومە بەوەفا و دلێرە نادات و ئیستیفادە لەم خاك و گەلە بکات.

دوکتۆر شەوا: داخەکەم من سیاسی نیم، بەڵام ئەزانم ئینگلیزە سیاسییەکان کە لە کوردستاندان، هەموویان ئەحمەقن. "براون" ئەڵێت ئەم هێزەی بەرامبەرمان ئەجەنگن، هەموویان مودەبیرن، عەسکەرن، زۆر تەقدیری ئەکردن و هەموو کارەساتەکەی بە تەواوی نووسیوە. پاش یەك شەو "شەوا" گەڕایەوە بۆ سلێمانی. زۆر سوپاسی کرد و بە فڕۆکەوانەکانی وت: ئێوە ببن بە عەسکەری شێخ مەحموود.

لە ئەنجامی جەنگی ١٩ ڕۆژا لە ناڵپارێز و سێبواران، ئەمە بوو زیانی میری کە بینرا: ٨٥ کوژراو، ٣٠ بریندار وە ١٥ تفەنگ و ٢٢ ئەسپ و ١٤ هێستر، هەندێك فیشەك دەست کەوتووە. زیانی کورد ١٠ کوژراو، ٨ بریندار لە جەنگاوەران، ٢ ئەسپ کوژراو.

ئنجا خوێندەواری ژیر و خۆشەویست، لە باسی جەنگەوە با باسی ناوخۆیشتان بۆ بکەین.

## ڕۆژنامەی "ژیان"

لە کاتێکا کە دەنگمان بە هیچ لایەکدا نەئەگەیشت و دەنگی هیچ جێگا و ڕۆژنامە و چاپکراوی هیچ گەل و حکوومەت و کۆمەڵێکیش نەئەگەیشتە لامان، ڕۆژنامەی "ژیان" —ژیانی سلێمانی— ئەو دانانەی کە لە لایەن زانا و دانا و لاوەکانمانەوە بە سەرزەنشتی

کۆشش و بیری گەلایەتیی سوپای کورد و مەلیکی مەزنی تێدا بڵاوکرابۆوە، بەسەرماندا ئەباری.

لە زاناکانی کوردی شارەکەمان چەند کەسێکیان بووبوون بە شایەری بێپوول و لۆتیی بێدەهۆڵ. نازانم چۆن بەبێ لێکدانەوەی ئەنجامی لێدوان، نووکی خامەیان ئەخەنە کار، بێچاوێنی بن، مێشکی وشکی خۆیان و بیری پرژاراویان ئەهێننە جۆش و بە قسەی پڕوپووچ و پەنگ و باوی ساردی بێخوێ ڕۆژنامەی "ژیان"یان پێ ڕووڕەش ئەکەن. بەڵام داخەکەم کابرای ئینگلیز بە تازەکردنەوەی عەبا ڕەنگچوواوە و دۆقدڕاوەکەشیان* دڵخۆشی نەئەکردن. با هەر وا بزانن کە هەر بەدکاری بەرامبەر بە گەلەکەی خۆی تەنیا ئالیکی زیاد ئەبێت، نازانن تۆڵەی گەل لە نیشتمانەکەیاندا ڕیسوایان ئەکات.

نازانم چۆن و بە چ دڵ و ڕوویەکەوە ئەو کەسانەی خۆیان بە خوێندەوار و چینی زانا ئەزانن، چاو لە ڕاستی ئەپۆشن، تەنیا بۆ دەستکەوتنێکی بێفەڕ یان خۆڕیسواکردن بە قسەی هەلەقومەلەق؟! ئایا ئەو نووسەرانە نازانن کە ئەو شۆڕشە و شۆڕشگێڕانە لە ساڵی ١٩١٩وە تا پاش فەرموودەکانیان لە شۆڕش و داوای ئازادیی گەلەکەیاندا ئەچەوسانەوە و لەو کاتەیشدا نووسەری نەزانیش یان لە دوو لانەی لێفەی مەخمەڵ وەیان بەدیار پێکی لێواولێوەوە بە چاوشۆڕی لێکدانەوە و ئامادەکردنی هەرزەگۆییان بۆ دروستکردنی شەقامی خۆبردنەپێشەوەی لای خاوەنپارە و دوژمنی گەلەکەیان خەریك بوون، داخەکەم!

داخم بۆ ئەو دانا و دانشمەندانەیە کە لە پێناوی بێگانەدا سەربەرزیی خۆی و گەلەکەی بۆ سوودێکی کاتی ئەخاتە ژێر پێی مژەر، کە مایەی ڕەنجەڕۆییە. ئێستا نەمویست لێرانەدا ناو و نووسینەکەیان بڵاو بکەمەوە، هیوادارم کە وێنەیان لە نیشتمانەکەماندا نەمێتنێت، خۆ زۆرباش ئەیانزانی لە باوی ئازادی و شێخ مەحموودا بە ناوی گەل و شۆڕشەوە ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"، "ڕۆژی کوردستان"، "بانگی حەق"، "ئومێدی ئیستیقلال" لە سلێمانیدا دەر ئەچوو و بە هەموو لایەکدا بڵاوئەکرایەوە.

* دۆق: گوڵنکەی دادووراو بە قەراغی عەبا و شتی وەهادا.

بنکەی ژین www.zheen.org

**"سالارودده‌وله"**

من له (ڕیخه‌ڵان)، دێ پێسپێرراوه‌كه‌مانه‌وه گه‌ڕامه‌وه بۆ وله‌ژێر. شێخ مه‌حموود له پشت ماڵانه‌وه، له (هه‌واره‌به‌رزه) وێستابوو. له‌گه‌ڵ گه‌یشتنم، نامه‌یه‌كی بۆ هاویشتم، بیخوێنه‌ره‌وه، به فارسی نووسرابوو له لایه‌ن (سالارودده‌وله– وه‌لیعه‌هدی شاهنشاهیی قاجاری ئێران)، ئه‌ڵێت ئه‌وا من ئێران ئه‌سێنمه‌وه. تۆیش ئه‌كه‌م به والیی سنه، ده‌ستبه‌جێ به له‌شكرته‌وه تێكه‌ڵ به سوپاكه‌م ببه. شێخ مه‌حموود وتی ئه‌وا گه‌یشتین به ئاوات. ئیستیقلالی كوردستان بوو به والییه‌تیی سنه. شاره به‌ناوبانگه‌كه‌ی خۆمان، من دڵته‌نگی ئه‌وه زیاترم كه سوپاكه‌ی ته‌نیا كورد و چه‌كداری كورده كه له‌و پێناوه‌دا له‌ناو ئه‌چێت و هه‌موو كۆششه‌كه‌ی كه بۆ هه‌ورامان و مه‌ریوان له‌گه‌ڵ شاهدا به‌كارم هێناوه، چوو به‌با. ئای كوردی به‌دبه‌خت، نۆكه‌ری بێگانه، ئه‌گه‌ر سالار بوو به شاه چیتان ده‌ست ئه‌كه‌وێت. ئایا له ڕه‌ضا شاه باشتر ئه‌بێت؟ هه‌ر كوردی تێدا ئه‌چێت. من كه تێگه‌یشتم شێخ مه‌حموود ئه‌م كاره‌ی پێخۆش نییه، چووم ده‌ستبه‌جێ سوار بووم، به ته‌نیا سوارێكی تره‌وه ڕۆیشتم بۆ (ڕه‌زاو)* .

ئێواره كاتژمێر نزیكه‌ی ٤ بوو، شه‌و له (تفڵێ) لای حه‌مه‌عه‌لی به‌گ و به ته‌واوی له كار تێگه‌یشتم و له ڕۆژه‌وه‌بووندا گه‌یشتمه به‌ر كه‌پری قاضی مه‌لا محه‌مه‌دعه‌لیی پیاوێكی تێگه‌یشتوو، فه‌رمووی سالار هار بووه. له‌شكری هه‌ورامی و مه‌ریوان و لهۆن هه‌موویی له‌گه‌ڵه، خۆیشی به تفه‌نگێك و قه‌یاره و ده‌مانچه و خه‌نجه‌ره‌وه ئاماده‌یه، زۆر ئاگادار به، چونكه ده‌ست ناپارێزێت، ژیرانه بدوێ. گه‌یشتمه ژێر ساباته‌كه‌ی حسێن خان، سالار به ته‌نیا له‌لای ژووره‌وه دانیشتبوو، زۆر ڕێزی گرتم. پاش به‌رچاییخواردن، وتم: ببووره، سه‌رۆكه‌كان ئه‌بینم. هه‌موومان كۆ بووینه‌وه وتم: ته‌نیا ئێوه‌ی تێدا ئه‌چن و شێخ مه‌حموودیش بڕیاری داوه لێقه‌وماوه‌كانی شارباژێڕ بێنێته جێگاكانی ئێوه. مادام ئێوه ئه‌چن بۆ سه‌ر ئێران. یه‌كه‌م كه‌س مه‌حموود خانی دزڵی و هه‌روه‌ها مه‌ریوانیش ته‌پڵی گه‌ڕانه‌وه‌یان لێ دا، به‌ڵام جه‌عفه‌ر سان وتی

بنكه‌ی ژین
www.zheen.org

---

* ڕه‌زاو: دێیه‌كی ناوچه‌ی مه‌ریوان.

من ئەچم تاران ئەگرم و شێخ مەحموود ئەگەر توانیی ئەسپەکەم بگرێت. منیش لە ترسی سالار خۆم زوو دەرکرد.

جەعفەر سان چوو. وڵاتی کوردی ئێرانیان وێران کرد، بەڵام بە چەشنێك بە شکان گەڕانەوە نە ماڵ نە ئاواییی کورد ئەم جارە بەدەست سوپای ئێرانەوە نەما بە سووتان، تالان، کوشتن ڕەچەڵەکی کوردی هەورامانی لەبن هێنا. دواییش جەعفەر سان بە ئاوارەیی لە سلێمانیدا ئەسووڕایەوە و نە سانی و نە خانی نەما. زستان هات، سەرما و بەفر و کڕێوە سەرەتای دەرکەوت. ئیتر مەریوان بۆ ئەو لەشکرە زۆرەی پیادە و سوارە و خێزانداره‌کان بە کووڕ بینرا. سوارە بۆ شارەزوور و دیوی سلێمانی.، پیادە بۆ شاربازێڕ و دێهاتی پێنجوێن بڵاوە پێکران و دامەزراندنیان فەرمان درا.

بارەگاه چووە پێنجوێن، پرۆغرامی بەڕێوەچوون و خواردەمەنی و پێویست بەجێهێنرا و ئەو دێهاتەی کە جێگەی سوپاییی‌یە پیادەکەی هەیە، دیاری کرا. لەم کاتەدا بە هۆی "شێخولئیسلام" کە لە دێی (سێف)ی مەریوان دائەنیشت، نامەیەکی "یاسین پاشا" وەزیری مالییە هات بۆ شێخ مەحموود، لە نامەکەدا ئەڵێت: ((دەست لە یاخیەتی هەڵگرە و ئیطاعەتی قانوون بکە)).

شێخ مەحموود هیچ پێی ناخۆش نەبوو. وتی: وەڵامی ئەم نامەیە نانووسمەوە. ڕەنگە ڕۆژێك بێت یەکتر ببینین و وەڵامی ئەدەمەوە.

پاشا لە دڵ و دەروونی خۆیەوە ئەو نامەیە نووسیبوو و ڕەنگە زۆر بە باشی زانیبێت، چونکە بە پیاوێکی باش‌و تێگەیشتوو ناوئەبرا، بەڵام بە ملکەچی قانوون، چونکە خۆی کە گەڕایەوە بۆ عیراق بێجگە لەوەی لەلای ئینگلیزەکان کەوتە ڕوو، گەیشتە پایەی وەزیری و سەرۆکوەزیران و خاوەنزەوییەکی ئێجگار زۆر لە لیوای یەعقووبە وە کۆشك و کاشانەی باش. بێگومان ئەم دەستکەوتەی لە ڕووی دانایی و ژیرییەوە نەبوە، جا بۆ ئەو نامەیەش هەروەکوو ئەو هەڵکەوتانەی بۆ ئەم هەڵکەوتەیشی شێخ مەحموود بگێڕێتەوە، ڕەنگە تێکۆشا بێت کە بیکات بە هونەری خۆی.

وتمان یاریەدەر و یارمەتی لە هیچ لایەکەوە نەبوو، بە درێژیی ئەو ساڵانەی پێشوو بە دارایی خۆی "شێخ مەحموود" شۆڕش و لەشکری بەڕێوەئەبرد. بە بۆنەی

شۆڕشەوە فڕۆکە و بۆمبای ئینگلیز ماوەی لادێییەکانی نەئەدا کە لە چاندگە و زەویوزارا تێکۆشن. کشتوکاڵ زۆر لە کەمی بوو، هەروەها دێهاتەکانی خۆیشی لە بازیان و قەرەداخ و شارباژێڕا بە بەیاری مابوونەوە. سەرەڕای ئەم سەخڵەتییە، ئەمبارەکانی بە چۆڵی و دەرگا کراوە بەرەڵا کرا، تەنیا لە داریکەلی بەشی یەك کاروان برنج و گەنم مابوو، ئەویش هات. بێگومان ئەم هۆیانە زۆر کاریگەر بوو بۆ درێژەی شۆڕش و هێز و تینی شێخ مەحموود. دێهاتەکان زۆر پەرێشان بوون، جووت و گا نەما. ڕۆژێك هاتینە شێخەڵمارێن. من لە ماڵی کوێخا بووم، کوێخا بانگی کرد "ڕێحان" ئەگەر نانمان هەیە بیهێنە و پیازێکیش سەر بڕە، ئەمە بووبوو بە خۆراکی میوانی خۆشەویست، ئەگەر ئەویش دەست بکەوتایە.

**پێنجوێنییەکان:**

لە پێنجوێن، دەستوبردیی بازرگانی زۆر بە باشی ئەڕۆیشت و ئەم چەند ساڵە – بێجگە لە میوانداریێکی کەم– هیچ سەختییێکیان نەئەخرایە سەر. لەم کاتەدا لە پاش ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانیان کردم، بڕیاریان دا وەکوو پێشوو باجی گوومرگی بدەن، چونکە بەبێ ترس و ڕێگیرییان لە ئێرانەوە بۆ عیراق و لە عیراقەوە بۆ ئێران بابەتیان ئەبرد و ئەهێنا و دەیەکی کشتوکاڵیشیان نەئەدا. بەبێ پێوتن یارمەتییان هێنا: شەکر ٥٠ کیسە لەگەڵ ١٨ سندووق چا و ١٥ تەنەکە ڕۆن و ١٥ گونیە برنج و ٥٠ گونیە گەنم و ٣٠ تۆپ قوماشی خاکی و ٢٠٠ گۆرەوی و پێڵاو و ٢٠٠ کڵاو و جامانە و ٢٠٠ کورتەك و ٢٠٠ فانیلەی خوری. بێجگە لەم یارمەتییەیش، بەڵێنی بەخێوکردنی ٥٠ سەربازیان دا و گەڕامەوە بۆ (ولەژێر).

**ژیانمان:**

شەو لەگەڵ ماجد و هاوڕێکانمان ٩ کەس لە ژوورێکا ئەژیاین، ئیشوکاری خۆمان، وەکوو چێشتلێنان، قاپ و مەنجەڵ شتن و گسکدان، هەموو پێویستییێکمان خۆمان بەجێمانئەهێنا. بەفر ئێجگار زۆر باریبوو، سەرما و زوقم پێچی دابووینە ناو ژووری پڕ لە دووکەڵ و تاریك و بە ماندوویەتییەکی زۆر لە پێنجوێن لە ناخۆشیدا

ڕامانئەبوارد، بەڵام هیوامان زۆر گەورە و دڵقایم بووین بە گەیشتن بە ئاوات. ماجد وتی: ئێمە ئەبین بە چی، کەی و چۆن چارەیەك بدۆزینەوە؟ بێگومان وەڵام نەبوو.

بە ناخۆشی و دڵتەنگی گەیشتینە مارت، مارتی ١٩٢٧ گەڕاینەوە بۆ (ولەژێر). ماجد کز بوو، تای هەبوو، پاش چەند ڕۆژێك کەوت و تووشی گرانەتا (تیفۆ) بوو. نزیکەی ٢٠ ڕۆژ من لە لای جیا نەئەبوومەوە، چاوەڕێی مردنی بووین، بەڵام وردەوردە ڕووی کردە باشی، نەمئەوێرا فەرامۆشی بکەم، نە دەرمان و نە پزیشك دەست نەئەکەوت.

مەحموود خانی دزڵی هات، وتی: من لەگەڵ حکوومەتی ئێران ڕێك کەوتمەوە، بڕیارم دا کە نە کانی سانان و نە خانی کانی سانان نەمێنێت. شێخ مەحموود وەڵامی نەدایەوە، لە پاش ماوەیەك فەرمووی ئەم کابرا کەللەڕەقە ئەم کارەی کردووە و دوایی بە ژیانی ئێمە ئەدات.

مەحموود خانی کانی سانان زۆر لە ئێران ئەترسا، قسەکانی خانی دزڵیشی بیستەوە، داوای لە شێخ مەحموود کرد کە بە خێزانەوە بینێرێت بۆ دێهاتەکانی پێنجوێن. ماجد زۆر باشیش نەبوو، هەردوکمانی نارد، کۆچ و ماڵی خانی کانی سانانمان گەیاندە دێی (مرانە)ی نزیك پێنجوێن و گەڕاینەوە بۆ (ولەژێر) و شێخ مەحموودیش لە (ولەژێر)ا مانەوەی بە باش نەئەبینی، چونکە بە تەواوی بەرامبەر بە (قەڵا)* یە و تەنیا (گۆلی زرێبار)** لە ناوەندایە. دیسان بڕیار درا کە کۆچ بکرێت بۆ (برنجە) و بەشی (پێنجوێن)، خێزانی ئاوارە و لێقەوماو، ژن، منداڵ، پیر، کەلوپەلی لەناو داروبەرد، شیو و دۆڵدا کەوتوو، مۆڵ درا. چیای پشتی دێی (نژمار) بوو بە شاری ئاوارەی سەرلێشێواو. نزیك نیوەڕۆ خانی دزڵی هات، وتی: سوپای ئێرانم گەیاندە (قەڵا)، شێخ مەحموودیش بە دڵێکی پڕ پەژارەوە پیرۆزباییی لێ کرد و پێی وت: ئەم ڕۆژە ڕۆژی لەدایکبوون و ناشتنتە. ڕۆیشتەوە بۆ دزڵی،. ئێمەیش کۆچوبارمان گەیاندە برنجە، بەڵام ماجد دووبارە کەوتەوە.

---

* قەڵای مەریوان.

** لە ناوچەی مەریوانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە کاتێکی زۆر سەخڵەتیدا بووین، دوو سوار ماجدیان هێنـا، زۆر پەرێـشان بـوو، دیسان گرانەتایەکەی گەڕابووەوە. من هیچ هیوای ژیانم نەما و زۆر تەقەلاّمان دا کە بـە زیندوویەتی گەیاندمانە دیوی پێنجوێن. پاش ئەوەی کـە ماجـدم گەیانـد و جێگـەم بـۆ ڕێکخست، شێخ مەحموود فەرمووی: بە تەنیا سوارە بچۆ بـۆ قـەلاّ، بزانـە سەرلەشـکر کێیـە، پێیـان بڵـێ نەپەڕنـەوە، خـاوەنخێـزانین، ناچـار ئـەبین بـە بەربەسـتنیان. تـا ئەتوانیت ماوەی چوونیان مەدە بۆ کانی سانان. چووم بـۆ قـەلاّی مـەریوان، گەیـشتم. ئەفسەرێك هات بە پیرمەوە، پرسیارم لێ کرد، وتـی: سەرلەشـکر "عەبـدوڵڵا خـان"[*] ە، چوو بۆ کانی سانان. لەوێوە دوای کەوتم، بەڵام من گەیشتمە بـەر دێـی (دەرەتفـێ)[**] ، ئـەوان سـووتانیان. لـە چـۆڵی لەگـەڵ فەرمانـدە ناسـیاویم کـرد، بـە بینینـی مـن کـە ڕاسپێریی شێخ مەحموودم پێگەیاند زۆری پێخۆش بوو، وتی: مـن فـەرمانم پـێدراوە کە هەموو فەرمانێکی شێخ مەحموود بەجێبێنم. کانی سانانمان بەجێهێشت. لـە بـەر ئاواییی (ولەژێر)ا جیا بووینەوە، گفتوگۆمان بە تەواوی کرد و ئەوەی پێم وت بیـستی و گەڕامەوە بۆ برنجە. شەو بوو، زۆر تاریك، لەگەڵ گەیشتنم هەموو بینراو و بیـستراوم گێڕایەوە بۆ مەلیك.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ماڵ و خێزان:**

شێخ مەحموود لە شەپۆلی ماتەمیدا گینلەی ئەدا، نەیئەزانی چۆن ڕۆژ ئەکاتەوە، وتی: ئێستا ئێمە لە چۆڵ و چیای خوادا ئەژین. ئەم بستە خاکە نە ئێرانە و نە عـیراق، بەڵام بەناو کوردستانی ئێمە وە هیی عیراقە کە ئێستا مافی ئێمەی پێـوە نییـە. پـاش دوو ڕۆژ مەحموود خانی دزڵی هاتەوە. ماڵ و کۆچی بارکرد، بردینیـەوە بـۆ دزڵـی. لـە

---

[*] عەبدوڵڵا تەهماسبی سەرۆکی هەیئەتی تەفتیشییەی غەرب لە ئەرتەشی ئێران و لە کاربەدەستانی پایەداری سەردەمی پەهلەوی بوو. ئەو دەورانەی حوکمی ڕەزا شا، هەوڵی زۆری دا تا بگاتە پلەی سەرۆك وەزیران و تەنانەت شوێنی ئەویش بگرێتەوە. ساڵی ١٩٢٨ لە سەفەرێکی لوڕستاندا، لەسەر ڕێی برووجەرد– خوڕڕەمئاباد بە شێوەیەکی نادیار کوژرا (محمد رئوف توکلی، جغرافیا و تاریخ بانە، ص١٨٣، ١٨٤؛ أعلام معین).

[**] دەرەتفێ: دێیەکی ناوچەی مەریوان.

دەربەندەوە تا ئاواییی (دزلّی) لەژێر دار و کەپرا مۆلّمان دا. خواردەمەنی و پێویست زۆر بەئەرك دەست کەوت.

**دواییی شۆڕش:**

لە بابەت ماددەکانی حکوومەتەوە کە لەوەپێش ناردبووی و پەسەند کرابوو، ئێستا ئەو ئاواتە بەسەرچوو، ناچاری تازەکردنەوە بووین. بڕیار درا کە لەسەر ئەو ماددانە ئاشتی ببێت و باباعەلی بنێررێت بۆ بەغداد بۆ خوێندن، شێخ مەحموود خۆیشی لە یەکێك لە دیهاتەکانی بەبێدەنگی دانیشێت.

بۆ ئەوەی یەکێك لە ئێمە ببێت بە هاوڕێی باباعەلی، هەموومانی کۆکردەوە و لەو ترسەی کە هێشتا لێبوردنی گشتی لە لایەن حکوومەتەوە بڵاو نەکرابۆوە، هەموویان وەڵامی نەڕۆیشتنیان دایەوە، بەڵام من چووم و شێخ مەحموود سوپاسی کردم. هەر ئەو ڕۆژە وەڵامی حکوومەت نووسرایەوە و لەگەڵ باباعەلی کەوتینە ڕێ بۆ پێنجوێن*.

گەیشتینە (ئاسناوا)، ماجیدیش هات و پێمان گەیشت. وتی: بمزانیایە تۆ دێیت، ئەوکاتە منیش لەگەڵتان دەبووم. وامان ئەزانی لەگەڵ گەیشتنمان بە سلێمانی، لە بەندینخانە توند دەکرێین. زۆر سوپاست دەکەم کە تۆ لەو باوەڕەدا نەبوویت. بۆ ئەوەی لە ماددەکان و درێژەی باسەکە بە تەواوی تێبگەین (تاریخ الوزارات العراقیة، السید عبدالرزاق الحسني، لا١١٤، بەرگ ٢) بخوێننەوە کە شێخ مەحموود وتی: ئەو وەعدەی کە بەریتانیا بڕیاری دا بۆ بەجێهێنانی داوا و پێویستیەکانی کورد بەجێبێنن کە مافی کوردە، ماددەکانی ئیمزا ئەکەم، بەڵام مەندووبی سامی گوێی نەدایە ئەم داوایە و پاڕانەوەی نە مەزن و نە گەلی کورد.

ڕەضا بەگ، مودیری ناحیەی پێنجوێن بوو و تازە هاتبوو، زانیبووی کە ئێمە میوانین، پێنجوێنییەکانی ناردبوو بە پیرمانەوە و لە (چوارباخ) مەڕێکیان لە بەرپێی

* کاپتن لاین کە ١٩٢٧/٥/٣١ چووەتە پێنجوێن و دەقی ڕێککەوتنە ١١ خاڵییەکەی شێخ و حکوومەتی داوەتە ماجد مستەفای نوێنەری شێخ، شێخیش ئیمزای کردووە و بە باباعەلیی کوڕیدا ناردوویەتە پێنجوێن. ٦/٦ لەگەڵ ماجد مستەفادا هاتووەتە سلێمانی، ٦/٩ چوونەتە بەغدا و پاش چەند ڕۆژێك گەیشتوونە ئەوێ (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٦٨).

"باباعەلی"دا سەربڕی. بڕیارمان دا کە نیوەڕۆژە لەسەر کانییەکەی چواریاخ بخۆین. ئەو مەڕەیش کە سەربڕرا گلی بدەینەوە و خۆمان بیخۆین. حاجی "میرزا عەبدوڵڵا" وتی: ئێوارە میوانی ڕەضا بەگ ئەبن. ئیتر تا ئێوارە ماینەوە و شەو میوانی ڕەضا بەگ بووین، زۆر میواندارییێکی بەڕێزی کردین– ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٧.

ڕۆژی دوایی موفەتیشی ئیداری "لاین" بە فڕۆکە هاتن، ئێمەیان داوا کرد. پاش بینین، وتیان: نەك کوردەکان بڵێن بە حەپسی بردیانن، بە فڕۆکە ناتانبەین. خۆتان بە ئارەزووی خۆتان وەرن بۆ سلێمانی. گەیشتینە (وڵیاوا)* ، لە دانیشتووانی سلێمانی زۆر هاتبوون بەپیرمانەوە. شەو لە چنگیان ماینەوە. لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە سلێمانی‌یەوە هاتبوون، گەیشتینەوە سلێمانی و لەماڵی موتەصەڕیف "ئەحمەد ئەفەندیی هەولێری"** میوان بووین. پاش نیوەڕۆژەخواردن، چوومە ماڵەوە بۆ لای باوکم و خێزانەکانمان. پاش دوو ڕۆژ، ڕۆژێك پێش جەژنی قوربان بردیانین بۆ کەرکووك، جەژنمان لە (ئوتێل پالاس)ی کەرکووك کرد.

موتەصەڕیف لە سلێمانی ٢٠٠ ڕووپیەی دامێ، وتی: لەسەر شێخ مەحموودی ئەنووسم. لە یەکەمین ڕۆژی جەژندا لە لایەن فەرماندەی هێزی فڕۆکەی بەریتانیاوە لە کەرکووك بۆ چاییخواردنەوەی ئێوارە بانگ کراین بۆ بارەگای فڕۆکەوانان و بەناو بارەگادا سووڕاینەوە، بینیمان کە بۆمبای زۆر لە گۆڕێکدا گزرە کراوە و هەڵچنراوە. باباعەلی بە فەرماندەکەی وتی: بەڵێ، بەڵام داخەکەم ئێمە بڵێین چی؟! بەرامبەر بەو

---

* وڵیاوا: دێیەکی ناوچەی شارباژێڕ.

** ئەحمەد عوسمانی هەولێری، لە بنەماڵەی مەلای گچکەی هەولێرە، ١٨٧٩ لە مووسڵ لەدایكبووە. ١٩٠٦ بە ئەندامی دادگای بیدائەی هەولێر دامەزراوە، ١٩١١ بووە بە ئەندامی دادگای مووسڵو پاشان کراوە بە سەرۆکی ئەو دادگایە و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر لە ١٩١٧دا. ١٩٢١ بە جێگری موتەسەڕیفی هەولێر، ١٩٢٣ بە موتەسەڕیف دانراوە. ١٩٢٧–١٩٣٠ موتەسەڕیفی سلێمانی، ١٩٣٠/٤/٣٠–١٩٣٧/١٠/١٧ ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان بووە. لە نۆیەم (١٩٣٩/٦/١٢ –١٩٣٩/١٠/٣١) و دەیەم (١٩٤٣/١٠/٩–١٩٤٤/٥/٣١) خولی پەرلەمانی حوکمی پاشایەتیدا بە نوێنەری لیوای هەولێر هەڵبژێردراوە. ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ لە بەغدا کۆچی‌دوایی کردووە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، ژمارە ٣، تشرینی دووەمی ٢٠١١).

چاخواردنەوەیە لەسەر ویستنی باباعەلی بۆ ڕابواردنی شەوی دوایی لە ئوتێل پالاس هەموو ضابط و فەرماندەکانمان بانگ کرد. وا ڕێکەوت کە من تایەکی زۆر گران بگرم و ئەوەیش لە دوو ئاوایی و هەواگۆڕینەوە بوو. ئەو شەوە لە پارەکەمان تەنیا بیست ڕووپیەمان پێ مابوو، ڕۆژی پاش دوای جەژن بە شەمەندەفەری شەو بە جێگەی ١ی من و باباعەلی‌یان نارد بۆ بەغداد و ماجد مایەوە، نەمزانی بۆچی نەهات.

گەیشتینە بەغداد، لە ئێستگەی شەمەندەفەری (باب المعظم) میرزا فەرج هات، پاش خۆش و بێژی، چووینە بەر عەرەبانەیەك کەل‌وپەلەکەمانی خستە ناو، خۆی و نائیبێکی بەصرە لەگەڵ باباعەلی لە ناوەوە و منیشی خستە لای عەرەبانچییەکە، وەکوو ئاوارە گەیاندینیە ماڵی خۆیان لە (دکان شناوە). ئەوە یەکەمین جار بوو بەغداد و عەرەبانە ببینم. شەو میوان و ناسیاومان هات، تێییانگەیاندین کە کارێکی باشمان نەکردووە بە عەرەبانەوە هاتووینەتە ناو بەغداد و سەرەڕای ئەوەیش ژمارەیەکی زۆر ناسیاو و دۆست هاتوون بە پیرمانەوە. ئێمە خۆمان تێگەیشتین شکستە و شوورەیی‌یان ئەخستە سەر من، بەڵام تێمگەیاندن وەکوو کوێر وابووین و میرزا فەرەج تووشی هەڵەی کردین. ئەم باسانەم بە میرزا وت، وتی: با بڵێین مەبەس گەیشتنە، گەیشتن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئینجا هەموو ڕۆژێك میرزا فەرەج ئەیگوت، مێجەر ئەدمۆنس مانگانەی بۆ بڕیونەتەوە، بۆ بابەعەلی ٢٠٠ و بۆ تۆ ١٥٠ ڕووپیە، بەڵام بەو ژوانە نەگەیشتن.

سوپاییە ئینگلیزەکان زۆر ڕۆژ هاتن، ئەیانبردین بۆ هنێدی– (معەسکەر ڕەشید)، زۆر خۆش بوو و پڕ دار و درەخت و هەوایەکی خۆش بوو. لە جێی کۆبوونەوەکەیاندا لە وێنەی چیادا بە خۆڵ و بۆرەق چیایەکیان دروست کردبوو. ڕۆژێك فەرماندەی گشتی وتی: ئەگەر ئێستا ئەمە یەکێك لە چیاکانی ئێوە بێ، کە فڕۆکە هات لە چ جێگایەك و چۆن خۆتان ئەشاردەوە؟!. باباعەلی پێی وت: ئێوە چیاکانتان بە بۆمبا کاول کرد، ئێستا جێگەمان بۆ نادۆزرێتەوە، کابرا مات بوو، وتی: ڕاستە.

ڕۆژێك حەمەعەلیی فەڕاشی ئەدمۆنس هات وتی: مێجەر ئەڵێت سەعات ٥ی ئێوارە بێت بۆ ماڵەوە، چووم لەسەر مێزێکی گەورە خەریکی نووسین و خوێندنەوە

بوو. دانیشتم، پتر لە نیو سەعات بەبێدەنگی دانیشتم، زانیم بێسوودە هەڵستام، وتی: ئەڕۆیت، دەستم گوشی، دووبارە وتی تۆ لە کەیەکەوە لەگەڵ شێخ مەحموودیت، وتم لە ١٩١٩وە.

– ئەی چۆن تۆیش نەهاتیتەوە؟

– ئیزنی نەدام.

– بۆچی بە ئیزن ئەهاتنەوە؟

بەڵێ بەبێ وەثیقە کەس توانای گوزەری نەبوو.

ئیتر وتی سوپاس و سەری داخستەوە و منیش بەجێمهێشت و تا ئێستا تێنەگەیشتم بۆچی بانگی کردم و ئەو پرسیارەی بۆچی بوو و بۆچی ورتەی لەگەڵ نەکردم. ئێمە، باباعەلی و من، ڕابواردنەکەمان لە گوزەرانی کوڕە دەوڵەمەند نەئەچوو. شێخ مەحموود لە (پیران)* بوو، نەمانئەتوانی چۆنیەتیی خۆمانی تێگەیەنین. میرزا فەرەج** و ئەحمەد ئەفەندی موتەصەڕیف وایان تێگەیاندبوو کە ئێمە بە بەخشندەییی ئەدمۆنس خەپەرە بووین.

شێخ مەحموود هات بۆ بەغداد بۆماڵی میرزا فەرەج. بەغداد شڵەقا، ڕێگای ماڵی میرزا فەرەج بوو بە ڕێگای مزگەوتی گەورە لە ڕۆژی هەینیدا. جەعفەر پاشای عەسکەری سەرۆکوەزیرانی عیراق بوو، شێخ مەحموود پێی وت ئەبووایە تۆ پاشای خۆمان بیت، بەڵام دۆڕانتان، ڕۆژێك ئەبێت نیشتمانەکەتان لێتان بپرسێتەوە.

٤ی تەمووزی ١٩٢٧:

پاش چوار ڕۆژ، ئەمین زەکی بەگ و ئەحمەد ئەفەندیی موتەصەڕیف*** و میرزا فەرەج بڕیاریان دا کە لەگەڵ شێخ مەحموود بچن بۆ لای مەندووبی سامی، بەرامبەر بە

---

* پیران: دێیەکی ناوچەی مەریوان لەسەر سنوور.

** میرزا فەرەجی حاجی شەریف: ناودار و سەرمایەدارێکی ئەو دەمەی سلێمانی، دانیشتووی بەغدا بوو. جێی باسە، ئەو کاتە میرزا فەرەج و محەمەدئەمین زەکی بەگ نائیبی سلێمانی بوون لە یەکەم خولی پەرلەمانی عیراقدا.

*** ئەحمەد عوسمانی هەولێری.

ناردنی هەموو ئینگلیزەکان لە لایەن ئەوەوە. بە ماجد و منیشی وت بچن. لە پێش دەرگای (دارولئیعتیماد بە دوو ڕیز (حەرەس شەرەف) لە هیندی و ئینگلیز سەرباز وێستابوو، ضابطێك بە کڵاوی مارشاڵییەوە هات، پاش بە سەرکردنەوە چووین بۆ دیوان. فەرمووی ئەگەر گل دراینەوە دەست مەپارێزن، با ئیتر دوایی ژیان بێت. ئێمە ئامادە بووین بۆ ئەو فەرمانە ئەگەر گیراین.

مەندووب زۆرزۆر ڕێزی لێ گرت. ماوەیەك بە وتووێژی خۆش ڕایانبوارد، بەڵام لە کاتی نوقوڵگێڕاندا لەجیاتیی دەنکێك من چنگێکم هەڵگرد، چونکە لەو ڕەوشتەی کە لە دانەیەك زیاتر هەڵناگیرێت شارەزا نەبووم. پاش ماوەیەك مەندووب وتی: ئەگەر لەبەر کوردەکان نەبووایە زوو لەناو ئەبرایت! شێخ مەحموود وتی: زۆر بە داخەوە وەڵامت ئەدەمەوە کە تۆیش وەکوو حکوومەتەکەت لە قسەی ڕاست دوورن، ئەگەر ئێوە ئەوەندە کوردتان خۆش ئەوێ کە منتان گەیاندە هیند، بۆچی مافی ئەو کوردەی دۆستەتان نەدا و منتان بۆچی هێنایەوە و ئەو شۆڕش و بڵێسەی ئاگرە کە لە ڕووی سیاسییە نەزانەکانتانەوە لە کوردستاندا هەڵگیرسا، لە پێش هاتنەوەی مندا بۆچی داتاننەمرکانەوە. کە وابوو لەبەر من کوردتان ئەوێت. باوەڕ بکە ئێمە دوژمنی نە عەرەب و نە تورك و نە ئێران نین، تەنیا داوای حەقی خۆمان ئەکەین، ئەگەر نەیدەن ئەیسێنین و دوژمنمان ئێوە ئەبن.

مەندووب تێگەیشت کە شێخ مەحموود پەست و تووڕە بووە، وتی: هیوادارم بەری ماندووبوونەکەتان بخۆن و کورد دڵخۆش بێت، بەڵام زۆر ئارەزوو ئەکەم بچیت بۆ بیلاط[25] بۆ دیدەنیی مەلیك فەیصەڵ. بۆ ڕۆژی دوایی سەعات ١٠ بۆ چوونی بڕیاری دا و مەندوب ئاگاداری بیلاطی کردبوون. گفتوگۆ بە فارسی بوو. ئەحمەد ئەفەندیی موتەصەڕیفی سلێمانی و میرزا فەرەج زۆر ئەترسان، ڕەنگیان بە زەرد و سپی ئەگۆڕا.

لە ڕۆژی دوایی و کاتی گەیشتندا بۆ بیلاط، بە دەستووری خۆی و زۆر بەڕێز پێشوازی کرا. مەلیك فەیصەڵ هات بەپیریەوە و ئامێزان بوون و یەکتریان ماچ کرد،

---

[25] کۆشکی مەلەکی [دەربار–سدیق].

ئێمەیش لە خزمەتیا. جا پاش ماوەیەك قسەی خۆش، مەلیك فەیصەڵ وتـی: بۆچـی باباعەلی نایەتە (قـصر الزهـور) لەگـەڵ غـازی پێکـەوە ڕابـوێرن و خۆشەویـست ئـەم پشتێنە فرێ دە گەرمایە و پێویست نییە. شێخ مەحموود وتی: باباعەلی فێری ژیانی ناو چیا و بەردە. با کوردیش ببێت بە خاوەن ئـاڵا، ئـەو کاتـە ئـەویش فێـری ژیـانی کۆشك ئەبێت، ئێستا باشترە، بەڵام ئەم پـشتێنەیش بـۆ ژێـر فیـشەکلغە، بـە بینینـی ئاڵای کورد ئەمیش ئەکرێتەوە.

مەلیك فەیصەڵ وتی: تۆ ئامۆزای منی و عەرەبی، چیت داوە لە ئاڵای کـورد؟! شـێخ مەحموود وتی: لەم بابەتەوە زۆر فەیصەڵی دووان و پەشێمانی کردەوە و بـەڵام وتـی: ئێمـە پتر لە ٧٠٠ ساڵە بە نانی کورد ئەژین، ئیتر پاش ماوەیەك بە خۆشی جیا بوونەوە.

### گواستمانەوە

من لەو ماوەیەدا نەمتوانی گـوزەرانی خۆمـانی تێبگەیـەنم کـە نـە مانگانـەم بـۆ بڕاوەتەوە و نە توانیشم دەنگمان بە خـۆی بگەیـەنین، بـەڵام لـە ڕۆژی گەڕانـەوەی کـە چووینە ئێستگەی شەمەندنەفەر، چووم تێکەڵیان بووم، وتم: ئەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، شێخ ماوەی نەدام، زۆر دڵنـەوازیی کـردم. پـاش سـێ ڕۆژ میـرزا فـەرەج وتـی: لەسـەر کیسەی میری لە (صابوونچییە)* خانووتان بۆ گیراوە و مێجەر ئـەدمۆنس بـەڵێنی داوە کـــە چ پێویـــستییەکان بـــوو، بۆتـــان تـــەواو بکـــات و گواســـتمانەوە. ئەمـــە بـــوو بەخشندەییەکی ئەدمۆندس.

بنکەی ژین www.zheen.org

ئـ. خانوەکە دوو نهۆم و ١٨ ژووری تێدا بوو، لەگەڵ دوو ساردا‌و. حەوشـێکی زل و ڕەبـەق و بـۆنسـارد نـاخۆش و –لـە هـەمووی عەنتیکـەتر– بەرامبـەر بـە (گـۆکنـەزەر و کەللەچی)** بوو.

ب. کەلوپەلەکەی مێجەر ئەدمۆندس ناردبووی ئەمانـە بـوون: نیـو تـاقم کورسـیی ڕەق و دوو تەپڵەکی ئاسنی ژەنگاوی بە دوو حەسیری پووشی یەكکەسی.

---

* صابوونچییە: گەڕەکێکی ناو بەغدا.

** گۆکنەزەر و کەللەچی: جێی لەشفرۆشیی ئەوسای ئافرەت لەناو بەغدا.

ج. کووپەیەکی زۆر گەورە و کورسییەك بۆ ئاو لەگەڵ یەك جامی فافۆن.

د. عەللاقەیەکی کۆنی دیوار، کە ئەمە هەمووی لە (سوق الهراج) کڕابوون.

جا بەخشندەیی‌یەکەی ئەدمۆنس و بە تکای میرزا فەرەج ئەوە بوو کە خوێندتانەوە، بەڵام خۆمان دوو دەست نوێنمان لە سلێمانی‌یەوە بردبوو، بەبێ چارپایە لەسەریان ئەنوستین. هاوڕێیەکی بێگانەی باشم گرتبوو، لەگەڵم هات و بردمی بۆ بازاڕ، چی پێویستیمان بوو بۆی کڕین و پارەکەیشی دا.

### چوونمان بۆ ماڵی ڕەشید عالی بەگ

من هەموو دەمی ئێوارەیەك ئەچووم بۆ ماڵی ئەمین زەکی بەگ، خۆشی ئەویستم. ئەیوت من کۆیلەی باوکتم، فەرمووی: بەرگەکەتان بگۆڕن، لام باشترە شەوی جومعەیش لەلای ڕەشید عالی بەگ بۆ ماڵەوە بانگ کراون بۆ نانخواردن. من بۆ فەرمایشەکەی زەکی بەگ چی بکەم. ناتوانین دەستبەجێ دوو دەست چاکەت و پانتۆڵ دروست بکەین وەیان لە دووکانەکان بیکڕین. ناچار بووم بە هاوڕێکەم وت: دەستبەجێ چووین و دوو دەستی دا بە دروستکردن، بەو مەرجەی ڕۆژی پێنجشەمەیش بۆمان بێتەوە. چووین بۆ ماڵی ڕەشید عالی، باباعەلی و من. ئەمین زەکی بەگ و میرزا فەرەج زۆر بەڕێز هات بە پیرمانەوە، بە ڕاستی گەورەییی پیشان دا. پاش ماوەیەك وتی: ١٨ ڕۆژ لە تاران بووم، باش فارسی فێر بووم. کە قسەی کرد لە شێوەی ئێرانییەکدا بوو و وتارێکی "قائانی"* ی خوێندەوە. سەرمان سوڕ ما، داوای مەبەسەکەی لە ئەمین زەکی بەگ کرد، ئەویش فەرمووی: ئەمە کوڕی مامۆستای گەورەمانە، ڕەنگە بزانێت بە هۆی هاتوچۆی زۆرم بۆ دێی (بێلوو)** لە مەریوان بۆ خزمەت "ناری"*** وتاری بوێژەکان –وەکوو قائانی و

---

* قائانی: شاعیرێکی ئێرانییە، لە شیراز لەدایك بووە و ١٨٥٤ کۆچی‌دواییی کردووە. دیوانی شیعر و (پریشان)ی هەیە (المنجد في اللغة والاعلام، ط٢١، ص٥٤٠).

** بێلوو: دێیەکی ناوچەی مەریوان.

*** ناری: مەلا کاکەحەمەی مەلا ئەحمەدی مەلا محەمەد، ١٨٧٤ لە دێی بادەلان لەدایكبووە. لە لای باوکی و لە مەریوان و سنە و پێنجوێن و سلێمانی و بانە و سابڵاخ و وان و باشقەڵا و هەولێر و ڕەواندز خوێندوویە و مەلا ئەسعەدی خەیلانی ئیجازەی مەلایەتیی داوەتێ. پاشان چووەتە مەریوان و لە دێی کیکن دانیشتووە. دوای ٣ ساڵ

خەیام– هەمیشه لەبەر دەستا بوو، به تایبەتی له مەریوان خوێنـدەواری فارسـی زۆر بـوو ئەو کاتە، نەختێك توانیم له مەبەسەکه بدوێم. ئیتر لەسەر فەرموودەی زەکی بەگیش پـتر ناسیاوی پەیدا بـوو، فـەرمووی ڕۆژی شـەممه لـه دیـوانی وەزارەت چـاوەڕێت ئەکـەم. لـه گەڕانەوەدا زانیم وەزیری داخلییەیە.

چووم، وتی: بێجگه له شیمال، بڵێ بۆ چ جێگایەك ئەتەوێت. ئێستا ئەتکـەم بـه مـودیری ناحیـە. وتم پێویـسته شـێخ مـەحموود ئاگـادر بکـەم و ژوانمـان تـا ڕۆژی پێنجشەممه بوو. ئەم قسانەم بـۆ بابەعـەلی و ماجـد گێڕایـەوە. دەسـتبـەجێ باباعـەلی وتی: که تۆ ڕۆیشتیت، منیش ئەچمەوە بۆ سلێمانی. ماجد وتـی: پەلـه مەکـە، منـیش خـەریك ئـەبم. یـەکێکمان ئـەبین بـه مـەئموور، ئـەوی ترمـان بگەڕێتـەوە بـۆ لای شـێخ مەحموود، بۆ ئەوەی شۆڕشەکه نەکوژێتەوە و ئەو مانگانەیه بەسمانه.

**ماجد بوو به مودیر بۆ محێرجە:**

ڕۆژی پێنجشەممه پاشنیوەڕۆ ماجد هاتەوە، وتی: چاره نەبوو، به زۆر دانـرام و کرام به مودیر بۆ (جبایش– محێرجه)، بۆ ئـەو جێگایـەی کـه وەزیـر بـه منـی وتبـوو، بەڵام پاره پێویسته. له "ئەمین ڕەواندزی" ۲۰۰ ڕووپیەم ساند و دام بـه ماجـد و ڕۆژی هەینی ڕۆیشت بۆ محێرجه. ئـیتر مـن نـەگـەیلانیم ببینیـەوە، نـه تـا سـاڵێکی بەسـەرا ڕابورد زانیم ماجد له کوێیه و لـه سـاڵی ١٩٥٤دا پارەکـەی ئـەمین ڕەوانـدزیم دایـەوە و پاش ٢٦ ساڵ، ((قەرز کۆن ئەبێت و نافەوتێ)).

بۆ سەردان گەڕامەوە بۆ سلێمانی. لەگەڵ گەیشتنم موتەصـەڕیف بـانگی کـردم بـۆ ماڵی خۆیان، وتی: موفەتیـشی ئیـداری ئـەڵێت: ئەگـەر لـەم شـەوە زیـاتر بمێنێتـەوە بـه حەپسی ئەینێرمەوە بۆ بەغداد. سبەینێ بگەڕێرەوە، ٤٠٠ ڕووپیـەی شـێخ مـەحموود لای منه، بۆتان ئەنێرم. گەڕامەوە، پـاش ١٥ ڕۆژ مـیرزا فـەرەج ٢٠٠ ڕووپیـەی دامـێ. پـارەی

---

ژنی هێناوه. ١٩١٤ بووه به مامۆستای حوجرەی مزگەوتی دێی بێلوو. ١٩٤٤ کۆچیدوایی کردووه (دیوانی ناری: مەلا کاکەحەمەی بێلوو، کۆکردنەوە و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی عوسمان عارف ناریزاده، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوە– سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣–١٤).

دوو دەست بەرگەکەم لێ دا و لەم کاتەیشدا کە لە ماڵی میرزا فەرەج جیا بووینەوە، لە سلێمانییەوە پیاوێکیان نارد بۆ خزمەتکردنی باباعەلی.

پاش ماوەیەکیش میرزا ئەحمەدی خاڵی باباعەلی هات و داوای دەفتەر و حیسابی موتەصەڕیفی ئەو ماوەیەی کرد، بەڵام ئێمە پارەمان لە کەس وەرنەگرتبوو، کەس نەیدابووینێ، بێجگە لەو ٢٠٠ ڕووپیەیەی دوایی نەبێت. پێم وت: ئەوەی ئێوە داوتانە چەندە کە منیش وەڵامت بدەمەوە. دیار بوو ئەیانویست من لێیان جیا ببمەوە، چونکە ئیتر ترس نەماوە. ئیتر "صەبری"یەکەی خۆمم بەجێ هێشت و بە ئەحمەدی ڕووتییەوە دەرچووم. ئەوەی من هەمبوو، دەستێك بەرگی کوردی لە بوخچەیەکدا و نیو ڕووپیە لە گیرفانمدا. پاش ئەو هەموو گیانبەختکردنە لە ئوتێلە نیو ڕووپیەکەی حاجی برایم نیشتمەوە، بەڵام بەخت باشی هێنا، "ڕەشە"ی لە سلێمانی ئەمناسی لە ئوتێلەکە بوو، ناسیمی؛ جێگەی باش و خاوێن و خواردنی سێژەمەی بۆ پێکهێنام و دە ڕووپیەشی دامێ، ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٧.

### بووم بە مووەظەف

چوومە خزمەت ئەمین زەکی بەگ، تێم گەیاند کە بە خۆشی لە باباعەلی جیا بوومەوە، وتی: سبەینێ وەرە، ئەچین کارت جێبەجێ ئەبێت. تا ڕۆژی ١٢ی مانگ میوانی ڕەشە بووم، بەڵام لە باباعەلیشەوە هیچ لوطفێك نەبینرا. کرام بە (کاتب دووەمی موتەصەڕیف) بۆ موحاسەبەی کەرکووك، بەڵام موتەصەڕیف "عومەر نەقمی" کە زانیی یەکێکم لە شۆڕشگێڕەکانی شێخ مەحموود، لە ١٨ ڕۆژ بەولاوە ماوەی مانەوەمی نەدا، دەرکرام. دوا باس و درێژەی ئەم کارەساتە لە بەرگی سێهەمدایە، هیچ جێگەی باوەڕ نییە کە برا گەورەکان و کاربەدەستەکانی عەرەب نەزانن و یان هەستیان بەوە نەکردبێت کە کورد برایەکی دڵسۆز و گیانبەختکەری سوودی عەرەب، عەرەبی دراوسێ و ئیسلام و هاونیشتمانیانن و دیسان باوەڕیش ناکرێت کە نەزانن کورد لە هەموو پێویستێکدا لە شمشێری برا عەرەبەکانیان بەکارتر و کەڵکترە، چونکە برایەتیی ئەم دوو گەلە قەڵایەکی پۆڵایینە بۆ سوود و بەرزیی عیراق.

**ڕەخنەکان کە لە شێخ مەحموود ئەگیرا:**

١. لەسەر پەیمان و بەڵێن بۆ ئیستیقلالی کورد بەبێ جەنگ، ئینگلیزی گەیاندە سلێمانی– کوردستان. کە وابوو نەئەبوو بەرامبەر بە سیاسەتیان بە چاك یان بە خراپ سەرپێچی بکات!

٢. کە لە هیندەوە هێنرایەوە، ئەبوایە وەکوو کوێر دەستی ئینگلیزەکانی بگرتایە.

٣. کە داوا کرا، بۆچی نەچوو بۆ بەغدا؟

٤. جاری دووەمیشی پاش ٤٠ ڕۆژ بڕیاری چوونی دا بۆ کەرکوك، ماوەی بۆمبابارانی سلێمانیی دا و ئینگلیز قسەی خۆی هێنایە دی.

ئەمە بوو ڕەخنەکانی کارنەزانەکان. ئەم ڕەخنانە لەسەر زمانی زۆر کەس سەمای ئەکرد، خۆم ڕووبەڕوو پێم وت، فەرمووی: ڕاستە! بەڵام ئاخ! ئایا من ئارەزووی خۆشیی ژیانی بێ ترس و ئاسوودەییی خۆم و منداڵم ناکەم؟ سەرەڕای ئەوەی ڕەنجم بەباچوو، داراییشم دانا و هەمیشە لە دەربەدەری و ئازاری دڵدام و هەرگیز ناحەسێمەوە؟! نەزانیی من نییە، بەڵام خوێندەوارمان نەبوو و ئەو چاپگانەی کە کورد بوون و هاتبوونەوە، ئەوانیش هەریەکە ڕەشمەکراوی لایەك بوون و زەقزەق کردەوەیانم ئەبینی، چارەم چی بوو؟ ئەوا ئێستا ئێمە بەردی بناغەمان دانا، با ئەوەی دواییمان تەواوی بکەن. تەنیا لە ڕووڕەشی دواڕۆژی خۆمان ڕزگار بکەین. ئایا لە مەلیك حسێن پایەبڵندتر و جێگابەرزترم؟ باش بینیمان، پاش ئەوەی لە دۆستی دێرینی عوسمانییەکان هەڵگێڕرایەوە، چۆن ڕوویان لێ وەرگێڕاوە؟ ئینگلیزیش نەبوایە عەرەب ئازاد ئەبوو و حەقی خۆیان وەرئەگرت، تەنیا مەلیك حسێنی کرد بە هۆی کەلەپچەکردنی عەرەب. باوەڕم پێبکەن من پەیمانشکێن نەبووم، ئینگلیز لەگەڵ کورد و من درۆی کرد، ئەیویست من نەمێنم و کورد لەناوببات.

((خزمی خراپ سەرت پێ شۆڕ ئەکا

بێگانەی باش سەرت پێ بڵند ئەکا))– شێخ مەحموود

**نامەکەی شێخ ڕەئووفی خانەقاه ٩/١٢/٩٦٨– کەرکووك:**

بۆ برای شیرین و دێرینم ئەحمەد خواجە.

مێژووی (چیم دی)م دی. لە کونجی شعوورمەوە ئەم چەند شیعرە دەرپـەڕی، وا بۆتی ئەنێرم:

بۆ ئەحمەد خواجەی خاوەنداستان
مێژوونووسەکەی شۆڕشی کوردستان
زۆر ئاواتم بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان
ثەورەی شێخ مەحموود بخرێتە مەیدان
بکرێت بە مێژوو، بنووسرێتەوە
مەبادا کۆن بێ و لەبیر چێتەوە
زۆر مێژووی کوردی سەرەوبن بووە
لەبەر نەنووسران هەمووی ون بووە
ئافەرین کەوا هێناتە وجوود
تەئریخی کورد و ثەورەی شێخ مەحموود
ئافەرین لە تۆ و دەست و خامەکەت
لە خۆش ئەدابیی مێژوونامەکەت
تەئریخی جوانت کرد بە دیاری
وێنەت زیاد بێ بۆ کوردەواری
تەبریکت ئەکەم بە تەقدیرەوە
بە گشت باوەڕ و هەموو بیرەوە
((ڕۆژ ئاوا بێت، ماف لەناو ناچێت))– شێخ مەحموود

www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەرگی سێیەم

بنكەی ژین
www.zheen.org

کانگاکان:

١. نووسینەکانی نووسەر.

٢. Resmli Tarih Mecmuasi Istanbul

٣. ڕۆژنامەی "ژیان"، سلێمانی.

٤. محمود الدرة، القضية الكردية، بيروت، ١٩٦٦.

٥. ڕۆژنامەی "الراصد"، بەیرووت.

٦. ڕۆژنامەی "الوميض"، بەغداد.

٧. دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، کورد و کوردستان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**براییینه !**

زۆر جار بە زمان وە بە نووسین وتمان (چیم دی)، ئەو کارەساتانەی نووسەر بە چاوی خۆی بینیویەتی، یان لە پەڕتووك و چاپکراوە مێژووییەکان و داستانە ڕاستەکانی گەلی کوردەوە بیستراوە و بە تەواوی ساخ کراوەتەوە، یان کردگاری ئەو مرۆڤانە و گوزارشی ئەو کاتانەی کە پەیوەستێکی زۆری بە پێویستیی گەلەکەمانەوە هەیە، نووسراوە و ئەنووسرێت. کەچی هەندێك کەس کە لەو پلەیەدا نین و بە هیچ کار و فرمانێکەوە نەناسراون، هەر بە ناوی دۆستایەتییەوە ئەیانەوێت بیانکەم بە دەستکەلای باس و سەرگوڵی نووسین و بە تایبەتی جەنگاوەری شۆڕش، کە ئەم فەرمانە نەك من، بە هیچ نووسەرێکی درۆزنیش پێكناهێنرێت. خۆ ئەگەر بێت و ڕێز لەو نانخۆرانە بگرین، ئەبێت بە تەن کاغەز و دینار بەکار بێنین، کە ئەمەیش لە وزە و توانای ئێمەماناندا نییە.

جا ئەگەر ئەوانەی هەر ئەیانەوێت بە مفتە بە ئێمە ناویان بخەنە ناو لاپەڕەی مێژووەوە، بام شۆڕشیش تەواو بووبێت، خۆیان بە تێکۆشانی خۆیان ئەتوانن ئەو ئاواتەیان بهێننەجێ، خامە و نووسینیش بەجێهێنەری ئاواتە. بەڵام شانازییە بۆ مێژوو کە ناوی ئەو چەکدارانەی لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیاندا گیانی خۆیان کردووە بە پردی ڕزگاری، لە لاپەڕەکانیا بنووسرێت و یادبکرێن، وەکوو کاك مەجیدی قالەی حمامچی و کاك محێدین صاڵحەسوور و نەریمان باشۆکی و هەندێك لە بەشی سواری وەك کاك فارسە قەڵەو و حەمە چاوەش و عیززەت و عەلی ئەمین وە زۆر لە دلاوەرانی تریش لە بەشی پیادە، کە لە شۆڕشەکەی کورد و ئینگلیزا بە سەرداریی شێخ مەحموود لە مایسی ١٩١٩ وە تا حوزەیرانی ١٩٢٧ درێژەی کێشا و لە جەنگدا بوون [بۆ ئەوەی ناوەکانیان بناسرێت بە ناوی ئەو کاتەیانەوە نووسیم].

جا هەموو نووسەرێك بە سەربەرزیی ئەزانێت ناوی ئەو جەنگاوەرانە بۆ یادگاری لە نووکی خامەیەوە بخاتە سەر ڕووی کاغەز وە بەختیارانە بیکات بە چرای نیشتمانەکەیان. ڕەنجی هیچ تێکۆشەرێك بەباناچێت ئەگەر لە ڕێگای ڕاستی و دڵسۆزییەوە لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا تێکۆشێت. هەروەها لە بەرگی دووەمی (چیم دی)دا وتمان لە

سلێمانییەوە باسوخوازی میری ئەنێررا بۆ شێخ مەحموود وە ئەوەی کردەی خۆی هەرگیز فەرامۆش نەئەکرد "نەریمان" بوو، ئەو ناوەیش کاك "صدیق شاوەیس"* بوو کە هەمیشە یاد ئەکرێت، خوا وێنەیان کەم نەکات.

**کورد چیی دی؟!**

ئەوا ئەو ئاواتەی نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوپێش عەودالّی بووم، ئێستا بە وەلّیفەتی ژیان و شۆڕبوونەوەی لقوپۆپی تەمەنم پێی گەیشتم! تاوەکوو بتوانم ماوەیەك یان هێندێك لە بەسەرهاتووی گەلەکەم بدوێم و بیخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی ببێ بە یادگاری پاش خۆم و سەرەتای مێژووی گەلەکەم.

لە مێژەوە ئەمویست ئەم نووسراوەم لە زنجیرەی چیم دی (کورد چیی دی) چاپ بکەم، بەڵام –داخەکەم– ئێستایش بە جەستەی نووسەرانی پێشوو دەستی هونەرمەندانمان لە بێهێزیی گیرفان کەلەپچە کراوە و بەروبووم بە ناکامی ئەمینێتەوە و زۆری ئەبێت بە خۆراکی مشك و مێروو وە لە نەسرمەکاندا پووکاوەتەوە.

سەرەڕای هەموو کۆسپ و کوێرەوەرییەك، چاپکراوە کوردییەکان بە چاوەڕێی دەستی خوێندەوارەکانمانەوە لەژێر تۆز و خۆڵدا بەبێ ناز ئەڕزێت وە گۆڤارە وێنەدار و زاخاودەرەوەکەی بێگانەیش بە ڕێزەوە هیچ کاتێك ڕاناوەستێ. جا ئەبێت هیوادار بین کە وەکوو هەندەران کارئاسانیی چاپ و بڵاو کردنەوە بۆ ئێمەش برەخسێت.

لەمەوپێش لە بەرگەکانی (چیم دی)دا لە بابەت کۆشش وە هەڵمەتەکانی کورد و شێخ مەحموودی مەزن وە سیاسەتە چەوت و چەوێڵەکەی ئینگلیزە کورد و کوردستان پێسپێراوەکانەوە کە مایەی پەرێشانی و خوێنڕژاندنی کورد و وێرانیی کوردستان بوو، پیشان درا. بەڵام ئێستا بام بە وردتر لە بیروباوەڕی ئەو ئینگلیزانە بدوێین و بزانین بۆچی هیوا و ئاواتی کوردیان دا بەدەم باوە؟!!.

---

* برای ئیسماعیل حەقی شاوەیس.

ئینگلیزه کاربەدەستەکانی عیراق، بە تایبەتی سیاسەتنەزانەکانیان لە کوردستاندا زۆر بە سەرنجێکی دوور و ئەندێشەوە ئەیانڕوانییە دوارۆژی گەلی ئەم نیشتمانە، نیشتمانی کوردی ئەوسای بێئاگاه لە هەموو کارەساتێکی گێتی.

ئەو کوردەی لە کاتێکدا بە خۆیان و چەك و خێزانیانەوە خزێنرابوونە ناو چوارچێوەی دیواری چیاکانیان وە ماوەیەکی زۆر کەم بوو لە زاڵیەتی و بەدبەختیی تورکە عوثمانییەکان و پەرێشانی و ڕەنجەڕۆییی جەنگی یەکەمی ١٩١٤ ڕزگار بووبوون، ئینگلیزەکان وەکوو مۆتەکە یەخەگیریان بوون.

لەم چەرخەدا نەك هەر کورد، زۆر لە گەلانی گێتی (عالم) لە ڕوودان و گوزارشی ئەو دۆخە (زەمان)، لە سیاسەتی مژەر (ئیستیعمار) بێئاگاه بوون. تەڵەکەی کورد زوو تەقی، کورد کەوتە چاوەڕێی دەستی دۆستایەتی و برایەتیی بەریتانیای گەورە و ئەوەی پەیمانەکەی (سیڤەر)یان بۆ قورمیش بکات و بەکار بێنێت وە دەستی یارمەتی بداتە دەستیان و بادەی خۆشی و ئازادی لە سایە و سێبەری بەریتانیای گەورەدا بنۆشن.

بەڵام هەرچەند کوردەکان بەرامبەر بەو کارەساتەی کە ڕووس لە کات و ڕۆژانی جەنگی یەکەمی ١٩١٤دا بەسەر کوردەکانی ئێرانا هێنابوویان و کوردیش بە چاوی قیناوی و ڕقەوە ئەیانڕوانییە ڕووسەکان و ئەوترا کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە و مێژووی کورد چاوپۆشیی لێ ناکات، کەچی نەمانزانی ئینگلیزیش لە پەنای دۆستیدا نۆرەی خۆیمان لەگەڵ ئەکات و دەوری پێشوومان بە ئازاری تازە لەبیر ئەباتەوە. ئەو ئینگلیزانەی خۆیان بە سیاسی و دۆست پیشان ئەدا و تنۆکە ئاوەکەی ژیان و مردن (ئاوی حەیات)ی کوردیان لە مشتا بوو، کوردیان بە دۆست و لایەنگری ڕووس ئەژمارد، هەر ئەو پیاوە سیاسیانەیان لە سەرۆك (مەندووبی سامی)یان ئەگەیاند ئەگەر بێت و کوردستانێك لە عیراقدا دروست بکرێت، ئەوکاتە ئێمە بە لەکەدار ئەزانرێت کە بە ئاسانی ئێران، تورکیا، ئەفغان ئەکەوێتە ژێر دەست و باوەشی ڕووسەوە.

چونکە کورد لەو پارچە گەورەی ئاسیادا ئەژیی کە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە تا ژووروی عیراق و ئێران وە هەر لە خوارووی چیای ئاڕاراتەوە بەو زنجیرە مەزنەی چیاکاندا ڕوو بە خواروو بە درێژاییی دووهەزار کیلۆمەتر وە لەوێوە بۆ لای

ڕۆژهەڵاتی خواروو تا خەلیجی فارسی کە ئەکەوێتە نێوانی ئاڕاڕات و چیاکانی جۆڵەمێرگ. جا ئەم پشتێنەیە لەسەر لوتکەی چیاکانی ئەرمەنستانەوە تا کاوەکانی چیاکانی ئازەربایجان وە زەکتوو (اقلیم)ی فارس زۆر بە ئاسانی ئەکەوێتە ژێر پەنجە و فەرمانی ڕووس.

خۆ دروستکردنی کوردستانێك، بەتایبەتی کوردستانی عیراق، کە نزیك بە (بەغداد—مەندەلی)یە وە پەیوەندیی بە مەڵبەندی تورکیا، ئێرانەوەیە، کارێکی تووش و ڕزوە (خطر)یە بۆ عیراق و تورکیا و ئێران، نەخوازە لە کاتی ڕوودانی جەنگێکی ناگەهانیدا وە ئەگەر وەکوو کوردەکان داوا ئەکەن بێت و شاری کەرکووك بکەوێتە ژێر دەستیان وە بیکەن بە پایتەخت، لە پلەی یەکەمدا ئێرانی تێدا ئەچێت، چونکە کوردەکان زۆر چاویان لە سەرکەوتنی ڕووسە وە لە پەنا ڕووسا ژیانیان زۆر بە بەختیاری ئەزانن وە ئەگەر هاتوو ئێران داگیر بکرێت، هیچ گومان نییە کە بۆمباکە بەسەر ئەفغانیشدا ئەتەقێت. ئینجا دوابەدوای ئەمان نۆرە ئەگاتە سەر تورکیا و عیراق و سووریا، ئەوکاتە دەریای سپیش ئەبێت بە گوزەری ڕووس و پەلاماردان بۆ یۆنان و بولغاریا وە لەگەڵ دەریای ڕەشدا ئەبێت بە یەك پارچەی بێمەڵبەند و ئیتر دوورگەی عەرەبیی سوعوود، کوێت، زۆر بە ئاسانی ئەکەوێتە ناو لەپی ڕووسەوە. "قاسملوو"

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمە بوو ئەو کەڵەکەی ئینگلیزەکانی خۆمان لە کوردستاندا لەناو دەریای بێهۆشیدا پێی ئەسووڕانەوە. ئایا جێگای باوڕە لە پاش جەنگی یەکەم وە لە ١٩١٩دا نەیانزانیبێت کە ڕووسەکان ناوخۆیان پێ دانەئەمرکا و کوردیش دۆستیان نەبوو؟! وە ئەگەر لە ترسی دواڕۆژ و بە ئازادیی کورد لە سەرکەوتنی ڕووس چەکەرەیان ئەکرد، ئەی بۆچی بەم پرۆغرامە گرنگە و بیرە تیژەیان بۆ خۆیان کوردیان نەپچڕییەوە، ئەو کارە پەسەندەیان بۆ خۆیان پێکنەهێنا؟! وە بۆچی ئەو هەموو کیشوەرە گرنگانەیان بە هۆی کوردەوە نەخستە سەر ئیمپراتورییەکەی خۆیان و سەرباریش کەرکووکیان بخستایە ژێر دەستی خۆیان و بام پایتەختیش بوایە، باشتر نەبوو لەو خەیاڵپڵاوە؟! بام بڵێین کوردیش لەو نیاز و باوەدا بووبن وە ویستبوویان ببن بە دۆستی ڕووس، ئایا بە شوورەیی ئەزانرێت ئەگەر گەلێك، مرۆڤێك بۆ کارسازیی خۆی هەوڵی دۆستایەتی بدا؟

شێخ مەحموود بێپەروا لەگەڵیا کەوتە گوفتوگۆ، بەڵام بۆ ئازادی بوو، نەك بۆ کۆیلەیی وەیان بۆ دوژمنایەتیی ئینگلیز.

کورد و هەموو گەلەکانی گێتی لە پاش جەنگی یەکەم بە گێژی ئەژیان، لە هەموو کردە و کاری دەوڵەتە سەرکەوتوەکان بێئاگاه بوون، بە تایبەتی کورد کە دەستخەڕۆی مرۆڤنەوازیی ئینگلیز بوون. لەو کاتی هەلە گەورە و گرنگانەدا، نەئەزانرا کە ((لەبەر قووتدانی باباگوڕگوڕە و لەو پایتەختە ئەترسێت کە لە کەرکووکدا دائەمەزرێت)) کە کەرکووکیش وەکوو (پریستۆل)* چۆن لە ئینگلتەرە جیا نابێتەوە، ئەویش کوردستانە و لە کورد جیا نابێتەوە.

ئینگلیزەکان لەبەر ئەوە ڕێگای نێرراوەکانی کوردیان بڕی و نەگەنە پاریس و ببن بە هاوکاری شەریف پاشا بۆ ئەوەی درۆکەی خۆیان بەڕاست نەگێڕن، نەوەك کورد بە مافی خۆی بگات.

## پاش جەنگی دووەمی ١٩٣٩

عیراق ڕوو بە پێشکەوتن و بەرزبوونەوە ئەچوو، بڕیاریان دا بە ڕزگاربوونیان لە سیاسەتی ئینگلیز. جا لەم کاتەدا ئینگلیزەکان لە دۆستەکانی خۆیشیان ترسیان پەیدا کرد، وەکوو نووری سەعید و هاوپەیمانەکانی، چونکە داوای پترکردنی بەش کرا لە پیتی نەوت. مژەریش شۆڕشەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٦ و ١٩٤١ لە بەغداد و لە کوردستاندا، شۆڕشەکانی کورد لە ١٩١٩ تا ١٩٢٧ وە ١٩٣٠ وە ١٩٣١ و ١٩٣٥ بەرزانی و ١٩٣٥ یەزیدییان بە درێژیی ساڵ ئەهێنایە پێش چاو، ترسیان پەیدا کرد، ئەیانزانی کردەوەی خراپی خۆیان ڕیشی خۆیان ئەگرێتەوە. جا بەرامبەر بە بزووتنەوەکانی گەل بە پەلە لە پیاوە گەنەخۆرەکانی هان دا کە کۆمەڵێکی نهێنی بە ناوی (حیزبی شیوعی)یەوە دروست بکەن و حکوومەتی عیراق بئاڵۆزێنن وە ڕەشمەکەشیان بەدەست خۆی (ئینگلیزەکانەوە) بێت. بەڵام ئەم هەڵەیە بە ڕاست گەڕا؛ لە قوتابی، لە خوێندەوار و تێگەیشتوو، کەوتنە ڕێکخستن و پێکهێنانی ئەم کۆمەڵە و نیشتنە وێزەی ئینگلیز و

---

* پریستۆل: شارێکی باشووری بریتانیا، بەندەر و ناوەندێکی پیشەسازییە.

کلکەکانی ئیستیعمار. شێوەی سیاسەتی ئینگلیزیان گۆڕی، مەردانە بە خەبات و نومایش پەیمانی (پورتسمۆن)یان پێ هەڵوەشاندنەوە. بەڵام بە خوێنڕژاندن و کوشتاری لاوانی عیراقی ١٩٤٨، ئیتر بەبێ ماندووبوونی ڕووس، ئینگلیز دۆستایەتیی خۆی بەرامبەر بەو سوێندخۆرە کۆنەی خۆی پیشان دا. بیری شیوعیەتی و کۆمەڵی سیاسیی ڕووسی بە ئاشکرا لە عیراقدا بۆ دامەزراند. ئیتر ئایا کورد دۆستی ڕووسە یان ئینگلیز خۆی؟! هەروەکوو لە ئاسیا و ئەفریقادا کاشانەکانیان بوو بە کەلاوە، بێگومان دەستبەرداریشی لە نەوت نزیك بۆتەوە و جێباوەڕیش نییە جەنگێکی تری وەکوو جەنگەکانی پێشوو ڕوو بدات کە ئینگلیز بکاتەوە بە شاهنشاهی گێتی:

1-L. Ram bout ،Les Kurde et Le Droit. Pays 1947، P. 12.

## چوارگۆشەی کوردستان

بەپێی نووسینی مێژوونووسەکان و لێدوانی ڕۆژهەڵاتناسەکان، چوارگۆشەی کوردستانیان بەم پێیە داناوە وە ناسراوە؛ لەسەر لوتکەی چیای ئاراڕات –شیرین وە بە هێڵێکی ڕاست بەرەو ڕۆژهەڵاتی سەروو، لەوێوە بۆ خواروو تا مووصڵ– عیراق بۆ ئەسکەندەروونە– تورکیا. لەوێشەوە لەسەر ئەو هێڵە بەرەو سەرووی ڕۆژهەڵات تا ئەرزڕۆم– تورکیا، ئینجا هەر بەو هێڵە بەرەو ڕۆژهەڵات تا ئەگاتەوە سەر تەپڵەسەرەکەی ئاراڕات وە ڕووبەری گشتیی کوردستان ٤٠٩٦٥٠ کم[٢] کە لە ڕووبەری بەریتانیا و هۆڵندە و بەلجیکا و سویسرە و دانیمارك گەورەترە وە بەم چەشنەیە.

| کم[٢] | |
|---|---|
| ١٩٤٤٠٠ | لە تورکیا |
| ١٢٤١٥٠ | لە ئێران |
| ٧٢١٠٠ | لە عیراق |
| ١٨٢٠٠ | لە سووریا |
| ٤٠٨٨٥٠ | |

کوردستان لەسەر هێڵی درێژیی ٢٠ دەرەجە– ٤٠ دەرەجە بۆ ڕۆژهەڵات، ٢٧ دەرەجە– ٤٨ دەرەجە بۆ ڕۆژئاوایە. ئەم پێشەکییەی خوێندرایەوە پێشنیاری دانا و مێژوونووسەکانمان کە –بە داخەوە– هەمیشە کردگارەکانی بێگانە بەرامبەر بە کورد وە نیشتمانەکەیان بە ناسۆرەوە یاد ئەکەن. کە وابوو بۆ پتر تێگەیشتن، تکایە نووسراوەکەی دکتۆر عەبدوڕڕەحمان قاسملوو بخوێننەوە، بەڵام بەرگی چاپی یەکەم[٢٦].

## حیزبی شیوعیی عیراق:

لە ١٩٣٠–١٩٣١دا کە عیراق چووە عوصبەتولئومەم وە گەلی عیراق زۆر لە لاو، لە پیاوە ناسراوەکان و فەرمانبەرانی میریی بەرامبەر مەلیك و ڕەوشتی زۆر لە کاربەدەستەکانی کەوتنە گلەیی. جا لەو دووربینانە بۆ چارەی ڕێکخستن و لابردنی ئەو کۆسپانەی ئەیانبینی، وردە وردە کۆمەڵ دروست بوو. لە ١٩٣٤دا بە نهێنی لە بەغداد حیزبی شیوعیی‌یان پێك هێنا. لە پێویستیشدا هاوکاریی "حیزبی دیموکرات–ئەهالی"ی "کامیل چادرچی"یان ئەکرد. لە سەرەتادا مێجەر ئەدمۆنس بەئاگا هات، بەربەرەکانییەکەی بێسوود بوو. ئیتر لە ١٩٤٨دا ئینگلیزەکان خۆیان لێ نزیك ئەکردنەوە. بەڵام حیزب بە عیراقدا بڵاوبووەوە و تا ئێستا [١٩٧٠] گیان بەخت ئەکەن و حەپسی و سزا ئەکێشن. ئینگلیزەکان هەرچەند ماوەی کوردیان نەدا ببێ بە ئیمپڕاتۆری ئاسیا، ئیمڕۆ ئەوانیش خۆیان و جزیرەکەیان خۆ ئەگەر چاوێك بە نەخشەی گێتیدا بگێرن تەنیا شوێنپێ ژاراوییە بەجێماوەکەیان ئەبینن و بەس.

## ١شۆڕشەکەی شێخ سەعید ١٩٢٥*

ئەم شۆڕشە گەورە و گرنگە بەبێ ئەوەی لە لاپەڕەکانی مێژووی کورد و بێگانەدا بچێتە ڕیزی شۆڕشێکی سیاسی و داوای ئازادییەوە، هەر لە ڕاز و داستانی وتووێژا مایەوە.

---

[26] الدکتور عبدالرحمن قاسملو، کوردستان والاکراد.

* بۆ زانیاریی هەمەلایەنەی ورد سەبارەت بەو شۆڕشە، بڕوانە ئەم سەرچاوە بەڵگەنامەییە گرنگە: رابرت اولسن، قیام شیخ سعید پیران، ترجمه ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه– تهران، ١٣٧٧.

بەپێی نووسراوەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی هەندەران وە قسەی پیاوە بەختدار و تێگەیشتووەکانی تورك، لە کاتی دوادواییی جەنگی یەکەمی ١٩١٤دا و لە لەجەری و پەرێشانیی حکوومەتی عوسمانیدا بەرامبەر بە هێرشە بێسامان و گرنگەکەی یۆناندا بۆ ڕزگارکردنی ئەو پارچە خاکەی بەدەست تورکەکانەوە مابوو، "مصطفا کمال پاشا- ئەتاتورك" هاتە کۆڕی بەربەرەکانی، ژیرانە خۆی گەیاندە کوردستان - ویلایاتی شەرقییە- لەگەڵ جەنراڵ، سەرۆك عەشایەر، پیاوە ئایینی و خوێندەوارەکانی کوردا ڕووبەڕوو کەوتە قسە و ژوان بۆ ڕزگاریی تورکیا، بەو مەرجەی سەربەستی و ئازادی (موختارییەتی کورد) لە لایەن تورکیاوە بدرێت، داوای یارمەتیی لە کورد کرد و بەرامبەر کۆمەڵانی کورد ژوانی دا و پەیمان بەسترا کە بە دڵێکی پاك و بازووی دلێرانی کوردەوە ڕوو بە یۆنانییەکان بوەستن و جەنگ ببەنەوە. لەسەر پەیمانەکەی ئاتاتورك، سوپا و جەنگاوەرانی کورد دلێرانە سوپای یۆنانیان فڕێ دایە ناو دەریای سپی و تورکیا ڕزگار کرا، بەڵام ئاتاتورك بەبێ ترس و بە ئازایی پەیمانەکەی بە کوشتن و قڕهێنانی کورد هێنایە جێ.

داخ ئەو داخەیە کە لەکاتی ئەو کارەساتەی پاشا و تورك لە پاداشتی چاکەدا بەرامبەر بە کورد کردیان و لافاوی خوێن لاشەی ئەماڵی، ئەو خێردمەندانەی بە ناوی پارێزگاریی گیانەوەرانەوە پەلاماری سۆڤیاتیان دا، کە گوایا گیانی پاکی تووتکە سەگێکی بە سارۆخ ناردووە بۆ مانگ و ئازاری لەشی دراوە، هێشتا دروست نەبووبوو، کە هیچ نەبێت لە نێوانی داواکەیاندا پرسیارێکیشیان لە خوێنڕژاندنەکەی کوردیش بکردایە.

**شێخ سەعید چیی کرد، چیی بەسەر هات:**

لە Resimli Tarih Mcmuasi Istanbul

[ژمارە ١٧ و مانگی مایسی ١٩٥١دا لە لایەن کاك "ئیسماعیل تولمان"ەوە بە ڕاست و ڕەوانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی مەزن لە کوردستانی ژووروو کە لە ١٩٢٥دا ڕووی داوە، نووسیویەتی و ئەڵێت:][٢٧]

[27] Resimli Tarih Mecmuasi Istanbul.

ئەم جارەیش وەکوو جارانی پێشوو لە تورکیادا لەژێر پەردی ئایینیدا بزووتنەوە و شۆڕشێکی سیاسیی پڕ ترس و سامدار ڕووی دا. بەڵام ئەم شۆڕشە وەکوو ئەوانی تر نییە، چونکە بۆ هەڵکردنی چرای زانستی و زانیاری نەبوو، بەڵکوو بۆ هەڵکردنی ئاڵای کورد بوو، بە دابڕین و پچڕاندنی بەشێکی گەورە لە جمهوورییەتە نازدار و تازەکەی تورکیا بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی و کوردستانێك لە دیاربەکردا لە لایەن سەعیدەوە بەرپا کرا. بەڵام لەبەر ئەوەی بە نەزانی پەنجەی بێگانە تێکەڵ بە هیوا و ئاواتەکەیان کرا، بە خوێنڕژاندنێکی زۆر ئەم شۆڕشە کەوتە سەر بیانوو، بە ناکامی دوایی بە ئاواتەکەیان درا.

شێخ سەعید سەرۆك و شێخی تیرەیەك بوو لە دێیەك لە شاری (گەنج)، لە کیشوەری بتلیس، پیاوێکی زۆر گەورە و مەزن، شێخێکی بەڕێزی نەقشبەندی، خاوەندەروێش و دارایییەکی ئێجگار زۆر وە گوزەرانێکی شاهانە بوو. کوردەکان ورد و درشت، بەگ و ئاغا ملکەچی ئەم شێخە و دڵسۆزی ئەم جێگا پیرۆزە بوون.

ئەو شێخ سەعیدەی کە ئەیویست لەسەر بەرماڵی شێخیەتییەوە بە بۆنەی تازەیی و کەمدەستیی جمهوورییەتە نازدارەکەی تورکیاوە هەل وەربگرێت، بە قسە و هاندانی بێگانە بۆ ڕووخاندنی تورکیا لەسەر بەرماڵی شێخەوە بۆ سەر تەختی شاهی وە دروستکردنی حکوومەتێکی کوردستان باز بدات و لەگەڵ بێگانەکانی تورکیادا لایەك لە تورکیا بڕ بدات وە جیای بکاتەوە، شێخ سەعید بە باشتر و خاوەن ماف زانرا بۆ پێکهێنانی ئەو پڕۆژەیە و هەڵسووڕانی ئەو چەرخ و چیکەنەیە، شاری (حەڵەب)یان کرد بە مەکۆ و جێگەی ڕێکخستنی کاری شۆڕش.

شێخ سەعید لەژێر فەرماندە و دەسەڵاتداریی خزم و کەسوکاری خۆیدا، وەکوو شێخ طاهیر، شێخ خەلیل، شێخ عومەر، شێخ شەریف وە شێخ محەمەد و پیاوە باوەڕپێکراو و کارگوزار و زانا و دەروێشەکاندا هێزێکی زۆر گەورەی دروست کرد، فەرمانی

بزووتن و هێرشی دا. بەڵام لە دوای لەشکرە چەکدارەکەیەوە لەشکرێکی جەواڵبەکۆڵیش هەبوو بۆ تاڵانکردنی شاری گەنج[28].

شێخ سەعید بە لەشکرێکی زۆری بێسەروسامانەوە کەوتە بناغەدانانی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی. لە هەووەڵ هەڵمەتدا (پاڵوو)، (چەپەقچوور)یان داگیر کرد وە لە لایەکی تریشەوە هێزێکی گەورەی نارد بۆ سەر ئەلعەزیز، مەڵاتیە، چەمیشگەزەك.

بەڵام شێخ سەعید بۆ گرتنی شاری دیاربەکر پیلانێکی زۆر گرنگ و نایابی ژیرانەی دامەزراند. بە بەرگی یەك‌لەیەك نەچووەوە لە کوردە زازاکانی پەیتا پەیتا ئەنارد بۆ ناو شاری دیاربەکر وە خۆیان لە بۆسە ئەدا، بۆ ئەوەی لە کاتی وروووژمبردنی سوپای کوردە دلێر و ئازاکاندا بۆ سەر شاری دیاربەکر دەستبەجێ دەرگای (ماردین)یان بۆ بکەنەوە. کەچی بەبێ ئەوەی پێویستیان بەو دەرگایە بێت، هەر لە قوموووش و ناو زێرابەکانەوە لەشکری کورد ڕژانە ناو شاری دیاربەکرەوە.

ڕۆژی ٨ی مارتی ١٩٢٥ لە ناوجەرگەی شاری دیاربەکرا جەنگێکی خوێنڕێژ و نەبیستراو و نەبینراوی بێهاوتا ڕووی دا. بەڵام کوردەکان بە ناچاری شاریان بەجێهێشت. لەگەڵ ئەم لەشکرە گەورەیەدا فەرماندەی مەزن شێخ سەعید بە ناسۆرەوە، بەبێ ئەوەی بە ئاواتە گەورەکەیان بگەن، دیاربەکریان چۆڵ کرد.

پاش ئەم نوشوستییە و گەڕانەوەی سەرۆکی مەزن شێخ سەعید، سەرۆك‌عەشیرەتەکان و کوردە بەشەرف و خاوەن‌ناموسەکانی لێ هەڵگەڕانەوە. لە دواوە پەلاماری لەشکرەکەی شێخ سەعیدیان دا وە ئەو کوردە خاوەن پەیمانانەی شێخ سەعید ئەمانە بوون کە شێخیان دەستخەڕۆ کرد:

١. سەرۆك عەشیرەتی هەویرکی حاجۆ ئاغا– لە نصێبین.

٢. بەدرەددین شێخ ئەحمەد: لە ئەشرافی دیاربەکر. کەرجۆشکی.

---

[28] لەشکرەکەی شێخ لە کورد و دەروێشی کورد و شاری گەنج بوو وە ملکەچی بوون، ئایا جێی باوەڕە کە بە لەشکرێکی جەواڵبەکۆڵ شاری گەنج کە ماڵی خۆیەتی، تاڵانی بکات! (نووسەر)

٣. چەلەبی: ڕەئیسی عەشیرەتی هەویرکی.

٤. جەمیل ڕەئیسی عەشیرەتی ڕیسان.

٥. ئیسماعیل: ڕەئیسی عەشیرەتی حەصار.

٦. ساڵەح بەگ: ڕەئیسی عەشیرەتی ئارواسی.

٧. مصطەفا ئاغا و ئاغایانی دێرسیم و ڕەئیسی جهانبەگیانی سیواس.

٨. ئاغایان و ڕەئیسی عەشیرەتەکانی ئالازیك و مەڵاتیە.

پاش ئاوارەیی شێخ سەعید و لەشکرەکەی، ئەم سەرۆکعەشیرەتە بە شەرەف و نامووسانەی کورد بە تەلگرافیش کۆیلەییی خۆیان بۆ ڕەئیس جمهوور "ئاتاتورك" نووسی. حکوومەت بانگی سەفەربەرلکی (عێڵجاڕ)ی دا، لە چیا، دێهات، شار لە هەموو جێگایەکدا بەبێ دەستپارێزی دەست کرا بە کوردکوشتن، سووچدار بێ یان بێسووچ.

لە (لیجێ، هانی)وە بە فڕۆکە، وە لە (ئارغەنی، ئەگیل)یشەوە بە سوپای پیادە و تۆپ و مەترالیۆز، کوشتن، سووتان بە قڕهێنانی کورد فەرمان درا، وە ئەو مەلا محەمەدەی کە بڕیاری هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشەی دا، بە گوللەی مەترالیۆز کەللەی سەری هەڵگیرا و مێشکی پژا.

شێخ یەکسەر خۆی گەیاندە (خانە)، بەرامبەر بەو هێزە گەورە بێشومارەی حکوومەت بڕیاری بەربەرەکانیی دا. لە ڕۆژی ١١ی نیسانی ١٩٢٥دا خانەیشیان پێ بەجێهێشت وە ئەو هێزەیشی کە لە (تیپۆرکە و ئیگین) لە ناوچەی مەڵاتیەدا دامەزرابوو، پەرتەوازە کرا و لە ئەنجامدا شێخ عەلی و شێخ غالب وە لە عەشایری جبران قاسم و ئیسماعیل و ڕەشید بەگ کە (٢٥) کەس بوون و لەگەڵ شێخ سەعید مابوون، ئەمانیش بە پارە و زیرەیکی زۆر و نامەی گرنگەوە لەسەر پردی (چاربوە)* بە یەخسیر گیران و بران بۆ دیاربەکر. لەگەڵ کوردەکانی ترا کە گیرابوون، هەموویان دران بە (مەحکەمەی ئیستیقلال). پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، فەرمانی

* ئەو پردە ڕاست پردی عەبدوڕڕەحمان یا (چارپیك)ی پێ دەڵێن (رابرت اولسن، قیام شیخ سعید پیران، ص١٧٥).

خنکاندنیان درا. لە دیاربەکرا سێدارەیان بۆ دانرا لەگەڵ ئەو شێخ سەعیدەی کە ئەیویست حکوومەتێکی کوردستان لە دیاربەکردا دروست بکات، لەناو چەقی (دەرگای ماردین)دا کران بە سێدارەدا و خنکێنران.

[لە کاتی کوشتاری کوردی تورکیادا، کوردی عیراقیش لەناو چیا و ئەشکەوتەکاندا لەژێر بۆمبای ئینگلیزدا ئەژیان. خوێن ئەڕژا، ماڵ ئەسووتا. ئاژەڵ بە مەترالیۆز لەناو چوو. کورد عەودالّی مافە و گوللە و بۆمبا بەدوایاندا ئەسووڕێتەوە– ١٩٢٥.]

وەنەبێت لە پاش شۆڕشەکەی شێخ سەعید دوایی بە شۆڕش درابێ و کورد خۆی بە بەزیو و بێدەسەلاّت زانیبێت، لە ١٩٢٧دا لە (دێرسیم) شۆڕش دەستی پێ کردەوە، بەلاّم بۆ بەدبەختی دوژمنەکەیان بەهێزتر بوو و (١٢) سەرداریان کرا بە سێدارەدا.

وە لە ١٩٢٧دا لە (ئاگری داخ) لە سەرۆکی فەرماندەی ئیحسان نووری پاشادا بە ناوی ئیستیقلالەوە لە لایەن (حیزبی خۆیبوون)ەوە ماوەی ساڵێك درێژە بە شۆڕشەکە درا و لە ئەنجامدا ئەمانیش وەکوو پێشوەکانیان بوون بە خۆراکی دوژمنی بەدخوا و تۆپ و فڕۆکە و سەرۆك ئیحسان نووری پاشا دالّدەی دا بە ئێران. کەچی لەگەڵ ئەم هەموو کەلەلایی و پەرێشانییەدا کە بەسەر کوردا هاتووە، ئینگلیز بە دۆستی کورد ئەناسرێت، چونکە وەکوو مووی بۆ هەڵپڕووزابێت، تێکەڵی هەموو ئاوات و کار و بەختی کورد ئەبوو، نەك بۆ چاکە، بۆ ئالۆزانی کاری کورد.

ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی تورك بە ئاشکرا شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی مەزنیان بە سیاسەتی ئینگلیز پیشان ئەدا وە ئەیانوت، شۆڕشەکانی دێرسیم و یان لە هەرچی جێگایەك کورد داوای ئازادی بکات، بە پەنجە و ئارەزووی ئینگلیزە. چاویان لەوە ئەقووچان کە ئینگلیز خۆی نیشتمانی کوردی کردووە بە کوردستان و لە هەموو لایەکەوە بە خاووخێزانەوە دەربەدەر و ئاوارەن و زیندەگانییان لە چیا و ئەشکەوتەکاندایە و زۆرتریان بە گژوگیا و بەری دارە کێویەکان ئەژین، کە هۆی ئەم دەرد و کارەساتەیش تەنیا نەوتەکەیە کە لە گێتیدا بووە بە گەنجێکی بێپایان و سەرگەردانی بۆ کورد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**برایم خانی دەلۆ**

ئەگەر بێتوو بەدبەختیی ئینگلیزە بەدخواهەکان بەرامبەر بە کورد بهێنینە پێش چاو، یەکە یەکە بنووسرێت باوەڕ ناکرێت تەوا٠ ببێت وە ئەو ناسۆرە دەرمان بکرێت. لە کاتێکدا گەیشتنە کوردستان پەلی زاڵیەتییان ئەوەندە درێژ کرد کە هەرگیز چاوی تۆڵەسەندنیان لێ نەترووکێت. بێجگە لە هەڵمەتە گەورەکەی ١٩١٩ لە شارەبان و کفری، پەڵی گەورەیان لێدرا. کوردەکانی شارەبان لە کاتی جەنگدا حاکمی سیاسییان بە خێزانەوە ڕفێنرا. هێزەکەیان پەرش‌وبڵاو کرایەوە وە تەختو بەختیان تێك درا. بەڵام لە کفری بە سەرۆکایەتی و فەرمانداریی برایم خان و سوێندخۆرە سەرۆکەکانی عەشیرەتی دەلۆ وەکوو وەیسی بەگ و عەبدولحەمید عەبدوڕڕەحمانی کارێزە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠–١٩٢١دا لەژێر پرۆغرام و یەکدڵیدا پەلاماری شاری کفری درا.

ئەو تەوژمە دلێرانەی ئەم عەشیرەتە بەناوبانگە، بەڕاستی بە شایانی یاد و دووبارەکردنەوە ئەزانرێت. جا بەرامبەر بە دەستدرێژی و زاڵیەتیی ضابطە ئینگلیزەکان کە مافی گەلایەتیی کورد لە توورەکەی سیاسەتیاندا خنکا، بە سەرۆکایەتیی برایم خانی دەلۆ وە هاوپەیمانەکانی وەك سەرۆکەکانی دەلۆ شۆڕشی پیرۆزی کورد دەستی پێکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە پاش جەنگ و کوشتارێکی زۆر لە هێزی دوژمن و درێژەی ڕۆژانی جەنگ (٣٣) ڕۆژ و کوشتنی حاکمی عەسکەری، تێگەیشتن کە هەرگیز حکوومەت توانای دامرکاننەوەی ئاگری ئەم شۆڕشەی نییە. جا بە پەیمان و فرِوفێڵەکەی خۆیان لە لایەن حاکمی سیاسیی کەرکووك "میلەر" ناوەوە تاڵەبانییەکانی تەفرە دا و بە هۆی "شێخ محەمەدعەلی تاڵەبانی"یەوە لەشکرێکی زۆری کوردی تاڵەبانی لەگەڵ هێزێکی گەورەی سوپایی بە تۆپ و چەکی گەورەی جەنگی وێرانکەرەوە گەیشتنە کفری. ئەم شۆڕشگێڕانە هەرچەندە بڕیاری دروستکردنی حکوومەتێکی کورد و داکوتانی ئاڵای کوردیان دابوو، دوایی بە ئاواتیان درا وە زۆر لە پیاوە بەناوبانگ و ڕۆڵەی عەشیرەتەکەیان کوژرا. بەڵام دیسان دەستبەردار نەبوون و نەبەزین، بە فەرماندەییی برای برایم خان و سەرۆکە هاوپەیمانەکانی کەوتنە جەنگی چەتەیی و ئیتر ئارامیان

نەئەدا، تا بە ناچاری ئینگلیزەکان بەو مەرجەی لە هەموو تالآن و کوشتن واز بهێنرێت و داوا لە کوردەکان نەکەن، فەرمانی لێبوردنیان بڵاو کردەوە.

ئاواتی ئەم عەشیرەت و پیاوە مەردانەیش وەکوو ئاواتی شۆڕشەکانی پێشوویان بە ڕەنجەڕۆیی مایەوە وە ناوی ئەوانەی کە لە پێناوی خاك و نیشتمانەکەیاندا گیانیان بەخت کرد وەکوو عەبدولحەمید عەبدوڕڕەحمان و هاوشانەکانی هەرگیز نامرێت و مێژووی کورد شانازییان پێوە ئەکات.

(زۆر سوپاسیش بۆ کاك صالح دەلۆیی کە باسی ئەم شۆڕشەی بۆ تازە کردینەوە).

**کورد چیی دی ؟!**

لاپەڕەکانی (چیم دی) بخوێنەرەوە، چەرخی بیستەم، کە چەرخی ئەتۆم و گەیشتنە مانگ و ئازادییە، بەڵام بە چەرخی لەناوبردن و ئاوارەیی کورد پیشان ئەدا و ناو ئەبرێت. ئەزانن غاندی چۆن بوو بە مەهاتما؟ کە ئینگلیزەکە لەناو شەمەندەفەرەکەدا دەری کرد و وتی: نابێت هیندێك بەرامبەر بە ئینگلیزێك دانیشێت، ئیتر بۆ ئەو تۆڵەیە دەستبەرداری خۆشیی ژیان بوو تا مافی هیندی ساند و خۆیشی بە پشتیوانی گەلەوە بوو بە مەهاتمای هەموو هیندستان.

www.zheen.org

١– لە باسە کۆنەکەی چیم دی:

لە بەرگی دووەمی (چیم دی)دا وتمان: "عومەر نەظمی" موتەصەڕیفی کەرکوك بانگی کردم. وەڵامم بە تورکی دایەوە، چونکە ئەمزانی عەرەب نییە و لە وەنداوییەکانی کفری و کوردە ١٩٢٧/١٢/١٢.

وتی: بۆچی عەرەبی نازانیت؟

– کوردم، حکوومەت بڕیاری داوە کە شۆڕشگێڕەکانی شێخ مەحموود دامەزرێنێت، منیش یەکێکم لەوان. ئیتر زانیی کە لە نەوەی خواجەی سلێمانیم و لە (الخواجة)ی بەغداد نیم. بە تووڕەیییەوە وتی: بڕیارمان داوە کە بێجگە لە کەرکووکی، لاوی کورد ڕانەگرین. ئیتر بۆ ئەوەی لە ژوورەکەیدا دەرم نەکات، چوومە دەرەوە. کورسی و مێزم نەما. مزی (١٨) ڕۆژیان دامێ و گەڕامەوە بۆ بەغداد وە دیسانەوە

یەخەگیری ئەمین زەکی بەگ بوومەوە، بە فەرمانی وەزارەت نێررام بۆ (مەخموور). بەختم باشی هێنا، ئەورەحمان سەعید کە دۆست و هاوڕێیەکی کۆنم بوو، لە مەخموور قایمقام بوو، ١٩٢٨/٢/١ وە [عومەر نەڤمیش دەستنێژی ئینگلیز بوو].

**مەخموور:**

ئەورەحمان بەرامبەر بە موتەصەڕیفی هەولێر "مەجید یەعقووبی" وە ئاغاکانی دزەیڤی لە بەربەرەکانیدا بوو؛ ١) ئەیویست بەبێ پەردە یاسای نووسینی کوردی بەکار بێنێ. لە هەولێر حکوومەت بە عەرەبی و تورکی ئەینووسی وە بە کوردی نووسین ئێجگار زۆر کەم بوو. قائیمقام ئەورەحمان ئەینووسی بۆ (دادپەروەری ئاشتی– حاکم صلح) وە (دادپرسی تەنیایی– حاکم مفرد)، هەموو جارێك ئەو پۆستانە ئەگەڕایەوە بۆ مەخموور. لەسەریان ئەنووسی: ((هنا لایوجد صاحب الکتاب))، یان بە تورکی ((کتاب صاحبی یوقدر)). ئەمە پیشەی بوو، هەندێ جار نامەکانی لە لایەن کوردیزانەوە لە موتەصەڕیفیدا هەر بۆ کوردی تەرجەمە ئەکرایەوە. موتەصەڕیف ئەم کردەوانەی پەسەند نەئەکرد. ٢) لەگەڵ ئاغاکاندا زۆرتر ناکۆك بوو، داوای لێ ئەکردن کە داوای قوتابخانە بکەن، ڕێگای ئوتوموبیل ڕاکێشن، لەناو خۆیاندا یەك بن. ئاغاکان لە ترسی موتەصەڕیف داواکانی ئەورەحمانیان بەجێ نەئەهێنا. لە ئەنجامدا وردە وردە ناچار بوو کە لەگەڵ موتەصەڕیفدا ئەهوەنی بکاتەوە.

بەڵام ئاغاکانی ناچار کرد بە داوای چوار قوتابخانە و بە یارمەتیی خۆی لەناو دزەییدا کرانەوە. زۆر ڕێگای ئوتوموبیلیشی پێ دروست کردن. هەروەها گەیشتنە ئەوەی داوای یەکیەتیی عەشایرەکەی لێ کردن. لەگەڵ خورشید ئاغای بایز سەرۆکی دزەیی کۆبوونەوە و پەیمانێکیان بەست، لەو کاتەدا حسێن مەلا نائیب بوو، پیاوێکی ئازا و نەترس و دەمڕاست بوو. پاش ڕێککەوتن بڕیاریان دا کە من بچم بۆ لای شێخ مەحموود بۆ پیران– ٢٩ی شوباتی ١٩٢٨.

**چوونم بۆ پیران:**

له هەولێر بەرەنگاری میستەر چەپمەن بووم، وتی: ((ئەچیت بۆ پیران؟)). سەرم سوڕ ما، شڵەژام. وتم: چۆن ئەزانی؟ ئەو قسەکەی خۆی نەبڕی، بە شێخ مەحموود بڵێ چەپمەن سەلامی هەیە. تکایە ئێوەیش دزەیی‌یەکان مەورووژێنن، ئەمانە وەکوو ئێوە هار نین و ڕۆیشت.

وا دیارە کە پیاوە هاوپەیمانەکانمان هاوپەیمانی چەپمەنیش بووبن. گەیشتمە پیران، شێخ مەحموود زۆری پێخۆش بوو. وتی: لە پێناوی دە ساڵ شەکاننەوە و ماڵوێرانیی کورد و خۆماندا ئێستا ئەرکەکەم بووە بە نوێژ، بەڵام مەرد ئەوەیە نەبەزێت.

ئەحمەد! ئێمە کورد، خۆم دڵدارین. سەر هەڵبڕە بڕوانە، بزانە چۆن کوردستانێکمان هەیە. وەڵڵا شەرت بێ ئەگەر نەمردم، بە دەستی خۆم بەیداخە جوانەکەی کوردی لەسەر ئەو لوتکە شاخانەی کوردستان دائەکوتم وە ئەگەر مردیشم، بێشەکەی کوردستان پڕە لە شێر، بام ئەو بناغەیەی ئێمە داماننناوە، ئەوان تەواوی بکەن.

من نیازەکەمم تێگەیاند، سەری بادا، دەستی بەدەستدا دا وە وتی: داخەکەم خوێندەوارەکانمان بە زانایی بۆ پارە وە عەشایەر و نەخوێندەوارەکانمان بە نەزانی بۆ پارە ئاواتی کوردیان بزڕکاند. باوەڕم پێ بکە هەر ئەو ڕۆژەی ئێوە لە مەخموور نەمان، هەموویان ئەچنە سەر دین و ئارەزووی تازەهاتوەکە.

بە "چەپمەن"یش بڵێ: بیرە بێبنەکانتان پڕە لە زیندەبەچاڵی کورد. ئیتر بیری تازەمان بۆ هەڵنەکەنن. من دزەیی‌یەکانم خۆش ئەوێت، بەبێ ڕان و جووتەگا ئەژین. کاکەخان زۆر دۆستم بوو. ئیتر تێگەیشتم باوەڕی نەماوە. کۆششەکەی ئێمەش بایەخی نییە– ٥ی مارت.

ڕۆژی ١٣ی مارت گەیشتمەوە مەخموور. ئەوڕەحمانم تێگەیاند، پاشگەز نەئەبووەوە. وتی: بام خەریکیان بین، بەڵکوو باش بن بۆ دوارۆژ. لە سەرەتای مانگی نیساندا چەپمەن هات بۆ مەخموور، وتی: مۆر و قڵێشەی پوولەکانت لای من بوو، زۆرم پێ چاپ کرد و فرۆشتم، تا وتیان دووەلی نییە. شێخ مەحموود چۆنە؟ چیی وتبوو، چیی ڕاسپاردبووم پێم وت. پێکەنی، وتی: کەی ئێمە ئەتوانین بیر هەڵکەنین.

٥- هەولێر لەو کاتەدا:

شارێکی بچووك، زۆر لە پیاوە دەوڵەمەند و خاوەن دیواخان و جێگا بەرز و بڵند و خانەدانەکان لە قەڵا دائەنیشن، بە دەگمەن دێنە خوارەوە بۆ گەڕەکی (کورتەك). ئاغاکان زۆر ورد ئەڕۆن، لە ڕەمەزاندا گۆچان ئەگرن بە دەستەوە و پێی ئەڵێن (ڕەمەزان چۆگانی)، پاش ڕەمەزان هەڵیناگرن. لە ژیانێکی زۆر خۆش و بەختیاریدان. بە ڕاستی پێیان ئەوترێت خانەدان،. حەزیش لە تەزبیح بەدەستەوەگرتن ئەکەن.

زۆریان بە تورکیییێکی ٣\١ کوردی قسە ئەکەن. بیری کوردایەتییان زۆر کەم بوو. نزیکەی ٢٠ مۆزەفی سلێمانی‌یان نارد بۆ هەولێر، زۆریان لە ئەندامانی (پشتیوان)* بوون لە هەولێردا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕۆڵەی دلێر و بەکار پێگەیشت، بەڵام کۆیە لە جۆشا بوو. ئاغا و ئەفەندی و جووتیار وەکوو یەك نیشتمانپەروەرییان ئەکرد، ١٩٢٩-١٩٣٠.

ئەوەی یەکەم جار ناسیم ئاصەف ڕەئووف** بوو، کۆیی، زۆر وریا و جێگای باوەڕ بوو. بە هۆی قائیمقام ئەوڕەحمان سەعیدەوە گۆڕیمان بۆ مەخموور وە لە هەولێریش ڕەشید موفتی بە ڕاستی جێگای باوەڕ وە کارگوزارێکی گرنگ و بەفەڕ بوو.

لەگەڵ ئاصەف زۆر تێئەکۆشاین، ڕەشید موفتی یاریدەدەرێکی بەهێز بوو، زۆر نامەی نهێنییان ئەنووسی بۆ موتەصەڕیف و وەزیرەکان وە داوای نووسین و خوێندن بە کوردی ئەکرا.

**موتەصەڕیف و نووسینی کوردی:**

ڕۆژێك یەکێك لە فەرمانبەرەکانی هەولێر لە نامەیەکدا لەجیاتیی موتەصەڕیفی ئەربیل، .. هەولێری نوسیبوو، موتەصەڕیف "حەمید صەڕصەڕ" بانگی کرد، وتی: دایکت ناوی چییە؟

* مەبەست (کۆمەڵی پشتیوانی کوردان)ە کە ڕۆشنبیرانی کورد ساڵی ١٩٢٧ لە بەغدا دایانمەزراند و چەند ساڵێك درێژەی هەبوو. وەك ئەحمەد خواجە لێرەدا لێی دوواوە، هێندێ بەڵگەنامەیش لە بارەیەوە هەن.

** برای یوونس ڕەئووف "دڵدار"ی شاعیر.

www.zheen.org

– ناوی ...

– باشه، ئەگەر پێی بڵێن (قەحبە) پێت خۆشە؟ ئیتر ئەم ناوە کوردییە لەبیر خۆتان ببەنەوە.

**چووین بۆ باداوا*:**

ڕەوشتی ئیدارە و موتەصەڕیف و هەندێك لەو مۆزەفانە کورد نەبوون، زۆر بە خراپی ئەڕۆیشت. ئەیانویست بە هیچ جۆرێك ناوی کورد نەمێنێ، لەگەڵ ئاصەف چووین بۆ باداوا، بۆ لای مەلا ئەفەندی**، کارەساتمان تێگەیاند. وتی: زۆر باش ئاگادارم، بچن چی ئەکەن بیکەن، مەترسن. حاجی شەریف ڕائەسپێرم.

لەم کاتەدا من گۆڕرابووم بۆ هەولێر. کە لە باداوا گەڕاینەوە، بینیمان بە دیوار و دەرگا و دەڕابەی دووکانەکانەوە بە عەرەبی نووسراوی دۆزان (اعلان) چەسپ کراوە و تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا یەت. لە نووسراوەکەدا ئەڵێت (کوردییەکەی): ((بە سەرۆکایەتیی حەقی شبلی دەستەیەکی لاسایی–تەمثیل– هاتووە. لەژێر سێبەری موتەصەڕیفی لیوادا لە سەربانی دووکانەکانی بەرقەڵادا ئیش ئەکەن، ڕێگا بۆ گشت کراوەیە)).

ڕەئیسی بەلەدییەی ئەربیل

ڕۆژی دوایی چووین بۆ لای حاجی شەریف "باوکی دکتۆر هاشم"، وتی: چیتان ئەوێت، چەندتان پارە ئەوێت، لەسەر فەرمانی مەلا ئەفەندی من ئامادەم بۆ بەجێهێنانی. ئاسەف زۆری لە هەولێرییەکان ئەناسی. پیاوی زۆرمان کۆ کردەوە، ئەو شەوە ماوە نەدرا کەس بچێت بۆ تەمثیل، ئەوانەی چووبوون یەکی پێنج ڕووپیەیان لێ سێنرا. پۆلیسی سەرشەقامەکان کران بە شاری و بەکچیی*** شەویش لە خۆیان. لە شەویشدا چەند

---

* باداوا: دێیەکی شاری هەولێر.

** مەلا ئەبووبەکر کوڕی مەلا عومەری مەلا عوسمانە، ١٨٦٧ لە هەولێر لەدایکبووە. لە لای باوکی خوێندنی تەواو کردووە. پاشان جێی باوکیی گرتووەتەوە و کەوتووەتە دەرسوتنەوە. پێبەپێ کتێبیشی داناوە، بە تایبەت لە بواری فەلەك و ئوسترلاب، .. تد. ١٩٤٢/١٢/٣١ کۆچیدواییی کردووە (میر بصري، أعلام الكرد، رياض الريس للكتاب والنشر– لندن= قبرص، ١٩٩١، ص١٢٦–١٢٧).

*** بەکچی: (تورکییە) پاسەوان، ئێشکگر.

دەستڕێژێك كرا بەسەر جێگای پۆلیسی سوارەدا، شار و میری شڵەقا، موتەصەڕیف حەمید صەڕصەڕ و مودیری پۆلیس "دەروێش لەتیف" چوونە سەربانی سەرا و بە مەترالیۆز هەر چوار لایان تەنی، بێحکوومەتی ماوەی (٢٢) ڕۆژی كێشا- ١٩٣٠.

لە بابەت (كۆمەڵی پشتیوان)ەوە چەند جارێك باس هات، لەبەر پێویست ئێستا ئەو باسە دووبارە ئەكەینەوە. لە بەغداد بڕیار درا كە كۆمەڵێكی سیاسی و نهێنی دابمەزرێت، لە خانوەكەی ئێمە "باباعەلی"دا كۆبوونەوەیەك كرا و بە ناوی "پشتیوان"ەوە ئەم كۆمەڵە ڕێكخرا- ١٩٢٧/٧/١٠.

لەو كۆبوونەوەیەدا لە مەئموور و ضابط و بازرگان، تەقاعودی مولْكی و عەسكەری پێك هێنرا، ئەمەیش ناوەكانیانە (١٩٢٧/٧/١٠):

١. مصطەفا شەوقی* - سەرۆك، ضابطێكی عوثمانی، خاوەنی گۆڤاری "پەیژە".

٢. ڕەشید نەجیب** - سكرتێری یەكەم و صندووق ئەمینی، مووەظەف.

٣. ئەحمەد خواجە- سكرتێری دووەم.

ئەندام:

١- خەڵەف شەوقی داودی*** - مووەظەف.

بنكەی ژین
www.zheen.org

* خەڵكی سلێمانی و دەرچووی مەكتەبی حەربییەی ئەستەموولْ و لە دوو ژمارەی ساڵی ١٩٢٦ی ڕۆژنامەی "بانگی كوردستان"دا موحەرریر بووە. ١٩٢٦/٤/١ یەك ژماری لە گۆڤاری "پەیژە" دەركردووە. ١٩٣٧ كۆچی دوایی كردووە (عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا، دەزگای موكریانی- هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٣).

** ڕەشید كوڕی نەجیب كوڕی مەحموود ئاغای هەمزاغایە، ١٩٠٦ لە سلێمانی لەدایك بووە. ئەعدادیی عوسمانیی تەواو كردووە. ١٩٢٠ دامەزراوە و گەلێ وەزیفەی دیوە، وەك مەئمووری تەندروستی، وەرگێڕ، قایمقام و موتەسەڕیف. ١٩٦٨ كۆچی دوایی كردووە. دیوانی شیعرەكانی لەچاپ دراوە (ڕۆژنامەی ژیان، ب١، ئامادەكردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٢).

*** خەڵەف شەوقی ١٨٩٨ لە دیوانییە لەدایكبووە. پاش قۆناغی سەرەتایی، چووەتە خانەی مامۆستایان. لە یەكەم جەنگی گەورەدا بە دیل گیراوە و براوە بۆ هیندستان. كە بەر بووە، چووەتە وەزیفەی حكوومەتی. لە "الاوقات العراقیة"، "لغة العرب"، شط العرب"، "خدمة الوطن"، "الكرخ" "مجلة المعلمین"، "مجلة الاعتدال" و "الهاتف"دا كاری كردووە و نووسینی بڵاو بووەتەوە. ئەندامی كۆمەڵی پشتیوانی كوردان و یانەی سەركەوتنی كوردان بووە. ١٩٣٩ كۆچیدوایی كردووە. ٨ كتێبی بە عەرەبی بڵاو بووەتەوە (دیاری كوردستان ١٩٢٥-

٢– مەحموود جەودەت– مووەظەف.

٣– عیززەتی تەل– مووەظەف.

٤– عەلی عیرفان* – مووەظەف.

٥– حەمید جەودەت** – مووەظەف.

٦– ئەمین ڕەواندزی– مووەظەف.

٧– فائیق کاکەئەمین– مووەظەف.

٨– ڕەئووف بەگ جەلالی*** – مووەظەف.

٩– بەشیر موشیر**** – خەیاط.

---

١٩٢٦، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، لێکۆڵینەوەی نەوشیروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح، دەزگای سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠١، ل٧٦–٧٧).

* عەلی کوڕی عەبدوڵڵا عیرفان کوڕی مەلا ڕەسووڵە، ١٨٨٢ لە سلێمانی لەدایکبووە. لە حوجرەکەی باوکی و ڕوشدییەی عەسکەریی سلێمانی خوێندوویە. وەزیفەی مامۆستایی و کارمەندیی دادگای دیوە و ١٩٤٢ خانەنشین بووە. ئەندامی (جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن)، جەمعییەتی زەردەشتی، لقی سلێمانیی جەمعییەتی خۆیبوون بووە. ئەیلوولی ١٩٢٧ بووە بەرپرسی ژمارەکانی (٨٢–٢٥٩)ی ڕۆژنامەی "ژیان". پاش شەڕی بەردەرکی سەرا گیراوە و چەند مانگێك لە زیندان ماوەتەوە. ١٩٦٨ کۆچیدوایی کردووە (ڕۆژنامەی ژیان، ب٢، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٤–٤٥).

** حەمید جەودەت (١٨٩٥–١٩٧٠)، ئەفسەر و برای مەحموود جەودەتە (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٣٨).

*** ڕەئووف بەگ نووری جەلالی ١٨٩٦ لە ڕەواندز لەدایکبووە. ڕوشدییەی عەسکەریی کەرکووك–١٩٠٩ و ئەعدادیی عەسکەریی بەغدا–١٩١٢ و مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولی ١٩١٤ تەواو کردووە. بەشداری شەڕەکانی جەنگی گەورە بووە و نیشانی ئازایەتیی وەرگرتووە. ١٩٢٣ هاتەوە بۆ وڵات و چووە ناو سپای عیراق. تا ١٩٣١ بە پلەی مولازمی یەکەم مایەوە. ئەمجا وەزیفەی مەدەنیی وەك بەڕێوەبەریی ناحیە و قایمقامیی پێ دراوە (عبدالمجید فهمي حسن، دلیل تاریخ مشاهیر الألویة العراقیة، بغداد، ١٩٤٦، ل٩٢–٩٣).

**** بەشیر موشیر ناسراوێکی خەڵکی سلێمانییە، بەرگدروو بووە لە بەغدا. ١٩٦٣/٧/٣ لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچیدوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ مەعرووفی کەرخی نێژراوە. ئەم بەرهەمانەی هەن: ١. بەختنامە، ١٩٣٩، وەرگێڕانە. ٢. سیپارەی حەق پەرستی، ٣. دیوانی مصباح الدیوان.

لقی پشتیوان بە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە، بەڵام من پاش یەك مانگ پەیوەستیم نەما، چونکە بووم بە مۆزەف و دووریش کەوتمەوە، بەڵام لە مووصڵ زۆر بەهێز بوو.

**لە هەولێر:**

بۆ تازەکردنەوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵی (پشتیوان) بە سەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی لە ماڵی ئەحمەد فەخری* کۆبوونەوەیەك کرا. نووسینی نامەیەك بۆ سەرۆك عەشایەرەکان بەم (نووسەرە) سپێررا، کە بە ناوی شێخ مەحموودەوە وریا بکرێنەوە. ئەو مسۆدەی نووسینەم لە لایەن ئەم کۆمەڵەوە درا بە موتەصەڕیف حەمید صەڕصەڕ، بانگی کردم، پیشانی دام. نەمتوانی هیچ بڵێم، وتم نووسینی منە. پاش یەك مانگ بۆ ماوی ٣ ساڵ لە وەزیفە دەرکرام وە بە زینۆگرافی وێنەی نامەکەی خەڵەف شەوقی کە وەڵامی دامەوە، ئەخوێننەوە (مێژووی ژیان و سەرگوزەشتی حەمید صەڕصەڕ زۆر دوورە. خۆی بە ناوی "شەبانە" پۆلیسی ڕەسمیی دانا: لە عەمادییە خزمەتکاری ئینگلیزە کە بوو بە قائیمقام، موتەصەڕیف. تەواو گوێی ئاو درابوو، لە سیاسەتی ئینگلیز لای نەئەدا، دوژمنی خوێنینی کورد بوو).

www.zheen.org


**کۆمەڵەکە:**

سەرۆك-. ڕەفیق حلمی و سکرتێر- مەحموود شەوقی، صندووق ئەمینی- مصطەفا چیچۆ بوون، ئەندام.- ئەحمەد فەخری و ئاصەف و ئەحمەد خواجە.

---

* ئەمە ئەحمەد فەخری ئەمینە، برای حیکمەت ئەمینی ئەفسەرێکی دەورانی شێخ مەحموودی حەفیدە، ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتخوازی ڕۆژگاری خۆی بووە. وەزیفەی وەك مامۆستایی و بەڕێوەبەریی ناحیەی سووورداشی دیوە. تورکی و فارسی و عەرەبیی زانیون، چەند کتێبێکی وەرگێڕاوە، لەوانە (کرد و پیوستگی تاریخی نژاد او)ی ڕەشید یاسەمی و (شیخ سعید عصیانی) .. تاد، کە هەر بە دەستنووسی مانەوە و ئێستا بزرن. ساڵانی هەشتا لە لایەن ئەمنی سلێمانییەوە گیراوە و شەوێك لەوێ هێڵراوەتەوە. ڕۆژی دوایی کە بەردراوە، کۆچیدوایی کردووە.

ئاصەف و ئەحمەد خواجە یەکی بۆ سێ ساڵ فەصڵ کران. بۆ پیشاندانی ڕاستیی قسە، وێنەی نامەکەی خەڵەف شەوقی کە نیگاهدار کرابوو، ئەمەیە وا پیشان ئەدرێ.


Telephone Central No. 602

تلفون سنترال نمره ٦٠٣

Baghdad

بنکەی ژین
www.zheen.org

۱۹۳۱/۱۱/۱۳، بەغداد

برای خۆشەویستم کاك ئەحمەد

سێ‌چوار ڕۆژ ئەبێت شیرین نووسراوەکەتم وەرگرد و بەندە سەعاتێ تەماشای مەحفەظەی شەخصیتانم کرد وە لیّم مەعلووم بوو کە بە ژمارە ۱۱۵ و ڕۆژی ۲ی ئابی ۹۳۱ مەکتووبێکی دووروودرێژت نوسیبوو بۆ وەزارەتی داخلییە و خوڵاصەکەی ئەو مەکتووبی مەحرەمە ئەمەیە:

جەنابی سەعادەتمەئاب ئەڵێ: هەروەکوو لە مەکتووبەکانی ترم نووسیبووم، ئەحمەد ئەفەندی دائیما موداخەلەی ئومووری سیاسییە ئەکا و ئەهالی تشویق ئەکا لە

عەلیهیی حکوومەت و دائیما مەنشوور ئەنووسێ و بڵاوی دەکات و لە وەختی خۆیدا هەرچەندە مومکین نەبوو صوورەتێکی ئەو مەنشوورانە تەقدیم بکەم، فەقەط ئەم جارە وا مسوەددەیەکی تەحریض وا بە خەطی دەستی موومائیلەیهی نووسراوە و بۆ ڕوئەسای عەشایر ناردوویەتی و لەسەر قاقەزی ڕەسمیی حکوومەت نووسیویەتی.. الخ، ئەم مەنشوورەم دی بە خەطی جەنابتان نووسرابوو. مەئالەکەی دەرحەقی ئیستیعفا بوو کە لە زەمەنی هاتنی موزاحیم بوو، لە نیهایەتەکەی صوورەتێکی بۆ فەخامەتمەئاب مەندووبی سامی نووسراوە.

وەزارەتی داخلییە صوورەتێکی مەکتووبەکەی لیوای هەولێر و ئەصڵی موسوەددەی مەنشوورەکەی ناردبوو بۆ وەزارەتی مالییە و وەزارەتی مالییەش قەراری تەنزیلتانی دابوو و تەنفیذی قەرارەکەی کرد.

خ. شەوقی ئەمین

### ئەم جارەیش گەوارەی[*] شۆڕش یەزیدییەکانی گرتەوە– ١٩٣٥[29]

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئینگلیزەکان بیستوویانە کورد ئازایە، ناترسێت. ڕەنگە هێشتا ماوەی تاقیکردنەوەکەی کە لە ١٩١٩وە دەستی پێکردووە، تەواو نەبووبێت وا بەدوای شۆڕشەکەی کورد لە سلێمانییەوە بۆ بەرزان وە لەوێشەوە بۆ ناو یەزیدییەکان پەرەی‌سەند.

لە باوی عوثمانییەکاندا لە یەزیدییەکان عەسکەر نەئەگیرا، ئیمڕۆ لەم کاتەدا لە هەموو کاروباری حکوومەتی عیراقدا یاساکانی عوثمانی لە کارایە. تەنیا یاسای عەسکەرگرتن نەبێت گۆڕاوە–١٩٣٥. ئینگلیز هانی حکوومەت و موتەصەڕیفی مووصڵی دا کە کۆسپێك بۆ بەرپاکردنی ئاشووبێك پەیدا بکرێت، کە هیچ نەبێت هەندێك

---

[*] گەوارە: گەواڵە، پەڵەهەور.

[29] بۆ ئەوەی بە دوای یەکترا شۆڕشەکانی بەرزان بکەین بە یەك بەرگ، لە ڕیزەیساڵدا دواخرا. لە ١٩٣٠یە وە تا .. ؟! بەسەر یەکەوە پێشکەش ئەکرێن.

خوێنی کوردی تێدا بڕژێنێت کە ئەمەیش ئاسانترین ڕێگا یەزیدییەکانە و داوای عەسکەریان لێ بکرێت.

لە دەستووری عوثمانییەکاندا لە سێ تیرە عەسکەر نەئەگیرا، کە ئەو باوەیش بە باوی، —وەکوو ئەڵێن— کێزری (استبداد) ناو ئەبرێت. ئەو تیرانەیش ئەمانە بوون:

١. سادات، نەوەی پێغەمبەر نابێت ژێر فەرمان بن.

٢. کۆچەر، پێویستە خاوەندارییی ئاژەڵ و پارێزگارییی خۆیان بکەن.

٣. یەزیدی، ئایینیان ڕێگا نادات لەناو ئایندارە بێگانەکانیاندا بژین. زۆر ڕوونە کە ویسترا بە بیانووی عەسکەری گرتنەوە، پەلاماری کورد بدرێت و بەم بۆنەیەوە لە یەزیدی کوشتار بکرێت.

یەزیدییەکان لەسەر ڕەوشتی کۆنی خۆیان لایان نەدا، وتیان عەسکەر نادەین. کار بەم جۆرە ڕووی دا. ڕۆژی ٢١ی ئەیلوولی ١٩٣٥ لە لایەن موتەصەڕیفی مووسڵەوە ئەم تەلگرافە نووسرا بۆ وەزیری داخلییە[30] (بە کوردییەکەی): ڕۆژی ١٩ی مانگ گەیشتینە سنجار. لەو ناوچەیەدا بۆ بەخورتی گرتنی سەرباز، پشکنین (یۆقلەمە)ی سەرەتایی تەواو کرا. کار زۆر بە ئاسانی و هێمنی ئەڕۆیشت. بەڵام لە دێی (زیروان) و ڕەشۆ قولوو لە لای "داود ئەلداود" سەرۆکی عەشیرەتی میهرگان و عەشیرەتی (مەلا خالیتی) لەوێ (عالدلینا) لە فرمان وە فەرمانەکەمان یاخی بوون. ئەم جارەیش وەکوو ساڵی ١٩٢٥ لیژنەکەیان دەرکرد و یاخی بوون. ئەم داود ئەلداودە لە ساڵی ١٩٣٣دا لە ئاوارەیی گەڕاوەتەوە، هەرچەند بۆ هاتنە ناوچەی قەضایش داوا کرا، نەهات.

**تەلگرافی دووەم:**

لە ٢٤ی ئەیلوولدا لە موتەصەڕیفی مووسڵەوە بۆ وەزیری داخلییە (کوردییەکەی):

لە لایەن مودیری پۆلیسەوە زۆر ئامۆژگارییان کرا، بێسوود بوو وە (میری شێخان)یش نەیتوانی پاشگەزیان بکاتەوە. من حکوومەتی عیراق ناناسم.

---

[30] محمود الدرة، القضية الكردية.

پەیوەستیمان بە مێجەر "ولسن"ەوە هەیە، ئەتوانم لەگەڵ ئەوا یەکتر ببینین. ئیتر چارەی ڕێککەوتن نەماوە. فڕۆکە بنێرن تاوەکوو بۆمبارانیان بکات وە ئێمەیش لەژێر فڕۆکەدا ٣٠٠ پۆلیسی پیادە و ١٥٠ سوارە بنێرین.

لەسەر ئەم تەلگرافە حکوومەت بڕیاری دا بە ناردنی هێزی ی عیراقی بۆ و و پەرێشانکردنی سنجار و ماڵ و چیای یەزیدییەکان و ئەم ئەرکەیش کەوتە سەر حسێن فەوزی–١ی تشرینی یەکەم.

جا ماوەی ١٧ ڕۆژ بۆ دامرکاننەوەی ئاواتە گەرمەکەی ئینگلیز کورد کوژرا و لەناو برا. بەپێی نووسینی میری خۆیان، لە یەزیدییەکان ٢٠٣ کوژراو، ١٠٢ برینداره، ٣٩٥ کەسیش داڵەدەر بووە وە لە هێزی میریش (١٤ کوژراو، ٣٠ بریندار و ٣ سەرباز ون بووە. لەگەڵ ئەوەیشدا لە لایەن (مەجلیسی عورفیی عەسکەری)یەوە لە شۆڕشگێڕەکان ٩ کەس لە مووسڵ خنکێنرا، موحامی و مووصڵی بوون، چونکە لە سوودی یەزیدییەکاندا جاسووسی فڕانسە بوون.

خۆزگە لە پاش خوێندنەوە دوا دێڕی سەرەوە، خوێندەوار تۆزێك لێکی ئەدایەوە. فڕانسەکان چییان بوێت لە یەزیدی و جاسووس لە سوودی یەزیدیدا چی دەست ئەکەوێت کە بۆ فڕانسەکانی کردبێت وە فڕانسەکان چ پێویست و پەیوەستێکیان بە چیاکانی یەزیدیەکانەوە هەیە؟ مەگەر هەر بڵێن ئەمەیش پەندی (مێجەر)ە. بۆ ئەوەی خوێنڕشتنەکە بە ڕاست پیشان بدەن و کوردەکان بە سووچدار، ئەم بەیانەیان دەرکرد.

بەیانی ڕەسمی:

١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥

(کوردییەکەی)

لەبەر تەفرەدانی هەندێك لە پیاوخراپان لە ناوچەی (سنجار)دا بە سەرۆکایەتیی "داود ئەلداود" و "ڕەشۆ قۆلۆ" لە یاسای حکوومەت هەڵگەڕانەوە، ئامۆژگاریی پیاوانی میری و ئایینییەکانیان کاری نەکرد، بە لاساری مانەوە، بەڵام زۆر لە یەزیدییەکان ئەم کردەوەیەیان پەسەند نەکرد، ئیتر بە فڕۆکە و سوپای عیراق و

پۆلیس ورووژم برایە سەریان. لە ڕووی ئەم پەلاماردانەوە زۆر لە دێهاتیان داگیر کرا، زۆریشیان دایانە چیا و ناو ئەشکەوتەکان، کە ئیتر ناگیرێن. دەستبەجێ حوکمی عورفی بلاّوکرایەوە. زۆریان دالّەیان دا بە میری، لەوانە تا (٣٠٠) چەکداریان بە چەکەوە هاتوونەتەوە وە داود ئەلداودیش خۆی و ژنەکەی و کوڕێکی چوون بۆ سووریا و دوایی هێنرا بە شۆڕش.

جا ئاسایش لە چیای سنجارا گەڕایەوە. یەزیدیەکان لەم ٢٠ ساڵەی دواییدا تێکەڵ بە عەرەبی (شەممەر) بوون، بە عەرەبی قسە ئەکەن، منالّیان ئەنێرنە قوتابخانە، باوەڕیان گۆڕراوە، خواروخێچیی ئایینییان نەماوە وە یەزیدییەکانی شێخانیش بە بۆنەی تێکەڵییان بە کورد و عەرەب ڕەوشتیان گۆڕراوە.

بەم پێیە دوایی بە شۆڕش درا. کوشتار، وێرانی لە کورد تەواو کرا، بەلاّم ئەوە ئایینە لە کوردی هەژار ٢٠٣ کەس بکوژرێت و ١٠) کەسیش بریندار بووبێت و کێ ئەزانێت چەند سەد کەسیش لە بریندار و کوژراو لە چیا و دۆڵەکاندا نەدۆزراوەتەوە و بووە بە خۆراکی جانەوەر، نازانرێت بۆچی خوێنی کورد ڕژاندن دروستە و گیانیان بێنرخ،. ئایا هەر لەبەر ئەوەیە کە داوای گیانداری و مافی ژیانی ئازادی ئەکەن؟! یان پاداش و وەڵیفەتی بێگانەپەرستیمانە؟!*

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمە ماوەی پانزە (١٥) ساڵە[٣١] ئاگری شۆڕش لە کوردستاندا لە بڵێسەدایە وە ڕەوشتی کار وا پیشان ئەدات کە ئەمە سەرەتای کار بێت، نەك دوایی.

---

* ئێزدییەکان لە حکوومەت یاخی بوون، چونکە ڕازی نەبوون وەك سەردەمی عوسمانی سەربازی لەناو سپای عیراقدا بکەن. حکوومەت چەند هەوڵی لەگەڵ دان تا قایل بن هیچ نەبێ فەوجی تایبەت بە خۆیان بۆ پێك بهێنن، ملیان نەدا. بۆیە ١٩٣٥/١٠/٧ بە هێزی پیادە و تۆپ و فڕۆکە پەلاماردران و زۆریان لێ کوژرا و هەلاّت و ئەوانی دیکەیش خۆیان بەدەستەوە دا (بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، المجلد الثاني– الجزء الرابع، مطبعة دار الكتب– بيروت، ١٩٧٨، ص١٦٣–١٧١).

[31] ئەم نووسینە لە (١٩٣٥)دا نووسراوە، لەبەر ئەوە ماوەی (١٥) ساڵ پیشان دراوە.

**زانستی**

جەمعییەتی زانستی[**]، لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی سلێمانی کاك ئەحمەد ڕەفیق "ئەحمەد حاجی فەرەج" هاتە هەولێر، بۆ ئەوەی نامەی یارمەتی بۆ کۆمەڵی زانستی بڵاوبکاتەوە. ئەم فرمانەی گرتبووە ئەستۆی. ئەحمەد لاوێکی بەنرخ و پاك و نیشتمانپەروەرە.

ئەوەی لە هەولێردا بڵاو ئەکرایەوە بە نهێنی جێبەجێ کرا. هێشتاکە ئەوڕەحمان سەعید لەگەڵ موتەصەڕیفدا لە بەربەرەکانیدا بوو. ئەحمەد چوو بۆ مەخموور بە هیوایەکی زۆر گرنگەوە، بەڵام چەپۆکی موتەصەڕیف حەمید صەڕصەڕ زوو گەیشتە سەر سەری، بە هۆی پۆلیسەوە هێنرایەوە بۆ هەولێر و دەستبەجێ بەبێ ڕاوەستان ناردی بۆ کەرکووك و لەوێشەوە بۆ سلێمانی. بەڵام ئەمە شایانی باس نییە. ئەوەی کە پێش ٤٥ ساڵ لە پێناوی خوێندندا لە سلێمانیدا ڕووی ، ئەخەینە پێش چاو وە بیخوێننەوە. ئەمەیش ئەو نامەیە کە ئەحمەد ڕەفیق بڵاوی ئەکردەوە.

وێنەی نامەی ڕەئیسی جەمعییەتی زانستی کوردان، سلێمانی

بۆ هەموو کوردێکی حەمییەتمەند و وەطەنخواه

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆمەڵی زانستی سلێمانی کە لە ساڵی ١٩٢٦ەوە بە پشتیوانی و یارمەتیی وەطەنپەروەرانی کورد بۆ تەنویری کوردەواری و تەعلیمی نەخوێندەوارەکان خەریك

---

[**] جەمعییەتی زانستی کوردان، کۆمەڵێکی ئەهلی بوو ساڵی ١٩٢٦ بە دەستپێشخەریی مونەووەرانی سلێمانی و مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ دامەزرێنرا بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی خەڵك، شەوی ٢\٣/٤ کرایەوە، شەوی ١٣/٤یش دەستەیەکی بەڕێوەبردنی بۆ هەڵبژێردرا، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیف سەرۆکی بوو. ئەم کۆمەڵە قوتابخانەیەکی شەوانەی بە ناوی (زانستی)یەوە کردەوە، مامۆستاکان خۆبەخشانە دەرسیان تێدا دەوتەوە. پاشتر لە ١٩٣٠دا بەشێکیش بە هیممەتی حەپسەخانی نەقیب بۆ پێخوێندنی ژنانی نەخوێندەوار کرایەوە. قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە نەخشێکی بەرچاویان لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی کۆتاییی ساڵانی بیست و ١٩٣٠دا دی، بۆیە حکوومەت قوتابخانەکەی داخست. دواتر بە هیممەتی ئەحمەد بەگی موتەسەڕیف کرایەوە و حاجی تۆفیق بەگ "پیرەمێرد" بووە سەرۆکی و تا ١٩٣٨ مایەوە، پاشان بە ڕەسمی خرایە سەر دائیرەی مەعاریفی سلێمانی (ڕۆژنامەی ژیان، ب١، ٢٠٠٢، ل٢٥–٢٦؛ ڕۆژنامەی ژیان، ب٢، ٢٠٠٣، ل٣٥–٣٨).

بووه، لەم ئاخریەدا بە فەعالییەت و نیشاطـێکی تەواوەوە دەستی کردووە بە کۆشش بۆ خزمەتکردنی مەعاریفی کوردان و لەم خزمەتەیدا تا دەرەجەیەك ((الحمد لله)) مووەفەق بووە. لە ظەرفی ئەم چوار ساڵەدا بە هەزاران نەخوێندەوار فێری خوێندن بوون و کەموزۆر موۆتەکەی نەزانینمان لەسەر لاچووە.

یەکێك لە فەعالییەتی تازەی کۆمەڵ، تەپبیتکردن و کڕینی مەطبەعەیەکی عەصری و موکەممەلە و بۆ پێکهێنانی ئەمە هەوڵ و هەنگاوی هاوێشت. لەم چەندانەدا لە سلێمانی ئیجتیماعێکی عمومی عەقد و دەفتەرێکی پیتاکی کردەوە. هەتا ئێستا لە طەرەف حەمییەتمەندانی سلێمانی‌یەوە نزیکی چوارهەزار ڕووپیە بەخشراوە. ئەم مەبلەغە مەعەل ئەسەف بوۆ ئەم مەقصەدە بەش ناکات.

ذاتەن خدمەت و تێکوشینی کۆمەڵەی زانستی هەر مەخصووصی پارچە و ناوچەیەکی کوردستان نییە. جەهد و فەعالییەت بۆ سەعادەت و ڕەفاهی هەموو کوردانە. قەراری قەطعیی کومەڵ وەهایە هەر وەختێ بودجەی موساعەدەی کرد، لە داخڵی ئیقتیداریدا بە هەموو ئەطرافی کوردستاندا پەل هاویژێت خدمەتەکەی تەعمیم بکات. کۆمەڵی زانستی ئەوا دەستی مەوعاوەنەت بۆ هەموو کوردێکی حەمییەتمەند درێژ ئەکات و چاوەڕوانی سەخا و سەماحەتتان ئەکات. ئەو یارمەتییەی لەم ڕێگایەدا دەکرێت، هەم دینەن هەم میللییەتەن ئەبێت بە سەبەبی پاداشتێکی گەورە.

ڕەئیسی جەمعییەت

لە ڕۆژنامەی "ژیان"، ژمارە ١١–١٧، ڕەمەزانی ١٣٤٤ و ١ی نیسانی ١٩٢٦ەوە ئەم نووسراوە ئەخوێننەوە (پێش ٤٤ ساڵ).

مژدەیەکی گەورە بۆ هەموو کوردان:

مەعلوومی خوێندەوارانی کیرامە کە تا ئەمڕۆ هەموو ئارەزوو و ئەمەلمان حەصر کردۆتە سەر بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعاریف. ئەوا ئیمڕۆ –شکر لله– بە کەمالی ئیفتیخار بەری ئەم سەعیە ئەخەینە بەر چاوی میللەت. بینا لەسەر تەشەبوثانی چەند کەسانێکی میللییەتپەرور و تەصدیقی وەزارەتی داخلییە و موعاوەنەتی گەورەی

جەنابی موتەصەڕیف و موفەتیشی ئیداریی[٣٢] قەدردان پرۆغرام و نیظامنامەی (جەمعییەتی زانستی کوردان) نەشر و ئیعلان دەکەین.

ئومێد وایە کە ئەم جەمعییەتە بناغەیەکی عالیمان بۆ دابمەزرێنێ و پێشوازیی هەموو میللەت بکات و ئەم تەشەبوثە خەیرییەیە بۆ وڵات و میللەت بە فەئلێکی خێر و تەمەننا ئەکەین کە ئەم جەمعییەتە بە سایەی هەموو ئەشراف و عولەما و توجاڕ و مونەوەرینەوە بژی و بەردار بێ.

بە نەشر و تقدیمکردنی ئەم مژدە خۆشە و ئەم خەبەرە بەقیمەتە "ژیان" جیددەن مەسروور و موفتەخەرە!

**پرۆغرامی جەمعییەتی زانستی کوردان**

ناوی جەمعییەت و مەرکەزی

١. ناوی جەمعییەت (جەمعییەتی زانستی کوردان) و مەرکەزی سلێمانییە.

مەقصەدی جەمعییەت

٢. مەقصەدی جەمعییەت تەعمیمی عیلم و مەعریفەتە لە کوردستان بەپێی ئەو وەسائیطە:

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئـ. بە نەشری غەزەتە و ڕەسائیلی مووەقەتە،

ب. تەرجەمە و تەئلیفی کتێبی تەدریسییە و سائیرە،

ج. مەکتەبکردنەوە و ئیجرای تەدریسات بە ڕۆژ و بە شەو،

ح. بە صوورتی موحاضەرە ئەهالی تەنویرکردن،

د. کتێبخانەکردنەوە.

هـ. بۆ ئیکمالی تەحصیل بۆ مەمالیکی موتەڕەقییە قوتابی ناردن.

٣. جەمعییەت ئەحواڵی تەئریخییە، جوغرافییە، ئەتنۆغرافییەی کوردان بە صوورتی مەخصووصە تەدقیق و مەحصوولی مەساعیی نەشر دەکات.

---

[32] قەدردان ئینگلیزە و ئینگلیزەکەیش "لاین".

٤. جەمعییەت بۆ تەئمینی مەحەببەت و موانەسەت لە مابەینی ئەهالی و حکوومەتدا بۆ تەقوییەی ڕۆوحی ئیطاعەت بە سوورەتی مەخسووسە و بە واسیطەی واعیظانی مەخسووس پەند و نەصیحەت ئیجرا دەکات.

٥. جەمعییەت بە هیچ صوورەتێك لەگەڵ سیاسەتدا خەریك نابێ.

مەعرووف بەگزادە فائیق   موحامی ڕەفیق تۆفیق   حاجی فەتاحزادە ڕەمزی

نیظامنامەی داخلی

صوورت قەید و قبووڵی ئەعچا و ئیخراجات

١. بیلا تەفریق جینس و مەذهەب هەموو کەسێك بەو شەرائیطە کە لە ژێرەوە نووسراوە، ئەتوانێ بە قەراری هەیئەتی ئیدارەی داخڵی جەمعییەت ببێ:

ئـ. عومری لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ.

ب. لە حقووقی مەدەنییە ساقیط نەبێ و صاحێب حوسنی ئەخلاق بێ.

٢. هیچ کەسێك موخالیفی مەقاصیدی جەمعییەت حەرەکەت بکات و یاخود مانگانە و دوخوولییە بە جەمعییەت نەدات و یاخود حەرەکەتێك بکات کە لەناو ئەهلی وەطەندا موخیللی شەرەف بێ، بە قەراری هەیئەتی ئیدارە لە جەمعییەت دەردەکرێت.

صوورەتی تەشکیلی هەیئتی ئیدارە و وەظائیفیان

١. جەمعییەت بە واسیطەی هەیئەتی ئیدارەوە کە لە ٣ کەمتر نابێت و لە حەوت کەس زیاتر نابێ، ئیدارە ئەکرێ.

٢. هەیئەتی ئیدارە بە ئینتیخابی ئەکثەرییەتی موجتەمیعین لە هەیئەتی عموومییە ئینتیخاب ئەکرێ.

٣. ڕەئیس و کاتب و موحاسیبی جەمعییەت مەئموورین لە هەیئەتی ئیدارە بێ یاخود لە ئەعضای جەمعییەت تەعیین و ئینتخاب ئەکرێ، وەلاکین ڕەئیس ئەبێ لە هەیئەتی ئیدارە بێ.

٤. هەیئەتی ئیدارە بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعییەت هەرچی لازم بێ ئەیکات (واریدات) وموصارفاتی جەمعییەت تەثبیت ئەکات، بودجەی ساڵی موستەقبەل ئیحضار و

تەقدیمی هەیئەتی عومومییە دەکات و هەموو ساڵێك هەرچی لازمە بکرێ بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعییەت بە ڕاپۆرێکی موفەصەل عەرضی هەیئەتی عومومییە دەکات.

٥. هەیئەتی ئیدارە وەظائیفی مەئمووری و کەتەبە تەعیین دەکات و موراقبەیان دەکات.

واریداتی جەمعییەت و موصارەفاتی

١. واریداتی جەمعییەت عیبارتە لە دخوولییە و مانگانەی ئەعضاکان و عیبارەتە لە تەبەروعات و هیبەی ئەصحابی خەیرات.

٢. هەموو ئەعضایەك لە حینی دخوولیدا بەپێی ئیقتیداری خۆی مەجبوورە مەبلەغێك بە ناوی دخوولییەوە بدات، حەددی صوغرای ئەم مەبلەغە ڕووپیەیەکە و دیسان مەجبوورە بەپێی ئیقتیداری خۆی مانگی شتێك بدات بە جەمعییەت.

٣. بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعییەت زیاتر بۆ شتێکی تر واریداتی جەمعییەت صەرف ناکرێ و هەموو مەصرەفێك بە ئەمر و تەصدیقی هەیئەتی ئیدارە ئەکرێت.

٤. هەیئەتی ئیدارە مەجبوورە ئەو دەفتەرانە کە قانوونی جەمعییەت ئەمری پێ دەکات، بیگرێ و ئەگەر ئیجابی کرد، جگە لەو دەفتەرانە، دەفتەری کەش بگرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەیئەتی عومومییە

١. هەیئەتی عومومییە هەموو ساڵێك لە ئەووەڵی تەشرینی ئەووەلدا ئیجتماع ئەکات و وەظائیفی هەیئەت ئەمەیە:

ئـ. واریدات و موصارەفاتی جەمعییەت تەثبیت دەکات.

ب. ئیجاب بکات پرۆغرام تەعدیل ئەکات.

ج. هەیئەتی ئیدارە ئەز سەر نوو[٣٣] ئینتخاب دەکات.

د. بۆ ساڵی ئایندە مەساعیی جەمعییەت تەنظیم دەکات.

٢. ڕەئیسی هەیئەتی ئیدارە ڕیئاسەتی هەیئەتی عوموومیش دەکات.

---

[33] ئەز سەر نوو: لە سەرلەنوێوە.

٣. ڕەئیسی هەیئەتی ئیدارە و یاخود وەکیلێك کە جەمعییەت تەعیینی ئەکات، لە محاکیم و دەوائیری حکوومەتدا جەمعییەت تەمثیل دەکات.

٤. چ لە هەیئەتی ئیدارە و چ لە هەیئەتی عموومییە موذاکەرە و ئیتتیخاذی قەرار بە ئەکثەرییەتی موجتەمیعین دەبێ.

٥. هەیئەتی عموومییە عیندەل ئیجاب لەسەر دەعوەتی هەیئەتی ئیدارە، جگە لە ئیجتیماعی عادیی سەنەوی، هەموو وەقتێك ئەتوانێ گردبێتەوە، وەظائیفی خۆی بەپێی ئەم پرۆغرامە بەجێ بێنی. ٢٧ی کانوونی پانیی ١٩٢٦

| | | |
|---|---|---|
| مەعرووف بەگزادە | موحامی | حاجی فەتاحزادە |
| فائیق | ڕەفیق تۆفیق | ڕەمزی |

ئەمری مەئذوونییەتی وەزارەتی داخلییە

الحكومة العراقية

وزارة الداخلية

العدد: ٢٥٧١

التأريخ: ٩٢٦/٢/٢٤ سعادة متصرف لواء السليماني المحترم

الموضوع– جمعية زانستی كوردان

www.zheen.org

بعد التحية.

بالاشارة الى كتابكم المرقم ر–٥– ٢٤ والمؤرخ في ١٩٢٦/٣/١ عملاً بقانون الجمعيات لسنة ١٩٢٢ يؤذن بتأسيس جمعية (زانستی كوردان) على ان يطبق مؤسسوها تصرفهم فيها على قانون الجمعيات وعلى المنهج المربوط ولسيادتكم الاحترام.

وزير الداخلية

صورة منه الى:

– سعادة مدير الشرطة العام المحترم.

– مفتش ادارى لواء السليمانى المحترم.

صوورەتی تەرجەمەی ئەمری وەزارەتی جەلیلەی داخلییە
سەعادەتی موتەصەڕیفی لیوائی سلێمانیی موحتەرەم
مەوضووع: جەمعییەتی زانستی کوردان
لە پاش ئیحتیرام

جوابی تەحریراتتان کە بە تەئریخی ١/٢- ٩٢٦ بەر ٥-٢٤ نومرۆ نووسراوە، بە مووجیبی قانوونی جەمعییاتی ساڵی ١٩٢٢ مەئذوونن بە دامەزراندنی (جەمعییەتی زانستی کوردان) بە شەرطێ موئەسیسەکانی تەصەروفیان تەطبیقی قانوونی جەمعییات و پڕۆغرامی مەڕبووط بکەن، ئیحتیرام.

وەزیری داخلییە

تەبلیغی حەضرەتی موتەصەڕیفی
بۆ جەنابی ڕەمزی ئەفەندیی حاجی فەتاح
ڕەفیق ئەفەندیی تۆفیق موحامی
فائیق بەگی مەعرووف بەگ

ئەوا صوورەتی تەحریراتی وەزارەتی جەلیلەی داخلییە ژمارە ٢٥٧١ و ڕۆژی ٢٤ی شوباطی ١٩٢٦ لەگەڵ صوورەتێکی ئەو پڕۆغرامەدا کە تەصدیق و ئیعادە کراوەتەوە، بە پێچراوەیی نێررا. بەپێی مەفادی موساعەدە فەرمووراوە بۆ تەئسیسی جەمعییەتی زانستی، بینائەن عەلەیهی موافیقی ئەو ئەمر و پڕۆغرامە ئەتوانن موباشەرەت بفەرموون، ئیتر ئیحترام ..

موتەصەڕیفی لیوای سلێمانی

ئەحمەد

صوورەتێکی بۆ زانین، بۆ
- وەزارەتی داخلییەی جەلیلە
- سەعادەتمەئاب موفەتیشی ئیداری
- جەنابی والای موعاوینی مودیری پۆلیس

**ئیجرای ئیحتیفال بە ڕەسمی گوشادی (جەمعییەتی زانستی)**

شەوی شەممەی ئاتی کە موافیقی ٢\٣ی نیسانی ١٩٢٦ه، هەیئەتی موئەسسەسەی جەمعییەتی زانستی کوردان لە دائیرەی بەلەدییەدا بە حەفلەیەك ڕەسمی گوشادی جەمعییەت ئیجرا دەکات، تەمەننا ئەکەین ئەم ئیجتیماعە گەورە عیلمییە ببێتە فاتیحەی تەرقی و سەعادەتمان و ئەم تەشەبوثە بە ئەهەمییەتەی هەیئەتی موئەسسەسەی جەمعییەتی مەذکوور تەقدیر[34] و تەبریك ئەکەین.

بۆ خوێندەوارانی ئەمڕۆ،

ئەو کۆششەی کە ٤٥ ساڵ لەمەوپێش لەم شاری سلێمانییەدا کرا و یاسا و تێکۆشینەکەتان خوێندەوە، بناغەی پێگەیاندنی ئێوە و نەوەی دوارۆژمانە. بۆ بنج داکوتانی ئەم کۆمەڵە و دامەزراندنی زانستی کوردان زۆر هەوڵ درا. ئەم زانستیە ئەوەیە کە زۆر ڕۆڵەی نەخوێندەواری شاگرد خەیات، بەقاڵ ..ی زۆریان دانشگاهیان تەواوکرد، دکتۆر، موهەندیس، مووەزەفی پێگەیاند. بەڵام ئەو دیمەنەی کە هەموو پاشنیوەڕۆیەك، خێزان بە کۆمەڵ منداڵ بە باوەشی دایك و باوکەوە و بە ڕاکردن منداڵانی سەر دووکانیان بەرەو زانستی ، چ فلیمێکی جوانی سینەمایی پیشان ئەدا؟ پێشکەوتن زۆربەی ئەخستە ئاوێنەیەکی پاکی بێگەردەوە، باوەڕ بکەن. نەئەبینرا کە یەکێك لە یارمەتی درێغی بکات، تەنانەت تا قوتابی (ئانە)ی ڕۆژانەکەیان لە دەمی خۆیان ئەگرتەوە و ئەیانخستە ناو صندووقی پاشەکەوتی زانستییەوە. دڵسۆزیی لیژنەی بەڕێوەبەریش، ئەتوانم لە وێنەی باوکێکی دڵسۆز بەرامبەر بە کوڕە تاقانەکەی پیشان بدەم. بارەگای زانستی، بارەگای پەرستش بوو، چیی لێ هات ؟! ! تۆ بیڵێ.

**ئاسایش:**

لە هەموو کوردستاندا بە چاو هەندەرانەوە هەرگیز زۆرداری و ملۆزمی نەبووە. بە تایبەتی لە کاتی شۆڕشەکاندا پترتر ئەهوەنیی ژیان دروست بووە. بەڵام لە ١٩٢٧ەوە تا ١٩٣٠ هیچ بزووتنەوەیەك ڕووی نەدا کە شایانی باس بێت، بێجگە لە ئاسایش و خۆشیی

[34] ڕۆژنامەی ژیان.

ژیان. ئەو خۆشییەی کە هەستی نیشتمان و گەلپەروەری بوو، هەمیشە وەکوو گوڵ بەدەم هەموو یەکێکەوە لە گەشانەوەدا بوو. یەکدڵی، یەکسانی ئەوەندە لە برەودا بوو، مرۆڤ هەبوو خۆیان لە خێزانێکدا ئەبینی و هەموو کوردستان بە ژوورێك.

جووتیار بە زەویوزارییەوە، فەرمانبەران بە ئیشوکاریانەوە، بازرگان بە کڕین و فرۆشتنیانەوە، هەر کەسە بە هونەری خۆیەوە خەریك بوو، تەنیا ئەوەی بەرامبەر بە گشتی بوو وە هەموو وەکوو یەك پەیوەستی بوون، نیشتمان بوو.

گەل بە خشەخش و تیلیلی پێی نایەساڵی ١٩٣٠، ساڵی پڕ ئاشووب، ساڵی نەهات: سوپاسی زۆر بۆ ئەوانەی لە پێناوی زانستیدا و بوو وە کۆشش و بەڕێوەبردنەکەی کەریم زانستی "کەریم بەگی سەعید بەگ" زۆر شایانی سوپاس و یادە.

**چۆن ٦ی ئەیلوول ڕووی دا**

**وە نامەکانی شێخ مەحموود بۆ مەندووبی سامی و عوصبەتولئومەم**

لە سلێمانی و ناو کوردەواریدا ورتەورتی بڕیاری (عصبة الامم) کە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا بڕیاری دابوو کەوتە ناو ناوان، ئەیانوت: لە بەندی (٣)یەمی ئەو بڕیارەدا بەم چەشنە باسی کوردی کردووە و ئەڵێت:

www.zheen.org

مادده -٣-

((بەو بۆنەیەوە کە حکوومەتی بەریتانی دەستبەسەراگرتووی عیراق داوای لە کۆمەڵی عوصبە کردووە کە کوردەکانی عیراق لە بابەت دامەزراندنی بەڕێوەچوونی ناوخۆییانەوە بڕیاری داوە وە هەروەکوو لیژنەی پرسیاریش ڕاسپێری کردوون، داوا ئەکرێ.

قسەکانی ڕەئیسولوزەراء، مەندووبی سامی و مەلیك فەیصەڵی یەکەم

ئەم بۆڵەبۆڵە زۆری تەنییەوە. ئەوترا ئەو ناوخۆییە چی بێ، هەر کەسە بە چەشنێك لێکی ئەدایەوە. ئەم مینجەمینجە زۆر گەورە بوو، گەل کەوتە جوستوجۆ و دەفتەری کۆن دۆزینەوە.

بە بۆنەی باسی مادده (٣)ی باسکراو و سپاردنی بڕیارەکەی عوصبەتولئومەم بە حکوومەتی عیراق، وێنەی ڕاپۆرەکەی حکوومەتی عیراق بڵاوبووەوە، ئەمەیش

قسەکانی ڕەئیسوزەرای عیراقە کە لە کۆمەڵی نێردراوانا ڕۆژی ۲۱ی کانوونی دووەمی ۱۹۲٦دا ئەفەرموێت:

((براینە،: ئەم وڵاتە ناژی ئەگەر مافی ئەوانی لەگەڵمان ئەژین، نەدرێت، پێویستە مافی کورد بدەین، مووەزەفیان لە خۆیان بێ وە ئەبێ زمانەکەیان بە زمانێکی ڕەسمی بزانرێت و منالّیان لە قوتابخانەیاندا بە زمانی خۆیان بخوێنن. لەگەڵ ئەمەیشدا، ڕێزی هەموو ئایین و گەلەکانی ناو عیراق ئەبێت وەکوو یەك بزانرێت.))

ئەم قسانەی سەرەوە بە هەموو وەزارەتەکاندا و لە ڕۆژنامەی میری و عیراقییەکاندا بڵاو کرایەوە کە ئەبێ لە کوردستاندا هەموو مووەزەفیان کورد و زمانەکەیان ڕەسمی و خوێندنی قوتابخانەکانیان بە کوردی بێ. دیسان هەر بەم بۆنەیەوە موعتەمەدی سامی لە (دارول ئیعتیماد)دا کۆبوونەوەیەکی کرد وە لەم کۆبوونەوەیەدا مەلیکی عیراق فەیصەڵ و بێگومان سەرۆك وە وەزیرەکانی عیراقیش دانیشتبوون، وتی: ((ئەمانەوێت بۆ بەڕێوەبردنی عیراق بە ڕێگەی ڕاستدا نەوە و گەلێکی ڕاست و دڵپاك پێکەوە بنێین. ئەبێت هان بدەین کە هەموو یەکێك بە ئایینی ئایینداری وە هەموو گەلێك بە گەلەکەی سەربڵند بێت، چونکە کورد نابێ بە عەرەب و عەرەبیش نابێ بە ئیسوچیك، ئینگلیز، کە بتوانن بە خورتی زمانی عەرەبی وە ڕەوشتی عەرەبییان پێ فێر بکەن، پێویستە لەجیاتیی ئەوەی بیانکەن بە عەرەب، یارمەتییان بدەن کە ببن بە کوردێکی باش وە ئەوەیە یەکیەتیی دەوڵەت. بۆ ئێوە ئەم هەستە زۆر بە سوودە عوصبەتولئومەم باوەڕ بکات کە عیراق ئەتوانێت ببێ بە ئەندامی کۆمەڵەکەیان.))

مەلیك فەیصەڵ لە وەڵامدا: ((هەموو عیراقییەکی ڕاست و دڵپاك بەرامبەر بە عیراق، ئەبێت لەو بیروباوەڕەدا بێت بۆ بەرزکردنەوەی برا کوردەکانیان.))

۲٤ی شوباطی ۱۹۲٦

لەندەن

www.zheen.org

**نامەی نێردراو (مەندووب)ەکان**[٣٥]

وە هەر لە مانگی شوباطی ١٩٢٩دا لە لایەن جەمال بابان و سەیفوڵڵا خەندان و حازم شەمدین ئاغا و ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی و محەمەد بەگی جاف و محەمەدساڵەح بەگی حەمەعەلی بەگ نێردراوانی کوردەوە، ئەم نامەیە پێشکەش بە سەرۆك وەزیرانی عیراق کرا:

١. پەرە پێسەندنی زانیاری– مەعاریفی کوردی.

٢. دروستکردنی یەکپارچەیی بەڕێوەبەری (وەحدە ئیدارییە کوردییە) بە لیواکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووك و ئاوێتەی ناوچە کوردەکانی لیوای مووصڵ، بەو مەرجەی لە لایەن موفەتیشێکی گشتیی کوردەوە بەڕێوە بچێت و ببێت بە هۆی پەیوەستیی کوردستان و حکوومەتی بەغداوە.

٣. زۆرترکردنی پارە و تفاق بۆ وڵاتی کوردان.

لەسەر ئەم نامەیە حکوومەتی عیراق و مەندووبی بەریتانی کەوتنە گفتوگۆ، ماددەی دووەمیان لابرد. ئەوانی تریان پەسەند کرد، بەو مەرجەی زمانی کوردی بێ بە زمانێکی ڕەسمی و یاسایی لە هەموو کوردستاندا کە دانیشتووانی کوردن. بەڵام مەلیك فەرمانی دا کە ئیتر هەرگیز ئیسماعیل بەگ و حازم بەگ نەکرێن بە نائیب، ساڵی ١٩٣٠.

ئەو ورتەورتانەی خوێندتانەوە، پێشوازیی ١٩٣٠ بوو. بەپێی بڕیار لەم ساڵەدا ئەبێت ئەندامیی عیراق لە عوصبەتولئومەمدا دانیشێ و بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئازاد بزانرێت. ئەم دەنگە زرنگایەوە، پیاوە کارئامەدەکانی کورد[٣٦] کەوتنە خۆیان و بە هەموو لایەکدا کەوتنە داوا و نامەنووسین و بڵاوکردنەوەی لە عیراقدا و وێنە بۆ عوصبەتولئومەم.

بەڵام کورد وای زانی کە ئەو ماددە (٣)یەی بڵاوکرایەوە، ئەو قسانەی بۆ کوردی کرد ئیتر مەندووب و ئینگلیز بە جارێك دەستی برایەتییان خستۆتە ملی کورد و ماف و

---

35 محمود الدرة، القضية الكردية، ص١٥٥–١٥٦.

36 بە تایبەتی میرزا تۆفیق قەزاز.



بنکەی ژین www.zheen.org

سەربەستییان بەو فڕۆکەیەیە کە لە ئاسمانی کوردستاندا ئەسووڕێتەوە، بەڵام نەیانئەزانی بۆمبایە.

لەگەڵ عیراقدا ئەم بەندەی داڕشت:

ئەبێت سلێمانی موتەصەڕیفیەت بێ و موتەصەڕیفەکەیش لە خۆیان وە لە لایەن ئینگلیزەوە دابنرێت وە دانشمەندێکی ئینگلیزیشی لەگەڵدا بێت، هاتوو بە پێویست بینرا لەجیاتیی موتەصەڕیف ئەشێ حاکمێکی سیاسی دابنرێت (بێگومان ئینگلیز). لە پێویستیشدا قائیمقامەکانیش بەریتانیایی ئەبن وە لە لایەن مەندووبی سامییەوە دەسەڵات (سلطة)یان ئەدرێتێ، تاوەکوو لە کوردەکاندا پیاوی تێگەیشتوو پێئەگات.

ئێستا لێرانەدا پێویستە پرسیارێك بکرێت: ئایا کە ئینگلیز هاتە ئەم کوردستانە، کورد پیاوخۆر و کێوی بوو کە تازە ((ئەیەوێت پیاوی تێگەیشتوو پێ بگات؟))، بۆچی نازانن کە چەند ڕەئیس وزەرا (صەدری ئەعظەم) و مارشاڵ فەرماندەی دلێر و موتەصەڕیف و ضابطی کورد کاربەدەستی حکوومەتەکانی پێشوو بووبوون و ئێستایش؟!

لەپڕ مامۆستای مەزن تۆفیق وەهبی بەگ کرا بە موتەصەڕیف و نێردرا بۆ سلێمانی، بێگومان بە ئارەزووی حکوومەتی عیراق نەبوو، بەڵام حکوومەتی عیراقی پێ ڕاچڵەکاند و کوردیش پێی خۆش بوو.

لە سلێمانی‌دا وە لە هەموو کوردستاندا کورد، بێجگە لە داوای خۆی، نە هیچی ئەزانی وە نە هیچیان ئەبینی، کەوتنە نامە بڵاوکردنەوە. ئەی مللەتی کورد، بە دیقەتەوە گوێ بگرن، ویجدانی میللی، ڕۆحی پێشینان و پاشینانتان خیگابتان ئەکاتێ، داوای تێکۆشین و تێهەڵچوونتان لێ دەکات. ئەی کورد، لەم عەصری میللییەت و ئازادییەدا، لەم عەصری نوور و سەربەستییەدا، تەنها هەر کوردی بێچارە زەلیل و بێبەش ماوەتەوە، وەطەنی کورد وەك ماڵی مناڵێکی نابالق بەسەر بێگانەدا دابەش کراوە.

مەعلوومی هاوخوێنە خۆشەویستەکانمانە لەم چەندانەدا موەعاهەدەیەك لە بەینی حکوومەتی بەریتانیا و عیراقدا بەستراوە، هەرچەند موافیقی موقەرەراتی عوصبەتولئومەم و سائیر وعوودی بەینەلدووەلی، ئەبوایە مەسئەلەی کوردستان بخرایە

ئەووەڵ بەندی ئەم موعاهەدەیە، فەقەط بە کەمالی تەئەسوف و تەعەجوبەوە ئەبینین کە ئەمە کوللییەن ئیەهمال کراوە. بەپێی ئەم موعاهەدەیە ئینتدابی ئینگلتەرە لە عیراقدا نیهایەتی هاتووە، کە لەو حاڵەدا لازمە قەراری عوصبەتولئومەم لە خصووص کوردەکانەوە حەرفییەن تەطبیق بکرێ.

بینائەن عەلەیهی، ئێمە بە پشتیوانیی ئێوە هەتا ئێستا بە وەسائیلی موختەلیفە بۆ موحافەظەی حقووقی کورد لە جەهد و موراجەعات غافڵ نەبووین و هەتا ئاخر نەفەس دەوام ئەکەین. هەدەف و غایەی کوردان تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە لەژێر نەظارەتی عوصبەتولئومەمدا. بۆ مەشرووعییەتی ئەم طەڵەبە دوو دەلیلی غەیرە قابیلی ڕەدمان بەدەستەوەیە:

١. قەراری عوصبەتولئومەم صەراحەتەن ئیلا وەقتێ کە ئینتداب نیهایەتی هات، ئەبێ بۆ کوردەکان موافیقی ڕەغائیبی خۆیان، حکوومەتێکیان بۆ تەشکیل بکرێ.

٢. بەیانێکی ڕەسمیی موشتەرەك کە لە ڕۆژی ٢٤ی کانوونی ئەووەلی ٩٢٢دا لە طەرەف حکوومەتی بەریتانیا و عیراقەوە نەشر کراوە، ئەم بەیانە بەر وەجهی ئاتییە:

حکوومەتی صاحێب جەلالەی بەریتانیا و حکوومەتی عیراق ئیعتراف ئەکەن بە حقووقی ئەو کوردانەی لە داخڵی حودوودی عیراقا ساکینن، بۆ تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە لە داخڵی ئەو حودوودەدا و حکوومەتی بەریتانیا و عیراق ئومێدیان هەیە کە عەناصیری موختەلیفەی کورد لەبەینی خۆیاندا ڕێكئەکەون بۆ خصووصی حودوود و شکڵی ئەو حکوومەتە کوردییە و بۆ ناردنی موفاویضینی مەسئوول بۆ بەغداد کە موژاکەرە بکەن لەبابەت موناسەباتی ئیقتصادییە و سیاسییەیان لەگەڵ حکوومەتی ئینگلتەرە و عیراقدا.

ئەی میللەتی نەجیب، پاش ئەم تەفصیلاتە ئیخبارتان ئەکەین کە ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ئاغستۆسی ٩٣٠ مەندووبی سامی و ڕەئیس وزەرای عیراق بۆ موذاکەرەکردنی ئەم مەسئەلەیە دێن بۆ سلێمانی. قەناعەتی تاممەتان هەیە کوردەواری یەكدڵ و یەكزوبان لە طەڵەبکردنی ئەم مەشرووعەدا پشتیوانمانن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەی کورد، تەئریخ لاپەڕەکانی کردووەتەوە، حەرەکەتمان تەسجیل ئەکات، موحافەظەی شەرەفی ڕابوردوو و ناموسی ئایندەمان بەدەست نەسلی حاضیرەوەیە، ئێوەیش خۆتان و غیرەتتان.

عەزمی بابان، عەبدولقادر حەفید زادە، حەمە ئاغا عەبدورڕەحمان ئاغا، عیززەت عوثمان پاشا، حەمەسالح حەمەعەلی بەگ، شێخ محەمەد گوڵانی، عەبدوڕڕەحمان ئەحمەد پاشا، فائیق بابان، تۆفیق قەزاز، ڕەمزی حاجی فەتاح.

لە ڕۆژنامەی "ژیان"، ژمارە ٢٥٧، ڕۆژی پێنجشەمەی ٢٠ی ڕەبیعول ئەووەلی ١٣٤٩– ١٤ی ئاغستۆسی ١٩٣٠دا ئەڵێت:

**تەشریفهێنانی فەخامەتی وەکیلی مەندووبی سامی**
**وە وەکیلی ڕەئیسوزەرای عیراق بۆ کەرکووک و هەولێر و سلێمانی**

**موجادەلەی کوردان**

لەسەر موراجەعاتی موتەمادیی کوردانی لیوای سلێمانی و کەرکووک و هەولێر، فەخامەتی وەکیلی مەندووبی سامی و وەکیلی ڕەئیس وزەرای عیراق ڕۆژی جومعەی ١٩٣٠/٨/٨ لە بەغدادەوە تەشریفیان هێنایە کەرکووک و لە عەینی ڕۆژدا لە قشڵەدا عموومی ئەشراف و ئەعیانی کەرکووک و ڕوئەسا گەورەکانی ئەو لیوایە کە هەموو کوردن، کۆیانکردەوە. لەدوای بیستنی کۆمەڵەکە، ڕەئیس وزەرا هەڵسا ئەو بەیانەی کە هەموو کوردێك خوێندوویەتەوە و لەپێشا نەشر کرابوو و کە گوایا حکوومەتی عیراق قەراری داوە بۆ کوردەکان موقەرەراتی عوصبەتولئومەم تەطبیق بکات، خوێندیەوە و لە عەقەبی ئەوەوە فەخامەتی مەندووبی سامیش هەڵسا و نوطقی خوێندەوە و تەئییدی بەیانەکەی حکوومەتی عیراقی کرد و فەرمووی ئێمەیش لەگەڵ عیراقدا موتتەحیدین بۆ تەطبیقی موقەرەراتی عوصبەتولئومەم. لەدوای ئەمانە عەبدوڵڵا صافی ئەفەندیی یەعقووبی هەڵسا و گوتی: لەم بەیانە زۆر موشتەرەکین، ذاتەن ئەم لیوایە عیبارەتە لە تورك و عەرەب یەعنی نوفووسەکەی صەدهەزار لەم دوو

عونصورەیە و ئێمە عیراقین و لە وەحدەتی عیراق جیا نابینەوە و مصطەفای برایشی عەینەن تەئییدی قسەکەی کاکی کردەوە.

بەڵام ئیتر لە حاضیروون و لەو هەموو قەلەباڵغە غەیری فارس ئاغای بەیات نەبێ کە پیاوێکی عەرەبە و شێخ حەبیب ئەفەندی تاڵەبانی نەبێ کە چونکە قاچی و مەئموورە و مەجبوورە، کەسێکی تر تەئییدی نەکردنەوە و حەتتا چونکە قسەکانی عەبدوڵڵا صافی ئەفەندی هەمووی عیبارەت بوو لە بەیاناتێکی غەیرە حەقیقی و بە ئاشکرا مەوجوودێکی ئەکثەرییەی کوردی پەنهان کرد، وەطەنپەروەر و جوانمێری غەیووری کورد محەمەد بەگی جاف مەندووبی پێشووی کەرکووك هەڵسایە سەرپێ و بە هیممەتێکی مەردانەوە و بە دەنگێکی بەرز فەرمووی: لیوای کەرکووك ئەکثەرییەتی عەظیمەی کوردن، یەعنی لە (١٥٠) هەزار سەدوبیست هەزار کوردێکی خاڵیصە. ئینجا ئەگەر بە زیادەوە حیسابی بکەین، ئەوی تری ئینجا تورك و عەرەبن و ئەم قسەیەی منیش مەعلوومی جیهانە و بە ئیحصائییات مەعلووم ئاشکرایە و فەرمووی بەندە کە لێرەدا تەمثیلی عەشیرەتێکی زۆر گەورەی وەکوو جاف ئەکەم، غەیری ئەمیش ڕوئەسای داودە و زەنگەنە، جەباری، شوان و سائیر ڕوئەسای کوردان لەم مەجلیسەدا حاضرن بەندەیان تەوکیل کردووە کە بە ناوی عموومەوە عەرضتان بکەم کە ئەم کوردانە بە یەك وجوود و یەك زوبان داوای تەطبیقی موقەرراتی عوصبەتولئومەم ئەکەن. ئەمە حەقمانە و ئەم حەقەمان ئەوێ و هەتا ئاخری تەعقیبی ئەکەین. لەدوای ئەمە عەبدوڵڵا صافی بەگ تەهەوورانە کە خیلافی ئاداب و ئیجتماعییات بوو، هەڵسا، گوتی: ئەم ذاتە بە ناوی کێوە قسە ئەکات، جاف عائیدی سلێمانییە، هەموو دوو ساڵە ڕەبطی کەرکووك کراوە، با بچێتە سلێمانی داوای حەقی خۆی بکات. لەسەر ئەوە محەمەد جافیش هەڵسا و جوابی دایەوە: من بە ناوی سەدوپەنجا هەزار جافەوە قسە ئەکەم. من کوردم و بە کوردی ئەژیم و بە کوردی ئەمرم، ئەم مەملەکەتە هیی کوردە، لەبەر ئەوە هەر هەموو کوردێك حەقی ئەوەی هەیە لە مەملەکەتی کورداندا بە ئاشکرا طەڵەبی حقووقی میللەت و وەطـەنەکەی بکات وە حەقیقەتەن خوێنی کوردایەتی بە ئاشکرا لە دەمارەکانیا بە شیددەتەوە جەوەلانی ئەکرد. لەو ئەثنایەدا جەعفەر پاشا هەڵسا و ڕووی کردە

محەمەد جاف، گوتی: بە شەرەفی حکوومەت و خۆم تەئمینت ئەکەم کە بە تەواوی موقەرەراتی عوصبەتولئومەمتان بۆ تەطبیق ئەکرێ وە ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لێ ئەکات و محەمەد جافیش لە جوابدا وتی: سا باشە تەشەکورتان ئەکەم. لەو ئەثنایەدا جەنابی سەیید ئەحمەد ئەفەندی خانەقا و سەیید محەمەد ئەفەندی جەباری و سائیر ڕوئەسا موحتەرەمەکانی کورد عەلەنەن هەڵسان، تەئییدی محەمەد بەگ جاف و حقووقی کوردیان داوا کردەوە وە بەم نەوعە موناقەشەکە دوایی هات و کۆمەڵەکە بڵاوبوونەوە.

**هەولێر:**

ڕۆژی ٩٣٠/٨/٩ لە کەرکووکەوە تەشریفیان بردە هەولێر، لەوێش لە سەعات دەی ئینگلیزیدا لە سەرا لە مەقامی موتەصەڕیفی، من خۆم (نووسەر) لە هەولێر بووم. لە نادی (یانە)ی فەرمانبەران کۆبوونەوەکە کرا وە لەدوای ئەم باسە بینراوەکانی ئێمەیش ئەخوێننەوە.

ئەشراف و ڕوئەسای عەشایرەکان کۆ بوونەوە. ڕەئیس وزەرا ئەو بەیاناتەی کە لە کەرکووکیش خوێندبوویەوە، دیسان خوێندیەوە و فەخامەتی مەندووبی سامیش هەڵسا و نوطـتقێکی خوێندەوە. لەدوای ئەمانە جەنابی ئەحمەد ئەفەندیی ئەعیان و وەطەنـپەروەری غەیووری کورد هەڵسا فەرمووی: لە پێش ئەمەدا قسە بکەین، ئیجاب ئەکات ڕوئەسای عەشایەر فکری خۆیان بەیان بکەن، چونکە ئەوانیش مەضبەکەیان تەقدیم کردووە، مەندووبی سامی فەرمووی باشە، لەسەر ئەوە ڕوئەوساکان گوتیان بە عموومی جەناب خضر بەگی ئەحمەد پاشا لە ڕوئەسای دزەییمان کردووە بە وەکیل و موومائیلەیهی هەڵسا و گوتی: ئێمە هەموو عەشایر موتتەفیقین تەئییدی مەطالیبی ئەهالیی سلێمانی ئەکەین. ئێمە لەگەڵ سلێمانیدا ئەژین و ئەمرین، یەکێکین، ئیسترحام ئەکەین ئەم سێ لیوایە کەرکووك، سلێمانی، هەولێر نابێ لەیەك جیا بکرێتەوە، هەرچی بە سلێمانی بدرێ، ئەبێ ئێمەیش ئیستیفادەی لێ بکەین. لەدوای ئەمە جەنابی ئەعیان ئەحمەد بەگ[37] هەڵسا فەرمووی: ئێمە کوردین و حقووقی خۆمان

---

[37] لەوەپێش موتەصەڕیفی هەولێر و سلێمانی بوو.

ئەوێ، بەندە چەند ساڵە لە خزمەتی حکوومەتام و تێگەیشتووم کە کورد بە عموومی لەسەر حقووقی خۆی ئیصرار ئەکات و ئەم حەقە بە قەراری عوصبەتولئومەممان دامەزراوە، پێویستە بماندرێتێ و لەسەر ئیعتراض و تەئثیری جەعفەر پاشا، خیطابەن بە جەعفەر پاشای گوت: پاشا تۆ بۆ عەرەبەکان بنچینەت دانا، ئێمەیش حەقمانە لەڕێی ئەم حەقە میللییەمانا ڕووحی خۆمان فیدا بکەین. کەس حەقی عیتابی نییە و قەراری عوصبەتولئومەم ئەوەیە: لوغەتی کوردی ڕەسمی بێ، ئێمە بۆ ئەم حەقە موصیرڕین و لە پاش ئەم گفتوگۆیانە ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی هەڵسا، گوتی: پاشا ئێمە لەم قسە پڕوپووچانە تێر بووین، بەحپی موستەقبەل ئەکەن: هەم صبحەینێ هەم دە ساڵی تر و هەتا ئاخری هەر موستەقبەلە. ئێمە حاڵەن تەطبیقی قەراری عوصبەتولئومەممان ئەوێ و فەورەن ئەبێ لیوای دهۆك تەشکیل بکرێ. میللەت بە ئارەزوویەکی قەطعی داوای ئەم طەڵەبە ئەکات. لە پاشان مەعروف بەگ جیاووك هەڵسا و گوتی: وا بزانم جەنابی فەخامەتمەئاب وەکیلی موعتەمەدی سامی موساعەدە ئەفەرموێت دوو قسە بکەم. بەندە عەرضێك و سوئالێکم هەیە. ئەو بەیانەی جەعفەر پاشا خوێندیەوە، دوو شتی تێگەیشتم: ١) طەڵەبی وەحدەتی عیراقی، کورد و عەرەب، ٢) عەدەم تەئییدی حقووقی کوردان بە ماددەیەکی خاص لە موعاهەدە. لە پێش جوابداندا جەنابی مەندووبی سامی فەرمووی کە بەعضێ مەحافیل وا ظەن ئەکەن کە ئێمە تەشویقی بەعضێ کەس ئەکەین و ئەگەر کەسێکی وا بێ و بێتە دارولئیعتیماد و لە دواییدا لە خۆیەوە قسەیەکی وای کردبێ، ڕەددی ئەکەینەوە. ئێمە لەگەڵ حکوومەتی عیراق یەکین. بەندە لەسەر ئەم فەرموودەیە ئەڵێم: ئەبێ فەخامەتپەناه و جەعفەر پاشا چاك بزانن کە بەندە کوردم و هەموو وەکوو من تابیعی هیچ تەئثیرێك نییە. میللەتی کورد بە سائقەی ویجدانی قسە و ئیددیعای حقووق ئەکات. بەڵێ، زۆر دەفعە بەعضێ کەس و بەعضێ لە کوردەکان کە ئێستا لە مەواقیعی گەورەدان، بە منیان ئەگوت: ئێوە بە پەنجەی ئەجنەبی ئەم طەڵەبە ئەکەن (مەندووبی سامی پرسیی ئەجنەبی کێیە).



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەجنەبی یەعنی ئێوە، ئینگلیز. کە دەلیلم ئەوەیە پارساڵ ئەم جەمال بابانە کە دانیشتووە وەزیرە، بە مەضبەتە ئیددیعای حقووقی میللیی کردبوو، دیسان بەم تەحرە ئیتتیهامیان ئەکرد.

بێینەوە سەر حقووقمان، جەنابی فەخامەتماب وەکیلی مەندووبی سامی چاك ئەیزانێ کە حکوومەتی بەریتانیا بە شەرەفی تەعەهودی کردبوو کە موقەرەراتی عوصبەتولئومەم تەطبیق بکات. ئێستا هەموو کوردێك مونتەظیر و ئەمینە کە حکوومەتی بەریتانیا تەعەهودی خۆی دێنێتە جێ. زۆر ئارەزوو ئەکرا کە جەعفەر پاشا لەباتیی ئەو کاغەذەی لە جانتاکەی دەریئەهێنێ، موقەرەراتی عوصبەتولئومەمی لەگەڵ خۆیا بهێنایە و عەلەنەن بیخوێندایەوە کە هەموو کەسێك تێبگەیشتایە. مەعە مافیهی بەندە بە نەظەرێکی حقووقی خوێندوومەتەوە و جەمال بابان و جەعفەر پاشایش ئەیزانن کە من حقووقیم (لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا و مەندووبی سامی و موفەتیشی ئیداری دەستیان کرد بە سرکەسرك و و موفەتیشی ئیداری چووە دەرەوە)، موقەرەراتی ئومەم چییە؟ ١) ئەبێ مەئموورەکانی کوردستان لە عونصوری کوردی بن، ٢) لوغەتی کوردی ڕەسمی بێ. لەم ئەثنایەدا موفەتیشی ئیداری گەڕایەوە و لەناو فایلێکا موقەرەراتی عوصبەتولئومەمی تەسلیمی مەندووبی سامی کرد. ئەویش فەرمووی ئەمە موقەرەراتی عوصبەتولئومەم.

(مولاحەظە: لە پێش ئەمەدا جەعفەر پاشا موصیر ئەیگوت ناڵێ مەئموورەکانی کورد لە عونصوری کوردین، ئیللا هەر کوردی بزانن). مەندووبی سامی خوێندیەوە و تەرجەمە کرا و مەعلووم بوو کە ماددەکە ئیللا ئەبێ مەئموورەکان لە عونصوری کورد بن. لەسەر ئەوە ئەحمەد ئەفەندی هەڵسا، فەرمووی ئەمە تەئویل و تەفسیر قوبووڵ ناکات، چونکە صەریحە و مەعلوومە. لەو وەقتەدا جەعفەر پاشا نەختێك شڵەژا و مەوضووعیان گۆڕی. فەقەط جیاووك دەوامی کرد، گوتی: بەمە مەندووبی سامی، وا ئەزانم فەقەرەی ئەخیرەی قەراری عوصبەتولئومەم ئەڵێ: ((ئەگەر تەبدیلێك لە حکوومەتی عیراقا بوو، ئەبێ حوکمێکی ذاتی بەگوێرەی ڕەغائیبیان بدرێ بە کوردەکان)). مەندووبی سامی فەرمووی: دوێنێ ئەم قسەیەم لە کەرکووکیش بیست،

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماددەیەکی وا نییە، جیاووك جوابی دایەوە: لە نیهایەتی لائیحەی هەیئەتی عوصبەتولئومەم لە سەگری ئەخیریا ئەم ماددەیە مەوجوودە. بەندە تەدقیقم کردووە و مەنظووری عالیشت بووە.

مەندووبی سامی: ئەو لائیحەیە قەراری عوصبەتولئومەم نییە.

جیاووك: بەڵێ، ئەم لائیحەیە لە طەرەفی عوصبەتولئومەمەوە تەصدیق کراوە و بڵاوکراوەتەوە و شکڵی قەراری وەرگرتووە.

لەدوای ئێمە جیاووك هاتە سەر ئەصڵی مەوضووع، گوتی: وەکوو عەرضم کردن بەیاناتەکەی جەعفەر پاشا دوو شتی تیایە: ئیتیحادی کورد و عەرەب. جەعفەر پاشا چاکی ئەزانێ ئێمە لەگەڵ عەرەبا مومکین نییە بە صوورەتی تەوحید (جیاووك پەنجەکانی خستە ناو یەکتر)، گوتی بەم صوورەتە بژین، فەقەگ بە صوورەتێکی (ئینجا ئەم جارە پەنجەکانی جووت کرد)، گوتی قابیلە بەم نەوعە وەکوو ئوسترالیا و مەجارستان بژین. وە هەموو کەسێك ئەمەی ئیدراك کردووە، میللەت لە حاڵی ئینتباهدایە. لە پاش ئەمە جەریدەکانی بەغداد هاوار ئەکەن، ئەڵێن ئێمە عەرەبین و حکوومەتمان عەرەبە، ئەبێ کوردەکان وەکوو ئەرمەنییەکان لێ بکەین. ئیتر مومکین نییە پێکەوە بژین. لەسەر ئەمە جەعفەر پاشا بە تووڕەییەوە گوتی: من قسەت نادەمێ، حەقت نییە ناوی عەرەب بێنێ.

جیاووك: پاشا من قسەم لە مەندووبی سامی ساندووە، بەندەیش بەقەدەر تۆ عەرەبەکان تەقدیس ئەکەم، فەقەط کوردم و کورد حەقی خۆی ئەوێ، وا دیارە لەم جەریدانە بە ڕەضای حکوومەت ئەنووسن، ئیللا ئەبوایە تەعطیل بکرانایە. بێینەوە سەر ماددەی دووەم، تەناقوضێکی ظاهیری لە قسەی جەعفەر پاشادا هەیە، چونکە لە جیهەتێکەوە ئەڵێ حکوومەت مەشغووڵی قانوونێکە بۆ تەئمینی حقووقی کوردان، لە جیهەتێکەوە ئەڵێت بۆ ئەم حقووقە موغایری ئوصووڵە. ماددەیەك داخڵی موعاهەدەکە بکرێت کە ئەو ماددەیە بە قانوونێکی خاص حقووقی کوردەکان تەئمین بکات. لەمەدا مانیع چییە؟ خوڵاصە هەموو کوردێك مونتەظیری تەطبیقی قەراری عوصبەتولئومەمە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەم نەوعە خیتامی بەیاناتی جیاووك هات و حاضیروون بە عموومی بێئیستثنا فەرموودەی جیاووکیان تەئیید کرد و جولووسەکە دوایی هات و بڵاو بوونەوە.

لە کاتی هاتنی مەندووبی سامی و جەعفەر پاشادا من خۆم لە هەولێر بووم، کە گەیشتنە کەرکووك بیسترا لە هەولێر ئەو پێویستییەی بە باش زانرا، کرا. ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی و مەعرووف جیاووك لەگەڵ هەموو سەرۆكعەشایرەکاندا کە لەسەر فەرمانی موتەصەڕیف حەمید صەڕصەڕ لە هەموو ناوچەکانی لیواوە بانگ کرابوون و ئێمەیش لە ماڵی حاجی سەعید ئاغا کۆبوونەوەیەك کرا، بە تەواوی باوەڕ و پەیمان یەکدگیر بوو.

گەیشتنە هەولێر، سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆ یانەی فەرمانبەران ئامادە کرا. لە کۆبوونەوەدا پیاوە بەناوبانگەکانی شار و و مەئمووران وە ئەو کەسانەی خۆیان هاتبوون، لە لایەکی ترەوە سەرۆك عەشایر جێگای خۆیان گرت. بەڵام دەرگا بۆ هەموو یەکێك کرابوەوە. ئێمە "ڕەشید موفتی"مان نارد بۆ ناو شار، نزیکەی ٢٠ پیاوی بڵاوکردەوە و بڵاویان کردەوە کە لە یانە ئاهەنگ و بەزمە. ئیتر نێرینە لەناو ئاوایی نەما، ئەو دیوی یانە بە ورد و درشت تەنرا.

وەکوو خوێنرایەوە گفتوگۆ دامەزرا، بێجگە لەوانەی کە لە "ژیان"دا پیشانی داوە، زۆر پێشتر ڕووی دا. یەکێکیان ئەوەبوو شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش لە لایەن حکوومەتەوە ٢٠٠ ڕووپیەی بە ناوی شەبانەییەوە وەرئەگرت، لە جەعفەر پاشا و مەندووب چووە پێشەوە، وتی: بۆچی سەری خۆتان ئەیەشێنن، کورد چەکدارە، بە خۆشی یا ناخۆشی مافی خۆی هەر ئەستێنێ. (چەپڵە نزیکەی دە دەقیقە) (بیستم کە مانگانەکەیان بڕی).

بە ناوی خۆشهاتنەوە قوتابی سروودی ((ئەی کوردینە ئەی مەردینە))یان ئەوت و مەدحەت موبارەکی مامۆستایان کەمانچەی لەگەڵ لێئەدان. موتەصەڕیف حەمید صەڕصەڕ تووڕە بوو، ناردی وتی پێویست نییە. وایزانی کەمانچەکە پێویست نییە. داینا و خۆی هاودەنگیی کردن، ئەم جارە زۆر بە بەرزتر دەنگیان هەڵبڕی. جەلال صائیب ئینگلیزی و عەرەبییەکەی ئەگۆڕی بە کوردی. خدری ئەحمەد پاشا پێی وت: ((جەلال ئەفەندی کەلیمەیەك کەم بڵێیت گوللەی کورد تۆڵەت لێ ئەستێنێ)).

ژینگەی ژین www.zheen.org

له ئەو کۆبوونەوە مەزنەدا بە یەك دەنگ هاوار ئەکرا ((مردن و ژیانمان لەگەڵ سلێمانی‌یە. داوای ماف ئەکەین)). کەس نەیئەزانی کە ئەم چەتاوەڕووە هەر ڕووی خۆمان ئەگرێتەوە و لە نەزانیی کورد و عەرەب جێگا بۆ ئینگلیز خۆش ئەکات و خۆی سەرداره. پێشینان ئەڵێن: ((مانگایان کرد بە چاوەش، ئاخوڕی بۆ خۆی دروست کرد)). جا سوودی سەرداری ئینگلیز بۆ ئێمە، قازانجەکەی بۆ خۆی و چەرمەسەریش بۆ کورد و عەرەب.

کە گەیشتینە سلێمانی، هەموو قوتابی و دانیشتووان لەسەر شەقامەکە لەبەردەمی ئۆتومبێلەکەیاندا ڕاکشان و ماوەیان نەدرا بچنە ناو شار تا وەعدی شەرەفیان دا.

**سلێمانی:**

لە دوای تەواوبوونی موناقەشە و موجاهەدەی هەولێر، وەکیلی فەخامەتی مەندووب وە وەکیلی ڕەئیس وزەرا و هەیئەتەکە ڕووەو سلێمانی تەشریفیان هێنا. ۹۳۰/۸/۱۰ لە سەعات ۳ی کوردیدا کە میعادی هاتنیان بوو، عومووم ڕوئەسای دەوائیر و مەئموران و عولەما و سادات و ئەشراف و ڕوئەسای عەشایەر بیلعمووم لە سلێمانی‌دا حاضر بوون، چوون بە پیریەوە لە جادەی دەباخانە، لەو ڕەشماڵانەدا کە بەلەدییە هەڵی دابوو دانیشتن. غەیری ئەمانیش تاقمێك عەسکەری جەیش دوور لە ئەهالییەکە وەستابوون، کەشافەی مەکتەب و قوتابیی مەکتەبەکان بیلعمووم ئەهالیی شار هەموو طەبەقەیەك حاضر بووبوو. دووکان و بازاڕ چۆڵ کرا و قیسمی ژنانیش لە دەباخانەوە هەتا قاپی سەرای حکوومەت کۆمەڵ کۆمەڵ وەستابوون. فەخامەتی مەندووبی سامی و هەیئەتەکە لە سەعات دووی عەرەبیدا مواصەلەتی چەمچەماڵ ئەکەن و لەوێش هەموو ئەهالی و ڕوئەسای عەشرەتی هەمەوەند لەسەر جادە وەستابوون و کە تەشریفیان گەیشتە ئەوێ، هەموو بە دەنگی بەرز هاواریان کرد و داوای حقووقی کوردایەتییان کردبوو. لە دوای دووسێ دەقیقە ئیستراحەت، لە چەمچەماڵەوە حەرەکەتیان کرد و ذاتەن سەعادەتی موتەصەڕیف و موفەتیشی پۆلیس و مودیری پۆلیس بە ئوتومۆبێل لە بەیانییەوە بەرەوپیریان ڕۆیشتبوو، لە سەعات چوار و نیوی

کوردیدا گەیشتنە سەر جادەی دەباخانە. لە دوای ئەوەی لە لایەن عەسکەرەکەوە بە سەلام بەخێرهاتنیان کرا، هاتە بەردەمی ئەو عەشاماتە زۆرەوە کە بێحەد و حیساب ڕاوەستابوون. کە لە ئوتومبێلەکە دابەزین، بە کەڕەتێ دەست کرا بە چەپڵەلێدان و هەر بژی کورد و کوردستان و بە کەڕەتێك هاوار ئەکرا کە بە قەطعی تەشکیلی حکوومەتێکی کوردیمان ئەوێ و لەو وەقتەدا قوتابییەکی مەکتەب بە جلی کەشافەوە هاتە بەردەمیان و خیطاب بە مەندووبی سامی نوطـقێکی ئینگلیزیی خوێندەوە کە لە خوارەوە دەرج کرا و نوطقەکە بە چەپڵەلێدان و بە هەر بژی حکوومەتی بەریتانیا و کوردستان و هەر بژی فەخامەتی مەندووبی سامی موقابەلە کرا. لە دوای ئەمانە بە ئوتوموبێل هاتنە ناو شارەوە[٣٨].

لە ڕێگا لە هەموو نوقطەیەکدا ژنەکان لە کۆڵان و سەربانەوە هاواریان ئەکرد: هەر بژی کورد و کوردستان و حکوومەتی کوردیەمان ئەوێ. وەکیلی فەخامەتی مەندووبی سامی تەشریفی بردە ماڵی موفەتیشی ئیداری و وەکیلی ڕەئیس وزەرا و وەزیری داخلییە لە ماڵی موتەصەڕیف و وەزیری عەدلییە لە ماڵی بابان عەزمی بەگ میوان بوون. ئەو قەرەباڵغە هەتاکوو ئێوارێ لە بەردەرکی سەرا و جادەکانا مایەوە و موتەمادی هاواریان ئەکرد: حقووقی موقەددەسەی خۆمان ئەوێ. ئەو ڕۆژە وا دەوامی کرد. هەر شەو تەرتیبات کرا بۆ موذاکەرە. تەذکیرە نووسرا بەشوێن ئەشراف و ڕوئەسا عەشایرەکانا. صبحەینێ سەعات دووی کوردی هەموو لایەك لە مەقامی موتەصەڕیفیدا کۆبوونەوە. دیسان بازاڕ داخرا و ئەهالی ڕووی کردە بەردەمی سەرای حکوومەتی، طەڵەبەی مەکتەب و هەموو ئەهالی لە حاڵێکی مونتەظەمدا وەستابوون کە فەخامەتی مەندووبی سامی و هەیئەتەکە تەشریفیان هێنایە سەرا، لەبەردەمی تەلخانەدا بە کەڕەتێك چوونە بەردەمی ئوتوموبێلەکەی مەندووبی سامی و هەر کەسە دەستەگوڵێکی بەدەستەوە

[38] لە هەولێر باو بوو کە ژن و پیاو لەسەر ڕێگای ئوتوموبێلەکەیان ڕاکشاون تا بە شەرەفی بەریتانیا سوێندی خواردووە کە حوکمی زاتی ئەدرێ بە کورد، ڕێگا نەدراون بۆ ناو شار. (نووسەر)

بوو، خستیه تومومبێلەکەیەوە و بە کەڕەتێك هاواریان کرد: حقووقی میللییەمان ئەوێ و ئەبێ حکوومەتی فەخیمەی بەریتانیا بۆمان تەئمین بکات.

حاصڵی بەم نەوعە داخڵی سەرا بوون و چوونە مەقامی موتەصەڕیفی و لەوێدا هەموو لایەك کۆبوونەوە. ئەووەڵ جار لە طەرەف ڕەئیس وزەراوە ئەو بەیانەی کە لە پێشا لە جەریدەکانا نەشر کرابوو، خوێنرایەوە. لەدوای ئەوە فەخامەتی مەندووبی سامیش هەڵسا، ئەو بەیانەی کە لە کەرکووك و هەولێر دابوویان، عەینەن خوێندیەوە. لە خیتامی ئەمانەدا جەنابی حەمە ئاغای عەبدوڕڕحمان ئاغا هەڵسا و فەرمووی: جەماعەتی حاضیرە کە تەمثیلی هەموو ئەشراف، سادات، عولەما و عەشایری لیوای سلێمانی و قیسمێك لە لیوای کەرکووك ئەکات، بە عموومی ڕەمزی ئەفەندی‌یان تەوکیل کردووە کە جوابی بەیاناتی فەخامەتی مەدووبی سامی و ڕەئیس وزەرا بداتەوە و طەڵەبی حقووقی میللیلەمان بکات.

لەدوای ئەمە ڕەمزی ئەفەندی هەڵسا و وتی: فەخامەتمەئاب، بە ناوی عموومی ڕوئەسای عەشایەر و ئەشرافی کوردەوە عەرچی بەخێرهاتننتان ئەکەم. میللەتی کورد تەشریفهێنانتان بۆ حەیات و حورڕییەت و موستەقبەلی خۆیان بە فەئلێکی خێر عەد ئەکات، بەیاناتی ڕەئیسول وزەرا و مەندووبی سامی کولییەن موخالیفی موقەرراتی عوصبەتولئومەم و ئیعترافاتی فەخیمەی بەریتانیا و عیراقە. لە پێش هەموو شتێکدا ئەبێ ئیعطای حقووقی موقەددەسە و ئیستیقلالی کوردان ببێ بە سەبەبی ئیتیحاد عونصوری کورد و عەرەب.

لای فەخامتتان مەعلوومە کە کوردەکانی کوردستانی جنووبی لە ئەثنای حەربی عموومیەوە تا ئەمڕۆ لە سەعی دوا نەکەوتوون و بۆ ئەم غایە موقەددەسە دائیمەن ئیلتیجایان بە موعاوەنەتی موشفیقەی حکوومەتی فەخیمەی ئینگلیز کردووە، مەعەلئەسەف تا ئەمڕۆ نائیلی ئامالیان نەبوون، گەرچی لەم خصووصەوە گەلێ مەواعیدیشیان پێ درا و بە عوصبەتولئومەمیش ئەم مەواعیدانە تەئییدی کرا، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچیانمان بۆ تەطبیق نەکرا.

مەعلوومی فەخامەتتانە ئەووەل موعاهەدەی حکوومەتی عیراق و ئینگلیز لە تاریخی ١٠ی تشرینی ئەووەلی ١٩٢٢دا تەصدیق کراوە و لە پاش ٧٤ ڕۆژ لە تاریخی ٢٤ی کانوونی ئەووەلی ٩٢٢ بۆ تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە لە بەینی حکوومەتی فەخیمەی بەریتانیا و عیراقدا ئەم بەیانە نەشر و ئیعلان کرابوو.

مادام کە ئەصڵ عوصبەتولئومەم ئینتیدابی عیراقی داوە بە ئینگلیز و لە قەراری ئەم ئینتدابەدا گوتوویەتی هەچ وەختێك عیراق صالّح بێ ئیستیقلالی ئەدرێتێ و لە عەینی وەقتدا لازمە حکوومەتێکیش بۆ کوردەکان تەشکیل بکرێ.

حقووقەن وا لازم بوو کە لە پێش تەنظیمی موعاهەدەی تازەی ئینگلیز و عیراقدا کە تەئییدی قەراری عوصبەتولئومەم و ئیستیقلالی حکوومەتی عیراق ئەکات — حکومەتێکیش بۆ کورد بە صەراحەت بخرایە مەتنی ئەم موعاهەدە تازەیەوە. لەمەشدا ضەربە لە حکوومەتی کوردەکان درا. لای فەخامەتتان مەعلوومە کە حکوومەتی عیراق کوردەکانی بە قووەتی طـۆپ و طەیارە و تفەنگ ئیستیلا نەکردووە، لە عوقەیبی موتارەکەدا کوردەکان بەو شەرطە خۆیان خستە حەلقەی ڕابیطەی ئینگلیز کە حکوومەتێکی کوردییەی موستەقیللەمان بۆ تەشکیل بکرێ و لەسەر ئەمە ئیتتیفاق واقیع بووبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کە وابوو لازمە چۆن عەرەبەکان لە قەراری ئینتدابی عوصبەتولئومەم موستەفید کراون، کوردەکانیش موستەفید بکرێن، کە طەڵەبی هەموو کوردەکان ((تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییەیە لەژێر ئینتدابی حکوومەتی فەخیمەدا)).

ڕەئیس وزەرا: من لەو بەیاناتە زیاتر کە لە پێشا بۆم خوێندنەوە، صەڵاحییەتم نییە بە صوورەتی ڕەسمی گفتوگۆیەك بکەم. وا فەخامەتی مەندووب قسەتان لەگەڵا ئەکات. لەسەر ئەمە فەخامەتی مەندووب سامی هەڵسا و ئەم بەیانەی دا: لە خوتبەی ڕەمزی ئەفەندیدا دوو نوقطەی موهیم هەیە؛ ١) بەیانی ١٩٢٢، ٢) موقەڕەڕاتی عوصبەتولئومەم. بەیانی ٩٢٢ هەروەك ڕەئیس وزەرا وتی وەقتی خۆی لە طەرەف حکوومەتی بەریتانیا جواب دراوەتەوە. لەم ئانەدا حەض ناکەم لەسەر ئەم مەوضووعە موناقەشە بکەم. دووهەم، موقەڕەڕاتی عوصبەتولئومەم. بەلای منەوە تەوصییاتی

عوصبەتولئومەم تەطبیق کراوە و من موتەئەسیفم ئەگەر ئەم تەوصییاتە شکێنرابێت. فەقەط تەقدیری تەنفیذ و عەدەم تەنفیذی ئەم موقەڕەڕاتە بەدەست عوصبەتولئومەم خۆیەتی. حکوومەتی بەریتانیا و عیراق هەردوولا سەعی ئەکەن بۆ تەنفیذی موقەڕەڕاتی عوصبەتولئومەم. عوصبەتولئومەم ئەگەر بینیی موقەڕەڕاتەکەی تەطبیق نەکراوە، موداخەلە ئەکات. وە گوتی بەعضێ کەس موڕاجەعەتیان کردووە بە عوصبەتولئومەم وە جوابیان وەر گرتووە کە بە تەوەسوطی حکوومەتی مونتەدیبەوە ئەبێ موڕاجەعات بکرێ و ئێستاکە عەینی موڕاجەعات بە من کراوە. من لەم خصووصەوە موفەصەلەن لەگەڵ حکوومەتی عیراقا موذاکەرە ئەکەم. لەم قسانە کەس وا تێنەگات کە مەقصەدی من مانیع هێنانەپێشەوە بۆ موڕاجەعاتی خەڵقییە. هەموو کەسێ بە سەربەستی لە موڕاجەعەتکردن. فەقەط لازمە مەطالیب تەصریح و بە تەفصیل بەیان بکرێت، تەشکیلی حکوومەتێك لێرەدا موشکیلە. وا ئەزانم، ئایا قابیلە کوردستان ئەم حکوومەتە بتوانێت ڕابگرێت. ئەمەوێ بزانم ڕەمزی ئەفەندی تەمثیلی سائر کوردستان ئەکات یا هەر سلێمانی.

ڕەمزی ئەفەندی: مضبطەی هەولێر مەعلوومتانە، ذاتەن لەوێ بە خۆشتانیان وتووە کە ڕەئیمان لەگەڵ خەڵقی سلێمانییە. قیسمێك لە عەشایەری کەرکووك وا لەم مەجلیسەدا حاضرن. ئەوانیش هەر لەگەڵ ئێمەدان و مەضبە طەی عموومی عەشایەری کەرکووك تەقدیم ئەکەم و مومەثیلی هەولێریش لێرەدا حاضیرە.

مەندووب: چووینە هەولێر و کەرکووك، لەوێش تەمثیلی کوردان کۆبوونەوە، عەینەن موناقەشە کرا. فەقەط کەس ئیظهاری جیابوونەوەی نەکرد، تەنیا سلێمانی طەڵەب ئیفتیراق ئەکات.

ڕەمزی ئەفەندی: جوابەکەی سەرەوەی تیکرار کردەوە و وتی: ئەم دوو لیوایە لەژێر تەضییق و تەئپیرا بوون، لەبەر ئەوە حەیاتی حەقیقیی خۆیان ئیظهار نەکردووە. ئەمر بفەرموون بێنە ئێرە، ئەوسا مەعلوومتان ئەبێ کە ئێمە تەئکید ئەکەنەوە و کوردستان هەمووی لە عەینی فیکردایە و یەك هەدەف تەعقیب ئەکات کە ئیستیقلالییەتی کوردستانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەندووبی سامی: کە وابوو لازمە هەموو لایەك مەطالیبی خۆیان بە صەڕاحەت و بە تەفصیل بۆ عوصبەتولئومەم بەیان بکەن. کوردەکان چ نەوعە حکوومەتێکیان ئەوێ، مەلەکی یان جمهووری؟ پارلەمانت، ڕەئیسوزەرا و مەجلیسی وزەرایان ئەبێ یا نا؟ ئایا فکریان بەرامبەر بە مەلیك فەیصەڵ گۆڕیوە یا نا و ئایا ئەیانەوێ هەر نەوعە مەصاڵیحێکی حکوومەتی و گوومرگ و مەکووس، ئەشغالی عاممە، پۆلیس، صیحە و عەسکەریان ببێت؟ وە ئایا موناسەبات و عەلائیقی حکوومەتەکە وا تەشکیل ئەکرێت، چی ئەبێ لەگەڵ بەریتانیا؟

ڕەمزی ئەفەندی هەڵسا خیطاب بە مەندووبی سامی گوتی: فەخامەتتان فەرمووتان کە بەیانی ۹۲۲ ڕابورد و کۆنە. حەق کۆن ئەبێ نامرێ، ئەم بەیانە کافیلی حقووقی موقەددەسەی ئیستیقلالی قەومێکە، طەڵەبی تەطبیقی ئەکەین.

(بەسە– ۳ جار) بەسە، بەسە، بەسە!

حەمە ئاغا: ئێمە کوردین و کوردستان عیبارەت نییە هەر لە سلێمانی، لە زاخۆوە هەتا خانەقین هەموو کوردەوارییەتییە و نایانەوێ لەگەڵ عیراقدا بژین و حکوومەتێکی موستەقیللەی کوردمان ئەوێ لەژێر ئینتدابدا، ئەگەر ئینگلیزیش ناماندانێ موڕاجەعەت بە عوصبەتولئومەم ئەکەین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

خیطاب بە ڕەئیسوزەرا: فەخامەتتان زۆر چاك ئەیزانن کە حیسسییاتی میللییە بە نەوعێك چووەتە مێشکی عونصوری عەرەب و کوردەوە کە هیچ قووەتێك نییە مەحوی بکاتەوە. بینائەن عەلەیهی ئیمکانی ژیانێکی موتتەحید نییە لەبەینی عەرەب و کوردا و هیچیان ئیستیفادە لەیەکتر ناکەن. بۆ هەردوو لا وا چاکە کوردستانێك لەژێر ئینتیدابی عوصبەتولئومەمدا، چونکە ئەم ئینتیدابە بە نەوعێ عەرەبەکان ئیستیفادەیان لێ کرد کە لە ظەرفی نۆ ساڵدا ئەوەتا ئیستیغنا لە حکوومەتی ئینگلتەرە ئەکەن.

خیطاب بە مەندووبی سامی: ئەم دەنگی کوردایەتییە تەنها وەکوو جەنابتان ئەفەرموون مەخصووصی دۆڵی سلێمانی نییە. هەولێر و کەرکووك لەژێر تەضییقی مەئموورینی عەرەبدان. ئەگەر بانگ بکرێنە ئێرە، مەعلووم ئەبێت کە هەموو غایە یەکێکە.

ڕەئیس وزەرا: تەشەکوری بەیانەکەتان ئەکەم، زۆر مەسروورم کە لە قەطعەیەکی عیراقدا ئەهالی لەسەر غایەیەك وا ئیتیحادی کردووە. لە خصووص بەیانی ٩٢٢وە، ئەمەوێ صوورەتی خصووصییە قسە بکەم، چونکە ئەوی صەڵاحییەتدار بم بیڵێم عیبارەتە لەو بەیانەی کە لە پێشەوە عەرچم کردن. وەکوو ڕەمزی ئەفەندی ئەڵێ موعاهەدەی عیراق و ئینگلیز هەرچەند لە (٩٢٢)دا عەقد کراوە، فەقەط لە (٩٢٤)دا لە طەرەف مەجلیسی تەئسیسییەوە تەصدیق و حەقی قانوونیی کەسب کردووە و لەو مەجلیسەدا مومەثیلینی کوردیش هەبوو. زۆر چاك لە بیرتانە لەژێر ڕیاسەت و ئەمارەتی شێخ مەحموودا ئیدارەیەکتان بۆ دامەزرابوو، لە پاش ئەهالی کەوتنە تەظەڵڵوم و شکایەت لە شێخ مەحموود، کە ئێستایش دڵم پێتان ئەسووتێ کە حکوومەت مەجبوور بوو بە ناردنی ئۆردوو وە لە پاش سێ ساڵ حەرەکاتی عەسکەرییە ئەوسا وەضعییەتی بۆ چاککرا. ئەم بەیاناتەم بە صوورەتی خصووصییە بۆ تەنویری ئێوەیە.

شێخ قادر: شێخ مەحموود فەردێکی ئەم میللەتەیە، میللەتی کورد ئەبەن عەن جد حورمەتی شێخ مەحموود و ساداتیان گرتووە، ظوڵمی شێخ مەحموود بە قەدەر ظوڵمی عیراق تەئثیری نەکردووەتە سەر ئێمە. ڕەئیس وزەرا گورێز ئەکات، ئێمە میللەتێکی سەربەخۆین، لەژێر ئینتدابدا حکوومەتێکی کوردیمان ئەوێ، وە ئیللا ناژین.

ڕەمزی: ئەم حەقە کە بە میللەتی کورد دراوە، ئەگەر شێخ مەحموود خەطای کردبێ، دیسانەوە میللەت قەباحەتی نییە و مەعلوومی فەخامەتتانە خەطای شەخصێك حقووقی میللەتێکی وا مەحوو ناکاتەوە و شێخ مەحموود لە طەرەف دوژمنانی کوردەوە ئیغفال کرابوو. مەسئەلەی شێخ مەحموود تەئثیری نەبوو بۆ ئیمحای میللەتمان، بەڵام ئێوە ئەتانەوێ بە کەڕەتێك بمانکەن بە عەرەب.

عیززەت بەگ: میللەتی کورد تەنها عیبارەت نییە لە سلێمانی، لە زاخۆوە تا خانەقین هەموو داوای ئەم حەقە ئەکات و هیچ کوردێك کەڕەتێکی تر لەگەڵ عیراقا ناژی. بۆ ئیحقاقی حەقمان موڕاجەعەت بە حکوومەتی مونتەدیبە ئەکەین. ئەگەر ئەویش نەیپرسی، شکایەت ئەبەینە بەر عوصبەتولئومەم. کورد حکوومەتێکی

موستەقیللەی ئەویّ لەژێر ئینتدابدا. بە هەموو قووەتمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعی ئەکەین، ئەم جارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موڕاجەعاتە.

ڕەئیس وزەرا: لام وایە عونصوری کورد لە عێراقدا لە عونصوری عەرەب موحتەرەمتر و مورەفەهترە. هەرچی مەشەققەت و ئەذیەتە بەسەر عەرەبەکانەوەیە، حقووقی کورد مەحفووظە، یەکێ بڵێ مەئموورێکی عەرەب ظوڵمی لە کورد کردبێ.

مەجید ئەفەندیی حاجی ڕەسووڵ ئاغا: بەڵێ، کورد دائیمەن مەعرووضی ظوڵمی عەرەبەکان بووە. پار کە لە بەینی عەرەبەکانی فەلەسطین و صەهیۆنییەکاندا شەڕ بوو، عەرەبی عیراق بە یەکجار کەوتنە تەعزیەوە، ئەنواعی موڕاجەعات و موظاهەراتیان کرد، کەچی ئێستا هاوخوێن و براکانمان لە کوردستانی شیمالی لە طەرەف تورکەوە سەر ئەبڕرێن، غەزەتەکانی بەغداد بە عەینی تەقدیری تورکەکان ئەکات و بەیانی شادمانی ئەکات و بە طـۆپ و تفەنگ و مەترالیۆز تەهدیدی ئێمە ئەکات، کە ئەڵێ لەگەڵ تورکا ئەتانپلیشێنینەوە و عەرەب هیچی لە تورك کەمتر نییە.

عەلاوەی ئەمەیش، لە ڕۆژی تەشکیلی حکوومەتی عیراقەوە هەتاکوو ئێستا خۆتان موتەعەددید موعەللیمتان لە ئەورووپا، ئینگلتەرە، سووریە و جێگایانی ترەوە تەرتیب کردووە و هەمو ساڵێك کۆمەڵێکی زۆر طەڵەبەی عەرەب کە بە ئیستیعداد و زەکا لە کوردەکان دوونترن، داخڵی بیعثەی عیلمییان ئەکەن، کەچی طەڵەبەی کوردەکان لەسەر مەصرەفی خۆیان ئەچن بۆ بەغداد و غوربەت ئەکێشن بۆ ئەوەی داخڵی بیعثە بکرێن، بە خۆڕایی نمرەیان ئەشکێنن و دوایان ئەخەن. ئەمساڵ پەنجا طەلەبەی کورد کە دائیمەن لە پێش عەرەبەکانەوە بوون، هەر لەبەر ئەم سەبەبە دوایانخستن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕەئیسوزەرا: بۆچ ئێوە هەموو نازانن کە غەزەتەکانی بەغداد بەیانی و ئێوارێ چەند جنێو بە حکوومەتی عیراق ئەدەن و چۆنمان تەنقید ئەکەن. کێ ئەڵێ غەزەتەکان بە تەشویقی حکوومەت لە عەلیهیی کوردن، بۆچی مەعلووم نییە غەزتە چۆن و بە چ واسیطەیەکەوە شت ئەنووسێ. طەلەبە ئەوراقی ئیمتیحانیان مەوجوودە و کەس ناتوانێ خیلافی ئەوە حەرەکەت بکات و لام وایە طەلەبەیك بێ ئیستیحقاق تەرفیع بکات نە بۆ خۆی نە بۆ موجتەمەعی موجیبی ئیستیفادە نابێ.

مەجید ئەفەندی: بەڵێ، غەزەتەکانی بەغداد کە لە عەلیهیی حکوومەت مەقالیەکیان نووسی، گورج دایئەخەن، بەڵام کە تەهدیدی کوردەکان بکات و لە چددی ئێمە بنووسن، تەشویقیان ئەکەن و پارەیان ئەدەنێ. هەموو ئەیزانین کە فەخامەتی ڕەئیس وزەرا شەخصێکی وەطەنپەروەرە و بۆ غایەی وەطەنی زۆر سەعیی کردووە. بینائەن عەلەیهی ئەبێ تەقدیری ئێمەیش بکات و حەقمان بداتێ کە بۆ حەقێکی مەشرووعی وەطنی و میللیی خۆمان تێئەکۆشین.

ڕەئیس‌وزەرا: بەڵێ، هەموو نەوعە حیسسییاتێکی وەطەنی بە ئیحتیرامەوە قوبووڵ ئەکەم، فەقەگ لەم مەسائیلانەدا ئێمە لازمە مەنطیقی و عەمەلی تێفکرین. عەجەبا کوردستان وەکوو ئەڵێن لە خانەقینەوە هەتا زاخۆ جیا ببێتەوە، بەبێ عیراق ئەژی، واریداتی کیفایەت ئەکات، بەرامبەر بە دراوسێکانی حودوودی پێ موحافەظە ئەکرێ و خاصەتەن لە نوقطەی تیجارەتەوە لە عیراق زیاتر بەندەرێکی هەیە؟ بۆ ئومووری نافیعەی کوردستان هەتاکوو ئێستا عیراق بە لەکها* ڕووپیەی صەرف کردووە لە کوردستانا.

ڕەمزی ئەفەندی: یەك دەفعە عەرضمان کردن کورد و عەرەب قابیل نییە پێکەوە بژین، ئێمە ئارین و ئەوان سامین، ئێمە شاخین و ئەوان دەشتەکین، هەتا خاکی کوردستان بەرین بۆ عەرەبستان و هیی عەرەبستان بهێنین بۆ کوردستان، هەردوکیان قووەی ئینباتییەیان ون ئەکەن.

ڕەئیس‌وزەرا: ئەی توتنەکەتان بۆ کوێ ئەبەن؟

ڕەمزی ئەفەندی: ئەیبەین بۆ ئەوروپا، غەیری ئەمەیش مەجبوورن توتنی ئێمە بکڕن، چونکە لەمە هەرزانترتان دەست ناکەوێ و لە ئێمەیش زیاتر لە تیجارەتا لەم توتنە ئیستیفادە ئەکەن.

* لەك: هەزار ڕووپێ. لەکها: چەندین هەزار ڕووپێ.



بنکەی ژین www.zheen.org

ڕەئیس وزەرا: نەو نایبەن بۆ ئەوروپا، هەموو لە عیراقا صەرف ئەکرێت. کوردەکان –الحمد لله– توجاری زۆر وریایان تیایە و زۆر چاك تەقدیری ئەکەن کە کوردستان بێ عیراق ناژی.

ڕەمزی ئەفەندی: لە بیدایەتی حەربی عوموومیدا کە ڕێگا و بەندەرەکانی عیراق گیرابوو، کە بەغدادیش ئیستیلا کرا، ئێمە لەگەڵ شیمال و شەرق و غەربدا مونتەظەمەن تیجارەتمان ئەکرد. ثەروەتی عوموومییە و وەضعییەتی ئیقتیصادییەمان لە ئیمڕۆ گەلێ باشتر بوو، جەعفەر پاشا ئەفەرمووی کە بە لەك پارەمان بۆ ئوموری نافیعەی کوردستان صەرف کردووە، ئەو ئومووری نافیعەی ئەوان ئەڵێن قەڵا و ئیستیحکاماتە بۆ موحافەظەی جەیشەکەی خۆتانە. لەباتیی ئەمە مەکتەبتان بۆ بینا بکردینایە. ئەگەر حکوومەتی کوردییە تەشکیل بکات، هیچ لوزوومان پێ نابێ و ئیستیغنای لێ ئەکەین.

ڕەئیس وزەرا: (بە تەئثیر و هەیەجانەوە) براکانم بزانن کە لەم دەماردا خوێنی کوردیشم تیایە، وەلاکین من عەرەبم. بۆ مەنفەعەتی ئێوە قسە ئەکەم، بە حیسسییات حەرەکەت مەکەن، مەبن بە ئالەت بەدەست خەڵقەوە، بەزەییتان بە میللەتەکەدا بێت، تووشی فەلاکەتیان مەکەن. ئەوا لە سەرەوە کوردەکان پارچەپارچە ئەکەن، سەریان ئەبڕن. لە دنیاوە مەعلوومە کە کورد قەومێکی دیندارە، لەبیرتان نەچێ کە دینتان عەرەبییە، قورئان عەرەبییە، موحەمەد عەرەبە و فەیصەڵ کوڕی محەمەدە. براکانم ڕجاتان لێ ئەکەم فاجیعەی کەربەلا تیکرار مەکەنەوە.

شێخ قادر: جەعفەر پاشا بە بەیانکردنی فاجیعەی کەربەلا تەهدیدمان ئەکات، ئەبێ بزانێ ئەگەر ئینگلیز لە بەینا نەبێ عەرەب ناتوانێ بێتە خاکمانەوە.

جەعفەر پاشا: ڕجا ئەکەم سووء تەفاهوم حاصڵ نەبێ، مەقصەدم تەهدید نییە.

ڕەمزی ئەفەندی زۆر دەفعە داوای قسەکردنی کرد و مەیدانی نەدرا، نیهایەت بە حیددەتەوە هاتە پێشەوە، گوتی: پاشا دین، ئیمان مەفکوورەی میللی، حکوومەتێکی میللیی کوردی ئەوێ جەماعەت وا نییە؟ (هەموو بە کەڕەتێك بەڵێ وایە. ڕەمزی

ئەفەندی دوامی کرد). پاشا! ئەم قسانەت ناچێتە جەواڵی کوردەوە. ئەمە هەمووی ئیغفالاتە و بیخەرە جەواڵەکەی خۆتەوە و دەرگاکەی ببەستەرەوە.

جعفەر پاشا: قسەکەت وەرگرەرەوە، تۆ پیاوێکی تەحصیلدیدەیت، لە ئیجتماعێکی وادا نابێ قسەی وا ناشیرین بکرێ.

ڕەمزی ئەفەندی: تۆ قسەم نادەیتێ، لە سوئالەکانم گوریز ئەکەی. بڵێ تەسلیم بووم!

میرزا توفیق: ئێستاکە دیانەت مەوضووعی بەحث نییە، مەسئەلە میللییەتە و تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە. ئەگەر بە دین بێ، ئەبێ ئێرانیش واز لە میللییەتی خۆی بێنێ و داخڵی حکوومەتی عیراق بێ. ئەسەف ئەکەم مەوضووع مەگۆڕە.

جەعفەر پاشا: قیاس مەعەل فاریق کردن زۆر بێمەنطیقییە. ئێرانییەکان دووهەزار ساڵ زیاترە کە تەئسیسی کردووە.

میرزا تۆفیق: ئەگەر لەبەر دین لازمە ئێمە تابیعی ئێوە بین، لە هەموو عالەم مەعلوومە کە کورد زۆر دینداره. بینائەن عەلەیهی لازمە عەرەب لەژێر ئیدارەی ئێمەدا بێ.

ڕەمزی ئەفەندی: یەك قسەم هەیە، خەلافەتی عەبباسییە لە ئەواخیری سەڵـطەنەتیدا دەستی کرد بە ئیستخدامکردنی مەئموورینی تورك، فورس و کورد و ئەمە بوو بە یەکانە سەبەبی ئیضمیحلالیان. حەض ئەکەم حکوومەتی عیراق ئەم تەجروبەیە تیکرار نەکاتەوە و مەئمووریيەتی کورد لەناو خۆیانا ئیستخدام نەکات، چونکە ئەبێ بە سەبەبی ئینحیطاطی و کەذا ئیستیخدامی مەئمووری عەرەبیش لە کوردستانا ئەبێ بە سەبەبی مەحوو بۆ نەوەی کوردەکان.

ڕەئیسوزەرا: تەشەکوری تەوصییە و نەصیحەتەکەت ئەکەم کە لە پێش وقووعیدا ئیخبارتان کردین. لە پاش ئەوە ڕەئیس وزەرا کە بینیی موذاکەرەکردن لەم مەوضووعەوە سوودێك نابەخشێ و میللەت یەك ئاواز بۆ موطالەباتی خۆی ئیصرار و یەکتری تەئیید ئەکاتەوە، لوزووم نەبینرا بە تەمدیدی موذاکەرە و ئیجتیماعەکە بەتاڵ بووەوە. لە ناوەڕاستی ئیجتیماعدا سالار مصطەفا بەگی جەعفەر سوڵـطان هەڵسا و بە ناوی سادات، عولەما، مەشایخ و بە ناوی ئەو عەشایرەی حودوود کە داخڵی عیراقن،

تەئییدی مەطالیبی کوردانی کرد بۆ تەشکیلی حکوومەتێکی کوردییە و لە عەینی مەوضووعەوە مەضبەطەیەکی ئیمزاکراوی تەقدیمی مەندووب کرد.

لە ئاخری ئیجتیماعەکەیشەوە لە طەرەف فەتاح ئاغای حەمەڕەضای ڕەئیسی هەمەوەندەوە کە لە لیوای کەرکووکەوە ساکینن، لە عەینی مەئال مەضبەطەیەکی تر تەقدیمی مەندووبی سامی کرا و عەشیرەتی جاف کە ئێستا تابیعی کەرکووکن لەم ئیجتماعەدا لە طەرەف جەنابی کەریم بەگی فەتاح بەگەوە تەمثیل کرابوون (لەم بەربەرەکانی و تێکۆشینەدا تەنیا ڕەمزی ئەفەندی بە بەشی خۆی گەیشت و کرا بە قائیمقام و ئەم بەشە کرا بە بەشی هەموو کورد).

دهۆك

٩٣٠/٨/٩

صوورەتی:

بۆ عوصبەتولئومەم بە پۆستدا

بۆ دارول ئیعتیماد لە بەغدا

بۆ ڕەئیس وزەرای عەرەب

بۆ پەرلەمانی ئینگلیز

بۆ لیوای سلێمانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە کوردانی ئەقضییەی شمالییەوە بۆ هەموو کوردان

خەبەردار بن چاوی خۆتان بکەنەوە. سەیری ئەطرافی خۆتان بکەن. وا ئینگلیز لەگەڵ عیراقا موعاهەدەیەکی کرد و لەم موعاهەدەیەدا بەحث لە حقووقی کوردان نەکراوە، لە پاش دوو ساڵی تر ئینتیدابی ئینگلیز لە عیراقا نامێنێ، حکوومەتی عیراق سەربەست و داخڵی عوصبەتولئومەم ئەبێ. ئەوسا کورد لەژێر دەستی عەرەبا ذەلیل ئەبێ. لەبەر ئەوە عەیبە ئەگەر ئێمەیش وەکوو ئەهلی سلێمانی داوای حقووقی خۆمان نەکەین و ئەو برایانەمان بە پیاو، ژن، منداڵەوە جەهد ئەکەن و بە جارێك هاواریان بردۆتە بەر عوصبەتولئومەم و دارولئیعتیماد و داوای حقووقی کوردان ئەکەن. ئەگەر

ئێمەیش ئیتیحادیان لەگەڵا نەکەین، وەکوو ئەوان داوای حقووق نەکەین، حاڵمان خراپ ئەبێ و حقووقمان ئەفەوتێ.

ئێمە کە ناومان لەژێرەوە نووسراوە و عەشایری سندی، گل، بەرواری، دۆسکی و هەموو ئەقضییە ی شیمالی تەوکیلیان کردووین کە بە ناوی کوردی ئەم ناوەوە ئەم بەیاننامەیە عەرضی ئەنظاری عالەم بکەین و داوای حقووقی کورد بکەین. فکری ئێمە فکری سلێمانی‌یە و موخالەفەتێك لە بەینا نییە و موافیقی قەراری عوصبەتولئومەم وەکوو لیوای سلێمانی طەڵەبی تەشکیلی حکوومەتێکی موستەقیللەی کورد ئەکەین.

شێخ ڕەقیبی سورچی

شێخ غیاثەددین

شێخ نووری بریفکاتی

ئەدیب ئەفەندیی ڕەئیس بەلەدییەی عەمادییە

حەمە ئاغای بەراش

شێخ شەهابی زێبار

تەرخان حاجی ڕەشید بەگی بەرواری

بنکەی ژین
www.zheen.org

برای خوێندەوار، ئەم بەربەرەکانییە گەرموگوڕەتان خوێندەوە. تێگەیشتن کە لە سوودی کورد و عەرەبدا هیچ قازانجێکی نەبوو. تەنیا بۆ خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی نەبێت؟ گوڕمەی هێزدارە و بێهێز ئەپلیشێنیتەوە. ڕەگ و ڕیشەی خۆی (ئینگلیز)ە ! داخەکەم ڕەئیس وزەرایش وەکوو کۆمەڵی کوردەکان لە ئەنجام بێئاگایە. سەروبنی کار چییە نازانن. خۆ ئەگەر عەرەب لە جێگای کورد بوایە، ئەوسا ئەبوایە ئەوان ئەو قسانە بکەن و بە گەرمتر پەلامار بدەن، چونکە ئینگلیز دەستکردی خۆی بۆ خۆیەتی، نەك بۆ هیچ لایەك[٣٩].

[39] لەمەوپێش وترا کە مامۆستای مەزن تۆفیق وەهبی بەگ بە موتەصەڕیفیەتی هات بۆ سلێمانی. حکوومەتی بەغدادیش کەوتە خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن (ئینتخابات– ١٩٣٠)، بۆ چوونە ناو کۆمەڵی عوصبەتولئومەم بە ئەندام و بە ناوی حکوومەتێکی سەربەست و موستەقیل. بەڵام هەروەکوو عیراق خۆی کۆ ئەکردەوە و بە هیوای بەرز و خۆشییەوە ئەچوو بەپیر ئاواتەوە، ئینگلیزیش بۆ پاشقول گرتن خۆی ئامادە ئەکرد کە پەیمانە تازەکەی

**ڕۆژی ٦ی ئەیلوول**

ڕۆژ کرا بە شەوەزەنگی نەگبەتیی کورد، بە مێژوویەکی پەڕەڕەشی ئەو ڕۆژەی کە بەسەر شاری سلێمانیدا هێنا و شاییان لێ بوو بە شین و یاد ئەکرێت. گوایا ڕۆژی ٦[40]ی ئەیلوولی ١٩٣٠ هەڵبژاردنی لیژنەی بەراوردی (تەفتیش) بوو بۆ چاودێریی هەڵبژاردنی کۆمەڵی گشتیی پەرلەمانی تازە، لە بینای موتەصەڕیفدا لە سلێمانی و لەژێر سەرۆکیی موتەصەڕیفەکەی ئینگلیزا. بەڵام وا ڕێك خرابوو کە دانیشتووانی شار هێرش ببەنە سەر سەرا، تا گەیشتە تەقەکردن لەنێوانی پۆلیس و نومایشکاراندا. تا بە ناچاری لە لایەن میرییەوە هێزی سوپاییان تێکەڵ کرد. ١٤ کوژراو، ٢٣ بریندار لە شارییەکان و ١١ کوژراو و ٣ بریندار لە پۆلیس ڕووی دا[41].

ئەمە بوو نووسراوەکەی مامۆستا "الدرة"، بەڵام ئەو نومایشە بە دەسیسە نەبوو. کورد داوای ئازادیی ئەکرد، ئەم هەڵبژاردنە دوایین هەناسە بوو بۆ بڕیاری چارەنووسی کورد. عوصبەتولئومەم لە لایەکەوە پشی‌پشیی بە کورد ئەکرد وە لە لایەکیشەوە حکوومەتی عیراق پەیتا پەیتا بەناوی برایەتییەوە بانگی ئازادی و مافی کوردی ئەدا و بەڵام ئینگلیزیش لەژێر قنچکی پایەکەیەوە بە زەردەخەنەوە سەری بائەدا و خەریکی ئاڵۆزانی ڕیسی هەردولا بوو. لەو نومایشەدا نزیکەی ٢٠٠ ماڵ کەوتە شین و گریان،. پتر لە ٤٠٠ کەسی ناسراو لە مووەزەف، ئەشراف، مامۆستا لە حەبسخانە توند کرا. لە هەموو گەڕەکێکی سلێمانیدا ماتەمی ڕوودراو، هیوای تۆڵەساندن و بەماف‌گەیشتن لە برووسکەلێدانا بوو.

---

بە ئارەزووی خۆی تازە بکاتەوە و عیراق لەناو کەوانەی فاقەکەیدا بناڵێنێت. هەموو کورد و عەرەب زۆر باش ئەیانزانی کە ئینگلیز هەمیشە لە ئەنجامی تێکدانی کورد و عەرەبدا کارسازیی خۆی کردووە و بوە بەهۆی خوێن ڕشتنیان و جارجار زیاتر هەردوو گەلەکە ملکەچتر بوون بۆ بەجێهێنانی فەرمانیان، چونکە ماوەی لە یەکتر نیزکبوونەوە و لە یەکتر تێگەیشتنیانی نەئەدا.

40 محمود الدرة، القضية الكردية، لاپەڕە ٨٤؛ ڕۆژنامەی "ژیان".

41 لاشەی ٣٢ کوژراو، وە لە ١٠٠ پترتر ڕۆڵەی بریندار فڕێ درا. (نووسەر)

لە کاتی تەقە و گوللەبارانی مەترالیۆزدا بە تێڵاوە هێرش ئەبرایە سەر بەدخوایان. تا لە دواییدا بەردەبارانی پەنجەرەکانی ژووری موتەصەڕیفیش کرا. وا ئەزانم ئەیانویست بێتە دەرەوە بۆ چارەسازی، تا لەبەر سەرادا لاشەی ١٥٠ لاو بریندار و کوژراو ڕیز کرا. موتەصەڕیف و موفەتیشی ئیداریش لە کونی پەنجەرەوە ئەیانڕوانییە ئەم کارەساتە.

پاش دوو ڕۆژ لە سلێمانییەوە یەکێکی ئاینی، بازرگانێك، کوڕکوژراو و باوكگیراوێك چوون بۆ لای شێخ مەحموود. ئایینیەکە وتی: یا شێخ قورئان چ لە دەستا بێ و چ لەناو سنگا، بەو قورئانەوە هاتووین، تۆڵەی شارەکەت ون مەکە. کورد چاوەڕێتە، پاش ئەم هەلە کورد بێناوونیشان ئەمێنێتەوە، ئەوەیش هاوڕێکانی بیانبینە.

شێخ مەحموود بەم کارەساتە خۆی زامدارتر بوو. ئەم جارەیش بڕیاری دا کە تۆڵەی گوللە بە گوللە بسێنێتەوە بە لەشکرێکی باشەوە لەگەڵ ناردنی ئەم نامەیە بۆ مەندووبی سامی– بەغداد، (پیران)ی بەجێ هێشت و گەیشتە شارەزوور.

لەشکر لە هەموو لایەکەوە ئەهات وە زۆر لە قوتابی و خوێندەوارانی سلێمانی بوون بە هاوچەك. شێخ مەحموود لە نامە تایبەتییەکەیدا بۆ مەندووبی سامیی عیراق لە بەغداد (بە کورتی) ئەمە بوو: ((کورد داوای حەقی خۆی ئەکات، پێویستە حکوومەتی عیراق هەموو کوردستان لە زاخۆوە تا خانەقین بەجێ بێڵێت وە لەم کوردستانەدا حکوومەتێکی کوردی دابمەزرێنێت لەژێر چاودێریی ئینگلیزا، تاوەکوو عوصبەتولئومەم بڕیاری خۆی بە ئێجگاری بڵاو ئەکاتەوە))[٤٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

کە حکوومەتی عیراق بەم بزووتنەوەیە ئاگادار کرا، تۆفیق وەهبی بەگ برایەوە بۆ بەغداد و حکوومەت دەستی کرد بە ناردنی سوپا و ئۆردوویەکی ئێجگار زۆر و جەنگ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد. عیراق باش تێگەیشت کە ئینگلیز هەلاجیی ئاواییی هەردوولا ئەکات، بەڵام گۆبەنگەکەیان هەر بەسەر کوردا ئەسوو، چونکە کاربەدەستان خۆشەویستی خۆیان (ئینگلیز) بوون، هاواری کورد تەنیا لەدەست مەئموورین و

---

[42] القضية الكردية، ص٨٤، القرار الخاص باعلان استقلال العراق.

مووەزەفینی عەرەب ئەوە بوو کە بۆ بەجێهێنانی فەرمانی مەندووبی سامی کورد و عەرەبیان لە یەکتر ئەڕەنجان و هەوێنی کارسازییان بوون.

بە ڕاستی سوپای عیراق چارەی جەنگی چەتەییی کوردیان پێ نەئەکرا، بە تایبەتی جەنگی (ئاوباریك).

جەنگ لە ٦ی ئەیلوولی ٩٣٠ وە تا ٣١ی مایسی ١٩٣١ درێژەی کێشا. ئەمجارەیش وەکوو جاران بێ پشتیوانیی شێخ مەحموودی ناچار کرد کە بکشێتەوە و بچێتە خوارووی عیراق لە شارێکا بەبێ دەنگی دابنیشێت، تا لە ئاشووبی ١٩٤١ی ڕەشید عالی گیلانیدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

کە ئەم باسەیش لە جێی خۆیدا ئەخوێننەوە، بەڵام ڕۆژێك پاش حەوت مانگ جەنگ و چەوساننەوە، شێخ مەحموود بڕیاری دا کە عوصبەتولئومەمیش لە کارەسات ئاگادار بکات. لە ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٣١دا لە گەرمەی جەنگدا، لە پێش پێنانە ناو ئاوزەنگی و سوار بوون و دەستدانە چەکی تۆڵەساندن، شێخ مەحموود ئەم نامەیەی نووسی و ناردی بۆ کۆمەڵەی عوصبەتولئومەم، کە لە لایەن گۆڤاری (بازیل نیکیتینی فەڕەنسییەوە لە ساڵی ١٩٥٠دا بڵاوکراوەتەوە، لە فەڕانسزییەکەیەوە گۆڕراوە بۆ کوردی، لاپەڕە ٣٠٠، ٢٠٣)*.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بۆ سەرۆکی مەجلیسی عەوام**

**سەعادەتمەئاب.**

بە شەرەفی ئەزانم کە هاوار و شکاتی میللەتێك ئەهێمنە خزمەت ئێوە کە حیمایە و ویصایەی لەژێر دەستی ئێوەدایە، چونکە ویصایە و حیمایە یەعنی ئاگادارکردنە، کە ئەم

---

* ئەوە گۆڤار نییە، بەڵکوو "بازیل نیکیتین"ی کوردناسێکی فەرەنسەییە، کۆمەڵێك وتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی کوردەوە نووسیوە، لەوانە کتێبە دیارەکەی (کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی). ئەو نامەیە لەم سەرچاوەیەدا بڵاوبووەتەوە: باسيلي نيكيتين، الكرد دراسة سوسيولوجية وتاريخية، تقديم لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية وعلق عليه الدكتور نوري الطالباني، (من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الإتحاد الوطني الكردستاني)، ط٣، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٥٠٧–٥١٠.

میللەتەیش میللەتی کوردە و بە شەرەفێکی بەرزەوە منیش لەو میللەتەم کە لە بەشێکی کوردستان، کوردستانی خواروودا ئەژین، بە عیراقەوە بەستراوە.

بیخەمە بەرچاوتان کە ئەم خاکە لە لایەنی هێز و لەشکری سوێندخۆرەکانەوە یان دەوڵەتە یەکگرتووەکانەوە هەرگیز داگیر نەکراوە وە نەگیراوە. ئەمەیش ڕووداو وە لێقەومانێکە کە لەناو (میزۆپۆتامیا، بين النهرين)دا ڕووی داوە. لە ساڵی ١٩١٨دا کورد بە عەزم و ئیرادەی خۆیان دەستیان دایە چەك، هێز و لەشکر و سوپای تورکیان ناچار کرد کە کوردستان بەجێبهێڵن، کوردیش خۆبەخۆ بانگی ئازادییان بۆ خۆیان دا وە بە ناوی حکوومەتی کوردستانی جنووبییەوە حکوومەتیان دامەزراند. ئیدارە و موقەدەراتی خۆیان گرتە ناو دەستی خۆیان. لەم کاتەدا عیراقی عەرەبی لەناو فەوچادا ئەتلایەوە وە هێشتا لەشکری یەکگرتووان هەر لە جەنگدا بوون. داخەکەم ئێمەی کورد، میللەت و خاکمان، لەدواییدا بەسترا بە عیراقەوە کە ئەوروپاییەکان ئەیانوت: ((ئێمە بۆ پارێزگاریی حەق و عەدالەت پەلاماری چەکمان داوە و لە ڕووی ڕاستی لا نادەین و بەرامبەر بە ناڕاستی هەرگیز ناگەڕێینە دواوە وە بەرامبەر بە داد و مافی ئەو میللەتانە پاشگەز نابینەوە کە بەخت و شانس میللەتێکی تریان بە ناحەق بەستووە بەدەست خۆیانەوە وە ئەو میللەتانەی کە لە پێشدا حکوومەتیان هەبوە وە یان لەگەڵ گەلێکی ترا جیاوازییان هەبێت)). ئیتر ئێمە قەت فەرامۆشی ناکەین وە لەبیرمان ناچێت، لەسەر شەرەف و بەڵێنی ئێوە کە بە کوردستانی جنووبی کە موختارییەتێکی گەورەتان بەخشیبوو بە ئێمە وەعدتان دابوو. لەسەر ئەم پەیمانە بێدادی و هەراسانکردنمان سووك کرابوو. بەڵام هەرچەند ساڵەکان یەك لەسەر یەك دێن‌و تێئەپەڕن، لەو ڕۆژەوە تا ئیمڕۆ وەنەبێ وەعد و بەڵێنتان جێبەجێ کرابێت، بە پێچەوانەی ئاواتی ئێمە و فەرمانی ئێوە، گیانمان، ژنانمان، منداڵانمان هەموو ڕۆژ ئاگرباران ئەکرێن. لەبەر ئەوەی ئەیانەوێت لە مافی خۆمان لادەین و کورد نەبین. فەرمانی کوشتنمان دراوە وە لەدژمان جەنگی خوێنینمان دەربارە ئەکرێت.

حکومەتی مەلەکیی عیراق بێترس‌ولەرز ناو شاری سلێمانی گوللەباران ئەکات کە پایتەختی کوردستانی جنووبییە وە ئەو کوردانە بۆمباردمان ئەکات کە لە ئینتیخاباتدا بەشدار نەبوون وە نەیانویستووە، چونکە ئەم حکوومەتە بەدئامانجە ویستوویەتی کە

پەیمان و موعاهەدەیەك ببەستێت، تاكوو هەموو مافەكانی كوردی پێ لەناو ببات وە نەهێڵێت. ئێمە باوڕمان وایە كە ئەم بۆمبایانە، ئەم ئاگری مەتڕالیۆزانە كە هەمووی بەسەر شەرەف و هەیبەت و كەرامەتی ئێوەیان (كۆمەڵی ئەقوام) پێ لێ ئەدرێت، چونكە كورد لەژێر حیمایە و ویصایەی ئێوەدایە و وە وا ئەزانن یەعنی ئێوە پارێزگار و پەنادار و نیگاهداریانن.

ئەگەر هێز و لەشكری حكوومەتی مەلەكیی عیراقی لەشكر و سوپا و فڕۆكەكانی بەریتانیا پشتیوانییان نەكات، كە بە ناوی كۆمەڵی باشەرەفی ئێوەوە چاودێری و بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتانە دراوەتە ژێر دەستی. ئینگلیز نەبوایە، دووپاتەكردنی مێژوو وە چوونە سەر بەغداد و گرتنی لە لایەن كوردەوە هەر باس و دەنگێكی چەند ڕۆژێك ئەبێت. ئێمە هەموو كاتێك نیشتمان و یانەمان پاراستووە و هەروەها بەرامبەر بە دوژمن دیفاع و پارێزگاری ئەكەین، لە كاتێكدا كە ئێمە نەمانویستووە بەرامبەر بە حكوومەتی بەریتانیا بچینە جەنگەوە، چونكە بە ناوی كۆمەڵی پیرۆزی ئێوەوە ئەبزووێتەوە. ئێستا و تا ئێستا بە ناوی ئێوەوە داوای حەق و ماف ئەكەین. بەم ڕەنگە داخوازی و داد و عەدالەت تەرجیح ئەكەین، بەڵام نامانەوێت نیشتمانمان ببەسترێت بە حكوومەتی مەلەكیی عیراقەوە، چونكە ئەیانەوێت بە زۆر و خورتی ئەم بەستنەوەیەمان پێ پەسەند بكەن وە پێمان بسەلمێنن. لە كاتێكدا ئاسایش و ئەمان، صولح و ئیستیقرار بەلای كۆمەڵ و هەیئەتی باشەرەفی ئێوەوە گرانبەها و بەنرخە، جا هەر لە توانای ئێوەدایە لەناو ئەم پارچەی جیهانەدا ئاسایش و ئاشتی جێگیر بكرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام هەتاوەكوو بەخت و موقەدەراتی وەطەنیی كورد ئەدرێتە دەست نەوەكانی خۆی، تاكوو حكوومەتێكی كورد، بەڕێوەبردن و كار و فەرمانی خۆی نەخاتە ژێر دەستی خۆی، وە تا كورد خۆی خاوەنی حوكمی ئەو پارچە كوردە نەبێت، هیوای صولح و سەلام، ئاسایش و ئاشتی كردن خەیاڵێكی خاوە. كورد خاوەنی مێژوویەكی هەزاران ساڵەیە، تەئریخ ئیثباتی ئەكات كە كورد هەموو كاتێك هەستی مەوجوودییەتی خۆیان، مێژوویان، نیشتمانیان پاراستووە. لە دەستگاه و موئەسەساتی قەومی و گەلایەتیی خۆیان بێئاگا نەبوون، ئاگادارییان كردووە. لەبەر ئەوە وا قەرار و بڕیار دراوە تا دوا هەناسە بۆ پاراستنی وەطەنی و محافەظەی خۆیان دیفاع بكەن بە چەكبەدەستی بمرن وە ملكەچیی حكوومەتی مەلەكیی عیراق نەكەن، نە دەخالەت و نە نەفس تەسلیم ناكەن.

ئێمە کوردەکان لەگەڵ هەموو قەوم و گەلێکدا ئەمانەوێت دۆستو برا بین وە بێ قین و کینە بژین وە نامانەوێت مەیدانی ئەوە بدرێت کە (حەق و ماف- تەقریری مەصیر)مان بخرێتە ژێر دەستێکی ترەوە. ئاشکرا و ڕوونە کە چارەنووس (تەقریری مەصیر) دراوەتە دەست چەند گەلێکی دواکەوتووی بیدائیی گەلانی ئەفریقا. کەوابوو نابێت بۆ میللەتی کورد ڕەدد و ڕەفض بکرێت، کە قەومی کورد خاوەن مێژوو وە ناسراوە وە لەناو گەلان و ئەقوامدا مەوقیعێکی بڵندی هەیە، وەکوو بە ڕاست و موخلیص و ئازا و قارەمان و چالاك و زیرەك و هۆشیار ناسراوە. بەڵام، لەم دوادواییەدا حکوومەتی عیراق بە یارمەتی و پشتیوانیی حکوومەتی بەریتانیاوە ڕێگایەکی تری گرتووە. هەر بۆ ئەوەی بەرهەڵستیی موقاوەمەی ئێمە بکات و سەر بکەوێت، بیری خوێنڕێژیی وەرگرتووە وە لەگەڵ ئێمەی کوردا کەوتووەتە جەنگەوە.

لە کاتێکدا کوردە بێچەکەکان هیچ نیازێکی هەڵمەت و ورووژمبردنیان نەبوو بۆ سەر هیچ کەسێك، تەنیا لە ڕووی ئاشکراکردنی بیروباوەڕی (سیاسی) و ئامانجی خۆیان، بە هەزاران کوردیان بە ئاگری مەترالیۆز و بۆمبای فڕۆکە دروێنە کرد و کوژران. بەڵام پاش ئەم کارەساتە کە ئیمڕۆ کورد دەستی داوەتە چەك و سیلاح، گوناه و تاوانی ئەم تەقصیرە ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی کە لە پێشدا هەڵمەتی چەکدارییان بردۆتە سەر کوردەکان وە ناعەدالەتی و خوێنڕێژییان دەربارە ئەکەن و گوناه ناکەوێتە سەر کورد و لەسەر ئەوانە.

خوێن، ئاگر هیچ شتێك ناتوانێت مێژوو بگۆڕێت، بیسڕێتەوە، بە ملیۆنەها کورد و ڕەگەزی صەلاحەدین، کەریم خانی زەند بگۆڕێت و بیانکات بە عەرەب وەیان تیرەیەکی تر. میللەتەکەم ئەڵێت ئێمە شۆڕش ناگرین وە بۆ خوێنیش تینوو نین وە نامانەوێت فیتنە بنێینەوە و لایەنگریی جیاوازیش ناکەین.

بەڵێ، ئێمە بە ناچاری چەکمان هەڵگرتووە، چونکە ئیجبار و ئیرغام کراوین وە بە نابووتی مەحکووم کراوین. لەبەر ئەوەی بێبەش و بێهیوا کراوین وە دەستیان داوەتە چەك. ئێمە داوای ئەوە ناکەین حاکم و زاڵی هیچ میللەتێك بین و چاومان لە خاك و وڵاتی هیچ گەلێك بێت. بەڵام ڕاضیش نابین کەس حوکممان بەسەرا بکات و فەرمانمان بەسەرا ڕابوێرێ. ئێمە تەنیا حوکم و سەرۆکایەتی وە فەرمانداریی خۆمان ئەوێت. ئێمە لەو بیروباوەڕەداین کە

لە دواییی ئەم جەنگەدا ملیۆنەها ئینسان لە پێناوی خۆیاندا گیانیان فیدا و قوربان کردبێت، بۆ داوای ئەو ماف و حەقە کە کۆمەڵی باشەرەفی ئێوە بۆ ئێمەی کوردی داناوە و ڕەوای بینیوە وە بە پەسەندی لە یەکەم ڕۆژەوە دراوە و تەصدیق کراوە.

بمبەخشن، بە تەئکید و تەصدیق باوەڕتان ڕائەکێشم کە ئەم حاڵە وەصفی شۆڕش و ڕاپەڕینە، هەمووی لە ڕووی بەدکاری و بیروباوەڕ و خراپی و ئامانجی نالەباری بەڕێوەبەران، پیاو و کاربەدەستانی عیراقەوە ڕووی داوە وە ئەوان شۆڕش و چەك بەکارهێنانیان تەولید و دروست کردووە، تا هەموو ماف و حقووقمان بە تەواوی جێبەجێ نەکرێت، بە ئیحترامەوە تەصدیقی حەقمان نەکرێت. قەت دەست هەڵناگرین، جا داوا و داخوازیمان ئەوەیە کە باوەڕ بە سەربەخۆیی و ئیستیقلالمان بکرێت. وە وەطەنمان ئازاد بێت وە ئەم حەقەمان لەژێر پەنا و ئینتیدابی هەیئەتی باشەرەفی ئەقوامدا ڕاستوڕاست ئیعتراف و تەصدیق بکرێت بە ناوی ئیستیقلالی حکوومەتی کوردستانی جنووبی‌یەوە وە هیچ پەیوەندی و پەیوەستییەکمان لەگەڵ حکوومەتی مەلەکیی عیراقدا نەمێنێت، چونکە ئەمانە (ئینگلتەرە– عیراق) لەناو خۆیاندا بە پەیمان و موعاهەدەیەکی تازە کۆتایی‌یان بە ئینتدابی بەریتانیا هێناوە. لەبەر ئەوە حەللو فەصڵی دەعوا و قەضییەی ئێمە، کە عەرچ و تەکلیف کرا، موافیقی مەنطیق و ضەرورەتە وە کردنیشی پێویستە:

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆمەڵی باشەرەفی ئێوە بە مووجیبی ئەمر و طەبیعەت وە لوزوومی ئیقتضا و حاجاتی وەقائیع، پێویستە ئێوەش بگەڕێنەوە سەر قەرارەکەتان کە لە ساڵی ١٩٢٥دا دراوە وە موعتەرەفەن تەصدیق کراوە.

سەعادەتمەئاب، هیوادارین کە ئیحترامات و تەعظیماتی بێپایانمان قەبووڵ و تەصدیق بفەرموون.

بە ناوی دانیشتووانی کوردستانی جنووبی‌یەوە

شێخ مەحموود

٢١ی مارتی ١٩٣١

پاش ئەوەی تۆفیق وەهبی لە سلێمانی کێشرایەوە، لە ساڵی ١٩٣٢دا چوو بۆ لوبنان. ئەم وتووێژەی لە ڕۆژنامەی "الراصد"دا بڵاوکردەوە و لە پاش کارەساتەکەی (ئاوباریك) نووسراوە، ئەیخوێننەوە:

## جەنگی ئاوباریك

بەپێی ئەو داستانە بیستراوەی لە چەکدارەکانەوە بیستراوە؛ لە کاتێکدا کە شێخ مەحموود و لەشکرەکەی لە شارەزوورا لە گەرمەی جەنگدا بوون. لە عەشایرەکانی گەرمیانەوە داودە، زەنگەنە، دەلۆ، گل.. وە لەبابەت وەڕستی و پەرێشانیی خۆیانەوە لەدەست یاسا و نالەباریی مەئموورانی حکوومەتەوە بە نامە داوایان لە شێخ مەحموود کرد کە شۆڕشەکە بگوێزێتەوە بۆ گەرمیان وە جەنگی کورد ئەم جارە لە گەرمیانەوە دەست پێبکات. جا وەکوو وتمان لەسەر کارەساتەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ کە بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە کوشتار وماڵوێرانی و دەستدرێژیی میرەکان لە سلێمانیدا ڕووی داوە، نوشوستیی گەلی بێچەك کەوتە ئارا و لەناو سەرای حکوومەتی عیراقدا لەژێر چاودێریی موتەصەڕیفی عیراقی و موفەتیشی ئیداریی ئینگلیزدا کەوتنە جێبەجێکردن و بەجێهێنانی ئاواتی پرۆغرامی حکوومەتی ئینگلیز، ناوئاخنی حکوومەتەکەی عیراق، وەکوو لە پێشەوە خوێنرایەوە، بوو بە هەڵگیرسانی شۆڕش و قڕانی کورد.

شێخ مەحموود بانگی دەستدانە چەك وجەنگ، بانگی شۆڕش و تۆڵەسەندن، بانگی داوای ئازادیی دا، بە لەشکری خۆیەوە گەیشتە شارەزوور. بەگزادەی جاف لەژێر سەرۆکایەتیی کەریم بەگی فەتاح بەگ و داود بەگی برایدا تێکەڵ بوون، حکوومەتی ناوچەکانیان پێچایەوە. گەیشتنە ناوچەی قەرەداخ و سەنگاو. عەشایر و شێخان و لەشکری بازیان ئاوێتە بوون، گەیشتنە ناو عەشیرەتی زەنگەنە. کەرکووك کەوتە ژێر ترسی لەشکری کوردەوە وە عەشایری گەرمیان کۆمەکیان کرد وە پرۆغرامی جەنگی چەتەیی دامەزرا. هەر لە جەنگی شارەزوورەوە حکوومەت زۆر تەنگاو بووبوو، ترسیان زۆر بوو وە ئەم شۆڕشە زۆر بە سەخت ئەبینرا.

له گەرمیاندا دەسەلاتی لەشکر ئێجگار زۆر بوو، حکوومەت زۆر لە ناوچەکانی چۆڵ کرد. لە هەموو لایەکەوە کورد دەستی دایە چەك. لەبەر ئەوەی هێزە سوپایی و پۆلیسەکان توانای بەربەرەکانییان نەمابوو، حکوومەت ناچاربوو بە هێنانی سوپا، بە هۆی شەمەندەفەر و ئوتومبێلەوە لەشکرێکی زۆری گەیاندە نزیك کفری و تووز، بەکرێگیراوی کوردیش پێشداریان بوو.

بۆ حەسانەوە و چەند رۆژێك دانیشتن، لە لایەن سەیید مەجیدەوە داوا لە شێخ مەحموود کرا بچێت بۆ (ئاوباریك)، بەلام لەبەر ئەوەی ئاوایییەکە کەم و بچووك بوو، زۆری لەشکر بە دێهاتەکانی تردا بلاوکرابووەوە، تەنیا شێخ مەحموود و چەکدارە تایبەتەکانی و داود بەگ بە سوارەکانی خۆیەوە لە ئاوباریك مانەوە بە لەشکرێکی ئێجگار کەمەوە.

بە رێگا پیشاندانی کوردە بەکرێگیراوەکان و دەستنیشانی جێگا و بزوتنەوەی شێخ مەحموود و لەشکرەکەی، رۆژی ٥ی نیسانی ١٩٣٤ لە لایەن دوو فرۆکەوە دێی ئاوباریك کەوتە ژێر بۆمباباران و ئاگری مەترالیۆز و گەیشتنی سوپایی و پۆلیس و کوردی ناڕاست. لەوکاتەدا پارەی میری رووپیە بوو، نەبووبوو بە دینار. جەنگ بوو بە جەنگی دەستەویەخە وە شێخ مەحموود لەناو باخەکەدا و داود بەگی جاف لەو جێگا هەرە پڕ ترس و گرنگەدا و "شێخ عەلیی قەڵبەزە" لەناو ئاواییدا لەژێر فرۆکەوە بەرامبەر بە مەترالیۆز و هێزی میری بەو مەرجەی لوولەی تفەنگ لە سنگی یەکتر گیر بکرێت، جەنگی دلێرانە و بێهیوا لە رزگاری ئەکرا. شێخ عەلی و ١٨ چەکداری و چەند چەکدارێك لە جاف و چەکداران لای شێخ کوژراو و بریندار بوون. بەلام بەو هێزە کەمەیشەوە دیسان بەرامبەر ٣ هەزار چەکداری میری سەرکەوتن بوو بەشی کورد و میرییەکانیش بە شکستەیی گەڕانەوە. ئەگەر لەشکری تاڵەبانیش نەشکایە و لەناو لەشکری کوردا بجەنگایە، هیچ گومان نییە بە ئاسانی کەرکووك ئەگیرا. ئیتر فرۆکە ماوەی نەئەدا، ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ ناو چیاکانی قەرەداغ و هەورامانی ئەمدیو (لهۆن) و ڕاوی لەشکری میری.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ماموستا کاك "محمود الدرة" له (القضية الكردية)کەیدا ئەڵێت: بەکر صدقی[*] فەرماندەی سوپایی بوو. بە شەو بە لایتی دەست و ئاگر ڕێگایان پیشانی لەشکرەکەی شێخ مەحموود ئەدا، چونکە خۆیشی کوردە. جا خەلیل زەکی پاشا کە کەرکووکییە ناردیانە جێگای بەکر صدقی پاشا. ماموستا "الدرة" وا ئەزانێت کە خەلیل زەکی پاشا لە گەلێکی بێگانەی کوردە، نازانێت سلێمانی و کەرکووك لەسەر یەك تیرە و یەك ڕەگەزە، سەرکەوتنی کورد ئێجگار زۆر بوو. حکوومەت ناچار بوو لەگەڵ شێخ مەحموودا بنیاتی ئاشتی بنێت وەکوو زانرا. کەریم بەگی سەرۆکی جافیان دۆزییەوە و ئەم کارەیان پێ جێبەجێ کرد. بەرامبەر بە دلێریی ئەمجارەی لەشکری جاف، شێخ مەحموود لە قسەی کەریم بەگ لای نەدا.

بەڵام شێخ مەحموود وتی: ئێمە دەنگی خۆمان گەیاندە عوصبەتولئومەم، ئەگەر دوو خاوەن بەخت لەو کۆمەڵەدا بێت بۆ ئێمە بەسە، با کوشتاریشمان دابێت، بەڵام تێمانگەیاندن کە کورد بەرامبەر بە دوژمن ملکەچ نابێت. ئەمجارەیش بانگی ئازادیمان دا، با ماوەکەیشی کەم بووبێت، بەڵام ئەبێت بە بناغەی دامەزراندنی ئازادی. ئای ئازادی ئای ئیستیقلال چەند خۆشیت. داود بەگ وتی: شێخ مەحموود نەڕاندی وتی، شەرط بێ ئیستیقلال بخەمە پێش مەرگم و ئەبێت کورد بە سەربەستی و کوردستانێکی ئازاد ببینم، چونکە کورد ئەتوانێت بیسێنێ وە وتی لەکاتی گەرمەی جەنگدا شێخ مەحموود خۆی بەسەر چەکدارەکاندا ئەسووڕایەوە و کوژراوەکانی ئەبینی و شێرانە ئەجەنگ[**].

---

[*] بەکر صدقی (١٨٩٠–١٩٣٧)، بە ڕەچەڵەك کورد و خەڵکی دێی (عەسکەر)ی ناوچەی چەمچەماڵە. بوو بە ئەفسەرێکی پایەبەرزی کورد لە سپای عیراقدا، ١٩٣٦/١٠/٢٩ کودەتاییێکی عەسکەریی کرد و جڵەوی کاروباری عیراقی بەدەستەوە گرت. نەتەوەپەرستانی عەرەب ١٩٣٧/٨/١١ غافڵکوژیان کرد لە مووسڵ (میر بصری، اعلام الکرد، ص٢٠٠–٢٠١).

[**] شەڕی ئاوباریك ١٩٣١/٤/٥ لە دێی ئاوباریك ڕووی دا، هێزەکەی شێخی تێدا شکا و کشایەوە بۆ سنوور (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٣١٨–٣١٩).

ئەو قوتابیانە وەکوو شەفیق ئەحمەد ئاغا و باقیی نووری بەگ و ڕەئووف شێخ صالّح و غەفووری سەعید ئەفەندی وە ڕەشۆل عەبدوڵلا و لە ضابطەکان کامیل حەسەن* و مەحموود جەودەت و حامید جەودەت وە لاوانی سلێمانی پۆلێکی زۆر بوون بە هاوچەکی جەنگی، بەڵام پاش تەواوبوونی شۆڕش کامیل لە ناحیەی پێنجوێندا مابوەوە. مەلیك فەیصەڵی یەکەم لە پێنجوێن بوو، بەو مەرجەی بچێتە ژێر ئاڵای میری و داللە بدات لێی ئەبووریٚ، بەڵام کامیل نەچوو. ئیتر مەلیك وتی ((عفو ایتدم))، لێی بوردم و گەڕایەوە.

**تۆفیق وەهبی لە ڕۆژنامەی "الراصد"** (بەیرووت)

ژمارە—٣٧٦٦ و ڕۆژ ٢٤ی ئابی ١٩٣٢

ئەڵێت:

بيان من زعيم الاكراد الكولونيل توفيق وهبي بك نزيل بيروت الى "الراصد"

القضية الكردية في عصبة الامم

يعلم القراء ان الكولونيل توفيق وهبي بك زعيم الاكراد العراقي هو اليوم نزيل بيروت، وقد بعث الينا بالبيان التالي ننشره عملاً بقانون حرية النشر.

طالعت مقالات في جريدة الاحرار يوم ١٦ آب ٩٣٢ لكاتبه يوسف ملك مؤلف كتاب (فواجع الانتداب) زاعماً فيه ((ان الانكليز هم الذين فتحوا باب موضوع الاقليات منذ سنة ١٩٣٠ واخطروهم بتحريض الى مراجعة عصبة الامم)).

---

* کامیل کوڕی حەسەن کوڕی سۆفی محەمەدئەمین سادقە، ١٩٠١ لە سلێمانی لەدایکبووە. ڕوشدییە عەسکەریی سلێمانی و ئەعدادیی عەسکەریی بەغدا و مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولی ١٩٢٠/٤/٩ تەواو کردووە. ١٩٢٥ هاتووەتەوە بۆ وڵات، بووە بە ئەفسەر لە سپای عیراقدا. پاش شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی، هەڵاتووە بۆ لای شێخ مەحموود لە پیران و بەشداری جووڵانەوەکەی بووە. ١٩٣٢ تەسلیم بە حکوومەت بووەتەوە. کراوە بە مامۆستا لە چەمچەماڵ و تووزخورماتوو، ١٩٣٥ وەك ئەندازیار لە دائیرەی ئەشغاڵی بەغدا دامەزرێنراوە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ ئەشغاڵی سلێمانی و بووە بە بەڕێوەبەر. وا ماوەتەوە تا لە ١٩٤٠/٤/٢٣دا کۆچیدواییی کردووە. کامیل حەسەن ئەندامی دیاری جەمعییەتی زەردەشتی— ١٩٢٦، جەمعییەتی خۆیبوون— ١٩٢٧، کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان— ١٩٢٩ و کۆمەڵی سەربەرزیی کورد—١٩٣٠ بووە (بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: سدیق ساڵح، کامیل حەسەن لاپەڕەیکی ون، گۆڤاری "هەزارمێرد"، سلێمانی، ژمارە ٨، حوزەیرانی ١٩٩٩، ل١٦—٥١).

لما كان الاكراد الداخلون ضمن حدود دولة العراق قد راجعوا عصبة الامم ايضاً، بعد ان تأكد لديهم ان حقوقهم اهملتها المعاهدة العراقية– الانكليزية المنعقدة يوم ٣٠ حزيران ١٩٣٠، فدفعاً لكل شك ان يسببه المقال المذكور الافكار العامة، بأن الاكراد ايضاً سبقوا الى الباب المذكور الذي يزعم مؤلف الكتاب بأن الانجليز هم فتحوه، قد رأينا الضرورة تقتضى بتبيان الحقائق الاتية:

١) ان الاكراد في العراق لم يعترفوا قط بأن تشملهم كلمة الاقليات و يعترفوا بها، وذلك كما يأتى.

أ. كان الاكراد في كوردستانهم تلك يتمتعون بنوع من الحكم الذاتي قبل التفكير في تأسيس الدولة العراقية الحاضرة، اي منذ سنة ١٩١٨.

ب. الحكومتان الانكليزية والعراقية قد تعهدتا سنة ١٩٢٢ في بيان اصدرتاه بتأسيس حكومة كوردية ضمن حدود الدولة العراقية بأقرب وقت ممكن، على ان يعين الاكراد انفسهم شكل حكومتهم.

ج. الشرط الاساسي لالحاق هذا القسم من كردستان بالعراق نص على وجوب تأسيس ادارة كردية حسب رغائب الاكراد.

بنكەی ژین
www.zheen.org

٢– ليس لمراجعة الاكراد عصبة الامم اية صلة بباب موضوع الاقليات الذي ذكره المؤلف وذلك لما يأتي:

أ. في سنة ١٩١٩ اختلفت الاكراد ذو الحكم الذاتي قبل الحكومة العراقية اختلافاً شديداً مع الانجليز بشأن حقوقهم، كما جرى ذلك مع الحكومة العراقية، فانقلب الاختلاف حينذاك الى حرب شعواء وبعد ان ساقت الحكومة الانكليزية جيشاً عرمرماً على كردستان تم لها احتلالها.

ب. في سنة ١٩٢٢ عندما كانت الحكومة العراقية موجودة، ثار الاكراد في وجه الانكليز مطالبين بحقوقهم، فارغموا القوى الانكليزية المرابطة في (دربندي بازيان) على الانسحاب وأخلى حكامهم السياسيون وموظفوهم مدينة السليمانية في اوائل ايلول منسحبين بالطيارات، فكانت النتيجة تأسيس مختارية كردية في السليمانية.

ج. في سنة ١٩٢٣ توترت مرة اخرى العلاقات الكردية– الانكليزية واندلعت السنة الثورة في اوائل سنة ١٩٢٣ الى اوائل سنة ١٩٢٧ من جراء الحقوق نفسها. ولاخضاع الاكراد استخدم

الانكليز في الحروب الشديدة المنعقدة التي وقعت في غضون تلك المدة قواتهم الجوية الهائلة وجنودهم الهندية والجيش العراقي والقوات الاخرى الموجودة لديهم.

د. في سنة ١٩٣٠ إحتج الاكراد لدى عصبة الامم حيث وجدوا ان معاهدة الاستقلال ودخول عصبة الامم قد اهملت اهمالاً تاماً حقوقهم التي سبق ذكرها في المادة الاولى من هذا البيان.

الا ان هذا الاحتجاج السلمي لدى عصبة الامم اثارت ثائرة اركان الوزارة العراقية لدرجة انها اتخذت تدابير شديدة غير رشيدة سببت ثورة الشيخ محمود ولكن هذه الثورة اخمدت بفضل قوة الانكليز وسياستهم.

هـ. وكل من تتبع ثورة الشيخ احمد البارزاني سنة ٩٣١-٩٣٢ ومصيره لايحتاج الى التفكير كثيراً حتى يرى ان الانكليز اخذوا على عاتقهم اخلاء الجو قبل دخول العراق عصبة الامم.

فتبين مما تقدم ان الامة الكردية لاتتأخر عند اللزوم عن التضحية في سبيل الوصول الى حقوقها، فكيف يمكن ان تكون بحاجة الى تحريض الغير لها على القيام بعمل سلمي محض لتقديم احتجاجات الى عصبة الامم. هذا هو مجمل المشكلة الكردية في العراق وأخال ان بياني هذا كافٍ لاظهار الحقائق وتبيان وجهة نظر الاكراد للرأى العام. وبهذه المناسبة ارى من واجبي ان اختتم مقالي هذا بالكلمات التالية: لايحق لاي شخص غير كردي ان يتداخل بشئون الاكراد باسم الشعب الكردي، ومع ذلك فان الشعب الكردي يرحب ويعترف بالجميل لكل من يعطف على القضية الكردية من اي عنصر كان.

توفيق وهبى

بنكەی ژین
www.zheen.org

بەڵێ، وەهبی بەگ بەیانەکەی زۆر دڵسۆزانە و ڕاست پیشان داوە، بەڵام زۆرترینی کوردەکانمان بە گلەیین وە ئەڵێن ئەم کوشتار و پەرێشانییەی لە شارەکەی خۆیدا (سلێمانی) ڕووی دا، ئەو تاوانبارە، چونکە؛ ١) ئەگەر ئەیزانی ئینگلیزەکان ئەیانەوێت بە کوشتار لە کورد و مەبەستی تایبەتی خۆی عێراق بگلێنێت، ئەبوایە لەپێشەوە ئێمەی ئاگادار بکردایە، ٢) ئەگەر ئەوەی پێ نەئەکرا، نەهاتایە بۆ سلێمانی، یان خۆی بەبێ ترس ئاوێتەی گەلەکەی بکردایە و ماوەی ئەو کارەساتەی نەدایە، ٣) لە هەموو گرنگتر وە ئاسانتر ماوەی

نەدایە کە سوپای عێراق بێتە کایەوە و بە مەترالیۆز کوشتار بکات و نیوەی خێزانی شاری سلێمانی بخەنە شیوەن وە سەرەڕای ئەو هەموو ناهەمواریيە نزیکەی نیوەی پیاوانی شارەکە لە بەندیخانە توند بکرێت و بە کاری خراپ زەجر بکرێن.

وەهبی بەگ، بێجگە لە کورد حکوومەتی عێراقیش بە پیاوچاکی نەئەزانی، بەڵام لە کاتی شۆڕشەکەی بەکر صدقی پاشادا هاتەوە کایە وە کرا بە مودیری عامی ئەشغاڵ. بە داخەوە لە کاتی چاپکردنی بەرگی دووەمی (چیم دی)دا، داخەکەم وێنەکانمان بۆ ئامادە نەکرا کە لە جێگای خۆیدا پێشکەش بکرێت وە بە باشیشمان نەبینی چاوپۆشیی لێ بکەین. ئەوا ئەم جارە لەم بەرگەدا پێشکەش کرا:

بۆ ئەوەی ژمارەی پەڕەکانی بەرگی (٢) بە ئاسانی بزانرێت وە ئەگەر هاتوو دووبارە خوێندنەوە بە پێویست زانرا لە خوارەوە پیشان درا.

وتمان شۆڕشەکانی بەرزان لە بەرگێکدا پێشکەش ئەکەین، بەڵام ئێستا پێویست بووە ئەم پارچەیە پیشان بدەین.

## سەرەتای شۆڕش لە بەرزان

بنكەی ژین
www.zheen.org

سەرەتای شۆڕش:

١١– بەرزانی

ڕێگای شێتنە:

(کانوونی یەکەمی ١٩٣٠)

لە لایەن ئیدارەی موتەصەڕیفییەتی هەولێرەوە نێررام بۆ کردنەوەی ڕێگا لە (گەلی عەلی بەگ)ەوە تا (شێتنە) کە درێژیی ١٦ کیلۆمەتر بوو. کە گەیشتمە (باڵەکان)، وتیان بەرزانییەکان یاخین وە لە ئایینی ئیسلامی لایان داوە و بوون بە ئاپووری. قورئان ئەسووتێنن، سمێڵ ئەتاشن، گاگەل ئەکەنە ناو مزگەوت. ئەم چاووڕاوە زۆر گەرم ئەبیسترا. لە لایەکەوە زۆر ئەترسام وە لە لایەکیشەوە هیچ باوەڕم بەم هاتوهووتە نەبوو، چونکە ئەو کردەوانە پێویست نییە بۆ داوا و ئاواتێك.

لەو کاتەدا چووم بۆ دیانە، ناوچە و بارەگای ئاثوورییەکان. بیستم "کۆلۆنێل لاین" ضابط ئیرتیباطە و لە دیانە خۆی مەڵاس کردووە وە ئەم چاووراوەیش هەموو ڕۆژێك بە بەستەیەکی تازە بڵاو ئەبێتەوە، لە کارخانەکەی ئەوەوە دەرئەچوو.

هەر ئەو ڕۆژە لە دیانە بیستم کە بەرزانی پەلاماری دێهاتەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلانی داوە. دێهاتەکانیان سووتاندووە. مناڵ، پیر، ژن، پیاو ئەکوژن، تالان ئەکەن. لەم بابەتەیشەوە زۆر قسەم بیست. ئاصەف ڕەئووف خۆشەویست و برام بوو، لای کۆلۆنێل لاین کاتب بوو وە لە دیانە دائەنیشت. لێم پرسی: ئەم قسانە ڕاستە؟!

ئەمە وەڵامەکەیەتی بەبێ گۆڕین، وتی: بە شەرەفم، بە نیکاحم، بەرزانییەکان ئاگایان لەم قسانە نییە و هەمووی لەم ژوورەی لاینەوە دەرئەچێت، چونکە ئینگلیزەکان ئەیانەوێت حکوومەتی عیراق هەڵپەڕێنن، بەم هاشوهووشە کورد ئەکەن بە دوژمنیان، نە ئینگلیز هیچی لە کیس ئەچێت و نە عیراقیش پیاوی موخلێص و ڕاستی هەیە. با کورد و عەرەب یەکتر بکوژن. مەقصەدی ئینگلیزە عیراق بکەن بەژێر قەرزەوە و موعاهەدە و پەیمانیان پێ ئیمضا بکەن.

من نەختێك تێگەیشتم، ترسم کەم بووەوە. پاش ماوەیەکی تر لە دیانە میوانی "مەلیك ئیسماعیل" گەورەی تیرەی تیاری و باوکی یاقوو فەرماندەی سوپای ئاثووری بووین. لە کاتی وتووێژدا پرسیی: ئێوە دێو بە چی ئەزانن ؟ وتم بە شتێکی خراپ! وتی: کەوابوو ئینگلیزە.

بە ڕاستی من لەوێدا نەمئەوێرا خراپەی ئینگلیز بڵێم، چونکە ئاثوورییەکان نۆکەریان بوون. هەر دیسان ماوەم بۆ خۆی بەرەڵا کرد، وتی: ئەمە کارە بە ئێمە و ئێوەی ئەکەن؟! (ئێوە– کورد) ئەم بەنگوباوەی دوای بەرزانییەکانی ئەخەن ڕاستە؟ نەیبڕیەوە. بەرزانی بۆچی ئەبن بە ئاپووری. خۆیان لە ئێمە ئازاتر و پیاوترن خۆ، بەلای ئێمە سمێڵ زۆر شەرەفە. بۆچی لا ئەدەن بۆ مەسیحیەتی کە خۆیان دیندارن وە ئەم دینەیان چ ڕێگایەکی لێ گرتوون، ئەگەر داوای حەق و مافی خۆیان بکەن. کاشکی بیانویستایە ئێمە تێکەڵیان ببین، بەڵام ئینگلیز شەرەفی ئێمەی نەهێشت، ئێمەی دەربەدەر، بێجێگا و وەطەن و ئاوارە، چۆن بارزانی ئەبێت بە ئاثووری. ئاخ، بمانتوانیایە لە جیاتیی زمانیان پێی ئینگلیزمان

ببڕبایە، هەمووما‌ن ڕزگار ئەبووین. کوڕم ئینگلیز هەر لەگەڵ بەرزان یان شێخ مەحموودا حەرب ناکات، لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا لە حەربدایە. بیانوویان پێ ئەگرێت، بێجگە لە بەریتانیا کەس نابێت خاوەن شت بێت.

قسەکانی مەلیك ئیسماعیل و ڕەوشتی کار تێی گەیاندم کە ئینگلیز عیراقی بێئاشوب ناوێت. ئەم بزووتنەوەیەی بەرزان لەبەر ئەوەیە کە لە شێخ مەحموود دەستی شت، چونکە تێگەیشت کە شۆڕش ڕاستە و لە شیرازەی خۆیا نابێت کە چارەی بکا، ئیتر لە سلێمانی گواستیەوە بۆ بەرزان. هیچ نەبێت چەند ساڵێکیش حکوومەتی عیراقیان پێوە خەریك ئەکات. لەوێ بنیاتی شۆڕشی بەرزانی دامەزراند وە بۆ ئەوەی تووشی پارە لەناوبردنیان بکات، کردنەوەی ئەم ڕێگایە لە گەلییەوە تا (شێتنە)ی خستە سەر شانی عیراق. لە پاش ئەوەی کە من دەستم بە ئیشکردن کرد، تێگەیشتم کە بەرزانییەکان هیچ بەربەستێکمان ناکەن.

وا ئەزانم پاش نزیکەی مانگێك کە ڕۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠ دەستم بە ئیش کرد، لە لایەن قائیمقامی ڕەواندز "ڕەزا بەگ"ەوە پێم وترا کە ڕۆژی ٣ی مارتی ١٩٣١ سوپای عیراق ئەگاتە (باپشتیان) وە ئەبێت ئەو ڕێگایە تەواو بووبێت، ئیتر چی ئەکەیت بیکە، پارە زۆرە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەو ماوەیەدا موهەندیس و موحاسیب و کەس نەیئەوێرا بێت. هەر لە (زاری گەلی)دا پارەی کرێکاریان ئەدایە دەستم و ئەگەڕانەوە، وایان ئەزانی کە بەرزانییەکان پیاوخۆرن. ڕێگا گەیشتە (مەزنە)، سەر ئاوی (شێتنە). "قادر ئەفەندی ئایشەخان"* هات، وتی سبەینێ ئەچین بۆ گەلی، چونکە سوپای میری ئەگات. ٢ی مارتی ١٩٣١ چووین. پێشدار دوو ئینگلیز بوو، یەکێکیان قۆڵێکی نەبوو، بەبێ ترس پەڕینەوە و بە چیادا هەڵگەڕان و قائید فیرقەیش خەلیل زەکی پاشای کەرکوکی بوو، پیاوێکی ڕەزین و بەڕێز، ترسیان زۆر بوو کە بەرزانی لەناو گەلیدا بیانگرێت، بەڵام وا دەر نەچوو وە

* قالەی ئایشەخان ( ؟ – ئەیلوولی ١٩٣٤)، دەرچووی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموول بووە، لە حوکمداریی شێخ مەحموودا ئەفسەر بووە. پاشان بووە بە ئەندازیار لە دائیرەی ئەشغاڵ (ئەلبوومی شێخ مەحموودی حەفید، ل٢٢٧).

ڕاستیەکەی نازانین بۆچی جەنگی بەرزانی و حکوومەتی عیراق دامەزرا تا ۲۲ی حوزەیران ۹۳۲. لە جێگای خۆیدا دوایی ئەم باسە ئەخوێننەوە.

**شۆڕشی بەرزان، ۱۹۰۹ باوی عوثمانی:**

بە بۆنەی باسی پێشووەوە و زاڵییەتیی دوو حکوومەت بەسەر بەرزاندا و ئەو بەرزانیانەی کە لەناو بەرد و داری چیادا بە هەزار کولەمەرگی و ڕەنجی شانیان بەڕێوە ئەچن و زیندەگانییان بەجێ ئەهێنن وە هەموو چەرخی بیستەمیانی بە تاڵی و ناسۆرەوە بردە سەر، بەکورتی لە مێژووی ئەو گەلە دلێر و نەبەزە ئەدوێین.

بەرزان، لە هەرە ژووروووی ڕۆژهەڵاتی ژووروووی عیراق و لە ڕیزە چیاکانی چیای شیرین– چیاکانی شیروانەوە لە مەڵبەندی تورکیا و ئێراندایە. دانیشتووانی ئەم گوندە یەك تیرەن، تەنیا جەنگاوەریان نزیکەی ۳۰۰۰ چەکدار ئەبێت. ئەژدادی ئەم خانەدانە پیری نەقشبەندی و پیاوێکی دانا و بەڕێز و خاوەنشکۆ و بەرز و بڵند بوو. لە پاش ئەو باوکە مەزنە، سەرۆکییان کەوتە دەست شێخ عەبدوسسەلام.

**شۆڕشەکەی شێخ عەبدوسسەلام:**

بنکەی ژین
www.zheen.org

پیاوێکی دانا و بەبیر و تێگەیشتوو، گەلنەواز، بەڕێوەبەر بوو. بەرامبەر بە یاساشکاندن و زاڵیەتیی کاربەدەستانی حکوومەتی عوثمانی هەندێك داوا و پێویستیی ناوچە و گەلەکەی پێشکەش بە والیی مووصڵ کرد، بۆ ئەوەی ئەو خەرج و باجەی کە بەسەر گەلەوەیە، لە ڕێگەی دەستوور و یاسادا بسێنرێت و مافی گەلایەتییان بپارێزێت.

حکوومەت ئەم داوایەی بە یاخیەتی پیشان دا و فەرمانی ناردنی لەشکر و سوپا درا بۆ گرتنی شێخ و سووتان و کوشتنیان وە لە لایەن میرییەوە عەشایرە کوردەکانیش هان درا و کۆمەکی میرییان کرد. هەر چەندە بەپێی ئەو نووسراوانەی بڵاوکرانەوە، گوایا ناظم پاشای والی لەگەڵیا ڕێك کەوت و مانەوە.

بەڵام ئەم ڕێککەوتن و تەباییە لە کاتی بانگی جەنگی یەکەم ۱۹۱٤دا هەڵوەشایەوە. شێخ عەبدوسسەلام وتی: من عەسکەر، یان لەشکر نادەم بینێرن بۆ جەنگ و لە پێناوی بێگانەدا بە کوشتی بدەم، چونکە خۆم بە دۆستی ئەم دەوڵەتە

نازانم. ئیتر ماوەی نەدا بە گەیشتنی پیاوانی میری بە ناوچەکەی و هیچ خەرجییەکیش نەدا. پەلاماری (عەقرە)ی دا، مەئموورەکانی دەر کرد. جا حکوومەتی مووصڵ لەگەڵ زێبارییەکاندا ڕێك کەوت و پەلامارێکی سەختی شێخ عەبدوسسەلامیان دا و بارزانیان گرت و پەرێشان کران وەکوو زانراوە. دوای ئەم کردەیەیان، شێخ سەلام گەڕایەوە بەرزان. ساڵێکی بەسەرا ڕابورد پەلاماری دوژمنانی خۆی دایەوە، والیی مووصڵ "سلێمان نەظیف" کورد بوو، چووە لای شێخ سەلام، ئامۆژگاریی کرد، وتی: حکوومەت دەسەڵاتدارە، چی لەناو بچێت ئەتوانێت دە چەندانە تۆڵەی بکاتەوە. ئەوەی لە تۆ کەم ئەبێتەوە، ناگەڕێتەوە، چارەی حکوومەت بە تۆ ناکرێت.

لە وەڵامدا وتی: من لەپێناوی ئازادیی گەلەکەمدا کە کوردین، هەموو ئازارێك ئەچێژم. بۆچی حەقی کورد نادەن، بێگومان والی وەڵامی داوەتەوە. لە دواییدا بە والی ئەڵێت، یەکێك لەو چەکدارانە بانگ بکە. والیش گازی چەکدارێك ئەکات و دێت. شێخ سەلام ئەڵێت: بچۆ لە سەربانەوە خۆت بخەرە خوارەوە، چەکدارەکە –بەبێ پرس و وەڵام– چوو لەسەر ئەو سەربانە بەرزەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوە و پارچەپارچە بوو. بە والیی وت ئەمەتان هەیە؟!

ئیتر والی گەڕایەوە، بە وەزارەتی داخلییەی گەیاند. لە وەڵامدا پێیان وت: ئێمە بڕیارمان دا. بنێرە شێخ سەلام بانگ بکە، بزانە چیی ئەوێت، ئاگادارمان بکە. والیش ئەم مژدەیەی بە هەلێکی گەورە زانی، دەستبەجێ شێخ سەلامی ئاگادار کرد، بەڵام والی لە فێڵی وەزیر ئاگادار نەبوو. کە شێخ گەیشتە لای والی دەستبەجێ بە برووسکە ئاگاداری کرد. لە وەڵامدا ئیرادەی سنییەی سوڵطانی بە خنکاندنی شێخ عەبدوسسەلام بە والیی گەیاند. والی نەیکرد، دایان بە عەسکەری و خنکاندیان. وەکوو زانراوە بەبێ ئەوەی مەحکەمەیەك بڕیار بدات وە یان حاکمێك بینیبێتی، ئەم گوناهە بەرامبەر بەم کوردە مەزن و بڵندە کرا وە لەلایەکی تریشەوە ئەڵێن بە یارمەتیی زێبارییەکان شێخ سەلام گیرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پاش شێخ عەبدوسسەلام، شێخ ئەحمەدی برای:**

شێخ ئەحمەد پیاوێکی لەسەرخۆ و هێمن و ئازا و دلێر و نەترس. پاش جەنگی یەکەم و هاتنی ئینگلیز بۆ عیراق، شێخ ئەحمەد بە هەلی زانی (بەرزان)ی لە (عەقرە) جیا کردەوە و خستیە سەر (ڕەواندز)، پەلاماری شیروانییەکانی دا و تا (مێرگەسوور)ی داگیر کرد، بەبێ ئەوەی خەرج و باج بدا و حکوومەتی ئینگلیز یان عیراق بناسێت تا ١٩٣٠ بەبێ دەنگ دانیشت، بەڵام وردە وردە جەنگی عەشایر ڕووی ئەدا.

حکوومەتی عیراق بڕیاری دا کە لەو ناوچانەدا قەڵای پۆلیس و خانووی میری دروست بکات. تابوورێك عەسکەری نارد بۆ (بلە)، بەڵام شێخ ئەحمەد ماوەی نەئەدا ئەو تابوورە عەسکەرە دەسەڵاتیان بێ و حکوومەت پرۆغرامەکەی بێنێتە جێ. جا حکوومەت بڕیاری دا کە لە عەلی بەگەوە تا شێتنە ئەو ڕێگایە بکاتەوە و بیگەیەنێتە مێرگەسوور. وەکوو لەمەوپێش وترا، نووسەری ئەم نامیلکەیە نێررا. بەڕاستی چاوڕاو و فڕوفێڵی حکوومەت بەرامبەر بە بەرزانی و دراوسێکانیان کە دوژمنیان بوون، زۆر خراپ و کوشندە بوو. ئەیانویست لە ڕووی ئاینەوە هانی عەشایرەکان بدەن کە بە ئیجباری بچنە سەر شێخ ئەحمەد و لە بن‌وبنجیان دەرهێنن وە ماکی ئەم کار و پرۆغرامەیش "کۆلۆنێل لاین" بوو کە لە (دیانە) دائەنیشت. ڕێگامان گەیاندە (هەودیان)، بەفر زۆر بوو. ئەو ڕۆژە خۆم و کرێکارەکان لە ئاوایی هەودیان بووین، لەبەر ساردی و زۆریی بەفر ئیش وێستابوو.

"کۆلۆنێل لاین" بە سواری هاتبوو وە پیاوێکی نارد کە لەگەڵ دوقتۆری کرێکارەکان بچم بۆ لای. زۆر بە پەلە چووم. لە دوور دانیشتبوو، خواردنی ئەخوارد. نزیکەی سەد سوارەی پۆلیسی سلێمانیی لەگەڵ بوو. قادر ئەفەندی "ئایشەخان"ی موهەندسیشی لەگەڵ بوو. پاش خواردنەکەی، هات. زۆر بە تووڕەیی وتی: چەند مانگە لێرەیت، کەی تەواو ئەبێت. تۆ ناتەوێت ئەم ڕێگایە تەواو ببێت! تائێستا چەند جار بە شەو بەرزانییەکان هاتوونەتە لای تۆ؟ لەم وێنە پرسیارانەی زۆر کرد. بەڵام من نەمئەزانی وەڵامی چی بدەمەوە، ماوەی قسە کردنی منی نەئەدا. پاش زۆر قسە و هەڕەشە وتی: وا من ئەڕۆم، زوو تەواوی بکە– ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ [١٩٣٢].

پاش نزیکەی ٢٠ ڕۆژ ١٧ی شوباط قائیمقامی ڕەواندز "ڕەزا بەگ" داوای کردم چووم. وتی: ((موتەصەڕیف بە تەلغراف تۆی ئەوێت، ئەیەوێت بتنێرێت بۆ جنووب، من زۆر دیفاعم بۆ کردیت، بەڵام بێفائیدە بوو)). گەڕامەوە، تەنیا لەم ڕێگەیەوە (بەرزان) بۆ ڕێگای (ڕایەت) نێررام و تەلگرافەکە هەڵوەشایەوە. پاش شەش مانگ چووم بۆ هەولێر، تێگەیشتم کە کۆلۆنێل لاین بە موتەصەڕیفی وتووە (نەك بە نووسین) گوا من ئیلتیحاق ئەکەم بە شێخ ئەحمەدی بەرزان.

لەبەر ئەوەی حکوومەتەکانی عێراق و ئینگلیز ئەیانویست لە ڕێگەی ئاینییەوە هانی عەشایرەکانی دراوسێی بەرزان بدەن و ئێڵجاڕی بچنە سەریان وە بە یەك جار لە ڕەگوڕیشەیان دەربهێنن. بەڕێوەبەری ئەم پیلانەیش "لاین" بوو، لە دیانە دائەنیشت. لە لایەن حکوومەتەوە ئەم دۆزانە بڵاوکرایەوە.

## دۆزان (بلاغ)[٤٣]

لەم دوایی‌یەدا پیاوانی شێخ ئەحمەدی بەرزانی وورووژمیان بردۆتە سەر دێهات و دانیشتووانی دراوسێکانیان. بە سووتان و تاڵان و کوشتن دەستدرێژی ئەکەن، فەرمان درا کە سوپاییەکانی (بلە) نومایشێك بکەن. بەڵام لەم خۆپیشاندانەدا جەنگێکی بەرامبەری رووی دا. لە ڕۆژی ٩ی ئەم مانگەدا لە عەسکەر ١٣ کوژراو بە ضابطەوە و ٩ بریندار، لە بەرزانیەکان ٢٠ کوژراو، ٣٠٠ بریندار ڕووی داوە.

حکوومەت بۆ بڕینی دەستی پیاوخراپ و ناردنی هێزی سوپایی وە فڕۆکەی بەریتانیایش، ئەگەر پێویست بوو، بۆ یارمەتی بڕیاری داوە. بۆ گەیشتن بە ئامانج بڕیاری تەواو درا کە لە ژووروویی ڕەواندزەوە تا (ڕووکوچك) وە لە (بلە) و (عەقرە)یشەوە بۆ سەر بارەگای شێخ هێز بنێرێت. بۆ ئەوەی پاش ئابلۆوقە لای ژوورووەوە شێخ ئەحمەد تەنگاو بکرێت و ناچار بێت یان خۆی بدات بەدەست حکوومەتەوە وە یان بەرەو ڕۆژئاوا ڕابکات، تاوەکوو تووشی هێزی پۆلیس ببێت وە هێزی فڕۆکەی بەریتانیایش یاریدەری پۆلیس ببێت و ئەمەیش دۆزانی دووەم.

---

[43] الدرة، القضية الكردية، لاپەڕە ١٢٥.

## دۆزان (بیان)

بۆ ئەوەی سوپای میری لە مانگی نیسانی ١٩٣٢دا پاش حەسانەوە و خۆئامادەکردن لە (ڕۆکوچك)ەوە بۆ مزووریی باڵا بپەڕێتەوە، لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە داوا لە موعتەمەدی سامیی بەریتانیا کرا کە هێزی فڕۆکەی بەریتانیا یاریدەدەری سوپای عیراق بێت بۆ ئەوەی لە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی مزووریی باڵاوە فڕۆکە بۆمبارانی هێزی شۆڕشگێڕان بکات، بڕیار درا کە هێزی فڕۆکەی بەریتانیا ڕۆژی ٢٩ی نیسان دەست بە بۆمباران بکات، بەڵام لە پێشەوە بۆ ٢٥ دێی (دۆزان) بڵاوکرایەوە کە لە پێش بۆمبارانیاندا دالڵە بدەن بە حکوومەت.

بەڵام بەخت نەیهێنا، یەکێك لە فڕۆکە بۆمباهاوێژەکانی وا بی. ئی. پۆلی ٥٥ لەدەست وەشاندن و بۆمبارانداندا ڕۆژی ٢٦ی نیسان لەنزیك (شیروانی مەزن) کەوتە سەر زەوی. دەستبەجێ لە لایەن شێخ ئەحمەدەوە فڕۆکەوان وە یاریدەرەکەی گیران و بە یەخسیری بران وە بە بۆنەی هەندێك ئازارەوە لە شانی یاریدەدەرەکەدا داوای ماوەدانی ناردنی پزیشکێك درا بە شێخ ئەحمەد. لە لایەنی شێخ ئەحمەدەوە بەڵێن درا بۆ ناردن و گەڕانەوەی پزیشك بە بێوەیی. ئیتر بۆ ماوەیەك بومباردمان وێستا، ٢ی مایس.

لەگەڵ "کەپتان هۆڵت"* کە کوردیزانێکی بەریتانی و مووەزەفێکی موعتەمەدی سامی بوو، پزیشك گەیشتە مزووریی باڵا، ٣ی مایس.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* ڤیڤیان هۆڵت. ١٨٩٦/١/٢٥ لەدایکبووە. لە ١٩١٩ ەوە لە عیراق کاری کردووە. یەکێکی ئەو ئەفسەرانەی ئینگلیز بووە کە ١٩١٩/٥/٢١ شێخ مەحموود گرتنی و دەستبەسەر لە دەبۆی سلێمانیدا هێشتنیەوە. لە یەکەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا لە ناوچەی سلێمانی، حاکمی سیاسیی چەمچەماڵ و یاریدەدەری "گۆڵد سمیث"ی حاکمی سیاسیی سلێمانی و ئەندامی مەجلیسی لیوای سلێمانیش بووە. پێبەپێ دەرسی ئینگلیزیی لە قوتابخانەی نموونەی سەعادەت وتوەتەوە. دوایی کە مس بێڵ لە ١٩٢٦دا مردووە، وەزیفەکەی گوێزراوەتەوە بۆ سکرتێریی بەشی ڕۆژهەڵات لای کۆمیسێری بەرزی بریتانیا لە عیراق. نامەکارییەکی زۆری لەگەڵ شێخ مەحمووددا هەبووە. نەخشی دیاری لە بناوانشێلان بۆ ڕێککەوتنی ١٩٢٧ی نێوان شێخ و کاربەدەستاندا هەبوە. کە شێخ بۆ دواجار لە ١٩٣١دا لە پێنجوێن خۆی تەسلیم کردەوە، کاپتن ڤیڤیان هۆڵت وەریگرتەوە. دواتر بوو بە سکرتێری دائیرەی ڕۆژهەڵاتی لای مەندووبی سامی. پاش دووەم جەنگی جیهانی، بووە بە باڵوێزی بریتانیا لە ئێران. ١٩٤٩ کراوە بە باڵوێز لە کۆریا. ١٩٦٠/٧/٢٩ کۆچیدوایی

به بۆنەی چوونی پزیشك و جەنگوێستانەوە، ویسترا کۆتایی بە جەنگ بهێنرێت. شێخ ئەحمەد خۆی بدات بەدەست حکوومەتەوە. وتووێژ تا ٢٣ی مایس درێژەی کێشا و بێسوود بوو. ڕۆژی ٢٤ی مایس لەگەڵ ڕۆژئاوابووندا شێخ ئەحمەد لە حکوومەتی گەیاند کە ((ماوەی ڕێککەوتن نەما)) وە تەواو بوو. جا حکوومەت بە هۆی فڕۆکەیەکی (ڤیکتۆریا)وە بە زمانی کوردی بە دەنگێکی گەورە بەسەر دانیشتووانی ناوچەکەدا بانگی ئەکردن بۆ دالّلەدانیان بە میری.

ڕۆژی ٢٥ی مایس سەرلەنۆ فڕۆکە دەستی کردەوە بە بۆمبابارانی ئەو جێگایانەی کە شۆڕشگێڕان خۆیان تێدا شاردبۆوە. فڕۆکە ڕێگای لەوانە بەست کە دێهاتیان چۆڵ کردووە و ئەیانەوێ بگەڕێنەوە بە بۆمبا. ماڵ و ڕەشماڵیان سووتا و وێران کرا، بڵێسەیان چوو بە عاسماندا، بە تایبەتی جێگای دانیشتنی شێخ ئەحمەد زۆر بە شیددەت و سەختی بۆمباباران ئەکرا. لادێییەکان هەموو دێهات و خانوویان بەجێهێشت، خۆیان گەیاندە سەر لوتکەی شاخەکان، ٢٧ی مایس.

لە ڕۆژی ٢٩ی مایسدا زانیمان کە بۆمبابارانەکەمان زۆر کاریان لێ ئەکات و ورەیان بەرداوە وە زانرا کە هێزەکەی شێخ ئەحمەد لە ڕۆژی ٣٠ی مایسدا پەرش‌و بڵاو بوونەوە. ئیتر لە ڕۆژی ٣١ی مایسەوە لە دانیشتوەکانی (باروش)ەوە دەست کرا بە گەڕانەوە و دالّلەدان. کار لەدەست شێخ ئەحمەددا ترازا. ڕۆژی ٩ی حوزەیران "محەمەدصدیق"یش داوای لێبوردنی کرد وە وتی شێخ ئەحمەدیش داوای وێستانی جەنگ ئەکات.

لەم ماوەیەدا شێخ ئەحمەد و پیاوەکانی چووبوونە سەر ئەو چیایەی کە ٨ هەزار پێ بەرزە وە لەناو ئەو ئەشکەوتانەدا ئەژیان کە فڕۆکەوانەکان بۆیان نەئەدۆزرانەوە. بەڵام خۆشاردنەوەی بۆ دەست نەئەدا، ناچار بوون بە جێهێشتنی ئەو جێگا و مەکۆیانەیش. شێخ ئەحمەد و چەکدارەکانی خۆیان گەیاندە مەڵبەندی تورکیا بۆ ئەوەی دالّلە بدەن بە تورك یان ئێران، ١٣ی حوزەیران.

---

کردووە (سدیق سالّح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، سلێمانی، ژمارە ٣، نۆڤەمبەری ٢٠١١).

سوپای عیراق ڕۆژی ١٤ی حوزەیران گەیشتە (شیروان مەزن) کە شێخ و چەکدارەکانی چەند ڕۆژێك لە (زیتا) مابوونەوە، فرۆکە ماوەی نەدان و لە ترسی گەیشتنی سوپا زیتایشی بەجێهێشت وە داڵڵەی دا بە تورکیا. ئیتر بۆ حکوومەت بە بەرەڵا بوو وە دەست کرا بە قەڵا دروستکردنی پۆلیس و عەسکەر دامەزراندن.

**شۆڕشی تازە:**

پاش ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەد بۆ تورکیا سەرۆکایەتیی کەوتە دەست مەلا مصطەفای برای. لە بەرزاندا جەنگ دواییی نەهاتیوو. "خەلیل خۆشەوی" کە یەکێك بوو لە بەرزانییە ناسراوەکان، دەستی کردەوە بە شۆڕشگێری وە تێکدانی کار و پرۆغرامی حکوومەت، کە لەوکاتەدا میری بڕیاری دابوو بە قەڵا دروستکردن بۆ پۆلیس و هێزەکانی لە ناوچەی (مێرگەسوور) و (بلە)دا، جا مەلا مصطەفا بەرامبەر بە حکوومەت وێستا و ماوەی دامەزراندنیانی نەدا وە قائیمقامی ڕەواندز و موهەندیسەکەیان کوژران.

حکوومەت ناچار بوو بە ناردنی هێز و سوپا و دامەزراندنەوەی جەنگ، بەڵام خەلیل خۆشەوی کوژرا. لە مانگی شباگی ١٩٣٦دا حکوومەت توانیی دەست بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ و مەلا مصطەفایش چوو بۆ ناو چیاکان، هێشتا بەڵگەی جەنگ مابوو، شۆڕشەکەی بەکر صدقی دەستی پێکرد. جەنگ وێستا. لەسەر ویستنی بەکر صدقی، بەرزانی ڕێك کەوت و بەدەستبەسەری نێرران بۆ سلێمانی.

ئەم خێزان و ماڵ و مناڵە لێقەوماوە لە ژیانێکی ناتەواویدا لە سلێمانیدا ئەژیان. تا لە نەکاو وە لە کاتێکدا بانگی جەنگی دووەم درا، مصطەفا بەرزانی لە سلێمانییەوە بەبێ ئاگای حکوومەت خۆی گەیاندە بەرزان و دەستیان دایەوە چەك و بەرامبەر بە ناڕەواییی پیاوانی میری بانگی شۆڕشیان دایەوە. بەڵام حکوومەت بە هۆی شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانییەوە توانای ناردنی هێز و سوپای نەبوو، دیسان بچێتەوە جەنگی ١٩٤١ بەرزان، ئەم جارە حکوومەت لە جیاتیی جەنگی خوێنڕشتن سیاسەتی بەکار هێنا. لە دروستبوونی وەزارەتی ١٩٤٣دا ماجد مصطەفا کە کورد بوو، کرا بە وەزیری دەولە. داوای

ڕێکخستنی مەلا مصطەفایان لێ کرد. لەسەر ئەم داوایە چوو بۆ بەرزان. بەرزانی بینی، لەگەڵ خۆی ماجد و مەلا مصطەفا هاتن بۆ بەغداد، ٧ی کانوونی دووەمی ٩٤٤.

لە وزارەتی داخلییە، بەرزانی و پیاوەکانی میری کۆ بوونەوە. لەجیاتیی ئەوەی پێویستیان چی بێ بزانرێت و یارمەتیی ئەو گەلە پەرێشانە بدرێت، بڕیاریان دا کە بەرزانی لە دووری بەرزان دانیشێت و چەکەکانیان بە تەواوی بدەن بە حکوومەت. داوایان لە بەرزانی کرد بۆ ئەوەی فەرمان و بڕیارەکەی حکوومەت بهێنێتەجێ، گەڕایەوە بۆ بەرزان، مارتی ١٩٤٥. بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بە بەرزان، بانگی شۆڕشی دایەوە وە پەلاماری قوڵغ و قەڵای پۆلیسەکانی دا وە وتی: بەرزانیەکان بەبێ چەك ناژین. نایشزانین بە گۆچانەوە بجەنگین. ئایا میری خۆی نازانێت کە بەلای کوردەوە چەك لە ڕۆڵە خۆشەویستره؟ سەر ئەدەین چەك نادەین. دوور نییە بۆ ئەم جارە دەستی ماجدیش تێکەڵ نەبووبێت.

لە مانگی ئاغوستۆسدا لە لایەن حکوومەتەوە لە هەموو ناوچەکانی بەرزاندا ئەحکامی عورفی بڵاو کرایەوە، سوپایش دێی (بەرزان) و (بلە)ی داگیر کردەوە.

ئەم جارە و ئەم شۆڕشە بەلای هەموو کوردەوە زۆر گرنگ وە پیرۆز بوو. لە هەموو لایەکەوە کورد وە –بە تایبەتی– لە عەسکەر و ضابطانی کورد زۆر ئاوێتەی بەرزانی بوو، لەوانە عیززەت عەزیز، محەمەد قودسی، خەیروڵڵا، جەلال ئەمین بەگ، مصطەفا خۆشناو بوو بە هاوچەکی شۆڕشگێڕانی کورد.

وەکوو زانرا بەرامبەر بەدبەختیی پیاوانی میری و کارەساتی سووتان و وێرانکردنی دێهات و چاندگە و پەرێشانیی گەلەکەی، مەلا مصطەفا چوو بۆ (مەهاباد) بۆ هاوکاریی گیانبەختکەرانی کوردی کۆمەڵە (بەپێی بیستن قاضی محەمەد داوای کردبوو) لە مەهاباد. پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند. هەمزە عەبدوڵڵای نارد بۆ سلێمانی بۆ دامەزراندنی لقی پارت. وەکوو زانرا یەکەم جار "مامۆستا کەریم زەند"ی مامۆستای قوتابخانەیەکی سلێمانی دۆزرایەوە و کاروباری پارتیی بە ناوی سکرتێرییەوە درایە دەست. بەڵام لە پاش ماوەیەکی کەم ئەویش چوو بۆ مەهاباد و بوو بە هاوکاری کۆمەڵە و پارت. بۆ جاری دووەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەمزە هاتەوە، ئیبراهیم ئەحمەد هەڵبژێررا. کارەساتی بەڕێوەچوون و یارمەتییەکەی سلێمانی بۆ کۆمەڵە چیی بەسەر هات، لە بەرگی دواییدا ئەیخوێننەوە.

بەڵام لە دوادواییدا ضابطەکانی باسمان کرد، هاوڕێی بەرزانییان نەکرد. بە هەرچی بۆنەیەکی سیاسییەوە بوو کۆمەڵە تێك درا (باسی کۆمەڵە و مەهاباد بەجیا ئەخوێننەوە). مصطەفا بەرزانی و چەکدارەکانی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان. بەڵام لەو کاتەدا حکوومەت بە تەواوی دەستی بەسەر ناوچەکەیاندا کێشابوو، بۆ ئەوەی جێگایەکی ژیان بدۆزێتەوە، بڕیاری بەجێهێشتنی نیشتمانەکەی خۆی دا.

لەسەر داوا و ویستنی عیراق، تورك و ئێران لەوکاتەدا کە دۆست و هاوبیر بوون بۆ لەناوبردنی کورد، لە هەرسێ حکوومەتەکەوە سوپا گەیەنرایە مەڵبەندەکانیان وە وایان-زانی کە بەرزانی ئیتر دەرچوونی نابێت، بەڵام ڕێگای مەردان ناگیرێت. پاش ئەوەی جەزرەبەیەکی باشی دا لە ئێرانییەکان و هەڵمەتێکی دلێرانە بە ڕووی سوپای عیراقدا بەسەر سوپا مەزنەکەی تورکیادا کە بۆ گیانی بەرزانی خۆیان مەڵاس دابوو، پاش جەزرەبەیەکی باشی ئەوانیش خۆیان و چەکدارەکانیان خۆیان گەیاندە حکوومەتی یەکیەتیی سۆڤیەت. وەرگیرا، کرا بە جەنراڵ و مەشقی تەواویشی بینی.

بەڵام حکوومەتی عیراق شێخ ئەحمەد و پیاوەکانی لە بەصرە لە بەندیخانە توند کرد و بڕیاری خنکاندنی دان وە لە ژووری ئیعدام و بە بەرگی ئیعدامییەوە حەپس کران. ئیتر بارزانی لە سۆڤیەت و تا ئێرە دوایی بەم باسە درا. درێژەی شۆڕشەکان و تا شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ٩٥٨ لەگەڵ دامەزراندن و ڕماندنی کۆمەڵە لە مەهاباد و زۆر باسی مێژوویی لە بەرگی (٤)ی زنجیرەی (چیم دی)دا ئەخوێننەوە.

**شۆڕشەکەی بەکر صدقی پاشا**

بەکر صدقی چابگێکی کوردی زانا و تێگەیشتووی عەسکەری تورك بوو پاش تەواوبوونی جەنگی یەکەم ١٩١٤ گەڕایەوە و چووە سوپای عیراقییەوە. بەکر زادەی دێی (عەسکەر) لە ناوچەی (ئاغجەلەر)– چەمچەماڵە. لە سوپای عیراقدا مەشق فێرکردنی ضابطە ئینگلیزەکانی پەسەند نەئەکرد وە ئەیویست بیگۆڕێتە سەر ڕەوشتی تورکەکان کە

www.zheen.org

له ئەڵمانەکانیان وەرگرتووە. لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان خۆشیان نەئەویست. بێگومان وەزارەتیش هەروەها، بەڵام بەکر خۆی کوردێکی زۆردار و نەترس بوو. بەتایبەتی لەم کاتەدا کە مەلیك غازی خۆیشی لە دەستدرێژیی ئینگلیزەکان و کلکەکانیان لە کاروباری نابەجێی عیراقدا وەڕس بوو، لایەنگریی بەکر صدقیی ئەکرد.

بەکر کوللییەی ئەرکانی تەواو کرد، کرا بە فەرماندەی فیرقەی ٢ لە کەرکووك. سەرەكوەزیرانی عیراق "یاسین پاشا هاشمی" بوو، مەلیك ئەیویست بیڕووخێنێت. بەڵام ئینگلیزەکان پشتیوانی بوون، ماوە نەئەدرا وە بە هەڕەشە وەڵامی مەلیك ئەدرایەوە. جا باوەڕپێکراوەکەیشی تەنیا بەکر صدقی بوو کە پیلانی ڕزگاریی بۆ دامەزرێنێت. بە ناوی مەشق و موناوەرەی چیایی‌یەوە، لە کەرکووکەوە چوو بۆ (قەرەغان– جەلەولاو) و پاش یەكدوو ڕۆژ لە ناکاو بەکر پاشا بە سوپا سوارە و پیادەکەیەوە گەیشتە (خان بەنی سەعد). حکوومەتی یاسین پاشای ڕاپەڕاند و تێگەیاند کە دەستبەردار بێ. جا بە بیستنی گەیشتنی بەکر صدقی پاشا بە (خان بەنی سەعد)، بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە، جەعفەر پاشا عەسکەری کە وەزیری دیفاع بوو، لە بەغداوە هات بەپیر بەکر صدقی پاشاوە. بەڵام لە لایەن بەکر پاشاوە فەرمان درابوو کە ماوەی هیچ کەسێك نەدرێت بگاتە ناو سوپاکەی وە بچێتە بارەگاکەی. بۆ ئەم فەرمانەیش فەرمان درابوو بە "جەمال جەمیل" یەکێك لە ضابطە باوەڕپێکراوەکانی. جا لە کاتی گەیشتنی جەعفەر پاشادا، ڕێگا نەدرا و پێی گەیاندبوو نابێ بچێت. پاشایش بەبۆنەی پایەبڵندیی خۆیەوە کە گوێی نەداوەتێ و ئەویش بە بۆنەی بەجێهێنانی فەرمانی گەورەیەوە جەمال، جەعفەر پاشای بە بەرگی عەسکەرییەوە کوشت وە لە نزیك خان بەنی سەعدەوە کرا بەژێر خاکەوە.

ئەم دۆزان (بەیان)ە بڵاو کرایەوە:

ڕۆژنامەی "الصباح"، ٢١ تشرين الثاني ١٩٣٦، ٦ رمضان [١٩٣٥]

نسورنا العراقية

حامت فوق سمائنا هذا اليوم سبع طيارات عراقية وهى تزف ابناء الشعب البشرى التالية:

ايها الشعب العراقي الكريم

لقد نفذ صبر الجيوش المؤلفة من ابنائكم على الحالة التي تعانيها من جراء اهتمام الحكومة الحاضرة لمصالحها وغاياتها الشخصية دون ان تكترث بمصالحكم وبرفاهكم. فطلب لي صاحب الجلالة الملك المعظم اقالة الوزارة القائمة وتأليف وزارة من ابناء البلاد المخلصين برئاسة السيد حكمت سليمان الذي طالما لهجت البلاد بذكره الحسن وموافقه المشرّفة وبما انه ليس لنا قصد من هذا الطلب الا تحقيق رفاهكم وتعزيز كيان بلادكم، فلا شك في انكم تعاضدون اخوانكم افراد الجيش ورؤسائه وتؤيدونه بكل ما اوتيتم من قوة وقوة الشعب هي القوة المعول عليها في الملمات.

وانتم ايها الموظفون، لسنا الا اخواناً وزملاء لكم في خدمة الدولة التي نصبو كلنا الى جعلها دولة ساهرة على مصلحة البلاد واهلها عامة، على خدمة شعبكم قبل كل شيئ، فلابد وانتم ستقومون بما يفرضه عليكم الواجب الذي الجأنا الى تقديم طلبنا الى صاحب الجلاله ملكنا المفدى لانقاذ البلاد بما هي فيه فتقاطعون الحكومة الجائرة و تتركون دواوينها ريثما تؤلف الحكومة التي ستفتخرون بخدمتها اذ ربما يضطر الجيش بكل الاسف لاتخاذ تدابيرها الفعالة خلالها لاجتناب الاضرار بمن لا يلبي هذه الدعوة مادياً وادبياً.

الفريق بكر صدقي

قائد القوة الوطنية الاصلاحية

٢١ تشرين الثاني ١٩٣٦

رمضان

بنكەی ژین
www.zheen.org

بەكر صدقی پاشا لەگەڵ محەمەدعەلی جواد فەرماندەی هێزی فڕۆكەی عیراقیدا هاوپەیمان و هاوبیروباوەڕ بوون. لەگەڵ بڵاوكردنەوەی بەیانەكەدا دوو بۆمبایش درا بەسەر بەغداد و دوایی بە سەرۆكوەزارەتی یاسین پاشا درا و ڕۆیشت بۆ شام.

ملحق جريدة "الصباح"، ٢١ تشرين الثاني ١٩٣٦

حدوث انقلاب عسكري في بغداد

استقالة الوزارة السابقة وتأليف وزارة جديدة

حدثت انقلاب عسكري اليوم في بغداد، قام به الجيش العراقي وعلى رأسه القائد الكبير السيد بكر صدقي وقد استقالت الوزارة الهاشمية على الاثر وتألفت وزارة جديدة برئاسة فخامة السيد حكمت سليمان وقد وقع هذه الانقلاب بصورة سلمية بدون ان تفسك الدماء.

اسماء الوزراء الجديدة

وقد تم تأليف الوزارة الجديدة على الشكل التالي:

١- السيد حكمت سليمان لرئاسة الوزراء و وزير الداخلية.

٢- السيد جعفر ابو التمن وزير المالية.

٣- امير اللواء عبداللطيف نوري وزير الدفاع.

٤- الدكتور ناجى الاصيل وزير الخارجية.

٥- السيد كامل الجادرجي لوزارة الاقتصاد والمواصلات.

٦- السيد صالح جبر لوزارة العدلية.

٧- السيد يوسف عزالدين ابراهيم لوزارة المعارف.

وقد وصلت قطعات الجيش بغداد قبل نصف ساعة وقوبلت بالهتافات والتهليل من قبل مختلف طبقات الشعب.

بنكەی ژین
www.zheen.org

بەکر صدقی پاشا ویستی بە پێچەوانەی ئاوات و ویستی ئینگلیزەکان حکوومەتێکی تازە و دوور لە پیاوە لفلێدەرەکانی ئینگلیزەکان دابمەزرێنێت، مەلیك غازی خۆیشی یاریدەری بوو. تەنیا ئەیانویست پێی ئینگلیز لە عیراقدا نەهێڵن، بەڵام دۆستایەتیی تازە و پتەو لە ڕووی سیاسی، ئیقتیصادەوە لەگەڵ ئەڵماندا ببەستن. بە دانانی وزارەتی تازە نووری سەعید پاشا بۆ لەندەن وە هەروەها یاسین پاشایش بۆ شام ئاوارە کران وە لە شام کۆچیدوایی کرد و عیراقی نەبینییەوە.

بەڵام ئینگلیزەکان ڕانەوێستان، کەوتنە فڕوفێڵ بەکارهێنان و پیلانبازی، لە ئەنجامدا بەکر صدقی پاشا و محەمەدعەلی جوادیان دا بە کوشت و سەرلەنوێ بە سەرۆکایەتیی نووری سەعید عیراقیان خستەوە ژێر باڵی خۆیان و چووەوە دۆخی خۆی.

له بابەت کوشتنی بەکر صدقی پاشا و محەمەد عەلی جوادەوە، ڕۆژنامەی "الومیض"، العدد ٦٦ فی ٢٣ جمادی الاول ١٣٧١ (١٩٥٢)دا کە بڵاو کراوەتەوە، ئەمە کوردییەکەیەتی:

بەکر بۆ تێکەڵبوون وە بینینی نومایشی سوپایی لە تورکیا کە ڕۆژی ١٨ی ئابی ١٩٣٨ دەستی پێ کرد، بەغدادی بەجێهێشت. وە ڕۆژی ١٠ی ئاب محەمەدعەلی جوادیش لە مووصڵ گەیشتە لای، بڕیاریان دا کە ئەو ڕۆژە لە مووصڵ بمێننەوە. جا لەکاتی وتووێژدا کە هەردوکیان پێکەوە بوون، بە پیلانی عەقید عەزیز یامولکی و محەمەدخورشید و مەحموود ئەلهندی و فەهمی سەعید[44] یەکێك لە سەربازەکان "محەمەدعەلی تەلەعفەری"یان نارد وە لەپڕ گەیشتە بەردەمی بەکر وە بە دەمانچە گوللەیەکی لێ دا و هەروەها محەمەدعەلی جوادیشی کوشت. تەرمەکانیان هێنایەوە بۆ بەغداد و نێژران.

هەرچەندە لە لایەن وەزارەتە هاوپەیمانەکەی بەکرەوە، حەمدی زەینەڵ و ئەنگوان لۆقا نێرران بۆ مووصڵ بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی هۆی کوشتنی بەکر، بە تەواوی ورد کرایەوە، زانرا کە "ئەمین ئەلعومەری و تکریتی" ماوەی ئەوەیان نەدا کە ئەو سووچدارانەی دۆزراونەتەوە، بنێررێن بۆ بەغداد. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمین ئەلعومەری زۆر ترسی لە جەنگێکی ناگەهانی ناو شارەکان هەبوو کە لەم ڕووەوە ڕوو بدات. لە فەرماندەکانی سوپایی هەولێر، کەرکووك، سلێمانیی گەیاند کە ئاگاهداری ناو خۆیان بکەن وە ماوەی ئاشووب نەدەن. ئیتر لە ڕۆژی ١٧ی ئابدا وەزارەتی حیکمەت سلێمانیش دەستبەرداریی خۆی پێشکەش بە مەلیك غازی کرد.

بەکر صدقی پاشا کە وەزارەتی دامەزراند، بڕیاری دا کە قوتابخانە سەرەتاییەکانی عیراق بە کوردی بخوێنن وە مەلیك غازیش وەکوو بەکر صدقی پاشا و محەمەدعەلی جواد ئاواتەکەی ئەویش کەوتە پاش دانانی گیانی ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٣٩، لە پیلانی نووری سەعید و ئینگلیز ڕزگاری نەبوو.

---

44 بێجگە لە مەحموود الهندي، ئەوانی تر کوردن.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

حکوومەتەکانی عیراق، بە تایبەتی نووری سەعید بەرامبەر بە کورد بیانوویان زۆر بوو. هەر جارە بە بۆنەی بیانوویێکی بێسەروپێوە لە لایەکەوە شۆڕشێکیان بەرپا ئەکرد، بە سوپایی و پۆلیس جەنگێکی براکوژیی کوردیان دروست ئەکرد. بەم سیاسەتە نالەبارە کوردیان تیژ ئەکرد و ئەکەوتنە داوای ماف و حەقی ژیان. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە خۆیان ماکی شۆڕش بوون بۆ پێویستیی ئاواتی ئینگلیز بەرامبەر بە حکوومەتی عیراق، کەچی ئەیانوت ئینگلیز هانی کورد ئەدات کە حکوومەت خەریك بکات بۆ بەجێهێنانی ئاوات و پەیمانی ئینگلیز و بەڵام دوایی هەموو شۆڕشێکیش بە سەربەرزیی کورد دواییی ئەهات.

**شێخ مەحموود لە ناصرییە:**

کە شێخ مەحموود لە ناصرییە بوو، من نێررابووم بۆ (شارەبان) کە ناوەڕاستی ئیشی ڕێگای بەغداد– خانەقین بوو. خەریکی ڕێگا و پرد دروستکردن بووم. لەگەڵ کوردەکان و چەند سەرۆك عەشایرێکی عەرەب بڕیاریان دا کە تا ٣٠ ئوتوموبێل لە عەشایری عەرەب و زەڕگووشی بچن بۆ بینینی شێخ مەحموود. بەڵام لە ناکاو شێخ مەحموود هێنرایە بەغداد. عەشایرەکان دریغییان نەکرد لە بەجێهێنانی پرۆغرامەکە. بەڵام لەپڕ ئەم نامە نهێنییەم بۆ هات، بێگومان یەکێك لە دۆستە کوردەکانمان بە وەزیری داخلییەی گەیاندبوو.

سرّي

العدد: س٨٧، التاريخ ٢٩ ايلول ١٩٣٧

الى السيد احمد عزيز خواجة

الملاحظ الفني في طريق بغداد– خانقين

لقد ابلغتنا المراجع المختصة بانكم تتداخلون في امور خارج واجباتكم تجاه الدائرة. وقد اوعز الينا بانه ستتخذ اجراءات صارمة ضدكم في حالة استمراركم على هذا السلوك. ومنذ الان فصاعداً نرجو الكف عن اي عمل او كلام يسبب انتقادكم او ارسال تقارير بحقكم.

مهندس المنطقة الوسطى: پوڤر

کاتێك ئەم نامە نهێنییەم وەرگرت، کار لە کار ترازابوو، چونکە بە مەزەندە عەشایرەکان لە کورد و عەرەب چووبوون و شێخ مەحموودیان بینیبوو.

وەڵامی نامەکەیشم بەم جۆرە نوسییەوە: ((من بە ئیشوکاری پێسپێراوی خۆمەوە خەریکم، هیچ کارێکی ناهەموارم نەکردووە وە نایکەم)). ئەم نامەیەم پیشانی ئەنوەر صائیب دا، وتی: گومانم نییە برادەرێکی خۆمان ئەم ناپیاوییەی کردووە کە ئەتوانێت وەزیر ببینێ، بەڵام ئیتر لێم نەپرسرایەوە. لە کاتێکدا چووم بۆ بەغداد، نامەکەم پیشانی شێخ دا، فەرمووی: بەشی ئێمە تفەنگ و کێو و ئەشکەوت، خوا پیاوخراپەکانمان باش بکات، دوژمنی کورد لەناو خۆیایە، نەك بێگانە. خۆت بپارێزە، ماوەیەك خامۆشی بدەن بە بزووتنەوە.

لە سەدەکانی ڕابوردوودا:

ئەگەر چاوێك بە (شەرەفنامە)دا بگێڕرێت، تێئەگەن کە لە سەد ساڵەکانی ڕابوردوودا چەند ئەمارە و ڕێکخراوی ئازاد لە کوردستاندا پێك هاتووە وە چەند بە سەربەستی ژیاون. بەڵام لە ئەنجامدا بە هۆی پیاوە نالەبار و بەدخواهەکانی خۆمانەوە، بوون بە خۆراکی عوثمانی و ئێرانییەکان و کران بە وێنە بۆ ڕاز و داستان. جا بۆ ئەوەی ڕاستیی قسەکەمان بکەوێتە ڕوو، یادداشتەکەی سوپاییی بەناوبانگ "مۆڵتکە"ی مەزن و خاوەنئابڕوومان کرد بە وێنەی نیاز و کێویەتیی ئەو ئیمپڕاتۆرە گەورەیەی عوثمانیی خاوەنشکۆ بەرامبەر بە گەلی کورد، تکایە بیخوێننەوە.

پێش ١٣٢ ساڵ

## یادداشتەکەی سوپاھ سالار و سەرفەرماندەی ئەڵەمان فیلْد مارشاڵ هۆڵمس فۆن مۆڵتکە

لە گۆڤاری (رسملی تأریخ مجموعەسی، ئەنقەرە) لە تورکییەوە کراوە بە کوردی.
RESIMLI TARIH MACMUASI

خوێندەوارانی بەڕێز، ئەگەر بێتوو تاوێك بۆ پشکنینی کەلوقوژبنی پەرتووکخانەکان، یان نەختێك لە ژیانی ڕۆژانەمان بۆ خوێندنەوەی نووسراوە کۆنەکان تەرخان بکەین، هیچ گومانی تێدا نییە لە باس‌وخوازی گەلە ونبووەکەت، کە لە پەنا کەژ و چیا و دڕك و دارەکانی گێتیدا دوچاری شارراوەییی دەستی بەدبەختی مژەرەکان بووە، بەرەنگاری نەبین و نەدۆزرێتەوە.

ئەو بەڵگانەی کە پێویستی مرۆڤ (ئادەمیزاد) ئەبینرێت وە لە وزەی کوردا بینراوە و نووسراوەتەوە، داستانی ئێجگار زۆر و گرنگ هەیە، کەوا لەم دواییی چەرخی بیستەمەدا کە بازت بەسەر کۆسپ و قۆڵتێ نەهێڵێ ئەو چاوبەستەی ڕابوردوودا دراوە وردە وردە لە باسە نایاب و داستانە مێژوویەکەی گەلەکەمان ئاگادار ئەکرێن. جا ماوەی لێدوانی بۆ نووسەر و خوێندەوارانی دڵسۆزی بەختیاری بەختداری خۆمان واژۆ یەکالا کراوەتەوە.

کە وابوو پێویستیی سەر خوێندەوارەکانیشمان ئەوەیە هەروەکوو پێشینانەکانمان، نەوەی ئێستایشمان ڕابوردوەکەمان نەکەن بە تفاقی گەنجینەی مێشکیان و لە هەمبارەکانیاندا نەیڕژێنن. ئەو پێویستە بام بە دەستێکی ڕەنگینانەوە بخەنە سەر ڕووی لاپەڕەی پەڕتووك و بیکەن بە نامیلکە و بیکەن بە تۆوی ئازادیی دانایی، تاوەکوو پیتەکەی ببێت بە مایەی شانازی گەلە شارراوە و دواکەوتووەکەی، بۆ ئەوەی بەرگی مێژووی کوردیش لە پەڕتووکخانەکانی خۆ و بێگانەدا بێ بە هاوشانی مێژووی گەلانی گێتی و بچێتە ڕیزەوە.

من هەر بەو ئاواتەی کە بەبێ ترس و بێباکی پەل بکێشم و لە ڕیزەی مێژوانی گشتیدا بەرگی مێژووی کوردیی کوردم دەربهێنم، لە توانای خۆمدا ئەو باسە نایابەی فیلْد مارشاڵی ئەڵەمانی "هۆڵمس فۆن مۆڵتکە"م کرد بە کوردی، بۆ دیاریی دەستی خۆم و

بنکەی ژین
www.zheen.org

زیندووکردنەوەی ناوی ئەو قارەمانە پێشکەش بە خوێندەوارەکانم کرد، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا و دواییشمان تێبگەن کە ئەرکی گرانی بێگانە چۆن کوردی ناچاری پچڕاندنی زنجیرەی یاسا کردووە وە چۆن هەوڵی ڕووخاندنی بناغەی بارەگای دوژمنی بێگانەی دڵڕەق و بێبەزەییی داوە. تکایە ئێستا نووسراوەکەی "مۆڵتکە" بە کوردی بخوێننەوە.

لە تورکییەوە:

## یادداشتەکەی مۆڵتکە

لە لاپەڕەی بەرگەکانی (رسملی تأریخ مجموعەسی– ئەنقەرە)وە:

١– ئەو ضابطەی ئۆردووی ئەڵەمانەکانی بەرامبەر بە دانیمارك و ئاوستریا گەیاندە چیکەنەیەکی بێهاوتای جەنگی و وەکوو جادووگەر بردی بەڕێوە وە بەرامبەر بە فڕانسزەکانیش بە سەرکەوتنێکی نەبیستراوەوە دواییی بە جەنگ هێنا سوپاهسالار و سەرفەرماندە فیلْد مارشاڵ هۆڵمس فۆن مۆڵتکە بوو. ئەم فەرماندەیە لە پرووسیادا بە سوپایەکی هونەرمەند وە دلێرییەکی بێوێنە ناوی بڵاو کرایەوە. لە ساڵی ١٨٣٤دا هاتە کیشوەری (وارنا)وە، سلیستریا، بە بۆنەی ئەو ناوبانگە گەورەیەی کە بیسترابوو لە لایەن "سولـطان مەحموودی دووەم"ەوە بۆ چوونە ناو سوپای عوثمانیی تورکیا، فەرمانی بۆ دەرچوو. ئەم فەرماندەیە، لە ساڵی ١٨٣٩دا لەکاتی شۆڕشەکەی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەدعەلی پاشای خدێویی میصردا بە دانشمەندیی سوپایی لەگەڵ سەرفەماندە حافظ محەمەد پاشادا نێررابوو. لە پاش وەشاندنی پەلێکی گەورە و گرنگ و جەزرەبەی سوپاکەی میصر گەڕایەوە.

بەڵام ئەم جارەیان لە ساڵی ١٨٣٨دا بوو، کە لە لایەن سولـطانەوە بۆ جەزرەبە و دامرکاننەوەی شۆڕشگێڕەکانی کورد نێرابوو بۆ کوردستان. ئێمە لێرانەدا باسی بەشی تورك و عەرەب و عەرەبستانمان لە یادداشتەکەیدا بوارد، تەنیا ئەوەی لە کوردستاندا کردوویەتی و بینیویەتی، کردمان بە کوردی و پێشکەش کرا.

مۆڵتکە لە نووسینەکەیدا ئەڵێت:

بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی توندوتۆڵی تازە و بەکارهێنانی دەستوورێکی یاسای توندوتیژی عوثمانییەوە گەیشتنە (تۆرۆس).

٢- ئۆردووگاهـ لە تۆرۆس- خەرپووت ١٩ی مارتی ١٨٣٨ پاش کانگای (قەبان) سێ سەعات بە هەورازە بەرز و کووڕەکەیدا سەر کەوتین. گەیشتینە چاندگە و پەرێزێکی جوان، کە دێهاتی کوردەکان بوو. زۆرم پێ خۆش بوو کە لەو زەویە زۆر فراوانەدا جێگایەکی نەکێڵراو، یان بەیار و دانەچێنراوم نەبینی. بە درێژاییی ڕێگاماندا ئاوەدانی و شینایی و هاژەی ئاو وە جۆگا و ڕووبارە. بەتایبەتی شنەشنی بای دارگوێز و داربەڕوو چاو و دڵ ڕوون ئەکاتەوە. نەئەزانرا بە چ لایەکدا وە چ دیمەنە جوانێکدا بڕوانین وە چی لە چی بە جوانتر بزانین.

زۆر ئارەزومەند بووم کە زوو بگەمە ئەو خانووە جوانانەی کە لە قوڕ و گڵ دروست کراون و لە دوورەوە ئەیانبینم. وردە وردە نزیك بەو کۆشکە زێڕینانە بووینەوە کە بە تیشکی ڕۆژ ئەدرەوشانەوە. من بە لای خۆمەوە بە یەکەمین جارم ئەزانی کە شارێکی وا جوان و پوخت ئەبینم. کە ئەو شارەیش شارە پیرۆزەکەی (خەرپووت)ـە. لە هەمووی جوانتر و دڵگیرتر چیا بەرزە سەرسپییەکانە کە بەفریان بەسەرەوەیە. بە ڕاستی ئەتوانم بڵێم خوا ڕوویەکی تایبەتی و خۆشەویستییەکی ئێجگار زۆری تێکردوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئیمڕۆ گەیشتمە (میسرا) کە نزیکەی (٣) سەعات لە خەرپووتەوە دوورە و کرا بە ئۆردووگاهـ. پاش مووڵە، خانوویەکی پچووکی لەقوڕدروستکراو بۆ قوماندان تەرخان کرا. بێجگە لە قەوواس وە پۆستەچییەکان، پەلێك سەربازیش بۆ پێش خزمەت تەرخان کرا و تەتەریش ئامادەی فەرمان بوو.

دیوارە قوڕەکانی ژووری پاشا بە کووتاڵی شین پۆشراوە و لەجیاتیی شووشەیش بە کاغەز پەنجەرەکانی گیراوە. بێجگە لەمانەیش، ئەوەی دیمەنێکی جوانی ئەهێنایە پێش چاو، چەکەکانیان بوو کە بە دیوارەکاندا هەڵواسراوە و تومەس پیشەی کوردەکان وایە.

پاشا دانیشتبوو، لەسەر مێزە بچووکەکەی دەستەیەك پۆستە کە بە مێوی سوور مۆر کرابوو، دانراوە. ئەمانیش کوردەکان، بەپێی دەستووری تورکەکان لە ژوورەکاندا لەسەر زەوی دائەنیشن، مێز و کورسییان نییە. کوردەکان بەرامبەر بە ئێمە کە گوایا

میوانین و خۆیان بە خانەخوێ ئەزانن، بە پێوە وێستاون و دەستیان گرتووە بە سنگیانەوە. پاشا لە زەویدا لەسەر پێستە پڵنگێك کرووشکەی کردووە. کورکێکی شینی ئاویشی گرتۆتە کۆڵی بە فێستێکی سوورەوە لە سەریا قوت بۆتەوە. کە ئەچووین لە پاش ((سەلام))، پاشا بە سەر وەڵامی ئەداینەوە وە دوایی فەرمانی دانیشتنمانی ئەدا. پاش ماوەیەکیش خۆشهاتنی لێ ئەکردین.

حافظ پاشا چەرکەسە، لەکاتی خۆیدا بە منالّی کڕاوی سولــطان بووە، بە فەرمان و ئیش‌وکاری پێش‌خزمەتی پەروەردە کراوە و کۆیلەیە. جا لەبەر ئەوەی فێری نەختێك خوێندن و نووسینیش کرابوو، بە خوێندەوار ئەزانرا وە لەگەڵ فەرماندەکانیدا جیاوازییەکی هەبوو. بێجگە لەمەیش، هەندێك عەرەبی و فارسیشی ئەزانی و لە مێژووی تورکیایش ئاگادار بوو. پاشا لەگەڵ ئەو لیژنەیەشدا کە پێنج شەش ساڵ لەمەوپێش نێررابوو بۆ ڕووسیا، ئەویش چوو بوو، نێررابوو.

ئەم حافظ پاشایە لە پاش ڕوشدی پاشا کرابوو بە قوماندانی ئەو ئۆردووە کە بۆ چوونە سەر کوردەکان کۆکراوەتەوە و ئێستا ئێمە بەرامبەر ئەو کوردانە وێستاوین. لە خەرپووت جێگای تەخت و ڕێك کەمە. ناچار بوو کە لەسەر سەربانی خانووەکان مەشق بە عەسکەرەکان بکەین، چونکە بەچاو کردەوەکەمانەوە فەرمانەکەمان گرنگ و بە ڕێگەی هات و نەهات ئەزانرێت.

پاشا هەمیشە دیاریی وەکوو فستق، قەیسیی وشك و قوتوو سێوی مەڵاتیە و هەنگوینی بۆ ئەناردین و هانی ئەداین و دەممانی شیرین ئەکرد، چونکە خۆی پتر شارەزای هەڵمەتی کوردەکان بوو. ڕۆژێك چووم بۆ لای حافظ پاشا و موژدەی بەرزبوونەوەی بۆ (لیوا)یم دایە، سوپاسی کردم. لە مژدانەدا بەڵێنی جووتێك جزمەی دەستدرووی دامێ. پاشا لەپێشدا خۆی سۆلدروو بوە. هەندێك جاریش هەر بە ئارەزووی کۆنەوە دائەنیشت سۆلی ئەدروو، چونکە نەیئەویست دەستبەرداری پیشەکەی خۆی ببێت.

(مۆڵتکە ئەڵێت:)

بە مەشقی سوپاییەوە بە چیاکانی تۆرۆس‌دا بۆ مەڵاتیە و ئاسبوزد –٢٨ی مارتی ١٨٣٨

ڕۆژی ٢٣ بۆ تاقیکردنەوەی مەڵبەندی سووریا لە لایەن پاشاوە فەرمانم پێدرا. بە دەستەیەکی کەمەوە لە پاوانەکانی خەرپووتەوە بە دۆڵ و گەلییە تەنگەبەرەکەدا سەرەوژێر تلبووینەوە. گەیشتینە سەر ڕووباری (فورات) کە شەومان بەسەرا کشا. لە دێیەکی پچووکدا تووشی ڕێز و خزمەتێکی وا بووین کە هەرگیز ئەو میوانداریيەمان فەرامۆش نەکەم. لە توانایان پترتر بە شۆربای پاقلە، فستق، شیرینی و شەرابی نایاب تێروپڕ مڕ بووین. لە خۆشیی جێگا و خواردنەکەمان هیچ مەپرسن، چونکە خەپەرە بووبووین. خۆ بە تایبەتی ڕوونی و جوانیی ئاوە شیرینەکەیان وێنەی بەهەشت بوو.

شەو تیپێك سوارە هات، ئاگاداریان کردم. بە ڕاستی ترسام لە هاتنی کوردە ئازاکان، کە ئێمە بە دوژمنانمان ئەزانین، چونکە زۆر لەناکاو بوو، بەڵام دۆست بوو نەك دوژمن. ئەوانیش ئەچوون بۆ خەرپووت. ترسان شوورەیی نییە. من کە باڵا و دەست و تفەنگی کوردەکانم ئەبینی، هیچ باوەڕم نەئەکرد کە بەم سوپا هەڵپێچراوەمانەوە دەرەقەتیان بێین.

پێش هەتاوکەوتن گەیشتینە کەناری (فورات). لەم جێگایەوە بە بەر ڕیزە چیای تۆرۆسدا، فورات ئەبێت بە دوو پەل، پانیەکەی ئەگاتە (٨٠) پێ. بەڵام بە گەلەکیەکەدا وە بەسەر بەردەکاندا وەکوو گوللە ئاوەکە بە گڤەگڤ تێپەڕ ئەبێت، لە دوور و لەوسەری کەناری ڕووبارەکە کۆشکێك و کاروانسەرایەکی کۆن و مزگەوتێك ئەبینرا. ئەڵێن لە لایەن سوڵـطان مورادەوە دروست کراوە و بەس، ئیتر کەس هیچی تری لێ نازانێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### پاشنیوەڕۆ، مەلاتیە

ئەمبیست کە شاری مەلاتیە پێنج هەزار خانوو ئەبێت، کەچی خانووەکانیان نە بە کەرەمیت دروست کراوە وە نە پێنج هەزاریش ئەبێت. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە جوان و عەنتیکە بوو، گومەزی خانوو و حەمامەکانیان بوو کە لە قوڕ دروست کراوە، ڕەنگەکانیان قوڕقوشمی ئەبینرا و هەمووشیان وەکوو یەك بوون. بەڵام لەم کیشوەرەیشدا وە نەبێت ناوی شووشە بیسترابێت.

له مەڵاتیە، لە دۆستە سوپاییەکانم لە خەرپووت، یەکەم جار میرئاڵای تۆپچیەکانم بینی وە گاھ باران و گاھ بەفر بەسەرماندا ئەبارێت، بەزۆر ماندوویەتی گەیشتینە (مەرعەش)، ئەوا دوو ڕۆژمان ڕابورد تاوێك بە خۆشی چاو ناکەینەوە.

ئای چەند خۆش بوو کە لەپڕ لە گەلییەکەی مەرعەشدا بە تەواوی ژیانمان گۆڕرا، دار لە پشکووتندایە و خەریکی گۆپکە و گەڵاکردنە. دەشت و کێو لە سەوزبوونی گژوگیادایە. خۆ ڕژەوی [ڕێژاوی] ئاوی ڕووبارەکان ئەوەندە جوانە، پێویستی وتن نییە، بەتایبەتی چریسکەی ئاوەکەی کە لە چیاکانی (گاور)ەوە بە هاژەهاژ ئەڕژایە خوارەوە، گیانێکی تازەی بە شارەکە و تەماشاکەران ئەبەخشی. لە خەرپووتەوە تا ئەم شارە جوانە ٦٥ فرسەخمان بڕیوە، زۆر ماندوو بووین، بڕیارمان دا کە لەم شارە جوان و دڵگیرەدا ڕۆژێك بمێنینەوە.

ئێستا لەناو باخچە جوانەکەی وێنەی بەهەشت لە ماڵی ئەرمەنیە خاوەن داراییەکەی مەڵاتیەدا دانیشتووم، نامە ئەنووسم. دارە بادامەکەی ژوور سەرم تازە لە گوڵکردندایە. ئاوی کانییە ڕوون و زنگەکەی ژێر پێشم بە هاژەهاژ تێپەڕ ئەبێت. پەح کە چەند سارد و جوان و خۆشە!

بنکەی ژین
www.zheen.org

هاوینان لە مەڵاتیە لەناو شاردا دانانیشن، ئەچنە ناو باخە هەنجیر و پڕ لە میوەجاتەکانیان. چیاکانیان زۆر چڕوپڕ، دارستانە. دیمەنی چنارە بەرزەکان کە لەناو نزارەکەدا وەکوو منارە ئەبینران و بەفرە سپیەکەی لەم کاتەدا بەسەر چیاکانەوە ئەچریسکێتەوە و لە توانەوەدایە، ئاوە بەفراوەکەی بە هاڕەهاڕ و کەفەوە بەناو کۆڵانەکانا بڵاوئەبێتەوە، بەلای پاشاوە زۆر جوان و خۆش بوو. بەڵام بێگومان بەلای منەوە پتر، هەر داخم ئەوە بوو کە ئەمزانی ئەڕۆم و ئیتر نایبینمەوە.

ئاو بە خۆڕایی ناڕوات. زەوی و دەشت هەمووی بە جۆگەی گەورە گەورە و پچووك شەق کراوە. بە چاندگەکاندا دابڕدابڕ بووە بۆ سوودلێوەرگرتن، چونکە هەمووی لە وێنەی هەندەسیدا دابەش ئەبێت وە بستێك زەوی نابینیت سەوز و شینایی نەبێت.

به ڕۆیشتن ماوەی ١٨ سەعات ڕێگامان بڕی، لە ڕۆژی ١٦ی مانگدا گەیشتینە چیاکانی تۆرۆس. پاش پێداهەڵگەڕانێکی زۆر کە ماوەیەکی کەممان مابوو بەو دیودا شۆڕ ببینەوە، لەناو گەلیەکەدا گەیشتینە دێی (ئەرگەنە).

ئەرگەنەی جوان، ئەرگەنەی شیرین، ئەرگەنەی دڵڕفین، بە چەشنێك دڵمی برد کە لە تافی جوانیشمدا تووشی دڵداریی وا نەبووبووم. بە تاڤگەی گەورە ئاو ئەرژێتە ناو ئاوایی. ئەترساین نەمانئەوێرا لە ڕووبارەکە بپەڕینەوە و بچینە ناو ئاوایی. ئەزانن ئەم دیمەنە چۆن ئەهاتە پێش چاوم؟! بە هێڵی کورفەزی بەصرە، یان دەریای سپی.

**ئورفە**

ئورفە، خۆی ناوی (ئاداسی)یە. پایتەختی (خەسرەو) بووە، لە ساڵی ٢١٦دا لە خەسرەوەوە بووە بە خاکی ڕۆمییەکان. هەرچەندە لای ژوورووی ئورفە چۆڵە، بەڵام دارستان وە شینایییەکەی زۆر جوانە. دۆڵێکی بەردەڵان، لای خواروویشی تا ئەگاتە دیاربەکر دەشت و چۆڵێکی دوورودرێژە. لەم ڕێگایەدا تەنیا تووشی (سیوەرەك)وە چەند دێیەکی بچووك بووین و هیچی تر. بەڕاستی لەو هەموو چیا و دۆڵ و دەشت و دێهاتەی کە بینیومە، لە هەمووی دڵخۆش بووم و هیچ خراپی، ناشیرینی وە ناخۆشییەکم نەبینیوە.

www.zheen.org

**دیاربەکر– ١٢ی نیسانی ١٨٣٨**

شەوێکم تێدا ڕابوارد، بەڵام بە ڕاستی هاژە و گرمەگرمی تاڤگەی ئاوی ڕووباری فورات کە بەسەر بەردەڵانییەکاندا کفە ئەکات، خامۆشی و بێدەنگیی نەهێشتووە. چاوم لێك نا. هەستم ئەکرد کە هەر لەو جێگایەی ئە ئێستا منی تێدام، ئەسکەندەر، کسۆنۆفۆن، سەزار و جولاین بەرامبەر بە خاکە پیتدارەکەی ئێران وێستاون وە ڕوانیویانەتە ئەو دار و بەرد و چیایەی کەساڵهای ساڵی بەسەرا ڕابوردووە، ڕەنگە هەروا بووبێت و نەیشگۆڕابێت. ئاخۆ کێی تریش هەر لەم جێگایەی ئێمەیشدا ئەم سینەمایەی بە مێشکدا ڕائەبووڕێت یا هاتوچۆی کردبێت و یان ئەیکات، ڕایبواردبێت.

بەسەر دیجلەدا بۆ مووصڵ، بۆ عەرەبستانی عیراق بە بیابانەکانی عەرەبیدا گوزەرمان بۆ جزیرە

۱ی مایسی ۱۸۳۸

له ڕۆژی ۱٥ی نیساندا له وێنەی سەفینەکەی نووحدا بە مەشکەی فوودراو وە بە چیلکەوچەوێل تەنراو، بە حەسیر، بەڕە و قاڵیی پۆشراوەوە دروستکراو، وەکوو لە ژوورێکی ڕازاوەی زاوایەتیی بێترسدا دانیشتم، سواری کەڵەکێك بووم. ئێمە و مەشکە و کەڵەك دراین بەدەم ڕژەوی ئاوەوە. خۆ سەوڵوەشێن بەبێ ئەرك و بەبێ باك خەریکی جگەرە و قەندەکێشان بوون و شەپۆلی دیجلەیش ڕامان ئەدات. بە ۳ ڕۆژ و نیو ڕۆژ ۸۸ فرسەخ ڕێگای بەسەر ئاومان بڕی.

لە شووره و قەڵای دیاربەکر تێپەڕین. تورکەکان لە نووسراوەکانیاندا بە دیاربەکر ئەڵێن (ئامیدە ڕەش). ئەم شارە لە باوی (قوستەنتین)یشدا جێگا و قەڵایەکی سەخت و گرنگ بووە. ڕەنگە لە پێنج فیرقە عەسکەری کەمتر نەیتوانیبێت ئەم شارە داگیر بکات.

لەساڵی ۳٥۹دا لە لایەن شاهپوورەوە ئابڵۆوقەی دیاربەکر درا، شەو لە لایەن بەدخواهێکەوە پەیژەیەك نرا بەسەر ئەو بەردە گەورەیەی کەناری دیجلە کە تا ئێستایش وەکوو قەڵایەك ماوە و وێستاوە و ئەبینرێت. لەو پەیژەیەوە ۷۰ تیرئەندازی ئێرانیان هەڵکێشا وە بردیاننە ناو قەڵاکە و گەیەنرانە نهۆمی سێهەم و ئاڵای ئێرانیان داکوتا و ئەو ئابڵووقەیە ۷۳ ڕۆژ درێژەی کێشا، بەڵام شار بە وێرانی کەوتە دەست ئێرانییەکان.

جارێکی تریش لە ساڵی ٥۰٥دا ئامید ئابڵووقە درایەوە، ئەمجارەیش پاش ئەوەی ٥۰ هەزار ئێرانی لەناوبرا، داگیرکرایەوە و ڕۆمانییەکان گرتیانەوە. لە پاش یشدا دیسان لەناو شارەکەدا کە ۸۰ هەزار بە شیر و ساتیان پارچەپارچە کرا، بەجێیانهێشتەوە و ئێرانییەکان هاتنەوە، بەڵام گەڕەکێکیان بۆ مەسیحییەکان جیا کردەوە و تەرخان کرا.

**شارەکەی جزیرە**

پاش ۳ ڕۆژ ڕێگا بڕین، گەیشتینە شارەگەی (جزیرە)، ئەم شارەیشم بینی. هەرچوار لای دیوار کراوە. لەوەپێش لە لایەن قوماندانێکی تورکی پێش ئێمەوە ئابڵووقە درابوو. پاش ماوەی ۳ مانگ جەنگێکی گەرموگوڕ و تیژ و ترسناك و خوێن ڕشتن توانیبووی داگیری بکات، بەو مەرجەی هەموو نێرینەکانی ئەم شارە بە شیر و شمشێر

www.zheen.org

لەتلەت بکەن، ژن و منالّیان بە یەخسیر ببەن! بۆچی؟!! چونکە گوایا ((یەزیدین و شەیتانپەرست)). هەر بەم ناوەوە خانووەکانیشیان بەپێوە نەهێشتوون، کەچی هەمویشیان کوردن، یان کورد بوون.

شوورەکەی جزیرە لەگەڵ شوورەی دیاربەکرا جیاوازیی زۆرە، چونکە دیوارەکانی دیاربەکر پێش دوانزە چەرخ لە بەردی بۆر و ڕەق وە لە بەرزیی چل مەترە و دووریی قولەکانی لە یەکتر دوور دروست کراوە و ئەیشتوانرێت بە ئاسانی تۆپ بەسەر دیواری شوورەکەدا بسووڕێنرێتەوە، لەسەر بەردەکانی بە ڕۆمی و ئێرانی نووسینی زۆر هەڵکەنراوە. بەڵام دیمەنی شوورەکە چەند جوانە، ئەوەندەیش ناو شارەکە پیس و چەپەڵە. ئەوەی بەڕاستی بیر و هۆشی منی ڕاکێشا، ئەو پردەیە کە لە نێرینەی ئاوەکەدا پایەکانی نزیکەی ١٠٠ پێ لە یەکتر دوور دروست کراوە.

پاش جزیرە کەوتینە ئەو پێدەشتەی کە نووح پێغەمبەر دوای لافاوەکە بە کەشتییەکەیەوە لەسەری نیشتووەتەوە وە ئەو جێگایەیش چیای (جوودی)یە. دێهاتی ئەم ناوچەیە هەمووی وەکوو یەك وتووێران. هەروەها بەدەم گەشتەکەمانەوە گەیشتینە مووصڵی کۆن وە سەر لە ئێوارە منارەکانی مووصڵی تازەیشمان ئەبینی. جا مووصڵ گەشتی بەرەو ڕۆژهەلاتمی تەواو کرد.

بنكەی ژین
www.zheen.org

ئەم شارە بۆ کاروانیەکانی بەغداد– حەڵب، کاروان سەرا و ئێسگە و ڕێبازێکی گرنگی ڕێبوارەکانە. بە بۆنەی دەستدرێژیی عەرەبەکانەوە بەسەر ئەم شارەدا، دانیشتووەکانی هەمیشە پاشکەوتوو وە پەککەوتوون. دیواری شوورەکەی ئەم شارە زۆر تەسکە، هیچ جێی باوەڕ نییە کەڵکی پارێزگاریی بێ، بەڵام ئەو دوژمنەی هێرش ئەهێنێتە سەریان تەنیا سواری عەرەبە بەدوەکانی چۆڵنشینن. دەرگا بەناوبانگەکەی (باب العمادیة– ئامید) هێشتا ماوە. خانووەکانی مووصڵیش پچووك و لە قوڕ دروست کراون، دەرگاکانیان زۆر جوانە. ئەملاوئەولای بە بەردی مەڕمەڕ دروست کراوە. زۆر جوان ڕازانوویانەتەوە.

بەڵام ناوی خانووەکانیان خاوێن نییە. نیشتەنیی ئەم شارە (کورد، کلدانی، عەرەب)ن. بە کوردی و عەرەبی و ئێرانی و تورکیش وتوویژ ئەکەن. کە گەیشتینە مووصڵ

والی میوانداریییەکی زۆر بەڕێزی کردین، منی کرد بە میوانی (پەتریکێکی ئەرمەنی). لە مووصڵدا کڵێسای ئەرمەنیەکان و نەستۆریەکانم بینی، وەکوو یەك ڕێكوپێکن و خاوێنن، بە ڕاستی پەسەندم کردن. پەتریکێکی یەعقووبیش چاری ناچار بوو کە میوانداریی ئایین نەناسێکی وەکوو من بکات و هەموو شتێکیشم دەرخوارد بدات.

بە ڕاستی والی پاشا زۆر ڕێزی لێ ئەگرتم. پیاوە گەورە و ناسراوەکانی ئیسلامی تیپ‌تیپ ئەهێنا بۆ بینین و خۆشی هاتنم.

ئیتر چۆن پەتریك ئەفەندی شتی خۆشم دەرخوارد نادا وە وا ڕێکەوت بە نابەدڵی ئینجیلێکی بە (سریانی) و یەکێکی بە عەرەبی نووسراوم بدا بە سەرا و منیش وەریبگرم. چی بکەم؟! میوانم! نەخشەیەکی جوانی مووصڵم دروست کرد و پێشکەش بە پاشام کرد. هەروەها نەخشەی قشڵەیەکی نایابیشم بۆ دروست کرد، زۆر سوپاسی کردم. لەکاتی جیابوونەوەمدا، ئەسپێکی ڕەسەن و چەند ئێسترێکی باشی دامێ، وام زانی ئەم بەخشەندەیی‌یەی والی بەرامبەر بە نەخشەکانە. بەڵام نەو! هەر خۆی بەخشندەیە. کە لە مووصڵ پەڕینەوە، کەلاوەی زۆرم بینی. پرسیم، وتیان ئەمە شارە کۆنەکەی نەینەوایە.

کە لە مووصڵ بووم، جێگایەکیان پیشان دام، وتیان ئەم کووچەیە بەتایبەتی بۆ عەرەبەکان جیا کراوەتەوە، بۆ ئەوەی نەیەنە ناو شار، هەر لەم جێگایەدا کڕین و فرۆشی خۆیان ئەکەن، ئەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی نەوەك ناو شارە خاوێنەکە تێك بدەن، چونکە پۆخڵن. بەلای خۆیانەوە شارەکەیان زۆر نایاب و دانسقەیە، قەیناکا با وا بزانن. شارەکانی ئێمەیان نەبینیوە، نازانن شاری جوان و خاوێن چۆنە. ئەگەر شارەکانی ئێمە ئەبینن، ئەوسا تێ‌ئەگەن چەند بێ‌نرخ و بایەخە.

باوەڕ ناکەم هیچ گەلێك بتوانێت وەکوو عەرەب ڕەوشت و زمان و خووی خۆیان نیگاهداری بکەن. لەگەڵ ئەوەدا کە بە درێژیی ژیانیان کەوتوونەتە ژێر دەستی، ئاشووری، میصری، یۆنانی، ئێرانی، ڕۆمی، بیزانسی و لەگەڵیانا ژیاون و ڕایان بواردووە و ئەوانە هەموویان لەناو چوون، کەچی عەربەکان هەر، هەروەکوو خۆیان لە چۆڵەکاندا بە ڕاوەئاسك وە ئاژەڵ بەخێوکردنەوە خەریکن وە ماون. هەمیشە بە ژیانی چۆڵ‌پەرستی و تالانی یەکتری و ماینی ڕەسەن بەخێوکردنەوە ڕائەبوێرن.

**ئابلۆوقەی قەلای کوردێك، قەلای سەعید بەگ: ٢ی مایسی ١٨٣٨**

سەرفەرماندە محەمەد پاشا بە هێزەکەی خۆیەوە کە ٦ تابوور، هەر تابوورێکی ٤٠٠ چەکداری پیادە و ١٥٠ سواری بە ٨ تۆپەوە. لە دیاربەکریشەوە ئالایەك تۆپچی بە تۆپەکانیانەوە، لە دیجلەوە بە کەلەك پەڕێنرایەوە بە هەموو پێویستییەکیانەوە؛ ئەم هێزە بێشوومار و گەورەیە هاتە سەر ئەو بەگە کوردە کە لە پێش پێنج ساڵەوە بە هیچ چەشنێك فەرمانی (بابی عالی) کە فەرمانی سوڵطانە نەبیستووە وە سەرشۆڕیی بە نوشوستی زانیوە، بۆی نەکردوون. هەر لەبەر ئەوەی کە خۆی بە ژێردەست و فەرمانی میری نەزانیوە، خەرج و باجێکیشی نەداوە، ئەیانەوێت لەناوی ببەن.

کوردەکان کە لە هاتنی ئەم هێز و لافاوی لەشکرە ئاگادار بوون، سەعید بەگ بە خۆی و ٢٠٠ چەکداری کوردی ڕاست و پاك و مەردەوە چوونە بەرزترین لوتکە و جێگا سەختەکانی چیاکەیان، بەرامبەر بەو هێزە گەورەیە خۆیان دامەزراند. پاش تێگەیشتم کە ئەم هێزی سوپایییە گەورەیەی ئێمە بە هیچ نازانن و باکیان نییە.

لە ئۆردووگاهەکەماندا زۆر بەتوندی ڕاسپێریی پاسەوان و ئیشکگرەکانمان ئەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو شەوێك زۆر لە کوردەکان خۆیان دەرباز ئەکرد و بەربەستیمان پێ نەئەکران. من لەناو ئۆردووگاهەکەدا زۆر دڵتەنگ بووم، لەگەڵ ئاغایەکی کوردەکانی لایەنگری خۆماندا تا نزیك قەلاکەی سەعید بەگ چووم. بەلام بەبێ چەك، چونکە کوردەکان چاو نابڕنە ئەو جۆرە پیاوانەی کە داربەدەستن. کاتێك کە ئەو قەلا شاهانەیەم بینی، زۆر باش بۆم ساخ بووە کە چل چەکداری کورد ئەتوانێت لە بەرامبەر هێزێکی لەمە گەورەتریشدا بوەستێت و خۆیان بپارێزن، بەو مەرجەی چووغڵ و پیاوخراپ ماوەیان بدات.

بە هۆی قەڵەوز و ڕەهبەرە کوردەکانی خۆمانەوە، پێش هێرشەکەی ئێمە زۆریان لە قەلاکانی سەعید بەگ داگیر کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە کوردەکان لە قەلاکەدا تفەنگەکانیان بە باڕووت و فتیلە ئەتەقا، چەکدارە هونەرمەندەکانیان نیشانگری و گوللەکانیان بووبوو بە هۆی پارێزگاری و ڕزگارییێکی تەواویان.

کوردەکان بە شەو کاروباری خۆیان جێبەجێ ئەکرد، بە ڕۆژیش لەپەنا بەردە گەورە و زەلامەکاندا لە سوپەر وە حەشارەکانیاندا خۆیان لە بووسە ئەدا و چاوەڕوانی بینینی دوژمنیان ئەکرد، چونکە ئەگەر لەپەنا بەردێکدا ئەوەندەی نەختێك سەری دوژمنێکیان ببینایە، هیچ گومان نییە کە مێشکیان ئەپژاند. کوردەکان باروود و قورقوشمیان زۆرە، تەقە نابڕن. باوەڕ بکەن گوللەیان بە هیچ ناڕوا، بە خۆڕایی تەقە ناکەن. ئەتوانرا بە درێژاییی ڕۆژ یەکەیەکە تەقەکانیان بژمێریت، چونکە بەبێ بینین تەقە ناکەن. دوێنێ ٣ عەسکەرمان بەو چەشنە کوژرا. ڕەنگە بە ئەستەمیش بینیبێتیان. بە ڕاستی لە چۆنیەتیی کردەوە و زاڵیەتییان بەسەر چەکەکانیاندا سەرم سوڕ ئەما. بە ڕاستی چەك بۆ دەستی کورد دروست کراوە.

خۆ کوردەکان لە قەڵاکەیاندا تۆپ نییە، کەچی ئەوەندەی نینۆکێك زەوی نەماوە کە جێگوللەی ئەوانی پێوە نەبێت. کاتێك لەگەڵ کوردەکانی خۆماندا بە سواری ئەسپە سپیەکەم لەژێر دارگوێزە گەورەکەدا وێستابووم، لەپڕ گیزەی گوللەیەك هات، چڵەدارەکەی سەر سەرمی پەڕاند و ڕاپەڕیم، تێگەیشتم ئەیانەوێت خۆیان بە من بناسن. ناشیانەوێت پیاوێکی بێگانەی وەکوو منی دوور لە نیشتمانم بە گوللەیەکی قورقوشم بکوژن.

قەڵاکەی سەعید بەگ لەسەر لوتکەی ئەو چیایە بوو کە وەکوو نووکی دەرزی لە ئێمەوە ئەبینرا، بەسەر ئۆردووگاهەکەیشماندا زاڵ بوون. ڕۆژێك لەناو گەلیەکەوە بە ڕێگایەکی پێچاوپێچی چیاکەدا هەڵگەڕاین، بۆ ئەوەی بام بە ماندوویەتییەکی تەواویش و ئەرکێکی زۆر بگەینە نزیکی سوپەرەکانی کوردەکان، پێم خۆش بوو. بۆ ئەوەی تەنیا بزانم ئایا ئەتوانین ئێمە لە سوپەرەکانی خۆماندا ببزووینەوە لێکم ئەدایەوە، چونکە زۆر ژێرقامچییان بووین تاقی بکەمەوە.

جێگا و سوپەری کوردەکان لە چیاکەوە بەسەر هەموو ڕێگا و سوپەر و بزووتنەوەیەکی ئێمەدا زاڵە و ئەڕوانێت. وە نەبێت لە بەرامبەریاندا گرد و جێگای بەرزیش نەبێ، بەڵام داخەکەم ئێمە نە ئەوێرین و نە ئەتوانین خۆمان بگەیەنینە ئەو جێگا بەرزانە، ئاسان نییە، کوردەکان خاوەن دەسەڵاتن بۆ نەهێشتنی.

لە پاش ئەوەی بە چنگەکڕێیەکی زۆر وە ماندووبوون بە گرد و چیاکەدا هەڵگەڕام وە ئێوارە بە نابووتی کە گەڕامەوە، بۆ حەسانەوە چووم بۆ چادر و ئۆردووگاهەکەی "وەدیع

خان"ی بەگی خۆمان، بەگی کوردە لایەنگرەکانمان. چادری بەگ لە کەناری جۆگەئاوەکەدا هەڵدراوە وە ئاگرێکی گەورەیان کردۆتەوە. بە پارچەپارچەی گەورەگەورە لە لاق و پەراسوو گۆشتی بەرخیان ئەبرژاند، بە بەرامبەرماندا چل تا پەنجا چەکداری کورد بە تفەنگە درێژ و دەمانچە و پاوپلە ئەستوور و هێزدارەکەیان و باڵا و شێوە و دیمەنە بێهاوتا و جوانەکەیانەوە، کە خوا تەنیا بەو گەلەی بەخشیوە، وێستاون. سەرۆك و گەورەکانیشیان بە ڕیزە دانیشتوون، گەیشتین. ئەوانیش لە چاوەڕێی ئێمەدا بوون. با لێرانە بەراوردێك بکەم، ئەی ئەبێت کوردەکانی سەر چیا چۆن پیاو و زەلامێك بن؟! بە شەو لە هەموو لایەکەوە ئاگری گەورەگەورە ئەکرایەوە خامۆشیی ئەم ئۆردووگاهە مەگەر گیزەگیزی گوللەی کوردەکان تێکی بدایە، چونکە لە بەرزیی چیاکەوە بەسەرمانا ئەهات.

چادر و قۆناغم دوورە، پێخەفم ناگاتێ. شەو کەپەنکێکی بەگە کوردێکم وەرگرت و لە خۆمەوە پێچا و لەسەر زەوی لێی درێژ بووم، نوستم. لەبەر زۆریی ماندووبوونم پرخەپرخ لێی نوستم. لە نیوەشەوا ترس ڕاپیەڕانم. بیری هێرشی ئەوانی بەبیرا هێنام، چونکە من زۆر ئەترسام، ئەوانیش کوردەکان لە چیادا بێترس بوون.

دەستبەجێ فەرمانم دا کە تۆپێك ببەستن بە ئیسترێکەوە وە بیگەیەننە سەر گردەکەی ڕۆژهەڵاتمان و دایبەستن، ترساندن شوورەیی نییە. ئەو لایەیشمان بە چۆڵی مابووەوە، مەکۆکەیان لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. وڵاخەکانیشمان کە لەناو باغچەکاندا ئەلەوەڕان، زۆر باش لەوانەوە دیارە و لە ئاواییەکەوە بە ئاسانی ئەکەونە ژێر نیشانی تفەنگەکانیانەوە وە تۆپە گەورەکانیشم لای چەپەوە دامەزراند، لەبەر ئەوەی وام ئەزانی کوردەکان تۆپیان نەدیوە و بە گوللەبارانێك دوایی بە جەنگ ئەهێنین و ئیتر خۆیان ئەدەن بەدەستەوە. خۆ ئەگەر وایش نەبوو، لەژێر گوللەبارانی تۆپدا عەسکەرە پیادەکانمان ئەتوانن ورووژم ببەن و بگەینە سەر سوپەرەکانیان.

٨ی مایس: دوێنێ شەو محەمەد پاشا بە فیرقەکەیەوە گەیشت، دەستبەجێ کۆبوونەوە و لێدوان دەستی پێکرد. داخەکەم زۆر بە نەزانی دەست بەکار کرا. وترا ئەبێت بە نۆرە هەر جارە تۆپێك گوللەباران بکات. ئەم کارەمان هەمووی بە خۆڕایی و بێسوود

ڕۆیشت. لەگەڵ ئەمەیشدا پەیدەرپەری ئێلچییان* ئەنارد کە سەعید بەگ بەبێ لێدوان و چەندوچوون قەڵاکەی بدات بەدەستەوە. لەگەڵ ئەوەیدا کە سەعید بەگ بۆ ئەم فەرمانە بەجێهێنان ئامادە بوو، ئەیشیویست داواکانی بەجێبهێنرێت. ئیتر شەو و ڕۆژ بەبێ پسانەوە کۆبوونەوە و لێدوان درێژەی ئەبەست و هەروەها بەبێ گۆڕین ئەڕۆیشت.

لە لایەکەوە ئێمە و تۆپەکانمان خەریکی خۆڕێکخستن بووین، لە لایەکی تریشەوە بۆ ڕێککەوتنی سەعید بەگ بە چاوەڕێیی‌یەوە خۆمان ئامادە ئەکرد. هەر لە ئێوارەوە دوو بلووك عەسکەر بۆ پاککردنەوەی ڕێگای تۆپەکان لە پێش تۆپەکانەوە وە بۆ هەر تۆپێك دوو بلووك عەسکەریشمان بەڕێ ئەکرد. پاش ماندووبوونێکی زۆر و شەش سەعات خەریك بوون، توانیمان دوو تۆپ بگەیەنینە سەر گردێکی بەرز.

چونکە لەوەپێش داوا لە پاشا کرابوو کە ئەم نیازە بهێنێتە دی و ئەم تۆپانە بگەیەنێتە ئەو جێگایە، ئیتر ئەبوایە ئەم فەرمانە دروست بێ. چووم بۆ لای پاشا، هەموو کارێکم تێگەیاند. دوو ئالا عەسکەری خستە تەکم، خۆمان گەیاندە سەر ئەو گردە کە پێویست بوو وە دوو تۆپیشیان گەیاندە لای خۆمان. سەر لە ئێوارە دوو گوللەی تۆپمان دا لە قەڵاکەی سەعید بەگ. ئەوا ئیمرۆیش بەبن قەڵاکەدا ڕۆیشتم. لە کوردەکانەوە هیچ تەقەیان لێ نەکردین. من خۆم بە پیاوێکی گەورە و چابگـێکی گەورە دائەنا وە یان وامئەزانی بڕیاری خۆبەدەستەوەدانیان داوە، نایانەوێت دڵشکستمان بکەن، بەڵام نەو هیچیان نەبوو. هەر پیاوەتی بوو کە لەگەڵیان کردین، چونکە بیانویستایە –هیچ گومانم نییە– پەرێشانیان ئەکردین.

٩ی مایس: سەر لە سبەینێ دەستمان کرد بە گوللەبارانیان. ئەو پێنج تۆپەی گەیاندبوومانە سەر گردەکان هەریەکە بیست تاسی گوللەیان تەقاند. گوللەکان لە دەرەوەی قەڵاکەدا لە زەوی ئەدرا. وا ئەزانم لەبەر پێچوپەنای چیاکە بوو کە گوللەکانمان هیچ کاری لێ نەئەکردن. خۆ گوللەکانیش نەئەترسان. ئایا ئەمەیش

* ئێلچی: نوێنەر، ڕاسپێردراو.

بنکەی ژین www.zheen.org

پیاوەتییە لە پاداشی ئەوەدا کە دوێنێ ئەوان ئێمەیان پاراست، نەیانکوشتین، ئێمە ئیمڕۆ بە تۆپ گوللەبارانیان ئەکەین؟!!

لە گوللەبارانی دواییماندا دوو گوللە تۆپ بەر قەڵاکەیان کەوت. نەیرووخان وە لە گوللەکانی تریشمان لە ٣ بەش بەشێکی بەر قەڵاکەیان ئەکەوت. ڕەنگە تەنیا ئەو گوللەیەی بەر دەرگاکە کەوتووە، کاریگەر بووبێت. تۆپەکانی لای ڕۆژئاوامان نزیکەی ٧٥٠ وە تۆپەکانی تر ٨٥٠ پێ لە قەڵاکەوە هەرچەند دوور بوو وە ڕەنگیشە ئێوە ئەم ماوەیە بە دوور بزانن، بەڵام چی بکەم؟! ئێمە بە نزیکبوونەوە و تێخزانیشەوە هەر ئەبێت سوپاسی خوا بکەین کە ئەتوانین خۆمان بپارێزین.

بۆچی وا ئەزانن کە ئەوانەی لەناو قەڵاکەدان وەکوو ئێمەن و ئادەمیزادن؟! بەڵێ، هەر ئادەمیزادن، بەڵام کوردن، ئازان، ورە بەرنادەن، ناترسن، بێباکن. هەموو شتێکن کاتێ کە گوللەتۆپەکانیان بۆ ئەچێت وەبەر قەڵاکە ناکەوێت، ئەکرێت بە دەنگ و هەڵڵایەکی وا زۆر و گاڵتەپێکردنمان. دەستبەجێ ئاگربارانێکی گەرموگوڕمان ئەکەنەوە وە گوللەکانیان چزەچزە بەپەنا گوێچکە و ناوچاوانماندا ئەڕوات. ئێمەیش چرکە ناکەین، گوایا ناترسێین، گوێ نادەینە گوللەکانیان، بەڵام کەی وایە؟!

گوللەتۆپی زۆرمان بە ڕێگاوەیە، ئەمانگاتێ. ئیتر گوێمان نەئەدایە گوللە لەناوبردن، بەبێ ئەوەی هیچ ببینین و لێك بدەینەوە بەبێ بەزەیی وەکوو چیکەنە ئەمانتەقاند. بە ڕاستی دوێنێ ماوەی حەسانەوە و چاوترووکاندنی ئەو کوردە دلێر و هەژارانەمان نەدا. ئەوا ئیمڕۆیش ئێمە بە تەواوی هەر بە کۆبوونەوە و نووسینەوە ڕائەبوێرین.

لە ئەنجامدا سەعید بەگ وتی: بۆ ئەوەی خۆی سەربەست بکرێت، بە بارمتە کوڕەکەی ئەنێرێت وە هەموو پیاو وە شتومەکی ناو قەڵاکە بە کەلوپەل و هەموو پێویستییەوە ئەدات بەدەستەوە، ئەم بڕیارەی پێگەیاندین، کەچی پاشا ئەم قسانەی نەبیست.

ئەمجا سەعید بەگ بە ناچاری دەستبەرداری جەنگ بوو، بڕیاری هاتنی دا، بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنی سەعید بەگدا منیش لەلایان بم، پاشا داوای کردم. هەموو ضابطەکانیشی کۆکردبۆوە وە چاوەڕێی هاتنی سەعید بەگ ئەکرا، کە ئەو کوردە ئازا و

دلێره بێت و بیبینین. چاوم لێ بوو تیپێك له كوردەكان له قەڵاكەوه هاتنه خوارەوه، تێكەڵ به عەسكەرەكان بوون. پاش نیو سەعاتیش سەعید بەگ.

سەعید بەگیش لەبەر چادرەكەماندا له ئەسپه جوانەكەی به شۆخ و شەنگی دابەزی. ئەو كۆشك و (شانۆ)یەی كه پڕ له گەوهەر و لەناویا ژیانی شاهانه ڕائەبوێررا و پڕ بەو قەڵایه پاڵەوانی نەبەز و نەبینراو بوو، كه بەرامبەر به ڕزگاركردنی سەر و ژیانیان بوو وه وای ئەزانی ڕزگار ئەبێت، دای بەدەستەوه، كه ئەوەیش ناچاری بوو، چونكه خزمی خۆی دوژمنی ئەو وه دۆستی ئێمه بوون.

هات! سەعید بەگ ئەوەنده دلێر هات، وای ئەزانی كه هیچ ڕووی نەداوه، بێترس و ئەندێشه هات. ویستی دەستی پاشا ماچ بكات. من لەوكاتەدا سەرسام بووم. وا دیار بوو كه سەعید بەگ بۆ لێخۆشبوون نەهاتووه، چونكه پەنا به شكاو وه ژێركەوتوو نادرێت. بەگ وەكوو هێشتا لەشكر و هێزێكی زۆر گەورەی لەدواوه هەبێت وه ئەتوانێت خۆی پارێزگاری بكات، هەر تەنیا بۆ خوێن نەڕشتن وه ئارەزووی دۆستایەتی هاتبێت وابوو. زۆر بەبێ باكی لەگەڵ پاشا و ئێمەدا دانیشت، قەندەكەی پڕ كرد، دەستی كرد به قەندەكێشان. زۆر لەسەرخۆ قاوەكەیشی خواردەوه. به توركیش كەوته وتووێژ.

دوا بڕیاری پاشا ئەوه بوو كه قەڵاكه به تەواوی لەگەڵ خاكدا یەكسان بكرێت. ئەم بڕیاره زۆر شایانی دڵتەنگی و ئازوردەییی من بوو، بەڵام كارێكی پێویست بوو، چونكه چ عەسكەر و چ هەرچی تیرەیەكی تر بگاته ئەو قەڵایه هەر سەعید بەگ ئەبوو.

تنكەی ژین
www.zheen.org

**قەڵاكەی سەعید بەگ**

١٣ی مایسی ١٩٣٨ قەڵاكەی سەعید بەگ: ڕەواندز له چادرەكەی پاشاوه تا قەڵاكەی سەعید بەگم پێوا. به تەواوی له ١٣٦٣ مەتر بەرزیدا بوو. گەیشتمه ناو قەڵاكه، به چاو بڵندی و جوانی و سەختیی جێگاكەوه، له ڕووی پارێزگارییەوه بۆ دامەزراندنی بینای قەڵاكه هیچ ئەركێك بەكارنەهێنراوه. دیوارەكانی پەرێشان و ڕوو له ڕووخاندنه. ژووری ئازووخه و ژووری نوستنی بەگ و ڕاڕەوەكان و سەربازەكانیان به گومەزی

دروست کراوە. بەڵام لە کاتی دروستکردندا دەرگاکەیان بە ڕووی ئەمدیوا داناوە، ئەوەیان بە بیرا نەهاتووە کە گوللە ئەیگرێتەوە[٤٥].

گوللەتۆپێکمان درابوو لە دەرگای قەڵاکە، کەوانەی سەر دەرگاکەی ڕماندبوو، دیوارەکەی بەرامبەری سمیبوو، چووبوو لە ژوورەوە ئاوێنە گەورەکەی پشت سەری جێگای نوستنی سەعید بەگی وردوخاش کردبوو. گوللەیەکی تریش درابوو بە چاڵی ئاوەکەیاندا و لە کاری خواردنەوە کەوتبوو، ئیتر نەئەشیا ئەو ئاوە بخورێتەوە.

تۆپە چاپڵێتە پچووکەکانمان دیوارسم بوو، وێرانی ئەکرد. سەعید بەگ لەوەپێش بیستبووی کە چابگێکی بێگانە لەناو ئەم کوردەواریەدایە، گوایا بەم باسە شڵەژاوە، چونکە هەر جارە لەسەر گردێك بینیومی، سووڕانەوەکەمی پێخۆش نەبوە وە وتیان فەرمانی دابوو بە کوردەکان لەناوم ببەن. ئایا ئەمە جێی باوەڕە؟!

بۆ من نەو! لەناو قەڵاکەدا زۆر پیسیم بینی، وەکوو تەرسی وڵاخ، ئیسقان و پاشماوەی خواردەمەنی، کە زۆر لەمێژەوە نە گەسك دراوە و نە خاوێن کراوەتەوە. ڕەنگە ئەم چەپەڵییە کاری کردبێتە سەر ژیانی پاسەوانەکان. لەناو قەڵاکەدا کوردێکی بریندارم بینی بە دەست براکەیەوە و بە پاڵەپەستۆ ئەیبرد بەرێوە. زانیم کە ئەو هەژارە لە پێش حەوت ڕۆژەوە بریندار کراوە، ڕانێکی شکاوە. زۆر بەزەییم پێدا هات، دەستبەجێ ناردم سەرتاشەکەی ئۆردووم هێنا، بانگم کرد و فەرمانم پێ دا کە زوو برینەکەی تیمار بکات.

بەڵام سەرتاشەکە بە ڕوویەکی گرژ و تاڵ و پرسیارەوە وتی: ((ئایا نازانیت ئەم بریندارە کوردە، چۆن دەرمانی بکەم؟!)). بە ڕاستی چرۆچاوی ئەوەندە مۆن بوو و بەڕقەوە ڕوانییە ڕووم، من سڵم لێ کرد. وتم: کوڕم چی ئەبێت ئەگەر تیماری بکەیت، بەزۆر یا بە خواهیش پێم تیمار کرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[45] کەی سەعید بەگ وەیان پێشتری ئەیانزانی کە دەوڵەتە ئیسلامەکەی تورك پێنج هەزار عەسکەر بە تۆپ و تۆپخانەوە ئەهێنێتە سەریان، گیان و نیشتمانیان بە گوللەتۆپ وێران و خاپوور ئەکات. (وەرگێڕ)

مێشکی تورکەکان بۆ بەڕێوەبردن سەیرە. ئایا ئەمە دەردێکی گەورە نییە، هێزێکی چوارپێنج هەزار کەسی سوپایی بنێررێت بۆ جەنگ، نە پزیشك نە دەرمان، نە برینپێچ و نە هیچ پێویستییێك نەبێت و نەینێرن؟ حافظ پاشام تێگەیاند، ئەویش نووسیی بۆ سەرعەسکەر، بەڵام وەڵام کوا؟ وەڵامی چی؟ ڕەنگە ئێوەیش هاوبیریم بکەن کە مێشکیان نییە.

ئایا لە جیاتیی ئەوەی خۆیان بە گژوگیا و گوڵ و گوڵزازی (غەڵەطە باغچە)وە خەریك بکەن و لە ئەستانبووڵدا چیمەن دروست بکەن و چاوپۆشی لە کاری گرنگ بکەن و دوورەپەرێز بگرن، جارجارێکیش برینداراەکانی جەنگیان بە بیرا بێت بەنرختر و چاکتر نەئەبوو، بۆ ئەوەی جەنگاوەرەکانیان پترتر لە ڕێگای نیشتمانەکەیاندا یەك بەدوای یەکدا خۆیان بخەنە ناو کۆڕی جەنگ و ئاگرەوە؟ مەگەر هەڵمەتی کوردەکان فێریان بکات! بەڵام باش بوو من توانیم سەرتاشەکە بە فریای ئەو بریندارە کوردە هەژارە بگەیەنم.

### چیاکانی کوردستان: ١٨ی مایسی ١٨٣٨

ئیمپڕاتۆرێتیی عوثمانی ئەوەندە زۆر بڵاو و فراوانە کە بابی عالیی حکوومەتی ئەستەنبووڵ هیچ ئاگای لە چۆنیەتی و بەڕێوەبردنی ئەم کیشوەرەی نییە. لەبەر ئەوەی پادشاه– سوڵـطان تەنیا ئەوەی ئەوێت کە بەسەر ئەو بەش و گەلەی لەژێر دەستو لەناو ولات و فەرمانڕەوایی‌یەکەی خۆیدا ئەژین، زاڵ و سەرکەوتوو بێت، هیچ ئاوات و پێویستییەکی تری بەبیرا نایەت. ئەو بەشەیش ئەوەیە کە کەوتۆتە نێوانی ڕووباری دیجلە و ئێران کە کوردی تێدا ئەژی. جا بێجگە لە بەشی کوردەکانیش، ئەو زەویە چۆڵ و بێ‌ئاو و زیندەوەریەی کە ئەکەوێتە نێوانی دیجلە و فوراتیش هەرگیز بە کاری نیشتەنی و ژیان نایەت. ئەو بەشە وەکوو وێرانە و کەلاوە ئەبینرێت، دیمەنەکەی دڵ تەنگ ئەکات، چونکە وێنەی ئادەمیزادی کۆنی لەناوچوو پیشان ئەدا. کەچی ئەو وێرانەیەیش ئێستا کراوە بە ئۆردووگاه و ئێمەی تێدا ئەژین. بەڵام ئەگەر قسەی ڕاستتان ئەوێت، بێجگە لە نیشتەنییەکانی خۆی بەولاوە، لە وزەی هیچ گیاندارێکدا نییە گوزەرانی تێدا بکات.

هەر کە لە دیجلە تێپەڕ ئەبیت بۆ بەرەو ژوور، وردە وردە زەوی بەرز ئەبێتەوە، تووشی گردی بچووك بچووك ئەبێت. ئەو بەرزبوونەوەیەش ئەگاتە ئەوەی ئەبێت بە چیای بەرزی بەفراوی کە نیشتمانی کوردەکانە کە بە داری بەڕوو، مازوو، گوێز.. زۆر شتی تر پۆشراوە. شیو و دۆڵەکانیشی بە داری زەیتوون، هەنجیر، هەنار، ترێ وە زۆر درەختی میوەداری تر ڕازاوەتەوە. ئەگەر پرسیاری خاکەکەی ئەکەیت، زەویەکانیان زۆر بەهێز و بەپیتە، بەتایبەتی گەنمی زۆر نایاب وە زۆریشیان بۆ پێئەگەیەنێت. خۆ گژوگیا و پاوانەکانیان بۆ بارگیر و گا و مانگا و مەڕ و بزنەکانیان لەباس نایەت. بە ڕاستی ئاژەڵیان بەختیارە، زۆر تێرن و ئاژەڵ و ماڵاتیان لە تیرە ڕەسەنەکانن.

داخەکەم، لەو نیشتمانە جوان و ئاو و زەوییە پیتدارانەیان، زۆری زەوییەکانیان بە نەکێڵراوی و بەیاری ماوەتەوە. ئەگەر بێت و بۆ دۆزینەوەی هۆیەکەی بگەڕێین، بپرسین، دیارە و ئاشکرایە ئەچێتەوە بۆ سەر بێبەزەیی حکوومەت. کوردەکان، لەگەڵ گەلەکانی ترا جیاوازییان هەیە، ئازاو دلێرن، هەر نەدارییانە کە تووشی جەنگ و پەلی گەورە و زلە زلەی نەگبەتییان ئەکات، هەمیشە خەریکی چاندن و لە چاندگەکانیاندا نیشتەجێ خانووەکانیان خانووی لادێیی، هونەرەکەیشیان لەوە دایەوە کە وەکوو هێلانەی داڵ لەسەر لوتکەی چیاکان قەڵایان دروست کردووە. کەچی لە کاتی جەنگیشدا بەپێوە ئەوێستن، دانانیشن، دلێرانە و بێترس ئەجەنگن.

کوردەکان، لە چەکەکەیان بەولاوە هاوڕێیەکی کۆن و ڕاستی تریان نییە، بەشی زۆریان (محەمەد)ین، بەڵام لە خاکی ئێرانیشدا گاورە یەعقووبیەکانیان[٤٦] هەیە. بەگەکانیان بەسەر کوردەکاندا فەرمانڕەوان. کوردەکان گەورەکانی خۆیان خۆش ئەوێت. لەکاتی جەنگدا نایەڵن گەورەکانیان بچنە کۆڕی جەنگەوە، خۆیان ئەجەنگن. بە تەواویش تێگەیشتم کە هیچ گوێ نادەنە بابی عالی، چونکە باج نادەن، عەسکەر نادەن، ئەگەر هاتوو حکوومەتیش تەنگاوی کردن، ئەچنە ناو کۆلێتی سەر چیاکان. ئەو بەگە کوردەی "ڕەشید

---

[46] نەوەی ئیبراهیم.

پاشا" لێی دا و شکا و بەزاندی، ئیمڕۆ بۆ وێرانکردنی قەڵاکەی سەعید بەگ شانبەشانی ئێمە لە جەنگدایە وە ناویشی "وادی بەگی ڕەواندزی"یە.

لە ئەستانبووڵ (باب عەلی) وە نیشانی پاشایی درابوو بە "سمایل بەگ"، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا جێباوەڕ نییە، هەرچی جارێك بەرامبەر بەم یەکانە سەخڵەتییەك ڕوو بدات، جەنگ ڕوو نەدات و زۆر بە گرانیش نەکەوێتە سەر حکوومەتی عیمانی. لە (سامسۆن)ەوە بە باری ئێستر فیشەك ئەهێنرێت، ئیتر بزانن چەند گران ئەوەستێت، بەبێ کەموزیاد هەر دانەیەکی یەك لیرەی عوثمانی ئەکەوێتە سەر حکوومەت.

خۆ ئەگەر قەڵای کوردەکان بەرگەی تۆپیش نەگرن، بێگومان بەرگەی چلپەنجا ڕۆژ بەربەرەکانی ئەگرن، چونکە قەڵاکانیان زۆر قایم و ڕیزینە. ئەوا ئیمڕۆ قەڵای کوردێکمان لەگەڵ خاك یەکسان کرد، ئەی لەمەودوا چی ئەکەین، ئایا حکوومەت ماك و هۆیەکەی چییە ئەتوانێت بیدۆزێتەوە، کە لە بنەڕەت ئەبێ دەریبهێنێت. ئەگینا ئیتر خۆیان ئەزانن!

**ڕۆیشتن بەرەو ڕووی کوردەکان**

چیای قارسان– ٤ی حوزەیرانی ١٨٣٨

وەکوو ئێمە ئەمانزانی بێدەنگی و ماتبوونی سەعید بەگ، وەنەبێت هیوای کوردەکانی بڕیبێت. خۆ تا ئێستا عەسکەری تورك بە چیاکانی (مووش– حاسو [حەزۆ])دا نەك نەیانتوانیوە گوزەر بکەن، ڕەنگە نەیشیانبینیبێ. بێگومان عەسکەرەکانی ڕەشید پاشایش نەیانوێراوە لەو چیانەدا خۆیان پیشان بدەن.

www.zheen.org

لە ئاسیای پچووکدا بەرزترین چیا ئەو زنجیرەیەیە کە پێی ئەڵێن چیاکانی (قارسان)، لادێییەکانی دێهاتی ئەم چیایە دارایی و سامانیان زۆرە، تا ئێستا هیچ خەرج وە باجێکیان نەداوە بە حکوومەت و نایشیدەن.

بۆ هێنانە ژێر کەمەند زۆر داویان بۆ کوردەکان دامەزران، محەمەد پاشا بە هێزە گەورەکەیەوە چووە ناوچەرگەی کوردستانەوە، لە لایەن فەرماندەی دیاربەکریشەوە (ئاڵای ١٩مین) لە حەساوە (دوو ئاڵای سواری بە ٣ تۆپ و چەند سەد تۆپچی) کە هەمووی پتر لە ٣ هەزار چەکدار بوو، چوونە سەر کوردەکان، دەست بە ورووژمبردن کرا وە لە ڕۆژهەڵاتی

چیای قارسانەوە هاوشانی و هاوکارییان ئەکرد، بەو نیازەی لە هەموو لایەکەوە قارسان ئابلۆوقە بدەن وە هێرش ببەنە سەریان و لەناویان بەرن.

هێزی دوژمن– کوردەکانیش بە (٣٠ هەزار) خەمڵ ئەکرا، بەڵام لەبەر ناڕێکوپێکی ترسمان لێیان نەبوو، چونکە ئێمەیش کوردمان لەگەڵدا بوو. ئەو ڕێگەیەی بە کەناری دیجلەدا ڕاست ئێمەی پێدا ئەڕۆیشتین، زۆر سەخت و نالەبار بوو، لەبەر ئەوە ناچار بووین بۆ هەر یەك تۆپ دە بارگیر تەرخان بکەین، کەچی هێشتا هەر لە سەختڵەتیدا بووین وە نەمانئەتوانی بە تەواوی گوزەر بکەین. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر جاریش جێگەی چادرهەڵدانمان دەست نەئەکەوت، بۆ ئەوەی بۆ کوردەکان لەگەڵماندا زیانمان نەبێت زۆر پارێزگاریمان بۆ ئەکردن، چونکە هاوپەیمانن.

هەر بەو نیازە زۆر جار پاشا خۆی لە نزیکی ئاواییەکاندا ئەوێستا، تا بە تەواوی سوپایی و کاروانی ئۆردوەکە تێپەڕ ئەبوو. ئیتر بەم بۆنەیەوە کوردەکانمان بەبێ پەروا و بەبێ ترس ئەهاتنە ناو ئۆردووگاهەکەمان و شتومەکیان ئەفرۆشت. تەنیا ئاوی ڕووبارەکان لەبەر زۆری ئێمەی زۆر ماندوو ئەکرد.

ڕێگای ڕۆژێکمان مابوو بگەینە (حەزۆ)، تاوەکوو بەرامبەر بە دوژمن جێگا و سوپەر ئامادە بکەین وە ڕۆژی دوایی بە ترس و لەرزێکی ئێجگار زۆرەوە گەیشتینە ئاوایی، بەڵام بە دوو پەل، ئەزانن بۆچی؟ بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە نەبین، چونکە کوردەکان بە ناگەهانی و لەپڕ لێمان ئەدەن. بیستمان کە بێجگە لە لادێییە بێدەسەڵاتەکان بەولاوە، کەس لە ئاواییدا نەماوە، ئەوانی تریان هەموو داویانەتە چیا. ئێمەیش ئەو ڕۆژە لە نزیك ئاواییەوە بارەگامان دامەزراند، حەساینەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر جار تووڕە ئەبووم وە بە تایبەتی بە پاشام ئەوت کە بەرامبەر بە لادێیی و دێهاتییە بێتاوانەکان خراپە نەکرێت، ڕاسپێریم ئەکرد، کەچی دێییەکانیان ئەسووتاندن، هەرچی خراپ بوو پێیان ئەکردن.

لەپڕ لە لایەن سەرفەرماندەوە فەرمانم پێدرا کە ئاوێتەی هێزەکەیان بم، تۆپ و تۆپچییەکانم بەجێهێشت، لەگەڵ پیادەکاندا کەوتینە ڕێگا. لەسەر ڕێگاماندا (١٠) دێیان سووتاند، گەیشتینە ناو دۆڵ و گەلییەکی قووڵ، دانیشتووانی ئەو دێیە گەورەیەی کە لەناو

ئەو گەلیەدا بوو، هەموویان لە ئاواییدا بوون، چۆڵیان نەکردبوو، لەسەر سەربانەکانیانەوە چاوەڕێی ئێمەیان ئەکرد. هەر کە نزیك ئاوایی بووینەوە، بە گوللە ئاگربارانێکی خەستیان کردین، لەلایەکەوە گوللەبارانیان ئەکردین، لە لایەکیشەوە بانگیان ئەکردین ((دڵتان تەنگ نەبێت، خۆمان ئەیسووتێنین))، هاواریان ئەکرد.

وەکوو لە دواییدا تێگەیشتین، تێگەیشتین دوێنێ حافظ پاشا لەکاتی تێپەڕیندا لادێییەکانی زۆر سەخڵەت کردووە، زیانێکی زۆری لێ داون، ڕاویشی ناو،ن تا لە گیانی خۆیان وەڕسی کردوون. ئەم دێیەیش بە هەورازێکی زۆر کووڕەوەیە. بۆ ئەوەی لە گوللەبارانەکەیان ڕزگار ببین وە بە ئاسانی هێرش ببەینە سەریان، بۆ ئابلۆوقەی ئاواییەکە لەلای چەپەوە لە کوردە هاوڕێکانی خۆمان و خزمی ئەوان "مەحموود" بەگم نارد، وەك گورگی هار چوو لە پشتەوە ڕێگای ڕاکردنیانی بڕی. ئیتر عەسکەریش بەبێ ترس و پەروا بڵاوەیان لێ کرد، دەستیان کرد بە هێرشبردن. زۆری پێنەچوو لە هەموو لایەکەوە عەسکەرەکانمان ڕژانە ناو ئاوایی، ئەو تەقانەی لەسەر سەربانەکانەوە لێمان ئەکرا نەما. بە دەستڕێژی عەسکەرەکان ناچاری خۆشاردنەوە بوون. خوا مەحموود بەگ لەناو ببات. خۆیان خزانە ناو خانوەکانیان، وە نەبێت هەر بەوەندە دەستبەرداریان بووبین، عەسکەر بە دەنگی ((الله، الله))وە بە هەرچی کوردێك بگەیشتنایە، ژن، منداڵ، پیاو، پیر و جوان بە سونگی پارچەپارچە ئەکران. من هیچ باوەڕم نییە بەرامبەر بە دوژمنی بێگانە بتوانن ئەم هەڵمەتە ببەن. وردە وردە کوردەکان کەم بوونەوە، نەمان، چونکە سکیان هەڵدرا، لەناو چوون، کوژران، مردن.

لە پاش ئەوەی عەسکەر کوشتار و ئیشی خۆی تەواو کرد، بە ماڵانا پەرت و بڵاو بوونەوە. دەست بە تاڵان کرا، بە بەر چاوە زەقەکانی مەحموود بەگی خزمیانەوە توورەکە و جانگایان پڕ ئەکرد، زیندووی ناو خانوەکانیان ئەکوشت، بەبێ باکی لۆژلۆژ ئەهاتنە دەرەوە. تاڵان هۆشی عەسکەری نەهێشتووە. سەربازێکی سواری هات بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕوتبە و نیشانەکانم، وتی: تکایە وڵاخەکەم بگرە. لێم وەرگرت، ڕۆیشت، چووە ناو خانوویەك، جەواڵێکی بە پڕی هێنایە دەرەوە، هەر ئەوەندە وتی سوپاس، بە تاڵانەکەیەوە سواری ئەسپەکەی بوو، ڕۆیشت. بەڵام دوور نییە ئەگەر کەسێکیشی تێدا بووبێت لە خانوەکەدا قەراچۆی نەهێنابن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەرچەند دوژمنیان لەناو برد، بەڵام مانەوەمان لەناو ئاواییدا بە باش نەزانی. کورد نابەزێت، هێشتا تەقەی ناو خانوەکان نەبڕاوە لەناو ئەو خانووەدا کە گەورەی کوردەکان خۆی تێدا مەڵاس کردووە، ماوەی ئەوە نادەن کە کەس بیانگاتێ. وەکوو باران گوللەمان بەسەرا ئەبارێنێت، چونکە ئیتر هیوای دەرچوون و ڕزگارییان نەماوە. ئەمبینێ خۆی و پیاوە دڵسۆزەکانی بە ئاڵا جوانەکەیانەوە خزابوونە ئەو جێگا قایمەوە، کە تا پێنج سەعات تەقەیان درێژەی بەست.

پاش ئەو کارەساتە بە چنگەڕنێ بە چیاکەدا هەڵگەڕام، گەیشتمە لای "حافظ پاشا"، چی ببینم؟ لە تاڵان، سەری بڕاو، گوێچکەی بڕاو، یەخسیر، بریندار سەرتاپا خوێناوی بە ئاه و ناڵەوە. ژن، منداڵی ڕەشوڕووتی برسی و تینوو لە لایەن عەسکەرەکانەوە ئەهێنران و لەبەر چادرەکەی پاشادا دلێری و ئازایی خۆیان پیشان ئەدا. بەرامبەر بەو زاڵی و بەدکاری و بەدبەختییە و کێویەتییەیان لە لایەن پاشاوە، لە پەنجاوە تا سەد غرۆش بەخشیش پارەیان ئەدرایە. برینی بریندارەکانیان نەئەبرژانەوە، تیمار نەئەکران. نائومێدیی کوردە یەخسیرەکان، گریان و هاواری ژنە ڕووتەکان دڵی پیاوی ئەپچڕاند. بەڵام دڵی مەحموود بەگ و تورکەکان زۆر خۆش بوو، با ئەو دیمەنە هەرگیز نەبینرێت، چونکە نابێت لەبیر بچێتەوە. سەیر ئەوەبوو نەئەزانرا ئەو کوردانە لەناو ماڵ و خێزانی خۆیان و نیشتمانی خۆیاندان و ئەمانە بۆچی وا بە زاڵیەتی دێنە سەریان، ئەم کوردە هەژارانە ئەکوژن؟ ئایا بۆ پارە و تاڵانە، یان لە ڕەگەزی خۆیان نین؟!

لە ئێمەیش کوژراو، لەناوچوو کەم نەبوو. ئیتر ڕۆژی دوایی بڕیاری حەسانەوە درا. ڕۆژی دواییتریش دەستمان کرد بە هەڵگەڕان بە چیاکەدا. لە ڕێگادا بەبێ تاوان کوردەکانیان بە یەخسیر ئەگرت. ئاواییەکەیشیان ئەسووتانن. من ناساخ بووم، جێگا و پێخەفەکەمم بەجێنەئەهێشت، لە بناری چیاکە لە بارەگاهدا مابوومەوە. پاش ئەم ناڕەوایییە کوردەکان ناچار بوون دادنامە بنێرن.

زۆرم پێخۆش بوو کە ئەم جارە لەگەڵ عەسکەری تورکدا چوومە کۆڕی جەنگەوە. باوەڕ و ئازایییەکی زۆرم پێبەخشرا، لە لایەکەوە بە ناوی ئایینەوە پاڵیان پێوە ئەنرا، لە

لایەکی تریشەوە بەبێ بەزەیی، بەبێ ئابڕوویی بۆ تالآن ئەجەنگان، گوایا ئەم دوژمنانەیان خاوەن دارایی و قزلْباشن[47]. ئای کوردی هەژار چۆن لەناو ئەچن.

پێویستیمان زۆر کەموکووڕە، لەبەر ئەوە لە کاتی بە چیادا هەڵگەڕان و سەرەوژێرا ڕۆیشتنمان، عەسکەرەکان هەموویان پێڵاوەکانیان دائەکەند وە پاڵتۆکانیان لوول ئەدا و ئەیانکردن بە ملیاندا، بە پێخاوسی ئەڕۆیشتن. درەنگ لە کردەوەی عەسکەرەکان تێگەیشتم، گوایا ئەم فێڵەیان بۆ ئەوەیە کە پێڵاوەکانیان و پاڵتۆکانیان نەدڕێت، چونکە نییە بەدوایدا بیاندرێتێ وە وەریبگرنەوە.

لە کاتی جەنگدا تفەنگ بەکارهێنانمان بێسوود بوو، چونکە عەسکەرەکانمان نیشانیان نەئەگرت. وامزانی نازانن کە بۆ سەر دێیەك هێرش ئەبرا، چاوم ئەبڕییە ئەو عەسکەرەی لە لامەوە تەقە ئەکات. هەموو جارێك تفەنگەکەی بەولایەدا ئەتەقاند کە دوژمنی لێ نییە و بەولای تریا ئەیڕوانی، پێموت: ((براله، چی ئەکەیت، گوللەکانت بە لایەکی ترا ئەڕوات))، لە وەڵامدا وتی: ((بابە گیان گوێ مەدەرێ، خوا گەورەیە، خۆی ڕێگای خۆی ئەدۆزێتەوە)). هەموو برا عەسکەرەکان هەر بەو پێیە تەقەیان ئەکرد، گوێیان نەئەدایە ئامۆژگارییەکانم. تێگەیشتم کە زۆر لە بریندارەکانمان بە گوللەی خۆمان بریندار ئەکرێن وە یان ئەکوژرێن، بەڵام ئەوەیش بزانن گوللەی کورد بە خۆڕایی ناڕوات. گرتنی قەڵایەکی کورد لە باوی ڕەشید پاشادا بە لەناوچوونی چوار هەزار عەسکەر کەوتە سەر حکوومەت.

**بارەگاه لە چیای قارسان**

**١٤ی حوزەیرانی ١٨٣٨**

ئیمڕۆ بە خۆما ڕاپەرمووم بچم بۆ ئۆردوگاه و حافظ پاشا ببینم، چونکە لە تۆزە ناساغییەکە ڕزگاریم بووە. وامزانی کە لە پێش گەیشتنی مندا کارەساتە ناڕەوا و بەدبەختەکەیان لە پاشا گەیاندووە، بەڵام لە پاش چی؟ ئەوەی بەسەر کوردەکاندا هێنرا، مەگەر هەر ئەو سەربازانە کردبێتیان کە لە کردەوەی ئادەمیزادی ڕاست نەئەچوو. پاشا پیاوێکی دڵپاك و ئابڕوودارە. لە ئەنجامی بیستنی ڕاستیی ئەم باسە ناخۆشە و کە زانیی

---

[47] شیعە، صەفەوی، بەڵام ڕاستییەکەی هەر کورد بوون و بەس.

کوردەکانی ئەو دێهاتانە لە لایەن سوپای تورکەوە وا ئازار دراون، تالان کراون، ئەوانیش هەر بۆ پارێزگاریی خۆیان، دزرەوێن تەقەیان کردووە، پاشام زۆر دڵتەنگ و ئازوردە بینی، گومانم نییە کە تووڕەیش بووبێت لە هەموو چاکتر خوویەکی باشی هەیە و ئەوەیش ئەوەیە، ئەگەر هاتوو قسەت لەگەڵ کرد، گوێ ئەداتە قسە و ئەیبییەت و ئەشتوانرێت بە سەربەستی وتووێژی لەگەڵ بکرێت وە ئەیشیەوێت دوایی بە بەدکاری و سەرکەشی کوردە بەکرێگیراوە (باشیبوزگ)* ەکانیش بێنێ و دەریانبکات، چونکە تێگەیشتبوو کە ئەمانەن ئاگری خراپە خۆش ئەکەن، بەڵام دڵنەرمییەکەی ماوەی نادات.

بە ڕاستی پاشا ئەیەوێت دوایی بەم کارەساتە بهێنێت وە لەگەڵ نێرراوی کوردە یاخییەکاندا قسەیان یەك بگرێت، بەڵام وتووێژ زۆر بە گران وە ورد ئەڕۆیشت، چونکە لە هیچ لایەکەوە باوەڕ بە یەکتری نەئەکرا و یەکدگیر نەئەبوون. زۆرتریش کوردەکانی لای خۆمان بەرگرییان ئەکرد. بڕیار وایە کە ئیمڕۆ نوێنەری هەموو پەلەکانی کوردە ئازاکان بگەنە ئوردوگاه، کەچی تائێستا دیار نەبوون، کاریش تەواو نەبوو.

بەپێی بیروباوەڕی من، بردنی هێزشێکی گەورە و سەخت هەرچەندە پێویست بوو، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەك کوردەکان دالّلە بدەنە ناوچەکانی (مووش) کە والیی مووشیش خۆی کوردە و والیی ئەرزڕۆمیش، بێگومان ماوەی نومایشێکی عەسکەریمان نادات، پڕکێشمان نەکرد. ئەم نەهێڵانەیش هەبوو.

## خەرج و عەسکەری

## چیای قارسان – ١٥ی حوزەیرانی ١٨٣٨

بۆ ئەوەی لە چۆنیەتیی ئەم شارە کە لە پێش ٣ ساڵدا بەرامبەر بە حکوومەتی علییە (ئەستانبووڵ) ملکەچ و ژێرباری یاسا بوون، بە تەواوی تێبگەم زۆر ئارەزومەند بووم. باش بوو تێگەیشتم. کوردەکان لە دوو شت تەنگاو وە وەڕست بووبوون؛ یەکەم باج و دووەم عەسکەری بۆ دەوڵەت. کوردەکان لەوەپێش هیچ خەرج و باجێکیان نەداوە، لە بڕوبیانووی پیاوانی میری ئاسوودە بوون، بەڵام ئێستا لە ڕووی ناکۆکی و

* باشیبوزوگ: مەدەنی، بەرەڵڵا و فەرامۆشکراو.

بنکەی ژین www.zheen.org

جەنگی هەمیشەییی ناوخۆیانەوە چاندگە و کشتوکاڵیان هەمووی لەناو چوو وە لە پیتی زەوی‌وزاریان مافینگی و دەستبەتاڵ مانەوە، دێهاتیان ئەسووتێ، وێران ئەکرێت، پیاویان ئەکوژرێت، پەرێشان ئەبن. کەچی یەکێکیش نابینیت داوای خۆی بە حکوومەت بگەیەنێت، چونکە فێر نەبوون.

ئێستا حکوومەت دەستدارە، باجیان لێ ئەسەنێت، ئەبێت دادیان بە حکوومەت بگەیەنن. ئەیشپرسێت لەناو تیرەکانیاندا جەنگ و کوشتار نەماوە، ئەگەر ئەم یەکیەتییەیان لە دواڕۆژا بۆ حکوومەت وەزەن و زیانی نەبێت. لە هەموو جێگایەکدا کوردە گاورەکان پتر پارە و باج ئەدەن بە حکوومەت. هەموو بێگارییەکیش بەوان ئەکەن، بەڵام نەك بە بەدبەختی وە یان زۆرەملێ. هەر بە ڕووخۆشی و قسەی شیرین ئەو بێگارانەیان پێ ئەکەن کە خۆشیان شەرم ئەکەن ڕەخنە بگرن، بەڵام کوردە ئیسلامەکان لەو پلەیەی ئەواندا نین.

کوردەکان لە دانی خەرج و باجی ڕاستی هاوار ناکەن لە دەمبڕ و مفتە لێساندنیان و زۆرداریی مەئموورەکان کە ئەیانەوێت بیانڕووتێننەوە و تاڵانیان بکەن، ئەڕەنجێن. کوردەکان ئەڵێن دارایی و دەستکەوتنەکانمان بقرچێنن، بزانن چییە و چەندە، ئەوسا لێمان بسێنرێت. بەڵام خۆ ئەگەر وەکوو ئێستا لێیان بسێنرێت، کە بەپێی دۆنم حکوومەت لەسەریان خەمڵ ئەکات و بەم چەشنە بڕووتێنرێنەوە، خۆ منیش ئەزانم ئیتر زەویی کێڵراو و چێنراوە نابینرێت کە وەکوو ئێستا زەویی بەیار و دانەچێنراویان زۆرە.

وڵات و زەوی و ناوچەکانیان ئێجگار بەپیتە و کانگای دارایی‌یە بۆ حکوومەت، کەچی حکوومەت هیچ پێویستییەکیان بۆ پێك ناهێنێ. ئایا ئەبێت هەر لەبەر ئەوە بێت کە کوردن؟! سەر سوڕ ماوە، نازانم بۆچی حکوومەت نازانێت کە چ وڵاتێکی بەپیتی هەیە! ئەو ئاوە زۆرە ڕوون و ساردەی کە بە خۆڕایی ئەڕژێت و خۆڕایی ئەڕوات، ئەتوانرێت بە هەزاران مەکینە، کارخانەی لەبەرا دابنرێت وە دروست بکرێت. ئەو هەموو دارستانە جوان و نایابە کە بۆ خۆی وشك بووە و ڕزیوە، تەنانەت ڕێگای هۆی گواستنەوەیشیان نییە، بە ملیارەها کانگای هەموو چەشنەیان هەیە. بەڵام کێ ئەیزانێت وە کێ بیبینێت؟! بە هەزاران زەویی نەکێڵراو هەیە، ئایا لە کێڵراوەکان بابیی تاوە بەنێك پارەیان لێ دەست ئەکەوێت؟!

له بابەت ئەو هەموو ڕەنجەڕۆیی‌یەوە گلەیی ناکەوێتە سەر لادێیی‌یە کوردە نیشتەنیەکان، چونکە خاوەنی دارایی‌یەکی وا نین تا بتوانن فەڕی لیٚوەربگرن وە ڕێگەیش نادرێت کەسیش تێکەڵیان ببێت. ئیتر خۆ گومانی تێدا نییە بێتوو ئەو کەسەیش، هەرچی کەسێك بێت، ئەگەر هاتوو کاریان بکات لە سەدی ٦٠ تا ٧٠ سوود و قازانج وەرئەگرێت. بەڵام داخەکەم ئەم پیت و سوودە هەمووی ئەچێتە گیرفانی قونتراتچییەکی چلێس، یان گیرفانە قووڵەکانی مەئموورانی میرییەوە و گەنجینەکانی میریش لە دوورەوە زەقەی چاوی دێت، بە تاڵی ئەمێنێتەوە.

کوردەکان لە زەویەکانی قەراخ ئاوایی‌یان ئەترسن، ماڵەکانیان بەرەڵایە. ئەگەر پارەیەك یان شتێکی بەنرخ و گرانیان هەبێت، ئەیکەن بە پریاسکە و ئەیئاخننە ناو گۆزە و دێزە و لە خاکیشدا ئەینێژن. ئەزانن بۆچی؟! نەوەك تاڵان ببیات. شاهبەندەرەکان بازرگان (توجار)ەکانیان ئەپارێزن، چونکە دارایی کەوتۆتە دەست بێگانە. حکوومەتیش لە سەرەتادا هەموو کانگاکانی پێسپاردوون، پێیان ئەفرۆشێت. کەچی لەجیاتیی پارەکەیشی هەر بە نرخەکەی خۆی کەلوپەل و شتومەکیان لێ ئەکڕن. ئەمەیش لە ڕووی نادانی و بێپیاوییە لە دەوڵەتدا.

لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە لە دەریاکاندا ئاڵای تورکیش وەکوو ئاڵای دەوڵەتەکانی تر، ئینگلیز، ئەڵەمان، ڕووس، فڕانسز ئەلەرێتەوە. پاپۆڕەکانیان ئەسووڕێتەوە. کەچی ئەم دەوڵەتە گەورە و خاوەنی وڵاتە پیتدارە لەبەر بێدەرەتانی و دەستکورتی بە ناڵەناڵەوە ئەذیەت. نازانم چۆن وێستاوە وە ئەگەر خەرج و باجیش وەکوو ئێستا بسێنرێت، هیچ لای خوا پەسەند نابێت. خۆ کوردیش گەلی عوثمانییە.

محەمەد پاشا لەخواترسە، بۆ ئەو کوردانەی هاوپەیمانی خۆمانن ئەو پارێزگارییەی بۆ ماڵ و کشتوکاڵەکەیان ئەیکات، بە ڕاستی پەسەندە و لەبیریشم ناچێتەوە. لەناو ئۆردووگاهەکەماندا بازاڕێکی دامەزراند، کوردەکان بەبێ پەروا بۆ کڕین و فرۆشتن ئەهاتن، پێی عەسکەری لە چوونە ئاوایی بڕی. زۆر دڵنەوازیی ئەمیرە کوردەکانی ئەکرد، گەیاندیە ئەو پلەیەی وەختا بوو وڵاخەکانمان لەبەر بێتفاقی

لەناوبچێت. تالان کردن نەما، بەڵام بە پیاوەتی ئەتوانرێت هەموو بەروبوومی ساڵانەی چاندگەکانیان لە کوردەکان بسێنرێت، نەك بە خورتی.

ئێستا بام لە باسی خەرج و باج لادەین، بێنە سەر باسی عەسکەری و عەسکەر گرتن:

پاش گرتنی (سعرد) لە لایەن ڕەشید پاشاوە، دەست کرا بە ناو نووسین. لە ئەنجامدا لە موسڵمان ٦٠٠، لە هەرەمەیی ٢٠٠ کەس دانیشتووان ناونووس کرا. دەستبەجێ ٢٠٠ لاو لە کوردەکان گیرا، کران بە سەرباز و ژێرچەك. ئیتر کە کوردەکان بەم کارەساتەیان زانی، لە ٦٠٠ ماڵەوە هاتنە سەر ٣٠٠ ماڵ. بەڵام کە بیستیان لەمانەیش هەر ئەگیرێت، ئەوانەی گەیشتبوونە تەمەنی عەسکەری، هەموویان شاریان بەجێهێشت، دایانە چیاکان. باوەڕ بکەن لەناو کۆڵانەکانی شارا، بێجگە لە مناڵ و پیر، گەنجێك نەئەبینرا. ئیتر لە عەسکەری و خەرج و باج یاخی بوون و ڕاکردن وەکوویەکی لێ هات.

ئەبووایە لە عەسکەریدا ماوەی ١٥ ساڵ بڕەقێتەوە وە بچەوسێتەوە بۆ حکوومەت. کوردەکان فێرن بە گەنجی ژن ئەهێنن. جا کاتێك کە بنێررێن بۆ عەسکەری وە دوچاری ئەو چورتمە بوون، ئەبێت یان بە تەواوی دەستبەرداری ژنو ماڵ ببن، یان ڕابکات و دەست بداتە چەك و بدەنە چیاکان. کەوابوو ئیتر بە کۆمەڵ عەسکەری ناکەن.

ئێستا لە چیاکانی کوردستاندا نیوەی عەسکەرەکانمان کوردن. ژن، مناڵ کەسوکاریان هێرش ئەهێنن. لەپڕ ئەکەن بەناو ئۆردووگاهەکەماندا، پرسیاری ڕۆڵە، باوکیان ئەکەن، بزانن ماون یان لەناو چوون، بە دەم گریانەوە ماچوموچ ئەکەن.

هەرچوار لای ئۆردووگاهەکەمان بە پاسەوان تەنیوە، ئەم پاسەوانانەیش وەنەبێت لە ترسی دوژمن بێت، بەڵکوو بۆ ناو ئۆردووگایە، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو وریاییەیە و پاسەوانە زۆرەدا هەموو شەوێك زۆر لە عەسکەرەکانمان ڕائەکەن. بەرامبەر بەم سەخڵەتییە تەنیا چارە ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی کەم عەسکەرەکان لە کوردستان دووربخرێتەوە.

لە ناکاو لە ئەستەنبووڵەوە ماوەی عەسکەری کەم کرایەوە، کرا بە پێنج ساڵ وە بەم چەشنە فەرمانمان بۆ هات. ئەم دەنگە بڵاو بوەوە، بەڵام کام کورد و لادێیی بەم باسە باوەڕ ئەکات. ڕەنگە کاتێك باوەڕ بکەن کە پاش پێنج ساڵە عەسکەرییەکە

کوڕەکەی یان پیاوەکەی بگەڕێتەوە و بەگوێ ئاگردانەکەیاندا لنگ درێژ بکات، چونکە تائێستا یەکێکیان نەگەڕاوەتەوە.

**ئۆردووگاھ لە چیاکانی قارسان**

**٢٢ی حوزەیرانی ١٨٣٨**

دوێنێ بۆ ئەوەی لە کەلێنێکەوە دەستوەشاندن وە بە خۆپیشاندانەوە جەزرەبەیەکی ئەو کوردانەی لەسەر گردەکە مۆڵیان داوە، بدەین، پێویست بوو. بۆ ئەم مەبەستە لە عەسکەرەکانمان ١٤ بلووك وە لە کوردە باشیبوزگەکانیش یەك بلووك بە هەرچوار لای ئەو گردە بەرز و تیژەدا بە چنگەڕنێ هەڵگەڕاین. لە ئێمە عەسکەر، شانزە کوژراو، پتر لە ٦٠ برینداریشمان بوو، بەڵام کوردەکان ژنەکانیشیان چەکدار و لە جەنگدا بوون. لە کاتی گەرمەی جەنگدا ژنە کوردێك زۆر بە مەردانە بە خەنجەر عەسکەرێکی کوشت. کە بە تەواوی عەسکەر گەیشتە سەریان، بە جارێك پەلاماریان درا، لە کۆڕی جەنگدا پتر لە ٥٠٠ کورد کوژرا. لەناو یەخسیرەکاندا (٦٠) ژن گیرابوو، عەسکەر دوایان کەوتبوون، بەکۆمەڵ خۆیان فڕێ دایە ناو ڕووبارەکە و بە خنکاوی ئاو بردنی، چونکە مردنەکەیان بە باشتر زانی لە ئازاری عەسکەرەکان.

لەسەر ویستی پاشا، ئێمە هاوکاریی ئەم کارەساتە نەبووین لە کردەوەی ناپەسەند و ناشایستەیان، من تووکی سەرم هەڵئەوەرا، لە کاتێکدا (٦٠٠) کورد کە بە ژن و منداڵیانەوە بە یەخسیری هێنرابوون. هەندێکیان لە ئازاری برینە نەبرژاوەکەیان وە هەندێکیان بە ئەشکەنجە و لێدان بە قۆناخەتفەنگ ئەمردن. خۆ مردنەکەیان باشتر بوو. لام وایە تا مردنی دوایی کەسیان پاروە نانێك یان خواردنێك نەدرا بە یەکێکیان وە هیچ شتێك نەچوە ناو زگیان. وا ئێمە بەرگریی خراپەی عەسکەرەکانیشمان پێ نەئەکرا کە بەرامبەر بەم یەخسیرە هەژارانە ئەیانکرد، ئەی کوردەکانمان کە لە خۆیان بوون بۆچ ماوە نەدران گیا، توێکڵەدارێکیش بخۆن وە ئەوەیش لێك نەئەدرایەوە کە ئەم ٦٠٠ یەخسیرە کوردەیش گەلی عوثمانییە و تورك بەبێبەزەیی لەناویان ئەبات، ئایا ناترسن ئەم تۆڵەیان بە چەند جار پترتر لێ بسێننەوە؟!

بنکەی ژین
www.zheen.org

له چیاكاندا بزووتنەوەی عەسكەری، لە دیجلە بۆ فورات، سووڕاننەوەمان بەسەر ڕووباری فوراتدا، خەرپووت– ۳۰ی حوزەیرانی ۱۸۳۸

لە تەواوبوون و دوا ڕۆژانی مانگی حوزەیراندا چووینە بارەگاهی پاشا. کە گەیشتین، پاشا شێوی کردبوو، خەریکی قاوەخواردنەوە بوو. پاش ماوەیەکی زۆر کەم فەرمانی ڕۆیشتنمانی دا، زۆرم پێخۆش بوو. ئەم جێگایە و بارەگاهەم زۆر لا ناخۆش و ستەم بوو. لەبەر گەرما ماری زۆر ئەخزایە ناو چادرەکانمان، لەناو نوێن و پێخەفەکانماندا بە ڕیزە دووپشك ئەسووڕایەوە، تا ڕۆژ ئاوا نەبووایە، توانای چوونە دەرەوەمان نەبوو. هەر لە ترسی گەرما بە شەو ئەڕۆیشتین وە ڕێگامان ئەگرتە بەر. تینی هەتاو، تیشکی ڕۆژ بەرد و داری داخ ئەکرد، سووری ئەکردەوە. ڕووی زەویی ئەو ناوچەیە ئەبوو بە ئاگردانی ئاگر، لەگەڵ ئەوەیشدا نە دڕوو نە پنچکێك نییە لە پەنایدا بحەسێینەوە. ئەوا ئیمڕۆ بە ڕۆژ ملی ڕێگامان گرتووە، بە پەرێشانییەکی زۆرەوە ئەڕۆین.

ڕاستە ئەڵێن پاش ناخۆشی خۆشییە. ئەوا نزیك نیوەڕۆیە، گەیشتینە سەر کانی و ئاوێك. نازانم لە خۆشیاندا چی بنووسم، ئای لەو دەرووە خۆشەی بە ڕووماندا کرایەوە. ئاو وەکوو بەفراو سارد، چەشنی ئاوێنە ئەدرەوشێتەوە، لە چاوی قرژاڵ ڕونترە. خۆمان و بارگیرەکانمان لە خۆشیاندا خۆمان تێفرێ دا. وەکوو نەدیوبدی خێراخێرا ئاومان ئەخواردەوە، بەو ئاوە کە لە سەهۆڵ ساردتر بوو، دەستمان کرد بە خۆشتن. دڵمان نەهات تا ئێوارە بەجێی بهێڵین.

کەوتینە ڕێگا. لە دوورەوە منارەی مزگەوتەکەی (حەزۆ)مان بەدی کرد، گەیشتین. ئەم شارە هەرچوارلای باخ و باخاتە. بە دارگوێز، ئیلخاموور، چنار تەنراوە، بە تایبەتی دارچنارە جوانەکانیان شایانی لێدوانە. لەم ناوچەیە چنارەکانیان ئەوەندە ڕاست و بڵند ئەبێتەوە، لە بینینیان تێر نەئەبووم. وەکوو ئەم دارانە زۆر کەمە و بە دەگمەن ئەبینرێت.

لە شار و دێهاتەکانیاندا باوە: ئەو ڕۆژەی منداڵیان ئەبێت، کوڕ یان کچ لەگەڵ لەدایکبوونیاندا ۱۰ بڕ چنار ئەڕوێنن. جا ئەم دارانە ساڵبەساڵ لەگەڵ ئەو منداڵە گەورە ئەبێت تا کاتی شووکردن یان ژنهێنان. ئەو کاتە ئەبڕرێت وە ئەفرۆشرێت، پارەکەی



بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەکرێت بە خەرج و تفاقی پێویستی ماڵ پێکەوەنان. بە ڕاستی کارێکی زۆر جوانە کە کوردەکان گرتوویانەتە پێش و سەرشانی خۆیان.

لەو کیشوەرەدا کەرەستەی ماڵیان هەمووی لەو داری چنارانە و بە دەستی خۆیان دروستی ئەکەن. سەربانی خانوەکانیان بەو دارە نایاب و ئەستوورانە دارەڕا ئەکەن، بە قامیش بەند و خێزەرە و قوڕپەستێکی لماوی قوڕپەستی ئەکەن و بە باگردێنێکی بەردینە ئەیپەستن، چەند بە باش و جوانم بینی کە ئیتر هەرگیز ئەم جۆرە سەربانانە لە زستاندا دڵۆپە ناکات و بە ئاسوودەیی تێیدا ئەژین و لە هاوینیشدا لەسەری ئەنوون، چونکە لەناو ژوورا گوزەوان ناکرێت.

**٤ی تەمووزی ١٨٣٨**

گەیشتینە (مەعدەن)، حافظ پاشا بڕیاری دا کە لەم جێگایە قەڵایەك دروست بکات، چونکە لەم جێگایە باشتر جێگایەك نابینرێت بۆ قەڵا دەست بدات. مەعدەن–کان، کانگایەکی زۆر گەورەی ئاسن و جێگایەکی پیتدارە. بۆ ئاسن دۆزینەوە نە پێویست بە زەوی هەڵکەندنە و نە عەودالّی بەبێ ماندووبوون هەموو بەردە بۆرەکان هەڵسەنگێنە، خۆی تێت ئەگەیەنێت کە ئاسنە و بەرد نییە. خۆڵەکەیشی بە قورسیدا خۆی خۆی پیشان ئەدا کە ئاسنێکی زۆری ئاوێتەیە.

یەکە یەکە گردە بەرزەکانمان سەرەوژوور و سەرەوژێر بڕی، قولەکانمان بینی، گەیشتینە ئەو جێگایەی کە دیجلە و فوڕات لەیەکتر دوورئەکەونەوە. تا ئێستا هیچ گەڕۆکێکی بێگانە نەگەیشتۆتە ئەم جێگایە، چونکە ئەم ناوچانە زۆر پیتدارن، بەربەستی کراون، ماوە نەدراوە ببینرێت.

ئاوی ڕووبار زۆرە، بێجگە لە کەڵەك هیچ هۆیەکی تر نییە کە بتوانرێت بپەڕێنەوە. تاڤگەکانیش زۆر گەورە و تیژ و بەخۆڕە، ڕێگایەکی تریش نییە. لەوەپێش لە دێی (پالوو) کەڵەکێکی بە کوندە دروستکراو کرابوو. هەموو کەلوپەل و تفاقەکانمان لێ بارکرد. چەند سەوڵوەشێنیکمان لەگەڵ خۆمان برد، ئاغا (ضابط)ێك لە ئاغاکانی پاشا و

www.zheen.org

دوو چەکداریشمان سوار کرد. بۆ ڕێگا پیشاندەر، پووسڵەیەك وە هەندێك کەرەستەی پێویستی تر وە پەیغامێکی شارەزای ڕێگازانیی ڕووبارەکەیشم لەگەڵ خۆمدا برد.

تا (پالوو) ئەم ڕۆیشتنەمان بەسەر ئاوا و بەناو چیا دارستانەکەدا، ئەم ڕووبارە پڕتاڤگە جوانجوانانەی دێتە خوارەوە و ئەڕژێتە ناو دەشتێکی پانمان بینی، کە بە لای چەپدا شارە جوان و پڕپیتەکەی (خەرپووت) ئەبینرێت. جا وردە وردە کەڵەکەکە و ئێمەیش بەسەریەوە بەدەم ڕێژەوی ئاوەوە بە قونەقون و قوننەرەکردن*، بەناو دارگوێز، داربەڕوو، مازوودارەکانی چیا شیرینەکەدا ئەکشێین. دێهاتی پچووك پچووکی کوردمان ئەبینی بە قەراخ و ناوەڕاستی ئاوایییەکاندا، لە هەموو کاوە شاخ وە بوودڕێکەوە گڤ گڤ ئاو بە کەفی سپییەوە وەکوو شیر بە هاژەهاژ ئەهاتە خوارەوە و تێکەڵ ئەبوون بە فورات و ئەڕۆیشت.

فورات: لە پاش (گەڕگەڕ) ڕێژەو و باری ڕۆیشتنی ئەگۆڕێت، وردە وردە پان ئەبێت، لەسەرخۆ و بە مەنگی بەناو گەلییەکەدا تێپەڕ ئەبێت. لەمبەر و لەوبەری ئاوەکەدا، لەناو بەردە ڕەنگ سوورەکاندا، لە بەرزاییی ٤٠٠ پێدا زۆر ئەشکەوت ئەبینرێت. لەناو ئەم ئەشکەوتانەدا جێگای پیاوە زۆر کۆنە ئایینییەکان دروست کراوە. ئێستا گەیشتن وە چوونە ناو ئەو ئەشکەوتانە ئاسان نییە.

ئاغەڵ و ماڵە پچووکەکانی (کوریس)مان بەجێهێشت. ئیتر فورات لەم جێگایەوە بە پێچاوپێچ ڕوو ئەکاتە (سامات) وە لەوێشەوە ڕوو ئەکاتە قەڵای ڕۆمەکان وە لێرانەیشدا کاری من تەواو بوو وە ئەم ئاوایییە تورکن.

**لێرانەدا هەندێك لە چۆنیەتیی بینراوەکانم**

لە وڵاتی (ئەنادۆڵ)ی کوردەکاندا وا باوە ئەگەر هاتوو هاتنی میوانێکیان بیست وە یان میوان ڕووی تێکردن، چەند کەسێك لە دەستەی پیاوە گەورە و ناسراوەکانیان تا ماوەیەکی دوور لە ئاوایییەکەیانەوە ئەچن بەپیر ئەو میوانەوە. زۆر بەڕێزەوە ئەیگەیەننە جێ. لە بارگیرەکەی دایئەبەزێنن، بە گورجی ئەچنە ژێر باڵی. ئەگەر بگاتە

* قوننەرەکردن: قوندەرەکردن، هەڵبەزینەوەی ئاو لەناو چەمی خوڕدا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەر بەرزی یان پێپیلکەیەك، زوو قۆڵی ئەگرن، بۆ سەرکەوتن یاریدەی ئەدەن. کە دانیشتن، جزمەکانی پێی بۆ ڕائەکێشن، دۆشەکی خاوێنی بۆ ڕائەخەن، ئاگردانی ئاگری بۆ گڕئەدەن. خاوەنماڵ جێگا و پێخەفی خۆی بە میوان ئەبەخشێت. لە کاتی دانیشتندا خاوەنماڵ بەرامبەر بە میوانەکەی بەپێوە ئەوەستێت. ئەگەر لەسەر ویستی میوانەکەی دابنیشێت، لە نزیك دەرگاوە بە چۆکدا دێت. بۆ خواردنەوەی ئەو قاوەیەی لەسەر ویستی میوانەکە ئەیخواتەوە، سوپاسی میوانەکە ئەکات. ئەڵێت: ((کە تۆ هاتیت ئیتر سەروماڵ هیی تۆیە، هیی من نییە)). بە درێژیی مانەوەی پتر میوانداریی ئەکەن. هەرگیز لە میوان وەڕست نابن. لەکاتی ڕۆیشتنی میوانەکەیاندا دیاریی نایابیشی پێشکەش ئەکەن. وەختێك من لە ماڵی خانەخوێکەم جیا بوومەوە، ویستم پارەی خواردن و نوستنەکەمیان بدەمێ، بەڵام ئەم کردەوەیەم لە لایەن ئاغاوە پەسەند نەکرا. ئیتر تا من ماوم بەرامبەر بەو چاکە و پیاوەتیە و میوانەوازییەی ئەو کوردانە سوپاس وە یادیان ئەکەم. ئەو هەڵەیەی خۆیشم بە کردەوەیەکی ناڕێك و ناپەسەند ئەزانم.

پاش ١٨ سەعات ڕێگا بڕین، لە دوورەوە دەشتێکی وەك زمڕود درەوشاوەمان ئەبینی. گەیشتینە ئاواییەکەی، لە هەموو لایەکەوە لە بەفراو ساردتر ئاو هاڕە ئەکات. لەبن سێبەری دارگوێزی گەورە گەورەدا حەساینەوە. زۆر سوپاسی خوام کرد کە دیمەنی وا جوان ئەبینم. کەچی ناو ئاواییەکە شارێکی چۆڵ و بێزیندەوەر بوو، بە ڕاستی سەرم سوڕما، زۆر سەیر بوو. خۆم بە خۆم ئەڵێم: ئای خوایە ئەمە چییە؟ جادوو نەبێت؟ وەختا بوو بتەقم وە بتۆقێم، ئارامم نەما. پرسیم! وتیان کوردەکان لە هاویندا دێهاتیان بەجێئەهێڵن. ئەچن بۆ زۆزانی چیا و کوێستانەکانیان بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن. تا وردە وردە کە بەفر ئەتوێتەوە، کوردەکانیش بە دوای ئەو چیمەن و گیا ناسکەدا سەر ئەکەون وە هاوینان کوردەکان هەموویان خەریکی کۆچکردنن، بەدوای بەفرەکەدا بە چیاکەدا هەڵئەگەڕێن، ئەچن بۆ جێگای دەرامەت و باشتر. کە ئەمەم بیست کە کوردەکان لەم جێگا ئاودارەی کە لە وێنەی بەهەشتە دوورکەوتوونەتەوە، بەبێ گومان بەهەشتی خۆشتریان ئەبێت هەبێت، وتم: ئەی بۆچی ئێمەیش نەچین بە چاوی خۆمان ئەو بەهەشتەیش نەبینین. هەر بۆ ئەوەی لەناویاندا ڕابوێرین، بە گردەکاندا هەڵگەڕاین، کەوتینە سەر شوێن و دوای دووکەڵی ئەو ئاگرانە کە لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەواری کوردانەوە بەرز ئەبێتەوە. پاش ماوەیەك گەیشتینە لایان. ڕەشماڵە جوانەکانیان بە ڕیزە و کەوانەیی هەڵدرا بوو. ژنیان مەڕیان ئەدۆشی. پیاوەکانیان لەسەر زەوی ڕاکشابوون، قەندەیان ئەکێشا. مناڵەکانیشیان یارییان ئەکرد.

کوردەکان بە بینینی ئێمە شڵەژان، ویستیان بچن بۆ لای چەکەکانیان، من کە ئەمەم بینی دەستبەجێ تێگەیشتم کە تورکەکان بە سووتاندنی دێهات، چێنراو، لەناوبردن، گرتنی کوڕەکانیان بۆ عەسکەری. وای لەم کوردانە کردووە کە هەرگیز باوەڕیان بە چاکیی حکوومەت نەمێنێت. وامزانی کە میوانداریمان ناکەن وە ڕایشمان ناگرن. لەبەر ئەوەی هێزەکەی ئێمە ئەوەندە نەبوو وە عەسکەرەکانیشمان تیپێکی ئەوەندە بەڕێز نەبوو کە سڵمان لێ بکەن، بە تەواوی لێیان نزیك بووینەوە. ئیتر بە چەشنێك میوانداری کراین کە زۆر پترتر بوو لە هیوای ئێمە. لەم هەوارگایەدا بە تەواوی گیان و دڵم حەسایەوە، چونکە هەر لەگەڵ دەرکەوتنمان سەرۆکی خێڵەکە هات بەپیرمانەوە، بە ڕاکردن هات. منی لە ئەسپەکەم دابەزاند. بردمی بۆ ژێر ڕەشماڵەکەی خۆی. چاکترین دۆشەکی بۆ ڕاخستم، دانیام. خۆی بەو پیرییە لەگەڵ پیرەژنەکەیدا بە دەستووری میوانداریی خۆیان هاتن جزمەکانیان داکەند، ئاویان هێنا، قاضمیان شت. جگەرەی خۆیانی دایە دەستم وە بە داخێکی زۆرەوە وتی: ((داخەکەم: ئێمە قاوە ناخۆین)). ئەم کردەوانەیان لە ڕووی ئازایی و پیاوەتییانەوەیە. کورد لە ترساندا هیچ کارێك ناکات وە ناتوانرێت پێیان بکرێت، ترسیشیان بەلاوە پەسەند نییە. دەستوور، ڕەوشت، خووی کوردەکان لەگەڵ تورکەکان زۆر جیاواز و دوورە. من کە گەیشتمە (سامات)، بینیم کە خواردن، خواردنەوە، بام ئاویش بێت بە پارە بوو. باسی لەشکری مۆریان و ئەسپێش ناکرێت. کارەساتێکی کەمیان بەسەر نەهێنایین. نامەوێت یەکە یەکە وە هەموو شتێك باس بکەم. بە ڕاستی لە هەموو بابەتێکەوە کوردەکان بە پێچەوانەی تورکەکانن.

ئینجا پاش خۆشهاتنێکی زۆر و ڕێزێکی تەواو ئەو سەرۆکی خێڵە کوردەکان دەستبەجێ گیسکێکی سەر بڕی، کردیان بە بریانی. پیاوەکانی ناو خێڵەکە یەکە یەکە بە چەکەوە ئەهاتن، خۆشهاتنیان لێ ئەکردین، بە بەرامبەرماندا بە چۆکدا ئەهاتن و دائەنیشتن. ژنە کوردەکان نە سەرپۆش و نە چەپە ناپۆشن. بە تیلاییی چاو وا

بنکەی ژین
www.zheen.org

تێگەیشتم کە ژنە جوان و کچەکانیان لە ڕەشماڵەکان نەئەهاتنە دەرەوە، لەناویاندا جوانم نەئەبینی، خۆ جوانی زۆر لەناو کوردایە.

ژنەکانیان خەزێمیان لە لووتایە. بە سەر سەر و ئەگریجەیاندا خشڵی زۆری زیوینەیان هەڵواسیوە. هەرچی پارە و شتێکی زیوینەیان دەست بکەوێت، بە لەشیاندا هەڵئەواسن، نایخەنە ناو پریاسکە و نایشارنەوە. منیش هەموو چەشنێك هەندێك پارەم دا بە کچە پچکۆلەکەی کوێخا کە هەمووی باییی ٣٠ تا ٤٠ غرۆش ئەبوو. وایانزانی کە گەنجی قاروونم داونەتێ وە کیسەیەك قاوەیشم دا بە دایکی. بەلایانەوە دیارییەکی زۆر گەورە و خۆش بوو، چونکە بە پیاوەتییان ئەزانی، بەڵام من تێگەیشتم بۆ ئەوەی بیخەنە بەرامبەر میوانداریییەکە بوو، نەك زۆر بەخشندەییی من.

ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێگا، گەیشتینە سەر ڕووباری (سوڵـطانی)، کوردەکان بەبێ یارمەتیی حکوومەت خۆیان مەردانە بەند (سەدد)یکی زۆر باشیان لەبەر ئەو ڕووبارەدا دروست کردووە. ئاوەکەیان لە وێنەیەکی زۆر جوان و پەسەندا بە دووپەل دابەش کردووە، جۆگەکانی ئەم بەندە نزیکەی ٢٠ هەزار خێزانی حەسانووەتەوە وە کەوتوونەتە خۆشیی ژیان، بەڵام دێهاتە دوورەکانیان کە لەو ئاو و بەندەوە دوورن، لە سووتاو ئەچن. ئەو دێهاتانەی کە بە ڕاستی وەکوو زمڕود لەناو شینایی دار و درەختدا و دارەکانیان وەکوو منارە لەناو باخ و باخاتەکەیاندایە و بە هەموو چەشنە میوەجاتێك ڕازاوەتەوە و بەکورتییەکەشی وەکوو بەهەشتن، دێهاتە کوردەکانە.

**لە نزیك مەرزا، خەرپووت**

٢٣ی تەمووزە ١٨٣٨

لەگەڵ ئەو هەموو ئاوە زۆر و جوانە و بارەگا پاك و خاوێنەدا، بە پاشاوە نزیکەی نیوەی سوپاییەکانمان نەخۆش کەوتوون، چونکە پزیشك نییە، دەرمان نییە، نییە !

**خەرپووت– ٣ی ئاغستۆس**

لەو کاتەدا کە حافظ پاشا نەخۆش بوو، خوا کردی قونسوڵی ئینگلیزەکان لەم ڕێگایەوە ڕابورد، پزیشکێکی لەگەڵدا بوو. قونسوڵ فەرمانی دا کە پزیشکەکەی دەرمانی



بنکەی ژین
www.zheen.org

پاشا بکات. لەسەر دەرمانەکان پارێزیشی بۆ دانا. لە ماوەیەکی کەمدا پاشا ئیفاقەی بوو، چاکتر بووبوو. بەڵام لاوازی و زگ ئێشە بێزاری کردبوو، لەملاولەولاوە لەناو کوردەکاندا پیاوی لەنەخۆشزانینیان بۆ پەیدا کرد. پارێز و مارێزیان بەلاوە ڕاست نەبوو. لە جیاتیی دۆزینەوە و زانینی نەخۆشییەکەی، حۆقەیەك نانیان بۆ ئەگوشییە ناو گۆشتاو و دەرخواردیان ئەدا، ئەیانوت ئەمە دەرمانەکەیە، لەسەرخۆ بیخۆ قەیناکا، تای ئاگرینی هەر لە زۆری بوو. یەکێك لە میوانەکان قاوەیەکی دایە، وتی: پاشام من خۆم گرفتاری ئەم نەخۆشییە بووم، بە یەك فنجان قاوە ڕزگاریم بوو. لەسەر خوا تۆیش بیخۆ، بۆ تۆیشی بگێڕێت بە دەرمانی باش. نەخۆشیی پاشا گەیشتە ئەوەی پێویستیی بە شرینقە بێت، کە لەوەپێش بۆ ئیسلام دەستی نەئەدا و دروست نەبوو. بە ناچاری داللّەمان دایە بەر ئەجزاچی، پاشایش گەیشتە ئەوەی خوانەخوا شرینقە لێ بدات، لەگەڵ ئەوەیشدا بەگوێنەدان بە پارێز، ئەو نەخۆشییە پاشای گەیاندە ئەوەی لەشساغی و ڕزگاربوونی بدرێتە دەست خوا.

لە (سیواس) بەڵگەی (تاعوون) بینرا، چەند هەوڵ ئەدرا بۆ پاراستنی سوپاییەکان، کەچی ئەوەندە زیاتر تینی ئەسەند و بە هەزاران نەخۆش لەناو جێگادا ئەیناڵاند. خۆ کەرەنتێنە* ش داندرابوو، کەچی لەم کاتە تەنگوچەڵەمەیەدا هێشتا نە پزیشك و نە دەرمان نەبوو، ئیتر لەم کاتە گرنگ و ناخۆشییەدا توانای چوونە جەنگی کوردەکان و بەربەرەکانیمان نەما، چونکە لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر بێت و بچینە جەنگەوە، بێگومان نیوەی هێزەکانمان ئەدۆڕێنین. ئەوا شەش حەفتەیشی بەسەرا رابورد، لەبەر ناساخی هێشتا پاشا نەیتوانیوە عەسکەرەکانی بێنێ، ئەمە بوو ژیانی چەند حەفتەیەکەمان پێش ئەوەی بچینە کۆڕی جەنگەوە.

**نامەی شاهانە**

**خەرپووت– ١٩ی ئاغستۆس**

بە بۆنەی سەرکەوتنەکەی قارسانەوە، بە ناوی پیرۆزبایییەوە لە لایەن خاوەنشکۆ "محەمەدی دووەم"ەوە بۆ پرسیاری چۆنیەتیی سوپا و فەرماندەکان لە ئەستەنبووڵەوە "حاجی ئەسعەد ئەفەندی" بە نامایەکی شاهانەوە نێردرابوو بۆ لامان.

---

* کەرەنتێنە: جێی دابڕینی تەندروستییانە، جێیەك نەخۆشی تێدا جوێ دەکرێتەوە.



بنکەی ژین
www.zheen.org

به هۆی هاتنی حاجی ئەسعەدی ئەفەندی و نامەی شاهانەوە، بۆ ئاڕاستەکردنی ئاهەنگ و ئامادەکردنی خواردنێکی نایاب فەرمان درا. بەڕاستی خواردنێکی مشە و بەتام و خۆشیان دروست کرد، بەڵام خواردنەوە تەنیا ئاوی سارد بوو، کە ئەویش سەر گەرم ناکات. هەر بەو سەرساردییە و دەستوورێکی جوان و ئاهەنگێکی نایابەوە چووین بەپیر حاجی ئەفەندی‌یەوە، ماوەی ئەو هێزەمان کە لە هێزی سوپاکەمان نەخۆش نەکەوتبوون، بەپرچەکێوە بردمانن بە پیریەوە. پاشایش لەناو چادرەکەیدا و لەگەڵ فەرماندەکانی چاوەڕێی ئێڵچییەکە ئەکات. لە پێش ئەوەدا کە سەد هەنگاوی بمێنێت، پاشا چوو بەپیر حاجی ئەسعەدی ئەفەندی‌یەوە، نامەی شاهانەی وەرگرت، ماچی کرد، نایە سەر سەری. هەموویان بەیەکەوە گەڕانەوە بۆ ناو چادرەکە، جەنەڕاڵ و فەرماندەکان هەموویان بەڕیز بە چۆکدا هاتن وە لە پاش ماوەیەك هەردوکیانمان دوو بەدوو بەجێ هێشت.

زۆر خراپ ڕووی دا بەناوی هاتن ئەم ئێڵچییەوە بۆ تۆپتەقاندن فەرمان درا، بۆ ئەوەی تۆپچییەکان بە تۆپەکانیانەوە بێن تۆپ بتەقێنن، فەرمان دەرچوو. کەچی لە ڕێگادا لەقوڕا چەقین، هەر لە دوورەوە دەستیان کرد بە تۆپتەقاندن. ئیتر چارەیانمان نەبینی. پاشا لەم کارە زۆر تووڕە بوو، ڕووی کردە فەرماندەکان و وتی: ئێمە لە کاتی خۆیدا چاکترین تۆپچی بووین لەم گێتیەدا، کەچی ئێستا لە قوڕا ئەچەقین! لە چۆڵ و بیاباندا ئەمێنینەوە. لە وەڵامدا یەکێك لە فەرماندەکان وتی: مادام ئێمە لەژێر فەرماندەی پروسیایەکدا بین، ئەبێ وابێت. ئەمە لە ئارەزووی تۆپچییەکانیشدا نییە.

بەڵام پاشا وتی: های! های! ئەی کارنەزانی تێنەگەیشتوو.

پادشا: مەلیك ئەم برادەرەی بۆ ئێمە نارد و کە ئێمە نوستووین و ئەویش لە سووری ئێمەدا تێئەکوشێت و ماندووە. کە پاشا ئەمەی وت، ئیتر لە دڵخۆشی و خۆشوەختیی من مەپرسن! وانییە؟!

بنکەی ژین
www.zheen.org

**له پێش مەلاتیەدا، بارەگا له ئازبوزد**

**بەرگی کوردەکان– ڕۆژهەلاتی: ٢ی ئەیلوولی ١٨٣٨**

پاش شەش حەفتە که له کەناری دیجلەدا ڕامبوارد، له خەرپووتەوە چووین بۆ (ئازبۆزد) که نزیکەی هەزار پێ له گەلییەکەی (مەرزا) بەرزترە. لەوێدا جێگاگیر بووین. به ڕاستی بارەگاهی پێشوومان ئەوەندە ناساز بوو، جێگای ژیان نەبوو. له بەر گەرمای تیشکی ڕۆژ، ئارامان نەمابوو.

وەکوو دالّ خزابووینە ناو هێلانەوە. لەو جێگا ئەوەندە بەرزەوە دێهات، ڕێگا، ڕووبار وە چاندگەکانی پەموو وەکوو نەخشە (خريطة) ئەهاتە پێش چاو. لەگەڵ ئەوەیشدا ژیانێکی خۆشمان نەبینی، ناچاریش بووین تا ڕۆژئاوا نەبوایە نەمئەتوانی له ژوور بێینە دەرەوە یان دەر بکەوین، چونکە له دەرەوە هەناسە نەئەدرا، لەم کاتەیشدا خانوەکانی هەوارەکانیان پڕبوو له خێزان، چونکە کوردەکان خۆیان بۆ حەسانەوە ئەخزێنە ناو چیاکان. گەورەکانیان له جێگا تایبەتیەکەی خۆیاندا به ڕۆژ لەسەر قالّی و دۆشەکی خاوێن دائەنیشن وە خەریکی قەندەکێشانن، بچووکەکانیشیان بەپێوە، دەستبەسنگەوە بەرامبەریان ئەوەستن، بەردەستیی باوك و گەورەکانیان ئەکەن، ئامادەی بەجێهێنانی فەرمانیان.

پاشا ویستی لەگەڵیا بچم بۆ (مەلاتیە)، لەپێشەوە چاوێکمان بەناو سوپاکەدا گێڕا، له پێویستییەکانیان تێگەیشتین و ملی ڕێگامان گرت، چووین بۆ زۆزان (مصيف)ەکانی مەلاتیە– ئازبوزد. من ئەم ولاتە شین و جوان و ئاودارەم به ولاتی (لۆمباردیا) ئەهاتە پێش چاو، ئەو خانووەی درا به من، جوانترین و خاوێنترین جێگا بوو. لەوەپێش هیی "وەصاف ئەفەندی"، نهێنیداری سولتانی مەحموود ڕەش بووە، بۆ (مەعەدن) سەرنگوون و ئاوارە کرا و لەو خانوەدا دانیشتووە. بەلام له دواییدا نێردراوە بۆ (وارنە) و له ناکاو مردووە. ئەوا ئێستاش من جێگاکەی ئەوم گرتۆتەوە.

ئەوا ئیمڕۆ چوار مانگمان بردە سەر، نه پەڵە هەورێك ئەبینرێت وە نه دلۆپێك باران ئەبارێت، به شەو لەسەر کەپر ئەنووم وە ژێر کەپرەکەیش به خالّی و دۆشەکی جوان داخراوە. لەناو باخەکەدا هەموو چەشنە دارێکی بەردار و میوە، له زەویدا فاسۆلیا، شووتی، کالەك .. هەموو چەشنە شینایی‌یەك داچێنراوە.

نیکەی ژین
www.zheen.org

لەناو ماڵا بەرگی کوردەکان وەکوو مانتۆی جەنگاوەرەکانی ماڵتە وایە کە لە ئەورووپاوە ئەیهێنین. ئەمان لە کەپەن لباد دروستی ئەکەن وە ئەیپۆشن. بۆ تەندروستی ئەم بەرگەی ئەمان زۆر بە باشتر ئەبینم، چونکە ئەتوانرێت لەژێر کەپەنکەکەوە چ بەرگێکت بوێت لەبەر بکرێت. هەر بۆ لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان خۆپاراستنیان، لەبەری ئەکەن. تەنانەت هەر بەو نیازە سەر پشتی بارگیرەکانیشیانی پێ ئەپۆشن. بێجگە لەمەیش، پیاوە سواریەکانیشیان لەو لبادە کیف بۆ تفەنگە درێژەکانیان دروست ئەکەن وە بە نەخشی ڕەنگاوڕەنگ ئەینەخشێنن، بۆ خۆیشیان سەرپێچی لێ دروست دەکەن. بە ڕاستی بەو وێنەیەیانەوە چەند شۆخ و شەنگ، چەند چالاك و بەبەختن.

من وا ئەزانم ئەگەر ئێمەیش وەکوو ئەم کوردانە (ڕۆژهەڵاتی) بژین وە بە تەواوی لاسایییان بکەینەوە، زۆر باشترە. لام وایە لەم قسەیەدا بەهەڵە نەچووم، زۆر بەلامەوە خۆشە کە ئەو بەرگ و شتانەی لە ئەورووپا، لە پاریس و ڤیانەدا ئەدوورێت، بەلایانەوە هیچ کەڵکی نییە، بە کاری هیچ کەڵکێ نییە. بە کاری هیچ نایەت، بەتایبەتی ئەو پانتۆڵە تەسكوتروسکە و ئەو یەخە بەملجەڕاوە و ئەو جزمە تەنگە لەپێکردن یان ئەو شەفقە ڕەقوتەقە لەسەرکردنی ئێمە بە ئەرکێکی زۆر گران و کارێکی ناتەواو ئەزانن، سوێند ئەخۆن کە هەرگیز توانای ئەم ئەرك و حەپسییەیان نییە کە ئێمەمانان بەم بەرگەوە ئەیچێژین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لە نزیك مەلاتیە و ئازبوردەوە**

**ڕاکردووەکانمان– ٢٣ی ئەیلوولی ١٨٣٨**

ئاغایەك (ضابط) لە ئاغاکانی "حەیدەر پاشا" نامەیەکی بە زمانی چەرکەسی نووسراوی هێنا، دایە دەست پاشا، خوێندیەوە، تا دانیشتوەکان بڵاونەبوونەوە هیچ دەنگی نەکرد، لە جێگای خۆیشی نەبزووت.

پاش چۆڵبوون، پاشا سوار بوو، منیش سوارم بووم، لە ڕێگا وتی: لە سوپاییەکانی ڕەدیف[٤٨]، ١٨٠ سوپایی کورد بە چابگ وە تەواوی چەك و تفاقیانەوە ڕایانکردووە.

[48] ئەو سەربازانەی پاش ئیحتیاط ئەگیرێن بە سەرباز.

دەستبەجێ فەرمان درا بە هێزی سوارە و بە هەموو لایەکا بڵاو کرایەوە، کە هەرچی کەسێك یەکێك لەو فیرارانە بگرێتەوە، (نیو کیسە)[49] پارەی ئەدرێتێ، پەیمان درا. بیستمان کە ڕوویان کردۆتە ناو بەگە کوردەکانی ناو چیاکان، ئێمەیش ڕوومان کردە ئەو لایە. شەو مانگە شەوێکی زۆر جوان بوو. سواریەکان بڵاوەیان کرد. ئێمەیش لەگەڵ پاشا و یاوەرەکەی لەناو گیا و جێگایەکی خۆشدا دانیشتبووین. وردە وردە توورەیی پاشا دامردەوە. بەدەم قسەکردنەوە پاشا دەستی کرد بە گێڕانەوەی باس و سەرگوزەشتی خۆی؛ کە چۆن لە قافقاسەوە ڕایکردوە و باوکیشی بەستوویەتیەوە و بە چ فرِوفێڵێك خۆی ڕزگار کردووە، درێژەی پێ دا. لەگەڵ تەواوبوونی ڕاز و داستانەکەی پاشادا، شەویش تەواو بوو. ڕۆژ بووەوە و ئێمەیش گەڕاینەوە.

لە ڕاکردووەکان دە کەسیان گەڕانەوە، هاتنەوە، بەڵام یەکی پاش سەد قامچی دارکاریکردنیان بەسەر لقەکاندا بڵاوکرانەوە. پاشا تێگەیشتبوو کە ڕاکردنی ئەم ڕەدیفانە بۆ سوپاکەی ئێمە پەلە و لەکەیەکی ڕەش و ناوێکی پیسی دروست کردووە، چونکە پاشای خۆمان، خۆی سەرۆکی دابەشکردن وە ڕێکخستنی کاروباری ئۆردووەکەی ئێمە بوو. لەم کاتەیشدا محەمەد پاشا لە خەرپووتەوە گۆڕا بۆ (ئوورفە)، بۆ گواستنەوەی کەلوپەلیان داوای هەزار بارگیری کردووە کە ئێمە بۆی بنێرین. بۆ ئەوەی لەبابەت نابەجێیی ئەم داوایەی محەمەد پاشاوە لەگەڵ پاشای خۆمان قسە بکەم، خۆم ئامادە کردبوو. لەناو سوپاییەکانی عوپمانیدا لە هەمویان زیرەکتر وە وریاتر حامید بەگ بوو. لە بابەت چەندێتیی بارگیر و ئالیکی وڵاخەکانی ئەو ئۆردووەی سووریا کە لە میصرەوە ڕاپۆرتێکی ئامادە کردبوو، خوێندمەوە، بۆ ئەوەی پێشکەشی پاشای بکات هانم دا وە بۆ یارمەتیشی ژوانم دایە.

پاشا هێشتا دوو دێڕی ڕاپۆڕەکەی نەخوێندبۆوە، سەرێکی بادا. کە گەیشتە چوارەمین دێڕ، بە ڕاپۆرەکەوە دەستی بۆ من درێژ کرد. وتی: ها! کوڕم ها! ئەو هەڵانەی کە لەم ڕاپۆرەدا پیشان دراوە، لەمێژەوە ئەیزانم. بەڵام چی بکەم؟! ئەگەر

---

[49] یەك کیسە هەزارە.

بمەوێت ڕێکیبخەم، هەموو چابگەکان لێم هەڵئەستنە سەر پێ. کەوا بوو بام بە خۆڕایی ماندوو نەبین. منیش وتم: پاشام، سەروەرم، وەکوو خۆت ناوئاخنی ئەم ڕاپۆرەت پێك هێنابێت، تۆ بینێرە بۆ ئەستەنبوڵ، داوای جێبەجێ کردنی بکە. ڕەنگە لە وێنەی یاسا و دەستووردا بۆ ئێمە بگەڕێتەوە.

بەڵێ، کە هاتەوە، هەموو ئەڵێن ئەم پەند و پەراوێزە لەژێر سەری پاشاوە دەرچووە، ڕیشی من ئەگرێتەوە، هێرش ئەهێننە سەر من. کەوابوو خۆم ئەزانم چی ئەکەم. ئێمەی دەمکوت کرد.

مۆڵەتەکە، ئیتر لەبابەت کوشتن، بڕین، سووتان، وێرانکردن و پەرێشانیی کوردەوە دوایی بە باس و یادداشتەکەی ئەهێنێت، بەڵام لە پەردەی ئاواتدا ئەڵێت: خۆزگەم! ! ئەو گەلی کوردی ئازا و ڕووخۆش و میوانپەرستانە لە چنگی ڕاوکەرانی بەدبەختی بێگانە ڕزگار ئەبوون، ببوونایە بە خاوەنی ماڵ، دارایی خۆیان. ئەو چاندگە جوان و زمڕودیانەیان، ئەو کانی و ئاوە ساردە و ڕووبارە سازگارانەیان، دەستی دوژمنیانی لێ دوورئەکەوتەوە. کاشکی منیش یەکێك بوومایە لە هاوژیانیان. ناتوانم باسی ئازایی، دلێری، جەنگاوەرییان بە نووسین تەواو بکەم، ئەوانەی ئەیانەوێت بە تەواوی لە ڕاستیی قسەکانم بگەن، ئەتوانن گەشتێك بکەن بەناو هەرد و چیاکانی ئەم گەلە خاوەنشانازانە بە بازووی خۆیان، تاوەکوو بە چاوی خۆیان بەخشندەیی و کردەوەکەیان کە وەك پڵنگ لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانەکەیاندا لە لانەدا مەڵاس بوون وە لەوەیش گرنگتر کە (شەرەفیانە) سنگ بە بەر گوللەی دوژمنەوە ئەنێن، ئەو گیانە بەرز و بڵندەیان بەخت ئەکەن، ببینن! ! بەڵام تەنیا داخم ئەوەیە کە کورد لەناو خۆیاندا یەك نین، لە پێناوی سوودی بێگانەدا وەکوو گورگی هارن! !

لێرانەدا دواییمان بە نووسینی بەرگی سێهەمیش هێنا، تکایە چاوەڕێی بەرگی چوارەم بفەرموون. ئیتر بۆ پێشەوە برای خوێندەوار، بۆ خوێندن و خوێندەواری، بۆ دانایی و زانیاری، بۆ بیری دواڕۆژ و یادی ڕابوردوو، بۆ بیری دواڕۆژ و یادی ڕابوردوو.

بنکەی ژین www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەرگی چوارەم

# شۆڕشەکانی بەرزان

بنکەی ژین
www.zheen.org

### بەشی یەکەم

١٩٧٣

– ئاو لە ڕاستیدا ئەوەستێ.

– خامە،

ئەو نیگاهە ڕاستەی لە کانی دڵی منەوە ئەگاتە ناو دەمی تۆ، تۆیش بە ڕاستی بیگەیەنە بە خاوەنبەختان.

– خوا ڕاستە و ڕاستی گەرەکە.

کانگاکان:

١. الكادر: پارتی دیموکراتی کوردستانی*

٢. القضية الكردية: مامۆستا "محمود الدّرة"

٣. قاسم والاكراد: مامۆستا ئەحمەد فەوزی

٤. الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال: من منشورات دار الجمهورية للطباعة والنشر لسنة ١٩٦٥

٥. گۆڤاری "روز اليوسف"، قاهیرە

٦. گۆڤاری "الصياد"، بەیرووت

٧. ڕۆژنامەی "الحرية"، لوبنان؛ "الحياة"، بەیرووت؛ "الاخبار"، بەیرووت؛ "الحوادث"، بەیرووت

٨. ڕۆژنامەی "الثورة"، بەغداد؛ "الفجر الجديد"، "العهد الجديد"، "العرب"

٩. ڕۆژنامەی "الاهرام"، قاهیرە

١٠. ڕۆژنامەی "صوت العروبة"

١١. ڕۆژنامەی "تایمس"، بەریتانی؛ "سکتسمان"، بەریتانی؛ "فلیت ستریت"، بەریتانی؛ "جویش ئۆبزێرڤەر"، بەریتانی

١٢- ڕۆژنامەی "لۆمۆند"، فەرانسی

١٣- آراء في المسألة الكردية، منشورات جريدة "النور"

بنکەی ژین
www.zheen.org

* نووسەر -بە گشتی- ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی هەر بە (پارتی دیموکراتی کوردستانی) بەکارهێناوە.

١) ڕاستنووس ئازادە

بەبێ لادان لـە ڕاسـتی، مێـژوو، یادداشـت، کارەسـات نووسـین بـە پێـی یاسـای مرۆڤایەتی نووسەر ئازادە. ئێمەیش لەو ڕێبازە لانادەین.

وەکـوو لەمێـژەوە بۆمـان ڕوون بۆتـەوە و ئـەڵێن لـە عیراقـی خۆشەویـستماندا بـە درێژاییی مێژووی ئـایینی ئیـسلامی وەك دوو بـرا عـەرەب و کـورد پێکـەوە بـە خۆشـی و بێوەیی ژیاون. بەڵام ئێستا لەم چەرخی بیستەمەدا کـە گـەلانی تێگەیـشتوو لـە پێنـاوی هـەموو گـەلانی گێتیـدا ئەگەنـە سـەر خـاکی مـانگ و بـە ئوتوموبێـل ئەسـووڕێنەوە و لـە کۆششدان، کەچی بـە پێـچەوانەی ئـەو بێگانانـە هەنـدێك لـە پیـاوخراپ و کاربەدەسـتانی حکوومەتەکـەی عیراقـی خۆمـان بـۆ کارسـازی و گیرفـان پڕکردنـی خۆیـان بەدبەختانـە دەستیان لەکارئاڵۆزانا بوو بۆ تێکدانی ئاواتی برایەتیی ئەم دوو گەلە.

بۆ ئەوەی لە بنا دەست و زمانی بەدخواهان ببڕێت، وا ئومێـد ئـەکرا کـە زۆر لـە زووەوە برا گـەورە (عـەرەب) ئەبوایـە بـەبێ ژەنـگوژاڵ داوای ئـازادیی کـوردی بـەجێ بێنایە و بۆ پشتیوانیی گەلی عیراق –بـە گـشتی– ڕێـزی خـۆی پیـشان بدایـە، چـونکە کورد لەو تەمەنەدا نەماوە کە ئیتر بـاری قورسـی دیلـی هـەڵگرێت، کـە هەمیـشە داوای مافی خۆی کردووە و ئەیکات و لەسەر ئەم داوا و ئاواتەیشی بەرەنگاریی زۆر چـورتم و چەوسانەوەی گەورەگەورە بووە.

بــەڵام ئــەوا ئێــستا بۆمــان دەرکــەوت کــە لــە ســەرەتای دانــانی بناغــەی حکوومەتــەکانی عیراقــەوە تــا شۆڕشــی ١٧ی تــەمووزی ١٩٦٨، پیــاوە فــەرمانڕەوا و کارپێسپێراوەکانی پێشوو بایەخی ئەو جێگا و پایەیان نەبووە و کە ئەم گـەلی عیراقـە بەرەو چاکە ببەن و ببن بە پارێزگاری لە بەدکاری و خراپە.

لەگـەڵ ئـەوەدا، ئـەو کاربەدەسـتانەی پێـشووی عـیراق زەق‌زەق ئـەیانبینی کـە هـەموو کاروبارێـك لـە کیـشوەرا بـە نـاڕێکی ئـەڕوات و کەچـی لێپرسـەرەوەیەك نـەبوو چارەسەری دەردی نە گەل و نە کارسازیی یاسای حکوومەت بکات. بە درێـژاییی سـاڵ لە عیراقدا، لەخوارووو لە ژووروو، شۆڕش، ئاشـووب، نـاڕێکی یـەك‌بـەدوای‌یەکدا ڕووی ئەدا. بە تایبەتی کورد لە چەرمەسەری ڕزگار نەئـەبوو ئەگـەر بێـت و یەکەیەکـە باسـی

ڕۆژانی ئاشووبی کیشوەری عیراق بکرێت. دوور نییە ڕۆژانی ئاژاوە بە ساڵەهای ساڵ لە ئاسایش پترتر نەبێ و بە ئەندیشەوە ڕانەبوێررابێ.

بەدوای ئەم لاپەڕە پڕناسۆرانەدا، ئەوا ئێستا عیراق کەوتە دەست پیاوە کارامەکانی بەعث، هەر لە سەرەتای ڕۆژی ١٧ی تەمووزا بڕیاری ڕێککەوتنیان دا بۆ کۆتاییپێهێنانی شۆڕشی کورد کە لە ساڵی ١٩٤٣ وە تا ١٩٧٠ لە پێناوی داوای مافی گەلی کوردا لە کێشەدا بوو. ئەم ماوە دووروودرێژەیان هێنایە پێش چاو و هاتن بەپیر تێگەیشتن و ئاشتی و ڕێکخستنی بەرنامەی ئاشتی و دانی (حوکمی زاتی) بە کورد. ڕۆژانی پێکهاتنەکەی ئازار بە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەکانی عیراقی بە گێتیدا بڵاوکرایەوە، باوەڕی خۆیان و حکوومەتی عیراقیان خستە ڕوو وە بە دڵپاکییەوە پیشانیان دا و بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی مصطەفا بەرزانی وە دەستی برایەتییان نایە ناو دەستی گەلی کورد و دۆزانی ١١ی ئازاری حکوومەتی عیراقیش لە لایەن زۆر لە حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات وە –بە تایبەتی– دەوڵەتەکانی عەرەبییەوە پەسەند کرا.

جا بەم کارە پەسەندەیان، نەک گەلی عیراق، هەموو گەل و حکوومەتەکانی گێتییان تێگەیاند کە شۆڕشگێڕانی بەعثی ١٧ی تەمووز خاوەنی کوردی و فەرمانڕەوایین و ڕۆڵەی ڕاستی خاك و ئاوی عیراقن.

بۆ ئەوەی بزانرێت لەم چەرخی بیستەمی ئۆتۆم و چوونە سەر مانگدا چ کارەسات و دلاوەرییەك بەسەر کوردا هاتووە، ئەوا ئەم جارەیش پشت بە خوا بە ناوی لە زنجیرەی (چیم دی– شۆڕشەکانی بەرزان)ەوە ئەم نووسراوەم پێشکەش بە گەل و سەرۆك بەرزانی کرد.

٢) تێبینی: ئەو بەشانەی لە شۆڕشەکانی بەرزان: لە چیم دی بەرگی (٣)دا پیشان دراوە، ئەمانەن:

١. شۆڕشەکەی شێخ عەبدوسسەلام لە ساڵی ١٩٠٨ ەوە تا ١٩١٤، بانگی جەنگی یەکەمی گشتی، بەپێی بیستن.

٢. شۆڕشی شێخ ئەحمەد بەرزانی لە ساڵی ١٩٣١ەوە تا ١٩٣٥ وەرگیراوە.

٣. شۆڕشی مصطەفا بەرزانی لە ساڵی ١٩٤٣ وە تا ١٩٤٦ وە چوونی بۆ مەهاباد و گەڕانەوەی بۆ عیراق و ڕۆیشتنی بۆ خاکی سۆڤیەت.

– چۆن چوو بۆ مەهاباد

– چۆن گەڕایەوە

– چۆن بەرەنگاری سوپا و ئۆردووی حکوومەتی ئێران و عیراق و تورك بوو وە چیی کرد.

– چۆن دەرچوو وە چۆن گەیشتە خاکی سۆڤیەت.

ئەم پرسیارانەی سەرەوەیش لەم پەڕتووکی (زنجیرەی چیم دی– شۆڕشەکانی بەرزان) لە جێی خۆیدا ئەخوێننەوە.

٣) فەرموودەکەی ئەمین زەکی[٥٠]:

لە پیاوە ناسراوەکانی خۆمان، وەزیری عیراقی و نووسەری مێژووی "کورد و کوردستان" خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ ئەفەرموێت: یەکەمین کۆسپ و گەورەترین هۆی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشەکانی کورد، نەزانی و نەخوێندەوارییە، کە لەناو گەل و عەشایرەکاندا بڵاوبۆتەوە، پیاوە گەورەکان لە چۆنیەتیی ڕاستی ناوچەکانیان بێئاگان، تا دوێنێ و تائێستایش بە دەردەوە ئەناڵێنن و ئەژین. مامۆستا "محمود الدّرة" لە (القضية الكردية)کەیدا بە جولْخلێدانەوە* ئەڵێت: پێویست بە وتن ناکات کە دامەزراندنی بناغەی ئازادی، ئیستیقلال –لە پێش هەموو شتێکدا– پێویستیی بە زانیاری و داراییە. ئەو گەلەی لەم دوو گەنجینەیە بێبەش بێ، هیوای بە ڕزگاری نابێ ببێ، مەگەر سیاسەتی دەوڵەتان بۆ گەیشتن بەو ئاواتە یاریەدەریی ئەو گەلە بکات. کە بەو جۆرەیش ئەو گەلە لەو تێکۆشانە سوود وەرناگرێت، چونکە هەمیشە ئەبێ بە دیل و ملکەچی فەرمان و سیاسەتی ئەو دەوڵەتە بێت.

---

[50] الدّرة، القضية الكردية، ص١٠.

* بە جولْخلێدانەوە: بە تەوسەوە.

خۆ ئەگەر بە وردی بڕوانینە هۆی سەرنەکەوتنی کورد لە شۆڕشـەکانیاندا، ئـەبینین نـاوخۆیـیـیـە و لـە لایـەن کـورد خۆیانـەوە بـووە. هـەر لەبـەر ڕووی ئـاژاوە و ناحـەزی و خۆخۆریی خۆیانەوە عوثمانییەکان توانییان بە هێـزی کـورد ئەمارەتـە کوردییـەکان لـەناو ببـەن. هـەر کـورد خۆیـان ڕەگـوڕیـشەی سـەربەخۆیی خۆیانیـان دەر هێنـا و هـەموو بزووتنەوە و داوای ڕزگاری، ئیستیقلالیان بە جیاجیـایی و یـەكنـەگری و ڕقەبـەریی یـەكتر بووە بە هۆی سەرنەگرتن و سەرەڕای ئەمانەیش نەخوێندەواری[٥١].

## سیاسەت و شۆڕشی کورد

١) زۆر لە یادداشت و چاپکراوەکانی ڕۆژئاوایی و عـەرەبی وە لەبابـەت شـۆڕش، حکوومـەت، ئـەمارەت وە دەسـەڵاتداریی کـۆنی گـەلی کـورد، وە بەسـەرهاتەکانی نیشتمانی کوردەوە ئەگەر ڕاست بێ، یـان نـا، نووسـراوە و بینـراوە و خوێنراوەتـەوە، ئیتر لێرانەدا بە پێویستمان نەبینی سەرلەنوێ لـەو مێـژووە کۆنانـە بـدوێین، وامـان بـە باش زانی هەر لە سەرەتای ئەم چەرخی بیستەمەوە ڕووداوەکانی بکەین بە سـەرەتای مێـژووی ئـازادی، چـونکە بـە تـەواوی لـەم چـەرخەدا هەسـت و هۆشـی سیاسـەت پوشـکووت، لـەجیاتیی خۆبەکوشـتدان و مـاڵ سـووتان و دەربـەدەری لـە پێنـاوی بەجێهێنانی ئاواتی بێگانەدا، کورد ڕێگای سیاسەتی خوێنـدن، سیاسـەتی چـاوڕاو، سیاسەتی چـاپکردن و چـاپکراو بـڵاو کردنـەوەیان گـرت و زۆر لـە پیـاوانی سیاسـی و سوپایی خۆیان گەیاندە ئەو ڕیزە و سەر ئەو مێزەی کە کوردی پێ بگەیەننە هاوشانی گەلە سەربەست و پێشکەوتووەکانی گێتی و لـە داوی ویلایـەتی عوثمـانی و قاجـاری و قەیسەری دەر بچن. بۆ ئـەم ئاواتـەیش بـە خامـە، بـە چـەك ئەچـوونە کـۆڕی لێـدوان،

---

[٥١] نووسینی هەردوو نووسەرانی سەرەوە ڕاستە، ئەو تاوێرە پشتشکێنانە بووە بە ڕەخنەی زۆر گەورە لە مێژووی کوردا. بۆ سڕینەوەی ئەم ژەنگ و باقرییە لە ڕوومانا، بە یەك دڵ تێکۆشین، ئیتر بۆ خوێندن و بۆ پێشەوە بۆ یەکیەتیی لاو و دانایانی کورد. بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا تووشی ڕەخنە و ناتۆرە نەبم، پێویستە خوێندەوارانی خۆشەویستمان تێبگەیەنم، ئەو ناوە تایبەتیانەی کە تائێستا بە عەرەبی بەکار هێنراون وە هەر کەسە بە جۆرێك کردوویەتی بە کوردی، من نەمگۆڕیون، تا لە کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی کوردەوە فەرهەنگی کوردی بڵاو ئەکرێتەوە چۆن ناوبرا ئەوە باشە.

ئەمەیش ڕووداوەکانی ئەم چەرخی بیستەمەیە کە لە ژێرەوە پیشان ئەدرێت، چونکە کوردی هیوای زۆری ماوە بە ماوەی چواریەکی دواییی ئەم چەرخە:

شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.

١. لە پایتەختی عوثمانییەکان لە ئەستەمبووڵدا، ڕۆژنامە، گۆڤار بە زمانی کوردی و کۆمەڵایەتی، سیاسی لە ساڵی ١٩٠٨

٢. شۆڕشی داوای ئازادیی شێخ عەبدوسسەلام بەرزانی، عیراق، ١٩٠٨–١٩١٤

٣. شۆڕشی شێخ مەحموود، عیراق، ١٩١٩ تا ١٩٣١

٤. شۆڕشی ئیسماعیل ئاغا "سمکۆ"، ئێران، ١٩١٧ تا ١٩٣٠

٥. شۆڕشی عەلی پاشا و سامسام، ئێران، ١٩١٠ تا ١٩١٢

٦. شۆڕشی سەردار ڕەشید ئەردەڵان، ئێران، ١٩٢٣

٧. شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، تورکیا، ١٩٢٥

٨. شۆڕشی ئیحسان نووری پاشا، تورکیا، ١٩٢٧–١٩٣٠

٩. شۆڕشی دێرسیم، تورکیا، ١٩٢٨–١٩٣٨

١٠. شۆڕشی لە هەموو کوردستانی عیراقدا بەرامبەر بە ئینگلیزەکان، ١٩١٩ تا ١٩٣١

١١. شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بەرزان، عیراق، ١٩٣١ تا ١٩٣٥

١٢. شۆڕشی مصطەفا بەرزانی، عیراق، چوونی بۆ خاکی سۆڤیەت، ١٩٤٢ تا؟

١٣. شۆڕشی مصطەفا ببەرزانی، عیراق، بە سەرۆکایەتیی بەرزانی، پارتی دیموکراتی کوردستانی، ١٩٤٢ تا ؟

١٤. ناردنی ئێلچی* و نوماینەدەییی شەریف پاشا لە پاریس لە لایەن شێخ مەحموودەوە، ١٩١٩

١٥. نامە مێژووییەکەی شێخ مەحموود بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، ١٩٢٢

١٦. شۆڕشی یەزیدییەکان، ١٩٣٥

١٧. شۆڕشی بەکر صدقی پاشا، ١٩٣٦

---

* ئێلچی: باڵوێز.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٨. شۆڕشی عەشیرەتی گۆیان، ١٩٢٠

١٩. نوماینده‌ی شێخ مه‌حموود له ئێران و ته‌لگرافه‌کانی بۆ سه‌فیری هه‌موو ده‌وڵه‌ته‌کان له تاران.

٢٠. نامه به‌نرخه‌که‌ی شێخ مه‌حموود بۆ کۆمه‌ڵی گشتی (عصبه الامم).

٢١. دامه‌زراندنی په‌یوه‌ستی سیاسی و ئابووریی مصطه‌فا به‌رزانی به گه‌ل و ده‌وڵه‌ته گه‌وره‌کانی گێتییه‌وه.

ئه‌م تێکۆشان و شۆڕشانه هه‌مووی گه‌یه‌نراوه به کۆمه‌ڵ و گه‌لانی گشتی به تۆمارکراوی بزووتنه‌وه‌ی کورد و له کوردستانه‌که‌یاندا بۆ مافی ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی که له لاپه‌ڕه‌کانی (چیم دی)دا بڵاو کراوه‌ته‌وه.

**٢) لێدوان به پێشه‌کیی شۆڕشه‌کانی به‌رزان**

پاش جه‌نگی یه‌که‌می ئه‌م چه‌رخی بیسته‌مه‌ی پڕ ئاشووب و ئازاره‌ی ساڵی ١٩١٤ له لایه‌ن سوێندخۆره سه‌رکه‌وتووه‌کانه‌وه بۆ گه‌لانی ژێرده‌ستی مژه‌ری به‌دبه‌خت ده‌ستوبرد مژده‌ی ئازادی بڵاوکرایه‌وه، سه‌ره‌ڕا و بێجگه له یاسا و په‌یمانه‌که‌ی سیڤه‌ر، هه‌ر له ساڵی ١٩١٨وه یه‌ك به‌دوای یه‌کدا به‌ریتانیای گه‌وره‌یش په‌یغام، دۆزان (به‌یان)ی ئه‌نارد و بڵاوئه‌کرده‌وه و هه‌موو جارێك به باسی ئازادیی هیوای کوردی فوو ئه‌دا و هه‌ر کات و هه‌ر ساڵه به جۆرێك باسی ڕزگاریی کوردی ئه‌خسته سه‌ر مێزی لێدوان و تومه‌س ئه‌م لێدوانه‌ی ئه‌کرد به تفاق بۆ پاش دامه‌زراندنی حکوومه‌تی عێراق و چه‌سپاندنی داوا و په‌یمانه‌کانی خۆی، به ناوی ئیستیقلالی کورده‌وه ئاژاوه‌ی به‌رپا ئه‌نا، له‌ژێریشه‌وه (ئینگلیز) به کۆڵه‌ووژێکی درێژ هه‌ر بۆ سوودی خۆی ژیله‌مۆی ژێر ئاگری کورد و عه‌ره‌بی تێك ئه‌دا و ڕاسپێریه‌که‌ی خوالێخۆشبوو عه‌بدولموحسین سه‌عدوونی له‌بیر ئه‌بردنه‌وه.

**٣) ڕاسپێرییه‌که‌ی عه‌بدولموحسین سه‌عدوون:**

له کۆمه‌ڵ کۆبوونه‌وه‌که‌ی دامه‌زراندنی حکوومه‌ته‌که‌ی عیراق ساڵی ١٩٢١دا و له کاتی دانانی یاسای کاتیی به‌ڕێوه‌به‌ریی حکوومه‌ته تازه‌که‌ی عیراق، هێرشێکی

گەورەی بردە سەر ئەندامەکان و سەرۆك عەبدوڕڕحمان نەقیب (گەیلانی)، وتـی: ئـەبێ بە چاوێکی تیژ و بیناوە دواڕۆژی ئەم حکوومەتە تازەیە بهێننە پێش چاو، کـە ئێستا خەریکن بە ناوی حکوومەتی عیراقی سەربەخۆوە بناغـەی دابنـێن. تکایـە مەیکـەن بـە خاڵانە و نەزانییەکەی تورکەکان کە لە کاتی جەنگ و گیانەڵای مەرگیاندا بە ناوی لاوی تـورك (ژۆن تـورك)ییـەوە جیـاوازیی گەلایـەتییان خـستە نێـوانی خۆیـان و عـەرەب و کوردەوە و تا ڕۆژیان بەم ڕۆژە گەیشت. جا ئێـوەیش ئـەبێت زۆربـاش بـزانن کـە لـەم نیـشتمانەی عـێراقدا دوو گـەلی بـەهێز و تینـووی ئـاواتی ئـازادی هەیـە، کـە کـورد و عەرەبن. کورد خاوەنی نیشتمان و مەڵبەند و زمانی تایبەتی خۆیانن، وا ئیمڕۆ ئەبن بە هاوبەش لەم عیراقەدا، وەکوو عەرەب خاوەن مـافن، لەبـەر ئـەوە وریـا ببنـەوە، کـورد مەڕەنجێنن، کورد بەهێز و چەکدارە[٥٢].

جا لەبەر ئەوەی هەرچی شۆڕش و کارەساتێك لە گەرمیان و کوێستانی عیراقدا ڕوو ئەدات، پەیوەستێکی زۆر گرنگی بە ژیان و نیشتمانی کوردەوە هەیە، بە پێویستمان زانی بـە پێـشەکی (شۆڕشـەکانی بـەرزان) هـەموو شۆڕشـەکان کـە لـەم چـەرخەدا ڕووی داوە، کەموزۆریان لێدوانێکیان لێ بکرێت، وەکوو پوختەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود، یەزیدی، بەکر صدقی پاشا، ڕەشید گەیلانیش بۆ ئاگەداری بوون لە بەندەکانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ٤) بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود وە پەیوەستی بە دەوڵەتەکانەوە[٥٣].

بزووتنـەوە و تێکۆشـانەکەی شـێخ مـەحموود هـەر لـە سـەرەتادا بزووتنەوەیـەکی گەلایـەتی، سیاسـیی پیـشان دا، تێکۆشـانی نیـشتمانیەتیی کـورد لـەو کوردسـتانە تـازە پێگەیشتووەدا نـەك ڕووبـەڕووی دەوڵـەتـە دراوسـێ کـەمدەسـتە شـۆڤێنییە بـەدکارەکانی ڕۆژهەلات بووبێ، بـەڵکوو بەرامبـەر بـە هێزێکـی گـەورەی دەسـەڵاتداری وەك بـەریتانیای گەورە و بە ڕووی سوێندخۆرەکانیشا بوو. جا ئەم جارە بە پێچەوانەی جارەکـانی پێـشوو کە کوردە نیشتمانپەرستەکان زۆر ئەچوون بەگژ حکوومەتـە ناوچـەییەکانیاندا —تـورك و

52 ژمارە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەی "الوقائع العراقية".

53 الکادر، ژمارە١، ساڵ ١، ١٩٧٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانی.

ئێران– وە گەلێ جاریش لەناو هێڵێکی سەخڵەتی و دوور لە هەموو شتێك بەبێ دەنگی ئەمانەوە، کە ئەو بزووتنەوەیەیش بزووتنەوەیەك بوو بۆ دوایی‌هاتنی جەنگی یەکەمی گێتی ئامادە ئەکرا. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ پێشوودا هەلێکی جیاوازی هەمەچەشنەی هەبوو. لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانی کورد بە یەککگرتن و لە کاتی کەم دەسەڵاتییاندا بوو، نزیکبوونەوەیان بە بەریتانیای گەورە لە کەمایەتیی دەسەڵاتیانەوە بزووتنەوەکەیان گۆڕرا بۆ ناو عاسمان و گەردوونێکی بەرز و فراوانی باشی سیاسەتی ناودەوڵەتان، بە تایبەتی بە بۆنەی ڕماندنی قەڵای ئیمپڕاتۆرێتیی عوثمانی کە دوژمنی خوێنینی کورد بوو. خۆ لەو کاتەدا بەریتانیایش وەنەبێ هەر تەنیا دەوڵەتێك یان ئیمپڕاتۆرییەتێکی گەورە بووبێت، بەڵکوو ئیمپڕاتۆرییەتێکی مەزنی گشتی وە دەسەڵاتێکی بێ‌هاوتا بوو کە هێز و ئارەزووی بەریتانیا لە وێنەی شەپۆلی دەریا گەورەکان وە ڕیزە چیا هەرە مەزنەکان بوو.

جا لەسەر گەلە بچووکەکان پێویست بوو بەرامبەر ئەم سیاسەتە ئەم سێ ڕێگایە بگیرێت: ١– دڵنیا بەبێ خۆگرتن لە ڕوویدا نەوەستێ و ڕابکات، ٢– یان لەژێر باریدا بپلیشێتەوە. ٣– یان بە هەموو جۆرێك بکرێت و لەگەڵیا بژیت. لەگەڵ ئەم تێبینیانەیشدا هیچ وەختێك وە بە هیچ چەشنێك ئەو جیاوازی و بەربەستیانە لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورد وە کوردانی نیشتمانپەروەراندا بەربەستیی نەکردووە و ئەو بناغە دامەزراوەیش بۆ کورد زۆر ئاسان بووە و بە ئاسانیش زانراوە. ئەوەی پێویستی ئێمەیە ئەوەیە کە بە تەواوی بزانین و تێ‌بگەین کە کاری ئازادیی کورد چۆتە ناو لێدوانی ساسیەکانی دەوڵەتانەوە و لە پلەیەکی تەواودایە ! بەڵام کات ڕێگای نەداوە کە بە فراوانی بڕیار بدرێت تا پاش جەنگی گەورەی یەکەم بۆ چەند ساڵێکی کەم.

هەروەها ئەم کارەساتە چووە شیرازەی بەندی گشتی و بەشێك لە بەشەکانی پەیوەستی دەوڵەتانەوە کە هونەر و مەزنییەکەیشی ئەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانەکەی شێخ مەحموودی حەفید. ئەتوانین بڵێین پیرۆزیی سەرکەوتن و بنچدابەستنی کاری کورد لە سیاسەتی کاری دەوڵەتاندا ئەگەڕێتەوە بۆ کۆشش و ڕاپەڕینەکەی شێخ بە بۆنەی تێکۆشانە گەورەکەی وە لێدوانەکەیەوە لەگەڵ ئیمپڕاتۆرێتیی بەریتانیای گەورە و

سوێندخۆرەکانی کە بەریتانیا ئەو بارە گرانەی کوردی هەڵگرتبوو لە کۆڕ و سیاسەتی عالەمیدا وە ساڵەهای ساڵ پێوە ئەسووڕایەوە و ئەگەڕا بۆ دۆزینەوەی ئێستگە و گۆشەیەکی حەسانەوە لەو دەردی ماندووبوونەی تووشی بوو.

زۆر ڕوونیشە کە ئەو کارە ڕوودراوانە بوو زۆر کون و کەلێنی وای بە ڕوویاندا کردەوە کە ببێ بە هۆی زۆر سەرزەنشت و نابەکارییان بۆ ئینگلیز خۆیان. هەر لەو تێداچوونەی کاتیی بزووتنەوەکەی کوردا، بزووتنەوەکەی کەمالییە تورکەکانی لێ پەیدابوو وە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و کارەساتە دژوارەکەی مووصڵ لە کاتی خۆیا و بەتایبەتی مەسئەلەی ئەرمەنی. بێجگە لەمانەیش زیندووبوونەوەی پێشنیارەکەی ویلسۆن و شۆڕشی ڕووسیا و دەنگی داواکانی سوێندخۆرەکان بە تەواوی مێشکی ئینگلیزی ئەزرنگانەوە– ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨.

لە دوا قسەدا ئەتوانین بڵێین: بزووتنەوەکەی کوردە نیشتمانیەکان بووبوو بە هۆی کۆکردنەوە و ناچارکردنیان کە ئەم کارەساتە بخەنە سەر مێزی دەوڵەتان، ئەمەیش پێویستییەکە و پەیوەستە بە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانەوە کە ئەوەیش بزووتنەوە و کۆششەکەی مەحموودی حەفیدە. لەم بزووتنەوەیەدا کە بەرامبەر بە هێزێکی عالەمی، کە ئیمپراتۆریەتەکەی بەریتانیایە و سەرەڕای ئەوەیش پەیوەستییە گرنگەکەی بە کاری تورکیا و عیراق و ئەرمەنیاوە .. هتد.

بەپێی ڕەوشت و قەلانتوو* ی کار وای پیشان دا کە مەسئەلەکەی کورد بوو بۆ گۆشکردنی پەیوەستیی دەوڵەتان بۆ چەند ساڵێك لێدوانی باسە گرنگەکانی جەنگ لە نێوانی سوێندخۆراندا کە لە دواییدا بەستنی پەیمانی سایکس بیکۆ و ڕێککەوتنەکەی سازانۆف– پالیۆلۆغی ١٩١٦ی لێ پەیدا بوو.

ئەو ئینگلیزە سیاسییانەی کە پەیوەستیان بە کارەساتەکەی کوردستانەوە بوو، وتیان: سوێندخۆرەکان لە پێشدا بە ڕاستی بڕیاری سیاسەتی کوردیان دا، کەچی لەدواییدا بۆ چەند ساڵێك خۆیان لێ کێشایەوە و خستیانە لاوە. ئەم دواخستنە بوو بە هۆی ئەو

---

* قەلانتوو: قەرانتوو، تارمایی، ڕەشاییی گیاندار لە دوورەوە.

ڕووداوانەی کە لە کیشوەری کوردا ڕووی دا. خۆ ئەگەر ئەوەی ئەم سیاسیانە ئەیڵێن ڕاست بێت، بێگومان ئەو قسەیە ئەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕوودانی ئەو سیاسەتە وە بۆ پەیمانەکەی ١٩٢٠ی سیڤەری بەناوبانگ کە بە تەواوی ڕۆشنی کردۆتەوە.

ئەو کارەساتانەی لە مەسئەلەی کوردا گۆڕراوە، وردە وردە لەژێر پەردە پڕ پێچوپەناکەیاندا ئەتوانین دەری بهێنین، کە وەکوو گژوگیای ناو زەوی و زبڵی ئاوەنیاکاندا ڕوون بکرێتەوە بۆ لێدوان و بەستنی پەیمانی ڕێککەوتن. یەکێك لەو نامانە ئەو برووسکەیەیە کە ئێلچیی ڕووس لە پاریسەوە بە ژمارە ٣٧٧ی ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ١٩١٥ ناردوویەتی بۆ وەزیری خارجییە "سازانۆف" کە بە تەواوی کاری ئەرمەنییەکان و ئیستیقلالی زاتیی کوردستانە، لە برووسکەکەیدا زۆر بە گرنگی ڕوونی ئەکاتەوە و ئەڵێت: ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ دکتۆر زافرییێف وە فەرماندەی ئەرمەنی بۆغۆس نۆبار پاشا و پیاوە ناسراوەکانی فرانسە و لێپرسیارکراوەکانی کاری ئەرمەنییەکان بەجێ ئەهێنن و ئەوانەی قسەیان لەگەڵ کراوە بۆ ئیستیقلالی زاتیی ئەرمینیا کە لەژێر چاودێریی ئینگلیز و فرانسە و ڕووسیا بێ، بەلایانەوە باشە وە نۆبار پاشایش بۆ ئەوەی گیانێکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا دروست بکرێت، موزەکەرەی پێشکەش بە "دلکاسب"* کردووە، لە موزەکەرەکەیدا وتوویەتی: بەو مەرجەی لەژێر چاودێریی یەکێك وە یان هەرسێ دەوڵەتە گەورەکەدا بێت. ئیتر بەم جۆرە کارئاسانیی کورد گەیەنرایە پێویستییەك لە پێویستیی دەوڵەتان وە لەسەر ئەم ویستنە و ئارەزووی دەوڵەتە گەورەکان پترتر لە دامەزراندنی گیانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ئەرمینیا داوا کرا و ویسترا.

ئەم باسە لە گفتوگۆ نهێنییەکاندا زۆر هاتوچۆی کرد، وا دەرکەوت کە ڕێوشوێنە دامەزراوەکەی سوێندخۆرەکان ئەوە بوو کە لەگەڵ "جەمال پاشا"ی خوێنڕێژدا بڕیاریان داوە بۆ بە نوشوستیی تورکیا و دەرچوونیان لە جەنگی یەکەم، ١٩١٥.

---

* ئەمە ڕاست "دیلکاسێ"ی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسەیە (جرجیس فتح الله، يقظة الكرد: تأريخ سياسي ١٩٠٠–١٩٢٥، ص٩٥).

له وەزیـری دەرەوەی ڕووسـیاوە بـە ژمـارە ٦٣٩١ی ڕۆژی ٢٥ی کـانوونی یەکـەمی ١٩١٥ بە ئێلچیی ڕووسیا لە پاریس وترا، ئەڵێت: لە "جەمال پاشا" گەیەنرا بۆ پارێزگاریی ئیستیقلالی تورکیای– ئاسـیا و دامەزرانـدنی کیـشوەری ئـازاد لـە سـووریا و فەلەسـتین و عیراق و جەزیرەی عەرەبی و ئەرمینیا وە کوردستان بەڵێنی تەواو بدرێت و لـەژێر سـایەی سوڵـطاندا بمێننەوە[٥٤]. "سێر مارك سایکس"یش لە نامەکەیدا کە ڕۆژی ١٢ی مارت ناردی بۆ سیخوڕی ئینگلیز لە بترۆغراد، لەناو مەبەسەکانیا جیاکردنەوەی ئەرمینیا و کوردستانی لـە تورکیـا پیـشان داوە و ئـەڵێت: بخرێتـە ژێـر چـاودێریی ڕووسـیا، فرانـسە، یـان ژێـر بەڕێوەبەریی دەوڵەتان بۆ پارێزگاریی جیابوونەوەیان.

دیسان وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە نامەکەیدا کە ناردوویەتی بۆ نوێنەری فرانسە و بـەریتانیا لـە پیترۆغـراد، بـالیۆلۆغ و سـێر کینـان بـە ژمـارە ٢٠٥ی ڕۆژی ١٧ی مـارتی ١٩١٦، بڕیاری تەواوی دا بە پێویستیی دابەشکردنی کوردستان و ئـەرمینیای تورکیـا لـە نێوانی فرانسە و ڕووسیادا. ئەوەی شایانی باسە، لەو نامە گرنگانە و لێدوانانـەدا ئەوەیـە کـە مەسـئەلەی کوردسـتان بـە تـەواوی ڕوون بۆتـەوە و زۆر بـە گرنگـی چـۆتە نـاو پەیوەستیەکانی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان و تەواویش بووبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەگەر شۆڕشەکەی ڕووسیا ڕووی نەدایەوە، نەبوایە بە هۆی دابەشکردنی بەشەکانی فەڕانسە و ڕووسیا و بەریتانیا لە کوردستان و ئەرمینیا، یان لەژێر سایەی ئـەم دەوڵەتانـە وەیان بە جۆرێکی تر کە سەری گرتبـوو، بـەڵام کـاری کوردسـتان بـە شۆڕشـی ڕووسـیا و بزووتنەوەی کەمالییەکان لە تورکیا بە جارێك هەرەسی هێنا و ڕما.

### لە کوردستانی خوارووو– ویلایەتی مووصڵ:

بـەپێی ئـەو پـەیمان و ڕێککەوتنـەی دەوڵەتـە گـەورەکان، وتمـان کوردسـتانی خوارووو کەوتە بەر بەشی بەریتانیای گەورە و ژێـر چـاودێریی بـەریتانیا و بـە خستنە سەر عیراقی عەرەب، ئەویش گورفتاری ئەو نائومێدییـە بـوو. دوای ئـەو ڕیـزە ڕووداوە ڕاستانەی لە دوای جەنگی یەکەمەوە بەسەر کوردستانی خوارووودا ڕمـا، وەنـەبێت هـەر

[٥٤] چیم دی، بەرگ ١، لە لاپەڕە ١٦یشدا ئەم باسە ئەخوێننەوە.

له بناغەوە بۆ کوردستانی ئێران یان تورکیایش نەبووبێت بۆ چەند ساڵێك چووبێتە بارێکی دەوڵەتانی گێتییەوە. وەکوو وتمان، دەوڵەتە سوێندخۆرەکان پێویستییان بە بۆیاخ‌و وارنیشکردنی (سیاسەتی کورد) بینی، تاوەکوو ئەو سیاسەتە دێتە بەرهەم بچێتە ناو پەیمانی سیڤەرەوە.

هیچ گومانی تێدا نییە ئەو سیاسەتە هۆنراوانەی بە هەرچی چۆنێك لە کوردستانی جنووبی‌دا هات‌وچۆی کردووە و خاوەنی کتێبی (الاکراد، لندن، ١٩٦٦) پیشانی داوە تێکۆشان و خۆبەختکردنەکە هیی شێخ مەحموود بووە و بۆی ماوەتەوە وە کۆمەڵی نێرراوان و لێدوان بە سەرۆکایەتیی جەنراڵ شەریف پاشا لە پاریس، لە لایەن شێخ مەحموودەوە پەیغامیان ئەکرا و ڕابەریی ئەکردن و بەپێی بەرنامەی شێخ مەحموود لە کارا بوون[55].

شێخ مەحموود بە جەنگە دلێرانەکەی خۆی پیشانی دا کە فەرماندە و گەورەی کوردە و لە کوردستانی خوارووودا سەرۆك و فەرمانڕەوای لەشکر و سوپاکەی بوو کە بەرامبەر بە سوپا بێ‌شومارەکەی ئینگلیز لە خواروو وە بەرامبەر بە هێرشی ڕووس لە ژووری عیراق‌دا بۆ پارێزگاریی نیشتمانەکەی بە دڵ و بە گیان ئەجەنگا[56]. لەگەڵ ئەوەدا کە هێشتا جەنگیش تەواو نەبووبوو، شێخ مەحموود تەنیا هەر بە گەورەیەکی کورد نەئەناسرا، بەڵکوو خۆی خاوەنی کارەساتەکان بوو وە باش لە ڕووی سیاسەتی نیشتمانەکەی گەیشتبوو وە لەگەڵ ئەمەیشدا کەسیش ناتوانێت چاوپۆشی لەو ڕاستییە بکات کە لە قەضیە و سیاسەتی کیشوەری عیراقیشدا هەر ئەو بوو.

هەروەها لە مایسی ١٩١٨دا و لەگەڵ داگیرکردنی کەرکوك لە لایەن بەریتانیاوە، دەستبەجێ بەریتانیاییەکان بە پەلە ویستیان لەبابەت دواڕۆژی کوردستانەوە لەگەڵ شێخ مەحموودا بکەونە گفت‌وگۆ و لێدوان.

---

55 الکادر.

56 چیم دی، بەرگی ١، لاپەڕە ١١ تا ١٨.

شێخ مەحموود شانی دایە بەر ئەو کارە گرنگ و گەورانەی کەوتبوونە ئەستۆی، بڕیاری دا بە هەنگاوهاویشتن بۆ ئازادیی کیشوەرەکەی وە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەرك و ئەندێش بە کۆشش دواییی پێبینێت. جا شێخ مەحموود هەموو سەرۆك عەشایرەکانی کوردستانی بەشی تورکیا و ئێرانی بانگ کرد و کۆی کردنەوە، کە ئەم کۆبوونەوەیشی لە شاری سلێمانیدا بوو، بۆ ئەوەی لەبابەت ئەو کارەساتە تازانەوە کە لە کیشوەرەکەیاندا ڕوو ئەدات، بڕیار لەسەر هەموو کارێکی گرنگ و پێویست بدەن، کە لەو کارەساتانە؛ یەکەم– ژێرکەوتنی تورکەکان بوو لە جەنگی یەکەمدا و دووەم هێرشە چەك بەکارهێنانەکەی ئینگلیز بوو لە کوردستانی خوارووودا. لەم کۆبوونەوە مەزن و پیرۆزەدا بڕیار درا بە دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لەژێر سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی حەفید (بەرزنجی)دا وە ئەو بڕیارەیش درا کە بەرامبەر بە هێزەکەی بەریتانیایش بە دۆستانە بوەستن وە بەریتانیایش ماوەی ئەوە نەدات جارێکی تر تورکەکان بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی خواروو. هەر دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە، بڕیارە دووبارە ئینگلیزیش بەبێ پسانەوە کەوتە گفتوگۆ و لێدوان لەگەڵ شێخ مەحموود. بۆ کارسازی لە تشرینی ١٩١٨دا بە ناوی عەشایەرییەوە "مێجەر نۆئیل"یان بۆ نارد وە مەندووبی سامیی عیراق "ئارنۆلد ویلسۆن"یش بە فڕۆکە گەیشتە سلێمانی بۆ بینینی شێخ مەحموود لە ١ی کانوونی یەکەمدا. پاش گفتوگۆیەکی زۆر دووردرێژ بە تەواوی بڕیار درا کە شێخ حاکمی کوردستان (حوکمداری کوردستانی خواروو) بێت. لەگەڵ ئەم بڕیارەیشدا شێخ مەحموود تێی گەیاندن کە کار و پێویستیی کورد و کوردستان بە دانی حوکمی زاتی نەبێت، تەواو نابێت و هیچ چەشنە سیاسەتێك سەر ناگرێت. ئینگلیزەکانیش ئەم داوا و قسە ڕاستەی شێخ مەحموودیان پەسەند کرد کە حوکمی کوردستان بۆ کورد قسە و داوایەکی ڕاستو تەواوە. وەکوو لۆنگریك ئەڵێت:

بزووتنەوەکەی کورد بە ڕاستی لەم وێنەیەدا بەرهەمێکی گەورە بوو بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی سیاسیی نیشتمانی کە لە لایەن دەوڵەتێکی گەورەی وەکوو بەریتانیای گەورەوە ئیعتیرافپێکراو بێت. ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی کورد و کوردستاندا کە لەم ڕێگایەوە سەربکەون و کارەساتی سیاسیی کورد لە کاتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەرمەی جەنگدا بکەوێتە ڕوو، چونکە ئەمە بە یەکێك لە لکەکانی پەیوەندیی دەوڵەتانەوە ئەژمێررێت و –بێجگە لەمەیش– پەیوەستێکی زۆر بەتینی هەیە بە پێویستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە[57].

کارەساتی کوردستانی خواروو کارێکی زۆر گەورە بوو بەسەر سیاسەتی سوێندخۆرەکانا، شۆڕشی کورد لە هەڵچوونا بوو، سوپا چەکدارەکان لە یەکترلێدانا بوون کە زۆر لەنگیی ئەخستەر سەر سیاسەتیان و لە دواییشیدا لە پەیمانی سیڤەردا هەلێکی مێژوویی دروست ئەکرد.

لە هەموو شۆڕشەکان گرنگتر شۆڕشی (گۆیان)یەکان بوو، کە پاش یەکەمین شۆڕشەکەی شێخ مەحموود ڕووی دا. ئەم شۆڕشە و بزووتنەوە چەکدارانەی کورد لە سەرانسەری کوردستانی عیراقدا وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای دەسەڵاتداریی کوردی پیشان دا بەسەر سیاسەت و توانای ئینگلیزا. جا بە گورجی پێشنیارە باوەڕپێنەکراوەکەی پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠ کە لەبابەت مەسئەلەی کورد و کوردستانەوە بوو، پێچرایەوە و بە پێچەوانەی ئاوات وەرگەڕا.

بەم جۆرە کۆششی چەکداری کورد و –بە تایبەتی– تێکۆشانەکەی شێخ مەحموود قەضییەی کورد و کوردستانی تورکیای بە جارێك خستە سەر مێزی لێدوانی هەموو دەوڵەتە گەورەکان، بۆ دوایی‌پێ‌هێنانی کاری هەموو ئیمپراتۆرییەکەی عوثمانی. جا ئەم کارە گەیشتە ئەوەی ببێ بە قەضیەیەکی پێویستی دەوڵەتی و ئەویسترا لە وێنەیەکی باشدا ببرێت بەڕێوە و تەواو بکرێت. دەوڵەتە گەورەکانیش وەکوو بەریتانیا، فرانسە، یابان، ئەمریکا، ئیتاڵیا وە دەوڵەتە بچووکەکانیش وەکوو تورکیا، ئێران، عیراق .. کەوتنە لێدوان و وردکردنەوەی هەموو بارێکی سیاسیی مەسئەلەی کورد. ئەمانە بۆ ڕوونکردنەوەی چەندوچۆنی و کۆسپ هێنانەپێش وە بۆ تەگەرەلێدان پێشنیاری خۆیان پێشکەش کرد، بۆ ئەوەی قۆڵت و کۆسپە سیاسییەکان بخرێنە سەر مێزی لێدوانی دەوڵەتان وە وەکوو کارەساتی گەلەکانی تر کە هۆی

---

57 چیم دی، بەگی ١، لاپەڕە ١٨.

یەکخستنیان بۆ دروست کرابوو، لەکاتی کۆبوونەوەی کۆمەڵی ئاشتی لە پاریس یان لە کاتی بڕیاری پەیمانی سیڤەر لەگەڵ حکوومەتی ئەستەنبووڵدا لێی بدوێن وە ئەم باسو ڕووداو و لێدوانەیش وەنەبێت لە ڕووی ڕێککەوتنێکەوە بێ کە لە مادده (٦٤)ی پەیمانی سیڤەردا تایبەتییە بە مافی کوردەوە لە ویلایەتی مووصڵ (کوردستانی خوارووو)دا پیشان درابێ، بەڵکوو ئەو ماددەیەیش بەهۆی بزووتنەوەکەی ساڵی ١٩١٩ەوە کە لە کوردستانی خوارووودا ڕووی دا، دروست بووە.

شێخ مەحموود لەژێر بارێکی زۆر قورس و گرانی تێکۆشانی سیاسیدا بوو، کە ئەم کاتەیش هەلێکی گەورەی سیاسی بوو لە گێتیدا و بە هۆشێکی گرنگ و هۆشیارییێکی تەواوە ئەچوون بە شوێنیا. حاکمی سیاسی و مەندووبی سامیی بەریتانیا لە عێراقدا "ئارنۆڵد ویلسۆن" لە نووسینەکەیدا ئەڵێت: شێخ مەحموود کە بە بریندارى لە ساڵی ١٩١٩دا لە (بازیان) کەوتە دەست هێزەکەی بەریتانیا، پاش موحاکەمەکەی، ویلسۆن چۆتە خەستەخانەی بەغداد بۆ بینینی، شێخ مەحموود لە شێوەیەکی زۆر هیوادار و بێترسیدا و بە گیانێکی پڕئاواتیدا شێخی بینیوە وە ورووژمی بردۆتە سەر مەندووبی سامی و دەسەڵاتدارانی داگیرکەران، موحاکەمەکەی داوەتە دواوە و بۆ ڕزگاریی گەلەکەی تێئەکۆشا. جا ئارنۆڵد ویلسۆن بۆ ئەوەی قسە گرنگ و پارێزگارییەکانی شێخمان تێ بگەیەنێت، ئەڵێت: ((لەپڕ پەڕەیەکی قورئان کە پێشنیارەکەی "ویلسۆن"ی بەناوبانگی تێدا نووسرابوو، دەری هێنا. ئەو بەیانەی ئەنگلۆفەڕەنسی کە لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا درابوو، وەکوو نوشتە و بازیبەندێکی زۆر پیرۆز بەستبووی بە قۆڵیەوە)). جا ئارنۆڵد ویلسۆن ئەم باسەی زۆر بە گرنگی و سەرسوڕمانەوە پیشان داوە.

موعاهەدەی سیڤەر نەخرایە کایەوە، بە بۆنەی بزووتنەوەکەی کەمالییەکانی تورکەوە پەیمانی لۆزان بەسترا و کار و ئاواتی کورد خرایە لاوە. لە پاش پەیمانی لۆزان وە لێدوانەکەی ئەستەنبووڵ–١٩٢٤یش بۆ تەواوکردنی کارەساتی تورك و ئینگلیز دوایی پێ هێنرا. بەڵام بەریتانیا بڕیاری دا کە ئەم کارە بسپێرێت بە عوصبەتولئومەم بۆ ئەوەی لە ڕێگایەکی ڕاست و ڕێکەوە ببینرێت.

کارەساتی مووصڵ ماوەی حەوت ساڵی کێشا. مەسئەلەی کوردیش بوو بە کۆسپ و گرێیەکی زۆر سەخت بە ڕووی هەموو دەوڵەتە لێپرسراوەکاندا، بۆ ئەوەی نەبێت بە کارەساتێکی خراپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر هەوڵ درا، نەوەکوو ببێت بە هۆی ڕوودانی جەنگێکی گەورەی ناگەهانی وە باسی کورد ئیتر بوو بە پێشەکیی باس، چونکە مەسئەلەی کورد بەچاو مەسئەلەی مووصڵەوە پەیوەستێکی تەواو وە گرنگی هەیە. جا کۆمەڵی عوصبەتولئومەم ناچار بوو بۆ تێگەیشتن وە لێدوان تێکەڵ بە کارەساتەکە ببێ، بۆ ئەوەی لە داوا و ئارەزووی گەلی دانیشتووانی کوردستان تێبگەن. لەسەر ئەم ناچارییە عوصبەتولئومەم بڕیاری دا بۆ ناردنی لیژنەیەك لەژێر سەرۆکایەتیی "کۆنت تێلکی"دا بۆ مووصڵ– ١٩٢٥.

لیژنەکە لە ویلایەتی مووصڵدا پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ڕاپۆرێکی گەورەی پێشکەش کرد بە عوصبەتولئومەم. لە ڕاپۆرەکەیاندا بە ڕاستی باسێکی زۆر قووڵ لە بابەت مێژوو، جوغرافی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ئەتنۆغرافی، دیموکراتی، چۆنیەتیی دانیشتووان و باسی ژیانی کورد لە کوردستاندا وە زۆر شتی تر، بە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوەوە لە کیشوەری کورد وە –بە تایبەتی– لە پێکهاتنی کاری سیاسی لە کوردستانی خوارووداا (ویلایەتی مووصڵ)ەوە دواون وە –بێجگە لەم لێدوانەیش– وتوویانە بۆ بڕانەوەی کارەساتی کورد چاکترین ڕێگا ئەوەیە بەلایەنی چاکیی گشتییەوە حکوومەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان دروست بکرێت.

ئەوەی زۆرتر بە گرنگی تیلی چاوی لیژنەکەی ڕاکێشابوو، بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود بوو، کە ئەم لیژنەی دووەلییە و سەرۆکەکەیان زۆر هەوڵیان دا کە ڕووبەڕوو شێخ مەحموود ببینن، بۆ ئەوەی لەبارەی جێبەجێکردنی کارەساتی مووصڵ وە کوردستانەوە لە بیروباوەڕ و هەستی ئەویش تێبگەن و ئەوسا بڕیارێك بدەن، چونکە ئەو لە پێناوی گیان و داوای حوکمی زاتیدا ئالای تێکۆشان و خۆبەختکردنی لەناو کیشوەرەکەیدا هەڵکردووە[٥٨] وە شێخ مەحموود بە خۆی و هێزەکەیەوە هێزی داگیرکەران لە

---

[58] لیژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەڵێت حوکمی زاتی، بەڵام داواکەی کورد و شێخ مەحموود ئیستیقلال بوو.

کیشوەرەکەیدا ڕاو ئـەنێت وە دەریـان ئـەکات، پایتەختەکـەی خۆییـان لێ ئەسـێنێتەوە، وەکوو لـە سـاڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٣ و ١٩٢٤دا یـەك‌بـەدوای‌یەکدا ڕووی دا [شـێخ مـەحموود توانیی حدوودی کوردستانی جنووبی جیا بکاتەوە و ئاڵای کوردستان لە ناوەڕاستی چیای حەمریندا دابکوتێ و عەشیرەتی ئەلعوبێد یاریەدەریی بکات– نووسەر].

لیژنەکە نەیتوانی شێخ مـەحموود ببینـێ وە لـە بیروبـاوەڕ و تێکۆشـانەکانی کـورد ئاگاداری پەیدا بکەن، بەڵام لیژنەکە ئەم ڕاستییە و ئاواتەیان نەشاردەوە لە ڕاپۆرەکەیاندا بە تەواوی و بە ئاشکرایی وتوویانە: زۆر بە داخـەوە نـەمانتوانی بگەینـە شـێخ مـەحموود. لەسەر ئەم نووسینە و ئەم لێکۆڵینەوەی لیژنەکە، باسی مەسئەلەی کورد بە تەواوی چووە ناو دەفتەری پەیوەستی سیاسەتی دەوڵەتەکانەوە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کـارێکی زۆر ڕاست ژمێررا و زانرا، کەچی لە لایەن کاربەدەستانەوە بە چاوێکی مرۆڤایەتی و حەق و عەدالەتەوە تەماشا نەکرا و پێچرایەوە. خۆ وەنەبێت کارەساتی کورد لەو کارە گرانە بێـت کە نەتوانرێت بەلای چاکەدا دوایی پـێ بهێنرێـت وە لـەو کـارە گرنگانـەیش بێـت کـە هـیچ کارێکی وا ڕووی نەدابێت.

ئەگـەر بێتـە سـەر ڕێگـای ڕاسـتی زۆر ئاسـان بـوو، ئەگـەر سیاسـەتی بەدبـەختی دەوڵەتەکان نەبوایە، بێگومان ئاسان بوو، چونکە دوایی پێ هێنابوو، دانـی مـافی کـورد کـارێکی دژوار و گـران نـەبوو، هـەر لـە ڕێگـا و پێنـاوی ئاشـتیدا وە لـە ڕووی عـەدل و مرۆڤایەتییەوە بە لای کەمەوە لە هەندێك جێگای کوردستاندا وەکـوو ڕوون کراوەتـەوە و بە لای زۆر لە دەوڵەتەکانەوە بە تەواوی زانرا و ئاشکرایە ئەبوایە لە مافی خۆیـان بێبـەش نەکرێن، لەبەر ئەوەی زۆرتر نیشتمانپەروەرەکانی کورد تا ئەوسـەری توانایـان لـە ڕێگـای ئازادیدا تێکۆشان و دریغییان نەکرد وە ئەم تێکۆشانەیش لەگەڵ بزووتنەوە و تێکۆشان و چەك بەکارهێنانی سمکۆ و شێخ سەعیدی پیران (تورکیا) لەدوای ماف و گەیشتن بە ئاوات لای کاربەدەستانی دەوڵەتەکان دوانەکەوتن، بەڵام چاودێریی ساڵانی دواییش ئەکەن[٥٩]!

---

[59] کوردی بەڕێز بەریتانیاییەکانی کوردستان هەر سیاسی نەبوون و خۆیان باش پیشان دا کە لە بەقاڵییەوە پێ گەیشتبوون، چونکە ئەیانویست لە پارسەنگی تەرازووەکەیش بدزن. هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە کوردستان، بژاری پیاوخراپیان کرد بۆ لایەنگریی خۆیان وە وردە وردە تای تەرازووی ئاواتی کوردیان

ئەڵێت: پاش گەڕانەوەیان لە مووصڵ و هەولێر و کەرکووك لیژنەکە گەیشتنە سلێمانی، بابەکر ئاغای سەرۆکی عەشایەری پشدەر بە ١٠٠ سەد سوارەی پشدەرییەوە و لە هەموو لایەکەوە ئاغا و کوێخا گەیەنرایە سلێمانی بە تێکەڵی پۆلیس و مەئموورانی میریش لە هەموو لایەکەوە دەست کرا بە چاوڕاو، ئەمجارەیش بەکۆمەڵ داوای عیراقیان کرد.

بەم پێیە لە تورك و ئینگلیزەوە گۆڕرا بە تورك و عیراق و ناوی کوردیش لە باس و پڕۆگرامدا سڕایەوە و نەهێنرایە کایەوە. جا ئەدمۆندس ئەم هونەرمەندەیە لە بابەکر ئاغا و هەروەها لە پیاوە خۆفرۆشەکان ئەزانێت، ئەدمۆندس و چاپمەن "سەعید ئاغای جافەران" و "کوێخا نەجمی سەیدوسێنان"یان زۆر بە دڵسۆزی خۆیان ئەزانی، بە فرۆکە سەعاتی ئاڵتوون و زێڕیان بۆ فڕێ ئەدان.

ئەو لیژنەیەی کە عوصبەتولئومەم ناردی و کورد چاوەڕێی چاکەی لێ ئەکردن، ئەمانە بوون کە بە سەرۆکایەتیی ئەدمۆندس بۆ خوێنمژینی کورد– لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٥دا گەیشتبوونە سلێمانی.

١. کۆنت پۆل تیلکی، بەلجیکی Cont Paul Teleky. ئەدمۆندس ئەڵێت بە تورکی تیلکی بە (ڕێوی) ئەڵێن وە ڕاستیشە.

٢. ئـ. ف. فێرسن، سویدی A. F. wirsen

٣. سینیۆر ڕوود واو، ئیتاڵی Roddolo

٤. هۆراس دی بۆرتالێ، سویسری Horace de portales

٥. جی. هـ. کرامەرز، هۆڵاندی وە ڕۆژهەڵاتناس، موتەرجیم J. H. Kramers

نێرراوەکانی تورك:

تنکەی ژین
www.zheen.org

---

ئالۆزان. مێجەر ئەدمۆندس لە کتێبەکەی (کورد و تورك و عەرەب، لاپەڕە ٣٧٥)دا دزەخورجێنەکەی خۆی دەرئەخات، ئەو پیاوە چەکدارانەی کە کوتەکی دەستیان بوون و لە شێخ مەحموودیان هەڵگێڕابوونەوە و لە پێویستییەکانی گەلایەتی دووریان ئەخستنەوە و بێگومان بە پارە و بەرتیل کرابوون بە شایەری ئینگلیز و ئەدمۆندس و چەپمەن پیشان ئەدات.

١. جەنەڕاڵ جواد پاشا، موفەتیشی گشتیی سوپایی لە لقی جزیرە وە فەرماندەی گشتی.

٢. ڕائید کامیل بەگ.

٣. ناظم بەگ نەفتچی.

٤. فەتاح ئەفەندی.

نوێنەری عیراقی– صەبیح نەشئەت.

وە نێرراو و نوێنەری بەریتانیایش مێجەر ئەدمۆندس و میستەر چاپمەن* خوێن مژی کورد بوون.

**نامەکانی شێخ مەحموود:**

لەوکاتەدا کە ئەو لیژنەیە گەیشتە سلێمانی، شێخ مەحموود بە ٥٠٠ سوارەی چەکداری کوردی گیانبەختکارانەوە لە (چوارتا) چاوەڕێی گوزارش و دوا بڕیاری ئەو لیژنەیەی ئەکرد. بۆ ئەوەی نەبێت بە هۆیەك بەدەست ئینگلیزەکانەوە، لە هەموو لایەکەوە هێزەکانی کێشایەوە بۆ دێهاتی دوور لە شارباژێڕا، دوو نامەی نووسی:

١. بۆ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکە.

٢. بۆ ئەدمۆندس.

بنکەی ژین
www.zheen.org

داخەکەم لەو نامانە هیچیانم لە لا نەماوە، بەڵام ئەوەی لە یادماندا ماوە، بە کورتی ئەمە بوو:

١– ویلایەتی مووصڵ (کوردستانی خوارەوە) وەطەنی کوردە، هەموو گەل وەیان حکوومەتێکی تر بەم وەطەنە بێگانەیە وە لەم وەطەنەی ئێمەدا حەقی هیچیان نییە. ئیعتیرافکردن بە حەقی کورد ئەبێت بە هۆی ئاسایش لە شەرقی ئەوسەطدا. کورد چەکدارە و لە جەنگ و جیدالی ساندنی حقووقدایە. ئینگلیز لە هەڵمەتی کورد باش تێگەیشتووە. تا دوا قەطرەی خوێنی کورد فیدای ئەم کوردستانەیە، ١٩٢٥.

---

* چاپمان لەناو ئەو لیژنەیەدا نەبووە، بەڵکوو کاپتن لاین لە لیژنەیەکی لاوەکیدا بووە (کرد وترك وعرب، ص٣٦٦، وێنەی ئەندامانی لیژنەکە لە وێنەکانی پاشکۆی کتێبەکەدا هەیە).

٢- تکایه حەقی کورد ضـایـەع مەکـەن. کوردسـتان وەطـەنـی کـوردە، بڕیـاری کوردیش ئەوەیە لە پێناوی حقووقدا تا دوا قەطـرەی خـوێنی بڕژێنێـت بەسـەر خـاك و بەردی وەطەنەکەیدا، ئێوە بە خۆڕایی خوێنی خۆتان مەڕێژن، ١٩٢٥.

مەلیك و باشقوماندانی کوردستان

مەحموود

نووسەری ئەم کتێبە ئەم دوو نامەیەی لەگەڵ یەك سوارا "مەجید فەرەج گوورِوونی تەپەشوانکارەیی" هێنا بۆ بازیان، لە (باڕۆییی گەورە) لەگەڵ "فەتاحی میرزاشەل"دا نارد بۆ سلێمانی وە درایە دەست "فەتاح ئەفەندی"ی ئەندامی لیژنە و ژنبرای شێخ مەحموود. زۆر سەیرە لە ڕاپۆرەکانی لیژنەکە و نووسینەکانی ئەدمۆندس‌دا باسی ئەم نامانە نەکراوە. ڕەنگە هەر لە لایەن ئەدمۆندسەوە لەناو برابن وە پێیان نەگەیشتبێ.

شێخ مەحموود تەنیا بەرامبەر بە سوپای عیراق و سوپا و سیاسەتی ئینگلیز لـە جەنگدا نەبوو، هێزە بەکرێگیراوەکانی کوردی نـاوخۆیی کاریـان لـە شـێخ شـێواندبوو، وەکو لە بەرگەکانی (چیم دی)دا پیشان درابوون.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٦دا، کۆرنوالیس هاتە سلێمانی، بە هـۆی موتەصـەڕیف ئەحمەد ئەفەندیی هەولێرەوە بە نامە داوای دوایی‌پێ‌دانی جەنگیان لە شێخ مـەحموود کرد وە ئەم ماددنەی ژێرەوەیشیان بـۆ نـارد، بـەڵام لـە سـەرەتادا پەسـەندی نـەکرد و دەستبەرداری خەباتی خۆی نەبوو.

ماددەکان:

١. شێخ مەحموود، نە خۆی نە خزمانی بەبێ فـەرمان و ئاگـەداریی حکوومـەت، نابێ بێنە خاکی عیراقەوە.

٢. نابێ دەست بکێشێتە کاروبـاری مـیری و هـانی کـەس نـەدات و خۆیـشی لـە ئیشی سیاسی لابدات. باباعەلیی کوڕی بنێرێت بۆ بەغـداد لەسـەر کیـسەی حکوومـەت بخوێنێ و بنێررێت بۆ ئەمریکا بۆ خوێندن.

٣. باباعەلیی کوڕی بنێرێت بۆ بەغداد لەسەر کیسەی حکوومەتی بخوێنێ و بنێررێت بۆ ئەمەریکا بۆ خوێندن.

٤. لێبوردن بۆ خۆی و کۆمەڵەکەی بەو مەرجەیش لە مەحکەمەکاندا داوای کەس نەبیسترێت کە لە دژیان داوا بکرێت.

لە سەرەتادا شێخ مەحموود ئەم داوایەی دایە دواوە، بەڵام کارەساتەکانی ناوخۆیی و بێدەرەتانی پاش نۆ مانگ بە ناچاری قبووڵی کرد و ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٧ باباعەلی نێررا و ئەحمەد خواجەی لەگەڵ چوو بۆ بەغداد. شێخ مەحموود خۆیشی ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە دێی (پیران) دانیشتن. بەڵام لەسەر کوشتارە ناڕەواییەکەی بەردەرگای سەرای سلێمانی لە لایەن ئامر سریەی فەوجی یەکەم "مەحموود حیلمی تبلیسی"یەوە بە مەترالیۆز و چوونی مەلا و ڕۆڵە کوژراوانی سلێمانی بۆ لای شێخ، دووبارە لەشکرئاراییی کرد و پەلاماری حکوومەتی دا و نامەکانی بۆ حکوومەت و عوصبەتولئومەم نارد[٦٠].

**شۆڕشی یەزیدی و بەکر صدقی پاشا:**

لە بابەت ئەم دوو شۆڕشەوە لە بەرگی ٣ی (چیم دی)دا پیشان دراوە، لەبەر ئەوەی هیچ گۆڕراو و ڕوودراوێکی پترترمان دەست نەکەوت، لێرانەدا دووبارەکردنەوەمان بە پێویست نەبینی. هۆی کوشتنەکەی بەکر صدقی پاشا، تەنیا ئەوە بوو کە فەرمانی دا لە سەرەتاییەکانی قوتابخانەکاندا بە کوردی ئەبێ بخوێنرێت و بە دڵی ئینگلیز نەبزووتەوە.

**شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی:**

ڕوودانەکەی ١٩٤١ی عیراق بەپێی وتەی وەزارەتی جەنگی بەریتانیاوە، یادداشتەکەی میستەر چەرچڵ:

تێبینی: بە بۆنەی هەندێ پێویستەوە لێرانەدا بڵاوکردنەوەی باسی ئەم شۆڕشەمان بە باش بینی.

---

[60] لە چیم دی، بەرگی ٣دا ئەم باسە ئەخوێننەوە.

شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی:

لـە سـالّی ١٩٣٥ و ١٩٣٨ەوە ئەڵەمانییـەکان بـە چـاووڕاوێکی ئێجگـار گـرنگ و زۆرەوە کەلوپەل و تفاقێکی زۆر بێشوماریان ئەنارد بۆ عیراق. لەگەڵ ئەوەیشدا، بـە بایـەخ و دەسـەڵاتداری وە بـە دارایـی و دەسـتفراوانـی و بەخـشندەیـیـەوە بەڕێوەبەرایەتیی چاووڕاوی ئەڵەمان (مديرية الدعاية الالمانية)یان لە عـیراقدا دامەزراند وە لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ڕۆژنامەگەرییەکانـدا دۆستایەتییەکی بـەهێز و بـەتینیان پێك هێنا و بە زمانی ناوخۆییان لە بەرلینەوە ئێستگەیەکی ڕادیۆیشیان بـۆ خستنە کار، بەم پیلانبازییە وایان لە عەرەب گەیاند کە ئەڵەمانـەکان یەکـەمین دڵسۆزیانن بـۆ پەیوەستی یەکیەتییان، بە تایبەتی دکتۆر غرووبا کـە پیـاوێکی مـەزن وە تێگەیشتوو وە وەزیرێکی ئەڵەمانی بوو لـە عیراقـدا بـە ڕاسـتی فـەرمانڕەوا و دەسـتڕۆییو بـوو، لـە کاتێکدا کە وەزیری مەعاریفی برد بۆ ئەڵەمانیا، لە بەرلین بە چەشـنێك میوانـداری کـرا کـە نـەبینرابێت و نەبیـستراو. سـەرەڕای ئـەو هـەموو کـارە گرنگانـەیش، بـە تـەواوی چووبوونە ناو مێشکی هەموو ضابطە عیراقییەکانەوە.

ئەڵەمانییـەکان بـۆ ئامـانجی دوارۆژیـان خۆیـان مـات دابـوو، تـاوەکوو بـە شـێنەیی پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو بدۆزنەوە کە لە کاتی پێویستیاندا بەکاریان بێـت و شۆڕشـێکی ناگەهانی و کتوپڕی پێ بەرپا بکەن. پاش سـەرنج و وردکردنەوەیـەکی زۆر ئـەو پیـاوەی بۆی ئەگەڕان، ڕەشید عالی گەیلانی بوو کە لە خێزانێکی گەورە و پیرۆزی عیراقییە.

بەڵام بەرنامەی ئەو شۆڕشەیش ئەبێ بەو مەرجە بێـت کـە هـەموو گـەلی عیراقـی لایـەنگرییان بکـات، چـونکە لـە پـێش هەڵگیرسـان و یەکـەمین تەقـەدا بێـت و حکوومەتەکەی عیراق ئاگادار بێ و پێ بزانێت، هیچ گومان نییە کە شۆڕشەکەیان سەر ناگرێت وە هەموویشیان لەناو ئەبرین و ئەوسا بە ئاسانی بەربەست ئەکرێت.

وەزارەتی جەنگی حکوومەتی عـیراق لـە ڕۆژی ٢٥ی مـارتی ١٩٤١دا هەسـتی بـە بزووتنەوە و ئاشووبێك کرد بۆ ئەوەی پەرە نەسێنێ، لەوانەی دوودڵییان لێ پەیداکردن یـان بـە هانـدەر زانـران، لـەناو سـوپادا مانـەوەیان بـە بـاش نـەزانرا و بڕیـاری دوورخستنەوەیان درا، ئەوانەیش لە سەرەتادا ئەم چوار عەقیدە بوون.

١. صەلاحەددین صەبباغ.

٢. فەهمی سەعید.

٣. کامل شبیب.

٤. مەحموود سەلمان.

پێش گەیشتنی فەرمانەکە بەم ضابطانە، خۆیان هەستیان بە بیر و کردەوەکەی وەزارەت کرد، چوونە سەر وەزیر "طەها ئەلهاشمی"، پێیان وت: دوایی ئەم کار و بڕیاری ئەم فەرمانەتان بە باش ناگەڕێت، ئێمە لە بەغداد دووریناکەوینەوە و داوای پاشگەزییان لێ کرد. وایان زانی کە لەناو سوپادا بزووتنەوەیەك هەیە. وەزیر کاری لە وەصی عەبدوئیلاه گەیاند، هەرچەندە وەصی پەشێمانبوونەوەی بە باش نەبینی، بەلام کار ڕووی کردە ئاشووب و ناسکی، وەصی خۆی گەیاندە بالۆێزخانەی ئەمەریکا و لەوێوە بۆ حەبانییە و لەوێشەوە بۆ بەصرە.

شۆڕشگێڕەکان کە لە ڕۆیشتنی وەصی ئاگادار بوون، دەستیان بەسەر حکوومەتەکەدا گرت، بە ناوی ڕەئیس ئەرکانی جەیشی عیراقییەوە دۆزانێکیان بلاو کردەوە وە لە دۆزانەکەدا باسی لادان لە ڕاستی و دەستدرێژیی نابەجێکردنی وەصی پیشان ئەدات وە بۆ پاراستنی کاروباری دەولەت بە ناوی (حکوومەتی پارێزگاریی نیشتمان)ەوە لەسەر ویستنی سوپا ئەرکی بەکارهێنانی یاسا و دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆیی خرایە سەر شانی ڕەشید عالی گەیلانی، کە پیاوێکی ئایندار و ڕاستە و "طەها ئەلهاشمی"یان ناچار کرد بە خۆکشانەوە لە حکوومەت وە بە ناوی پارێزگارانی نیشتمانی وە ئەم ناوانە کۆمەلێکیان پێك هێنا و دەستیان کرد بە فەرمانڕەوایی.

سەرۆك: ڕەشید عالی گەیلانی، لە چوار عەقیدەکە: صەلاحەددین صەبباغ، فەهمی سەعید، کامیل شبیب، مەحموود سەلمان وە عەلی مەحموود شێخ عەلی و یوونس سەبعاوی.

طەها ئەلهاشمی نامەی لێبوردنی بە ناوی وەصییەوە پێشکەش کرد وە ڕۆژنامەکانی بەغداد بلاویان کردەوە. ئیتر پاش ئەم نامەیە شەوی ١ی نیسان لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە دائیرەی پۆستە و تەلگراف و تەلەفۆن و هەموو جێگا گرنگەکان

بنکەی ژین www.zheen.org

داگیرکرا وه لـه ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٤١یشدا "شـەریف شـەرەف" کـرا بـه وەصـیی مەلیکی عیراق وه دواییشیان به حوکمی عورفی دا و سەرلەنوێ بەم جۆره حکوومـەتی عیراق له جێگای کۆنەکه دامەزرا.

١. ڕەشید عالی گەیلانی– ڕەئیس وزەرا و وەزیری داخلییە.

٢. ناجی شەوکەت– وەزیری دیفاع.

٣. مووسا شابەندەر– وەزیری خارجییە.

٤. عەلی محەمەد شێخ عەلی– وەزیری عەدلییە.

٥. محەمەد عەلی مەحموود– وەزیری ئەشغال و مواصەلات.

٦. یوونس سەبعاوی– وەزیری ئیقتصادی.

٧. ڕەئووف ئەلبەحرانی– وەزیری شوئوونی ئیجتیماعییە.

٨. دکتۆر محەمەد حەسەن سەلمان– وەزیری مەعاریف.

وه کابینەی وەزارەتەکەی پێشوویش ئەم پیاوانه بوون:

١. طەها ئەلهاشمی– ڕەئیس وزەرا و وەزیری دیفاع و وەزیری خارجییە.

٢. عومەر نەظمی– وەزیری داخلییه و وەزیری عەدلییە.

٣. عەلی مومتاز– وەزیری مالییه و وەزیری ئەشغال و مواصەلات.

٤. عەبدولمەهدی بەصام– وەزیری مەعاریف.

٥. تۆخی ئەلسویدی– وەزیری خارجییە.

ئەم کابینەیه زۆر ساده بووه، ڕەنگه پیـاوی خۆیانیـان دەسـت نەکـەوتبێ و بـه قۆنتەرات حکوومەکەیان وەرگرتبێ.

دوابـەدوای خۆدامەزرانـدن، لـه لایـەن ڕەشـید عـالی گـەیلانـیـەوه لـه ڕۆژی ١٩٤١/٤/٩دا دوورودرێژ لەبابەت بەدکاری و کۆیلەیـەتی بـۆ ئینگلیـز و کوشـتنی مـەلیك غازی و زۆر شتی ترەوه باسی خراپەی ئەکات.

وه له لایەن "وەصی"شەوه ڕۆژی ٩٤١/٤/١٠ به زمانی کوردی نووسراو و بـەیانی زۆر له لایەن فڕۆکەیەکی "ئۆتۆکای"ی ئینگلیزییەوه بەسـەر سـلێمانیدا فـڕێدرا و بڵاوکرایـەوه. جا لەبەر ئەوەی ئەم دۆزانەی بۆ کورد بوو، بەبێ دەستکاری پیشانی ئەدەین.

**نیدای وەصیی عەرشی عیراقی بۆ خەڵقی نەجیبی عیراق**

کۆمەڵ لە عاصیەکانی عەسکەری لەژێر ڕیاسەتی ڕەشید عالی و چەند کەسێك لەگەڵ ئەو بە پارەی بێگانە و دوژمن کراون. منیان بە زۆری سیلاح لە دیاری خۆم جودایان کرد و لە ئەدای واجیباتی موقەددەسەی ویصایەتی کوڕی خوشکم مەلیکی خۆشەویستی هەمووتان مەحروومیان کرد.

١. ئەم کۆمەڵە ئەشقیا بە هەزار درۆ ئەفکاری عیراقییەیان تەسەمموم کرد.

٢. نەتیجەی ئەم حیلەبازی و درۆکردنە ئەرضی موقەددەسی عیراق گۆڕا و بوو بە ساحەیەکی جەنگ و جیدال.

٣. واجیباتی من ئاشکرا من ئەوا ئەگەڕێمەوە کە حەتتا ئیستیرجاعی شەرەفی وەطەنی خۆمان بکەم و بۆ جاری دووەمین لەژێر سایەی حکوومەتی کە شەرعی بوو، وەطەنی عەزیزمان ئەو ڕەفاه و سەعادەتی پێشوو تەئمین بکەم.

٤. ئێستا حەموو کوردەکانی موخلیصی عیراق دەعوەت ئەکەم کە ئەم شەرذەمە عاصییەکان دەر بکەن و ئیعادەی حورڕییەت وئیستیقلالی خۆیان تەئمین بکەن.

٥. ئەی کوردەکانی عەزیزم، عەسکەرەکان بگەڕێنە جێی خۆتان بەسەلام و ئینتیظاری ئیعادە و حەیاتی قانوونی و ئیستیقلالی مەملەکەتی خۆتان بکەن و لیعیش جلاله الملك فیصل الثاني.

وەصیی عەرشی عیراقی عەبدوئیلاه

١٩٤١/٤/١٠

ڕەشید عالی گەیلانیش وەکوو وەصی داوای یارمەتیی لە کورد ئەکرد. کورد ئەبێ بزانێت تەنیا هەر بۆ تەنگانە برایە وە ئەبێ هەر لە پێناوی بێگانەیشدا بچەوسێتەوە.

**شێخ مەحموود:**

لە کاتی سەرەتای شۆڕشەکەی ڕەشید عالی و پشێوییەکەی بەغدادا، شێخ مەحموود بەبێ پرس لە بەغداوە گەڕایەوە وە چوو لە دێی (سیتەك) دانیشت. بە

گەڕانەوەی شێخ مەحموود، ڕەشید عالی زۆر ترسا و وەصیش زۆر هیوای پەیدا کرد. فەرمان درا بە گواستنەوەی ئۆردووگای کەرکووك بۆ سلێمانی وە ئەم دۆزانە بڵاوکرایەوە.

**دۆزان ژمارە (١)**

(بەبێدەستکاری)

بەپێی ئەو دوو سوڵطەیەی کە بە دوو ئیرادەی مەلەکییە کە مورەقەمن بە ٣٩٢ و ٤٠٠ و موئەررەخن بە ١٤ی تەمووزی ١٩٤١ و بە ماددەی ١٣ لە مەرسوومی ئیدارەی عورفیی ساڵی ١٩٣٥ پێم دراوە، ئەمر بەمانەی خوارەوە ئەکەم.

١. هاتوچۆنەکردن لەناو قەصەبەی سلێمانیدا لە سەعات دەونیوی زەوالیی ئێوارەوە تا سەعات ٣ی بەیانی.

٢. نزیکنەکەوتنەوە لە ثەکەنات، موعەسکەرات و موئەسەساتی عەسکەری و مەقەڕات و مەطارات، ئیللا بە ئیجازەی سوڵطەی موختەصە نەبێ.

٣. چەك و سیلاح هەڵنەگرتن لەناو شاری سلێمانیدا، هەر کەسێ موخالەفەی ئەم نوقاطانە بکات یان بە ٣ ساڵ حەپسی وەیان بە ٢٥٠ دینار جەزای لێ ئەسێنرێت بەپێی ماددەی ١٥ لە مەرسوومی ئیدارەی عورفی.

عەقید ئەلرۆکن نوورەددین مەحموود

قائیدی قوواتی عەسکەرییە، سلێمانییە

١٩٤١/٧/٢٧

**ئەنجامی کاری شۆڕشەکەی ڕەشید عالی:**

لەژێر فەرماندەیی ئەمیر لیوا ج. ج. کینفسۆن. دی. ئێکس. ئێم. ی. لیوای (٤) ئالییات بە ئوتومبێل و فڕۆکە و دەبابە و سوپاوە لە هیندەوە وە لیوای ٢، ئەم هێزانە ڕۆژی ٢٨ی نیسان گەیەنرانە بەصرە و ڕوو بە حەبانییە گەیشتنە فەلووجە لەژێر فەرماندەیی پیاوە عەرەبەکاندا لە شیمالەوە بەرەو بەغداد هاتن و گەیشتنە (تاجیی کاظمییە) وە لەولایشەوە (خان النقطة) گیرا، جەنگی تۆپ گەیشتنە نزیك بەغداد و هیوای بەربەرەکانی نەما.

لەم کاتە سەخڵەتییەدا کوردیان بە بیرا هات. ئەم برا دڵسۆزەیان چۆن ئاوێتەی ئەم کوشتارە بکەن. ڕەشید عالی، ماجد مصطفا و عەلی کەمالی نارد بۆ سلێمانی، بەو هیوایەی شێخ مەحموود تەفرە بدەن و بە لەشکری کوردەوە بچێت بۆ بەغداد و خۆی و لەشکرەکەی بخاتە کوورەی ئاگریان، لە کوردستاندا بەربەستی سوپا بێشومارەکەی ئینگلیز بکات و جەنگ بخاتە چیاکانی کوردستان. ئەم داوایە گەیەنرا بە شێخ مەحموود.

لە وەڵامدا شێخ وتی: ئێستا ڕەشید عالی و شەریف شەرەف حکوومەتی عیراقن، بام بڕیاری ئیستیقلالی کورد بدەن وە ئاڵای کورد لە کوردستاندا داکوتین، ئەو کاتە ئێمەیش کورد لە پێناوی ئاواتەکەی ئەوانا یان داوایەکی کورد نامێنێ یان بە ئاواتیان ئەگەیەنین. بێجگە لەم کارە هیچ کارێکی ترمان بۆ دەست نادات. ئێمە لە ڕێگای پێویستی خۆمانا خۆمان بەکوشت ئەدەین. شێخ مەحموود هەڕەشەی نارد بۆ ماجد و عەلی کەمال، وتی: مادام داوا و پێویستەکەی ئێمەیان پێ جێبەجێ ناکرێت، ئەوانیش ئەبێ دەستبەجێ سلێمانی بەجێ بێڵن.

لەم کاتی ناهیوایییەیشدا ڕەشید عالی و وەزیرەکانی مردن و پەرێشانیی خۆیان خستە پێش و ئاواتی کورد، کە داواکەی شێخ مەحموود بوو، پەسەندیان نەکرد. بە ئاوارەیی حکوومەتەکەی تازەی عیراق بە وەزیر و سەرۆکیان "ڕەشید عالی گەیلانی" ڕوویان کردە ئێران و پەرش و بڵاو بوونەوە و عەقیدەکانیش بەپێی بڕیاری دادگەی سوپایی لە بەغداد کوژران. بەم جۆرە دوایی بە شۆڕشەکەیان درا.

**بزووتنەوە سیاسییەکەی شێخ عەبدوسسەلام**

**سەرۆکی بەرزان لە سەرەتای چەرخی ٢٠مدا**

لە بابەت بزووتنەوە و داوا پیرۆزەکەی گیانبەختکاری گەلی کورد شێخ عەبدوسسەلام سەرۆکی بەرزانەوە وتە و ڕاز زۆرە. جا بە هەرچی جۆرێکیان بووبێت، هەر لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیدا گیانی خۆی بەخت کردووە وە ناوی بەرێز و کردگارە گرنگەکەی لەناو دڵ و جەرگی هەموو کوردێکی بەشەرەفدا ئەژین و -پشت بە خوا- ئەو چرایەی دایگیرساندووە، ناکوژێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شۆڕشەکانی بەرزان ئەگەر بە کورتی پیشان نەدرێت، هەرگیز بە نووسین تەواو ناکرێت. لە سەرەتای ئەم چەرخی بیستەمە، ساڵی ١٩٠٨دا سەرۆکی ئایینی و عەشیرەتی بەرزان شێخ عەبدوسسەلام وتی: باج و سەرانە و سەرباز نادەم بەو حکوومەتەی کە لە نەتەوەی کورد نییە و خۆی بە دوژمنی ئێمە بزانێت. هەر بەم نیازەوە کەوتە بەربەرەکانیی عوثمانییە تورکەکان، بەڵام –بە داخەوە– پێش ئەوەی ئەم پیاوە مەزنە بەو ئاواتە پیرۆزەی بگات، پیلان و دەستی زاڵیەتیی عوثمانییەکان دواییان دا بە ڕەنج و گیانی پاکی و گەیشتە بارەگای یەزدان.

لە بابەت شۆڕشە پیرۆزەکەی ئەو شێخە گەورە و مەزنەی کوردەوە قسە و ڕاز یەك جۆر نییە. شێخ مصطەفای شێخ عەزیزی خەلیفە، خۆی سەربازێکی ئێسترسوار و لە دەستەی پارێزگارانی والی "سلێمان نەظیف" بوو لە مووصڵ، وەکوو لە بەرگی ٣ی (چیم دی)دا پیشان درابوو، وا ئێستا بە کورتی دووبارەی ئەکەینەوە، وتی: شێخ عەبدوسسەلام داوای لە حکوومەت کرد کە بە زاڵییەتی و بە پێچەوانەی یاسا و مافی مرۆڤایەتی داوای هیچیان لێ نەکرێت وە مافی گەلایەتییان بپارێزێت. حکوومەت لەسەر ئەم داوایە پارسەنگی یاخیەتیی دایە پاڵیان، بە ئاوێتەییی سوپای میری لەشکرێکی زۆریش لە کوردە تەفرەدراوەکانی ناردە سەریان. پاش کوشتارێکی زۆر، گوایا لەگەڵ حکوومەت پێكهاتوون، ئاسایشێك کەوتە ناو بەرزان، بەڵام لە کاتی جەنگی یەکەمی گشتیی ١٩١٤دا ئەم جارە شێخ وتی: من کورد نانێرم لەپێناوی ئاوات و خاکی بێگانەدا بە کوشتی بدەم، لەگەڵ حکوومەت تێكچووەوە، پەلاماری دوژمنە کوردەکانی دا، پاکی کردنەوە، زۆر زیانی کوشتن و کەلەپووری دا لە حکوومەت.

والی "سلێمان نەظیف" کە کورد بوو، لە مووصڵەوە چوو بۆ بەرزان وە شێخ مصطەفا خۆیشیی لەگەڵ بووە و ئەوەی خۆی بینیویەتی گێڕایەوە، پاش ئەوەی ئامۆژگارییێکی زۆری شێخی کرد، وتی: حکوومەت زیان ناکات دەسەڵاتدارە، سەد چەندانە زیانەکەی تۆڵە ئەکاتەوە و ئەیخاتەوە جێ، بەڵام هەرچی لە تۆ کەم بێتەوە، چارەی ناکرێت و ئەو عەسکەری زۆری هەیە.

شێخ لە وەڵامدا: لەو کۆمەڵە چەکدارانە یەکێکیان بانگ بکە، والی لاوێکی زۆر جوان و دلاوەری بانگ کرد. شێخ پێی وت: بچۆ لەو سەربانە خۆت فڕێ دەرە خوارەوە! لاوەکە بەبێ پرس چوو خۆی فڕێ دا و هەپروون بە هەپروون بوو! وتی: پیاوی واتان هەیە؟!! ئیتر والی بەبێ قسە گەڕایەوە بۆ مووصڵ وە کارەساتی بە ئەستەموولّ گەیاند، کە لە وەزارەتی داخلییەوە لە وەڵامدا: هەموو داواکانی شێخ عەبدوسسەلام ئەدرێت، بانگی بکە بۆ مووصڵ بۆ لێدوان. والیش ئەم مژدەیەی دا بە شێخ و هات. دەستبەجێ فەرمانی خنکاندنیان پێ گەیاند. والی دایە دواوە، بەڵام سپێررا بە سوپا و بە سێدارەی بەدکاران و بەدخوایانەوە، گیانی پاکی سپارد بە بەهەشت و پەنای بارەگای یەزدان.

جا بێجگە لەم باسە، ئەم باسەیش چەند جارێك بە نووسین بڵاوکراوەتەوە، گوایا ئەو شێخە گەورە و مەزنە کە لە بنەماڵێکی ئێجگار گەورە و نەوەی نەتەوەیەکی پیرۆز و مەزن بووە، چۆن جێی باوەڕە لە لایەن پیاوێکی دەروێشی خۆی بووبێ لە ماڵەکەی خۆیدا، بە پێچەوانەی هەموو ڕەوشت و خووی کورد، شێخ بگرێت و بیداتە دەست دوژمن، بە دوو جۆر دروست نییە.

١. دەروێش و گیانبەختکارێکی کورد بەرامبەر بە سەرۆکی خۆی ئەو ناپاکییە ناکات.

٢. ئەوە پیشەی کورد نییە کە لە دەرگا و ناوماڵی خۆیا ئەو ناپاکییە بکات، نەك لەگەڵ شێخی خۆی کە سەرۆك و گەورەی خۆی بووە، لەگەڵ دوژمن نایکات و نەکراوە.

تا دوایی جەنگی یەکەم ناوچەی بەرزانیش وەکوو هەموو کوردستانی جنووبی بەدەست سیاسەتی عەسکەری و ئابووریی حکوومەتی عوثمانیی تورکەوە لە چەوساننەوەدا بوو، لە کاتێکدا کە ئینگلیز هات و دەستی بەسەر کیشوەرە کەلەپوورەکەی عوثمانیدا کێشا، لە لایەن شێخ ئەحمەد سەرۆکی بەرزانیشەوە پەلاماری کردەوەی پیاوە سیاسیەکانی ئینگلیزی دا لە دژی یاسا ناقۆڵا و کارە بەدەکانیان، لە لایەن شێخ ئەحمەدەوە تەنگاو کران و لە ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ و دهۆکدا هەموو

بنکەی ژین
www.zheen.org

سیاسیەکانیان کوژرا[٦١]. ئیتر لەبابەت گرتن و لەناوبردنی شێخ عەبدوسسەلام دامەزرێنەری بیروباوەڕی نیشتمان و گەلپەروەری، بە هەرچی جۆر و وێنەیەك بووبێ هەر لە پێناوی کورد و کوردستاندا تووشی کێشە بوو وە گیانی پاکی خۆی لە پێناوی ئاواتی بەرزی خۆیدا بۆ گشتی بەخت کرد وە ناوی ئەم قارەمانە لە مێژووی کوردا لە لاپەڕەی یەکەمدا بە شانازییەوە ئەنووسرێت و یاد ئەکرێت.

ئەم جارەیش بێجگە لە هەموو بیستراو و نووسینەکانی پێشوومان، لەم دوادواییەی نووسینی ئەم باسەدا، ئەوەی بە تەواوی بۆمان ڕوون بووەوە، ئەمە ڕاستیەکەیەتی ئەیخوێننەوە. لە پێناوی ڕزگاریی گەلی کورددا تێکۆشەر سەرۆك شێخ عەبدوسسەلامی بەرزانی پاش ئەو هەموو چەوساننەوە و بەربەرەکانییەی بەرامبەر بە کارەساتەکانی کێشای بۆ ئەوەی پشتیوانێك بۆ یارمەتیی خۆی و بەئاواتگەیاندنی گەلەکەی پێك بهێنێ، بە نهێنی چوو بۆ بینینی کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری، بۆ دەستکەوتێکی یاریەدەرێك بەرامبەر بە پێویست و داوای کورد لەدژی تورکە عوسمانییەکان.

بەڵام لە گەڕانەوەدا لە لایەن "صۆفی عەبدوڵڵا شوکاکی" لە دێی (فەنەکە) میوانداریی شێخی مەزن ئەکرێت. ئەم صۆفی عەبدوڵڵا فەنەکەییە لەماڵەکەی خۆیدا بە گیانی ناپاکییەوە کەمینێکی سەخت و نابەجێی بۆ دادەنێ و زۆر بە نامەردانە ئەیگرێت. بێگومان لە پێناوی دەستکەوتێکی کەموزۆر بێنرخدا ئەیدات بەدەست ئەو حکوومەتە تورکە خوێنخۆر و بەدکارانەی عوسمانییەوە کە ئەو حکوومەتە بە هۆی دەسەڵات و سێبەری شێخ عەبدوسسەلامی مەزنەوە، نەك تەنیا بەرزان، بەڵکوو جیابوونەوەی هەموو کوردستان لە ئاوێنەی بەدبەختیی خۆیانا ئەبینی و ترسی لەدەستچوونیان هەبوو. ئیتر بەو هەلەی شێخی مەزنیان کەوتە ژێردەست، بەبێ ماوەدان بە دەستی زاڵیەتی و بەدخواهییان گیانی پاکی سپێررا بە بارەگەی یەزدانی گەورە. کەچی حکوومەتەکەی تورکی عوسمانی ئەوەی نەزانی و لێکی نەدایەوە کە ئەو

---

[61] چیم دی، بەگی ١ و ٣.

سەرۆکە مەزنەی خوالێخۆشبوو عەبدوسسەلامی بەرزانی پرۆغرامێکی وای بۆ گەلەکەی بەجێهێشتووە کە تا گەلی کورد نەگات بە داوا و ئاواتی خۆی دەستبەردانی ساندنی تۆڵەی گیانی ئەو سەرۆکە مەزنە نەبن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**له هۆنراوه و وتاری کامەران ئەحمەد خواجه**

بارەگەی بەرزان نیازگەی منە
تانەی سەر چاوی هەموو دوژمنە
لە سەدەی بیستەم مصطەفای بەرزان
بە جەور و ستەم مێژووی دامەزران
لە ۹۳۰ بە هەزارەوە
بۆ کورد تێکۆشا بێپسانەوە
چل ساڵ ڕەنجی دا کاکی بەرزانی
بۆ کوردی دلێر ئازادیی هانی
بە بازووی بەهێز، بە دڵپاکییان
لە باخچەی نەمان یاخود کوردستان
پێشمەرگە ساندی وەکوو قارەمان
گوڵی نەخشەکەی ئاواتی کوردان
پشکواندی خونچەی سەرەتای بەهار
۹۷۰ی یانزەکەی ئازار

لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا و بەبێ دەستکاری، ئەم وتارە وێژەییەی کامەران بڵاوئەکەینەوە، پیشان درا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## شۆڕشەکانی بەرزان لە ساڵانی ١٩٤٣–١٩٤٥دا

## وە ڕۆیشتنی هێزی بەرزان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی لیژنەی ئازادی

لە سەردەمی جەنگی دووەمی گشتیدا پلەوپایەی ئـابووری لـە عـیراقدا زۆر ڕوو لـە پەرێشانی بوو وە تا ئەهات بەرەو خراپە ئەڕۆیـشت، بـە تایبـەتی بـە هـۆی پێکـەوەنان و دامەزرانی بارەگەی سوپای بەریتانیا و سوێندخۆرەکان لە مایسی ١٩٤١ لە خاکی عیراقدا.

لەم کاتەدا ڕەوشتی یاسای بەڕێوەبەرانی فەرمانڕەواکانی مـوڵکیی ئینگلیزخـواه بـە تـەواوی ڕێگەیـەکی سەربەسـتی دابـوو بـە سـوپای ئینگلیـز بـۆ ئاژاوەنانـەوە و تۆڵەساندن لە گەل و ڕیسواکردنی یاسای عیراقی ١٩٤١.

هەرچەندە کاربەدەستان چەند هەوڵێکی کـەمیان دا بـۆ ئـەوەی ژیـانێکی ڕێكوپێـك پێکەوە بنێن و دەست بگرن بەسـەر شـتومەکەکانی هـۆی ژیانـدا، بـەڵام بەڕێوەچـوونی چۆنیەتیی ئابووری بە جارێك تێك چوو، دزی و ڕفاندن لە تفاقی خواردەمەنیدا گەیشتبووە ئەوەی چارە نەکرێت. ئەمەیش لە ڕەوشتی بەڕێوەبردن وە لقەکانی تەموینەوە وە یان –بـەکورتی– لـەناو هـەموو حکوومەتەکـەدا بـاو و شـێواو بـوو. بـە پوسـووڵە (بطاقـة) خواردەمەنی بەسەر گەلا دابەش ئەکرا، بەتایبەتی بەهۆی پەیدابوونی زۆر خـاوەنداراییـ لە کوردستانی عیراقدا. ئەو دەردە بوو بە هـۆی ناڵاندنی گـەلی عـیراق، چـونکە زۆر لـە دەسـەڵاتدارەکانی مـیری لـە کـورد و عـەرەب بـۆ وەرگرتنـی تفـاقی گـەلی هـەژار لـە خواردەمەنی و پێویست زۆر لەو پوسووڵانەیان پەیدا ئەکرد و تیجارەتیان پێوە ئـەکرد[٦٢]. ئەوانەی دۆستی ئینگلیز بوون وەیان نزیـك بـە خانـەدانی مەلـەکی بـوون، بـە پێـچەوانەی زۆربەی گەل لە خۆشیی ژیان و پلە و جێگای بەرزا بوون و ئەژیان.

هـەروەها لـە هـەموو عـیراقدا وە بەتایبـەتی لـە کوردسـتاندا ڕەوشـتی خراپـی و بەدکاری دروست بووبوو، فەرمانبەرە بەڕێوەبەرەکانیش بە هـۆی دزی و بەشـی هـەژاران خواردنەوە هەمیشە لە ناوچەکانیاندا ئاژاوە و ئاڵۆزانیان ئەنایەوە، بۆ ئەوەی حکوومـەت نەپەرژێتە سەر لێپرسینەوە، نەیانئەویست ئاسوودەیی بمێنێت. جا هەر لەبەر ئەم کـارە

---

[62] وەکوو لە هەڵەبجە ڕووی دا، کەسیش تاوانبار نەکرا.

ناڕەوایانـە و ئـەم پەنجـە تێدرێژکردنـەی پیـاوە بەدبەختـەکانی مـیری بـوو کـە بـەرزانی مصطفەفا ڕاست بووەوە و شۆڕشی سـاڵی ١٩٤٣ی گێـڕا و ئـەم شـۆڕش و بزووتنـەوەیش لەژێر فەرماندەیی و بەڕێوەبەریی خۆیا بوو.

### شۆڕشی ١٩٤٣ی بەرزانی

لە بەرزانەوە شۆڕشی ١٩٤٣ دەستی پێکرد، کۆمەڵی (هیوا) لە هەولێر و مووصڵەوە دەستیان کرد بە یارمەتی و دانانی پرۆغرام و شوێن ڕوونکردنەوە بۆ شۆڕشگێڕان، لە هەموو لایەکەوە چەکدار لە دێهات و شارەکانی کوردستانەوە ڕۆژبەڕۆژ دەست کرا بە ئاوێتەبوونی شۆڕش. هیوای سەرکەوتن هەمیشە لە برووزا بوو، نەخشە و بەرنامەی ئەم شۆڕشە لە چوارچێوەی عیراقدا بۆ ساندنی (حوکمی زاتیی کوردستان) بوو لەسەر شێوەو ڕەوشتی دیموکراتی.

لـە سـەرەتای بزووتنـەوەدا وەنـەبێت بەدەسـت شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە مەترالیۆزی زۆریان بە لیژنە تفەنگی بڕنەو یان خاوەنی چـەکی جـەنگی بـووبن، وەیـان وا بزانن بە چەکی زۆری خۆیان ئەجەنگان، شۆڕشگێڕەکان ڕۆژبەڕۆژ هـەر بـە گرتنـی قـەڵا و قولەی پۆلیس و داگیرکردنی چەك و تفاقیانەوە و لە سوپایی و لە بەکرێگیراوەکانی مـیری کە پڕچەك کرابوون ئەگیرا و بەم دەستکەوتنە هێزی میری ڕاو ئەنرا.

بە یارمەتیی ئینگلیز حکوومەتی مەلەکیی عیراق هێزی گەورەگـەورە و بێشـوماری پڕچەکی ئاگرینی ئەنارد کە لە بەرزاندا ئاگری شۆڕش دامرێننەوە. جا لە نێوانی ئـەم دوو هێزەدا، کورد بە دڵپاکی لە پێناوی کوردستاندا، میریش بـە هیـوای هێـزی چـەکدارەکانی زۆر جەنگی خوێنین ڕووی ئەدا، بەڵام هێزی مـیری بێجگـە لـە بەرەوپـشت بـە شکستەیی گەڕانەوە و دانی زیانێکی زۆر چارەیەکی تریان نەبوو.

مـەلیك و حکوومـەتی عـیراق لەگـەڵ ئینگلیـزی ئاغایـان کـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی کوردیان یەکبەدوایەکدا ئەبینی، تۆقین، لە ترسی ئەوەی نەوەکوو ئەو شۆڕشە لە هەموو کوردسـتانی عـیراق و جێگایـانی تریـشدا ئـاگر بێنـێ. ناچـار بـوون کـە لەگـەڵ سـەرۆك و فەرماندەی شـۆڕش "بـەرزانی"دا بکەونـە گفـتوگۆ و لێـدوان، بـۆ ئـەوەی بـەم بۆنەیـەوە

ماوەیەك ڕابوێرن و بتوانن بە هێزێكی ئامادەكراوترەوە پەلی گەورە بوەشێنن. لەولایشەوە، سەفیری بەریتانیا هەڕەشەی لە سەرۆكی شۆڕش ئەكرد كە ئەم شۆڕشەی بەرزان لە دژی عیراقە و گوایا عیراقیش بنكەی جەنگی ئینگلیز و ڕووسە لە دژی فاشییەكان، لەبەر ئەوە درێژەپێدانی شۆڕشی كورد بە باش نابینرێت، چونكە زیانێكی زۆری ئەبێ بۆ حكوومەتە سوێندخۆرەكانی جەنگی ئەو كاتەیش، ئەو پێویستە بۆ كورد نایەتە جێ كە لە ڕێگای كوردستاندا لە عیراق ئەوترێت وە حكوومەتی بەریتانیا ژوان و پەیمان ئەدا كە لە پاش ئەم جەنگی دووەمی گشتییە (حوكمی زاتی) بدرێت بە گەلی كورد لە عیراقدا. ئیتر لەسەر ئەم پەیمان و گوفتوگۆیە بەرزانی مصطەفا بۆ لێدوانی كار لەگەڵ حكوومەتی عیراقدا بڕیاری دا.

نووری سەعید زۆر بە دووربینییەوە ئەیڕوانییە گرنگیی دوارۆژی ئەم كارەساتە، لێكی دابووە و ئەیزانی كە بە گران ئەكەوێتە سەریان، بۆ كارئاسانیی ئەم كارە ماجد مصطەفایان خستە ناو وەزارەتەوە و بە نوێنەری لێدوان لەگەڵ سەرۆكی شۆڕش "بەرزانی"دا لە مایسی ١٩٤٤دا جەنگ وێستا بۆ ئەوەی دوایی بە بڕیاری ئەم ماددانە بدرێت.

١. ئەو ناوچە گیراوانەی شۆڕشی تێدایە، بمێنێت بەدەست شۆڕشگێڕانەوە.

٢. ئەوانەی بەهۆی شۆڕشی بەرزانەوە گیراون لە بەندیخانە، هەموویان بەرەڵا بكرێن و ئاوارەكراوەكانیش بگەڕێنەوە.

٣. داوای ئەو جێگایانە لە شۆڕشگێڕەكان نەكرێتەوە وە بەدەستیانەوە بمێنێتەوە.

٤. دانی تفاقی خواردەمەنی بە كیشوەری كوردستان بە تەواوی و ڕێكوپێكی.

٥. دامەزراندنی مووەظەفینی كورد لە ناوچەكانی كوردا لە جیاتیی عەرەب.

٦. لە ئیدارە و ثەقافەتدا دانی حوكمی زاتی.

٧. بەپێی پێویست لە كوردستاندا كردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

له لایەن سەرۆك مصطەفا بەرزانی‌یەوە ئەم بەندانەی سەرەوە داوا لە حکوومەت کرا کە بە زوویی تەواو بکرێت[63]. پاش ئەم داوا و لێدوانە بـۆ بـەڕێوەبردن و چـاودێریی چۆنیەتیی ئابووری وە ئیدارەی ناوچەکانی کورد، هەشت ضابطی کوردیان هەڵبـژارد و ناردیان بـۆ کوردسـتان. بـە نـاوی (ضـابطی ئیرتیبـاط)ەوە یەکسەر پەیوەسـتیان بـە وەزیری دەولە ماجد مصطەفاوە بێت، نێرران و ئەم ناوانە بوون:

١. بەهادین نووری، ئەمیرلیوای ڕوکن بۆ سلێمانی

٢. ئەمین ڕەواندزی بۆ ڕەواندز

٣. عیززەت عەزیز، ڕەئیس ڕوکن بۆ بەرزان

٤. مصطەفا خۆشناو، ڕەئیس– بلە

٥. میرحاج، ڕەئیس– عەقرە

٦. مەجید عەلی، ڕەئیس– عەمادییە

٧. فوئاد عارف، ڕەئیس– قەڵادزە

٨. عەزیز سەیید عەبدوڵڵا، ڕەئیس– مێرگەسوور.

دەسەڵات و دەسـتڕۆییوییێکی زۆر درا بـەم ضـابطانـە بـۆ وێـستانیان بەرامبـەر بـە هەموو ڕوودانێك لە کوردسـتاندا، بـۆ جێبـەجێکردنی هـەموو کاروبـارێکی دەسـتبـەجێ بیگەیەنن بە وەزیری دەولە و ئەویش بە سەرەك وەزیرانی عیراق. پاش ئەم کارە زۆری پێ نەچوو لە بەغداوە داوای سەرۆك بەرزانی کرا کە بچێت بۆ بەغداد.

**چوونی سەرۆك بەرزانی بۆ بەغداد:**

سەرۆك گەیشتە بەغداد وە ماوەیەکی زۆر مایەوە و ئەم چوونەیشی هەلێکی گـەورە و گرنگی دایە دەست (حیزبی هیوا) وە ضابط و سەرۆك عەشایرەکانی کوردی کەرکووك و کوردەکانی بەغداد و جێگایانی تـر بـۆ بەسـتنی پـەیمانی نـاوخۆیی و دانـانی پرۆغـرام بـۆ بەجێهێنانی ئەو مادده و پەیمانەی نێوانی شۆڕش و حکوومەت.

---

[63] لەو وێنەی ئەم بەندانە لە ساڵی ١٩١٩وە داوا لە بەریتانیا و لە دواییشدا لە عیراق کراوە، بەڵام هێشتا گوێی حکوومەتی مەلەکی لەم باسانە کەڕە.

**گەڕانەوەی سەرۆك:**

لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ پاككردنەوە و نەهێشتنی ئەو ناخۆشییە و دووبەرەكییەی كە لەناو عەشایرەكانا هەبوو، سەرۆك بە ناوچەی بادیناندا گەڕانێكی تەواوی كرد و بە ئاشتی بەشێكی زۆری ئاوێتەی شۆڕشەكەی كرد، بە تەواوی پەیمانیان بەست كە لە پێناوی مافی گەلی كوردا هەموو یەكدڵ و یەكگیرفان بن وە ئەگەر هاتوو جەنگ ڕووی دایەوە، هەموویان تێكەڵ بە شۆڕش و چەكداری جەنگی بن.

پێ ودان و ڕەوشتی سیاسەتی گشتیی -بە تایبەتی- حكوومەتی عیراق وەنەبێت لە بەرژەوەندی كورد بووبێت، چونكە توركیا لە نیسانی ١٩٤٥دا لەدژی میحوەر بە هاوشانیی سوێندخۆرەكان چووە جەنگەوە. جا مەلیكی عیراق و ئیستعمارییەكانی ئینگلیزیش لەو ماددە و پەیمانەی كە لە لایەن بەرزانییەوە داوا كرابوو بە شۆڕشگێڕانی كورد بدرێت، پاشگەز و پەشێمان بوونەوە و ژوانەكەیان شكاند، بەڵام سەرۆكی شۆڕش سەرۆك بەرزانی بە پێچەوانەی پەیمانشكێنیی ئەوان هەر هەواڵی ئەدا بۆ بەجێهێنانی بڕیارەكە و ئاشتی.

**بڵاوەی حیزبی هیوا و دروستبوونی لیژنەی سەربەستی:**

لەم كاتەدا كە یاسا و پیاوانی حكوومەتی عیراق و كاربەدەستە بەدبەختەكانی ئینگلیز لەدژی كوردا لەكارا بوون، حیزبی هیوا تێك چوو، بڵاوەیان كرد. لە ئەندامەكانی هیوا عیززەت عەزیز و مصطەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولكەریم و محەمەد مەحموود قودسی و میرحاج بە ناوی (لیژنەی سەربەستی- لجنة الحریة)ەوە و لەژێر فەرماندەییی سەرۆك بەرزانیدا لیژنەیەك بۆ بەڕێوەبەریی شۆڕش دروست كرا.

ڕۆژبەڕۆژ لە كوردستاندا كار ڕوو لە خراپی بوو، لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٤٥دا بە یارمەتیی ئیمپڕاتوریەتی بەریتانیا وە لەژێر فەرماندەییی "جەنراڵ ڕنتن"دا، هێزێكی گەورەی عیراقی هێرشی هێنایە سەر بەرزان و هەموو كوردستان، لە ئەنجامی جەنگوجۆییی چەند مانگێكدا لە لایەن شۆڕشگێرانەوە زیانێكی زۆر بە سوپا و حكوومەتی عیراق گەیەنرا. بەڵام لەبەر كەمدەرەتانیی سەرۆك و عەشیرەتی بەرزانی

وە هەموو شۆڕشگێڕان بە خێزانیانەوە ڕۆیشتن و چوون بۆ ناو کوردی کوردستانی ئێران. ئیتر بەم جۆرە لە بەرزاندا دوایی بە شۆڕش درا– ١٩٤٥ وە (لیژنەی سەربەستی)یش بە سەرۆکایەتیی مصطەفا بەرزانی بوون بە پشتیوانی هێزی شۆڕشگێڕان بۆ ڕزگاریی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

### لیژنەی دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورد لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦

پاش شۆڕشەکەی بەرزان لە عیراقدا (١٩٤٥) و ئەو ڕووداوە گرنگەی کە لە ئازەربایجان وە کوردستانی ئێراندا ڕووی دا، پێویستیی زۆر گەورەی خستە سەر کورد کە حیزبێکی شۆڕشگێڕی خاوەن یاسا و بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی ناوخۆییی ببێ و پەیوەستی بە باوی تازەی بزووتنەوەی ئازادیی کوردی عیراقەوە بێت، دابمەزرێت.

هەرچەندە حیزبە سیاسیەکانی کورد هەموویان لەناو یەکدڵ و یەکباوەڕا ئەژیان و ئەبزووتنەوە، دیسان دروستبوونی ئەم حیزبە نوێیەیش بۆ مێژووی کورد بە پێویستییێکی زۆر گرنگ بینرا. بۆ ئەم هەنگاوە بەرزە و گەیشتن بەو ئاواتە پیرۆزە لە تێکۆشەران سەرۆك مصطەفا بەرزانی و حەمزە عەبدوڵڵا و میرحاج ئەحمەد و نووری ئەحمەد طەها و مصطەفا خۆشناو و مەحموود محەمەد قودسی و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و عیززەت عەزیز– ئەم هەشت کەسە مەردانە پێویستیی دامەزراندنی ئەم حیزبەیان لەژێر بەرنامە و یاسایەکی ناوخۆییدا گرتە ئەستۆ–١٩٤٦.

لەم کاتەدا بەرنامە و دەستووری حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەرچەندە ئامادە و لە تەواوبوونیشا بووبێت، بەڵام لە لایەن لیژنەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وە بە تایبەتی لە لایەن "قاضی محەمەد"یشەوە لە مەهابادا بزووتنەوەی سیاسەت بە باش نەزانرا وە کاك حەمزەیش پەسەندی نەکرد، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیە و بەکارهێنانی بزووتنەوەیەکی سیاسی دوور نابێت لەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران و تورك و عیراقی وریا بکاتەوە و هێزیان بنێرنە سەریان. لەسەر ئەم باوەڕ و پرۆغرامە بزووتنەوەی سیاسییان لە مەهاباد ڕاگرت. ئیتر بە گورجی بڕیاری ناردنی کاك حەمزە درا بۆ چوونی بۆ کوردستانی عیراق و لە لایەن بەرزانییەوە دەسەڵاتی تەواوی درایە

کە لە کوردستانی عیراقدا لەگەڵ حیزبی شۆڕش، شیوعی و حیزبی ڕزگاری بە هاوکاریی ئەندامانی پارتیەوە بکەوێتە گفتوگۆ بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردی وە بە هاوڕێیی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی وە چاپکردنی بەرنامە و دەستووری تایبەت لە لایەن سەرۆك بەرزانیەوە ئەم ماددانەی خوارەیشی ڕاسپێری کرابوو:

١. شێخ لەطیف کوڕی شێخ مەحموودی مەزن بە یاریەدەری یەکەمی سەرۆك بۆ لیژنەی ناوچەیی.

٢. کاکەزیاد* بە یاریەدەری دووەمی سەرۆك بۆ لیژنەی ناوچەیی.

٣. لە بەرنامە و دەستوور شیرازەی ناوخۆیی هیچ شتێك ناگۆڕێت لە هیچ ڕوودان و ماوەیەکدا.

٤. نابێ لە بابەت دامەزراندنی پارت وە بزووتنەوەی ئازادیی کوردەوە هیچ قسەیەك ئاشکرا بکرێت. نەوەك ئیستعمارییەکانی بەریتانیا هەست بەم جووڵانەوەیە بکەن و بۆ لەناوبردنی پەلامار بدەن.

### گەیشتنی کاك حەمزە عەبدوڵڵا بە سلێمانی:

لە کۆتاییی بەهاری ١٩٤٦دا کاك حەمزە عەبدوڵڵا** لە مەهابادەوە گەیشتە سلێمانی، زوو مامۆستا "ئیبراهیم ئەحمەد"***ی بینی و داوایان لە مەکتەبی سیاسیی

---

* کوڕی حەماغای مەحموداغای غەفوورییە، ١٩١٤ لە کۆیە لەدایکبووە. پاش مەرگی باوکی لە ١٩٢٠دا، جێی گرتەوە. دەسترۆیەکی ناسراوی ناوچەکەی خۆی بووە، داڵدەی لێقەوماوان و ڕاکردووانی سیاسی داوە. لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد)دا بە جێگری دووەمی سەرۆك هەڵبژێردراوە. ١٩٩١/٤/١٢ کۆچیدوایی کردووە (ئەنسکلۆپیدیای شاری هەولێر، ب١٠، چ گرین گالۆری– لوبنان، ٢٠٠٩، ل٤٣٤١).

** هەمزە کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر کوردۆیە، ١٩١٥ لە دێی (ڕاژان) لەدایکبووە. شەش مانگان بووە کە بنەماڵەکەی بە هۆی پەلاماری ڕووسەوە ئاوارەی کوردستانی جنووبی بووە و دوو ساڵێك لە مووسڵ گیرساونەتەوە. ئەمجا چوونەتە زاخۆ و شەش ساڵی تێدا ماونەتەوە. لەوێ خراوەتە بەر خوێندن. ناوەندی و ئامادەییی لە ١٩٣١دا لە مووسڵ و بەغدا بڕیوە. ١٩٣٢ لە کۆلیجی حقووق وەرگیراوە و ١٩٣٦ تەواوی کردووە. ١٩٣٤ چووەتە ناو یەکەمین ئەڵقەی دامەزرێنی حیزبی شیوعیی عیراق. ١٩٣٨ بە تاوانی بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (العرب والأکراد)ی برایم ئەحمەدەوە گیراوە. پاشان هەڵاتووە و سەیید ئەحمەدی خانەقا پەنای داوە. ١٩٤٣ و ١٩٤٤ بە داوای

حیزبی شۆڕش کرد کە نوماینده‌ی خۆیان بنێرن بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی چۆنیەتیی کاری سیاسی و عەسکەریی کورد لە کوردستانی ئێراندا ببینێ و لەبارەی دامەزراندنی پارتەوە بە گورجی گفتوگۆ بکرێت.

لەسەر ئەم بڕیارە حیزبی شۆڕش و ڕزگاری "نافع یوونس"* یان ناردە لای حەمزە عەبدوڵڵا و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دوا بڕیاری لە حیزبی شۆڕش و ڕزگاری گەیاند بۆ دامەزراندنی پارتی. لە کۆبوونەوەی هەردوو حیزبەکەدا بڕیاری یەکگرتنی گشتی درا و کاک

---

شیوعییە کوردەکانی کۆیە چووەتە مەهاباد. لەوێ بە ئاگاداریی میرحاج و مستەفا خۆشناو پێڕەو و پرۆگرامی (پارتی دیموکراتی کورد)ی داڕشتووە و بە نوێنەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی پێوەندیی بە ڕووسەکانەوە کردووە. ١٩٤٥ بووەتە ئەندامی لیژنەیەکی ٩ کەسی بۆ سەرۆکاریی کاروباری بارزانییەکان. مایسی ١٩٤٦ هاتووەتەوە بۆ ئەم دیو و ١٢ی ئابی ئەو ساڵە کە (پارتی دیموکراتی کورد) لە پاشماوەی (شۆڕش) و (ڕزگاری) لە بەغدا پێک-هێنراوە، بە سکرتێر هەڵبژێردراوە. کۆتاییی ١٩٤٩ لە سلێمانی گیراوە و پاش چەند مانگێك بەردراوە. لە کۆنگرەی دووەمی حیزبەکەیدا لە سکرتێری لابراوە، بە ناوی باڵی پێشکەتتنخوازی پارتییەوە ماوەتەوە تا لە ١٩٥٧دا هەردوو باڵی پارتی یەکیگرتووەتەوە. پاش ١٩٥٨/٧/١٤ بووەتەوە بە سکرتێر. ١٩٥٩ لە سکرتێری دەرکراوە. ١٩٩٨/١٢/١٣ لە سلێمانی کۆچیدواییی کردووە (سدیق ساڵح، سەرپۆتێکی ژیاننامەی هەمزە عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، سلێمانی، ژ١٧٨٨، ١٩٩٩/١/٢٦، ل٦).

*** ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد کوڕی فەتاح کوڕی مستەفایە، ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایکبووە. ١٩٣٧ کۆلیجی حقووقی لە بەغدا تەواو کردووە. لە هەڵەبجە و کۆیە و سلێمانی و کەرکووك حاکم بووە. ماوەی ١٠ ساڵ (١٩٣٩–١٩٤٩) گۆڤاری "گەلاوێژ"ی دەرکردووە. سەرۆکی لقی کوردستانی عیراقی کۆمەڵەی (ژ. ك) و حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. ١٩٤٧ بووە بە بەرپرسی لقی سلێمانیی حیزبی دیموکراتی کورد– عیراق. لە کۆنگرەی دووەمیدا (١٩٥١) بە سکرتێر هەڵبژێردراوە. خاوەنی ئیمتیازی هەردوو ڕۆژنامەی "خەبات" و "کوردستان" بووە. لە لەندەنیش گۆڤاری "چریکەی کوردستان"ی دەرکردووە. ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٨ کۆچیدواییی کردووە (یادگاری لاوان و دیاری لاوان، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین– سلێمانی، چ٢، ل٢٠–٢١).

* نافیع کوڕی مەلا یوونسە، ١٩٢٦ لە هەولێر لەدایکبووە. قۆناغی ئامادەییی لەوێ و کۆلیجی حقووقی ١٩٤٨ لە بەغدا تەواو کردووە. ئەندامی حیزبی هیوا، شۆڕش و ڕزگاری بووە. دوای هەڵوەشانەوەی ڕزگاری، چووەتە ناو حیزبی شیوعیی عیراق، ١٩٤٨ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. گیراوە و ساڵانێك لە بەغدا و نوگرە سەلمان و باقووبە لە زیندان بووە. ١٩٥٨ ئازاد بووە. بووەتە سەرپەرشتی ڕۆژنامەی "ئازادی"ی ئۆرگانی حشع لە کەرکووك و بەغدا تا ١٩٦٠ وەستاوە. ١٩٦٣/٢/٨ بەعسییەکان گرتوویانە و شەهید کراوە (ئەنسکلۆپیدیای شاری هەولێر، چاپخانەی گرین گالۆری– لوبنان، ب١٠، ل٤٤٦٣).

بنکەی ژین
www.zheen.org

حەمزەیش ڕاسپێرییەکەی ماددەی یەکەم و دووەمی بەرزانیی بە "نافع یوونس" وت، کە ئەویش بیگەیەنێت بە حیزبی شۆڕش و حیزبی ڕزگاری. بەڵام مامۆستا صالح حەیدەری* هەردوو ماددەکەی دایە دواوە و زۆر بە توندی و قورس ڕاوەستا و پەسەندی نەکرد. ئەم کارە بوو بە هۆی دووبەرەکیی مەکتەبی سیاسی و حیزبی شۆڕش.

لە لایەن کاک عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادرەوە وا بە باش بینرا کە ئەو دوو ماددە ڕاسپێراوە بخەنە پێش چاوی کۆمەڵی شۆڕش و کۆمەڵی ڕزگاری و پارت بۆ کۆبوونەوە و لێدوان و دەنگ وەرگرتن، هات و بە دەنگی زۆر پێشوازی کرا، ئەوکاتە ئەبێ بەلای گشتییەوە بە باش بزانرێت، بەڵام صالح حەیدەری و نافع یوونس زۆر تێکۆشان کە پەسەند نەکرێت.

کاک حەمزە عەبدوڵڵا لە سلێمانییەوە چوو بۆ بەغداد، بۆ ئەوەی زۆر بە گورجی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی شۆڕش و حیزبی ڕزگاریدا کۆ بوونەوە بکەن و بە زوویی کۆبوونەوەی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردی پێکبهێنێ وە ڕێگایەک پیشان بە گەلی کورد بدەن و لە مانگی ئابی ١٩٤٦دا لێدوان و بڕیاری هەرسێ حیزبەکە بدرێت، لە ئەنجامی کۆبوونەوە و لێدواندا باشترین سەرکەوتن و ڕێککەوتن هێنرایە بەرهەم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* سالح حەیدەری، ١٩٢٢ لە هەولێر لەدایکبووە. ١٩٤٠ قۆناغی ئامادەیی خوێندنی بڕیوە. چووەتە خانەی بەرزی مامۆستایان لە بەغدا و بە هۆی جووڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانییەوە لێی دابڕاوە. ١٩٤٣ چووەتە کۆلیجی حقووق، ١٩٤٧ لەبەر بەندکران بۆی تەواو نەکراوە. پاش ١٩٥٨/٧/١٤ چووەتەوە کۆلیجی حقووق و ١٩٦١ تەواوی کردووە. چەند جارێك بە پچڕپچڕی وەزیفەی دیوە، تا لە ١٩٨٠دا خانەنشین کراوە. ١٩٤٢ چووەتە ناو شانەیەکی شیوعی. ١٩٤٤–١٩٤٦ بەرپرسی حیزبی شۆڕش، هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ڕزگاری بووە. پاشان بووەتە ئەندامی حیزبی شیوعیی عیراق. ١٩٥٧ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، تا ١٩٥٩ کە پێوەندی پێوە نەماوە. ساڵی ٢٠٠١ کۆچیدواییی کردووە (مختارات من مذكرات صالح الحيدري، مطبعة رنج– السليمانية، ٢٠٠٤، ص٢–٣).

**ئەنجامی بانگەوازی کۆبوونەوەی**

**حیزبی شۆڕش لە مانگی ئابی ١٩٤٦دا لە بەغداد**

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٤٦دا حیزبی شیوعی– شۆڕش– کوردستانی عیراق کۆ بوونەوە بۆ لابردنی حیزبەکەیان و پاڵدانیان بە حیزبی دیموکراتی کوردییەوە کە دامەزراندنی پارت کە وێنەیەکی گەورەی پێویستی مێژوویی‌یە بڕیار دراوە بۆ بەجێهێنانی هەردوو ڕاسپێرییەکەی سەرۆك بەرزانی، لە بابەتی شێخ لەطیف و کاکەزیادیشەوە بڕیاریان دا، بەڵام لەناو حیزبی شۆڕشا دوو هێزی گەورە بەیەکدا هات؛ لە لایەکەوە صالح حەیدەری و حەمید عوثمان و جەمال حەیدەری وتیان بەو مەرجەی ڕاسپێرییەکانی سەرۆك بەرزانی بەجێ نەهێنرێت وە نەبیسترێت دێنە ناو پارت وە لە لایەکی تریشەوە عەلی عەبدوڵلا و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر لەگەڵ نوێنەر و ڕێکخەرەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیسنجەق و کەرکووك بەجێهێنانی ڕاسپێرییەکانی سەرۆك بە پێویستییێکی گرنگ زانرا و لە لایەن هەرسێ حیزبەکەوە وەکوو خوارەوە بڕیار درا:

١. لەبەر ئەوەی ئێستا دامەزراندنی پارت بە پێویستییێکی ئێجگار گرنگ کە پێویستیی مێژووییمانە و هۆیەکانی بزووتنەوەی کورد پێش ئەخات و ئەیبات بەڕێوە، دەستوور و بەرنامەکەیشی زۆر لەبارە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی لە عیراقن ئەبێ هەموو دڵسۆز و سیاسییە تێگەیشتووەکانی کورد بە یەك گیان و دڵ لەم شەقام و حیزبەدا تێکۆشەر بن، چونکە بەبێ ئەم مەبەستە بزووتنەوەی ئازادی بۆ کورد وە بزووتنەوەی دیموکراتیش بۆ عیراق پێك نایەت، وەکوو ئەو گۆڕین و شێواوەی سیاسەت لە ئێران و بەتایبەتی ئارەزبایجان و کوردستاندا بەرامبەر بە ژیانی حیزبایەتییێکی یەکگرتوویی ڕووی داوە. لەگەڵ ئەوەدا ئەمانە لەم ڕووەوە ئەکەونە ژێر چنگی سۆڤیەت و حیزبی توودەیش دەسەڵاتداری خۆی لە هەموو ئێران و ئازەربایجاندا دەست ئەکەوێت.

٢. وەکوو ئەڵێن: ئەگەر هات و لە بەڕێوەبەران و ڕێکخەرانی حیزبی شۆڕش پاڵ نەدەن بەپاڵ پارتەوە، ئەبێ بچنە ناو حیزبی شیوعیی عیراقی وە کە لەمەوپێش

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرامبەر بە کورد چاکە و کردگاریان تا ئێستا بـە باشـی نـەبنیراوە و ئاوێتـەبوونیان بـەم حیزبە لە باو و بناغەدا هەرگیز بە چاك نابینرێت، ئەگەر تێکەڵیان بێ وە بە تایبەتی کـە دامەزراندنی حیزبی شیوعیی کوردستان بە دەستەوەیە. کە وابوو چاکترین ڕێگـا ئەوەیـە کە پاڵ بدرێت بە پاڵی حیزبی پارتەوە کە لە سوودی گەلەکەمانە و هـیچ گومـانیش نییـە ئەگەر کەموکووڕییەکیش ئێستا هەبێ، لە دواڕۆژا بە تەواوی نـەمێنێ و پـارتی لـەپێناوی ئازادی و سەرکەوتنی گەلەکەیدا ببزووێتەوە و گـەلی کـوردیش بـە ڕێـكوپێکی بـۆ گرتنـی ڕێگای ڕاست ڕابپەڕێت.

دوای لێدوان و گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوانی نوێنەری حیزبەکاندا و نافیع یـوونس و نوماینده‌ی هـەولێر و شـەقڵاوە و ڕەوانـدز بڕیـاری تێکـەڵبوونیان دا بـە پـارت و هاتنـە ڕیـزی پارتییـەکان، بـەڵام صـاڵح حەیـدەری و حەمیـد عوثمـان و جـەمال حەیـدەری و هەندێك لە نوێنەرانی هەولێر و شەقڵاوە تێکەڵ بوون بە حیزبی شیوعیی عیراقـی و بـە تەواوی دەرگای حیزبی شۆڕش داخرا و دەر کەوت لە دواییدا نـافیع یـوونس و هەنـدێك لە هەولێری و شەقڵاوایی و ڕەواندزیەکانیش دوودڵ بوون کە گوایا ناتوانن لەو ناوچـەیەدا کە صاڵح حەیدەری و هاوڕێکانیی تێدایە ببزوونـەوە، چـونکە ئەمانـە دەسـەڵاتدارن– لـە کوردایەتی لایان دا و ئاوێتەی حیزبی شیوعیی عیراقی بوون.

**لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٤٦دا**

**کۆبوونەوەی حیزبی ڕزگاریی کورد و ئەنجامەکەی**

لە کۆبوونەوەی سەرەتای مانگی ئابی ١٩٤٦دا لـە بەغـداد حیزبـی ڕزگـاریی کـورد لەگەڵ هەموو ئەندامەکانی و هەموو نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کوردستان، بێجگە لە صاڵح حەیدەری و نافیع یـوونس، لـە بابـەت دامەزرانـدنی حیزبـی پـارتی دیمـوکراتی کـوردی و لابردنی حیزبی ڕزگاری وە ئەنجامی حیزبی شۆڕشەوە گفـتوگۆ کـرا. هـەموو ئەنـدامانی حیزبی ڕزگاری زۆر بە خۆشییەوە بە ئاوێتەیی و پاڵبەپاڵی پارتەوە دانیان پەسەند کـرد بۆ هەردوو ڕاسپێرییەکەی سەرۆك بەرزانیش، بڕیار درا ئەم جـارەیش صـاڵح حەیـدەری و

نافیع یوونس لەسەر بڕیاری خۆیان مانەوە و چوونە ناو حیزبی شیوعیی عیراقی‌یەوە و نەیانتوانی هیچ کار بکەن لە کاری ئەم کۆبوونەوە و بڕیارەدا.

## یەکەمین کۆبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردی

## ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغداد

پاش ئاوێتەبوونی زۆرترین ئەندامانی حیزبی شۆڕش وە هەموو ئەندامانی حیزبی ڕزگاری، بێجگە لە صالح حەیدەری و نافیع یوونس، هەموویان لەگەڵ ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقی بۆ دامەزراندنی بناغە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا تێکەڵ بوون وە کۆمەڵ بە گشتی لە بەغداد بەسترا. ئەم کۆبونەوەیش زۆریان لە حیزبی شۆڕش لەگەڵ هەموو ئەندامانی ڕزگاری وە حەمزە عەبدوڵڵا باوەڕپێکراوی بەرزانی و نوێنەری لیژنەی دامەزرێنەری پارتی لە مەهاباد و محەمەد ئەحمەد* نوێنەری شێخ لەطیفی شێخ

---

* ئەوە ڕاست "مەحموود محەمەد ئەحمەدی ناسراوە بە "شەنگە"یە و ١٩١٧ لە ڕەواندز لەدایکبووە. خانەی مامۆستایانی دێهاتی لە بەغدا تەواوکردووە. ١٩٣٧ بە مامۆستا دامەزراوە لە قوتابخانەی خالیدییە لە سلێمانی. پاشان براوە بۆ ماوەت و چوارتا و دیسان خالیدییە. ١٩٤١ بۆ ماوەی ساڵێك لە وەزیفە دوور خراوەتەوە. ١٩٤٢ کراوەتەوە بە مامۆستای قوتابخانەی گۆیژە. گواستراوەتەوە بۆ کەرکووك و شەقڵاوە و دیوانییە. ١٩٤٤ دەستی لە وەزیفە هەڵگرتووە و ڕووی کردووەتە کوردستانی ئێران و بەشداری خزمەتی حکوومەتی میللیی کوردستان بووە لە مەهاباد. پاش ڕووخانی حکوومەتەکە گەڕاوەتەوە، بە مامۆستای قوتابخانەی گوڵپ دانراوە. ١٩٤٩ بە فەرمانێکی وەزاری چوار ساڵ لە وەزیفە لابراوە. ١٩٥٦ کراوەتە ئەمینی کتێبخانە. هێندەی نەبردووە گیراوە و حوکمی چوار ساڵ دراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی ڕومادی کراوە. پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە و کراوە بە (ملاحظ الذاتية) لە بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی سلێمانی. ١٩٥٩ بەشداریی میهرەجانی لاوانی کردووە لە بوخاریست. ئەندامی یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانیش بووە لە شەقڵاوە. ١٩٦١/٩/١٧ بە نەخۆشیی دڵ کۆچی‌دواییی کردووە. لەچاپدراوەکانی: ١. ئادەمیزاد لە سایەی دەرەبەگییا، ١٩٤٥، ٢. گوڵاڵە، ١٩٤٥، ٣. جوان. دەستنووسەکانی: ١. کاخی ڕۆزگار، ٢. خەرامان، ٣. تۆفیق ئەلحەکیم، یاداشتی ڕۆژانەی نائیبێ لە لادێ (وەرگێڕان)، ٤. چارلس دیکنز، مغامرات مستر بیکویك (وەرگێڕان) (محمد فریق حسن، لە مامۆستا بەنرخەکانمان: محمود احمد، گۆڤاری "دەنگی مامۆستا"، سلێمانی، ژمارە ١، ساڵی ١، شوباتی ١٩٧١، ل١٥، ١٩–٢٠).

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەحموود[*] و کاکەزیاد و ئیبراهیم ئەحمەدیش بە ناوی نێرراوی لقی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سلێمانی کەوتنە گفتوگۆ.

پاش لێدوان لە بابەت چۆنیەتیی کاروباری کۆبوونەوە وە داخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کوردستانی عیراقدا و ئاوێتەی ئەندامەکانی بە پارت، ئەم بەندانەی خوارەوە گەیەنرا بە موئتەمەر و ئیبراهیم ئەحمەد تاوەکوو لە ماوەیەکی کەمدا بڕیاری خۆیان بدەن.

١. پێشنیازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ساندنی حوکمی زاتییە بۆ کوردستانی ئێران، لەبەر ئەوە ناشێت پێ بخرێتە ئەو مەڵبەندەوە کە ئەوان بۆ خۆیانیان ئەوێت. دووریش نییە نەبێت بە گیروگرفتێکی دەوڵەتی کە هێشتا جمهوورییەتی مەهابادیش پێنەگەیشتووە. سەرەڕای ئەمەیش ڕەنگە ببێ بە هۆی ناخۆشی و سەختییەك لەنێوانی حیزبایەتیدا.

٢. بە تایبەتی ڕەوشتی سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی لە کوردستانی عیراقدا زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ چۆنیەتیی کوردستانی ئێران، لەبەر ئەوە هیچ بە باش نابینرێت هەردوو کوردستانەکە لەژێر یەك فەرماندەدا بن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[*] کوڕە چکۆلەی شێخ مەحموودی حەفید لە ئایشەخانی شێخ مارفی نەقیب. ١٩١٧ لە سلێمانی لەدایكبووە. دوو ساڵان بووە کە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا، دوای شەڕی دەربەندی بازیان، ئاوارەی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان بووە. تا دوای شەڕی ئاوباریك لە ١٩٣١دا لەگەڵ باوکیدا ماوەتەوە. ١٩٣٧ لەگەڵ کۆمەڵێك ناوداری شاری سلێمانیدا کۆمەڵی (برایەتی)یان دامەزراندووە، کە تا ١٩٤٣ لە جموجووڵدا بووە. ئەو ساڵە فەرمانی گرتنی دەرچووە، لەگەڵ مەلا ئەسعەد مەحویدا هەڵاتوەتە (سەردەشت) و لەو بۆشاییەی دەسەڵاتدا بووەتە حاکمی. ناوەڕاستی نیسانی ١٩٤٤ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ماڵەکەی لە دێی (سیتەك)، بەردەوام پەنای چالاکانی سیاسیی کوردی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. چەند جارێك گیراوە، دواجار لە ١٩٥٦دا گیراوە و خراوەتە بەندیخانەی بەسرە، دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەردراوە. لە ١٩٦٢ بەدواوە لە سیتەك ماوەتەوە، تا ڕۆژی ١٩٧٢/٥/١٣ لە نەخۆشخانەی (الراهبات)ی بەغدا کۆچیدواییی کردووە. شێخ لەتیف، دوو بەرهەمی شیعری لەدوای خۆی لەچاپ دراوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، گۆڤاری "ژین"، سلێمانی، ژمارە ٢، ٢٠١٠).

٣. پاش ئاسایش و ئـەهوەنبوونـەوە و ئاسـوودەیی لـە هـەردوو کوردسـتاندا و هاتوچۆ لە نێوانی هەردوولادا بۆ یـەك بەڕێوەبـەر کـە ئاڕاسـتەی کاروبـاری سیاسـی و ڕێکخستنی حیزبایەتی بکات، دژوارە و بە دروست نابینرێت.

٤. پاش دروسـتبوونی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی عـیراق و خۆدامەزرانـدن و چـوونە بەربــەرەکانیی ڕێكوپێکییــەوە و پــاش دەســتبــەرداریی حیزبــی دیمــوکراتی کوردستانی ئێرانی لە عیراق و پێکهێنانی هەموو پێویستییەکانی بە تەواوی، ئەو کاتـە وا بە چاك ئەبینرێت کە لە هەردوو لا لیژنەیـەکی هاوکـاری لـە نوێنـەر و ئەنـدامانی هـەردوو حیزب وەکوویەك دروسـت بکرێـت و لـە هـەموو سـاڵێکدا سێچـوار جـار کـۆ ببنـەوە، لـە پێناوی ئازادیی کوردا پێویستیی هەردوو حیزبەکە جێبەجێ بکرێت.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئەم بڕیارەی بیست، وتی: نابێـت لقـی حیزبـی کوردستانی ئێرانی لە عیراقدا تێك بدرێت، تاوەکوو بڕیاری لیژنەی بڵندی ناوچـەیی وە بڕیاری قاضی محەمەد وەر نەگیرێت، بەبێ وەرگرتنی ئەم بڕیارانە تێکەڵ بە کۆمـەڵ و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردی نابین، لەسەر ئەم وتە و قسەیەی داوا لـە خـۆی و ئەندامەکانی کرا کە بچنە دەرەوە و دیوان بەجێ بهێڵن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئەندامانی لیژنە:**

پاش ڕزگـاربوون لـەم ئاژاوەیـە ئەنـدامانی موئتەمـەر دەسـتیان کـرد بـە دانـانی دەستووری حیـزب و بەرنامـەی نـاوخۆیی. پـاش لێـدوانێکی زۆر و لـێگـۆڕینێکی کـەم بڕیاری دوایی درا و ئەم ناوانەی ژێرەوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەیی هەڵبژێرران وە لـە لایەن سەرۆك بەرزانیشەوە پەسەند کرا.

١. مصطەفا بەرزانی– سەرۆك.

٢. شێخ لەطیف شێخ مەحموود– نائیبی یەکەم.

٣. کاکەزیاد– نائیبی دووەم.

٤. حەمزە عەبدوڵڵا– ئەندام.

٥. میرحاج ئەحمەد– ئەندام.

٦. دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم– ئەندام.

٧. عەلی عەبدوڵڵا– ئەندام.

٨. صاڵح یووسفی– ئەندام.

٩. عەبدولکەریم تۆفیق– ئەندام.

١٠. ڕەشید عەبدولقادر– ئەندام.

١١. ڕەشید باجەلان– ئەندام.

١٢. عەونی یووسف– ئەندام.

١٣. مەلا سەیید حەکیم خانەقینی– ئەندام.

١٤. طەها محێدین– ئەندام.

١٥. مصطەفا خۆشناو– ئەندام.

١٦. عەبدولصەمەد محەمەد– ئەندام.

پاش ئەم هەڵبژاردنە، ئـەم ناوانـەی خـوارەوەیش کـران بـە سـکرتێر و ئەنـدامی مەکتەبی سیاسی:

١. حەمزە عەبدوڵڵا– سکرتێر.

٢. دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم– ئەندام.

٣. عەلی عەبدوڵڵا– ئەندام.

٤. عەبدولکەریم تۆفیق– ئەندام.

٥. ڕەشید عەبدولقادر– ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

کاروباری حیزب بە تەواوی بەسـەر ئەندامانـدا دابـەش کـرا. مەکتـەبی سیاسـی لـە بەغداد بمێنێتەوە، لەسـەر بڕیـار و خواهیـشی خۆیـان هـەموو هـۆی چـاپەمەنیی حیزبـی شۆڕش و ڕزگاری درا بە پارت وە لەسەر بڕیار وە فەرمانی حیزبی پـارت یەکـەم ڕۆژنامـە بە ناوی حیزبی ڕزگاری بە "ڕزگاری" بڵاو کرایەوە، چونکە ئەم نـاوە لـەناو هـەموو گـەلی کوردا بە باش و پیرۆز ناسراوە، ناو براوە و هەروەهایش بەڕێوە برا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردی**

تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردی لە کۆبوونەوەی یەکەمەوە تا کۆبوونەوەی دووەمی ساڵی ١٩٥١ و تا کۆبوونەوەی سێیەم لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٥٣ لە کەرکووك

حیزبی ڕزگاری بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بزووتنەوەی ئازادیی کورد وە ڕەوشتی ڕاستی دیموکراتی و پیشاندانی کارەساتی سیاسیی پارت بەرامبەر بە گەلی عیراق وە هەموو کوردستان و هێزی نیشتمانپەروەرانی دیموکراتی، وێنە و ناوێکی مێژوویی بڵاوکردەوە. حیزبی ڕزگاری کورد ناوونیشانێکی زۆر هێزدار و پیرۆزی خستە ناو جووڵانەوە و بزووتنەوە بۆ ئازادیی کورد. جا ئەبێ هەموو کوردێکی دڵسۆز ڕۆژنامەی "ڕزگاری" بە ڕۆژنامەیەکی هەموو کوردی نیشتمانپەروەر بزانێت.

ئەو سیاسەت و ڕەوشتە خاوێن و ڕاستەی پارتی لە ڕێگای ڕزگاریی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی لە کوردستاندا دایمەزراند، بەلای بەرزانی و هاوبیر و هاوشانەکانییەوە لە مەهاباد زۆر باش و پەسەند بینرا.

١. دامەزراندنی بناغەی دۆستایەتی لە نێوانی سەرۆك بەرزانی و هاوبیرەکانی لە کوردستانی ئێران و مەکتەبی سیاسی لە کوردستانی عیراق.

٢. مەکتەبی سیاسی بە نهێنی وە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە کرێ خانوویەکی بۆ ئیشوکاری مەکتەب و چاپکردنی دۆزان و پاراستنی سکرتێر و زۆر کاری نهێنیی تێدا تەواو بکرێ، پەیدا کرد.

پارتی بە گورجی دەستی کرد بە بەکارهێنانەوەی بەرنامە ڕێکخراوەکانی حیزبی شۆڕش و حیزبی ڕزگاری وە بەرهەمهێنانی ڕێکخستنی پارتیی تازە و پەیوەستیان بە کارەساتی سیاسیی ئەوکاتەی عیراق و کوردستانەوە و بەو جۆرەی لەگەڵ بەرنامەکانی پارتدا بە نهێنی بگونجێت وە گەیاندنی نامە و چۆنیەتیی کارسازیی پارت و کاروباری هەمیشەیی بگەیەنرێت بە سەرۆك بەرزانی و لەوێشەوە بگەیەنرێت بە پارت.

مەکتەبی سیاسی و ڕێکخراوەکانی پارتی زۆر کاری ئازادی و مەردانەیان پیشان دا کە لە کوردستانی عیراقەوە یارمەتییەکی بەهێزی بەرزانییان دا کە لە کوردستانی

ئێران بوو، که لەم کاتە حکوومەتی مەهابادی خاوەن حوکمی زاتیی کەمدەست و کەم دارایی بوو وە نەیئەتوانی یارمەتیی بەرزانی بدات.

**چۆنیەتیی حیزبی شیوعیی عیراقی (قاعیدەییەکان)**

**بەرامبەر دروستبوونی پارت و گەلی کورد لە عیراقدا**

لە پێش دروستبوونی (حیزبی ڕزگاریی کورد)ا خوالێخۆشبوو "فەهد" وای بە باش ئەبینی کە لە لایەن نیشتمانپەروەر و خوێندەوارە قادەکانی کوردستانەوە پێکهێنانی حیزبێك لە پێویستە گرنگەکانی مێژوویییە و ئەبێ یارمەتیی ئەو حیزبەیش بدرێت.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا لە ڕۆژنامەی "القاعدة"دا لە بابەت گەلی کوردەوە ئەم نووسراوە بڵاو کرایەوە:

– ئەی نیشتمانپەروەرانی بەئاگەی لە هەموو چینێکی گەلی کورد، پێویستیی گەلەکەتان بەستراوە بە ئەستۆی ئێوەوە و ئەبێ ئێوە ئەو پێویستە بەجێ بێنن کە ڕزگارییە لە بەد و خراپیی ژیان.

تێکۆشن! ڕێکخراوی گەلایەتی پێك بێنن! بەو مەرجەی بە کات و ژیانی گەلی کوردەوە بگونجێت. ڕاپەڕن! هەموو یارمەتییەك لە حیزبی ئێمەوە ئەبینن وە مافی ئازادیی (تقرير المصير) لەپێشترین ئاوات و بناغەی هیوای حیزبی شیوعییە لە گێتیدا بۆ هەموو گەل و گەلایەتییەك، بەتایبەتی حیزبی شیوعیی عیراقی کە حیزبێکی کرێکار و کێڵەر و حیزبی هەموو گەلی عیراقییە.

بۆ بەرژەوەندی و ئازادیی گشتیی گەلە، گەلی کورد و کۆمەڵە تێکۆشەرەکانیان ئەتوانن بیروباوەڕی خۆیان بەرامبەر ڕێکخراوە دیموکراتییەکان پیشان بدەن بۆ تێکەڵی یان جیابوونەوە. بەڵام پاش پاککردنەوەی عیراق لە ڕەگی ئیستعمار لە خاکی عیراقدا وە یان کاتێکی باش دەست گەلی کورد ئەکەوێت و ئەتوانن بەپێی پێویستیی گەلەکەیان ببزوونەوە.

لە سەرەتای کارا بیروباوەڕیان بەرامبەر بە هەموو گەلێکی داگیرکراو لە گێتیدا وە بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد زۆر ڕاست و نایابە وە زۆر لەبار و جێگای

سوپاس بوو. بەڵام بە تێئاڵاندن و ئاوێتەیی هەندێك لە ئەندامانی حیزبی شیوعیی کوردستانی عیراقی و دوابەدوای ئەمەیش دروستبوونی (حیزبی ڕزگاریی کورد)، ئیتر حیزبی شیوعیی عیراقی لەسەر ئەو وتە و ڕوانەی پێشووی نەما.

لقی کوردستان "ئازادی"ش کەوتە بەربەرەکانیی حیزبی شۆڕش، بە جۆرێك کە بە تەواوی گەلی کورد فەرامۆش بکەن وە بەرپەرچێکی ئێجگار خراپیان بکەن وە لە دروستبوونی پارتیشدا نە ڕۆژنامەی "القاعدة" وە نە ڕۆژنامەی "ئازادی" هەڵوەستێکی دیموکراتی و نیشتمانییان نیشان نەدا وە لەجیاتیی پاڵبەپاڵدانەوە ویستیان بە چاوڕاو ڕۆژی دروستبوونی پارت بکەن بە ڕۆژی ناشتنی...، چونکە باش ئەیانزانی پارتی ناوی گەلەکەی ئەژیەنێتەوە و بەرزی ئەکاتەوە و ڕزگاریی گەلی کورد ئەگرێتە سەر شان و هەموو دامەزراوە دیموکراتییە سیاسیەکانی عیراق وە ئەتوانێت سەرۆکایەتیی هەموو کێڵەر و کرێکار و بازرگان و خوێندەواران و شۆڕشگێڕانی کورد لە کوردستانی عیراقدا بگرێتە دەست خۆی وە چاکتر لە حیزبی شیوعیی عیراقی و لقەکەی "ئازادی" کوردستان و پاککردنەوەی کوردستان لە هێز و سیاسەتی بێگانە.

حیزبی شیوعیی عیراقی لە پێشنیارەکەی پێشوویان لایان دا کە لە کۆبوونەوەکەی "فەهد"دا ئەیانوت لە عیراقدا کورد گەلێکی سەربەخۆیە، کەچی ناوی گەلی کوردیان ئاوێتەی ناوی تیرەکانی تورکمان، ئاثووری، ئەرمەنی کرد وە یەزیدیشیان لە گەلی کورد جیا کردەوە و ئەیانوت گەلێکی جیاوازن. بێگومان بادانەوەی میثاقەکەیان "فەهد" باوەڕی پێ نەکردوون.

جا لەسەر ئەم ماددانەی خوارەوە گوژمەیەکی زۆر توند و بەتین لەنێوانی پارت و حیزبی شیوعیی عیراقدا ڕووی دا.

ئـ. حیزبی شیوعیی عیراقی گەلی کوردیان بە گەل (أمە) نەئەزانی، هەر لەسەر ئەو باوەڕ کە فەهد بە گەلی نەزانیوە لە کەمایەتییەکانی عیراقیان ئەژماردن.

ب. بزووتنەوەی ئازادیخواهی و دامەزراندنی پارتییان بە کارێکی نابەجێ ئەژمارد وە باوەڕیشیان بە یەکیەتیی لاوان و ئافرەتان و قوتابیانی کوردستان نەئەکرد.

پ. لەوکاتەدا بزووتنەوەکەی کوردیان بە بزووتنەوەی کۆنەپەرستی دائەنا.

**گۆڕینی ڕوودراوەکانی سیاسی و عەسکەری**

**لە کوردستانی ئێراندا– کانوونی یەکەمی ١٩٤٦**

پاش خۆبەدەستەوەدانی یابان و ئەڵەمان بە سوێندخۆرەکان وە دوایی‌هاتنی جەنگی دووەم، بڕیار درا هێزی سوێندخۆرەکان کە لە کاتی جەنگدا بە ناوی بەرژەوەندی عەسکەریی سوێندخۆرەکانەوە لەناو دەوڵەتەکانا ماونەتەوە، ئەبێ بکشێنەوە وە ئێرانیش یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی کە سوپای سوێندخۆرەکانی تێدا مابۆوە. لەسەر ئەو بڕیارە سوپای سووری سۆڤیاتیش کە لە ئازەربایجان و کوردستانی ئێرانا لە ٢٥ی ئابی ١٩٤٥وە مابوونەوە، لە دوایی ساڵی ١٩٤٦دا بە تەواوی کشانەوە، ئەمەیش بە زۆرداری و بڕیاری گشتی و کۆمەڵی یەکیەتیی دەوڵەتان بوو. بەڵام پێش ئەم کشاننەوەیە، سەرەك وەزیرانی ئێران قەوامسسەڵطەنە بۆ تازەکردنەوەی دۆستایەتییان چوو بۆ مۆسکۆ، تاوەکوو لەگەڵ ستالین و کاربەدەستانی مۆسکۆدا گفتوگۆ بکات.

لەم چوونەدا قەوامسسەڵطەنە پیلانێکی سیاسیی زۆر گرنگی بەکار هێنا، لە کۆبوونەوەکەدا ژوانی دا بە حکوومەتی سۆڤیەت کە پاش کشانەوەی هێزی سۆڤیەت لە ئازەربایجان و کوردستان دەسەڵات (ئیمتیان)ی دەرهێنانی نەوتی ئازەربایجان بدات بە حکوومەتی سۆڤیەت وە ژوانیشی دا بە دانی حوکمی زاتی بە ئازەربایجان و کوردستانی ئێران لەسەر پەیڕەویی ئاشتی و خۆشی. بەڵام ئەم ژوانەیش هەڵبژاردنی کۆمەڵی نێراوان و خۆی بوو. جا لەگەڵ گەڕانەوی سوپای سۆڤیەت، بانگی هەڵبژاردنی دا بە هەموو ئێراندا بە دەستووری دیموکراتی و سەربەستی وە بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی بزووتنی دا بە سوپای ئێرانی بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان، لەم بابەتەوە فەرمانی شاهنشاهی بڵاو کرایەوە.

لەگەڵ بزووتنی سوپای ئێراندا هێزی فڕۆکەی ئەمەریکایش یاریەدەر و هاوکاریان بوو، بەبێ بەربەست سوپای ئێران دەستی گرت بەسەر ئازەربایجان و کوردستاندا وە لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا دوایی بە بزووتنەوە درا، جمهوورییەتی ئازەربایجان و جمهوورییەتی کوردستانیش دوایی هات. خوالێخۆشبوو قاضی محەمەد و زۆر لە

کاربەدەستانی جمهوورییەتەکەی کورد و پارت خۆیان دا بەدەست حکوومەتی ئێرانەوە وە جەعفەر پیشەوەریی سەرۆکی ئازەربایجان لەگەڵ چەند کاربەدەستێکیا پەنایان بردە بەر سۆڤیەت. زۆریش داوا لە قاضی محەمەد کرا کە ئەویش خۆی بگەیەنێتە خاکی سۆڤیەت، هەموو قسەیەکی دایە داوە و وتی: من گەلەکەم بەجێ ناهێڵم، چونکە نەنگێکی سیاسیی گەورەیە وە لە دوایی مانگی مارتی ١٩٤٧دا لە کۆڕی (چوارچرا) وە لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا کران بە سێدارەدا بە هاوگیانیی پاکەوە لەگەڵ هاوکار و بەردەستەکانیدا گیانیان بە بەهەشت سپارد. ئەم کارە زیانێکی زۆر گەورە بوو بۆ هەموو گەلی گێتی و مێژوویەکی خوێنین لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردا وە ئەم ڕەخنەیەیش لەسەر سۆڤیەت ناسڕێتەوە.

پاش ڕماندنی ئەم تاوێرە زلە وە لەناوبردنی ئاواتی کورد بەم نوشستیە گەورەیە لە پایزی ١٩٤٧دا بە یەکدڵ و یەکدەنگ ئەندامانی لقی پارتی کوردستانی عیراقی بڕیاریان دا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ناوێتەی حیزبی دیموکراتی کوردی عیراقی ببێ وە لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە هەموو کاروباریان لە سلێمانی بگیرێتە ئەستۆ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**چۆنیەتیی بەرزانی و هێزە هاوکارەکەی لە پێش و لە پاش لەناوبردنی جمهوورییەتە دیموکراتییەکەی کوردستانی ئێران لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا**

بەرزانی و هاوبیروباوەڕەکەی و هێزەکەی لە خاکی جمهوریەتی مەهابادا بوون، زۆر هەوڵ و تەقەلایان لەگەڵ خوالێخۆشبوو قاضی محەمەد و کاربەدەستانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، کە چاکتر ئەوەیە بەرامبەر بەو هێرشەی سوپای ئێرانییەوە بوەستن، تاوەکوو حکوومەتی ئێران ناچار بکرێت بۆ هاتنە پێشەوە بۆ گفتوگۆ وە بە وێنەیەکی ئەهوەنی کار بسوورێت باشترە لەوەی بەبێ قسە خۆیان بدەن بەدەست حکوومەتەوە، چونکە زیان کەمتر ئەبێت، بەڵام ئەو هەمو ئامۆژگارییە و هەوڵدانە بێسوود بوو وە بەو چەشنەی ڕووی دا و بینرا کار دوایی هات.

**گەڕانەوەی بەرزانی لە مەهابادەوە بۆ عیراق**

تەنیا بەرزانی بە هێزەکەی خۆیەوە بەرامبەر بە هێزە سوپاییەکەی ئێران وێستا، بەرزانی بۆ ئەوەی بە ڕێكوپێکی بگەڕێتەوە، پیلان و دەستوورێکی زۆر گرنگی خستە پێش و پێکهێنان، کە بەبێ زیان دەرباز بـبن، بەرامبەر بەو وێستان و خۆپیشاندانەی بەرزانی و بەربەرستیی سوپای ئێران کردن، حکوومەتی شاهنشاهی ناچار بوو بەوەی کە داوا لە بەرزانی بکات بە سەرۆکایەتیی خۆی و چەند ئەندامێك بچن بۆ تاران بۆ لێدوانی دواڕۆژیان وە نیشتەجێیان لە خاکی ئێراندا.

بە سەرۆکایەتیی بەرزانی لەگەڵ عیززەت عەزیز و میرحاج ئەحمەد و نووری ئەحمەد طەها گەیشتنە تاران، پاش مانەوەیەکی زۆر و نەگەیشتنیان بە ئامانج بە ئازایی و هونەرێکی زۆر گرنگ خۆیان ڕزگار کرد و گەیشتنەوە ناو هێزەکەی خۆیان (بەرزانییەکان). پاش ئەم ڕوودانە کەوتنە بیرکردنەوەی هۆی دامەزراندنی خێزانەکانیان کە ژن و پیر و منداڵەکانیانە بگەڕێننەوە بۆ کوردستانی عیراق و چەکدارەکانیش بە سەرۆکایەتیی بەرزانی بچن بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت وە لەم ماوەیەدا و لە هەموو ڕوودراوەکانی جەنگی نێوانی بەرزانی و سوپای ئێراندا بە سەرکەوتنی کورد هێزی بەرزانی دوایی ئەهات.

لە دوای بیرلێکردنەوەیەکی تەواو بڕیاریان دا کە هەموو ژن، منداڵ، پیرەکانیان لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بەرزانیدا بگەڕێنەوە بۆ عیراق، بەڵام بەو نیازەی خۆیان بدەنەوە دەست حکوومەتی عیراق. ضابطەکان عیززەت عەزیز و مصطەفا خۆشناو خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحموود قودسیش گەڕانەوە بۆ عیراق؟ ئەم ضابطانە بێجگە لەوەی کە تووشی نائومێدی بووبوون، هیچ هۆیەکی تر نەبوو بۆ گەڕانەوە و خۆبەدەستەوەدانیان. کاتێك لە شاورایەتی (ڕانیە) بوون زۆر بێترس و لە خۆشیدا بوون. هەروەکوو ئەو نائومێدییەی پێشوویان، ئەم جارەیش خۆیان بە ناچار بینی کە بگەڕێنەوە، هیوای لێبوردنیان درابوویە.

پاش ئەم هەموو چەرمەسەرێ و سەرگەردانییە، ڕەوشتی دەستووری مەلەکیی کۆنەپەرست لە عیراقدا کارێکی زۆر سەختی کردە سەر گەلی کورد و بە تایبەتی بەسەر بەرزانی وە حیزبی دیموکراتی کوردستانی، بەرامبەر بە بزووتنەوەکەی کورد حکوومەتی

صاڵح جەبر بانگی (ئەحکامی عورفی)ی دا وە لیژنەی حوکمی عورفی لە هەموو کوردستاندا بڵاوکـردەوە وە فـەرمان درا بـە گـرتن و پرسـینەوە (موحاکەمـە) لـە هـەموو سـەرۆکە بەرزانییـەکان و ضـابطە کوردەکـان و نیـشتمانپەروەرەکان و بڕیـاری حـوکمی سـەخت بەسـەریانا. ئەوانـەی هاوکـاریی شۆڕشـەکەی بـەرزانیان کردبـوو، وەکـوو سـەرۆکەکان وە ضابطەکان بە بڕیاری خنکاندن حوکم دران و دەستبەجێ خزانـە ژووری خنکاندنـەوە و لـە بەندیخانـەکانی بەصـرە و بەغـداد و مووصـڵ تونـد کـران وە زۆریـش لـە بەرزانیـەکان لـە بەندیخانـەی کـەرکووك و مووصـڵ وە خـوارووی عـیراقدا بـە ئەشـکەنجەوە بەنـد کـران. ژنەکانیشیان لـە بەندیخانـەی تایبـەتی بـە زەجـر و ئەشـکەنجەی وا کـە نەبیـسترابێ، بـەبێ بەزەیی و هاتنی بیری هەستی کـورد و بـەبێ دەسـتپارێزی لـەژێر دارکاریـدا ئـەیانناڵان و لـە ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا بڕیاری خنکانـدنی ضـابطەکـان عیـززەت عـەزیز، مـصطەفـا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و مەحموود محەمەد قودسی درا وە لە بەندیخانەی بەغداد بـە دەسـتی زاڵییـەتی گیـانی پاکیـان لێ سـەندرا و خنکێنـران و بـوون بـە پێـشڕەوی گیانبەختکاران لە ڕێگەی گەل و نیشتمانەکەیاندا.

بەم کارە ناپەسندەی حکوومەتی عیراق لە هـەموو گۆشـە و قـوژبن، نـاو چیا و دێهات، شار و خێزانـی کوردسـتاندا بـوو بـە شـیوەن و خۆپیـشاندان و هـاوارێکی زۆر گەورە لە دژی حکوومەتی صاڵح جەبر و سیاسەتی ئینگلیز.

## چۆنیەتیی تێکۆشـانی پـارت و هێـزە دیموکراتییـە نیـشتمانییەکانی عـیراق لـە دژی پەیمانی پۆرتسمۆث و کۆبوونەوەی دووەم و سێیەمی پارت

ڕۆژبـەڕۆژ دۆسـتایەتی لـەنێوانی پـارت و هێـزە تێکۆشـەرە دیموکراتییـە نیشتمانپەروەرانی عیراقدا لە چاکی و پێشکەوتنا بوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا سەرپەرشتیی گەلایەتی دەستی پێکرد، لەم کاتەدا لە لایەن حکوومەتەوە مافی جووڵانەوە بە چەند حیزبێك بەخشرا وە ئەمانە بـوون (الحـزب الـوطني الـديموقراطي، حـزب الـشعب، حـزب الاتحاد الوطني، حزب الاحرار)، تەنیا حیزبی شیوعی و پـارت لـە نهێنیـدا مانـەوە و لـە کاریـشدا بـوون. جـا بـۆ ئـەوەی عـیراق لـە هەنـدێك کـارگرانی و یاسـای نالـەباری

ئیستیعماری بەریتانیا ڕزگار بکرێت و ناڕەوایی‌یەکانی شەریکەی نەوت لە ئەستۆی عیراق دابماڵرێت، یەکیەتییەکی گەورە و بە بناغە لە نێوانی حیزبەکاندا دامەزرا و بڕیار درا، بەڵام لەم کاتەدا بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانی عیراق لە کزیدا بوو، چونکە زۆر لە گەل و حکوومەتەکەی عیراقدا لایەنگریی ئیمپریالیستی چووبووە مێشکیانەوە و کۆنەپەرستی و یاسای مەلەکیی عیراق ئەیانویست بەبێ سوود و بە ئاسانی بە پەلە عیراق ببەستن بە ئیستیعماری بەریتانیاوە. ئیتر بێگومان ئەو نیازەی حیزبەکان پەروەردەیان ئەکرد، درایە دواوە و بزووتنەوەی نیشتمانپەرەوەرە دیموکراتییەکان لە عیراق و کوردستاندا بێسوود مایەوە.

صالح جەبر زۆر هەوڵی دا بۆ پتەوکردن و بنجدابەستنی پەیمانی پۆرتسمۆث، پەیمانی جەبر و بیڤن، بەڵام هەموو تێکۆشان و هەوڵەکەی بەباچوو، چونکە کورد و عەرەبی عیراق بە یەك دەنگ و یەك دڵ بەرامبەر بە جەبر و پەیمانەکەی وێستابوون، بەتایبەتی حیزبی پارت و حزب الشعب و حیزبی شیوعی پاڵیان دا بەپاڵی یەکەوە وە حیزبی وەطەنیی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی کامیل چادرچی لەگەڵ پارتی لە بەغداد و مووصڵ و بەصرە و سلێمانی و نەجەف و کۆیسنجەق وە لە زۆر جێگایانی تریشدا لە کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا لەدژی ئەو پەیمانە سەختە خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە و گرنگیان کرد، بەڵام لە بەغدادا خۆپیشاندانی زۆر گرنگ و گەورە ڕووی دا وە کچ و کوڕی کورد و عەرەب لەم خۆپیشاندانانەدا لە قوتابخانە و دانشگەکانەوە ئاوێتەیان ئەبوون و گیانی خۆیان ئەخستنە لاوە، لەسەر شەقامەکانی شارەکاندا داوای هەڵوەشاندنی پەیمانەکە و خستنی صالح جەبریان ئەکرد و ئەم داوایەیان بە خستنی صالح جەبر چووە سەر و بە ناشتنی پەیمانەکەیش لەژێر پێدا هەڵوەشانەوە. ئیتر بەم هۆیەوە هەست و یەکیەتی بە جۆرێك لەناو گەلی عیراقدا دروست بوو، کە هەرگیز نەبینراو و نەبیستراو بێت.

لە ساڵی ١٩٤٨–١٩٤٩دا لەگەڵ گەڕانەوەی نووری سەعید بۆ سەرکار و یاسای بەدبەختی مەلیکی و پیلانگێڕیی ئینگلیز، هەموو ئاوات و هیوای گەل شێلرا و لەناو برا و حوکمی عورفی بڵاو کرایەوە. ئەو تۆزە ماف و هیوایەی کە بە حیزبەکانیش بەخشرابوو، ئەوەیش نەما. بەندیخانەکان پڕ کرا لە قوتابی و خوێندەوار و نیشتمانپەروەری کورد و

بنکەی ژین www.zheen.org

عەرەب و لەسەر شەقامەکانی بەغدادا بۆ خنکاندنی تێکۆشەران بە فەرمانی نووری سەعید بە هیوایەکی توندوتۆڵەوە سێدارەی خنکاندن داکوترا و (فەهد، محەمەد زەکی بەسیم، حسێن محەمەد ئەلشبیبی) لەگەڵ دوو جوولەکە هەڵواسران و خنکێنران. دوابەدوای ئەم زاڵیەتییەیش ڕۆژبەدوایڕۆژا لق و ئەندامانی حیزبی شیوعی و پارت ئەدۆزرایەوە و ئەندامەکانیان لە بەندیخانەکاندا توند ئەکران وە شەهادەی جنسیەی عیراقی لە دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم سێنرایەوە و لە عیراق دەر کرا.

بنکەی حیزب و چاپ و پێویستییە نهێنییەکانی حیزب نێررا بۆ سلێمانی، هەروەها شتومەکی چاپەکەی "ڕزگاری"یش بۆ ماوەیەك گوێزرایەوە و گەیەنرایە دێی (سیتەك)[٦٤]. حکوومەت زۆر بە داخەوە و وە زۆر بە گرنگی دەستی نابووە بینە قاقای پارت و ئەیویست بیخنکێنێ و لەناوی ببات و لە ڕەگ و ڕیشە دەری بهێنێ، تا لە پایزی ١٩٥٠دا فەرمانی گرتنی سکرتێری لیژنە حەمزە عەبدوڵڵا دەرچوو وە گیرا و لەگەڵ هێزێکی گەورەی چەکداری میریدا نێررا بۆ بەغداد. بە گرتنی سکرتێر بەڕێوەبردنی کاروباری پارت و دەرکردنی ڕۆژنامەی "ڕزگاری" پەکی کەوت و وێستا، تا وەختێك عەلی جەودت ئەیبووبی لەجیاتیی نووری سەعید بوو بە سەرۆکوەزیران. حسێن جەمیل کە یەکێك بوو لە ئەندامانی حیزبی وەطەنیی دیموکراتی بوو بە وەزیری عەدلییە و یاسای هێنایەوە ڕیز و ڕێز، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر بەپەروشەوە چاوەڕێی بڕیاری سەخت و ناڕەوای بەسەر حەمزە عەبدوڵڵادا بدرێت، ئەکرا لەم کاتە سەخڵەتییەدا لە دادگەوە بە وێنەیەکی ڕاست و ڕەوان موحاکەمە کرا و بەرەڵابوو. دوابەدوای کاك حەمزەیش پارتییەکان و "عەونی یووسف"یش ڕزگاریان بوو.

پاش کۆبوونەوەی ئەندامان و سکرتێری حیزب، دوا بڕیار درا بۆ کۆبوونەوەی سێیەم وە لەم کۆبوونەوەیشدا ئەم ناوانەی لەژێرەوە نووسراون، هەڵبژێرران:

١. ئیبراهیم ئەحمەد.

٢. نووری شاوەیس.

---

[64] سیتەك: جێگای دانیشتنی شێخ مەحموودی مەزن لەپشت چیای ئەزمەڕدا.

٣. جەلیل هۆشیار.

٤. محەمەد مصطەفا.

٥. بەکر ئیسماعیل.

٦. حەمەدئەمین مصطەفا.

بەبێ سکرتێر، ئەم شەش کەسە هەڵبژێرران و کران بە ئەندامی کاتیی ناوچـەیی وە بڕیاریش درا کە لە سلێمانی حەمزە عەبدوڵڵایش یاریـەدەری لیژنەکـە بێـت، کەچـی بـەبێ ئەوەی لەم لیژنەیەوە هیچ بڕیار و ڕاسپێرییەك دەربچێ، لە ١٩٥١دا لابران.

زۆری پێ نەچوو دیسان لە لایەن حکوومەتەوە حەمزە عەبـدوڵڵا گیرایـەوە و بـە ئاوارەیی نێررا بۆ تورکیا، بەڵام بە هۆی هەنـدێك لـە مـووەظـەفـە ناسـیاوەکانیەوە لـە (زاخۆ) خۆی ڕزگار کرد و دەرچـوو، لـەوێوە گەڕایـەوە بـۆ مووصـڵ وە لەوێـشەوە بـۆ سلێمانی. لەم گەڕانەوەیەدا پاش ڕێکخـستنی کـەموکووڕیی پرۆغرامـی نـاوخۆیی، کـاك حەمزە عەبدوڵڵا دەستی کرد بە تێکدانی و پارچەپارچەکردنی پارت بە دوو بەشـەوە و هەڕەشەکردن لە پارت.

لە کاتی سـەختی و زۆر لـە نالـەباری حکوومەتـدا ڕۆژی ٢٦ی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٣ لە کەرکووك کۆبوونەوەی سێیەم کرا، پاش دروستکردنی ئیش‌وکاری پـارت ئـەم بڕیارانەی خوارەوەیش درا:

١– ناوی حیزبی دیمـوکراتی کـوردی گـۆڕرا بـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی عیراق وەکوو لە بەرنامەکەدا پیشان دراوە.

٢– پێکهێنــانی و ڕێکخــستنی پرۆغرامــی حیــزب بەرامبــەر حیزبــی چــەپڕەو (یەسارییەکان) کە لەمەوپێش نەیانئەویست تێکەڵ بە بزووتنەوەی ئازادیی کـورد بـبن، بەڵام حیزب بـیری مارکسی و لینینیـی بـە تـەواوی پەسـەند کـرد. ئـیتر ئەگـەر هـاتوو بەربەستی ئازادیی بزووتنەوەی کورد و بزووتنـەوەی ئیـشتیراکی و ئومـەمی کـرا، ئـەو سایە لە ماوەی دووەمی بەرنامەکە دەستبەردار ئەبن.

٣– دەرکردنی سکرتێری پارت حەمزە عەبدوڵڵا بە تەواوی لە ڕیزی پارت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤- "عەونی یووسف"یش نابێ تێکەڵ بە کۆبوونەوەی ببێ، چونکە لە بڕیاری لیژنەی ناوچەیی لای دا و کاروبارە پێسپێراوەکەی فەرامۆش کرد و بەجێنەهێنا.

٥- ئەم ناوانەی خوارەیش بە لیژنەی تازەی ناوچەیی هەڵبژێرران.

١. سەرۆك مصطەفا بەرزانی- سەرۆك.

٢. میرحاج ئەحمەد.

٣. دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم.

٤. ئیبراهیم ئەحمەد.

٥. نووری شاوەیس.

٦. عەلی عەبدوڵڵا.

٧. نووری ئەحمەد طەها.

٨. جەلال تاڵەبانی.

٩. عومەر مصطەفا.

١٠. عەلی مصطەفا.

١١. ڕەشید عەبدولقادر.

١٢. حەمەدئەمین مەعرووف.

١٣. جەلیل هۆشیار.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- هەڵبژاردنی ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری پارتی.

٢- پێویستیی دروستکردنی لیژنەیەکی دیموکراتی و بەتایبەتی یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان.

٣- گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەکەی پارتی لە "ڕزگاری"یەوە بۆ "خەبات"[65].

[65] بەڵام داخەکەم نەمانی ئەو دوو حیزبە تێکۆشەرانەی (حیزبی هیوا) و (حیزبی ڕزگاریی کورد) تەنیا بە یەك وشە تەواو بوون و باسی ئەو پارە زۆرەی کە لە گەلی تێکۆشەری هەژار هەمیشە وەرئەگیرا وە ناوی ئەو کەلوپەلانەی بە ناوی حیزبەوە ئەکڕا و لیستەی ئەو پارانەی بە بیانووی پێویستیی حیزبەوە شتومەکی پێ ئەکڕا، هەرگیز نەهاتە گۆڕ، ئەوی خواردی خواردی، ئەوەی زەویی پێ کڕی و کۆشك و تەلاری پێ دروست کرد بە خۆشیی ژیانەوە، لە هەموو چەرخ و سووڕی ڕۆژانی داهاتوویدا بە پارەی

### باسێك لە چۆنیەتیی حكوومەتەكانی پێش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراقدا

حكوومەتی عیراق (مەلەكی) لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ڕوودانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزە ١٩٥٨، لە شۆڕش و ئاشووبدا ڕاپئەبوارد. هۆی كۆتاییـنـەهاتنی ئەو ئاشووب و شۆڕشەیش لە عیراقدا ئەوە بوو كە بەڕێوەبەرایەتیی عیراق كەوتبووە ژێر چنگی پیاوە بەجێماوەكانی حكوومەتەكەی عوثمانی لە عیراقدا یان لە یەخسیرەكانی جەنگی لای ئینگلیز و ڕووس و گەڕانەوەیان پاش تەواوبوونی جەنگی یەكەمی گشتی وەیان لە پیاوە دروستكراوەكانی ئینگلیز كە سەرتاپا خوار حكوومەتەكەیان گرتبووە ژێر دەست.

ئەم كۆمەڵە تازە دەستڕۆییوانە لە هەموو عیراقدا نە خاوەن دارایی وە نە خاوەن جێگا و نە لەناو گەلا ناسراو بوون، تەنیا بۆ بەجێهێنانی پرۆغرامە ژاراوییەكەی ئینگلیز یەكسەر گەییێنرانە سەر كورسیی وەزاری وە جێگا بەرزە كاربەدەستەكانی میری. سەیر ئەبوو كە بەرامبەر بە هەموو ئیشێك ئەگەر دروست بوایە یان نا! ئەبوایە پارەیەكی مۆڵ لە خاوەنی ئیش وەر بگیرێت و بە ئاسانی ئەم چینە بوون بە خاوەنی كۆشك و تەلار و زەویوزار و چاندگە و لە پیاوە بە ناوبانگەكانی گەلی عیراقی وە یاسایەكی تایبەتیشیان هەبوو بۆ خۆیان، پاش وەزیری ئەكران بە سەفیر، موتەصەڕیف، مودیری عام یان گەورەترین مووەظەف وە هەندێكیشیان ئەبوون بە موحامیی كۆچەر بەو مەرجەی بە تەلەفۆن كاری مەحكەمە و موحاكەمە تەواو بكات.

ئەو حكوومەتانەی یەكبەدوای یەكدا لە عیراقدا دروست ئەبوو، دەستبەجێ یەخەی كوردیان ئەگرت و پەلاماری مافی ژیانی كورد ئەدرا. جا بەهۆی سیاسەتی پیاوە سیاسییەكانی ئینگلیزەوە بۆ كارسازیی خۆیان زۆر لە تێكۆشەرانی كوردیشیان تەفرە ئەدا و ئەیانپەستاوتە ناو خۆیان و كاری میرییان پێ ئەسپاردن، بە پارووی

---

دارایی حیزبەوە كەوتنە گەنجەنەفە وە ئەوانەی دوچاری ئەشكەنجە و دەربەدەری و تەنگانەی گیان و ژیانیش بوون، لە دوورەوە زەقەی چاویان بێت، تەواو بوو كە هەموو بڕیارێك لە زار و زمانەوە ئەڕژایە زەوی و لەبیر چووەوە. ئایا ڕۆژێك ئەبێت ئەم پرسیارانە ڕوو بدات و بەراوردی دارایی ئەو باوەڕپێكراوانە بكرێت كە گەنجینەداری حیزب بوون و بە تەڕ و وشكی بەروبوومی حیزبیان خوارد؟! كە ئەم ڕەوشتەیش تا ١٩٧٠ دوایی نەهات!!

چەوری گەورە بە زۆری بیری کوردایەتی و گەلایەتییان لە بیر ئەبردنەوە. هەروەها ئەکران بە پێشڕەوی بەکارهێنانی پرۆغرامەکەیان بۆ لەناوبردنی ئاواتی کوردایەتی و لەناوبردنی تێکۆشەرانی کورد.

**دروستکردنی کوردستانی گەورە**

لە ١٩٤٩دا لە گۆڤاری "آخر ساعة"ی قاهیرەدا لە لایەن نووسەر "حەبیب جاماتی"یەوە دوورودرێژ نووسینێك و نەخشەیەکی هەموو کوردستانی لەژێر ناوی (کوردستانی گەورە)دا بڵاو کرایەوە. نووری سەعید ترسیکی زۆری لێ پەیدا بوو، لە لایەکەوە بە هۆی پیاوە کوردە کڕاوەکانیانەوە کەوتنە دڵنەوازیی کورد وە لە لایەکیشەوە دەستودامێنێ سەفیری ئەمریکا و ئینگلیز بوون بۆ تێکدانی ئەم بەرنامەیە، ئەمەیش بەکورتی لە نووسراوەکە، ئەڵێت: سەفیری ئەمەریکا لەگەڵ سەفیری بەریتانیا لە قاهیرەوە چوون بۆ تاران، بۆ ئەوەی کوردستانێکی گەورە لە کوردستانی ئێران و تورکیا و عیراقدا دروست بکەن. ئەم باسە هیوایەکی زۆر گەورەی بەخشی بە حیزبەکان و گەلی کورد وە چاوەڕێی بەدیهاتنی ئەم مژدە خۆشە ئەکرا. بەڵام سیاسەتە زگکماکییەکەی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد نەگۆڕرا، ئەم جارەیش وەکوو جاران بە مەزەندە پاش نزیکەی مانگێك مامۆستا جاماتی دووبارە لە گۆڤاری "آخر ساعة"دا نووسیی: حکوومەتەکانی ئێران و تورکیا و عیراق چوونە ژێر هەموو داوا و پێویستیی ئەمریکا و ئینگلیز بۆ بەجێنەهێنانی بەرنامەکەیان و بەبێ لێدوان لە تارانەوە گەڕانەوە بۆ قاهیرە. بەم خۆهاویشتنەی ئێران و تورکیا و عیراق بۆ ژێر ڕکێفی ئەمەریکا و بەریتانیا، دیسانەوە هیوای کورد چووەوە بەبا، بەڵام کوردی عیراق دەستبەرداری بزووتنەوە و تێکۆشان نەبوون، لەم تۆڵەیەدا پیاوە بەدبەختەکانی باوی مەلەکی وە پیاوە سیاسییەکانی ئینگلیز لە حکوومەتەکەی عیراقدا ئەم جارە بە ناوی حیزبی پارت و شیوعییەوە کەوتنە پەلاماردانی گەل، هەموو بەندیخانەکان وە بە تایبەتی بەندیخانەی (نقرة سلمان) پڕ کران لە لاو و تێکۆشەران بە ناوی پارت و شیوعییەوە لە ئەشکەنجە و دەردیسەریان درێخی نەئەکرا، زۆریان بە دارکاری کوژران، زۆریان شێت

بـوون، زۆریـشیان پـاش گـرتن بێسەروشـوێن چـوون و نەگەڕانـەوە. لەوکاتـەدا سـێ وەزیری کوردی عیراقی لە حکوومەتا بوو تا!!! شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دوایی هێنا بە داوودەستگەکەیان و ئـیتر ئەچـین بـە بـەرەو ڕووداوەکـانی دواڕۆژی شـۆڕش و تێکۆشانەکەی بەرزانی و کوردەوە.

**ڕۆیشتنە پرهونەر و بەڕێزەکەی بەرزانی بۆ خاکی سۆڤیەت**

لە ڕۆژنامەکانی "التآخي"دا بـە باسـێکی مێـژووی گـەلی کـورد لـەم ژمارانـەدا بـاس کراوە:

لە ژمارە ١١٠٦ی ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٢ لە لایەن "دکتۆر سەعید بەرزانی"یەوە.

لە ژمارە ١١٠٧ی ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٢ لە لایەن کاك "عەلی خەلیل"ەوە.

لە ژمارە ١١٠٨ ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٢ لە لایەن کاك "عیسا سوار"وە.

لە ژمارە ١١٠٩ ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٢ لە لایەن کاك "ولیەم ئیگلتۆن"وە.

ڕۆیشتنە بەڕێز و پیرۆزەکەی بەرزانی بۆ خاکی سۆڤیەتی[٦٦]

لە ساڵی ١٩٣٢دا سەرۆك شێخ ئەحمەد بەرزانی بە ئاوارەکراوی نێررا بۆ (حیللە) و (ناصرییە) لە خوارووی کیشوەری عیراق، پاش ماوەیەك بە گـوێزراوەیی هێنرانـە شـاری سلێمانی، چونکە لە دژی ئینگلیز شۆڕشیان کردبوو. ئـیتر تـا سـاڵی ١٩٤٣ بزووتنـەوەی کورد وێستا، بەڵام میری لە کاری نابەجێکردن و خراپە و چەوسـاننەوەی کـورد هـەرگیز ڕانەئەوێستا، بەتایبەتی بەرامبەر بە بەرزان و بەرزانییەکان زۆر نالـەباری و بەدبـەختییان پیشان ئەدا.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٢دا مەلا مصطەفا لەگەڵ دوو کەس تـوانیی سـلێمانی بـەجێ بهێڵێـت و خـۆی بگەیەنێتـەوە بـەرزان. لـەکاتی گەیـشتنیا هـەموو دانیـشتووانی بـەرزان بەسـەریەکەوە بـە جارێـك پێـشوازیییێکی زۆر گـەورە و ڕەنگینیـان کـرد و بەرامبـەر بـە سـەرۆکەکەیان دڵخۆشـی و شـادمانیی خۆیـان پیـشان دا. مـەلا مـصطەفا لـە ڕێگـای نـاو

[66] التآخي، ژمارە ١١٠٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئێرانەوە گەڕایەوە، ئەو دوو کەسەی لەگەڵیا بوون: "مصطەفا عەبدوڵڵا" و "سلێمان سوور" ناوان بوون. لەگەڵ گەیشتنەوەی مەلا مصطەفا بە بەرزان، حکوومەتی عیراق لە قووەی سەییاری پۆلیس هێزێکی گەورەی نارد کە بەرزان بگرن و داگیری بکەن. مەلا مصطەفا بۆ بەرگریی جەنگ دەستبەجێ نامەیەکی نارد بۆ حکوومەت، وتی: نامەوێ دیسانەوە بەرامبەر بە حکوومەت بوەستم، داوای ئێمە تەنیا ئاشتییە و داوای مافی گەلی کورد، کەچی حکوومەت بە ئاگری جەنگ وەڵامی بەرزانیی دایەوە و هێزێکی زۆری پۆلیسی نارد و جەنگ دەستی پێکرد، کە لەوکاتەیشدا چەکی شۆڕشگێڕان زۆر کەم بوو. ماوەی شەوو ڕۆژێك جەنگێکی زۆر خوێنینی سامدار ڕووی دا و خوێنێکی زۆر ڕژا لە دەشتی (هەڵۆن) و گوندی (پیرسێف)دا. هێزەکەی میری بە تەواوی لەناو برا، حکوومەت بەدوای ئەم شکستە خراپەدا هێزێکی تری لە سوپایی و پۆلیس ناردەوە وە ئەم هێزە زۆر گەورە بوو، ئەمجارەیش بە سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی کورد و ئاگری جەنگ گەیشتە ڕەواندز. لە ئەندامانی حیزبی هیوا میرحاج، عیززەت عەزیز، مصطەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، خەیروڵڵا عەبدولکەریم لەم جەنگە و لە پێناوی کوردا بەشدار بوون. حکوومەت تێگەیشت ناتوانێت بە جەنگ چارەی ئەم کارە بکات و بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەی کورد بە هێزی سوپا و پۆلیس چاری بکات، ئیتر بۆ ڕێککەوتن دەستی ئاشتیی بۆ مەلا مصطەفا درێژ کرد، بەرزانیش داوای حوکمی زاتیی کرد.

مصطەفا بەرزانی بۆی ڕوون بووەوە کە دواییی ئەم ڕێککەوتنە بە باش ناگەڕێت، چونکە بیری ڕاست ناکات. لەسەر ئەم بیروباوەڕەی خۆی چوو بۆ ناو سەرۆك عەشیرەتەکانەوە، بە ناویاندا گەڕا، پێی وتن: ئەگەر حکوومەت هات و سوپا و هێزی هێنا و دەستدرێژیی کرد بەسەر کوردا، بام هەموومان یەك بین و پەیمان ببەستین و بە پشتگریی یەکتر بەرامبەر بەو هێرشە ناڕاستە بوەستین، لەنێوانی گشتیدا پەیمان بەسترا بە سوێندەوە ئیمضایان کرد– ١٩٤٣.

لە ساڵی ١٩٤٥دا حکوومەتی عیراق هێرشێکی گەورەی هێنایە سەر کوردستان. بەرامبەر بەم هێرشە، شۆڕشگێڕانی کوردیش دەستبەجێ خۆئامادەییان کرد و لە دوولاوە ڕێگایان لە هێزی حکوومەت گرت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١. له بەشی لای ڕەواندزەوە بە سەرۆکایەتیی صادق بەرزانی برازای مەلا مصطەفا.

٢. لە بەشی لای مووصڵەوە بە سەرۆکایەتیی خۆی مەلا مصطەفا، لەشکری کورد بەرامبەر هێزەکەی میری دامەزرا.

پێش ئەوەی میری دەست بە کڕینی سەرۆك عەشایرەکانی کورد بکات، شۆڕشگێڕانی کورد لە جەنگا بوون، بە تاڵان و کەلەپووری شکستەییی سوپای حکوومەت گاڵە کرا. لەم کاتەی شۆڕشی کوردی عیراقیدا لە کوردستانی ئێرانیشدا بزووتنەوەی نەتەوایەتیی دەستی پێکرد ١٩٤٥.

بە بۆنەی خۆفرۆشتنی سەرۆكعەشیرەتەکانی کورد بە حکوومەت وە لایەنگرییان، بێگومان شۆڕشی کوردی عیراق کەم هێزا بوو وە وردە وردە بەرەو کزی ئەچوو. جا بەو نیازەی شۆڕش و ئاواتی کورد سەرکەوێت و بێتە دی و تێکۆشان بۆ ئازادیی شۆڕشگێڕانی کوردی عیراق و کوردی ئێران ببن بە یەك و یەك کۆمەڵ، بڕیار درا. لەسەر ئەم باوەڕە بەرزانی بە خۆی و چەکدارە شۆڕشگێڕەکانیەوە ڕوو بە مەهاباد کەوتنە ڕێگا، لەگەڵ گەیشتینا بە مەهاباد زۆر بەڕێزەوە وەر گیران وە پێشوازیییێکی ڕەسمییان بە ناوی کۆماری مەهابادەوە بۆ کردن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەم کۆمەکییە و کۆبوونەوە حکوومەتی ئێران وریا بووەوە، بە تفاقێکی زۆری جەنگییەوە سوپای ئێرانی ڕووەو ئازەربایجان کەوتە بزووتن، بەم بزووتنەوەیە مەڵبەندی کوردستان بە لای ئازەربایجاندا چۆڵ بوو وە هێزی سوپایی ئێران زۆر بە ئاسانی گەیشتە نزیك مەهەباد و زۆر نزیكبوونەوە.

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١، بەرزانی بە چەکدارەکانیەوە مەهابادیان بەجێهێشت، ئیتر سوپای ئێرانیش ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٥ گەیشتنە مەهاباد و شاریان داگیرکرد[٦٧].

[67] یەکێك لە پێشمەرگەکانی گێڕایەوە وتی: لەو کاتەدا کە سوپای ئێران نزیك بووەوە و نائومێدی کەوتە ناو کۆماری مەهاباد، مەلا مصطەفا بە قاضی محەمەدی وت: ئێمە لە سەرەتای کارەوە مردن لە پێش چاومان بوو، بام ئێستایش بە ئاسانی خۆمان نەدەین بەدەستەوە، لەشکر و چیای سەختمان هەیە، حکوومەتەمان بە ئاڵاکەمانەوە بگوێزینەوە بۆ ناو چیا و ئەشکەوتەکان و بەرامبەر بە سوپای ئێران

حکوومەتی ئێران بەڵێنی دا کە بە خواردەمەنی و هەموو پێویستییەك یارمەتیی شۆڕشێگڕانی کورد بدات، بەڵام لە کاتێکدا کە زانییان مەلا مصطفەفا گەڕاوەتەوە بۆ ناو چەکدارەکانی خۆی کە لە ناوچەی (شنۆ)دا بوون، دەستبەجێ قاضی محەمەدیان گرت و خستیانە بەندیخانە و دەستیان کرد بە پیلانبازی بۆ لەناوبردنی بەرزانی و لەشکرەکەی. هەروەها لەگەڵ قاضی محەمەد ١٦ سەرۆك عەشیرەتیشان گرت و خنکانیانن وە حسێن ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی مامەشیش لەناو ئەو خنکاوانەدا بوو.

**گەڕانەوەی بەهاری خوێناوی:**

بەرزانی زستانەکەی بەبێ جەنگ و بە ئاسوودەیی ڕابوارد و بە ئاسانی نزیکەی دە هەزار کەسی لە ژن، لە پیاو، لە منداڵ بە ئاسانی گەیاندەوە مەڵبەندی عیراق. لە لایەکەوە ئەو خێزان و بریندار و نەخۆشانە کە بووبوون بە ئەرکێکی گران وە لەولایشەوە کاروباری مەهاباد بە تەواوی ئاڵۆزابوو. لەم کاتەیشدا حکوومەتی عیراق ئاگادار کرا کە بەرزانی بە هێزەکەیەوە گەڕایەوە بۆ عیراق، دەستبەجێ حکوومەت هێزێکی گەورەی سوپای ناردبوو بۆ بەرزان ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٨.

لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا حکوومەت داوای لە مەلا مصطفەفا کرد کە ئیتر بۆ خۆی دانیشێ، واز لە سیاسەت و جەنگ بهێنێ، بەڵام بەرزانی زۆر باش ئەیزانی کە حکوومەتی عیراق ئەیەوێت ١١ کەسی خەباتکارانی هاوکارەکان دەست بکەوێت و بە ئاسانی بیانخنکێنێ.

لەسەر داواکەی حکوومەت مەلا م مصطفەفا: باشە، لەپێشەوە ڕێگا بدەن ماڵ و منداڵی خێزانەکانمان بنێرمەوە بۆ بەرزان. لەسەر ئەم داوایەی بەرزانی کە ئەو دە هەزار کەسە بە ناو دێهاتەکانی (لۆلان)یەکاندا تێپەڕن و بگەنەوە بەرزان، گەیشتنەوە وە نزیکەی ٦٠٠ چەکداریش لەگەڵ خۆی مایەوە. پاش ئەم ماوەیە حکوومەت تێگەیشت کە

---

بوەستین. پەیمانیشت ئەدەمێ تا دەنگمان بە خاوەنبەختان ئەگات، لێت جیا نابمەوە و بەجێت ناهێڵم، بەڵام لە وەڵامدا قاضی محەمەد وتی: ((ضەرەرمانە)).

بەرزانی ناگەڕێتەوە، لەسەر ئەم باوەڕە ماڵ و منداڵ و خێزانەکانی بەرزانییان لە بەرزانەوە نارد بۆ ناوچەی (دیانا) و بە هەرچوار لایاندا تەلبەند ڕاکێشرا.

پاش ئەم ڕووداوانە، بەرزانی بە هێزەکەیەوە گەڕایەوە بۆ ناو ئێران، لەناو ڕەشماڵی هەرکییەکاندا شەوێکی سارد و سەرما و پڕ وەیشوومە ڕابوێررا وە بە لاڕێگایەکی تر گەڕاینەوە بۆ ناو خاکی عێراق لە گوندی (ئەرمۆش) وە (بەنێ)دا حەساینەوە. لەوێشەوە بە باوەڕ و دڵێکی پڕهێزەوە گەیشتینەوە دەشتی (هاروونێ) و گوندی (دەریا سوور) کە لە مەڵبەندی کوردستانی تورکیادایە و نزیکی عێراق. شەو و ڕۆژێك لەم جێگایەدا ماینەوە، بۆ ئەوەی لە شەوێکدا بەبێ جەنگ بچنەوە ناو خاکی عێراق، تاوەکوو خۆمان لە جەنگ بپارێزین وە بەرەنگاریی ئەو هێزە نەبین کە دوامانکەوتوون، چونکە بە درێژاییی شەو لە ڕووبارەکەی نێوانی عێراق و تورکیادا خەریکی پەڕینەوە بووین، هەمیشە لە لایەن بەرزانییەوە پیلانی ڕۆیشتن و بزووتنەوە بە چەپ و ڕاستدا بڵاوئەکرایەوە و پێمان ئەگەیەنرا.

پاش پەڕینەوەمان لە ڕووبارەکە، دەستەویەخە بەرەنگاری هێزەکەی حدوود بووین و بە جەنگێکی ناگەهانی توندوتیژەوە ڕامانبوارد تا گەیشتینە ناوچەی (مزووری). بەرزانییەکان بەسەر هەموو ناوچەکەدا دابەش کران، "بەرزانی"ش خۆی چووە گوندی (نەکیوشی).

لێرانەوە بەرزانی نوماینەدەی نارد بۆ لای هەموو سەرۆك عەشایرەکان، بۆ ئەوەی لەبابەت هەموو گیروگرفتەکانی گەلی کوردەوە بیروباوەڕیان بزانێت وە لە نیازیان تێ بگات. ئەم کارەیش نیزیکەی مانگێکی کێشا وە حکوومەتیش نوێنەری ئەنارد بۆ ڕێککەوتن. وەنەبێ "بەرزانی"ش ئەوەی نەزانیبێ کە هەموو سەرۆك عەشایرەکان خۆیان فرۆشتووە بە حکوومەت و حکوومەت ئەیەوێت بەرزانیش وەکوو ئاغاکان تەفرە بدات. بەڵام هەموو ڕۆژێکیش فڕۆکە بەسەر دێهاتەکاندا ئەسووڕایەوە و ئەیانویست جێگەی نیشتەنیی بەرزانی بدۆزنەوە و دەستنیشانی بکەن. بە بۆنەی ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئێران، لەپڕ بیستمان کە سوپای ئێران و عێراق و تورکیا هەرچوار لای لێ گرتووین و ئابلۆوقە دراوین. لەسەر ئەم ئاگەدارییە نامەمان نارد بۆ بەرزانی وە تێمانگەیاند کە بێجگە لە

عاسمان ڕێگای دەرچوونمان نەماوە. کەچی بەرزانی لە وەڵامدا وتی: هەموو ڕێگای ئەم گێتییە بۆ ئێمە کراوەیە و بەرەڵا. بە پۆستەچییەکەیشی وتبوو: هەریەکە دوو نان بخاتە ناو باخەڵی و لە نیوەشەوا سەعاتی ١٢ ئامادە بن بۆ بزووتن و ڕۆیشتن. هێزەکەمان کە ٦٠٠ کەس بوو لە گوندی (دری) لە خاکی تورکیا نیزیك مەڵبەندی عیراق لەسەر ئەو پیلان و فەرمانانەی لە لایەن بەرزانییەوە پێمان ئەگەیێنرا، لە ڕێگایەکی زۆر سەخت و نەهاتەوە ڕۆیشتن کە ئەو ڕێگایە ڕێگای مرۆڤ و هاتوچۆ نەبوو، پاش ماندوبوونێکی زۆر لە کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆدا گەیشتینە گوندی (بیداق) کە نێوانی عیراق و تورکیا ئەکات بە دوو بەشەوە، دانیشتووانی گوندەکە وتیان پێش ماوەیەکی کەم تورکەکان هاتن و ناو ئاواییان پشکنی.

گەیشتینە دێی (بیداق)، ئەم گوندە بە ناوی چیاکەی پشت خۆیەوە ناو نراوە کە ناوی ئەو چیایە (بیداق)ـە، زۆر بەرز و درێژە و چوار وەرزەیش بەفری پێوەیە. حەساینەوە، لە کاتژمێری چواری پاش نیوەشەودا دووبارە کەوتینەوە ڕێ. ڕێگاکەمان بەسەر ئەو چیا بەرز و سەختانەدا بوو کە هەمووی بە بەفر گیرابوو. چەکدار بە قۆناخی تفەنگ بەفری لائەدا و جێگاپێی خۆیان ئەدۆزیەوە بۆ پێداڕۆیشتن. لەگەڵ ئەم سەخڵەتیەی ئێمەدا، حکوومەتی تورکیایش هێزێکی زۆر گەورەی بە دێهاتەکاندا بڵاو کردبۆوە، کە ڕێگای چوونە ناو تورکیامان لێ ببەسێت و نەچینە ناو خاکی تورکیا. لەم ڕێگا سەختەدا کە گوزەر ئەکرا، خۆ ئەگەر یەکێك پێی بترازایە، بێگومان تلۆر ئەبۆوە و پارچەپارچەیش ئەبوو. هەر بەدەم ئەم ڕۆیشتنەوە کەوتینە ناو خاکی تورکیا، دێهاتییەکان پێشوازییێکی زۆر بەخۆشییان کردین وە ئەهاتن بەپیرمانەوە بە دڵ و هیوای ئازادی و ناوی کوردایەتییەوە میوانداریيان کردین، چونکە کورد و لە کوردی کوردستانی تورکیا بوون. ئیتر گەیشتینە سەر سەرچاوەی ئاوی (خاپوور) کە لە دەشتاوییەکەیدا ئاو و گۆماوێکی زۆر هەبوو، لەسەر فەرمان و پیلانی بەرزانی زۆر بە وریایی ئەڕۆیشتین، چونکە هێزی تورك لەو ناوانەدا بڵاو کرابۆوە. شەو بەبێ چرکە و جگەرەکێشان کەوتینە ڕێگا، هەرچەندە شارەزایەکیشمان لەگەڵ بوو، بەڵام لەگەڵ ڕۆژەوەبووندا بەرەنگاری جەنگێکی پچووك بووین، بەبێ زیان لەم جەنگەی تورکیش

ڕزگار بووین. زۆر بە ماندوویەتی گەیشتینە ناو چیا، پێنج شەو و ڕۆژ بە برسیەتی و بەبێ ئەوەی پێڵاو دابکەنین، ڕێگامان بڕی و لە ڕۆیشتنا بووین، وچانمان نەئەدا، گەیشتینە ناو خاکی کوردستانی ئێران. ڕێواس لە ڕێگاماندا زۆر بوو، لە برساندا دەستمان کرد بە ڕێواس خواردن لە جیاتیی نان، تا گەیشتینە دێی (بیرمە)، دێیەکی بچووکی ئێران کە لەو کاتەدا ئێرانیەکان خەریکی لەناوبردنی کوردە ئازادیخوازەکان بوون وە ئەو ناوچەیە زۆر شلۆق بووبوو. بە داخەوە عومەر خان کە لە بزووتنەوەکەی ئیسماعیل ئاغا "سمکۆ"دا زۆر دەستێکی گەورە و بەهێزی هەبوو وە یەکێك بوو لە یاریەدەرە گرنگ و بەڕێزەکان و هاوبەشی بزووتنەوە لە مەهاباد، ئەم جارە ئێرانییەکان تەفرەیان دابوو وە خۆی بە دوژمنی کورد پیشان ئەدا. لەم ڕووەوە لە هەموو جەنگەکانی کە تووشی ئەبووین، لە سایەی پیلان و فەرمانداریی بەرزانی‌یەوە بە سەرکەوتوویی ڕزگاریمان ئەبوو، بە تایبەتی لە ناوچەی دەسەڵاتداریی عومەر خاندا.

**میرزا عەبدی، پیری تێکۆشەر:**

نزیك بووینەوە بە شاری (ماکۆ)، پڕبوو لە سوپای میری، بەبێ پسانەوەیش فڕۆکەی ئێران ماوەی حەسانەوەی نەئەداین بۆ ئەوەی سەر پرد و شەقامەکانمان لێ بگیرێت و بە مۆڵی بکەوینە بەردەستیان. زۆر تەنگاو ئەکراین تا گەیشتینە گوندی (عەنبار)، ئیتر لێرانەوە پێویستمان بە پەیغام و ڕێگازانێك هەبوو بۆ شەوڕەومان. میرزا عەبدی کە لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا بوو، لەگەڵمان هات. ڕۆژی دوایی لە ناوچەی (ماکۆ–قزلداخ)ەوە ٢٥ کیلۆمەترمان بڕی، لە ڕێگا و لەم ماوەیەدا بە درێژاییی ڕۆژ تووشی جەنگی نەبیستراو ئەبووین. سوپای ئێرانی ئێجگار زۆر بوو. شەو داهات، بە پێشداریی میرزا عەبدی بۆ ئەوەی لە ڕووباری (ماکۆ) بەبێ‌وەی بپەڕینەوە، بە گورجی کەوتینە ڕێگا و ڕۆیشتن. پێمان زانی کە حکوومەت لە ڕێگاماندا هێزێکی زۆری بێ‌شوماری داناوە وە ئەبێت بەرەنگاریی جەنگیش ببین وە ناشتوانین بپەڕینەوە، بەڵام ناچار بووین کە ئەبێت سنگ بنێین بە گوللەوە و بڕۆین لەگەڵ هێزی میری بە چەکی گەورە و گرانی چەکداردا تووشی جەنگێکی گرنگ و خوێنڕێژان ببین تا تووش بووین و نەبیستراویش بوو.

لەم کاتەدا بەرزانی تێی گەیاندین کە جێگاکەمان دەشتە، ئەگەر ئیمشەو دەرباز نەبین و نەپەڕێینەوە، هیچ گومان نییە کە بە ڕۆژ هەمووومان پەرێشان ئەبین.

هەر ئەو شەوە بە فەرمانداریی مصطفا بەرزانی توانیمان سەر پردەکە بگرین (سەر بوارەکە) وە بێجگە لەوەی کە ئەبێ هەمووومان بە مەلە بپەڕینەوە، هیچ چارەیەکی تر نەبوو. چووینە سەر بوارەکە، هێشتا نیوەمان نەپەڕییەوە، هێزەکەی ئێران پێی زانی و نیوەیشمان نەپەڕیبووەوە. لە کاتژمێری ٣,٣٠دا جەنگ دامەزرا و بەدەم تەقە و جەنگەوە خۆمان گەیاندە گوندێك و دانیشتووەکانی زانییان دۆستین، لەگەڵمان پێك هاتن. ئەو ڕۆژەیشمان بە گێلاسخواردن ڕابوارد. لەپڕ فڕۆکە گەیشتە سەر ئاوایی، بۆمبابارانێکی زۆر قورسی کردین، دوو چەکدارمان کوژرا. ئیتر لەوێشەوە ڕۆیشتین، تا گەیشتینە دێی (هاسوون). لێرانەدا بەرزانی پرۆگرامێکی تازەی دانا، چونکە ئەکەوینە ناو عەشیرەتی جەلالی، ئەم عەشیرەتە بە کوردێکی پاك و تێکۆشەر ناسراون وە ناوی سەرۆکەکەیان ئەو ئاغایەیە کە لەمەوپێش باس کرا.

چەند پیاوێکی عومەر ئاغا هاتن و بە بەرزانی‌یان وت کە پێویستە بچێت و میوانی ئاغا بێت. جێگای عومەر ئاغایش نزیکی حکوومەتی تورکیا و ئێرانیشە، لەوەپێش حکوومەتی ئێران بڕیاری گرتن و خنکاندنی ئەم عومەر ئاغایەی دابوو، بەڵام بەو مەرجەی بەرزانی و هێزەکەی لەناو ببات، حکوومەت فەرمانی لێبوردنی بۆ دەرئەکات. پاش میوانداری لە لایەن پیاوێکی کوردی عومەر ئاغاوە، ئەم باسە گەیەنرا بە بەرزانی کەوا ئاغا خەریکی پیلانبازییە، بەڕاستی ڕوویەکی دۆستانەیشی لێ نەئەبینرا. پاش دوو ڕۆژ بەرەو خاکی سۆڤیەت کەوتینە ڕێگا وە پاش دوو ڕۆژ ڕووبار و هەوراز و نشێو و ڕێگا بڕین، گەیشتینە سەر مەڵبەندی خاکی سۆڤیەت وە سەر ڕووباری (نەوڕووز) کە ئێران و سۆڤیەت لەیەکتر جیائەکاتەوە.

پاش وەڵام و بەڵێندانی سۆڤیەت بۆ ڕێگادانمان بۆ چوونی ناو خاکیان، خۆمان ئامادە کرد بۆ پەڕینەوە لە ڕووباری نەوڕووز. لەو کاتەدا بەرزانی فەرمانی دا ئەوانەی مەلە ئەزانن ئەوانی تر بپەڕێننەوە. دوو ڕۆژ بوو کە کەس هیچی نەخواردبوو، برسیەتی زۆر بێهێزی کردبووین و ماندوویش بووین. لەکاتی پەڕینەوە و لەناو ئاوەکەدا

یەکێکمان لەبەر برسیەتی لەناو ئاوەکەدا نوقم بوو، دەستبەجێ بەرزانی خۆی تێهاویشت وە ڕزگاری کرد. ئیتر هەموومان چووینە ناو خاکی سۆڤیەت– ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧.

ئەوە بوو نووسراوەکەی "التآخي"، ئەمەیش لە زمانی "کاك ئەحمەد" کە یەکێك بوو لە سوپاییەکانی عیراق، بەشی تەندروستی و وتی: کە بەرزانی لە مەهابادەوە گەڕایەوە بۆ عیراق، هێزەکەی کرد بە دوو بەش: یەکەم بۆ کانیەڕەش، دووەم بۆ دێی (ئەلگوش) بەسەر ڕیزە چیای سەختی (قەرەشیل)دا وە دەستیان کرد بە شەوڕەو، بەڵام پاش جەنگێکی خوێنین لەگەڵ سوپای ئێرانیدا، بە لەشکرەکەی خۆیەوە خۆی گەیاندە مەڵبەندی عیراق. لەسەر داوای حکوومەتی ئێران لە سێ لاوە بە سێکوچکەیی سوپایان نارد وە ڕێگایان لە بەرزانی تەنی، وایانئەزانی کە ئەم هێزە گەورانە بە دەستگر بەرزانی ئەگرن و بە ئاسوودەیی چای شیرین و خەست ئەخۆنەوە.

بۆ بەشداریی یارمەتیی هێزەکەی عیراقی کە بەرامبەر بە هێز و بەرزانی وێستابوون، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ڕۆژی جومعە لە کەرکووکەوە لە فەرماندەییی عەقید ڕوکن "سەیید حەمید"دا– تابووری (١) لیوای (٣) ئۆردووی (٢)ی کەرکووك نێررا بۆ مێرگەسوور.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەی بۆ پێکەنین ئەشێت: ئەم سوپا جەنگاوەری بۆ یاریدە و پشتگیریی ئەو سوپا مەزن و پڕچەکەی عیراقی نێررابوو، ئەوەندە ئەترسان ئارامیان نەمابوو. شەو بە ناکاو ڕەوەیەك بەراز ڕووی کردە ناو بارەگەکەیان، وایانزانی کە لەشکری بەرزانییە و شەونخوونییان لێ کردوون، دەستیان کرد بە تەقە و نارنجۆك هاویشتن و جەنگێکی بێهاوتا. سەردەستە و فەرماندە سەیید حەمید تۆفی لەرز گرتی و نەخۆشییەکەی ئەوەندە گران بوو، گۆڕییان، لە جێگای ئەو موقەددەم ڕوکن ئیسماعیل نێررا و لەشکرەکەیش ڕەوەبەراز بوو.

بەپێی پەیمانی خۆیان فڕۆکەی هەرسێ حکوومەتەکە تا ماوەی (٣٠ کیلۆمەتر) ئەیانتوانی بچنە عاسمانی یەکترەوە، بۆ ئەوەی لە عاسمانی هەرسێ لایاندا لەسەر زەوی کوردستاندا ڕاوی کوشتنی کورد بکەن.

**له راپۆرِی فرۆکەوانەکان:**

١- توجه العدو برطل عسكري يقدر بثلاثمائة شخص نحو (كانى رش).

٢- يقدر الرطل الثاني بثمانمائة شخص نحو (زيتا).

لەم چەشنە راپۆرانە پەیدەرپەی ئەگەیشتە فەرماندەی سوپایی، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هێزی بەرزانی لەم سوپاییانەی هەرسێ حکوومەتەکە ون بوو، راپۆرتیش نەما. لە رۆژی ٢٠ی مانگدا لە فەرماندەییی "ئەسعەد خۆشەوی" وە یان بەرزانییەکی تردا بوو، لەسەر فەرمانی بەرزانی، لە (ئەلگووش)ەوە هێزێکی بەرزانی نێررا بۆ ناو خاکی تورکیا و بۆ پشت سوپاکەی تورك. کاتێك فەرماندەکەی تورکیا پێی زانی، لە ترسی ئەوەی نەوەك رێگای گەرانەوە و دەرچوونیان لێ بگیرێت، دەستبەجێ گەرانەوە بۆ دواوە، نەوەکوو ببن بە یەخسیری بەرزانی، کشانەوە و رێگا بۆ بەرزانی بەرەڵا بوو.

**پوختەی نامەیەکی بەرزانی بۆ فەرماندەی گشتی:**

رۆژی ٦ یان ٧ی مانگ بەرزانی ئەم نامەیەی نارد.

- ئێمە نەهاتووین بۆ جەنگ، خۆشی و ئاسوودەییمان ئەوێت وە ئارەزووی ئەو کارانەیش ناکەم کە حکوومەت پەسەندی ناکات، چاوەرێی بریاری حکوومەت ئەکەم.

نامەیەکی تریشی نووسی و ناردی بۆ "سەیید عەلی حیجازی" فەرماندەی گشتیی پەلی رەواندز.

- پیرۆزبایی بەرزبوونەتەوەتان لێ ئەکەم بۆ رۆتبەی لیوا.

سەیر ئەوە بوو کە سەیید عەلی هێشتا بەم باسە ئاگەدار نەبووبوو.

**وەڵامی سەیید عەلی حیجازی**

بە پیرۆزباییی ئەو کورەی، کاك ئیدریس یان یەکێکی ترە، لێی کرد کە تازە خوا دابووی، وەکوو وترا بەرزانی و هێزەکەی لەگەڵ کشانەوەی سوپاکەی تورکیا و ئەم رۆژبەسەربردنە، بەبێ ئەوەی ئۆردووی سوپای عێراق بزانێت بەسەر ئۆردووگەیەکەیاندا تێپەری، خۆی گەیاندە (ئەلگووش) وە قەڵای پۆلیسەکانی (زیتا)ی گرت. نۆ پۆلیسی تێدا کوژرا، سەرۆکەکەیشیان بە بریندار برد. ئیتر هێزەکەی ئەسعەد خۆشەوی یان

بەرزانییەکەیش پاش کشانەوەی سوپاکەی تورك گەڕانەوە و لە ئەلگووش تێکەڵ بە هێزەکەی بەرزانی بوونەوە و هەل کەوتە دەست بەرزانی بۆ بە ئاسانی ڕزگاربوونیان و خۆیان گەیاندە ڕیزە چیای قەرەشیل[68] کە زۆر سەخت و نالەبارە، وەکوو بیسترا گەیشتنە پەسوێ و لەوێشەوە بۆ ئورمێ= ڕەضائییە.

لە گەڕانەوەدا ئەسعەد خۆشەوی، یان؟ تووشی جەنگێکی زۆر قورس بوون، دوور برینداریان لێ بەجێما و گەیشتنەوە بەرزانی. بریندارەکان لە نەخۆشخانەی مەیدانی سوپای عیراقیدا تیمار ئەکران، یەکێکیان وتی: دەرمانم مەکەن نامەوێت چاك ببمەوە، مردنم باشە، چونکە لە چەکدارە هاوڕێیەکانم جیا بوومەتەوە وە لە کاتی گەڕانەوەی بەرزانی بۆ مەڵبەندی عیراق بە ئۆردووەوە، سوپاییەکانی عیراق و فەرماندەکان ویستیان بەرزانی بگرن. جا بەم هیوایە خۆیان مەڵاس کردبوو. بە هێزە گەورەکەی بەشی ڕەواندز ئازووخە و تفاقی ٣ ڕۆژ بەسەر سوپاییەکاندا دابەش کرد لە فەرماندەیی سەیید عەلی حیجازیدا بە هەموو چەك و پێویستێکەوە، بە تەواوی بیستهەزار ٢٠,٠٠٠ سوپاییەوە، بە لەشکرێکی زۆری کوردی بە پارە بەکرێگیراوەوە، لە مێرگە سوورەوە وە لەژێر فەرماندەیی "مصطەفا ڕاغیب"دا لە شێروانەوە، ئەویش بە ٢٠,٠٠٠ بیستهەزار سوپایی و هەموو تفاقێکەوە و لەشکری عەشیرەتی کوردی زێباری، شێروانی، گەردی، کە بە پارە هاوکاریان بوون وە بێگومان تورك و ئێرانیش هەر بەم جۆرە و بە چەکی گەورە و فڕۆکەوە فەرمانی بزووتن و هێرشیان پێدرا بۆ سەر بەرزانی، بەڵام تا وریا بوونەوە بەرزانی دەستی خۆی وەشان وە گەیشتبووە خاکی سۆڤیەت. کاتێك بەم کارەیان زانی، هەرسێ لایان حەپەسان، کۆبوونەوەیەکی سیاسییان کرد، بە بڕیاری هەرسێ فەرماندەی سێ حکوومەتەکان بە لاسلکی ئەم ڕاپۆرەیان نووسی:

– مەلا مصطەفا بە هێزێکی کەمەوە ماوەتەوە، لە نێوانی سوپاکەماندا گیری خواردووە. هیوادارین بەم زوانە بە خۆی وە هێزەکەیەوە دەستگیر بیگرین.

---

[68] لە (قاسم والاکراد)یشدا، لاپەڕە ٩٧دا وا نووسراوە.

تەنیا مصطەفا ڕاغیب زۆر ڕاست بوو– ڕاپۆرەکەی–، کە زانیی مەلا مصطەفا دەرچووە و ئەو توانایەی لەودایە لە وزەی سوپای عیراقدا نییە، بە ناوی فەرماندەییی بەشی زێبارەوە ئەم ڕاپۆرەی نووسی:

– هەموو بزووتنەوە و پیلانەکانی مەلا مصطەفای پیشان دا، ئەڵێت بۆ گرتنی بەرزانی هەموو هێزی ئێران بە هەموو پێویست و تفاقی جەنگییەوە یارمەتیی فرۆکە بۆ سەر (کانیەڕەش) وە هەروەها تورکیش بۆ سەر (ئەلگووش) وە هێزی عیراقیش بە دوولادا هەر لایە بە ٢٠ هەزار سوپایی و لەشکری کوردەوە بە ئاگەداریی یەکتر، هەرسێ حکوومەتەکە بە ئارەزووخەی خواردەمەنیی سێ ڕۆژەوە دابەش کران. ڕۆژی ٢٢ی حوزەیران سەعات ٦ی سەرلەبەیانی سەعاتی صفر دیاری کرا، بەڵام بە داخەوە بەرزانی پێش ئێمە مەخفەری زێباری گرت. سوپای تورکی شێوان وە ئێمە فەرماندارانی هەرسێ حکوومەتەکە لە پیلان و کردەوەکانی مەلا مصطەفا سەرسام ماوین وە لە خاکی هیچ حکوومەتێکمانا نەماوە. ئێستا داخ و ئەسەفی خۆم دەر ئەبڕم کە عیراق بە ڕۆیشتنی ئەم پیاوە زیانێکی زۆر گەورەی کرد. کاشکی فەرماندەیەك بوایە لە سوپای عیراقدا وە نەکەوتایە ناو سوپایەکی بێگانە.

وەکوو بیسترا، ئەم ڕاپۆڕەی مصطەفا ڕاغیب لە ٢٠ لاپەڕەی گەورەدا نووسراوە و پێشکەشی کردووە بە وەزارەتی بەرگریی عیراق، بەڵام لەو باوەدا بەلای کاربەدەستانەوە ڕاستوتن بێبایەخ و بێنرخ بوو، چونکە گیرفانپڕکردنی خۆیان لە پێویستیی کاری گەل و حکوومەتەکە لەپێشتر بوو تا عیراقیان لە دەست چوو وە خۆیان بێسەروشوێن تلۆر کردەوە. باسی ئەم ڕاپۆرە مێژووییەی مصطەفا ڕاغیب لە ضابطەکان زۆر ئەبیسترا.

### ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨

لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا ئیمڕۆ– ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨– بە دەست و هەستێکی پاك و خاوێنەوە هەندێك لە کارە گرنگ و بەسەراهاتووەکانی کوردستانم پیشان دا. هەموو نوسەرێك بەبێ لادان لە ڕاستیی نووسینی ڕابوردوەکانی بۆ گەل و

نیشتمان، گەنجینەیەك بۆ دواڕۆژی گەل پێكەوە ئەنێت، لە نووسینیدا ترس نییە!!.

ئەوەی لە لاپەڕەكانی دوا باسی ئەم كتێبەدا ئەیخوێنینەوە، زۆریان لە چاپكراوەكانی ڕۆژنامە، كتێبە مێژووییەكان و بینراوەكانی خۆمان و بێگانەكانەوە وەرگیراوە و پێشكەش ئەكرێت.

لەگەڵ كشانی سپێدەی ڕۆژی بەختیاری بەسەر شەوی لێڵ و تاریكی بەدبەختەكانا، بە ئاوازی بەرزی شۆڕشگێڕان مژدەی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە ڕادیۆی بەغداوە بڵاوكرایەوە. فەرماندەی شۆڕشگێڕان بە دوایی‌پێ‌هێنانی فەرمانڕەواییی باوی مەلەكی، بانگی یاسای تازەی جمهوورییان بە ناوی كورد و عەرەبی عێراقەوە دا وە هەر بە ناوی عەرەب و كوردەوە سەرلەنوێ حكوومەتی جمهوورییەتی دامەزرا.

سەرۆكی شۆڕش ئەیوت: ئەوا هیوا و ئاواتی كورد ئیمڕۆ هاتە دی. بە ڕاستی باسی ئازادی و مافی كورد ئەوەندە كرا، وایان ئەزانی كە عەبدولكەریم قاسم كوردە، بەو ڕووداو و گۆڕینە و دۆزان و بەیانەكانی حكوومەتی تازە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەكاندا، پارت و حیزبی شیوعی كە نهێنی بوون، بە هیوایەكی زۆر گەورە و بەتینەوە بۆ گەیشتن بە ئاوات هاتنە كۆڕی تێكۆشانەوە.

لە ماوەیەكی زۆر كەمدا لە كاربەدەستان و وەزیرانی پێشوو زۆریان لە بەندیخانەكاندا توند كران و لە یەكەم هەڵمەتی شۆڕشگێڕاندا لە كۆشكی (ڕیحاب)، جێگای نیشتەجێی مەلیك فەیصەڵ دووەم، "عەبدوئیلاه" وەصی و دایكی كوژران و ژنی وەصی لەگەڵ مەلیك برینـدار كران. بیسترا كە مەلیك فەیصەڵ لە نەخۆشخانەی سوپاییی (معەسكەر ڕەشید) تیمار ئەكرێت، بەڵام كۆچی‌دوایی كرد وە "زەعیم قاسم"یش دیدەنیی ئەكرد. هەروەها دوای چەند ڕۆژێكیش دوایی بە ژیانی نووری سەعیدیش درا.

**دادگەی گەل** (محكمة الشعب)

كۆشكی مەجلیسی نیابی بە ناوی دادگەی گەل (محكمة الشعب) وە مەهداوی بە سەرۆكی مەحكەمە دامەزرا. هەموو شەوێك كاربەدەست یان وەزیرێكی كۆن بە چەپڵەڕێزان و های‌وهووی و سەرزەنشتییەوە ئەهێنران بۆ پرسیار. لە سەرەتادا

بنكەی ژین
www.zheen.org

مەهداوی بە چەند شیعرێك پێشوازیی ئەکردن، بە هەزاران لە دانیشتووانی عەرەب و کورد بە چەپڵەلێدان ((بژی برایەتیی عەرەب و کورد)) هاواریان ئەکرد وە باوی مەلەکی لەوکاتەدا بە باوێکی پیس و خوێنخۆر پیشان ئەدرا.

دوای دوو ڕۆژ لە شۆڕش، بە ناوی مژدە و گەشتی کوردستانەوە عەبدوسسەلام عارف هات و گەیشتە سلێمانی، پێش ئەوەی بچێتە ناو شار، ژن و پیاو، پیرو منداڵ هاتبوون بەپیریەوە و پەلاماری ئوتومبیلەکەیان دا و هەڵیانگرت و ئەیانوت ((بژی برایەتیی کورد و عەرەب، بژی شۆڕشگێڕانی عیراق، بژی کورد و کوردستانی عیراق بە ئازادی))، بەبێ ئەوەی پێی عەبدوسسەلام بگاتە زەوی گەیەنرایە ناو شار، بەرامبەر بەم دڵسۆزییەی دانیشتووانی شاری سلێمانی، ڕووی کردە ڕاوەستاوەکانی و وتی: پەیمانم بێت جارێکی تر بێمەوە و ئەبێ بە زمانی کوردی ئەم سوپاسەتان بکەم کە ئەم جارە چاوم پێ‌کەوت.

### جمهوورییەتی تازەی عیراق

عەبدولکەیم قاسم بوو بە سەرۆکی گشتی و ناونرا (الزعيم الأوحد). ڕۆژی ١٤ی تەموز جەمال عەبدولناصر سەرۆك جمهووریی حکومەتی میصر لە مۆسکۆوە کە پاش مژدەدانەکەی شۆڕشی عیراق بە مۆسکۆ گەڕایەوە، هەتا پێش ئەوەی لە فرۆکەخانەی بەغدادا بنیشێتەوە عەبدولکەریم قاسم تێی گەیاند ئەگەر بنیشێتەوە ئەخرێتە بەندیخانە. لەبەر ئەم وەڵامە گەڕایەوە بۆ قاهیرە. قاسم نەیویست لەگەڵ قاهیرەدا هیچ هاوکاری و پەیوەستییەکی ببێ، لە ڕادیۆ و سینەماکاندا قەدەغەی گۆرانی و فلیمی میصریی کرد تا خوێندنی قورئانی پیرۆزیش لە لایەن قورئانخوێنی میصرییەوە. ئەم کردەوانەی قاسم پێچەوانەی بیروباوەڕی عەبدوسسەلام بوو کە خۆی بە یەکەمین پاڵەوانی شۆڕشەکە ئەزانی و سەرۆکایەتیشی ئەویست، لەسەر ئەم نیازانە تێك چوون، عەبدوسسەلام عارف خرایە بەندیخانە و درا بە دادگەی گەل، لە لایەن مەهداوییەوە بڕیاری خنکاندن و کوشتنی درا.

عەبدولکەریم قاسم قسەی هیچ وەزیر و کەسێکی نەئەبیست، هەر بەبێ لێدوان عەبدوسسەلامی گرت و بڕیاری کوشتنیان دا، هەر بەبێ بیر لە کار کردنەوە و

دوارۆژیش بەرەڵای کرد، بە ئوتومبێلەکەی خۆی بردی و گەیاندیەوە ناو خێزانەکەی. بێگومان عەبدوسسەلام لەم کارە خۆش نابێت و داخدارە لە شۆڕشەکە و سەرکەوتنا، حیزبی بەعثی ئیشتراکیش یاریدەر و بەشداری شۆڕش بوون. عەبدولکەریم کەوتە ناکۆکی لەگەڵیان، ئیتر عەبدوسسەلام خۆی بە حیزبدا هەڵپەسارد، کەوتە کنەکردن لە عەبدولکەریم قاسم.

عەبدولکەریم قاسم شێت نەبوو، بەڵام سەهەندە بوو، قسەی کەسی نەئەبیست، هەموو شەوێك تا ڕۆژ وەزیرەکانی کۆئەکردەوە، بەبێ ئەوەی قسەیەکیان لەگەڵ بکات، هەرچی بڕیارێکی خۆی هەبوو پێی ئیمزا ئەکردن، ڕەنگە بەبێ خوێندنەوەیش بووبێت.

عەبدولکەریم قاسم لەسەر ڕێگا و ڕەوشتی ئینگلیزەکان ئەڕۆیشت، تیرە بە تیرە، گەورە بە بچووك بچووك بە گەورەی ئەکرد بەگژ یەکدا. حیزبی شیوعیی لە دژی پارتی کورد وە بە پێچەوانەیشی هانی ئەدان. عیراقی لە خۆی و لە گەل شێوان، پێچەوانەی هەموو یاسا و مرۆڤایەتی کارەساتی مووصڵی دروست کرد، بەدوای ئەو خوێنڕژاندنەدا کەرکووکیشی وێران کرد. دار و دیواری بە خوێنی بێگوناه ڕەنگ کرد. بە کۆمەڵ ضابطانی لاو و بەکاری گوللەباران کرد. بزووتنەوەکەی عەبدولوەهاب شەوافی بەرهەم هێنا، کەچی ئەم هەموو چنگلەخوێنگیرانەی خۆی ئەسوو بەسەر کوردا وە کوردی بەدناو ئەکرد، ڕۆژ بەڕۆژ گەلی عیراقی لێ دلگیر ئەبوون وە لە هەندەران کەوتنە پیلانی ڕووخاندنی.

ئەوەی شایانی باسە، بۆ ماوەیەك لە باوی قاسمدا لەناو مووەظەفین و گەلا ترسی یاسا زۆر بوو، بەرتیل، کاردواخستن، شێواندن نەمابوو یان زۆر کز بوو. بۆ بەرزی و پێشکەوتنی عیراق لە ڕووی سوپایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاساوە چاوەڕێی زۆر کاری گەورە گەورە ئەکرا، بەڵام لە ڕووی سەرکێشیی عەبدولکەریم قاسمەوە و ڕوودانی زۆر کاری نابەجێ، ڕۆژ بەدوای ڕۆژا چاوڕاوی ناحەزەکانی ساردییەکی زۆری ئەخستە ناو گەل و ئاواتەخوازانی نیشتمانپەروەرانی دڵسۆزی گەلەوە.

عەبدولکەریم قاسم ئەیویست تەنیا بەغداد بگەیەنێتە پلەی شارە جوانەکانی بێگانەوە، زۆر کۆششی ئەکرد بۆ پێشخستنی ئاوەدانی، شەقام دروستکردن،

ڕازاننەوەی شاری بەغداد لەسەر وێنەی تازە. زۆر زەوی و خانووی بەسەر مووەظەف و کرێکار و هەژارانا دابەش کرد، پەرەیەکی ئێجگار زۆری دا بە ئاوەدانیی بەغداد، لەگەڵ ئەوەیشدا شکستی و کەمبوونەوە لەناو و ڕەخنە لە کردەوەکانی پترتر ئەبوو.

عەبدولکەریم قاسم بە ناوی نوێکەندی سوپایی (قناة الجیش) لە ژوورووی شاری بەغداد لە ڕووباری دیجلەوە ڕوو بە ڕۆژهەڵات نوێکەندێکی زۆر جوان و ڕاستی دروست کرد، بە هەردوو بەریدا باخی فراوان و داری زۆری چەقاند، کە ئەم کردەوە پەسندانەیشی نابێ فەرامۆش بکرێت.

## بڕیارەکەی قاسم بۆ گەڕانەوەی بەرزانی

لە سەرەتای شۆڕشدا عەبدولکەریم قاسم بڕیاری دا ئەو پیاوە سیاسییانەی بە بۆنەی حیزبایەتی یان جەنگی ناوخۆیی وەیان هەرچی کارێکی سیاسیی ترەوە بووبێ و تائێستا ئاوارەی دووری عیراقن، بڕیاری گەڕانەوەیان بدرێت بگەڕێنەوە. جا زۆر پیاوانی سیاسی هەبوون کە لە ڕەگەز و نەتەوایەتیی عیراقی دەر کرابوون، پێش شۆڕش لە باوی مەلەکی دا زۆر کاری وا ڕووی ئەدا کە شایستەی کردنی نەبوو. بەڵام دەسەڵاتدارەکانیان بەدخواه بوون. جا یەکێك لەو پیاوە سیاسیانە مصطەفا بارزانی کە پیاوێکی مەزن و هونەرمەند بوو، بەتایبەتی حکوومەتی عیراق، عەبدولکەریم قاسمیش زۆر باش ئەیناسی، بۆ گەڕانەوەی ئەویش نامەی جمهووریی بۆ دەر کرا، چونکە مصطەفا بەرزانیش داڵڵەدەرێك بوو بە حکوومەتی سۆڤیەت. بەپێی ڕێز و بڵندی جێگا و ناو و کردگار لە بەغدادەوە و بە فەرمانی عەبدولکەریم قاسم نوماینـدەی کورد بە ناوی حکوومەتی عیراق و گەلەوە نێرا بۆ چیکۆسلۆفاکیا و گەڕایەوە بۆ عیراق.

مەلا مصطەفا بەرزانی ڕۆژی ٩ی نیسانی ١٩٥٩ لە ئەوروپاوە گەیشتە نوێکەندی سویس وە تێپەڕی. بەرزانی بەخۆیەوە ٧٥٥ چەکداری خۆیەوە لەناو کەشتیی ڕووسیا (جۆرجیا)دا ڕوو بە عیراق هات، کە چەکدارەکانی بەرزانی زۆریان لە تەمەنی ٢٢ تا ٢٣ساڵەدا بوون وە هەمویان بە تەواوی دەستوور و مەشقی جەنگی چەتەییان بینیوو وە فێرکرابوون و کوردی عیراقی بوون و گەیشتنە عیراق.

بەڵام بەپێی نووسین و واتەکان، ئەوترا کاتێك بەرزانی عیراقـی بەجێهێـشتووە، تەنیا ٢٤ چەکداری لەگەڵ بووە وە لەگەڵ گەیشتنی بەسەر خاك و مەڵبەندی عیراق، لە لایەن حکوومەت و حیزبی شیوعـیـیـەوە لـە وێنـەی جـەنگاوەر و فەرماندەیـەکی خـاك داگیرکار پێشوازیی کرا. لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە کۆشکی نـووری سـەعیدی بـۆ تەرخان کرا و تێدا دانیشت[٦٩].

وەزیرەکانی شۆڕش بڕیاریان لە عەبدولکـەریم قاسـم وەر گـرت کـە (مـودیرێتیی مەعاریفی کوردستان) لە کەرکووك بکرێتەوە، بەڵام کارەسـاتەکەی لـە کـەرکووك ڕووی دا ماوەی ئەم کارەی نەدا[٧٠].

**دامەزراندنی پارتی دیموراتی کوردستان**

**ڕۆژی شەممە ١٩٦٠/١/٩ کاتژمێری ١٠ی پێشنیوەڕۆ[٧١]**

**پارتی دیموراتی کوردستانی:**

بۆ دامەزراندنی حیزبەکەیان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە، لە لایەن ئەم ناوانەی لە ژێرەوە نووسراون، بە هاوبەشیی ٥٠ کەس نامەیەکیان

بنکەی ژین
www.zheen.org

[69] القضية الكردية، الدرة، لاپەڕە ١٥٤.

زۆر لە نووسەوە بەدخواهـەکان دەسـتیان کـرد بـە چـاووڕاو، گوایـا ئـەو چـەکدارانە کـە ٧٥٥ کەسـە و لـە ڕووسیاوە لەگەڵ بەرزانیدا هاتوون، عیراقی نین. بڕوانە: لاپەڕە ؟، لە نووسینەکەی دکتۆر سەعید بـەرزانی کە لـە "التـآخي"دا بڵاوکراوەتـەوە وە هـەروەها مامۆسـتا "الـدرة" ئـەڵێت: عەبدولکـەریم قاسـم زۆر بـاش ئەیزانی کە مصطەفا بەرزانی ئەیەوێت لەژێر فەرمانڕەواییی خۆیدا دەوڵـەتێکی کـوردی دروسـت بکـات وە هەموو کوردستانەکان بکات بە یەك دەوڵەت وە قاسم لێی ڕوون بـوو بـۆ ئـەوەی ئاواتەکـەی بهێنێتـە دی، بەرزانی خزمەتی شەیتانیش ئەکات.

[70] القضية الكردية، لاپەڕە ١٥٧.

کارەساتەکەی تەمووزی ١٩٥٩ لە مووصڵ و کەرکووك، مامۆستا "الدرّة" ئەیسەپێنێ بەسەر سوپا و عەشـایری کورد و بەتایبەتی پارتی کوردستاندا کە ئەم پیلان و دەستکردەی تەنیا هیی عەبدولکەریم قاسم و ئەو کەسانە بوو کە باوەڕی پێیان بوو، کەچی ئێستا بۆ بەدناویی کورد وای بە باش ئەزانێت.

[71] قاسم والاكراد، لاپەڕە ١١٨.

پێشکەش کرد بە وەزارەتی داخلییە. ئەم ناوانە لیژنەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی:

١. مصطەفا بەرزانی– سەرۆكعەشیرەت.

٢. ئیبراهیم ئەحمەد– موحامی.

٣. عەلی عەبدوڵڵا– موهەندیس.

٤. عومەر مصطەفا– موحامی.

٥. نووری شاوەیس– موهەندیس.

٦. حیلمی عەلی شەریف– نووسەر.

٧. شەمسەددین موفتی– موحامی.

٨. مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل– کێڵەر.

٩. ئیسماعیل عارف– کرێکار.

١٠. صالح عەبدوڵڵا یووسفی– فەرمانبەر.

ئەو ناوانەی بۆ ماوەدانی بزووتنەوەی پارتی لە هاوکاریدا بوون: دکتۆر عومەر دزەیی– طەبیب، دکتۆر دارا ئەحمەد تۆفیق– طەبیب، یاسین محەمەد کەریم– فەرمانبەر، محەمەد حەسەن بەرزۆ قادر– بازرگان، عەبدولحسێن عەلی– کاسب، عەبدوڵڵا کەریم موراد– کارگوزار لە شەریکە، حەبیب محەمەد کەریم– فەرمانبەر لە ڕهوون، عەبدولصەمەد محەمەد– موحاسیب لە زەراعە، ڕەشید باجەڵان– موحامی لە خانەقین، عەزیز پشتیوان– مامۆستا لە خانەقین، عەلی حەمدی– موعاوینی طاپۆ لە کفری، مەلا محەمەد– کرێکار لە توزخورماتوو، مەجید سەیید حسێن– کێڵەر لە هەولێر، کەمال عەبدولقادر– مامۆستا لە هەولێر، مەجید ئەحمەد حەدداد– مامۆستا لە هەولێر، صالح شێرە– کرێکار لە هەولێر، ئیسماعیل لە شەقڵاوە، باکۆك عەزیز– مامۆستا لە شەقڵاوە، برایم لاو– کاسب لە ڕەواندز، حەمەسەعید فەرەج– کرێکار لە باڵەك، بەکر عوثمان– کێڵەر لە کۆیە، کەریم عەباس– هەلاج، کۆیە، محەمەد حاجی طاهیر– کاسب، سلێمانی، وەستا شەفیق– تۆکمەچی، سلێمانی. محەمەد مامەند– دانساز، سلێمانی، جەمال محەمەد شاڵی– موحامی، سلێمانی، سەعید شێخ

بنکەی ژین
www.zheen.org

مصطەفا– عەطار، هەڵەبجە، جەمال سەعید خەفاف– پینەچی، هەڵەبجە، حەمەڕەشید میهری– نووسەری عریضە، عەلی ئیمام ڕەضا– موحامی، قەلعەدزە، عەبدوڵڵا ئیمام ئەحمەد– کاسب، قەڵادزە، تۆفیق صدیق– کاسب، ڕانیە، شەفیق طاهیر– کاسب، ڕانیە، صیبغەتوڵڵا ئەمین حەسەن– فەرمانبەر، نوور خەلیل– کرێکار، مووصڵ، ڕەمەضان موصڵیح عەقراوی– مەساح، مووصڵ، هورمز نیسان هورمز– مامۆستا، عەمادییە، ئەسعەد خالید عەبدولقادر– مامۆستا، مەعصووم ئەنوەر مائی– مامۆستا، جەمیل تۆفیق بەرزانی– مامۆستا، سەنگەسەر، نوعمان عیسا بەرزانی– مووەظەف، محەمەد ڕەشید– کێڵەر، زاخۆ، مەلا صالح حاجی حەسەن– ئاینی، زاخۆ، شەوکەت حاجی طاهیر– نووسەر لە کارەبای عەقرە، ئەحمەد عەبدوڵڵا محەمەد– مامۆستا، زریا قستۆ داود– کاسب، دیانا، غەفوور صالح طەها– کاسب، دیانا، طەها محەمەد طەها– کێڵەر، باڵەك، عەلی عەسکەری– کرێکار، کەرکووك.

لەگەڵ داواکەیاندا دەستووری ماوە و بزووتنەوەی دامەزراندنی پارتییان پێشکەش بە وەزارەت کرد. لەسەر ئەم داوایە لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە فەرمانی ماوەی دروستی بەکارهێنانی بەرنامەکەیان درا بۆ بزووتنەوەیان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ئەمەیش وێنەی بەرنامەکەیە بە کوردی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەرنامەی بزووتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

– پارتی دیموکراتی کوردستانی تێئەکۆشێت لە پێناوی پارێزگاریی جمهوورییەتی عیراقی لەسەر بناغەی دیموکراتی و دانی سەربەستی و ئازادی بۆ بزووتنەوە بە هەموو یەکێك لە دەرخستنی بیروباوەڕ، ماوەدان بە ڕۆژنامەنووسەکان وە ڕێکخستنی حیزب و نەقابە بۆ هەموو نیشتمانییەکان.

– بەکارهێنانی توندترین هێزی چەکداری بەرامبەر بە دوژمنی جمهوورییەتەکەمان.

– پاڵدان و یارمەتی بە بزووتنەوەی هێزی چەکداری بۆ نیگاهداریی دەستکەوتی گەل و سوپاکەمان.

– تێکۆشان بۆ دامەزراندنی ئاشتی لە هەموو گێتیدا.

– پەیڕەوی هەموو پڕۆگرامەکانی کۆبوونەوەی (باندۆنگ) وە لە یەکیەتیی گەلاندا.

– پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب وە کەمایەتییەکانی عیراقیی وەکوو ئەرمەنی، ئاشووری، تورکمان و ئەوانی تر و مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا و لە دژی جیابوونەوە.

## ڕۆژنامەی "خەبات"*

لە لایەن حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە لە عیراقدا ماوەی دروستبوون و بزووتنەوەی حیزبی – پارتی دیموکراتی کوردستانی درا، دەست بە تێکۆشانی سیاسی کرا وە ناوی ڕۆژنامەکەی حیزبیش بە ناوی "خەبات" ناونرا، کە زمانی حیزب بوو بە عەرەبی وە ڕۆژنامەی "کوردستان"** بە زمانی کوردی.

پاش ئەم ڕوودانە، شیوعییەکانیش کەوتنە پەلەپرووزێ و سەر داوا و بەزمی دامەزراندنی پەلێکی نیشتمانی لە عیراقدا، عەبدولکەریم قاسم ناچار کرا بە هاوبەشییان لە فەرمانڕەواییدا. جا لەبەر ئەم ڕوودراوانە ئاژاوەی جیابوونەوە و پەڕاگەندەییش کەوتە ناو حیزبی دیموکراتی وەطەنی، کە لەژێر سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو "کامیل چادرچی"دا بوو. هەروەها ئەوانەی لایەنگری حیزبی شیوعی بوون، لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش جیابوونەوە، بەڵام پاش ماوەیەك هەندێك لە شیوعییەکانی ناو لیژنەی ناوچەی پارتی

---

* خەبات، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە بوو، خاوەندنی ئیمتیازی ئیبراهیم ئەحمەد بوو، پاشان بوو بە زمانی حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە هەووەڵەوە پچڕپچڕ و دوایی ڕۆژانە بە کوردی و عەرەبی بڵاوبووەتەوە. ٤٦٢ ژمارەی بە ئاشکرا لە بەغدا لێ دەرچووە: ژمارە ١– ١٩٥٩/٤/٤، ژمارە ٤٦٢– ١٩٦١/٣/٢٨. تێکڕا ٤٢ ژمارەی بە کوردی و ئەوانی دیکەی بە عەرەبی بڵاوبوونەتەوە. پاش داخرانی لە بەغدا، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا دەست بە بڵاوبوونەوەی کرایەوە، بەڵام بە تیراژ و ژمارەی کەمتر. دواین ژمارەی گەیشتە (٥٢٧) کە لە شوباتی ١٩٧٥دا دەرچووە (ڕەفیق سالح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئامەدەیە بۆ چاپ).

** کوردستان، ڕۆژنامەیەکی کوردیی هەفتانە بووە، لە بەغدا دەرچووە. ئیبراهیم ئەحمەد خاوەندی ئیمتیاز و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی نووسینی بووە، تەنیا پێنج ژمارەی بە پێوانەی گەورە لێ دەرچووە: ژمارە ١– ١٩٦١/٣/٤، ژمارە ٥– ١٩٦١/٤/١ (هەمان سەرچاوە).

دیموکراتی کوردستانی و مصطفەفا بەرزانیش فەرمانی پاککردنەوەی حیزبەکەی لە پیاوخراپ دەرکرد. ئیتر هەندێك لەو ئەندامانە خۆیان گەیاندە لای عەبدولکەریم قاسم بۆ پاکانەی خۆیان و لە پارت جیابوونەوە.

هەروەها مامۆستا "[حسێن] فەوزی" لە نووسینەکەیدا ئەڵێت: پاش ماوەیەك بە ناوی یاد و ئاهەنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لە مۆسکۆوە فەرمووی مصطفەفا بەرزانی کرا لەگەڵ هەندێك لە ڕۆژنامەنووسەکانی عیراقی، لەو فەرموولێکراوانە "محەمەد ئەبولعیس" بوو. حکوومەتی عیراقی زۆر ترسا، ڕێگای ڕۆژنامەنووسەکانی نەدا، تەنیا بەرزانی ڕۆیشت، لە مۆسکۆ پێشوازییەکی زۆر گرنگ و مەزنی بۆ کرا، بەڵام مصطفەفا بەرزانی بە نهێنی و لەناکاو گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئالآی دەوڵەتی کورد هەڵبکات[72].

ڕۆژنامەی "النهار"ی بەیرووتی:

مامۆستا "کەمال سنۆ" لە نووسراوەکەیدا کە لە ڕۆژنامەی "النهار"ی بەیرووتیدا لەژێر ناوی ((هێشتا باسی چۆنیەتیی ئاژاوەکەی ژووروی عیراق نەکراوە)) ئەڵێت: ئایا مەلا مصطفەفا بەرزانی شیوعییە؟! هەر خۆی وەڵامی خۆی داوەتەوە و ئەڵێت: نا!!! بەڵام لەژێر دەسەڵاتدارەکانی چەپگەرەکاندایە. شیوعیەکان چاویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە وە خۆیان بەرامبەر بەم سێ دەرە ئەبینن: ئێران، عیراق، تورکیا.

١- شیوعییەکان لە عیراقدا خۆیان تاقی کردەوە ناتوانن سەر کەون. ٢- لەبەر ئەوە ئەبێ دەسەڵاتیان بەسەر ئێراندا ببێ. جا لێرانەدا ئەبێت بڕوانینە بزووتنەوەکەی ژووروی عیراق کە وا تازە دەستی پێکردووە، ڕەنگە ئەم شۆڕشە بەشێك بێ لە نەخشەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دروستبوونی ڕوودانێکی گرنگ بۆ لێدوان لە باسی نەوت لەنێوانی عیراق و شەریکەی نەوتی عیراق- ئینگلیز یان کارەساتەکەی کوێت.

لێدوانەکەی مامۆستا "الدرة"یش لە (القضیة الکردیة)کەیدا[73]، لاپەڕە ١٦٠:

---

[72] قاسم والاکراد.

[73] بۆ نووسینەکەی مامۆستا ئەحمەد فەوزی و ئەم نووسینەی مامۆستا کەمال سنو بەراوردێکی وردی ئەوێت، لەگەڵ نووسینەکەی مامۆستا "الدرة"یشدا بە سێلایی.

پاش ماوەدانی بزووتنەوەی سیاسی بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە، دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی زمانی پارتی کورد "خەبات" بە زمانی عەرەبی و ڕۆژنامەی "کوردستان" بە زمانی کوردی، مصطەفا بەرزانی زۆر بە دڵپاکی و دڵسۆزییەوە بەرامبەر بە جمهوورییەتە تازەکەی عیراق وە زەعیم عەبدولکەریم قاسم و بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت بە هەموو هێز و توانایەوە کەوتە تێکۆشان، بەڵام زەعیم هەر کاتە بە بارێکدا زوو زوو ئەگۆڕرا، لەسەر هیچ بیروباوەڕ و بڕیارێك نەئەوێستا؛ ڕۆژێك کورد لە کوردستاندا ئەکرا بە هاوبەشی فەرمانڕەوایی عیراق، ڕۆژێکی تر حیزبی شیوعی و تورکمانەکان ئەکەوتنە کایە و سەر پرۆغرامێکی بێبنج وبناوان.

بەرزانی بە بۆنەی گەڕانەوەکەی خۆی و ڕزگاربوونی شێخ ئەحمەدی برای و بەرزانییەکان لە خنکاندن و لە ژووری ئیعدام، زۆر ستایشکاری عەبدولکەریم قاسم بوو. بەڵام پیاوخراپەکان بۆ ئەوەی لە پەنا نابینی و هەڵەشەییی عەبدولکەریم قاسمدا بژین و ڕابوێرن، نێوانی عەبدولکەریم و بەرزانی‌یان تێك دا و ئاڵۆزان، تا گەیاندیانە ئەو پلەیەی زەعیم ئەنجامی کاری خۆی نەزانێت و بە چاوی خۆی ببینێ.

لە کاتێکدا کە زەعیم کەوتبوە لارێگرتن لە یەکیەتیی سۆڤیەت وە هەندێك لە عیراقیەکان بۆ ئاوێتەبییان بە خۆشیی ئاهەنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەر فەرموو کران و بانگ کران، بەڵام لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە بێجگە لە مصطەفا بەرزانی ماوەی کەس نەدرا بچێت. بەرزانی ماوەیەك لە مۆسکۆ مایەوە، لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆی دانرابوو گەڕایەوە بۆ عیراق و دەستبەجێ داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کرد[٧٤].

[74] نووسینی ڕۆژنامە و نووسەرەکانی عیراقی خۆمان زۆر سەیر و هەمەجۆرەیە. ئەوانەی بە پارەی هەوانتەی عیراق بەڕێوە ئەچوون، لە خراپەی کورد وە ئەوانەی پەیوەندییان بە زەعیمەوە نەبوو، بەڕاستی داوای کوردیان ئەنووسی، هەمیشە بە پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی عیراق لە ئێستگەکانی بێگانە (ئاسیا و ئەوروپا)وە باسی داوا و مافی کورد بڵاوئەکرایەوە کە لە لاپەڕەکانی دواییدا ئەیخوێننەوە.

## شۆڕشی کوردستان، ١٩٦١
## بزوتنەوەی سیاسیی گەلی کوردی عیراق لە باوی جمهووریدا
## بە سەرۆکایەتیی مصطفا بەرزانی

### شۆڕشی کوردستان، ١٩٦١:

لە کوردستانی عیراقدا پێش ئەوەی لە لایەن مصطفا بەرزانییەوە بانگی شۆڕش بدرێ، لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی وە لە ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١دا لە هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستاندا هەر لە زاخۆ تا دوا بەردی سلێمانی پیلانی شۆڕش ڕێکخرا و ئامادە کرابوو.

بێجگە لە عەشایری زێباری، هەرکی و ڕێکانی، کەلحی و سوورچی و مەزووری و تیرەکەی ڕەشید لۆلانی و دیوالی کە دڵسۆز و سەر بە حکوومەت بوون، لە عەشایری لیوای سلێمانی عەباسی مامەند ئاغا وە لە لیوای مووصڵ عەشیرەتی حاجی مەلۆ تێکەڵ بە ڕێکخراوی شۆڕش بوون وە بانگی شۆڕشی کورد درا و لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بوار درا بە پارت و شیوعی کە لە ناو سوپای عیراقیدا هانی ضابط و نائیب ضابط و سوپاییە کوردەکان بدەن بۆ ئاوێتەیی و چوونیان بۆ ناو شۆڕشی کورد.

پاش بانگی شۆڕش لە کوردستاندا چەکدارەکانیان لە زاخۆ و مەڵبەندی تورکیاوە تا لیوای سلێمانی خستە ژێر چنگی پارتییەوە.

ڕۆژنامەی "الثورة" پاش بانگی شۆڕش لە کوردستاندا دەستی کرد بە نووسین و توانجی نابەجێ و پێویستیی ((توانەوەی کورد)). ڕۆژنامەی "الثورة" کە زمانی عەبدولکەریم قاسم بوو، لە ڕۆژی تشرینی یەکەم ١٩٦١دا ئەنووسێت: ئەوانەی لە چۆنیەتیی کیشوەری ژووروی عیراق و بەتایبەتی لە بەشی ناوچەی چیاکانی لە پیرەمەگروون تا پشدەر و ڕیزە چیای ڕەواندز و چیاکانی برادۆست تا مەڵبەندی تورکیا و ئێران شارەزا بێت، تێئەگات ئەو بزووتنەوە چەکدارییەی لە ناوچەیەکدا ڕوو ئەدا، چەند دژوار و خەتەرە، خۆ ئەگەر لە هەموو ناوچەکاندا ڕوو بدات، ئیتر باسکردن بە پێویست نابینرێت.

بنکەی ژین www.zheen.org

"الثـورة" بزووتنـەوە و شۆڕشـە گـەورە سیاسـییەکەی کـوردی بـە تێوەژانـدنی بێگانە و ئیستعمار پیشان ئەدات، گۆیا ئیستعمارییەکان بە چەك و پـارە و پێویـستیی شۆڕشیان یارمەتیی شۆڕشی کوردی گیانبەختکار ئەدا، چونکە ئیستعمارییەکان بـاش لە هیوا و ئاواتی مصطەفا بـەرزانی گەیشتوون کـە ئەیـەوێت هـەموو کـوردی عـێراق و کوردستانەکان بخاتە ژێر چنگی خۆی و سەرداری گشت کورد بێت. بەرزانی لە پێناوی ئەم ئاواتەیدا خزمەتی شەیتانیش ئـەکات وە چـەکدارانی شۆڕشـی کـورد یـەك بـەدوای یەکدا لە زاخۆوە تا دهۆك و عەمادییە و عەقرە و تا خانەقینیان گرتە ژێر دەست و بە جەنگی خوێنڕێژی داگیریان کرد.

هـەر لـە کـاتی چـاوەڕاوی ڕۆژنامـەکانی بەغـداد و سـەرەتای شۆڕشـدا لـە ڕێگـەی شــەقڵاوە "میرانــی صــدیق بــەگ" کــوڕی میرانــی قــادر بــەگی بــەناوبانگ کــوژرا، بــۆ ئاژاوەنانـەوەی نـاو کـورد، ڕۆژنامـەکان ئـەم کارەیـان سـەپاند بەسـەر پـارتی دیمـوکراتی کوردستاندا و کردیان بە دەمەتەقێ. ڕۆژنامەکانی بەغـداد و زەعـیم قاسمیـان هـان دا بـە بیانووگرتن لە پارت. جـا پیلانـی کوشـتنی صـدیق مـیران خرایـە سـەر سـکرتێری حیـزب "ئیبراهیم ئەحمەد" و تاوانبار زانـرا. لەسـەر ئـەم کـارە ناپەسـەندە، فـەرمانی داخـستنی ڕۆژنامەی "خەبات" درا و سکرتێریش سەری خۆی دەرکرد، چوو بۆ کوردستان و دەرگەی بارەگەیش داخرا و دەستیان بەسەر هەموو کەلوپەلی چاپ و بارەگەدا گرت.

### بۆچی لەم کاتەدا بانگی شۆڕش درا؟[75]

کردەوەکانی قاسم یەکیەتیی گەلایەتیی عیراقی تێك دا، تێکۆشانەکەی گەلی عیراقی بە کۆمەڵە گەلە کەمایەتیەکانەوە لەناو برد. لەبەر ئەوە ئەم ڕووداوانەی کیشوەری کوردیش ناچاری بـوو، چـونکە سیاسـەتی جیـاوازی پەیوەسـتیی لەیـەکتر ترازانـد وە کارەسـات و بزووتنــەوەی کــوردیش زادەی ئیمــڕۆ نییــە، بــەڵکوو زادەی زۆر کۆنــە کــەوا ئیمــڕۆ بــە فەرمانڕەواییی قاسم بە ئاگر و ئاسن لێیانئەدا و تازە ئەیسەپێنێ بەسەریاندا.

75 قاسم والاکراد، لاپەڕە ١٢٥، ١٣٠، ١٣٣.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تێکۆشـان لـەپێناوی یەکیـەتیی گـەل و نیـشتمان لـە عـیراقدا لـە لایـەن تـیرە دڵسۆزەکانەوە لە پەروەردەکردنیان، گۆڕین و ڕوودانی ئەم دوایی‌یە لە کیشوەری کورد لە عیراقدا ناچاری بوو وە سیاسەتی جیابوونەی تێدا نەبوو کە کاری هەموو ڕێکخراوی تێك دا تەنیا سیاسەتە ناقۆڵاکەی حکوومەت نـەبوو بـە هـۆی ئـەوەی کـورد لـە هـەموو لایەکـەوە پەلاماری چەك بدات، شۆڕش بگێڕن. ئەوەیش بزانن کـە کـورد و شۆڕشـگێڕەکانیان پـاش ماوەیـەکی زۆر وە پـاش گرتنـی زاخـۆ، دهـۆك، عەمادییـە بگـرن، لـە بـەرزان لـە لایـەن بەرزانی‌یەوە پەلاماری چەك درا و لەسەر یەك بەرنامە و ڕەوشت خەبات ئەکرا.

ئەوەی شایانی باسە تا ماوەیـەکی تـەواو زۆری پـاش هەڵگیرسـانی شۆڕشـەکەیان، نیشانەیەکی وا نەئەبینرا کە کورد داوای دەوڵەتێکی جیای کورد بکەن.

**پارتی دیموکراتی کوردستانی**

بنکەی پارتی لە سلێمانی بوو، لەژێر فەرمان و سەرۆکایەتیی مصطفا بەرزانی‌دا بە تەواوی دەستیان بەسەر کیشوەرەکەیانا کێشا. پارتی پێـشەنگی حیـزب و عەشـایر بـوو، ئەیانساند و ئەیانبەخشی، دۆزانیان بڵاو ئـەکردەوە وە لـەم کاتـەدا حیزبـی شـیوعیش بـە تەواوی بوون بە دڵسۆزیان بۆ پارێزگاریی شۆڕشگێڕانی کورد بەرامبەر بە حکوومەت وێستا وە بەپێی ڕاپۆرەکانی حکوومەت هێزی شۆڕش گەیشتۆتە ٥٦٠٠ چەکداری جەنگی.

**عەشایر و هێزە کوردەکانی لایەنگری حکوومەت:**

١. لە دژی ئەو عەشایر و ئەو کوردانەی داوای جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق ئەکەن، زۆر لە تیرە و عەشـایری کـورد بەرامبـەریان وێـستا وە وەکـوو نزیکـەی هـەزار چەکداری زێبـاری بـە سـەرۆکایەتیی مـەحموود ئاغـا کـە دوژمنایـەتیی کۆنیـان لەگـەڵ بەرزانی‌دا هەرچەند هەیە، بەڵام لـە سـاڵی ١٩٤٥–١٩٤٧دا هاوکـاری شۆڕشـی بـەرزانی بوون وە لە دواییشدا لە بەرزانییەکان هەڵگەڕانەوە.

٢. عەشایری کوردی کـەلحی– دانیـشتوی ژووری عەمادییـەن لەسـەر ئاوەڕێـژی تورکیا، لە لایەن بەرزانی‌یەوە ناچار کران بە کۆچکردن بـۆ نـاو تورکیـا، گرتیـانن، ٩٠٠ تفەنگیان هەبوو، لێیان ساندن.

٣. عەشیرەتی ڕەشید لۆلان، خاوەنی ٨٠٠ چەکدارن، لەگەڵ عەشایری هەرکی و سوورچی، مزووری و دیوالی، ئەمانە هەموویان لە لایەن بەرزانییەوە تەزێنران و پەرێشان کران، چونکە لە ڕێگای ڕاستی نیشتمانپەروەری و گەلی کورد لایان دا.

٤. داوای بەرزانیی کورد:

پاش بانگی ١٤ی تەمووز زۆر مافی تایبەتی درا بە کورد و بەخشرا بە بەرزانی وە بزووتنەوەکەی ١٩٤٥–١٩٤٧ی بە بزووتنەوەیەکی گەلایەتی پیشان درا. داوای مووەظەفی کورد بۆ کوردستان و عەرەب بۆ خوارووو بگۆڕین و زمانی کوردیش زمانی ڕەسمی بێ وە بیانوویان لە ماددە ٢ی دەستووری کاتی ئەگرت و دۆزانی نهێنی داوای دەوڵەت و سوپای تایبەتیان ئەکرد بۆ ئەو کیشوەرەی لە زاخۆوە ئەگاتە بەصرە وە پایتەختەکەیشیان کەرکووك بێت.

### هۆی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان:

دیسانەوە ئەڵێت: وەکوو بە تەواوی تێگەیشتووین و بۆمان ساخ بۆتەوە، پارتیەکانی بەرزانی لە زۆر لە مێژەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوون تاوەکوو بەپێی پێویستییان چەك پێکەوە بنێن و لە کاتی هەل و پێویستدا بانگی شۆڕشەکەیان بدەن.

ئەو عەشایرانەی کورد کە لەدژیان بوون و هاوکارییان نەکردن، بە تەواوی پاکیان کردنەوە و نەیانهێشتن، بە تایبەتیش چەکی زۆریان لە حکوومەتەکەی قاسمەوە دەست کەوت. بێجگە لەمەیش زۆر سوودیان لەو پۆلیس و سوپاییانە وەرگرت بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەر بگرێت و ناردبوونی بۆ مۆسکۆ کورد بوون و ئەوانیش چوونە ناو شۆڕشەوە[76] وە ئەم ضابطە کوردانە زۆر باش مەشقی جەنگی چیاییان بینیبوو وەکوو

---

[76] قاسم والاکراد، لاپەڕە ١٣٠ تا ١٣٣، لە پاش جەنگی یەکەم ١٩١٧–١٩١٨ لە لایەن سوێندخۆرەکانەوە لە کۆمەڵی سیڤەر، لۆزان، عصبة الامەدا وە بڕیاری درا کە زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمییە بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان و لە کاروباری حکوومەتیدا، کەچی لە هەموو باوەکانی حکوومەتەکانی عیراقدا ئەم ماددەیە تازە ئەکرێتەوە و بەبێ ئەنجام. باسی کەرکووك پایتەخت بێ، لەگەڵ ئەوەدا کە کورد داوای جیابوونەوە ناکات، بەڵام کەرکووك شارێکی گەورە و پیرۆزی کوردستانە، وا ئەزانم باسی نەوتەکە ئەپارێزن، بە لای کوردەوە زۆر گرنگ نییە وەکوو ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرتبوو، بام ئیمڕۆ عیراقیش بە ناوی بەشی

بەکر سامی و هاوشانەکانی کە لە سوپادا نەمابوون وە لەولایشەوە لەوکاتەدا کە بەرزانی خەریکی پاککردنەوەی کوردە خۆفرۆشەکان بوو، قاسم فەرمانی ئەدا کە سوپای عیراقی نابێت تێکەڵ بە کارەساتی ناوخۆیی کوردەکان بێت وە وای ئەزانی کە ئەو کارەساتە بۆ خۆی باش ئەبێت.

لە کاتی گەرمەی شۆڕش و ڕۆژبەڕۆژ سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرۆکایەتیی بەرزانی، ڕۆژنامەی "الحرية"ی لوبنانی ئەڵێت:

١. لەسەر فەرمانی حیزبی پارتی لە هەموو کیشوەری کورددا بانگی شۆڕشی دا. کوردەکان ڕێگای مووصڵ، هەولێر، کەرکووکیان بە تەواوی لە هاتوچۆی سوپاییی میری بڕی، ١٩٦١/٩/٧.

٢. نزیکەی ٢٥٠ چەکداری شۆڕش ئابلۆوقەی دێی (دێرەش)یان دا، ملیان بە عەشیرەتەکەی کەچ کرد.

٣. لە شاری زاخۆدا نومایشیکی هێمنی ڕووی دا.

٤. لە لیوای سلێمانی پارتییەکان مودیرێکی ناحیەیان فڕاند.

٥. لە نزیک دهۆك پەلاماری ئامر مەوقیعی مووصڵ "حەسەن عەبوود" و موتەصەڕیف و مودیری پۆلیسی مووصڵیان دا، بە زۆر پەرێشانی ڕزگاریان بوو.

٦. مولازمی ئەووەل ڕەشید حەمید کوژرا و لە هێزەکەیشی زۆر بریندار کرا.


٧. مودیری ناحیەی (بیپۆ) ڕەشید تاڵەبانی کوژرا لە قەضای عەمادییە.

٨. پارتییەکان شاری زاخۆیان گرت، قایمقام و پۆلیسەکان و چەکەکانیان دەستکەوت، لەگەڵ پێنج ئۆتۆمۆبێلی چەکداری پۆلیسی ١٩٦١/٩/١١. لەگەڵ ئەوەدا کە لە زاخۆوە تا سلێمانی لەژێر بۆمبابارانی فڕۆکەدا بوون، پارتییەکان ڕۆژ بەدوای ڕۆژا دەسەڵاتدار ئەبوون وە ناوچەکانیان ئەگرت. ناوچەی دەسەڵاتیان لە نەخشەی ژمارە-١-دا ئەبینن.

---

نەوتەکەیەوە لە کەرکوکدا بێت، نەخشەی کوردستان بەدەست و ئارەزوو دروست نەکراوە، زمانی نەتەوە، ڕەوشت و خوو وە لە هەموو گرنگی تر چۆنیەتیی خاکەکە بە ڕوونی و ئاشکرایی پیشانی ئەدات.

بنکەی ژین
www.zheen.org




نەخشەی ئەو ناوچانەی کوردی شۆڕشگێڕ بەدەستیانەوەیە

ڕۆژنامەی "الثورة": زمانی قاسم لەژێر ناوی هەشت ڕۆژ لە ژوورووی عیراقدا لە ژمارە ١٧ی ٥/١٠/١٩٦١دا ئەڵێت: پێویست بە درێژەدانی باس ناکات. ئەگەر لە یەکێك لە ناوچەکانی ژووروودا بزووتنەوەیەك لە دژی حکوومەتی عیراق ڕوویدات، هیچ گومان نییە کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەست پێ ئەکات، مەلا مصطەفا کە لە دوای شۆڕشەکەی ١٩٤٧ی گەیشتە ئێران و چوو بۆ خاکی سۆڤیەت، لەوێ گەیشتە پایەی جەنەڕاڵی.

دانایی و تاقیکردن و زانایییەکەی مەلا مصطەفا لەوەدا دیاری ئەدا کە لە پێش بزووتنەوە و بانگی ئەم شۆڕشەیدا، نەوەکوو عەشایرە بەشەرەف و دڵسۆز و لایەنگرەکانی حکوومەت ڕێگای لێ بگرن، بە ئاسانی پاکی کردنەوە و کارسازیی خۆی کرد.

ڕۆژنامەی "الحرية":

کە بەرزانی مەلا مصطەفا گەڕایەوە[٧٧]، بینیی کە نێرراوێکی ئیستیعمار بە ڕاسپێریی تازەوە چاوەڕێ ئەکات! جا ئەو ڕاسپێرییە ئەبێ چی بێ؟! چییان لە بەرزانی ویستبێ؟ بەرزانیش چۆن ئەوکاتەی ڕابواردبێ؟!!! ئایا ئەبێ عەشایرەکانی دۆستی حکوومەت لەناوببات، یان ڕایان بکێشێتە ناو شۆڕش؟ [خۆی وەڵام ئەداتەوە، وەڵام:

١. ئەو (بەرزانی) ئەو عەشایرە کوردانەی لایەنگر و دۆستی حکوومەت بوون، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وای چەوساننەوە کە هەرگیز توانای هیچ جۆرە بەربەرەکانی و کارئالۆزییەکی ناو شۆڕشیان نەمێنێ.

٢. لەگەڵ پیاوە ناسراو و کاربەدەستەکانی سلێمانیدا لەژێر پرۆگرام و وێنەیەکی زۆر نهێنیدا پەیمانێکی ڕاست و دروست بەسترا.

٣. عەباسی مامەند ئاغا سەرۆکی عەشایری ئاکۆ گەیشتە بەرزان، بە تەبایی هەموو کاروبارێکی پێویستی شۆڕشیان بنجبەست کرد کە بە سەرۆکی و فەرمانڕەواییی مصطەفا بەرزانی لە هەموو کوردستانی عیراقدا کارئامادەییی شۆڕش بکەن، بڕیار درا.

---

[77] لە مۆسکۆ.

٤. ئەم پەیمانبەستنە وەنەبێ تەنیا لە بەرزان وەیان شوێنێکی تر بووبێ، بەڵکوو بە پانی و درێژاییی هەموو کوردستانی عیراق ئەو پەیمانە بەسترابوو وە دەنگی یەکەمین تەقەی تفەنگ بوو بە بەجێهێنانی پەیمانەکەیان.

**ڕوودراوەکان:**

پێشمەرگە دای بەسەر عەمادییەدا. پاش جەنگێکی زۆر و بۆمبابارانێکی زۆر سەخت و نەبیستراو گەڕانەوە بۆ ناو چیا. ڕۆژی ١٩٦١/٩/٦یش دایان بەسەر شاری زاخۆدا، مفەووەز عەبدوڕڕەحمان سەیید عەلی لەگەڵ پارتی ڕێك کەوتبوو پۆلیس و هەموو تفاق و کەلوپەل لەگەڵ قائیمقام مەحموود حەسەن ئەمین بران بۆ ناو شۆڕش. قوڵڵغ (مەخفەری شورطە) نەما، پێشمەرگە هەمووی گرت، حکوومەتیش هێزێکی زۆری سوپاییی نارده سەریان.

لە لیوای سلێمانیش دەست درایە چەك، دێهات و ناوچەکانی بە چەکدارییەوە ئاوێتەی شۆڕش بوون. ڕێگای شار و شەقامە گەورەکان بڕا و هاتوچۆ نەما.

ناوچەی خۆشناویان گرت. مودیری ناحیە ڕەقیب مەلا حسێنی دزەییان گرت و برد، بەڵام هەر چەك و کەلوپەلی پۆلیسەکانیان برد، چونکە خاوەنخێزان بوون، گەیشتنە شەقڵاوە.

www.zheen.org

ناوچەی ڕەواندزیشیان گرت وە (حاجی هۆمەران) کە لە ناوەڕاستی هێڵی ئێران و سلێمانی و بەرزاندایە، ئەویش گیرا و بەم جۆرە دەسەڵاتی حکوومەت لەو ناوچانەدا نەما و پاككرایەوە. ڕۆژنامەی "الثورة"، بڵاوی کردەوە کە گوایا پێشمەرگە منداڵ سەرئەبڕن، بە ئارەزوویش ژن و پیاوی پیر ئەکوژن[٧٨].

مامۆستا ئەحمەد فەوزی لە کتێبەکەی (قاسم والاکراد، لاپەڕە ١٨٠)دا ئەڵێت: لە ڕووی لادانی قاسمەوە لە یاسا هەستی گەلایەتی لەناو گەلی کوردا گەیشتبووە ئەو

[78] لە کوردستاندا کورد نەما هاوچەکی شۆڕش نەبێ، ئیتر پێشمەرگە چۆن نەوەی خۆی و خێزانی خۆی ئەکوژێت؟ چاوو ڕاوەکەیان وەکو کردەوەکەیان جێنەگرە.

پلەیە کە لە نێوانی کوردی عیراقی و عەرەبی عیراقیدا قین و ڕقێکی زۆر خراپی پەیدا کرد، کە لەوەپێش بە خۆشیی ئەژیان.

زۆر لە قەومییەکان عەرەبی عیراقی ڕێگای باشیان پیشان ئەدا، بەڵام نەبیستنی عەبدولکەریم قاسم هیچ کۆسپێکی لە ڕێگای گەلی عیراقیدا لانەئەدا.

پاش شۆڕشەکەی ١٤ی تەمووز عەبدولکەریم قاسم وەکوو نیشتمانییەکی عیراقی هیچ کارێکی بۆ کورد نەسازاند کە سوودی لێ وەر بگرن. هەموو هاش‌وهووشەکانی مەهداوی و مووچەخۆرەکانیش بۆ چاووڕاو ئەیانوت باوی تازە و ١٤ی تەمووز زۆر مافی بە گەلی کوردی عیراق بەخشیوە، تەنانەت خۆی قاسم لە میهرەجانەکانا ئەیوت: زمانی کوردی ئەبێ بە زمانی زانیاری و دانایی (ئەدەب و عیلم)، کەچی ئەم هەموو وتووێژانە هەمووی درۆ و قسەی بۆش و وشك بوو.

خۆ زمانی کوردی زمانێکە کە لەمەوپێش ئیعترافی پێ کراوە. لە باوی مەلەکیدا پیاوە قەومییەکان لە ڕۆژنامەکاندا داوایان کرد کە زمانی کوردی بخرێتە پێش چاو و لە قوتابخانەکانی کوردستان‌دا بخوێنرێت. لەسەر ئەم داوا و ویستنە لە بەرنامەی قوتابخانەکاندا پەسەند کرا. ئیتر کە وابوو ئەوەندەی یەك دەنکە نیسك چاکەی نەبوە بۆ کورد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاش بانگی شۆڕشی کورد عەبدولکەریم قاسم، بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەنووسەکانی کۆ کردەوە، بۆ ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا لە ڕاستیی شۆڕشەکە لابدات و هۆیەکەی بشارێتەوە، چونکە قاسم بە هەرچوار لای عیراق‌دا دیوارێکی بەرز و ئەستووری کێشابوو، ماوەی نەئەدا کە باسی شۆڕشی کورد لە عیراق‌دا دەربچێ و بگات بە هەندەران، بەڵام وەکوو ڕەنج‌بەخەسار و پیاوێکی نابووت ناچار بوو ئەم قسانە بکات و زۆر ئاشکرایە حکوومەتەکانی پێشوویش نەیانتوانیوە چارەی بزووتنەوە و شۆڕشی چەکداری کورد بکات، کەچی قاسم ئەیویست هەر بە قسە و هەڕەشە تەواوی بکات وە نەیئەزانی دوایی‌هێنان بە کارەسات تەنیا ئەوەیە کە بتوانیت ژیانێکی یەکیەتی لە خاکی عیراق‌دا بۆ کورد و عەرەب بە خۆشی پێك‌بهێنرێت.

**لێدوانەکەی عەبدولکەریم قاسم:**

لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٣دا لە وەزارەتی دیفاعدا ئەم قسانەی کرد، سەرنج لەو چارەسەریانە بدەن کە ئەیڵێت: شۆڕشی ١٤ی تەمووزی نەمر بۆ لەناوبردن و پاککردنەوەی عیراق بوو لە ڕەگوڕیشەی ئیستیعمار و کارگوزارەکانیان و کۆنەپەرستەکان. ئەبێ ئێستا عیراقێکی تازەی دوور لە پەنجە و سیاسەتی بەدخواهیی بێگانە و ئیستیعمار سەرلەنوێ دروست بکەینەوە. ئەوە بزانن کە ئیستیعمار دەستبەردارمان نابێت. جاسووسەکانی ئیستیعمار و سەفارەتخانەکانیان خەریکی چاندنی تۆوی خراپەن لە دژی جمهووریەتەکەمان لە عیراقدا. وایان ئەزانی کە ئێمە ناتوانین تا سێ ساڵی تر ئەم ئاگرە بکوژێنینەوە، بەڵام توانیمان لە ماوەی حەوت ڕۆژا ئیستیعمار بپلیشێنینەوە، پەنجەی بۆ ڕۆژنامەکانی ئینگلیز و هەموو گێتی درێژ کرد و پرسیی: کێیە لەدوای ئەم بزووتنەوەیە؟!

خۆی وتی: ئینگلیز و کارگوزارەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ناچار ئەبین بە داخستنی سەفارەتخانەی بەریتانیا لە عیراقدا. ئینگلیز بۆ پەرەپێساندنی کۆنەپەرست، ڕێگر جەردە و دز، دەرەبەگ، پیاوخراپ و جاسووسەکانی نیو ملیۆن دیناری خەرج کرد، نەیزانی ئێمە توانیمان جاسووسەکانیان لەناو ببەین و ماوەی خراپەکانیشیان نەدەین. ئیستیعمار وا ئەزانیت بەم جۆرە کارانە ئەتوانێت ماوەی حکوومەت و سوپا و ڕۆڵەی گەلی عیراق نادات بۆ داوای مافی خۆیان.

ئەم جارەیش بە تووڕەییەوە پەنجەی بۆ ناوچەی ناو چیاکانی درێژ کرد، وتی: ئایا ئەزانن ئەمە ئەو جێگایانەیە کە ئیستیعمار ئاژاوەی تێدا پەیدا کردووە؟ هەر ئیستیعمار و بەکرێگیراوەکانیەتی ئەم ئاژاوەیەی خستۆتە ناو کیشوەرەکەمانەوە! ئەو ئاژاوەگێڕانە زاخۆ، دهۆك، عەمادییە، مێرگەسوور، ڕایات، بازیان، کۆیە، شەقڵاوە، ڕانیە، بەرزان و زۆر جێگایانی تریان داگیر کردووە و زیاتریش ئەیکەن. ئینگلیز هەموو پێویستییەکیان ئەداتێ وە هانیان ئەدات بۆ جیابوونەوەیان لە عیراق.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

بە یارمەتیی کوردە دڵسۆزەکانمان[79] و عەرەبە نیشتمانپەروەرەکانەوە پێش ٧ یان ٨ ڕۆژ سوپاکەمان ئاسایشی خستە ناوچەکان.

دیسان وتی: ئەو ئاژاوەگێڕانە زۆر لە مووەظەفین و حاکم و دکتۆر قائیمقامەکانیان لە جێگای خۆیاندا دەرپەڕاند، بەڵام ئەگەڕێنەوە!! ئەو یاخیانە ئێستا کۆمەڵێکی بڵاون و هێزی دڵسۆزمان پتر بڵاویان ئەکاتەوە، چونکە زۆریان ڕوو بە تورکیا و ئێران ڕۆیشتوون وە زۆریشیان داڵلەیان داوە بە جمهوورییەتەکەی خۆمان.

یەکێك لە داڵلەدەرەکان بە قائیمقامی زێباری وتووە: ئاگەدار بن، مصطەفا بەرزانی ئەیەوێت حکوومەتێك لە عێراقدا دروست بکات وە بزووتنەوەکەیان لە خانەقینەوە تا زاخۆ بە پیلانی ئینگلیزە وە ئەو ئینگلیزانەی پیلانی بۆ ڕێك ئەخەن "مێجەر میرۆ"، "دیجیرۆن"، "ستۆکس"، "کۆلۆنێل مید" وە زۆر ئینگلیزی تریش بوون.

دیسانەوە قاسم بە ڕۆژنامەنووسەکانی وت: لە زمانی منەوە گەل تێبگەیەنن ئەم بزووتنەوەیەی کە ئینگلیز بۆ جیابوونەوە هانیان ئەدا، ئەمەریکایش یارمەتیدەریانە، کاری عێراق ناتوانن بشێوێنن.

یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان بە پرسینەوە وتی: ئەوا ساڵێك تێپەڕی، پارتییەکان کۆبوونەوەیان نەکردووە. بەپێی دەستوور ئەبێ حیزبەکەیان دابخرێت، چونکە سەرۆکەکەیشیان لەو بزووتنەوە و یاخییە تێدایە؟!

کەچی لە وەڵامدا وتی: حکوومەتی سۆڤیەت ئاگای لەم بزووتنەوە و باسی جیابوونەوەیە نییە، لەگەڵ حکوومەتە دراوسێکانیشیانا دۆستین، بەڵام هاندەری ئەم بزوتنەوەیە حکوومەتی بەریتانیایە و بە هاوکاریی ئەمەریکا.

ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانیایی لەبابەت ئەنجامی ئەو خزمەتکارەی سەفارەتەوە کە حەپسە، پرسیی. قاسم وتی: من نازانم، دائیرەکانی ئیستخبارات ئەزانێت.

– ئەی ئەگەر بەریتانیاییان لەگەڵ بێ؟

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[79] کوردە کڕاوەکان.

وتـــی: هـــەر ئەوەنـــدە ئـــەزانم ئەوانـــەی گـــیراون پەیوەســـتییان بـــە کـــاری جاسووسییەوە هەیە ! !

– ئەی سەرۆکی خزمەتکارەکان کێیە ؟

قاسم دیسان وتی: نازانم، بەڵام سەفیری بەریتانی هـات، وتـی ئەوەیـە سـەرۆکی خزمەتکاران. جا ڕاستە یان نا ! ئەگەر پیاوێك ٧٣ ساڵ تەمـەنی بێـت، ئـەبێ لـە مـاڵی خۆیا دابنیشێ، مانگانەی خۆی وەیان بەخشیش وەر بگرێت. ئەی پێش چەند مانگێـك مەدالیەی مەلەکیی بەریتانیای وەر نەگرتووە ؟

ڕۆژنامەگەرێکی تری بەریتانیایی پرسـیی: ئایـا سـەفارەتەکانی تـر لـە ڕوودان و بزووتنەوەکەی ژوورووی عێراقدا بەشدار نین؟

قاسم وتی: ئێمە بەریتانیا بە دایکە دزانە ئەزانین، تۆ بچۆ و بپرسە[٨٠].

**پێشنیارێك**[٨١]:

بەپێی نووسینەکانی بێگانـە خوێنـدەوارەکانی عـەرەب ئاگـەدارییێکی تـەواویان پەیـدا کـردووە و وریـا بوونەتـەوە. لەبابـەت شـۆڕش و جیابوونـەوەی کـورد و بزووتنەوەکەیانەوە لـە ڕۆژنامەکانیانـدا بیروبـاوەڕی خۆیـان پیـشان ئـەدەن وە ئـەڵێن ئـەوەی بەڕاسـتی لـە نووسـراوی ڕۆژنامـەکان و باسـە باوەڕپێکراوەکـان بـە تـەواوی تێبگەین، لەم جێگایانەوە ئەتوانرێت بزانرێت.

لە وەزارەتی خارجییەی بەریتانیا، لە وەزارەتی دەرەوەی فڕانسە. دیغـۆل، لـە وەزارەتـی تەلئـەبیب– صـەهیۆنی، ڕۆژنامـەی "جـوویش ئۆبزێرڤـەر" وە هـەروەها مامۆستا ئەحمەد فەوزی هاوار لـە پیـاوە خوێنـدەوار و سیاسـیەکانی عـەرەب ئـەکات،

---

[80] هیچ جێی باوەڕ نییە عەبدولکەریم قاسم ئاگای لەو خراپەیە و زۆرداریییە نەبێت کە ئینگلیز لە کوردی کرد و مافی گەلایەتیی کوردی بەخشی بە نەوت و خوێنی کوردی ڕژاند. ئێستا چۆن بوو بە باوکبرای کورد و یاریەدەر لە دژی ئەو عێراقەی خۆی دروستی کردووە و کە بەرژەوەندێکی زۆری نەوتی لە عێراقدایە.

[81] قاسم والاکراد، لاپەڕە ١٩٩.

بانگیان ئەكات بۆ ئەوەی دوایی بەم گێروگرفتە بدەن، دەست بدەنە دەستی یەكتر و بگەنە دوا پلەی كۆشش.

ڕۆژنامە "الحیاة"، ژمارە ٤٧٤٠، ڕۆژ ٩٦١/٩/٢٨، بەغداد، ٢٧. د.ح، ئەڵێت:

١. ئیمڕۆ هێنری تریفلیان سەفیری بەریتانیا لە عیراق بانگ كرا بۆ وەزارەتی خارجییە لە بەغدا، پێیان وت:

٢. خۆی و مووەظەفینی سەفارەتەكەی نابێت دەستكاریی كاروباری عیراق بكەن. بەریتانیا پێویستە خۆی لە خراپەكردن بەرامبەر بە عیراق بپارێزێت.

٣. فەرماندەی ئۆردووی (٢) عیراقی زەعیم مەحموود عەبدوڕڕەزاق ئەڵێت: بە تەواوی زانراوە كە مصطفەفا بەرزانی برینداره، برینەكەیشی كوشندەیە و لەگەڵ برایەكیدا ڕای‌كردووە.

٤. عەباس مامەند و حسێن بۆسكێنی كە لە پیاوە ناسراو و گەورەكانی كوردن، دالڵەیان داوە بە ئێران.

٥. تەنگ زۆر بە یاخیەكان هەڵچنراوە، لەبەر ئەوە زۆر لە چەكدارەكانیان بە ناچاری دالڵەیان داوە بە فیرقەی (٢).

٦. كاروباری ئەم یاخیانە هەمووی لە لایەن مولحەقی عەسكەریی بەریتانیا لە بەغدادەوە ڕێك‌ئەخرێت.

٧. بارەگەی پارتی دیموكراتی كوردستانی لە سلێمانی بە تەواوی داخرا و لە لایەن حاكمی عامی عەسكەری ئەحمەد صاڵح عەبدیەوە بڕیاری دامەزراندنی مەحكەمەی عورفیی عەسكەریش درا[٨٢].

ڕۆژنامەی "البلاد"، ژمارە ٦٢٠٥، ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٦١:

زەعیم عەبدولكەریم قاسم ئەڵێت: لە بەغداد، سلێمانی، دەربەندیخان بنكەی جاسووسیی ئینگلیز و ئەمەریكا هەیە و لقیان لە كوێت وە لە ئەعظەمییەیش جاسووسیان هەیە بۆ ئاشووب بەرپاكردن، دارەمەیتێكیان هەڵگرتبوو، ئەیانویست بە

[82] ئایا ڕۆژنامەی "الحیاة" ئەم نووسینانەی بە ڕاست زانیوە و بڵاوی كردۆتەوە؟

نـاو شـاری بەغـدادا بیگێـڕن، بـەڵام مـاوە نـەدران و زۆریـشیان لێ گـیرا. ئیـستیعمار وا ئەزانێت کە ئێمە ناتوانێت بە سێ ساڵ ئەم شۆڕشەی ناو عیراق دابمرکێنێتەوە، کەچی توانیمـان بـە حـەوت ڕۆژ بیانهـاڕین. پـشتیوانیی ئـەم بزووتنەوەیـەی کـورد ئینگلیـز و نۆکـەرەکانیانن، لەگـەڵ کارگوزارەکـانی ئـەمریکا. ئەگـەر ئینگلیـز واز لـە یارمـەتییان نەهێنێ، بەم زوانە سەفارەتەکەیان دائەخەم.

ئیمڕۆ لە کەرکووك، مەکتەبەی "خەبات"یـش داخـرا و لەسـەر فـەرمانی حـاکمی عەسکەریی عام ئەحمەد صالح عەبدی بڕیار درا بە دەستبەسەراگرتنی هەموو داراییـی ئەم ناوانە لە هەرچی جێگایەك بێ وەکوو پـارە، زەویوزار، دێهـات .. هـەموو شـتێك، چونکە لە یاخیگەریدان.

١. صالح میرانی شەقڵاوە، ٢. شەمسەددین موفتی، ٣. صەبری ڕەشـید شـەقڵاوە، ضـابط، ٤. محەمـەد حـاجی طـاهـیر، ٥. مـەحموود کاکـەزیاد ئاغـا، ٦. عـەلی عەبـدوڵڵا موهەندیس، ٧. ئیسماعیل سوارە ئاغا، ٨. عەباس مامەند ئاغا، ٩. حسێن بۆسکێن.

وە ڕۆژنامەکەی "العهد الجدید" ئەم ناوانەی سـەرەوە بـەبێ ئـایین پیـشان ئـەدات، چونکە گوایا نایەڵن کوردە بەشەرەفەکانی لایەنگری حکوومەت بـە خۆشـی بـژین. زەعـیم تێگەیشتووە کە دەسەڵاتدارەکانی میری بە هۆی یارمەتیی کوردە نـەجیب و دڵـسۆزەکان بە زەعیم و بـە حکوومـەت دلێرانـە هـەموو لقـی یاخیـەکانیان ڕاو نـاوە و دەرپەڕانـدووە و شانبەشانی سوپاییەکانمان ئەجەنگن، چـونکە ئـایینی نیـشتمانپەروەری و باوەڕیـان بـە برایەتیی عەرەب زۆر بەهێزە بۆ لەناوبردنی کارگوزارانی ئیستیعمار و جاسووسەکانیان کـە بە جەردەیی و ڕێگرییەوە خەریکن و لە کوشـشدان لەبـەر ئـەوەی کـوردە بەشـەرەکانمان هاوڕێیی جەردە خائینەکان ناکەن، ڕۆڵەکانیان ئەڕفێنن.

**ڕۆژنامەی "الثورة" زمانی عەبدولکەریم قاسم لە تشرینی یەکەمی ١٩٦١:**

لە بابەت دەستگەی عەسکەری لـەناو چیاکانی کوردسـتاندا، "الـدّرة"، لاپـەڕە ١٦٣، ئەڵێت: ئەمانەوێت بۆ خوێندەوارەکانمان ڕوون بکەینـەوە، ئـەم یاخیەتییـەی لـە عیراقدا ڕوو ئەدات، بێگومان سوودی بۆ ئەو جێگایانەیە کە بە چەك، پـارە، ئازووخـە

یاریەیان ئەدات وە هەموو پێویستییەکیان بۆ بەرهەم ئەهێنێ. کاتێك مژەرەکان بیانەوێت پەلێك (ضربة) لە سوود و دواڕۆژی حکوومەتی عیراق بدەن، ئەوسا هەر بە شێنەیی وە بە لێشاو دەستبڵاوی ئەکەن، بۆ ئەوەی پێویستیی نیشتمانەکان (عیراق) لەناو ببەن. ئەوا ئێستا بەو جۆرە مژەرەکان نۆکەر و هاوکارەکانی خۆیانیان هێنایەوە کایە بۆ بەجێهێنانی  ئاواتیان مەلا مصطەفا بەرزانییان دۆزییەوە.

بۆ ئەوەی بەرزانی خۆی بە ئاواتەکەی بگەیەنێت لە ناوچەکانی کوردستاندا، پێویستیی مژدە بەهۆی ئیستخباراتەکەیانەوە جێبەجێ ئەکات و بەرامبەر بە گیانبەختکردنەکەیشی لە لایەن ئیستیعمارەوە هەموو کارسازییێکی بۆ ئەکرێت.

لە تورکیاوە عەشایری (ئورمانینەکان) بە خۆیان و چەکیانەوە گەیشتنە عیراق وە تێکەڵ بە شۆڕش بوون و لەپێناوی ئاواتی مصطەفا بەرزانیدا بۆ گیانبەختکردن پەیمان و ژوانیان دا.

بەرامبەر بە شۆڕشگێڕانی کورد، لە زاخۆوە تا خانەقین هێزی سوپای عیراقی دامەزرا، بەڵام بۆ ئەوەی هێزی حکوومەتی بەناو هەموو کوردستاندا پەرشوبڵاو بکەنەوە، یاخییەکان خۆیان بڵاوەیان کردووە، ئەیانەوێت لە مەڵبەندەکانی تورکیا و ئێرانەوە هەڵمەت بهێنن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

زۆرترین بزووتنەوەیان لە دهۆك و ئامێدییەوە دەست پێ ئەکات و زۆر بە وریایی لەگەڵ هێزەکانیان لە سلێمانی و تاسڵووجە و دەربەندیخان و هەڵەبجەدا لە یەك کات و یەك هەناسەدا ئەبزوونەوە و ورووژمیان ڕوو ئەدات. بەڕاستی بزووتنەوەی یاخییەکان لە لیوای مووصڵیشدا بە هۆی ڕێكوپێکی و کاردروستیی فەرماندارەکانیانەوە زۆر سامدار و ترسناکە.

سەیر ئەوەیە کە بەرزانی لە بنکەکەی خۆیەوە لە یەك هەناسەدا فەرمان و پیلانەکانی ئەگەیەنێت بەو چەکدارانەی لە لیوای مووصڵ و سلێمانیدا دامەزراون و پرۆغرامیان پێ ئەگەیەنێت، بەڵام فرۆکە زۆر کار لە ئیشوکاریان ئەکات.

بە بۆنەی کوشتنی میران صدیق بەگەوە، سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغداد ڕایکرد، چووە لای عەباسی مامەند ئاغا، لەگەڵ حاجی برایمی چەرمەگا

عەباسی ڕێك خست بەناوی پەلپگرتن لە (ئیصلاحی زەراعی) یاخی بوون و دەربەندی بازیانیان گرت و بانگی شۆڕشیان دا، بەلام هیچیان لە نیازی ئیبراهیم ئەحمەد تێنەگەیشتبوون. تا ڕۆژی ٩ی ئەیلوول لە کەرکووکەوە سوپا و فڕۆکەیان بۆ نێررا، بۆمبابارانی کردن. پووشی چیاکەی سووتان و کورد کەوتە نێوانی دوو ئاگرەوە، تا شەو داهات نەبزووتن و خۆیان ڕاگرتەوە، ماوەی تێپەڕین و هاتنەپێشەوەی سوپاکەیان نەدا، تا لە تاریکیی شەوا لەشکر گەڕایەوە.

ڕۆژنامەی "الاهرام"، قاهیرە، ١٩٦١/٩/١٧، ڕۆژی دووشەمە لەژێر ناوی (بە پەرۆشەوە قاهیرەیش دوای ئەو ڕوودراوە خوێناوییەی عیراق ئەکەوێ).

١. یەکیەتیی جمهووریەتی عەرەبی لە لێکدانەوەی چۆنیەتیی ڕوودراوەکەی عیراقدا خەریکە بۆ ئەو کارە گرنگەی لە ژووررووی عیراقدا لە کیشوەری تیرەی کوردا لە ڕوودانایە. جا لەم ڕووەوە وێنەی ئەهرام تێبینیی خۆی پیشان ئەدا:

٢. یەکیەتیی جمهوورییەتی عەرەبی بەرامبەر بە هەموو کارەساتی بزووتنەوەی جیابوونەوە وێستاوە، ئەگەر لە نیشتمانێکی عەرەبیدا ڕوو بدات و بۆ پەیمانی یەکیەتیی عەرەبیشی ئامادەیە و ماوەیش نادات کە هیچ یەکێك لە نیشتمانەکانی عەرەب تێكبچێت وە والیش ئەزانێت کە عەبدولکەریم قاسم خۆی هۆی بزووتنەوەی جیابوونەوە بەخێو و پەروەردە ئەکات. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە پارسەنگی دەسەلاتداریی خۆی سەنگین و پتەو بکات و بەتەواوی دەست بەسەر عیراقدا بکێشێ.

وەکوو زانراوە، ئەو هێزەی ئیمڕۆ لە ژووررووی عیراقدا لە بزووتنەوەی ڕماندنی عیراقدان، هەر ئەوانەن کە لەمەوپێش لەگەڵ قاسمدا یەکیەتی گشتیی عەرەبییان تێكدا، ئاژاوەبەرپاکارەکانی ژووررووی عیراق ئەو شیوعیانەن کە مصطفا بەرزانی دەستی ڕاگرتوون و پارێزگارییان ئەکات وە شەریکەی نەوتیش دوور نییە لەم کارەساتە ئاگادار نەبێت کە لە ڕۆژی دووشەمەوە خوێن ئەڕژێت.

ڕۆژنامەی "صوت العروبة"، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٠، لەژێر ناوی (شۆڕشی کورد لە عیراقدا بۆ چییە؟!)

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەکوو زانراوە گەلی کورد بەڕووی حکوومەتەکەی قاسمدا بانگی شۆڕشیان داوە. فڕۆکەکانی حکوومەتی عیراقیش بە ساروخ هەموو ناوچەکانی کوردیان بۆمباباران کردووە. ئەم شۆڕشە بۆ چییە، کوردەکان ئەم شۆڕشەیان بەسەر حکوومەتەکەی قاسمدا بۆچی بەرپا کرد؟!! ئایا عەبدولکەریم قاسم خۆی نەبوو کە بیروباوەڕی برایەتی و یەکیەتیی بڵاوئەکردەوە و عیراقی جیائەکردەوە؟! هەر خۆی بوو کە یەکیەتیی عەرەبی لەژێر پێدا شێلا و ناشتی و کەوتە دڵخۆشکردن و لاواندنەوەی کەمایەتییەکان و بانگی برایەتی بۆ ئەوان! بەڵێ، قاسم گەلی عەرەبی هەموو خستە لاوە و دەستی کەمایەتییەکە کە کوردەکان بوون، گرتی، بەڵام کوردەکان زوو تێگەیشتن کە کردەوەکانی قاسم هەمووی فڕوفێڵ و قسەی دروستکراوە، هەرگیز بۆ پارێزگاری و ئازادیی گەل نەبوو کە لە مێژووی عیراقدا یاد بکرێت، بەڵکوو تەنیا بۆ پتەوکردنی جێگا و کورسییەکەی خۆی بوو.

کە وابوو کوردەکان بۆیان ئاشکرا بوو وە تێگەیشتن کە ئەوانیش وەکوو کەمایەتییەکانی تر وە هەموو عەرەب تووش ئەبن، لەبەر ئەوە لە پێناوی ژیانی ئازادی و پارێزگاریی خۆیانا شۆڕشیان کرد وە لە ڕووی ئاگادارییەوە بەرامبەر بە ئاواتەکەی قاسم دەستیان دایە چەك.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژنامەی "الانوار"، بەیرووت، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٣:

هەموو عەرەب لەدژی ئەم بزووتنەوەیەی کوردە وە بەرامبەر بە گشت بزووتنەوەیەك لە نیشتمانەکانی عەرەبیدا عەرەب ڕاوەستاوە بەرامبەر بە هەموو دوژمنێك بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی گەلی هەموو عەرەب.

گۆڤاری "الصیاد"، بەیرووت، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢١:

لەژێر ناوی (دواییی شۆڕشەکەی بەرزانی چۆن ئەبێ؟!)

لە ژووروی عیراقدا کوردەکان ئاڵای کوردییان هەڵکردووە، قاسمیش بە فڕۆکە و ساروخ و بە تۆپی گەورە لەم گەلە ئەدات. بەرزانیش بەو چەکە زۆرەی کە قاسم خۆی دابووی بە کوردەکان و بەسەر گەلەکەی خۆیدا دابەشی کردووە، ئەجەنگن، چونکە قاسم ئەیویست وەکوو ڕیشەی عەرەبی دەرهێنا، بە شیوعییەکانیش ڕیشەی کوردیش

دەربهێنن. ئەم شۆڕشە بۆ چییە؟ تێگەیشتنی نێوانی قاسم و بەرزانی چییە؟ بۆچی پێکاهتنەکەیان دوایی هات؟

ئەو مەلا مصطەفایە کێیە کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی گیان بەخت ئەکات؟ ئەو پیاوە کوردەی کە لە ڕووسیاوە گەڕایەوە بۆ عیراق، ئەو کەسەیە کە لە باوی پێشوودا دوو جار شۆڕشی کردووە و برای شێخ ئەحمەدی بەرزانی‌یە سەرۆکی ئاینیی کورد. ئەو پیاوەیە کە پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق سەرۆکایەتیی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی گرتە دەست وە هیوای خۆی خستە سەر تێکۆشانی لاوی کوردە خوێندەوارەکان و بە ناوی (پارت)ەوە بانگی ئەکردن بۆ یەکیەتی، بۆ بەرزکردنەوەی ناوی گەلی کورد و گەیشتن بە ئاوات. بە ژیریی خۆی و پارتەکەی ئاوێتەی حیزبی (جەبهەی ئیتیحادی وەطەنی) کرد، ئیتر بە هەموو پیاوە نیشتمانپەروەر و سیاسییەکانەوە خەریك بوون وە کۆششیان ئەکرد.

قاسم وا تێگەیشت ئەگەر لایەنگریی شیوعی یان کورد بکات، پەرێشان ئەبێ، ویستی ڕێگایەکی تازە بدۆزێتەوە، سەرۆکە کاربەدەستەکانی گرت و خستنیە بەندیخانە. پەلێکی گەورە و گرانیشی بە پارتی دیموکراتی کوردستانی دا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاش ئەم دەستوەشاندنە، بە پەلە ڕووی کردە ئەو سەرۆك عەشایرە کوردانەی لەکۆنەوە ڕقیان لە بەرزانی‌یە و دوژمنایەتیی کۆنیان هەیە، لەوانە ڕەشید لۆلان و مەحموود زێباریی پڕچەك کرد، بچن بەگژ بەرزانی‌دا. ئەم کارە لابەلایەی کرد بە یەخەگری بەرزانی وە بە خۆڕایی قاسم بە جەنگی دان. حەوت ڕۆژ جەنگێکی خوێنڕژاندن ڕووی دا، دێهات سووتا، هەژاران ئاوارە بوون.

لە کاتێکدا بەرزانی بە چەکداری کوردەوە زۆر ڕێكوپێك بوون، قاسم سوپای لیوای ١ی نارد بۆ کەرکوك بە نیازی لەناوبردنی گەلی کورد و ئاواتیان، بەڵام نەیزانی هەر بەو چەکەی قاسم خۆی ئەوسا دابووی بە کوردەکان و پێی بەخشیبوون، ئێستا ئەبێ بە هۆی نەمانی ناوونیشانی وە دوایی‌هاتنی تەخت و بەختی خۆی. هەروەها حیزبی پارتی کرد بە هاوکاری شیوعیەکان لە کارەساتەکەی مووصڵ و کەرکوك‌دا.

گۆڤاری "روز الیوسف"، قاهیرە، ژمارە ١٧٣٧، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٥:

مامۆستا مەحموود زهنی لەژێر ناوی (کوردەکان چییان ئەوێت لە عیراق) لە نووسراوەکەیدا ئەڵێت:

– کوردەکان چییان ئەوێت لە عیراق؟ ئەو هیوایەی هەیانە چییە؟ ئایا لە دەرەوەی عیراقەوە یاریەدەریان هەیە، چییە؟ کوردەکان بۆچی ئەم کاتەیان پەسەند کرد؟

لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا یەکێك لە پیاوە مەزن و سەرۆکەکانی کورد کە بە داڵڵەدەری لە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو، ئەوە مصطفا بەرزانی بوو، گەڕایەوە بۆ بەغداد، بە ئاهەنگ و پێشوازییەکی زۆر گەورە و مەزنەوە گەیشت و کۆشکی نووری سەعیدیان بۆ تەرخان کرد.

لە بەغداد نهێنییەکانی ئەم کارەیان ئەپرسی. لە لایەن یەکێکی زۆر نزیك بە "عەبدولکەریم قاسم" سەرۆك وەزیرانەوە وەڵام درایەوە، گوایا هەندێك نامە دۆزراوەتەوە کە بەڵگەی بزووتنەوەیەك لە عیراقدا پیشان ئەدات وە بزووتنەوەکەیش بۆ جیابوونەوەی کیشوەری کوردە لە ژووروی عیراقدا بەو نیازەی دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن. بۆ ئەم مەبەسەتەیش ئەمریکا و بەریتانیا بە هاوکاریی ئێران و تورکیا بە پێویست و داراییی زۆر یارمەتییان بدەن. جا لەبەر ئەوە حکوومەتی عیراق دەستی کردوەتە ملی بەرزانی بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە ڕوو نەدات و ماوەی ئاشووب نەدا لە عیراقدا وە قاسم زۆر باوەڕی بە دڵسۆزیی بەرزانی هەیە، چونکە ئەم کارەساتە لە ساڵی ١٩٥٩وە ڕووی داوە.

ئەی هێزی کورد لە عیراقدا چییە؟ کوردەکان لە عیراقدا گەورەترین گەلن لە کەمایەتییەکان، نزیکەی یەك ملیون و سەد هەزار کەسن کە ٥,١٥٪ لە دانیشتووانی هەموو عیراقن وە هەموویان لە لیوای سلێمانی، کەرکووك، هەولێر، قەضاکانی لیوای مووصڵ لە ژووروی عیراقدا دائەنیشن، زۆریشیان نەخوێندەوار و هەژارن و ئایین سوننە، کوردەکان ژێردەسەڵاتی پیاوانی ئایینی و شێخەکانیانن.

ئینگلیزەکان زۆر هەوڵی تێکدانی نێوانی کورد و عیراقیان دا. ماوەی هەڵبژاردنی مەلیك فەیصەڵیان نەدا بۆ یەکەمین مەلیکی لە عیراقدا وە ئەیانوت کورد دەوڵەتێکی

سەربەخۆیان ئەوێت. لە ساڵی ١٩١٨دا ئینگلیز حکوومەتێکی کوردیی لە سلێمانی دامەزراند بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود بە بەڕێوەبەریی چەند ضابطێکی ئینگلیز، بەڵام عیراقییەکان باری ئینگلیزەکانیان گۆڕی کە ئەو دەوڵەتە کوردییە نەمێنێ و شێخ مەحموودیش بە دیلی بۆ هیند برا. لە ساڵی ١٩٢٤دا سلێمانی هاوکاریی هەڵبژاردنی کۆمەڵی دامەزرێنەری کرد بەو مەرجەی دوو وەزیریان لە وەزارەتی عیراقدا بێ.

لە ساڵی ١٩٤٣دا بە سەرۆکایەتی و فەرماندەییی شێخ ئەحمەد و مصطەفا بەرزانی شۆڕش دەستی پێ کرد، بەڵام هێندێ سوپاییی عیراقی دایمەزرانەوە. پاش ماوەیەك مصطەفا بەرزانی ئێرانیشی بەجێهێشت، خۆی گەیاندە یەکیەتیی سۆڤیەت وە جێگایەکی بڵندی گرت و پڕ کردەوە و کرا بە جەنەراڵ، ناوی چەکدارەکانیشی ناو نا (سوپای کوردستان)، کردەوەکانی خۆیشی وەکوو حاکمی کوردستان پیشان ئەدا.

ئاواتی شیوعییەکان و کوردەکان هەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو وە یەکیەتیی سۆڤیەتیش بەو ئاواتە دڵخۆش بوو وە ئەیانزانی کە مصطەفا بەرزانی لەگەڵ ٤ ملیۆن کوردی تورکیا و ٣ ملیۆن کوردی ئێراندایە. نایشتوانرێت بە تەواوی بوترێت ڕووسیا ئەیەوێت ئەم دەوڵەتە کوردییە دروست بێ، چونکە ئەبێ بەرامبەر بە تورکیا و ئێران و عیراق ناخۆشی پیشان بدات وە لە ترسی دەستدرێژیی شیوعییەکانیش ئەورووپییەکان ئارەزووی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە ناکەن بۆ کورد.

ئینگلیزەکان بۆ دوو شت کەوتنی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمیان ئەوێت:

١. لە داواکەی بۆ کوێت.

٢. لە داواکەی لە ٢٠٪ لە بەشی نەوت.

ئەو هێزەی بەدەست قاسمەوەیە، نیوەی سوپاییەکانی کوردن، بە بۆنەی داوای کوێتەوە لەناو سوپادا ئاڵۆزی پەیدا بوو، سەرپێچییان ئەکرد لە فەرمان. خۆ ئەگەر شۆڕش ڕووبدات لەناو سوپادا، جیاوازیی نێوانی کورد و عەرەب ڕووئەدات[83].

[83] ئەگەر بە ڕاستی لێدوانەکەی مامۆستا مەحموود زهنی ورد بکرێتەوە، زۆر هەڵەی کردووە، ئەبینرێت. لە نووسینەکەیدا بەرزانیی ساخ نەکردۆتەوە کام لایەیە.

**له یادداشته‌که‌ی مامۆستا "مه‌حموود وه‌جدی قندیل":**

(به بۆنه‌ی شۆڕشه‌کانی به‌رزانی‌یه‌وه هه‌ندێك له مێژووی کورد)

له‌ژێر سه‌رۆکایه‌تیی مه‌لا مصطه‌فا به‌رزانی‌دا دیسانه‌وه پشێویی به‌رزانییه کورده‌کان ڕووی دایه‌وه. ئه‌م ڕوودانه‌یش به نیازی دروستکردنی ده‌وڵه‌تێکی کوردستانی گه‌وره‌یه هه‌ر به دوابه‌دوای ساڵانی ١٩٤٣–١٩٤٥ نزیکه‌ی په‌نجا هه‌زار چه‌کداری کوردی به‌رزانی و شێروان ورووژمیان برده سه‌ر ناوچه‌کانی سه‌ر قوڵغه‌ی پۆلیسی و سه‌رای حکوومه‌ت، باره‌گای سوپا و دێهات وه ئازایانه بۆ خۆیان سوپه‌ر و سه‌نگه‌ریان دروست کرد، له سێگۆشه‌که‌ی تورکیا و ئێران و عیراقه‌وه بانگی شۆڕشیان دا.

له (سواره‌تووکه) له‌گه‌ڵ چه‌کدارێکی کۆنی جه‌نگیدا ڕووبه‌ڕوو دانیشتین و ئه‌م وتووێژه‌مان کرد. وتی: شۆڕشی ڕابوردووی به‌رزانی تا ێستا له مێشکمدا ئه‌زرنگێته‌وه، وێنه‌ی خوێن و کوشتن و مردنی لاشه‌ی که‌وتوو له کۆڕی جه‌نگدا، له پێش چاوم ون نابێت. ده‌نگی بۆمبابااران و گرمه‌ی نارنجۆك و هاژه‌ی فڕۆکه‌ی ئینگلیز و عیراق له مێشکدا ده‌نگ ئه‌داته‌وه. زۆر له ژن و منداڵ و پیاومان له پێناوی به‌رزانی‌دا کوژرا، فڕۆکه‌کان هه‌موو دێهاتی کوردیان وێران کرد، به بۆمبا هه‌موو ناوچه‌ی عه‌شایره‌کانی دابێژا. ئیتر مه‌لا مصطه‌فا به‌رزانی به خۆی و ٨٠٠ جه‌نگاوه‌ری کورده‌وه پاش پتر له ده جار له‌گه‌ڵ سوپای ئێرانی و تورکدا تووشی جه‌نگی خوێنڕێژانه بوون، له ماوه‌ی ٥٢ ڕۆژا گه‌یشته ناوچه‌ی ده‌ریای قه‌زوێن.

به‌ڵام له‌گه‌ڵ وتم مه‌لا مصطه‌فا له ڕووسیاوه گه‌ڕایه‌وه و گه‌یشتۆته به‌غداد، پتر به ته‌واوی بێ‌ده‌نگ بوو. تێگه‌یشتین که هیوای عه‌بدولکه‌ریم قاسم جه‌نگاوه‌ره‌کانی کورد بوو. له سه‌ره‌تادا عه‌بدولکه‌ریم قاسم خۆی فێری باسی جیابوونه‌وه‌ی کردن له عه‌ره‌ب و داوای دروستکردنی کوردستانی گه‌وره‌ی خسته بیر و مێشکیان. ئێستایش هه‌ر به با و هیوای ئه‌و نیازه پاڵ به کورده‌کانه‌وه ئه‌نێت بۆ سه‌ر سلێمانی و که‌رکووك و هه‌ولێر و مووصڵ.

مامۆستا "مازن البندك" له ڕۆژنامه‌ی "الاخبار"دا ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٨ له‌ژێر ناوی (باسی شۆڕشه‌که‌ی کورد)دا:

پاش باسی مێژووی نەتەوەی کورد، پرسیار لەو شۆڕشەی ئیمڕۆ ئەکات کە بە ناوی کوردەوە لە ژووررووی عیراقدا لە کارایە.

بە ڕاستی تا ئێستا لە مێژووی عەرەبدا نەبینراوە کە لە نێوانی کورد و عەرەبدا ناکۆکییەك ڕووی دابێ، تا پێش هاتنی ئیستیعماری بەریتانی بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کورد و عەرەب بە خۆشی ڕایان بواردووە. لە پاش جەنگی یەکەم بەپێی پێویستی ئیستیعمار وە دابەشکردنی کیشوەری عەرەبی و دوای بانگی ئیستیقلالی عیراق لە کیشوەری ژووررووی عیراق لە ناوچە چیاکانیشدا دەوڵەتێکی تازە دامەزرا. لەم کاتەدا کەمال ئاتاتورکیش لەناو کوردەکاندا کوشتارێکی وای کرد کە زۆر گرنگتر بوو لە کوشتاری ئەرمەنییەکان و کوردی ئێرانیش بە چنگی عەرشی طاوسییەوە لە چەوسانەوەدا بوون. لەم کاتەدا کورد لەناو عەرەبدا بە خۆشی ئەژیا وە لە مافی عەرەبی جیا نەئەکرانەوە. حکوومەت ماوەی دان لە قوتابخانەکاندا بە کوردی بخوێنن، لە مەحکەمەکاندا بە زمانی خۆیان بدوێن. ئیتر عیراق بوو بە لانەیەکی بێترس بۆ کورد؟. سەرۆکوەزیران و وەزیر وە وەزیری داخلییەیان هەبوو لە چواردە لیوادا ١٢ موتەصەڕیف کورد بوون.

دوو مەبەست کە بە سیاسەتی ئیستیعمار کاری لە کەمینەکان کردووە.

١. دامرکاندنەوەی نیشتمانپەروەرەکان بە پەنجە و هاندان و بزووتنەوەی کەمایەتیەکان وەکوو سالانی پێشوو ١٩٣١ و ١٩٣٦ و ١٩٤٥.

٢. دانی دەسەلات بە کارگوزارەکانیان بۆ یارمەتی و پارازتنیان لە خاکی عەرەبیدا بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی حاکمیان و فەرمانڕەواییيان بە ناوی هێزی بێگانە وە بۆ پارازتنی کیشوەری عەرەبی.

ئەم شۆڕشە چۆن پەیدا بوو، چۆن دەستی پێ کرد، چۆن دوایی هات، ئایا هەموو کورد تێکەڵ بە شۆڕش بوون؟ وەلام، بەڕاستی کوردەکان خۆیان بڕیاری ئەم شۆڕشەیان دابوو، بەلام زۆریان ئەیانزانی کە لەم ناوچە بچووکەی کوردستانی عیراقدا ناشێت حکوومەتێکی کوردی دروست بکرێت، چونکە باوەڕیان بە خۆیان نییە و ئاسان نابێت. لەلایەکی تریشەوە هیچ کۆسپێك لە نێوانی کورد و عەرەبدا نییە، ناتەواوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەناو خۆیانایە و لە لایەن تورك و ئێرانەوە کوردەکان بێجگە لە عیراق نە ڕێزی کوردایەتی و گەلایەتییان هەیە و نە ڕێزی یەکسانییەکی ڕاستی.

ئیتر شۆڕشی چی؟ لە حوکمدا هاوبەشن، بە یەکتر بێگانە نین، لە شۆڕشی ١٩٤٥دا بەرزانی داوای جیابوونەوەی کرد لە نیشتمانی عەرەبی، بەڵام زۆری عەشایری کورد یاریەدەری سوپای عیراقی بوون، ئەیانویست شۆڕشی بەرزانی بشێلن و نەمێنێ و بەرزانی ناچار کرا خۆی بگەیەنێتە یەکیەتیی سۆڤیەت. ئیتر باسی جیابوونەوە نەما، بە هاتنی عەبدولکەریم قاسم دەست کرایەوە بە باوی تازە و مێژووی کەمایەتی لە عیراقدا.

شۆڕشی ١٤ی تەمووز کە عەرشی هاشمیی ڕووخان و خاپوور کرد بۆ ڕزگاریی عیراق و چوونە ڕیزی گەلی عەرەبی بوو، کە لەو سیاسەت و کۆسپانەی ئیستیعمار سەپانبووی بەسەریا و لە دەستوپێیەکەی هاشمی و نووری سەعید بوو بۆ یەکیەتیی عەرەبی. بەڵام عەبدولکەریم قاسم بۆ خنکاندنی عیراق سیاسەتێکی تووش و نالەباری لە دژی عەرەب گرت، لە سەرەتادا دەستی کرد بە ڕاکێشان و دڵنەوازیی کەمایەتییەکانی عیراق کە گەلی کورد سەردەستەیانە بەرامبەر بە (خەطەری عەرەبی) وە وای ئەزانی یەکیەتیی عەرەبی لەناو ئەبات. لەوکاتەدا بەرزانیش هێشتا لە خاکی سۆڤیەتدا بوو، لە کاتی وتووێژدا قاسم وتی: زۆر دژوارە لە عیراقدا جاسووس و پیاوخراپ لە نێوانی شیوعییە شوعووبییەکاندا بدۆزرێتەوە کە لە پێناوی بەریتانیادا بژیەت.

قاسم دەستی بۆ بەرزانی درێژ کرد و لە سۆڤیەتەوە هێنایەوە بۆ بەغداد، بەرزانی گەڕایەوە، بەڵام چۆن گەڕانەوەیەك، وەکوو بۆ داگیرکار یان فەرماندە و قوماندانێکی زۆر گەورە لە لایەن گەل و حکوومەتەوە پێشوازی کرا. ئیتر بەرزانی بوو بە نیگاهبانی قاسم لە دەستدرێژی بۆ سەر عەرەب وە لایەنگرەکانی بەرزانی بۆ چاووڕاو بەناو خوێندەواران و کێڵەر و ناوچەکانی کیشوەری کوردا بڵاوبوونەوە.

هەروەها قاسم ماوەی کردنەوەی حیزبی (پارت)یشی دا (پارتی دیموکراتی کوردستانی)، بەڵام داوای حیزبە عەرەبییەکانی خستە لاوە. قاسم مودیریەتی عامی دیراسەی کوردستانی بۆ کردنەوە وە لە داواکانی بەرزانی بۆ ئاوێتەی چوار موحافظەکەی کوردستان موحافظەیەکی تر لەگەڵ حوکمی زاتی و کردنەوەی جامیعەی

کورد بوو، کە ئەم داوایانە بەلای قاسمەوە زۆر گرنگ و گران بوو. قاسم بەرامبەر بە بەرزانی سیاسەتەکەی خۆی گۆڕی، داواکانی بەرزانیی نەئەبیست وە ڕووی کردە زێبارییەکان، چەکی زۆری دانێ، یارمەتیی زۆری دان وە بەرامبەر بە بەرزانی ڕایگرتن، لەناو چیاکاندا زۆری لەم عەشیرەتە کوردانە بەکوشت دا. بەرزانی لە فڕوفێڵی قاسم تێگەیشت، خۆی بەرامبەر ئەم دوو ڕێگایە بینی:

١. یان یەکسەر خۆدانە دەست قاسم و بەجێهێنانی هەموو داوایەکی،

٢. یان بچێتە جەنگی قاسمەوە.

ئینگلیزەکان ئەم هەلە زێڕینەیان نەدۆڕاند، دەستبەجێ دەستی یارمەتییان بۆ بەرزانی درێژ کرد بۆ ئەوەی شۆڕش دەست پێ بکات وە قاسم لەگەڵ شەریکەی نەوتدا بە ئاسانی ڕێك بکەوێت. بەرزانی ئالای کوردی هەڵکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بانگی شۆڕشی دا وە جەنگی عەشایریەکەی گۆڕی بە شۆڕشی کورد و هەموو عەشایر و کوردەکانی ڕاکێشا بۆ ناو شۆڕشەکەی.

جا لە تەواوبوونی نووسینەکەیدا ئەڵێت: جیابوونەوەی کورد لە عیراقدا داوایەکی خراپە و سەر ناگرێت وە جێباوەڕ نییە بتوانرێت دەوڵەتێکی کوردی لە عیراقدا دابمەزرێت، چونکە دراوسێکانیان (تورك و ئێران) نایەڵن، تەنیا هەلێك ئەبێ بۆ خۆشیی بێپایان و سوودی ئیستیعمار.

بینراو وە نووسینەکەی مامۆستا "شفیق الحوت" لە ڕۆژنامەی "الحوادث"ی بەیرووتی، ژمارە ٢٥٥، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٩ ئەڵێت: ڕۆژێکی هاوینی ١٩٥٣ لە ئوتێل (سان جۆرج)ی بەیرووت لەناو ئەسانسۆرەکەدا پیاوێکی گەنمڕەنگ بە چاویلکەی ڕەش و بەرگی سپییەوە هاتە دەرەوە و چوو لە سالۆنەکە لەسەر کورسییەك دانیشت، لاوێکی ئەسمەریش کە بە لوبنانی ئەزانرا، هات و لە لایەکەوە جووتیان گرت. گارسۆنەکەم ئەناسی کە شیوعییە، چووە لایان، زۆر بە ڕوویەکی خۆش و بەڕێزەوە لێی پرسین: چی ئەفەرموون؟ وەڵامیان دایەوە و گارسۆن بە زەردەخەنەوە گەڕایەوە. هەرچەندە لەو ڕۆژەدا ڕۆژنامەگەریش نەبووم، هەر لە کونجێکەوە ئەمڕوانییە بزووتنەوەی ئەم دوو پیاوە. خۆم پێ نەگیرا، گارسۆنەکەم بانگ کرد، پرسیم ئەم دوو پیاوە کێن؟ وتی

www.zheen.org

گەورەم ئەوە مەلا مصطەفا بەرزانی‌یە! پرسیم چۆن ئەزانیت ئایا ئەیناسیت؟ بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: یا خوا بێوەیی بێت. ئێمە چۆن پیاوە گەورەکان ناناسین.

– مەبەستی لە پیاوە شیوعییە گەورەکان بوون، من بەرزانی زۆر باشی ئەناسم.

بۆ بە تەواوی تێگەیشتن، چووم بۆ (مكتب استقبال)، پرسیاری ئەو پیاوەم کرد، وتیان پیاوێکی ئێرانییە، ناوەکەیشیان وت، بەڵام ئێستا لەبیرم چۆتەوە. پاش چەند ڕۆژێك لە ڕۆژنامەکاندا لەسەر قسەی (ئەمن)، ئەیانوت پیاوێکی شیوعیی زۆر خەطەر هاتۆتە لوبنان، بەڵام پێش ئەم نووسینانە بەرزانی ڕۆیشتبوو.

پاش ماوەیەکی زۆر بیستم کە شیوعییەکی زۆر گەورەی کورد داڵڵەی داوە بە ڕووسیاوە، لە ڕووسیای سۆڤیەتدا بووە بە جەنەڕاڵ، کە وابوو بەرزانی شیوعییە .. لە سوپای سووری سۆڤیەتدا جەنەڕاڵیشە وە لەلایەکی تریشەوە بەرزانی ئەیەوێت دەوڵەتێکی کوردی دروست بکات، زۆر جێی باوەڕیشە کە لە بەغداد ئەڵێن بەرزانی لەپێناوی ڕۆژ ئاواییەکاندا تێئەکۆشێت وە مۆخ و کاکڵەی ئەم شۆڕشە لە نێوانی بەرزانی و ئەوروپاییەکاندایە.

بام باوەڕ بخەینە سەر ئەو ڕاپۆرەی لە بەغدادەوە بۆمان هاتووە و لە کارەساتەکەی ژوورووی عیراق دواوە. قاسم چیی کرد و چی ئەکات؟ بۆ پارێزگاریی بەرژەوەندی کاری خۆی، باسی پاراستنی گەلایەتیی کردەوە کەوا ئیمڕۆ بەرەکەی ئەچنێت. بزووتنەوەکەی مەلا مصطەفا بەرزانی ئەوەندە گەورە بوو هەموو کورد ئاوێتەی بوو. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئاواتی خۆی و یاسای حیزبی (پارت)دا یەکی گرت کە خۆی سەرۆکیانە. بەرزانی لە شۆڕشەکەی پێشوویدا لە سێ هەزار چەکدار پترتر نەبوو، بەڵام ئەم جارە خۆیشی ژمارەیان نازانێت، ئیمڕۆ کوردەکان بەزۆری کەوتوونەتە شوێن ئارم و ئاڵای (پارتی)یەوە، داوا ئەکەن کە

– زمانی کوردی لە کوردستان‌دا ببێ بە زمانی ڕەسمی.

– پاککردنەوەی بەڕێوەبەرانی میری لە کیشوەرا بە پیاوی باش.

– دروستکردنی سوپای کوردی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

– میری زانیاریی گشتیی کوردستان وه جیابوونەوەیان له مودیرێتیی مەعاریفی مەرکەزی، کوردەکان داوای دروستبوونی ئەو دەوڵەتـه ئەکـەن کـه ئێـستا تـەنیا نـاوی هەیه و ئەو کارانەیش هەمووی له نێوانی بەرزانی و ئەوروپاییيەکاندایه.

زۆر ڕوونه که ڕۆژئاوایی‌یـەکان ئەیانـەوێت بـه هـۆی شۆڕشـەکەی بـەرزانـی‌یـەوه عەبدولکەریم قاسم ناچار بکەن بۆ ئەوەی (حیلفی بەغداد) دووباره بێتەوه و دۆسـتیان بۆ پەیدا بکات وه قاسم ویستی وێنەی خەنجەرەکەی کورد بخاته ناو ئـاڵای عیراقـەوه. لەگەڵ ئەوەدا که ئەوسا قاسـم بـۆ هێنانـەدیی داواکـانی کـورد فـەرمانی ئـەدا، کەچـی کوردەکان ئێستا ڕووبەڕووی سوپای عیراقی قاسمی ئەجەنگن. ئێمه نامانـەوێت بـزانین ئایا عیراق و قاسمی ئەجەنگن، ئێمه نامانـەوێت بـزانین ئایـا عـیراق و قاسـم کـەی لـەم تەڵەیه بەرەڵا و ڕزگاری ئەبن و ڕزگاریان ئەبێ، بـدوێن، چـونکه هەنـدێك کـەس ئـەڵێن: شانسی عەرەبه قەومییەکانه که عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ کوردەکـان تووشـی جـەنگ بووه، نەوەك بەرەنگاریی جەنگی عەرەب ببوایه که ئێستا زۆر چـاك ڕوون و ئاشـکرایه قاسم به هەموو هێزیەوه به چەکی هەمەچەشنه له کوردەکانی ئەدات[٨٤].

بنکەی ژین
www.zheen.org

[84] به ڕاستی وا دیاره مامۆستا "الحوت" چیرۆکنووسی چاك بێ، ڕەنگه تازەیش دەستی دابێته ڕۆژنامەگەری و له کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا بۆ پڕکردنەوەی ڕۆژنامەکەی نووسینی تەواوی نەبووبێت و یەکێك له ڕۆژنامەکانی عـیراق یـان بێگانـەی بەدەسـتەوه بـێ و بزووتنـەوه ترسـناکەکەی کـوردی عـیراق بـه سـەرۆکایەتی بـەرزانی بخوێنینەوه بەدەم مژ له جگەرەدان و چاوی قوچاوەوه ئەم چیرۆکەی به یادا هاتبێ.

زۆر ئاشکرایه له ئوتێل سان جۆرج به تایبەتی له هاوینا ڕۆژانه زۆر لەو پیاوه ئەسمەرو چاویلکەی ڕەش و بەرگی سپی پۆشراو ئەبینرێت نازانم چۆن ئەو پیاوه گەورەکانی شـیوعی خـسته ژێـر چـاودێری چـی پـاڵ پێوه نا کەوا وردی تێبگات و بیناسێت له کاتێکدا نه ڕۆژنامه نـووس بـوەو نـه ئـەمن. مـن نـاڵێم بـەرزانی نەچۆته بێروت وه یان هەموو جێگایەك بەڵام بەو جۆرەی که گارەسونێك بیناسێت نەچوه. ئەگەر بەرزانی بیوستایه ئەیتوانی به ناوی پارتی شیوعیی کوردستانەوه بارەگه بکاتـەوه، شۆڕشـەکەی ئێستایـشی بـەو ناوەوه بکردایه. بەڵام ئای له نووسینی بێ کەڵك کاشکی بیفەرمووایه له خەوما، چونکه له خـەوا شـتی وا ڕوو ئەدا که هەم شیوعی و هەم کارگوزاری ئیـستعماری ئینگلیـز و ئەمـەریکا بێـت مەگـەر ئەمـەیش لـەناو خۆرشتی لۆقەنتەکانا دەست بکەوێت.

نووسین و بیروباوەڕی ڕۆژنامەنووسەکانی تا ساڵی ١٩٦١ کە زمانی گەلەکانیان نین، لەگـەڵ دۆزانەکـەی (الرابطـة القوميـة في العـراق) پیـشان دران. زۆر بـاش بـەلای پیـاوە سیاسیەکان و گەلە خاوەن بەختەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ڕوون و ئاشکرایە کە بەرزانی بە هەموو گەلی کوردەوە لەپێناوی مافی گشت گەلی کوردا گیان بەخت ئـەکات. کـە وابـوو چاکترین ڕێگا ئەو ڕێگایەیە کە بە قسە و نووسینی ڕاست گرتن ببرێتە سەر.

بۆ ئاگەداری:

زۆر لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامانـە نووسـینەکانیان هـەر پـەلاماردان و لـە قـسە و نووسـینی بـاش گـورێزکردن پاتەکردنـەوە بـوو، لێرانـەدا نـاو و ژمارەکانیـان پیـشان ئەدەین، تاوەکوو خوێندەوارەکانمان ببینن کە بە زمانەکەیان ئاگرخۆشـکەرن و سـەر لە عەبدولکەریم قاسم شێواندن بووە.

| | ژمارە | ڕۆژ |
|---|---|---|
| ڕۆژنامەی "الفجر الجديد" | ٥٠٢ | ٩٦١/٩/٢١ |
| | ٥٠٥ | ٩/٢٥ |
| | ٥٠٠ | ٩/١٩ |
| | – | ٩/٢٧ |
| "العهد الجديد" | ٢٢٤ | ٩٦١/١٠/٨ |
| | ٢٣١ | ١٠/٢٢ |
| | ٢٣٥ | ١٠/٢٧ |

دۆزانی (الرابطة القومية العراقية) – ٩٦١/١٠/١٥

دۆزانی (حیزبی شیوعیی عیراقی)، ڕۆژی ٩٦١/١٠/١٤:

ڕووداو و کارەساتی کوردستان، لە نووسینەکەی مامۆستا "ئەحمەد فەوزی".

لەم بەشەدا: قاسم والاكراد، لاپەڕە ٢٦٠.

١. ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا.

٢. بۆ خوێندەواران.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دۆزانی حیزبی شیوعیی عیراقی ڕۆژی ١٩٦١/١٠/١٤
## له بابەت ڕوودان و کارەساتی کوردستانەوە[85]

ئەی تێکۆشەرانی گەلەکەمان، تێکۆشن بۆ دوایی‌پێ‌هێنانی ئەو کارەساتە ناڕەوایە کە حکوومەت لە کوردستان‌دا بە کاری ئەهێنێ. ئەی هێزی نیشتمانپەروەران، بۆ جێبەجێ‌کردنی کاری کوردستان بە ڕێگایەکی دیموکراتیدا تێکۆشن بۆ دوایی‌پێ‌هێنانی فەرمانڕەواییی ئەو کەسەی بە بیری خۆی ئەبزوێتەوە و بە پێچەوانەی چاکە و سوودی گەل و نیشتمانەوە و بۆ نابووتکردنی مافی گەلی کورد ئەجووڵێتەوە.

حیزبەکەمان، حیزبی شیوعی عیراقی، یەکەمین حیزبی نیشتمانییە کە لە پێش ٢٧ ساڵەوە لە پرۆغرامەکەیاندا بۆ ڕزگاری و مافی کورد تێکۆشاوە، بەلایەوە پەسەند بووە.

حیزبەکەمان، یەکەمین حیزبە کە بڕیاری پێکهێنانی هۆی ئازادیی بۆ گەلێکی تێکۆشەر و چەوساوە دا وە بۆ یەکیەتی و تێکۆشانی گەلی عیراق ئەبزوێتەوە، چونکە یەکەمین ئاواتی ئەم حیزبە ئەوەیە کە زاڵیەتی نەمێنێ وە زۆر بە گرنگی ویستوویەتی کاری کورد بە باشی دوایی بێت. ئەم تێبینییەیش پێشنیارێکە کە لە باوی پێشوو وە ئەم باوەی ئێستای جمهووریشدا ئاشکرایە کە هەر بە نەزانی بۆ لەناوبردنی ناوی گەل لە ڕووی زەویدا بە ئاگر و ئاسن، بە گرتن و خنکاندن، بە ئاوارەکردن و سەرلێشێوان، تواننەوەی ناوی گەلایەتییان، یان بە گوللەبارانی تۆپ لە کنەکردن و لێدانی گەلی کوردا خەریکن، بۆچی نازانن کە هەموو گەلانی جیهان تا کیشوەرەکەی ئەفەریقایش سەرتاپا لە دیلی و یەخسیری ڕزگاریان بووە؟! بەڵام تەنیا گەلی کورد لە پەرێشانیدا ئەژین و لێ دراون؟!

بزووتنەوەی کورد دەستکردی ئیمڕۆی ئێمە نییە وە هیی کوردە نیشتمانییەکانی ئەم باوەیش نییە، چونکە لەمێژەوە تا ئەم کاتە کورد بەرامبەر بە دەسەڵات و فەرمانڕەواییی عوثمانییەکان وێستابوون، بە جارێك بە یەك‌دەنگ داوای مافی گەلایەتییان ئەکرد. لەم ڕێگا و ئاواتەدا زۆر خوێنیان ڕشتووە وە ئێستایش لەو ڕێگا ڕاستەدا خوێن ئەڕێژن. ئەم بزووتنەوەیە و خوێنڕشتنەیشیان بەرامبەر بە زاڵیەتی و فەرمانڕەواکانی

---

[85] قاسم والاکراد، لاپەڕە ٢٦٠.

بەریتانیا، فەڕەنسا، تورك، ئێران لەدژی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی عیراقیش بوو وە ئەم ڕاپەڕینانەیان بەرامبەر بەو دەسەڵاتدارانە بە لایانەوە هەموویان وەکوویەك بوون.

هەندێك لە لا سیاسییەکان وا ئەزانن کە ئەم و سێبەری زاڵیەتیی قاسم کشاوە بەسەر گەلی عیراقدا و نازانن کە لە چارەسەرکردنی کارەساتەکەی کورد گوریز ئەکات کە بە دەستوور ناڕەوایی دراوەتە دەست یەك کەس کە ئەویش عەبدولکەریم قاسمە. جا ئەبێ ئەوە بزانن کە هەموو دێهاتییەکانی کوردی بێدەسەڵات بە بۆمبا و ساروخ سووتان. ژن، منداڵ، پیر، لاویان کوژرا، لەناو بران. کەچی دەنگ و هاواری نیشتمانپەروەرانی کورد بە هیچ گوێچکەیەك نابیسترێت، هەر لەبەر ئەوەی ئەیانەوێت لە یەکیەتیی عیراقدا بە مافی گەلایەتیی خۆیانەوە بژین.

ئەم ناڕەواییە زادەی ئەوەیە کە لە عیراقدا تائێستا نە دەستووری حوکمی پەرلەمانی دیموکراتی بۆ گەل دانراوە، نە دەستووریش بۆ کۆتاییپێهێنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی یەك کەس دروست ئەبێ. کە وابوو ئەبێ تێکۆشین بە تێکۆشانی گشت هەموو گەل و تیرە و ڕەگەزێك وە هەموو حیزبە سیاسیەکانیش، ئەرکی دانانی دەستوور و ئاسوودەیی بۆ عیراق بگرنە ئەستۆ.

بزووتنەوەی گەلی کورد وە نەبێت تەنیا کار ڕاست بکاتەوە، بەڵکوو هێزێکی بەهێزە کە بزووتنەوەیەکی دیموکراتی و نیشتمانی بۆ گشتی پیشان ئەدات. ئەو هێزە سیاسییانەی دژی ئیستیعمار و زاڵیەتییەکەیانن ئەگەر ئیمڕۆ چاوپۆشی لە ماف و کاری کورد بکەن. واتە دەستبەرداری لە چەك بەرامبەر بە دوژمن جێباوەڕیش نییە کە قەومییە بەشەرەفەکانی عەرەب چاوپۆشی لە مافی گەلایەتیی کورد بکەن وە گەلی عەرەبی عیراق مەسئوول و سووچدار نییە کە دەسەڵاتی یەك کەس لەدژی کورد لەکارایە و ئەو خوێن ڕژاننە دروست و بەرپا ئەکات. جا ئەگەر لەو خوێنڕژاننەی کە لە کورد ئەکرێت، بێت و نوێنەری باوەڕپێکراوەکانی گشتی لێی بێدەنگ بن، گوناهێکە کە لێبوردنی نییە.

حیزبەکەمان کە یەکەمین حیزبی سیاسییە لە عیراقدا پێش بزووتنەوە و پەلاماردانەکەی حکوومەت ئێمە دژواریی کارمان بە دۆزانی مانگی مایس و ئاب و لە پەلاماردانەکەی ئەیلوولیشدا حکوومەتمان بە خراپی دوایی ئەم کارە ئاگادار کرد وە

بەچاو گوزارشی چۆنیەتیی کارگوزارانی ئیستیعمار بکرێت و لەدژی نیشتمانییەکان بە دارایی و یارمەتییان ببزوونەوە، چونکە بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار دەرمانی کارەساتی کورد و نیشتمانییەکانی کورد ناکرێت، کەچی ئەم داوایەمان کە بۆ جێبەجێکردنی داوای گەلی کورد بوو، بە ئاشکرا بە یاخیگەرییێکی عەشایەری زانرا.

...

ئێمە داوامان لە حکوومەت کرد بە ناسین وە پیشاندانی پیاوە خراپەکان و جیاکردنەوەیان لە پیاوە قەومییە بەشەرەفەکانی کورد کە لە تێکۆشانی ڕزگاریی گەل و نیشتمان وە چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی کوردستان بە دەستوورێکی بێوەیی و دیموکراتی، چونکە بە بزووتنەوەی سوپایی و پەرێشانکردنی گەلی کورد هیچ سوودێك نایەتە دی. حکوومەت بە فرِوفێڵ و پێچوپەنا و کردەوەی کێویانە ئەیەوێت داوا و ئاواتی گەلی کورد لەناو ببات، ئەو گەلە کە بۆ مافی گەلایەتییان تێئەکۆشن!

ئەی نیشتمانپەرەوەران،

حکوومەت لە ئێستگە و ڕۆژنامەکاندا، بە ناوی لەناوبردنی پیاوە زۆردار و زاڵەکانەوە، ئەیەوێت دەستی خۆی بوەشێنێت و چاوڕاوەکەیان ئەلێن و ئەلێنەوە وە ئەیەوێت بە دەستی خۆی بەهۆی کرێکار و کێڵەرەکانی کوردستانەوە بکات. بە دزییەوە نامەی لێبوردن بۆ ئاغاکان و بەگەکانی جاف ئەنێرێت، ئەمەیش نامەیەك لە نامەکانی ناردوویانە بۆ ئاغاکانی پشدەر.

ئاغا بەڕێز و خۆشەویستەکانی پشدەر:

ئەو کوێرەوەری و دەردیسەرییەی پێش دوو ساڵ بەسەرتانا هات، خۆتان هۆیەکەی ئەزانن کە بێگانە هانی ئەو گێرەشێوانانەیان دا چەك و پێویستیی دانێ بۆ ئەوەی چورتم و سزا بەسەر ناوچەکانتانا بهێنن و لەو ناوەدا پشدەری خۆشەویستمانیشی تێدا چوو. هەر لەبەر ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی عیراقەوە ئێوە بە دۆستی و برایەتی ڕاتان بواردووە وە لە دژی هەموو شۆڕشێك بوون کە لە دژی حکوومەت بووبێ، ئێستا داوا لە برایانی پشدەریی بەڕێز ئەکەم کە خۆتان دوور بگرن لە یاخیەکان.

ئەی براینە:

مەلا مصطەفا بەرزانی و شێخ ئەحمەدی بەرزانی پەیمانی تەواویان دا کە بېڕای بېڕای تێکەڵ بە بزووتنەوەی عەشایری نەبن، تا هەتا هەتایە لەگەڵ حکوومەت بن. ئیتر نابێ ئێوە باوەڕ بە چاوڕاوی یاخیەکان بکەن، کە گوایا بەرزانییان لەگەڵە، چونکە درۆیە و درۆیەکی گەورە.

محەمەد عەبدوڕڕەزاق

فەرماندەی ئۆردووی دووەمی کەرکووك

ئەو دەسەڵاتدارەی کە جەنگ لە ڕووی ئیستعیمار و کارگوزار– کلکەکانیان دوور ئەخاتەوە، ئەبێ مەرایی و کلکەلەقەیش بەرامبەر بە دروستکراوەکانی ئیستعیماریش بکات، وەك ئەڵێت ((براینە ئاغایانی پشدەر، گەورە و بەڕێز))، بەم جۆرە ئەم نامە چەپەڵ و بێئابڕووییە ئەنێرێت، بەبێ شەرم بە ئاغاکانی پشدەر ئەڵێت: لە یاخییەکان دووربکەونەوە وە شێخ ئەحمەد بەرزانی و مەلا مصطەفا بەرزانی هاوبەش و هاوچەکی ئەو شۆڕشگێڕانە نین.

پاش ئەو نامە دڵسۆزی و برایانەی بۆ ئاغایانی پشدەری کلکی ئیستیعمار، ئەم جارە بەرامبەر بە بەرزانییەکانی بەناوبانگی لە ڕێگای نیشتماندا چەوساوە و هەمیشە لە تێکۆشانی گەلایەتیدا لە ژیانی ترشوتاڵی کولەمەرگیدا بە درێژیی ساڵەهای ساڵ لە کێشە و کوشتندا بوون، بە پێچەوانەی نامەکەی پشدەر کە ئەنووسێت ((برا ئاغا پشدەرییە خۆشەویستەکانم))، بە هەڕەشەی کوشتنی پیر، ژن، منداڵ بە سەد سەد وەکوو درێغیی نەکرد و لە هەموو کیشوەری کوردستاندا داروبەردی هاڕی، نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەیشی نارد بۆ بەرزان.

**نامەی هەڕەشە (انذار) بۆ عەشیرەتی بەرزان:**

حکومەت ویستی ناوچەکەتان بۆ ئاوا بکاتەوە، پلەی گوزەرانتان بۆ بەرز بکاتەوە و بە چاوی خۆیشتان بینیتان. بەڵام مەلا مصطفی ئەیەوێت وێرانی بکات و تاڵان بکرێن. ئەیەوێ پەنا بدات بە یاخیەکان بۆ ڕاووڕووت و خۆیشیماڵی حکوومەت ببات وە هەڕەشە

تنكەی ژین
www.zheen.org

له قەڵا و قوڵڵغی پۆلیس بکات، چاکەی حکوومەتی فەرامۆش کرد. لەبەر ئەوە حکوومەت بڕیاری دا ئەگەر نەگەڕێتەوە و بە ئاسوودەیی دانەنیشێ، بۆ لەناوبردنی هەموو دێهاتەکانتان وە کوشتنی ژن و منداڵ و پیری بێگوناه و بێسووچ درێغیتان لێ ناکرێت. ئەمە ئەوەیە کە مەلا مصطفەفا بەرزانی ئەیەوێت.

((انا لله وانا الیه الراجعون))[٨٦].

زەعیم مەحموود عەبدورڕەزاق

قائیدی فیرقەی دوو– کەرکووك

بۆ بەربەرەکانی و چورتمنانەوە بەرامبەر بە بەرزانی، لە گەنجینەی میری و ماڵی گەل ئەم پارە مۆڵە درا بە پشدەرییە بەکرێگیراوەکان و ڕێکانییەکان.

لە مودیریەتی مالییەی عامەوە بەم نامەیە ژمارە ١٤٨/٢٣/١٤ی ڕۆژی ١٩٦١/٩/٦ فەرمان درا بە مودیری خەزێنەی سلێمانی کە ئەم پارەیە بدرێت بەم جێگایانەی لەژێرەوە پیشان دراوە:

٥٠٠٠ دینار بەو پشدەریانەی لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە،

٢٠٠٠ دینار بەپێی نامەی ژمارە ١٣٨ی ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٧یش ئەم پارەیە دراوە بەو ڕێکانیانەی کە دۆسکی و بەرزانییەکان خراپەیان لەگەڵ کردوون.

زۆر بە هەزاران دیناریان بەشییەوە بۆ کڕینی عەشایری کورد و بەکرێگرتنی پۆلیسی غەیرە نیظامی .. بۆ ئازار و لەناوبردنی کوردە ئازادیخوازەکان کە لە پێناوی گەلی کوردا گیانیان بەخت ئەکەن.

حکوومەت خۆی بەرامبەر بە کوردە ئازادیخوازەکان بە گوللەی تۆپ، فڕۆکە و بۆمبای ساڕووخ، سووتانی دێهات لە کارا بوو. سەرەڕای ئەمەیش، هانی عەشایر و دەسەڵاتدارە خۆفرۆشەکانی ئەدا بۆ بەکارهێنانی خراپە بەرامبەر بە کوردی تێکۆشەر یان بۆ سەر دێهاتی بێدەسەڵات.

---

[86] زۆر سەیرە لە نامەی پێشوا ئەڵێت شێخ ئەحمەد و مەلا مصطفەفا بەرزانی نەبزوونەتەوە و نابزوون، ئێستا بە پێچەوانەی فەرموودەکەی خۆی پیشان دا، زمانی تەڕ و پاراو.

وێنەیەك لەو كارەساتەی حكوومەت كە لە ١٩٦١/٩/١١دا بەسەر گەلیا هێنا

بەبێبەزەیی بە هەموو گیانی كێوییانەوە حكوومەت ئەم دێهاتانـەی خـستە ژێـر زەبر و باڵی فڕۆكەكانی عیراقی بۆ سووتان، كوشتن، ئەمان: عەمادییە، دهـۆك، زاخـۆ، بەرزان، مێرگەسوور، شەقڵاوە، سۆلاف، كۆیە، ڕانیە، ڕایات، هیران، گەلاڵـە، قـەڵادزە، پێنجوێن، چوارتا، ماوەت، بازیان، دەربەندیخان، مەخموور.

بێجگە لەم شوێنە ناسراوانە، زۆر لە دێهاتی دوور لە شۆڕش وێران كرا، زۆر بێگوناه كوژرا. زۆر لە كێڵەر و هەژارانماڵیان سووتا، بەبێ سەروشوێن ئاوارە بوون.

حكوومەت لە عەشایرە بەكرێگیراوەكانی چـەتەی دروسـت كـرد، بـۆ ئـەوەی بـۆ كوشتن بەرامبەر بە كوردە تێكۆشەر و گیانبەختكارەكان بوەستن. بە پارەو بـە چـەك یارمەتیی سەرۆك و عەشایرەكانی سوورچی، زێباری و كەلحی ئاغای دا و مانگانەیـشی لە گەنجینەی دەوڵەت و خوێنی گـەل بـۆ بڕینـەوە. ئـەو دێهاتـە بـێوەیی و لـە هـەموو كارەسات بێئاگە بوون، تالانیان كردن، سووتانیان.

جـــەردەكانی حكوومـــەت لـــە كـــەركووك و مووصـــڵ بـــە نـــاوی ڕەگەزایـــەتی و سەرشـكێنەكردنی نیـشتمانیەكانەوە دەسـتیان كرد بـە بـەدخواهی بەرامبـەر بـە كـورد. دائیرەكانی ئەمن و پۆلیس بە ناوی پشكنین بـۆ چـەك ماڵپـشكنینێكی زۆر فراوانیـان لـە كوردسـتاندا دامەزرانـد و لـە شـارەكاندا زۆر بـەتین دەسـتیان پـێكرد. ئـەمن و پۆلیـسی كەركووك لە كاتی ماڵپشكنیندا لە ناوچەی (دبس– دووبز) لە دێی (شوان) پـاش گـەڕانی هەموو خانوەكان بە بیانووی بۆ چەك گـەڕان، دەسـتدرێژییان كـردە سـەر ڕێـز و نافـەكی ئافرەت، پـەلاماری گرتنـی زۆر كەسـیان دا لـە شـارەكانی كوردسـتاندا. كرێكـار، كێڵـەر، قوتابی، موثەقەف و ئەمانەی دووریش بوون لە شۆڕش خزانە بەندیخانەكان و بە هـەزاران كـوردی بێسـووچ و گوناهیـان بـەپێی مـاددەی ٨٠ لـە ق. ع. ب گـیرۆدە كـردووە، بـەڵام كارگوزار و كلكەكانی ئیستیعمار بە سەربەستی و بـەپێی یاسـای بـێترس، وەكـوو ماسـی بێكێرد ئەسووڕانەوە و خاوەنی هەموو خۆشییەك بوون.

ئەی نیشتمانپەروەران

ئـــەم جـــەنگ و پیلانـــەی بـــۆ لـــەناوبردنی گـــەلی کـــورد دامـــەزراوە، ســـەرەڕای سەرکەوتنەکانی هێزی سوپایی بـە چـەکی گـران و بۆمبابـارانی فڕۆکـە و سـارۆخ و هێـزی چەتەگەری لە ئاغاو پیاوە خۆفرۆشەکان لە دەستدرێژی کوردی بێگوناه ڕاناوەستن، لەولایشەوە پیاوە دەسەلاتدارەکانی میری وەکوو مودیری پۆلیسی مووصـڵ "عـەبادی" و یاخیەکانیان تۆوی خراپە ئەڕێژن، لە بەندیخانەکاندا بـە ئەشکەنجە کـورد ئـەکوژن. ئـەم جارەیش ئەیانـەوێت بـەرزان وێـران بکەنـەوە، وەکـوو باوەکـەی نـووری سـەعید ئـاوارە و دەربەدەریان بکەن.

ئەوا ئێستا بانگی هەموو نیشتمانپەروەران ئەکەین، ئەبێ داوای هەموومان ئـەوە بێت کە حکوومەت هێزە بەدبەختەکەی بکێشێتەوە وە دەست لـەو هێرشـبردنەی سـەر کوردستان هەڵگیرێت. ئەی گەلی نەترس، تێکۆشن بۆ بەجێهێنانی ئەم داوایانەمان.

١. وێـستانی لـەناوبردنی تێکۆشـەران لـە کوردسـتاندا، بڵاوکردنـەوەی دۆزان و نەشرە بە ئیعترافکردن بە مافی گەلایەتیی کوردی عیراقـی لـە چوارچـێوەی عـیراقدا، دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە کوشتار و خوێنڕژاندن لە ژووری عیراقدا.

٢. لێبوردن لەو کەسـانەی لـە کوردسـتاندا هاوبەشـیی چـەکدارانیان کـردووە و بـــەرەڵاکردنی بەندییـــە سیاســـییەکان و دانـــی پاداشـــتی زیـــانلێـــدراوەکان لـــەڕووی پەلاماردانی هێزی سوپاییی میرییەوە.

٣. حکوومەت ماوە نەدات بە ئاوارەبوونی بەرزانییەکان.

٤. دامەزرانـدنی فـەرمانڕەوایی نیـشتمانی و گەلایـەتی بـدرێت بـە کـورد لـە چوارچێوەی عیراقدا.

١٩٦١/١٠/١٤

حیزبی شیوعیی عیراقی

بنکەی ژین
www.zheen.org

**له ڕۆژنامەکانی بێگانە**

(قاسم والاکراد لە لاپەڕە ١٤٧)وە

**ڕۆژنامەی "تایمس"ی بەریتانی، ١٩٦١/٩/٢٠:**

بەریتانیا شۆڕشی ئەمجارەی کورد لە خۆی دوور ئەخاتەوە، ئەیسەپێنێ بەسەر (ڕووس و شیوعی)دا لەژێر ناوی (قاسم بەرەو ماندووبوونە) وە ئەڵێت: –دەسەڵاتدارانی عیراق ئەڵێن– بزووتنەوەی ئیستیعمار لە دژی بێوەیی و ئاسایشی عیراقدا کە کورد دەستی پێکردووە، بە تەواوەتی شێلرا. بەڵام بەپێی ئەو ڕاپۆرانەی لە دەوڵەتە عەرەبیەکانەوە وەر ئەگیرێت، ئەو قسەیە دوورە لە ڕاستییەوە، هەندێك لە ناوچەکانی ژووررووی مووصڵ لەژێر دەستی حکوومەتدا نەماوە.

ناوچەی دوور لە چاودێری و قسەوباسیش زۆرە و لە ڕاستی تێگەیشتنیش ئاسان نییە. بام هەرچی چۆنێك بێ بابێ. بەغداد ئەڵێت: ئۆتۆمۆبێلەکانمان لە پەناکانا شارراوەتەوە. قولْغی پۆلیسەکان وێران کران، لە دەربەندیخان بۆ ماوەیەك ئیشوکار وێستا. دەربەندیخان، ٢٠٠ میل لەو جێگایانەوە دوورە کە شۆڕشیان تێدایە.

ئەمانە هەمووی ئەو ئاشووبە پێشیان ئەدات کە زۆرتری ئاژاوەی عەشایرییە لە عیراقدا، ئەوە نییە کە لە کیشوەری ژوور و لەناو چیاکاندا ڕوو ئەدات. ئەیشێلن ئەم ئاژاوەیە کە بەرپا بووە، ئەو مەلا مصطەفا بەرزانییە کە جەنگاوەر و شۆڕشگێڕەکەی سالانی لەمەوپێشە، پاش جەنگی دووەم لە عیراقەوە ڕۆیشت داللەی دا بە ڕووسیا، بەڵام پاش شۆڕشی ١٩٥٨ بە چەکدارەکانیەوە گەڕایەوە بۆ عیراق، بە شێنەیی ماوەیەك لە بەغداد مایەوە، لەدواییدا گەڕایەوە بۆ بزووتنەوە نهێنیەکەی. بە تەواوی ڕوون نییە کە ئایا هەر تۆڵەی ئەو ماوە دوورکەوتنەی لە عەشایرەکان ئەسێنێ یان پتر لەوە؟ لەمەوپێش خۆی و عەشیرەکەی ئالای دەوڵەتێکی سەربەستی کوردیی هەڵکرت وە ئەتوانێت جارێکی تر ئەوە بکات وە هاتوو کردی کێی لەگەڵ ئەبێت؟

وەڵام بێگومان ئەو ڕووسیایەی کە بەرزانی داللەی پێ دابوو وە لە پەنایانا بوو، هەمیشە پشتگیریی ئەکات وە بەم هۆیەوە بۆ بزووتنەوەی جیابوونەوەیش لە تورکیا و

ئێران و عیراق. بام وەکوو حکوومەتی عیراق ئەیەوێت، بڵێین با ئـەم بزووتنەوەیـە یـان یاخیەتیـەیش دابمرکێتـەوە، بـەڵام گومـان نییـە دواییەکـەی بـۆ حکوومـەت دژوارتـر (خەطەر) ئەبێ.

عـیراق لـە سـەرەتای شۆڕشـەکەیدا بڕیـاری دا کـە مـافی یەکسانی بـدرێت بـە کەمایەتییـەکان و عیراقـیش جمهووریـەتی عـەرەب و کـوردە، تائێـستا شـۆڕش بـەرەو جیابوونـەوەی ئـەو بـیرە کۆنـە ئەڕۆیـشت. خـۆ ئەگـەر لەگـەڵ نەتەوەیـەکی دەرەوە (خاریج) پەیمان ببەستن، ئیتر بەرەو ناسکی و دژواری ئەچێت.

تاقی کراوەتەوە کە شۆڕشی کورد بە تەواوی ناکوژێتەوە و دوایی نایـەت، تـەنیا هەر پشوو ئەدات. چەند چەکی حکوومەتی عیراقی پتر و زۆرتر بێ، زیانی زۆرتر ئەبێ، چونکە پەلاماردانی ژووروو پترتر ئەبێ. بێجگە لەمەیش، عیراق دەوڵەتێکی وا نییە کـە لیوا قاسم بە تەواوی لە کوردستانی عیراقدا سوپاکەی ببینێ وە ضابطەکانی سوپایش کە بەرێوەبەری کیشوەرن، نایانـەوێت جـارێکی تـر بـۆ پـەلاماردانی عەسـکەری لـەناو چیاکاندا بگەڕێنەوە بۆ جەنگ.

ڕۆژنامەی "سکتسمان"، ڕۆژی ٢٠/٩/٩٦١:

پێش نزیکەی چل ساڵ لۆرد کۆرزن لەبابـەت دواڕۆژی مووصـڵ و کوردەکـان وە لە کۆبوونەوەکەی لۆزاندا بەربەرەکانیی کرد و وتی: کورد لە نێـوانی تـورك و ئێـران و عیراقدا پچرپچڕ ئەژین. نیـشانەی گەلایـەتیی کـورد زۆر بـەهێزە و هەرچـەندە بـە بـیرا نایەت کە دەوڵەتیان بووبێ، بەڵام لە سـاڵی ١٩٢٥دا کـە مووصـڵ خرایـە سـەر عـیراق، ئیمتیازات (مافی پێویست)یش درا بە کورد.

کە عیراق پاڵی دا بە جامیعـەی عەرەبییـەوە و خـۆی بـە سەربەسـت و موسـتەقیل زانـی، لـە یاسـای سیاسـەت لای دا، لـەم دواییەیـشدا زانـرا کـە قاسـم خـەریکی شـێلان و لەناوبردنی دانیشتووانی ناو چیاکانە لـە ناوچـەکانی ژووروودا بـە پێچەوانەی یاسـا، ئـەم شۆڕشە کە لە دژی قاسمە گەیشتۆتە مەڵبەندی تورکیا و ئێران.

ئەو پیاوە بەرز و ناودارەی شۆڕشی کوردی لێ ئەگێڕنەوە و لە تێکۆشاندایە ئەوە "مەلا مصطفا بەرزانی"یە کە لە باوی پێشووی عیراقدا داللەی دابوو بە ڕووسیا، هەر بەو بۆنەیەوە ناوی شیوعیەتییان داوەتە پاڵ کە چۆتە ڕووسیا. بەڵام زۆر باش ئەزانین کە کوردێکی ڕاست و نیشتمانپەرستە. قاسم بەرزانی هێنایەوە بۆ عیراق، بەڵام وا دەرکەوت کە کوردەکان بەوە دڵخۆش نابن ئەگەر ژێر دەستوور و بێدەسەڵات بن. نیاز و ئاواتی بەرزانی دروستکردنی دەوڵەتێکە لە کوردستاندا، بەرزانی سەرۆکی حیزبی پارتی کوردستانییە و کورد.

ڕادیۆی عیراق ئەڵێت: شۆڕشی کورد لە لایەن ئیستیعمارەوەیە و لە دژی ئاسایشی عیراق وە هەندێکیش ئەڵێن ئەم شۆڕشە لە لایەن ئەندامەکانی پێشووی پەرلەمانی عیراقەوە هان ئەدرێن و سەفارەتی بەریتانیا ڕێگا و شوێنیان بۆ دائەنێت.

ڕۆژنامەی "سکتسمان" دووبارە لە ڕۆژی ٩٦١/١٠/٢٧دا ئەڵێت: کاربەدەستەکانی عیراقی لە دیمەشق وتیان لە شۆڕشەکەی کوردا دەستی ڕووسەکانی تێدا نییە. لەوەپێش وایان ئەزانی کە کوردەکان بە چەکی ڕووس و بەریتانیا لە ناوچەکانیاندا شۆڕش ئەگێڕن، بەپێی نامە ڕاست دەستکەوتووەکان بۆمان ڕوونبۆتەوە کە شۆڕشی کورد هیچ پەیوەستییەکی بە سەفارەتی بەریتانیا و کوردی ئێران وە حیزبی توودەی (شیوعیی ئێرانی) وە پۆڵەندییەوە نییە.

بۆ ئەوەی سەرزەنشتی بخاتە سەر بەریتانیا و ئەمەریکا، عەبدولکەریم قاسم ڕۆژنامەگەرییەکانی کۆ کردەوە، گلەیی لە یارمەتیی بەریتانیا کرد بۆ کوێت و تازەکردنەوەی گفتوگۆیەکەی لەگەڵ شەریکەی نەوتی عیراقی کە سەر ناگرێت.

ڕۆژنامەی "فلیت ستریت بەریتانی" لەژێر ناوی (یەکیەتیی سۆڤیەت یاریدەدەرە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی): لەو ڕۆژەوە کە عەبدولکەریم قاسم حاکمی عیراقی وەرگرتووە، یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ دروستکردنی دەوڵەوتێکی کوردی یاریدەدەریەتی. بەم بۆنەیەوە کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش هەموویان لەگەڵ کوردی ئەرمینیا و ئازەربانجانیش ئاوێتەی بکەن. دەرکەوت کە قاسم خۆشنوود نییە لە مۆسکۆ بە بۆنەی یارمەتییە ناگەهانیەکەیەوەیە کە ئەیەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزرێنێت،

بنکەی ژین
www.zheen.org

چونکە ڕووسیا پەروەردەی ئەم بیرەی کرد لە ئێستگەکانەوە بڕیارەکەی کۆبوونەوەی لاوانی لە مۆسکۆ بڵاو کردەوە. بێجگە لەمەیش، لە ئێستگەی چاوڕوای سۆڤیەتی لە بەرلینی ڕۆژهەڵاتەوە بڵاو کردەوە کە بڕیاری یەکەمیش ئەمە بوو.

١- لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریال و هێزە کۆنەپەرستەکانەوە کە ئەوسا کوردستان پارچەپارچە کرابوو، ئێستا کوردەکان ئەیانەوێت کۆ ببنەوە و پێویستیی یەکیەتیی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی بێت، پێکبهێنن. ئەو بڕیارەیش ئەوەیە کە کورد خۆیان خاوەنمافن وە ئەیانەوێت هەموویان یەك بگرن وە ئەیشڵێن کورد لە تورکیادا ٦ ملیۆن و لە ئێراندا ٢ ملیۆن و لە عیراقدا ٤ ملیۆنن وە بە زۆرداری لە مافی گەلایەتی بێبەش کراون، بەڵام لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە لە هەرسێ بەشەکەدا بەزۆر کەم خەمڵ کراون[87].

لە بڕیاری دووەمدا ئەڵێت:

٢- پەلاماری پەیمانی ناوچەییی (سەنتۆ) ئەدات، لەسەر ئەم بناغەیە ئاسایش و پارێزگاریی گەلی کورد لە دژواری (خەطەر)دایە.

وە لە بڕیاری سێیەمدا ئەڵێت:

٣- لە بابەت ڕزگاریی گەلی کورد و یەکیەتیی کوردەوە، ڕێکخستن و پێکهاتنی کاری گەلی کورد ڕەنگە هەر لەڕوودا بێ تا دواییپێهێنان بە ئیستیعمار و دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. وە لە بڕیاری چوارەمدا بۆ کۆبوونەوەکەی لاوان لە مۆسکۆ.

٤- کوردەکانی سۆڤیەتیش خاوەنمافن وە بە تەواوی وەکوو گەلێکی سۆڤیاتی ئەژین و ژیانیشیان لە ژیانی گەلی کوردستان جیاواز نییە. کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ ئەبێ وەکوو جمهوورییەتی سۆڤیەتی ڕێکخراو بێ وە یان یەکێك لە جمهوورییەتەکانیان وە لەو کۆبوونەوەیەدا سێ ڕاسپێرییان کردووە:

١. پەلاماردانی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی ئیمپریالیزمی کۆنەپەرستی بدرێت کە لە دژی گەلی کوردە.

---

[87] بڕوانە: قاسم والاکراد، لاپەڕە ٢٧٤.

٢. خۆشنوودی بە هەموو یارمەتی و یاریەدانێك لە ڕێگای پێكهێنانی كاری گەلی كوردا.

٣. بڕیار و بانگدانی كۆمەڵ (مؤتمر) بە لایەنگریی تێكۆشانی گەلی كورد. لە ڕاسپێرییەكەی چوارەمیشدا بڕیاریان دا كە هەموو هێزی گەلانی چوارگۆشەی گێتی ئەبێ ئامادەی پەروەردە و لایەنگریی ئەو پێویستیی گەلایەتیە بێت كە لە پێشەوە وتراوە. ئەو لایەنگریەیش لایەنگریی سۆڤیەتە بۆ دروستكردنی (كوردستانی سەربەخۆ و ئازاد). وا پیشان ئەدا كە ئەو باوەشكردنەوەیەی سۆڤیەت بۆ كوردستانی ئازاد، بۆ نیگاهداریی عەبدولكەریم قاسمە كە لەگەڵ كوردەكاندا خەریكی جەنگ و كوشتارە و لەولایشەوە بەشێكی زۆر لە كوردەكان چوونەتە ناو مەڵبەندی خاكی توركیا و بەپێی ڕاپۆرەكانی عەرەب و ئەوروپاییەكان كوردەكان بە ئاشكرا لەدژی شیوعیەكانن.

كە مەلا مصطەفا گەڕایەوە بۆ عیراق، باوەڕی بە قسەو ژوانەكەی قاسم كرد كە سەربەخۆیی گەلی كورد بوو، بەڵام ئەو ژوانە ڕاست نەبوو، فێڵ بوو، كەچی زۆر كەس سەرزەنشتی بەرزانی ئەكەن كە گوایا هەڵەی لەو پارێزگاری (حەصانە)یەكەی كردووە لە باری قاسمدا.

بنكەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژنامەی "جویش ئۆبزێرڤەر"ی بەریتانی بە ناوی صەهیۆنییەوە لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٢دا لەژێر ناوی یەكەمین ڕاپۆر كە بە چاو بینراوە لە بابەت شۆڕشی كوردەوە، لە لایەن تێبینییەكەی جوولەكەوە:

ئیمساڵ پەیدەرپەی لە دەنگوباسی شۆڕشی كوردەوە زۆر چەرخ لەمەوپێش گەلی كورد بەرامبەر بە حكوومەتە زاڵ و دەسەڵاتدارەكان بە درێژاییی مەڵبەندەكەیان كە لەگەڵ ئێراندا لە كێشە و بەربەرەكانیدا بووە.

حكوومەتی قاسم بە ناردنی هێزی سوپایی و بۆمباباران، زۆر تێكۆشا كیشوەرەكەیان ڕاگیر بكات، بەڵام بۆیان ڕێك نەكەوت، چونكە مصطەفا بەرزانی زۆر باش بۆی ڕوون بووەوە كە ئەو ژوانەی قاسم دای بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئازادی كورد، نایباتە سەر، هەر ئەیەوێت بە ناوی یەك حكوومەتەوە و كورد و عەرەب لە ژوانەكەی ئەگەڕێتەوە. جا ئەو هێزە گەورەیەی هێزی سوپای عیراق كردیە سەر كوردەكان،

نەیانتوانی پێسپێراوەکەیان بهێننە جێ وە فیرقەی پێنج لە چەك دامالران، ضابط و عەسکەرەکانیان لە لایەن کوردەکانەوە گێڕانەوە بۆ ئەو جێگایەی لێوەی هاتبوون.

بۆ وێنە، لە ئێراندا بەشی کورد بە ناوی کوردستانەوە ناو ئەبرێن، بەڵام لە عیراقدا نابێ هیچ جێگایەك بە ناوی کوردەوە ناو بهێنرێت. کورد هەموویان لە ماڵی خۆیانا خاوەنی چەکی خۆیانن وە بە بۆنەی تالان و دەسکەوتەکانیان لە سوپای عیراقی، زۆریان بوون بە خاوەنی مەترالیۆز و چەکی گەورەیش و تازە. حکوومەتی قاسم لە سووتان و کوشتنی کورد و کوردستان درێغ ناکات. جا ئیمڕۆ ئەوەی لەسەر کورد پێویستە، ئەبێ هەموو تیرە و عەشیرەتەکان و دوژمنەکانیان دەست بەدەنە دەستی یەکتر و برایانە بچنە جەنگی قاسمەوە.

کار ئێستا گەیشتۆتە دوایی، کە وابوو ئەبێت ڕووس یان دەستبەجێ بڕیاری سەربەخۆیی (ئیستیقلال) بۆ کورد بدات وەیان بیانگێڕێتەوە بۆ باوەشی قاسم، بەو مەرجەی بۆ ماوەیەکیش ماوەی بدات لەو کارەساتە گرنگ و سەختانەی ئەم شۆڕشە لە کورد چاوی پێکەوتووە، بێتەوە هۆش خۆی وە هیچ جێی باوەڕیش نییە کورد ئەگەر حکوومەتێکی دەسەڵاتدار پشتگیرییان نەکات، خۆیان خستبێتە ناو ئەم ئاگری شۆڕشەوە[88].

ڕۆژنامەی "لۆموند"ی فەرەنسی، ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٦ لەژێر ناوی (لە بابەت شۆڕشی کورد و عیراقەوە) لە نووسینی "ئەدوارد سابلیە" ئەم نووسینە بڵاوئەکاتەوە:

ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو لە بەغداد قاسم وتی: هێزی سوپایی عیراق سەرکەوتنێکی گەورەی دەست کەوت لە ژووروی عیراق بەسەر کوردەکاندا وە وتی: شۆڕشگێڕەکان داڵڵەیان دا بە تورك وە هەندێکیشیان پەلپەل بوون بۆ ئێران و ماوەکەیشیان داڵڵەیان دا بە حکوومەت. لە پاشانیشا وتی: لە ماوەی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژی تریشا دوایی بە ماوەکەیان ئەدرێت کە ئێستا کۆ بوونەتەوە.

قسەکانی زۆر لەیەکتر دوور بوون وە هەموو وتەکان لە هەندەرانیشەوە بە درۆ خرایەوە. لە ئێرانەوە ئەڵێن: کوردەکان بەسەر شۆڕشەکەدا زاڵن وە لە هەموو

---

[88] قاسم والاکراد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردستان‌دا جەنگ لە کارایەوە. کوردە نیشتمانیەکان دەستیان بەسەر هەموو ڕێباز و دۆڵ و ڕێگاکاندا گرتووە، سەر لەوە سڕ ماوە کە قاسم شۆڕشەکەی کورد ئەداتە پاڵ ئەمەریکا و بەریتانیا. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە لە پێش ٤٠ ساڵەوە لەندەن نەیویستووە کورد بحەسێتەوە، هەر لەبەر بەرێوەچوون و کاری دەسەلاتی هاشمی. قاسم لەوەیشا ڕاستی نەکرد کە ئەیوت مصطەفا بەرزانی سەرۆکی ئەم شۆڕشەی کورد لایەنگری سۆڤیەت و کارگوزاری بەریتانیایشەوە.

**بۆ کرێ**: لافیتەیەك لێی نووسرابوو (بۆ کرێ) بە کۆشکێکی سپییەوە لە بەغداد هەڵواسرا بوو، کە ئەو کۆشکە بارەگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی بوو کە لە تەمووزی پاردا داخرابوو وە بە فەرمانی حکوومەتی عیراق لە کار بەجێ‌هێنان خراون کە حیزبێکی گەورەی سیاسیی گەلی کورد بوو. کورد ئیمڕۆ لە دانیشتووی چیاکانن وە دە ملیونن، ئەو کیشوەرە گەورەیەیان لە نێوانی پێنج دەوڵەتدایە. سووریا، تورکیا، عیراق، ئێران وە یەکیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئەم پەڕاگەندەیی و گەلایەتییەوە ئەژین.

لە عیراقدا دوو ملیون کورد هەیە، کەسی یەکی عیراقن، لە کاروباری حکوومەتدا زۆر جێگای بڵند و بەرزیان بەدەستەوەیە، وەکوو عەسکەری و مەدەنی. کیشوەرەکەی کورد پڕە لە نەوت، نەوتی مووصڵ و کەرکووك لە خاکی کوردایە. هەر لەبەر ئەم گەنجینەی دارایی‌یە بوو کە لە پاش جەنگی یەکەم سوێندخۆرەکان ویستیان لە ویلایەتی مووصڵدا[89] دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن، بەلام ئینگلیز ویستی عیراقێکی پیشەسازی دروست بکات و کوردستانی ئاوێتە کرد. لەو ڕۆژەوە کە ئەو ئاواتەیان لەناو چووە، کوردەکان لە ڕاپەڕین و تێکۆشاندان و خوێن ئەڕێژن، بەتایبەتی خوێندەوارەکانیان لە شارەکاندا بە نهێنی تێ‌ئەکۆشن بۆ ڕووخاندنی قەلای زاڵیەتی و لە دژی کارخراپیی مەلەکی.

زۆر ڕوونە کە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزا ضابطە کوردەکان زۆر تێ‌کۆشان وە بەرهەمی گەورەیان خستە ڕوو. بزووتنەوەکەی کورد تەنیا لە عیراقدا ڕووی نەداوە، لە

89 کوردستانی جنووبی.

کوردستانی تورکیادا لەوانە هەکاری پەنجاوپێنج کوردیان خستە بەندیخانە، لەبەر ئەوەی بیر و داوای سەربەخۆیی و ئازادیی کوردیان کردووە. چلونو حاکمیشیان داوە بە مەحکەمە وە لە دیمەشق لەسەر ئەوەی لە خاکی دەوڵەتی عەرەبیدا هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیان داوە، بە خورتی سیودوو ضابط و عەسکەریان داوە بە مەحکەمە وە لە لوبنان لە تەمووزی ڕابوردوودا هەر بەو ناوەوە عەلی وە نووری سەرەکانی حیزبی نیشتمانیە کوردەکانیان گرت و خرانە بەندیخانە.

### لە ڕۆژنامە و باسەکانی ساڵی ١٩٦٢

### ڕۆژنامەی "الثورة"، ژمارە ٧١، ڕۆژی ٣ی نیسانی ١٩٦٢:

لە کۆبوونەوە و وتووێژەکەی لەگەڵ خوالێخۆشبوو کامل جادرچی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی وەطەنی کراوە، ئەو بەش و باسەی لە بابەت کارەساتەکەی گەلی کوردەوەیە، پیشان ئەدەین. لە بەشی پرسیاری دووەم: چۆنیەتیی گوزارش لە کوردستاندا و مافی گەلایەتیی کورد، ڕێبازی یەکیەتیی عەرەب چۆنە؟

وەڵام: لە سەرەتای دامەزراندنی (حیزبی دیموکراتی وەطەنی)یەوە، تائێستا بۆ یەکیەتیی گەلانی عیراقی و کاری برا کوردەکانمانەوە خەریکین وە زۆر لێکمان داوەتەوە بۆ ئەوەی مافی گەلایەتیی کورد فەرامۆش نەکرێت، لە بەرنامەی حیزبەکەماندا بڕیار دراوە بە چاکەخوازیی هەردوولا بۆ یەکتر لە نیشتمانی عیراقدا کورد و عەرەب هاوبەشن، بە تێکەڵیی ڕەگەزایەتییەکانی تریش، چونکە بەشدارن لە سیاسەتی گشتی و بزووتنەوە و توانای یەکیەتیدا.

ئاشکرایە هیچ کاتێك نە بیری ئەندامانی حیزبی دیموکراتی وەطەنی وە نە بیری هەموو حیزبەکان و کۆمەڵی دانەری یاسای کاتی (مووەقەت)دا نەهاتووە ئەو مافەی بۆ گەلی کورد دانراوە، تەنیا هەر نووسراوێك بێت لەسەر کاغەز. ئێمە لەو باوەڕەداین کە پێویستیی کاری کورد و مافیان ڕاستە و هەیە. خۆ ئەگەر زۆر بۆ دووریش نەگەڕێینەوە، لەو ڕۆژەوە کە بەریتانیا دەستی بەسەر عیراقدا گرتووە -پاش جەنگی یەکەم-، کارەسات و بزووتنەوەی کورد هەیە. جا لەبەر چارەنەکردن زۆر کارەساتی گەورە لە باو و

دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوایی گەلایـەتی و نیـشتمانی (وەطـەنـی) و پـاش ئیـستیقلال وە بـە درێژایی فەرمانڕەوایی ئینگلیز کورد هەر لە کێشە و بزووتنەوەدا بووە.

هیوادارین بـە زوویـی وەکـوو لـە یاسـای کاتیـدا وتـراوە، بـە چـاوێکی دڵسۆزانە بڕوانرێتە کارەسات و گوزارشـی ئـەو کیـشوەرە بـۆ دوایـیهێنـانی، چـونکە هەڵەیـەکی گەورەیە ئەو بزووتنەوەیە کە ئیمـڕۆ لـە کوردسـتاندا ئـەبینرێت، تـەنیا بـە یاخییـەتی بزانرێت. ئـەو بـرا کوردانـەمان لـە نیـشتمانێکی تایبـەتی خۆیانـا لـە ژوورووی عـیراقدا ئەژین، بە زمانێك ئەدوێن کە ناسراوە، زۆر بەڵگـەی گـەورە هەیـە کـە گـەلێکی خـاوەن مێژوون وە ناتوانرێت چاو لەو ڕاستییە بقووچێنرێت.

برا کوردەکانمـان و بـە تایبـەتی خوێنـدەوارەکانیان زۆر بـاش چـۆنیەتیی کـاری خۆیان ئەزانن. من زۆر باش ئـەزانم نایانـەوێت لـە عـیراق جیـا ببنـەوە. ئـەوەی ئـەوان ئەیانەوێت تەنیا ئەوەیە ببن بە خاوەنی نیشتمان و مـافی گەلایـەتی و مێـژووی خۆیـان وە وەکوو ئەو دەوڵەتانەی کە چەند گەلێکن و بە خۆشی پێکەوە ئەژین.

بەڵام؛ ڕۆژنامەی "العهد الجدید"، لە ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٦٢دا ئەڵێت:

بەپێی ئەو ڕاپۆرانەی لە (شمال الوطن) وەر گـیراوە، لەسـەر ئـەو جێگایـەی کـە مەلا مصطفا بەرزانی خۆی تێدا شاردۆتەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارەکانمانەوە خراوەتە ژێـر چـاودێریی یاسـاوڵی پـۆلیس وە زۆر لـە کـوردە دڵسۆزەکانمان کـە بەرامبـەر بـە سوودی جمهووریەتی عیراق گیان بەخت ئەکـەن، هەرچـوار لای لێ گـیراوە، بـۆ ئـەوەی ڕزگار نەبێ و دەستگیر بیگرن[٩٠].

**ڕۆژنامەی "١٤ تموز"، ژمارە ٧٣، ڕۆژی ٧ی ئایاری ١٩٦٢:**

لە بابەت دامەزراندنی ئاشتی لە کوردستاندا و لە وێنەیەکی دۆسـتیدا دوایـی بـە شـۆڕش و بزووتنـەوەی کـورد و دانـی مـافی گەلایـەتییان لـە لایـەن ٥٠٠ مامۆسـتایانی

[90] خاوەنی ڕۆژنامەی "العهد الجدید" زۆر باش ناسراوە، کردەوە و نووسینەکانی نە لە سوودی گەل و نـە لە سوودی حکوومەتدا نییە، تەنیا بۆ تەفرەدانی قاسم و گیرفانی خۆیەتی.

دانـشگە، نووســەر، بوێـژ، ڕۆژنامەگـەران، موحـامی، پزیـشك، ئەنـدازیار، ئەجزاچـی، خاوەنبیر و هۆشمەندان، حقووقی دوو داوا بڵاوکرایەوە.

**ڕۆژنامەی "الثورة"، ژمارە ١٠٠١، ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٢:**

(ئەم نووسینەی "الثورة"م زۆر بە سەرنجەوە خوێندەوە، زۆر بە پێویستم زانـی ئـەم ڕاسـتییەی ئـەو ئەفـەرمویت لێرانـەدا بـڵاوی بکەمـەوە)، ئـەڵێت: بـەرزانی بـە "شـیمدت"ی ڕۆژنامەنووسـی وت، داوا لـە حکوومـەتی ویلایـەتی موتتەحیـدە ئەکـەم بەرامبەر بەو ئەرکەی کە عیراقـی بـەهێز و توانـای بـەلای سـوێندخوارانا ڕاکێـشاوە وە ڕۆژئاوایـی‌یـەکان ڕۆژنامـەکانیان بـۆ کـاری صـەهیۆنی تـەرخان کـراوە، ئـەبێ دەسـتی یارمەتیم بۆ درێژ بکرێت وە ئەڵێت:

ڕۆژنامــەی "**لۆمۆنـد**"ی فەڕەنـسی کـە ڕۆژنامــەی مـانگی ئـەیلوولی ١٩٦٢ی بـە تەواوی بۆ بەجێهێنانی پێویست و ئاوات و بۆ داواکانی بەرزانی تـەرخان کـرد، بێجگـە لەمــەیش ئێـستگەکانی ئیـستیعمار و صــەهیۆنی هاوکـاریی ئێـستگەی (لـۆزان)ی بەناوبانگیان کرد و ئەیانوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەموو ڕۆژێك باسـی سـەرکەوتنی بەرزانی‌یان کردووە، بەتایبەتی ئێستگەی ئەڵەمان وە ئەورووپای ناوەڕاسـت و صـەهیۆنی بە هەموویان خەریکی لێدوان بوون و بێجگە لەمانەیش هەنـدێك لـە ئەنـدامانی کۆمـەڵی پیرانی ئەمەریکا بە لایەنگری صەهیۆنی ناسراون، بە پێویستیان زانی کـە ئـیعتراف بـە جەردەیەتیی بەرزانی بکرێت و یارمەتییان بدرێت.

خـاتوو ڕۆزڤێڵـت و قاضـیی صـەهیۆنی "دۆگـلاس"یـش دڵیـان بـە کارەسـاتی جەردەیی‌یەکەیان سووتا، داوای یارمەتییان ئەکرد بۆ بەرزانی وە ئاشکرایە کـە خـاتوو ڕۆزڤێڵـت مێـشك و گوێـچکەکانی پـڕە لـە خۆشەویـستیی صـەهیۆنی و پـاش ماوەیـەك لێدوان، ئیتر بای دایەوە سەر مامۆستا "کامەران بەدرخان"[91].

[91] قاسم والاکراد.

**الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال:**

لاپەڕە ٩٣ و ٩٨ و ١٢٢ و ١٣٠ وێنە و ناوی خۆفرۆش یان بەکرێگیراوەکانی کورد پیشان ئەدات، بەڵام ئێستا دڵسۆزی و ئاسایشە بڵاوکراوەکەی بەرزانی لەم کاتەدا ڕێگا نادات ئێمەیش هەموو لایەکیان بخەینە ڕوو.

خوێندەوارانی بەڕێز، لە پێشەکییەکەدا خوێنرایەوە کە وتمان لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە لە کارەساتەکانی کورد ئەوەی لە عیراقدا ڕووی داوە بە ناوی (شۆڕشەکانی بەرزان)ەوە، کردمان بە سەرەتای باس و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد بەرامبەر بە خوێنمژەکان و داوای مافی گەلایەتی بۆ مێژووی کورد.

کورد لەم چەرخەی پێشکەوتنی گەلانی گێتیدا دەسەڵات و کارەساتە پڕناسۆرەکەی خۆی بە هەموو مرۆڤانی جیهاندا بڵاو کردەوە، تێیگەیاندن کە کوردیش خاوەنی مافی ژیانە و ئەبێت لەناو ئاو و خاکی نیشتمانی خۆیا بە ئازادی بژیەت و زنجیرەی کۆیلایەتی لە گەردن داماڵێت. زۆر چەرخ (قەڕن) بەسەر تێکۆشانی گەلی کوردا ڕابورد وە بە درێژیی هەموو چەرخەکان بە خوێنڕژاندن، دێهات و خانوو سوتاندن، ماڵ و ماڵات بە تاڵان ڕۆییو، لە دەربەدەریشدا لە کۆشش و داوای مافی خۆیان نەکەوتوون، بەڵام هیچ خاوەنبەختێك ئەم داوا و چەوسانەوەیان نەبینی و نەپرسی، بێگومان جار لە جار زیاتر هەڵمەت و پەلاماردانەکەیان بەهێزتر ئەکەن.

زۆر ژوان و پەیمان درا بە کورد بۆ دروستبوونی کوردستانێکی ئازاد و سەربەست لەسەر ڕووی زەویی گێتیدا، کەچی مژەری بەدبەخت بە خوێنڕژاندنی کورد دڵخۆش ئەبوو، بەو خوێنەی کە کورد بە پێکەنینەوە ئەچوو بەپیریەوە کە لە پێناوی ئازادیدا بیڕژێنێت بەسەر داروبەردی نیشتمانەکەیدا.

بە سەرۆکایەتیی بەرزانی (پارتی دیموراتی کوردستان) دروست بوو، ئیتر ئەو هەوڵ و تەقەلایەی پێشوو بە تۆمارکراوی درایە دەست پێشمەرگە دلێرەکان و داوای تۆڵەساندنی خوێنی ئەو لاوانەیان لێ کرا کە بە بەدکاریی بێگانە و فڕوفێڵی گیرفانپڕکردنی خۆفرۆشەکانمان لە ڕێگای ڕاستی نیشتمانپەروەریدا داروبەردی چیای کوردستانی پێ ڕەنگ کراوە. تا ئێرە ساڵی ١٩٦٢ وە لەمەودوایش لە ڕێگای سیاسی و ڕووداوەکانی شۆڕش و تا

حوکمی زاتی ئەخوێننەوە. هەروەها هیوادارین بۆ ئەوە تا پاش پێکهێنانی ڕاپۆرە جەنگی و بزووتنەوەی پێشمەرگە و چۆنیەتیی شۆڕش بە تەواوی بخوێننەوە و پێشکەشی بکرێت. بۆ وێنە لەگەڵ ئەم نووسراوەی ژێرەوە کە لە ڕۆژنامەی "الثورة"، ژمارە ٧٣، ڕۆژی ٧ی ئایاری ١٩٦٢دا بە پێشنیاری نووسینەکەی ئەڵێت، ئەمجارەیش ئەمەریکا بە تەقاندنی بۆمبای (نەوەوی) ئەمانرەنجێنێ، داوای ڕاگرتن ئەم تاقیکردنەوە ئەکەین، چونکە ئەم بۆمبایە کوشندەیە بۆ گیانی ئادەمیزاد، لەبەر ئەوە پێویستە لە بنەڕەتدا نەمێنێ. ئەمەیش ئەو بڕیارەیە کە لە لایەن، کۆمەڵی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئاشتییە لە جمهوورییەتی عیراقی (مجلس السلم الوطني في الجمهورية العراقية) بڵاوکراوەتەوە، ئەفەرموون:

ئێمە کە ئەندامی کۆمەڵی ئاشتیی نیشتمانین لە بارەگەی ئاشتی لە بەغداد، ڕۆژی ١٩٦٢/٥/٤ کۆ بووینەوە، ناخۆشی و ڕەنجیدەیی خۆمان بەرامبەر بە حکوومەتی ویلایەتی موتتەحیدە پیشان ئەدەین کە خەریکی تاقیکردنەوەی بۆمبای نەوەوییە. جا ئێمەیش لەگەڵ ملیونەهای گەلانی گێتی ئەم کارە پەسند ناکەین وە ئەبێ نەمێنێ. لە هەموو عالەم و حکوومەتی عیراقی داوا ئەکەین بۆ یارمەتیی ئەم داوایەمان.

کۆمەڵی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئاشتی
لە جمهوورییەتی عیراقیدا ١٩٦٢/٥/٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێویست بە وتن ناکات، دیارە ئەم کۆمەڵە زۆر دڵسۆز و جەرگسووتاوە بۆ گەلانی عالەم وە ئەیانەوێت گەلانی ئەمەریکا، ئەوروپا، ئەفەریقا لەو ناگەهانییە بپارێزێت. بە ڕاستی زۆر شایانی سوپاسن. ئەی بۆچی بەزەییان بە هاونیشتمان و هاوئاینەکانی خۆیانا نەهات کە لە هەندێ پێویستدا داوای برایەتی ئەکەن! جا بەبێ زویر بوون!!

بێگومان ئەم قسانە بە دینار ئەکڕێت. گوایا نازانن کە کوردی بریان لەژێر بۆمبابارانی فڕۆکە و سارووخ و تۆپ و پێشێلی سوپادا، کوردستان وێران کرا و خانوو، چاندگە، خەرمان سووتاو، پیر، ژن، ساوا وەکوویەك کوژران، کەچی پرسینەوەیەك نییە؟! سەیر ئەوەیە کە ڕۆژنامەی "الثورة"ی زمانی زەعیم ئەم هاوارە ئەکات و گەلی گێتی ئەپارێزێت، بەڵام کورد قەیناکات بکوژرێ نەمێنێ! کێ پەشیمان ئەبێتەوە؟!

لەژێر تیشکی هەتاو و لەناو تاریکیی شەوا زۆر کارەساتی شاراوە هەیە وە وردە وردە وێنە ببینین.

**لە ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٩٦٣**

لە ڕۆژنامەی "العرب"، بەغداد، ژمارە ١١، ڕۆژی ١٤ی ئازاری ١٩٦٣:

بەپێی نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە وا دەرئەکەوێت کە حوکمی لامەرکەزی بۆ کورد هەر فەرمانڕەوایی‌یەکە لە دەسەڵاتی کوێخا یان ئاغایەکی دەسەڵاتدار بەسەر بێدەسەڵاتدا لەناو دێ و خێزانی خۆیا، ئەڵێت: ئیمڕۆ مەجلیسی قیادەی شۆڕش لە بەیانە مێژووییەکەیدا باسی ئیدارەی لامەرکەزی ئەکات کە لە کیشوەری ژووروی کوردا بڵاوئەکرێتەوە، لە لایەن لیژنەی تایبەتییەوە ئەڕوانرێتە ئەم کارە بۆ پتەوکردنی برایەتیی تا هەتاهەتایە.

کاك سەعدی نائیبی ڕەئیسوزەرا زۆر جار ئەم باسەی ڕوون کردەوە، تاوەکوو هێزی بەدی ئیستیعمار بهاڕێت، چونکە ئەیەوێت لەم کەلێنەوە دەستکاریمان لێ بکات، ئەبێ ئەو دەستە بهاڕین. کورد و عەرەب ئیمڕۆ دەرمانی ئەو برینە ئەکەن کە قاسمی گوناهبار کردوویەتی و پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی دەنامیتەکە دانابوو.

لە تەواوبوونی نووسینەکەیدا ئەڵێت: بۆ ئەم باسە گرنگە مەجلیسی قیادەی وەطەنی بەیانی دەرکرد. کاك سەعدی سەرۆکی نێرراوانی عیراق لە دیمەشق لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان وتی: لامەرکەزی بۆ کیشوەری شیمالی عیراق بۆ ئەوە نییە کە تۆوی جیابوونەوە بڕێژن وە بۆ ئەوەیش نییە کە بە ناوی ئیدارەی مەحەلییەوە سیاسەتی خاریجی، عەسکەری، ئیقتیصادی بەکاربهێنن، چونکە ئەمانە هەمووی مافی حکوومەتی مەرکەزییە.

نووسینی نووسەری بەناوبانگی عەرەب مامۆستا "ئەحمەد بەهائەددین" لە ڕۆژنامەی "اخبار الیوم"، مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣دا ئەفەرموێت:

قسەی تێدا نییە ئەگەر لە کوردستانی عیراقدا دەوڵەتێك دروست ببێ و لە عیراق جیاببێتەوە، ناتوانن ڕۆژێك بژین، چونکە گیانی تورك و ئێرانی تێدایە. بەختی کوردی

عیراقیش له بەختی براکانیان له تورکیا و ئێران باشتر نابێت کە ئاوارە کران و بە زۆر و خورتی زمانەکەیان پێ گۆڕین و گەلایەتییان له ڕیزەی نەمانایه.

چۆن جێی باوەڕە گەلێك کە ٨٠٠ هەزار یان یەك ملیۆن بێت، ئەتوانێت دەوڵەتێك دامەزرێنێت وە لەناو ئەو چیا ڕووتوقووت و ڕەقوتەقەدا بژین کە نە دارایی و نە بەندەرێکیان نەبێت[٩٢]! ئەو دەسەڵاتەی تورك و ئێران بۆ سوودی بەریتانیا بوو، ئەوە بەسەر چوو، چونکە ئەو دەسەڵاتەی تورك و ئێران دەستکردی بێگانە بوو. کورد له ٢٠ چەرخ پێش زاینییەوە به ئازادی ژیاوە، له هێرشهێنانی بێشوماری بێگانەوە تا ئیمڕۆ به بەرگ به زمان به ڕەوشت بە خووی خۆیانەوە لەم نیشتمانەدا ژیاون وە نەگۆڕاون. ئیتر نازانم گەلایەتی و نیشتمان چۆن ئەبێ. کە له نیشتمانەکەی کوردا هەموو جۆرە دانەوێڵە، توتن، پەموو وە هەموو شتێکی هەبێ و نیشتەنییەکانیشی زادەی ئەو خاکە بێ.

ئامار (نفوون)ی کوردی عیراق ئەگەر بە تەواوی ناونووس بکرێت، لە ٣ ملیۆن پترترە، لەمەندە زیاتر نامەوێت لەم کارە بدوێم. بەڵام کاشکی مامۆستا چاوێکی بە نەخشە و مێژووی کوردا بخشانایە و لە هەموو نەزانییەك خۆی ڕزگار بکردایه.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پێش وە پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨

له بەشی پێشووی ئەم کتێبەماندا باسی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، بە باسی کردەوە و دەسەڵاتەکانی عەبدولکەریم قاسم دوایی هات. زۆر جار بەبیرما ئەهات بە خۆمم ئەوت: بۆچی ناتوانم یان نازانم باسی باشی و چاکەیەکیشی بکەم لە دەسەڵاتەکانی ئەو

---

[92] هەرگیز من ئارەزووی ئەوەم نەکردووە له وتە و قسەی پیاوە داناکاندا خۆی تێدا هەڵقوتێنم، بەڵام شتی وا ڕوو ئەدات کە بە ناچاری ئەمخاتە کایەوە. وا ئەزانم مامۆستا ئەبوو شەهاب "ئەحمەد بەهائەددین" تەنیا بیستوویەتی کە کورد نیشتەنیی ناو چیان و بەس وە وا ئەزانێت چیاکانی کوردستانیش وەکوو چیای عەرەبستان بێئاو و بێدارودرەختە، نازانرێت نیوەی ئاوی دەریاکان ئاوی کانی و کارێزی چیاکانی کوردستانە وە پڕە لە میوە و درەختی بەردار وەکوو بەهەشتی ڕووی زەوییە و پڕە له کانگای ئاسن، مس، ئاسبێست، زەرد، نەوت، مەڕمەڕ .. وە هەزاران شتی وا کە لە هەموو گێتیدا زۆر نایابە و جێگا و نیشتمانی کوردە.

پیاوە کە لە سەرەتای شۆڕشدا بە پیاوێکی مەزن و ڕزگاری عیراق لە چەرتم و پەرێشانی ئەزانرا و ناسرابوو. ئەم تێبینیەم زۆر لێك ئەدایەوە و بووبوو بە ماخۆلان لە مێشکمدا، ئەوەی بە وردکردنەوە بۆم ڕوون بووەوە، عەبدولکەریم قاسم پێش ئەوەی ئەرکی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بگرێتە سەر شان و تومەس هەر پیاوێکی عەسکەر و یاسازانی سوپایی بووە و پاش شۆڕشیش بە بۆنەی سەرکەوتنەکەیەوە بەلای عەرەب بەگشتی، بەتایبەتی گەلی عیراقەوە، بە پیاوێکی هەڵکەوتوو وە هونەرمەندی چەرخی بیستەمی ڕۆژهەڵات ناسرابوو. بەڵام لێوەشاوەکانی ئەو پسپۆڕە کە بەلای بەشی زۆری گەلەوە پەسەند کرابوو، وردە وردە پاشەوپاش ئەگەڕایەوە، چونکە بەرەو بێزارکردنی گەل ئەبزووتەوە، کردەوە هەڵەشەیی‌یەکانی وەکوو سەری گەلەکەی شێواندبوو، هۆش و بیری باشیشی لە خۆی بڕیبوو. لەو کردەوانەی کە تووشی قێزندەیی گەلی ئەکرد، یەکەم شتی ئەوە بوو کە لە گەلی عەرەبی لای دا و ئاشووبی ناوخۆیی بۆ دروست کرا، لەناو (شەقامی ڕەشید)ا درایە بەر گوللە و بریندار کرا. شۆڕشی شەووافی بۆ پێکهێنرا، بە نەزانی پەلاماری حیزبی شیوعیی دا، کوردی ڕەنجان، خۆی خستە ناو شەپۆلێکی واوە کە هەرگیز خۆی پێی نەگیرێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانرێت بە عەبدولکەریم قاسم بوترێت نەزان یان ناڕاست، تەنیا خۆشباوەڕ بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

قاسم زۆر بەدبەخت بوو، ئەوانەی لە باوی پێشوودا وەك میکرۆبی بەدکاری چووبووە ناو خوێنیان و کاربەدەستی شۆڕش بوون، بەپێی ئارەزوو وە پێویستیی خۆیان قاسمیان هان ئەدا و تووشی هەڵە و بەدکارییان ئەکرد. دەسەڵات و بڵندیی پایە و جێگا سەری لێ شێوان لە نیوەی ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا خووی لاساری و سەرڕەقی گرت، لەلایەکەوە نەیئەتوانی دەستبەرداری ئەو کەسانە ببێ کە لە خۆی گردکردوونەتەوە، نەیشیئەتوانی ئەو ڕێگایە بدۆزێتەوە کە سوودی بۆ دوارۆژی خۆی ببێ. لەبەر ئەوە کەوتە بزڕکانن و هەر ڕۆژە بە جۆرێك و پرۆغرامێکەوە ئەچووە سەر کورسی و باسکی تازەی دائەمەزراند کە هیچ سوودی نە بۆ خۆی و نە بۆ گەلی عیراقی نەبوو.

قاسم، لە نەزانیی خۆی و تەفرەدانی بەدخواه، خۆی تووشی شۆڕشی کورد کرد، دوور لە پێویست لە برایەتی و دۆستایەتی مصطەفا بەرزانیی کرد بە دوژمن و پەلاماری دا

بۆ گیرفان‌پڕکردنی پیاوخراپەکانی هەرچوار لایان گرتبوو، ڕێگای کردەوە. ئەوانیش وەکوو دڵخۆشیی پیاوێکی زۆر سەرخۆش بدەنەوە، بە باس و ڕاپۆری درۆ و ناقۆڵا تەفرەیان ئەدا و دڵخۆشیان کرد، تا بە ناسۆری شۆڕشی کوردەوە سەری نایەوە و کاریشی کەوتە دەست کارزانانی (حیزبی بەعثی ئیشتیراکی). ئیتر ئەچن بەپیر کار و گوزارشی شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان، ٨ی شوباطی ١٩٦٣، خوا بۆمان بە باشی بسووڕێنێ.

خوێندەواری خۆشەویست، لە دوا وتە و لاپەڕەکانی ئەم بەرگەدا ئەڵێین: ئەو مصطەفا بەرزانی‌یەی کە پەروەردەی ئاو و خاك و چیاکانی بەرزانی کوردستانی عیراقە وە هەر لەسەر ڕەوشتی خاوێنی باوك و باپیری خۆی شەیدای بەجێهێنانی ئەو پێویست و کار و ئاواتانە بووە کە سروشتی نیشتمانەکەی سەپاندی بەسەر ئارەزووی کردگارەکانیدا، کە ئاواتی ئازادیی ژیانی ڕزگاریی گەلەکەیەتی. جا ئەم بڕیارەی لە ئاسۆی چیاکانی بەرزانەوە بەسەر ڕووبەری کوردستاندا ئەچریسکایەوە.

بۆ گەیشتن بەو نیازە، هەر لە باوی عوثمانییەکانەوە بە چەکی ناتەواوی ئەوسا، بەڵام بە هەستێکی گەورە و بێهاوتاوە، بەرامبەر بە هێزی بێشوماری میری جەنگان وە بەدوای ئەو تێکۆشانە مەزنەیاندا لە دەسەڵاتداریی بەریتانیاییەکانیشدا ڕووبەڕووی ئەو سوپا هەڕەمەیی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان و یارمەتیی فڕۆکەی زۆری ئینگلیزی لە بەربەرەکانیی دوژمنی بەدبەختدا چاوی حەسانەوە و ئاسوودەییان لێك نەنا تا باوی دوایی. دیسان ئەمجارەیش بە خواهیش و لەسەر ویستنی ئینگلیزەکانی عیراق حکوومەتی عیراق یەخەگیری بەرزانی بوو، بڕانەوەی ڕەچەڵەکی بەرزانی لە فەرمایشی مەلەکی بوو. بەبێ بەزەیی و دڵسووتان دە پانزە هەزار ژن، منداڵ، پیر، نەخۆشیان ئاوارە کران، لە تەلبەندی دیلایەتی بە چاوی دیلی جەنگی گەلێکی دەرەکی ژمێررا و سەرەڕای ئەشکەنجە و خراپە بە برسیەتی و تینوو و ڕووتی و بێبەرگی لەژێر کارەساتی سەرما و گەرمای وەرزەکانی ساڵانەدا ئەژیان و ئەمردن وە سەرۆك شێخ ئەحمەد وە پیاوە دلێرەکانی لە ژووری خنکاندن (إعدام)دا بە بەرگی مژدەدەری گیانکێشانیانەوە لە شارەکانی خوارووی عیراقدا لە بەندیخانە ترنجێنرابوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

جا بێجگە لەم کارەساتە ناهەموارانەیش، خانوو، تفاق، پیاوانی چیاکانی، کەلوپەلیان سووتا. ئاژەڵ، گاوگۆتاڵیان بە تالاّن ڕۆیشت، کوژراویان لە چیاکان و ناو نزار و بەردا بەجێ ما، مەل و پەلەوەر لە خوێن و گۆشتی ڕۆڵەی بەرزانی تێروپڕ بوون. پاش ئەم هەموو بەسەراهاتنە مصطەفا بەرزانی بۆ یارمەتیی کوردی برای، خۆی گەیاندەی کۆمەڵەی مەهاباد. پاش ئەوەی کە چەرخی بەدبەختی پەردەی ڕەشی بەسەر هاتی ئەو هیوا گەورەیەدا کێشا و نەگبەتی فووی لە چرای ئەو ئاواتە کرد و کوژایەوە و بەرزانی خۆی گەیاندە خاکی سۆڤیەت وە پەنادەری حکوومەتی وەکوو لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم نووسراوەدا خوێنرایەوە.

بەبێ پشوو وە بەبێ کۆڵدان ئەو پەیمانەی بەرزانی بەرامبەر بە خوا و گەلەکەی دابووی، گەیاندیە جێ و خواردنی بەری تێکۆشان و کۆششەکەی لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا، وەکوو لەمەودوایش لە بەرگی دووەمی ئەم نووسراوەدا ئەیخوێننەوە تا ١١ی مارتی ١٩٧٠.

ئیتر زۆر سوپاس بۆ ئەو خوایە مصطەفا بەرزانیی بۆ کورد پێگەیاند، زۆر سوپاس بۆ مصطەفا بەرزانی کە گەلەکەی خۆی ڕزگار کرد، زۆر سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە پەنهان و پاکی و دڵسۆزی لە پێناوی گەلەکەیاندا بەرامبەر بە بەرزانی خزمەتگوزارییان کرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تا ئێرە لە شۆڕشەکانی کوردەوە، بە تایبەتی شۆڕشەکانی بەرزان وە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و کارەساتە ناهەموارەکانی عەبدولکەریم قاسم وە نووسینی ڕۆژنامەنووسەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دوواین. هیوادارین هەموو نیهادپاکێك بەرامبەر بە گەل و نیشتمانی خۆی، خۆی لە ئاوێنەی ڕاستیدا ببینێ و بەدکاریش بۆ توانج و بۆ سەرزەنشت بۆ تۆڵە ! !

ڕۆژی ١٤ی ڕەمەضان، ٨ی شوباطی ١٩٦٣، چرای حیزبی بەعثی ئیشتیراکی هەڵگیرسا وە چرای بەخت و گیان و فەرمانڕەواییی عەبدولکەریم قاسم کوژایەوە. ئیتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی باوی تازە و بەرگی دووەم.

بنكەی ژین
www.zheen.org

## بەرگی چوارەم

# شۆڕشەکانی بەرزان

### بەشی دووەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئاو لە ڕاستیدا ئەوەستێت.

خامە ! ! ئەو نیگاهە ڕاستەی لە کانی دڵی منەوە ئەگاتە ناو دەمی تۆ، تۆیش بە ڕاستی بیگەیەنە بە خاوەنبەختان.

خوا ڕاستە و ڕاستی گەرەکە: پاش ئەوەی لە وەظیفەی میری دەرکرام، لەبەر ناتوانیم پەیوەستم بە (حیزبی ڕزگاری)ێوە کزبوو وە نەمتوانی بچمەوە ناو کۆڕی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی.

نووسەر

تێبینی: هەموو کەسێك ئەتوانێت ئەم نووسراوە چاپ بکاتەوە، بۆ چەند زمانێك بیەوێت بیگۆڕێت، بەو مەرجەی لە ڕاستی لانەدات وە بە ناوی نووسەر خۆیەوە بێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضانی ١٣٨٢ (٨ی شوباطی ١٩٦٣)

حکوومەتی تازەی عیراق

کانگاکان:

١. القضية الكردية، مامۆستا "مەحموود الدرّة".

٢. الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال.

٣. ڕۆژنامەکانی عیراق و عەرەبی و بێگانەکان.

٤. هەندێك لە نووسینی نووسەر.

٥. المسألة الكردية.

**له پاش ناخۆشی، خۆشییه!**

گەلی کوردی کەشەنگ* و ماندووی شۆڕش و خۆبەکوشتدەر، گەلی کورد هەزاران ساڵە بە عەودالّی هەناسەی خۆشیی ئازادی زۆر ڕووداني ڕۆژانی سەختیان بۆ شانس و بەختی خۆیان بە تاقیکردنەوەی بەسەراهاتوویان بردە سەر. چەرمەسەریّ، کوشتن، تالآن، سووتان، پەرێشانییان بینی، ئەم کارەساتانەیان نەوە بە نەوەی سپارد، جارێك بەرامبەر بە زۆردار و زاڵیەتیی ئەو دەسەڵاتدارە بەدخوایانە سەری کۆیلەیان شۆڕ نەکرد و لە ڕاپەڕین و تێکۆشان هەرگیز دوا نەکەوتن. تا ئەم چەرخی بیستەمە کە بە باوی ئازادیی گەلان و پێشکەوتنی خوێندەواری و پیشەسازی ناو نراوە بۆ گەلی کورد، هەروەکوو ئەو چەرخانەی پێشوو کە بە باوی دەسەڵاتدار و زاڵیەتی بەرامبەر بە هەژاران ناو ئەبرێت، هیچ گۆڕینێك ڕووی نەداوە. تا مانگی ڕەمەضانی ١٩٦٣ کە هەموو دانیشتووانی شار لەناو ماڵیاندا بە بەندی دانرابوون و بە تەواوی توانای هاتنە دەرەوە نەمابوو، چونکە لە چەقی ڕێگادا بەبێ جیاوازی دارکاری و تێهەڵدان لە کارا بوو، ئینضیباط و دەسەڵاتداران وەك ماڵدزراو ئەسووڕانەوە. لەم کاتی نەهاتی و ترسولەرزەدا ڕۆژی ١٤ی ڕەمەضان، ٨ی شوباطی ١٩٦٣ لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغداوە مژدەی شۆڕش و دوایی‌هاتنی باوی عەبدولکەریم قاسم بڵاوکرایەوە.

له پاش ناخۆشی خۆشییه. کورد لەم کاتەدا زانیی کەوا گەیشتە ئەو ئامانجە و ئەو قۆناغ و هیوایە کە لە هەڵدانەوەی پەردە ڕەشەکەی کارەساتەکانی عەبدولکەریم قاسمی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ وە بە ڕووی ژیان و ئاواتی کوردا دادرابۆوە، ئەوا ئیمڕۆ بە دەست و هونەری کارسازان حیزبی بەعثی ئیشتیراکی پارچەپارچە کرا و دیمەنی پشکووتنی گوڵی ئازادیی کوردی تێدا ئەبینرێت و خوایش بە باشی بسازێنێ.

تێبنی: لەگەڵ ئەوەدا کە زمانی کوردی دەوڵەمەندترین زمانە، تا ئێستا یەکسەر عەرەبی بۆ کوردی گۆڕین کراوە بە پیشە و بە تەواویش ناگونجێت، لەبەر ئەوە نەمویستووە خۆم ناو لە هیچ وشەیەك بنێم و بەبێ گۆڕین نووسیومە، ئەگەر هەشیبێ

---

* کەشەنگ: شەکەت.

ئەویش بە دەگمەن. جا هیوادارین لە سایەی کۆمەڵی ڕۆشنبیرانەوە لە نزیکترین کاتدا پیت و فەرهەنگی کوردیش بگرین بە دەست و باوەشەوە.

## شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان، ٨ی شوباطی ١٩٦٣[93]

### حکوومەتی تازەی عیراق:

لە ڕووی زاڵیەتیی زادەی عەبدولکەریم قاسمەوە سەرتاپا کوردستان بووبوو بە کوورە و کڵپەی بڵێسەی ئاگر، بەبێ پسانەوە بە فڕۆکە، بۆمبا، ساڕووخ، تۆپ، تفەنگ، نارنجۆك، دێهات، پاوان، خەلە و خەرمان بە درێژاییی ساڵ سووتاو بوون بە قەقنەز. ژن، پیاو، پیر، منالّ کوژرا.

وەنەبێ هێز و فەرمانە زاڵانەکەی قاسم تەنیا بەرامبەر بە شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەکانی بەرزانی بووبێ، بەڵکوو بۆ قڕهێنانی هەموو کورد و نیشتەنییە بێتاوانەکانیش تێکڕا کوشتن بووبوو بە پێویستیی حکوومەتەکەی قاسمی. بێجگە لە ژن و پیاوی بێدەسەڵات زۆر کەس نەما، چونکە کوشتن و بەندیخانە پڕکردن بەشی چاك و خراپ بوو وە هاوارپرسیش نەبوو، پیاوە دڵڕەق و کاربەدەستە نادانەکانیشیان بەبێ ترس و ئەندێشە بیری کارەساتی دواڕۆژیان بە بیرا نەئەهات.

لە منالّ، کوڕ، کچ (موقاوەمەی شەعبی)یان دروستك رد لە هەموو عیراقدا. ئەم نەزانانە کاربەدەست و دەستدار بوون وە دادگاه تەنیا دادگەی گەل (محكمة الشعب)، ئەویش نەك بەپێی یاسا، بە ئارەزووی "مەهداوی" بوو.

ئەو قەڵا سەختە، ئەو فەرمانڕەواییە بێبەزەییەی قاسم دایمەزراند، ئەبوایە هەر بەبێ لەقەی گەل، پیاوچاك، کۆمەڵێکی خاوەنبەزەیی بتەپایە و نابووت بکرێ. ڕاستە ماوەی خراپە کورتە و ئەبێ کۆسپی گەورە بێتە ڕێباز. پێش ١٤ی ڕەمەضان شار و دێهاتی کوردستان لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو، قەڵا سەختەکەی قاسم کە بە خوێنی کورد ڕەنگ کرابوو، حیزبی بەعث ڕووخاندی. قاسم بە خۆی و پاڵەوانە دڵڕەش و بێبەزەییەکانیەوە کوژران وە دوایی بە دەسەڵاتە بەدبەختییەکەیان درا.

---

[93] الدرّة، القضية الكردية، ص١٧٤.

بە داخەوە، حیزبی بەعث نیازی "عەبدوسسەلام عارف"یان بۆ ڕوون نەبووبۆوە، تەنیا بە دوژمنێکی عەبدولکەریم ئەزانرا و تێکەڵ بەم شۆڕشە کرا. بەڵام عەبدوسسەلام هەلی نەدۆڕان، لەپەنا ئەو باوەڕە مەزنەی بەعثدا دەستبەجێ بانگی سەرۆکجمهووریی عیراقی بۆ خۆی دا و پاڵی لێ دایەوە. ئەندامانی بەعث لە یەکەمین کۆبوونەوە و کارگرتنەدەستدا بڕیاری دواییپێهێنانی کارەساتی کوردستانی و شۆڕشی کوردیان بە چاکە دا وە ئەم دۆزانەیان بڵاوکردەوە:

**دۆزان** (بەیان): ژمارە ١

لە کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕشگێڕانی حیزبی بەعثیەوە بانگی شۆڕشگێڕانی ١٤ی ڕەمەضان– ٨ی شوباطی ١٩٦٣ لە ڕادیۆی بەغداوە[٩٤]

ئەی گەلی عیراقی بەڕێز:

پشت بە خوا، دوایی بە باوی زاڵیەتیی دوژمنی گەل زەعیم عەبدولکەریم قاسم وە هاوکارەکانی درا، کە ئەیانویست بەرهەمی گەل و پیتی نیشتمانەکەمان بەبێ ترسولەرز بە ناوی شۆڕشی ١٤ی تەمووزەوە لە پێناوی ئارەزووی خۆیاندا بدەن بەبا و بۆ کارسازیی خۆیان ئازادی و سەربەستی لە گەلی عیراق بشارنەوە. یاسایان ڕاگرت و نیشتمانپەروەرانیان پەرێشان کرد.

ڕۆڵەی گەلە خۆشەویستەکەمان،

شۆڕشی ١٤ی تەمووز بۆ سەرئەفرازیی نیشتمان و لابردنی کارە ناپەسەندەکانی ئیستیعمار و زاڵیەتیی باوی مەلەکی و دەرەبەگی وە ڕزگاری لە سیاسەتی سەرشۆڕی و گەیشتن بە دەستووری دیموکراتی و بۆ ژیانی ئازادیی گەل بوو. بەڵام دوژمنەکەی ئێوە و خوا بەهۆی جێگاو نیشانەکەیەوە بە فرۆفێڵ و تەڵەکەبازیی ناڕێک و ناپەسەندەوە بۆ دانانی ڕۆژی ڕەش و هەژاریی کیشوەر وە عیراق لە یەکیەتیی عەرەب جیاکردنەوە و گەلەکەمان دووربخاتەوە، هات و پەیدا بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[94] الدرة، القضية الكردية، لاپەڕە ١٧٤.

هاونیشتمانییەکان، ئێمە بۆ ئاسایشی نیشتمان و یەکیەتیی گەلایەتی و دواڕۆژی نەوەکانمان و باوەڕمان بە ١٤ی تەمووزی مەزنمان بۆ داویی‌پێ‌هێنانی یاخییە بەدفەڕەکانی قاسممان خستە ئەستۆ، بە یارمەتیی هەموو چەکدارە نیشتمانییەکانمان و پێ‌خۆش‌بوونی نیشتمانپەروەرەکانمان دواییمان پێ هێنان و تەواومان کرد.

ئەی گەلی مەزن، ئەم ڕاپەڕینەی کە گەل و سوپا لەپێناوی گەیشتن بە سەرکەوتنی ١٤ی تەمووزی پیرۆزە، بێ‌گومان پێویستیی بە دوو ڕێگا هەیە: ١- یەکیەتیی گەل، ٢- بە هاوکاریی گەل گەیشتن بە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی.

ئیتر پاش گەیشتن بەو دوو ئاواتە، ئەبێت سەربەستی بدرێت بە یاسا و بەڕێوەبردن. کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕشگێڕی نیشتمانی لەو باوەڕەدان کە وەکوو گەل بە گیانێکی پاکی نیشتمانپەروەرییەوە ئەیانەوێت، ئەم شۆڕشگێڕانەیش لە ناخی دڵیانەوە ئەیانەوێت ئەو پێویست و ئاواتەی دوای کەوتوون، بیهێننە دی. ڕوونە نیشتمانپەروەرەکانیشمان بە دڵ و ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیی ئەم ڕۆژە پیرۆزە ئەکەن، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە بچین بە پیر یەکیەتیی گەلایەتییەوە و بەرزیی نیشتمانەکەمانەوە و پرۆغرامەکەی ١٤ی تەموزمان بهێنینە جێ. ئیتر ماوەی ئەوەیش نەدەین کە پیاوخراپ و بەکرێگیراوانی بێگانە تێکەڵمان ببێ و کارمان لێ تێک‌بدات.

ئەی هاونیشتمانەکان، کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕش ئەیەوێت حکوومەتێکی نیشتمانپەروەری لە دڵسۆزانی گەل دروست بکات وە سیاسەتی ئەم حکوومەتەیش لەسەر بەرنامەی شۆڕشی تەمووز بێت وە ڕێگای دیموکراتی و پێشڕەویی یاسا و یەکیەتیی گەلایەتی لە نیشتمانەکەماندا بدرێت. جا بەم بۆنەیەوە پێویستە برایەتیی کورد و عەرەب پتەوتر بکەین وە کارسازیی گەلایەتیمان بەهێز بکەین و بەیەکەوە بەرامبەر بە ئیستیعمار ڕاپەڕین، بەڕێزەوە بڕوانینە نەتەوەکانی تریش و بەشدار بن، چونکە ئەم کارە لە ویستنی کۆمەڵی یەکگرتوانی دووەلی و بەشدارییە لە پەیمانی ئاشتیی گشتی و لەناوبردنی ئیستیعمار وە پەیڕەوی ئازادی لە بڕیاری کۆبوونەوەکەی (باندۆنغ) بۆ هاندانی بزووتنەوە لە دژی ئیستیعمار.

هەروەها حکوومەتی شۆڕش ژوانی خۆی ئەدا بە گەل بۆ تەواوکردنی بەستنی یەکیەتیی عەرەب و ڕاپەڕین لە دژی ئیستیعمار و ساندنەوەی فەلەستین و بەکارهێنانی قانوونی ئیصلاحی زەراعی بۆ کارسازیی گەل و برەوپێدانی سازکردنی ئابووری و پترکردنی دەسەلاتی زانیاری وە ناردنی نەوت بۆ هەندەران.

ئەی گەلی مەزن، لای خوا و ئێوە پەیمانمان وا بێت کە بە دڵ و دەستی خاوێنەوە بەرامبەر بە جمهوورییەتەکەمان گیان بەخت بکەین، هەموومان لەو باوەڕەداین کە باوەڕی گەل بە تەواوی لەگەڵمان بێت. ئیتر پشت بە خوا.

کۆمەڵی نیشتمانپەروەران

وە فەرماندارانی شۆڕش

١٤ی ڕەمەضانی ١٣٨٢، ٨ی شوباطی ١٩٦٣

ئەمە بوو دۆزانە دڵسۆزەکەی شۆڕشگێڕانی حیزبی بەعث لە دەسکەوتنی سەرکەوتوویی شۆڕشی ٨ی شوباط کە لە ڕێگای ڕاست و بێ‌فێڵەوە ڕاستی و دڵپاکیی خۆیان بەرامبەر بە گەل و نیشتمان پیشان دا.

بەڵێ، ئەم جارەیش هاتن وە هاتوون بۆ لابردنی ئەو چڵکە هەروەی کە ڕووی عاسمانی خۆشی لە عیراق وە بە تایبەتی لە کوردستان شاردبۆوە، هەڕەشەی لەناوبردنی ڕەگەزی کوردی ئەکرد. عیراقی بە پاڵەپەستۆ بەرەو کەندەلانی نابووتی ئەبرد، لەناوبرا. بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو گەلی عیراق، عەرەب و کورد ئەبێ چاوەڕێی ڕوودانەکانی دوارۆژیش بکات.

**تەلگرافەکەی پارتی** لە ٨ی شوباطی ١٩٦٣

لە کاتی ئەو جەنگ و کوشتارەدا کە قاسم هەڵیگیرساندبوو، لە لایەن پارتەوە بە ناوی (دیموکراتی بۆ عیراق وە حوکمی زاتی بۆ کورد) لە کوردستاندا ئالای ئازادی بەرزکرایەوە. لە کاتی تەواوبوونی ساڵی ١٩٦٢دا کە گفتوگۆی ڕێککەوتن لەنێوانی حیزبی بەعث و پارتدا گەیشتبووە ئەوەی حوکمی زاتی کە هۆی دوایی‌پێ‌هێنانی داوا و کاری کوردە، بدرێت، بە یارمەتیی ضابطە قەومییەکان. دەسەلات کەوتە دەست بەعث

وە کۆتایی درا بە قاسم، لە لایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی وە لە ڕۆژی ١٠ی شوباطدا ئەم تەلگرافەیان نووسی بۆ کۆمەڵی فەرمانڕەوایانی شۆڕش وە سەرۆکوەزیران.

به بۆنەی شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان– ٨ی شوباطی ١٩٦٣وە
تەلگرافەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانی

لەم کاتە ناسکە و ئەو دەستکەوتووە مێژوویی‌یەی جمهوورییەتی عیراق، جمهوورییەتی عەرەب و کورد، پیرۆزبایی لە گەلی مەزنی عەرەب و کورد و برا گەلە کەمایەتییەکانمان ئەکەین کە کۆتایی درا بە زاڵییەتیی قاسمی گوناهباری چنگخوێناوی بە خوێنی کوژراوە بێتاوانەکان. ئەمانەوێت زۆر باش ڕوونی بکەینەوە کە ڕۆژێك نەبووە لە ڕۆژان ڕووی دابێت بمانەوێت جەنگ ڕوو بدا، بەڵکوو تائێستا هەر داواکاریی ماف و ڕاستی بووین. ئێستا ئێوە کە بە ڕووخاندنی ئەو قەڵا و بەندیخانەی زاڵییەتی و بەدبەختە سەر کەوتوون، ئیمڕۆ ئەو پێویستە دژوارەیشیان کەوتووەتە پێش کە دوایی‌پێ‌هێنانی کارەساتی کوردستانە لە ڕێگای برایانە و دیموکراتی وە بۆ ئەوەی ببێت بە هۆی ڕاپەڕینێکی بەڵگەدار لە نێوانی ئەم دوو گەلەدا بۆ نەمانی ڕژاندنی خوێنی عەرەب و کورد کە نیاز و ئاواتی هەموومانە. کە وابوو ئەبێت دەستبەجێ بۆ ئەو پێویستیانەی کە بۆ بەرژەوەندی عیراق کەڵکدارە، هەنگاو بهاوێژن. ئەوەیش بزانن دواخستنی ئەم کارە بە خوێنڕژاندن و ئازارەوە ئەسووڕێت بۆ چەوساننەوەی گەلی جمهوورییەتەکەمان، کە ئەمەیش ئەبێ بە سوودی موستەعمیر وە دوژمنەکانمان. جا برایانە بانگتان ئەکەین کە وێستانی جەنگ و تەقە فەرمان بدەن و بکەنەوە بە ڕەسمی، بۆ دوایی‌پێ‌هێنانی جەنگ لە کوردستاندا فەرمان بدرێت وە هێزە سوپاییە چەکدارەکانتان بگەڕێنەوە بۆ بارەگاکانی پێشوویان وە ئەو بەندیانەی کە هاوبەشی شۆڕشی گەلیان لە دژی دکتاتۆریی قاسمدا کرد و گیراون، بەرەڵا بکرێن وە ئاوارەکراو و گیراوەکان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان وە زیانی زیانلێکەوتووەکانی ببژێررێت. ئەو دێهات و خانووانەی کە بە هۆی خوێنڕژاندنی دکتاتۆرییەوە وێران

کراون و سووتان، ئاوا بکرێنەوە وە دوورخستنەوەی ئەو دەسەڵاتدار و زاڵانە کە بووبوون بەهۆی ئەشکەنجە و پەرێشانکردن وە چاندنی تۆوی پەراگەندەیی و ناپاکی لەنێوانی گەلدا –هەموو گەلی عیراقی– بەدەست قاسمی دکتاتۆرەوە وە بە ڕەسمی و بە پەلە ئیعترافکردن بە مافی گەلایەتیی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا بە (حوکمی زاتی) بۆ کورد و ناردنی لیژنەیەکی حکوومەتی بۆ گفتوگۆ وە لێدوان بۆ دامەزراندنی برایەتی و تێکۆشان لە نێوانی هەردوو لای گەلا –گەلی عەرەب و کورد– لەسەر بناغەیەکی بەهێز و دیموکراتیی تەواو بۆ بەرهەمهێنانی ئازادی و گەیشتن بە ئاشتی لە پێناوی بەرزیی گەلایەتیدا بەگشتی، کە هەموو گەلی عیراق و سوپای دلێر و لق و پەلە گیانبەختکارەکانی لێقەوماوەکان هەموویان لە پێناوی نیشتماندا چاوەڕێی بەجێهاتنی ئەم ئاواتەن کە لەڕووی دڵسۆزی و عەدالەتەوە ئەم داوایە بە پەلە بهێنرێتە بینین وە ئاشتی و خۆشی بگەڕێتەوە بۆ ناو نیشتمانە خۆشەویستەکەی عەرەب و کورد[٩٥].

### بڕیاری حکوومەتی شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان
### بۆ گفتوگۆی ئاشتیی سیاسی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد[٩٦]

ڕۆژی ٥ی مارتی ١٩٦٣ لە پیاوانی میری لیژنەیەك لەگەڵ پیاوانی شۆڕشگێڕی مصطەفا بەرزانی دەستیان کرد بە وتووێژ وە گفتوگۆی ڕێککەوتن و ئاشتی.

ئەو لیژنەیەی حکوومەت ئەمانە بوون:

١. فوئاد عارف– وەزیرێکی کورد.

٢. لیوا طاهیر یەحیا– سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراقی.

٣. عەلی حەیدەر سلێمان– سەفیری حکوومەتی عیراق، کورد.

شۆڕشگێڕانی بەرزانی داواکانی خۆیان پێشکەشی کرد و بە هەڕەشەوە بەو لیژنەیەیان وت: ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژا وەڵاممان نەدەنەوە، دووبارە جەنگ دەست

---

95 آراء في المسألة الكردية، منشورات جريدة "النور"، ١٩٧٠.

96 الدرّة، القضية الكردية.

پێ ئەکاتەوە وە وتیشیان ئەمە سەرەتای کارە و پێی لەسەر دانەگرین بۆ سەنگوسووکی. ئەمەیش ئەو داوایانەیە کە لە لایەن ئەوان (کورد)ەوە کراوە.

(لە وەرگێڕانەکەیدا بۆ کوردی زۆر ئاگاداری گیانداریی پوختەکەی کراوە).

داواکانی کورد:

١- دەستبەجێ حوکمی زاتی بدرێت بە کوردستان وە وێنەیەك لەو بڕیارە بدرێت بە کۆمەڵی یەکیەتیی دەوڵەتان، لە ئێستگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی بەغداوە بڕیارە کە بڵاو بکرێتەوە.

٢- مەڵبەندی جوغرافی:

ژوورووـ تورکیا.

ڕۆژهەڵاتـ ئێران.

ڕۆژئاواـ سوریا.

خوارووـ ڕیزە چیاکانی حەمرین.

٣- زمانـ لوغە:

زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێ لەگەڵ خوێندن وە لەو ناوچانەیشدا کە کورد نین لە کوردستاندا بە زمانی خۆیان بێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤- حوکمی زاتیـ ئۆتۆنۆمی.

ئـ. ئەبێت پەرلەمان و دیموکراتی دروست بکرێ لە نائیب سەرۆکی جمهووری و کۆمەڵی وەزیران وە کۆمەڵی نیشتمانی لە کوردستاندا وە بەم پێیە.

وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی مالییە، وەزارەتی جەنگ، ئەم سێ وەزارەتە لە پایتەختدا ئەبن وە وەزیرانی دەوڵەت بۆ ئەم وەزارەتانە لە حکوومەتی زاتیدا ئەبن.

ب. لە وەزارەتەکانی پایتەختیشدا بەپێی دانیشتووانی کوردستان چەند وەزیرێك و بۆ ئەندامی کۆمەڵی نیشتمانیش چەند نێرراوێك ئەبێ هاوکار بێ.

٥- سوپا.

ئـ. بەپێی دانیشتووانی کوردستان بەشێك لە ضابط، سەردەستە، سوپایی دیاری ئەکرێت و فەرماندەی هێزیش لە ڕۆڵەی کورد دابمەزرێن.

ب. له هەموو تیرەکانی پێویستیی سوپایی سوپای کوردستان پێکئەهێنرێت، وەکوو هێزی فڕۆکە، سوپای پیادە، دەبابە، ڕاگەیاندن (موخابەرە)، ئەندازیاری، تۆپ، تۆپی فڕۆکەشکێن.

ج. ئەبێ وەکوو دامەزراوەکانی جمهوورییەتی عێراق سوپای کوردستانیش دروست بکرێت.

٦- میزانییەی گشتی.

له ساندنی باج، خەرج، گومرگ، مەکووس...؟ وە بەشێکی باش له دەستکەوتی نەوت کە له سێیەکی کەمتر نەبێت، بدرێت به کوردستان.

٧. مانەوەی پێشمەرگە تا میلاکی سوپایی تەواو ئەکرێت، خواردن، بەرگ مانگانە بدرێت به پێشمەرگە.

٨. دامەزراندنی حوکمی زاتی بۆ ئەم داوایانە.

پاش پێشکەشکردنی ئەم داوا و ماوانە لە لایەن لیژنە نێرراوەکەی حکوومەتەوە دووبارە بۆ بەیەکگەیشتنی نێراوان وە باوەڕپێکراوان ئەم جارە لەگەڵ نێررانەوە بۆ لای بەرزانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ناردنی نێرراوانی گەل بۆ لای شۆڕشگێڕانی کورد- بەرزانی، جاری دووەم:**

لیژنەکەی حکوومەتی ڕۆژی دوایی گەیشتنەوە بەغداد. پاش وردکردنەوەی ئەو داوایە، وا بڕیار درا کە دووبارە لیژنەیەکی تر له گەل لە لایەن حکوومەتەوە بنێررێت بۆ کۆتایی بە گفتوگۆ دان وە وەڵام له شۆڕشگێڕانی کورد وەر بگرنەوە.

لیژنەکە:

١. محەمەد ڕەضا ئەلشبیبی- سەرۆکی حیزبی گەلایەتیی داخراو.

٢. موحامی فائیق سامەڕایی- نائیب سەرۆکی حیزبی ئیستیقلالی داخراو.

٣. موحامی حسێن جمیل- لە سەرۆکەکانی حیزبی وەطەنی دیموکراتیی داخراو.

٤. موحامی فیصەڵ حەبیب خەیزەران- لە گەورەکانی حیزبی بەعثی حاکم

٥. عەزیز ئەلدووری- ڕەئیس (عەمید)ی جامیعەی بەغداد.

٦. زەید ئەحمەد عوثمان– لە ناسراوەکانی کورد.

ڕۆژی ٧ی مارتی ١٩٦٣ وەکوو ویستبوویان ئەم لیژنەیە لەگەڵ وەڵامدا چوون وە لە دێی (چوارقوڕنە) کۆبوونەوە کرا وە ئەم بەندانە بۆ جاری دووەم لە لایەن کوردەوە کرا.

ئیعتیراف و ئیعلانی حوکمی زاتی بۆ کورد.

١– ئیعلانی عەفووی عام وە بەرەڵاکردنی بەندییەکان.

٢– پاککردنەوەی شیرازەی دەوائیری حکوومەت.

٣– لابردنی حیجز وە دانەوەی ئەو پارانەی دەستی بەسەرا گیراوە.

٤– لابردنی حیصاری ئیقتیصادی لە کوردستاندا.

٥– بۆ ئەوەی ئەم پێکهاتنە بە تەواوی جێی باوەڕ بێ، دەست بکرێت بە کێشانەوەی سوپا لە کوردستانەوە بۆ جێگای پێشوویان تاکوو بە دڵنیایی کار تەواو بکرێت.

لیژنەکەی گەل ڕۆژی دوایی گەڕایەوە، دەستبەجێ حکوومەت فەرمانی لابردنی (حیصاری ئیقتیصادی)ی دەر کرد و لابرا وە ڕۆژی ١٠ی مارت بۆ ئەو کەسانەی کە هاوچەك و هاوکاری لە ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١وە هاوبەشیی کوردیان کردووە، لە لایەن حکوومەتەوە فەرمانی (لێبوردن)یان دەرکرا وە لە ڕۆژی ١١ی مارتیشدا لە ڕۆژنامەی "الجماهیر"ا ئەم دۆزانەی حکوومەت– مەجلیسی قیادەی شۆڕش– بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتیان بڵاوکرایەوە[٩٧].

**یاسای لێبوردن:**

ڕۆژنامەی "الجماهیر"، ژمارە ٢٧، ڕۆژی ١٢ی مارتی ١٩٦٣.

یاسای لێبوردن لەوانەی هاوچەکیی بزووتنەوەی کوردیان کردووە، بڵاو ئەکاتەوە.

لە ڕۆژنامەی "الجماهیر":

لە سەرۆك جمهوورییەوە          پشت بە خوا

بەپێی دۆزانی ژمارە ٢٦ی ساڵی ١٩٦٣ی کۆمەڵی نیشتمانی و فەرماندارانی شۆڕش کە لە کۆمەڵی وەزیران و کۆمەڵی نیشتمانیی شۆڕشەوە پەسەند کراوە، بڕیار درا:

---

97 الدرّة، لاپەڕە ١٧٩.

ماددەی (١)

لەو هەموو کەسانەی کە لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١وە لە کیشوەری ژووروی عیراقدا هاوچەکیی بزووتنەوەی چەکدارانی کوردیان کردووە و لەو هەموو کارانەی کە پەیوەستیی بە ئازادیی کوردەوە بووە، بڕیاری لێبوردنیان درا. ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی میریدا بەبایەخە.

کۆمەڵی وەزیران

سەرۆکجمهوور سەرۆکوەزیران

شەووالی ١٣٨٢ ك، مارتی ١٩٦٣ز- بەغداد

ڕۆژی ١١ی مارتی ١٩٦٣ لە قیادەی شۆڕشەوە مەجلیسی وەطەنی وە لە بابەت سیاسەتی حکوومەتەوە بەرامبەر گەلی کورد، ئەم دۆزانە بڵاو کرایەوە.

## دۆزان لە کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕشەوە[98]

لەم خاکەدا کورد و عەرەب بە یەك ئایین و یەك باوەڕەوە ژیاون، بێجگە لە ئیستیعمار کەس نەیتوانیوە ئەم نێوانە تێك بدات. شۆڕشی ١٤ی تەمووز بۆ ڕزگاریی گەل کرا و لە دەستووری کاتی مووەقەتی عیراقیدا وتراوە کە عەرەب و کورد هاوبەش و بران، بەڵام لە باوی عەبدولکەریم قاسمی بەدبەختدا ئەوەی بە کورد کرا بەسەر عەرەبیشا هێنراوە. خراپە خرابووە جێگای چاکە و لەجیاتیی باوەڕ دوودڵی و کاری ناقۆڵا هێنان بەسەر وڵاتدا. جا شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان هات و ئەمانەی هەموو پاك کردەوە، چونکە یەکیەتیی عەرەب و کورد وە نەتەوەکان بناغەیە بۆ یەکیەتیی هەموو عیراق. نیاز و ئاواتی گرنگی ئەم شۆڕشەیش ئەوەیە بۆ چەسپاندنی حوکم و ئیدارەیەکی باش ڕێگایەکی تازە بگرێت، ئەوەیش هەروەکوو لە گێتیدا دەستووری لامەرکەزی سوودێکی زۆر گەورەی بەخشیوە، بەجێ ئەهێنرێت، کە نیازی ڕاستی شۆڕشەکەمان پیشان ئەدات بۆ پتەوکردنی برایەتیی عەرەب و کورد و بۆ بەهێزکردنی

---

98 الدرّە، لاپەڕە ١٨٠.

ڕاپەڕینی دوولاییمان –وەکوو لە دۆزانی پێشوودا وتمان– لە دژی ئیستیعمار. لەبەر ئەوە کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕش بڕیاری دا بە مافی گەلایەتیی کورد لەسەر بناغەی لامەرکەزی بۆ کورد و ڕێزی مافی نەتەوەکانی تر وە ئەم باسە لە دەستووری مووەقەت و دائیمیدا باس ئەکرێت وە لە لایەن لیژنەی تایبەتییەوە چۆنیەتیی لامەرکەزی ڕوون ئەکرێتەوە.

کۆمەڵی نیشتمانیی فەرماندارانی شۆڕش

–مجلس قيادة الثورة– بەغداد

دوابەدوای دۆزانی دووەمی شۆڕشگێڕانی ١٤ی ڕەمەضاندا کۆبوونەوەی کورد لە کۆیە.

**کۆبوونەوەکەی کویسنجق:**

ڕۆژی ١٧\١٩ی مارتی ١٩٦٣ لە کۆیە کۆبوونەوەیەکی گرنگ و مێژوویی بە سەرۆکایەتیی مصطەفا بەرزانیەوە پێك هات بۆ وردکردنەوە و لێدوانی ئەو داوا و بڕیارانەی کە لەوەپێش لەگەڵ نێرراوەکانی حکوومەت و لیژنە گەلییەکەیدا پێشکەش بە حکوومەت کرابوون. ناردنی لیژنەیەك بۆ بەغداد بڕیار درا کە ئەو بڕیارانەیش لە لایەن بەرزانیەوە بڵاوکرابۆوە. ئەو لیژنەیەیش لە شۆڕشگێڕان و دانیشتووەکانی کورد لە بەغداد دروست کرا و ئەمانە بوون:

١. جەلال تاڵەبانی.

٢. مەسعوود محەمەد.

٣. مصطەفا عەزیز.

٤. صالح یووسفی.

٥. محەمەدسەعید خفاف.

٦. ڕەشید عارف.

٧. عەگید صدیق.

٨. حبیب محەمەد کەریم.

٩. شاخەوان نامیق.

www.zheen.org

١٠. محەمەد حاجی محەمەد.

١١. عەبدولحسێن فەیلی.

١٢. حەسەن خانەقاه.

١٣. هاشم حەسەن عەقراوی.

**موناوەراتی سیاسی**

له (القضیه الكردية، الدرّة، لاپەڕە ١٨٢) لەژێر ناوی موناوەراتی سیاسییەوە ئەم برووسکەیە بڵاو ئەکاتەوە. بەڵام ئەمە پێش وەڵامی حکوومەتە بۆ بەند و داواکانی کورد کە لەگەڵ نێرراوەکانی میریدا پێشکەشی کراوە. ئەوەی مامۆستا "الدرّة" نووسیویەتی، بەبێ دەستکاری بە کوردی پیشانی ئەدەین.

ڕۆژی ٢٨ی مارت مصطەفا بەرزانی بەهۆی بێتەلی خۆیانەوە تەلێکی بۆ "حەسۆ دۆڵەمەڕی" کە لە عەقرە بووە، لێ داوە، ئەم تەلەیش لە لایەن موتەصەڕیفی مووصڵەوە وەرگیرابوو، ئەڵێت.

١- حکوومەتی جمهوورییەی عیراقی بڕیاری دا بە دانی (لامەرکەزی).

٢- چەند کوردێك ئەکرێن بە وەزیر.

٣- نائیبی ڕەئیسجمهووری لە کورد ئەبێت.

٤- سێ وەزیر داخلییە، مالییە، دیفاع دائەنرێن بۆ کوردستان.

٥- سوپای کوردی ئەنێررێت بۆ کوردستان، بە هەموو تفاقیەوە وەکوو فڕۆکەی تازە، دەبابە، تۆپ لە هەموو جۆرێك.

٦- سێیەکی نەوتیش ئەدرێت بە کورد بۆ کوردستان.

٧- نووسین و خوێندن بە کوردی وە بۆ ئەوانەی کورد نین و لە کوردستاندان بە زمانی خۆیان لەپاڵ زمانی کوردیدا ئەخوێنن.

٨- مەڵبەندی کوردستان: لای ژووروو تورکیا- خوارووی حەمرین، ڕۆژئاوای سووریا، خۆرهەڵاتی ئێران.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٩– یاسای لێبوردن لە هەموو گیراو و ئەو کەسانەی هاوبەشی شۆڕشی کوردستان بوون.

١٠– یارمەتی بۆ هەموو زیانلێکەوتووەکان بە هۆی شۆڕشی کوردستان بوون.

١١– لابردنی دەستبەسەراگرتنی ئەو ماڵ و شتانەی کە لەلایەنی میرییەوە دەستی بەسەرا گیراوە. وا دیارە مامۆستا "الدّرة" ئەم تەلگرافەی بە فێڵی سیاسی زانیوە کە بەرزانی بەرامبەر سیاسەتی حکوومەت کردبێتی.

بەڵام لە لایەن (پارتی دیموکراتی کوردستانی) وە دوابەدوای کۆبوونەوەکەی کۆیسنجەق لە بابەت ناوەڕۆکی (لامەرکەزی)یەوە لە ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٦٣دا دۆزانێکیان بڵاوکردەوە.

**دۆزان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقییەوە[99]**

**داوای کورد**

دۆزان (بەیان)

لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقییەوە[100] داوای کورد

١– نایبی سەرۆکجمهوور:

بنکەی ژین
www.zheen.org

یەکسەر هەروەکوو ئەو هەڵبژاردنەی سەرۆك (ڕەئیس) جمهووری پێ هەڵئەبژێررێت، نایبی ڕەئیسیش هەڵئەبژێررێت. مافی ئەم هەڵبژاردنەیش لە پایتەختی لامەرکەزی و لە لایەن دەستووری هەمیشەییی جمهوورییەتی عیراقییەوە ئەدرێت بە کیشوەری کوردستان و دەسەڵاتی پێ ئەبەخشرێت وە لەگەڵ دەستووری حکوومەتی لامەرکەزی بۆ کوردستان و دەستووری کۆمەڵی تەنفیزی بۆ کیشوەری کوردستان بە ناوی ناوچە یان کیشوەری کوردستانەوە بڕیار ئەدرێت.

٢– بە ناوی ویلایەتی کوردستانی لامەرکەزی یان کۆمەڵی تەنفیزی بۆ ناوچە (کیشوەر)وە، ئەم وەزارەتانەی لای خوارەوە دروست ئەکرێت.

---

[99] الدرّة، لاپەڕە ١٨٧.

[100] الدرّة، لاپەڕە ١٨٧.

ئـ- وەزارەتی زانستی (مەعاریف).

بەبێ کەموکووڕی وەکوو وەزارەتی حکوومەتی مەرکەزی بۆ کوردستانیش بە هەموو پێویستییەکیەوە پێك ئەهێنرێت. لەوانە دانانی هەموو پرۆگرامەکانی خوێندن لە لامەرکەزیدا بە پەیوەست وە گونجانن لەگەڵ گیانی بەرزبوونەوە لە هەموو گۆشەیەکەوە بۆ گەشەپێکردنی خوێندن و ثەقافەی گەلایەتیی گشتی لە کیشوەرا بۆ دامەزراندنی یەکیەتی لە ڕێگای تێکۆشاندا لە نێوانی هەردوو برای عەرەب و کوردا بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاستی گەلایەتی.

تێبینی:

١. پێویستە حکوومەتی عیراق هەموو ساڵێك بەپێی دانیشتووانی کیشوەرەوە لە دانشگەکانی عیراقیدا قوتابیی کورد وەربگرێت تا ئەوکاتەی لە کوردستاندا دانشگە ئەکرێتەوە.

٢. پێویستە وەزارەتی زانیاری هەموو ساڵێك قوتابیی کوردستانیش لە کاتی ناردنی قوتابیاندا بۆ هەندەران بە ناوی (بیعثە یان زەمالە)وە بەپێی دانیشتووانی کیشوەرەوە قوتابی بنێرێت بۆ (بیعثە یان زەمالە) وە بەپێی دانیشتووانی کیشوەرە قوتابیی کوردیش بەشدار بێ وە بەپێی ئەو مەرجانەی زانیاریی لامەرکەزی دایئەنێت.

٣. بەبێ پرسی وەزارەتی زانیاریی پایتەخت وەزارەتی زانیاریی لامەرکەزی ئەتوانێت قوتابی بنێرێت بۆ (بیعثە یان زەمالە).

ب- تەندروستی

وەزارەتی حکوومەتی لامەرکەزی ئەتوانێت بەپێی پێویست هەموو کاروبارێکی تەندروستی بۆ لامەرکەزیی کوردستان وەکوو حکوومەتی پایتەخت بەجێبهێنێ.

ج- وەزارەتی ناوخۆیی (الداخلیة)

وەزارەتی ناوخۆیی حکوومەتی لامەرکەزی ئەتوانێت هەموو کار و پێویستیی خۆی وەکوو وەزارەتی ناوخۆییی پایتەخت جێبەجێ بکات.

د- وەزارەتەکانی: ١. ئەشغال و ئیسکان، ٢. مواصەلات و عەدل، ٣. ئیصلاحی زەراعی و زەراعە، ٤. شوئوونی ئیجتیماعی، ٥. وەزارەتی بەلەدییەکان. کار و ئیشی

ئـەم وەزارەتانـە وەکـوو وەزارەتـەکانی پایتـەخت لـە لایـەن حکوومـەتی کوردسـتانی لامەرکەزییەوە بەڕێوە ئەبرێت وە ئەو کارانەی پەیوەستی بە کیشوەری کوردسـتانەوە بێـت، یەکسەر پەیوەسـتی بـە دەسـەڵاتی لامەرکەزییـەوە ئـەبێت وە پێویسـتە ئـەو وەزارەتانە یەك لەگەڵ یەك تێهەڵکێش بکرێت وە لایەنی ئابووریش بگیرێت و بزانرێت.

هـ– وەزارەتی ئابووری (اقتصادی)

ئەو کار و پێویستیەی وەزارەتی صەناعە، تەخطـیط، نـەوت کـە پـەیوەسـتی بـە مالییـە و تیجـارە و ئیقتیـصادی کوردسـتانەوەیە، ئەسـپێررێ بـە وەزارەتـەکانی لامەرکەزی و لە لایەن پایتەختەوە دەسەڵاتیان ئـەدرێتێ، بـۆ ئـەوەی بـە زوویـی و بـە گورجی کار بەجێبهێنرێت و وەزارەتەکانی مالییـە و تیجـارە و ئیقتـصادی کیـشوەری کوردستان لێك ئەدرێن وە کەم ئەکرێنەوە.

و. وەزارەتی جەنگ (دیفاع)

ئەم وەزارەتە هیی حکوومەتی پایتەختە، بەڵام نائیبی وەزیری جـەنگ و نـائیبی سەرۆکی ئەرکانی سوپا ئەبێ کورد بن.

تێبینی:

١. ناوی سوپا وەکوو خۆی ئەمێنێتەوە. ئەگەر ناوی گۆڕا ناوی ئـەو بەشـەی لـە کیشوەری لامەرکەزیدا ئەمێنێتەوە، بە ناوی سوپای کوردستان ناو ئەبرێت.

٢. ضابط و نائیب ضابط و سوپایـیـیـەکانی ئـەو سـوپایەیش لـە نـەوە و ڕۆڵـەی کیشوەری کورد و لامەرکەزی ئەبن.

٣. حکوومەتی پایتەخت هێزی پتر ناکات وە نانێرێت بـۆ کیـشوەری لامەرکـەزی تـا ئەگەر هاتوو لە لایەن هێزێکی هەندەرانەوە هەڕەشە یـان پـەلامارێکی ڕووی دا، ئـەو کاتـە پێویست بە پرسکردنی لامەرکەزی ناکات و ڕێگای موناوەرەیش بەرەڵایە، بەو مەرجەی لە پێش بزووتنەوەدا حکوومەتی لامەرکەزی ئاگادار بکرێت وە جێگا و کات پیشان بدرێت.

٤. لـە لایـەن حکوومـەتی لامەرکەزییـەوە سـەرفەماندە پیـشان ئـەدرێت، ئەگـەر حکوومەتی پایتەخت دایمەزراند مافی (ڤیتۆ) ئەدرێت بە حکوومەتی لامەرکەزی.

٥. ئەو سوپایانەی لە کوردستاندا ئەبن، هەموو بزووتنەوەیەکی عەسکەرییان ئەبێ بە ئاگاداریی حکوومەتی لامەرکەزی یان مەجلیسی وەطەنی بێ.

٦. قوتابیی ناوچەی کوردستان لە بەشەکانی عەسکەریەدا وەربگیرێت و ئەو وەرگرتنەیش بەپێی دانیشتووانی عیراق بێ تا بەش: موئەسەسەکانی کوردستان دائەمەزرێت.

٧. تا تەواو سەر ئەگرێت بۆ پڕکردنەوەی میلاکی فەننی لە هەندەرانەوە بهێنرێت.

ز- واریدات و میزانییەی لامەرکەزی:

واریداتی لامەرکەزی لەو باج و دەستکەوتانە پێك دێت کە لەناو ناوچەکەدا کۆ ئەکرێتەوە، وەکوو بەشی نەوت، باجی گوومرگ..؟ لە نەوت، نیوە لە گوومرگ بەشێکی باش بەپێی دانیشتووان وە بەشیش لە باجەکانی حکوومەتی پایتەخت.

ك- وەزارەتی دەرەوە (خاریجییە):

ئەم وەزارەتەیش هیی حکوومەتی پایتەختە.

تێبینی:

١. لە هەموو وەزارەتەکانی پایتەختدا وەکیلی وەزارە لە دانیشتووانی ناوچە و بڕیاری حکوومەتی لامەرکەزی ئەبێت.

٢. لە هەموو وەزارەتەکاندا بەپێی دانیشتووانی مەرکەزی و لامەرکەزی نوفووسی عیراقەوە مووەظەف و موستەخدەم دائەمەزرێت.

٣. مەجلیسی وەطەنی بۆ کیشوەر: وەکوو مەجلیسی وەطەنیی عیراقی بۆ لامەرکەزیش لە دانیشتووانی هەڵئەبژێرێت وە دەسەڵاتیان وەکوو دەسەڵاتی مەجلیسی وەطەنیی عیراقی ئەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکار لە وەزارەتەکانیا یاسا و دەستوور لە لایەن حکوومەتی لامەرکەزییەوە دروست ئەکرێت، بەو مەرجەی پێچەوانەی دەستوور و یاسای حکوومەتی پایتەخت نەبێ وە نابێت هیچ مەجلیسێ یان دەسەڵاتێك بەرگریی ئەو دەسەڵاتانەی لامەرکەزی بکات کە یەکێك لەوانەیش ئەو میزانییەیە کە حکوومەتی لامەرکەزیی کوردستان پێشکەشی ئەکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ل– مـافی نەتەوایـەتی: مـافی کۆمەڵایـەتی، زانـستی، ئـابووری ئـەدرێت بـە بـرا نەتەوەکانی تورکمان، ئاسووری، ئەرمەنی و ئەوانی تـر بـۆ کردنـەوەی قوتابخانـە، بـۆ زیندووکردنەوەی ناو و یادی کۆنیان، وەکوو عەرەب و کورد خاوەنی مافی تەواو بن بۆ پێشکەوتنی نەتەوایەتیی خۆیان.

م– حوکمی عورفی:

ئەگەر مەجلیسی وەطەنیی لامەرکـەزی ڕێگـا نـەدات، نابێـت حـوکمی عـورفی لـە کیشوەری کوردستانی لامەرکەزیدا بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر مەجلیسی وەطەنی وێستابوو وە پێویـست بینـرا، ئەوسـا حکوومـەتی پایتـەخت لەبـەر پێویـست ئـەتوانێت حـوکمی عـورفی بڵاوبکاتـەوە و بـانگی بـدات و ئـەبێ لـە مـاوەی حـەوت ڕۆژیـش تێپەڕنـەکات مەجلیس کۆببێتەوە.

***

لە قسەکانی مامۆستا "الدرة"، القضية الكردية، لاپەڕە١٨٦.

مەلا مصطەفـا بـەرزانی و شۆڕشـگێڕەکانی وایـان ئـەزانی لەبـەر لاوازیـی سیاسـەت حکوومەتی عێراق لە ١١ی مارتی ١٩٦٣دا حوکمی لامەرکەزیی دا بە کورد وە ئەو بەیانـەی بڵاوکردەوە، لەو هەموو تاوانبارانە یاسای لێبوردنی دەرکـرد، شـوورەی ئـابووریی لەسـەر هەڵگرتن. جا لەبەر ئەوە شۆڕشگێڕانی کورد ویستیان پترتر داوا بکەن.

حکوومەتی شۆڕش لە سـەرەتادا لـە ڕێگـەی مـیری و گەلایەتییـەوە لەگـەڵ مـەلا مصطەفا بەرزانی کە سەرۆکی شۆڕشە و زۆریشی لە کوردستانی عێراق داگیر کـردووە، کەوتە گفتوگۆ. بەو تێبینییەوە ئەو داوایانەیان پێشکەشی کـرد و بـەزوویيش بڵاویـان کردەوە و ویستیان ناوچەکەیان پترتـر فـراوان بکـەن و خـاکی عـەرەب و کـەرکووکیش بکەن بە خاکی کورد، نەتەوەیەکیش بخەنـە سـەر کیـشوەری کـورد و کوردسـتان، کـە ئەم کارە نە لە وزەی حکوومەتدایە وە نە پیـاوی ژیـر پەسـەندی ئـەکات. لەسـەر ئـەم پەیڕەوییە حکوومەتی شۆڕش ناچار بوو بە دوایيپێهێنـانی لێـدوان و پێداگرتنەکـەی کـورد لـە داواکەیانـدا و دوایـیش درا بـە نزیکبوونـەوە و لێـدوان لەگـەڵ شۆڕشـگێڕان و

مـصطەفـا بـەرزانی وە کـاری لیژنـە نێرراوەکـان، ئـیتر بـە زوویـی پـاش ئـەم ڕووداو و کارەساتە حکوومەتی عیراق دەستی کرد بە گفتوگۆ بۆ یەکیەتی لەگـەڵ قـاهیرەدا بـۆ یەکیەتیی هەردوولایان[١٠١].

**لە کۆبوونەوەکەی قاهیرەدا بۆ یەکیەتیی عەرەب**

**وە موذەکەرەی وەفدی کوردی بۆ پێویستەکانی کورد[١٠٢]**

نێراوانی جمهوورییەتی سووریا و عیراق و یەکیەتیی عەرەبی لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٦٣دا بۆ گفتوگۆ لە قاهیرە کۆ بوونەوە بۆ بەستنی پەیمانی یەکیەتی. بـەم بۆنەیەوە حکوومەتی عیراق ماوەی دا بـە نـاردنی وەفـدی کـوردیش بـە سـەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بۆ تێکەڵبوون بەو کۆمەڵـە و بـۆ لێـدوان. لـە قـاهیرە تاڵـەبانی لەگـەڵ سەرۆك جەمال عەبدولناصردا کۆبوونەوەیەکی کرد و چـۆنیەتیی گوزارشـی کـوردی بـۆ ڕوون کـردەوە و بـۆ ئـەوەی لـەم کۆبوونەوەیـەی قـاهیرەدا لێـدوانی لەسـەر بکرێـت، داواکـانی گـەلی کـوردی یەکـە یەکـە پێـشکەش کـرد وە لـە نامـە تایبەتییەکەیـدا کـە لەژێرەوە ئەیخوێننەوە پێویستیی تەواوی پیشان دا.

**نامەکەی تاڵەبانی، نوێنەری بەرزانی:**

بۆ بەڕێز سەرۆك وە ئەندامانی وەفدی عیراقی لە گفتوگۆی قاهیرەدا

بەهۆی ئەم کۆبوونەوە بۆ لێدوانی یەکیەتی لە قاهیرە وە ئەم لێدوانەیش کـە لـە چۆنیەتیی گوزارشی گەلی عیراقە و گەلی کوردیش تێدا بەشدارە و ئێمەیش کە نێـرراو و وەفدی گەلی کوردین، لێرانەدا ئەمانەوێت لە بابـەت بـەکارهێنانی مـافی لامەرکەزییـەوە بیروبـاوەڕی گـەلی کـورد لـە وەفـدی بـەڕێزی عیراقـی بگەیـەنین کـە چـۆنیەتیی ئـەو پێویستیە لەنێوانی وەفدی عیراقی و دەوڵەت یان دەوڵەتەکانی عەرەبیدا هەیە، تـاکوو

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٠١] ئەگەر لەسەر ویستنی عەبدوسسەلام بڕۆیشتنایە، ئەو نزیکبوونـەوەیش ڕووی نەئـەدا، چـونکە ئـاواتی عەبدوسسەلام تەنیا نزیکبوونەوە بوو بە جەمال عەبدونناصر.

[١٠٢] الدرّة، ص١٨٩.

بڕیارەکانی ئەدرێت بگونجێت بە سروشت و پێویستیی گەلی کوردەوە لە عیراقدا و هیچ وەزەنێکی بۆ مافی گەلایەتی نەبێت.

١. ئەمانەوێت ئەو لێدوانەی لە کۆبوونەوەکەی عیراقدا ئەکرێت نێرراو، وەفدی کوردیشی تێدا بێت چونکە ئەو بڕیارانەی بۆ پێکهێنانی پەیوەستی نێوانی هەرسێ حکوومەتەکە ئەدرێت، کاریگەرێکە لە بەشی مافی گەلی کورد لە جمهوورییەتی عیراقیدا، ئەوەیش ئەو بڕیارەیە کە لە بابەت (لامەرکەزی)یەوەیە و لەم نامەیەدا بۆتان ڕوون ئەکەینەوە.

هەرچەندە وەفدی عیراقی —بە لایەن دەستوور و یاساوە— نوێنەری هەموو عیراقە وە ئێمەیش زۆر ڕێزمان لەم کارە ناوە، بەڵام هەموو چورتم (مشاکل) لەلایەك وە ڕێڕەوی لێدوانیش لە قاهیرە لە لاو و پەرێزێکی ترایە. ئێمە لەم کاتەدا وا ڕائەپەرمووین کە نێراوەکانی عیراقی نوێنەری هەردوو گەلە گەورەکەی عیراق (عەرەب و کورد) بن و لە تەواوی بزانن و بە گرنگ بیگرن، تاکوو بڕیارەکانی ئەدرێن و پەسەند ئەکرێن لەگەڵ ڕاستیی عیراقدا بگونجێت. بێتوو وەفدی عیراق بۆ ڕەگەزایەتی بچێت و لابدات، ئەوسا بە تەواوی نوێنەر (ممثل)ی گەلی کورد ئەچەسپێنن بۆ نوێنەری گەلی کورد و ئەم نامەیان بە تەواوی ئەبێت بە بەڵگەیەکی ڕوونکردنەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢. بۆتان ڕوون ئەکەمەوە کە گەلی کورد ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبووە —بە هیچ جۆرێك— بەرامبەر بە ئاوات و ویستەنیی گەلی عەرەب وە پەیوەستییان بە خراپە وێستابێ، بەڵکوو گەلی کورد هەمیشە زۆر بەڕێزەوە لە هەموو هەل و کاتێکدا بۆ کارسازی و ئاسانیی گەلی عەرەب داواکار بووە وە بۆ ئەو پێویستییەیان ئایا لە ناوچە وە یان لە کیشوەری عەرەبیدا وە بەتایبەتی لە هەرچی جێگایەکدا بووبێت و ئەو پێویستییەیان بەرامبەر بە دەوڵەتە ئازادەکانیش بووبێت و کوێیش گەیشتبێ، هاوکار بووە.

٣. بۆ تێگەیاندنی هەموو کارێکی دواڕۆژ وە بۆ دانەدواوەی هەموو بڕیارێك کە لە کۆبوونەوەی قاهیرەدا لە مافی گەلایەتیی کوردی عیراق وە بۆ پوختەی بیر و چۆنیەتیی سروشت و جێگا لە عیراقدا وە هەمیشە بۆ تێکۆشان و تاقیکردنەوە، بە

درێژاییی مێژوو ڕێكوپێك پەیوەستیی كورد و عەرەب لە هەموو ڕوودانێكدا بە تەواوی پیشان ئەدەین.

ئـ. ئەگەر عیراق لەسەر كیان و باوی ئێستایدا بمێنێت و نەگۆڕێت، ئەوا داوای كوردیش لە عیراقدا ئەو دۆزانەی لە جمهوورییەتی عیراقەوە لەبابەت مافی گەلایەتییەوە لەسەر بناغەی لامەركەزی بۆ گەلی كورد دەر كراوە، پەسەند ئەكرێت.

ب. ئەگەر عیراق چووە ناو یەكیەتی، فیدرالّی، ئەوسا ئەبێ حوكمی زاتی بدرێت بە كورد لەسەر بناغەی خۆی و بەبێ گۆڕین.

ج. ئەگەر عیراق خۆی تێكەڵ بە یەكیەتیی تەواو كرد لەگەڵ دەوڵەتێك یان دەوڵەتەكانی عەرەبیدا، ئەوسا گەلی كورد لە عیراقدا ئەبێت بە كیشوەرێك پەیوەستی بە یەكیەتیی دەوڵەتەوە بەو مەرجەی ئاواتی بێتە دی وە بپارێزرێت وە ئەوەیش لائەچێت كە وێنەی جیابوونەوە بێت و لە پێناوی دواڕۆژێكی بەرز و پەیوەستییەكی بەتین پێكدێت لەنێوانی ئەم دوو گەلی برایەدا.

به ناوی نێرراوانی كورد بۆ لێدوان

سەرۆكی نێرراوان

جەلال تاڵەبانی

١٩٦٣/٤/٨

بنكەی ژین
www.zheen.org

**نامەی ڕوونكردنەوەكەی داوای كورد**

لە ڕۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٦٣دا بڕیاری یەكیەتییەكەی نێوانی سووریا و عیراق و میصر لە قاهیرە تەواو بوو ئیمضا كرا. لیژنە نێراوەكەی كوردیش، پاش داواكانی پێشوویان، ئەم جارە لە بەغداد بۆ ڕوونكردنەوەی داواكەیان ئەم نامەیەیان پێشكەش كرد بە حكوومەتی عیراق.

هەر لە سەرەتای هەڵهاتنی ڕۆژی ئیسلامەوە بەبێ ئەوەی هیچ كۆسپ و گرێیەك یان ناخۆشییەك بە نێوانا هاتبێ، عەرەب و كورد برایانە پێكەوە ژیاون. مێژوو بە ڕاستی تێیگەیاندووین لە نێوانی گەلاندا چاكترین ڕێگا یەكیەتییە وە ئەو

یەکیەتییەیش لە خواهیش نەك بە زۆر و بە خورتی، برایەتی بە خواهیش وە یەکیەتیی گەلایەتی ئەوەیە کە نیگاهداریی مافی ئەو گەلایەتییە بکرێت وە بتوانرێت کە ئەو مافە بەکار بهێنرێت لەو یەکیەتییەدا.

دەوڵەتـە تازەکـان پیـشانی ئـەدەن کـە لـە بـەڕێوەبردنی وڵاتـدا بـە سیاسـەت، ئابووری، ثەقافی، کۆمەڵایەتی، لە چوارچـێوەی یەکیـەتیی گـشتیدا بـەکار ئـەهێنرێت. بێگومان ئـەو یەکیەتییـەی خواهیـشییە پایـەدار ئـەبێ، وەکـوو ئـەوە یەکیەتییـەکانی سویسرا، یوغۆسلافیا، چیکۆسلۆفاکیا، هیند، نێجیریا کە بە تەواوی پیـشانی ئـەدات ئـەو یەکیەتیبـە ڕێگەیـەکی ڕاسـتو بێوەیـە بـۆ یەکیـەتیی دەوڵەتەکـەیان. جـا سـوودی ئـەم چەشنە یەکیەتییە بەخواهیشە لەناو گەلانی یەك ڕەگەزایەتیدا باو و ڕێگایەکی دروسـت و جوانی حوکمی دیموکراتییە وە پەیوەسـتێکی ڕاسـتە، وە دیسان وەکوو و یەکیـەتیی ئـــەڵمانیا، ئیتاڵیـــا، بـــەڕازیل، بـــەریتانیا، ویلایـــەتی موتتەحیـــدە. جـــا یەکیـــەتیی جمهوورییەتـــەکانی عـــەرەبیش وەکـــوو میـــصر، ســـووریا، عیراقـــیش وێنـــەی ئـــەو جمهوورییەتانە ئەبن.

ئەبینن لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا ئـەو گەلانـەی لـە سێبەری دەوڵەتێکدا ئـەژین، هـەموویان بـە مـافی گەلایـەتی، کۆمـەڵی تەشـریعی و تـەنفیزیی تایبـەتی خۆیانەوەن و بە یارمەتی و پێگەیاندن و بەیەکەوە ژیانیان بۆ پێكهێنراوە.

ئێستا ئێمەیش ئەڵێین بە دڵنیایـیـیـەکی پاکـەوە بـۆ دانـانی برایـەتیی کـورد وە ڕێکخستنی لە هەموو ناتەواویی ناوخۆیی وە هەندەران بۆ جێبەجێ بکرێـت، کـە دانـی ئەم پێویستیانە ئەبێ بە هـۆی برایەتییـەکی تـەواوی عـەرەب و کـورد وە ئەیـشبێ بـە شانازیی مێژوو بۆ نەوەی تازە و دواییمان و یادێکی هەمیشە زیندوو.

ئێمە هیوادارین کە کۆمـەڵی فەرمانـدارانی شۆڕشـی بـە بـاوەڕ و خـاوەنفەلسەفە و بەرنامە ئەو ژوانەی کە چەند جار لە زمان فەرمانڕەوایانەوە بۆ مافی گەلایەتیی گەلی کورد بەڕێزەوە بڵاوکرایەوە وە باسی دواڕۆژیان کرد، ئـەو ژوانـە پەیمانێکـە ئـەبێ بیهێننـەجێ، چونکە پێویستێکە لەسەریان وە لاپەڕەیەکی تازە ئەکاتەوە لە مێژووی برایـەتیی کـورد و عەرەبدا بە دانانی بناغەیەکی ڕاستی، خوا پشتیوانی ڕاستی بێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

یەکـەم: جمهوورییـەتی عیراقـی دەوڵـەتێکی یـەکگرتووە، لـە دوو گـەلی گـەورە (عەرەب و کورد) وە وەکوو یەك خاوەنمافن وە بەم جۆرە بە پشتیوانیی یەکتر ڕابوێراوە بۆ (حەقی تەقریری مەصیر) بەیەکەوە.

دووەم: دەستووری عیراقی بۆ کۆمەڵی تەشریعیی بەرز بە تەواوی بۆ جمهوورییە و بۆ سەرۆکی جمهووری و حکوومەت، دیسانەوە لە دەستوورا ڕێکخستنی کۆمەڵی گەلایەتی بەتایبەتی بۆ گەلی کورد و مافی گەلایەتییان لە کارەکانی تەشریعی و تەنفیزیدا بەکارهێنان پیشان ئەدات.

سێیەم: ئەم کارانەی ژێرەوە تایبەتییە بۆ حکوومەتی پایتەخت:

١. سەرۆکی دەوڵەت.

٢. کاروباری دەرەوە، وەکوو

ئـ. نوێنەری سیاسی، شابەندەری بازرگانی.

ب. پەیمان و پێکهاتنی دەوڵەتی.

ج. کۆمەڵی یەکیەتیی دەوڵەتان.

د. بانگی جەنگ و پێکهاتن.

٣. پارێزگاریی نیشتمان، هێزی زەوی، دەریایی، عاسمان.

٤. دراو وە بڵاوکردنەوەی.

٥. نەوت.

٦. گوومرگ.

٧. بەندەر و فڕۆکەخانەی دووەلی.

٨. تەلگراف، بەرید، تەلەفۆن

٩. ڕێگاکان و ڕێگای ئاسن.

١٠. پێویستی ڕەگەزایەتی.

١١. ڕێکخستنی میزانییەی گشتی دەوڵەت.

١٢. چاودێری ئێستگەی پایتەخت وە تەلەفۆن.

١٣. بۆمبای ئۆتۆم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

چوارەم: ١. گەلی کورد بە نهێنی و بێترس بۆ بەکارهێنانی مافی گەلایەتیی خۆی لە دانیشتووانی کوردستان هەڵبژاردن ئەکات.

٢. ئەو بەشی گەلایەتییە کە لە ماددەی (٢) داوا کراوە بۆ کاروباری عەدلییە، داخلییە، تەربییە و تەعلیم، تەندروستی، زەراعە، تووتن، شارەوانییەکان، شوئوونی ئیجتیماعی و عەمەل، ئاوەدانی و زۆزان. ئەو شتانەی تریش کە هۆی بەرزکردنەوەی ژیان و کۆمەڵایەتییە و ئابوورییە و لە بەشی دووەمی حکوومەتی پایتەختدا ناونەبراوە.

٣. مەجلیسی تەشریعی، دەسەڵاتی بەکارهێنانی یاساکانی ماددەی (٢) کە لە سەرەوەدا وتراوە، وەکوو مەجلیسی تەشریعی کە سەرۆکی مەجلیسی تەنفیزی هەڵئەبژێرێت وە ئەیشتوانێت ئەو باوەڕەی پێی بەخشیوە، لێ بسێنێتەوە وە هەروەها لە ئەندامەکانیشی.

٤. مەجلیسی تەنفیزی: لە مەڵبەند و مافی گەلایەتیدا وەکوو لە ماددەی (٢)دا پیشان دراوە، ئەتوانێت دەسەڵاتی خۆی و یاساکانی لە مەجلیسی تەشریعییەوە دەرئەچێت وە –بەپێی پەیوەستی بە کوردستانیشەوە– ئەو یاسا و دەستوور و دۆزانانەی حکوومەتی پایتەخت دەری ئەکات، بەکاری بێنێ وە بۆ بەڕێوەبەریی کاری دائیرەکەیشی ئەتوانێت مووەظەف دابمەزرێنێت.

٥. داراییی ناوخۆیی کیشوەری کوردستان:

١– ئەو خەرج و باجەی لە شتومەکی ناوخۆیی لەناو کوردستاندا وەرئەگیرێت.

٢– بەپێی دانیشتووانی عیراق بەشی کوردستان: لە قازانجی نەوت، گوومرگ، فڕۆکەخانە، بەندەر، مەعاریف، بانقەکانی میری، ڕێگەی ئاسن، تەلگراف، بەرید، تەلەفۆن، ئەمەیش پاش لێدەرکردنی بەشی دائیرەکانی سەرۆکایەتی، وەزارەتی جەنگ، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی نەوت، تەلگراف و بەرید و تەلەفۆن، زۆزانەکان بەپێی دانیشتووانی عیراق و پێویستیی خەرجکردن بۆ ڕێگاکان و ڕێگای ئاسن بە درێژاییی کوردستان لە درێژیی عیراقدا.

٣– بەشی کوردستان لە یارمەتی و قەرز کە حکوومەتی پایتەخت لە دەرەوە وەرئەگرت بەپێی دانیشتووانی عیراق.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤- له داوا و یارمەتیی قەرزی ناوخۆیی، بێجگە لە عەسکەری لەوەی کوردستان تێدا بەشداره.٥- پیتی تووتن وە نزارەکان.

٦- کیشوەری کوردستان، لە لیوای سلێمانی، کەرکووك، هەولێر وە قـەضـاکانی کوردی لیوای مووصڵ و دیاله دروست بووە.

٧- نـائیبی سـەرۆکی جمهـووری ئـەبێ کـورد بـێ، ئـەویش وەکـوو هەڵبـژاردنی سەرۆك لە لایەن گەلی کوردەوە هەڵئەبژێرێت.

٨- دەستووری بەڕێوەبردنی گەلایەتی لە کیشوەری کوردستاندا، مافی ثـەقـافـی، کۆمەڵایـەتی، ئـابووری، سەربەسـتیی دیمـوکراتی، ئـاییني بـۆ هـەموو دانیـشتووانی نیشتمانیەکان وەکوو تورکمان، ئاسووری، ئەرمەنی، کلدانی وە تیرەکانی تریش لە ئاییني وە ڕەگەزایەتیـدا وەکوویـەك لـە مـاف و پێویـستیدا لـە گەلـەکانی عـەرەب و کـورد جیـا ناکرێتـەوە، نوێنەریـشیان لـە مەجلیـسی تەشـریعی و تەنفیزیـدا ئـەبێ هـەبێت وە بـەپێی دانیشتووان یان لە هەموو جێگاکاندا.

ماددەکان بە گشتی:

١. لە مەجلیسی وەطەنیـی عـیراقدا بـەپێی دانیـشتووانی عـیراق گـەلی کـوردیش ئەندامی ئەبێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢. لە وەزارەتی پایتەختدا بەپێی دانیشتووانی عیراق گەلی کوردیش وەزیری ئەبێ.

٣. لـە وەزارەتـەکانی پایتەختـدا بـەپێی دانیـشتووانی عـیراق گـەلی کـوردیش مووەظەفی ئەبێ.

٤. لـە جامیعـە و مەعاهیـدەکانی عـیراقدا، بـەپێی دانیـشتووانی عـیراق، ئـەبێ قوتابیی کورد وەر بگیرێ وە هەموو ساڵێك لە قوتابیی کوردستان بـۆ بیعثـە و زەمالـە بەپێی دانیشتووانی عیراق قوتابیی کوردیش ئەبێ بنێررێت.

٥. لە یاریەدەرەکانی سەرۆکی ئەرکانی جەیش یەکێك کورد ئەبێت.

٦. نابێ ناوی سوپای عیراقی بگۆڕێت، ئەگەر گۆڕرا بەشـەکەی کـورد ناوئـەنرێت (سوپای کوردسـتان) وە سـوپاییيەکانیش لـە سـوپاکانی عـیراق کۆئەکرێتـەوە وەکـوو ضابط، سەربازەکان لە کوردن.

٧. ڕۆڵەکانی کورد ئەکرێن بە عەسکەر.

ئەو ضابط و نائیبەکان کە بە بۆنەی سیاسەتەوە یان گەلایەتییەوە دەرکراون، ئەگەڕێنەوە وە ئەنێررێن بۆ بنکەکانی عەسکەری لە کوردستان.

٨. لە دانشگەکانی عەسکەری، ئەرکان، پۆلیسی، فرۆکەوانی، وە جێگا عەسکەریەکان بەپێی دانیشتووانی عیراقەوە قوتابی وەر بگیررێت.

٩. حکوومەتی عیراق لە کاتێکدا ئەتوانێت هێزی تر بنێرێت بۆ کوردستان کە لە هەندەرانەوە هێرشێك یان هەڕەشەیەکی بێتە سەر. ئەگەر لە ڕێگایەکی ترەوە بێت، ئەبێ بە لێپرسینی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی ئەبێت لە کوردستان و هەر بەم پێیەیش ئەشێت سوپای عیراقی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سوپای عیراقی بێتە کوردستان.

١٠. بزووتنەوەی پەلەکانی سوپای عیراقی وە سوپەر دروستکردن لە کوردستاندا ئەبێ بە پرسی مەجلیسی تەشریعی یان داوای مەجلسی تەنفیزی بێت.

١١. هەموو بڕیارێکی تەشریعی ئەگەر قۆڵت و خراپە بۆ مافی گەلی کورد دروست بکات وە نەتوانرێت بەکار بهێنرێت، دروست نابێ.

١٢. بانگی مەجلیسی عورفی لە کوردستاندا، ئەگەر لە جەنگ یان ڕوودانێکی دژوار (خطر) لە لایەن بێگانەوە ڕووی نەدابێ، ئەبێت مەجلیسی تەشریعی بڕیاری بۆ بدات.

١٣. پێویستە ئێستا داوا لە وەزیرێك بکرێت بۆ دامەزراندنی مەجلیسی تەنفیزیی کاتی بۆ بەکارهێنانی پێسپێراوە پێویستییەکان، تا لە ماوەی چوار مانگدا بۆ مەجلیسی تەشریعی هەڵبژاردن ئەکرێت.

١٤. بەو مەرجەی لە ئێستاوە، لە چوار مانگ تێنەپەڕێت، زیانی ئەو کەسانەی بەهۆی شۆڕشی کوردستانەوە زیانیان لێ کەوتووە، بۆیان ببژێررێت.

١٥. ئەگەر هاتوو ڕەگەزایەتیی عیراقی گۆڕرا بە ڕەگەزایەتیی عەرەبی، ئەوسا ئەبێت لەسەر پوسووڵەی لەدایکبوون و ناونووسی و پاساپۆرتدا ناوی هەڵگرەکەی بە کوردستانی وە ئەگەر لە یەکیەتیی جمهوورییەتی عەرەبیدا بوو بە کورد پیشان بدرێن، ئەگەر لە ڕەگەزا کورد بێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٦. ئەگەر هاتوو ئالاّ و ئارمەی عیراقی گۆڕرا، ئەوسا ئـەبێ نیـشانەی کوردیـشی پێوە بکرێت.

**دەستووری لامەرکەزی**[١٠٣]

پاش ئەوەی حکوومەت لەگەڵ کاربەدەستەکانی مصطەفا بەرزانی و پێنج وەزیـر و پێـنج سیاسـی لـە لێـدوان و گفتوگۆیەکەیانـدا پێـکنـەهاتن، حکوومـەت بـە هـۆی ئـەم لیژنەیەوە بڕیاری دانانی دەستووری لامەرکەزیی دا.

١. فەریق ڕوکن صالّح مەهدی عەمماش– وەزیری جەنگ.

٢. زەعیم ڕوکن ناجی طالّب– وەزیری پیشەسازی.

٣. زەعیم ڕوکن مەحموود شیت خەطاب– وەزیری شارەوانی.

٤. حازم جواد– وەزیری داخلییە.

٥. مەهدی دەولەعی– وەزیری عەدل.

٦. شێخ محەمەد ڕضا شبیبی– ڕەئیسی حیزبی الجبهة الشعبیة– داخراو.

٧. موحامی فائیق سامەڕائی– نائیبی ڕەئیسی حیزبی الاستقلال– داخراو.

٨. موحامی حسێن جەمیل– سکرتێری حیزبی وەطەنیی دیموکراتی– داخرا.

٩. دکتۆر عەزیز ئەلدووری– ڕەئیسی جامیعەی بەغداد.

١٠. عەلی حەیدەر سلێمان– سەفیری عیراقی– واشنطون.

ئەم لیژنەیە لـە سـەرەتای حـوزەیرانی ١٩٦٣دا بڕیـاری خۆیـان پێـشکەش کـرد وە مەجلیسی وزەرایش بڕیاری لەسـەر دا. بـەپێی ئـەو دۆزانـەی لـە ٢٥ی مـارتی ١٩٦٣دا لـە بابەت نیظـامی لامەرکەزییـەوە بـۆ دابەشـکردنی عـیراق بەسـەر موحافـەظـەدا درابـوو کـە کاروبـای ئیـدارەی خۆیـان بـە سەربەسـتی لـەژێر چـاودێریی حکوومەتـدا بـەجێبێنن، بڵاوکرابۆوە کە بەپێی یاسا هـەموو موحافـەظـەیـەك –لـە لیوایـەك یـان پـتر– لـە لایـەن مووەظەفی حکوومەت یان کۆمەڵی هەڵبژێراوەوە کـە پێـی ئـەڵێن (کۆمـەڵی دێ، کۆمـەڵی

---

[١٠٣] الدره، لاپەڕە ١٩٩.

ناوچـە، کۆمــەڵی ناحیــە، کۆمــەڵی قــضا، کۆمــەڵی لیــوا یــان کۆمــەڵی موحــافــەظــە) بەڕێوەئەبرێت. بۆ ئەم دابەشکردنەیش مەڵبەندیان بۆ دیاری ئەکرێت.

موحافەظە وە مەڵبەندەکانیان:

مەبەست لـە یاسـای ئیـدارەی لامەرکـەزی کۆکردنـەوەی کوردسـتانی عێراقـە بـە چەند موتەصەڕیفییەتێك لەژێر یەك ئیدارەدا.

١) لە مەڵبەنـدی ئیـدارەی موتەصـەڕیفییەکان، قـەضـای چەمـچەماڵی کـورد لـە کەرکووك دابڕا و درا بە سلێمانی.

٢) پێنج قەضای کورد: زاخۆ، دهۆك، عەمادییە، عـەقرە، زێبـار بـە نـاوی لیـوای دهۆکەوە کە زۆریان کوردو ئاشوورین، لە مووصڵ دابڕا.

٣) موحافەظەیەك بە ناوی سلێمانی‌یەوە کە ناوچـەی بزووتنـەوەی گەلایەتییـە و بناغەی برووسکە، بە ناوی لیوای سلێمانی و هەولێر و دهۆکەوە ناونرا.

٤) زمانی کوردی، بەپێی نیظامی لامەرکەزی لە لیوای سلێمانی‌دا زمانی عـەرەبی و کوردی بە ڕەسمی ئەزانرێت کە لە سەرەتایی و ناوەندیدا بەکار بێت.

بە پێویستم زانی کە ئەم فەرموودەیەی ژێرەوەی مامۆستا "الدرة" پیشان بـدەم وە لە وەڵامدا بۆ ڕوونکردنەوەی گشتیی ئەم نووسینە پێشکەشی بکەم:

مامۆستا لە بابەت دەستووری لامەرکەزییەوە نووسیویەتی، بەڵام نەیویستووە بڵێت لە لایەن هەموو کورد و بەرزانی‌یەوە بڕیاری لامەرکەزی پەسەند نەکراوە وە لـە داواکـەیان کە حوکمی زاتییە لایان نەدا وە وەکوو لە لاپەڕە ٨٥دا وتوویەتی: بە بۆنـەی جـەنگی ٦ی ئـەیلوولی ١٩٣٠ لـە فەرمانـدەییی شـێخ مـەحموودا لـە شـارەزوور ڕووی دا و خۆیـشی ضابطێکی سوپاییی میری بووە، وەکوو وتمـان ڕەنگـە تـەنیا ئـەو ناوچـانەی سـلێمانی و شارەزووری کە بینیوە، بە کوردستانی بزانێت، بەڵام نەگەڕاوەتەوە بـۆ ئـەو نەخـشەیەی کوردسـتان کـە لـە سـەرەتای کتێبەکـەی خـۆی بەدەسـتی خـۆی نەخـشی کـردووە، بگەڕێتەوە و مەڵبەندی پانوپۆڕی کوردستان ببینێ و تێبگات کە کـورد خـاوەنی خـاك و زمان و ڕەوشتێکی نەگۆڕاوی خۆیان و مێژووی پاك و خاوێنیان شایانی شانازییە.

**بۆچی پێکهاتنەکە سەری نەگرت:**

حیزبی بەعث هەر بەدوای ڕماندنی قەڵای سەخت و دوایی‌پێهێنانی کارەساتە بەدبەختییەکەی عەبدولکەریم قاسمدا بە دەستێکی خاوێن و دڵسۆزانەوە هاتن بەپیر ئاشتی و دوایی‌پێهێنانی داوای کوردەوە بە برایەتی و دیموکراتی. ئەتوانم بڵێم گەیشتبوونە سەر لێواری دوایی کار، بەڵام بەداخەوە ئەو نەخش و بەرنامەیەی کە عەبدوسسەلام عارف لە مێشك و بیری خۆیدا دایمەزراندبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی، ماوەی نەدا، چونکە ئەو ئاواتەی پێی گەیشتبوو وە ئەو جێگایەی دەستی کەوتبوو، بە هۆی شۆڕشی کورد و سەرکەوتنەکەی بەعثەوە بوو. جا زۆرباش ئەیزانی بە کۆتایی‌هێنانی شۆڕشی کوردستان حیزبی بەعث ئەو جێگایە کە سەرۆك‌جمهوورییە یان بە هەڵبژاردن وە یان بە بەشی ئەو کەسەی لێهاتوو بێ ئەدرێت، چونکە لەکاتی سەرەتای شۆڕشی بەعثیدا خۆی بۆ خۆی بانگی سەرۆك‌جمهووریی دا و هەلێك بوو نەیدۆڕان. بێ‌گومان شۆڕشگێڕانی بەعثیش لەم کاتەدا پێویستیی دووبەرەکییان بە باش نەبینی و بە ناوی ئەو سزایەوە کە لە عەبدولکەریم قاسم بینی، ئەو بەخشندەیی‌یەیان لەگەڵ کرد.

عەبدوسسەلام عارف بە هەستی خوێنڕێژی و بەدکارییەوە ئەژیا وە بە ڕاستی ناتوانرێت بوترێت تەنیا دوژمنی کورد بوو، بەڵکوو دوژمنی هەموو گەل و عەرەبیش بوو، تەنانەت سەرۆك عەبدولناصریش ئەیوت ((عەبدوسسەلام ساوایە، مناڵە))، چونکە کردگارەکانی لە وزەدا نەبوو.

لە ئێستگەی ڕادیۆی عیراقەوە بە زمانی خۆی ئەیوت:

ئەی عەرەبی عیراق، لەگەڵ عەرەبی هەموو گێتی لەپێناوی عەرەبیەتیدا خۆمان بەخت ئەکەین، فەلەستین ئەسێنمەوە وە لە عیراقدا بێجگە لە عەرەب گەلێکی تر نییە. ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە کورد لە پاش ڕماندنی بەندی (مەئرەب) و لە غەساسینەوە هاتوونەتە ناو چیاکانی عیراق، زمانی عەرەبییان لەبیرچووەوە و فێری زمانی ئەو بێگانە دانیشتووان ە بوون کە لەناو چیاکاندا ئەژیان.

سەرۆك ئەیوت، بەڵام نەیئەزانی چی ئەڵێت، ئەوەی بەبیرا نەئەهات ئەگەر کورد نین وە عەرەبن، بۆچی ئەیانکوژن، یان ئەو گەلە بێگانەیە کێ بوو کە برا عەرەبەکان فێری زمانەکەیان بوون. بەڵام دوور نییە سەرۆك زۆر باش نەیزانێت کە ئەو گەلە هەر ئەم کوردانەی ئێستا بوون و ئێستایش فەرمانی قڕهێنانیان ئەدات.

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣دا دوایی بە گفتوگۆی ڕێککەوتن درا. حیزبی بەعث بۆ پارێزگاریی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان، لەم کاتەدا نەیانویست عەبدوسسەلام بڕەنجێنن وە وا دیار بوو بەرنامەی ئاشتییان بۆ هەلێکی تر دوا خست و داواکانی کوردیان خستە لاوە و ئارەزووی عەبدوسسەلام لە بەعث کاریگەرتر بوو، ئەم دۆزانە بڵاو کرایەوە.

ئەوەیش بزانن کە بەرزانی لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا ئەیوت ((کورد جیا نابێتەوە و ژیانی لەگەڵ ژیانی گەل و ناو خاکی عیراقدایە)).

## دۆزانی حکوومەتی عیراقی بۆ بزووتنەوەی عەسکەری بۆ سەر کوردستان[١٠٤]

بۆ نەمانی زاڵیەتیی عەبدولکەریم قاسم لەدژی گەل شۆڕشی ١٤ی ڕەمەضان کرا بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەستی گەل پێك بێت وە ئەو دەسەڵاتە لە ڕەگوڕیشە دەربێت، ئەو هەڵانەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابوردوودا ڕووی دا، ڕاست بکرێتەوە. ئەو ڕووداوەیش ئەوەیە کە لە نێوانی عەرەب و کوردا ڕووی داوە. دیارە کە بە درێژاییی چەرخەکانی ڕابوردوو ئەم دوو گەلە بە خۆشی و بەبێوەیی و برایەتییەوە ژیاون وە بۆ ئەوەی لەو ناتەواویی هەژاری و کێویەتیی ئەو باوە ڕزگار بکرێت کە تێوە گلاون، بەپێی بڕیاری (فەرماندارانی شۆڕش)، بەتایبەتی ئەو ناخۆشییەی کە لە باوی قاسمدا بەرەنگاری کورد بووە، نەهێڵرێت، دەستبەجێ فەرمان درا بە وێستانی جەنگ و تەقە لە ناوچەی ژووروو لە جێگا عەسکەرییەکاندا. بەندە سیاسییەکانی قاسم لە بەندیخانەکاندا گیری دابوون، بەرەڵا کران، مووەظەفە دەرکراوەکان، موستەخدەم و کرێکارەکان گەڕانەوە بۆ جێگای خۆیان. ئەم کارانە بۆ ئەوە بوو کە بناغەیەکی

---

[104] الدّرة، لاپەڕە ٢٤٤.

کۆمەڵایەتیی تازە پێکەوە بنێن. ئەو حیصاری ئیقتیصادییەی قاسم لەسەر گەلی ژووررووی دانابوو، شۆڕش هەڵیگرت تاوەکوو لە باشی و خۆشیدا بژین.

بۆ گەڕانەوەی باوەڕ و چاکە کە قاسمی گوناهبار نەیهێشتبوو وە نێوانی عەرەب و کوردی تێك دابوو، لە گەل لیژنەیەك ڕێك خرا و ئەمانە بوون:

١. شێخ محەمەد ڕضا ئەلشبیبی.

٢. حسێن جەمیل.

٣. فائیق سامەڕایی.

٤. فەیصەڵ حەبیب خەیزەران.

٥. دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلدوروی.

٦. زەید ئەحمەد عوثمان.

ئەم لیژنەیە نێررا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مصطەفا بەرزانی و شۆڕشگێڕان بۆ دامەزراننەوەی ئاشتی لە شیمالدا وە پێکهاتنێکی مێژوویی لەنێوانی عەرەب و کوردا وە دانی پێویستییان و بەشدارییان لە پێشکەوتن وە بەرزیی گەلایەتی لە عیراقدا. جا ئەزانین لەوکاتە ناپەسەندەدا کە حکوومەتی قاسم بەرزانی و کۆمەڵەکەی تووشی شۆڕش و کوشتار کرد، ئێستا بە هۆی ئەو دەسەڵاتە دیموکراتییەی گەلایەتییەوە کە لە نوێنەرانی هەموو گەل بۆ زانینی پێویستی و پێشنیازیان نێررابوو، تەواو بوو.

لەگەڵ ئەوەدا کە مەلا مصطەفا و کۆمەڵەکەی نوێنەری هەموو کورد نین وە لەگەڵ ئەوەی بۆ خوێنڕژاندنەکەی مووصڵ و کەرکووك هاوبەشیی قاسمیان کرد وە لەگەڵ ئەوەی شیوعییەکان لە کاتی گوناهکاری لەدژی گەل و خراپەکردن بەرامبەر بە سەربەستی و دیموکراتییەتی پێشکەوتنی گەلایەتیدا پشتگیریی شیوعییەکانی کرد وە لەگەڵ ئەوەدا کە بە خۆپێناسینی ئەقطاعییەتی و خۆبەستنیان بە ئیستیعمار و ڕەجعی و صەهیۆنی و خراپەکردنیان لەدژ و بەرامبەر بە مافی نیشتمانییەکانی تریش ئەکرد. دیسانەوە باوەڕی حکوومەتی شۆڕش زۆر بە بڵندی ڕوانییە یەکیەتی و دواڕۆژی کۆبوونەوە لە نێوانی عەرەب و کوردا بە هاوکارییان لەگەڵ نێراوە ڕەسمییەکانی گەلی کە خەریکی پێکهێنانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

یەکیەتیی عەرەبی بوون، کوردەکان هاوکارییان بکەن کە کوردەکان خۆیان باش لە یەکیەتییەکەی عەرەبی سووریا و میصر و عیراقیش ئاگەدار بوون.

لە پاش وردکردنەوەی داواکانی مەلا مصطەفا بەرزانی کە پێشکەشیان کردبوو، بە بیروباوەڕێکی پێویستەوە بۆ ڕێکخستنی ڕاستی بە پەلەو بەجێهێنانی داواکانی کورد و هێنانەوەی پێشنیارەکەیان وە بۆ دامەزراندنی پێشکەوتنی گەلایەتی و هاوکارییان بە فەرمانڕەواییی شۆڕش، مەجلیسی قیادەی شۆڕشی وەطەنی لە ڕۆژی ٩ی مارتی ١٩٦٣دا دۆزانێکی مێژوویی لە بابەت (لامەرکەزی)یەوە دەرکرد. لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەیان لێ ئەکرا، پاش یەك مانگ حکوومەتی شۆڕش بۆ لێدوانی حوکمی لامەرکەزی و گەیاندن بە بەرزترین پایە لیژنەی ڕەسمی وە گەلایەتیی دروست کرد و بە تەواوی یاسای لامەرکەزییان پێك هێنا.

– حکوومەتی شۆڕش بە پەلە دەستی کردەوە بە گەڕانەوەی ئابووری بۆ ژووروو وە چاککردنەوەی ئەو وێرانیانەی کە لە جەنگی قاسم و کۆمەڵی بەرزانییەکانا ڕووی دابوو. بەو وێنەیە کە ناوچەکانی ژووروو بەشێکی باش لەو پێویست و ئابوورییە وەربگرێت، تاوەکوو کارەساتە ناخۆشییەکانی ڕابوردوو بگەڕێ بە خۆشی و پێشکەوتنیان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

– ئەی نیشتمانییەکان

بانگی شۆڕشی گەل درا

شۆڕش لە دۆزانی یەکەم وە دۆزانی دووەمی کۆمەڵی سەرۆکایەتییەکەیانەوە لە بەرنامەکەیاندا باوەڕیان وابوو کە پێویستیی کورد لە عیراقدا پترتر بێ لە بەشدارییان بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن وە حکوومەتی وەطەنیی بەڕاستی و دڵپاکی، لەو ڕۆژەوە کە کۆتاییپێهێنانی کارەساتەکەی لە باوی قاسمیدا ڕووی دابوو، زانیی کە مانەوەی زیانێکی زۆر گەورەیە بۆ ئاسایش و هەموو ڕێگایەکی ئاواکردنەوە و باشی لە شیمالدا وەکوو پیشەسازی، ئاو، ئیصلاحی زەراعی، زۆزان (مصایف)، بەڵام ئەو تیرەیەی کە بە پەیوەستی لەگەڵ ئیستیعمار و ڕەجعی و صەهیونی ناسراوە و ماوەیەکی زۆریش لکابوون بە فەرمانڕەواییی قاسمەوە، ئەم باوەڕە پیرۆزە و مەزنەیان پەسەند نەکرد کە حکوومەتی شۆڕش بۆی چوو وە ئەم پێویستە چاکەیان پێکنەهێنا بۆ کورد،

دەستبەرداری خوێنڕژاندنی عەرەب و کورد نەبوون، ئەیانەوێت لە عیراق جیاببنەوە، لە سوودی دەوڵەتی بێگانەدا هەڕەشە لە ئیستیقلالی عیراق بکەن و برایەتیی عەرەب و کورد تێکبدەن. ئەمانە نایانەوێت بە ئاشتیخوازی بێنە پیشەوە. ئەمەیش هەندێك لە کردەوەکانیانە:

١. پەنادانیان بە شیوعییەکان- کوشتن و داڵڵەدان بە ڕاکردووەکانی عەسکەری و مەدەنی لە یاسا و عەدالەت و نەگەڕانەوەیان.

٢. دەستە دەستە سووڕانەوەی چەکداریان لە دێهاتەکانی شیمالدا، هەڕەشەکردن لە دانیشتووان و بە خورتی ڕاکێشانیان بۆ ئاوێتەییان، پارەساندن و کۆکردنەوەی چەك لە دانیشتووانی بێتاوان.

٣. ماوە نادەن داد بگاتە لای دادپرسی حکوومەت، خۆیان هەموو کاروبارێك ئەبینن.

٤. پشکنینی ئوتومبێل.

٥. هێرشبردن بۆ سەر قەڵا و قولەی پۆلیس، بردنی پۆلیسەکان و چەك و تفاقیان بە دیلی.

٦. بڕینی تەلی تەلەفۆن بۆ نەمانی پەیوەستیی حکوومەت.

٧. تەقەکردنی تفەنگ لە قەڵا (ربایا)یەکانی هێزی چەکداری حکوومەت، سوپا.

٨. ڕفاندنی مووەظەفە ئیدارییەکانی وەکوو قائیمقامی مێرگەسوور و سێ حەرەسی قەومی لە (مەخموور) وە پێنج کەس لە (پردێ) وە پێنجی تریش لە (عین دبس).

٩. ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٥، ٣٠٠ چەکداری شۆڕشگێڕان و شیوعی ورووژمیان بردە سەر دێی (ئیبن ناصر)، هەموو ماڵ و چەکەکانیان بردن.

١٠. ڕۆژی ١٩٦٣/٥/١٤ هێزی جیابوونەوەخوازەکان تەقەیان لەو هێزە سوپاییيانە کرد کە لە ناوچەی کارەبای (دبس) ئیش ئەکەن.

١١. جەبار جەباری و عادل عیززەت لەگەڵ ١٥٠ چەکدارا هێرشیان بردە سەر ناحیەی قەرەحەسەن، هەموو چەکەکانیان لێ ساندن و بردیان و گەڕانەوە بۆ تەکیەی جەباری، ئەمانیش هەموویان لە چەکدارەکانی بەرزانین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٢. له ناوچەی حەریر، پەلاماری ئوتومۆبێلەکەی نەخۆشخانەیان دا، هەردوو تفەنگی دوو عەسکەرەکەی لەگەڵ نەخۆشەکە بوون، بردیان.

١٣. ڕۆژی ٦٣/٥/٢٥ هێرشیان بردە سەر دێی (زەلکە) لە ناوچەی مەیدان، شێخ نووریی زەلکەیان کوشت. لەبەر ئەوەی دانیشتووانی زەلکە هاوکارییان نەئەکرد، دێیەکەیان سووتان، ئەهالییەکەیش داڵڵەیان دا بە پۆلیسی مەیدان.

١٤. شۆڕشییە شیوعییە ڕاکردووەکان ئابلۆوقەی هێزی "صەلاح محێدین"یان دا، ماوەی پێنج سەعات جەنگ ڕووی دا لە هێزی فورسان "شێخ سامی عەبد زالە" سەرۆکی عەشیرەتی سلیڤانی کوژرا.

جا[١٠٥] بۆ نیگاهداریی دانیشتووانی شیمال وە گەڕاننەوەی ئاسایش لە چوارگۆشەی نیشتماندا، مەجلیسی قیادەی شۆڕش لەسەر فەرمان و پێویستیی گەل بڕیاری دا کە هەموو پرۆگرامەکان بەکار بهێنێ بۆ پاراستنی ئیستیقلال وە یەکیەتیی نیشتمانی لە دەستدرێژیی جیابوونەوەخوازەکانی ڕەجعییەکان وە بڕیارمان دا بە پاککردنەوەی ناوچەکانی شیمال لە بزووتنەوەکەیان.

ئەوا ئەم جارەیش مەجلیسی قیادەی شۆڕش ئەو دەستە یاخییە ناپاك و لە ئاواتی گەل دەرچووانە و لە یەکیەتیی نیشتمانی جیابووانە ئاگادار ئەکات، ئەبێت لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا چەکەکانیان فڕێ بدەن وە پاڵ بدەن بە فەرمانڕەواییی وەطەنیی دیموکراتی وە لەو ناوچانەدا خۆیان لە نابەجێیی کوشتار بپارێزن، ئەگینا مەجلیسی وەطەنی هەر بە چاوی خائین ئەیانبینێ.

ئەی هاونیشتمانییەکان،

مەجلیسی شۆڕش بانگتان ئەکات بۆ یارمەتیدانتان بە هێزی چەکدارەکانمان و دەسەڵاتدارانی حکوومەت بۆ دوایی‌پێ‌هێنانی ئەو بەدکارانە و بۆ یارمەتیی ئەوانەی داڵڵەیشتان ئەداتێ.

---

[105] پێش ئەم بەیانی جەنگی کورد و حکوومەتی عەبدوسسەلام عارف دەستی پێ کردبوو وە خوێنی برا کوژراو ئەڕژا بەسەر بەرد و خۆڵی چیاکاندا.

مەجلیسی قیادەی شۆڕشی وەطەنی

١٨ی موحەڕەمی ١٣٨٣، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣، بەغداد

**عەبدوسسەلام عارف**

سەرۆك عەبدوسسەلام زۆر بە پەلە بوو بۆ بڕاننەوەی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی کورد لە ڕۆژی ١٠ی حوزەیراندا ئەم دۆزانە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام زەعیم صدیق مصطفا وتی: ڕۆژی ٨ی حوزەیران سەرۆك عەبدوسسەلام فەرمانی دا کە لە کوردستان –بە تایبەتی– شاری سلێمانیدا لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە تا چل ساڵی بەبێ پرس و موحاکمە بکوژێن، ئەم فەرمانەی لەجیاتیی ئەو ژوانەی بوو کە بە دانیشتووانی سلێمانیی وت: ئەبێ جارێکی تر بێمەوە ناوتان وە بە کوردی وتووێژتان لەگەڵ بکەم! بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکەی سەرۆك، لە ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا نزیکەی سێ هەزار کەس لە مووەظەف لە فەڕاشەوە تا مودیری عام، لە تەقاعودەوە، لە سەربازەوە تا زەعیم وە هەموو مووەظەف، بازرگان، حەماڵ، بەقاڵ، مامۆستا.. لە هەمەجۆرە، لە بارەگەی سوپاییی سلێمانی نزیکەی چوار هەزار کەس خزێنرایە ناو تەرس و پەینی تەویلەی ئێسترەکانی سوپا و ٤٨ سەعات بەبێ نان و لەژێر ئەو گەرمایەدا بەبێ ئاو مانەوە، کە بە چاوی خۆم پەرێشانیم ئەبینی.

لە کۆڵان، ناوماڵ، بارەگەی سوپا (وادي الموت)دا نزیکەی (٦٠٠) کەس کوژرا و لەناو مزگەوتدا قوتابیی ئاینییان کوشت. بە ناوی چەك و پیاوخراپی دۆزینەوە ماڵپشکن ئەکرا، پارە، زێڕ، فەرش، شتی نایاب بە تاڵان ڕۆیشت. فەرشی مزگەوتی پێنجوێن بە لۆری برا. زۆر دەست بۆ نافەك و ناموسی ژنان درێژ کرا. ژن، پیاو، منداڵ بە گوناهبار ئەزانرا. سەرۆك سەلام ئەیویست کوردستان لە کورد پاك بکاتەوە و خۆشی لەسەر چیای پیرەمەگرون، لە کاشانەکەیدا کە دروستی ئەکات، بڕوانێتە بەهەشتی کوردستان، کارەساتە سپڵەییەکەیش بەرامبەر بە حیزبی بەعثیش لە لاپەڕەکانی دواییدا ئەخوێننەوە.

عەبدوسسەلام بێجگە لە ناردنی سوپا و چەکی کوشندە بۆ کوردستان دەستی کرد بە پیاوکڕین. دوابەدوای دۆزانەکە بە ناوی ئاینییەوە تاوانی ئەم سەرۆك عەشیرەتانەیش زۆر زوو وە بە هەزاران بکرێت بۆ شۆڕشەکەی خۆیان لە شۆڕشی کورد جیایان بکاتەوە.

١. شێخ مەسعوود نەقشبەندی– سەرۆکی ئایینیی کورد لە شیمال.

٢. مەحموود ئاغا– سەرۆکی عەشیرەتی زێبار.

٣. شەمزین ئاغا– سەرۆکی عەشیرەت لە زاخۆ (ئەم ئاغایە لەناو عەشیرەتەکەی خۆیدا لە زاخۆیش خۆشەویست نییە).

٤. مەحموود شەمێران.

٥. حاجی محەمەد عەلی– سەرۆکی عەشیرەتی شێخان.

٦. جەلالەددین بریفکانی– لە سەرۆکەکانی ئاینیی (قادری)، عەشیرەتی دهۆك و شێخان و مزووری[١٠٦].

### لە ئێستگەکانی بێگانە و شیوعییەوە[١٠٧]

دەوڵەتەکانی ئەوروپا و شیوعی هەموویان بەیەکەوە لایەنگریی مەلا مصطەفا بەرزانی ئەکەن، ئەمانەیش لە لایەك بە ناوی شیوعیەتی وە لەلایەکی ترەوە بە ناوی جوولەکە (ئیسرائیل)وە بەرژەوەندی ئیمپریالیش بە ناوی دەوڵەمەندترین کانی نەتەوەیە لە گێتیدا. شیوعی کە پاش ئیمپریالییە، هەڕەشەی سۆڤیەتیش ئەوەیە ئەگەر لە کارەساتی کوردا عیراق درێژە بە جەنگ بدات، واز لە یارمەتیدانی عیراق ئەهێنێ!

عەبدوسسەلام دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی بەش ئەکرد، ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە بوو، یەکسەر لە لایەن خۆیەوە ئەوانەی پەیوەندییان بە عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەوە هەبوو لە لایەن حیزبی بەعثی ئیشتیراکیی عەرەبییەوە ئەگیران ئەکوژران، لەژێر ئەشکەنجەدا سزائەدران، چونکە سوپا بە

---

106 الدره، لاپەڕە ٢٥١.

107 ڕۆژنامەی عیراقدا، ٢٠ حوزەیرانی ١٩٦٣.

عەبدوسسەلام خۆیەوە پەیوەستیان هەبوو وە خۆی بە خاوەنفەرمان ئەزانی، سوپایش پاڵی دابوو بە سیاسەتی سەرۆك عەبدوسسەلام عارفەوە.

– ڕۆژنامەی ئەستێرەی سوور "النجم الاحمر"ی سۆڤیاتی ئەڵێت: گەلی سۆڤیەت داوا ئەکات کە دوایی بەو بەدکارییە بهێنرێت کە لە دژی گەلی کورد بەکارئەهێنرێت، چونکە کورد داوای ئازادی ئەکات وە ئەو جەنگەی عیراق بەرامبەر بە کورد ئەیکات، بوەستێ! کە سوپای عیراق جەنگی لەناوبردنی کورد ئەکات، دێهاتیان وێران ئەکەن، پیر و جوان و ژنیان ئەکوژن، نیشانەی گەلایەتییان ناهێڵن وە لە ئەشکەنجەدانیان درێغ ناکەن.

– ڕۆژنامەی "دەیلی تەلگراف"، ٢٠ی حوزیرەنی ٦٣ ئەڵێت: پەلامار دانەکەی عەبدوسسەلام عارف زۆر خراپترە لە خوێنڕژاندن و پەلاماردانەکەی عەبدولکەریم قاسم. لە ماوەی ٤٠ کیلۆمەتر دوور لە کەرکووکەوە دێهاتی کورد سووتا، بە دەبابە و گرێدەر لەگەڵ زەوی لووس کرا، چاندگە سووتا، ئاژەڵیان کوژرا، لادێییەکانیشیان لە لایەن حەرەسی قەومییەوە (وەطەنی) ڕاو نران و دەربەدەر بوون. هەروەها قەصابەکەی بەغداد لە کێویەتیدا زۆر لە عەبدولکەریم پێشکەوتووترە، نابێ شەریکە، هاوکاریەکانی نەوت چاو لە مافی کورد بقووچێنن. کەرکووك لەناو دڵ و جەرگی کوردایە. جێی باوەڕ نییە کە مەلا مصطەفا لەوە بێدەنگ بێت کە حکوومەتی عیراق بە پارەی نەوت چەك بۆ عیراق بکرێت وە کوردی پێ بکوژێت.

– ڕۆژنامەی "کۆمبا" ئەڵێت: لە جەلال تاڵەبانی پرسرا بۆچی هاتوویت بۆ فەرەنسا؟

وەڵام: ئەو یارمەتییە مەعنەوییەی دراوە بە کورد، زۆر بەنرخترە لە مادییەکەی، چونکە گەلی کورد بەهێز ئەکات وە دیسان وتی: کورد خاوەنی کانە نەوتەکانە لە هەموو کەرکووك و عەین زالە و خانەقیندا، کەچی دوژمن ئەیخوات، پێویستە ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە وە پێویستە شەریکەکانی نەوت ڕێزی خاوەن ماف و ماڵ بزانێت.

– وە بێناوێك لە ڕۆژنامەکانی عەرەبیدا ئەڵێت: ئەبێ دژوار و کوڕی (خطر)ی ئەم کارەساتەی شیمالی عیراق بزانرێت. ئەو کارەساتەی کە ئیمڕۆ سوپای عیراقی لە پاککردنەوەیدایە، کارەساتێکی شۆڕش و یاخیگەری نییە، بەڵکوو کارەساتێکی گەلایەتییە و هیچ هێزێك ناتوانێت بیگۆڕێت.

– وە ڕۆژنامەیەکی قەومیش ئەڵێت: لە دژی کورد جەنگاندن هەڵەیەکی گەورەیە!![108].

عەبدوسسەلام زۆر شانسدار بوو وە بەختی لە کارا بوو. شۆڕشەکەی ١٤ی ڕەمضان کە بەعث کردی بۆ دامەزراندنی ئاسایش وە بەڕێوەبردنی گەلی بە خۆشی بوو، کەچی عەبدوسسەلام بە هەموو توانایەوە خەریکی زاڵیەتی و خراپەکردن بوو وە حیزبی بەعث کەموزۆر بەربەستی نەئەکرد. هەر بە فەرمانی عەبدوسسەلام لەو مزگەوتەی خۆی ئەچوو بۆ نوێژی هەینی، ئەبوایە خەطیب لەدژی کورد بدوێت و جنێو بە کورد بدا وە بە گوێچکەی خۆی ئەو قسە خراپانە لە جیاتیی ناوی خوا و پێغەمبەر ببیستێت. لەسەر سێبەری ژووری لە خوا پاڕانەوە ئیمامی جومعە ئەیوت: کورد لە ئاینی ئیسلامی لای داوە. ئەبێ عەرەبی کورد بە ئیسرائیلی دووەم بزانێت وە بەپێی شەریعەتی ئاینی ئیسلامی دروستبوونی کوشتنی کوردیان ئەدا وە سەرەڕای ئەم ناڕەواییەیش هەموو پیاوە گەورە ئاینداراەکانی کۆ کردەوە، ویستی بڕیاری لە ئاینی ئیسلامی دەرچوونی کورد بدەن لە بەغداد، ناردنیە سەر ئێستگە، بەڵام لە لایەن خەطیبی سلێمانییەوە بەرامبەر بە شێخی ئەزهەر و هەموو ئاینەکانی عیراق لێدوانێکی سەخت و جوانی پیشان دا. ئایا سەرۆك نەیئەزانی ئەو پشتێنەی کوردی بە عەرەبەوە بەستووە و گەیاندوویەتیە ئەم ژیانە، تەنیا هەستی ئاینی و ئیسلامییە؟!

لە مانگی مارتەوە حکوومەتی عەبدوسسەلام عارف دەستی کرد بە دۆزان بڵاوکردنەوە بە هۆی فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەوە.

ئەمەیش یەکێك لەو دۆزانانە:

بۆ برایێت مە نیشتمانییێت کورد ل ژۆری وەلات

١. برایێت مە کوردێت باش ڕاستیا گوناهبار مصطەفا بەرزانی ئو ڕێگرییێت وی یێت خائین زانی. ئەویش نەرمەتی تو طرس یکخستیە لناڤ نیشتمانیا ئو گوندێت هایش چوونە صۆتین، ئو دەستدرێژی لگەڵ ناموسی خەڵکی کرین، ئو هەمی شۆلیت خراپ کرین، ئو

[108] الدرة، لاپەڕە ٢٥٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تشتێت حەرام حەلال کرین، ژ بۆ خامەتا مەزنێت ژ ئیستیعماری نەڤیانن هەلبوونە شۆڕشا مەیا ئیشتراکیی ١٤یێ ڕەمەضانیا پیرۆز. ئەدا هاتی ژ بۆ خلمەتا پالا ئەو جووتیارا کاری گاری ئوزایتاریا. ئو بۆ دەستگرتنا وان ژ بۆ خوەشی ئو بلندبوونێ. پشتی حوکمی خینمژی هاوهەلاندی لناڤ عیراقا مەیا خۆشتڤی. ئەو حوکمی ناڕەحەتی ئو نەخوەشی بەلاڤ کری لناڤ نیشتمانیا ئو قەصابخانێت وی بوەحشی دانایین لناڤ عیراقا مەیا خۆشتڤی ئو هەمی باوەڕیا خوە دانایە ل سەر هەندەك کرێگرتیا شۆڕش گونەهبار مصطەفا بارزانی ئەوی بۆ مەعاشەکی هێڤا دانانی ٥٠٠ دینار.

٢. ئو ژ بەر ڤیانا مە کو ڕەحەتی ئیمناهی جارەکا دی بزڤڕینەڤە ل ژۆریا وەلاتێ مەیێ عەزیز نودا وەقتی بدەنە برایێت مە ژ کوردا ئەوێت مصطەفا بارزانی ئو ڕێگرێت وی ل سەردا برین. کو یکە هنتی ئەوێت چەك هلگرتن بەرامبەری سەربازیت نیشتمانی. داخازی ژ هەوە دکەین بخۆ فائدەی ژ ڤێ وەختێ ببینن ژ ورێژکرنا وەختی عەفووکرنێ هەمی خوە تەسلیمی نزیکترین مەرکەزی پۆلیسا ئان چەکی عەسکەری حەتتا ٦٣/٧/١٠ ئو ئەڤە ئاگەهدارییا.

حاکمی عەسکەریی هەرێما ژۆری

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم بەیانەیش لە بارەی سەرکەوتنەکانی هێزی چەکداری سوپایی و سوارەی صەڵاحەددین– لە بەڕێوەبەرایەتیی ئیستخباراتی سوپاییەوە

٥ی ڕەبیعول ثانیی ١٣٨٣هـ، ئابی ١٩٦٣

برا کوردە نەجیبەکان

نەوەی قارەمانی صەڵاحەددین

١) پاککردنەوە هێزی چەکدار و قارەمان وە سوارەی صەڵاحەددینی ئازامان وە سوارەی وەلیدی بەهێز، هەر خەریکی لەناوبردنی بنکەی خیانەت و پیلانگێڕەکانی جیاوازخوازەکان و شیوعییە نۆکەرەکان لە چەتەکانی بارزانی خائینەکانن.

ئـ. دێهاتی حەمزە و ئیبراهیم ئاغا وە (کانی کۆچك) لە ناوچەی چەمچەماڵ پاك کرایەوە.

ب. دێی (بانی خێڵان) پاك کرایەوە.

ج. هێزی قارەمانمان دێهاتی (فرقان و پەڵکانە)ی پاك کردەوە.

د. سوارەی صەلاحەددینی قارەمان کە برادۆستیەکان و صۆفیەکانن، لوتکەی سووری (حەسەن بەگ)یان داگیر کرد.

هـ. سوارەی صەلاحەددین لە صۆفییەکان وە برادۆستییەکانی ناوچەی (کۆران) وە شاخی (میران)یان لە برادۆست داگیر کرد.

٢) ئـ. موختاری سیدەکان وە دانیشتووانی خۆیان دا بەدەستەوە و دڵسۆزیی خۆیان دەر خست.

ب. دانیشتووانی دێهاتی بسکانی ژوور و وە خواروو و وە گردی شەریف هاتنە ناحیەی شارەزوور وە دڵسۆزیی خۆیان دەرخستەوە و ناخوازیی خۆیانیان بەرامبەر چەتە خائینەکانی بەرزانی پیشان دا.

ج. ١٧ خێزان لە دێهاتەکانی دیمونك و جەبار رضا خۆیان دایە دەست پۆلیسی جەبار ڕەضا لە ناحیەی مەیدان و وە دڵسۆزیی خۆیان دەرخستووە و ئامادەن بچنە جەنگ لە دژی خائین و شیوعییەکان و جیاوازیخوازەکان.

د.٢٣ کەس لەگەڵ خێزانەکانیان لە دێهاتی (نادرین وە دێلزیان) خۆیان کوتایە ناحیەی دیانە وە دڵسۆزیی خۆیان پیشان دا بۆ حکوومەتی نیشتمانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هـ. ٢٧ کەس لەگەڵ خێزانەکانیان لە دێی صالحی خۆیان تەسلیمی مەفرەزەی (باداوە) کردووە.

و. دانیشتووانی دێی ڕۆست و گرتك و کزوك و کاولان کە ژمارەیان ٤٠٠ خێزانە، خۆیان تەسلیم کردەوە، نوێنەری خۆیان نارد وە دڵسۆزیی خۆیان پیشان داوە.

ز. موختاری دێی کورنی کە ناوی حسێن نەزیرە، لەگەڵ ٨٣ کەس ئامادەیی خۆیان دەرخستووە کە بچنە پاڵ سوارەی صەلاحەددین.

ح. ٣٠ سەربازی هەڵاتوو خۆیان تەسلیمی ناحیەی شوان کرد، هەروەها ٢٨ کەسی تر.

٣) زەرەری خائینەکان:

أ. طاهیر مەلا قاسمی خائین لە دۆسکییەکان کوژرا.

ب. خائینەکانی مانگێش زیاتر لە ٦٠ کوژراو و ١٠٠ بریندار و ١٥٠ ئەسیر گیراوە.

ج. دوای هەر چوار لالێگرتنیان لە لایەن هێزی چەکدار و سوارەی صەلاحەددینەوە پتر لە ٣٠ خائین لە دێی کانیگە کوژرا.

د. خائینەکان زەرەرێکی زۆریان لێ کەوت لە شەڕی لوتکەی پیران.

هـ. خائین "صالح الشبلي" کوژرا.

٤) پاشماوەکانی چەتە خائینەکانی بەرزانی لەگەڵ خێزانەکانیاندا ڕایانکردووە بۆ سنووری تورکیا وە ئێران دوای ئەوەی ئەم خاکە پیرۆزەتانیان پیس کرد بە کوشتن و تاڵانکردن وە بەم زوانە ئاسایش ئەگەڕێتەوە ناوچەی ژووروی وڵاتی بەنرخ.

لە دۆزانێکی تریشا بۆ پێشمەرگەکان بۆ دانانی چەك و ئاوێتەییان بە برا دڵسۆزەکانی کورد ئەکات کە بە کرێ دڵسۆزی حکوومەتن.

ئەڵێن: چەك فرێدەن وەرنەوە-١٩٦٣: بە ناوی برای عەرەبتەوە:

ئەی برای کوردم، کاتی ئەوە هات بە ئاشکرا بدوێین. ئەم نیشتمانە -ئەی برای کوردم- بۆ تۆیە و بۆ منە وە بۆ ڕۆڵەکانمان، هەموو ئەم نیشتمانە برای کوردم بۆ هەموو مرۆڤیك کە لەم خاکە ئەژی وە لەژێر سێبەری ئاسمانەکەیا وە هیواو ئاواتی لەگەڵ هیوا و ئاواتی نیشتمانەکانی ترا بێ لەپێناوی سبەینێیەکی خۆشا بۆ هەموان و بۆ نەوەکانی دوارۆژ لە ڕۆڵەکانیان و ماف نیشنمانیەکان، ئەی برای کوردم، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوایە لە ئەستۆی هەموومان سەرپەرشتیی تەندروستیی بکەین، بەو مەرجەی ئەم سەرپەرشتییە لە ڕووی چارەسەر و دەرمانەوە، تەنها شتومەك نەبێ بکڕێ وە بفرۆشرێ، بەڵکوو حەقێکی بارمتەکراو بێ بەبێ مەرجی بەنرخی ماددی.

تکا: ئەو نووسینانەی بە هەڵە یان بە نەزانی وەیان بە هەستی ڕەگەزایەتی لە کارەسات و ڕابوردوو وە دوارۆژی کورد نووسیویانە، ئەخەینە پێش چاو. بەڵام تکامان ئەوەیە ئەگەر لە گۆڕینی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی هەڵەیەك بینرا، بەبێ ڕەخنە لە لایەن خوێندەوارە بەڕێزەکانمانەوە ڕاست بکرێتەوە:

**نووسراوەکانی: الحکومة الوطنیة ومشکلة الشمال**

من منشورات دار الجمهوریة للطباعة والنشر

سالّی ١٩٦٥

لەم بە شەدا

١. ئاماری[109] کورد بەپێی خەملّی نووسەر وە ڕاستییەکەی.

٢. نامەکەی وەزیری داخلییە صوبحی عەبدولحەمید وە نامەکانی سەرۆك بەرزانی و بەیانی پارتی دیموکراتی کوردستانی.

٣. دوانامەی بەرزانی بۆ سەرۆکوەزیران طاهیر یەحیا.

٤. کوردستانی عیراق– خوا لەو باوکەپیرە خۆش بێ– دۆزانی حکوومەتی بە کوردی.

– عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف چوو بۆ بینینی بەرزانی.

– دوایی‌پێ‌دانی سەرۆك عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف وە گەڕانەوەی حیزبی بەعث بۆ فەرمانڕەوایی– ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨

– الثورة العربیة.

– ماددەکانی پێهاتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

– تەلگرافی دەستەی ڕۆژنامەی "النور" بە عەرەبی

– بانگی بڵاوبوونەوەی حیزبی شۆڕشی کوردستان

– دۆزانی پارتی دیموکراتی کوردستانی

– ڕۆژنامەکانی عەرەبی

– لە کتێبەکەی بەناوی (الحکومة الوطنیة ومشکلة الشمال)، من منشورات دار الجمهوریة للطباعة والنشر، سالّی ١٩٦٥ لە لاپەڕە٥–٧، ١٣ لە باسی جوغرافیای کوردستانەوە ئەڵێ:

---

[109] ئامار= عدد، نفوس= ژمێرە.

کوردەکان چیانشینن، نە مەڵبەندێکی سیاسییان هەیە، نە یەکیەتیی گەلایـەتی، هەر بە پەڕاگەندەیی لە ئێران، تورکیا، یەکیەتیی سۆڤیەت، عـیراق، سـووریادا ئـەژین. ڕەزا و سیمایان لە سامی ئەچێت، ئاریشیان تێدایە .

وە ئەڵیت: لە نـاو چـیاکاندا و نیـوەی نێـوانی دەریـای قـەزوین و دەریـای ڕەش وە لەوێوە بۆ ناو ئازەربایجانی ئێران و جمهوورییەتی ئەرمینیای سـۆڤیەتی، بەشێکیـشی لـە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی تورکیاوە بۆ خواروو تا نزیك جزیرەی عەرەبیی ژووروو شـۆڕئەبێتەوە وە لە ژووروی عیراق تا ڕۆژهەڵاتی ژووروو وە خوارووی ئێران مەڵبەندی کوردە[110] .

لە تورکیا ٢٧٥٠٠٠٠

لە ئێران ١٨٦٠٠٠٠

لەعیراق ٤٥٠٨٦٧

لە سووریا ٢٧٥٠٠٠

٥٣٣٥٨٦٧[111]

بـەڵام بـەپێی لێکۆڵینـەوە و وردکردنـەوە نوفووسـی کـوردی لـەژێر پـەردەی سیاسەتی مژەرا شارراوە بەم پێیەیە:

لە تورکیا ١٠ ملیۆن

لە ئێران ٥ ملیۆن

لە عیراق ٣ ملیۆن

لە سووریا و لوبنان ١

١٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

110 ئەو دوو ماددەیە کە لە یـەکتر ناچـن لـە لایـەن یـەك نووسـەر و یـەك بەرێوەبـەرەوە نوسـراوە و بـڵاو کراوەتـەوە. جوغرافیـا و نەخـشە و مەڵبەنـدی سیاسـی بـۆ نیـشتمانی کـورد خـۆی پیـشانی داوە و فەرموودەکەی پێشووی فەرامۆش ئەکات. بەڵام سـەیرتر ئەوەیـە کـە ئـەوا بـوو بـە ٥٤ سـاڵ کـورد منـاڵی نەبووە و هەر لەسەر ئامار و سەرنووسەکەی مێجەر ئەدمۆنس گیریان خواردووە و ئەڵێن کورد (٥٣٣٥٠٠٠) کەسن. وەکوو لەژێرەوە پیشان ئەدرێت.

111 الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال، لاپەرە ٦٠.

بێجگـە لـە یـەکێتیی سـۆڤیەت. بێگومـان سەرنووسـینی ڕاسـت هـەموو ڕاسـتییەك دەرئـەخات وە لـەم سەرنووسـینەدا بـەناوی بێگانـەوە کـەی نانووسـرێت دانیـشتووانی کوردستان هەموو کوردە وە بە کورد ئەنووسرێت.لاپەڕە ٢٠:

١- مـژدەی وێـستانی جـەنگ و نـەمانی دەنگـی گوللـە بـوو بـە هـۆی جـیڕەی مەکینـەی کێڵـەر و ئاواکردنـەوەی وێرانـەکان. چـاندگەکان سـەوزبوونەوە و گـوڵ پشکووت، کێڵەر، کرێکار، مووەظەف هەموو گەڕانەوە بۆ سەر کار. ئەمانە هەمووی بە هۆی باوی تازەوە بوو. وا ئەزانرا کە پیاوخراپەکانی کورد گەڕانەوە بۆ تەمەنی ژیری و باوی گەلایەتی.

٢- بەڵام داخەکەم خەوێکی تەمدار بوو، سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ خراپە. منالێـان کوشت، پیریان ئازار دا، خانوویان ڕماند، دەستیان بۆ نافەکی ژنان درێژ کرد و پارووی ژیانیان لە دەمی برسییەکان ڕفاند. کوردە ڕووتوقووتە دڵسۆزەکانیان پەرێشان کـرد کە ١٨١٦٥٠ کەسن وە لایەنگری حکوومەتن و لە پیاوخراپەکانیش هەرچەندە پترتـرن، بەڵام پەڕپووت کران.

٣- کوردەکانی عـیراق خـاوەنی مێژوویـەکی بـەڕێزن و گەلایـەتییان بـەهێزە وە لـە عـیراقدا جیـاوازیی برایـەتییان نـەکردووە، هەمیـشە بـەپێی فـەرمانی قورئـان وە ئـایینی ئیسلامی بزووتوونەتەوە، کەچی ئێـستا بـە خـوێنی براڕژانـدن، بـۆ نافـەکی ژنـان دەسـت درێـژکردن، مـاڵی هــەژاران کـاولکردن، پاڵـدان بـە پـاڵی ئیـستیعمارەوە و نیـشتمان پارچەپارچەکردن، خەریکن. ئەمە کارێکی شەیتانییە و لە دواڕۆژا تووشی لەعنەتی نەوە و مێژوو ئەبن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خەریکی ڕێگری و ڕاووڕووت و تالانکردنن.

لاپەڕە٢٢-٢٣:

حکوومەت بە تەواوی ویستی بگـات بـە مـەلا مـصطەفـا بـەرزانی وە لـە کارەسـات بـدوێین. پـاش گەیـشتن لـە لایـەن ئیـبراهیم ئەحمـەد و جـەلال تاڵـەبانـیـیـەوە ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٩٦٤ لە ڕانیە ماددەکـانی حکوومـەت پەسـەند کـرا وە بـەرزانیش ئیمـضای کرد. دیسان ئەزانرا کە پەیمانەکە ئەشکێنن و ژوانەکەیان لە بیر ئەچێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بەخشندەییەکەی حکوومەت لە مافی گەلایەتیدا:**

لە بابەت مافی گەلایەتییەوە، لە ڕۆژی ٤ی مایسی ١٩٦٤دا دەستووری کاتی بڕیاری دا و بڵاویش کرایەوە کە

١- هەموو عیراقییەك وەکوویەك لە یەك پلەدا مافدارن، زمان، ڕەگەزایەتی، ئاین، جیاوازیی نییە، هەموو نیشتمانییەك پارێزگاری ئەم نیشتمانەیە، عەرەب بێت یان کورد. لە چوارچێوەی عیراقیدا مافی گەلایەتی ئەپارێزرێت.

٢- باسی مافی گەلایەتی لە لایەن کۆمەڵی گەل، نێراوان (مەجلیسی نیابی)ەوە بڕیارئەدرێت، بێگومان پاش هەڵبژاردن.

٣- حکوومەت: بە گۆڕین (انتقالی) دامەزراوە.

ئـ.خوێندن تا ناوەندی لەو جێگانەی زۆربەیان کوردن بە زمانی کوردی.

ب. بە ئارەزوو زمانی عەرەبیش بۆ کورد و منداڵی ئەو مووەظەفانەی لە ناوچەکانی کوردییان.

٤- وەظیفە: بەپێی نیشتمانیەکانی کوردەوە لەم وەظیفانەدا دائەمەزرێن.

ئـ. وەزیر.

ب. متەصەڕیف و ئیدارەی مەحەلی.

ج. قوتابی بۆ دانشگە و ناردنیان بۆ هەندەران.

د. هێزی چەکدار.

٥- برا کوردەکان بەبێ جیاوازی لە هەموو ماف و پێسپێراوەکان وەکوو هەموو نیشتمانیەکانی عیراقین.

٦- ئەم حکوومەتە بۆ ئاوەدانی لە شیمالدا هەموو پێویستییەکی بەجێهێناوە و پارەی پێویستی بۆ بڕیار داون وە بەم زوانەیش دەستی پێ ئەکرێت و بەبێ بایەخدان بە میلاکی مووەظەفەکانی گەڕاونەتەوە، دابمەزرێنرێت و گیراوەکانی بە ناوی کارەساتی شیماڵەوە لە بەندیخانەدان، بەڕەڵا بکرێن وە بۆ ئاسانی گەیاندنی خواردەمەنی لە هەمەجۆرە بۆ ناوچەکانی شیمال ناردن جێبەجێ بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٧- ئەم حکوومەتە لەسەر سیاسەتە بڕیاردراوەکەی بەبێ جیاوازی بۆ خزمەتی گەلەکەی ئەوەی لە توانا و لەباریایە بەکاری ئەهێنێ بۆ چاکە و پیت لە ناوچەکانی شیمالدا، بڵاوکردنەوەی چاکە و پیت وە لە جێگاکانی ترا پشت بە خوا.

ئەم ماددانە بوو کە لە داواکەی کوردا حکوومەت داینا و ئەم وتراوانەی بۆ مافی کورد کە ڕوون کراوەتەوە، بۆ گەلایەتییە و نە ئەگۆڕێ و نە ئەتوێتەوە، چونکە لەگەڵ ئاسایش و ئاواتی کوردا گونجاوە و لەگەڵ ئەم کارئاسانییەدا ئەوانەی نایانەوێت برایەتی سەر بگرێت و خۆشی بکەوێتە ناو نیشتمانی شیمالی خۆشەویست، ماوەی پێکهاتن نادەن.

دەرکەوت ئەو هێزەی پاڵ بە بزووتنەوەی یاخیەکانەوە ئەنێت وە بووە بە هۆی ناردنی سوپای عیراقی بۆ دوایی‌پێ‌هێنانیان، خۆی ئەو توانایەی نییە بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش لەناو نیشتماندا کە لە سوودی ئیستیعمار بێ. عەبدولکەریم قاسم لە فەرمانڕەواییە بەدبەختییەکەیدا لەسەر ئەو سیاسەتە جووڵایەوە وە بە پێویستی نابینین لەسەر ئەم مەبەستە بدوێین، چونکە کارێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە پەیوەستییەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ یاخییەکان و دائیرەکانی ئیستیعماردا بەبێ لێدوان[112].

بنکەی ژین
www.zheen.org

لاپەڕە ٤٩:

عیراق هەمیشە خەریکی بەربەستی خراپە و پارێزگاریکردنی مافی هەموو گەلانی عەرەبی بووە، هێرشی هەموو پەلاماردانێکی هاڕیوە و مەبەستیش لە گەلی عیراق گەلایەتیی هەموو عەرەبە. جا بێت و ئەگەر دەستکاریەك لە کار و پێویستی عیراقدا بکرێت و ڕوو بدات ئەبێ بزانن کە بەرامبەر بە هەموو گەلی عەرەبی کراوە و هەرچی دەستدرێژییەکیش بۆ سەر گەلی عەرەب کرابێ، عیراق هەر لەسەرخۆ ئەو کارانەی تەواوکردووە. وەکوو کارەساتە ناخۆشەکەی شیمالی خۆشەویست کە کوردەکان بەبێ شەرم و تەقیە لە موزەکەرەکەیاندا ئەڵێن ((گەلی عەرەبی عیراقی بەشێکە لە هەموو گەلی عەرەب)).

---

[112] لاپەڕە ٢٦.

ئەوا ئێستا ئەو تێکۆشانە دوورودرێژەی عەرەب و کوردیان لەبیر چووەوە کە لە پێناوی قورئان و ئالآی ئیسلام و پێشنیاری محەمەددا گەیشتنە (چین) وە ناو چیاکان وە تێکۆشانەکەی صەلاحەددین لە پێناوی ئیسلام و عەرەبی ئیسلامدا بەکاریهێنا، هەمووی ئیمڕۆ فەرامۆش کراوە. ئەوەی ئەیەوێت ئەم دوو برایەیش لە یەکتر جیا بکاتەوە، تەنیا یەك کەسە.

لاپەڕە ٤٣:

نوماینده‌کانی بەرزانی، عەگید صدیق و شەوکەت عەقراوی کە گەیشتنە بەغداد، بە حکوومەتیان گەیاند کە مصطەفا بەرزانی باوەڕ بەو موزەکەرەیە ناکات کە نێرراوە، چونکە باسی مافی کوردی تێدا ڕوون نەکراوەتەوە.

لاپەڕە ٤٧:

لەو دۆزانەدا کە لە لایەن سەرۆك جمهوورەوە دەرکراوە، لە ماددەی (١) دەستووری کاتیدا وتراوە ((کوردی برامان خاوەنی مافی گەلایەتین)). زۆر جار ئەمە وتراوەتەوە وە ئەڵێت: ناڵێین کورد نییە، پێویستە شانبەشانی گەلی عەرەب لە پێشکەوتنا بێت.

بنكەی ژین
www.zheen.org

لاپەڕە ٥١:

ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/٧ بۆ ئەوەی لە بابەت کارەساتی کوردەوە چاویان بە کاربەدەستان و باوەڕپێکراوانی مصطەفا بەرزانی بکەوێت و وتوویژ بکرێت، وەزیری داخلییە صوبحی عەبدولحەمید و عەمید ڕوکن عارف عەبدوڕڕەزاق سەرفەرماندەی هێزی ئاسمانی چوون بەرەو شیمال وە گەیشتنە کەرکوك، وەزیر لە کەرکووکەوە بیر و نیازی حکوومەتی لەم ماددانە پێك هێنا و ناردی بۆ بەرزانی:

١. مافی گەلایەتی، بە ڕاستی و تەواوی ئیعتراف بە مافی کورد کراوە وە ئیتر دەستیش لەوە هەڵگیراوە کە کورد بکرێت بە عەرەب وە لە ناحیە و قەضاکانا کە زۆریان کوردە و تا ناوەندیش قوتابییەکان بە کوردی ئەخوێنن.

٢. وەکوو چۆنیەتیی پێش ١٩٦١ کورد هاوبەشی فەرمانڕەوایین.

٣. بۆ دامەزراندنی مووەظەفی عەرەب بێ یان کورد لە عیراقدا، بەربەرەڵایە بەپێی توانا و شەهادەت.

٤. لە هەموو عیراقدا زمانی ڕەسمی عەرەبییە وە ماوە ئەدرێت کە کوردیش لە سەرەتایی و ناوەندیدا بە کوردی بخوێنن.

٥. دامەزراندنی مووەظەف بەدەست مەجلیسی خدمەیە. قەیناکات ئەگەر ئەندامی کوردیشی تێدا بێ.

٦. نابێ لە حکوومەتدا هێزی سێهەم ببێ. پێویستە سوپاییەکان بۆ سوپا، شورطە و مووەظەفیش بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان و ئیتر کاری پێشمەرگە تەواوئەبێ و بە نەمانی پێشمەرگە کار تەواوئەبێ.

٧. زیانی زیانلێکەوتوەکانیش ئەدرێت.

٨. گەڕانەوەی فورسان بۆ دێهاتەکانیان ئاسانە.

٩. وەکوو کۆن مووەظەف ئەگۆڕرێ، وەزارەتەکان وەکوو پێشوو ئەیاننێرن بۆ وڵاتی خۆیان.

١٠. کاتی دروستبوونی مەجلیسی شوورا، مەلا مصطەفایش ئەتوانێت بۆ هاوکارییان چەند کەسێك بنێرێ.

بنكەی ژین
www.zheen.org

لاپەڕە ٦٧:

نامەی وەزیری داخلییە بۆ موتەصەڕیفی سلێمانی (کوردییەکەی)

لە بابەت کارەساتی ژووروووەوە بیروباوەڕی حکوومەت

١. تکایە بە سەید عەگید صدیق بڵێن کە حکوومەت لەو بیروباوەڕەدایە کە جێبەجێکردنی کارەساتی ژووروو بەم نسکانە (مادده) کە پێچراوەیە، تەواو ئەبێ وە بینێرن بۆ مەلا مصطەفا بەرزانی.

٢. وە دووبارە تکایە وەکوو لەژێرەوە نووسراوە پێی بگەیەنن.

ئـ. وەزارەتێك بە ناوی وەزارەتی کاروباری کوردەوە ئەگەر دابنرێت وە هەموو لیواکانی کیشوەری ژووروی پێوە ببەسترێت، ئەوە ئەبێ بە ئیستیقلالی زاتی وە

ئەگەر لەجیاتیی ناوی (بەڕێوەبەر) ئەگەر حاکم بێ ئەوە وەزیر بێ وە لە جێگای ئەوەی کە سلێمانی جێنشین بێ ئەبێ بەغداد بێ کە وابوو نابێت.

ب. قەضای لیوایەك نابێ بپچڕێت بدرێ بە لیوایەکی تر.

ج. نابێ پێشمەرگە بمێنێ وە نابێت پێشمەرگە کە ((یاخیی چەکدارە)) بە ناوی هێزی سێیەمەوە بمێنێ، بە هیچ جۆرێك دروست نییە.

صوبحی عەبدولحەمید

وەزیری داخلییە

نسك= ماددەکان:

١. دەستبەجێ دامەزراندنی ئاسایش و نەمانی دەستدرێژی.

٢. گەڕانەوەی ئیدارەی مەحەلی و عەشایرەکان بۆ جێگای خۆیان.

٣. ناردنەوەی ئەو چەك و تفاقەی حکومەتی کە هیی هێزی چەکداری حکوومەتە و لەلاتانە.

٤. لە ناوچەکانی ژووروودا بەپێی توانا لە مامۆستادا ئیدارەدا مووەظەف دائەمەزرێت.

٥. کورد لە هەمووو وەزارەت و جێگا گرنگەکاندا بەشدارە.

٦. بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانەکاندا تا ناوەندی لەو جێگا و تیرانەدا کە کوردن.

٧. پێشمەرگە ئەوەی هێزی چەکدارن، ئەگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان بۆ ناو ئۆردووی ٢ و ٤ لە شیمال.

٨. پێشمەرگە مووەظەفەکانیش ئەگەڕێنەوە، موتەصەڕیف دایانئەمەزرێنێ ئەگەر پێشمەرگە بن.

٩. گوڕینی مووەظەف: مەگەر بە بۆنەی بەرژەوەندی گشتییەوە بێ.

١٠. تێکەڵی بە یەکیەتیی ئیشتیراکی: ئەتوانن چەند کەسێك بنێرن بۆ لیجنەی تەنفیزی.

١١. لە مەجلیسی شوورادا بەپێی دانیشتووان کوردیش هاوکار ئەبێ.

١٢. لە فەرمانی دوایی سیاسیدا کوردیش هاوکار ئەبێ.

١٣. کێڵەر (فەلاح)ەکان ئەگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٤. پاش دروستبوونی مەجلیسی نیابی قسە لە دانان و بڕیاری دەستوور ئەکرێت.

١٥. بەبێ توانەوە و تەعریب لە چوارچێوەی عیراقدا ئیعتیراف بە گەلایەتیی کورد کراوە.

لاپەڕە ٦٩:

نامەکەی مصطەفا بەرزانی

١٩٦٥/٢/٢٦

برام موتەصەڕیفی لیوای سلێمانیی بەڕێز

درودی خواتان لێ بێ:

وەڵامی نامەتان ژمارە ق. س. ٢٠٩، ڕۆژی ١٩٦٥/٢/١٨، تکایە ئەم تێبینییەمان بگەیەنە بە وەزارەتی داخلییە:

١. ئەو داوا و ماددانەی ناردبوومان بۆ بەغداد بەلای برایانەوە شتێکی ڕاستە و قسەی لەسەر نییە وە لەبەر ساردیی داواکەمان لە لایەن برایانەوە زۆر ڕەخنە گیرا، چونکە بە کەمترین پلەی کەمایەتییان زانی وە پێیان خۆش نەبوو، چونکە شۆڕشی کورد وە هەموو شۆڕشێکی گەلانی تر لە گێتیدا زۆر بە پتر ئەم داوایەیان ئەکرد.

٢. بە پێویستیی ئەبینین کە بۆتان ڕوون بکەینەوە لە لایەن نێرراوەکانەوە داوای ئەوە نەکراوە کە وەزارەتێک بە ناوی وەزارەتی کاروباری کوردی وە ئاوێتەی وەزارەتەکان بکرێت وە لیواکانی شیمالی پێوە ببەسترێت کە وەزیری داخلییە لە نامەکەیدا وتوویەتی:

داواکەی ئێمە ئەمەیە: ناوی وەزارەتی ئیعماری شیمال بگۆڕرێت بە وەزرارەتی کاروباری کورد بۆ چاودێریی کاروباری ئیداری و ثەقافی ناوچەکانی کورد، لەبەر ئەوە تکایە ئاگاداریی چۆنیەتیی ئەم دوو ڕێگایە بکەن.

٣. ئەو نسکانەی کە حکوومەت بۆ چارەسازیی کارەساتی شیمال دایناوە زۆر بە دژوار ئەزانرێت کە لە لایەن ئێمەوە پەسەند بکرێت، چونکە ئەو ڕێبازانەی کە پیشان دراوە، زۆر گرانترە لەوەی کە گەلی کورد لە پاداشی شۆڕشەکەیدا چاوەڕێ ئەکرد. ئێمە ئەمە وا ئەبینین کە بە خورتی بەسەرما ئەسەپێنرێت وە برا کاربەدەستەکانی

جمهوورییەی عیراقی ئەیداتە پاڵمان. کەوا بوو ئێمە تێتان ئەگەیەنین بام حکوومەت دووبارە بڕوانێتەوە ئەم کارە وە بە جۆرێك کورد لە داوای شۆڕشەکەیدا دڵنیا بێ، ئەگەر لە پلەیەکی کەمتریشا بێت، چونکە ئەو کاتە گەورەیی حکوومەت و پتەویی یەکیەتیی گەل و هەستی نیشتمانی پترتر دروست ئەبێ لە پێناوی باشی و ڕێكوپێکیی نیشتمانەکاندا.

سوپاس و خۆشی. براتان

مصطەفا بەرزانی

**دۆزانی بەرزانی– پارتی دیموکراتی کوردستانی**

ماددەکانی بەرزانی پێشکەش بە حکوومەتی کردووە لەژێرەوە ئەیخوێننەوە:

١. چاککردنی نسك (فەقەرە)ی دوایی ماددەی (١٩) لە دەستووری کاتی وەکوو لەژێرەوە پیشان دراوە. ئەبێ بڵێت: ئەم دەستوورە لەسەر بناغەی (حوکمی زاتی) لە یەکیەتیی عیراقیدا دراوە بە کورد.

٢. یەکیەتیی بەڕێوەبەرایەتی (وحدة ادارية) لە لیوای هەولێر، کەرکووك، سلێمانی وە قەضای زاخۆ، دهۆك، عەقرە، عەمادییە، شێخان، سنجار، تەلعفەر، خانەقین وە ئەو قەضا و ناحیانەی لە لیوای مووصڵ و دیالەدان و کوردن بە ناوی یەکیەتییەوە ناوئەنرێن (موحافەظەی کوردستان).

٣. لە لیوا و قەضاکاندا زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە لەگەڵ زمانی عەرەبی وە کەمایەتیەکانیشی مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیان هەیە.

٤. نائیبی ڕەئیسجمهوور ئەبێ کورد بێ.

٥. پێشمەرگە بە ناوی هێزی نیظامی– دەرەك یان پاسەوانی مەڵبەندی– ئەبێ ٢٠ هەزار چەکدار دابمەزرێت.

٦. بزووتنەوەی سوپای حکوومەتی عیراق لە کوردستاندا:

ئەبێ بزووتنەوەی ئۆردوو، ئابووریی سوپای عیراقی و ئامادەییان لە کوردستاندا بە فەرمان و پرسی مەجلیسی تەشریعی یا تەنفیزی بێ.

٧. گەلی عەرەبی عیراقی بەشێکن لە گەلایەتیی عەرەبی (أمة).

٨. هات و لە کاتێکدا جمهوورییەتی عیراق لەگەڵ هەرچی لایەکی تری عەرەبیدا یەکیەتی و یەکگریی پێك ئەهات، ئەوکاتە موحافەظەکانی کوردستانیش بە ناوی کیشوەرەکەیەوە بە تەواوی خاوەنی ئەو مافە ئەبێت وەکوو ئەو کیشوەرە ئیقلیمە کە یەکیەتی و یەکگریی تێدا دروست ئەبێ وە بە خاوەنی ماف و ناو ئەوترێت کیشوەری کوردستان.

لاپەڕە ٧٢:

دوا نامەی بەرزانی بۆ سەرۆكوەزیران طاهیر یەحیا

١٩٦٥/٣/١٢

لە پێش پیشاندانی نامەکە –خاوەنی کتێب و خامە ئەڵێت– ئەو نامەیەی بەرزانیم دووسێ جار خوێندەوە. ویستم لە داخانا خامەکەم بشکێنم و کاغەزەکەم بدڕم و بڕیاری ئیتر نەگەڕێمەوە بۆ نووسین، چونکە ئەم پیاوە بە ناردنی ئەم نامەیە کفری کردووە، بەڵێ کفر. پەلە ناکەم کفرەکەی پیشان ئەدەم.

لە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٦٥دا سەرداری حەمە ئاغا هات و چاوی بە سەرۆكوەزیران کەوت، وتی: بەرزانی داوای ئاسایش ئەکات وە نایەوێت خوێن بڕێژێت وە سەرۆكوەزیریش وتی: پێویستە بەرزانی بە نامە تێم بگەیەنێت. جا لە حەفتەی سێیەمدا سەرداری حەمە ئاغا و شەفیق ئەحمەد ئاغا بە نامەکەی بەرزانی ڕۆژی ١٩٦٥/٣/١٢وە هاتنەوە.

برای بەڕێز طاهیر یەحیا سەرۆكوەزیران

دروودی خواتان لەسەر بێ

نامە شیرینە برایانەکەتانم وەرگرت، سوپاستان ئەکەم. لێرانە لەگەڵ برایاندا لێدوانمان کرد. ئەو فەرموودانەی لەگەڵ سەردار ئاغادا ناردبووتان وردکرایەوە، بە بیری هەموومان لەگەڵ برایان شەفیق ئەحمەد ئاغا و سەرداری حەمە ئاغادا ئەم ماددانەمان بۆ ناردن، تکایە بە چاوی باش و تەواوکردنی کاری کورد لە عیراقدا و لە وێنەیەکدا لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرژەوەندی گشتیدا بێ و خراپە و نەگبەت لە گەلی عیراقی خۆشەویست عەرەب و کورد وە خوێنڕژاندن دووربخاتەوە، تەماشا بکەن و دوایی پێ بدەن.

براتان

بەرزانی مصطفەفا

ماددەکان:

داواکەی بەرزانی بۆ هاوبەشی لە فەرمانڕەواییدا: لاپەڕە ٧٥

١- کیشوەری کورد.

ئـ. ئەبێ هەموو مووەظەف و موستەخەدەم لەم کیشوەرەدا کورد بن، ئەگەر کارزان و پسپۆڕ نەبوو، لەجیاتیی کورد بە بە کەسێکی تر پڕئەکرێتەوە.

ب. ئەبێ لەناو کیشوەری خۆیا مووەظەف ئاڵوگۆڕی بکرێت، ئەوەیش لەسەر زۆر پێویستی یان ئارەزووی خۆی.

ج. گۆڕینی ناوی وەزارەتی (ئیعماری شیمال) بە وەزارەتی شوئوونی کورد، بۆ چاودێریی بەشی ثەقافە و ئیدارەی کوردستانە.

٢- کورد لە هەموو وەزارەتەکانی عیراقدا هاوبەش بێ وەکوو وەکیل وەزیر وە لە بەشی دەرەوە (سلکی خاریجی) و لە جێگا سیاسییە گرنگەکاندا.

٣- زمانی کوردی: بە زمان و لوغەتی تەعلیم و دائیرەکان و مەحاکیم لە کیشوەری کوردا وە لە کاتی پێویستدا لەگەڵ زمانی عەرەبیشدا بەکار دێت.

٤- ڕێکخراوی سیاسی:

گەلی کورد ئەتوانێت ڕێکخراوی سیاسیی تایبەتی خۆی هەبێت و ڕێگای یارمەتی لەنێوانی خۆیان و ڕێکخراوە سیاسیەکانی عەرەبیدا دامەزرێنێت وەکوو یاسا ڕێگای داوە.

٥- دەستووری کاتیی عیراقی چاك ئەکرێت لەسەر ئەو بناغەیە کە وتراوە گەلی عەرەبی عیراقی بەشێکە لە ئومەی عەرەبی وە دەستوور بڕیاری داوە بە مافی گەلایەتیی گەلی کورد و بە هاوبەشیی فەرمانڕەوایی لە چوارچێوەی عیراقدا.

٦- بژاردنی زیانی زیانلێکەوتووەکان بە هۆی کارەساتی کوردستانەوە.

٧– گەڕانــەوەی عەشــایری عــەرەبی بــۆ جێگــای خۆیــان و بەجێهێــشتنی دێهاتەکانی کورد.

٨– گەڕانەوەی فورسان و چەك لێساندنەوەیان و بنێررێنەوە بۆ جێگای خۆیان.

٩– بەرەڵاکردنی ئەو بەندیانەی بە بۆنەی کارەساتی کوردستانەوە گیراون وە چاکترین کار ئەوەیە بانگی لێبوردنی گشتی بدرێت بۆ بەندی و ئاوارە سیاسییەکان لە عێراقدا.

١٠– وە لە ماددەی یەکەمدا وترا گەڕانەوەی ئیدارەی مەحەلی.

١١– دامەزراندنی لیوای دهۆك بۆ هەموو قەضا کوردەکانی لیوای مووصڵ.

١٢– پێشمەرگە.

ئـ. پێشمەرگە پۆلیسەکان ئەگەڕێنەوە بۆ پۆلیسی.

ب. پێشمەرگە سوپاییەکان ئەگەڕێنەوە بۆ ئۆردووی دوو.

ج. پێشمەرگەکانی ئەبنەوە بە پۆلیسی سەییار یان پاسەوانی مەڵبەند، بە نـاوی چەکداری حکوومەتی عێراقەوە بمێننەوە.

١٣– لەسـەر بناغـەی مەڵبەنـدی جـوغرافی بـە جیـایی دیـاریکردنی مەڵبەنـدی کوردستانی عێراق.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لاپەڕە ٧٨:

ئــەڵێت، بــەرزانی ئەیــەوێت بناغــە و کیــانێکی تــازە دابنێــت بــۆ ئــەوەی ئیستیعمارەکانی دوایی بێنن بـە ژیـانی عـێراق و یەکیـەتیی نیشتمانی نـەهێڵن وە لـە دواییشدا ئاوات و پێشنیاری عەرەب لەناو ببەن.

هەروەها لە لاپەڕەکانی دواییشیدا مژدە ئەدات و ئـەڵێت: بـە هاوکـاری و یەکیـەتیی کورد (فەلەستین) ڕزگار ئەکەین، ئیمڕۆیش لە ڕێگای یەکیەتیی (ئوممەی عەرەبی)دا وە لە پێناوی ئازادیی سبەینێدا هەنگاوی گەورە ئەنێین بۆ بڵاوکردنـەوەی جـادووی جادووگـەران وە عێراق بەشێکە لە یەکیەتی و بەشی عەرەب[١١٣].

[113] الحكومه الوطنية ومشكلة الشمال.

له کاتی هاتوچۆی ئەم نامەناردنەدا جەنگی کورد و حکوومەت لە خوێنڕژاندنا بوو وە بەرهـەمی ئـەم کۆشـشە بـۆ هـیچ لایـەك سـوودی نـەبوو، چـونکە تـەنیا لـە سـوودی ئـەو کاربەدەستانە بوو کە لەژێر سایەی عەبدوسسەلام عارفـدا ئەیانخوارد و ئەژیان. لـەم کاتـەدا کە جەنگ زۆر بەهێز ئەبینرا بە فەرمانی سەرۆك بەهۆی فرۆکەوە دەستیان کـرد بـە فڕێـدانی دۆزان بە زمانی کورد و عەرەبی. ئەمەیش یەکێکی تر لەو دۆزانانە. (بەبێدەسکاری)

برای کوردم:

کاتی ئەوە هاتووە بە ئاشکرا بدوێین، خوا لەو باوکە پیرە خۆش بێ.

ئیمڕۆ برای کوردم چەند دێڕێکی بەناوبانگت بۆ ئەگێڕمەوە کە زۆر بـاش ئـەیزانی بێگومان. چـەند شـت هەیـە ئێمـە بـاش ئـەیزانین، بـەڵام بەداخـەوە لەسـەر ئەمـە کـە باوەڕمان پێ هەیە، شتێکی ڕوونە و پێویست بە لێکدانەوە و لەسەر ڕۆین ناکات. لەبیر خۆمانی بەینەوە یاخود کاری پێ نەکەین ئەو چەند دێڕەی ئێستا بۆتـان ئـەڵێم، ئەمـە بەڵگەیەکی باشە لەسەر ئەمە: ئایا ئەبینی پێچەوانەی ئەم ڕاسـتییە بکـەی و لەسـەری بدوێین. لەسەر ئەوە کە پێویست ناکا بە لێکدانەوە و لەسەر ڕۆیشتن. ئەڵێ لە زەمـانی کۆندا پیاوێکی ژیر هەبوو لەسەر جێگای مـردن کوڕەکـانی کۆکردنـەوە وە دەسـتەیەك شووڵی پێ دان وە داوای لێ کردن کە هەوڵ بدەن بۆ شکاندنی ئەم دەستە دارە، بەڵام نـەیانتوانی. کـاتی کـە شـکاندنی یـاخی بـوو لـە هـەموویان وە نـەیاتوانی بیـشکێنن، بردیانەوە بۆ باوکیان بە دڵشکاوی، پیاوە بزە گرتی وە پێکەنی، داوای لـێ کـردن کـە ئەم جارە دارەکان جیا بکەنەوە وە هـەر یەکیـەیان دارێـك بـە جیـاوازەوە بگـرێ. بـەم جۆرە لاوازترینیان توانیی دارەکە بشکێنێ. پیاوەکە ماوەیەکی پێ چوو کۆچیدواییـی کرد، بەڵام پەندەکەی مایەوە. لە پاش خۆی مناڵەکانی ئاگادار کردەوە، تەمێی کـردن وە مێژوو ئەمەی تۆمار کرد داستانێکە تاکوو گەلان وە نەتەوەکان لەسەری ڕۆیشتن.

ئەی برای کوردم، ئایا ئەم داستانەت لە بیرە وە ئایا هیچ لێکدانەوەیەکی تری هەیە. پاشان چ پەیوەندییەك هەیە لە ناوەندی ئەم داستانە و بیروڕای دوژمنانمان جیـاوازی بکـە دەسـەڵاتدار نـەبێ وە جـارێکی تـر ئایـا ئـەتوانی نـانێکی سـاخ قـووت بـدەیت، ئەگـەر پارچەپارچەی نەکەیت بۆ پارچەی بچووك بۆ ئەوەی بە ئاسانی قووتی بدەیت و بیخۆیت؟

**لەسەر تەلەفزیۆنی بەغداد  لێدوانەکەی موقەددەم ڕوکن هادی خەمماس**[114]

ڕۆژی ١٦ی ئایاری ١٩٦٥ لە تەلەفزیۆنی بەغداد کاتژمێر ٩ی ئێوارەی پێنجشەممە لەبابەت کارەساتی کوردستانەوە بە بەڕێوەبەریی نوعمان ماهر ئەلکەنعانی‌یەوە ئەم وتووێژە کرا.

موقەددەم هادی خەمماس لە وەڵامدا وتی: بە ڕاستی حکوومەتی ١٨ی تشرین تووشی زۆر ناقولایی بوو، کە هەرە گرنگەکەی کارەساتەکەی شیماله، لە پێش هەموو شتێکدا ئەمەوێت تێکۆشانەکەی حکوومەت پیشان بدەم. ئایا هەموو کورد ئاشووب و جیابوونەوەیان ئەوێت؟! پێویستە لەژێر ئەم ناوونیشانەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، تاکوو هەموو عیراقیەکان تێبگەیەنین.

عیراق شەش ملیۆن و ٦٣٧ هەزار کەسە، لەمە ٤٥٠ هەزار و ٨٦٧ کەسی کوردە، لەوەیش ٤٢٠ هەزار و ٩٧١ کەسیان چەکداری میرین وە ئەوی تری کە ٢٩ هەزار و ٨٩٦ کەسن یاخین وە بەم پێیە لە سەدی ٦٪ لایەنگری حکوومەتن وە لە سەدی نیوی لە یاسا یاخین.

ئەمە ڕوونی ئەکاتەوە کە بەشێکی کەم بە کوێری لە یاسا دەرچوون. داخەکەم لەو ڕۆژەوە کە فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتداریی نیشتمانی دامەزراوە، بەرزانییەکان زۆر کارەساتی خراپیان پیشان داوە وە هەموو کارەساتەکانیش بە سەرۆکایەتیی مەلا مصطەفا بووە و ئەو کارەساتانەیش هەمووی پەیوەستی بە ئیستیعمارەوە بووە تا شۆڕشی ١٨ی تشرین کە دواییی بە فەرمانڕەواییی پێشوو وە بەعث دا و ویستی ئەم بزووتنەوەیەی شیمال لە ڕێگای ئاشتییەوە ببڕێتەوە و بە ئیمضای سەرۆکجمهوورەوە دۆزان دەربکرێ و بنێرێت بۆ مەلا مصطەفا بۆ ئیعتیراف بە مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی حوکمەتی عیراقدا و بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی بۆ ئیدارە ببێ، تاوەکوو دەستوور باسی ئەم مافە ئەکات، قسەی خۆی هێنایە جێ بە بەرەڵاکردنی هەموو جۆرە بەندییە سیاسییەکان و گەڕانەوەی مووەظەف و موستەخدەم و ئاواکردنەوەی وێرانەکانی،

---

114 ڕۆژنامەی الجمهورية، ژمارە ٤٩٠.

هەروەها دە ملیۆن دیناریش درا. بەڵام ئیستیعمار ماوەی ئـەم ڕێککەوتنـەی نـەدا و پـاش مانگێك گەڕانەوە بۆ کاری خراپـە وە یاخییـەتی لـە قـانوون، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە لـە ڕۆژی ١٩٦٤/٦/٣\٢دا پیـاوانی هـەردوو لا لەگـەڵ مـەلا مـصطەفـا لـە ڕانیـە کۆبوونـەوە وە لـە (چوارتا)یش لە ڕۆژی ١٩٦٤/٨/٢٤دا کۆمەڵ بەسترا و حکوومەت سیاسـەتی خـۆی خـستە ڕوو، کەچی بێسوود بوو. جا ئەبێ ئەوەیش بـزانن وە چەندوچوونیـشی پێناوێـت کـە بـە هیچ وە بۆ هیچ جۆرێك حکوومەت دەست لـەو خاکـەی شـیمال هـەلگرێت کـە بـە خـوێنی خۆمان ئاودراوە، لە نیشتمان و یەکیەتی جیا بکرێتەوە. ئەبێ هەر بە یەکیەتیی عەرەب و کوردەوە بمێنێت وە لەژێر سایەی ئاڵای قورئان و ئیسلامدا.

بە داخەوە شۆڕش دەستی پێ کردەوە و مەلا مصطەفا موزەکەرەیـەکی تریـشی دا بە حکوومەت، ئەیەوێت وەطەنێکی تر لە شیمالا دروست بکات، کـە ئـەم دروسـتکردنە لـە دروستبوونی نیشتمانێکی جوولەکە لە ئیسرائیلدا کەمتر نابینرێت، کە ئیسرائیل دەرگـای یەکەمە و تا لە ژووررووی نیشتماندا دوایی دێت وە –خوانەکردە– ببێ بـە دەرگـای دووەم بۆ هاتنی ئیستیعمار پێیدا و لێدانی پەلێکی گەورە لە یەکیەتیی نیشتمانیمان.

هادی خەمماس لـە دوا باسـەکەیدا ئـەڵێت: نـە بـۆ عـیراق دەسـتئـەدات، نـە بـۆ کوردیش باش ئەبێ کە حوکمی زاتی یان جمهـووری لـە ژووررووی عـیراقدا دابمـەزرێت، چونکە تەنیا بـۆ هێنانـەجێی ئـاواتی ئیـستیعمارە کـە کاروبـاری خـۆی بـەو کەسـانەی تێناگەن بهێنێتە جێ.

وە دیسان ئـەڵێت: لـە گفـتوگۆی ڕۆژنامەگەرەکانـدا مـەلا مـصطەفـا وتوویـەتی ئەگەر ئیـسرائیل یارمـەتیمان بـدات قـەیناکات وە ئەمانـەوێت لەمـەولا خۆمـان خۆمـان بەڕێوەبـەرین و فـەرمانڕەوایی بەدەسـت خۆمانـەوە بـێ، کـە ئـەم قـسانە بەڵگـەیـە بـۆ جیابوونەوە و بوون بە ئیسرائیلی دووەم.

### سەرۆك عەبدسسەلام ناوی گەنمی کوردی ئەگۆڕێت

لە لیستە دۆزانە بڵاوکراوەکانی ئابووریدا کە ناوی زەخـیرە و فرۆشـتن و چـۆنیەتیی بـازاڕ بـاس ئـەکات، نـاوی (حنطـة كردیـة) بـە گـەنمی ژووررووی عـیراق ئـەوترا. بـەڵام

عەبدوسسەلام ئەم ناوەی گۆڕی بە (حنطة صابر بگ)، چونکە نەیئەویست ناوی کورد ببیستێت، نەوەك لە ڕادیۆدا ناوی کورد بهێنرێت و بڵاو ببێتەوە.

عەبدوسسەلام بۆ ئەوەی ماوەی حیزبی بەعث نەدات کە لەگەڵ کورد (پارتی دیموکراتی کوردستانی)دا نزیك ببێتەوە، هەمیشە گیروگرفتی ئەخستە نێوان و هەر لەم ڕووەوە بەعثیەکان نەگەیشتنە ئەوەی تێگەیشتن بکەوێتە نێوانیان و هەر ئەم تێنەگەیشتن و دوورەپەرێزییەیان بەرامبەر بە کورد دوچاری ئەوەی کردن کە بە ناتوانینەوە عەبدوسسەلام دەرفەتیان لێ وەر بگرێت و لە جێگای خۆیدا ئەم گوزارشە ئەخوێننەوە.

**بە وردی لێدوان**

تا ئێستا ئەو هەموو وتووێژ و مادده و نامە ناردنەی کە لە نێوانی سەرۆکی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی مصطفا بەرزانیدا و سەرۆك‌جمهووریی عیراق عەبدوسسەلام عارفدا هاتوچۆی پێکرا وە ئارەزووی لێدوانی هەندێ کەس، لەم بەرگەی دواییدا خوێنرایەوە. بێگومان خوێنەری بەڕێز لە هەموو نسك (مادده) و فەقەرەکانی داوای کورد وە وەڵامی حکوومەت ئاگادار بوون کە کورد داوای مافی گەلایەتی ئەکات و سەرۆك و حکوومەت گوڕێز لە ڕاستی ئەکات. بۆ ئەوەی بە وردی لە لێدوانەکەماندا بدوێین، وردە وردە باسەکانی پێشوو ڕوون ئەکەینەوە.

١- نووسەر نابێ نووسینەکەی پێشووی فەرامۆش بکات بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت وە بە تایبەتی شتێکیش نەزانێت، ئەتوانێت نەینووسێت و نەیشیلێت.

مامۆستا "الدرة"یش: لە لاپەڕە ٢٠٣ی (القضیة الکردیة)دا وەکوو ئەوی تر کە خوێنرایەوە، ئەڵێت: کوردستان نە مەڵبەندێکی سیاسیی هەیە وە نە کۆمەڵایەتییەکی گەلایەتی، کەچی مامۆستا خۆی بە دەستی خۆی نەخشەیەکی ڕەنگینی لە یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکەیدا بە نەخشەی کوردستانی گشتی و بەتایبەتی کوردستانی عیراق ڕازانۆتەوە و پیشانی داوە.

وە دووبارە لە لاپەڕە ٩ لەژێر ناوی (کورد و کوردستان)دا ئەڵێت: بەبێ چەندوچوونی لە مێژوو وە ڕووداوەکانی ئەم کیشوەرە کە پێی ئەڵێن کوردستان وە

گەلی کورد تێدا دانیشتووە، لە کۆمەڵایەتییەکی یەکڕەگەزی و تیرەی یەکزمانی پێکهاتووە وە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەلێکی گەورە و گرنگن، کە ئەکەونە نێوانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئێران و تورکیا و عیراق و سووریا و لە بزووتنەوەی پەرەپێدانی سیاسەت و کۆمەڵایەتیدان.

٢- وەکوو خوێنرایەوە شۆڕشی حیزبی بەعثی ئیشتیراکی لە ڕۆژی ١٤ی ڕەمەضانی ١٣٨٣، ٨ی شوباطی ١٩٦٣دا قەڵا سەخت و پڕئازارەکەی عەبدولکەریم قاسمیان ڕماند و ناو و گیانی لە بنوبنج دەرهێنرا. شۆڕشگێڕانی بەعث هەر لە یەکەمین شەوی شۆڕشەکەیانا بە دڵ و دەستێکی خاوێنەوە هاتن بەپیر دواییپێهێنانی کارەسات و مافی کورد بۆ ئاشتی وە بۆ بووژاننەوە و عیراقێکی تازە. لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردا ویستیان بە ڕاستی و ئاواتی برایانە بۆ تێگەیشتنی ئەنجامی کار کەوتنە گفتوگۆ وە بۆ دانی هەموو مافێکی گەلایەتی و مرۆڤایەتی ئامادەییی خۆیان پیشان دا. بۆ ئەم مەبەستەیش سەرۆک جەمال عەبدولناصر پێی خۆش بوو، چونکە حیزبی بەعث وریان و ئەیانزانی بەبێ بڕانەوەی کاری کورد و دانی مافیان نەك هەر لە عیراقدا، بەڵکوو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاسایش نابێت.

٣- گەیشتنە گفتوگۆ و لێدوان، ئەم جارەیش بەرزانی وتی: جیابوونەوەمان ناوێت وە نەویستووە، ژیانمان لەگەڵ هەموو گەلی عیراقدایە، ئێمە، کورد، تەنیا داوای مافی گەلایەتیمان ئەکەین.

بەڵام سەرۆك عەبدوسسەلام لە یەکەمین شەوا هەلی نەدۆڕان و بە زمانی خۆی بانگی سەرۆکجمهووریی خۆی بۆ خۆی دا، لە دواییشدا ئەمەیشی بە هەل زانی کە ڕیسی هەردوولا بئاڵۆزێنێ، ماوەی ڕێککەوتن نەدات، چونکە ئەیزانی دوای تەواوبوونی شۆڕش و ئاشتی، سیاسەت ئەگۆڕێت و بۆی دەست نەدا لە ترسی هەڵبژاردنی دوایی و خۆیشی خۆی لەو پایەدا نەئەبینی ببێ بە خاوەنی ئەو کورسییە و جێگا بڵندە. جا لە نێوانی شۆڕشی کورد و کاربەدەستانی حکوومەتدا پێکهاتن دروست نەبوو، کە نیاز و ئاواتی عەبدوسسەلام عارف بوو وە بە ئارەزووی خۆی بەبێ ئەوەی لە لایەن حیزبی بەعثەوە بەرگریی لێ بکرێت، فەرمانڕەواییی خۆی بە ئارەزووی خۆی بەڕێئەکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام سەیر ئەوەبوو ئەو کەسانەی بە درۆ و فرِوفێڵ قاسمیان گێل کردبوو، هەر ئەوانەیش بوون کەوتبوونە وێزەی عەبدوسسەلامیش وە لێی وررووکابوون بەو نیازەی بۆ سوودی گیرفانپرِکردن بیبەن بەرِێوە، بەلای خراپەدا هانیان ئەدا، ئەیانجووڵان وە خۆیشی ئەوەندە خاوەنی هۆش و بیری تیژ نەبوو کە بە هەستێکی مرۆڤایەتییەوە رِێگەی باش بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەعثییەکانیش لەو کاتەدا لە ترسی ئاژاوە نەیانئەویست بەرنامە و پرۆغرام بە عەبدوسسەلام بگۆرِن.

عەبدوسسەلام هەستی خوێنخواری و بەدکاری چووبووە ناو مۆخیەوە، زۆر بەقین و تۆڵەوە بەرامبەر بە تەگەرەلێدانی کاری کوردەوە ئەبزووتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەتوانرێت بوترێت کە لە پێناوی خۆیا، نەك تەنیا دوژمنی کورد بێت، بەڵکوو دوژمنی مرۆڤایەتی و گەلی عەرەبیش بوو، سەرۆك جەمال عەبدولناصر ئەیوت ((عەبدوسسەلام ساوایە منالە)).

عەبدوسسەلام بۆ توانەوەی رِەگەزی کورد زۆر بە پەلە بوو، لە رِۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا دۆزانی بزووتنەوە و ناردنی سوپای عیراقی بۆ سەر کوردستان دەرکرد وە بۆ کوشتنی کورد زۆر بە پەلە بوو، فەرمانی بزووتن وە ناردی هێزی سوپای عیراق لە رِۆژی ١٠ی حوزەیراندا دەرچوو، کەچی بەپێی قسەی زەعیم صدیق مصطفا سەرۆكجمهوور، رِۆژی ٨ی حوزەیران فەرمانی داوە کە لە شاری سلێمانیدا ئەوانەی لە ١٨ ساڵەوە تا ٤٠ ساڵ بەردەست ئەکەون بیگرن وە بەبێ لێپرسینەوە بیانکوژن. لەسەر ئەم فەرمانە رِۆژی ٨، سەعات ٦ پاشنیوەرِۆ بانگی خانەبەندی درا و لەگەڵ سپێدەی رِۆژا رِۆژی ٩ی حوزەیران لە لایەنی سوپاوە نزیکەی چوارهەزار پیاو لە تەقاویتیی عەسکەری زەعیم و ضابط و مووەظەف، کۆنەموتەصەرِیف، قائیمقام، مودیرانی عام وە بازرگان و وردەفرۆش و حەماڵ و سواڵکەر و گسکدەری کۆڵان و کرێکار و کێڵەر لە هەموو تیرەیەك، خزێنرانە ناو تەویلەی ئێستری سوپا لە بارەگەی سوپایی لە (کانی ئاسکان) هەبوو. چوار برا، باوك بە دووسێ کورِەوە گیرا، لە شەق و دارکاری وتن تەواونابێت، لەناو کۆڵان و ناو خێزانا ئەکوژرا، نزیکەی شەشسەد کەس لەناوبرا. لاشەی کوژراو کە بە بەرگەوە کرابوون بەژێر خۆڵەوە و لە کاتی گفتوگۆیەکەدا دەرهێنران و

گوێزرانەوە، ژمارەیان ئێجگار زۆر بوو تـا سـێ ڕۆژ لـەناو شـاری سـلێمانیدا بـە بیـانووی چەكدۆزینەوەوە مـاڵپـشكن ئـەكرا. زێـڕ، پـارە، فەرشـی نایـاب ئـەبرا، دەسـتدرێژی بـۆ ئـافرەت، زۆر لـە برسـیەتیدا لـەناو ژوور و خـانوودا مـرد، چـونكە توانـای هاتنـەدەرەوە نەبوو. لەگـەڵ ئـەم خراپەیـەدا سـەرۆك ئەچـوو بـۆ كەعبـە و حـەجی ئـەكرد. لـە پـشتی بارەگاكە لە (كانی ئاسكان) بە ناوی (وادي المـوت)وە جێگایـان تـەرخانكردبـوو. خـۆم، نووسەریش یەكێك بـوو لـە بەندییـەكان و بینـەری كارەسـات وە لـە لاپـەڕەكانی دواییـدا دۆزانی بزووتنەوەی سوپا ئەخوێننەوە.

٤- سەرۆك عەبدوسسەلام زۆر قووڵی ئەخوێنەوە، ئەیوست كوردستان لـە كـورد پاك بكاتەوە و بە تەواوی بیگۆڕێت و خۆیشی بچێت لەسەر چیای پیرەمـەگروون لـەناو كۆشـكەكەیدا كـە دروسـتی ئـەكات، دانیـشێت و بڕوانێـت بـە بەهەشـتی كوردسـتاندا. حیزبی بەعث بووبوو بە سەیركاریی دوورەپەرێزی كردەوەكانی عەبدوسسەلام، چـونكە خۆیان دروستیان كردبوو، نەیانئەویـست بیڕمێـنن. خـوێن بەرچـاوی گرتبـوو، ئـەیوت: خۆم قرم بە خێزانی مەلیك هێنا، ئەمەی بـە سـەركەوتنێكی زۆر گـەورە ئـەزانی وە بـۆ دووەم جـاریش ویـستی عەبدولكـەریم قاسـم بكوژێـت و بڕیـاری خنكانـدنی درا، بـەڵام نەیزانی عەبدولكەریم قاسم كەللەڕەقیەكەی ئەبووایە ئەم جارە خـوا عەبدوسـسەلام بـۆ ئەو دروست بكات و لە بەندیخانەوە لەگەڵ خۆیا بیباتـەوە بـۆ نـاو خێزانەكـەی، بـەڵام ئەو "عەبدوسسەلام" خۆی بە ناوی دوژمنی قاسم ڕەنگكرد، بۆ ئەوەی حیزبی بـەعـث یاوەری پێ بكەن و بگاتە شوێنەكەی عەبدولكەریم قاسم وە لە پێناوی كورسـییەكەیدا چنگ بخاتە ناو خوێنی عەرەب و كورد.

٥- عەبدوسسەلام زۆر خەریكی هاتوچـۆ بـوو بـۆ یەكیـەتیی گـەلی عـەرەب، بـەڵام جـەمال عەبدولناصـر بـڕوای پێـی نەئـەكرد وە دوای قـسەی نەئەكـەوت، چـونكە هـەڵی سەنگانبوو، ئەیزانی لە چ نرخ و سەنگێكدایە وە بەعثییەكانیش چۆنی ئەناسن.

بە هۆی سەرچڵی و كارەسـاتە نالـەبارەكانی عەبدوسـسەلامەوە بەرامبـەر بـە داوا و مافی كورد، ڕۆژنامەكانی ئەورووپا و ئاسیا وە -بە تایبەتی دەوڵەتە عەرەبییەكان- زۆر بە گـەرمی سەرزەنـشتی حكوومـەتی عیراقیـان ئـەكرد وە بەتایبـەتی ئێـستگەی دەوڵەتـە

ئیشتراکییەکان هەمیشە دەنگوباسی ڕاستیی شۆڕشی کوردستانیان بە سەرۆکایەتیی بەرزانی بڵاوئەکردەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە سوپاکەی عەبدوسسەلام لەناو چیاکاندا لەو توانایەدا نەبوون کە لەگەڵ بەرامبەرەکەیان بجەنگن وە بێگومان زۆر لە کوشتار و تاڵانیان ئەدا بەدەستەوە، کەچی سەرۆکجمهوور وە فەرماندەی گشتیی هێزی چەکداری عیراق "عەبدوسسەلام عارف" یەك بەدوای یەکدا فەرمانی ورووژم و بزووتنەوەی ئەدا، زۆر دیار و ئاشکرا بوو کە لە لایەن کاربەدەستانەوە کە لە فرِی خوێنڕژاندن بخۆن، بە پێچەوانەی ڕاستی بە ڕاپۆرتی سەرکەوتن سەرۆکیان گێژکردبوو.

بۆ وێنەی زاڵیەتیی کاربەدەستەکان، ئەم ڕوودراوە لەناو شاری سلێمانیدا ڕووی دا. شەفیق بەگ کوڕی ڕەشید پاشا لە خانەدان وە ناسراوانی شار، بە مەزەندە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا کۆچیدوایی کرد. کاتی خانەبەندی بوو، کەس توانای سەردەرهێنانی نەبوو، چونکە گوللە لە بناگوێیدا چزەی ئەکرد. تا دوو ڕۆژ کە بۆ گەیشتن بە موتەصەڕیف هەوڵ درا و هێڵەکانی تەلەفۆنیش داخرابوو، لە لایەن زەعیم صدیقەوە فەرمان درا کە لە ماڵ هاتە دەرەوە، لە لایەن عەسکەرییەوە تەرمەکە بشکێنن وە بێجگە لەو چوار کەسەی کە تەرمەکەی هەڵئەگرن، نابێ کەسی لەگەڵ بێت وە لەژێر چاودێریی عەسکەریدا ئەنێژرێت و دائەپۆشرێت. بە ناچاری ئەم فەرمانانە پەسەند کرا وە تەرمەکە لە ناوا هەڵگیرا. جا نازانم ئەم کردەوەیە بەرامبەر کام دوژمن بەکارهاتووە وە کام زۆردار و دەسەڵاتداری ناخواه کاری وا بەڕەوا ئەبینێ. ئەم کارە ناسۆرە زۆر دڵی دانیشتووانی شاری سووتان وە لەو کوشتارانە ناخۆشتر بوو کە لەناو ماڵاندا ئەکرا، چونکە پێچەوانەی ڕەوشتی مردوو مردن بوو لەناو کوردا.

٦- عەبدوسسەلام زۆر بەختدار و خاوەنشانس بوو، لە کاتێکدا کە حیزبی بەعث بۆ دامەزراندنی ئاسایش وە نەهێشتنی زاڵیەتی و کردگارەکانی عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی کرد، عەبدوسسەلام کردی بە هونەری خۆی و خراپەکردن بەرامبەر بە کورد وە -وەکوو وتمان- حیزبی بەعثیش ئارەزووی ئاشووبی تازەی نەئەکرد، چونکە ئاشتیی کوردی ئەویست.

بەپێی ڕەوشتی ئایینی ئیسلام، ڕۆژانی هەینی لە کاتی نوێژی نیوەڕۆدا خەطیب بە ناوی قورئان و ئایینەوە، بۆ هەموو ئیسلام بانگی یەکیەتی و بەزەیی و دڵسۆزی بەرامبەر بەیەکتر و ئامۆژگاریی بۆ برایەتی و دڵپاکی ئەکرد، بەڵام سەرۆك بەتایبەتی بۆ ئەوەی لە ڕووی خۆیا ببینێ و بە گوێچکەی خۆی ببیەت، فەرمانی بە خەطیب ئەدا کە ئەو لێدوانە ئایینییە بگۆڕێت بە لێدوانێکی سیاسی و بڵێت کورد کوشتن‌گوناه نییە.

ئەم گەلە لەپێشدا ئاگرپەرست بوون و لە ترسی عەرەب بەزۆر ئایینی ئیسلامیان پەسەند کرد وە ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ سەر ئەو ئایینە و پێویستە بە هەموو گەلی عەرەب و ئیسلام ئەم تیرەیە لەناوببرێت وە بێجگە لە ئەم کارەیش لە میصر و سووریا و ئەردنەوە وە هەموو پیاوە ئاینیەکانی عیراقی کۆ کردەوە کە لەسەر ویستنی سەرۆك لە دژی کورد بڕیاری ڕێگای لائایینیی کورد بدەن. پاش قسەی هەموویان و شێخی ئەزهەریش، خەطیبی سلێمانی وەڵامی زۆر سەخت و بەجێی دانەوە، کە کورد بەرامبەر ئایینی ئیسلام زۆر گیانیان بەختکردووە و لە سەرەتای مێژووی ئیسلامەوە کورد قورئان و ئایینی محەمەدیان لەلا بەڕێزە و بە خواپەرستی بردۆتە سەر و برای عەرەب بوون! ئەم کارەساتانەیش هەمووی لە ڕادیۆی بەغدادەوە بڵاوئەکرایەوە.

٧- لە هەموو داواکانی حکوومەتدا گرنگترین پێویست نەمانی پێشمەرگەیە، بەڵام ئەم ویستنە پێش دوایی‌هێنان بە کارەسات داوا ئەکرێت وە ئەوەی لەم ڕێگایەشدا ئەیدەن، بە کوردی ئەیبەخشن ئەو زمانەی خۆیانە کە وتووێژی پێ ئەکەن. هەروەها لە لای شۆڕشگێڕانی کوردیشەوە ئەم داوایە بۆمان دووبارە ئەکرێتەوە. جا نازانم چۆن بڵێم کە پێویستە لەدوای پێکهاتن و بەجێهێنانی داوای کورد ئەو کاتە داوای بڵاوەکردنی پێشمەرگەیش ئەگەر بکرێت دروستە، بەڵام نازانم چۆن زمان کە هیی خۆی بێت بە بەخشین پێی ئەبەخشرێت؟ ئایا هەردوولا نازانن کە لە ١٩١٨وە و لە کۆبوونەوەی سیڤەر و لۆزان و (عصبة الامم) و کۆمەڵی وەزیرانی عیراقیشەوە ئەم زمان‌پژاننە کە بە کوردی بخوێنین وە لە هەموو کاروباری ڕەسمیدا بەکار بهێنرێت، بڕیار دراوە؟ زمانی گەلێکی ١٧ ملیۆنی -نازانم- چۆن ئەبێ ببڕێت وەیان بە ناوی چاکە و بەخشندەیی وە ماوەی زمانی ڕەگەزایەتیی خۆی بەکارهێنان بدرێت، بەپێی ڕەوشت و یاسای کار هیچ

پێویست بەم ماددەیە ناکات بخرێتە ناو نامەی ئاشتیخوازی وەیان ببێ بە گرێیەك لە ڕێگای ئاشتیدا.

بۆ ئەوەی لە کورتترین ڕێگادا بگەین بە ڕاستیی مەنزڵ موزەکەرەکەی حکوومەتی بەریتانیا کە لە ٢٤ی شوباطی ١٩٢٦دا پێشکەشی کردووە بە (عصبة الامم) وە لە لایەن "محمود الدرة" لە لاپەڕە ٧٧-٧٨ی (القضية الكردية)دا پیشانی داوە، لە ماددەی (٢)دا ئەڵێت:

ماددەی (٢): پێویستە ئەو داوایەی لە لایەن کوردەوە ئەکرێت و پیشانی ئەدەن وە بە پێویستی ئەبینن، ئەبێت هەموو مووەظەفەکانیان کورد بن بۆ بەڕێوەبردنی کیشوەرەکەیان وە ئەبێ بە عەدالەت زانیاری لە قوتابخانەکانیاندا بڵاوبکرێتەوە وە زمانی کوردی لە هەموو وەظائیفێکدا زمانێکی ڕەسمییە.

هەر بۆ بنجبەست و بڕیاری ئەم بڕیارە لە مەجلیسی نوێدا ڕۆژی ٢١ی کانوونی ثانیی ١٩٢٦ لە لایەن سەرۆك وەزیرانی عیراقەوە وترابوو کە:

ماددەی (١٤): ئەم کیشوەرە ناتوانێت بژیەت، ئەگەر مافی هەموو تیرەکانی عیراق نەدرێت. پێویستە مافی کورد بدرێت وە مووەظەف لە خۆیان بێت وە زمانەکەیان زمانی ڕەسمی بێت وە منداڵانیان بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەکانا بخوێنن. ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەکانی بەغدادا بە تەواوی بڵاو کرایەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

گوزارشی ناوشار: لە باوی سەرۆکجمهوور باوکی گەل عەبدوسسەلام عارفدا، بۆ گەلی هەژار، جنێو، شەق و دارکاری، ڕاووڕووتی سەر جادە لە لایەن دەسەڵاتدارەکانی میرییەوە زۆر ئاسان و بە بەڵاش بوو، چونکە یاسا تەنیا زمانی خۆی سەرۆك بوو وە لە یەك ماددەیشی دروست کرابوو، ئەوەیش کورد بکوژن- بوون.

**لە پاداشی چاکەدا:**

عەبدوسسەلام خوێنمژ و بزێو بوو، بە چاکە خۆشنوود نەئەبوو، لە کاتێکدا بێئاگا لە کارەسات و دانیشتووانی ناو خێزانی خۆی بوو، حیزبی بەعث باوی عەبدولکەریم قاسمی لەناو برد و عەبدوسسەلامیان برد و عیراق و حکوومەتیان خستە

باوەشیەوە. خۆی کرد بە سەرۆك و سەرفەرماندە، بەڵام ئەو ئارەزووەی خۆی هەر پەروەردە ئەکرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئاوات بگات و بەرامبەر بە چاکەکەیان دوایی بە ناو و دەسەڵاتی حیزبی بەعث بهێنێ. لەپڕ عەبدوڕڕەحمان عارفی برای لە جەلەولا و زەعیم صدیق مصطفا لە سلێمانییەوە گۆڕینی بۆ بەغداد و لە ماوەیەکی کەمدا سوپاکانیان ئامادەکرد وە لە ناکاو پەلاماری براکانی خۆی حیزبی بەعثی دا، بە کوشتن، بە گرتن، بە ئاوارەیی پەرش و بڵاوی کردنەوە، کە ئەم کردەوەیەی مێژوو یادی ئەکات وە خۆی ناو نا پاڵەوانی سێ شۆڕش؛ ١- ١٤ی تەمووز، ٢- ١٤ی ڕەمەضان، ٣- ٨ی شوباطی ١٩٦٣، ١٨ی تشرین ثانیی ١٩٦٣.

دوابەدوای ئەوەی کە لە ١٨ی تشرین ثانیی ١٩٦٣دا پەلاماری حیزبی بەعثیدا دوو بەیانی دەرکرد وە هەردوکیان بەبێ گۆڕین بە عەرەبی پیشان ئەدەین، دوو بەرگ لە کتێبی (المنحرفون)یشی بڵاوکردەوە.

میشێل عەفلەق- ئەمین سیڕڕی قیادەی قەومی و ئەمین حافظ- لیوائی ئەرکانی حەرب و لواء صلاح حەدید و دکتور عەبدولخالق نەقشبەندی، لە کاتێکدا لە بەغداد بوون، ئەمەیش دۆزانەکانی سەرەك عەبدوسسەلام عارفە، پێویست بە گۆڕین نەبینرا:

بنکەی ژین
www.zheen.org

اندلاع ثورة الشعب والجيش

صباح ١٨ تشرين الثانى ١٩٦٣

وحينما اطل فجر ١٨ تشرين تمت كافة الاستعدادات العسكرية وخطة التهيؤ للحركة. ولم يبق الا نداء السيد رئيس الجمهورية لاشعال نار الثوره و انطلاق الوحدات العسكرية الى اهدافها المحدده عند بدا ساعة الصفر التي يحددها نداء السيد الرئيس الجمهورية.. وحينما دقت الساعة السادسة من صباح يوم الاثنين الموافق ١٨ تشرين الثانى ١٩٦٣ دوى صوت الرئيس عبدالسلام محمد عارف من دار لاذاعة العراقية ليقول البيانات التالية:

-بيانات .. عربية-

البيان الاول

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الشعب العراقى العظيم- ايها المواطنون يا ابناء العروبه والاسلام ان ماقام به العابثون الشعوبيون و سفاحو الحرس اللاقومى من اعتداء على الحريات وانتهاك للحرمات و مخالفة للقانون واضرار عام للدولة والشعب والامة وآخرها التمرد المسلح يوم ١٩٦٣/١١/١٣ اصبح أمر لايطاق ويتندى له الجبين بل واصبحت الحالة تنذر بالخطر الجسيم على مستقبل هذا الشعب الذى هو جزء من أمة العربية فتحملنا ما تحملناه صبرا على المكاره والايام وتجنباً على اراقة الدماء وحفظا لوحدة هذا الشعب النبيل تيمناً بقوله تعالى: ادفع بالتي هى احسن، ولكن كلما زدنا صبراً وايماناً ازداد هؤلأ العابثون الشعبيون واقزام الحرس اللاقومى تعنتاً واستكبارا، وظنوا انهم مانعمتهم حصونهم، فبلغ السيل الزبا بل لقد تجاوزه، فنادى الشعب جيشه و قواته المسلحة فلبى نداؤه وتلاحمت القوى الخيرة لانقاذ هذا الشعب العزيز من عبث العابثين و خيانة الخائنين من الشعوبيين والانتهازيين وعليه فقد قرر المجلس الوطنى لقيادة الثورة بعد الاتكال على الله مايلى.

له ئێستگەی ڕادیۆی بەغداوه

بنكەی ژين
www.zheen.org

به ناوی بيانات.. عربيه..

البيان الاول: بسم الله الرحمن الرحيم

سەرۆك عەبدوسسەلام عارف لە قسە بێسەروپێيەكانی بەيانی خوێندەوە و ئەمەيش ماددەكانييەتی:

١- تلبية انقاذ الشعب و تنفيذ طلبات الجيش والقوات المسلحة الوطنية

٢- انتخاب رئيس الجمهورية المشير الركن عبدالسلام محمد عارف رئيساً للمجلس الوطني لقيادة الثورة.

٣- تعيين رئيس الجمهورية الشير الركن عبدالسلام محمد عارف قائدا عاما للقواة المسلحة الوطنية وممارسته كافة الصلاحيات المخولة له.

٤- تعيين زعيم الجو الركن حردان عبدالفقار بمنصب نائب القائد العام للقوات المسلحة الوطنية بالاضافة الى منصبه.

٥- منح رئيس الجمهورية المشير الركن عبدالسلام محمد عارف صلاحيات استثنائية نتضمن جميع الصلاحات المخول بها المجلس الوطنى لقيادة الثورة بموجب القانون رقم (٩) لسنة ١٩٦٣ وتعديلاته لمدة عام تتجدد تلقائياً كلّما تطلب الامر ذلك وبتقدير منه.

٦- حل الحرس القومي قيادة ومقرات وافراد والغاء كافة قوانين والانظمة والتعليمات والاوامر الصادرة بخصوصه.

٧- حل المجلس الوطنى لقيادة الثوره المتشكل صبيحة يوم ٨ شباط ١٩٦٣-١٤ رمضان ١٣٨٣ وتكونيه على وجه الاتى:

أ. رئيس الجمهورية- رئيساً

ب. الاعضاء :

القائد العام للقوات المسلحة الوطنية

نائب رئيس الجمهورية

رئيس الوزراء

نائب القائد العام للقوات المسلحة

رئيس اركان الجيش

معاون و رئيس اركان الجيش

قادة الفرق

قائد القوة الجوية

الحاكم العسكري العام

الضباط الذين يقرر انتخابهم في المجلس

ج. بعين المجلس سكرتيراً و يجوز ان يكون من اعضاء المجلس او من خارجه ويحق للرئيس تخويله التوقيع على البيانات والاوامر الصادرة من المجلس بعد اطلاع الرئيس.

د. المجلس الاستشارى: يشكل المجلس الوطنى مجلساً استشارياً بختارهم من المواطنين ذوى السمعة الطيبة والسيرة الحسنة والكفاءه وكذا من ذوي الخبرة والفن والاختصاص.

بنكەی ژین
www.zheen.org

٨. اتخاذ الاجرائات القانونية والفورية بحق المتمردين والمسببين في التمرد يوم ١٩٦٣/١١/١٣.

صدر في بغداد يوم الاثنين المصادف ٢ رجب ١٣٨٣ الموافق في ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣.

التوقيع: المشيرالركن

عبدالسلام محمد عارف

رئيس المجلس الوطنى لقيادة الثورة

سەرۆك عبدالسلام لەم دوو نامەیە زۆر ترسا کە لەژێرەوە پیشان ئەدرێت کە ئەمە شتێکی ڕۆتینییە ئەبوایە بکرێتەوە، نهێنی نییە[115].

یەکەم: من القيادة العامة لقوات الحرس القومي ٧/١٦

٥٠٤ الى قيادة الحرس في بغداد، موصل، كركوك، اربيل وقائد المنطقة الوسطى

اولاً حفظاً بالمصلحة وسلامة امن جمهوريتنا العزيزة يجب التعاون كلياً مع مكتب التحقيق الخاص لقيادة لقوات للحرس القومي، ثانياً ترفع جميع الاخباريات مهما كانت صغيرة ام كبيرة الى القيادة بصورة فورية حين وصولها، ثالثاً نؤكد عدم تأخير الاخباريات بارسالها فوراً.

بنكەی ژین
www.zheen.org

دووەم

٢٣٥٠ الجمهورية العراقية:

العدد ٣ الى آمرية اللواء الخامس– طلب سلاح موقت

التأريخ ٩٦٣/١٢

بالنظر لحاجتنا الماسة الى خمسة عشر رشاشة من نوع بورت سعيد يرجى تزويدنا بها لاستعمالها من قبل مسئولي آمرية الحرس في اربيل بصورة موقتة لحين وصول اسلحة المطلوبة من بغداد رجاءً.

عزيز صادق العبادي: آمر الحرس القومى في اربيل

---

115 لە کتێبە نەگبەتەکەی پاش حیزبی بەعث، لاپەڕە ٢١٢، ١٩٦٣.

لەم دوو نامەیەدا کە خوێنرایەوە لە داوایەکی ڕەسمی و بێ فێڵ زیاتر هیچی تری تێدا نابینرێ کە ئەم چەشنە داوایانە لە هەموو باو و حکوومەتێکدا ڕوودانی بێگومانە. بەڵام لە لایەن سەرۆکی سپڵەوە بە خراپە زانراوە کەوتە دڵەکوتە و جولغ لێدان و ئاڵۆزان ئەڵێت لەسەر بڕیارەکانی حیزب عەلی سەعدی و کۆمەڵەکەی ڕەوانە کران و حەرەسی قەومی دەستیان دایە چەکی کوشندە و بانگی یاخیەتییان لە دژی حکوومەت و گەل لە ڕۆژی ١٣ تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا دا.

تەنانەت ویستیان دائرەکانی حکوومەت بگرن و دەست بەسەر شەقامەکانی بەغدادا داگرن و ڕەش بگێر مرۆڤ دەست بەست بکەن و دەسەلات بگرنە دەست. بە فڕۆکە کۆشکی جمهوورییان دایە بەر بۆمباباران و بەر ساڕووخ. ئەمەیش ئەو بەیانانەیە کە لە لایەن حیزبی بەعثی ئیشتیراکییەوە بڵاوکراوەتەوە.

بۆ ئەوەی مەبەست تێك نەچێت لە گۆڕیندا بۆ کوردی، وەکوو خۆی بە عەرەبی بڵاوکردنەوەیمان بە باشتر بینی وە بەبێ دەستکاری.

بيان قيادة فرع بغداد، حزب البعث الاشتراكي – قيادة بغداد.

الى: كافه الرفاق الحزبيين، ايها الرفاق

اليوم انتفض الجهاز الحزبي كله انتفاضة رائعة بطولية مدافعاً عن كيان الحزب ونظامه الداخلي واخلاقيته. انتقض الحزب ضد المجموعة التي حاولت ان تدعى تمثيل الحزب زوراً وتقوده باساليب لم يعرفها الحزب في يوم من ايام تأريخه النضالي. لقد استغلوا طيبة بعض رفاقنا الضباط البواسل بصورة غير شرعية لعزل القيادة القطرية الشرعية المنتخبة من المؤتمر القطري من ايلول ١٩٦٣ وفرض قيادة غير شرعية لم تنتخب بشكل حزبي سليم يوم ١٩٦٣/١١/١١ وفرض عضوتيها حتى على بعض اعضائها. لقد برهن جهاز الحزب بمدنيّه وعسكريّه على تلاحمه وان قاعدة الحزب هي الضمانة للدفاع عن الحزب ولقد سادت ارادة الحزب.

لقد قام (رفيقان من القيادة القومية) بالاتصال بقيادة فرع بغداد كأعلى قيادة شرعية منتخبة موجودة حالياً على مستوى القطر وقد طلبت قيادة القطر حل ازمة الحزب

بنكەی ژین
www.zheen.org

عن طريق النظام الداخلي، كما وطلبت قيادة الفرع تسفير ثلاثة من رؤس الفئة المنحرفة الى خارج العراق.

ايها الرفاق: ان جهاز الحزب مطالب بالاستمرار في زيادة وعيه وانضباطه. ان المرحلة خطيرة ونحن كلنا مدنيين وعسكريين مطالبون باليقظة العالية والحذر الكبير، فان هذه الفئة قد تحاول الالتفاف على الحزب باسلوب أو بآخر.

لتنتصر ارادة الحزب ولتعش انتفاضة ١٣ تشرين الثاني من اجل اهدافه القومية والاشتراكية ٩٦٣/١١/١٣

قيادة فرع بغداد لحزب البعث العربي الاشتراكي

لەم بابەتەوە بەیانی یەکیەتیی گشتیی نەقابەی کرێکاران

**اذيعت البيانات التالية**

بيان هام: بعد الاتصالات التي اجراها الرفيقان احمد حسن البكر وصالح مهدي عماش عضوا القيادة القومية تقرر دعوة القيادة القومية فوراً بصفتها اعلى قيادة في الحزب لتتولى الامور وحلّ الازمة وفق النظام الداخلي للحزب، علماً بان القيادة القومية ستصل بغداد مساء هذا اليوم.

بنكەی ژین www.zheen.org

توقيع: الرفيق احمد حسن البكر– الرفيق صالح مهدي عماش

له دۆزانی دووەمدا سەرۆکی جمهووریی عیراقی وە فەرماندەی هێزی چەکدار وە سەرۆکی کۆمەڵی نیشتمانی و فەرماندەی شۆڕشەوە خاوەنی دەسەڵات عەبدوسسەلام محەمەدعارف بە زمانی خۆی لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدادەوە فەرمانی دا بە:

١. هێزی چەکداری سوپایی و فڕۆکە بۆ پارێزگاری و ئاگەداری بەغداد

٢. نەمانی حەرەس قەومی و دانەدواوەی هەموو چەکەکانیان. دەسەڵاتی بەخشی بە هەموو لق وە جێگایەکی سوپایی لە کاتی سەرپێچیاندا دەستبەجێ بیانخنکێنی.

٣. لقەکانی خاوەندەسەڵات بن بە موحاکەمە و دەستبەجێ خنکاندنیان.

٤. لقەکانی سوپایی ئەتوانن ماوەی بەربەرەکانییان ببڕن وە بیانکوژن.

٥. هەموو هێزی پۆلیس دەستبەجێ بچێتە ژێر فەرمانی ڕەئیس ئەرکانی سوپا.

**عەبدوسسەلام محەمەدعارف:**

ئەمە بوو پاداشی چاکەی عەبدوسسەلام بەرامبەر بە حیزبی بەعث کە وەکوو دارێکی وشك ژیانیانەوە وە وەکوو بە زمانی خۆی خۆی کرد بە سەرۆك جمهوور خۆیشی کرد بەو شتانە و داگیرکردنی ئەو جێگا بەرز و بڵندانەی کە لە دۆزانی یەکەمدا خوێنرایەوە، بە ئاواتی خۆی گەیشت. جا کوردیش چاوەڕێی ئاوات ئەکات و چاوەڕێی بەرنامە و پرۆغرامی سەرۆکی تازە و باوەڕی تازە بەرامبەر بە شۆڕش و مافی گەلی کورد کە ئاواتی گەیشتن بەو مافەن کە خوێنی لاو و پیر و ژن و منالْیان لە پێناودا ڕژاندووە و ماڵسووتاو و پەرێشان و ئاوارەی ناو چیا و چۆڵ بوون. عەبدوسسەلام خۆی بە موسڵمان و خواناس ئەزانێ، جا پاراستنی کوردی موسڵمانی برای لە فەرموودەی خوایە.

بەڵام کورد زۆر حەقی هەیە کە گلەیییەکی زۆر لە حیزبی بەعث و دەسەڵاتدارەکانیان بکات. ئەبوایە یان ماوەی ئەوەندە دەسەڵاتدارییان نەدایە عەبدوسسەلام وە یان ماوەی ئەوەندە بەدبەختییەیان نەدایە، کە بەو پێیە پەلاماری کورد بدات وە خۆیان کە خاوەن شۆڕش و دەسەڵات بوون.

عەبدوسسەلام، وای ئەزانی ئەو پەلاماردان و نیازەی بۆ تواننەوەی کورد هەموو گەلی عەرەبی سوپاسی ئەکەن وە ئەیکەن بە ئیمپڕاتۆری عەرەبستان. نەیئەزانی کە دارایی عیراق بە خۆڕایی لەناو ئەبات و کوردیش لە توانای ئەوا نییە وەکوو ئەیویست.

عەبدوسسەلام کە بوو بە خاوەن تەخت و تاجی عیراقی. ئیتر بڕیاری تەواوی دا کە کورد لە ڕەگوڕیشە دەربهێنێ. وەکوو لە سەرەتای شۆڕشی ١٤ تەمووزا هاتە سلێمانی و بڕیاری دا کە جارێکی تریش بێتەوە بۆ سلێمانی و بەرامبەر بەو ڕێزەی لە دانیشتووانی شار بێنێ بە کوردی وتوویژیان لەگەڵ بکات. بەڵام –داخەکەم– خاوەنی چلێسی گەورەیی بووبووە گەورەیەکی سپلە. لە تشرینی دووەمدا هاتەوە بۆ سلێمانی فەرمانی دابوو کە ڕۆژی ١١ ئەگات. لە لایەن زەعیم صدیق و موتەصەڕیفەوە فەرمان درا کە هەموو قوتابی وە دانیشتووانی شار لە بارەگەی سوپایی لە (کانی ئاسکان) بۆ خۆشهاتنی سەرۆك بچن بە پیریەوە. ئەم فەرمانە تەنیا بە چوونی یەك قوتابخانەی سەرەتایی دروست

بوو. بەڵام تا عەبدوسسەلام گەیشت لەو منالانەیش نزیکەی ٢٠ قوتابییەکی زۆر پچووك مایەوە و ئەوانی تر خۆیان دزییەوە. ئەم کارەی بینی و بیستییەوە، زۆر پێی ناخۆش بوو. بۆ نیوەڕۆژە خواردن گەڕانەوە میوانخانە (دار الاستراحة). بەڵام لە لایەن موتەصەڕیفەوە ئەو پاشەرۆك و پاشماوە یەککەوتووانەی لەناو شارا مابوونەوە بۆ خۆشهاتنی سەرۆك و خواردن بانگ کران. لە کاتی کۆبوونەوەدا لە لایەن باوکی گەل و سەرۆکجمهوور عەبدوسسەلامەوە زۆر هەڕەشەی سەخت لە کوردی ناو شار و چەکدارەکان کرا و ئەم قسانەی وەکوو فەرمانێك بەرامبەر بە موتەصەڕیف و فەرماندەکانی سوپایی بوو. لە لایەن خەطیبی سلێمانییەوە لە وێنەیەکی جوان و ڕەوشتێکی بەڕێزا وەڵام درایەوە.

وتی: تۆ تەنیا سەرۆکجمهوور و حکوومەت نیت، باوکی گەلی عەرەب و کوردی عیراقیت. ئەم ڕۆڵانەت ئەگەر بەرەنگاری ئێش و ئازارێك ببێ، ئازاری دڵی تۆیە. هیوامان وایە کە ئەم هاتنەت هاتنێکی پیرۆز و فریشتەیەکی مەزنە کە کورد لەم تەنگانە و ناخۆشییە ڕزگار ببێ. ئەم سەخڵەتییە کە تێدا ئەژین، بگەڕێت بە خۆشی. شوورەی ئابووری و ئەم نارێکییە ببێ بە پیت و خۆشییەك و کورد لە ژیانێکی خۆشیدا بژیەت، لەگەڵ ئەوەدا کە خەطیب لە قسەکردنا بوو وە تەواوی نەکردبوو.

وەڵامی سەرۆکجمهور: هذا هو، الّي يقبل يقبل والّي مايقبل يطبه مرض، وين مايروح خلّي يولون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرۆك عەبدوسسەلام عارف بە فڕۆکەی هەلیوکۆپتەر گەڕایەوە بۆ پایتەخت بەغداد، وتیان: بەسەر هەندێك لە ناوچەکانا سووڕایەوە لە دێیەکدا دووکەڵی سووتان و وێرانی بینی وتی: ڕەنگە لەم ئاواییەدا مرۆڤ مابێت دەستبەجێ لەناو هەلیوکۆپتەرەکەوە فەرمانی دا بە سوپای ئەو ناوچەیە بۆ گەڕانەوەی سوپا و ناردنی فڕۆکە بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ناویان ببەن و ئەو ترووسکەیەیش نەمێنێت، چونکە ئاواتی ئەو تەنیا وێران کردن بوو.

**ئەم جارەیش بۆ ئاشتی:**

عەبدوسسەلام عارف ئەم جارەیش بۆ ئاشـتی کەوتـەوە نامـەناردن بـۆ بـەرزانی. بەڵام بە ڕاستی نەبوو، ئەیویست هەل لە کات وەربگرێت وە خۆی بـە تاکـە سیاسـی و ئازای عەرەب ئەزانی. جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو بەهرەیەی تێدا نەبوو، بێگومان ڕێگای ڕاستی نەئەزانی، بەڵام پیاوێکی جەربەزە و سپڵە و هەڵەشە بوو وە سەرۆکەکەی پێش خۆی "قاسم" قسەی ئەوانەی کە پەیغامی ڕێگای خراپەی بوون، بە لایەوە پەسـەندتر بوو لە چاکە. چونکە چاکەی کەسـی نەئەویـست، زۆر هـەوڵی دا کـە بەرنامـەکاری بـە ناوی ئیـسلامی و برایـەتیی عـەرەب و کـورد و صـەڵاحەدین ئـەیووبی گـرەو بباتـەوە و ڕەنجی تێکۆشان و بەکوشتدان و ماڵی سـوتاو و وێرانـی کـورد بـدات بـەبا. لەگـەڵ زۆر تەقــەلای ســـەرۆك عەبدوســـسەلامدا ســـەرۆك بـــەرزانی لـــە ناوئــاخنی پیلانـــەکانی عەبدوسسەلام زۆر بـاش تێگەیـشتبوو وە لـە داوا و مـافی کـورد بـەولاوە هـیچ قـسە و کارێکی لێ ڕوون نەکردەوە– ١٩٦٤.

نیاز و ئاواتی عەبدوسسەلام عارف تەنیا ئەوەبوو کە پێشمەرگە و سوپا بە یەکتر بەکوشت بدات بۆ ئەوەی عیراقێکی تازە و حکوومەت و سوپایەکی تازە بـە ئـارەزووی خـۆی دابمـەزرێنێت، ئـەوەی لـە بـیر چـووبوو کـە کاربەدەسـتەکان و فەرمانـدارەکانی هەموو ئەو گیانبەختکارانـە بـوون لـە ڕێگـای ئـاوات و فـەرمانی عەبدولکـەریم قاسـمدا دەست بە سنگەوە وێستابوون وە وەکـوو ئـەو کنـەی لـەناوبردنیش لـە خۆیـا ئەکـەن. تێگەیشت کە بـەرزانیی بـۆ ناخەڵـەتێت وە لـە داوای خۆیـشی نایەتـە خـوارەوە، ئـیتر بڕیـاری گـۆڕینی بەرنامـەی دا و گەڕایـەوە بـۆ سـەر کردگـارە گیوییـەکانی خـۆی کـە لەوەپێش بڕیاری دابوو.

**ناردنی هێز بۆ کوردستان**

ئەو هێزە دەرەکییەی بە ناوی (فرسان)ەوە کۆی کردبـۆوە لـە چـۆڵ و بیابانـەکانی عیراقی عەرەب بە ناوی "خالید بن ولید"وە، لە کـوردە خۆبەهـەرزانفرۆشـەکان بـە نـاوی "صـلاح الـدین"وە لـە عەشـایری سورچـی و زێبـاری و هـەرکی .. بـە یارمـەتیی سـوپای

بنکەی ژین
www.zheen.org

عیراقییەوە ڕژاندە ناو چیاکانی بە دەست پێشمەرگەوەیە. ئەو عەرەبە هەژارانەی لە چۆڵەوە هێنرابوون، وایان ئەزانی هاتوون بۆ گەشت و بەبێوەی تاڵانکردنی کوردی هەژار، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن ڕوو بکەنە جەنگ، گەڕانەوە. بە پێچەوانە کاری ڕاستی گەلایەتی و مرۆڤایەتی کوردەوە، بەکرێگیراوەکان چوون ئەزمەڕیان گرت و دایانە دەست سوپا، لەمەیش سەیرتر، شەوێك لە لای (مزگەوتی گەورە) لەسەر دەستدرێژی و نابەجێییەکانی تەقەیان کرد لە زەعیم صدیق، لەسەر ئەم تەقانە خانەبەندی بڵاوکرایەوە وە بە درێژاییی شەویش لەناو شارا بوو بە تەقەی تفەنگ و تۆپی گەورە بەسەر دانیشتووانی شاری سلێمانیدا. هەر لەو شەوەدا لاو و کارلەدەستهاتوو و پیاو لەناو شارا نەما و دایانە پاڵ پێشمەرگە. پاش دووسێ ڕۆژیش دێی (خەلەکان)یان سووتان. منداڵێکی ١٢ ساڵانە لەناو ئاگرەکەدا مابۆوە، هاواری ئەکرد بۆ ڕزگاربوون، خۆی توانیی دەرپەڕێت. فەرماندەی سوپاکە گرتی و بە زیندوویەتی فڕێیان دایەوە ناو ئاگرەکە. لە پەنای ئەم ناڕەواییيانە بەرامبەر بە نیشتەنییەکان و بەبێبەزەیی هەژار کوشتن، عەبدوسسەلام عارف بۆ ئاشتی لە نامەناردن دوا نەئەکەوت. دوا داوای بەرزانی ئەوە بوو کە بەکرێگیراوەکان دەربکرێت و چەکیان لێ بسێنرێتەوە. عەبدوسسەلامیش داوای لێساندنەوەی لە هەموو پێشمەرگە کرد.

جا ئەم دوو ماوەیە ماوەی پێکهاتنی نەدا کە عەبدوسسەلام نیازی دوایی‌هێنان بوو بەبێ داوا و بەجێ‌هێنانی ئاواتی بەرزانی و هەموو کورد. بەرزانی زۆر جار ئەیوت ئەو پەیوەستییەی ئایینی و برایەتییەی کورد و عەرەب هەیەتی، ئێمە نایپسێنینەوە. کەچی ڕۆژنامەکانی بەغداد لەسەر فەرمانی عەبدوسسەلام بڕیاری دوژمنایەتی و لە ئایین لادانی کوردیان بڵاو ئەکردەوە.

بەشی ١٦، لاپەڕە ٢٤١– القضية الكردية، مامۆستا الدرّة:

مێژوونووسی سیاسی گەلێکی وەکوو کوردی خاوەن ڕۆژانی چەوساوە لە پێناوی مافی گەلایەتی و نیشتمانەکەیدا لە ژیانی سیاسی بێبەش ئەکات، پەلاماری ڕابردوو وە دواڕۆژی کورد ئەدا، ئەڵێت: ((ئەو پارچە پچکۆلەیەی لە عیراقدا نزیکەی یەك ملیۆن کوردی تێدایە، بەختیان لەو کوردانەی لە تورکیا و ئێراندا باشتر نابێت کە شێلران و پلیشانیاننەوە، جەزرەبەیەکی وایان درایە کە مێژوو نەیبیستبێ و ناوی گەلایەتییان لەسەر

لابردن تورك به ناوی توركی چیایی وه ئێران به ئێرانی ناویان ئەبات و ئەم هۆز و تیرەیە له خوێن و ڕەگەزی ئێرانن و وەكوو گەله دانیشتووەكانی فارس، خووزستان و لیواكانی تری ئێرانین و جیاوازیان نییه نه له ڕەگەزا وه نه له زماندا وه له لایەن وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە ڕۆژی ۹٥۹/۸/۲۰ به سەفیری عیراقی وتراوه كه كورد ئێرانین.

جا ئەگەر كوردستانی عیراقی ڕۆژێك له عیراق جیا ببێتەوە، ناتوانێت بژیت، چونكه دەسەڵاتی تورك و ئێران له كارایه وه بەختی ئەمانیش له بەختی كوردی توركیا و ئێران باشتر نابێت كه له نیشتمانەكەیاندا ڕاویان نان و زمانەكەیان پێ گۆڕین و گەلایەتییان له نابووتییایە. ئیتر بەرامبەر به دەوڵەتێكی سەربەستی وەكوو عیراق دامەزراندنی دەوڵەتێك له كوردستاندا به سەربەستی وا ئەزانرێت كه له بەرژەوەندی كورد ئەبێت، چونكه ئەو گەلەی كه ژمارەیان له ۸۰۰ هەزار تا ملیۆنێك بێ وه لەناو ئەو چیا و دووره و لاپەڕەدا وه دراوسێی دۆست نەبێت و بێ پیت و دارایی و بێ دەرگا و بەندەرێكی بازرگانی بێت، هەرگیز سەرناگرێت. هەر به ئارەزوو كوردەكان خۆیان بۆ خۆیان مەڵبەندێكی فراوانی بەسەر ئێران و توركیادا تا ئەگەنه دەریای سپی وه لەم لاوه تا خەلیجی بەصرایان نەخشه كێشاوه.

لاپەڕه ۲۳: شۆڕشی كورد و شۆڕشەكەی فوراتی ناوەڕاست

له ساڵی ۱۹۳۳ و ۱۹۳۷دا له فوراتی ناوەڕاستدا شۆرش ڕووی دا. له لایەن بەكر صدقییەوە به بۆمباباران و كوشتن لەناوی بردن. له شۆڕشی ۱۹٤۱ی عیراق و بەریتانیادا كورد خۆیان دوور گرت، لەناو ٦۰۰ عیراقیدا تەنیا دوو كورد له بەندیخانەدا بوو وه له شۆڕشی ۱۹٥۸–۱۹٦۲یشدا باری گران بەسەر شانی قەومییەكانەوە بوو، به هەزارانیان لێ كوژرا و نزیكەی ۳٥ هەزاریشیان لێ گیرا و زۆریشیان خنكان وه بۆ ئەوەی كەركووك له نیشتمانییەكان چۆڵ بكرێت و كوردی تێدا دابمەزرێنن، له لایەن شیوعی وه شیوعیی كوردەوە زۆر له توركمانەكان كوژرا وه له شۆڕشەكەی ۱۹۲۰دا نه كورد وه نه توركمان تێكەڵ به بزووتنەوەكەی برا عەرەبەكانیان نەبوون. كەچی مامۆستا ئەحمەد فەوزی له (خناجر وجبال، لاپەڕه ۹۹)دا ئەڵێت: كه سوپاكەی ڕەشید عالی گەیلانی بەرامبەر به

بنكەی ژین
www.zheen.org

بەریتانیا سەرنەکەوت، کوردەکان هەڵوێستکی گەورەیان پیشان دا؛ بەڵام وا نییە، چونکە کورد توانای بزووتنەوەی نەبوو وە یاسا و دەستووری عیراق ماوەی نەئەدا.

لە سالی ١٩٣١دا حیزبی (هیوا) و (ڕزگاری) تێئەکۆشان بۆ یەکیەتی و لابردنی ئەو ئەشکەنجەیە کە کورد دوچاری بووبوو. کورد زۆر لە عەرەبی عیراق کەمتر زیانیان بینیوە. بە ناوی گەلایەتی و شیوعیەتییەوە تۆوی ژار بەناو نیشتمانی عەرەبدا ئەڕێژن.

ئەمە بوو هەندێك لە نیازی ئەو نووسەرانە. جا بە کورتی وەڵام: ئیمڕۆ کورد و سەرۆکی کوردی عیراق داوای پچڕاندن و جیابوونەوەی لە نیشتمانی عیراقی نەکردوە وە نایکات، بەڵکوو تەنیا بۆ مافی گەلایەتی لە چوارچێوەی عیراقدا کە حوکمی زاتییە داوا کراوە، ئەوەیش بۆ ئەوەی ببێ بە برایەکی بەهێز و پشتیوانێکی دانیشتووانی عیراق.

بەڵام داخ ئەوەیە کە هەڵەی گەورە لە پیاوی گەورەوە دەرئەچێت، مامۆستا بەپێی نووسینی خۆی لە تێکۆشانی گەلایەتیدا مێژوونووسێکی مەزن و عەسکەرییەکی بێهاوتا و سیاسیەکی هونەرمەندە، جا لەجیاتیی تێوەژاندنی خراپە بە ناوی ئامۆژگارییەوە بۆ گشتی وتەی بەڕێز بەکار هێنان و دڵسۆزی پیشاندان باشتر نییە؟ ئایا نازانیت لە کاتێکدا کە هەموو عیراق بە عەرەب و کوردەوە لەژێر فەرمانڕەواییی بەریتانیادا بوو، لە ١٩١٩دا کورد بە چەك داوای ئازادیی خۆی لە ئینگلیز ئەکرد.

بەکر صدقی کورد بوو، بەڵام ئەبووایە لەو کاتەدا لە دژی عەرەبی خوارووی (فوراتی ناوەڕاست) کە بەرامبەر بە حکوومەتە ڕاستەکەی خۆیان یاخی بووبوون، هێزی میری بەکار بێنێ! بەڵام ئەوە قەیناکات بە درێژیی ساڵ کورد لەژێر ئاگری بۆمبا و تۆپدا و جەوری حکوومەتەکەی عەبدوسسەلامدا قڕیان بێت، کە مێژوونووسەکانی عەرەب ئەڵێن کورد هەمیشە هاوکار و هاوپەیمانی عەرەبی بوون وە دڵسۆز و چاکەخواز، کەچی بە مافدار نازانرێن!

مامۆستا، زۆر بەبێئاگەداری لە باسی شۆڕشەکەی ١٩٤١ دوواوە، نازانێت کە دەستە دەستە لە چیاکانی کوردستانەوە دلاوەرانی کورد بە چەك و تێشووی خۆیانەوە بە ناوی (غەزا)وە ئەچوون بۆ بەغداد بۆ جەنگی بەرامبەری بە ڕووی ئینگلیزدا. کە سوپای میری لە ڕووی دوژمنا نەوەستێ، لەشکری کورد دەسەڵاتی چی ئەبێ؟ دلاوەر و سوپاییەکانی

کورد که له فەرماندەی خوالێخۆشبوو مصطفا خۆشناودا لـه (حەبانییـه) چییان بەسـەر هـات وە چـەند کوژراویـان دا، لەبیرچـۆتەوە؟ لـه شۆڕشـگێڕانی ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨دا زۆرترین سوپاییی کورد بوون. له کارەساتی مووصـڵ و کەرکووکدا نـه حیزبـی شـیوعیی عیراقـی و نـه شـیوعیی کـورد سووچـدار نییـه، سیاسـەت و پرۆغرامێکـی دروسـتکراوی حکوومەتەکەی ئەو کاتەی عیراقی بوو له کردەوە چەوتوچێڵەکەی عەبدولکەریم قاسم.

زۆر ڕاستە حیزبـی ڕزگـاریی کـورد زۆر تێکۆشـان، بـەڵام داخەکـەم ئـەو هـەموو پارەی یارمەتییە بۆ ئەم دوو حیزبە کۆکرایەوە، لـه لایـەن کەسێکەوە کـرا بـه خـان و کۆشك و ئوتێل و دووکان وە لێ نەپرسرایەوە.

له کاتی نووسینەوەی ئەم پارچەیەدا له ڕادیۆی بەغداوە ئەم دۆزانەم بیست، که وێنەیەکە له چاکەخوازیی پیاوانی حیزبی بەعث بەرامبەر بـه هـەموو گـەلی ژێردەست، وتی: ڕادیۆی صوت الجماهیر، کاتژمێر ٨–٩ی پێشنیوەڕۆ.

مەنکویەت پایتنـد، نێرراوی کاروبـاری وەزارەتـی دەرەوەی حکوومـەتی کـاتیی ڤێتنامی خواروو له بەغداد چاوی بە سەرۆکجمهوور ئەحمەد حەسەن بەکر کەوت. ئـەم دیدەنییە بوو بە هۆی یارمەتی و دۆستایەتیی گەلی عیراق و حکوومەتی بـەعثـی و ئـەو گەلە چەوساوەیە له پێناوی ئازادیدا. بـه ڕاسـتی کـردەوەی دڵسۆزانە و یارمەتیـدانی گەلی دواکەوتوو، حیزبی بەعـث مەگـەر مێـژوو تۆڵـەی چـاکەیان بداتـەوە کـه کـوردیش چاوەڕێی ئەو یارمەتییە و دەستی برایانەیانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## نامەکەی بەرزانی بۆ: کۆمەڵگەی گشتیی یەکگرتووان

## مذكرة البارزاني الى: هيئة الامم المتحدة

١٩٦٦/١/١٢ ڕێبەندانی ٢٥٧٧ک

بۆ: سکرتێری لیژنەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان

لیژنەی مافی مرۆڤایەتی

لیژنەی لەناوبەرانی ئیستیعمار

سەرۆکی نێرراوان و ئەندامانی دەوڵەتان لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان

پایەبەرزەکان:

ئەوا چوار ساڵ بەسەر کیشوەری کوردستانمانا ڕابورد کە کەوتۆتە بەر جەنگی ڕەگەزایەتیی شۆڤێنی و سێ باوی زاڵیەتیی عەسکەری.

ئەم جەنگە لە جەنگی گشتی یەکەم پترتر درێژەی کێشا و چەند مانگێکیش لە جەنگی دووەمی گشتی لەم جەنگەدا چەکی وێرانکردن و کوشتن وەکوو فڕۆکە، دەبابە، تۆپ لە لایەن حکوومەتی عیراقییەوە لە دژی کورد بەکارهێنراوە وە ئەم چەکانە زۆر لەو چەکانەی کە لە کاتی هەردوو جەنگەکانی پێشوودا بەکار هێنراون کاریگەرترن. ئەوانەی جەزرەبەی ئەو جەنگانەی گەورەی گشتییان بینیوە، ئەزانن کە گەلی ئێمە ئێستا لە چ پەرێشانی و ئازار و ئەشکەنجەیەکدایە.

هەروەکوو ئەم جەنگە خۆی دەردێکە، گەلە بێتاوانەکەیشمان دوچاری دەردی تیرەیی و ڕەگەزایەتی بووە و تۆڵەیش وەکوو کوشتن بە کۆمەڵ، تاڵان و ڕووتکردنەوە، ئاوارەیی، دەربەدەری، سووتاندنی خەرمان و چاندگە و دێهات، بەسەر دانیشتواندا ڕماندنی خانووی پڕ لە منداڵ و ژن و پیر، دەستدرێژی بۆ ژنان و نابەجێیی؛ ئەمانە ناچارم ئەکات کە ئەمجارەیش هاوارتان بۆ بێنم. لە دەست وەڕسبوونی کاری هەمیشەییی حکوومەتی عیراقی لە کردەوە و پیشەی ناشیرین وە سیاسەتی ڕەزیلانەیان لە خاکی سووتاو و هەزاران ئاوارە و دەربەدەرکراوی نیشتمانییەکانی کورد وە سووتانی دێهات و ڕووتکردنەوە لە دارایی‌یان. جا ڕوونە ئەم جەنگە بۆ

ئەوەیە کە ڕەچەڵەکی کورد ببڕنەوە و بە هێزی دیکتاتۆری و عەسکەری کۆتـایی بێـنن بە شۆڕش و بزووتنەوەی کورد.

ئەم ناڕەواییە لەبەر ئەوە بەسـەر گەلەکـەمانا ئـەهێنن، چـونکە ئەمانـەوێت زمـان، گیـان، بەڵگـەی گەلایـەتیمان بپـارێزرێن وە گەلەکـەمان داوای حـوکمی زاتـی ئـەکات لـە چوارچێوەی جمهوورییەتی عیراقیـدا، کـە ئـەم داوایەیـشمان لـە بڕیـاری کۆمـەڵی گـشتیی گەلان (الهئیة العامة للامم المتحدة)یە کە مافی گەلانی داوە بۆ ڕزگاری، گەل بۆ خۆی.

ئـەو جـەور و زاڵیەتییـە کـە گەلەکـەمان لـە دەسـەڵاتدارانی عیراقییـەوە تووشـی ئـەبێت، بــە تــەواوی پێــچەوانەی بڕیــار و فــەرمانی کۆمــەڵی یەکیــەتیی گەلانــە و پیشاندانەکەی مافی مرۆڤایەتییـە وە هـەرچـی کوردێـك لـە هەرچـی جێگایـەك بـێ بـەو مەرجەی دەستی کاربەدەسـتانی حکوومـەتی عیراقـی بێگاتـێ گومـانی تێـدا نییـە کـە گیانی ڕزگار نابێ و لەناوی ئەبەن.

بێـت و ئــەو کارەسـاتەی کـورد تووشـی بـووە لەگـەڵ کارەسـاتەکانی بـاوی کۆڵۆنیالییەکاندا بەراورد بکرێت، زۆر زیاترە و هیچ کەمتر نییە وە کوردیش لە ڕەگەزی ڕەش نییە وە ئەو سیاسەتی ڕەگەزایەتییەی حکوومـەتی عـیراق بـەکاریئـەهێنێ، لـەو بەدکارییە کەمتر نییە کە لە خوارووی ئەفەریقا و لە ڕووسـیا لـە ڕەوشـتی کێویایەتیـدا بەکارئەهێنرێت وەیان لەوەیش خراپتر ئەبێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هــەموو ئومێــدم ئەوەیــە کــە کۆمــەڵی گــەلانی یــەکگرتوو وە ڕێکخراوەکـان و ئەندامەکانی پەیڕەوی بڕیار بکەن بـۆ گەلـە داماوەکـەمان وە هیـوادارم بـە شـوێن ئـەو پەیڕەوە پەسەندەدا بڕۆن کە لە لایەن دەوڵەتانەوە بە نـاوی ئـەنزانی (ئینـسانی)یـەوە ئەندامەکانیان داوای ئەکەن وە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمـەڵی گـەلانی یـەکگرتوو خـۆی جێگرەوەی (عوصبەتولئومەم)ە کـە مـافی کـوردی چەسـپاندووە و ئیمـڕۆ ئێمـە داوای ئەکەین، کە لە بڕیارە تایبەتییەکەیاندا کوردستانی خوارووی ئاوێتەی عـیراق کـرد، ١٦ تشرین دووەم ١٩٢٥.

وەکوو لە سەرەوە وتمان، لەبەر ئەوەی گەلی کورد لـە عیراقـدا لـە وێنـەی گەلـدا خاوەنی زمان، مێژوو، بەڵگەی خۆیەتی، ئەم جەنگەی کوردستان هەڕەشەیە لە ئاشتی

وە ئاسوودەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو بیانووەی حکوومەتی عیراق پیشانی ئەدا، کە گوایا کارەساتی کورد کارێکی ناوخۆییە لە بناغەدا ڕاست نییە وە لە ناڕاستییەکەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا و خوارووی ئەفەریقا کەمتر نییە کە سیاسەتی ڕەگەزایەتی ئەکەن بە کارەساتی ناوخۆیی.

بە ناوی خۆم و گەلە داماوەکەمەوە بانگتان ئەکەم کە کۆمەڵی گەلانی گشتی وە لیژنە و ئەندامەکانی بۆ بینینی ئەم ڕاستییەم لیژنەیەك بنێرن بۆ کوردستان، هیچ نەبێت وەکوو نێرراون بۆ زۆر جێگایانی بەئاشووبی گێتی، سوپاس.

دڵسۆز

مصطەفا بەرزانی

سەرۆکی کۆمەڵی فەرماندارانی شۆڕشی کوردستانی

عیراقی و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی

١٩٦٦/١/١

لەگەڵ ئەم نامەیە نامەیەکی ڕوونکردنەوەی سیاسەتی ڕەگەزایەتی لە بارەی پەیڕەوییەکەی حکوومەتی عیراقی لە کوردستاندا پیشان ئەدا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**١- سیاسەت بەرامبەر بە کیشوەرە سووتاوەکە:**

خراپترین چورتم کە لەم کاتەدا تووشی گەلی کورد بووە ئەوەیە کە حکوومەتی عیراق بەبێبەزەیی دێهاتەکانی کورد ئەسووتێنێ، ئەم بەرنامەی سووتانی دێهاتە بە کۆمەڵ لەسەر ئەو بەرنامە نهێنییەیە کە حکوومەت لە سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٦٥دا داویەتی و بۆ ئەوەی کە هێزی سوپاییەکی زۆر لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێ و لە یەك کاتدا هێرش ببەنە سەر دێهات و جێگایەکی زۆر و بەو بۆنەیەشەوە بە تۆپ، دەبابە، هێزی پیادە، بۆمبای ناپاڵم، نارنجۆکی سووتێنەر کە هەرچەندە لە لایەن هەموو دەوڵەتانەوە بڕیاری بەکارنەهێنرانیان دراوە، حکوومەتی عیراق بە فڕۆکە ئەیدا بەسەر خاك و دانیشتووانی کوردا و بەکاریئەهێنێ تاوەکوو ئاگر و دووکەڵ دانیشتووەکان دەرپەڕێنێ و ئەوان خۆیان بگەن بەسەر تالان و ڕووتکردنەوەی ئەوەی دەستیان ئەکەوێت وە لە دواییشدا ئەو خانووانەی مابن، ئەیسووتێنن وە کوردەکان ئاوارە ئەکەن و ناوچەکە

بە چۆڵی ئەهێڵنەوە، وەکوو لە ناوچەکانی دووزخورماتوو، چەمچەماڵ، کفری، ئاغجەلەر، شوان، شێخ بزەینی، لە لیوای کەرکووك بەو مەرجەی لە کاتی سووتانی ناوچەی ئاغجەلەر و شواندا وەزیری جەنگ خۆی وێستاوە و چاودێریی سووتانی کردووە وە لە ناوچەی بالیسان و باڵەك و نزیکی هەولێر لە لیوای هەولێر، وە لە ناوچەی سوورداش و قەضای چوارتا و قەرەداخ و پێنجوێن لە لیوای سلێمانی، ئەو دێهاتانەی لە قەضای قەرەداخ سووتابوون بە جارێك بوون بە خۆڵ و هیچیان نەما. وە لە ناوچەی دۆسکی، بێخێر، سلیڤانی، شێخان، مەزووری، لە لیوای مووصڵ، وە لە ناوچەی دێهاتی قەضای خانەقین لە لیوای دیالە. زۆر لە مزگەوتی ئیسلامەکانیش نەپارێزران و سووتان وە ڕماندیان وە دێهاتی مەسیحییەکانی کوردستان سووتێنران.

ئەمەیش هەندێك لەو برووسکانەی حکوومەتی عیراق کە هێزە چەکدارەکانیان لە بابەت سووتاندنی دێهاتەکانەوە نووسیویانە لەگەڵ ناوی چەند دێیەك لەو دێهاتەی لەم دواییەدا سووتانوویانە نووسیویانە.

ئەو برووسکانەی کە حکوومەت بۆ سووتاندنی دێهاتی کوردستان نووسیویانە:

ئـ. لە هێزی هورمزەوە بۆ فق ٢ ژمارە٨١ ڕۆژ ١١/٩

ئایا هەموو دێهاتەکان بسووتێنین؟ وەڵامکان بدەنەوە.

ب. لە هێزی هورمزەوە بۆ فق ٢ ژمارە ٣٣ برکان ڕۆژ ١١/٩

سووتاندنی دێی (مۆردخوادەی خواروو) تەواوبوو (.) بۆ سووتاندنی دێی ئوبرکان (ئاوەبۆرکە) هێزەکە بە ڕێگاوەیە(.)

ج. لە ڕەتلی یەعروبەوە بۆ فق ٢ ژمارە ٥ ڕۆژ ١١/٩

ئیدارەی مەحەللی نایەڵێت هەموو دێهاتەکان بسووتێنین (.) ئێمە فەرمانی سوپا بەجێ ئەهێنین.

د. لە فق ٢ بۆ هەموو ڕەتلەکان– تکایە ناوی هەموو دێهاتەکانی ناوچەکە وە پەیغامی چۆنیەتی بۆ وێرانکردن وە سووتانن بە ناپاڵی سووتێنەر، تێمانبگەیەنن (.)

هـ. لە ل٢ بۆ فق ٢ ژمارە ف ڕۆژ ١١/٩

ئەم دێهاتانە بە تەواوی سووتێنران و بینران (.)

١. ئەسکەندەر بەگی. ٢. قرپجوت ٣– دڵوسانا

و. لە: شهاب بۆ سیفان وە ڕەتڵەکان، ژمارە ١٤٥ ڕۆژ ١١/٥

ئابڵووقەی دێی (مامليس) بە تەواوی درا پەلەکانمان تێدا ئەگەڕێن، ئەپشکنین وە ئەیسووتێنین کاتژمێری ١١٤٥ (.)

ز. لە ڕەتڵ یەعروبەوە بۆ فق ٢، ژمارە ٢٠ ڕۆژ ١١/١٢

بە تەواوی دێی کار و (گۆپتەپە) و (کانی هەنجیر)مان پشکنی وە بە تەواوی سووتانمان.

ح. لە فق ٢ بۆ ناوچەی بزووتنەوەی فڕۆکە لە کەرکووك.

تکایە جارێکی تریش بە بۆمبای سووتێنەر بدەن بەسەر دێی قەمچووغە و (سەرمۆرد)ا وە بە زووییەکی زوو.

س. لە ڕەتڵی یەعروبەوە بۆ فق ٢، ژمارە ٢٢ ڕۆژ ١١/١٢

برووسکەمان، لە ١١/٨دا بە تەواوی دێی (بۆڵقامیش)مان سووتان.

ش. لە عیمادەوە بۆ مەنصوور و عەلاء، ژمارە ٢٧ ڕۆژ ١١/١٢

تکایە بە بۆمبای ناپاڵم ئەم دێهاتانە بۆمباباران بکرێت (.)

کانی سوورکە، ڕەسووڵ بسکول. ئاخوڕە.

ط. لە عەلائەوە (متقدم) بۆ مەنصوور و عەلاء (خلفي)، ژمارە ٤٣ ڕۆژ ١٢/٨

لە ١٦٠٠وە تا (.) ئاگر لە دێیەکە بەردرا وە تا ئێستا فورسانەکان ئاگر بە ماوەی دێیەکەوە ئەنێین (.) پتر لە شەش لاشەی یاخییەکان لەناو ئاگرەکەدایە.

**ناوی ئەو دێهاتانەی کە لەم دواییەدا هێزی حکوومەت سووتانوویەتی:**

**لیوای کەرکووك**

ئـ. ناوچەی ئاغجەلەر، شوان، شێخ بزەینی.

١. گۆپتەپە. ٢. بوڵقامیش ٣. حەیدەربەگ ٤. عەسکەر ٥. سۆتکە ٦. مایلە ٧. قەڵاچووغە ٨. داڵاوە کورد ٩. داڵاوە ڕووتە ١٠. کانی هەنجیری شێخ بزەینی ١١.

بنکەی ژین www.zheen.org

کۆزەبۆرە ١٢. ئەسکەندەر بەگی ١٣. مۆرخوادەی سەروو ١٤. مۆرخوادەی خواروو ١٥. ئاوبارە ١٦. ئوروبکان ١٧. کانی گەورە ١٨. گەلناخاچ ١٩. جەلەمۆرد ٢٠. دوسیان ٢١. تورکمان باخ ٢٢. کارێزە ٢٣. ناصر و مصر ٢٤. گەڵناج ٢٥. کونەقەل ٢٦. مامڕەشی ٢٧. داربەسەر ٢٨. ترکی ٢٩. کاولەسور ٣٠. شوکبر ٣١. شێخان

ب. ناوچەی دووزخورماتوو

٣٢. مەلائۆمەر ٣٣. سپیسەر ٣٤. حەسەنپرچن ٣٥. برایم غولام ٣٦. بەگزادە ٣٧. کانی قادر میران ٣٨. کانی قادر ٣٩. تازەشار ٤٠. کورومۆر ٤١. گەرمك ٤٢. ئۆمەر صۆفی ٤٣. دارانی سەروو ٤٤. دارانی خواروو ٤٥. میرناسر ٤٦. شۆارو ٤٧. دەڕاجی

د. ناوچەی کفری

٤٨. خانی سەروو ٤٩. خانی خواروو ٥٠. فەقی مصطەفا ٥١. ئاوباریك ٥٢. قەواڵی

هـ. ناوچەی چەمچەماڵ

٥٣. بەکر باجەلان ٥٤. چنگنی ٥٥. وەستا خدر ٥٦. خالۆ بازیانی ٥٧. کەوەلە ٥٨. کولەیان

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لیوای سلێمانی**

ئـ. ناوچەی سووورداش:

٥٩. عەودالان ٦٠. قۆچ بولاخ ٦١. کانی هەنجیر ٦٢. کانی هەنجیری شێخ جامی ٦٣. زەزی ٦٤. بیدارە ٦٥. سێکانیان ٦٦. تەلان ٦٧. حاجیتان ٦٨. تیمار ٦٩. سردی ٧٠. شەدەڵە ٧١. هومەرقەوم ٧٢. جاسەنە ٧٣. گێچینە ٧٤. عیسا بەگی ٧٥. کەڵەباش ٧٦. قەمچووغە ٧٧. سەرمۆرد ٧٨. خوردەلوو ٧٩. سابوورئاوا.

ب. ناوچەی چوارتا:

٨٠. سیرەمێرگ ٨١. بەردەزەرد ٨٢. هەرمن ٨٣. بازەگیر ٨٤. سیتەك ٨٥. دووکانیان ٨٦. خەمزە ٨٧. تەگەران ٨٨. کۆرە ٨٩. دڕەڵە

د. ناوچەی قەرەداخ:

٩٠. ناوچەی قەرەداخ بە تەواوی ٩١. تیمار ٩٢. گڵەزەردە ٩٣. قەرەتۆخان ٩٤. هوانە ٩٥. ژاڵە ٩٦. دەرەویانی خواروو ٩٧. دەرەویانی سەروو ٩٨. ولیان ٩٩. باخان ١٠٠. قارەمان ١٠١. داریکەلی

هـ. ناوچەی پێنجوێن :

١٠٢ کەولۆس ١٠٣. مێکووکان ١٠٤. دۆڵەسوور ١٠٥. شانەدەری ١٠٦. کانی سپیکە ١٠٧. کانی مانگا.

**لیوای هەولێر:**

ئـ. ناوچەی دۆڵی بالیسان:

١٠٨. پیرو ١٠٩. بالووکئاوا ١١٠. بالیسان ١١١. تۆتمێ ١١٢. شێرکاوە

ب. ناوچەی باڵەك

١١٣. بادلیان ١١٤. دێلیزیان ١١٥. سیدەکان ١١٦. پیشۆك ١١٧. خەلەکانی ١١٨. ژندیان ١١٩. کرك ١٢٠. بنی کاول

د. ناوچەی دەشتی هەولێر:

١٢١. گۆمەشین ١٢٢. گوزەیی ١٢٣. گۆپیتە ١٢٤. گۆمەتاڵی ١٢٥. دێگەڵ ١٢٦. سماق شیرینی پچووك ١٢٧. سماق شیرینی گەورە ١٢٨. شاخەپیسکە ١٢٩. کانی دەربەند ١٣٠. بانەقەڵات ١٣١. حاجی وسوو ١٣٢. ئاخوڕە ١٣٣. بانی ماران ١٣٤. رەسوول پسکول ١٣٥. شیوەوێران ١٣٦. بەردێر ١٣٧ پلیان ١٣٨. مێرگە ١٣٩. نێرەکێن ١٤٠. کانی حەمەپانی ماران ١٤١. داربەسەری گەورە ١٤٢. خوڕخوڕ ١٤٣. حەسەن مترتب ١٤٤. سەرچنار ١٤٥. کانی بزرە ١٤٦. هەڵەجە ١٤٧. حاجی ١٤٨. هەمزە بەگ

هـ. ناوچەی سەفین

١٤٩. زیارەت ١٥٠. کەرونە قەڵاسەنجی سەروو ١٥١. بانەنۆك ١٥٢. چنێران ١٥٣. ئاقوبان ١٥٤. قەڵاسنجی خواروو ١٥٥. سپیندارە ١٥٦. سپیگرە ١٥٧. خۆران ١٥٨. کاوانیان ١٥٩. سوسە ١٦٠. ئێڵنجاخ ١٦١. تکور ١٦٢. بانەموردی سەروو ١٦٣. بانەموردی خواروو ١٦٤. جلبەسەر ١٦٥. بەردەسپی ١٦٦. شیواشۆکی پچووك ١٦٧. شیواشۆکی گەورە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**لیوای موصڵ:**

ئـ. ناوچەی دۆسکی

١٦٢. شاوریك ١٦٩. دیرکزنگ ١٧٠. بێسفکی ژووروو ١٧١. کحکا ١٧٢. کرسیس ١٧٣. زێوکی محەمەد یاسین ١٧٤. زێوکی کەندال ١٧٥. زێوك ١٧٦. عەسو ١٧٦. بێرەبر

ب. ناوچەی بێخێر

١٧٨. پیزەهی ١٧٩. بافیا ١٨٠. بێطاس ١٨١. خالشین ١٨٢. حەسەنئاوا ١٨٣. دوائی

د. ناوچەی سلڤانی و زێبار لە قضای زاخۆ

١٨٤. کردین ١٨٥. براف ١٨٦. براڤوك ١٨٧. کشکان ١٨٨. سرکر ١٨٩. کومبل ١٩٠. بیجك ١٩١. قەسری مەلا طیب ١٩٢. خراپ دیم ١٩٣. مێرگەسوور ١٩٤. بیبزتی ١٩٥. ایملك ١٩٦. کانی کرك ١٩٧. نوسانا ١٩٨. بفلوجە ١٩٩. شارا ٢٠٠. سوربا ٢٠١. جم زراف ٢٠٢. کروش ٢٠٣. باجدکنك ٢٠٤. باجد ٢٠٥. صلنکا ٢٠٦. خراپدار ٢٠٧. خلیج ٢٠٨. باگر ٢٠٩. باجوکا ٢١٠. شیناڤا ٢١١. توان ٢١٢. هیتیان.

هـ. ناوچەی عەمادییە و دهۆك

٢١٣. دیری ٢١٤. دوریی ٢١٥. سۆلاف ٢١٦. قدیش ٢١٧. رتبکی ٢١٨. بێدەر ٢١٩. بامەڕنی ٢٢٠. جمانکی ٢٢١. سوار و سبندار ٢٢٢. درکلی ٢٢٣. ئەرادنی سەروو ٢٢٤. کانی سارکی ٢٢٥. بیبادی ٢٢٦. درکلی ٢٢٧. زاویتە

**لیوای دیالە**

ئـ. ناوچەی خانەقین:

٢٢٨. حاجیلەر ٢٢٩. چیا رِضا ٢٣٠. دێی سویك ٢٣١. سەرتاق ٢٣٢. تازەدێ ٢٣٣. کانی بورکە ٢٣٤. هۆرێن ٢٣٥. میشاو ٢٣٦. قسلان ٢٣٧. دارامام ٢٣٨. کەمتاران ٢٣٩. خەرکتە ٢٤٠. شاوازیی ٢٤١. بازەهەنارە ٢٤٢. بێلوولە ٢٤٣. دەربەند ٢٤٤. کانی کرمان ٢٤٥. حەصار ٢٤٦. هومەرمل ٢٤٧. سولاوە ٢٤٨. شمشێرکول ٢٤٩. کونەقەل ٢٥٠. زلکە ٢٥١. قەرەجەم ٢٥٢. قلەتبە ٢٥٣. بانەبۆر ٢٥٤. گورشەلە ٢٥٥. عەلی خاڵە ٢٥٦. بەردی زەرد ٢٥٧. کانی بەبول ٢٥٨. چوار کلاوی سەروو ٢٥٩.

بنكەی ژین
www.zheen.org

چوار کـلاوی خـواروو ٢٦٠. سـەرقزل ٢٦١. مـەرجی عـەلی سـەروو ٢٦٢. مـەرجی عـەلی خوارو ٢٦٣. چیا سورخ ٢٦٤. سـید کـون ٢٦٥. سـید مـصطفی ٢٦٦. ئـەنوەر ٢٦٧. سەنگەری خواروو ٢٦٨. خەلیفە ئەحمەد.

لەگەڵ ئەم دێهاتە سووتاوانەدا پتر لە هەزار دێ سووتێنرا وە هەندێکیان دووجار سووتاوە. هەر لە ساڵی پارەوە هەنـدێك دێ هەیـە کـە سـێ جـار سـووتاوە وە زۆر لـە دێهاتەکانی تری کوردسـتان بـە هـۆی فرۆکـە و تۆپـەوە سـووتێنران وە بـە هـۆی ئـەم دەستدرێژییە و کێویەتییانەوە بە سەد هەزاران خێزان دەربەدەر بـوون و ئێـستا بـەبێ جێگا و داماو ماونەتەوە.

**٢– سیاسەتی حکوومەت بۆ ئەوەی کورد بکات بە عەرەب**

حکوومەتی عێراق لە ناوچەکانی کوردا دەستی کردوە بە پـەلاماردان بـۆ ئـەوەی لە لیوای کەرکووك و هەولێر و قەضای خانەقین و لیـوای موصـڵدا بـە خـورتی و هێـزی ئاگر و ئاسن دانیشتووانی نزیك شارەکان ناچـار بکـەن بـە بەجێهێـشتنی خـانوو، دێ، چاندگە و داراییيان تاوەکوو لە دوورترین جێگا و چـۆڵەکانی عێراقـەوە عـەرەب بهێـنن وە لە جێگاکانیاندا دایان بمەزرێنن.

بۆ وێنە:

ئەمەیش هەندێك لەو دێهاتانەی کە دانیشتووەکانیان دەربەدەرکران:

١. قـازانبـلاخ ٢. تـەرجیل ٣. ئەرگەشـکانی سـەروو ٤. تەرگەشـکانی خـواروو ٥– ناحیەی قەرە حەسەن لە قـضای چەمـچەماڵ – کـەرکووك– ٦. هـەموو دێهـاتی ناوچـەی مەخموور ٧. دێهاتی ناحیەکانی قۆرەتوو ٨. دێهاتی مەیدان لە قضای خانەقین.

حکوومەت پتر لە هەزار خێزانی لە عەشـیرەتی شـەمەری عەرەبـەوە هێنـاوە بـۆ لیوای کەرکووك بەو نیازەی لـە جێگـای کـوردە دەربـەدەرکراوەکانی کـە ئـاو و خـاکی بـاوك و باپیریانـە ئـەم عەرەبانـە دامـەزرێنێت وە کوردەکـان بـە ڕووت و برسـی بدوورینـەوە. ئـەم پەلاماردانـەی کـورد بـە عـەرەب گـۆڕین، یەکـەم جـاریش نییـە کـە دەسەڵاتداران لە کیشوەری کوردا ئەیکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

له هاوینی پار ١٩٦٤ دا له ناو شاری کەرکووکدا، چل هەزار کوردیان دەرپەڕان وه گەڕەك و ناوچەی خانووەکانیان به دەبابه و بلدۆزەر وێران و تەخت کرد وه کردیان به زەوییەکی تەواو ناو خانووەکانیاندا عەشایری عەرەبیان تێدا دامەزراند.

حکوومەت لەسەر ئەو بەرنامەیەی که کورد بکات به عەرەب لانادات و لەو ناوچانەی که دەستیان بەسەراگرتووە، کوردیان تێدا نەهێشتووە.

**٣- بۆ دەستکەوتنی دەرمان ڕێکخستنی سەختی و چورتم له ڕێگای کوردا**

بۆ کڕینی ئامپوولێك یان دەرزییەکی پەنسلین له لایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوه لەسەر کوردەکانی دانیشتووی هەموو قەضا و ناحیەکاندا وا دانرابوو که له هەرچی جێگایەك بێت وه له چەند دووری ڕێگا و ماوەدا بێ، ئەبێ بچێت بۆ ناوچەی لیوا و بیکڕێت. ئەم کردەوه خراپ و نالەبارەیان سەپاند بەسەر هەموو کوردا. جا نەخۆشێك که نەتوانێت بگاته ناو شارەکان، بێگومان بێجگه له مردن شتێکی دەست ناکەوێت و چارە مردنه وه بێجگه لەم کاره دڵڕەقییەیان هات و کوردێك به تۆزێك دەرمانەوه بگیرێت، سزا و جەزرەبەیەکی وا ئەدرێت که هەرگیز نەبینرابێ وه هیچ کەسێك نەیدیبێ وه بەبێ ئاگاداری دەسەڵاتدارانی حکوومەت و سوپا هیچ ئەجزاچی (دەرمانفرۆش)ێك نابێ وه ناتوانێت تۆزێك دەرمان بفرۆشێت و نابێ بکڕێت.

ژنگەی ژین
www.zheen.org

بۆ ڕاستیی قسەیش، ئەمه نامەیەك که له هێزی فەرماندەی مەیدانەوه به ڕەسمی دەرکراوه و دەرچووە.

- نهێنی و به پەله-

١. ببڕای ببڕای نابێ له لیوای کەرکوك، هەولێر، سلێمانی، و قەضا و ناحیەکانیان وه له قەضای خانەقین له لیوای دیاله دەرمانی نەخۆشی دەربچێ. ئەگەر نەخۆشەکه نامەی دکتۆری پسپۆڕی چارەسازیشی به دەستەوه بێت، ئەبێ دیسان لەژێر چاودێریدا بێ و به یارمەتیی سوپا وەکوو له لیوای موصڵ ئەم ڕەوشته بەکارهێنراوه.

٢. ئەبێت چاودێریی فرۆشتنی ئەو دەرمانانه بکرێت که له لایەن فرۆشیارەوه ئەدرێت به نەخۆش، به چاودێری فەرماندارەکانی ئوردوو بۆ ڕاستیی داوا و بەکارهێنان وه ئەبێت هەموو سەرۆك پزیشکەکان و ئەجزاچییەکان تێبگەیەنن که هەموو نامەی

دکتۆرەکان نیگاهداری بکەن وە بە پوسووڵەی دەرەکی دەرمان نەفرۆشن و ئەو نامە و پوسووڵانەیش لە ٢٤ سەعات بەولاوە بەکارناهێنرێت، ئەگەر پێویست بوو تازەبکرێتەوە.

٣. دەرمانفرۆشەکان بۆ ئەو دەرمانانەی ئەیانەوێت، پێویستە لیستەی دەرمانەکان پێشکەش بکەن بە فیرقەی پێنج لە لیوا و قەضاکان و قەضای خانەقین ئەو لیستەیەش بە دوو پەڕە ئەبێ: یەکێکیان ئەدرێت بە خۆی بۆ وەرگرتن، ئەوی تریان لە فیرقەدا ئەمێنێتەوە بۆ بەراوردکردنی ڕاستی.

جا بەم پێیە زۆرترین لە کوردەکان ناتوانن دەرمانیان دەست بکەوێت، ئەوەیش بزانن لە خواردنی خراپ و کەمخوێنییەوە نەخۆشیی سیل و زۆر شتی تر لەناو دانیشتووانی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە، کە ئەمەیش لە ئەنجامی دەربەدەری و هەژاری و برسێتییەوەیە.

**٤– چوار دیواری ئابووری و سیاسەتی برسیەتی**

دەسەڵاتدارانی عیراق چوار دیواری ئابووریی توندوتۆڵی بە کوردستاندا کێشاوە، کە لە سەرەتای ئەم شۆڕشی گەلایەتییەوە بەرەڵا نەکراوە، تەنیا بۆ ماوەی کەم کەم لە کاتی گوفتوگۆکاندا مەگەر بوار درابێ وە ئەم چوار دیوارە بە سەرانسەری کوردستانا و ناوچە ئازادەکانیشی تێکەڵ کراوە. بەم کردەوەیە هەموو پێویستییەکی خواردەمەنی و کەلوپەلی بەرگ و ژیانی لێ شاردینەوە بۆ ئەوەی پێویستیی ژیان پەیدا بکات، هەموو کوردێك ئەبێت پارەیەکی زۆر پەیدابکات و خەرجبکا، ئەوانەیش هیچ پەیوەستییەکی بە پێویستی جەنگەوە نییە.

زۆر ڕوونە کە نیشتەنییە برسییەکان، بە تایبەتی چینی هەژار، کە لە ناوچە دواکەوتووەکاندا ئەژین، ڕێگا نادرێن و ناتوانن کەلوپەلیان لە دەرەوە ببەن بۆ ناو شارەکانی کوردستان بۆ گۆڕینەوە.

مەبەستی حکوومەت لەم چوار دیواری ئابوورییە زۆر ڕوونە، بۆ ئەوەیە کە گەلی کورد بە هەژاری و برسیەتی و نەخۆشی و دەربەدەری لە ناچاریدا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی کاربەدەستەکانیان وەکوو ئەیانەوێت بۆ داگیرکردن پەلامارێکی سەخت بدەن و دوایی بە تێکۆشان و کاری گەل بدەن.

### ٥- کردەوەی ڕەگەزایەتی بەرامبەر بە کورد

نیشتەنییەکانی کورد لە سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزایەتیدا وە لە بەشی ژیاندا زۆر لە دواوەن وە لەناو شارەکانا لە ناڵەناڵدان.

بەشی وەظیفە: گەلی کورد لە ٣٠٪ دانیشتووانی عیراقن بەپێی یاسا کە ئەبێ لە کۆمەڵی وەزیرانی عیراقدا دەسەڵاتداری تەشریعی و تەنفیزی بن لە کوردا تەنیا وەزیرێکی بێ وەزارە هەیە، کە ئەوەیش لایەنگری حکوومەتە و هیی خۆیانە وە لە وەظیفەکانی تریشدا هەر بەو پێیەیە. دیسان لەناو وەکیل وەزارە، سەفیرەکان، مودیرانی گشتی، موتەصەڕیفەکان، ضابطە ئەرکانەکان، مودیرەکانی پۆلیس و ئەمندا کوردێك نابینرێت، ئەمەیش لەبەر نەزانی نییە، هەر لەبەر جیاوازیی ڕەگەزایەتییە.

لەوەپێش بە هەزاران مووەظەفی کورد لە وەظیفە و کارە گرنگەکانی میریدا بوون، دەرهێنران و دەرکران. وەکوو لە ڕێگای ڕەگەزایەتییەوە بەرامبەر بە وەظیفە سیاسەت بەکارئەهێنن، لە بابەت ثەقافەتیشەوە درێغی ناکەن. بێجگە لە چەند دانەیەکی زۆر کەم لە کورد قوتابی وەرناگرن، وەکوو لە دانشگە، بیعثە عیلمییەکاندا وە کوللییەی عەسکەری بە ڕوویانا داخراوە.

شاراوە نییە کە لە کیشوەرەکەماندا نە ڕێکخراوێکی سیاسی و نە کۆمەڵایەتی و نە ثەقافی نییە، دواییان دا بە ڕۆژنامە و باوی نووسینی کوردی. ماوە نادەن ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێبێك، بە زمانی کوردی دەربچێ و بڵاوبکرێتەوە.

سیاسەتی حکوومەت لە سیاسەتی ڕەگەزایەتیدا گەیشتۆتە ئەوەی کوردی خستۆتە ژێر چاودێریی ڕیزی ناپاکی و پاکی و بە ئاسانی ناڕەوایی بۆ دروست بکات. هەر لەسەر ئەم ڕەوشتی زاڵیەتییە دەسەڵاتدارە سوپاییەکان و دیکتاتۆرەکانیان بە هەزاران لە شارستانییەکانی کوردیان بە ناوی گوناهبارییەوە (مجرم) لە بەندیخانەکاندا توندکردووە، چونکە شۆڕشی کورد بە باش ئەزانن وە کردەوەی حکوومەت پەسەند ناکەن وە لەم بەندییانەیش پرسینەوە ناکەن وە بە دەست یاساوڵە بەدبەختەکانیانەوە هەمیشە لەژێر ئەشکەنجەدان، کە لەسەر ڕەوشتی تازە بەکاری ئەهێنن وە ئەناڵێنن وە زۆریشیان لەژێر ئەو ئەشکەنجەیەدا ئەمرن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**شۆڕشی کورد و ئاژاوەی نێوانی عیراق و ئێران لە بابەت مەڵبەندەوە**

بە بۆنەی ئەو ڕووداوانەی لە نێوانی عیراق و ئێراندا و ئاژاوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە حەفتەکانی پێشوودا بە گرنگی ڕووی دا، بینرا کە لە ٧ کانونی یەکەمی ڕابوردودا بە یارمەتیی سوپا و هێزی پۆلیسی عیراقی ورووژمیان بردە سەر (قەڵای تەنگ حەمام)ی ئێرانی، کە ئەکەوێتە سەر مەڵبەندی (خانەقینی عیراقی) بە تۆپی هاوەن و جەنگێکی پچووك لێدان ڕووی دا. پاش نزیکەی دوو حەفتەی تریش فڕۆکەی عیراقی چووە عاسمانی ئێرانەوە، لە دراوسێکانی ناوچەی پێنجوێن دێی (خانمی شێخان، کارێزە)ی کوردستانی ئێرانیان بۆمباباران کرد بە گوللەی تۆپ و مەترالیۆز ئاگربارانی دانیشتووانیان کرد. کوشتار و برینداریان بوو وە لە هێزەکەی مەڵبەندی ئێرانیش بریندار کرا. جا لەسەر ئەم دەستدرێژییە حکوومەتی ئێران ناخۆشنوودیی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی خاریجییەی عیراقی کرد، تێی گەیاندن کە ئەم کردەوەیەیانی پێ خۆش نییە. داوایان کرد کە دەستبەجێ ئەم کردەوانەیان بوەستێنن وە زیانی زیانلێکەوتووەکان لەم کارەساتی دوژمنایەتییەدا ببژێرن. هەروەها حکوومەتی ئێرانیش فەرمانی دا بە هێزەکانی خۆی بۆ دەستدرێژی بۆ سەر عیراق.

بنکەی ژین
www.zheen.org

حکوومەتی عیراق لە وەڵامی نامەکەی ئێرانیدا لە لایەن وەزیری دەرەوەی عیراقییەوە لە ڕۆژی ١٩٦٦/١/٥دا نامەیەکی پڕ هەڕەشەی پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی کرد و ئەڵێت: ئێران بووە بە بنکەیەکی شۆڕشگێڕانی کوردی عیراق. ئەم زانینەیان لەبەر ئەوە بوو کە گوایا ماوە دراوە کە کورد تۆپەکانیان بگوێزنەوە بۆ ناو خاکی ئێران بۆ ئەوەی گوللەی تۆپەکانمان بۆ سەر بنکەکانی سوپای عیراقی لە پێنجوێن ئاڕاستە بکرێت وە وای لە ئێران گەیاند کە ئێران پاڵ ئەنێ بە شۆڕشی کوردی عیراقەوە وە ئەیانپارێزێت و ئەم کارەیش بۆ ئێران باش نابێت. ئەم نووسین و نووسینەوەیە لە نێوانی ئەم دوو حکوومەتەدا گەیشتە لێدوانی گشتی وە ڕۆژنامەکانی هەردوو لایان و وتووێژی کاربەدەستان وە هەڕەشەکردن لە هەردوو کیشوەرەکەدا، ئیتر ئێران لەسەر ئەم کارە دەستی کرد بە هەڵوەشانەوەی پەیمانەکەی (شط العرب) کە لە ساڵی ١٩٣٦دا بەستراوە لە بەغداد لە دژی ئێران. نومایشێك کرا و لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە، داوا

پێشکەش بە جامیعەی عەرەبی کرا کە لە دژی ئێران پشتگیری بکرێن وە لەم کاتەیشدا لە نێوانی عەبدوڕڕەحمان بەزاز سەرۆکوەزیرانـی عـیراق و عـەباس هوەیـدا سـەرۆکوەزیرانـی ئێراندا زۆر نامەی برایانە هاتوچۆی کرد، بەڵام کار پترتر لە گرساندنا بوو.

### پوختەی پەیوەستی نێوانی عیراق وە ئێران:

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ٢٠ی ئـەم چـەرخەدا لەسـەر مەڵبەنـد لـە نێـوانی عـیراق و ئێرانـدا نـاکۆکی هـەبووە وە ڕێگـای تـەواوکردنیان بـۆ نەدۆزراوەتەوە وە هەرچەند لە نێوانی هەردوولایانا گفتوگۆی زۆریش کراوە بە ڕێکوپێکی ئاوی (شط العرب) بەش بکرێت ناکۆکییەکەیان هەر ڕوو لە ناخۆشی بوو، بە تایبـەتی ئـەو شـوێنانەی کـە نـەوتی لێ دۆزراوەتـەوە و داوای لەسـەرە وە لـە لایـەکی تریـشەوە ئـەو بزووتنەوەیـەی گەلایـەتیی عـەرەبی کـە لـە عـیراقدا وە کیـشوەرەکانی عەرەبیدایـە بـۆ پچڕاندنی کیشوەری خووزستان کە گوایا بەشێکە لە نیشتمانی گەورەی عەرەبی لە ئێـران وە لە لایەکی ترەوە سیاسەتی ڕەگەزایەتی و پەراگەندەییی گەل وە جیاکردنەوەی ئـایین کە کاربەدەستەکانی عـیراق زۆر لـە مێـژەوە بـەکاریئـەهێنن، بـەرەنگاری ئـەم سیاسـەتە زاڵیانە ئەبن، برا شیعەکان و کەمایەتییەکانی ئێرانی هەموویان بەرامبەر بە ئێران دڵسۆزن، بە تایبەتی لە ڕووی ئایینی وە گەلایەتییەوە.

### ئێران و شۆڕشی کورد:

شاراوە نییە شۆڕش کورد لە دژی دەسـەڵاتدارانی عیراقـە و پێـنج سـاڵیش بەسـەرا ڕائەبوورێ وە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی گەلایەتی و دیموکراتییە لە پێناوی مافی گەلی کورد و ساندنی حوکمی زاتی لە چوارچێوەی عیراقـی دیموکراتیـدا، سیاسـەتی شۆڕشـی کـورد لەسەر ڕێبازی ئازادییە وە داوا لە هەموو ئازادانی گێتی و برایـەتی گـشتی ئەکـەین کـە بـە ناوی مرۆڤایەتییەوە دەستی یارمەتی و یاریەدانمان بۆ درێژ بکەن.

بەڵام بەلای ئێراندا شۆڕشی کورد زۆر حەسایەوە چونکە بێلایی و لایەنـنـەگریی گرتووە لە جەنگ و شۆڕش نێوانی کورد و ئەو کاربەدەست و دەسەڵاتدارانەی عیراقیدا وە ئەو قسانەی عیراق ئەیڵێت هیچ ڕاستی تێدا نییە، تەنیا بۆ ئاژاوە و ئاشـووبە لـەناو

کیشوەرا. بەرامبەر بە کورد سەرنەکەوتنەکەیان ڕوونە و ئەزانن و ئەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر لایەکی ترا.

عیراق ئەیەوێت دەوڵەتە عەرەبیەکانی تریش ڕاکێشن بۆ جەنگ بۆ سەر ئێمە، وە گەلی عیراقیش چاو لەو خراپەکردنەیان بپۆشێت کە لە دەستی کاربەدەستە ڕەجعییەکانەوە ئەبینرێ کە بە خوێن ڕەنگ کراوە، دیسان حکوومەتی عیراق ئەیەوێت چەك و فیشەك لە هەندێ دەوڵەت بسێنێ کە کارسازیی خۆی لەم کاتی جەنگ و تەنگانەیەدا پێ بکات.

**پەیوەستیی هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان**

هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبیەکان فێر بوون جار جارێك یەکتر تەئید بکەن ئەگەر ڕاست بێ یان نەء!! بۆ یەکێك لە برا عەرەبەکانیان بەبێ ئەوەی لە بناغەی کارەسات بزانن و ئالۆزانەکە بۆچییە و بۆچی خۆیانی تێ ئەخزنێن بە ئەمەیش ئەوترێت (لاپلارسەنگی) وە لەسەر ئەو باوی عەرەبی جاران کە وتوویانە: ((انصر أخاك ظالماً او مظلوما)). جا لەسەر ئەم ڕەوشتە هەندێك لە دوەلی عەرەبی داوای عیراقیان لە دژی ئێران پەسەندکردووە. سەرەڕای ئەمەیش بە جنێو و خراپە وتن دەستیان کرد بە وروژم هێنان بۆ سەر شۆڕشی کورد پارسەنگی ناڕاست بە ناوی نیشتمانەوە کە فەرمانڕەواکانی سوریا کردیان.

ئەم جۆرە پەلاماردان و هەڵوێستانە بەرامبەر بە گەلی کورد هیچ پەڵەو لەکەیەك ناخاتە سەر ئاواتی کورد بەڵکو خراپەی زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ سەر گەلی عەرەب خۆی. وە ئەوەیش لێك ئەدرێتەوە کە بۆ دواڕۆژ پەیوەستی نێوانی عەرەب و کورد تێك ئەدا.

داوا لە هەرە بەرزترین هێزی ئازادی خوازی عالەمی عەرەبی ئەکرێت کە کاربەدەستانی عیراقی بهێننە سەر ئەو ڕێگایەی دەستبەرداری جەنگی ڕەگەزایەتی ببێ کە لە دژی گەلی کورد ئەیکات وە ئەو مافەی مافی خۆیەتی بیدات وە گوێ نەدەنە ئەو تەپڵ و دەهۆڵەی لە دژی شۆڕشەکەمان لێ ئەدرێت کە ئەمە پێنج ساڵە لە جەنگ و چەوساننەوەداین وە مێژووی شۆڕش ڕاستی دەرئەخات.

به پێچەوانەی هەموو نابەرکاریەکی بەدخوایان، گەلی کوردی تێکۆشەر ئەبێت بە هێزی شۆڕشی چەکداری خۆی بگات بە ئاوات لە تێکۆشانی پاڵەوانانەیدا کە تێکۆشانێکە لە دژی فەرمانڕەوایان وە دیکتاتۆری سوپایی لە عیراقدا، تاوەکوو داوای گەلایەتی خۆی لە کاربەدەستان بگەیەنێت.

گەلی عیراق زۆری پێ خۆشە بۆ هەڵبژاردنێکی دیموکراتی سەربەست وە دوایی‌پێ‌هێنانی ئاشووب وە دەسەڵاتی سوپایی کە لە دژی گەلەکەمان لە کارایە و پێچەوانەی ڕەوشت و ڕێکخراوەکانی دیموکراتییە. من زۆر لەو باوەڕەدام کە ئێمە ڕێگاکەمان ڕاستە وە سەرکەوتن هاوڕێمانە.

کۆمەڵی دیعایە و نەشری

پارتی دیموکراتی کوردستانی

١٩٦٦/١/١٢= ڕێبەندان ٢٥٧٧ کوردی

ئەم نامەیەی سەرەوە لە لایەن سەرۆك بەرزانییەوە نێررا بۆ هەیئەتی ئومەمی موتتەحیدە. بە تەواوی لە عەرەبییەوە کرا بە کوردی و پێشکەش کرا.

**دۆزان و چاوڕاوی حکوومەتەکەی عەبدوسسەلام محەمەدعارف**

به هەموو جۆرێك بۆ پارچەپارچەکردنی کورد لە ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا بە پارە و هۆی دەسەڵاتدارانی خاوەن عەشیرەتەکان خەریکی چاوڕاو بوون بۆ بێ‌هێزکردنی هێزی پێشمەرگە و مەلا مصطفا بەرزانی بۆ ئەم مەبەستە زۆر پیاوانی باوەڕپێکراوانی خۆیان بڵاوکردبۆوەوە، هەروەها درێغ نەئەکرا. جا؛ لە لایەن حکوومەتەکەی سەرۆك عەبدوسسەلام محەمەدعارفەوە بە کوردی و بە عەرەبی زۆر دۆزان بڵاوئەکرایەوە. نەزانیی عەبدوسسەلام لەوەدا بوو لەجیاتی بە دڵنەوازی کار ڕێکخستن ڕۆژێك ئەیوت کورد نییە و ئەو دانیشتووان ەی ناو چیایانە عەرەبن وە ڕۆژێکی تر کوردی ئەکرد بە ئاگرپەرست و لە ئایینی ئیسلام لایان داوە و ڕۆژێکی تریش کوردی ناو ئەبرد بە جوولەکە و ئیسرائیلی دووەم، کەچی پاش ئەم هەموو بەندوباوە ئەیوت کورد و عەرەب بران کورد لە پێناوی ئایینی ئیسلامدا زۆر گیانیان

بەخت کردووە وە مێژوو و هەموو بزووتنەوەی کورد وە یارمەتییان بۆ برای عەرەبیانی تۆمار کردووە وە باسی صەلاحەدین و دڵپاکیی کوردی بەرامبەر بە عەرەب ئەخستە پێش چاو وە ئەیشی ویست ڕەگەزی کورد نەهێڵێت، لەبەر ئەم بزرکاننەی نە لە عیراق وە نە لە هەندەران کەس باوەڕی بە قسە و کردەوەی عەبدوسسەلام نەمابوو.

عەبدوسەلام ئەیویست یەکسەر کوردستان خاپوور بکات و گەلێکی تازە بهێنێتە جێگای کورد دایان نێت. زۆر جار لە ضابط و لە داستانبێژی ئەنارده سەر تەلەفزیۆن بۆ ئەوەی باسی بێسەروپێی خراپەی کورد بکەن و چاووڕاو، ڕۆژنامەکانی بەغداد ئەیاننووسی کە بەرزانی لە بێگانەوە یارمەتیی بۆ دێت وە وەریئەگرێت ئەم باسەیان زۆرجار بە ڕەخنەوە ئەوتەوە.

ئایا یارمەتی وەرگرتن تەنیا بۆ کورد شوورەییە؟ بۆچی حکوومەتەکانی لە ئەمریکا و لە ڕووسیا یارمەتی وەرناگرن؟ ئەگەر یارمەتی وەرنەگرێت، حکوومەتی عیراق ئاواتی کورد ئەهێنێتە دیٚ؟ کە هەمیشە داوای برایەتیی کورد و عەرەب ئەکەن، ئەی بۆچی برای عەرەب ئاواتی ئەم برا دڵسۆزەی ناهێنێتە جیٚ و دڵیان بە کوردی برایان ناسووتێت و بیکەن بە خاوەنماف و ببن بە هاوپەیمانی هەموو جۆرە پێویست و کارەساتیان. سەرەڕای هەموو شتێك زۆر لە نووسەر و مێژوونووسەکان زۆر جار بە کارەساتی ئێران و تورك بەرامبەر بە کورد کوردی عیراق ئەترسێنن، کە خۆیان باش ئەیانناسن، ئەوە دەزانن کە ئەوسا کوردی تورکیا بێ چەك و دڵنیای چاکە بوون. ئایا کوردی عیراق لە پێش هەموو ئازادیخوازانی گێتیدا پاش جەنگی یەکەم بە چەك پەلاماری ئینگلیزی نەدا و بەرامبەر بەو هێزە بێشومارەی کە بۆ جەنگی یەکەم گەیاندبوویە عیراق وێستا؟!

لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستە عیراق یارمەتیی تەواوی کوردی برایان بدەن و مافی حوکمی زاتییان بدەنێ وە ماوەیش بدەن کە سەرەتای مێژووی کورد بە بزووتنەوە سیاسییەکەی بەرزانی مصطەفاوە دابمەزرێت وە عەرەبی برای پیرۆزبایی لە کوردی برای بکات، کەچی ئەم چاکەیە بە زۆر گران ئەبینن. حکوومەتی عیراق زۆر بەڕاستی پێویستە بزانێت کە لە بزووتنەوە و شۆڕشی کوردا بێجگە لە ڕۆڵەی خۆی دەستی هیچ بێگانەیەك نییە، بێجگە لە وریابوونەوە و هەستی ئازادی!!



بنکەی ژین
www.zheen.org

هەموو گەلانی گێتی چاوی شارستانیان پشکوت، پیشەسازی گەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە ئەگەنە مانگ، تامی ژیانی ئازادی چێشترا، بە هەموو لایەکدا بانگی ئازادی گەلان درا، ئیتر بۆچی تەنیا کورد لە پێناوی بێگانە و بە پەنجەی ئیستیعمار خۆی بە کوشت ئەدات؟ وە یان بۆ کارسازی بێگانە بژیت؟

**پلانەکەی عەبدوسسەلام و عەبدوڕڕەحمان بەزاز**

سەرۆك جمهور و سەرۆك وەزیران بە هەموو ڕێگاو شەقامێکدا بە ئاشتی خوازی ناڕاستی بەهێز و چەکی ئاگرین بەکارهێنان لە پیلان و تەڵە نانەوەکەیاندا سەرنەکەوتن ئەم جارە ڕێگای پەڕاگەندەیی و ئاژاوەیان دۆزییەوە کە لەناو شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانیدا بەکاریبهێنن، بەو فڕوفێڵەی کە توانییان دروستی بکەن توانیان لەناو پارتیدا پەلێك لە ڕێکخراوەکانی بەرزانی جیابکەنەوە بۆ لاوازکردنی بزووتنەوە و بیروباوەڕی شۆڕشگێران بەرامبەر بە شۆڕشەکەیان بۆ ماوەیەکی کەم کورد بە کورد بەکوشتدان نارێکییان بۆ پێكهات ١٩٦٦، بەڵام ئەوەی ئەیانویست، بۆیان نەهاتە دی، بێگومان چۆنیەتیی ئەم باسەیش لە یادی مێژوو ون نابێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

عەبدوسسەلام لە پلەی یەکەمدا باوەڕی بە خۆی نەبوو وە لە پلەی دووەمیشدا چاکەخوازی گەلی عەرەبیش نەبوو وە خۆی بە دوژمنی خوێنینی کورد ئەزانی. عەبدوسسەلام پەلپی ئەگرت، لە هەموو ماوەی ڕێككەوتنەکاندا داوای نەمانی پێشمەرگە و چەکداری ئەکرد بۆ ئەوەی ئاشبەتاڵ بە شۆڕش بکات، بەڵام بەرزانی نەك بە نابێ، بە داوای گەڕانەوەی سوپا و چەككردن و لە چەكداماڵینی کوردە بەکرێگیراوەکانی ئەکرد. جا؛ ئەم دوو داوایە ڕێگەی پێکهاتنی ئەگرت و چارە ئەگەڕایەوە بۆ جەنگ.

کاربەدەستەکانی سەرۆك عەبدوسسەلام دواییی کاریان لێكنەئەدایەوە بۆ کوردی ئەو دۆزانەی لە پەڕەکانی پێشوودا پیشان درابوو وە خوێنرایەوە لە لایەن حکوومەتەوە بڵاوکرابۆوە و ئەڵێت برا پشتی برا بەر نادات، گوایا پیاوێك دەستەچیلەیەك چیلکەی داوەتە دەست هەر سێ کوڕەکەی و بۆیان نەشکاوە، تا تاك تاك شکاندوویانە، کە مەبەستی باوکەکە ئەوە بووە پشتی یەکتر بەرنەدەن. بە ڕاستی

داستان و ئامۆژگارییەکی زۆر جوان و گرنگە بۆ کورد. کە وابوو برا کوردە بەکرێگیراوەکان پێویستە دەستبەجێ چەکەکانیان فڕێ بدەن و بگەڕێنەوە بۆ ناو برا شۆڕشگێڕەکانیان کە لە تێکۆشانی داوای گەلەکەیاندان.

بەرامبەر بە هەموو پیلان و داوا نابەجێکانی حکومەتی عەبدوسسەلام بەرزانی و شۆڕشگێڕەکانی ئەیانوت ئەو پەیوەستییە مێژووییەی کە ئایینی ئیسلام و هاونیشتمانییەتی کورد و عەرەبی بەستووە بە یەکەوە، ئێمە نامانەوێت بیپچڕێنین، کەچی ڕۆژنامەنووس و پیاوخراپەکان بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە ئەیگەیەنن بە عەبدوسسەلام، کە عەبدوسسەلام نە ئاگای لە سیاسەتی گشتییە وە نە ئاگای لە چۆنیەتیی حکوومەت و گەلی عێراقە، بەڵام تەنیا باس و ناوی خۆی بیستنەوە ئاوات و پێویستیەتی. هەر بێئاگایی بوو کە ڕۆژێك ئەیوت کورد عەرەبن، ڕۆژێکی تر ئەیوت جوولەکەیە و ئیسرائیلی دووەم. سەیریش ئەوە بوو پاش ئەم هەموو ناووناتۆرەیە، ئەیوت کورد و عەرەب بران و لە پێناوی ئایینی ئیسلامیدا گیانبەختکارن وە هەموو بزووتنەوە و یارمەتییان بۆ برای عەرەبیان مێژوو تۆماری کردووە.

زۆر جاریش باسی پاڵەوانبازییەکەی صەلاحەددین ئەیووبیش لەگەڵ دڵپاکیی کورد بەرامبەر بە عەرەب ئەخاتە ناو ناوئاخنی قسەکانی. حاجی برایمی چەرمەگا لە شۆڕشی کورد لای دا، بردیانە بەغداد، لە تەلەفزیۆندا پیشانیان دا، وایانزانی کە بە گەڕانەوەی حاجی برایم کۆتایی بە شۆڕش و کارەساتەکانی پێشمەرگە ئەدرێت. ڕۆژنامەگەرەکان ڕەخنەیان ئەگرت کە گوایا بەرزانی یارمەتی لە بێگانە وەرئەگرێ، بەڵام وەڵامی کورتی بەرزانی ئەوەبوو: ئایا بۆچی شوورەیی نەبێت کە حکوومەتەکان لە ئەمەریکا یان ڕووسیا یارمەتی وەرگرن، بۆچی بۆ کوردی بێکەس شوورەیی بێت؟ بە ناوی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزەوە کورد گوناهبار ئەکەن وە بڕیاری لەناوبردنی کورد ئەدەن بەڵام گەلی عەرەب داوای برایەتی ئەکەن و ئەڵێن کورد لە هەموو تاڵی و سوێرییەکی ڕۆژانی عەرەبدا هاوبەش و هاوکار بووە، کەچی بە مافی گەلایەتی کە مافێکی ڕاست و بەشی خۆیانە، ئەو برایەتییە پەیوەست ناکەن و بە یارمەتییەکی مرۆڤایەتی دڵخۆشیان ناکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

زۆر لە نووسەر و مێژوونووسەکانی عەرەبی عیراقی ئەڵێن کوردی تورکیا و ئێران زۆر پەرێشانن تا زمانەکەیان پێ گۆڕیون وە تورك ڕەچەڵەکی بڕینەوە و نە زمانیان ماوە و نە گەلایەتییان، بەڵام کوردی عیراق بە پێچەوانەی ئەوان خاوەنمافن وە بە برای عەرەب ناسراون. ئەم توانج و ڕەخنەیە زۆر جار ئەڵێن و ئەڵێنەوە. بەڵام بە داخەوە ئاگاداری کار و کات نین. کوردی تورکیا پاش جەنگی یەکەم کە شەنگی ڕووداوەکانی جەنگی گەورەی یەکەم و لە بەجێهێنانی پەیمانەکەیاندا بۆ یارمەتیی مصطەفا کەمال لە جەنگی یۆناندا ماندوو بوون. ئەو چەکەی بەدەست تورکەوە بوو، کورد نەیبوو. سەرەڕای ئەمانەیش بە هیوای بەجێهێنانی پەیمانەکەی کەمال پاشا بوون کە ئازادی بوو. لەگەڵ ئەم هەموو نەهاتانەدا لە پێناوی ئازادیدا تووشی پەرێشانی بوون. بەڵام کوردی عیراق لە هەموو بابەتێکەوە جیاوازە و خۆی بە هاوبەش و مافدار ئەزانێت. کوردی ئێرانیش تا ئێستا لەدەست زاڵییەتیی یاسای ئێران تووشی ناڵە و ئازار نەبووە. ئەبێ ئەو نووسەرانە بزانن کە کوردی عیراق لە سەرەتای ئەم چەرخەوە چەکدار بووە و بەرامبەر بەو هێزە گەورەیەی بەریتانیا کە فەرمانڕەوای بەشی گشتی بوو، پێش هەموو گەلانی ڕووی زەوی پەلاماری ئینگلیزی دا و لە ١٩١٩دا گوللەی کورد نرا بە سنگی ئیستیعمارەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**سەرۆك عەبدوسسەلام محەمەدعارف:**

ئەم سەرۆکە بە چاوێکی بەدبینییەوە ئەیڕوانییە کورد و نیشتمانەکەیان. پاش ئەو بزووتنەوە و کارەساتانەی لە توانایا بوو بڕیاری لەناوبردنی کوردی دا. لەم کاتەدا ویستی گەردوشێکی لیواکانی خوارووی عیراق بکات و لە گەڕانەوەدا ئەو بەرنامە سەخت و بێبەزەییەی بۆ کورد بڕیاری داوە بهێنێتەجێ.

عەبدوسسەلام زۆر ئارەزووی بەرزی و ڕێزی ئەکرد ئەگەر بە ڕاستیش نەبێت بۆ ئەوەی نومایشێکی شاهانە بکات و پێشوازییەکی گەورە و مەزن بکرێت، چوو بۆ خوارووی نیشتمان. گەیشتە (قورنە)، پاش تەواوبوونی هەموو بینین و کار، لە کاتی ڕۆیشتن بۆ بەصرە و چوونە ناو فڕۆکە— هەلیکۆپتەر لە لایەن ضابطێکی عیراقییەوە بە ناوی دیاری شاری قورنەوە قوتوویەك خورما پێشکەش بە سەرۆك کرا و بە دەستی خۆی وەریگرت.

بـەڵام مـەرگ مـاوەی چێـشتنی شـیرینی خورماکـەی نـەدا، ژەهـری کوشـندەی بۆمباکە دوایی بە ژیانی خۆی و هاوڕێکـانی دا و بـە سـووتاوی لـە نزیـك دێـی (نـشدە) کەوتنـە سـەر زەوی. وتیـان تـەنیا سـەعاتەکەی سـەرۆك دۆزرایـەوە، خۆیـان و فڕۆکـە بووبـوون بـە خـەڵوز و پارچەپارچـە بـە تـەقینی بۆمبـا ناوئاخنەکـەی نـاو خورماکـە ١٩٦٦/٤/٢٤ تەرمەکەی کە صندووقێکی دار بوو لە (مزگەوتی شێخ زاری) نێژرا، بـەڵام ناو صندووقەکە نەبینراوە.

**سەرۆك عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف:**

لە پێش هەموو شتێکدا ئەم جارەیش کورد لـە هەڕەشـەکەی عەبدوسـسەلام کـە لـەناوبردن (إبـادة) بـوو، ڕزگـاری بـوو. ئـەم کارەسـاتە بـەرەو ڕووی سـەرۆکی تـازە عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف بووەوە کە برای خوالێخۆشبووە. لەسەر داوا و ویـستنی سەرۆك وەزیران عەبدوڕڕەحمان بەزاز بڕیاری جێنشینیی عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف درا، کە ضابطێکی گەورەی سوپایی بوو.

سـەرۆکی تـازە کەوتـە داوای ڕێککـەوتن و دوایـی بـە بزووتنەوەکـەی بـەرزانی و کوردی شۆڕشگێڕان بێنـێ. لـە سـەرەتای نیـازی پێکهاتنـدا لـە لایـەن عەبـدوڕڕەحمان بەزازەوە داوا لە بەرزانی کرا بۆ دەستدرێـژکردن و برایـەتی. لەسـەر ئـەم ویـستنە لـە لایـەن ڕۆژنامـەکانی عـیراق و ئێـستگەی ڕادیـۆی بەغـداوە بـە نـاوی مـژدەی خـۆش و ناگەهانی قـسەی سـەرۆکوەزیـران عەبـدوڕڕەحمان بـەزاز بڵاوکرایـەوە وە خۆیـشی لـە تەلەفزیۆنی بەغدادا خۆی پیشان دا و بڕیارەکانی خوێندەوە.

جا ڕۆژنامـەی "الاخبـار"، ژمـارە ٨٥، ڕۆژی ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٦٦ وە ڕۆژنامـەی "المنـار"، ژمـارە ٣٤٣٢ ڕۆژی ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٦٦، هـەموو قـسەکانی حکوومـەتیان بڵاوکردەوە کە ١٢ مادده بە ناوی ٢٩ی حوزەیرانەوە ناوبراوە، بـۆ ئاسـایش و ئاشـتی لـە ژوورووی عیراقدا کە لە لایەن سـەرۆك وەزیـران عەبـدوڕڕەحمان بـەزازەوە لـە تەلەفزیۆنـدا پیشان درا. وە ئەمەیش ١٢ ماددەکەیە لەژێرەوە یەکە یەکە ئەیخوێننەوە.

**١٢ ماددەکەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦**

مامۆستا عەبدوڕڕەحمان بەزاز بە پێشەکیی ماددەکان لە بابەت چۆنیەتیی عیراق و شۆڕشی کوردەوە، زۆر قسەی کرد وە وتی کورد نایەوێت لە عیراق جیابێتەوە وە ئەگەر پەنجا چەکداریان لە چیاکاندا بمێنێ، ئاسایش لە عیراقدا نابینرێت. ئەمەیش ماددەکانە:

١- حکوومەتی عیراق لە دەستووری کاتی (موقت)دا ئیعترافی بە مافی گەلایەتیی گەلی کورد کردووە وە لە دەستووری تەواویشدا بە تەواوی پترتر ئیقرار و ئیعتیراف بە مافی گەلایەتیی کورد ئەکرێت بە ناوی دوو گەلی گەورەی عیراق عەرەب و کورد لە چوارچێوەی عیراقیدا لە کار و مافدا یەکسان ئەبن.

٢- حکوومەت ئامادەیە لەسەر بناغەی لامەرکەزی لە یاسای موحافەظات بۆ بەجێهێنانی ئەم ڕاستییە کە بۆ هەموو لیوا، قەضا، ناحیەکان ئیعتیراف کراوە وە هەموو دامەزراوێکی ئیداری و کۆمەڵ هەڵبژێراو بۆ کاروباری تایبەتی وەکوو زانستی، تەندروستی، شارەوانی بەپێی دەستووری تایبەتی بەجێئەهێنرێت وە ئەتوانرێت دەستکاریی یاساکەیش بکرێت بۆ ڕێکخستنی ئاو و خاك و مەڵبەندی ئیدارە وە یان دامەزراندنی ئیدارەی تازە ئەگەر پێویستی پەرژەوەندی گشتی بێت.

٣- بێگومان حکوومەت ئیعتیراف بە زمانەکەیان ئەکات کە لەپاڵ زمانی عەرەبیدا ڕەسمی بێت لەو جێگایانەدا کە زۆربەیان کوردە وە بۆ خوێندنیش زمانەکەیان لەگەڵ زمانی عەرەبیدا کە یاسا و کۆمەڵی ئەو جێگایانە ماوەیان ئەدات.

٤- حکوومەت ئەیەوێت بەپێی دەستووری کاتی لە کات و هەلدا بۆ کۆمەڵی نیابی فەرمانی هەڵبژاردن بدات بەپێی ئەو بەرنامەیە کە وەزارەت پیشانی داوە. وە بەپێی دانیشتووانی گشتی عیراق کوردیش تێکەڵ بەم کۆمەڵە ئەبن، ئەویش بەپێی یاسای هەڵبژاردن.

٥- بێگومان کوردەکانیش لە هەموو فرمان و وەظیفەکاندا بەپێی دانیشتووانی عیراق هاوبەشی و هاوکاریی برا عەرەبەکانیان ئەکەن وەکوو: لە وەزارەت، مەحاکیم، دیبلۆماسی، عەسکەری، بەو مەرجەی لە توانایانا بێت.



بنکەی ژین www.zheen.org

٦- لە کورد، قوتابییەکانیان بۆ بیعثە و زەمالات لە هەموو جۆرە خوێندنێك وەرئەگیرێت وە ئەنێررێن بۆ هەندەران، بەو مەرجەی ڕەوشتی توانا و کیشوەری تێك نەچێت. لە جامیعەی بەغدادا بە کوردی خوێندن وە کە توانرا لە شیمالیشدا لقی کوردی خوێندن ئەکرێتەوە.

٧- لە لیوا و قەضا و ناحیەکانی کوردا مووەظەفەکانیان کورد بێت. ئەگەر پێویستیش بوو لە دەرەکی وەرئەگیرێت.

٨- ماوەی سیاسەت و ڕۆژنامە ئەدرێت کە لە ناوچەکەیاندا بە زمانی کوردی وە یان عەرەبی لە کارا بێت.

٩- ئـ. پاش گەڕانەوەی ئاسایش خراپە نەمان، بڕیاری لێبوردنی گشتی ئەدرێت بۆ ئەو کەسانەی هاوبەشی بزووتنەوەی کردووە لە ژوورووی عیراقدا.

ب. هەموو مووەظەف و موستەخدەمە کوردەکان ئەگەڕێنەوە بۆ سەر وەظیفەی پێشوویان.

ج. کرێکار هەموویان ئەگەڕێنەوە بۆ سەر کاری خۆیان.

١٠- هەموو چەکدارەکانی سوپایی لە ماوەی دوو مانگدا ئەگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان وە بە خۆشی لەگەڵیان ئەبزوونەوە وە لێیان ئەبوورن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئـ. سوپاییەکان بە چەکیانەوە.

ب. پۆلیسەکان بە چەکیانەوە.

ج. چەکدارە ماوەکانیشیان ئەدرێنە دەست حکوومەت بۆ ئەوەی بیانگەڕێنێتەوە سەر ژیانی پێشوویان وە حکوومەت بەخێویان ئەکات وە چەك و تفاقەکانیان ئەدەن بە حکوومەت.

د- بێگومان لە فورسانیش چەك ئەسێنرێتەوە و ئەگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان.

١١- پێویستە بزانرێت ئەو داراییەی لە ڕێگای خراپەدا لەناو ئەبرێت، لە پێویستی ئاوەدانی ژووروودا بەکار بهێنرێت باشترە وە زیانی زیانلێکەوتووەکانیش ئەژمێررێت، حکوومەت لە ڕووی مرۆڤایەتی و ئەنزانییەوە بێوەژن و هەتیوەکانیش فەرامۆش ناکات.

١٢– حکوومەت هەموو ئاوارەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ جێگای خۆیان وە زیانیشیان بۆ ئەژمێرێتەوە.

ئەمە بوو ١٢ ماددەکەی سەرۆکوەزیران عەبدوڕڕەحمان بەزاز، ئەم مادده و بەستانە لە ساڵی ١٩٦٢وە ئەوترێت و ئەوترێتەوە بەبێ ئەنجام، خۆ مادەکانی خوالێخۆشبوو وەزیری داخلیەی صبحی عبدالحمیدی سووتا و لەم ماددانە بەسوودتر بوو! نازانم بۆچی هەموو کاربەدەستەکانی حکوومەت خۆیان لە ڕاستی ئەپارێزن گوایا نازانن کورد داوای چی ئەکات؟ پاش ئەو هەموو ڕەنجەڕۆییە و سووتان و کوشتن و دەربەدەری بەم ماددانە بەرزانی دەستخەڕۆ ئەبێت؟ دڵسۆزی عیراق ئەوەیە کە بە دڵسۆزی و بە ڕاستی دەستی برایانەوە درێژ بکەن و ئەو بەشەی خوا و یاسا بەخشیویەتی، بیدەن بە کورد و دوایی بە هەموو کارەساتێك ئەهێنرێت.

هەر ئەم ڕۆژنامەیە ئەم باسەیشی بڵاو کردەوە:

حکوومەتی عیراق ١٥٠ طن گەنم وە ٣٠٠ طن خورمای بەخشییە برا دڵسۆزەکانی لە (صەنعا– یەمەن). کەچی ئەو یارمەتییەی لە دەوڵەتە بێگانەکانەوە بە ناوی کوردی عیراقەوە ئەنێررا، حکوومەتی عەبدوسسەلام لە بەغداد و لیواکانی ترا وە لە شاری سلێمانیشدا بەسەر ئەو عەسکەر و پۆلیسانەدا دابەش ئەکرد بەو مەرجەی کورد نەبن. بەڵام لەجیاتیی ئەو خواردەمەنییانە بۆمبا و ئاگرێکی زۆری بەسەر کوردا ئەباران.

ڕۆژنامەی "اخبار الیوم"ی قاهیرە، ژمارە ١١٤٧ی ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٦: نوێنەری ڕۆژنامەکە لەژێر وێنەیەکی مصطفەفا بەرزانیدا ئەنووسێت و ئەڵێت: ((لەسەر تەپڵە سەری چیا.. کە پلەی گەرما لەژێر نسك –صفر–دا بوو، پێمان ئەچەقییە ناو بەفر. لە ناکاو لە نێوانی هەزار کوردی چەکداری دلاوەرا مەلا مصطفەفا بەرزانی پەیدابوو. بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری ڕۆژنامەی "اخبار الیوم" ڕۆژنامەیەکی عەرەبی بکات، دانیشت.

ڕۆژنامەی "المنار"، ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٤، لاپەڕە ٣: باسی دڵپاکی و هەستی یەکیەتیی کورد ئەکات وە یارمەتییان بەرامبەر بە عەرەب ئەڵێت: کورد لە جەنگی

خاچـییەکاندا– صـەڵاحەدین قـەڵای خاچـییەکانی ڕمانـد، گـەورەیی و دەسـەڵاتەکەیانی شەقوپەق کرد.

کورد لە جەنگی ١٩٢٠دا لە چیاکانی کوردستاندا لیوایەکی تـەواوی ئینگلیزیـان لەناو برد، چەك و تفاقی جەنگییان تاڵان کرد. تـا ئێستایش لـە نـاڵ و شـتی ئەسـپ و ئێسترەکانیان وە زۆر شتی تـری سـوپای ئینگلیـز و هیندییـەکان ئەدۆزرێتـەوە. یەکـە یەکە حاکمـە سیاسییەکانیان کوشـت و فـڕێدران، کـورد لـە شۆڕشـی ١٩٤١دا، بـەبێ لێکدانـەوە لـە دژی ئینگلیـز تێکـەڵ بـە جـەنگ بـوون، زۆریـان دوچـاری بەندیـەتی و چەوساننەوە بوون.

کورد بە درێـژایی سـاڵانی مێـژوو هاوشـان و یاریـەدەری عـەرەب بـوون، برایـەکی دڵپاك و دڵسۆز بوون، لە هـەموو کـاتێکی نـاخۆش و تەنگانـەدا هاوبەشـی عـەرەب بـوون. پێویستە عەرەب زۆر بە ئەندێشەوە بچن بەپیر ئەم باسەوە، چونکە کوردی برایان تووشی زیان و کوشتن و ئاوارەیی بووە، نەك بە هەڕەشە بە چاکە! ! لەبەر ئەوەی ئەو کارەساتە نە لە کوردی عـیراق وە نـە لـە عـەرەبی برایـان ناوەشـێتەوە، هـەموو داواکـانی بـەرزانیی سەرۆکی کورد و شۆڕشی کورد زۆر ئاسانە و سادەیە. ئەڵێت ئێمە جیابوونەوەمان ناوێت، تەنیا حوکمی زاتی لە چوارچێوەی حکوومەتی عیراقدا بدرێت بە کورد. ئەم داوایە نەك بـە چەك و شۆڕش پێویست بوو، بە برایەتی پێیان ببەخشرایە وە یارمـەتیی زۆری کـوردیش بدرایە بۆ بەهێزکردنی ناو و هێزی عیراقەکەمان کە عەرەب و کورد تێیدا هاوبەشن.

**عەبدوڕڕەحمان عارف سەرۆکی جمهووریی عیراق چوو بۆ بینینی بەرزانی:**

سەرۆك عەبدوڕڕەحمان چوو بۆ بینینی سەرۆك بەرزانی لە (حاجی ئۆمەران). لـە لایەن سەرۆك عەبدوڕڕەحمان عارفەوە ئوتومۆبێلێك بـە دیـاری پێـشکەش بـە بـەرزانی کرا، بەرامبەر بەم دیارییە لە لایەن بەرزانیشەوە قورئانێك لەگەڵ خەنجـەرێکی کـوردی پێشکەش کرا، دوای گوفتوگۆ گەڕانەوە بۆ بەغداد.

حکوومەتی تازەی عەبدوڕڕەحمان ئارەزووی پێکهاتنی ئەکرد، بەڵام وا دیار بـوو کـە لـە نـاوی حـوکمی زاتـی و وشـەی کوردسـتان چـەکەرەیان ئـەکرد. تـەنیا ئـەم

مەبەستەیش بوو کە بەرزانی و گەلی کورد بە خوێنی کورد نەخشەیان بۆ دروست ئەکرد وە یەکەمین ئاوات و داوای گەل بوو.

سەرۆك عەبدوڕڕەحمان بە تەواوی لە ڕەوشت و خوودا پێچەوانەی عەبدوسسەلامی برای بوو، ئەم پیاوێکی لەسەرخۆیە و بەدبینیش نییە، بەڵام کاربەدەستەکانی حکوومەتەکەی هەر ئەو پیاوانە بوون کە لە باوی عەبدولکەریم قاسم و عەبدوسسەلامەوە لەناو کاروباری میریدا خاوەنفەرمان بوون، چەپاوکەری کاری گەل چونکە لە شۆڕشی گەل سوودمەند ئەبوون. هەرچەندە عەبدوڕڕەحمان لەو ئارەزووەدا بوو کە لە وێنەیەکی زۆر باشدا مافی کورد بدا و دوایی بە شۆڕشی کورد بهێنێ، کەچی کاربەدەستەکانی ماوەی بەدیهێنانی ئەم ئاواتەیان نەدا و دووبارە وەکوو جاران دەست کرایەوە بە جەنگ، جەنگی کوردی بەکرێگیراو و خۆفرۆش بەرامبەر بە پێشمەرگەی گیانبەختکاران لە پێناوی گەل و نیشتماندا، داخ ئەو داخەیە کە لە هەردوو لا کوردکوشتن بوو. جا ئەوان لە پێناوی دینارا و ئەمان لە پێناوی کورد و کوردستاندا.

### ڕۆژنامەی "النور"* و گۆڤاری "ڕزگاری"**:

ئەم دوو چاپکراوە کوردییە کە بە ناوی کوردەوە بڵاوئەکرایەوە، هەرچەندە زۆر نووسراوی بەکەڵك و باشی تێدا بوو، بەڵام لەبەر ئاوێتەی هەندێك باس کە ناشێت بوترێت و

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* "النور": ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی زمانی عەرەبیی حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان– باڵی مەکتەبی سیاسی بووە و لە بەغدا دەرچووە. خاوەندی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسینی حیلمی عەلی شەریف و دەستەی نووسینی عومەر مستەفا "دەبابە"، کەمال محێدین، خالید عەبدولواحید و محەمەد حەسەن بەررۆ بووە. ٤٣٢ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە: ژمارە ١– ١٩٦٨/١٠/١٢، ژمارە ٤٣٢– ١٩٧٠/٣/٢٩. ئەم ڕۆژنامەیە پاشکۆیەکی کوردیی بە گۆڤار بە ناوی "ڕووناکی"یەوە هەبووە، دوو ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە: ژمارە ١– ١٩٦٩/٥/٢٣، ژمارە ٢– ١٩٦٩/١٠/٣ (ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئامادەکراوە بۆ چاپ).

** "ڕزگاری": گۆڤارێکی سیاسیی هەفتانە بووە، لە سلێمانی دەرچووە، خاوەندی ئیمتیازی نەوشیروان مستەفا ئەمین و سەرۆکی نووسینی شازاد جەمیل صائیب بووە. ئەم گۆڤارە ١٥ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە ١: ١٩٦٩/٤/٢٠، ژمارە ١٤–١٥: ١٩٧٠/٣/٢٧ (هەمان سەرچاوە).

بنووسـرێت، نـەمتوانی بـە بـژارەیش کـەڵکی نووسـینیان لێ وەربگـرم. هیـوای هـەموو پیاوچاکێك ئەوەیە کە هەموو یەکێك بۆ سەر ڕێگای ڕاسـت و ڕزگـاریی خـۆی و گەلەکـەی بـچێت و لـە کـردەوەی بـەد لابـدات. کـە ئـەم نزایـەیش زۆر ئاسـانە بـۆ پیـاوی دانـا و خاوەنهۆش، ١٩٦٧.

### دواییپێدانی سەرۆکجمهوور "عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارف" وە گەڕانەوەی حیزبی بەعثی ئیشتیراکی بۆ سەر فەرمانڕەوایی، ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨

پیاوە کارزانـەکانی حیزبـی بـەعـث بـۆ خۆیـان لـە جوسـتوجۆی هـەلا بـوون بـۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر فەرمانڕەوایی عـیراق، زۆر بـە ژیرانـە چـنگیان لـە کاربەدەسـتانی کۆشـکی جمهـووری گـیر کـرد وە زۆر بـە ئاسـانی دوایییـان بـە فـەرمانڕەوایی و سەرۆکایەتیی عەبدوڕڕەحمان محەمەدعارفیش دا وە بەم جۆرە:

لە سەرەتادا لەگەڵ عەبـدوڕڕەزاق نـائیف وە ضـابطە هاوکارەکـەی کـە لـە ضـابطە کاربەدەسـتەکانی کۆشـکی جمهـووری بـوون، پێـك هـاتن و بڕیـاری دوایـیپێهێنـانی فەرمانڕەواییی سەرۆك عەبدوڕڕەحمان درا بەبێ تەقە و خوێنڕژاندن، بە ئاشتی و خۆشـی. عەبـدوڕڕەحمان عـارف نێـررا بـۆ تورکیـا و حکوومـەت کەوتـەوە دەسـت بـەعـث بـە سەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەرۆکوەزیران عەبدوڕڕەزاق نائیف. لە ماوەیـەکی کەمیشدا بەپێی فەرمانی سەرۆك جمهووری "عەبـدوڕڕەزاق نـائیف" کـرا بـە سـەفیر و لـە کاروباری حکوومەتی بەغداد دوور خرایەوە. ئیتر دەسەڵات و فـەرمانڕەوایی بـە تـەواوی و دوور لە هەموو پیاوانی بەدکار وە دەرەکی لە حیزبی بەعث کەوتەوە دەست خۆیان.

لـە سـەرەتای کـارا زۆر بـە گـەرمی دەسـت کـرا بـە پاککردنـەوە و بـژارکردنی پیاوخراپەکان وە وردە وردە دەستی برایەتی و ئاشتییان بۆ بەرزانی و گەلی کورد درێژ کرد، تا لە ناوەڕاستی سـاڵی ١٩٦٩دا بـە تـەواوی کەوتنـە هاتوچـۆ و لێـدوان. لەگـەڵ ئەمەیشدا وەنەبێ جەنگ وێستا بێ، بەڵام ماوەی ڕێککەوتنیان زۆر کورت کردبـۆوە وە بەڵگەی تێگەیشتن بە ڕوونـی ئـەبینرا. بـەم جـۆرە لـە هـەردوو لاوە کەوتنـە لـە بـنج و بناوان دووان و بۆ ڕێککەوتنێکی ئازادی و خۆشی.

هەر بە دوای نیازی باشیاندا حیزبی بەعث ئەهاتن بەپیر کارسازیی کوردەوە کە سەرۆکەکەیان سەرۆکی شۆڕش و پارتی دیموکرانی کوردستانی مصطفی بەرزانییە. بۆ وێنە ئەم ژمارەیە لە چاپکراو و بڵاوکراوەکەیان پیشان ئەدەین.

الثورة العربية

الجريدة الداخلية لحزب البعث

ژمارەی ؟، ساڵی ١٩٦٩، لاپەڕە ٦١

لە ٣٠ ساڵەی ساڵانی لەمەوپێشەوە لە بزووتنەوەی کوردا بە ناوی حیزبی (هیوا)وە ڕووداوی تازە لە عیراقدا بینرا. ئەم حیزبەیش بە یارمەتی تۆفیق وەهبی و مەعروف جیاووك و ئەمین ڕەواندزی و ماجد مصطفی و زۆر لە پیاوانی کۆنەپەرست (رجعي) کە بە ئینگلیزەکانەوە پەیوەستیان هەبوو، دامەزرا. وە بزووتنەوە و جووڵانەوەی حیزبی هیوا بۆ یەکگرتن و یارمەتی لەگەڵ (خۆیبوون)دا کە لە لایەن کامەران بەدرخانەوە پێکهێنرابوو وە ئێستا لە فڕانسەیە، ڕێك ئەخرا. پرۆغرامی ئەم بزووتنەوەیەیش بۆ بەجێهێنانی چاوڕاوی گەلایەتی بوو لەسەر یەکگرتن لەگەڵ بەریتانیا لە پێناوی ئازادیی و ئیستیقلال بۆ کوردستان وە لە کاتی جەنگی دووەمی گشتیدا بە هۆی پیاوە ڕەجعییەکانەوە بۆ لایەنگریی ئیستیعمار چوونە مێشکی نەوەی تازە و حیزبی هیواوە کە بە خۆی و بناغە لاوەکەیەوە دەستکەوتی دۆڕان. ئیتر چەند ڕێکخراوێکی تر دامەزرا و زۆر کاری گرنگیان بەجێ ئەهێنا بە ناوی یەکیەتیی تێکۆشان (وحدة النضال)، ئەم حیزبەیەش بە یەکیەتیی عەرەب و کوردەوە بوو. پاش ساڵێك ئەم حیزبەیش شێوا و ناکۆکی کەوتە نێوانیان. جا ئەم جارە حیزبی شیوعیی کورد دامەزرا. ڕۆژنامەی "شۆڕش"یان دەرکرد. هەموو پێشکەوتووخوازانی کوردیان لێ کۆبوەوە. پاش ماوەیەك لە لایەن نیشتمانپەروەرانی کوردەوە بە ناوی حیزبی (ڕزگاری)یەوە حیزبێکی تر دامەزرا، لە هەموو جۆرە نیشتمانپەروەرێکی کورد تێکەڵیان بوون، ئاغاکان ئاوێتەی موشەقەفەکان ئەبوون. حیزبی (ڕزگاری و شۆڕش) بزووتنەوەیەکی گەلایەتیی زۆر گەورەیان بوو وە دوایییان بە بزووتنەوەی حیزبی هیوا هێنا. لە کاتێکدا بەرزانی لە

ساڵی ١٩٤٥دا دەستی کرد بە بزووتنەوە، لە لایەن حیزبی ڕزگاری و شۆڕشەوە دایانە پاڵ داواکەی کە داوای بەڕێوەبەرایەتیی خۆیایەتی بوو (ئیدارەی زاتی) وە ڕاستگەر (یمیني)ەکان، سوێندخۆرەکان دایانە تەك حیزبی ڕزگاری وە بە تەواوی دەستیان بەسەریا کێشا، تا وردە وردە کار گۆڕرا بەلای ڕاستگەرەکانا و تا هەندێك لەو کەسانەی کە لە دامەزراندنی ڕزگاریدا هاوبەش نەبوون، لە هەندەرانەوە بە ناوی حیزبی (ڕزگاری کورد)ەوە دۆزانیان بڵاوئەکردەوە وەکوو زید ئەحمەد عوثمان.

حیزبی شۆڕش کە حیزبێکی شیوعیی کورد بوو، ناچار بوو بە پیشاندانی ناڕەضاییی خۆی و کارەسات بە لای کوردایەتیدا. لەگەڵ ئەوەدا کە لە لایەن حیزبی ڕزگاری و شۆڕشەوە هیچ یارمەتییەکی بەرزانی نەدرابوو، لەبەر ئەوە بوو کە هەندێك کەس لە شیوعییەکانی کورد لەناو حیزبی (ڕزگاری)دا بوون. مەلا مصطەفایش لە بەرزان (لیژنەی ئازادی)ی دانابوو بۆ ئەوانەی بچنە ڕیز و هێزی بەرزانەوە، بەڵام چەرخ و ڕەوشت بە لایەکی ترا سووڕا. بەرزانی چوو بۆ ئێران و عیراقی بەجێهێشت وە لە عیراقیشدا گۆڕینێکی تازە ڕووی دا وەکوو بزووتنەوەی گەلایەتی و نەقابە و کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەی نیشتمان و بزووتنەوەی کورد کاریگەر بوو ئیتر هەستی گەلایەتی و پێشکەوتن دیاری دا. کاروبار ڕێككەوت بڕیاری کۆبوونەوە درا لە بەغداد– لە نیوەی ساڵی ١٩٤٦دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا نزیکەی (٥٠) نوێنەری کۆمەڵانی ڕێکخراو وە گەلایەتیی کورد دانیشت. ئەم کۆبوونەوەیە بە ڕاستی زۆر گرنگ وە دژوار (خطر) بوو لە مێژووی کورد و بزووتنەوەی گەلایەتیدا، چونکە لەم کۆبوونەوەیەدا زۆر کەسی لە بیروباوەڕ جیاوازی تێدا بوو. جا لەم کۆبوونەوەیەدا بوون بە دوو بەش ١. چەپگەری (یساری) ٢. گەلایەتی .. بەشی گەلایەتی (حیزبی دیموکراتی کورد) بە سەرۆکایەتیی نوێنەری مەلا مصطەفا بەرزانی "حەمزە عەبدوڵڵا" کە لە ئێرانەوە بە تایبەتی بۆ دامەزراندنی حیزب نێررا بوو بە سەرۆکایەتی مەلا مصطەفا، بەو مەرجەی دوو خاوەن زەویوزاریش لەگەڵ سەرۆکدا بن، ئەوانەیش ١. شێخ لەطیفی شێخ مەحموود ٢. حەمەزیاد ئاغای کۆیسنجەق بوون. چەپگەرەکان بڕیاریان دا کە لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراقیدا

گفتوگۆ بکەن و لقێکیان بە ناوی حیزبی شیوعیی عیراقییەوە دامەزراند و لقیان لە ناوچەکانی کوردا دامەزران و ڕێکخست وە ڕۆژنامەی "ئازادی" کە زمانی خۆیان بوو، دەرکرد وە ڕێکخراوی پەلی ڕاستگەریش بوو بە (پارتی دیموکراتی کورد). پاش ماوەیەکیش دۆزانی حیزبی گەلایەتی بە سەرۆکایەتی بەرزانی دەرکرا. ئیتر لە نێوانی حیزبی شیوعیی عیراقی و پارتی دیموکراتی کوردیدا بەیەکاهاتنیان دەستی پێکرد وە لە دواییدا ناونرا (پارتی دیموکراتی کوردستان).

پارتییەکان ئەیانویست تێکۆشانی چینەکانیان بوەستێنن تا ڕوونبوونەوەی کار: لەم کاتەدا پارت بوو بە دوو بەش ١. لقی پێشکەوتن ٢. لقی موحافیظ، وە لە کارەساتەکەی کانوونی دووەمدا هەردوو لقەکە پێک هاتن و لەژێر بزووتنەوە و سەرۆکایەتیی گەلایەتیدا لە لیژنەی پەیوەستی (لجنة الارتباط)دا ئیعتیراف کرا بە پارت. لە بەغداد و شارەکاندا و لە کاتی ڕۆژەکانی کارەساتەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا وە لەو کاتەدا پارت پێویستی نەئەبینی بە دانان و ڕێکخراویی گەلایەتی، وەکوو کۆمەڵایەنی کێڵەر، نەقابە، کرێکار و یەکیەتیی لاوان. تەنیا بڵاوکردنەوەی ڕاستگۆیی و دڵپاکی بۆ بەرزانی و نووسراوی گەلایەتی و بزووتنەوەی گەل کە بە جارێك عیراقی داگرتبوو بە بەس بینرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١– کۆمەڵی چەکدارانی کورد:

بزووتنەوە گەلایەتییەکەی کورد چوار لقی چەکداری لێ بووبۆوە، ئەمانەیش لە بیروباوەڕ و هێزا جیاوازییان زۆر بوو وە ئەم لقانە زۆر جار لە ڕووی لێكنەدانەوەوە لە یەکیان ئەدا کە لە کەمزانیی سیاسەتەوە بوو وە ئەو هێزانەیش بەپێی هێز و بزووتنەوەیانەوە ئەمانەن:

ئـ. پارت (کۆمەڵی مەلا) بزووتنەوەی بەرزانی

ب. پارت– کۆمەڵی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد

ج. فورسانی صەلاحەدین، لایەنگرانی حکوومەت، ئاڵوگۆڕکەرەکانی نێوانی حکوومەت و بزووتنەوەی کورد.

د. کاژيك، بزووتنەوەيەکی کۆنەپەرستی (ڕەجعی) وە پەيوەستيان بە دائيرەی ئەمنەوە [وەکوو نەشرەکە ئەڵێت– نووسەر]

١) کۆمەڵی مەلا:

بڕبڕاگە و مووڕەغەی پشتی بزووتنەوەی گەلی کوردە بە سەرۆکايەتيی "مەلا"، چونکە پارسەنگی گران و قورسی سەرۆکايەتيی چەکدارانە لە دژی حکوومەتی عيراق. ئەمانە دەستمايە و بەهێزتری بزووتنەوە و بەشێکی توانان. ئەم کۆمەڵە ئەتوانێت چەکدارێکی زۆر کۆبکاتەوە و بزووتنەوەی چەکدارانی (پێشمەرگە) بەهێز بکەن و ببێت بە هێزێکی بزووتنەوەی ڕێکخراوی چەکداری زۆر باش وە ئەتوانن دەست بگرن بەسەر بەشێکی زۆری چياکانی عيراقدا. لەبەر ئەوە بزووتنەوە توانا و دەسەڵاتێکی زۆريان هەيە و ئەتوانن بە هەموو جۆرێك بەربەرەکانی بکەن، چونکە جێگاکەيان سەخت و قايمە و هەموو کارێکی بزووتنەوەی گەلايەتييان پێ ئەکرێت. حيزب وەکوو لێهاتويەکی کوردييە و زۆر هۆی وايان هەيە بۆ بڵاوکردنەوەی بير و پێويستی خۆيان پەکيان نەکەوێت، وەکوو ئێستگە، ڕۆژنامە، دۆزانی نهێنی و ئاشکرا، لەگەڵ ئەمەيشدا لە هەندێك دەوڵەتە گەورەکاندا نوێنەريان هەيە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرۆکی ئەم بزووتنەوەيەيش مەلا مصطەفا بەرزانييە و هەموو ڕەوشتێکی نايابی تێدايە و ئەمانەن:

١. ماوەی سی ٣٠ ساڵە سەرۆکی بزووتنەوەی کوردايەتييە.

٢. خۆی لە بەرزترين و تواناترين عەشايری کوردە.

٣. لە خێزانێکی ئاينييە– مەلا مصطەفا سەرۆکی کۆمەڵێکە کە پێی ئەڵێن سەرۆکايەتيی شۆڕش وە ئەم کۆمەڵەيش لە (٤٠) ئەندام پێك هاتووە وە ئەندامەکانيشی زۆريان لە گەورەترين عەشايری کوردن. لەم کۆمەڵەدا زۆر جار ناکۆکی و جيابوونەوە ڕووی داوە، کە ئەمەيش بە بۆنەی ثەقافەت و جياوازيی باوەڕيانەوە بووە، کە بەشێکی دروست ئەبينرێ کە کارێکی جياوازە لە ڕەوشت و خووی ئەم گەلەدا وەکوو سەرانسەر لە ڕاستگەر (يمينی)ەکان و ئەقطاعييەکان وە لە چەپگەرە شيوعييەکانيش سەرانسەر نوێنەر و نومايندە بوون. جا مەلا بە تەواوی ئەم کارەساتانەی گرتە دەست

خۆی، بەبێ جیاوازی و جیاکردنەوە، ڕاستگەر بێ یان چەپگەر، بەو مەرجەی هیچ لایەك لە لایەکی تر لە کۆمەڵی سەرۆکایەتیدا لەپێشتر نەبێ، بە دانایی و زانایی خۆی ڕایگرت، بەرزانی پیاوە ئەقطاعییەکانی دوور خستەوە لەو ڕۆڵانەی کە حیزب پەسەندیان ئەکات، خستیە جێگایان وە لە لایەن چەپگەرەکانیشەوە هەروەها لە شیوعی لەو کەسانەی لێیان جیا بووبوونەوە و بزووتنەوەکەیان بەلاوە پەسەند بوو، خستە جێگایان، ئەوەیش بەرامبەر بە پاراستن و یارمەتییان بوو بۆیان. جا ئەو بەرژەوەندی و هاوکارییەی هەردوولا پێویستی بەم تێگەیشتنە بوو کە لەو کاتەدا ئەم هێزە گوزەری پێدا ئەکرد، کە وردە وردە دوورەپەرێزی و بەربەرەکانی لە نێوانا لە بناغەدا بوو، دوور نەبوو لە کاتێکدا کە هەل هەڵکەوتایە وە دەستی بدایە نەتەقیایە.

لە بابەت ڕێكوپێکییەوە:

بزووتنەوەی کورد لەژێر سەرۆکی و فەرماندەیی "مەلا"دا، کێڵەر، چەرچی (کاسب) عەشایری کورد کە پەیوەستیان بە بزووتنەوەکەوەیە بوون. هێزی ئەم کۆمەڵانەیش ئەمانەن.

ئـ. پێشمەرگە– جەنگاوەر، بەهێز، زانا، وە دڵسۆز بۆ شۆڕش.

ب. چەك– چەکی زۆر، دەبۆ (مەخزەن) پڕ لە چەکی نایاب.

ج. تفاق– تفاقی باش. دەبۆ پڕ لە خواردەمەنی و پێویستی تەواوی پزیشکی.

د. جێگا– جێگا و زەویی قایم لە ڕووی بزووتنەوەی عەسکەرییەوە وە زۆر باش و ئاسان بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕان.

هـ. جەنگاوەر: جەنگاوەرەکان شارەزای جێگا و جەنگەکەن وە فێری ئەو ئاووهەوایەن.

و. یارمەتی: یارمەتیی مالییە و عەسکەرییە و خواردەمەنی و پزیشکییان لە زۆر جێگاوە یارمەتی ئەدرێن، ئەم ماددانە هەمووی بزووتنەوەکەیان ئەبات بە ڕووی پڕهێزییەوە. جا هەروەها فەرماندارەکانیان بە ناوی گەلی کوردییەوە ئەدوێن و شانازی ئەکەن وە ئەڵێن تەنیا ئەو هێز و توانایەیە کە سەربەستی کردووین کە هەمیشە ناوی ئەبەین. یەکەمین داوایش کە فەرماندەکان لێی ئەدوێن، ئەوەیە کە لە ڕۆژی ٢٩ی

بنكەی ژین
www.zheen.org

حوزەیرانی ١٩٦٦ بەرزانی بەلای کەمیەوە لە داواکەیاندا بڕیاری داوە، بەو مەرجەی لە کاتی گفتوگۆدا بڕیار بدرێت بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵەکەی تاڵەبانی، چونکە ناپاک بوون بەرامبەر بە کورد.

٢) پارت– کۆمەڵی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی:

پاش ئەوەی کە پارتی یەكپارچە بوو، هۆی جیابوونەوە بە تەواوی ڕوونی کردەوە کە جیابوونەوە گەیشتە ماوەی لەیەکتر کوشتن وە لە نێوانی هەردوولادا خراپەی یەکتر وتن. لەگەڵ ئەمەیشدا هەردوولا خۆیان بە نیشتمانپەرەوەر پیشان ئەدا. ئەبێ ڕاست بڵێین کۆمەڵی تاڵەبانی کە لە پارت جیابوونەوە، لە پێش جیابوونەوەیاندا هەستێکی سیاسی و ئەقافیی بەرزیان هەبوو، لەبەر ئەوە خۆیان بە بزێو و کارزانێکی باش ئەزانی. هیوا و باوەڕیان خستە سەر شارە گەورەکانی کورد بۆ ئەوەی لە کار و پێویست سەربەست بن. کە ئەم ناوچانە بەلای کۆمەڵی مەلاوە پێویست نەبوو، کە هەموو یەکێکیان لە هێزی مەلا بە هێزی بازووی خۆیانەوە ئەنازن. جا بە پێویستمان زانی کە بەم نسکانەی خوارەوە ئەم مەبەستە ڕوون بکەینەوە.

١. باوەڕیان لە ڕووی سیاسەتەوە:

کۆمەڵی تاڵەبانی باوەڕیان بە ڕەوشتی مارکسییە کە باوەڕێکی تازەی حیزبەکەیانە کە تووشی ناڕێکی و چورتمی گەلایەتیی کورد ئەبن، چونکە ئەم تێبینی (نظرية)یە بەلای گەلەوە پەسەند نییە. بەڵام نە لە بەرنامەی حیزبەکەیاندا وە نە لە ئەدەبیات و دۆزانە نهێنی و ئاشکراکەیاندا ئەم تێبینییەیان نابینرێت.

٢. کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانی تاڵەبانی لە موثەقەف وە بە تایبەتی لە قوتابیان وە هەندێك لە کێڵەر و کرێکاری کورد کە پەیوەستیان بە عەشایرەوەیە، پێكدێت. جووڵانەوەیان لە بەغداد وە هەندێك لە شارەکانی ناوچەی ژووروودا پێكهاتووە. هێزی چەکداریان هەیە، هەندێك لە عەشایرەکان لایەنگری سەرۆکەکانیانە. هێزەکەیان لە سلێمانی– بەکرەجۆ دامەزراوە و کۆمەڵەکەیان بریتییە لە ژمارەیەکی پچووك وە بەچاو هێزی مەلا و فورسانەکانی حکوومەتییەوە کەمن.

٣. هێزەکەیان



بنکەی ژین
www.zheen.org

هێزەکەیان بریتییە لە ژمارەیەك لە جەنگاوەری چەکدار بە چەکی پـچووکەوە وە لە پەنای سوپای عیراقیدا ئەجەنگن، لە نزیك بارەگەی حکوومەتەوە بارەگـە دائـەنێن، چونکە لە وورووژمێکی ناگەهانی هێزی مەلا ئەترسـن کـە لـە کـاتی هەڵکەوتێکدا بۆیـان دەست بدات.

٤. هەڵوێستی سیاسییان

ئەم ڕێکخراوە بەستراوی دەسەڵاتدارییە، دوژمنایەتی و کوشتاریان لە کورد ئـەکرێت کە یەك لە یەکترە. لە بزووتنەوەی کۆمەڵی مەلا زۆر ترس و سام ئەبینرێت. بەم زووانەیش هیوای ڕێککەوتنیان لێ ناکرێت. پەیوەستیان بە حکوومەتەوە لە ترسی دواڕۆژیانە، چونکە ئەزانن لە لایەن ئەولاوە لەناوئەبرێن، تا دێت ئەکەونە ژێر هەڕەشە و چـۆنیەتی ڕێکخـراو و بارەکـەیانمان بـۆ ڕوون ئەبێتـەوە وە چـۆنیەتیی هێـز و توانـا و بـێهێزی و مـاوەی بزووتنەوەیانمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە.

حیزبەکـەمان (بـەعـث) ئەیـەوێت لەگـەڵ ئـەم کۆمەڵـە ڕوونـی بکاتـەوە، ئەمانـە داوایەکی ڕێکخراوی تەواویان نییە لەو داوایانەی لە کۆمەڵی مەلای ئەکەن، تەنیا ئەڵێن: مەلا ئیستیعمارییە، عەمالەیە. ئەم کۆمەڵە لـە ترسـی لـەناوبردن (إبـادة)یـان لـە لایـەن هێزی مەلاوە، ئەیانەوێت بۆ مانەوەیان پەیوەستییەك، بە هەرچی جۆرێـك بـێ ببـێ وە بە هەرچی چۆنێك بێ، ببەستن و پەیدا بکەن.

بنكەی ژین
www.zheen.org

٣) فورسانی صەڵاحەدین:

فورسـانی ئـەو عەشـایرانە کـە لایـەنگری حکوومـەت ئەکـەن وە نایانـەوێت دوژمنایـەتیی مـیری بکـەن، لەبـەر ئـەوەی لـە کۆنیـشەوە پەیوەسـتیان بـە بـاوی مەلەکییەوە هەبووە. زۆر لـە سـەرۆکەکانیان نائیـب وە وەزیـر بـوون، ئـەم عەشـایرانە بەڵێنیان دا بە دوژمنایەتی و جەنگکردن لەگەڵ بزووتنەوەکـەی کـوردا، بەرامبـەر بـەو مانگانەیـەی حکوومـەت ئەیانـدانێ و سـەرۆکەکانیان وەریئـەگرن. عەشایرەکان یەکـە یەکـە لەسـەر دەسـتووری کۆنیـان لـەژێر فـەرمانی سـەرۆکەکانیاندان وە ئـەم ژێردەستییەیان کوێرانەیـە وە ئـەم دوژمنایەتییـەی لادێـی عەشایرەکان بەرامبـەر بـە بزووتنەوەکەی کورد تـەنیا لە ڕووی بێبەزەیی و بەرژەوەنـدی سـەرۆکەکانیانە و بـەبێ

هۆشی و ئایدەلۆجی وە لە ڕووی دوژمنایەتیی کۆنیانەوە لەگەڵ عەشایری بەرزان و کوشتار و جەنگی هەمیشەییبیانەوە.

بەرامبەر بە کرێیەکی کەم ژمارەیەکی زۆری کورد بە ناوی فورسانەوە –وەکوو وتمان– بەبێ هەست و ئاگایی بە ڕووی کوردەکاندا وێستاون، ئەجەنگن، بەڵام زۆریان یاخی ئەبن وە زۆریشیان بە نهێنی خۆیان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردا ڕێکئەخەن وە ماوەکەیشیان لە تۆڵەی دوژمنایەتیی کۆنیاندا بە دڵسۆزی و گەرمی ئەجەنگن، کە دوژمنایەتیەکەیشیان هیی کۆنی باوی مەلەکییە. ئەم فورسانانە نە زانایەکی ڕاستن وە نە سیاسەت ئەزانن وە ڕێکخراوێکی سیاسیشیان نیی، یەکە یەکە لەگەڵ حکوومەتدا بازارگەرمی ئەکەن، نە هەموویان بە سەرۆکێکەوە ئەنووسێن وە نە بە بیرێکی ڕاستەوە کۆ ئەبنەوە. قسە لە کۆمەڵی ئەمانە ناکرێت، بە چەکی سووك چەکدار کراون. بێجگە لەو چەکانەی حکوومەت داویە پێیان، خۆیشیان هەیانە وە ئەم فورسانانە لەوەپێش تووشی زیان بوون و ئێستا بوون بە فورسان.

ڕووداوەکەی ١٨ی تشرین زۆر باوەڕی لە سەرۆك فورسانەکان تێك دا وە بەرامبەر بە حکوومەت هیوا و باوەڕیان کز بوو و باوەڕیان بەو حکوومەتانەی یەك بەدوای یەکدا ئەهات، نەما و گەڕانەوەیان لە بەرامبەر بە بزووتنەوەکەی کورد و لە جەنگ ساردبوونەوەیان ئەبینرا وە حکوومەتەکانیش ئەو چاودێریی پێویست بوو نەیئەکردن. ئیتر لەم ماوەیەدا زۆر لە فورسانەکان چوون و ئاوێتەی هێزی کورد (کۆمەڵی مەلا) بوون و لە میری یاخی بوون. ئەگەر باوەڕیان بە حکوومەتەکان ببوایە و ئەو جۆرە کارەساتە ڕووی نەئەدا. سەرۆکەکانیان لەگەڵ کاربەدەستەکانی حکوومەتدا ڕێکئەکەوتن بۆ ئەوەی خۆیان لە دەست هێزی مەلا بپارێزن وە یارمەتی بدرێن نەوەکوو لەپڕ پەلاماریان بدەن، چونکە ئەمانە هیچ پەیوەستییەکیان بە هیچ سیاسەتێکی واوە نەبوو کە لە عیراقدا ڕووی دابێت. ئەگەر بیشبووبێ هەر لەگەڵ کاربەدەستێکدا بوویانە بۆ هێنانی چەکدار. بەڵام ناتوانن ناوی بزووتنەوەکەیان بە ناوی سیاسییەوە ناو بێنین، چونکە باوەڕیان بە ڕێکخستن نییە و نەیانبووە.

٤) کاژیك: کۆمەڵی ژیانەوەی کورد

بــە (ك. ژ. ك) ناوئــەبرێت و پیــشان ئــەدەن، پەیوەستیــشیان بــە ئێرانەوەیــە، بزووتنەوەکەیان بزووتنەوەیەکی کوردی و گەلایەتییـە وە نیـازێکی فاشیـستیی ڕەجعـی و داوای جیابوونـەوە ئەکـەن بـە ئاشـکرا، تێبینییەکـەیان هەمیـشەیی نییـە. ئەمانـە لـە زۆر دووری ناوچەکانی کوردا دەرکەوتن. لە سەرەتادا کۆمەڵی مـەلا بـاش پـەلاماری دان. ئـەم کۆمەڵەیش لەو دێهاتانەدا پێگەیشت کە لایەنگری مەلا خۆی بوون وە لە بزووتنەوەکەیاندا سیاسەتێکی بەرز و گەورە نەئەبینرا، لەبەر ئەوەی هەر لەو جێگایانـەدا مانـەوە کـە تێیـدا دروست بووبوون و کەسیش ئاوێتەیان نەئەبوو وە ئەو باوەڕەیان بڵاو نەئەبۆوە. ئـەوەیش لەبـەر ئـەوە بـوو کـە درەنـگ ناسـران و بـە ڕەجعـی ئـەزانران. جـا ئەگـەر دواکـەوتوویی گەلایەتی نەبوایە لە بزووتنەوەکەیاندا، بێگومان ڕووناکی ئەبینرا.

لەبەر ناقۆڵاییی باوەڕیان و ڕێکخراو و پێکنەهاتنی هێزی کاریگەریان و لە دژی کورد بزووتنەوەیان، پێویستی زۆر لێدوان ناکات. بەڵام پێویستە چاوەڕێی ڕوودانێکی تری تـازە بکەین، چونکە لە سەرەتادا مەلا دوودڵ بوو لە بزووتنەوەکـەیان، لەبـەر ئـەوە بەرپەرچـی دانەوە. بەڵام لە دواییدا گەڕایەوە و لەو بیرە وازی هێنا و دەستی لێ نەدان. بۆ ئەوەی ئەو پیاوانەی لەناو ئەم ڕێکخراوەدا هەیە و ئەتوانن بـە زوویـی یـەك بگـرن لەگـەڵ ئیـسرائیلدا، دەستبەرداریان بوو، تـاوەکوو کارەسـاتی کـورد ببەسـتن بـە صـەهیۆنییەوە، ئـەم کـارە ژارێکی کوشندە لە دژی بزووتنەوەی ئازادیی عەرەبی و دژی ئیسلام ئەڕێژێت[١١٦].

---

[116] ئەم نووسراوی دۆزانەی ڕۆژنامەی "الثورة العربية" (حیزبی بـەعـث)مـان بـەبێ گـۆڕین لـە نووسـین و بـەبێ دەسـتکاری لـە عەرەبییـەوە بـە کـوردی لێرانـەدا پیـشان دا، چـونکە پێویـستی ڕاسـتیان لـە بزووتنەوەکەی پارت و بەرزانیدا خستۆتە ڕوو.

## پێکهاتن (اتفاق)ەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠

## بەڵگەی ئاشتی لە نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستانی

## وە حیزبی بەعثی ئیشتیراکی– عیراقی

هەر لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨وە ڕۆژی گەڕانەوەی حیزبی بەعث بۆ فەرمانڕەواییی عیراق، لە ١١ی مارت– ئازاری ١٩٧٠ حیزبی بەعث زۆر بە ژیرانە دەستی کرد بە پاککردنەوە و دوورخستنەوەی ئەو پیاوە کاربەدەستانەی کە لە ١٩٦١وە بووبوون بە هۆی ئاژاوە و پەرێشانیی گەلی عیراق وە هەروەها لە ئاواتەکەیاندا سەرکەوتن و کاروباری گەل و گەلایەتییان بە تەواوی گرتە دەست و بڕیاری گەشەپێدانی ژیانی عیراقییەکانیان دا. جا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩وە کەوتنە دۆزینەوەی ڕێگای ئاشتی و گەیاندنی گەلی کورد بە داواکەیان. بەم بۆنەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەرزانی سەرۆکی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرا. بێگومان داواکەی کورد کە لە سەرەتای شۆڕشەکەیانەوە ١٩٦١ ئەکرا بەلای بەعثییەکانەوە ڕوون بوو وە بە باشی ئەزانرا و بۆ بەجێهێنانی ئەو داوایە بە ڕاستی هاتنە کۆڕی تێگەیشتن و دەستی برایەتی درێژکردن کە یەکیەتیی گەلی عیراق و پێویستی پەیوەستی حیزبی بەعث و پارتی دیموکراتی کوردستانییە لە عیراقدا تا گەیاندیانە پێکهاتنەکەی ١١ی ئازار– مارتی ١٩٧٠.

## ١١ی ئازاری ١٩٧٠

## پێکهاتنە مێژووییەکەی کۆمەڵی سەرۆکایەتیی شۆڕش

–حیزبی بەعثی ئیشتیراکی عەرەبی– ١١ی ئازار

لەسەر داوای زۆر و سەختی گەلی عەرەبی لە بابەت ڕوودانی کارەساتەکەی حوزەیران و ویستن و داوای هەموو گەلی عیراقی بۆ دوایی‌پێدانی فەرمانڕەوایی و ڕاست نەڕۆیشتووانی حکوومەت وە بەشدارییان لە خۆنەگرتن و شکستەیی گەلایەتیدا وە دوورەپەرێز وێستانیان لە کاروباری گشتی و ناتوانینیان بۆ دوایی‌پێهێنانی پێویستی کاری نیشتمانەکەیان شۆڕشی ١٧ی تەمووز لەوە بەر بە هێز و توانای مرۆڤایەتی و بە

پێویستی دڵسۆزانەی گشتییەوە بۆ دامەزراندنی ڕوودانێکی بێ پێچ و فێڵ تێکۆشان و هەڵمەتێکی تێکڕایی و یەکسانی بۆ هەموو گەلی عەرەب نیاز و بڕیاری بوو.

لەبەر ئەوە شۆڕش لە سەرەتای یەکەم ڕۆژەوە بەبێ تروکاندن چاوی بڕیبووە دامەزراندن و پێکهێنانی یەکیەتیی هاونیشتمانی گەلی عیراقی، ئەمەیش بەبێ جیاوازیی ڕەگەزایەتی، زمان، ئایین و .. کۆمەڵایەتی و هەموو هێز و توانایەوە بچێت بەپیر ئەو گێژاو و جەنگی گەلایەتییەوە کە بەلای شۆڕشەوە بزووتنەوەیەکی مێژوویی ناچارییە بەرامبەر بە مژەر (ئیستیعمار و صەهیۆنی) کە ئاواتێکی ژاراوییان هەیە بەرامبەر بە نیشتمانی عەرەب. کە ئەو هیوایە هۆی ئازادی و ڕزگاریی هەموو گەلی عەرەبە و خۆبەختکردنە لە پێناوی سەرفرازی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی.

بە پێچەوانەی هەموو گیروگرفتێك کە لە ڕۆژی پێگەیشتنی شۆڕشەوە دێتە پێش ڕزگاریی عیراق هەمیشە بۆ لەناوبردنی بەجێماوەکانی مژەری گرتۆتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی عیراقێکی تازە لە بارەی سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری وە لە پلە و پێویستییەکی یەکسانیدا بەبێ جیاوازی لە مز و پلەی ژیاندا، بە ڕووی هەموو گەل و نیشتمانییەکانی دڵسۆز و یەکیەتیی خاك و نیشتمان، یەکیەتیی ئەم گەلە و پێشنیازی سیاسیی مەزن ئازادی و هاوکاری ئەبێ ڕووناکی ڕووبدات.

یەکلاکردنەوە و دوایی‌پێدانی کارەساتی کوردی عیراق بە پێشترین کۆسپی نیشتمانی زانراوە کە بە ڕووی شۆڕشەکەماندا وێستابوو. لەبەر ئەوەی لە باری باوەکانی پێشوودا ئەو تێگەیشتنە نەبوو بۆ چارەسەر، هەروەکوو نەیانئەویست بە تەواوی و دڵسۆزی و ڕاستی چارەی ئەو کارە بکەن، کردبوویان بە گرێ و کۆسپێکی گەورە بۆ دەستمایەی لێ کۆبوونەوەی مژەر و کلکەکانیان. خۆ ئەگەر لەجیاتیی ئەو نالەبارییە بە لێدوان و کۆبوونەوەیەکی دیموکراتیانە و برایەتی کۆتاییان بەو کارەساتە بدایە، کە داوایەکی (حقووقی مەشرووعەی عادیلانە بوو بۆ بەشێك لە شەعبی عیراقی) زۆر ڕێکتر و بەجێتر ئەبوو. بەڵام شۆڕش لە یەکەم ڕۆژی بزووتنەوەیەوە بە هێزێکی دیموکراییەتی شۆڕشگێڕانە و بە گیانێکی پڕ لە ئاوات دەستی کرد بە چارەسەرکردنی نەمانی ئەو کۆسپە.

شۆڕش دانی مافی گەلایەتی بە پێویستییەکی مرۆڤایەتی ئەزانێت، چونکە بەلای حیزبی بەعثی ئیشتیراکییەوە زیندووکردنەوەی ثەقافەت، زمان بە نیشانەی شانازی بەکارهێنانی بزووتنەوەی سەربەستیی گەلایەتی بە پێویستییەکی زۆر گرنگ ئەژمێرێت، چونکە پێکهێنانی پەیوەستی لە نێوانی گەلایەتیدا پاڵپشت و یاریەدەرە بۆ پێگەیاندنی گشتی.

گرتنی هەمووو ڕێگایەك و ڕەوشتێکی بێکەڵك، پەیوەستی بەرژەوەندی لە نێوانی نەوەکانیدا تۆوی لاوازی و پەڕاگەندەیی ئەچێنێ. ڕێکخستن و دامەزراندنی ڕێگای نیشتمانپەروەری و ئەنزانی ئەبێ بە هۆی پێشخستن بۆ یەکیەتی و ژیانی ئاشتی و برایەتی و گەلایەتی.

جا بە بۆنەی ئەم هەستانەوە لە کۆبوونەوەی حەوتەمی (قوطری) حیزبی بەعثی عەرەبی ئیشتیراکی لە تەواوبوونی ساڵی ١٩٦٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا مەبەستی ئایدەلۆجی و تێبینیی خۆی لە بابەت کۆتایی پێ هێنانی کارەساتی نیشتمانی لە ڕێگای شۆڕش و دەسەڵاتداریی شۆڕشگێڕییەوە خستە پێش و لە ئەو بڕیارەی لە کۆبوونەوەکەدا درا، ئەڵێت:

لە کۆبوونەوەکەدا داواکەی گەلی کوردی عیراق خرایە پێش ئەو کارانەی کەوتۆتە سەر شانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕان و شۆڕشی عەرەبی کە ئەم چەند ساڵەی بەسەرا ڕابوردوە نەگەیشتە پلەی ئاشتی و تەواو نەکرا کە مەبەست و پەیوەستی عەرەب و کوردەوەیە و بوو بە ڕوودانێکی بێوڵەتی وە پڕێەندێش، چونکە بووبوو بە مایەی لێخواردنی ئیستیعمار و پیاوخراپان و پێداهەڵپەسێرراو و ئەو پیاوخراپانەی چنگیان لە کاروباری عیراق گیر کردبوو بە فڕوفێڵ، بۆ لەناوبردنی مزی ژیانی عەرەب و کورد لە کنەکردنا بوون و ئەم دوو گەلە لە زۆر چەرخانی لەمەوپێشەوە لە تێکۆشانی هاوشانی دابوون. بەم پێیە حیزبەکەمان کە لە شەقامی تێکۆشان و سیاسەتی باوەڕ بە گەلایەتی و ئەنزانی و هاوکاریی دیموکراتییە، لە هەموو کاتێکدا باوەڕی بە داوا و ئاواتی گەلایەتیی گەلی کورد بووە و هەیە و ڕێزی پێشکەوتنی گەلایەتییان زانراوە و مافی ئەنزانییان و پەیوەستی بەتین بۆ هێزی خۆشی و ئاشتی لە ڕێچکەی کۆمەڵی گەلایەتی لە عیراقدا بۆ

پاککردنـەوەی پاشمـاوەی ئیـستیعمار وە دەسـتکەوتنی هـەلی تـەواو بـۆ بەربـەرەکانیی گەلایەتی و ساندنی تۆڵەی فەلەستین و گەیشتن بە تێکۆشانی مێژوویی لە پێناوی گەیشتن بە یەکیەتیی عەرەبی و سەربەستی و هاوکـاری؛ لەبـەر ئـەوە شـۆڕش لەسـەر پێویـست و باوەڕ بە حیزب و بڕیارەکانی، بڕیاری دا بـە بـەکارهێنانی مـافی گەلایـەتی و بـەکارهێنانی پێویستییەکانی گەل لە چوارچێوەی یەکیەتیی گەل و نیشتمان و دەستوور و یاسادا. لە کاتێکـدا کـە گـەلانی عـەرەب ئەکەوێتـە تێکۆشـانێکی گـشتی لـە دژی ئیمپریـالیزم و صەهیۆنی و خراپەکارانی ناوخۆیی کە لە هێڵ و سەنگەری پێـشداریی گـەلانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا ئەچێتە بەربەرەکانی، چونکە تێکۆشانی گەلی عێراقی پەیوەستە بە تێکۆشانی هەموو گەلی عەرەبەوە لە پێنـاوی دیمـوکراتی و لـەناوبردنی هـەموو خراپـەکارانی گێتـی و ناوخۆییەکان وە شۆڕش دانانی بناغەی یەکیەتیی نیشتمانیی عەرەب و کورد لە عـێراقدا بە گرنگ ئەزانێ وە بزووتنـەوەی گـەلی کـورد بـە بزووتنـەوەی گـەلی عـەرەبی دیمـوکراتی ئەژمێررێ لە دژی هێزی خراپەکاران بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریی عەرەبی و تێکۆشان لـە دژی ئیمپریالیزم و ئەوانی تر.

هـەروەها تێکۆشـانی گـەلی عـەرەبی ڕەوشـتێکی کـۆنی برایـەتیی مێژووییـە بـۆ یەکیەتی و بەرژەوەندی ئابووری و ڕووداوانی وەکوو یـەك لـە نێـوانی عـەرەب و کـوردا و هەرچـی ڕوودانێکـی نـاقۆڵا لـەم پەیوەسـتییە ڕووبـدات، زیـانێکی گـەورە ئەگەیـەنێ بـە تێکۆشانی هەردوولا کە ڕاپەڕینی نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنە بە جارێك.

مژەر تێگەیشتووە کە یەکیەتیی عەرەب و کورد بزووتنەوەی عـەرەب و کـورد پـــەروەردە ئـــەکات، کـــە ئـــەتوانرێت لـــە ڕووی شـــەقامی دوژمنایـــەتیی ئیمپریـــالی و ئیسرائیلی وە پلەی بەرز و بەهێز بگیرێ وە بە تایبەتی بزووتنەوەکەی گەلایەتی کـە لە فەلەستیندا و لە کیـشوەری عەرەبیـدا لـە جۆشـدایە کـە جـۆش و پەیوەسـتی گـەلی عەرەب و کورد پیشان ئەدا و ئیستیعمار و پیاوەکانیشی ئەیانەوێت ئـەو پەیوەسـتی و یەکگرییەی برایەتییە لە عێراقدا تێك بدەن و تێکۆشانی شۆڕش و ڕاپەڕینی نیشتمانیی شۆڕشگێڕان بئاڵۆزێنن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

شۆڕش باش تێگەیشتووە کە کاری گەلایەتی پێکهێنان بەشێکە لەو شۆڕشەی کە لە دژی ئیستیعمار و صەهیۆنیەتی و خراپەکاران ڕووئەدات و ئەکرێت، بەبێ وتن لەسەر شۆڕش پێویستە لە هەموو هەنگاوێکدا بچێت بەپیر یەکلاکردنەوەی کارەساتی کوردی نیشتمانی کە ڕاپەڕین و تێکۆشانی گەل و نیشتمانی پتەوئەکات، ئەوەیش لە دژی هێزی بەدکارانی نائەنزانییە.

لەبەر ئەوەی گەلی کورد بۆ پێکهێنانی مافی گەلایەتی تێئەکۆشێت و بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی ئەم دوو گەلە، عەرەب و کورد هەردووکیان پێویستییەکی گرنگیان هەیە بۆ یەکگرتن و پەرەپێدانی تێکۆشان لە پێناوی عیراقدا، عیراقی نیشتمان لە دژی دوژمنی گەلان و دژی گەلی عەرەب و عیراقی کە ئیستیعمار و صەهیۆنی و خراپەکارەکانن.

هیچ کاتێك ڕێك نەکەوتووە کە لە کاتێ یەکسانی لە بەشی ژووروی خۆشەویستدا بووبێت، کە ئیستیعمار و صەهیۆنی توانیبێتیان فێڵ و موئامەرەیەك پێك بێنن، کە ئەوەیش لە ڕووی دڵسۆزیی شۆڕش و وەڵامی خۆشبەختیی گەلایەتی و سەرۆکایەتیی بەڕێز مصطەفا بەرزانییەوە بووە.

ئەوا شۆڕش بە تەواوی دەستی کرد بە بەکارهێنانی هەموو پێویستییەك بۆ گەڕانەوەی باوەڕ و ئاشتی لە هەموو کیشوەری ژووروو- باکووری عیراقدا و بەپێی وتەی ژێرەوە بڕیاری درا:

ئـ- ئیعتیراف کرا بە مافی شەرعی بۆ گەلی کورد و ئیعتیرافی تەواو، بەپێی بڕیاری موئتەمەری حەوتەمی قوطری، حیزبی بەعثی عەرەبی ئیشتیراکی ئەم بڕوا و بڕیارە لە هەموو بەیاناتی ڕەسمی وە ڕۆژنامەکاندا کە لە دەسەڵاتداریی شۆڕشەوە دەرئەچێ، بڵاو بکرێتەوە. لە دواییشدا ئەم بڕیارە ڕاستە بە تەواوی لە دەستووری کاتی وە نصووصی دەستووری دائیمیدا پیشان ئەدرێت.

ب- کۆمەڵی شۆڕش بڕیاری دا بە کردنەوەی جامیعە لە سلێمانی و دانانی مەجمەعی عیلمیی کوردی و هەموو مافی ثەقافی، زمانی گەلایەتیی کوردی وە خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانە و مەعاهید و جامیعەکان و دارولموعەللیمین و موعەللیمات و کوللییەی عەسکەرییە و کوللییەی شورطە وە پێویستە بە بڵاوکردنەوەی

کتێب و نووسینی کوردیی عیلمی، ئەدەبی، سیاسی، کە لە پێویستییەکانی نیشتمانییە بۆ گـەلی کـورد و دروسـتکردنی یەکیـەتیی نووسـەران و ئـەدیبان و شـاعیران و چـاپکردنی نووسـینەکانیان لـە هـەموو هـەل و توانایـەکیان بـۆ ژیانـەوەی توانـای زانیـاریی عیلمـی و هونـەری و دامەزرانـدنی چـاپخانە بـۆ چـاپکردن و بڵاوکردنـەوە بـە زمـانی کـوردی وە کردنەوەی مودیرییـەتی ئـەقـافـەی کـوردی و دەرکردنـی ڕۆژنامـەی حەفتـەیی و گۆڤـاری مانگانە بە زمانی کوردی، پترکردنی بەرنامە لە تەلەفزیۆنی کـەرکوك تـاوەکوو ئێـستگەی تەلەفزیۆنی تایبەتی بۆ زمانی کوردی دروست ئەکرێ.

ج- وە ئیعتیراف کرا کـە کـوردی نیـشتمانیمان بـۆ زیندووکردنـەوە و بـەکارهێنانی جەژنی گەلایەتییان بە هاوبەشی هەموو گەلەکەیان و مەجلیسی قیادەی شۆڕش بڕیاری دا کە جەژنی "نەورۆز" جەژنێکی نیشتمانییە لە نیشتمانی جمهوورییەتی عیراقیدا.

د- هەروەها مەجلیسی قیادەی شـۆڕش بڕیـاری دا بـە قـانوونی موحـافـەظـات کـە لامەرکەزییە (ئیدارەی مەحەللی) وە بڕیاریشی دا بە دروستبوونی موحافەظەی دهۆك.

هـ- مەجلیسی قیادەی شۆڕش بڕیاری دا بە لێبوردنی گشتی (عەفووی عـام) بـۆ ئەوانەی لە عەسکەری، مەدەنی کە هاوبەشییان کـردووە لـە کارەسـاتی ژووروودا، بـۆ ئـەوەی هـیچ بەڵگەیـەك لـە کارەسـاتدا نـەمێنێ ڕەوشـتێکی تـازەی ژیـانی ئاسـایش و برایەتیی خۆشی ڕوو بدات، بڕیار درا.

ئەم بڕیار و قەرارەی مەجلیسی قیادەی شۆڕش لە لایەن گەلی عەرەبی عیراقـی و کـوردەوە بـە خۆشـی و تەئییـد پێـشوازی کـرا بـۆ ئـەوەی کـە کـات و هـەلێکی باشـی ڕێکخراوە بۆ گەیشتن بە ئاوات، ئەو ئاواتـەی کـە گـەل بـە گـشتی بـۆ سـەرکەوتن تێـی ئاڵاون بۆ ئەو بڕیار و هێز و وتەیە.

کۆمەڵی قیادەی شۆڕش لـە نێـوانی خۆیـان و سـەرۆکایەتیی مـصطەفـا بـەرزانی سـەرۆکی حیزبـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیدا بـە یـەکتر گەیـشتوون و گفـتوگۆ تـەواوبوو وە ئـەم ماددانـە پەسـەند و قوبـووڵ کـرا وە لـەم دۆزان (بـەیان)ەدا بڵاوئەکرێتـەوە و بـەکار ئـەهێنرێت کـە بـۆ پترکـردن و تـەواوکردنی هـۆی پێگەیـشتنی ئەقافە و ئابووری و ڕوودانی گشتی لە کیشوەری کوردا وە لـە یەکـەمین پلـەدا توانـای

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەلی کورد بۆ بەکارهێنانی مافی ڕاستی خۆیان و هاوبەشییان بە هاوبەشێکی کردگاری لە ڕێگای بینای نیشتمان و ڕاپەڕین لـە پێنـاوی گەلایـەتیی گـەورەدا کـە زۆرتـر قـووڵ بکرێتەوە و پەرەی پێ بدرێت. بەم پێیە مەجلیسی قیادەی شۆڕشیش بڕیاری دا:

١- زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمییە بە ئاوەڵی زمـانی عـەرەبی لـەو جێگایانـەدا کە زۆرتری دانیشتووەکانی کورد بن، زمانی کوردی زمانی تەعلیمە لەو کیـشوەرانەدا و لە قوتابخانەکاندا ئەخوێنرێ کە بە زمـانی کـوردی ئـەخوێنن وە بـەپێی ئـەو یاسـایەی بۆی دائەنرێت لـە هـەموو کیـشوەری عـێراقدا و لـە خوێندگـەکانی عێراقیـدا بـە زمـانی کوردی ئەخوێنرێ.

٢- برا کوردەکان بەبێ جیاوازی وە تێبینی لە هەموو وظیفەیەکدا دائەنرێن، وەکـوو وظیفە گەورە و گرنگەکانی دەوڵەتی، وەزارەت، فەرمانـداری سـوپایی و .. تـد وە بـەپێی توانا و لێوەشاننەوە بۆ تۆڵەی بەش و مافی ڕابوردوو لە هەموو کاروباری حکوومەتیدا کـە حکوومەتی شۆڕش پیشانی ئەدا، برا کوردەکانمان بەشدار ئەبن.

٣- پێویستە چارەسازیی ئەو دواکەوتنەی باوی ڕابوردوو بکرێت کـە بـەرەنگاری برا کوردەکانمان بووە:

ئـ. پێویـستە بـە پەلـە بڕیارەکـانی مەجلیـسی قیـادەی شـۆڕش بهێنرێتـە جـێ، وەکوو زمان، ماف، ثەقافەی گەلی کورد وە بەرنامە و پرۆغرامی تایبـەتی لـە کاروبـاری گەلایەتیی کورد لە ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنـدا بـدرێت بـە بەڕێوەبـەری ثـەقـافـە و ئیعلامی کوردی.

ب. ئەو شاگردانەی بە ناچاری دەستبەرداری خوێندن بـوون یـان دەرکـراون، بگەڕێنــەوە بــۆ خوێنــدن، بــەو مەرجــەی بــەبێ ڕوانینــە تەمــەن، ئــەبێ چــارەی موشکیلەیان بکرێت.

ج. لە کیشوەری کوردا ئەبێ قوتابخانە، خوێندنگە زۆر بکرێ وە بـۆ خوێندنگـەکان شاگرد وەربگیرێت، پایەی خوێندنیان بەرز بکرێتەوە لە جامیعە، کوللییاتی عەسـکەرییە و بیعثە، زەمالاتی خوێندن لە پلەیەکی ڕاستیدا بەشدار بن.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

٤– مووەظەفی ئەو جێگا کوردانەی کە زۆربەیان کوردن لە کورد وە یان لەوانەی لە زمانی کوردیدا ئاشنان، ژمارەی تەواو و پێویستیان لێ تەواو ئەکرێت. لەمانە (موحافیظ، قائیمقام، مودیری پۆلیس، مودیری ئاسایش..) وە بەرپرس و پەسەندی لیژنەی بەرزی چاودێری کا. ئەم ماددەی پێکهاتنە ئەهێنرێتەجێ و بە بەجێهێنانی ئەم ماددانە ڕەوڕەوەی بزووتنەوەی ئیشوکاری دەوڵەت ئەخرێتە کار، ئەمەیش بە یەکیەتیی نیشتمانی و ئاسایش لە کیشوەرا.

٥– حکوومەت ئیقرار ئەکات و بڕیاری دا بە مافی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی شاگردان، لاوان، ئافرەتان، مامۆستایان، وە ئەم ڕێکخراوانە ئەندامن لە ڕێکخراوەکانی نیشتمانیی عیراقیدا کە ئەمانەن:

٦– ئ. لەسەر بڕیاری قیادەی مەجلیسی شۆڕش ماوەی (فەقەرە: ا و ٢) تا دەرچوونی ئەم پێکهاتنە بۆ ئەو کەسانەی بەشدار بوون لە کارەساتەکەی کیشوەری کوردا درێژئەکرێتەوە.

ب. هەموو کرێکار، مووەظەف، موستەخدەم، لە مەدەنی و عەسکەری ئەگەڕێنەوە بۆ سەر کاری خۆیان، بۆ ئەوەی میلاك دروست بکرێت و کیشوەری کورد بۆ پێویست سوود لە مووەظفە مەدەنییەکان وەربگرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٧– ئ. بۆ ئەوەی لە هەموو پێویست و بابەتێکەوە کیشوەری کورد پێ بگات، زۆر بە پەلە لیژنەیەك لە پسپۆڕان دروست بکرێت بۆ ئەوەی پاداشی ساڵانی ڕابوردوویان بدرێتەوە کە تووشی بووبوون وە میزانییەی تەواویان بۆ ڕێكبخرێت و ئەم لیژنەیەیش پەیوەست ئەبێ بە وەزارەتی شوئوونی شیمالەوە.

ب. ئامارکردنی ڕێگای ئابووری بۆ گۆڕینێکی تەواو لە هەموو عیراقدا وە چاودێریکردنی ئەو ڕووداوانە کە لە کیشوەری کوردا ڕووی داوە.

ج. مانگانەی تەقاعودی بۆ خێزانی ئەوانەی لە کارەساتی براکوژیدا کوژراوە وە لە چەکدارانی کوردن و پەککەوتووەکان کە بە هۆی ئەو ڕووداوانەوە لە دەسەڵات کەوتوون وە بەپێی یاسای تایبەتی بەکارهێنان.

د. به پەلە یارمەتیی زیانلێکەوتووەکان بدرێت بۆ جێگای نیشتەنی وە یارمەتیی لەکارکەوتوان بە پارە بە پێویست دانی یارمەتییەکی باش بۆ لێقەوماوان، بێجگە لە ئەوانەی کە فەقەراتی پێشوو ئەیانگرێتەوە، ئەمەیش بە ئاگەداریی لیژنەی بەرز ئەبێ.

٨- هەموو کورد و عەرەب ئەگەڕێنرێنەوە بۆ جێگای پێشوویان. بەڵام دانیشتووانی ئەو دێهاتانەی ئەو ناوچانەی کە حکوومەت بۆ بەرژەوەندی گشتی دەستی بەسەرا گرتوون، دراوسێکانی لێ دائەمەزرێن وە زیانەکەیان بۆ ئەژمێرێت.

٩- لە کیشوەری کوردا بە پەلە قانوونی ئیصلاحی زەراعی بەکار ئەهێنرێت وە بۆ سوودی هەموو کێڵەرەکان دەست بدرێتە یاسا و مافی ئیقطاعییەکان یەکالابکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە زەوی و هەموو باجساندنی زەراعی کە لە ساڵانی کارەساتە داخراوەکاندا بە سەریانەوە ماوەتەوە، لێیان ببوورێت و عەفوو بکرێن.

١٠- وەکوو لە ژێرەوە نووسراوە، لەسەر دەستووری مووەقەت ئیتتیفاق کرا.

ئ. شەعبی عیراقی عیبارەتە لە دوو گەل، گەلی عەرەب و گەلی کورد وە ئەم دەستوورە بڕیاری داوە بە مافی گەلی کورد و مافی گەلەکانی کەمایەتیی عیراقی لە چوارچێوەی یەکیەتیی عیراقیدا.

ب. ئەم فەقەرەیەی ژێرەوە ئاوێتەی ماددە چواری دەستوور ئەکرێت. زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە لەگەڵ زمانی عەرەبی لە کیشوەری کوردا.

ج. ئەوەی لە دەستووری دائمیدا ئەوترێت، تەقدیم و تەثبیت ئەکرێ.

١١- ئێستگە و چەکە گەورەکان ئەگەڕێنەوە بۆ حکوومەت. ئەمە بەستراوە بە بەجێهێنانی دوا پلەی پێکهاتنەکە.

١٢- یەکێك لە نائیبی ڕەئیسجمهووری کورد ئەبێ.

١٣- قانوونی موحافەظات بە جۆرێك تەعدیل ئەکرێت کە لەگەڵ ئەم بەیانەدا بگونجێت.

١٤- لە پاش ئیعلانی بەیانەکە و لێدوان لەگەڵ لیژنەی بەرز بۆ بەجێهێنانی یەکخستنی موحافەظات و یەکیەتیی بەڕێوەبردن، بڕیاری چاودێریی بەجێهێنانی پێویستی ئەدرێت کە بەپێی ئاماری ڕەسمی زۆربەی دانیشتووانیان کورد بن. ئەوسا لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

پاش تێبینی و تێکۆشانی دەوڵەت بۆ دروستبوونی ناوچە ئیدارییـەکان و پەرەپێدانی مـافی گەلایـەتیی گـەلی کـورد لـە ڕێگـای کۆبوونـەوە و لەگـەڵ لیژنـەی عولیـا و موحافیظەکانی کیشوەری شیمال یەکلائەکرێتەوە وە لە (چوارچێوەی عیراقدا حوکمی زاتی دائەمەزرێت)، ئیسیقلالی دارایی طەبیعی لەم کیشوەرەدا بێگومان لە دەسـەڵاتی ئەم جمهوورییەتەدا ئەبێ.

١٥– لە سولطەی تەشریعیدا گەلی کورد بەپێی دانیشتووانی عیراقییەوە بەشدار ئەبن.

ئەی نیشتمانییەکانی کورد!

ئەم دەستکەوتەی شۆڕش پێی گەیاند بۆ بەرزکردنەوە و بە تەواوی گەیـشتن بـە ئاواتی گەلایەتیتان لەژێر سـایەی ئـەم نیـشتمانە بـەڕێزە و یەکیەتییـە مەزنـەدا پترتـر نەئەبوو. ئەمەی کە بۆ ئێوە کراوە مێژوو پیشانی ئـەدات کـە هـەرگیز نەئـەکرا وەکـوو برایەکی دڵسۆز و پەیماندارێکی هەمیشەییتان کە گەلی عەرەبە.

ئەی گەلی مەزن:

باوەڕتـان بـە یەکیـەتیی نیـشتمان یەکـەمین سـەرکەوتنە، بـەجێ هێنـانی ئـەو مەسئوولییاتە مێژووییەی لەسەرتانە لە هەموو بابەتێکەوە، پتەوکردنی بـۆ یـەگرتنی ڕاپەڕینتانە هەموو تێکۆشەرێکی ئیمڕۆ بۆ لابردنی تەمی فێڵی دوژمنی بەدکار ئەبێ ببن بە یەك کۆمەڵی یـەکگرتوو وە بـبن بـە لافـاوی هێـزی وشـیاری بـۆ بزووتنـەوەی کـار و ڕاپـەڕین و سـەرکەوتنی گـەلی عـەرەبی گـەورە (فەڵەسـتین) وە گەیـشتن بـە ئامـانجی پایەداری یەکیەتی، ڕزگاری، هاوکاری.

ئەی گەلی تێکۆشەری عەرەبی!

بەم وێنەیە بە دەستی شۆڕش و هەموو ڕۆڵـە تێکۆشـەرە ئازادەکـانی کیـشوەرە دوایی بە ڕوودانی لاپەڕەکانی ئەم کیشوەرە درا، لاپەڕەی تازەی پەسەندی مێـژوو بـۆ بینینی کاری نوێ لەسەر ڕووی ئەم زەوییە خاوێنە بە مەرجی خۆشەویستی وە ئاشتی و برایەتی لە نێوانی ئـەم دوو گەلـەدا کـە مێـژووی ڕاپـەڕینی هاوکارییـان بـە درێـژاییی مێژوو هەیانە، بۆ ئیمڕۆ و سبەینێ و تا هەتاهەتایە بۆ لەمەودوا شانبەشانی تێکۆشـان وە لە پێناوی لەناوبردنی دوژمنانی هـەردوو گەلەکـەدا و لـەناوبردنی دوژمنـی گـەل کـە

هـەموو ئیـستیعمار و صـەهیۆنی بـە پەیوەسـتی تێکۆشـانی ئـەنزانی بـۆ ڕزگـاری و پێـشکەوتن و بـەپێی بەڵگـەکانی ڕابـوردوو لەسـەر بناغـەی ڕاسـتی و یەکـسانی و دادپەروەری لەنێوانی هەموو گەلاندا.

ئیتر بۆ تێکۆشانی هاوبەشی وە ئاوات و نیازی سەرکەوتنی گەلایـەتی و ئـەنزانی و هاوبەش.

مەجلیسی قیادەی شۆڕش

١٩٧٠/٣/١١

ئەوە بوو پێکهاتنەکەی ١١ ئازار کە تەنیا دوایی بە کوشتن، سووتان، پەرێشانی هەژارانی بێتاوانان دا.

زۆر ئاشـکرایە کـە لـە ڕۆژی پەسـەندکردنی ئـەو بەندانـەدا کـورد- بـەرزانیی مـەزن ئێجگـار بـەهێز و پڕچـەك و تفاقـدار بـوو. ئـەوەی تیلـی چـاو و پێویـستی ڕائەکێـشا زۆر پەیوەستی تر هەبوو فەرامۆش کرا. لە ماوەی چوار ساڵ بـۆ دامەزرانـدنی حـوکمی زاتـی، ئەبووایە زۆر لەو پەیمان و بەندانە بەبێ وێستان جێبەجێ بکرێ، کە ئیعتیرافە بـە مـاف و حوکمی زاتیی کوردی کوردسـتانی عـیراق، چـونکە زۆر لـەو ماددانـەی کـە بـە نـاوی ١١ی ئازارەوە جێبەجێ کراوە، تازە نییە وە یان لە پێویستییەکانی حوکمی خۆیەتی. ئـەوەی ماوەی لێدوانی نەدا دڵپاکیی هەردوو حیزبەکەی بەعث و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانە و باوەڕ بە یەکتر. هیوای هەموو لایەك چاکەیە و چاوەڕوانی بۆ ئاوات.

(ڕۆژنامەی "النور"، ژمارە ٤٢٢، ساڵ ٢، ڕۆژ ١٢ی ئازاری ١٩٧٠)

اسرة النور تهنئ بصدور البيان التأريخي حول حقوق الشعب الكردى العادلة

بعثت النور البرقيـة التاليـة الى الـسيد رئـيس الجمهوريـة المهيـب احمـد حـسن البكـر المحترم ومجلس قيادة الثورة الموقر والسادة اعضاء القيـادة القطريـة لحـزب البعـث العربـي الاشتراكي المحترمين، اقر الحكم الذاتي للشعب الكردي ونص على تعديل الدسـتور بتجـسيد حقيقة تكوين الشعب العراقي من القوميتين الرئيسيتين العربية والكردية.

والنـور تتمنـى تحقيـق مـضامين البيـان لخـير العربيـة والكرديـة حجـر الاسـاس في الانتصار للشعب العراقي وبلوغه مايصبو اليه من التقدم والتطور والحياة الحـرة الكريمـة وتحقيق وحدة قوى الشعب الخيرة للتصدي للمؤامرات الامپريالية والصهيونية والرجعية. فالى مزيد من الخطوات، والى العمل المتواصل لتشكيل الجبهـة الوطنيـة التقدميـة وحـشد طاقـات جمـاهير شـعبنا وتعبئتهـا والـسير نحـو اسـتكمال جميـع الاهـداف القوميـة والديموقراطية والانسانية.

عاشت الاخوة العربية الكردية.

عاش نضال شعبنا العراقـي لتحقيـق اهدافـه القريبـة والبعيـدة المـوت للاسـتعمار، والصهيونية وعملائها.

## بانگی بڵاوبوونەوەی حیزبی شۆڕشی کوردستانی
## پاڵدانیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە

ئەی برایینە، ئەندام و پاڵاوتە و لایەنگرەکانی حیزبی شۆڕشی کوردستانی:

ئەی نیشتمانییە خۆشەویستەکان:

شـارراوە نییـە کـە پێکهاتنەکـەی مـارتی مێـژوویی (١١ی ئـازار) کـاتێکی تـازەی لـە کیشوەرەکەدا دۆزییەوە کە (حوکمی زاتیی کوردسـتانی عـیراق) ئـەو سـەرکەوتنەی کـە بـە ســەرۆکایەتیی بــەرزانی دەســت پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانی کــەوت، بزووتنــەوەی نیشتمانپەروەرانی کوردی گەیاندە پلەیەکی تر وە گۆڕینێکی تـازەی تـری دروسـت کـرد لـە نێوانی هێزی سیاسی و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردا کە فەرمانێکی زۆر گەورە و گرنگە.

جا حیزبەکەمان لە کۆبوونەوەی یەکەمی ١٩٧٠ موئتەمـەری حەوتەمـدا سـەرتاپا لەم ڕوودان و گۆڕینـە بـە گشتی دووا و بڕیـاری پەیوەسـتیمان بـە پـارتی دیمـوکراتی کوردستانی وە بە تایبەتی لێدوان کرا.

موئتەمـەر بڕیـاری بزووتنـەوە و حەرەکـەی یەکیـەتیی کـوردی دا، بـە ئاوێتـە و پاڵدان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی کە ئەم یەکیەتییـە ئـەبێ بـە هـۆی لـەناوبردنی بزووتنــەوەی جیــاوازی و گیــانی پەڕاگەنــدەیی وە هــەموو کــەل و کــونی ڕێزایــەتیی

گەلەکەمان ناهێڵێ و حەرەکەی نیشتمانیی کورد پتەو ئەکات بۆ ئەو ڕزگارییە کە بە بەردی بناغەی یەکیەتیی هێزی شۆڕشگێڕان و بەرزبوونەوە ئەژمێررێ بۆ ڕاپەڕینی هەموو ماف، ئازادیی دیموکراتیی گەلی عیراق و مافی گەلی کورد لە دژی ئیمپریالی و بەدخواهییەکانی و صەهیۆنی و پڕۆژەی دوژمنان.

موئتەمەر و کۆبوونەوەکان بڕیاری ناردنی نمایندەیان دا کە بنێررێت بۆ بارەگەی بەڕێز بەرزانی کە بڕیارەکەمان بگەیەنێت. نومایندەکانمان لەگەڵ کاربەدەستانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی بەرزانی کۆبوونەوە. لە ئەنجامدا بڕیاری حیزب و موئتەمەرەکەمان بە خۆشییەوە پەسەند کرا. بۆ ئەوەی لە بابەت ئەو هەنگاوهاویشتنە و بە تەواوی و بە یەکیەتی بەهێزکردنی حیزب لە بڕیارەکەمان گفتوگۆ بکرێت، لیژنەی بەرزی نوێنەری هەردوولا لەژێر چاودێریی بەڕێز بەرزانی خۆیدا کۆ بوونەوە و دەست پێکرا و بۆ بەجێهێنانی بڕیاردرا وە لیژنە بە تەواوی دەستی کرد بە بەجێهێنانی پێویست و دوایی درا بە ڕێکخستن و پاڵدانی کۆمەڵی ڕێکخراوی حیزبی شۆڕشی کوردستانی وە ئاوێتەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی.

ئیتر هەروەها پێویست نەما بە ڕاگرتنی گیانی سەربەخۆییی حیزبی شۆڕشی کوردستانی. لەبەر ئەوە بڕیارمان دا بە نەمانی هەموو ڕێکخراو و ڕاپەڕین، بێجگە لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی تێکۆشەر مصطفا بەرزانی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەروەها لەو کاتەدا کە ئاوازی ئەم مژدەیە بە ناو نەوە و ڕۆڵەی گەلی کوردا بڵاو کرایەوە، پێخۆشوەختی و بۆ ڕاپەڕین لە لایەن هەموو دڵسۆزان و تێکۆشەرانی گەلەکەمانەوە دڵسۆزیی کاریان پیشان دا.

بۆ ئەوەی لە ڕووی ئەم یەکیەتییەوە کە دڵنیاییی گەلە خۆشەویستەکەمانە و بەری چەوساننەوەی چەند ساڵانی ڕابوردووە، هیواداریین ئیتر ببێ بە هۆی دوایی‌پێدانی کوشتن و ناڕێکی وە کردنەوەی پەڕەی باوی تازە بۆ ڕاپەڕینی یەکسانی لە پێناوی گەیشتن بە ئاواتی گەلەکەمان وە بەجێهێنانی پێکهاتنەکەی ١١ی ئازار بە پاراستنی ئاسایش و شایی لە کوردستاندا و بە نیگاهداریی جمهوورییەتی عیراقی و توانینی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ ڕێکخستن و هێنانە دیی ئەم کارە کە کەوتۆتە ئەستۆی پارتی،

پارتی پێشکەوتووی شۆڕش لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا و بزووتنەوەی ڕزگاری لە کیشوەرا و بنکەیەکی هێزدار بۆ بەجێهێنانی یەکیەتی لە نێوانی هێزی دیموکراتی و شۆڕشگێڕاندا بۆ بەیەکەوە ڕاپەڕین لە پێناوی مافی دیموکراتی بۆ گەلی عیراقی وە مافی گەلایەتیی عەرەبی لە دژی ئیمپریالی و صەهیۆنی وە ڕاوێژەی دوژمنان. ئیتر هەروەها ئەندامانی حیزبەکەمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی تێکۆشەر مصطەفا بەرزانییەوە ڕاپەڕین لە پێناوی بەهێزکردنی ئەم یەکیەتییەمان ڕۆژ بە ڕۆژ دوابەدوای یەکدا، چونکە هیوای سەرکەوتنی گشتییە.

حیزبی شۆڕشی کوردستانی

١٩٧١/٢/١٠ لە ڕۆژنامەی "التآخي"

## دۆزان لە پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە

ئەو سەرکەوتنە مێژوویی‌یەی گەلی کوردمان کە لە ١١ی ئازاردا دەستی کەوتووە و ئیعتیرافە بە مافی ڕاستی کە (حوکمی زاتی)یە لە جمهوورییەتی عیراقیدا، شانازییەکی مێژووییە بۆ هەموو گەلی عیراقی و پارتی دیموکراتی کوردستانیمان و حیزبی بەعثی عەرەبی ئیشتیراکی وە هەموو هێزی نیشتمانی لە عیراقدا، بۆ پتەوکردنی یەکیەتیی گەلی عیراقی وە چەسپاندنی برایەتی لە نێوانی هەردوو گەلە مەزنەکەی عەرەب و کورد وە کەمایەتییەکانی برایان بۆ ڕوانان و لەناوبردنی چۆنیەتیی سیاسەتی شۆڤێنی و بەدکاران لی بەربەرەکانیی ڕەگەزایەتی و دەستدرێژییان کە پەلێکی کوشندەن بۆ گەلەکەمان گەلی کورد و دوایی‌هێنان بە کوشتاری برایەتی، بە ناسۆرەوە بە درێژاییی سالانی ڕابوردو لە کارا بوو.

گومانی تێدا نییە کە یەکەمین پێویست لە پێویستییەکانی بناغەیی بۆ نیگاهداریی تێکۆشان بە تێکڕایی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، دڵسۆز بە نیشتمان و گەلەکەی بۆ ئەو دەستکەوتنە مەزنە و پارێزگاریی ڕاستییە و تێگەیاندنی مەبەستی ڕاستی و تەواوە بۆ گەلی کورد.

لە پێش وە لە پاش دەرچوونی بەیانەکەی ئازاری مێژوویی لە لایەن سەرۆکی بەڕێز بەرزانی وە لە هەموو ڕۆڵەی گەلی کورد داوا کرا بۆ داپۆشین و چاوپۆشی لە هەموو بەسەراهاتووی ڕابوردوو وە کۆبوونەوەی گشتی لە ئالآی پارتەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستانی و یارمەتی و دەستدانە دەستی حوکمی نیشتمانی بۆ بەجێهێنانی ئەو حوکمە، چونکە ئەم مەبەستە پێویستییەکی گرنگە بۆ دامەزراندن و پێشخستنی نیشتمان کە حیزبەکەمان ئەیەوێت بۆ دروستبوونی هێزێکی نیشتمانی گەلایەتی و دیموکراتی لە عیراقدا.

بەرامبەر بەم داوا و بانگ و هیوایەمان زۆر لە تیرەی نیشتمانی و هێزی کوردە دڵسۆزەکان کە بە تەواوی لە پێویستیی نیشتمان و گرنگیی یەکیەتی لە ڕێگای بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردا تێگەیشتن و زانییان بە خۆشییەوە هاتن بە پیر ئەو وتانەمانەوە و بە تایبەتی بەرامبەر بەو ڕابواردنی سیاسەتە دژوار (خطر)ەوە کە بە سەرۆکایەتیی فەرماندەییی بەرزانییەوە بەکار ئەهێنرا، بە دڵێکی خۆش و ئارەزوویەکی تەواوی بە بناغە لە لایەن گەلی کوردەوە بە دڵسۆزی و برایانە لە هەموو جێگایەکەوە پەسەند و قوبووڵ کرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

جا ئێستا گرنگیی ئەو بیانە ئەبینرێت کە لە لایەن حیزبی شۆڕشی کوردستانەوە دەرچووە. بۆ ئەوەی بە جارێك بڵاوە بکەن و ڕێکخراوەکانیان ئاوێتەی پارتی دیموکراتی کوردستان ببێ. ئەم بەیانە ئەوە پیشان ئەدات کە ئەو بڕیارانەمان لەو وتانەی کە لە پێشەوە پیشان دران، زۆر باش تێگەیشتوون کە لەم کاتە گرنگەدا گەلی کوردمان ئەم ماوەیە ئەم هەوراز و مەنزڵە ناسکە گرنگەیان بۆ مێژووی کورد بڕی.

ئێمە ئێستا بەم بەیانە زۆر دڵخۆشین و نرخی گرانی ویستنەکەیان زۆر باش ئەزانین، داوا لە ڕێکخراو و تێکۆشەرانی پارتەکەمان ئەکەین کە ڕێزی ئەم هەنگاوە پیرۆزەیان بزانن و ماوەیەکی تازەیان بدرێتێ بۆ هاوشانیی تازە لە ڕیزی پارتە تێکۆشەرەکەماندا، بەپێی بەرنامەی ڕێکخراوی دیموکراتیمان و هەستێکی هۆشیاری بە نیشتمان و حیزبایەتی. گومان نییە ئەم هەنگاوە ئەبێ بە هۆی پێکهاتنی تەواوی گەلەکەمان، گەلی کوردی تێکۆشەر وە پشتیوانیی تازەی حیزبی دیموکراتی

کوردستانی له پێناوی ڕاپەڕین بۆ ئاواتی گەلایەتی و دیموکراتی وه پێشوازیی ڕێگای ڕاست و بەجێهێنانی ئاواتی پەسەند بۆ گەل و نیشتمان. هاتنه ڕیزی ئەو برایانه له ئەندازەی حیزب وه ڕێکخراوی کوردستانییەتیدا به بناغەی گەلایەتیمان دانرا.

بانگی هەموو گەلی کوردستان ئەکەین که کارەساتی ڕابوردوو بنێژن و دەستی برایەتی و یاریده و یەکیەتی بدەنه دەست و باسی پەڕاگەندەیی و دوژمنایەتیی گەل بخرێته لاوه. چونکه یەکیەتیی نیشتمانی بۆ بەرزکردنەوەی گەلەکەمان گەلی کورد یاریەدەرێکی بەهێزه بۆ دامەزراندنی یەکیەتی له نێوانی گەلی عەرەب و کوردا و هەموو گەلانی کیشوەری جمهوورییەتی عیراقی.

ڕەوشته کاریگەرەکەی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری له پێناوی پێشخستنی گەلی کوردمان، دەری خست که هیچ گومان نییه که پارتی دیموکراتی کوردستانی به سەرۆکایەتییه مەزنەکەی بەرزانی که فەرماندەی ڕاستی مێژوویی‌یه بەم تێکۆشانه خاوێنه گەیشتین به ئاواتی سەرکەوتن.

پارتی دیموکراتی کوردستانی ١٩٧١/٢/١٠

گۆڤاری "الراصد"، ژماره ٣٧، ڕۆژ ١١ی نیسانی ١٩٧٠:

له لایەن نوێنەری گۆڤاری "الراصد"ەوه چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکەی لەگەڵ مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری لیژنەی مەرکەزی و مامۆستا صالح یووسسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی و وەزیری دەوله له پێشنیاری نووسینەکەیدا پیشان ئەدا.

هەندێك له نووسینەکەی به کورتی:

ئەڵێت، له ڕووی کاری ناوخۆیی و عەرەبی و دەوڵەتانەوه پێکهاتنەکەی ١١ی ئازار بۆ لێدوانی ڕۆژنامه و پەیامنێرەکانی ناوخۆیی و عالەم ڕووناکییەکی زۆر گرنگی بڵاوکردەوه. له ڕۆژنامەی "براڤدا"دا مامۆستایان بیلاییێف وه بریماکۆف له ٥ی نیساندا باسەکەی ١١ی ئازاریان بڵاو کردەوه. ئەڵێن: ئەم باسه خرتوپرتێکی زۆری خسته ناو دەوڵەته ڕۆژئاوایی‌یەکان، چونکه عیراق بەم تێکۆشانه توانیی له دژی ئیستیعمار و بەرامبەر به هەموو دەوڵەته عەرەبییەکان وه به تایبەتی بۆ خوارووی

بنکەی ژین
www.zheen.org

سوودان بایەخێکی گەورەی هەبێ، لەبەر ئەوەی عێراق توانیی لە کیشوەری عالەمی سێیەمدا ڕۆڵ و یارییەکی بەتین بەکار بێنێ.

گۆڤاری "آخر ساعة"، ژمارە ١٨٥، ڕۆژ ١٠ی ئەپریلی ١٩٧٠:

لەژێر وێنەی سەرۆك بەرزانی و وێنەی نوێنەری گۆڤارەکەی "آخر ساعة" خۆی "حافظ ئیمام" ئەنووسێت و ئەڵێت: دانیشتنێکی ئاسوودە لەگەڵ گەورە و سەرداری کوردا.

بەرزانی لە وەڵامی پرسیارێکدا وتی: من پیاوی دەوڵەت نیم، سەرۆکی سیاسیش نیم، بەڵام بە ڕاستی پیاوێکی هەژارم.

لە لێدوانی کارەساتەکاندا ئەڵێت:

مەلا مصطەفا بەرزانی پێویستی بە ئاسوودەیی و بیرکردنەوەیەکی شێنەیی هەیە، چونکە لە پێناوی کارەساتی کوردا زۆر ماندوو بووە. ئەمە ٣٠ ساڵە بە ڕێگای سەخت و ناو هەڕەشەی زۆرا گوزەر ئەکات وە بەو جۆرە کاری گەیاندە دۆزانەکەی ١١ی ئازار. بەم دۆزانە لە ژوورووی عێراقدا دواییی بە کوشتاری دوو گەلی یەك نیشتمان دا. هەروەها لە دوای زۆر پرسیار و وەڵام حافظ لە بەرزانی ئەپرسێت: چی ئەزانیت لە بابەت ئەم بەرگەوە کە لەبەرتانایە، وەکوو شەڵوار و کورتەك؟ بەرزانی بە پێکەنینەوە وتی: ڕۆژئاواییەکانیش لە بەرگەکەی ئێمەوە وەریانگرتووە. ئەو پانتۆڵەت لەم شەرواڵەوە وەرگیراوە.

"القضية"، ژمارە ٢٤٨، ڕۆژ ١٢ی مارسی ١٩٧٠، بە نووسینێکی گەورە و زەق ئەنووسێت ئازاری عێراق: بەهار، دیمەن، ئاشتی.

لەژێر وێنەیەکی بەرزانیدا، کاك صەدام حسێن و زۆر لە پیاوانی دەوڵەت و شۆڕشگێڕانی کورد بە ناوی یادی ١١ی ئازارەوە وێستاون، پیشان ئەدا. دوورودرێژ ئەنووسێت. بەڵام لەبەر ئەوەی بەیانەکەی ١١ی ئازار لەمەوپێش پیشان درا، ئێستا لێرانەدا تەنیا هەندێك لە لێدوانەکەیان ئەخوێننەوە.

ئەڵێت: ئەو هەموو تێکۆشانەی لە پێناوی بەیانی ئاشتیدا بەکار هێنرا، بە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی ڕێزدار ئەزانرێت وە لە بەجێهێنانەکانی ١٧ی تەمووز ئەژمێررێت.

www.zheen.org بنکەی ژین

دووباره له لاپەڕەکانی دواییشیدا ئەڵێت: بەیانەکەی ١١ی ئازار مەبەستی عـەرەب و عالەمە. هەموو ڕۆژنامەکانی عەرەب و عالەم باسی ئەو بەیانی ئاشتییەی ١١ی ئازار زۆر بە گرنگی ئەکەن. شۆڕشگێڕانی ١٧ی تەمووز کارێکی دیموکراتییان هێنایـە دی. ئـەم بەیانـە مێژوویی‌یە پەڕەیەکی تازەی کردەوە بۆ عێراق و دوایی‌هێنان بە براکوشتن.

بە بۆنەی بەیانەکـەوە لـە لایـەن دەوڵەتـەکان و حیـزب و ڕێکخراوەکـانی هـەموو گێتییەوە تەلگرافی پیرۆزبایی‌یان بە سەردا باری، خۆشییەکی ئێجگار بێ‌پایانی بەسەر ڕۆژنامەکانی گێتی وە پەیامنێرەکانا بەخشی.

وە دیسان لە ژمارەی دواییدا "القضية" بڵاوی ئەکاتەوە و ئەڵێت: بە نەمانی ئەو خوێنڕژانەی عەرەب و کورد، هەموو تێکۆشەرێك ئەبێ دڵخۆش بێت، کە لە ڕووی مـافی ئەنزانی (إنساني)یەوە پارێزگاریی مرۆڤایەتییە.

گۆڤاری "الطليعة"، القاهرة:

ئەو پیاو و جەنگاوەرانەی کە بە درێژایی ئەم چەند ساڵە لـە ژووروی عـێراقدا بـە جەنگ و کوشتارەوە تفەنگیان لە شـانا بـوو، ئـیتر ئیمـڕۆ دەنـگ و چـرەی گوللـەیان بـە تـەواوی بـڕا و نـەما. وا ئومێـد ئـەکرێت کـە لەمـەولا بـاوی پاراسـتنی جمهوورییەتەکـەی عەرەب و کورد بن وە لەگەڵ سوپای عیراقیدا بۆ ڕزگاری فەلەستین.

"الاهرام"القاهرة: بە ناوی کارەساتی کوردەوە، ئەڵێت: تـەواوبوونی کارەسـاتەکەی کورد بە ناوی ١١ی ئازارەوە ناونرا. ئەمەیش لە کیـشوەری عـەرەبی و هـەموو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا ئاواتێکی زۆر گەورە و گرنگ بوو وە باسـی ئـەم پێکهاتنـە لـە لایـەن پیـاوێکی دەسەڵاتداری عیراقییەوە وترا کە صەدام حسێن نائیبی فەرماندارانی شۆڕشی عیراقە.

"الجمهورية"، القاهرة، ڕۆژی ١٩ی ئازار:

بەیانەکەی ١١ی ئازارە لەژێر ناوی (یەکیەتی لە عیراقدا دروست بوو) ئەنووسـێت و ئەڵێت: ئەم پێکهاتنە وێنەیەکی تایبەتییە بۆ گەلی عیراق.

"الطليعـة"، القـاهرة: لـەم ژمارەیەیـشدا ئـەڵێت: ئـەم عیراقـی تازەیـە، ئـەم دەستکەوتنە تەنیا بۆ گەلی عەرەب و کورد نییە، بـەڵکوو دەسـتکەوتێکی زۆر بـەنرخ و

دروسته له ڕووی بزووتنەوەی ئازادیی گەلی عەرەب وە مـافی ئـەنزانی (انساني)یـەوە، چونکه ئیستیعمار بەو بەیانە مێژوویی‌یە فرمێسك ئەڕێژێت.

"الهـلال"، القـاهرة: بـه نـاوی داسـتانی مانگانـه، کـورد لـه نووسـینی حەسـەنێن کـەڕووم بـە پێـچەوانەی هـەموو ئـاواتی ئیـستیعمار وە ڕەجعییـەکانی ئێـران و پێداهەڵپەسێنراوەکانیان، ئەوا عیراق بـە پێکهاتنەکـەی ئـازار دواییـی بـە کارەسـاتەکەی کـورد دا وە لـە لایـەن حکوومـەتی عـیراق و مـەلا مـصطفـا بـەرزانی سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانییەوە ئیمـضا و پەسـەند کـرا. وایـان ئـەزانی کـە لـە پـێش ئـەم پێکهاتنەدا کوشتارێکی بێشوومار لە نێوانی حیزبی بەعث و کوردا ڕوو ئەدات.

ئەم باس و دەنگە گرنگە هەر وەکوو بۆ ڕۆژنامـەکانی عـەرەب خۆشـنوودییەکی بێپایانی بەخشی، بۆ هەموو نووسـەران و ڕۆژنامـەکانی بێگانـەیش لـە گێتیـدا دەنگـی دایـەوە، بـە تایبـەتی گۆڤـاری "براڤـدا"ی سـۆڤیاتی بـۆ قـسەکانی سـەرۆك بـەکر وە تەلەگرافەکەی بەرزانی لە ئێستگەی ڕادیۆی مۆسکۆوە بە دڵێکی زۆور خۆشـەوە هـاتن بەپیر پێکهاتنەکەی تەواوبوونی کارەساتەکەی کوردەوە کە ماوەی دە ساڵە جەنگ لـە کێشەدایە و بووبوو بە هۆی کوشتنی برایەتی.

وە لە پەیامنێری "تـاس"ی سـۆڤیەتییەوە، وتـرا: ڕێکخـستنی کـاری کـورد مـاوەی حکوومەتی عیراق ئەدا بۆ تەواوکردنی ئەو هەموو کارانەی تا ئێستا بە ناتەواوی ماوەتەوە.

لە ئەڵمانیای دیموکراتییەوە لە دەنگوباسی ڕۆژنامەی "نیوز دوچـلاند"دا وە لـە هـەموو ڕۆژنامـەکانی گێتیـدا زۆر نووسـراو بڵاوکراوەتـەوە، لـە پێـشەوە پیـشان درا، هەندێك بوو لە بڵاوکراوەکان بە بۆنەی بیانەکەی ١١ی ئازارەوە[117].

**تێبینی:** لێرانەدا پاش ١١ مارت ١٩٧٠ دواییمان بەم نووسینەدا، بەڵام دوایـی بـە ڕوودانـی ڕۆژگـار نـەدراوە، نووسـەر ئامادەیـە بـۆ تۆمـارکردنی ئـەو کارەسـاتانەی لـە چارەنووسی کوردایە و گەل بە دوایدا عەودالە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[117] بێگومان ئەم نووسرا و بڵاو کراوانەی ڕۆژنامەکانی عەرەب و ڕۆژئـاوایـی‌یـەکان هـەمووی ئیعتیرافـە بـە مافی کورد و پێکهاتنەکەی ١١ی مارتی حکوومەتی عیراق.

## وێنەی چەند لاپەڕەیەکی

## هەردوو دەفتەری دەستنووسی بەرگی چوارەم

لەزنجیرەی چێم دی — بەشی - ٤

شۆڕشەکانی بەرزان — بەرگی - ١

نووسینی: احمد خواجە

١٩٧٤

— ئاوڵە ڕاستیدا ئەوەستێ —

خامە !!!

ئەو نیگاە ڕاستەی لە کانی دڵی منەوە
ئەگاتە ناو دەمی تۆ، تۆیش بە ڕاستی
بیگەیەنە بە خاوەن بەختان :—

—: خوا ڕاستە و ڕاستی گەورەکە :—

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەڵەیە

# بەرهەڵست

[redacted]

١ لە نووسینی ئەوسەر

١- ڕاستەنووسی ئازادە

٢- ئاو لە ڕاستیدا ئەوەستێ

٣- تێ بینی

٤- تەمودەکەی امین زکی - وە الدرە

٢ بە پێشەی شۆڕشەکانی بەرزانی

١- سیاسەتی شۆڕشی کورد

٢- یادم لێدەوەتێ بیدوێ

٣- ڕاپیترییەکەی عبدالمحسن سعدون

٣ جزدتندەکەی شێخ محمود و بەیلوەتی بە دەدڵ تەکانەوە

١- نامەکانی شێخ محمود

٢- شۆڕشەکانی: یەزیدی و بکر صدقی

٤ شۆڕشەکەی ڕشید عالی گەیلانی

٥ جزدتندەکەی شێخ عبدالسلام بارزانی

٦ شۆڕشەکانی بەرزانی

١- شۆڕشی ١٩٤٤ بەرزانی

٢- چوونی سەدرەک بەرزانی بۆ ئێران و وە گەڕانەوەی

٣- پێلاوەی حزبی هیوا

٤- لە مەهاباد - کوشتنی حمزە عبدالله بە سلێمانی ١٩٤٦

٥- کۆبوونەوەی حزبی شۆڕش لە ئێران و ئەندامانی لیژنە

www.zheen.org

٨- عەرەبی سۆریی عێراق - القاعدە -

٩- دەوروبەرا دەوڵەکانی سیاسی و عەسکەری لە کوردستانی ئێران

١٠- بەرزانی و هێزەکەی لە پێش و/ لە پاش جمهوریەتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران

١١- گەڕانەوەی بەرزانی بۆ عێراق

١٢- تێکۆشانی پارتی و هێزە دیموکراتەکانی لە دژی پەیمانی پەیسکوت -

٧- باسێک لە چۆنیەتی حکومەتەکانی پێش ١٤ تموز ١٩٥٨

١- دروستکردنی کوردستانی گەورە

٨- دروشتنە بە هوتەرد پەیڕەوەکەی بەرزانی لۆ فاکی سۆڤیەت

١- گەڕانەوەی بەهاری خوێناوی

٢- میرزا عیدی بیری تێکۆشین -

٩- شۆڕشی ١٤ تموز ١٩٥٨

١- دادگەی گەل - محكمة الشعب

٢- جمهوریەتی تازەی عێراق

٣- بڕیارەکەی حاکم بۆ گەڕانەوەی بەرزانی

١٠- دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

١- بەرنامەی بزوتنەوە

٢- ڕۆژنامەی خەبات

١١ شۆڕشی کوردستان ساڵی ١٩٦١

١- ڕۆژنامەی الثورە

٢- بۆچی لەم کاتەدا بانگی شۆڕش درا

٣- عەشایر و هێزە لایەنگرەکانی حکومەت

٤- داوای بەرزانی کورد و هێزی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان

٥- نەخشەی ژمارە - ١

٦- لێدوانەکەی عبدالکریم قاسم

٧- پێشنیارێک

٨- نووسینی ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

٩- خوێندەواری بەرزی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ژ١٠   لە زنجیرەی چیم دی   جۆری : ٤

شۆڕشەکانی بەرزان   بەشی : ٢

---

نوسینی ـ ئەحمەد خواجە

سلێمانی

١٩٧٤

__تێبینی__ ـ هەموو کەسێک ئەتوانێت ئەم نوسراوە چاپ بکاتەوە و بۆ چ زمانێک بیەوێت بیگۆڕێت، بەو مەرجەی لە ڕاستی لانەدات وە بە ناوی نوسەرەکەیەوە بێ :

---

بنکەی ژین
www.zheen.org

٢١١

[illegible] ١٤ [illegible] ١٩٨٤
[illegible] ١٩٦٤
[illegible]

[illegible]

١- القضية الكردية - [illegible]
٢- الحركة الوطنية [illegible] الشمال
٣- [illegible]
٤- [illegible]
٥- المسألة الكردية

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- ١٤ رمضان

٢- لە پاش ناخۆشی - تێبینی

٣- شۆڕشی ١٤ رمضان - ٨ شباط ١٩٦٣

١ دوژمنان ژمارە - ١ وەزن تعبئة

٢ ئەو ئامانجەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان - داواکانی کورد

٣ بیروڕاوانی - لێژنەی دەعم . یاساکانی لێبوردن

٤ دوژمنانی سیاسەتی حکومەت

٤- دوژمنان لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا

١ لە قسەکانی مامۆستا الدرە

٢ لە کۆبوونەوەکەی قاهیرە و مذاکرەی وفدی کورد

٣ دەستووری لامەرکەزی

٤ بۆچی پێکهاتن لە سەر لامەرکەزیەت

٥ دوژمنانی - بزووتنەوەی عەرەبی بۆ کوردستان

٦ سەرەک لە عبدالسلام عارف

٧ لە تێکۆشانەکانی پێکهاتن و شۆڕشەوە

٥- دوژمنان بە کوردی لەلایەن حکومەتەوە بیانی لە پارەی خەسارەوە

٦- نووسراوەکان - الحکومة الوطنیة وشکل السؤال

١ ئامار - عدد نفوس کورد

٢ نامەکەی وەزیری داخلیە صبحی عبدالحمید

٣ دادنامەی بەرزانی

٤ کوردستانی عێراق .

بنکەی ژین
www.zheen.org

٨٢ – پرسیاری ڕەشنامەی: گوێك،

١ حیزبێکی چی چیەگا لە سەر تەلەفزیون

٨٤ – لێدوانەکەی مقدم رکن هادی حەماسە

١ سەید عبدالسلام ناوی کامی کوردیا کوپری

٢ بە درۆی لێدوان

٣ لە پارتی جاکمد

٤ ڕۆژنامەکانی حزب لەبیشە

٥ عبدالسلام کارت

٦ ئەو محاورەیەی بۆناسی

٧ ناردنی هێزی سوپای بۆ کوردستان

٩٨ – اندلاع ثورة الشعب والجيش ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٤ – ؟

١ نامه منافیات العامة للقوات الحرس القومي ١٦/٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٠٩ – ئەم محاورەیەی بۆ ناسی ؟

١ ناردنی هێز بۆ کوردستان

١١٢ – نامەکەی بارزانی بۆ کۆمەڵناسی لەگەڵ تونا

١٤٧ – دوژمنان و جاسوسەکان ؟

١ – پیلانەکەی عبدالسلام و عبدالرحمن بەزاز ؟

– سەردانی محمد و عبدالسلام محمد عارف چی بە سەر هات ؟

سەردانی عبدالرحمن محمد عارف

# پاشکۆ

## ئەوەی لە بارەی (چیم دی)یەوە نووسراوە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (١)

## بەرگی یەکەمی (چیم دی) و چەند سەرنجێکی ڕەخنەلێگرتن*

## کاوە

بۆ خۆپەڕاندنەوە و چاوپۆشین نییە لە کاڵوکرچیی چۆنیەتیی لێکۆڵینەوەکەم، ئەگەر وا بێت، تا پێشەکی بە خوێنەرەوەی خۆشەویست بڵێم: لە پێش ئەوەدا من دەربارەی ئەم لایەن و بابەتە گرنگە بنووسم، چاوەڕوان بووم کە قەڵەمی شارەزاتر و داناتر بنووسێت، یان سوارەکانی ئەم مەیدانە کە بە تەمەنی نووسین و بیرکردنەوە و تاقیکردنەوە و خۆتەرخانکردن دەستی کردەوەیان لە من بەپیتتر و قاڵترە و ڕەنگە چاکتر بتوانن بچنە قووڵاییی باسێکی واوە و وردتر ئەنجامەکانی ڕەخنە بدەن بە دەستی مەرام و ڕاستییەوە. ئەڵێم: بەر لەو شارەزایانە کە لە خۆم زیاتر بەواندا ڕائەپەرمووم، لە دوای ماوەیەك چاوەڕوانی، دەنگیان نەبوو. ئەوەی دەنگیشی هەبوو، ڕەنگی کردەوەی نەبوو! جا نەك بڵێم ناچار، چونکە هەر نووسین و بەرهەمێك بە ناچاری خۆیان بەسەر مێشکی نووسەرا بسەپێنن، دیارە هەر بەو ناچارییەشەوە ئەچنە بەر چاوی خوێندەواران و ئەنجامیش مایەپووچی ئەبێت. لەبەر ئەوە ئەڵێم: بە بڕوایەکەوە ئەم ئەرکی ڕەخنەگرتنەم گرتە ئەستۆم و مەبەستیش تەنیا ڕاستییە و هیچی تر!

– لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا قوتابخانەی نووسینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوو لەسەر بنچینەی (عیلمی) دامەزراوە و مەبەستیش لەم ڕێڕەوە تازەیە ئەوە بوو کە چۆنیەتیی باسکردنی هەموو شیکردنەوە و گێڕانەوە و تاوتوێکردنێکی بەسەرهاتی مێژوویی ببەسترێتەوە بە سەرئەنجامی وردی زانیاری و سەرجەمی هەموو ئەو ڕاستییانەوە کە لە دوای پشکنینێکی گونجاو ئینجا بکرێنە سەرچاوە و پوختەی تەواویان لێ هەڵبهێنجرێ و ڕشووی ڕشووناکی مێژووش بخاتە بەرچاوی نەوەکانی داهاتوو، لە بەر ئەو ڕووناکییە ڕاستی و ناڕاستی لە هەموو قۆناغەکاندا لە یەکتر جیا

* گۆڤاری "بەیان"، بەغدا، ژمارە ٣، نیسانی ١٩٧٠، ل٢٨-٣١، ٣٨-٣٩.
سەرباری پرس و سۆراخێکی زۆر، بۆم ساغ نەبووەوە ناوی ڕاستەقینەی "کاوە" چییە.

بکاتەوە و هەموو ڕووداوێك لە گشت سەریچکەوە یەکالا بکاتەوە. مەبەستی گەورەی ئەم ڕێبازە دیاری کرا، کە ئەبێت مێژوو (مەوضووعییانە) باس بکرێت و یان بگێڕرێتەوە، مێژوونووسەکان بێلایەن بنووسن و بتوانن بەسەر ئارەزووەکانی خۆپەرستی و ڕق و کینە و ناوچەگەرییاندا زاڵ بن. باری سەرنجی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە، مێژوونووس بەر لە هەموو شتێ دەست ئەکات بە گەڕان بەشوێن (ڕاستی)دا و پشکنین بە دوای ئەو سەرچاوە و باسانەدا کە دوور و نزیك دۆستانە یان دوژمنانە پەیوەندییان بەو لایەنەوە هەیە کە مێژوونووس نووسینەکەی خۆی بۆ تەرخان کردووە.

دوابەدوای ئەم هەنگاوە، (١) بۆ سەرەتای نووسینی ئەم باسە تەماشای نووسینەکانی ڕیوایەتنووسی ئینگلیزی "هێنری فیڵدیبج" (١٧٠٧-١٧٥٤) وە نووسینەکانی "عەلی ئەدهەم" کراوە لە گۆڤاری "الهلال"ی میسریدا. ئەکەوێتە ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بژارکردنی هەموو بەسەرهات و ڕووداوێك. بەم پێیە قۆناغی یەکەم لە مەسەلەی نووسینەوەی مێژوودا، گەشتی لێکۆڵینەوەی گەڕان و پشکنینە بە دوای ڕاستیدا و دووەمیان لێدووان و لێکۆڵینەوە و تەفسیرکردن و تەنسیقکردنی ئەو ڕاستییانەیە کە لە قۆناغی یەکەمدا مێژوونووس باسی کردوون. ئەمە بە پێچەوانەی سەردەمی پێش ئەم قوتابخانەوە کە مێژوونووس زیاتر ئارەزووەکانی خۆی ئەسەپان بەسەر نووسینەکانیدا و خەیاڵی خۆی ئەکرد بە سەرپشکی جیاکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستیی چۆنیەتیی بەسەرهاتەکان، کە -ئەتوانین بڵێین- زۆربەی زۆری ئەو باسانە تەنیا گێڕانەوەی ساکار و سادە بوون و بە دەگمەن لێکۆڵینەوە و تەفسیرکردنیان بایەخ پێئەدا. هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کە مێژوونووسەکانی سەدەی تازە بڕوایان وایە کە پێویستە سەرلەنوێ و بە چاوێکی عیلمییانەوە چاو بە بەشی زۆری کتێبە مێژووییەکانی سەدەکانی کۆندا بگێڕرێتەوە. بە کورتی، بڕوایان وایە کە مێژوونووسی سەدەی تازە، ئەبێ لە کاتی نووسیندا ئەم مەرجانە ڕەچاو بکات و بایەخێکی گەورەیان پێ بدات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١. مێژوونووس تا ئەتوانێت جڵەوی باسکردن و لێدووان بداتە دەست (عەقڵ) و خۆی لە دنیای (عاطیفە) دوور بخاتەوە و ئەوەندە نەبێ کە نووسینەکانی وشکوبرنگ نەنوێنن و دیارە لەمەیشدا مەبەست لە هەموو لایەنێکی مێژوو نییە.

٢. هەتا بە چاوی بێلایەن و خۆنەویستییەوە بنووسێت و هەتا بەسەر ئەو غەریزانەدا زاڵ بێت کە چاوی بیرکردنەوەی نەبەستن، چاکتر ئەتوانێت مەبەستی ڕاستی و دروستیی بەسەرهاتەکان بدا بەدەستەوە و ڕووی ڕۆشنی ئەنجام بخاتە ڕوو.

٣. ئەو (وەثائیق) و تۆمارە مێژووییانەی باسیان ئەکات و ئەیانووسێتەوە، لە دوای ساغکردنەوە و دڵنیایی لێیان، ئینجا حوکمی خۆشی ئەکا بە شوێنی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەلێگرتن و لێدووان لەسەریان.

٤. ڕاستی دەربڕین و گەڕان بەشوێنیانا.

٥. نیشاندانی ئەو ڕاستییانە هەر یەکەی لە بەرگی ڕێکوپێکی خۆیدا.

٦. تەفسیرکردن و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی وردی هەموو لایەنەکان.

جا لە بەر تیشکی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، چەند سەرنجێك لە بەرگی یەکەمی (چیم دی)یەکەی مامۆستا ئەحمەد خواجە بدەین:

— هەر وەکوو ناوی خۆی (چیم دی)یە، لە ناوەڕۆکیشا بەشی زۆری نووسینەکان بریتین لەو بەسەرهات و ڕووداو و کێشانەی کە نووسەر لەگەڵیانا ژیاوە، چ بە بینینی و چ بە بیستنی. بە لای منەوە، ئەوەی یەکەم جار سەرنج ڕائەکێشێت لە نووسینەکانی مامۆستادا و زۆر بە زەقی ئەکەوێتە بەرچاو، ئەو (عاطیفە)ی خۆشەویستییە گەورەیەیە کە نووسەری بە شێخی نەمرەوە بەستۆتەوە، بە تایبەتیش کە نووسەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە نزیکەوە لەگەڵیا ژیاوە و پەیوەندیی چۆنیەتیی ئیشەکەشی ئەوەندەی تر خۆشەویستییەکەی لەگەڵ شێخی نەمردا بەهێزتر و پتەوتر کردووە.

هەر ئەمەش وای لێ کردووە کە نووسینەکانی تێکڕا بریتی بێ لە مەتحێکی زۆر بێئەندازە و بە شێوەیەك کە کەموزۆر ڕەخنەیەکی تێدا نییە بەرامبەر شێخی نەمر، کە لام وایە ژیانی هیچ پاڵەوانێکی مێژوویی لە ڕەخنە بەدەر نییە و خۆ ئەگەر نووسەریش لەم بارەیەوە بدووایە، یان لەمەودوا بدوێ، چ شتێکی لە قارەمانێتی و ئازایەتی و

بەرزێتیی دلاوەرێکی وا نەتەوەییی بەناوبانگ نەئەهێنایە خوارێ و کەمنەئەکردەوە، بەڵکوو -بە ڕای من- دەرخستنی هەموو لایەنێکی (سەلبی)، زیاتر لایەنە (ئیجابی)یەکانی ڕۆشنتر و بەرزتر ئەکردەوە. هیواداریین مامۆستا لە زنجیرەکانی داهاتووی (چیم دی)دا ئەم لایەنە نەخاتە پشت گوێ و هەقی مێژووییی خۆیی بداتێ!

- ئەوەندەی کە من تاقیبم کرد و گەیشتمە ئەنجام، گێڕانەوەی دوو بەسەرهاتەکە مامۆستا زۆر بە پێچەوانەی ڕاستییەوە باسی کردوون. جا لەبەر ئەوەی ڕشووداوەکانیش ئەوەندە کۆن نین کە لە بیرەوەریی کەسدا نەمابن و بۆ من یان بۆ یەکێکی تر بشێت بە ئارەزووی خۆی بیانگێڕێتەوە، بگرە لە هەر بەساڵاچوویەك و شارەزایەك بپرسیت، ڕاستییەکەیت پێ ئەڵێت و بە دووروودرێژیش لە شێوەی چیرۆکدا بەسەرهاتەکانت بۆ ئەگێڕێتەوە. دوو بەسەرهاتەکە:

یەکەمیان: لە لاپەڕە (٧٩)دا مامۆستا وای لە قەڵەم داوە و گێڕاوەتەوە، کە "ڤیتی گیڤن"ی فەرماندەی سوپای ئینگلیزەکان کە لە (بانی بنۆك) کوژراوە، لە ئەنجامی دەستوەشاندنی شێخ فەرەج و تاقمەکەیەوە بووە، یان بە هۆی ئەوانەوە لەناوبراوە. ئەڵێم: ئەم گێڕانەوەیە و ئەم لێدووانە، نەك تەنها دوورن لە ڕاستییەوە و ونکردنی ئەنجامیشە، ئەبووایە مامۆستا زۆر بە ئەمانەتەوە شوێن پشکنینی سەرچاوەی ئەم بەسەرهاتانە بکەوتایە و ئینجا بکەوتایە گێڕانەوەیان. هەر وەکوو وتم: دڵنیام لەوە کە زۆر کەس تا ئێستا ڕەنگە لە ژیانا مابن و ڕاستیی ئەم بەسەرهاتە بزانن کە "ڤینی گیڤن"، یان وەکوو لە ناوچەی سلێمانیدا بەناوبانگە بە (حاکمی سەرسپی)، لە لایەن تیرەی جلفەوە بە سەرکردایەتیی ناسراو "ئەحمەد بەگی ڕیشێن" کوژراوە و لەم ڕووەوە تا ئێستاش پاڵەوانێتی و ئازایەتیی جافەکان وە بە تایبەتی لەو شەڕەدا دەماودەم ئەگێڕرێتەوە و ڕاستییەکە نکوولیی ناتوانرێ لێ بکرێت. ئومێد ئەکەم مامۆستا خۆیشی تاقیبێکی وردی ئەم ڕووداوە مێژووییە بکات و دڵنیام کە ئەگاتە ئەنجامی ڕاستی. پێویستە لێرەدا بڵێم: گەلێ گەڕام بەشوێن نووسراوێك یان سەرچاوەیەکدا کە ئەم بەسەرهاتەی تێدا تۆمار کرابێ، هەروەها بەسەرهاتی

بنکەی ژین www.zheen.org

دووهەمیش کە باسی ئەکەین، بەڵام بە داخەوە بەرچاوم نەکەوتن، هەرچەندە هەتا ئێستاش دڵنیا نەبووم کە نووسراونەتەوە یان نا!

دووەمیان: دیسانەوە ئەوەی لە ناو شارەزایاندا بڵاوە و جگە لەوەش لە پاش ئەوەی لە چەند لایەکەوە پرسیارم کرد و گەیشتمە ئەم ئەنجامە، کە سەرداری بۆکان لەبەر ئەوە لە لایەن تورکە خوێنمژەکانەوە لەسێدارە نەدرا کە داڵدەی خێزانی شێخ مەحموودە نەمری دابێ، وەکوو مامۆستا ئەڵێت، بەڵکوو بە هۆی ئەو پەیوەندییانەوە بوو کە بە نەهێنی سەرداری بۆکان بوویەتی لەگەڵ ڕووسەکاندا، بە نیازی ڕێکەوتن لەگەڵیانا بۆ جوولانەوە بەرپاکردن دژی تورکەکان و یارمەتیش لە لایەن ڕووسەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە بووە و جگە لەوەش، وا ئەزانم ئەگەر مامۆستا بە وردی چاوێك بە چۆنیەتیی ئەو ڕووداوەدا بگێڕێتەوە، ئەزانێت کە هەتا بەرواری لەسێدارەدانی سەرداری بۆکان و مەسەلەی دەربەدەریی خێزانی شێخ مەحموودی نەمر، دوورن لە یەکترەوە.

– جێی سەرسووڕمانە کە مێژوونووسێك (وەثائیق)ی مێژوویی بە ئارەزووی خۆی کورت کاتەوە و یان (پوختە)کەی بنووسێت و یان چۆنیەتیی ئەو زمانەی ئەو سەردەمە لە نووسیندا بەکارهێنراوە، ئەم شێوەکەی بە پێودانی نووسین و زمانی ئەمڕۆ بگۆڕێت و زاراوەکانی لە بنەڕەتەوە هەڵبوەشێنێتەوە و بێت بە بیری ئەمڕۆ و زمانی ئەمڕۆ و لێکدانەوەی ئەمڕۆ بیانخاتە پێش چاو و کەچی ناویشیان لێ بنێ و بڵێ ئەمانە تۆماری مێژوویی و نووسینی ئەو سەردەمەن!! وا ئەزانم ئەمە یەکەم جارە مێژوو ئەمە بە خۆیەوە ببینێ! ئایا تۆمارێکی مێژوویی سەردەمی دوور بێ، یان نزیك، ئەبێ چ نرخێکی بمێنێ ئەگەر هات و دەستکاریی کەموزۆریی چۆنیەتیی ناوەڕۆك و ئێسکی نووسینەکە و وشەکانی و هەتا ئیملاکەشی بکرێ. کە واتە پێشکەوتن و گۆڕان و چۆنیەتیی پێشخستنی زاراوەکانی زمانی کوردی و ئیملاکەیی و ڕێزمانەکەی لە ساڵەکانی بیستەوە هەتا ئەمڕۆ بە پێی ئەو تۆمارانە ئەبێ هەر وەکوو خۆی مابێتەوە و چ گۆڕان و پێشکەوتنێکیان بەسەردا نەهاتبێ. ئایا نرخی ئەو تۆمار و نامە و بەیان و وتووێژانەی کە لە سەردەمی شێخ نەمردا و بە تایبەتی لە سەرتای پێگەیشتنیا بوون و بەو پێیە چ بایەخێکی مێژووییان بۆ مایەوە؟ ئایا ئەگەر تێکرا هەمووی وەکوو خۆی

چۆن بووە، بنووسرایەوە، هەر لە ناوەڕۆکی مەبەستەوە تا چۆنیەتیی داڕشتنی و جۆری زاراوەکانی و ئیملاکەشی لە ڕووی نیشاندانی ڕاستی و باسکردنی مێژووییەوە پەسندتر ئەبوون، یان نا؟! ئایا ئەمە بە پێچەوانەی دەستکاریکردنی ڕاستی و هەڵوەشاندنەوەی نییە؟ ئایا بۆمان نییە کە گومان بکەین لە ڕاستی و دروستیی ئەو تۆمارانە؟ یان بڵێین کە ڕەنگە تەنیا نووسەر ئەمانیشی هەر بە خەیاڵ نووسیبێتەوە؟ ئەی بۆمان نییە بپرسین: هیچ نەبووایە وێنەی زەنگۆغرافیی ئەو تۆمارانەی بگرتایەوە و پیشانی دانایە؟ ئەڵێین: لە کاتێکدا کە بە دەیان تۆماری ئەو سەردەمە لە بەرگی یەکەمدا —گوایە— نووسراوەتەوە، کەچی تەنیا یەك وێنەی زەنگۆغرافی تێدایە، ئەویش یەکێکە لەو بەیاننامانەی کە ئینگلیزەکان بە فڕۆکە فڕێیان داوەتە خوارەوە و ئیتر هیچی تر!

خوێنەرەوەی بەڕێز ئەتوانێت تەماشا بکات بزانێت ئایا ئەو تۆمارانەی مامۆستا باسیان ئەکات، لە ڕووی ناوەڕۆك و چۆنیەتیی زاراوەکانی و داڕشتنی و ئیملایەوە بەو جۆرەن کە لەو ڕۆژنامانەدا بڵاوکراونەتەوە کە ناوبەناو نووسەر دەستنیشانیان ئەکات! ئەمە جگە لەوەی گەلێ بەیاننامەی کۆمەڵەکانی ئەو سەردەمە" (کۆمەڵی بەرزیی وڵات)، (کۆمەڵی گزنگ)، (کۆمەڵی کوردستان)، مامۆستا بەڵگەیەکی بە دەستەوە نییە بۆ ڕاستی و دروستییان و لە کوێوە وەریگرتوون؟! سەرچاوەکان لە کوێن؟ کوانێ وێنەی زەنگۆغرافییان؟ چۆن بیسەلمێنین ئەمەیان بەیاننامەی ئەو کۆمەڵەیە و ئەوی تریشیان هیی فیسار کۆمەڵیانە؟! ئەمە لە کاتێکا شتێکی سەیرە کە سەرۆکی پێنج کۆمەڵ تەنیا یەك سەرکردە بێت، کە ئەویش نەمر "جەمال عیرفان" بووە (لاپەڕە ٦١). من لێرەدا دەربارەی چۆنیەتیی نووسینەوەی تۆماری مێژوویی، ئەوەندە ئەڵێم و دوور ناڕۆم، حەزئەکەم مامۆستا چاوێك بە ناوەوەی بەرگی دواییی گۆڤاری "ڕزگاری"دا بخشێنێ، ئەوسا دڵنیام چاکتر لە مەبەستم ئەگات کە تۆمار نووسینەوەیان چۆن ئەبێت.

— مامۆستا هەر تەنیا بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکوو ئەگەر حەزی کردبێ، بۆ خۆی چۆنی ویستبێ، بەو جۆرە سەروگوێی دەیان ماددەی مێژوویی پەڕاندووە، یان لە پاش دانانی چەند نوختەیەك، لەبەر بێتاقەتی نووسیوێتی: ((وە زۆری تریش))!

تەماشایەکی لاپەڕە (١٧) بکەن، لە دوای ئەوەی ئەیەوێت باسی ئەو ماددانە بکات کە لە دوای یاخیبوونی "جەمال پاشا" دەرکروان، یان ئەگەر هات و جەمال پاشا یاخی بوو، دەربکرێن، لە دوای ئەوەی دەستنیشانی ماددەی یەکەمی کردووە و ئینجا مامۆستا لە مابەینی دوو کەوانەدا ئەمەی بۆ نووسیوین: ((بێجگە لەم ماددەیە، ١١ ماددەی تریش بە بەس زانرا)). ئایا ئەمە چییە؟ تەنیا لەبەر بێجێگایی (١٠) ماددەی تر بکرێت بە ژێرەوە! ئایا مامۆستا وتارێك ئەنووسێت، یان ئەو زنجیرانەی وەکوو خۆی لە دواییی بەشی دووهەمدا نووسیوێتی، لەگەڵ ژیانیا تەواو ئەبێت؟!!

– هەر وەکوو لەمەوبەریش وتمان و لام وایە هەموو شارەزایەکیش ئەوە بسەلمێنێت کە گەورەترین ئیشی مێژوونووس لە دوای ڕاستی دەربڕین، مەسەلەی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و تەفسیرکردن و (موناقەشەکردن)ی ئەو نووسین و سەرچاوانەیە کە لەوەوبەر لەو باسانە دوواون. لە بەرگی یەکەمی (ژیم دی)دا زۆربەی نووسینەکان تەنیا هەر گێڕانەوەی ساکارن و هیچی تر، ئەویش گێڕانەوەیەکی پچڕپچڕی هەڵبزڕکاون! کە زۆر جار ئەبێ لاپەڕەیەك چەند جارێکی پیا بچیتەوە، بۆ ئەوەی لە مەبەستی نووسەر بگەیت. لام وایە ئەگەر مێژوونووسین تەنیا ئەوە بێت، ئەبێ هەموو حیکاتخوانێك و هەموو کەسێك بە ئاسانی ببێتە مێژوونووس. جگە لەوەش، کاتێ تەماشای ئەو سەرچاوانەم کرد کە نووسەر بۆ دانانی (چیم دی) تەماشای کردوون، بە لای منەوە زۆر کەمن، کە ئەمەش –بە ڕای من– ئەوە دەرئەخات مامۆستا لە گەڕانیا بەشوێن سەرچاوەدا، زۆر خۆی ماندوو نەکردووە، یان زۆر سەرچاوەی خستۆتە پشت گوێ. ئەمە لە کاتێکا هەتا لەگەڵ ئەو سەرچاوانەشدا کە خۆی دەستنیشانی کردوون، چ بەراوردکردن و لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەوتۆم نەدی کە شایانی باس بن بۆ سەلماندنی باری سەرنجەکانی مامۆستا خۆیان! بەلاشمەوە سەیر بوو کە نووسەر تەماشای زنجیرە یادداشتەکانی مامۆستای ئەدیب "ڕەفیق حیلمی"ی نەکردووە، چونکە لە پێڕستی ناوی سەرچاوەکاندا بەدیم نەکردن! کە لام وایە ئەو زنجیرانە وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ نووسینەکانی (چیم دی)، چ

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ڕووی بابەتەوە وە چ لە ڕووی باسەوە، زۆر شیاوتر و لەبارترن، وەك لە زۆر سەرچاوەی تر کە نووسەر دەستنیشانی کردوون.

– زمانزانین و شێوەی نووسینی، بەردی بناغەی هەموو بەرهەمێکن و مەبەست و ئەنجامیش تەنیا هەر لە ڕێگەی نووسینی ڕشەوان و بێگرێوە ئەگەنە بیری تێگەیشتنی خوێندەوار. جگە لەوەی هەموو زمانێك بە ڕێزمانێکی تایبەتیی میللیی خۆیدا ئەڕوات و سیمایەکی ناسراوی خۆی هەیە کە لە زمانەکانی تری جیا ئەکاتەوە. نووسین هەتا سادە و ڕەوان و خۆماڵی بێت، لە ڕووی داڕشتنەوە، مەبەست زووتر ئەدا بە دەستەوە. بە داخەوە ئەڵێم: مامۆستا بە پێچەوانەی ئەو وتارە کورتانەوە کە لە کاتی خۆیدا بڵاوی ئەکردنەوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ئەم نووسینانەی ئێستای لە ڕووی زمانەوە تەواو ئاڵۆزکاو و بێسەروبەرن و چ چێژێکی بەتامیان تێدا نییە و زۆر بێپێزن (لێرەدا بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ بڵێم کە لەم سەردەمەی دواییدا پاشاگەردانییەکی تەواو کەوتۆتە زمانی کوردییەوە و لام وایە ئەم لایەنەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیە). جا ئەبێ مامۆستا ببوورێ ئەگەر بڵێم هەر لە سەرتاوە تا کۆتایی یە دەیان ، ئەگەر سەدان نەبن، هەڵەی تێدایە لە ڕووی زمانەوە (بێگومان مەبەستم ئیملا نییە، چونکە هەتا ئێستا شێوەی نووسینی کوردی لەو بارەیەوە ڕێگایەکی یەکگرتووی تێدا نییە). جا هەر وا بۆ نموونە چەند پارچەیەك لە نووسینەکانی مامۆستا ئەخەمە پێش چاو خوێندەوار و شارەزایان، با خۆیان سەرپشك بن. لە لاپەڕە (٦)دا ئەڵێت: ((عەرەبەکان بە ناوی کۆمەڵی برایەتیی عەرەب و عوثمانی (جمعية الأخاء العربي العثماني)یەوە، لیژنەیەکیان دامەزراند، بۆ ئەوەی پاش هەڵبژاردنەکەی ١٩٠٨ نێرراو (مبعوث)ی عەرەب لە تورك کەمتر نەبێت، داوایان ئەکرد و لاوەکانی تورك هانیان ئەدان کە لە پلەیەکی بەتین و بەهێزدا کۆمەڵانی عەرەب دروست بکرێت، چونکە لەو کاتەدا لە (٢٤٥) نێرراو، (١٥٠) لە تورك و (٦٠)یش لە عەرەب بوو و کۆموڵ داخرا)). تکایە سەرنجێك لە جێگەی ڕستەی ((کەمتر نەبێت داوایان ئەکرد))، لەگەڵ ((کۆمەڵ داخرا))دا بدەن و بزانن تا چەند لە ڕووی ڕێزمانەوە بەکاهێنانیان ئەگونجێن. یان لە لاپەڕە (٢٠)دا ئەڵێت: ((بەبێ جەنگ و بەرگرییان لەسەر نامەکانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بۆ هاتنە کوردستان لە لایەن شێخ مەحموودەوە بەڵێن درا))، ئایا کەسمان لە مانای ئەم ڕستەیە گەیشتین؟! یان لە لاپەڕە (٤٥)دا ئەڵێت: ((وتی ٣ چابگ دایانمێ کە ببیەم بۆ موشیر ئاغا، وتیان بڵێ خواردن ناچێت، من بەجێمهێشتن))، ئەمە جگە لە دەیان نموونەی تر کە بۆ من ئەشێت بڵێم ((لەبەر بێجێگایی)) نانووسرێن.

– دیسانەوە مامۆستا لە گەلێ شوێندا هەندێ مانای زاراوەی بە هەڵە لێکداوەتەوە، وەکوو ((وتار –شیعر–ی زۆرە)) لاپەڕە (٤)، یان ((گەلی ئیسلام)) لاپەڕە (١٠)، کە ئاشکرایە یان ئەوترێت گەلە موسڵمانەکان، یان کە وترا ((گەلی ئسلام))، مانای وایە ((ئیسلام)) لێرەدا نەتەوەیەکی تایبەتییە بۆ خۆی، کە ئەمەش تێکەڵکردنی مەفهوومی نەتەوایەتییە لەگەڵ ئایندا و بەکارهێنانی لە ڕووی عیلمییەوە ناشێت. یان لە لاپەڕی (٤)دا ئەڵێت: ((شێخ مەحموود دوژمنی خوێنڕێژ و .. تا ئەڵێت: هەموو ژیانی لە بەربەرەکانیی کوردا بەسەربرد))، کە ئاشکرایە وشەی (بەربەرەکانی) لە زمانی کوردیدا مانای ناحەزیکردن و دوژمنایەتیکردن ئەگەیێنێت. بە پێچەوانەوە ئەبووایە مامۆستا وشەی (بەرگری)ی بەکاربهێنایە، کە ئەم وشەیەش لە گەلێ شوێندا بەو جۆرە ناڕاستە بەکارهێنراوە! هەروەها جگە لە زۆر بڕیار کە نووسەر لە لاپەڕەیەکدا ئەیدا و لە پاش چەند لاپەڕەیەکی تر خۆی خۆی بە هەڵەدا ئەباتەوە و بڕیارەکان پێچەوانە ئەبنەوە، وەکوو لە لاپەڕە (٤)دا ئەڵێت: ((بێ ئەوەی بێگانە بتوانێت سوودی لێ دەرگرێت وە پەنجە بکێشێتە شۆڕشەکەیەوە– مەبەست شێخ نەمرە))، کەچی هەر زۆر دوور ناڕوا، لە لاپەڕە (١١)دا ئەڵێت: ((ئەم جارەش شێخیان تەفرە دا)). لام وایە ئەم چەند نموونەیە بەسن و هیواداریین مامۆستا لە زنجیرەکانی داهاتووی (چیم دی)دا بایەخێکی تەواو بدا بە چۆنیەتیی نووسین و شێوەی ڕێزمان و بەکارهێنانی زاراوەکان لە شوێنی شیاوی خۆیاندا.

– بێگومان هەموو خوێندەوارێك لەگەڵمایە کە پێویستە هەموو نووسین و باسێك، بە تایبەتی ئەگەر نووسینێك درێژ بێت و لکی زۆری لێ ببێتەوە، وەکوو لە نووسینەکانی مامۆستادا هەن، ئەبێ بخرێتە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکی ئەوتۆوە کە هەر باسێك سنوورێکی جیاکردنەوەی بۆ کێشرابێ، ڕستەی نووسینەکان لە یەکەوە

نەئالۆزکێن، ناوونیشانی هەر باسێك لە جێی خۆیدا دابنرێ و پێویستی تەواوی باسەکە و چۆنیەتیی ڕێزمان ڕێگە نەدا لە خۆوە (فاریزە و خاڵ و نوختە و بۆشایی و نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان) دانەنرێن. مامۆستا بە جۆرێك ئەم نیشانانە بەکارئەهێنێت، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو جێگایانەوە نییە. هەر وا بۆ نموونە، وا شێوەی ئەم پارچەیە ئەخەمە پێش چاو، تکایە لەم ڕووەوە سەرنجی بدەن. لاپەڕە (٤١): ((گەیشتینە: دێی کانی پان. شەو داهات: سوارە بوو بە دوو بەش. ١– لە فەرماندەی خۆی: شێخ قادر:دا بۆ داودبلاغ –٢– لە فەرماندەی سەرۆکەکانیاندا بۆ: کەندەکەوە)). هەروەها دووبارەکردنەوەی قسەیەك یان پەندێك هەروا نەنووسرێتەوە. بە ڕاستی ئەبێ مامۆستا ببوورێ ئەگەر بڵێم هەرچی ڕێكوپێکی و شێوەی جوانی دەرهێنان هەیە، لە بەرگی یەکەمی (چیم دی)دا نییە و ئەمەش بۆتە هۆیەکی تر بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر زمانی نووسینەکان بشێوێنێ و سەر لە خوێنەرەوە تێك بدا. ئەگەر بێت و سەرنجێك لە ستوونەکانی ناوەڕۆك بدەین، ئەبینین ژمارەی سەرباسەکان گەیشتوونەتە (٦٣)ی ناونیشانی سەرەکی، کە ئەتوانرێت بەبێ ئەوەی چ شتێك لە ناوەڕۆکی باسەکان کەم بکرێنەوە، لە نیوەی ئەو ژمارەیەدا پوختە بکرێن، چونکە ئەوەی شایانی باسە، گەلێ جار مامۆستا بەبێ ئەوەی پێویست بکات، ناونیشانێك قووت ئەکاتەوە، کە تێناگەی ئەمەی بۆ هانی. بۆ وێنە، لە لاپەڕە (٦)دا لە ناوەندی قسەکردندا ئەڵێت: ((... بەم داوایە حکوومەتی تورکیان خستە لەرزە و لەقاندن، بەڵام کوردەکان گەلێکی بچووکتری ..)). مامۆستا هاتووە ((بەڵام کوردەکان))ی کردووە بە ناونیشانی سەرباسێکی تازەتر، کە ئاشکرایە ئەوە هەر تەواوکەری ڕستەکانی لەوەوبەرە و هیچی تر وە ئەم ناونیشانەی لە ناوەڕۆکدا کردووە بە باسێك کە ژمارە (٤)ی کردووە بە یەخەوە!!

– لە کۆتاییی ئەم باسەدا، ناتوانم نەڵێم کە ئەمە تەنیا بەرگی یەکەمی (چیم دی)یە و ئەمەش پێوانەیەکی گشتی نییە بۆ هەموو زنجیرەکانی داهاتووی و جگە لەوەش، هەر تەنیا خزمەتگوزاریی نەتەوەکەمانە پاڵی بە نووسەرەوە ناوە ئەم

بەرهەمانەی بخاتە بەر چاوی نەوەکانی شێخ مەحموودی نەمر و هیواشمان سەرکەوتنی مامۆستا ئەحمەد خواجەیە.

سەرنج: لە نووسینی ئەم باسەدا بووم کە لە گۆڤاری "ڕزگاری"دا، ژمارە (٩)، نووسرابوو کە کاك محەمەد نووری تۆفیق ئەویش وتارێکی لەم بارەیەوە بۆ ژمارە دەی گۆڤاری ناوبراو ئامادەکردووە، چاوەڕوانم کرد، بەڵام کە ژمارە ١٠ی دەرچوو، نووسینی ناوبراوی تێدا نەبوو، نەشمویست لەمەندە زیاتر ئەم باسەی خۆم دوابخەم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (٢)

## وەڵام دەربارەی چیم دی*

ئەحمەد خواجە

لە گۆڤاری "بەیان"ی ژمارە ٣ی نیسانی ١٩٧٠، لە لاپەڕە (٢٨)دا ڕەخنە دوورودرێژ نووسراوەکەی کاک "کاوە"م خوێندەوە. زۆر سوپاس بۆ خوا، جاران ڕاز و حیکایەت بۆ خەوڵێخستن بوو، بەڵام من بە ڕازی (چیم دی)، نووسەرێك، پسپۆڕێکی ڕەخنەگرم وریاکردەوە و بەئاگاهێنایەوە.

کاک کاوە، بوورە دەردی پیرییە، گلەییم لێ ناکرێت، ناو خورجەکەم ئەوەندەی تێدا بوو. بام ئیتر نۆرەی ئێوە– لاوەکانمان بێت، بە نووسین پەڵە و توانجی بێگانە بسڕنەوە. ئەوەی فەرمووتانە با ڕاست بێ. هیوادارم لەمەودوا لەسەر پەیڕەوی ئێوە و زاخاوی مێشکم، نووسینی ڕێكوپێکمان بخوێننەوە، بەڵام (چیم دی) تەنیا چیم دییە، نەك مێژووی کورد و کوردستان.

کاك کاوە، ئاواتەکەم هاتەدی، لە خوێندنەوەی یەکەم جاردا نووسینەکەت بە لامەوە ئەوەندە بەڕێز و بەجێ بوو، لە جاری دووەمدا وامئەزانی خۆت بەرامبەرم دانیشتوویت. تێگەیشتم کە خوێندەوارەکانمان نووسینە کوردییەکان ئەخوێننەوە، ڕەنجی نووسەر بەباناچێت، چونکە سەد ساڵ ئاسن لە ئاوا بێت، بەبێ سوورکردنەوە نابێت بە پۆڵا. نووسینیش بەبێ ڕەخنە، نرخ پەیدا ناکات. ئەمەیش وەڵامی من بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی لە کتێبەکەی (چیم دی)ی منت گرتبوو. زۆر جێی بەختیارییە کە خوێندەوار و نووسەرەکانمان هەمیشە بێنە کۆڕی نووسین و ڕەخنەگرییەوە.

لە لاپەڕە (٥٧)دا وتوومە: بەپێی بینین و بیستن (چیم دی)م نووسیوە. لە لاپەڕە (٧٩)دا وتوومە: ((نزیکەی ١٠ فڕۆکە لە چیاکانی هەورامانەوە بە گوللەی تفەنگی کورد خرایە خوارەوە و سووتا، فەرماندەکەیان "ڤیتس گیڤن" کوژرا)). جا ئەگەر ئەحمەد بەگی ڕیشێن کوشتبێتی، یان یەکێکی تر، لە گەرمەی جەنگدا کوژرا و

* گۆڤاری "بەیان"، بەغدا، ژمارە ٥، کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل٥٠–٥١، ٥٣.

کورد کوشتی. بەڵام نەمبیستووە ئەحمەد بەگ لەسەر مافی کورد بەرامبەر بە ئینگلیز چووبێتە جەنگەوە و ئینگلیز بکوژێت، نەیشموتووە شێخ فەرەج کوشتوویەتی. ڕەنگە ئەمانە سەرۆك بووبن، نەك ئینگلیزکوژ. عەلی کەڕەنێڵ لە کوێ دائەنیشت، لە کاتێکدا حامید بەگ بە ناوی حکوومەتی کوردستانەوە قایمقامی هەڵەبجە بوو، لە سەربانەکەیانا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد، هاوکاری و هاوبەشیی ئەحمەد بەگی ڕیشێن چی بوو؟

لە بیرمە ڕۆژێك لاوێکی بەگزادەی جاف هات بۆ لای شێخ مەحموود، زۆر ڕێزی لێ گرت، پێی وت: ئیچمە خزمین. پاش ماوەیەك لێی پرسی: ئێستاش ئەحمەد بەگ بە تەنیا چا ئەخواتەوە؟ بەگزادەکە بە زەردەخەنەوە وتی: قوربان، دەستبەردار نابێت. لە دواییدا زانیم ناوی عەلی بەگە و کوڕی ئەحمەد بەگی ڕیشێن. من هەر ئەوەندەم بیستووە، کە ئەمەش پێویستی بە نووسین نییە. تۆ حەز بە ڕاستی ئەکەیت. ئەوەی کۆڵۆنێڵ ڤیتس گیڤنی کوشت، عەلی ناوێك بوو کە ناوبانگی بە عەلی کەڕەنێڵ دەرچووبوو.

لە لاپەڕە (٥٢)دا وتوومە: شەریفوددەولە لە بانە، ڕۆستەم خان لە سەقز، حەمە خان لە بۆکان، سەرداری دا لە سێدارە. ناوی تورکم نەهێناوە. تکایە نووسینەکەت و چیم دی دووسێ جاری تر بخوێنەرەوە، نەوەك ڕەخنەکەت بۆ نووسەرێکی تر بێت.

من خۆم لە نزیك تەواوبوونی جەنگی یەکەمدا، سەردار کە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا سەرفەرماندەی جاندرمەکان بوو، لە سلێمانی بینیومە. تورك لە ١٩١٦—١٩١٧دا لە ئێراندا نەمابوو. خێزانی شێخ مەحموود لە بۆکان و خنکاندنی سەردار لە پاییزی ١٩١٩—١٩٢٠دا بوو. نووسینەکانیش بەبێ دەستکاری لە ڕۆژنامەکانی سلێمانی وە هەندێکیشیان پوختەکەی وەرگیراوە، چونکە ئیملای پێویست نەبوو، وە ئەو نووسراوە بە ئیملای تازەی ئێوە نووسراوە، کە ئەمەیش بە هەڵە ئەزانن.

لە لاپەڕە (٤)دا، ئەو نەشرانە دەستنووسی ئەو نووسەرانە بوو کە لە ڕۆژنامەکاندا بە کوردیی پەتی ئەیاننووسی. ئەو نووسینەی پێش (٥٠) ساڵ کە ئیمڕۆ بووە بە ڕچە و شەقامی مەشقی نووسین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

من خۆم یەكێك بووم لە ئەندامی كۆمەڵ. چیم دی بەس نییە؟ كۆمەڵ یەك كۆمەڵ، ناوەكان لق بوون، بەڵام سەربەست بوون بۆ بزووتنەوە لەو پرۆغرامەدا كە سەرۆك دابینابوو، وە لە ڕێزەی گەلی تورك، كورد، ئێران، عەرەب! ئەویش هەر وەكوو (یادداشت و چیم دی)یە، بە ناوی (سیاحەتنامە)وە ناونراوە.

ئایا دروستە (چیم دی) لە (یادداشت) وەربگرێت، كە هەردووكیان لە یەك ڕێگا و یەك كارەساتدا نووسرابن وە یەك بەڵگە بن بۆ نووسەرانی مێژوو؟! چۆن نازانیت كە مێژووی نەك چەرخی بیستەم، كارەساتی كورد لە پاش باوی ساسانییەكانەوە تا ئیمڕۆ تەواو نەبووە و تەواو نەبووە. ئیتر چۆن مێژوو ئەنووسرێت؟ بۆچی نازانیت تەنیا من و تۆ خوێندەوار و نووسەری كورد نین؟ بە هەزاران یادداشت نووسراوە، ئیتر ئێمەمانان چۆن ئەتوانین بەربەستی مێژوونووسیی سبەینێ بكەین و نووسینەكەمان ناو بنێین مێژوو، مێژووی كورد؟!

زمان و نووسین: ئێستا بە زمانی خۆمان و بەو مەرجەی بخوێنرێتەوە، ئەنووسین و منیش نووسیومە. حەرف عەرەبییە، چاوەڕێی تەو (هیممەت)ی داناكانمان بین، لەبەر ئەوەی لە شێوەی نووسینا ڕەخنە نییە.

لە لاپەڕە (٦)دا، لە ڕەخنەكەتا ((كەمتر نەبێت داوایان ئەكرد))، لەگەڵ ((كۆمەڵ داخرا))، پیشان ئەدەن. توو خوا ئەمە ڕەخنەیە؟ ئەی بۆچی بە تەواوی ڕستەكەت پیشان نەدا؟ لەوە بەولاوە كە گۆڕیومە بە كوردی، ناتوانم بیئاژنم. ئەو نووسراوە هیی نووسەر "جۆرج لنشۆفسكی"یە. تكایە لە خوێندەواران بزانن پێویستی بە (حونجە) هەیە، یان زۆر ڕوونە لە كۆمەڵدا بوون؟ تۆ ئەتوانیت داوای (حونجە) بكەیت، وەكوو (ئەلف سەر ئا، عەین سەر عوو، ذال بەر ذو، مامۆستا أعوذ).

باوەڕ مەكە (چیم دی)م لە هەزاران پارچە كاغەزی ڕەشۆكیی نووسراو كە لە كاتی زۆر سەختەتی و ڕۆژانی شۆڕشەكەدا نووسیبووم، كۆمكردۆتەوە. جگەرەكێشیش نیم، بە بەبادانی دووكەڵی ڕۆژمەنەوە نووسیبێتم! خەیاڵ نییە.

لە لاپەڕە (١٧)دا، لەو ماددانەدا تەنیا ئاواتەكەی كوردم نووسی. كارم چییە بەسەر ماددەكانی بێگانەوە، بۆ ئەوەی نەبێت بە ڕەشبەڵەك وە سروشتی كارەساتەكە

بنكەی ژین
www.zheen.org

به جوانی بمێنێتەوە، نووسیومە. داخەکەم تفەنگت ناوە بە تاریکییەوە. خۆت ئەڵێیت (چیم دی)، کەچی لە باسی مێژوویی لانادەیت. ئەزانیت (چیم دی) بە عەرەبی یەعنی (مذکرات) و (مذکرات)یش یەعنی یادداشت و ئامادەکراو بۆ مێژوونووسی؟! ئایا نووسینەکانی "ئەلیا چەلەبی"ت خوێندۆتەوە، کە بووە بە بەڵگەی مێژوویی کە مەبەس لە نفووسە؟ عەرەب لە تورك زیاترە و لەو کاتەدا مەجلیسی نیابی حەل بووە.

لە لاپەڕە (٢٠)دا، لە ژێر ناونیشانی (نەزانرا هێشتا بێوڵەتی کوردی بەرنەداوە)، ئەم دوو ماددەیە:

١. لەسەر بڕیار و بەڵێنی ئازادی لە لایەن بەریتانیاییەکانەوە،

٢. بەبێ جەنگ و بەرگری لەسەر نامەکان لە لایەن شێخ مەحموودەوە بەڵێن درا.

ڕەنگە لاپەڕەکان بە یەکەوە نووسابن، پێشەکییەکەی نەخوێندۆتەوە کە ئەو نامەیە داوای ئازادییە و ئینگلیز بەڵێنی داوە. نەمزانی (چیم دی) بە شێوەی جافی بنووسم.

لە لاپەڕە (٤٥)دا، من وێنەی نامەکە و قسەی کابرام بەبێ کەموزیاد نووسیوە. ئەبووایە پێشەکییەکەی پیشان بدەن، نەك ڕیشەکێشی کەلیمە، وە لە پاش ئەو قسانە، من بەجێم هێشوون تەنیا بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە ون نەبێت، پادداشتە! ئەوەی من بیستوومە، وتی: ٣ چاپگ دایانمێ (نامەکە) کە بیبەم بۆ موشیر ئاغا، وتیان بلێ خواردن ناچێت. من بەجێمهێشتن. ئەی چی بنووسم؟

لە لاپەڕە (٤)دا، نازانم ئێوە بە شیعر ئەڵێن چی؟ وا من وتوومە وتار، ئایا لە گەڕەکی ئێوە ناوێکی تری هەیە؟

لە لاپەڕە (١٠)دا، ((گەلە موسڵمانەکان)) گەلی کورد، گەلی تورك، گەلی ئەلبان، گەلی عەرەب، .. بۆچی موسڵمان و گەل کە (کان) ئاوێتە کرا، بڵێیت گەلە موسڵمانەکان هەڵە ئەبێت؟ لە پێشەوە وتراوە (خەلیفەی ئیسلام، هەموو ئیسلام))، ئیتر بۆچی ناشێت بوترێت گەلی ئیسلام؟!!

دووبارە لە لاپەڕە (٤)دا، ڕەخنەکە وتوومە ((شێخ مەحموود دوژمنی خوێنڕێژ و خوێن ڕژاندن بوو، هەموو ژیانی خۆی لە بەربەرەکانیی کوردا بەسەربرد))، بام خوێندەوارەکانمان ئەم پارچەیە بە تەواوی لە (چیم دی)دا بخوێننەوە. ڕەنگە کاکی

ڕەخنەگر لە عەرەبی و ئینگلیزیدا زۆر شارەزا بێت و تەفسیر بزانێت. ئایا ئەوە ناگرێتەوە کە شیخ مەحموود ئاشتیخواز بوو لە تووشبوونی کوردا بەرامبەر بە بێگانە، بە بەربەرەکانی ژیانی خۆی بەسەربرد. ئەی کێ جەنگی شوعەیبەی کرد؟ کێ ڕووسی لە (ئاشی بارام) و (پێنجوێن)دا دەرپەڕاند؟ کێ تورکی دەرکرد؟ کێ ئارامیی لە ئینگلیز بڕی و لە کوردستان‌دا نەحەسانەوە؟ کورد نەبوو؟ سەرۆکیشمان هەر شێخ مەحموود نەبوو؟ بەرەبەرکانی، جەنگ و جیدال ناگرێتەوە؟

جا ڕەخنەکانی لە لاپەڕە (٤ و ١٠ و ١١)ی (چیم دی) ئەخەمە پێش چاو و بڕیاری هەموو خوێندەوارەکانمان:

لام وایە وەك من بە خۆشی و بەختیارییەوە هاتم بەپیر نووسراو وە ڕەخنەکانتەوە، تۆیش هەر وا بیت. تەنیا تکام ئەوەیە، قسەی ئەم مامەی خۆت لە بیر نەچێتەوە، بە تەواوی لە نووسین تێبگە، ئەو کاتە لێی بدوێ.

لەبەر ئەوەی ئاوات و ئارەزووتان بڵاوکردنەوەی ناوی ئەحمەد بەگی ڕیشێنە، زۆر حەز ئەکەم لە بابەت کردەوە و جەنگەکانیەوە کە بەرامبەر ئینگلیز کردوویەتی، نامیلکەیەك یا نووسینێك بنووسن. وە بێجگە لە من، لە ڕیش‌سپییە ئاگادارەکان بە ناو پیشان بدەن، چونکە ئەبێت بە سەربەرزیی کورد و بە تایبەتی مێژووی بەگزادەی جاف.

بنکەی ژین
www.zheen.org

من ناوی شێخ مەحموودم بە کوردەوە گەورە نەکردووە، ناوی کوردم بە شێخ مەحموود بەرز کردۆتەوە. ڕەنگە لەم فەلسەفەیە ڕەخنە نەگریت، چونکە پا وەسمان پاشا و مەحموود پاشا ئەو جافە مەزنە پووکایەوە. ((نووسین بە ڕەخنە پوخت ئەبێت)).

١٩٧٠/٥/٢٦

## (٣)

### ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی هەندێك لە باسەکانی چیم دی[*]

**هەڵۆ**

(لە ژمارە ـ٣ـی گۆڤاری (بەیان)دا بە ناوی "کاوە"وە کە ڕەخنە لە (چیم دی) گیرابوو، بە ڕاستی ڕەخنەکە لە جێی خۆیەتی و منیش ئەمەوێت لەبارەی هەندێك لە باسەکانی (چیم دی) بۆ خوێندەواران ئەمە ڕوون بکەمەوە.)

لە پێشەوە با لە مێژووەکەی "ئەمین زەکی بەگ"ی خوالێخۆشبوو وردبینەوە کە باسی دەوری حوکمدارێتیی شێخ مەحموودی نەمری بەم چەشنە کردووە. لە گۆشەیەکی کوردستانی جنووبیدا، بە موعاوەنەتی ئینگلیزەکان ئیدارەی مەحەللی دامەزرا، کە باش ئیدارە نەکرا و تێکچوو. مامۆستا ساڵح قەفتانی خوالێخۆشبوو کە خۆی ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو دەورە بوو، کەچی لە مێژووەکەیدا بە کورتی لـێی دوواوە، ئەبووایە مێژوونووسەکانمان ئەوەیان بۆ گەلەکەمان ڕوون بکردایەوە کە ئەو ئیدارە مەحەللییەی پێمان بەخشرابوو، بۆچی و لەسەر چی تێکچوو؟ بۆ ئەوەی لە ڕاستییەوە زانیاری لـێ وەربگیرایە.

بیستم ئەم کارە کاك "ئەحمەد خواجە" بەجێیهێناوە و بە ناوی (چیم دی)یەوە کتێبێکی دەرکردووە و بە دوورودرێژی باسی دەوری حکومدارێتیی شێخ مەحموودی تێدا

---

[*] گۆڤاری "بەیان"، بەغدا، ژمارە ٥، کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل٣٦–٣٨؛ ژمارە ٦، ١٩٧٢.

"هەڵۆ"، وەك لە زمانی خاتوو "خەرامانی کچی فوئاد مەستی"م بیستووە، ڕەحمەتی "فوئاد مەستی"ی باوکیەتی. جگە لەوە، دوو خاڵی دیکەیش بەڵگەیە کە هەر ئەو زاتەیە:

١) وەك خۆی نووسیویە: لە ڕووداوەکانی ١٩١٩ و سەردەمی مێجەر سۆندا لە دەرەوە بووە. ڕاست وایە، چونکە لە شەڕەکانی یەکەم جەنگی جیهانیدا بە دیل گیراوە و لە ڕووسیا بووە (بڕوانە: ك، صفحات من الماضي يرويها الاستاذ فؤاد مستي، جريدة "التآخي"، بغداد، العدد ١٥٨٢، ٢١ كانون الثاني ١٩٧٤.

٢) باسی ئەوەی تێدا کردووە کە براکەیشی لە شێخ مەحموود جوێبووەتەوە و بەرەی شیچخ مەحموودی بەجێهێشتووە. ڕاست وایە، ئەوە "تۆفیق وەهبی بەگ"ی برایەتی کە زووتر لەوێ نەماوە و بە هاوکاریی حەپسەخانی نەقیب چووەتە بەغدا.

بۆیە بە هەموو دڵنیاییەکەوە ئەوە "فوئاد مەستی"یە.



بنکەی ژین
www.zheen.org

کردووه. زۆرم پێ خۆش بوو، چونکه خۆیشم هەندێك زانیاریم هەیه لە ڕووداوەکانی ئەو دەورە و ماوەیەکیش لەگەڵیانا بووم، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییەم بە کەموکووڕی نەمێنێتەوە، کتێبەکانم کڕی. لە پاش خوێندنەوەیان، بۆم ڕوون بووەوە کە باسی ئەو ڕووداوانەی لە (چیم دی)دا نووسرابوو، زۆری لە ڕاستییەوە دوورە و پچڕپچڕە و ئەوەی بە بیریا هاتووە و بۆ خۆی بە باشی زانیوە، تێهەڵکێشی ڕووداوەکانی کردووە و هەوڵی داوە وەکوو ئەمارەتەکانی پێشووی کورد نرخێکی مێژوویی بداتێ. بەڵام لەبەر ئەمەی لە ڕاستی لای داوە، جووڵانەوەی دەوری حوکمدارێتیی "شێخ مەحموود"ی کردووە بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی و ناوی ناوە (چیم دی).

باسەکانی (چیم دی) بێجگە لەو فەرمانانەی لە کاتی حکومداریەتیی "شێخ مەحموود"دا لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوئەکرایەوە، بێجگە لەوە، باسەکانی تری لەو بارەیەوە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. لە لای هەموو کوردێك ئاشکرایە و شکی تێدا نییە کە شێخ مەحموودی نەمر نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی گەلەکەی بوو و شکی تێدا نییە کە هەموو ماڵ و سامانی خۆی لە ڕێی ئازادیی گەلەکەیدا بەخت کردووە. ئێستاکەیش کاك ئەحمەد خواجە ئەیەوێت لە خوێندەواران بگەیەنێت کە باسەکانی (چیم دی) واقیعی و ڕاستە، بەڵام کە سەرنج ئەدەیتە باسەکانی (چیم دی)، چەوتی و ناڕاستیت بەرچاو ئەکەوێت. وەکوو لە لاپەڕە (٥٢)ی بەرگی یەکەمدا ئەمە نووسراوە: ((حەمەخانی بانە و ڕۆستەم خان و سەرداری بۆکان لەبەر ئەوەی میوانداریی خێزانی شێخ مەحموودیان کردووە، لەسەر فەرمانی ئینگلیزەکان شەریفوددەولە لە ئێرانەوە هاتووە ڕۆستەم خانی لە بانە و حەمەخانی لە سەقز و سەرداری لە بۆکاندا کردووە بە دارا و خنکاندویەتی)).

لێرەدا کاك ئەحمەد خواجە ئەم ڕووداوەی هەڵگێڕاوەتەوە و لە ڕاستی لایداوە، حکوومەتی ئێران تەنها ڕۆستەم خانی خنکاندووە و ئەڵێن لەبەر ئەوە بووە میوانداریی خێزانی شێخ مەحمودی کردووە، بەڵام خنکاندنی حەمەخانی بانە و سەیفەدین خانی سەقز و سەرداری بۆکان لە کاتی شەڕی بەینی عوسمانی و ڕووسدا بووە، کە بەم جۆرە بووە: لەساڵی ١٩١٤دا لە دەمەدەمی پایزدا، ئەفسەرێکی تورك کە ناوی "ئەرکان ئیبراهیم

بنکەی ژین
www.zheen.org

حیلمی نابلوسی" بووە، بە هێزێکی ٧٠٠ کەسییەوە ڕووئەکاتە ئێران، لە بانەدا "حەمەخان"ی خنکاندووە و لە پاشدا ڕووئەکاتە سەقز "سەیفەدین خان" لەگەڵ خۆیدا هەڵئەگرێت و بەرەو شاری (مەراغە) ئەکەوێتە ڕێ و خەبەریش ئەنێرێت بۆ سەرداری بۆکان بۆ چاوپێکەوتنی بێتە شاری (مەراغە). کە لەوێ کۆئەبنەوە، ئەرکان فەرمان ئەدات لە (مەراغە) هەردووکیان ئەکەن بە سێدارەدا و وەکوو ئەڵێن خنکاندنی ئەم سێ سەرۆکە کوردە لەبەر ئەوە بووە کە پەیوەندییان هەبووە بە حکومەتی ڕووسەوە. بەڵام خێزانەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩دا بەرەو ئێران ڕۆیشتوون. بەم جۆرە دەرئەکەوێ کە لە بەینی ٩١٤و ٩١٩دا چوار ساڵ جیاوازی هەیە، کەچی (چیم دی) خنکاندنی حەمەخانی بانە و سەرداری بۆکان ئەباتەوە ساڵی ١٩١٩.

ناردنی نوماینده بۆ لای سمکۆ:

بە داخەوە ئەڵێم: کاک ئەحمەد خواجە تاوی داوەتە ناڕاستی و بە هیچ جۆرێك لێی ناگەڕێتەوە. لە لاپەڕە ٦٣-٦٤ی بەرگی یەکەمدا هاتووە کە؛ جەمال عیرفان نوماینده‌ی ڕێکخستووە لە ڕەشید جەودەت و عارف سایب و ناردوونی بۆ سەقز بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەیید تەهادا بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی مێجەر سۆن و ئینگلیزەکانی سلێمانی. لەم باسەدا، سەرم سووڕما، هەرچەند لە ساڵی ١٩١٩دا لە دەرەوەی عیراق بووم و لە ڕووداوەکانی کاتی حاکمییەتی مێجەر سۆن ئاگادار نەبووم، بەڵام کە هاتمەوە سلێمانی لەم و لەو هەندێك زانیاریم وەرگرت و لە هیچ کەسێکم نەبیست لە لایەن جەمال عیرفانی خوالێخۆشبووەوە نومایەندە نێررابێت بۆ لای "سەیید تەها". بۆ ئەوەی بەتەواوەتی بۆم ڕوون بێتەوە و دڵنیابم، پرسیارم لە کاك ڕەشید جەودەت کرد و بە نامە وەڵامی دامەوە و ئەڵێت ئەم باسەی (چیم دی) نووسیویەتی ڕاست نییە و بێئەساسە، بەڵام ڕەشید جەودەت دووجار سەری لە ئێران داوە؛ یەکەم جار، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٢دا چەند هەڤاڵێك بووین بڕیارمان دا یارمەتیی سمکۆ بدەین و لە شۆڕشەکەیدا هاوکاری بکەین و بەرەو ئێران ڕۆیشتین. کاك ڕەشید جەودەت و عارف سایبی خوالێخۆشبوومان لەگەڵدا بوو. کە گەیشتە بۆکان، عەلی خانی کوڕی سەردار پێشوازی و میوانداربیەکی باشی کردین، لە مەیانەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

گفتوگۆدا، لە بارەی سمکۆ و شۆڕشەکەی پرسیار کرا، عەلی لە وەڵامدا وتی: تەنها ئەم شەو ئەتوانم میوانداریتان بکەم، لەبەر ئەوەی تووشی گێرمەوکێشە و ئازار نەبم، بۆ بەیانی بۆکان بەجێئەهێڵم، چونکە لەوانەیە سوپای ئێرانی سبەینێ بگاتە بۆکان و بەپێی ئەو بەیاننامەیەی کە وەزیری جەنگی ئێرانی بڵاوی کردۆتەوە، لەشکری سمکۆ تەفروتوونا بووە و دێهاتەکانی شوکاك سووتێنراوە و تاڵان کراوە و سمکۆ سەری خۆی هەڵگرتووە و نەزانراوە ڕووی کردووەتە کوێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەوگوڕەشەی کردۆتە سەر سەرۆکی عەشیرەتەکانی کورد و وتوویەتی بێت و لە دژی حکوومەت بجووڵێنەوە، هەروەکوو سمکۆتان بەسەردا ئەهێنم.

ئێمەش کە ئەم باسەمان لە عەلی خان بیست، چارمان نەما و بۆ بەیانی گەڕاینەوە بۆ بانە و بۆ چەند ڕۆژێك لەوێ حەساینەوە. لەو ماوەیەدا خەبەرێکمان وەرگرت کەوا ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێهێشتووە و ئیدارەکەی دراوەتە دەست شێخ قادری حەفیدی خوالێخۆشبوو. لە پاش سێ ڕۆژ، خۆمان گەیاندەوە سلێمانی. جاری دووەم، لە ساڵی ١٩٢٣دا ڕەشید جەودەت لەگەڵ سمکۆدا گەڕایەوە بۆ ئێران. وەکوو لە پێشەوە باسم کرد، ڕۆیشتنی ڕەشید جەودەت و عارف سایب بەم چەشنە بوو، نەك وەکوو (چیم دی) کە بە خەیاڵ کردوونی بە نومایەندە و ناردوونی بۆ سەقز بۆ لای سەیید تەها.

**هاتنەوەی شێخ مەحموود لە هیندستانەوە و بوونی بە حوکمدار:**

لە پێش گەیشتنی حوکمدار بۆ سلێمانی، خانووەکەی ئێستای "تۆفیق ئەفەندیی ئاغا فەتحوڵڵا" کە ئەوسا بە ناوی ماڵی حاکمی سیاسی بەناوبانگ بوو، ڕازێنرایەوە و بە سەرۆکایەتیی ئەرکانی حەرب "تۆفیق وەهبی" ئەو ئەفسەرە کوردانەی لە بەغداوە هاتبوون و هەندێکیش لە فەرمانبەران ئامادەکران بە ناوی تەشریفاتەوە و هەر یەکە لەمانە ڕۆزیتییان لە بەرۆك دابوو، کە نیشانەی شادی و ئازادی بوو. ئەم ڕۆزیتە، لە قوماشی سەوز و سوور و سپی دروست کرابوو کە ڕەمزی ئاڵاکەمان بوو. هەروەها لە لایەن ئەشراف و مامۆستایان و قوتابیان و توجاڕ و کاسبەوە، بە گەیشتنی حوکمدار، پێشوازییەکی بە پیادەیی لەژێر تاقی زەفەرەکاندا لێ کرا و گەیشتە بەردەمی دەرگای



بنکەی ژین www.zheen.org

دەرەوەی دیوانی حوکمداریەتی. کە پێی دانایە دالآنەکەوە "هادی سایب"ی خوالێخۆشبوو ڕۆزیتێکی پێشکەش کرد و دای لە بەرۆکی حوکمدار، بە زەردەخەنەوە سوپاسی کرد و بەرەوژوور بووەوە بۆ ژووری حەسانەوە.

لەو کاتەدا مامۆستای خوالێخۆشبوو "ڕەفیق حیلمی" وتارێکی دا و وتی: پێویستە لەسەرمان دەست بدەینە دەست یەك، بە دڵێکی پاك و خاوێنەوە کۆشش بکەین بۆ پێشکەوتن و بۆ سەربەخۆیی گەلەکەمان. داوایشی لە ئینگلیزەکان کرد کە چەوتیمان لەگەڵدا نەکەن و دۆستایەتیی ڕاستیمان پیشان بدەن. لە پاشدا، یەکە یەکە چوونە خزمەت حوکمدار، هەندێکیان دەستیان ماچ کرد وە هەندێکیشیان دەستیان گوشی. بەم جۆرە پێشوازی کۆتایی هات و لە پاش چەند ڕۆژێك بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری حەفید کۆمەڵی وەزیران دانرا، هەروەها فەرماندەش بۆ سوپا دانرا و ماوەیەکی پێ چوو "تۆفیق وەهبی"ش بە ناو کرا بە یاوەری حوکمدار، بەڵام چۆن یاوەرێك! هەر کاتێك بچووایە بۆ دیوانی حوکمداریەتی، لە لایەن یاساوڵەکانی دەرگای دەرەوەی دیوانەوە ڕێی لێ ئەگیرا و هەتا فەرمان دەرئەچوو نزیکەی نیو سەعاتی ئەخایاند، ئەوسا یاساوڵەکان ڕووی ڕەحمەتیان تێئەکرد و ڕێگایان بۆ ئەکردەوە کە بتوانێت بچێتە خزمەت حوکمدار. ئەم کردەوە ناشرین و نابەجێیانە هەمووی سووچی چەڵکاوخۆر و تورکخواهەکان بوو، بۆ مەرامی خۆیان دیوانی حوکمداریەتییان تەنیبوو وە نەیانئەهێڵا هیچ کەسێك بە تەنیا چاوی بە حوکمدار بکەوتایە، کە پێویست بوو لە وەزیرە تێگەیشتووەکان و خوێندەوارە نیشتمانپەروەرەکان بۆ هەڵسووڕانی کاروباری حکوومەتە ساواکەمان و بۆ گەشەپێدانی لە هەموو بارێکەوە بە سەربەستی بیانتوانیایە چاویان بە حوکمدار بکەوتایە و لەگەڵیا وتووێژیان بکردایە.

داخەکەم ڕێگا لەم چەشنە مرۆڤە دڵسۆزانە گیرابوو، بەڵام بۆ تورکخواهەکان ڕێی توانایان بۆ کرابووەوە وە بە سەربەستی پڕوپاگەندەیان ئەکرد و مێشکی گەورە و بچووکی دانیشتووانی شارەکەیان بەم جۆرە پڕئەکرد، کە گوایە ویلایەتی مووسڵ (مووسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی) بە شەڕ داگیرنەکراوە و بەپێی پەیمانی دووەلی ویلایەتی مووسڵ ماڵی حکوومەتی تورکە و ئەدرێتەوە بە تورك و لەو کاتەیشدا باسێکی تر

لەناو شاردا بڵاوبووبووەوە کەوا چەند مرۆڤێکی تورك بۆ گفتوگۆکردن هاتوون بۆ سلێمانی و لە ماڵی حوکمدار میوانن. ئەم خەبەرە کاری کردبووە دانیشتووانی سلێمانی، چونکە ئەو دەرد و ئازار و چەرمەسەرییەی کە بەدەست تورکەوە کێشابوویان، لەبیر نەچووبووەوە و هەروەکوو خۆڵی مردوویان بەسەرا کرابێ، ماتەمینی دایگرتبوون و پەشۆکابوون و کەوتبوونە دەریای خەفەتەوە. بێجگە لە مەترسیی هاتنەوەی تورك، خەبەری کوشتنی جەمال بەگی عیرفان ئەمەندەی تر دانیشتووانی شارەکەی سەرسام کرد. هەرچەند لێیان ئەکۆڵییەوە و لـێی وردئەبوونەوە، بۆیان ساغنەئەبووەوە لەسەر چی کوژراوە، چونکە جەمال عیرفانی نەمر گەل و نیشتمانەکەی خۆشئەویست و لەگەڵ نیشتمانپەروەرە هەڤاڵەکانیا هەوڵیان ئەدا و بەربەرەکانییان ئەکرد کە دەستی ناپاك لە حکوومەتە ساواکەمان دووربخەنەوە. تاوانبارەکان هەستیان کرد بەربەرەکانییان ئەکرێت، بڕیاریان دابوو بکەونە کوشتنی چەند خوێندەوارێکی نیشتمانپەروەر.

ئەوەبوو سەر لە ئێوارەیەك ئەم تاوانەیان کرد و لەناو ماڵ و منداڵی خۆیدا جەمال عیرفانیان کوشت. بە داخەوە ئەڵێم کاربەدەستانی حکوومەتی سلێمانی هەوڵ و تەقەلایەکی بەهێزی نەخستە کارەوە بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکان. ئیتر هەڤاڵە هاوبیرەکانی جەمال عیرفانیش هەستیان کرد و بۆیان ڕوونبووەوە کە تووشی ئازار ئەبن، هەندێکیان کەوتنە هەوڵدان بۆ پاراستنی خۆیان و هەندێکیشیان خۆیان لە سلێمانی دوورخستەوە، هەروەکو "عەبدولقادر سەعید" کە بە "قالەی ئایشەخان" ناوبرا، هەڵهات و خۆی گەیاندە کەرکووك و کاك ڕەشید جەودەت خۆی دایە پەنای سمکۆ و دەرباز بوو، چوو بۆ ئێران و "تۆفیق وەهبی"ش بە پشتیوانی و یارمەتیی حەپسەخانی نەقیبی خوالێخۆشبوو ڕزگارکرا و گەیشتە بەغدا. ئەم کارەساتە خوێناوییە جۆشی بە دانیشتووانی شارەکە دابوو، لەعنەتی ئەو مرۆڤە جانەوەر و دڕندانەیان ئەکرد ئەم کارەیان کرد. تاوانبارەکان لەم کارە خوێناوییەی کە کردیان، سڵەمینەوە و بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن وازیان لە کوشتن هێنا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

چۆڵکردنی سلێمانی:

کاک ئەحمەد خواجە ئەزانێت کە ئەو کەسانەی لە (چیم دی)دا باسی کردوون و ناوی هێناون، تەنها کاک ماجد موستەفا و کاک یوونس عەبدولقادر نەبێت، ئەوانی تر هەموویان کۆچی‌دوایی‌یان کردووە و نەماون، ئیتر هەلی بۆ هەڵکەوتووە و مەیدانی بۆ بەرەڵا بووە و ڕەخنەگری نەماوە. ئەوەی بە بیریا هاتووە، پێنووسەکەی لایەنگرانە بەکارهێناوە و لە ڕاستی لایداوە، وەکوو لە بەرگی دووەمی (چیم دی)دا لە لاپەڕە (٨، ٩، ١١، ١٣)دا ئەڵێت: لە کاتی ڕۆیشتنی شێخ مەحمود بۆ دۆڵی سووورداش، بۆ پارێزگاریی شاری سلێمانی و دەرەوەی هاتووە و هێزی سوپای ڕێکخستووە و میلاکی هێزی کوردستانی بەم چەشنە پیشان داوە کەوا بێجگە لە سوپای نیزامی، عەشایری بە (٥) هەزار چەکدار خەمڵ کردووە و ئەم هێزانەی لە نوقاتی ستراتیژیدا دابەش کردووە، بۆ ئەوەی لە هەر لایەکەوە دوژمن دەرکەوێت پەلاماری بدرێتێ.

بەڵام بە داخەوە ئەڵێم: ئەو لەشکرە دوشمنەی لە کەرکووکەوە هاتبوو، بەبێ تەقە گەیشتبوونە سلێمانی و ئەو (٥) هەزار چەکدارەش لەو نوقاتانەدا دایمەزرانبوون و ئامادەی کردبوون، نەزانرا لە کاتی هاتنی دوژمندا لە کوێ بوون و بۆ کوێ چووبوون (وەڵامی ئەم پرسیارە، خاوەنی چیم دی ئەیزانێت). دیسانەوە (چیم دی) ئەڵێت: کە سلێمانی چۆڵ کرا، (٧٠٠) چەکداری سوارە و پیادە بۆ ئاسایش و ئاگاداریی شاری سلێمانی لە فەرماندەی سەیید ڕەزا و سەیید ڕەئووف و یوونس عەبدولقادر بەجێما. جا لە بارەی ئەم تەرتیباتەی کە کرابوو بۆ ئاسایشی شارەکە، بۆ زانیاری پرسیارم لە کاک یوونس عەبدولقادر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وت: من تۆم دی بە بەندی ڕەوانەی ڕانیە کرایت، کەچی لە (چیم دی)دا، فەرماندەی (٧٠٠) چەکدار بوویت بۆ پارێزگاریی شاری سلێمانی،بەوە ئەڵێی چی؟ کاک یوونس، لە وەڵامدا وتی: لە کاتی چۆڵکردنی سلێمانی‌دا، نە فەرماندە بووم و نە (٧٠٠) چەکدارم دیوە. ئەو باسانەی کە لە (چیم دی)دا نووسراوە، زۆری ڕاست نییە، کە وابوو با بەسەرهاتی خۆمی بۆ بگێڕمەوە و منیش ئەوەی لە دەمی کاک یوونسم بیستووە، بۆ خوێندەوارانی بەڕێزی بڵاوئەکەمەوە:

بنکەی ژین www.zheen.org

پاش ئەوەی شێخ مەحمود بوو بە حوكمداری كوردستان، بە مانگێك كاك یوونس بەبێ سووچ و تاوان ئەخرێتە بەندیخانەوە و ماوەیەك بە بەندی ئەمێنێتەوە، لە پاش هەوڵ و تەقەلایەكی زۆر ڕزگاری ئەبێت و لە ماڵی خۆیدا دائەنیشێت. لە پاش چۆڵكردنی سلێمانی و ڕۆیشتنی شێخ مەحموود بۆ دۆڵی سوورداش، هەندێك لە ئەشراف و توجارِ و كاسب لە دایەرەی سیاسی كە ئێستا بازاڕی عەسرییە، كۆئەبنەوە بۆ پارێزگاری و ئاسایشی شاری سلێمانی. لە كاتی وتووێژدا "شێخ محەمەدی گوڵانی" هەڵئەداتێ و ئەڵێت: ((لە بیرمان نەچووەتەوە، كە ئینگلیزەكان شاری سلێمانییان بەجێهێشت، ئەوەبوو شارەكە پڕبوو لە عەشایر و دێهاتی و مەترسی كەوتبووە ناو دانیشتووانی شاری سلێمانییەوە و هیچ كەسێك بە تەمای سەر و ماڵی خۆی نەبوو. لەو كاتەدا، كاك یوونس عەبدولقادر فەرماندەی سوپای لیڤی بوو، كە ئەبینێت وا شیرازەی ئاسایشی شارەكە تێكچووە و بووە بە پاشاگەردانی و بە شەو لە هەموو گۆشەیەكی سلێمانیدا تەقوتۆقی تفەنگە، هات سەربازەكانی ژێر دەستی پۆل پۆل دابەش كرد بە شارەكەدا. شەو و ڕۆژی لە خۆی و سەربازەكانی تاڵ كردبوو بۆ ئارامگرتن و ئاسایش و پاراستنی دانیشتووانی شارەكە لە دەستدرێژیی پیاوخراپ. ئێستا كاك یوونس بێ ئیشوكارە، بنێرن بە شوێنیا هاوكاریمان لەگەڵدا بكات)).

ئەم پێشنیارە پەسند كرا و ناردیان بەشوێنیا و تكایان لـێ كرد بە واجبی بزانێ و هاوكارییان لەگەڵدا بكات. كاك یوونس ئەم كارەی بە خزمەت زانی و بەڵێنی داینێ، بە مەرجێك لیژنەیەكی (١٢) كەسی دابنرێت بۆ پێكهێنانی ئەم كارە كە پێویستە بۆ ئاسایشی شارەكە بكرێت. بڕیار درا ئەم لیژنەیە بۆ ڕۆژی دوایی دەست بكات بە ئیشوكار، بەڵام لیژنەكە بە ڕێكوپێكی كۆنەئەبووەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لێیان كەم ئەبووەوە. لەسەر ئەم ناڕێكییە كاك یوونس پێیان ئەڵێت: ((بەم چەشنە بجووڵێنەوە، هیچ كارێكی وامان پێ ناكرێ سوودی هەبێ)).

لەم وتووێژانەدا ئەبن، لە پۆستەخانەوە داوای كاك یوونس ئەكەن كەوا لە كەركووكەوە مێجەر ئادمۆنس بە تەلەفۆن داوای كاك یوونس ئەكات. كاك یوونس ئەڕواتە پۆستەخانە و لەگەڵیدا ئەكەوێتە قسەكردن. مێجەر ئادمۆنس لە وەزعی سلێمانی پرسیار

بنكەی ژین
www.zheen.org

ئەکات و ئەڵێت پێویستە ئاسایشی شارەکە بپارێزن. کاک یوونس لە وەڵامدا تێیئەگەیەنێ کەوا بێدەسەڵاتە و هێزێکی وای لەگەڵدا نییە ئەم کارە بەجێبهێنێ. مێجەر ئادمۆنس داواکردنەکەی دووبارە ئەکاتەوە و ئەڵێت: هەرچۆنێك بێت لەگەڵ دانیشتووانی شارەکەدا هاوکاری بکەن، هەتا ئێمە ئەگەڕێینەوە، وا بزانە بەم زووانە لاتانین.

پاش ئەم قسانە بە دوو ڕۆژ کاك یوونس دووبارە ئەچێتەوە پۆستەخانە کە لەگەڵ "مێجەر ئادمۆنس"دا گفتوگۆ بکات، لەپڕ پێنج چەکدار خۆیان ئەکەن بە پۆستەخانەکەدا و پەلی ئەگرن و پێش خۆیانی ئەدەن و لە شار دووری ئەخەنەوە و هەرچییەکی پێ ئەبێت وەکوو پارە و دەمانچە و سەعات لێی ئەسێنن و بە بەندی ڕەوانەی ڕانیە ئەکرێت. ئەمە بوو بەسەرهاتەکەی کاك یوونس، کە زۆر سوپاسی کاك ئەحمەد خواجەی کرد لە بەندییەوە پایەبەرزی کردووە و کردوویەتی بە فەرماندەی (٧٠٠) چەکدار. سەیید ڕەزاش هەروەکوو کاك یوونس چاوی بە (٧٠٠) چەکدارەکەی ئەحمەد خواجە نەکەوتووە، چونکە لە کاتی چۆڵکردنی سلێمانیدا، سەیید ڕەزا ئامیر هێزی ناوچەی چەمچەماڵ بووە و خۆشم و "ڕەمزی عەبدولکەریم" و "ڕەشید عەبدولکەریم" لەگەڵیا بووین. سەیید ڕەزا پیاوێکی توندوتیژ بوو، سەربازەکانی خۆیان حەزیان لێ نەئەکرد و لەگەڵیا نەئەگونجان. لەپاش چۆڵکردنی سلێمانی بە چوار ڕۆژ، ئێمە چەمچەماڵمان بەجێهێشت و بەرەو دۆڵی سووررداش کەوتینە ڕێ. کە گەیشتینە دێی تەڕەمار، سەربازەکان لەگەڵ سەیید ڕەزادا تێکچوون و لێمان یاخی بوون، ئێمەیان بەجێهێشت و خۆبەخۆی خۆیان ڕۆیشتن بۆ ناوچەی سووررداش و ئێمەش شەوێك لە تەڕەمار ماینەوە و بۆ بەیانی گەیشتینە دێی گێچینە، لە دێیەکەدا تایەری ئەمینی ئەفەندی و سەیید ڕەئووف و سەیید محەمەدی موفتیی لێ بوو.

من لەوێوە نێررام بۆ لای خالید سەعید، کە فەرماندەی هێزی ناوچەی دێی جاسەنە بوو. کە گەیشتمە جاسەنە، چاوم بە ئەحمەد فەهمی کەوت، کە ئەویش لای خالید سەعید سەرپەل بوو، لەگەڵ ئەحمەد فەهمیی خوالێخۆشبوودا هێزەکەمان ڕێك-خست، لە جێگا بەرزەکانی ئەملاوئەولای دێی جاسەنە سەربازمان تێدانا و هەندێك سەربازیشمان ناردە ئەشکەوتی جاسەنە، هەموو ڕۆژێك سەرمان لێ ئەدان. ڕۆژێك

نێکەی ژین
www.zheen.org

نزیکی ئێوارە بوو، لە ئەشکەوتەکە ئەگەڕاینەوە. کە نزیك دێیەکە بووینەوە، هاوار ئەکرا دەنگی فڕۆکە دێت. لەگەڵ "ئەحمەد فەهمی"دا بە گورجی خۆمان گەیاندە قەرەقاچەکانی بەردەمی دێیەکە و خۆمان بە زەویدا دا. بەرزیی ئەم قەرەقاچانە نزیکەی حەفتا سانتیم ئەبوو. ئەمەندەی پێ نەچوو عیززەت نەجیبی خوالێخۆشبوو، لەگەڵ ئەحمەد خواجەدا، بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە لای ئێمە و وتیان چی بکەین و خۆمان چۆن پەنهان بدەین؟ پێمان وتن هەروەکوو ئێمە خۆتان درێژ کەن. فڕۆکە لە بەینی سێ و چوار ڕۆژدا لێی ئەداین، بە ڕاستی حەیشی پێ تاڵ کردبووین. بەم چەشنە بیست ڕۆژێکمان بردە سەر، ئەوە بوو لە قەمچووغەوە فەرمانمان بۆ هات کە بارەگا لە قەمچووغەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی جاسەنە. ئێمەش لەسەر ئەم فەرمانە، سەربازەکانمان لە ئەشکەوتەکە کێشایەوە و ئیتر ئەشکەوتی جاسەنە بوو بە دیوانی حوکمداریەتی و بارەگای سوپا. لەگەڵ "ئەحمەد فەهمی"دا هەروەکوو جاران پارێزگاریی ناوچەکەمان ئەکرد و بەبێ ئیجازە ڕۆیشتین بۆ ئەشکەوتەکە، قەدەغە بوو. لە پاش هاتنی شێخ مەحموود بۆ ئەشکەوتەکەی جاسەنە بە چەند ڕۆژێك، هەندێك لە بەگزادەکانی هەورامان بۆ دیدەنیی حوکمدار بەرەوژوور بوونەوە بۆ ئەشکەوتەکە. ئەم میوانانە پاش دوو ڕۆژ گەڕانەوە بۆ هەورامان. بۆ وەرگرتنی ئەو پارانەی بۆیان خەرج کرابوو، لیستەی بۆ دروست کرا و درایە دەست من کە لە لای حوکمدار تەسدیق بکرێت.

کە لە ئەشکەوتەکە نزیك بوومەوە، چاوم بە قەڵەباڵغییەك کەوت، وەستابوون و لە لایانەوە کابرایەك کەوتبوو، ئەیناڵان و کابرایەکی کەش لە ئاو هەڵکێشرابوو، بە لیس دارکاری ئەکرا و حوکمدار و حاشییەکەی لە بەردەمی ئەشکەوتەکە وەستابوون و چوومە پێشەوە و سڵاوێکی سەربازیم بۆ کرد و لیستەکەم پێشکەش کرد. بەڵام بە تووڕەییەوە فەرمووی: تۆ لێرە چی ئەکەیت؟ وەکوو براکەت بۆ نەڕۆیشتی؟ هەر ئێستا ئێرە بەجێبهێڵە. لە وەڵامدا، عەرزم کرد: من دەخڵم بەسەر براوە نییە، هاتووم خزمەت ئەکەم. چاك بوو لەم تەنگوچەڵەمەیەدا سەیید محەمەدی موفتی و (سەیید ڕەزا و سەیید ئەحمەدی بەرزنجی کەوتنە فریام و عەرزی حوکمداریان کرد کە تازە لە دیلی هاتوومەتەوە و پەیوەندیم بە ئینگلیزەکانەوە نییە و تکایان لێ کرد بمبەخشێت، خوا

لێیان ڕازی بێت، ڕزگار بووم. لەو کاتەدا دڵم لەسەر سەد لـێی ئەدا و ئەترسام هەروەکوو ئەو مرۆڤانە بخرێمە ژێر لیستەوە. لیستەکە تەسدیق کرا. لە گەڕانەوەدا بووم، گوێم لە دەنگی شێخ مەحموود بوو، ئەمری کرد: دوختۆر نووری بانگ کەن (نووری عەلیی سەیدەلی)، ئەو پیاوانە تیمار بکات. بە ڕاستی لەم فەرمانە سەرم سووڕما، وەکوو لە پاشدا بۆم ساغ بووەوە، ئەو دوو پیاوە سەر بە خۆمانن، بۆ هەندێ ئیش‌وکار نێررابوون بۆ ڕەواندز. هێزی ئۆزدەمیر بە ناوی جاسووسی ئینگلیزەوە گرتبوونی و ناردبوونیەوە بۆ بارەگای ئێمە و لە ڕووی نەزانینەوە تووشی ئەم سزایە بووبوون و بۆم دەرکەوت فەرمانی ئۆیزدەمیری تورك لە بارەگاکەماندا ڕەواجی هەیە. وەکوو لە پێشەوە باسم کردبوو چۆن دیوانی حوکمداریەتی بەدەست تورکخواهەکانەوە بوو وە لەوێشەوە دەستیان خستبووە شۆڕشەکەوە و دەسەڵاتیان بە دەست فەرماندەی سوپای ساڵح زەکی بەگەوە نەهێشتبوو، کە لە تورکخواهەکان تایەر ئەمین ئەفەندیی کاتب مەسرەفی لە دیوانی حوکمداریەتیدا سەرکاتب و خەزنەداریش بوو، پیلانی هاتنی ئۆیزدەمیری بۆ دیدەنیی شێخ مەحموود ڕێكخستبوو، بۆ ئەوەی بە تەواوی شێخ مەحموود بکەوێتە ناو چوارچێوەی سیاسەتی تورکەوە.

ئەوەبوو خەبەری گەیشتنی ئۆیزدەمیر بۆ ئەشکەوتی جاسەنە بڵاوبووەوە و لە لایەن ئەمین ڕەواندزیی خوالێخۆشبووەوە خەبەردار کراین بۆ هێنانی ئەو سەربازانەی سروودی نیشتمانی ئەزانن بۆ بەردەمی ئەشکەوتەکە. کە گەیشتنە ئەشکەوتەکە، دەست کرا بە وتنی سروودی نیشتمانی و بە دەنگێکی زوڵاڵ وترا: بژی مەلیکی کوردستان، ئەم بانگکردنەمان لەناو ئەشکەوتەکەدا دەنگی دایەوە و ویستمان بانگکردن بۆ ژیانی مەلیك دووبارە بکەینەوە، بە گورجی بێدەنگ کراین و بڵاوەمان پێ کرا. بە ڕاستی نەمانزانی بڵاوەپێکردنمان لەسەر چی بوو؟ لەوکاتەدا چاومان بە ئەمین ڕەواندزی کەوت و هەڵیدایە و وتی: فەرماندەی سوپامان ساڵح زەکی لە ترسی ئۆیزدەمیر تاج و ئەستێرەکانی سەر شانی کە نیشانەی کوردبوو، فڕێی دا و ئەبووایە ئێوەش لە سروودوتن بێدەنگ بکرانایە. وا دەرئەکەوێت ئەم خەباتەمان بۆ هێنانەوەی تورکە. جا بە پێویستی ئەزانم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێك کە بتوانێت بەربەرەکانیی

بنکەی ژین
www.zheen.org

تورکخواهەکان بکات و هەوڵ بدات بۆ دوورخستنەوەی شێخ مەحموود لە سیاسەتی تورکەکان. پاش ماوەیەك ئەم کۆمەڵە پێك هات، لە عیزەت تۆپچی و عارف صائیب و ئەمین ڕەواندزی و عەزیز قەزاز و ئەحمەد فەهمی و خۆم.

لەناوماندا عیزەت تۆپچی و عارف سایب هەڵبژێران بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ دوورخستنەوەی تورکخواهەکان لە دیوانی حوکمداریەتی. داخەکەم ئەم هەوڵدانەش سەری نەگرت و لە دیوانی حوکمداریەتیشدا مرۆڤێکی دڵسۆزی تێگەیشتووی نیشتمانپەروەری تێدا نەبوو کە بەرهەڵستی سیاسەتی تورکخواهەکان بکا و بێسڵکردنەوە بە شێخ مەحمود بڵێت: تەنها لوولەی تفەنگ بە مەراممان ئەگەیەنێت، پێویستە دووبارە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گفتوگۆ بکرێت و لە ئینگلیزەکانیش بگەیەنرێت کە ڕێککەوتنمان بۆ هەردوولا سوودی ئەبێت. بەڵام ئێمە هەموو هیوا و توانایەکمان دابووە ئەو چەند چەکدارانەی کە لەگەڵمانا بوون، لەمانەش ڕۆژبەڕۆژ لێیان کەم ئەبووەوە و زۆر لە سەرۆکی عەشیرەتەکان و ئاغا و بەگزادەکان و شێخەکان، هەروەها سوپاهسالار شێخ قادری حەفید و مستەفا پاشا و وەزیرە هەڤاڵەکانی، لەدوای چۆڵکردنی سلێمانی، خۆیان لە شێخ مەحموود دوورخستەوە و ئەیانزانی ئەم خەباتەی دەستی دراوەتێ، سوودی بۆ کورد نییە و بۆ بەرژەوەندی تورکە، حکوومەتی تورك بە یارمەتیی تورکخواهەکان هەوڵیان ئەدا بڵێسەی ئاگری شۆڕش هەموو لایەکی کوردستانی عیراق بگرێتەوە و لەگەڵ ئەمەشدا سوپایان ئامادەکردبوو بۆ ئەو شۆڕشە گەورەیەی کە بە تەمای هەڵگیرساندنی بوون. لە بیرمانە کە یادداشتەکەی ئەحمەد تەقی کە لە لایەن ڕۆژنامەی "برایەتی"یەوە بڵاوکرایەوە، باسی ڕۆیشتنی خۆی کردبوو بۆ تورکیا بۆ درێژەپێدانی شۆڕشەکەمان.

لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت درێژەدان بە شۆڕشەکەمان بۆ ئەوە بوو ببێتە بەڵگە بەدەست حکوومەتی تورکەوە و لە جەمعییەتی ئەقوام بگەیەنێت کە کورد لە دژی ئینگلیز و عەرەبەکان لە شۆڕشدان و نایانەوێ لەگەڵیانا بژین و هەروەکوو جاران حەز لە برایەتیی تورك ئەکەن و ئەیانەوێ لەگەڵ تورکدا بژین. جا ئینگلیزەکان بۆ بەرهەڵستیی ئەم سیاسەتە، کەوتنە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری حەفید و لەم ڕووەوە ئەفسەرەکانیش ئاگادار کرابوون بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

حوکمە تازەیەدا، بەڵام شێخ قادر توانای لە خۆیدا نەدی ئەم کارە هەڵسووڕێنێ، وازی لێ هێنا و لە دێی تەنگیسەر لێی دانیشت، ئیتر ئینگلیزەکان کەوتنە خۆیان و سوپایان نارد و ئویزدەمیریان لە ڕەواندز دەرکرد و سلێمانیشیان گرتەوە و بە ئیستیفتا ویلایەتی مووسڵیان لە تورك دابڕی و خرایە سەر عیراق و سلێمانیش بوو بە لیوایەکی عیراق.

جیابوونەوەی ئەفسەرەکان لە شێخ مەحموود:

فەرمان دەرچوو، لە جاسەنەوە نێررام بۆ دووکان، عەزیز کوردی لە دووکان ئیشوکاری ئیستیخباراتی ئەبینی. لە پاش ماوەی پانزە ڕۆژێك خەبەرێك بڵاوبووەوە، کەوا هێزێك لە سوپای ئینگلیز گەیشتووەتە کۆیە و نەئەزانرا ئەم هێزە ڕوو لە کوێ ئەکات. بەم بۆنەیەوە فەرمانم بۆ هات کە چاودێریی جووڵاندنەوەی ئەم هێزە بکەم، ئەگەر هات و ڕووی کردە دووکان بە شەڕەوە خەریکیان بکەم، هەتا خەبەر ئەگەیەنمە بارەگا و ئەگەر ڕووی کردە ڕانیە، لە پاش ڕۆژێك بگەڕێمەوە دووکان. بۆ ئەم کارە لەگەڵ (٣٠) سەرباز و (٢٠) چەکداری غەیرەنیزامیدا بە کەڵەك پەڕینەوە بەری کۆیە و چووینە سەر شاخی کۆسرەت. ئەم شاخە سەخت و بەرز بوو، هەموو ڕێگاکانی لێوە دیاربوو. لە پاش مانەوەمان لە شاخەکە بە دوو ڕۆژ، هێزی دوژمن گەیشتە دێی سەرخومە، شەوێك مانەوە بۆ حەسانەوە، بۆ بەرەبەیان بەرەو ڕانیە کەوتنە ڕێ. بۆ ئاگاداری دەستبەجێ خەبەرم نارد بۆ بارەگا و خۆشم بۆ ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ دووکان.

ئەمەندەی پێ نەچوو ساڵح زەکی بەگ سەرلەبەیانی گەیشتە دووکان و چووم بە پیریەوە، لە مەیانی قسەکردندا وتی: بیستوومە لە سلێمانی حکوومەتێکی تازە دائەمەزرێت و بە دەستیەوەیە ئەفسەرەکان هاوکاری لەگەڵ ئەم حکوومەتەدا بکەن. منیش تکاتان لێ ئەکەم پەلە مەکەن بۆ چارەسەری ئەم وەزعە ئەچم بۆ بەغدا، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا وتووێژ ئەکەم. ئەگەر ڕێککەوتین، پێویست نامێنێ بۆ ڕۆیشتنتان. ئەگەر کارەکەم سەری نەگرت، منیش لەگەڵتانم. بەڵێنم دایە کە ئەم فەرمانە لە هەڤاڵەکانم بگەیەنم، دوعاخوازیی خواست و بە کەڵەك پەڕییەوە بەری کۆیە. لە پاش ڕۆیشتنی ساڵح زەکی بەگ، خالید سەعید بە وەکالەت بوو بە فەرماندەی سوپا و منیش نێررام بۆ قەمچووغە بۆ جێگاکەی خالید سەعید و بووم بە فەرماندەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوچەی قەمچووغە و دووکان. وەخت بەهار بوو، ڕۆژ درێژ بوو. فڕۆکەش سێچوار ڕۆژ بوو وازی لێ هێنابووین، لەگەڵ سەربازەکاندا بە ئاسوودە ڕامانئەبوارد و کاتمان ئەبردە سەر. ڕۆژێك لە سەیری یاریی کەوشەککردنی سەربازەکان بووم، خەبەرم درایە کە عەلی کوردی لە ژورەکەمدا چاوەڕوانمە، چووم بۆ لای و بەخێرهاتنم کرد و هەواڵم لێ پرسی، وتی لە سلێمانییەوە داوامان ئەکەن، وەکوو بیستوومە بەم زووانە ناوچەی جاسەنە و قەمچووغە و تەلان چۆڵ ئەکرێت. پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆمان کۆبکەینەوە و لەمە سوود وەربگرین و خەبەریش بگەیەنیتە عەزیز کوردی لە دووکانەوە بێت بۆ قەمچووغە.

لەم قسەکردنەدا بووین، ئەمرم بۆ هات بۆ سبەینێ قەمچووغە چۆڵ بکەین و بە هێزەکەمەوە بجووڵێم بۆ شێخ باغ. ئیتر عەلی کوردی بە پێویستی زانی لە قەمچووغە بمێنێتەوە و بۆ سبەینێ عەزیز کوردی گەیشتە لامان و خالید سەعیدش لە جاسەنەوە هات بۆ قەمچووغە و بڕیارمان دا لە سەعات (٦)ی پاشنیوەڕۆدا بەرەو سلێمانی بکەوینەڕێ، ناوی ئەفسەرەکان و ژمارەی سەربازەکان کە ئامادەبوون بۆ ڕۆیشتن، ئەمانە بوون: خالید سەعید، عەلی کوردی، عەزیز کوردی، فوئاد مەستی، ئیبراهیم زوریی قومیسەر، عومەر قادر و (٦٥) سەرباز و دوو ئێستر بە چوار سەندووق فیشەکەوە. سەعات (٦)ی پاشنیوەڕۆ لە قەمچووغە هاتینە خوارەوە بۆ سەر ڕێگا. لەو کاتەدا ماجید مستەفا و ڕەمزی عەبدولکەریم بە سوارەکانیانەوە گەیشتنە لامان، پرسیاریان کرد بۆ کوێ ئەڕۆن و بۆچ لە دۆڵی قەمچووغەوە سەرنەکەوتن بۆ شێخ باغ؟ وتمان ئەمانەوێ لە جاسەنەوە بڕۆین، بەڵام باوەڕیان پێ نەکردین. لە پاش ڕۆیشتنی چەند هەنگاوێك ڕەمزی عەبدولکەریم دووبارە لێی پرسینەوە. من خۆم پێ نەگیرا، وتم ئەڕۆینەوە بۆ سلێمانی. چەند هەنگاوێك ڕۆیشتین، ماجید مستەفا بانگی کرد: دەنگی فڕۆکە دێت، خۆتان بدەن بە زەویدا. منیش گوێم هەڵخست، دەنگی فڕۆکەم نەبیست و هاوارم کردە سەربازەکان تا خۆیان بگەیەننە ژێر دارەکانی گردەکەی بەرامبەرمان. کە گەیشتنە گردەکە، ماجید مستەفا بە گلەییەوە وتی: وا دیارە باوەڕتان پێ نەکردم. منیش لە وەڵامدا پێم وت: خۆت ئەزانی هەتا دارستان وێستابێ، لە زەویی ڕووتدا خۆ ناشارێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

له پاش چارەکەسەعاتێك ماجید مستەفا و سوارەکانی لێمان جیابوونەوە و سەرکەوتن بەرەو جاسەنە و ئێمەش ملی ڕێگامان گرت و ڕۆیشتین و تاریکیمان بەسەرا هاتبوو کە گەیشتینە پردەکەی (تابین). لە پاش مۆڵەیەکی نیو سەعاتی کەوتینەوە ڕێ، لەگەڵ شەبەقی بەیانیدا گەیشتینە سەرچنار. هێزی ئینگلیزەکان لە دووڕیانەکەی سەرچنار و قلیاسان هەڵیاندابوو. لە پاش سەعاتێك حەسانەوە، ئەفسەرێکی ئینگلیز هات و پێشمانکەوت. کە نزیك هێزەکەیان بووینەوە، دەورمان گیرا و داوای چەکەکانیان لێ کردین. لە پاش وەرگرتنی چەکەکانمان، پێیان وتین: هەر کەس بچێتەوە ماڵی خۆی و لە پاشدا بۆمان ساغ بووەوە کە شێخ قادر لەبەر بێدەسەڵاتی توانای هەڵسووڕاندنی کاروباری ئەم حکوومەتەی نەبوو کە بەدەستەوە بوو دروست بکرێت و وازی لێ هێنابوو وە لە ڕووی هەڵە و نەزانینەوە کارەکانمان بە ئەنجام نەگەیشت.

مەبەستم لەم باسە، کە بە شێوەیەکی چیرۆك نووسیومەتەوە، بۆ ئەوەیە کە هەندێك لەو باسانە ڕوون بکەمەوە کە ئەحمەد خواجە بە نارێکی دەریخستوون. ئەگەر لاپەڕە (٢١ و ٢٢)ی بەرگی دووەمی (چیم دی) بەراورد بکرێت لەگەڵ باسی جیابوونەوەی ئەفسەرەکان لە لەشکری شێخ مەحموودی نەمردا، بۆ خوێندەوارانی بەڕێز ڕوون ئەبێتەوە کە لەو باسەیدا حەببەیەکی کردووە بە قوببەیەك و لەم لاپەڕانەدا ئەحمەد خواجە ئەڵێت: شەو لەگەڵ ماجید مستەفادا بە ئەفسەرەکان گەیشتین. کە ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەفسەرەکان لە کاتی ڕۆشتنیانا بۆ سلێمانی چاویان بە ئەحمەد خواجە نەکەوتووە، وەکوو لە پێشەوە باس کرا. بە ڕۆژی ڕوناك، لە بەردەمی دێی قەمچووغەدا بە ماجید مستەفا و سوارەکانیەوە کە گەیشتبوونە (٦٥) چەکدار، نەك (٧٠٠) وە دوو ئێستریان پێ بوو، نەك (٧٥) ئێستر و بێجگە لەوەش لەناو ئەفسەرەکاندا ڕەشیدی غەفور و مەجید خانەقینی تێدا نەبووە. مەجید خانەقینی لە سەرەتای کارەوە بەشداریی نەکردووە و لە سوپای بەغدا مابووەوە. بۆ تەواوکردنی ڕووداوەکانی کاتی حوکمداریەتیی شێخ مەحموودی نەمر، بە تکاوە داوا لە کاك یوونس عەبدولقادر ئەکەم کە ئەم ئەرکە بهاوێتە سەر شانی و هیممەت بفەرموێت و بۆ خوێندەوارانی ڕوون بکاتەوە.

www.zheen.org

## (٤)

## چیم بینی لە (چیم دی)دا*

[بەرگی سێیەمی چیم دی، نووسینی: ئەحمەد خواجە
چاپی سلێمانی، ساڵی ١٩٧٠، ١٨٨ لاپەڕە]

لە ڕاستیدا ویستم (چیم دی) بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێنمەوە و لایە چاك و هەڵەكان دیاری بكەم، كە دەستم كرد بە خوێندنەوەی لاپەڕە لە دوای لاپەڕە، سەرنجم دا، سەیرم كرد ئەو هەویرە ئاو زۆر ئەكێشێ، بۆیە هاتمە سەر ئەو بیرەی كە:

١. ڕاست و بەكەڵكەكانی بەجێبێڵین بۆ خوێندەواران خۆیان.

٢. شێوەی نووسین و داڕشتن و هەڵەی وشە و كوردییەكەی بۆ هەلێكی تر دابنێین.

٣. لەبەر ئەوەی كە ماوە نییە لەسەر هەموو ڕوویەكی هەڵەكان بنووسرێ، بۆیە بە چاكتر زانرا كە تەنیا چەند تیشكێكی ڕاستی ئاڕاستەی هەندێ لە هەڵە زەقەكان بكرێ.

پێشەكی حەز ئەكەین سەرنجی نووسەری (چیم دی) بۆ شتێك ڕابكێشین و بڵێین: ئایا (چیم دی) تەنیا یادداشت و بیرەوەرییە، یا نووسینەوەی مێژووە، یا هەردووكیانە؟ چونكە جیاوازیی نێوان ئەوانە بە پێوانەی جیاوازی و لەیەكدووریی (چیم دی) و (كورد چی دی)، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێ شوێندا هەردوو ئەو ڕێگەیە ون كراوە و تێهەڵكێش كراون بە وەرگێڕان لە زمانێكی ترەوە بۆ زمانی كوردی.

ئەگەر نووسەری (چیم دی) بیەوێ یادداشتی ئەو ڕووداوانەمان بخاتە بەرچاو كە خۆی تیایانا ژیاوە یا بەشدار بووە، وا بۆی هەیە چیی بینیوە بیگێڕێتەوە وەكوو خۆی، چونكە هەر ئەو لەو ڕووداوانەدا نەژیاوە، بەڵكوو گەلی كورد بە گشتی و هاوبەشانی ئەو بزووتنەوە و جووڵانەوانەی باسیان ئەكات، بەتایبەتی بە خاوەن و هاوبەشیان دائەنرێن، بۆیە ئەبێ هەموو شتێك، هەموو ڕووداوێك، چۆن بوون وا دەربخرێن بێ كەموزیایی. بەڵام نووسەر بێت لەگەڵ یادداشتدا مێژوو تێهەڵكێش كات،

---

* گۆڤاری "دەنگی مامۆستا"، یەكێتی مامۆستایانی كوردستان/ لقی سلێمانی، سلێمانی، ژمارە ١، ساڵی ٢، حوزەیرانی ١٩٧١.

لەگەڵ (چیم دی)دا مێژووی دامەزراندنی پارتییە سیاسییەکان بنووسێتەوە، بێ ئەوەی ئاگادار بێ و پرسێك بکات و کەمێك چاو بە لاپەڕەی هەندێ کتێبدا بخشێنێت، وا بێگومان ئەکەوێتە داوی ئەو هەڵە گەورانەوە کە تەنیا نەشارەزا تێی ئەکەوێت.

جگە لەوە تێهەڵکێشکردنی بەشێکی وەرگێڕاو لەگەڵ (چیم دی)دا کە نزیکەی سێیەکی کتێبەکەی ئەبێت، نەئەبوو هەر لەگەڵ (چیم دی)دا بووایە، وەیا چاکتر وابوو ناوونیشانی ئەو بەشە بکرایە بە (چیم دی، لە گۆڤاری "رسملی تاریخ مجموعەسی")دا!

خۆ ئەگەر کاك "ئەحمەد خواجە" مێژووی نووسیوە و ئەیەوێ وەکوو مێژوونووس ڕەفتار لەگەڵ بیر و پێنووسەکەیدا بکات و لێرەدا ئەڵێین مێژوو وەکوو زانستێك: ڕێگە و شوێن و شێوەی نووسینی تایبەتی خۆی هەیە، نووسینەوەی مێژوو پێویستی بە زانیاری و کۆکردنەوەی بەڵگە و سەرچاوە و بەڵگەنامەی مێژوویی هەیە. لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەوەی کە هەمووی لەسەر چەند بناغەیەك دامەزراوە کە ئەگەر پەیڕەوی نەکرێن وا ئەو بەرهەمە بایەخی مێژوویی نابێت – لە هەلێکی تردا شتێکیش لەم ڕووەوە بلاو ئەکەینەوە– مامۆستا ئەحمەد هەتا پەیڕەوی بنچینەکانی وەرگرتنی ڕستەی نەکردەوە و ئەوەی فەرامۆش کردووە کە جۆری وەرگرتنی ڕستە لە کتێبەوە جیاوازە لەگەڵ گۆڤاردا وە لە گۆڤاریشەوە هەر جیاوازە لەگەڵ ڕۆژنامەدا– لە هەلێکی تردا چەند سەرنجێك لەم ڕووەشەوە لە "دەنگی مامۆستا"دا ئەخوێننەوە.

جا بە لای ئێمەوە وایە کە ئەگەر مامۆستا لە هەر بەرهەمێکیدا خۆی ساغ بکاتەوە بەسەر لایەکیدا –یادداشت، مێژوو، وەرگێڕان، وا سەرکەوتووتر ئەبێت. لەسەر جۆری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عیراق، چەند شتێکی نووسیوە. دەربارەی حیزبی شیوعی: بەشبەحاڵم مەبەستی سەرەکیی نووسەر تێنەگەیشتم وە نەمزانی ئەو چەند دێڕەی دەبارەی نووسراوە لەگەڵ ئەو چەند کورتەباسەی تری پێشەکیی کتێبەکە شوێنی چییە لە شیتەڵکردندا، ئەگەر بێشوێن نەبێ؟! جگە لەوەش کە چەند تێبینیەك سەرنج ئەدرێ، کە ئەگەر خوێنەری بەسەلیقە لێی ورد بێتەوە، ئەیوەستێنێ و هەر وا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕ نابێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

وه له لاپەڕە (١١٧)شدا دەربارەی دامەزراندنی پارتی چەند ڕستەیەکی نووسیوە، کە ئەگەر مامۆستا ئەحمەد کەمێك ئەرکی پرسکردن و خوێندنەوەی بخستایەتە سەر شان، نەئەکەوتە ناو هەڵەی وا گەورەوە، بەتایبەتی زۆر لە سەرکردە و دامەزرێنەرانی پارتی لە ژیاندان وە بە هەزاران تێکۆشەرانی ڕیزەکانیشی زنیارییان هەیە دەربارەی مێژووی دامەزراندن و خەباتی پارتییەکەیان، جگە لەوەی کە زۆرجار لەو ڕووەوە زانیاری لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە. وا لێرەشدا تەنیا چەند ڕاستییەك ئەخەینە پێش چاوی مامۆستا ئەحمەد.

دوا شکستی شۆڕشی دوایی بارزان (١٩٤٥) ، تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق ناچار بوون لەگەڵ بارزانیدا خۆیان بگەیەننە ناوچەی موکریان. کاتێك کۆماری مەهاباد دامەزرێنرا، بوونە پشتیوانی، وە کاتێك لەوێ بڕیاریان دا پارتییەك لە کوردستانی عێراق دامەزرێنن، لە شێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بتوانێ هەموو کوردپەروەر و دیموکراتیخواز و شۆڕشگێڕان کۆبکاتەوە، پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو بڕیارە و بەیانێك بە ناوی دەستەی دامەزرێنەری پارتییەوە لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپ کرا، ئەوسا بارزانی نوێنەری ناردەوە بۆ عێراق. پاش گفتوگۆی نوێنەر لەگەڵ لێپرسراوانی هەردوو پارتی (شۆڕش) و (ڕزگاری) لە بەغدا وە لەگەڵ لقی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی و (شۆڕش) و (ڕزگاری) هەر یەکە بە جیا کۆنگرەی خۆی بەست (نیوەی یەکەمی مانگی ئابی ١٩٤٦) وە خۆیان حەل کرد. ئەوسا لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغدا کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بەسترا لە نوێنەرانی بارزانی و هەڤاڵانی لەگەڵ ئەندامە چالاك و پێشکەوتووەکانی هەردوو پارتی حەلکراو. لەو کۆنگرەیەدا پارتی دیموکراتی کورد دامەزێنرا، پەیڕەو و پرۆگرامی بۆ دانرا، وە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبرێژرا کە:

| | |
|---|---|
| بارزانی مستەفا | بە سەرۆك هەڵبژێررا |
| شێخ لەطیف شێخ مەحموود | بە جێگری یەکەمی سەرۆك |
| محەمەدزیاد ئاغا | بە جێگری دووەمی سەرۆك |
| هەمزە عەبدوڵڵا | بە سکرتێر هەڵبژێررا لە کۆمیتەی ناوەندییا |

لە دواییدا چەند گۆڕانێك بەسەر پارتی‌دا هات و ناوی گۆڕرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق، لە دواییدا بۆ: پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان/ عیراق. وە لە دواییدا ئەم ناوەی ئێستا (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی بە خۆیەوە گرت و بەم جۆرەش مایەوە.

لە دواییدا ئەڵێین: هیوادارین مامۆستا ئەحمەد خواجە لە بەرهەم و نووسین و چاپکردنەوەی بەرگەکانی (چیم دی)دا زۆر وردبین و قووڵ و دووربینانە بڕوانێتە مەسەلەکان و لە سەریان بنووسێت و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org



**ئەحمەد خواجە**

(٦/٧/١٩٠٣–٤/٣/١٩٩٧)

١. پاش ڕوشدییەی عەسکەرییە، ناوەندی- وە ئەعدادی، بە بۆنەی حوکمی عەسکەریی بەریتانیاوە ماوەی خوێندن نەما.

٢. لە ساڵی ١٩١٩دا لە سلێمانی کارگوزاری ئوردووگەی شۆڕشی کورد (حوکمداری کوردستان شێخ مەحموود) بوو بۆ دەربەندی بازیان.

٣. بوو بە نووسەری تایبەتی شێخ مەحموود، ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢.

٤. لە ئەشکەوتی جاسەنە ئەندامێکی نووسەرانی ڕۆژنامەی "بانگی حەق" بوو تا ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٣.

www.zheen.org

٥. پاش چاککردنەوەی چاپەکە لە سلێمانی، بە ناوی "ئومێدی ئیستیقلال" بە بەڕێوەبەریی خۆی "خواجە ئەفەندیزادە ئەحمەد صەبری"یەوە بڵاو کردەوە و پووڵی "حکومەت کوردستان جنوبی" لە سێ ڕەنگ و نرخ دروست کرد، ١ی تەمووزی ١٩٢٤.

٦. پاش بۆمبابارانە بەدبەختەکەی فڕۆکەی حکوومەتی بەریتانیا و عیراق لە سلێمانی، لە شۆڕشدا گەیشتە مولازمی ئەووەلی و کرا بە فەرماندەی بەشی سوارەی تایبەتی وە نوماینەدەی شێخ مەحموود و شۆڕشی کوردستان بوو لە ئێران تا ١٩٢٧ بە هاوچەکی و سیاسەتی شۆڕش.

٧. پاش ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بۆ سێ ساڵ لە وەظیفە دەرکرا، ڕۆژی بە یەك ڕووپیە و نیـو کـە ئەکاتـە ١١٣ فلـس و نیـو فلـس، ئیـشی دۆزییـەوە وە لـە ١٩٤٥یـشدا بـۆ سـاڵێك دەرکرایەوە وە پاش گەڕانەوە لە ١٩٦٦دا لە کارگەی جگەرە بە تەقاویتی فت کرا.

٨. نووسینەکانی:

چاپکراو:

چیم دی، بەرگی ١ لە ١٩٦٨دا.

چیم دی، بەرگی ٢ لە ١٩٦٩دا.

چیم دی، بەرگی ٣ لە ١٩٧١دا.

لە زنجیرەی چیم دی شۆڕشەکانی بەرزان لە ١٩٧٣دا.

چاپنەکراو:

١. فەرهەنگی کوردی.

٢. چیرۆك، سەرگوزەشت و نامەکانی مامۆستا پەری.

٣. بیلانجۆ– حسابات– بە کوردی.

٤. کێیە کورد.

٥. ١٠١ پیاوی کورد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پێزانین

پێویستی دەبینین بە ناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو **ئەحمەد خواجەوە**، سوپاسگوزاریی خۆمان پێشکەش بکەین هەم بە بەڕێز مامۆستا **محەمەدی مەلا کەریم** کە توانیویە بە هەوڵی دڵسۆزانەی خۆی دەستنووسی چوارەم بەرگی ئەم کتێبی (چیم دی)یە، کە ساڵی ١٩٧٣ درابووە (ڕەقابە) لە بەغدا و بە هۆی تێکچوونی بارودۆخەکە و هەڵایسانی شەڕەوە بێسەروشوێن بوو، لە فەوتان ڕزگار بکا و ساڵانێك لای خۆی بیپارێزێ؛ هەم بە بەڕێز **سدیق ساڵح**، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی (**بنکەی ژین**)، کە ئەو دەستنووسەی لای مامۆستا محەمەد دۆزیوەتەوە و بە ئەمانەت لێی وەرگرتووە، دووسێ ساڵێکیش بوو –بە ئاگاداریی ئێمە– خەریك بوو سەرلەنوێ هەر سێ بەرگە لەچاپدراوەکە و بەرگە دەستنووسەکەی چوارەمیش پێکەوە لە بەرگێکدا ئامادەبکا، تا دواجار ئەمەی بەردەستی لێ بەرهەم هات. هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و چاوەڕوانین بڵاوبوونەوەی هەموو بەرگەکانی (چیم دی) بەم شێوە کۆکراوە و ڕێكخراوە، ببێتە مایەی ڕێخۆشکردن بۆ ئامادەکردن و لەچاپدانی کتێبە دەستنووسەکانی دیکەی باوکمان و کۆکردنەوەی ئەو وتار و نووسینانەیش کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری خۆیدا بڵاوی کردوونەتەوە.

ئومێدمانە (**چیم دی**) و بەرهەمەکانی دیکەی **ئەحمەد خواجە**، کەلێنێك لە کتێبخانەی مێژووی کوردیدا بگرن. خوا یارمەتیی هەموو ئەوانە بدا کە خەمخۆرانە و لەخۆبوردووانە خزمەتی بێدرێغی کورد و کوردستان دەکەن.

بنەماڵەی

خوالێخۆشبوو ئەحمەد خواجە

٢٠١٦/٩/١٩

بنکەی ژین
www.zheen.org